# واتە

28

کۆوارێکی ڕۆشنبیریی گشتییە

ئادار ٢٠١٣

هەوڵنامەی کتێب

کۆواری واتە
بەهاوبەشی لە نێوان
دەزگای شەفەق لە کەرکووک و
دەزگای ئاراس لە هەولێر
دەردەچێ

aras@araspress.com هەگبەی ئەلیکترۆنی
www.araspublishers.com وارگەی ئینتەرنێت
00964 (0) 66 224 49 35 تەلەفۆن:

# واتە بۆ ئەوانەیە کە
# دەیانەوێ واتەیەک بدەن بەژیان

هەواڵنامەی کتێب

خاوەنی ئیمتیاز: بەدران ئەحمەد حەبیب
راوێژکار: ئەحمەد تاقانە
سەرنووسیار: عەوف عەبدوڕەحمان"مەلا شاخەوان"
نەخشاندن: ئاراس ئەکرەم

# ڕۆشنبیر کێیە؟

مەسعوود محەمەد


مەسعوود محەمەد

بەلای باوەڕی منەوە ڕۆشنبیر کەسێکە لەگەڵ مانای وشەکە گونجاو بێ. دەبێ بیریار بێت و بیرەکەشی ڕوون بێت، هەم لەلایەن ڕاگەیاندنی پاتەوپاتەوە کە ڕووناکییە، هەم لەلایەن ئەو ئاکار و ئەخلاقەی لە مرۆی دروستبین دەوەشێتەوە. بابایەکی خۆ تەیار بکات بە زانست و تەکنیکی ئەزەل و ئەبەد بە نیازی لە خشتەبردنی خەڵک وەیا لە کردنەوەی قاسەی مجەوهەرات وەیا لە نانەوەی فیتنە، ڕەنگە پێی بگوترێ بلیمەت، بەڵام لەگەڵ (ڕۆشن) بە هیچ جۆرێک خزم نابێت. حیکایەتەکە لەوەندەدا کۆتایی نایەت.

سەیری ئەم جیهانەی ئادەمیزاد بکە و بێ کۆمەکردن و لایەنگیری و دژایەتی و بە دڵێکی ئارامەوە سەرنجی لێ بگرە و فکر و هۆشی تێدا بگێڕە، دەبینیت بەشی هەرە زۆری هەرای نێوان خەڵقولڵا ئەوەیە کە لە نێوان تاقمی ڕۆشنبیراندایە، واتە ڕۆشنبیری بەپێی پێوانە و کێشانەی سەردەم لە بارێکدایە بە کردەوەی خۆی بەڵگەی (ڕۆشنبیرنەبوونی خۆی) بە دەستەوە دەدات، لەو ڕووەوە کە ناشێ دوو لایەنی دژ بە یەکتر

---

* ئەم بابەتەی مەسعوود محەمەد لە کتێبی (مەسعوود محەمەد: ژیان و جیهانبینی) کە برێتییە لە دیمانەیەکی درێژ و چەند بەشی، هەڵۆ بەرزنجەیی ئەنجامی داوە. ئەم کتێبە دوای چەند جارێک چاپکردن، دواجار لەم ماوەیەدا، چاپێکی تری لە دەزگای ئاراسدا کرایەوە.

لە کێشەیەکدا، هەردوویان ڕاست و دروست بن، خۆ ڕۆشنبیری شۆڕشگێڕ و پێشەنگ، لە خیانەت کەمتر وەپاڵ ناحەزەکەی نادات. ئیتر هەموو لایەنە خەباتگێڕەکان و شۆڕشاوییەکان کە یەخەی یەکتریان گرتووە و دەگرن بە شایەدیی (شۆڕشگێڕان)، نەک دەرەبەگ و ئیستیعمار، خیانەتیان بە ئیسپات دەگات، ئەوجا بۆ ئەوەی لەو تاوانەیان ڕزگار بکەین، هەر ئەو پەندە فەلسەفییە هۆشپەسەندە دەست دەدات کە بڵێین: عالەمولڵا شۆڕشگێڕەکانمان هەموویان درۆزنن، بۆیە دەتوانین بڵێین خائین نین، ئەمما هیچ نەزان و تاوگیر و تاریکبیرن، بەخێر کە شەیتانیان پێ پێ کەنی، عەقڵێک دێتە کەللەیان.

خۆزی فەلاکەتی خیانەت وەپاڵدانی شۆڕشگێڕ لە شۆڕشگێڕەوە، هەر ئەوە دەبوو کە لە نێوان دوو نەتەوەدا و لە حاڵەتی تێک هەڵقژانیان ڕووی دابایە. زۆر بە سەیری ئەم ئیحتیمالە کز دەبێتەوە لە تەک نەعرەتەی دلێرانەی یەکتر تاوانبارکردنی شۆڕشگێڕانی یەک نەتەوەدا وەک کە کورد و ئەفغان و کوێ و کوێ دەیکات.

برای ئازیز، من کە دێم لە نەرمونیانیی داڕشتنی پرسیارەکەت هەڵدێم و بۆ سەر چەقی بەردی ڕەقی واقیعی شەق و پەق، پەرۆشییەکی شڕ و دڕ و هەناسەبڕ پاڵم پێوە دەنێ بۆ گەیاندنی سەرەپەنجەی خوێنەر بە ئاگری سووتێنەری تراجیکۆمیکی کارنیڤاڵی «خۆ خنکاندنی دوو برا بە پەتێک». تێکڕای دیمەنی تێک بەربوونی (ڕۆشنبیر)ان چ لە جەغزی یەک نەتەوەدا و چ لە جەغزی جیهانی بەربڵاودا، کە ئەگەر ناوێکی پڕ بە پێستی خۆی بۆ بدۆزینەوە لەوە باشتر دەست ناکەوێ کە پێی بگوترێ «خەستەخانەی شێتان»، ئا ئەم ڕاستییە یەکسەر و یەکەندەردوو سیفەتی ڕۆشنبیری لەو ئاکتەرانەی سەر شانۆی ئاهەنگی (ماسکرێد) دەسڕێتەوە و نێوێکی وەک (قەسابی بنیادەمان) یان (دڕندەی گێل) کە گۆشتی نێچیرەکەی ناخوات پێیان ڕەوا دەدیترێت. نووسرابوو، لە دەمی جەنگی دووەم، کە مستەر چەرچل لە سەردانێکی دانیشتووی ئەفەریقای ڕەش لەلایەن سەرەک عەشیرەتێکی ئادەمیخۆرەوە پێی گوترا: لەو شەڕەدا گۆشتی بێ مزەی بنیادەمتان زۆرە. چەرچل گوتبووی ئێمە گۆشتی بنیادەم ناخۆین. کابرای ڕەش پێی گوتبۆوە کە گۆشتەکەی ناخۆن ئەدی بۆچی یەکتر دەکوژن؟ بە عەقڵی کابرای ڕەش دەبوو لە جیاتی مرۆ کوشتن کە گۆشتەکەی ناخورێ خەڵکەکە خەریکی ڕاوەماسی بێ.

ئەو ئاپۆڕەی یەخەی یەکتر گرتووی بە ناو، ڕۆشنبیر تاک و تەرایەکی تێدایە لێشاوەکەی سەرشێتان ڕامالی داون بۆ تەندوورەی لووزەوی فێگرتووی کەف دەرکردووی خۆدۆڕاندووی تەپڵی بنی دۆزەخی دڕندەیی و تاریکبیری. ئەم تاک و تەرایە لە شانۆگەرییەکەی (ماسکرێد)دا دەبن بە مرۆی تار و ڕیزپەڕ و تەلی ناجۆری مۆسیقای ئادەمیکوژی.

بێ دوودڵی و گومان و زمانگرتن دەڵێم: ئەو سەدان ملیۆنەی بەناو ڕۆشنبیر، کە خۆشکەرەوەی

ئاگری ناکۆکین و دەشبن بە سووتەمەنی، ببڕای ببڕای و بە هیچ جۆرێک و لە هیچ ڕوویەکەوە، نەک هەر ڕۆشنبیر نین بگرە مرۆی عادەتیش نین، نەخێر تاوانباری عادەتیش نین، نەخێر خائینی عادەتیش نین، بەڵام واقیع هەڵناگرێ و پێی ناکرێ سزایان بدات.

کاکی خاوەن پرسیار و کاکی خوێنەر:

ڕۆشنبیری بێ فێڵ و حەقیقی کەسانێکن، بەدەم ڕۆژگارەوە و بە لێکدانەوەی بێ پچڕان و هەوڵی چاوساغانە و بە یاریدەی زانستی سەردەم




توانیبێتیان خەریتەیەکی جیهان ساز بدەن کە هەموو ناوەڕۆک و ڕواڵەتی لەگەڵ یەکتردا گونجاو و سازاو و یەکتر تەسدیقکەر بن و هیچ زەڕەیێکی لە شوێنی خۆیدا لەق نەبێ. هەر لەقییەک هەبێت بێگومان هی ناتەواویی زانینە، چونکە جیهان سەرتاسەر و بە یەکەوە بەستراو و بێ کۆتایی و ڕاست و دروستە لەگەڵ خۆیدا. کە ئەستێرەیەکی زل بتەقێ ڕاستبوونی دەستوورەکانی جیهان دەسەلمێنێ، ئەگەر نەتەقیبایە ئیشکال پەیدا دەبوو. تەنانەت ئەم دیاردەیەی گومڕاییی بەرەی خەباتگێڕ و خۆبەختکەران، لەم ڕۆژانەی نیوەی یەکەمی مانگی ئابی ١٩٩٦ کە ئەم دێرانەی تێدا دەنووسم، ئا ئەم دیاردەیە ئەنجامی موعادەلەیەکە کە بریتییە لە (١) تەسکیی پۆڕگی لایەنی (عەقلانییەت)ی خەڵک، (٢) زێدە فرەییی ئەو کاریگەرە ئەرێتی و نەرێتییانەی کە واقیعی کۆمەڵایەتی و سروشت و دەوروبەری پێ ئاخناوە، (٣) گوشاری نەفسی حەزۆک کە یەکجار بە درەنگەوە خۆی لە بیر دەکات (وا دەبێ نەفسەکە بە جانفیدایی بۆ بوتێکی ئادەمی حەزەکەی دابین دەکات)، (٤) هۆیەکانی سەرشێواندن و تەما وەبەرنان و ترساندن و، و، (٥) هۆی دیکەش کە ئێستا من بۆی ناچم. بەو پێیە، ڕووداو لە سروشت بێ یان لە کۆمەڵایەتی، زادەی بێ دەمەتەقەی ئەسبابێکن کە ئەم جۆرە بەبیلەیەی لێ بەردەبێتەوە، بەڵام، دیسانەوە بەڵام، جیهانی مرۆ شەقڵێکی جوداکەرەوەی هەیە لەتەک سروشتدا ئەویش کاریگەریی (ئیرادەی بە هۆشەوە بەستراو)ە نەک غەریزە. کە هۆش دەنگ

ناکات غەریزە ڕێی خۆی دەگرێتە بەر چ مرۆ بێ چ مەیموون و پشیلە. کاریگەریی هۆش لەوانەیە ئەنجامی کۆمەڵێک هۆی کاریگەر بە تێبینییەکی کەمبایەخ بگۆڕێت، واتە (حتمیة)ی ڕووداوی سەر بە سروشت و سەر بە غەریزە، هەموو جاران، لە کردەوەی مرۆدا پەیدا نییە. ئەم ڕاستییەش وەها دەکا مرۆ بەرپرسی کردەوەی خۆی بێت. بە کورتی، ئاکامی هۆیەکانی کە کردەوەی مرۆ پێک دەهێنن، لە گەلێک حاڵوباردا سیفەتی (إحتمالی) وەردەگرن. لە میسالدا دەڵێم، لەوانەیە کۆمەڵێک هاندەر (دارا) بخەنە سەر دەستدرێژیکردن لە (خولە)، کەچی کۆنە هەڵوێستێکی مەردانەی خولە بە بیری دارادا دێتەوە و دەستی دەگرێت. حیکایەت دەکرێ، دزێک لە دەمی خەریکبوون بە ڕاگوێستنی کەلوپەلی ماڵێک شتێکی ورد لە قاپێکدا دێتە بەر پەنجەکانی کە تامی کرد خوێ دەرچوو، گورج بە هاوڕێکانی گوت: نمەکی ئەم ماڵەم کرد تازە دەبێتە حەرامزادەیی لێی بدزم. لەم قسانەدا ڕۆشنبیر و تاریکبیر تێکەڵ بەیەکتر بوون، هەر دەشێ بە جۆرێک لە جۆران بگەنەوە یەکتر چونکە هەمووی هەر مرۆیە تا ئەوەی دەشێ ڕۆشنبیری جیهانناس و ئەندازەگرتووی هەموو قوژبنێکی جیهان سەبەب بە مەیلێکی زێدە بەهێزی نەخۆشییەکی دەروونی، لە دەرفەتدا ڕەفتاری ساوایانە وەیا شێتانە وەیا دڕندانە بکات کەچی بابایەکی نەزان و سۆفی مەشرەب هێندەی فرشتە پاک بێت.

ئەو ڕۆشنبیرانەی، خەریکی یەکتر بڕینەوەن بە مەیدانەهای فەلەکی دوورن لەوەی من بە ڕۆشنبیری ڕاستینەی دادەنێم. کەسێک خەریکی براکوژی و دراوسێ بڕینەوە بێ بە تەنەکە و بەرمیلیش ڕۆشنایی تێ بکەیت شەرەفی سەگێکی مێگەل پارێزی نابێت. تۆ سەیری باخەڵی بکە و سەڵەواتی بۆ لێ دە.

ساڵی exodusی کوردی عێراق بەرەو کوردستانی ئێران و تورکیا، من گەیشتمە ورمێ. حەجێکی بارەگای (سروە)ی پیرۆز و نازۆم کرد. لە حەجی دووەمدا، وەک لە بیرمە لە خزمەت مامۆستا ئەحمەدی قازی و هەواڵەکانی بە ناو گەلێک بابەتی سەر بە فیکر و لێکدانەوە و مەتەڵی سروشت و جیهانی گیان لەبەر منیان هێنا و برد، تا مامۆستا ئەحمەد لێمی پرسی، تۆ کە خەریکی ئەم تەرزە ئەندێشانەیت چۆن دەتپەرژێ [وشەی «دەتپەرژێ» قاڵبێکی دیکەشی هەیە دەگوترێ «ناپەرژێیت، دەپەرژێم» هەردوو قاڵب دەستوورین] لەگەڵ کوردایەتی خەریک بیت؟ عەرزم کردەوە: من کە یەقینم بە (موتڵەق)ەوە بەستراوەتەوە کوردایەتییەکەم «مەوسمی – هی کژوکات» نییە، بێ گۆڕانە. ئەگەر بزانم کەمایەتیی نەتەوەیەک بەدەست کوردەوە مەغدوورە من لایەنی ئەو کەمایەتییە دەگرم لە نوختەنەزەری مەغدوورییەتەکەوە. شەڵڵا مامۆستا ئەحمەد وتووێژەکەی باشتر لە بیر مابێ، چونکە من کەسم بە دەورەوە نییە لە بەغدا، حازری ئەو مەجلیسە بێت و قسەکانم بە بیردا بهێنێتەوە.

لە تێکڕای هەرەمەی بیروڕاکانمدا بۆت ڕوون دەبێتەوە، ڕۆشنبیری ڕاست و دروست و تەیار لە چاو ژمارەی لە ملیارەها ناڕۆشنبیر و تاریکبیر و نەفس گورگین و ویژدان وێران ئەوەندە کەم ئەژمارە، دەشێ ئەژماری پێوە بەند نەبێ. هەرچەند زەحمەتە نیسبەتێک ڕەچاو بکرێت بۆ ڕۆشنبیری ڕاستینە، دیسانەوە بە نیازی نزیککردنەوەی کێشەکە لە زەینی خوێنەر دەشێ بڵێم: لە دە هەزار کەس، ڕەنگە تاکێک هەبێ لە دەروونیدا هێندە ڕوون بێ و بۆشی ڕێک کەوتبێ بتوانێ ئەو خەریتەیەی جیهان پێک بهێنێت کە خۆی، خەریتەکە، ببێتە بەڵگەی ڕاستبوون وەیا هەڵە بوون وەیا نوقسان بوونی خۆی کە بە ئەسڵ لە هەست و بۆچوون و زانست و تەجرەبەی خاوەنەکەی هەڵنراوە.

خوێنەر دەبێ ئاگاداری لایەنێکی گرنگی بۆچوونەکەم بێت، مەرج نییە پسپۆڕی زەڕە قلاشی فەلەک وەیا کیمیا، فیزیا، جوغرافیا، ڕیازیات، ئەنترۆپۆلۆجی، جیۆلۆجی، و، و هتد، ئەو دەروون ڕوونە بێ کە بتوانێ خەریتە باسکراوەکە ساز بکات و دەرمانی دەردی کۆمەڵایەتیی لێ هەڵێنجێت، کە دەزانین یا دەبێ بزانین، (مرۆ)ی کۆمەڵایەتی شتێکە جودا لە (مرۆ)ی ئەنترۆپۆلۆجی. ئەو نیسبەتی ....١/١ کە بۆ ژمارەی ڕۆشنبیرانم دانا نیو ملیۆن مرۆی ئەوتۆیی دەگرێتەوە کە دەڵێن ژمارەی سەرلەبەری خەڵق پێنج ملیار کەسە. هەڵبەت من ئەم ژمارەیە لە قەبەڵ ئەو کەسانە ناکەم کە لە ڕووی مێرخاسییەوە مرۆدۆست و هەژارنەواز و دژەستەم و لاشەڕن، چونکە دەشێ کابرایەک هێندەی فرشتە پاک بێت بەڵام وەکو مسڵمانێک، لەعنەت لە بەراز و بەرازخۆر بکات وەیا لە ئاست مافی ئافرەت قیچکەتەنگ بێت. ڕۆشنبیر پاش تێگەیشتنی ڕاستینەی (مرۆ) و سروشت بە هەموو ناوەڕۆکیەوە، باوەڕی خۆی و زەوقی خۆی ناکاتە عەیارەی چاکە و خراپەی (بابەت)، تا پێی بکرێت دەکۆشێت بۆ پەرەسەندنی ئەو عەیارەی خۆی بە لایەوە پەسەندە، بەڵام لەسەری بە شەڕ نایەت و ڕێز لە قەناعەتی خەڵک دەنێ. ئەوجا کە ئەمەی کرد و بایی بەرپرسیارەتیی خۆی ڕێی ئاشتیی گرتە بەر چ گلەیی لەو ناکرێت کە بەرانبەرەکەی پێکۆڵی شەڕ بکات.

دەشێ خوێنەر هەبێ، لەوانەیە زۆریش بن، لایەنی ئاکار و ویژدان تێکەڵ بە ڕۆشنبیری نەکات. من لە کەسانێک نیم نەک تەنها لەبەر بایەخی ویژدان و ئاکار، بەڵکو لەو ڕووەوە کە باوەڕ دەکەم تێخوێندنەوەی سەلامەتیی گیان و ماڵ و ناموسی خەڵک، لە نادروستی و هەڵەی لێکدانەوەوە دێت، واتە حیسابەکە لە بنەڕەتدا بێ بنەمای سەخت و پتەوە وەیا هەمەلایەن نییە.

# ڕۆژەک دێ لە خێراییی ڕووناکیش تێ دەپەڕن، بەشەرییەت دەچێتە ئەودیوی فیزیا

## دیمانە لەگەڵ مامۆستا مەسعود محەمەد*

چاوپێکەوتن: مودریک ژاڵی

لە ڕاستیدا من لە چەند ڕوانگەیەکەوە خۆشحاڵم، کە بە خزمەتتان دەگەم، یەکەمیان لەوەدا کە ئێمە، گۆڤاری کۆسار، لە نوێ دەردەکەین، هێشتا ژمارەیەکی لێ دەرنەچووە، بەڵام ئێوە دیدارەکەمان قبووڵ دەکەن، بەختەوەریی دووەمیشم لەوەدایە کە خۆم وەک (مودریک ژاڵی) لەگەڵ ئێوەی بەڕێزدا ئاخاوتن دەکەم، حەز دەکەم سەرەتای ئاوختنیشمان بەوە دەست پێ بکەین:

* ئەمڕۆ لە هەردوو دەڤەرەکەدا دیاردەی زۆریی گۆڤار و چاپەمەنییە، ئاخۆ ئەم دیاردەیە بە دیاردەیەکی پرشنگدار و سەرەتایەکی ڕێنسانس و بزووتنەوەی فیکری نەتەوایەتی لە قەڵەم دەدەیت، یان وەک شتێکی بێ بەرنامە و زۆری و بۆری؟ ڕاستە زۆری ئەو چاپەمەنیانە شتی لاوازی کەوتوونەتێ ئاخۆ لەوەشدا جۆرێک لە (احتراف) پیشەیی بەسەرمایە لە ئایندەدا دەستەبەر ناکات؟

– بەلای منەوە نووسین و بڵاوکردنەوە شتێکی حەزارییە، ئەگەر کوردەکە وزەی ئەوەی هەبێ بەردەوامی بەو بزاوتە بدا، بەرەو هەوراز و بەرەو هەوراز لە زەمانێکی ئایندەدا، بابڵێم بەشێکی زۆری لەو شتانەی کە بێسوودن هەڵدەوەرین، ئەوەی کە تین و گەرمایی و ڕۆشناییی هەیە، ئەوانە دەمێننەوە.

لە بۆ کورد، لە بۆ ئایندە، ئەمن ئەو شتە لە زاتی خۆیدا بە دیاردەیەکی ڕێکوپێک و دڵپەسندە لای من، هیچ گلەییم لێی نییە، هەتا ئەگەر ئەوانەی مەیلەو دەریش دەچن لە سنوور، ئەوە چاترە لەوەی کابرایەکی خاوەن ڕەئی، خاوەن فیکر حەجب بکرێ، هەر چونکە قسەی باش دەگا، واتە قسەی خوێڕیلە لە پەنا، لە تەنیشت قسەی چاکە من بە قازانجی دەزانم، ئەوەش قەدەخە مەکە، لێگەڕێ با گەشەی سروشتی ئەوە بکوژێ، لێگەڕێ با ئەو لایەش بۆ خۆی گەشە بکا و چاکە بە خەڵکەکە بگەیەنێ، ئیتر بە داخەوە، بەداخەوە.

بەداخەوە، ئەو تەفرەقەی کە لەناو کوردا هەیە لە زۆر لاوە، نەک هەر لە لایەنی ڕۆشنفکرییەوە، لە زۆر لاوە خۆی زەرەر دەکا.

لە ناواخنی ڕۆشنگەریەکەدا، جۆرە چەشنبەندییەک و جۆرە لێک نارەزاییەک لە هەردوو سەری هەرێما، ئەوە زیان دەدا لە ڕۆشنگەرییەکە، زیانیش دەدا لە کوردایەتییەکە. سیاسییەکان و دەست ڕۆیشتووەکان لەوزە بابڵێین کاریگەریی ئەوانە لێپرسراون بۆ تەختکردنی ڕێگەی بەرەو پێشەوە چوون.

ئەو بوارانەی کە میللەتان تێیرا دەڕۆن بەرەو ڕووناکایی، بەرەو حەزارەت، بێگومان ئەوانە زۆر بەرپرسن. ڕۆشنفکری گەورەش دەبێ ئاگای لە خۆی بێ ڕیسالەیەکی یەکجار پیرۆزی بەدەستەوەیە نابێ لێڵی بکا دەبێ خۆ بگرێ بەلای چاکەدا بڕوا، تیژکەرەوەی شەڕە دندووکی نەبێ، لایەنگیر نەبێ، بەخۆڕایی دەبێ لەگەڵ حەق بێ، هەتا ئەگەر برادەری خۆشی لێی عادز بێ، چونکە لە ئەنجامی لێک خشاندنی ئەو خەڵکە وەک کە تیغ تیژ دەکەنەوە، فیکر و ویژدان بە چی ناوی لێ دەنێی، ئەویش تیژ دەبێتەوە، جا بە بڕوای من ئەو دیاردەیە ئەمن بە پەسندی دەزانم.

* مامۆستا بەڕێزتان لە زۆربەی نووسینەکانتان هەست دەکەم تەواو گەشبین بەرامبەر ئایندەی مرۆڤایەتی بە مەرجێک، بە ئەگەری بە کارنەهێنانی چەکی ئەتۆمی و نەکەوتنە بەردەستی شەڕانگێزەکان، بەڵام من لە ڕوانگەیەکی ترەوە سەیری ئایندەی مرۆڤایەتی دەکەم، ئەوەیش ئەوەیە ئاخۆ مرۆڤ لە بەرەبەیانی مێژووەوە، ئەو هۆکارانەی کە دەبنە هەڵسووڕێنەر و گۆڕانی مرۆڤ بەدەر لە ژینگە و دەوروبەر، بەڵام هۆکارە سەرەکی و گردەکییەکانی ناو خودی مرۆڤ خۆی، کە بزوێنەری مرۆڤە بۆ نموونە جووتیار فاکتەرەکانی بەرهەمهێنانی ڕابردووی ئامێرە سەرەتاییەکان بوو، دیارە بڕی بەرهەمیش دیار بوو، بەڵام کە ئامێری تازە هاتە کایەوە دیارە بەرهەمەکەشی گۆڕا، ئاخۆ لەوەتی مرۆڤ هەیە پێنج هەست وەک هۆکاری بنەڕەتیی خود و بزوێنەری، خۆ نەشی توانیواو لەو پێنجانە ڕزگاری بێ و عەمبازیش باوێ گەر فرۆیدیانە سەیری هۆکاری سێکس بکەین، پێم وا نییە مرۆڤی سەرەتایی و ئەمڕۆ هیچ هەنگاوێکی بۆ پێشەوەی لەمەدا هەڵهێنابێ یان (ئەمڕۆ) لە خودی مرۆڤدا تەجاوزی دۆێنێی کردبێ، ئایا مرۆڤ تا چ ئەندازەیەک بەرەو پێش دەچێت، پێی هیوابەخش و گەشبین دەبێ، لە کاتێکا هۆکارە بنەڕەتییەکان وەک خۆیانن؟!

– هۆکاری بنەڕەتی تا لە جیهانی ئاژەڵدا، یەک لەو هۆیانە بووە کە دنیا بتوانێ، بەردەوام بێ پشێوییێک گرییەک لە سەر خۆ کردنەوەیەک بە زیادەوە هێرش لە بۆ دوژمنێک، ئێ خۆ جیهانی ئاژەڵ یەک یەکی دەخوا، ئەگەر یەک یەکی نەخوا ئیشەکە ناڕوا، کە دێینە جیهانی خۆمان غەرائیزی بنەڕەتی لە مرۆڤدا وەک خۆیەتی، بەڵام ئەو هەستانە جیاواز دەبێ لە بارێکدا کە

غەریزەی دڕندە بە گەیانی خۆی بتوانێ شەڕانی بێ، تا ئەوەی غەریزەی دڕندە کپ ببێ بە گەلەک شتی کە تەعویزی دەکاتەوە یانی کپ دەبێ بە شتی چاک و ڕێک و پێک و سوود بەخش، چونکە وەنییە هەموو دەمێ قەسوەت و دەستدرێژی ئەنجامی باشی هەبێ ئەگەر بەشەرییەت خۆی نەبڕێنێتەوە، بە پێی کە لەبەر چاومانە ئەو وڵاتانەی کە پێشکەتوون، هەنگاوی زۆر بەرەو پێشەوە دەهاوێن، لە ماوەیەکی بە قەناعەتی من بلێین سەد و دوو سەد ساڵدا وای لێ دێ هەتا نەک شیوعیەت بەڵکو ئەنارشیزم دێ کە حکوومەتی نییە، ڕۆژەک دێ بەشەرییەت دەگاتە ئاسۆیەک، کە ئیتر پێویست بە حکوومەت نابێ، جا لەگەڵ جێی ئەو بوونەوەرە، بەتایبەت لە جێیەکی وەکو ژاپۆن ئۆتۆمبێل دەڕوا لە جادە هەمووی بە کۆمپیوتەرە، خزمەتێکم باسی بۆ کردم گوتی لە شارەکەی ئێمە ٢٠ کم ماوەی لە بن عەردی هەبوو، بە کۆمپیوتەر ئۆتۆمبێلیان لەسەر لێخۆڕی بە بێ سایەق، یەک هەڵەی تێدا نەبوو، ئەو زانست و زانیارییەی کە ئێستا هەیە و لە برەودایە هەڵبەتە شتی نەگەتیڤ هەن لە چاردەور، بەڵام لە هەمان کاتدا هەنگاوەکانی زانستی گەلەک گەلەک بەرین ترن لەو حیزە کارانەی کە پیاوی خراپ پیاوی کەودەن، پیاوی دژی مرۆڤ و نەخۆش و بە تەماع ئەوانەی مەجالیان نامێنێ چەک بەردە چەک بەردە لەگەڵ ئەو زانستەی بکەن، کە ئێستا لە ئاسمان دەگەڕێ، ڕۆژەک دێ کە ئەو خەڵکە دەگاتە خێراییی ڕووناکی، بە قەناعەتی من دەڵێم چ بەڵگەی زانستیم لە لا نییە، بەڵام ئیخلاسم ئەوەهایە کە ڕۆژەک لە خێراییی ڕووناکیش تێ دەپەڕن، بەشەرییەت دەچێتە ئەو دیوی فیزیا، ڕاستییەکانی کەونی هەموو لەوێدا ئاشکرا دەبێ، ئەوجا لە ماوەی سەد ساڵێ، لە ماوەی دوو سەد ساڵێ... هتد، زەمان شەرم لە کەس ناکا، بە قەناعەتی من ئەگەر بەشەرەکە بە قومبیلە و نازانم چی خۆ تەفر و توانا نەکا، ئایندەی مرۆڤ گەلەک گەلەک ڕوونترە لەوەی کە ئێستا پێشبینیی دەکەی ئەم (خورەعبەلاتی) کە تێیدا دەژیین، دەڵێن ئێستا ئەفغانستان ئایەڵن ئافرەتەک هەر بخوێنی، نەدەبایە لە بەشەرییەت ئەوە بقەومێ بەڵام قەوماوە، خێرەومەندانی دنیای تر ئەوە پڕ دەکەنەوە و بە زیادیشەوە بە قەناعەتی من گەشبینم لە بۆ ئایندەی مرۆڤ، جا ئێمە چەند دەخۆین و چەند دەبڕین ئەوە شتێکی ترە، کە بێینە سەر مەسەلەی کورد، قەزیە شتێکی تر دەبێ.

* پرسیارێک دەربارەی زمانی کوردی، وەک خۆت گوتەنی: ئێمە ٢٥٠٠ ساڵە لە مێژوو بەدەرین، ئەگەر فارس بە بەراورد بکەین کە ئەوان بە پێچەوانەی ئێمەوە خاوەن دەوڵەتن، کەچی زمانەکەیان وەک ئێمە بێگانە بەدەر نەکراوە، هەست دەکەم لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا زمانەکەی ئێمە پاک و تەمیزترە.. ڕای ئێوە؟

– قوربان پاک و تەمیزیی خۆمان وەکو هەژارێکە ئەگەر پینەی جلک کە دەیپۆشی ئەوجا دەیەوێ کەلێنان ببڕی، هەرچی فارسەکەیە بەخۆ دەنازێ، دڵنیایە لە خۆی ئەو کە دێ وەکو عەرەب دەڵێ: تەوشیحی زمانی خۆی بە وشەی عەرەبی دەکا پێی خۆشە، دەنا هەموو کەلیماتی حازری هەیە،

زۆری هەیە، پاشان خۆت دەزانی و خەڵکیش دەزانن ئەدەبی فارسی یەکێکە لە ئەدەبی جیهانی، تەسەوەر مەفەرموو فیردەوسی گاڵتە بێ، شتێک نییە، ڕەنگە ڕەفیقی نەبێ، مەسنەوی هاوچەشنی نییە تۆش لە سەر ئەوە پێوانە بکە ئەوە فلانە و ئەوە فلانە شاعیری گەورە گەورە و ئەدیبی گەورەیان هەیە، مەلای گەورەیان هەیە ئەوان بە خۆ دەنازن شەرم ناکەن، دەیانەوێ دەربڕینێک کە خۆیان پەسندی دەکەن، ئەوە دەکەن بەبێ شەرم، ئەمن و تۆ شەرم لە خۆمان دەکەین دەبێ وشەکەی ئەگەر عەرەبیە بیکەینە کوردی، ئەگەر فارسییە بیکەینە کوردی، ئەگەر نازانم چییە گەلێک جاران تێی ناگەین، بێ لە سوعبەت گەلێ جاران پیاو تێی ناگا چی مەتڵەبە، جا وا تێ دەگەم کوردەکە حەقی خۆیەتی پەرۆشی زمانەکەی بێ، حەقی خۆشیەتی عەیبەکەی خۆی داپۆشی، چونکی ئەو شتانەی عەیبپۆشن لای ئێمە کەمن، جا زمانەکە و بڵێین سەقافەتەکەی کە هەیە، نووسینێکی کە هەیە، شتێکە لەو شتانەی پارێزگاریی لێ دەکرێ، بەوەی کە بڵێین زمانەکەمان خاوێن بێ لە وشەی بێگانە و نەخنکابێ بە وشەی بێگانە، دەنا وشەی بێگانە دەستبەرداریی لێ ناکرێ.

* مامۆستا هەر لە ڕوانگەی پرسیارەکەوە، مەبەستم بەڕاستگێڕانی بۆچوونەکەی جەنابتان بوو، ئێمە دەرچوونمان لە مێژوو درێژە ئایا زمان پاراوییەکەشمان هەر بەشێک نییە لە گۆشەگیرییەی کە ئێمەی دوورەپەرێزی شارستانییەت کردووە، هەر بۆیەش بەشێوەی ئێستا مابێتەوە، چونکە خەڵکی بەمەدەنی بوو، خۆگونجاو لەگەڵ شارستانییەت زمانی دەور و جیرانیش بەکار دێنێ، چونکە زمانی سەردەمەکەیە؟

– خۆزیا ئێمەش وەکو وان باین، زمانیشمان وەکو ئەوان با و، دەوڵەتەکمان هەبا خۆزیا، ئەمن سەد دینارت بەرتیل دەدەمێ وام لە بۆ بکە، خۆزیا ئەمنیش وەکو فارسان وەکو تورکان ئەمنیش زاڵم بام، بەڵام زوڵمێ لەگەڵ خۆم دەکەم ئێستا.

* مامۆستا دەربارەی فرە بابەتیی پرسیارەکان، دیارە جەنابتان لە دەرگەی هەمەچەشنی بواری فیکر و فەلسەفە و زمان و ئەدەب... هتدتان داوە، کەواتە ئاساییە پرسیارەکانمان چەشن ئامێز بن، مامۆستا کە ڕوو بکەینە جیهانی سیاسەت (فەرموو) ئەمەریکا ئەمڕۆ وەک تاکە زلهێزێک بە تایبەت دوای ڕووخانی سۆڤیەت کە ئەمڕۆ (ئەمر و نەهی) دەکا و، ئاخۆ ئەو هەموو خۆ تێهەڵقورتانەی ئەمەریکا لە جیهانی ئەمڕۆ ڕاستەوانە دەنگونجێت لەگەڵ جیهانی مەدەنییەتدا، لە کاتێکدا سیاسەتی ئەمەریکا بە فرەپێوانە و تەرازووی جودا، بە کوردی سیاسەتی، لەگەڵ تێرامانی بەڕێزتان بە ئایندەیەکی گەش تا کوێ بڕ دەکا، بەتایبەت لە جیهانی ئەمڕۆی مەدەنیدا؟

– مامۆستا، یەک لە وەزیرەکانی دەرەوەی ئەمەریکا وا تێ دەگەم دین ئاکیزە دەڵێ: گرفتی

ڕۆژئاوا ئەوەیە بەریتانیا لاوازە و شتان دەزانێ، ئەمەریکا بەهێزە و سیاسەتی نییە، ئەوە قسەی ئەوە، کتێبی خۆیەتی ئەو قسەیەی تێدا کردووە، ئەمەریکا بڵێین و نەڵێین ئێستا یەکەمە لە عالەم، لەلایەن هونەر و تەکنیک و زانست و هێز و پارە لە لایەن هەتا هەرچی ناوی لێ دەنێی، ئەوە گاڵتە نییە لە بۆشایی نەهاتووە، ئەو هەموو ئازادییەی بڵێین لە ئەمەریکا هەبووە، ئەو هەموو شتانەی کە لە ئەمەریکا هەبووە، پەلی هاویشتووە بۆ بنی دنیا، تمووحەکی زۆریان هەبووە، بڕوایەکی سەیریان بە خۆیان هەیە هەتا مەسەلەن ئەمن نەمدەزانی تا لە جێیەکی خوێندمەوە (مارلین مۆنرۆ) خۆی نەکوشتووە و کوشتوویانە، مەسەلەن گەلێک فەسادی لە ئەمەریکا هەبووە، ئێستاش هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، مامۆستا لەگەڵ ئەوەشدا دەستووری کۆمەڵایەتییان تێک ناچێ، ئەو شتەی کرا لەگەڵ سەرۆکی ئەزموونێکی سەیر بوو لە بۆ ئەمەریکا کە تێیدا سەرکەوت، مامۆستا ڕای جەماوەر ئەوها شەق شەقانێی لەگەڵ بکەن و دوایە قانوونەکە لەگەلی بوو، گەڕایەوە جێی خۆی، ئێستا ئەو لە هەموو عالەمێ زەمان درێژترە، واتە ئەمەریکا لەگەڵ هەموو عەیبێکی کە هەیەتی، هێزەکەی و زانست و ڕۆشنفکرییەکەی، کورە چوزانم، هەرچی ناوی لێ دەنێی ئەوی لە دنیایە هێز و توانا و ڕووناکی و هەرچی هەیە لە دەست ئەمەریکایە، ئێستا دەیەوێ شتێک دروست بکا لەو ڕۆژهەڵاتەی ناوەڕاستە جێی ڕووسیا بگرێتەوە، حەز دەکا یەک هەبێ لە دەستە خۆیدا بێ، ئەو وڵاتەی لە بۆ بپارێزێ واتە بۆشاییەکە نەبێ، چونکە ئێستا بەڕاستی بۆشاییە، پشت بە ئێران نابەسترێ، وەختێ پشتی بێ دەبەسترێ کە ئەوان لە کەلی خۆیان بێنە خوارێ، بێنە چاخی ئێستاکە، واز لەو قسەی بێمەعنا و نازانم چی و حیکایەتی هەزار و سێ سەد ساڵی ئێستا بۆم دەگێڕنەوە، ئەوە دونیا بەوە دابین نابێ، واتە ئەمن و ئاسایش و حەزارەت و، چونکە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕێگەی سەرەکیی ئابووری و سیاسەتە، مامۆستا جا من زۆر جارم گوتوە، نازانم قسەکە مەجالی هەیە یان نا زۆر جارم گوتووە، لە زۆر مەجالیش گوتوومە: ئێمە کە کوردین ئاگامان لە خۆمانە دەورە دراوین بە ئاڵقەیەکی داخراو لە هەموو لایەکەوە، ئێمە لە حەپسداین، بەڵام ئەوەی کە ئابڕووی ئێمەی پاراستووە نەک خۆمان ترسناکیی نیشتمانەکەمانە، چونکە لە ناوەڕاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نیشتمانەکەمان خەتیرە، بۆ خۆمان ئاگات لێیە چیین، هەتا بە نموونە دەیهێنمەوە، چونکە ئەو نموونەیە لە ناوەڕۆکی قسەکەمدایە، بەڵگەی قسەکەمە، پێش ماوەیەک تورک و فارس و سووریە لەسەر ناو ڕێککەوتن، نازانم کۆبوونەوە و چی، کەچی سەدی هەشتای ئاوەکە ئی کوردە، بەڵام کوردەکە دەنگی نییە، ئێمە بۆ خۆمان لە ڕاستیدا گەلەک دوا کەوتووین بەڵام نیشتمانەکەمان خەتیرە، ختوورەتمان لە نیشتیمانەکەماندایە، ئەمەریکا کە بڵێین شتێک دەکا بۆ چەشتێک هەرچی ناوی لێ دەنێی و چاو ناپۆشرێ لەو پارچە زێدە پان و بەرینەی کوردستان لەو جێگە خەتیرە لە عالەمدا، ئەمەریکا مومکین نییە وازی لێ بێنێ، تەنیا ئەگەر شتێک ڕووی دا لە هیچ حیسابانداا نەبێ، جا نازانم قسەکانمان لە پێشەوە لە کوێوە هات لە ئەمەریکا هات وا نەبوو؟ (بەڵێ ئەمەریکا لە بەرامبەر جیهان) تا ئەمەریکا وەک عەرزم کردی لە تاقیکردنەوەی خۆیدا با بڵێین لە جوملەی تاقیکردنەوەی خۆیدا نەک لە تەفاسیل لە سەرجەم تاقیکردنەوەی خۆیدا سەرکەوتوو بووە،

بەریتانیا و بابی بەریتانیا و ئەوی دی هەموو خەریکن لەسەر پێ ڕاوەستن بەرامبەری پێیان ناکرێ.. ئێ ئەوە گاڵتە نییە مامۆستا.

خۆ بە خودای ئەمن وەنییە بڵێم خۆشم دەوێ چونکە دوو تەقسیم پێنجی کوردستان عێراقی دایە بەغدا بە نەفتەوە، کوردەکە هەمووی دەرکرا لە دوو تەقسیم پێنجەی کە لە کەرکووکە خۆ قەت لە بیری ناکەم بەڕاستی و گلەییشم گەلەک زۆرە بەڵام هیچ دەسەڵاتم نییە.

* بەڕای بەڕێزتان لەسەر قودسییەت بوون، هەروەک خۆت گوتەنی مرۆڤ لە سەرەتاوە قودسییەتی لە ئاسمان وەرگرت، پێتان وا نییە ئایندەی مرۆڤایەتی دوای گەیشتنی بە ئاستێکی بەرز لە مەدەنییەت، پێویستی بە ئاینی چوارەم نابێ لە دەستکردی خۆی، جا چ بەکامڵکردنی ئاینەکانی تر و بەرەنجامی سەرجەم تێڕوانینە فەلسەفییەکان، ئاخۆ مرۆڤایەتی بەبێ قودسییەت هەڵ دەکا؟

– قوربان ئەمن گوتومە، لە چەند دانیشتنێکا گوتوومە، هەنگاوی هەرە گەورەی مرۆڤ کە کەوتە قۆناخی مرۆڤایەتی، بێگومان حەیوانات هیچ، کە داخیلی قۆناخی مرۆڤایەتی بوو جا لە ماوەی دە هەزار ساڵ، پەنجا هەزار ساڵ، سەد هەزار ساڵ، چەندی ناوی لێنێی کەیفی خۆتە، ئەو بەشەرە هەنگاوی هەرە گەورەی ئەوە بوو کە تێی گەیشت ئەو ئاسمانە غەیری ئەو خاکەیە و غەیری ئەوەیە و ئەوەیە و غەیری ئەو ترۆپکەیە و غەیری ئەو شتە حەقیرانەیە ئەوانە هەمووی خاکن، بەڵام ئەوەی تر هەمووی ئاسمانن (قودسییەت لە سەماوییەتەوە هات) ڕۆژ و مانگ و ئەستێرە، بروسکە و نازانم هەرچی ناوی لێ دەنێی هەورە و، ئەوە هەمووی لە دەرەوەی ئیرادەی مرۆڤە، هەمووی لە مرۆڤ بڵندتر و بەهێزتر و زۆردارتر و ئاشکراتر و ڕووناکترە، ئەوانی دی هەر بێشەوقن، هەمووی هەر پێی دەڵێن (معتم) تیشکی نییە، بەڵام ئەوانە هەمووی تیشکدارن هەمووی ئاسمانین ئەو قودسییەتەی کە لە ئاسمانەوە پەیدا بوو، بەقەناعەتی من هەنگاوێکی یەکجار بەرین بوو هەڵبەتە لە مەسافەیەکی زۆردا جا دە هەزار ساڵ بوو پەنجا هەزار ساڵ بوو کەیفی خۆیەتی، بەڵام فکرەی پەیدابوونی قودسییەت، داینەمۆیەکی زێد زێدە بەهێز بوو بۆ ئەوەی بەشەر پێش بکەوێ، چونکە شتێکی دۆزییەوە کە هەرچی حەیوانات هەیە نازانێ بیدۆزێتەوە، خۆیشی پێشتر نەیدۆزییەوە.

بەقەناعەتی من ئەو قودسییەتە لە ئایندەدا، هەتا ئەگەر بڵێین و بڵێین ئەدیان نەبوو، ئەگەر ئەدیان نەبوو بەرژەوەندیی مرۆڤایەتی کە دەگاتە ئاستێک خەلەل دان بە– وەکو مەکینەی ئۆتۆمبێل ئەلێرە لەوێ خەلەل پەیدا بێ لەوێش پەیدا دەبێ.

واتە ڕۆژەک دێ ئەو بەشەرییەتە دڵی نایە هەر بۆ خۆی دڵێ نایە خەلەل بە شتان بگەیەنێ، چونکە خۆی زیانبار دەبێ، واتە ڕۆژەک دێ خەڵکەکە بەبێ ئەوەی ناچاری کەی بیبەیە کن شێخێ و بیبەیە کن نازانم چی لەخۆڕا لەگەڵ بوونی غەرائیزیش لەگەڵ بوونی بڵێم چی ئیشتیها و هەرچی

ناوی لێ دەنێی، بەڵام ئەو حەبکەی لە دەوروبەری کۆ دەبێتەوە نایەڵێ زیادەڕۆیی بکا، ئێستا خۆ خەڵکەکی زۆر ئەگەر بۆی بلوێ هەموو شەوێ دزی دەکا، بەڵام لە ترسی دادگە و لە ترسی حەپسخانە دزییەکە ناکا، تەنیا ئەگەر زانیی ناگیرێ ئەوجا لە هەزاری یەک ناگیرێ، دەنا ئەوی دی دەگیرێن ئەوجا بە قەناعەتی من ئایندەی مرۆڤایەتی، دیسانەوە دەڵێم بە قەناعەتی من ئایندەی مرۆڤایەتی لەسەر عیلمانییەت دەڕوا، بە قەناعەتی من عیلمانییەتەکەش بەبەریەوە هەیە بژیەنی و پەرە بەخۆی بدا و بەردەوام بێ، شتی زۆر چاکیش بکا و شتی زۆر خراپیش بەر تەرەف بکا و، قەناعەتی من ئەوەیە نە فەرمووی چوار دین یان پێنج دین، هیوا دەخوازم بەردەوام بێ بە کەیفی خۆی، بەڵام ئەوەی کە بزوێنەرە با بڵێین لە بەرهەمی عیلمانیەتەوە دێ، ئێستا مەسەلە دیموکراتیەت چ علاقەی بە دینەوە نییە، دە دیموکراتیەت گاڵتە نییە، مەسەلە هەموو ئەحکامی کتێبە سەماوییەکانی لادا ئەحکامی دونیەوییان دانا هەر ڕێکوپێکە، ڕێکوپێکترە لە ئی شتی تر، هەتا مەلایەک دێ و نازانم چی و چی فتوای لەسەر دەدا و ئەوی تر دەڵێ ئی تۆ درۆیە و ئەوان بۆ خۆیان دایانمەزراندووە، بە پێی سەردەم و داخوازی سەردەم قانونیان داناوە، حزبەک دێ کەس لە وڵاتی بەمەدەنی بوو کە پێی ڕاهاتوون بەمەدەنیەت و دیموکراتیەت دەچنە ناو هەڵبژاردنەوە کەس کەس ناکوژێ، کەس کەس زەدە ناکاو کەس ڕەزیل ناکا، حزبێک سەردەکەوێ و حزبەک سەرناکەوێ شتێکی گەورە ناقەومێ بەڵام لای ئێمە ئەگەر بڵێین یەک لە دوو حزبەکان بزانین دەشکێ قەت حزب قبوڵ ناکا، واتە قبوڵ ناکا یەعنی قبوڵ ناکا شکست بەهەر نەوعەکی بێ جا نەک هەر ئێرە وایە هەموو وڵاتی دواکەوتوو هەمووی دەستی لە بینەقاقای ئەو واقیعە گرتووە، کە لەدەستیدایە، نایەوێ لەدەستی قوتار بێ، بەڵام وڵاتی بەمەدەنی بوو وا نییە، موتەمەدین ئایندەیەکی ڕوونە، تەنیا ئەگەر بڵێم چی، ئەگەر دەبەنگییەکی لەحەد بەدەر سواری سەری ئەو زلهێزانە بێ و یەکدی بگرن بەقومبەلەی زەڕی و ئەویش شتەکە گەلەک دوورە، بەقەناعەتی من گەلەک دوورە.

* مامۆستا لە ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) تەوەرێک بەناوی مەلەفی کەرکووک کراوەتەوە لە سەر پێشنیازی بەڕێز مام جەلال، ڕۆژنامەش نووسەران ڕای خۆیان لەسەر دەگۆڕنەوە، ئەو مەلەفی کەرکووکە پێتان وایە بەرەنجامێکی دەبێ، ڕای بەڕێزتان؟

– مەسەلەی تۆ کە ئەرکێک هەبوو، مادام دەتوانی دەستی تێوەردەی و پێوەی خەریک بی چ زەرەریشت پێ ناکا. کەسیشت لەمپەر نییە، ڕوون کەرەوەشە، دافیعیشە، جا بۆ نەکرێ، ئەمن لەگەڵ ئەوەم بکرێ بۆچی نەکرێ.

* مامۆستا ئەگەر هێندێک پێناسە بە کورتی وەڵامان بدەیتەوە؟

– چۆن؟!

(مامۆستا مەبەستم کورتترین پێناسەیە بۆ نموونە "مەحوی"مان چۆن پێ دەناسێنی؟

– مامۆستا، من مەحویم خوێندووەتەوە بەشێوەیەکی عابر، بە حەقیقەت مەحوی هەروا شان بەشانی "نالی" دەڕوا، شاعیرێکی زۆر گەورەیە، بەڵام ئەمن دەرسم نەکردووە. لە گەلەک جێیشدا خۆی مەتلەبی بووە خۆی لە نالی بخشێنێ، هەتا هێندێ جاران دەتوانم ئەو هەستەی لێ بکەم کە بە پێشیش بکەوێ.

هێندێ شیعری هەیە بە یەک و دوو و سێ و چواران ناکرێتەوە چونکە زۆر داخراوە واتە زۆر جێی موغلەقە پتر لە نالی لە بەعزە شیعرێک، مەحوی یەک لە شاعیرە زلەکانە، ڕەنگە نەختەک غەدری لەخۆی کردبێ کە لە مجێزی هەموو کەسدا نییە، بەڵام ئەو ئیبداعەی ئەو کردوویەتی گاڵتە نییە، ئێستا وە نییە، بلێم شیعرەکانیم، بەڵام خوێندوومەتەوە لە سەریشیم نووسیوە ساڵێک لە ساڵان بۆ سولەیمانیم نارد، باسێکی دوور و درێژم نووسیبوو، مەدحێکی چاکیشم کردووە، بەڵام ئێستا لەکنم نییە.

* حاجی قادری کۆیی (گەلێ زۆرت دەربارە نووسیوە).

– (دوای ڕاوەستانێک) وەڵڵا حاجی قادر... ڕەنگە بچوێندرێ بە ئەستێرەکی کە دادەخزێ تەوژمێکی زۆر بەگەشاییەکی زۆر، لە ئەوەڵی هەتا ئاخیری حاجی قادر ئەوا تەشبیه دەکرێ، لە سەقافەتی کوردی، لە نیشتمانیەتی کوردی، لە نەتەوایەتیی کوردی، لە هەرچی ناوی لێ دەنێی کابرایەکی بووە باوەڕی زۆری بەخودی خۆی هەبووە، لەحەد بەدەر، هیچ کەمایەتیی تەحەمول نەکردووە، سەری لە بۆ کەس دانەنواندووە، تەنیا بۆ ئەو کەسانەی کە برادەری خۆی بوونە، کە کاغەزی نووسیوە لە بۆ باپیرم برادەر بووە.

کە هەتا تەوازوعی لە بۆ بنوێنێ لێشی دێ، حاجی قادر جەرگی سووتابوو لە بۆ کورد ڕەنگە بەعزە ئەفکاری وەختی خۆی نەبووبێ، بەڵام یەقینەن دڵسۆزێکە ئاگرە ئاگر یەعنی وەکو ئاگر وایە، وەکو شیهابەکی لە ئاسمان دەڕژێ و حەیاتەکەی بەسەر دەچێ حاجی قادر زۆر بەزەحمەتە خەڵکی بگاتێ، زۆر بەزەحمەتە بەپێی ئەو زەمانی کە تێیدا بوو، ڕەنگە نێزیکترین کەس لە بۆ ئەو بابم بووبێ، شیعرەکانی بابیشم گەلەک لە شیعرەکانی حاجی قادری نێزیکە، بەڵام بەداخەوە بەشێکی فەوتاون، بەڵام حاجی قادر وەکو عەرزم کردی ئەو شیهابەیە کە دادەخزێ و بەگەشی هەتا دەتوێتەوە.

* بەراوردێک لەنێوان حاجی و مەکیافیلی!

– ئەمن لەگەڵ مەکیافیلیەت چ ئیعترازم نییە مەکیافیلی مرۆڤێک بوو شتێکی کردووە ئەوەی پێی کراوە کردوویەتی.. تۆ.. بەڵێ بە هەر حاڵ کاکە حەمە کە ئەو، ئەمن نازانم چم گوت. کەلیمەکەم لە

"عینها" نازانم شتێکی وام گوت کوره گوتی هەر عینها، هەر فمها–تد هەتا پێداڕۆیی "یونس" زۆر توڕە بوو، گوتی عەیبە لە بۆ پیاوان ئەو قسانە بکا، بەڵام قسەکان تێپەڕین، خوا عەفویان بکا، کاکە حەمەڕەش هەر مرد بە تەیارە کەت.

* مامۆستا گیان گەر "دڵدار" جوانەمەرگ نەبووایە، تەمەنی ئاسایی خۆی بژیایە، بەراورد لەگەڵ "گۆران" دەربارەی نوێخوازی، چۆن لێکی دەدەنەوە؟

– بەخوای شتێکت عەرز کەم، بەقەناعەتی من شەقڵی دڵدار بەقەدەر شەقڵی شێرکۆ بێکەس نییە، شێرکۆ بێکەس گەلەک فرەوانترە، هەتا ئەگەر نەشمەوێ باسی بکەم، ئەمن بەعزە شعری شێرکۆ بێکەسم بەر گوێ کەوتووە، خۆی خوێندوویەتیەوە، لە بۆ هێمن، هێمنم لەکن بووە لە (مجمع) شێرکۆ هات و پارچەیەکی شیعری خۆی خوێندووەتەوە، بەڵام وەکو گەورەکردن با بڵێین ناوی دوو کەسی هێنابوو، جا کە لێی بووەوە، ئەمن گوتم: هەی مردی بابمردی کوڕە ئەتو، ئەوانە بەتەڵەبەی تۆش نابن ئەتو لۆ خۆت بەواندا هەڵدەواسی، ئەوجا هێمن خەریک بوو هەڕەشەی لەگەڵ بکا، شیعرەکە ئەوەندە جوان بوو جا بواری وی واسعتر بوو گەلەک لە بواری دڵداری. جا چی پێ دەڵێین ئەوەشت پێ بڵێم ئەوی بەراوردت کرد (بەراورد لەگەڵ گۆران) لەگەڵ گۆران، گۆران زەکاوەتێکی باشی نواند کە شێوازی شیعری گۆڕی، دەنا ئەگەر خۆی ئەسیری شێوازی جارانی شیعر کردبا ئەوە نەدەبوو، کە ئێستا هەیە. جا ئەویش واتە دڵداریش خۆی پابەندی شێوازی کۆن نەکردووە، بەهەمان شێوەی فەرمووتان؟ لەگەڵتم، بەڵام ناگاتە گۆرانی، وەک گۆران بوی لووس و لێک هات و خەڵکەکە هەمووی دەزانی یانی ڕێک و پێک و جێگەی ئیعتزاز نییە، بەڵام دڵدار با بڵێین ئەوەندە نەژیا بزانین عەجەبا دەگەیشت بە چ پلەیەک، پێم وایە سی ساڵ ژیا.

* هەر لە پێناسە کورتەکان، دەربارەی (موتڵەق) شتێک بڵێین؟

– مەبەست موتڵەقی کام شت. (موتڵەقی شتەکان ئەوەی لە بەرامبەری نیسبەت دێ) کاکە موتڵەق گەلەک زۆرە، جاریٚ ئەوە کەون موتڵەقە، زەمان موتڵەقە، ڕاستگۆیی موتڵەقە، مەعانی هەمووی موتڵەقە هیوا و خۆزگە و نازانم چی و چی هەمووی موتڵەقە. بە قەناعەتی من کەون کە کۆتایی نییە. چونکە چۆن نیهایەتی بێت، کێ دەچێ بڵێ هەتا ئێرە و بەس ئاخر کە لە ئەزەلەوە دەست پێ بکا، تەحدید مومکین نییە، لەکن من یەعنی تەحدید مومکین نییە، کەون موتڵەقە جا زەمانەن و مەکانەن.

* خزمایەتیی موتڵەق و ئەزەل چییان پێکەوە هەیە؟!

– ئەزەل شتێکە خۆی موتڵەقە، ئەزەل ئەوپەڕی موتڵەقە ئەبەدیش ئەوپەڕی موتڵەقە، ئەزەل و ئەبەد دەکاتەوە بەیەک شت وەریگێڕەوە دەکاتەوە موتڵەق.

* مامۆستا دەربارەی کۆیە.. کۆیەی دوێنێ و ئەمڕۆ، هەروا لە ڕووی ڕۆحیشەوە کە لەدایک بووی ئێرەی؟

– مامۆستا کۆیە ئێستا چی پێ دەڵێن. کۆیە وەختێک شت بوو، ئێستا کێی تێدا مایە، ئەسڵە کۆییەکان زۆربەیان چوونەتە هەولێر و سلێمانی و، هیچ خزمەتێک نەکراوە، کە حەقی کۆیەیە بکرێ. مەعلوومە پیاوێکی وەکو "مام جەلال"ی خۆی کۆییە و، ڕەنگە هێندێک هەوڵی شەخسیشی بەکار هێنابێ، بەڵام زۆر کەمە لەچاو کۆیە، لەو ڕۆژەی لە وەفاتی نەجیبەی خوشکم پرسیم. کۆیە نفووسی چەندە گوتیان ئەسڵی شارەکە بیست هەزارە، نۆزدە هەزاریش ئاوارەیە. بەخوای لەکنم بەهەمووی کردیە چل و یەک هەزار. گوندەکانیش چل هەزارەک دەبن، سەرلەبەری کۆیە بەداخڵ و بەخارج و بە نازانم چی دەکا هەشتا هەزار دە ئێستا هەولێر دە هەندی هەموو قەزای کۆیەیە، کۆیە کەسێک ئاوڕی لێ نەداوەتەوە بە شێوەیەکی کە لێی دەوەشاوە، لە ئاست حاجی قادر و ئەو مێژووەی کە هەیەتی و جەلیزادە و، هەتا مەشهوورە پاشایەک یان ئەمیرەکی شازادەی سەفەوییانە، ئی هەر کەسەکی هەر زەمانەکە، دێ لەبۆ کۆیە کە کۆیە بگرێ، قوربان گردەک هەیە ئێستا پێی دەڵێن گردی (گێچەڵ) گردەکی بڵندە لەسەر ڕووبارێدا دەڕوێ، کابرا تۆپی دامەزراندبوو لەسەر ئەو گردەی، کۆیای قەسف پێ دەکرد.

پێنج سەد فەقێ دەچن، شەوەکی پێن سەد فەقێ! ئاخر پێنج سەد فەقێ گاڵتە نییە لەو دەمێدا، پێنج سەد فەقێی شەڕکەر چووە، چوویتە سەرێ، جا چەندیان لێ کوژرایە وەختەکیش هەبووە ناوی گردی شەهیدان بووە، بەڵام ناوەکە بزر بوو، دەنا پێیان دەگوت گردی شەهیدان. تۆپەکانیان هەموو هەلاهەلا کرد و گەلەکیشی تێدا کوژران و کابراش ڕۆیی.

مەبەستم کۆیە دەبایە پتر خزمەت بکرێ و پتر ڕێزی بگیرێ لەوەی کە تا ئێستا هەیە، چت عەرز بکەم! زۆر نوقاتی هەبووە لە مێژووی کوردا کە باسی بکەی.

* مامۆستا لە کۆیە وەکو ئاسەوار هێندێکمان بۆ ماوەتەوە، ئەوانە چەندێک دەستی کۆییانی تێدا هەبووە؟

– مامۆستا ئەوە زەمانی ئەمن پێ گەیشتم وەستایەکان چەند وەستایەک بوون، تەقلیدی بوون، ئاخر دەبێ ئەوەی بزانی، ئەوە بزانی کە ساڵی ١٩١٧ نوێژی جومعە نیسابی حاسڵ نەدەبوو (واتە چل کەس نەدەبوو) وەختێک لە قامووسی سامی نازانم چی پێ دەڵێن (قاموس الاعلام) ئی سامی نازانم چی، ناوەکەم لەبیر نەمایە بە تەواوەتی، لە فەقەرەی کۆیە دەڵێ نفووسی دە هەزارە لە ساڵی ١٨٩٨ یان ١٨٩٧، شتەکی وا دەڵێ، هەولێر شەش هەزارە (سێ سەد ساڵ پێش ئەوڕۆ هەولێر تابعی کۆیە بووە)... ئەوانە لە کۆیە تەکانەوە، ئەو شتانە، پاشان کۆیەی جاران بە چ دەژیا؟ چونکە وڵاتی کۆیە زۆر خاکەکەی خێرووە، خاکەکەی هیچ نییە، کە دەرۆی ئەوە شەڵغەیە ئەوە نازانم کێیە،

هەر پووشیش نابینی، هەر هیچ هیچ، کۆیە سەنتەری پیشەیە، تەموینی ئەو ناوچەیەی دەکرد هەتا بەری (قەڵاسێوکە)ی و هەتا لای کەرکووکێ و هەتا دەچووە سەردەشتێ و هەتا دەچووە لای شەقڵاوە، کۆیە تەغزییەی ئەو ناوچەی دەکرد. بەو پیشەسازییانەی کە خەڵکەکە بە کەڵکی دەهات، مەسەلەن سیلامی دەکرد، کورتان، زین، نازانم تاسە، ئەمن بە بیرمدا نایە شتەکان چن. بەڵام ئەوەی خەڵکەکە پێی لازمە کۆیە ئەوانەی هەمووی بەزیادەوە دەکرد. زیاتر لەوەی کە بڵێین بە گەنم و جۆی خۆی دەوڵەمەند بووبێ یان بڵێین بازرگانییەکی یەکجار گەورەی هەبووبێ، بازرگانیی گەورەی نەبوو، بەڵام ئەو حیرەفانە تەغزییەی وڵاتێکی گەلەک گەورەیان دەکرد، یەعنی ڕەنگە دەتوانم بڵێم بەقەدەر پارێزگەی هەولێری ئێستاش دنیای تەغزییە دەکرد بەو شتانەی کە پێویستی خەڵکەکە بوو.

ئەوە نەما، جا چیی دیی بەدوادا دێ قسە بڵێم چی.

* باری ڕۆحییەت بەرامبەر بەم شارە، جارێکیان گوێم لە قسەی خۆت بوو دەتگوت کە سەیری هەیبەسوڵتان دەکەم کاتی منداڵ و هەرزەکاری و ئێستا بە چاوێکی تر یان بە بارستاییەکی تر دەبینم. چ شتێک لای جەنابتان دروست دەبێ ئێستا؟

- من کابرایەکم بەرکەوت لە منداڵییەوە جۆرە تەمەییوزێکم هەبوو لە دۆزینەوەی شتان. مەسەلەن، مەسەلەن، من لە چنارۆک هاوینەکی لە چنارۆک کە تەمەنم سێ ساڵی بووە، کە گەڕاینەوە کۆیە وام تەسەور دەکرد زیخماڵەکی تەنیشت کەپرەکەی ئێمە و دەڕۆیشت لە بۆ (کانیە هەنار) و دونیایەکی زۆر فرەوانە هەمووی هەر زیخماڵە، ساڵی دی کە چووینەوە، کە تەماشام کرد ئەسڵ و ئەساسی نییە، تومەز ئەڵقەی تێگەیشتنم، یاخود تەقدیری مەساحات لە کنم لەو دەمەدا، لەو دەمەدا ئەو میقدارەی کە ناگاتە دەیەک پازدەیەکی من تەسەورم دەکرد، ئەو میقدارەم لێ گەورە بووبوو بە مەساحەیەکی گەورە، ساڵی دی کە هاتمەوە تەماشام کرد، حەقیقەتەکەم زانی، مەسەلە هەر لەو عومرەدا، تەبیعی منداڵ قەت ئەوەیان لە خەیاڵدا نەبووە قەتعەن یەعنی، مەسەلەکە دەڵێی دوور، دەڵێی نێزیک ئەمن لە منداڵیەکی زۆر زووەوە، نێزیک لەکنم ئەوە بوو کە دەیانبینین و لە دەورووبەرمانن و پێکەوەین، ئەوەی دوورە ئەو کەسەیە لێمان بزر دەبێ و دوایە دێنەوە کنمان، بەڵام ئاسمان کە قەندیلی پێوە نووسایە ئەوە لە دەرەوەی حساباتی من بوو، لە دەرەوەی دونیایە لە کنم، ئەمن ئەو شتانەم لە منداڵیەوە، مەسەلە لە منداڵیەکی یەکجار زوو هەستم بەوەی کرد لای ڕاست غالبە بەسەر لای چەپدا، ئەویش چۆن لە چی بۆم هات، هەر لە چنارۆک کە تەماشای بیتوێنێ دەکەی لەگەڵ گرد گۆران وا تێ دەگەی بیتوێن زاڵە بەسەر گرد گۆران ئەوهایە کەچی لە ئاوی گرد گۆران دەڕوا لە بۆ بیتوێنێ، ئەمن مەراقم هەبوو (بەرزاییەکان) مەسەلە پێم خۆش بوو تووی بایز ئاغای زۆر زۆرتر بوو، ئەوجا دەچووم جارێکیان لەو لای تەماشای ئەوەهام دەکرد، مەسەلەن دوو کۆشک یا دوو توو تەماشام دەکرد ئەوەی لای دەستە ڕاستم زاڵە بەسەر ئەولا، کە دەهاتمەوە ئەو

دیوەی ئەوەی ئەو لایە بەسەریدا زاڵە، دوایە لە کتێبانم زانی کتێبی عیلمی دەڵێ لای ڕاست مورەجەحە لەسەر لای چەپ و ئەوە بەخودای تەمەنم چوار ساڵی بوو پێنج ساڵی بوو ئەوەم زانی ئەوجا نەشمدەزانی بڵێم چی و بەڵام دەمزانی وایە. لەو بابەتانە گەلەک شت هەبوو، بابیشم زۆر زۆر دڵی بە من یەعنی کە ئومێدم بوو بابم.

* پرسیارێکی ڕەنگە هێندەک تایبەت بێ، لەو تەمەنی کە بەو شێوەیە باست کرد (انعزالی) نەبووی؟

– ئینعزالم نەبوو، بەڵام ئەوە یەکێک لە شتەکانە، بڕوا ناکەم کەس لە غەیری من لەو دەوروبەرەی کە ئەمنی تێدا دەژیام، لە غەیری دایانم کەس ئەمنی بەڕووتی نەدیوە، بەغەیری دایانم تەسەور بکە ئەوەی جلکی ژنانەبا لە بەرم نەدەکرد، قەت زۆر منداڵ بووم ماموّستا تەسەور ناکرێ یەعنی ئێستاش پێم سەیرە، ئەمن چۆن ئەوەم بە خەیاڵدا هاتووە کە ئەگەر جلەک گوڵی سۆری پێوە بێ لە بۆ پیاوان عەیبە، منداڵیم منداڵ بە باوەشی دەیانبردمە حەمامێ خوا عەفوت کا. تەنیا دایانەکەم ئەمنی بەڕووتی دیوە، هەتا ئەمنیان بردە حەمامی (حسن ئاغا)ی لە جێیەکی تاریک دەیان شوشتم چی لە ڕێیە بە باوەشی دایانمەوە هەتا نێزیک ماڵێ وەختەکی تەماشام کرد لچکەک پەیدا بوو چونکە سەرم تەڕ بوو تەماشام کرد گوڵی سۆر ئەوەی لەبەرم کرابوو گوڵی زەرەقی گوتم دەبێ بمبەنەوە حەمامێ لەوێ دایکەنن ئەوجا گەڕاینەوە جا لەو بابەتانە گەلەک شتم هەبوو، بابیشم زۆر زۆر بە ئومێدم بوو بەعزە شت ڕووی دا نەختەک گەشایییەکەمی کەم کردەوە خاسەتەن شتەک قابلی گۆتنێ نییە، ئەوە زۆر زۆر تەئسیری تێ کرد ساڵەهاش هەتا، گرینگ پێوەندیی بەخۆمەوە هەیە بەڵام ئەوەی دیتم گرینگ تەسەوڕم نەکرد بەشەر ئەوهابی ئێستا پێی ناوێ بڵێم چ بوو، بابم زۆر زۆر بە ئومێدم بوو، یەعنی مەسەلە مەجلیسی وەعز ئی ڕەمەزانێ فەرمووی کەری دەجال قسەی لێ دەکەن، منداڵێکی وەکو مەسعودی جا ئەو وەختێ چوار ساڵ و سێ ساڵ و نیو شتێ وا بووم، بەئاستەم بەبیرم دێ کە قسەکەم کرد، باسی کەری دەجال دەکەن، حەفتا هەزار جوولەکەی لە بن گوێیە و چییە و، گوتم مەترسن کوڵانی کۆیە زۆر تەسکە ئەو کەرە بێرەوەدا نایە، مەترسن قەت مەترسێن، فەرمووی منداڵەکی وەکو مەسعودی ئەوەی دەزانی شێخ و مەشایەخ لەبۆ نازانی (بە پێکەنینەوە).

* ماموّستا مەبەستم لە ئینعزال گۆشەگیری بوو، یانی شەوانە تەنیایی و بیرکردنەوە، چونکە پێم وا نییە جەنابت بە قۆناخی گۆشەگیریدا نەچووبێ؟

– قوربان ئەمن گۆشەگیر بووم بەشێوەیەکی عەجایەب، ئەمن موکتەفی بووم بەنەفسی خۆم، پاشان ئەو ئەزموونەی لە ژیانم لە بۆ من ڕووی دا کەم کەس لە بۆی ڕوو دەدا.. ئەمن لە ماوەی بەینی (١٩٤٥–١٩٥٢) کە لە حقوق دەرچووم لە ١٩٥٢ ئاخر مامم جێی بابمی پڕ کردبوووەوە بە

تەدریس و بە هەموو شتێک، بە ئیجازە و جومعە و هەموو شتێک لە ١٩٤٥ ئەمن دەرچووم لە حقوق لە ١٩٥٢ مامم وەفاتی کرد، ئەو حەفت ساڵە ئەمن وەکوو روهبانان ژیاوم، ئەمن دەمگوت ڕۆژێکی ئابووریم هەربێجامان سەرم دەکەم، چونکە نەدەچوومە دەرێ، کە میوان دەهاتن لێم قبوڵ دەکرا بە عەینی جلکی ئاسایی، نەک چاکەت و پانتۆڵ، جا شەوانە بەتایبەت زستانێ هەتا بەیانی، هەر خەریکی تەفکیر و نووسین و یەعنی لێکۆڵینەوەی ئەو دونیایەی ماچی و مچارع سەرت نەیەشێنم، شکڵەکی تا بڵێی دەوڵەمەند ئەمن ئەو چەند ساڵەی گۆشەگیر بووم، ئیزافاتی تریش هەیە کە لزوم ناکا، لزوم نییە بگوترێ، ئەمن بە عومری خۆم گۆشەگیر بووم، بەعومری خۆم حەزم لە حەرەکە نەبووە، کە جانتای سەفەر دەبینم کاکە تام دێتێ هەندەم پێ ناخۆشە، جا ئەگەر ئێستا تەماشای جانتایەکەم بکەی هیچی تێدا نییە، بڕوا بکە یەک کراس لەگەڵ نازانم چی تەحەمول ناکەم.

* تەواو مامۆستا؟

– وەڵڵا کەیفی خۆتە.

* ئەگەر بەڕێزتان ماندوو نەبوون، ماومانە؟

– بەخوای ماندیش بووبم (بە پێکەنین).

* گەر یەک دوو پرسیاری تریش؟

– کوڕە دە پازدەیەک!

* لەجیاتی شەڕی شارستانیەتەکان پێشنیازی پەیڤینی شارستانیەتەکان لە گۆڕێدایە هەندێک بانگەشەی بۆ دەکەن لەوانە(...)؟!

– مامۆستا ئەوانەی ئەو پێشنیازە دەکەن کوڕی ئەوە نین خۆیان غەرقی شتی لاوەکین وازی لێ بێنە.

* مامۆستا دەربارەی زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی؟

– قوربان ئەوە حیکایەتێکە چ بڵێم بەخودای هەنگی حەربی عموومی زەحمەتە، زمانی کوردیی یەکگرتوو قوربان وەحدەی ڕەئیسی هەبێ لە هەموو هەرێمەکان سێ شتە بابان و سۆران و بادینان، ئەو سێیە دەبێ یەک بگرێ، ئەو سێیە دەبێ ڕقی لە یەکدی نەبێتەوە، ئەو سێیە دەبێ لە یەکتری بسەلمێنن و یەک لە یەکی بسەلمێنێ، ئێستا فڕەنسا سەلماندی کە لەهجەی پاریس گوتەی هەموو فڕەنسایە، دەبێ کوردیش شتەکی وا بکا، بەڵام ئەگەر لێی بگەڕێن تۆ بە کەیفی خۆت

هەولنامەی کتێب

بنووسی تەبیعی هیچ فایدەی نابێ هەتا قامی قیامەتێ خەڵکی سلێمانی نەختەک ئیعتزازەکیان هەیە بەخۆیان، غەڵەتیشیان هەیە مەسەلەن یەک لەو شتانەی کە دەبایە خەڵکەکە بیزانێ کە دەنووسن (بەرامبەر) غەڵەتێکی زۆر فەزیعە، چونکە ئەمە (بەرامبەر)مان هەیە (بەرانبەر)مان هەیە (سەرانسەر)مان هەیە (دەوراندەور)مان هەیە، ئەو سێ کەلیمە.

ئەوە مەعلوومە ئەتۆ خۆشت دەزانی نوونی ساکن پێش بێ، بێیەکە دەکاتە می مەسەلەن دەڵێی (ینبغی) نەک (یمبغی). (یمبوع) لە هەموو جێیەکی کە نوون ساکن بوو لە پێش بێ، هەتا لە ئینگلیزی نوونەکە دەکاتە میم مەسەلەن (ئین دایرێکشین، ئیم پۆسیبڵ) خۆی هەردووکی ئینە، بەڵام پۆسبیڵەکە نوونەکەی کردیتە میم (ئیم پۆسیبل) جا لەهجەی سلێمانی غەڵەتی تێدایە، یەک لەوانە (ێکێتی) ئەوە قسەی بێ مەعنایە، دەبێ بڵێن (یەکیەتی) دەنا قسەی بێ مەعنایە چونکە مەسەلە (ئیتاڵیەکە) ئەوە دەڵێی (ئیتاڵیەکە) باشە سیفەتێکی بدەیە ئازایەکان (ئیتاڵیە ئازایەکان) خۆ ناڵێی (ئیتاڵێی ئازایەکان) جا ئەو تەرزە شتانە دەرس نەکراوە ئەمن کۆمەڵەک لەو بابەتانە تێبینیم هەیە، بەڵام پێی ناوەستم یەعنی مەجالم نییە بچمە سەر نووسین و نازانم چی وەلەو خۆی لەسەر چی چی بێ دەڵێن (زاراوەسازیی پێوانە) لەگەڵ جێیان ئەو باسانەم کردوون.

* جەنابتان گەر شتێک ماوە بیڵێن و بۆ ئەوەی لەوە زیاتر ماندووت نەکەین.

– وەڵڵا هەر ئەوەندەیە مەمنوونتم، وابەدر دینی و دەنگم دەگەیەنی بەخەڵکی و ئەفەندی، لەگەڵ بەئەدەبی و ئەوە ناو ناویش بڵێم چی، لێت هەڵدەگەڕێمەوە، پەنا بەخوا یەکدی دەبینینەوە جارێ تر و دوو جاری تر سێ جاری تر. ئەگەر بشمێنیەوە (مەبەستم نانخواردنی نیوەڕۆی ١٩٩٩/٨/١٠)یە دەترسێم کاسێتەکان بسڕییەوە، ئەگەر بشمێنیەوە لەوانەیە پلاوت دەرخوارد دەم.

* عەفوو مامۆستا پێم وایە پێم دەڵێی تێگەیشتن لە پلاوخواردن چاکترە. لە کۆتایی جارێکی تر سوپاس بۆ هاوکاریی بەڕێزتان. بەو هەموو تەوازع و ڕێزەوە.

(*) بەر لەو چاوپێکەوتنە، بڕیار بوو بە بەرنامەیەک ئاخاوتن لەگەڵ مامۆستا مەسعود محەمەد ئەنجام بدەم. ئەوە بوو لە سەردانێکی بۆ کۆیە، لە ماڵی مامۆستا عەبدولەجید شێخ نووری جەلیزادە بە خزمەتی گەیشتم بە خۆ و بە ریکۆردەر و هەشت پرسیاری ئامادەکراوەوە. دیار بوو مامۆستا ئامادەییی خۆی نیشان دا، بەڵام کاتێ پرسیارەکانم خستە بەردەمی گوتی ئەمە پێویستی بەکاتێکی گونجاوە و هەروەها پرسیارەکانیش بابەتی فیکرین حەز دەکەم پرسیارەکان جێ بێڵی دوایی وەڵامت دەدەمەوە. دوای گەڕانەوەی بەڕێزیان جارێکی تر بۆ کۆیە، چوومە خزمەتی و گوتی: "وەڵاهی نازانم پرسیارەکانم بزر کردووە!"، بۆیە بەبێ بەرنامە بەشێوەیەکی ارتجالی ئەم دیدارە ساز کرا.

سەرچاوە: کۆواری (کۆسار) ژمارە ١، کانوونی دووەمی , ٢٠٠٠

# خانەقین لە مێژوودا

محەمەد جەمیل ڕۆژبەیانی

بەڵێنم دابووە خوێنەرانی خۆشەویست کە دەربارەی هەموو شارێک و شارۆڵکەیێکی وڵاتی کوردستان، کە لە لایەن مێژوونووسانەوە بەڵکو لە لایەن نووسەرانیشەوە فەرامۆش کراون، نامیلکەیێکی گەلاڵەییی وا دەربارەیان بنووسم هەم لەلایەن خاکناسی و هەم لە لایەن مێژووەوە ناسیارییەکی باش بدات بە دەستەوە و باسی ئەو هەواڵ و دەنگ و باسانەی تیابێ کە بەسەر ئەو جێگەیەدا ڕابوردووە.

وەکو لە یادتان بێ لەمەوبەر بەڵێنەکەم بەجێ هێنابوو دەربارەی دقوقاء= طاوغ و بەندەنیجین= مەندەلی و حەلەوان و دینەوەر، سەرو سیپارەیێکم نووسیبوو، ئەو سیپارەیانە بە دڵی زۆربەی خوێنەرەوەکان و مێژووزانەکان بوون و لە گەلێ مێژوونووس و ئەدیب و نووسەرانەوە بە نامە و بە



بالاَبڕین پەسندم بۆ هاتبوو، ئا ئیستێش کاتی ئەوەیە جارێکی تری بەڵێنەکەم بەجێ بهێنم و دەربارەی "خانەقین" ئەم سیپارە بچووکە بخەمە بەر دەس، هەر چەندە ئەمڕۆکە ناهەمواری ڕێ نادا کە مرۆڤ بەپێی خواستی دڵی خۆی دەربارەی شارەکە و هەرێمەکە بنووسێت و بگاتە بنەچە و بنەڕەتی هەموو زانیاری و باس و هەواڵێ، بەڵام هەر وەک وتراوە: "مشتێ نموونەی خەروارێکە" و "ئەگەر دەست نەگەییە میوەی سەرپۆپە، هی سەر چڵەکان لە دەست مەدە" جا ئێمەش بەمەندە واز دەهێنین کە بۆمان دەلوێ.

## خانەقین لە کۆنا :

لە کۆنا بە خانەقین و هەرێمەکەی وتراوە: "ئارتمیتا"

ئەمە لە لاپەڕەی ٣٦٦ی کتێبی "أطراف بغداد"دا نووسراوە کە لەلایەن لیژنەیێکی کۆڕەوە وەرگێڕراوە بە عەرەبی، بەڵام من خۆم ئەم ناوەم لە هیچ فەرهەنگێکی ناواندا و لە هیچ کتێبێکی مێژوویی بەردەسدا بەرچاو نەکەوتووە، ئەوەی لە مێژووەکاندا هەیە و باس کراوە ئەوەی کە لە کۆنا بە خانەقین و هەرێمەکەی وتراوە: "وڵاتی نەمەر namar یا ئەنمار، مێژوونووس، "جەلیل ضیاپوور" لە کتێبی "مادها"دا کە بە زمانی فارسی نووسیویە بە وەرگرتن لە کتێبی "ماد"ی خۆرهەڵاتناسی سۆڤێتی "دیاکۆنۆف"ەوە نووسیویە: "بەشی ناوەندیی ڕووباری دیالی= سیروان" بە "نەمار" ناو دەبرا هەروا "شەڵماناصری سێیەم" کە ئەو شۆڕشەی دامرکاند کە لە "نەمار"دا ڕووی دا بوو، "یانزی"ی سەرۆکی بنەماڵەی "بێت هەمبان"ی دانا بە پادشای هەرێمەکە، پاشان ویلایەتی "نەمەر" لەگەڵ دوژمنانی دەوڵەتی ئاشووریدا ڕێک کەوت و بۆ ماوەی ٦٥ ساڵ لە پاومان و دوادایی پاشایێتیی "شەمس ئاداد"دا دەسەڵاتی ئاشووریی لە وڵات لادا و پەکی خست.

"لاپەڕە ١٨١-٢٣٩-٣٣٩". دوکتۆر ئەحمەد سوسەش لە کتێبی "ري سامراء"دا بە وەرگرتن لە زمانی "مەقدیسی"یەوە نووسیویە:

"خانەقین لە سەردەمانی ئەشکانی= پەرتی و ساسانیدا سەر بە ئەیالەتی "شادفەیرووز" بووە کە لەم هەرێمانە پێک هاتووە: خانەقین- ئاریل (؟!) تامەڕا- کۆهستان- فەیروزقوباد. (لاپەڕە ٣٧ خیطەط بە بەغداد وەرگێڕانی دکتۆر خالید لە ئینگلیزییەوە، هەروا لاپەڕە ٨١ کتێبی کرمانشاهان کە بە فارسی نووسراوە) و لەگەڵ ئەوەشدا کە لە سەرەتای وڵات داگیرکاری (فتوحات)ی ئیسلامیدا ناوی خانەقین کەمتر بەر گوێ دەکەوێ بەڵام ئەحمەدی کوڕی واضیحی یەعقوبی کە لە ساڵی ٢٤٨ک= ٨٩٧زا کۆچی دوایی کردووە لە لاپەڕە ٣٤ی کتێبی "بلدان"دا ناوی خانەقینی بردووە و نووسیویە: "خانەقین یەکێ لە هەرە گەورە گوندەکانە و کاروباری زۆر گرینگە".

## خانەقین و هەڵکەوتی خاکناسی (جغرافی) :

عەبدولعەزیزی بەکری کە ساڵی ٤٨٧ک= ١٠٩٤زا کۆچی دوایی کردووە لە پیتی خ لە کتێبی

"معجم ما استعجم"دا (٤٨٥/١) نووسیویە:

خانیقون بە نونی ژێردار و بە قاف لەسەر سەنگی فاعیلون ناوی جێگەیێکە لە وڵاتی فارس (؟؟!!) کە شاگوندێکە لە گوندەکانی "حەلەوان" لێرەدا "نەعمان" خراوەتە زیندان تا تیا مردووە".

یاقووتی حەمەوی کە لە ساڵانی ١٨٠-٢٢٩ک= ٥٧٥-٦٢٦زادا ژیاوە لە پیتی خ دا لە کتێبی "معجم البلدان"ـەکەی دا نووسیویە: خانەقین یەکێکە لە بەشەخاکەکانی سەواد= ڕەشەخاک و لەسەرەڕێی هەمەدانداپە کە لە بەغداوە دەس پێ دەکات، بەینی ئەو و قەسری شیرین شەش فەرسەنگە (٣٦ک) ڕێیە بۆ کەسێ بەرەو چیا بچێت.. "حەمدوڵلا موستەوفیی قەزوینییش کە ساڵی ٧٥٠ک= ١٣٤٩زا مابوو لە لاپەڕە ٤٣ی "نزهە القلوب"دا نووسیویە: خانەقین لەمەوبەر شارۆڵکەیێ بووە، ئەمڕۆ بچووک بووەتەوە و تەنیا ئەوەندەی گوندێکی ماوە، ئاوی حەلەوان بە ناویدا ڕادەبوورێ و بیست جێگەیێکی پێوە بەستراوە"..

وا دیارە پاش ماوەیێ دیسانەوە ئاوەدانی ڕووی تێ کردووەتەوە و پەرەی سەندووە، ئائەوەتا "میستەر ریچ" کە ساڵی ١٢٣٦ک= ١٨٢٠زا گەشتێکی بە کوردستانا کردووە لە لاپەڕە ٢٩٠ی گەشتنامەکەیا کە لە لایەن بەهائەدین نورییەوە کراوە بە عەرەبی نووسیویە: "پاش ئەوەی بە تەک چەند تەپۆڵکەیێکی سەرەڕێی قزلرەباگ-خانەقیندا تێپەڕیین سەرەولێژ بووینەوە بۆ شارۆڵکەی- یا گوندی- خانەقین لەسەری ڕێگەکەمانا خانێکی زۆر ڕێک و پێک بەرچاو کەوت لە بینا فارسییەکان، بەڵام لامان نەدایە خانەکە چووینە ئەوبەرەوە بۆ گەڕەکی "حاجی قەرە" کە بە سەر کەناری ڕووبارەکەوەیە".

"شەمسەدین سامی"ش کە ساڵی ١٣٢٢ک= ١٩٠٤زا کۆچی دواییی کردووە لە فەرهەنگە گرینگەکەیا کە ناوی "قاموس الاعلام"ـە نووسیویە: "خانەقین دەکەوێتە باکوری لای خۆرهەڵاتی هەرێمی بەغداوە، لە سەرەڕێی هەمەدان-خۆراساندا نێزیک بە سەرسنووری ئێران، ئاوی ڕووباری ئەڵوەند= حەلەوان بە ناوەندیا دەڕوات، کە یەکێکە لە لقەکانی سیروان (دیالی) و ئەمڕۆکە خودی خانەقین ناوەندی قەزاکەیە و سەر بە ویلایەتی بەغدایە و دوو ناوچەی هەیە: بنکوورە و قزلڕەبات".

بەڵام لەسەردەمی عێراقیدا بەخت یاریدەی داوە و شارۆڵکەکە پەرەی سەندووە خانووبەرەی تازەباەت و کۆشکی جوان و ڕێکوپێکی تیا دروست کراوە، سەیید "عبدالرزاق الحسنی" لە لاپەڕە ٢١١ی کتێبی "العراق قديما وحديثا"دا نووسیویە: "خانەقین شارۆڵکەیێکی قشتیلەی قنجیلانەیە دەکەوێتە باکوری لای خۆرهەڵاتی هەرێمی لیوای دیالی (بەعقوبە) و ٨ کم لێیەوە دوورە و لە بەغداوە ١١٨ کم دوورە.

## سەرژمێری خانەقین:

"شمس الدين سامی" وتوویە: سەرژمێری دانیشتووانی خانەقین دەکاتە ٥٠٠٠ کەسێک "حەسەنی" پاش ئەو بە ٤٠ ساڵ نووسیویە: سەرژمێریی شاری خانەقین دەگاتە ١٥ هەزار کەس و هی هەموو

قەزاکە دەگاتە ٥٦٧٦٩ کەس و بریتییە لەم ناوچانە: هورێن و شێخان- قەرەتوو- سەعدییە (قزلڕەبات)". پاشان پتر پەرەی سەندووە و سەرژمێریی قەزاکە گەیوەتە ١٠٨ هەزار کەس، جا خەلیل ئیسماعیل بەم جۆرە دابەشی کردووە: هەرێمی باکوری ٣٦٧٨٢ ناوچەی مەیدان (هورین و شێخان) ٩٩٣٩ هەرێمی باشووری ٨١٨٠٨ ناوچەی ناوەندی خانەقین (مەرکەز) ٤٢١٢٦ ناوچەی سەعدییە ١٤٣٠٦ ناوچەی گولالە (جەلەولا) ١٤٦٧٥. بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت من لە مەبەستەکەی "خليل اسماعيل": هەرێمی باکوری و هەرێمی باشووری- تێ نەگەیشتم و حاڵی نەبووم ئایا مەبەستی گەڕەکەکانی لای خوار و ژووری ناو شاری خانەقینە، یا مەبەستی دەرەوەی شار و باکور و باشووری هەرێمەکەیە؟ جگە لەوەش سەیر ئەوەیە کە باسی ناوچەی "قەرەتوو" ناکات، وا دیارە لەو کاتەدا قەرەتوو سەر بە ناوچەی ناوەندی بووبێت..

## ناوی خانەقین لە کوێوە هاتووە؟

"عبدالعزيز البكری" نووسەری کتێبی "معجم ما استعجم" لای وایە ناوی خانەقین لە وشەی "خەنق"ی عەرەبییەوە هاتووە کە دەکاتە خنکاندن تاساندن و دەڵێت: (=/٤٨٥): "کەراع وتوویە: بۆیە ناونراوە خانەقین چونکە "عەدی"ی تیا خنکێنراوە، بەڵام خۆی کەراع کێیە کە ئەم هەواڵەی گێڕاوەتەوە و؟! دەبێ عەدیی خنکێنراو کێ بووبێت؟ ئەگەر ئەم هەواڵە ڕاست بوایە دەبوایە ناوی شارەکە "خنق" بووایە یا بە ناوی عەدییەوە "مخندق" بووایە ئەوەش نەزانراوە کە ئەم هەواڵە دەسهەڵبەستە هی سەردەمی بەر لە ئیسلامە یا هی پاش ئیسلام؟! لەگەڵ ئەوەشدا کە ئێمە دەزانین وشەی "خانەقین" تێهەڵکێشە لە دوو وشەی "خان و گین" واتە خاندار چونکە سەرەڕێی کاروان و زەوارەڕێ بووە، کاروانسەرای زۆری تیا بووە، ئێمە پاشکۆی "گین"مان زۆرە کە لەمەو بەر نووسەر و هەستیارەکانمان بەکاریان هێناوە وەکو پاشکۆ، بۆ وێنە: زەخم گین= زامدار، شەرم گین= شەرمدار، بەشەرم خاوەن شەرم. بەڵگەش لەسەر ئەوەی کە لە بنەڕەتا "گین" بووە نەوەک (قین) ئەوەیە تا ئێستە عێڵە عەرەبەکانی دەوروبەری سەعدییە و مەنسوورییە و هی تر بە شارەکە دەڵێن: "خانەجین" کە ئەمەش دیاردییە بۆ ناوە بنەڕەتییەکە، جگە لەوەش، ئەوەش ئاشکرایە کە ئەم شارۆڵکەیە بەر لە پەیدابوونی ئیسلام و پاش ئەوەش هاوینەهەوار بووە و پڕ بووە لە کۆشک و تەلاری پیاوماقووڵان.

تا لەم دواییەشدا مەلیک فەیسەڵی یەکەم لەو ناوەدا کۆشکێکی کرد..

## ڕووباری ئەڵوەند:

ئاوی ئەڵوەند لە چیاکانی "زاگرۆس"ەوە سەر بەرەو خوار دەبێتەوە، لەچیای "تاق گەرا"وە کە بەرزاییی لە ڕووی زرییەوە ١٩٠٠ مەترە، پاشان لەگەڵ زۆر چەم و کانی ئاوی ترا تێکەڵ دەبێت تا ئەگاتە دەشتی "عەلی گردە" و لەوێوە بە دۆڵەکانی چیای "پێشگاکۆ"دا ڕادەبووڕێت و دەگاتە بانە

بەرزەکانی "سەرپل"= سەرپردی زەهاو- واتە کۆنە شارەکەی حەلەوان- قەصری شیرین و لەوێوە ڕوو دەکاتە خانەقین و بەرەو خوارەوە دەبێتەوە و لە ژوور "قزلڕەبات"ەوە تێکەڵ بە ڕووباری سیروان دەبێت. یاقووتی حەمەوی لە کتێبی "معجم البلدان"دا نووسیویە: لە خانەقین بە سەر شێوەکەوە پردێکی زۆر گرینگ دروست کراوە لە ٢٤ کەمەرە پێک هاتووە هەر کەمەرەیێ ٢٠ گەز پانایییەتی، شەقامەڕێی خۆراسان بەرەو بەغدا بەسەر ئەم پردەدا دەڕوات".

"میستەر ڕیچ"یش کە سەدان ساڵ پاش ئەو بەخانەقیندا تێپەڕیوە لە لاپەڕە ٢٩٠ی گەشتنامەکەیا نووسیویە: ڕووباری ئەڵوەند زۆر تیژە، ئەم ڕووبارە چیاییە لە باشوورەوە بەرەو باکور دەگەڕێتەوە و لە ژوور قزلڕەباتەوە تێکەڵ بە دیالی (سیروان) دەبێت بە فەرمانی "محەمەد عەلی میرزا" پردێکی زۆر جوانی لەسەر کراوە کە لە ١٣ کەمەرە پێک هاتووە."

بەڵام "سید عبدالرزاق الحسنی" پاش ئەو لە لاپەڕە ٢١١ی کتێبی "العراق قدیما وحدیثا"دا نووسیویە: ڕووباری ئەڵوەند کە لە ئێرانەوە بەرەو خوار دەبێتەوە و بەخانەقیندا ڕادەبووڕێ و شارەکە دەکات بە دوو بەشەوە، پردێکی گرینگی لەسەر دروست کراوە هەردوو بەشەکە دەبەستێ بە یەکەوە، ئەم پردە وەکو لە سەرچاوە گرینگەکان دەردەکەوێ، وەک معجم البلدان- زۆر کۆنە و دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دامەزرانی شارەکە (؟!) بەڵام ڕووخاوە و جارێکی تری هەر بە بەردەکانی پردە کۆنەکە دامەزراوەتەوە و برێتییە لە ١١ کەمەرە".

بەڵێ لەم ساڵانەی دواییەدا پردێکی تریان بەسەر ئەڵوەندەوە دروست کردووە دەکەوێتە باکوری خۆرهەڵاتی شارەکەوە، تەخت و بەرین و پان و پۆڕە هەموو جۆرە گەڕێن و بارهەڵگرێکی پیا تێپەڕ دەبێت.

## گەڕەک و بازاڕ و خانووبەرەی خانەقین:

وەک لە پێشا باسمان کرد حەسەنی نووسیویە: شاری خانەقین بەهۆی ئەڵوەندەوە دەبێ بە دوو بەشەوە: بەشێکیان دەکەوێتە لای خۆرئاوای ڕووبارەکە و درێژە دەکێشێ پێی دەوترێ: خانەقینی کۆن، بەشی دووەم بەسەر کەناری لای خۆرهەڵاتی ڕووبارەکەدا دامەزراوە، پێی دەوترێ: حاجی قەرە، ساڵی ١٣١٣ک= ١٨٩٥زا کە هێشتا عوسمانی لە وڵاتا بوو گەرەکێکی تازە لە خانەقین بەرپابوو ناونرا: حەمیدییە پاش ئەوە خانەقین پەرەی سەند و تەنییەوە چەند گەڕەکێکی تازەی تری تێدا پەیدا بوو، هەروا زۆر خانووبەرە و کۆشکی تازە و جوانی تیا دروست کرا و گەلێ مزگەوت و حوسەینییە و تەکیە و خانەقا و بازاڕی ئاوەدان و قەیسەریی تیا دروست کرا و سازمانی ئاو و کارەبا و باخچەی گشتی و چەندان قوتابخانەی بەرایی و ناوەنجیی کچانە و کوڕانەی تێدا بەرپا کرا، هەروا پاڵێوخانەی نەوتی ئەڵوەند هێنرایە کایەوە، بۆ پاڵاوتنی ئەو کانییە نەوتانەی کە لەسەر زەویی نەفتخانەدایە و هەشت سەدە لەمەوبەر "یاقووتی حەمەوی" باسی کردووە و نووسیویە: "مسهر کوری مهلهل" وتوویە: لە خانەقیندا کانە نەوتێکی زۆر مەزن هەیە کە دەرئامەدی زۆر زۆرە،

ئەم پالاوتنخانەیە بەر لەوەی لە لایەن دەوڵەتی عێراقەوە بڕیاری "هی گەل"ێتی (تأمیم)ی بەسەرا مۆر بکرێ پێی دەوترا: هاوبەشەکیی نەوتی فارسی ئینگلیزی، نەوتەکە دەپاڵێورا و دەخرایە تەنەکەوە بۆ ئەوەی لە هەموو عێراقدا بۆ چرا و سووتەمەنی بەکار بهێنرێ، هەروا لە خانەقیندا چەندان سینەماش دورست کراوە.

پێدەشتی خانەقین هەر وەکو لە لاپەڕە ۲۹۰ی گەشتنامەکەی "ریچ"دا هاتووە: دەشتێکی سەوزی بژوێنی ڕەنگامەیە، جار جارە زنجیرە زۆرگ و هەڵەتی زبران لە یەک دای دەبڕێ. ئەم پێدەشتە بە دانەوێڵەی هیندی (مەبەستی گەنمی قەندەهارییە) و تەماکۆی تیا دەچێنرێ. لای ژووری ئەلوەندیش پڕە لە مەرەزە، ئاوی مەرەزە لەوەرزی پاییزا کەشکەلانی ولات ئەگۆڕێ و هەوای ناساز دروست دەکات، وەکو دەوترا: زەوی و زاری ئەم ولاتە یەک بە دە دەبڕێ، یەکێ لە ئاواییەکانی نێزیک خانەقین بەری "قولای"، کە لە کاتی خۆیا مەلیک فەیسەڵی یەکەم کڕیی و لە گوندی عەلی ئاوا کۆشکێکی گەورەی بینا کرد هەروا "دەکە"ش لە گوندە هەرە گرینگەکانە. خانەقین بە هۆی هێڵی ئاسنینی ڕیچکەڕۆوە کە لە چوارڕێیانی "قەرەخان= کەرخ جدانی" کۆنەوە بۆی دەڕوات خۆی بەستووە بە هێڵی کەرکووک-بەغداوە، ئەم هێڵە لە کاتی خۆیا دەوڵەتی ئینگلیزی داگیرکار دای مەزراندبوو، لەم سالانەی دواییەدا لەبەر هەندێ هۆ پووچ کرایەوە.

## خانەقین و دەنگ و باسی مێژوویی:

خانەقین لە سەردەمانی کاسی و عێلامی و ئەکەدی و سۆمەری و گۆتی و ئەو دەوڵەتە بچووکانەی کە لە خودی هەرێمەکەدا بەرپا بوون دەنگوباسی زۆری تێدا ڕوودادە و گەلێ هەرا و هوریای دەربارە تۆمار کراوە. هەروا لە سەردەمانی ئاشووری و ماد و ئەخەمینی و سلۆکی و پەرسی (ئەشکانی) و ساسانیشا زۆر باس و هەواڵی تێدا ڕوویداوە، بەلام ئێمە دەقی وەهامان بەدەستەوە نییە کە بەتایبەت باسی ئەم شارۆڵکەیە و هەرێمەکەی بکات، جگە لەو بەردە نووسراو و تاوێرە هەڵکەندراوانە کە داگیرکاران بۆ شوێنەواری خۆیان بەجێیان هێشتوون و بریتین لە هەواڵی کوشتار و قەلاری مرۆڤ و تالانی شار و دێ و ڕووخاندنی ئاوایی و ئامۆزشگا و پەرستشگا و ڕماندنی ئابودەی خوایان و گواستنەوەیان بۆ شارانی تری و هەرگیز قایل نەبوون بە مافی مرۆڤایەتی و خەڵکی ژێردەس وەک ئاژاڵ لێ خوڕراون بەرەو مەیدانی مەرگ و ئاتەشخانەی نابوودی و گۆڕەپانی بەدبەختی و تالان و بڕۆ و سووتاندن، بێگومان تۆمارکردنی دەسدرێژیی بێگانەی بەم جۆرە و هی هەزاران ساڵ لەمەوبەر، جگە لەوەی کوڕانی ولاتی پێ سەرشۆڕ ببێ شانازییێکی مێژوویی تێدا نییە، لە سەردەمی ئیسلامیشدا مێژوونووسان لە سەدەی دووەمەوە هاتوونە هۆش بۆ تۆمارکردنی دەنگ و باس و یادداشتکردنی هەواڵ، تەنیا بەو باس و هەوالانە وازیان هێناوە کە لە دەمی ئەم و ئەویان بیستووە و لە ماوەی دوو سەد ساڵا هەزاران درۆ و ئەفسانەی تێکەڵ بووە، خودی ئەو هەوالانەش تەنیا باسی کاربەدەست و فەرماندە و سەردارەکان

بووه و ستایش و هەڵنانی درۆکانەی پڕ لە ڕووپایی بەڵام دەربارەی مێژووی کۆن و ڕاستەقینەی وڵات تەنیا باسی ئەژدەها و دێو و خێو و جنۆکەیان یادداشت کردووە، ئەویش هەر یەکە بە جۆرێ هەر کەسە دەستەیێکی هەڵناوە و جنێوی بە دەستەیێ داوە بێ ئەوەی کابرا بناسێ یا دەربارەی ئاگەدارییێکی هەبێت، تەنیا بۆ لاساییکردنەوە و دەسەڵات ڕازی کردن.

کۆنترینی ئەم کتێبانەی کە باسی مێژووی سەرەتای دەورانی ئیسلامی تێدا بێ (١) "سیرە الرسول"ی "محمد کوڕی ئیسحاقە" کە پاش مردنی "ابن هشام" ڕای گەیاندووە، ئەو خۆی ساڵی ١٥٠ک=٧٦٧ز مردووە، بەڵام ئەم ساڵی ٢١٩ک= ٨٣٤ز مردووە... نووسەری مەزن "ابن ندیم" لە کتێبی "فهرست"دا کە باسی محمد دەکا زۆر خراب ناوی دێنێ و دەڵێ: درۆزن، ساختەچی، مێباز بووە، لە زمانی زۆر کەسەوە باسی گێڕاوەتەوە کە هەرگیز نەی دیبوو، (٢) "فتح الشام"ی واقدی کە نووسەرکەی ساڵی ٣٠٤ک= ٩١٦ز مردووە ئەم لەویتر بەدناوتر بووە، "ابن حجر هیثمي" لە کتێبی "فتاوي حديثية"دا- کە لای مەلاکان زۆر جێی باوەڕە- نووسیویە: ئەو کتێبانەی کە ئیسحاق و ئیبن هیشام و واقیدی دەربارەی فتوحات و مەغازی نووسیویانە پڕن لە درۆ و دەلەسە، جا مێژووی پاش ئیسلامیش لێرەوە دەس پێ دەکات.

باشترین مێژوونووس "گبری"یە نووسەری "تاریخ الامم والملوك" کە لە کتێبە فارسی و پەهلەوییەکانی پێش خۆیەوە دەنگ و باسەکانی کۆنتری گواستۆتەوە، ئەویش پڕە لە ئەفسانە، هەروا کتێبی "تجارب الامم"ی ئیبن میسکەوەی کە سەرچاوەیێکی باش و مەلایانەیە، بەڵام ئەویش دیسانەوە بە لاسایی زۆری وەرگرتووە، کە لە ڕاستییەوە دوورن.

هەرچۆن بێ ئێمە ناچارین بۆ هەواڵەکان ئەم کتێبانە بکەین بە بنکەی دەستەکە بەڵگە و جارجارە وتووێژێکیشی لەسەر بکەین و ئەم نووسینە بکەین بە "ناسیننامە" (هوية) بۆ شاری خانەقین:

ساڵی ١٦ک= ٦٣٧ز پاش ئەوەی سپای ئیسلام شاری مەدائینی داگیر کرد و ماوەیێ پشووی دا و حەسایەوە، فەرماندەکان هەواڵیان گەیشتێ کە "یەزدگورد"ی پادشای ساسانی سپاییێکی زۆر و زەبەندەی لە گوڵاڵە (جلولاء) کۆ کردووەتەوە و نیازی شەڕی هەیە، فەرماندەی سپای ئیسلام "سەعد کوڕی ئەبو وەقاص" برازاکەی خۆی "هاشم کوڕی عوتبە کوڕی ئەبو وەقاص"ی نارد بۆ بەرانگارییان، هاشم کەوتەڕێ بەڕێی "بابل مەهروذ"دا کە گەییە "مەهروذ" کوێخای "مەهروذ" پێشوازیی کرد و بەڵێنی دایێ بە پانایی لاتەزەوییێ (جريب) درهەمی بۆ هەڵ بڕێژێ بەو مەرجەی زیانیان لێ نەدات. جا هاشم بە ئاشتی لەگەڵیان ڕێککەوت و بەرەو پێش کەوتە ڕێ تا گەیشتە گوڵاڵە (جلولاء) لەوێ سەرنجی دا عەجەمەکان سەنگەریان دامەزراندووە و خەنەکیان لێ داوە و کەس و بنەماڵەی خۆیان و بنەوباریان گواستووەتەوە خانەقین و لە ناو خۆیانا پەیمانیان بەستووە پشت نەکەنە دوژمن و بەرامبەری بجەنگن و هەرگیز هەڵ نەیێن، پەیتا پەیتایش کۆمەک و یارمەتییان لە حەلەوان و چیاوە بە فریادا دەگەیشت، فەرمانەی ئەوحەلەی سپای عەجەم

"خورەزادی برای ڕۆستەم" بوو. هاشم دای بەسەریانا لە سەنگەر و خەنەکەکانا گەمارۆی دان و کەوتە کوشتاریان، هەر ئەو ڕۆژە سەد هەزاری (؟!) لێ کوشتن، بەم جۆرە سپای موسوڵمان بەسەر سپای عەجەمدا زاڵ بوو، ئنجا "هاشم" جەریر کوڕی عبدالله بجلی" بە هێزێکی سوارەی زۆرەوە لەوێ بەجێ هێشت، کە ببنە پارێزەری سنوور لە نێوانی خۆیان و سپای عەجەمدا.

قەعقاع کوڕی عەمریش لەولاوە کەوتە دوای دوژمن تا گەیینە خانەقین، کە یەزدگورد بەم شکستەی زانی حەلەوانی جێ هێشت و بەرەو دواوە گەڕایەوە ناو چیا. قەعقاع لەم دوژمن ڕاونانەدا تووشی میران "مهران" بوو و کوشتی و لەوێ "جەریر کوڕی عبدالله" دانرا بە سەرداری خانەقین، کە هێشتا پاکوڕەی عەجەمی تێدا مابوو، سەرپاک قەڵاچووی کردن (؟!) و هەموویانی دایە دەمی تیژی شمشێرا (؟؟!!) فتوح البلدان بلاذری ٢٦٠ والكامل لأبن الاثير ٢/٥٢١، هەر کە ئەم هەواڵە پڕ موژدەیە نێررا بۆ خەلیفەی دووەم "عومەری کوڕی خەتاب" (د.خ) و موژدەی داگیرکاریی ولاتی درایێ و پێی ڕاگەیێنرا کە قەعقاع گەییوەتە "حەلەوان" و داوای "ماوە"یان لێ کرد کە ڕێ بدات: دوای دوژمن بکەوێ و سپا بچێتە ناو جەرگەی ولاتیانەوە، لە وەراما وتبووی: "زۆرم بێ خۆش دەبوو گەر لە نێوانی ڕەشەخاک (سواد) و لە نێوانی چیا (جبل)دا شوورەیێکی وەها هەبووایە نەئەوان توانایان هەبوایە بەرەو ئێمە بێن و نە ئێمە ڕێمان هەبووایە بەرەو ئەوان بڕۆین، ئێمە دێهاتی ڕەشەخاکمان بەسە و من ساغ و سەلامەت مانەوەی موسوڵمانانم زۆر لەلا گرینگترە لە تاڵان و بڕۆ" (الكامل ٢/٢١١).

بەم وتارەی حەزرەتی عومەردا بۆمان دەردەکەوێ پیاوانی گەورە و خاوەن هۆشی سەرەتای ئیسلام حەزیان لەوە بووە کە ئاینەکە بەهۆی بانگەواری خەڵکەوە و بە تێگەیاندن بلاو بکرێتەوە، نەوەک هەر بە زۆری شمشێر، بەلام ئەم جمانەی سپای ئیسلام بۆ ولاتێکی سەختی شاخاوی ئەوەمان بۆ دەردەخات کە نەتەوەی کوردی ژێردەستی ساسانیی چەوەساوە بەهەلی زانیوە و شۆڕشی بەرپا کردووە و سپای ئیسلامی هان داوە بۆ پێشکەوتن و هاوکاریی لەگەڵ کردوون و ڕێ بەدیێی کردوون و بەرەو ئەو هەرێمە هەزار بەهەزارانە کە هەرگیز لە گرتن نەدەهاتن بۆ کەسانی شارەزا نەبوایە، هەر لەبەر ئەوە بووە حەزرەتی عومەر (د.خ) ڕازی نەبووە کە خۆیان بە فەتارەت بدەن.

ساڵی ٣٦ ک= ٦٥٦زا خەلیفەی دووەم: "حذیفە" و "ابن حنیف"ی نارد بۆ خانەقین- کە لەو حەلەدا بەراییی جێگە داگیرکراوەکان بوو- لەوێ دروشمی ناموسوڵمانی و بە زۆر ملکەچ کردوویی بخەنە گەردنی ئەوانەی ددانیان بە ئیسلامدا نەناوە و باج و سەرانەیان لێ وەربگرن (فتوح البلدان/٢٦٨).

ساڵی ٣٦ک= ٦٦٥زا یاخییەکان لە هەموو ولاتێکەوە سەریان هەڵ دا و بلاو بوونەوە، وەک "ابن الاثیر" لە "الكامل"دا لاپەڕە ٤١٣/٤ نووسیویە: "حەجاج فەرمانی دا بە سوفیان بکەوێتە گەڕان بۆ دەسگیرکردنی "شبیب" و بەدوایا چوو تا گەییە "خانەقین" شبیب خۆی لێیان لادا و ڕووی کردە

لایێکی تری و وای نیشان دا نایەوێ لەگەڵیان بکەوێتە شەڕەوە بەڵام "ممصاد"ی برای لەگەڵ پەنجا کەسا لە دۆڵێکی نمکانا لە بۆسەدا و خۆی بەرەو بناری چیاکە چما، هێزەکەی سوفیان نەڕاندیان: ئاها دوژمنی خوا هەڵات، بۆی دەرچوو بکەونە دوای، ڕاوی بنێن. "عەدی کوڕی عومەیرەی شیبانی" پێی گوتن کوڕینە پەلە مەکەن با سەرنجێکی دەوروپشتی خۆمان بدەین نەوەک لە دۆڵێکا لە نمکانێکا بۆسەی بۆ نابینەوە، بەڵام کەسانی هێزەکە گوێیان بە قسەکانی نەدا و بەدای شبیبدا ڕۆیین، هەر کە لە بۆسەکە تێپەڕین شبیب لێیان هەڵگەڕایەوە و ممصادی براشی لە بۆسەکەوە لێیان دەرپەڕی، خەڵکەکە بێ ئەوەی دەست بکەنەوە هەموو هەڵاتن، تەنیا "سوفیان" خۆی مایەوە بە سەت کەسێکەوە و لە جێی خۆیدا وەک مێخ چەقی و شەڕێکی زۆر سەختی لەگەڵ کردن". ئنجا هەر وەک ابن الاثیر لە الکامل دا ٤/٤١٣ تۆماری کردووە: "حەجاج" "عبدالرحمان کوڕی محمد کوڕی ئەشعەث"ی ناردە سەر شبیب و هەردوو لا کەوتنە شەڕەوە، شبیب یاسنای وەها بوو بۆ ماندووکردن و شەکەتکردنی سپای حەجاج هەرێمێکی بەجێ دەهێشت و لە هەرێمێکی ترەوە سەری هەڵ دەدا و "عبدالرحمان" لە دوای نەدەبووەوە بە خانەقیندا و بە گولاڵە و بە سامەڕادا ڕادەبوورد، پاشان لە هەرێمی "بت" کە سەر بە دێهاتەکانی موصڵە و تەنیا جۆگەی "حولایا" دەکەوێتە نێوانی ئەوێ و ڕەشەخاکی "کوفە"وە و ئەم "بت"ە لە "راذان"ی سەروودایە لە خاکی جوخیدا"..

لێرەدا دەبێ بڵێم: ئەوانەی کە بێ شارەزایی جوگرافی و هەڵکەوتی سەرزەویی وڵاتێ باس و هەواڵی مێژووییان تۆمار کردووە تووشی هەڵەی سەیر سەیر بوون جارێ لەمە نادوێین کە چۆن شبیب جارێ لە خانەقینەوە و جارێ لە سامەڕاوە سەری هەڵ داوە، چونکە ئەمەیان بۆ چەتەی سوارە شتێکی نەگونجاو نییە بەڵام ئەوە سەیرە کە دەڵێ "بت" سەر بەدێهاتەکانی "موصلة" و "تەنیا جۆگەی "حولایا" دەکەوێتە نێوانی ئەوێ و ڕەشەخاکی "کوفە"وە! ئەم "بت"ەش لە "راذان"ی سەرودایە لە خاکی جوخیدا! جا "بەت" لە کوێ و دێهاتی موصڵ لە کوێ؟ بەت ئەو جێگەیەیە کە پێی دەوترێ "عیث" کە سەردەمێ سەر بە سامەڕا بووە و جێی خۆیەتی، چونکە ئەو بیابانەیە کە دەکەوێتە نێوانی چیای حەمرین و بەشە چیای پشتی تکریت–سامەڕا، لە سنووری عێلی بەیاتی ئێستەوە تا سنووری حەویجەی عێلی عوبەید و لە نێوانی دوو ڕووباری لای خوارەوەی خاصة– ڕۆخانە– کە ناوی زغەیتوونە و ئاوەسپی (داقووق صو– ئاق صو) کە هەردوو لایان تێکەڵ دەبن بەیەکدا و ڕووباری عظیم (ادهم) دروست دەکەن، هەر ئەم دوو ڕووبارەیە کە لە کۆنا بە (راذانات) ناوبراون (١) راذانی سەرەوە واتە یەکاوی: خاصە و ڕۆخانە، لە زغەیتوون.

(٢) راذانی خواروو واتە یەکاوی: ئاوەسپی و شیوی کفری و نارین کە هەموو لایان تێکەڵ دەبن و "عظیم" پێک دێنن و، پاشان دەڕژێنە دەجلەوە.. جا دەبێ ئەم ڕووباری "حولایا"یە کامە بێ؟ کە لە نێوان "بەت" و ڕەشەخاکی "کووفە"دا بێ؟ لەگەڵ ئەوەشدا کە لە نێوانی ئەم ماوە دوور و درێژەدا دەجلە و فورات و دەیان لق و جۆگەی تری هەیە، لەمەوە بۆمان دەردەکەوێ ناوی "موصل" و "کوفە"



هەردووکیان بەهەڵە هاتوون و خراونە ئەم هەرێمەوە، دوور نییە "کووفە"کەیان شاری "کفری"ی ئێستە بێت بەڵام موصلەکە لە کوێوە هاتووە؟ سەرەڕای ئەوە هەموو جوگرافیاناسانی سەرزەویی "جوخی"یان بەو خاکە داوەتە قەڵەم کە دەکەوێتە نێوانی "مەهرود" و بەعقوبەوە... (اطراف بغداد ٢٦٩)- ساڵی ١٣١ک= ٧٤٨زا- وەک لە (٥/٤٠١)ی (الکامل)دا هاتووە: سەرەتای هەرەسهێنانی قەڵای دەوڵەتی ئەمەوی دەرکەوت و لە هەر لایێکەوە شۆڕش بەرپا بوو خەڵک کەوتنە چاوەڕا و بۆ بنەماڵەی پێغەمبەر (آل بيت) واتە ئەوانەی لە (فاطمە)ی کچی و (علی کوڕی ابو طالب) کەوتبوونەوە فەرماندەکانی سەر بە ئەبو موسلیمی خوراسانی (کە لە بنەڕەتدا لوڕ و خەڵکی نەهاوەند بوو) لە هەموو لایێکەوە تەنگیان بە دەوڵەت هەڵچنیبوو "مەروان" هەرە دواییترین خەلیفەی ئەمەوی فەرمانی دا بە (ابن هبيرە) کە یەکێ بوو لە فەرماندەکانی بە سپاوە بچێتە شەڕەوە بۆ بەرانگاریی (قحطبە)ی کوڕی شبيب گائی کە یەکێک بوو لە فەرماندەکانی سپای سەر بە (ئەبو موسلیم) هوبەیرە لەشکری خۆی ساز دا و کەوتە ڕێ و گەیشتە گولاڵە (جەلەولا) و لەوێ لەشکر بەزی کرد و ئەو سەنگەر و خەنەکانەی تازە کردەوە کە سپای عەجەم لەوەوبەر لە شەڕی گولاڵە (جەلەولا)دا هەڵیان کەندبوو، لەوێ مایەوە، "قحگبە" کشا تا گەیشتە کرماشان، ئنجا کەوتە ڕێ بەرەو حەلەوان و، پاشان بەرەو خانەقین.. ئنجا ڕووی کردە "عکبراء" و لەوێوە لە ئاوی دەجلە پەڕییەوە و پێش کەوت تا گەییە "دمما"ی نێزیک "انبار" و لەوێ سپابەزی کرد.."

بە پێی کتێبی "اخبار بنی العباس" ١٣٧/٣ ئا لەم کاتەدا "مووسای کوڕی سەریی چاوخێل"ی خەڵکی هەمەدان- کە لە حەلەوان بوو جاڕی یاخێتی و سەرچڵێتیی دا و حەلەوانی داگیر کرد و فەرماندارەکانی ڕافڕاند و شاربەدەری کردن و کەوتە چاوەڕاو بۆ "آل بيت" و چەک و تفاقی خۆی لە خانەقین قایم کردن و نامەیێکی بۆ "قحطبە" نووسی تیا ملکەچێتی و پەیڕەوێتی خۆی دەرخست...

ساڵی ١٩٦ک= ٨١١زا کە کرمی ناکۆکی لە نێوان "امین و مأمون" کوڕانی "هارون الرشید"دا پەیدا بوو و هەردوو لا لەشکریان لەیەک کرد امین داوای "احمد کوڕی مزید"ی کرد و چاوی پێ کەوت و فەرمانی دا بە "فچل" کە هێزێکی بخاتە ژێر فەرمان و چەند لەشکری تری ویست بیداتێ و دەستوریشی دا بە "احمد" کە زۆر بە پەلە بۆ هەڵکوتانە سەر دوژمن پێشکەوێ و شەونخوونی بکات. "احمد" بە بیست هەزار سوارەوە کە لە سپاکە هەڵی بژاردبوون کەوتە ڕێ "عبدالله کوڕی حمیدی کوڕی قحطبە"شی بە بیست هەزار کەسەوە لەگەڵ خۆی برد و ڕوویان کردە "حەلەوان" و بەم هۆیەوە خەلیفە امین "اسد"ی برازای "احمد"ی لە زیندان ئازاد کرد و بەخشیی بە ئەو "احمد و عبدالله" لە خانەقین سپابەزیان کرد، بەڵام "طاهر" فەرماندەی سپای "مأمون" هەر لە جێیی خۆی مایەوە و بۆ چاوەڕاو دژی سپای خەلیفە و سیخوڕ و خەفیەیێکی زۆری بە وڵاتەکە و بەناو سپاکەی امین-دا بڵاو کردەوە، ئەم سیخوڕ و خەفیانە کەوتنە چاوەڕاو و پڕوپاگەندە: کە گۆیا امین دەستی بەخشش و کەرەمی درێژ کردووە بۆ دەست و پێوەندەکانی و ڕزق و ڕۆزیی بە سەریاندا هەڵڕژاندووە، بەم جۆرە فڕوفێڵ و پروپاگەندەیە نێوانی سپاکەیانی پڕ کرد لە بشێونە و ئاژاوە، جا هەر خۆبەخۆ لێیان بوو بە شەڕ و کوشتارێکی باشیان لەناو خۆیانا کرد و گەڕانەوە بەرەو خانەقین بێ ئەوەی هەر لە سنووری لەشکرەکەی "طاهر" نێزیک ببنەوە، ئنجا "طاهر" سوودی لەم هەراوهوریایە وەرگرت و بەرەو حەلەوان پێشکەوت و لەوێ سپابەزی کرد" "الکامل ٢٦٥٦/٦/٩٦".

ساڵی ٢٠٠ک= ٨١٥زا "ابوالسرایا کوڕی منصور" لە کوفەوە بەهەشت سەد سوارەوە هەڵات و ڕووی کردە "قادسیە" و لەوێوە ڕووی کردە "سووس" لە وڵاتی خوزستان، لەو حەلەدا سامانێکی زۆر لە هەرێمی ئاهوزا (اهواز)ەوە دەگوازرایەوە، "ابو السرایا" پێیا گەیی و داگیری کرد و دابەشی کرد بەسەر هاوڕێکانیا، کاربەدەستی وڵات "حسن کوڕی علی مأمونی" هاتە لای و داوای لێ کرد وڵاتەکەی بەجێ بهێڵێ، "ابو السرایا" گوێی نەدایێ و نەی ویست بەبێ شەڕ بڕوات، ناچار "مأمونی" لەگەڵی کەوتە شەڕەوە و شکاندی و لە وڵاتەکەی دەری کرد و ڕاوی نا و برینداری کرد و هاوڕێکانی پەرت و بڵاو کردەوە. "ابو السرایا و محمد کوڕی محمد و ابو الشوک" هەر سێ هەڵاتن و ڕوویان کردە ماڵەکەی "ابو السرایا" کە لەو حەلەدا لە "راس عین" بوو، هەر کە گەیشتنە گولاڵە (جلولاء) "حماد کوڕی کندغوش" لێیان ڕاپەڕی و بەدیل گرتیانی و هێنایانی بۆ نەهرەوان کە لەو حەلەدا "حسن کوڕی سهل" لەوێ سپابەزی کردبوو، جا "حسن" دەس بەجێ "ابو السرایا"ی کوشت و سەرەکەی نارد بۆ "خەلیفە مأمون عباسی" و لاشەکەشی لەسەر پردەکەی بەغداد هەڵواسی و "محمد کوڕی محمد"یشی نارد بۆ لای مأمون "الکامل ٣٠٩/٦".

ساڵی ٢٢٠ک= ٨٣٥زا "معتصم عباسی" فەرمانی دا بە "عوجەیف" کە "زوط"ەکان سەرکوت بکات، عوجەیف هەڵی کوتایە سەریان پاش شەڕ و کوشتارێکی زۆر هێنایانی بۆ بەغداد، ژمارەیان بە ژن و منداڵەوە ١٧ هەزار کەس بوو، لەمانە دوازدە هەزاریان شەڕکەر بوون، پاشان "زوط"ەکان گوازرانەوە بۆ خۆرهەڵاتی بەغدا و لەوێوە خرانە ژێر دەستی "بشر کوڕی سمیدع" و بردیانی بۆ

خانەقین و لەوێوە ڕەوانەی سەر سنووری وڵات کران بۆ "عین زربە"، هەر کە گەیشتنە ئەوێ ئنجا ڕۆمەکان دایان بەسەریاندا و هەموویان لەناو بردن و کەسیان لێ ڕزگار نەبوو (الکامل ٦/٤٤٦).

خەڵکی وڵاتی شام لە سایەی ئەم "زوط"انەوە- کە خێوی گامێش بوون و دوور نییە هەر معیدییەکانی ئێستە بووبن- بۆ یەکەم جار چاویان بە گامێش کەوت "التنبیە والاشراف"ی مەسعودی بە فارسی وەرگێڕراو لاپەرە ٣٣٨، ساڵی ٢٥٣ک= ٨٦٧ز خەلیفەی عەباسی "المعتز باللە" لەشکرێکی خستە ڕێ بۆ ڕاونانی "مساور خارجي"، موساور لە دەوروبەری گوڵاڵە (جلولاء) گەیشتە لەشکرەکە کە سەرئامەدیان کابرایێ بوو ناوی "حطرمس" بوو شکستی پێ دا و ڕای فڕاند (الکامل ٧/١٩٤).

ساڵی ٢٥٦ک= ٨٧٠ز "مووسای کوڕی بوغا" کە یەکێ بوو لە فەرماندە تورکەکانی سپای عەباسی- لە خانەقین بوو، لەو حەلەدا خەلیفەی عەباسی "المهتدي باللە" بە چەشنێکی بەندییانە برا بۆ زیندانی کۆشک "الجوسق" و "المعتمد علی اللە" لە شوێنی دانرا بە خەلیفە و بانگەوازی خەلیفەیێتیی بە شار و بە وڵاتا جاڕ درا مووسای کوڕی بوغا لە خانەقینەوە ڕووی کردە سامەڕا بۆ ئەوەی دەس بخاتە دەستی خەلیفەی تازە و گفتی مل کەچێتی و فەرمانبەرێتیی بداتێ. لەم حەلەدا هێزەکانی "مساوری خارجي" لەگەڵ لەشکرەکەی بوغادا لە خانەقین تەقین بەیەکا و کەوتنە شەڕەوە و، لەگەڵ ئەوەشدا کە هێزەکانی مساور زۆر بوون و لەشکرەکەی مووسا تەنیا دوو سەد کەسێ بوون، بەڵام دیسانەوە مووسا بەسەر ئەواندا زاڵ بوو ژمارەیێکی زۆری لێ کوشتن. (الکامل ٧/٢٣٥-٢٤٠).

ساڵی ٣٢٢ک= ٩٣٣ز (هارونی کوڕی غریب الخال)- کە خاڵی عەباسییەکان بوو کوژرا، لە کاتی خۆیا خەلیفە "القاهر باللە" سەردارێتیی "ماه الکوفە"ی دابوویێ کە شاری دینەوەر بارەگەی بوو- هەروا سەردارێتیی "ماه سبذان" و هی تریشی دابوویێ، پاشان کە "القاهر" لادرا و جبەی خەلافەتی لەشان داڕنرا و لەجێی ئەو "الراضي باللە" کرا بە خەلیفە، ئەم هاروونە پەلپی ئەوەی گرتبوو کە دەبێ ببێت بە سەرۆکی دەوڵەت و بۆ ئەم مەبەستە دینەوەری بەجێ هێشتبوو ڕووی کردبووە خانەقین، ئەم کارەی بوو بە هۆی ئەوەی "ابن مقلة و ابن یاقووت" و دەستەی "حجریە و ساجیە" لێی دڵگیر بن و بە کۆمەڵ سکاڵا ببەنە لای "الراضي"، ئەوسا ڕاضی ڕازی دڵی خۆی دەربڕی کە حەزی لە چارەی نییە و خۆشیی پێیان نایێ و ماوەی دان کە بەرگری بکەن. (الکامل ٨/٢٨٨).

ساڵی ٣٧٥ک= ٩٦٣ز "ابو العباس کوڕی واصل"ی خسێوی بەصرە کوژرا ئەم کابرایە لە "بهاء الدولة"ی دەیلەمی یاخی بووبوو هەڵاتبوو بەرەو خاکی وڵاتی ژێر دەستی "بدر کوڕی حسن وەیهی" و خۆی گەیاندبووە خانەقین کە ئەو حەلە "جعد کوڕی عوام" سەرداری ئەوێ بوو لە فەرمانبەرانی سەر بە بەدر، جا پێشوازیی لە "ابو العباس" کرد و ڕێزی لێ نا و ئامۆژگاریی کرد کە زۆر گورج خانەقین بەجێ بهێڵێ و خۆی بگەیێنێتە لای بەدر، بەڵام ئەبو عەباس ڕایەخی لێ ڕاخست و بەناوی

ئەوەی کە شەکەتە و دەیەوێ بحەسێتەوە لێی خەوت هەواڵی هەڵاتنی گەیی بووە "ابو الفتح کوڕی (عناز)" کە لە فەرمانبەرانی سەر بە "بهاء الدولە" بوو و لەو حەلەدا نێزیکی هەرێمەکە بوو، لەپڕ هەڵی کوتایە ناو خانەقینەوە و "ابو العباس"ی گەمارۆ دا و دەسگیری کرد و بە دیلی ناردی بۆ بەغداد "عمید الجیوش" واتە: سەرداری سپا لە بەغداوە ناردی بۆ لای "بهاء الدولة" کە لەو حەلەدا لە "واسگ" بوو، لە ڕێ تەتەرێکی "بهاء الدولە" تووشیان بوو و فەرمانی دا بە کوشتنی و سەرەکەیان نارد بۆ "بهاء الدولە" و کرا بەسەر دارێکدا و بە هەموو خوزستان و فارسدا گێڕایان. ئەم ڕووداوە لە ١٠ی مانگی صەفەری ساڵی (٣٥٣ك)دا بوو. (الکامل ٩/١٩٦).

ساڵی ٤٣٧ک= ١٠٥٤زا خێڵێکی "تورکمانی غوز" هەڵی کوتایە سەر خانەقین، ئەم خێڵە بە دوای کۆمەڵێ خەڵکی "حەلەوان"دا هاتبوون کە بە ماڵ و منداڵەوە لە ترسی غوز هەڵاتبوون لە خانەقین پێیانا گەیشتن و بەسەریانا زاڵ بوون و تاڵانیان کردن و بەم جۆرە "غوز" لەم ناوچەیانەدا بڵاو بوونەوە، هەروا مایدەشت و ئەم ناوەشیان تاڵان کرد. (الکامل ٩/٥٢٩).

ساڵی ٤٣٢ک= ١٠٧٩زا ئاوی فورات هەستا و نۆ گەز هەڵچوو بەم جۆرە هەندێ لە چەرت و ناعورەکانی "هیت"ی تێکوپەکان دا و دەروازەی جۆگەی عیسای تێک شکاند... ڕووباری "تامەڕا"ش سی و چەند گەز هەڵچوو کەوتە سەر پردەکانی "تەڕارستان" و خانەقین کە هی سەردەمی "کسرا" بوون و مابوونەوە، هەردوو پردەکەی پچڕاند (الکامل ١٠/١١٦).

لێرەدا دەبێ هەندێ هەڵەی "ابن الاثیر" ڕاست بکەینەوە کە بە بیستن تۆماری کردووە (١) ئاوی "تامەڕا" ئاوی "حەلەوان" نییە کە بەناو خانەقیندا ڕادەبوورێ، ئاوی سیروانە و ١٥ کیلۆمەتر لە خانەقینەوە دوورە، سیروان لە چیاکانی "ئەسەد ئاباد"ەوە بەرەو لای خۆرئاوا دەکشێ و بەرەو خوار تا تێکەڵ بە چەند شیو و چەماوی گاورود و جوانڕوود و هی چیاکانی شمێران و دەربەندی خان و ئەمانە دەبێت و لە ژوور "قزلڕەباتەوە" تێکەڵ بە "حەلەوان" دەبێت، کە لەمەوبەر وتبوومان لە "تاق گەڕا"وە دێت.. جا وا دیارە لەسەر ئاوی تامەرا= سیروان لەو هەرێمەدا دوو پردی کەڵەکی یا بەلەمی هەبووە: یەکێکیان بۆ ئەوانەی لە ژوور هەرێمی خانەقینی ئێستەوە بوو، کە مێژوونووسان ناویان ناوە پردی "تەڕارستان" و ڕەنگە لە دەوروبەری "کەلاری" ئێستەدا بووبێت و هەر ناوەکە کەلار بووبێت و بە هەڵە نووسرابێ، ئەوی تریان بۆ ڕێگەکانی کفری و قەرەتەپە کە بێن بۆ "قزلڕەبات= خوسرەو ئاباد" و لە خوار ئێستەی پردەکەی گولاڵە (جلولاء)وە بووبێت، کە ئێستەش شوێنەواری پردەکان بەدی دەکرێن.

- ساڵی ٥١٩ک= ١١٢٥زا لە ١٥ی مانگی سەفەردا خەلیفەی عەباسی (المسترشد بالله) لەگەڵ سەرانی دەوڵەتەکەیا بە پیادەیی لە (باب النصر)ەوە لە شار دەرچوو- کە ئەم دەرگەیە هەر لەو ڕۆژانەدا خرابووە سەرپشت ناو نرابوو "باب النصر" - ڕۆیشت لە دەشتی (شماسیة) لەشکربەزی کرد و "یرنقش"یش، لە "سبتی"یە خەیمە و خەرگای کوتا، ئینجا خەلیفە کەوتە ڕێ تا گەییە خاڵس لەوێ بەهێزەوە دابەزی، کە "تغرڵ سڵجوقی" ئەم هەواڵەی بیست بەلای ڕاستی خوارساندا لای دا

و دەس و پێوەندەکانی کەوتنە تاڵان و خراپکاری و خۆشی لە "رباط جلولاء"ەوە- کە دەبێ "قزڵرباتی" ئەم دواییە بێت- سپای خۆی ساو دا. وەزیر "جلال الدین کوڕی صدقە" بە هێزێکی گەورەوە ڕووی تێ کرد و لە "دسکرە = دستگرد" خەیمە و خەرگای کوتا، ئینجا "تغرڵ" و "دبیس" ڕوویان کردە (هارونیە) و خەلیفەش پێش کەوت بەرەو دەستگرد و خۆی و وەزیر لەوێ لەشکربەزیان کرد، "دبیس و تغرڵ"یش بڕیاریان دا لە دیالە و تامەڕاوە بپەڕێنەوە و ڕوو بکەنە پردی "نهروان"، دەبیس لەوێ بمێنێتەوە بۆ پاراستنی پردەکان و کەڵەک و بەلەمەکان و (تغرڵ) خۆشی بە لەشکرەوە ڕوو بکاتە بەغداد و داگیری بکات و تالآنی بکات. جا بەپێی ئەم پیلان و یاسایە کەوتنە ڕێ و لە تامەڕا پەڕینەوە و "توغرڵ" لە نێوان تامەڕا و دیالەدا لەشکربەزی کرد (الکامل١٠/٦٢٦).

- ساڵی ٥٢٦ک=١١٣١زا کە (سوڵتان محەمەد سەلجوقی) کۆچی دوایینی کرد "سوڵتان سنجر" ڕووی کردە وڵاتی چیا و "مەلیک توغرڵ کوڕی سوڵتان محەمەد"ی لەگەڵ خۆی برد، کە لەو حەلەدا وەکو یاوەری بوو، چوون تا گەیشتنە "ڕەی" و لەوێوە ڕوویان کردە "هەمەدان". جا ئەم هەواڵی گەیشتنەیان بە هەمەدان گەیشتە خەلیفە "المسترشد بالله" و "سوڵتان مەسعوود" ئینجا هەردوو لایان بڕیاریان دا کە بەرەنگاری بکەن و خەلیفە خۆی لە مەیدان بێ، جا خەلیفە خۆی ئامادە کرد و "قراجەساقی" و "سوڵتان مەسعوود" و "سلجوق شاە" هەرسێ ڕوویان کردە "سوڵتان سنجر". بەڵام خەلیفە "المسترشد بالله" خۆی دوا خست و ناردی بەدوای "قزلجە"دا و ملی بادا و پێی وت: ئەوەی تۆ لێ دەترسای کە "سنجر" لە داهاتوودا بەسەرت بێنێ ئەوا من خۆم ئێستە بەسەرت دێنم، پاش ئەوە لەسەر خۆ کەوتە ڕێ تا گەیشتە "خانەقین" و لەوێ خەیمە و خەرگای هەڵدا. (الکامل١٠/٦٧٦).

- ساڵی ٥٦٨=١١٧٢زا کە هێشتا "ئیلدەکز= ئیلدەنز" لەژیاندا بوو "پەرچەم"ی ئیوانی "ئیواقی"ی تورکمان بە کۆمەڵێ تورکمانەوە دای بەسەر هەندێ ناوچەی هەمەداندا هەروەها دینەوەریشیان تالآن کرد و پەلاماری نامووسی خەڵکیان دا، ئیلدەنز کە ئەم هەواڵەی بیست، لەو کاتەدا لە نەخچەوان بوو، بە هێزێکی گورج و گۆڵەوە بە بنە و بارێکی سووکەوە بە پەلە ڕاپەڕی و کەوتە ڕێ بۆ سەرکوتکردنی "پەرچەم" و هەڵی کوتایە سەری، پەرچەم لە ترسا هەڵات و سەربەرەوخوارەوە بوو بەرەو بەغداد، "ئیلدەنز" دوای کەوت ڕاوی نا. خەلیفە وای گومان کرد کە ئەو ڕاونانە پیلانە و مەبەست ئەوەیە: کە "ئیلدەنز" لە پڕ خۆی بکات بە شاری بەغدادا، جا لە لایەکەوە دەستی کرد بە هێز کۆکردنەوە و شووربەستن و لەلایەکی ترەوە یەکێکی بەدیاری و دەهەنە و خەڵات و نازناوی زلەوە بۆی نارد، "ئیلدەنز" لە خەیاڵی خەلیفە حاڵی بوو پۆزشنامەیەکی بۆ نارد و تێیدا نووسیی: لەم شاڵاوەدا تەنیا مەبەست سەرکوتکردنی پیاوخراپان و جەردەکان بوو. ئینجا ئەو لە پردەکەی خانەقین نەپەڕییەوە و گەڕایەوە (الکامل١١/٣٩٤).

لە (الکامل)دا وەکو من بزانم ئیتر ناوی شاری خانەقین نەهاتووە لەگەڵ ئەوەشدا کە شاڵاوی

هەولاتی کتێب

"هۆلاکۆ"ی تەتەری بۆ سەر بەغدا ساڵی ٦٥٦ک=١٢٥٨زا لە ڕێی خانەقینەوە بووە، بەڵام لەم باسەدا ناوی خانەقین نەهاتووە و دوور نییە لەو ماوەیەدا ویرانە بووبێت.

- ساڵی ٦٨٥ک=١٢٦٦زا "ئەمیر موزەفەر"- باپیرە گەورەی بنەماڵەی ئەتابەگیی موزەفەری شیراز- خۆی گەیاندە شیراز و چووە ڕیزی نۆکەرانی ئەمیر سورغوزە قەرەختائی" و خزمەتی بەجێ هێنا، پاش ئەو، خزمەتی چوار کەسی تری لە پادشایانی مەغۆلیش کرد، یەک لەدوای یەک، کە ئەمانە بوون: "ئەرغون- کەی خاتوو- غازان- ئولجایتوو= خدابەندە". (تاریخ ادبی ایران تالیف ادوارد براون وەرگێڕانی عەلی اصغر حکمت بە فارسی لاپەڕە ٢١١).

- ساڵی ٦٩٦ک= ١٢٦٦زا "باینجار"- کە یەکێک بوو لە فەرماندەکانی "غازان خان"- کابرایەکی "حاجی نارین" ناوی بەدیل گرت و هێنای بەرەو مێرگی خانەقین "بلدە المرج" و پاش تاڵانکردنی ماڵ و سامان ئینجا "ئەمیر نورین" خستییە زیندان و، پاش لێکۆڵینەوەی تەواو و خوێندنەوەی ئەو کۆمەڵە بەڵگەیانەی دەربارەی نیشان درابوو خنکاندرا، هەروەها سامان و ماڵەکەشی سەرپاک داگیر کرا. (تاریخ غازان بە زمانی فارسی لاپەڕە ١١٠).

- ساڵی ٧١١ک= ١٣١١زا موزەفەر لە خانەقین گەیشتە پێشگەی ئولجایتوو (خدابەندە) جا فەرمانی دا فەرمانڕەواییەکی بەرین و یان و پۆری خرایە ژێر دەسەڵاتەوە (تاریخ ادبی ٢١١).

- ساڵی ٨٣٦ک= ١٤٣٢زا "شاه محمد قرە یوسف" بڕیاری دا کە بەغدا داگیر بکات و سوپای بەڕێ خست و لە (بعقوبە) لەشکربەزی کرد و فەرمانی دا: بە تاڵانکردنی هەرێمەکە، جا گرانی و قات و قڕی کەوتەوە، ناچار لەوێوە گوازرایەوە بۆ دەرتەنگ (حەلەوان) بە نیازی ئەوەی خەڵە و گژوگیای وڵاتەکە بخوات و دەرتەنگی گەمارۆدا، لەم حەلەدا ئیسپان (اصفهان)ی برای- کە والیی بەغداد بوو- لە ماڵا نەخۆش بوو، لەتاوا ڕاپەڕی و بەسوپاوە لە بەغداوە کەوتە ڕێ و شاڵاوی بردە سەر (شا محمد) بێ ئەوەی بزانێ چ خەیاڵێ لە کەللەی داوە، جا پێشکەوت و گەییە خانەقین پاشان گەڕایەوە (تاریخ غیاثی لاپەڕە ٢٥٤).

- ساڵانی ٩٣٢-٩٤٢ک = ١٥٢٥-١٥٣٥زا هەرێمی بەغدا کەوتە ژێر دەسەڵاتی ئێرانەوە، پاش ئەوەی کە شا تەهماسپی سەفەوی بە فڕوفێڵی هاوڕچی برای زولفیقار خانی موسڵۆی کوردی کەڵوڕیان کوشت و بەغدایان لە سەردارە کوردەکە وەرگرتەوە- ئینجا سوڵتان سولەیمان کە نازناوی "قانوونی"ی بەخۆیەوە نابوو، هاتە جۆش و شاڵاوێکی زۆر بەهێزی کرد بەرەو بەغداد بۆ ڕزگارکردنی لە چنگی "سەفەوی" و لەو حەلەدا "محمد خان تکلویی" فەرمانڕەوای بەغدا بوو- بەناوی سەفەوییەکانەوە- جا توانی شەڕی نەبوو حەزی لەوە بوو کە بەغدا بەجێ بهێڵێ و بڕواتەوە بۆ ئێران، بەڵام "ئولامەتکلویی" هانی دەدا بەغدا لەدەست نەدات، تا ئەوەتا شای ئێران بە سوپاوە بۆ یارمەتی و کۆمەکی بەڕێوەیە، جا ئەم قاوە لە شاری بەغدادا بڵاو دەکرایەوە کە هێزی شا ئەوا گەییە خانەقین و خودی شا تەهماسپ جڵەوکێشی سوپاکەیە، ئینجا تەکلوییەکان کۆ بوونەوە و بڕیاریان دا کە بەغدا چۆڵ نەکەن و بەرگریی لێ بکەن "القرون الاربعة الاخیرة في

العراق" تەئلیفی مستەر لۆنگریک، وەرگێرانی جعفەر خەیات بۆ عەرەبی لاپەڕە ٢٧-١٠".

- سالانی ١١٣٥-١١٣٦ك= ١٧٢٢-١٢٢٣زا حەسەن پاشای والیی بەغدا مەترسیی ئەوەی لێ نیشت کە نەوەک دەوڵەتی ئەفغان لە ناکاو هەڵکوتێتە بەسرە و داگیری بکات، چونکە دەوڵەتی ئەفغان کەوتبووە پەرەسەندن و تەنینەوە و بەشێ لە خاکی ئێرانی داگیر کردبوو، جا لەم بارەیەوە پەیکی نارد بۆ سوڵتانی عوسمانی و داوای ڕاپێشاندانی لێ کرد و لەم بارەیەوە تەگبیر چییە؟ تا پێشدەستی بکات، سوڵتان لە وەرامدا فەرمانی دایێ کە لە قۆڵی کرماشانەوە شالاو بکاتە سەر ئێران و داگیری بکات و خۆی ئەرکی فەرماندەیی سوپاکە بگرێتە ئەستۆ، جا حەسەن پاشا لەگەڵ ئەوەشدا کە لە تەمەنی حەفتا ساڵیدا بوو، چاکی کرد بە کەمەردا و ئامادە بوو، تەنانەت کە "عبدالرحمن"ی زاوای کە لەو حەلەدا سەرداری کەرکووک بوو گەییە دەنگیا، جا پشت ئەستوورانە بە هەموو جەخت و مەردایەتییەکەوە ڕێی ئێرانی گرتە بەر و بە هەموو تۆپخانە و لەشکر و هێزەکانیەوە- کە سالانێک بوو بۆ ڕۆژێکی وەها مەشقی پێ دەکردن و پرچەکی دەکردن ڕووی کردە خانەقین، لەوێ بەگ و ئاغا و کوێخا کوردەکان و سەرۆکی دەوڵەتۆکە بچووکە خۆماڵییەکان بە هێز و دەس و پێوەندەوە دوای کەوتن و سوپا پێشکەوت تا گەییە کرماشان، بەم جۆرە شارەکە داگیر کرا و فەرماندەی شارەکە کە ناوی (عبدالباقی خان)بوو بێ لا و جم و بەرگری کلیلی شارەکەی هێنا و دایە دەستی، جا لەو کاتەوە هەرێمەکە دانرا بە یەکێک لە ویلایەتەکانی سەر بە سوڵتان (القرون، لاپەڕە ١٦٢) بەلام ئەم بێهێزی و کەمزاتی و ورەبەرداوییەی دەوڵەتی ئێران زۆری نەکێشا، هەر کە "نادر شا = تەهماسب قولی" هاتە سەر تەخت، ئێرانی زیندوو کردەوە جا لە مانگی ربیع الاولی ساڵی ١٤٣ك=١٧٣٠زا سپای کێشا بۆ شەڕی بەرامبەر بە سوپای عوسمانی کە هەمەدانی داگیر کردبوو، ئەو قەلایە بەهێزترین پالپشتی بوو، کە شەڕ گەرم بوو "عوسمان پاشا" ناچار بوو بکشێتەوە بۆ قەلاکان و سوپاکەی لەگەڵ سوپای تەیمور پاشای والیی واندا یەکدیگیر بکات، بەلام "نادر شا" دەرفەتی نەدان و بەسەریانا زاڵ بوو، هەردوو پاشا لە شەڕا کوژران و تۆپخانەکانیان داگیر کرا و تالانێکی زۆریان لێ بەجێ ما، ئینجا نادر شا هاتە ناو شاری هەمەدانەوە بێ ئەوەی هیچ قۆرت و کۆسپێکی بێتە ڕێ و بەرەنگاریی هەبێ، جا خەڵکی شار بە چەپڵەڕێزان و هەڵهەڵە هەڵدانەوە پێشوازیی نادر شا و سوپایان کرد و هێزەکەی عوسمانی کە لەناو هەمەدان بوو کشایەوە بەرەو کرماشان و هەموو چەک و تفاق و گرانباری بەجێ ما. ئا بەم ڕەنگە هێزی عوسمانی خاکی ئێرانی بەجێ هێشت و گەڕایەوە پشتی کۆنە سنوورەکەی "زەهاو- خانەقین" (القرون الاربعە ١٦٨، و خلاصە تاریخ الکورد و کوردستان ٢١١).

ساڵی ١١٩٢ك (١٧٧٨)زا "خانەقین" کەوتە ژێر دەسەلاتی میرانی بابانەوە، جا بۆ ئەوەی باسەکەمان باشتر بۆ ڕوون ببێتەوە گوێ هەڵ دەخەین بۆ میستەر لۆنگریک "یەکە کۆڵەکەی ئینگلیزی داگیرکار لە کوردستانا" کە چۆن تیزجاڕانە و ڕێشگاوانە دەکەوێتە بزوڕکاندن: جارجارە میرێتیی بابان ناو دەنێت "ئیمپراتۆریەتی بابان- ئیمپراتۆریەتی سلێمانی" و جارجارەش

دەکەوێتە گاڵتەکردن بەخودی میری بابانی ئەو حەلە و ناتۆرەی "بێبارگ= مذبذب"ی دەداتێ و دەڵێت: "ئێمە لەمەوبەر کە باسی ئیمپراتۆریەتی بابانمان کرد گەیشتینە باسی فەرمانڕەواییی لەرزۆکی "مەحموود پاشای بابان" کە ساڵی ١١٩٢ک (١٧٨٨زا) لە جێگەی محەمەد پاشای برای لەسەر تەختی فەرمانڕەوایی دانیشتبوو و هێزی کوردستانیشی هێنابوو بۆ یاریدەدانی (حەسەن پاشا)ی والیی بەغداد و لە دەرەوەی بەغداد لەشکربەزیی کردبوو، لەم سەردەمەدا بەختی "ئیبراهیم پاشا"ی برازای لە هی ئەو یارتر و لەبارتر بوو، چونکە ئەو بەهۆی ئەو پیلانانەوە کە گێڕابووی و تیا سەرنەکەوتبوو لە فەرمانڕەوایی لادرابوو. سەرۆکی شاری کەرکووکی ئەو حەلە "عوسمان بەگ"ی کەهیای "حەسەن پاشا"ی کۆنە والی بوو کە کۆنە دۆستی بابانەکان بوو، "عوسمان بەگی کوڕی مەحموود پاشا بابان"- کە هاوناو و هەڤاڵی بوو- ئاگەداری کردبووەوە: کە ئامادە بێت بۆ ڕاپەڕین دژی دەسەڵات و بۆ شۆڕش گێڕان. "عوسمان بەگی کەهیا" بەڵێنی دابوویێ "محمود بەگ" خۆیشی هەوەسی لەم بەزمە هەبوو بۆ ئەم جۆرە سەرگەرمییە سەری دەخورا جا هەردوو "عوسمان" پێکەوە جاڕی یاخێتییان دا. بویوک "سلێمان پاشا"ی والیی بەغدا لەشکری لێ کردن و بە سوپاوە گەییە کەرکووک و هێزی ویلایەتی موسڵیشی گەیشتە فریا، ناحەزانی بابانیش کە بەتەمای پایە و دەسەڵات و مووچە و بەرات بوون، ئەوانیش هەموویان دووی والی کەوتن و پاڵپشتییان کرد. سلێمان پاشای والی "حەسەن بەگی کوڕی سلێمان پاشای بابان"ی بۆ جێنشینیی مامەکەی خۆی هەڵبژارد. بەڵام هەر ئەوەندە لەسەر تەختی فەرمانڕەوایی بابان مایەوە تا مەحموود پاشای مامی سەری بۆ بەند و مەرجەکانی والی سلێمان پاشا شۆڕ کرد و هێنرایەوە سەر تەخت. ئینجا لەگەڵ ئەوەشدا کە "کۆیسنجەق" درابوو بە "محەمەد بەگی سۆران" (؟) و هەر ژێر فەرمانی ئیمپراتۆریەتی بابان بوو، بەڵام هیچ وەخت ئاژاوەی ناوەخۆیی ڕێی ئەوەی بە سەربەست نەدەکرد کە هیچ نەبێ لەبەر خاتری هاوسێتی، ڕەواندز واز لە تەنینەوە و پەرەدان بە داگیرکاری بهێنێ، بەڵام زۆری پێ نەچوو ئەو مەرجانە خرانە ژێر پێ و نرانە کونە دیوار و فەرامۆش کران، کە گوایە پەیمانیان لەسەر بەسترا بوو و سەرلەنوێ هەڵمەتی شاری "کۆیە" درایەوە. ئەم جارەش دیسانەوە لە بەغداوە شاڵاوێکی تری سوپایی دەستی پێ کرایەوە.

ساڵی ١٣٩٧ک (١٧٨٣زا) دووبارە کوردە بێبارەکە (!؟) پەیمانەکەی هەڵوەشاندنەوە و کەوتە تاڵان و بڕۆی وڵاتە هاوسێیەکە و "سلێمان پاشای والی"ش دیسانەوە لە بەغداوە هەڵی کوتایەوە سەری و لە شارەکانی سەرەڕێی هێزێکی زۆری گلێر کردەوە و "ئیبراهیم پاشای بابان"یشی لە کۆیەوە بە فریادا گەیشت، ئینجا "مەحموود پاشا" پشتی کردە دۆست و هاوڕێکانی و سەنگەر و قەڵاکانی بەجێ هێشت و خۆی دایە پەنای ئێران و بێڕێزانە (!؟؟) لەوێ مرد. بەڵام عوسمانی کوڕی بەر لێبوردن کەوت و ئیبراهیم پاشای برازاشی فەرمانڕەواییی بابانی گرتە دەست. چاترین کارێ کە ناوبانگی باشی بۆ "ئیبراهیم پاشا" هێشتەوە، ئەوە بوو کە تەواوکردنی شاری سلێمانیی گرتە ئەستۆ کە لەوەوبەر "محمود پاشا" ساڵی ١١٦٩ک (١٧٩١زا) دەستی دابووە دامەزراندنی. جا

بۆ ئەوەی ناوی "سلێمان پاشا"ی گەورە جاویدان بهێڵێتەوە ناوی شارەکەی نا "سلێمانی" و لەوە بەدوا دەسەڵاتی خۆی بەهێزتر کرد و ئیمپراتۆریەتی سلێمانیی پەرە پێ دا و خاکێکی زۆری سەر بە "زەهاو- قەسری شیرین- خانەقین"ی خستە سەر وڵاتی بابان. بەڵام زۆری نەبرد کە خۆی لە بەرچاوی گەلەکەی سووک بوو، چونکە ژیانی شارستانێتیی بەسەر خەڵکەکەدا سەپاند لە باتی ژیانی کۆچەرێتی (العراق في القرون الاربعة الاخيرة، تاليف لۆنگريک، ترجمە جعفر خيات لاپەڕەکانی ٢٤٨-٢٤٩).

کورە! زۆر سەیرە ئەم ئینگلیزانە هەر دەڵێی زگماک بۆ دوژمنایەتیی کورد دروست کراون، هەرگیز کەسێکیان ددانی خێری بە کوردا نەناوە، ئەوە لۆنگریک ئەوە سۆن ئەوە ئەدمۆندس تاد... تەماشاکە جارێ قەشمەری و تیز بە فەرمانڕەواییی بابان دەکات و ناوی دەنێت ئیمپراتۆرییەت و جارێکیش گاڵتە بە خودی مەحموود پاشا دەکات و ناتۆرەی بێ بار (مذبذب)ی بۆ بەکاردێنێ و پاشان دەڵێت بێڕێزانە لە ئێران سەری نایەوە و مرد..".

بەڵام ئێمە بۆ ڕاستکردنەوەی قسەکانی سەرنجێکی دەفتەرەکەی "حوسەین نازم بەگ" دەدەین کە "ئەمین زەکی بەگ" لێی هەڵێنجاوە و نووسیویە:

١- عوسمان پاشای کۆنە کەهیای حەسەن پاشای والی لە کەرکووکدا بەڕەهەنەیی (منفی) دەژیا و دەسبەسەر بوو (حاکمی کەرکووک نەبوو وەک لۆنگریک وتوویە) و هەمیشە لە بیری چاووڕاو و پیلاندا بووە.

٢- مەحموود پاشا کە ساڵی ١١٩٨ک پەنای بردووەتە بەر دەوڵەتی ئێران زۆر بەڕێزەوە میوانداری کراوە و هەرێمی ئەردەڵانی دراوەتێ. بەڵام کە گەیشتووەتە "سەقز"، بوداق خانی فەرمانڕەوای سابڵاخ (موکریان) گوێی نەداوەتە فەرمانەکەی شا و بەیارمەتیی خان و سەردارانی (ئورمیە- خۆی- سەڵماس- مەراغە) سوپایەکی دوازدە هەزار کەسیی کۆ کردووەتەوە و بەرەنگاری (مەحموود پاشا) بووە کە تەنیا هێزێکی ٩٠ کەسیی لەگەڵدا بووە و مەحموود پاشا خۆی و عبدالرحمانی کوڕی هەریەکە لە لایەکەوە هەڵیان کوتاوەتە سەر ئەو سوپایە و شکاندوویانە، ئینجا پاش دواهاتنی شەڕەکە لە هەرێمی (سابڵاخ و ئیلتیمور) گوللەیەکی وێڵ داویە لە "محمود پاشا" و کوشتوویە و پاشان زانراوە کە "موراد خان و بوداق خان" بۆ کوشتنی "عوسمان بەگ" دەستیان تێکەڵاو کردووە. هەر کە ئەمەیان زانیوە کەوتوونەتە کوشتار و قەڵاچۆی سوپاکەیان و خۆیان گەڕاونەوە بۆ کوردستانی عێراق و هەواڵی خۆبەدەستەوەدانیان ڕاگەیاندووە بە والی. "سلێمان پاشا". (تەئریخی سلێمانی و وڵاتی، بە وەرگرتن لە دەفتەرەکەی حوسەین نازم بەگ و پەراوێزەکانی عومەر ڕەنجووری لاپەڕە ٩٣).

بەمەدا ناڕاستیی قسەکانی لۆنگریکمان بۆ دەردەکەوێ. جگە لەوانەی کە وترا "ئیبراهیم پاشا"ش شاری سلێمانیی بە ناوی سلێمان پاشای باپیریەوە ناوناوە کە کوڕی فەقێ ئەحمەدە و بەم ناونانە دڵی سلێمانی پێوەندیی بە ڕازی کردووە. سەیر ئەوەیە کە هەندێ نووسەری

مووسڵاویش وایان داوەتە قەڵەم کە شاری سلێمانی بەناوی "سلێمان پاشای جەلیلی"یەوە ناو نراوە، کە هەرگیز لەو سەردەمانەدا هەرێمی سلێمانی پێوەندیی بە ویلایەتی موسڵەوە نەبووە. والیی موسڵیش هەرگیزا و هەرگیز دەسەڵاتی بەسەر سلێمانیدا نەبووە. پاشان کە ویلایەتی شارەزوور دامەزراوە پایەتەختەکەی کەرکووک بووە و براوەتە مووسڵ. ئەمە یەکێ بوو لە هەڵەکان، هەروا "محەمەد پاشای سۆران، ئەمیرە کوێرەی ڕەواندز"یش هەرگیز لە سەردەمی ژیانی "محمود پاشا"دا فەرمانڕەوای کۆیە نەبووە، ئەو ساڵی ١٢٢٩ک- واتە سێ ساڵ دواتر، فەرمانڕەواییی سۆرانی لە باوکی وەرگرتووە، لەم باسەدا هەم (عەزاوی) هەم (لۆنگریک) و هەم (محەمەد ئەمین زەکی بەگ) بە هەڵە ئەم هەواڵەیان تۆمار کردووە.

ساڵی ١٢٢١ک= ١٨٠٦زا "عبدالرحمن پاشای بابان" دیسان خۆی دایەوە پاڵ ئێران و شاه ناردییە "سنە" بۆ لای "ئەمانوڵڵا خانی والیی ئەردەڵان" و داواشی لە عەلی پاشای والیی بەغدا کرد کە هەرێمی کوردستانی بخاتەوە ژێر دەست بەڵام عەلی پاشا ئەسپردەی خۆی نارد بۆلای شا و بەهانەی زۆری نیشان دا: کە هەرگیز ناتوانێ "عبدالرحمن پاشا" ڕێ بداتەوە بۆ هاتنەوەی کوردستان. شا بە بەهانەکانی عەلی پاشا قایل نەبوو، بەتوندی داوای لێ کردەوە کە دەبێت بیگێڕێتەوە، عەلی پاشا کە زانیی شای ئێران نیازی خراپە و دەستووری داوە بە محەمەد عەلی میرزای کوڕی کە سەر سنوورەکان قایم بەستێ و لە بەغداش ئەم هەواڵانە بڵاو کرانەوە کە سوپای ئێران لەسەر سنوور ئامادەیە بۆ داگیرکردنی بەغدا و بۆ سەپاندنی ویست و ئارەزووی خۆی بەزۆر بەسەر ویلایەتی بەغدادا، عەلی پاشا بڕیاری دا کە زووتر بێتە دەست و بەربڕی بکات.

جا لە ناوەندی هاوینا بوو کە بەغدای بەجێ هێشت و چوو لە شارەبان (مقدادیة) لەگەڵ سەرداره کوردەکانا کۆ بووەوە و بە سوپاوە شاڵاوی برد و سنووری تێکشکاند و بەرەو کرمانشا پێش کەوت و هەرچەندە ئەفسەرەکان کەوتنە مزەمز و پت و بۆڵ کە ئەم شاڵاوە پێچەوانەی یاسایە و پێویستە بۆ سنووردرین پرس بە سوڵتان بکرێت کە ڕێ بدات، سوودی نەبوو، زۆر زوو دەنگ و هەواڵ گەیشتە "ئیستانبووڵ" و سوڵتان ئاگەدار کرایەوە: کە عەلی پاشا هەڵی کوتاوەتە ناو سنووری ئێران و چەندان گوندی تاڵان کردووە. لەملاشەوە شاه دەستووری دابووە کوڕەکەی خۆی "محەمەد عەلی میرزا" کە فەرمانڕەوای کرمانشا بوو، کە سنوورەکان بپارێزێ و داواشی لە والیی ئەردەڵان کردبوو کە بە هەموو هێزەکەیەوە پشتیوانی لە سەردارانی بابان بکات. "عەلی پاشا" وازی لە شاڵاو هێنا و کەهیا سلێمان پاشای بچووکی لە رووکاری شەڕا هێشتەوە بۆ یاریدەدانی خالید پاشای بابان، بەڵام کەهیا شێتانە هەڵیکوتایە ناو سنووری ئەردەڵانەوە و لەگەڵ ئەوەشدا کە سوپاکەی زۆر ماندوو بوو کەوتە شەڕەوە بەرامبەر بە لەشکری بابان- کە پەنابەر بوون لە ئێران- شکستی خوارد و خۆشی بەدیل گیرا.

لەولاشەوە "محەمەد عەلی میرزا" سنووری دڕی و پیا تێپەڕی و بەلای ژووری "خانەقین"دا چەندان میل چووە ناو سنووری ویلایەتی بەغداوە. هەروا عەبدولڕەحمان پاشای بابانیش- کە لە

ئەردەڵاندا بە پەنابەری دەژیا- ئەویش سنووری بڕی و تا سلێمانی پێش کەوت. سەرەنجام شەڕ و هەراکە بەوە دوا هێنرا کە "خالید پاشا" فەرمانڕەوای بابان بێت و عەبدولڕەحمان فەرمانڕەوای کۆیە، بەڵام کە هێزەکانی ئێران گەڕانەوە پشت سنوور جارێکی تریش مەرجەکان تێک درا و عەبدولڕەحمان پاشا سلێمانیی داگیر کردەوە و کەوتەوە تیز و قەشمەری بە دەوڵەتی ویلایەتی بەغدا و دەستی دایە شاڵاو بۆ سەر گوندەکانی کەرکووک و هەولێر، بەڵام زستانی ساڵی ١٢٢٦ک "١٨١١زا" لە بەغداوە فەرمانی لادرانی لە تەختی فەرمانڕەوایەتی دەرچوو لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٢٣٧ک "١٨١٢زا" لەگەڵ لەشکری "عەبدوڵڵا پاشا"دا تەقین بەیەکا نێزیک بە شارۆڵکەی کفری، لە سەرەتادا ئەمیرە کوردەکە سەرکەوت، سوپای سوارەی کورد هەڵی کوتایە سەر هێزی تۆپخانە و لای پێشەوەی دوژمنی تێک شکاند، بەڵام سەربازە کۆلەمەندەکان کە "داود ئەفەندی دەفتەردار" سەرۆکیان بوو ئازایانە سوپای کوردیان بەزاند و کەوتنە شاڵاو و پێشکەوتن، سەرئەنجام سوپای کوردیان بەجۆرێ ڕاماڵی کە "عەبدولڕەحمان پاشا" هەر ئەوەندەی پێ کرا خۆی بەسواری ئەسپەکەی ڕزگار بکا، بەڵام سوپاکەی تووشی وەیشوومەی شەڕ هاتن و بەجۆرێ قەڵاچۆ کران کە لە کەللەی سەری ئەفرادی کورد مەنارە درووست کرا ئەم سەرکەوتنە مەزنە "!؟" دەنگێکی زۆر گەورەی دایەوە لە شاری بەغدادا (القرون الاربعه الاخیره، لاپەڕە ٢٨٠).

لەم باسەشا دیسانەوە "لۆنگریک" هەواڵەکانی پێچەوانەی ڕاستییە، جا بۆ دەرخستنی ڕاستی با سەرنجێکی (العراق بین احتلالین) (١٢٦٦-٢١٣) بدەین کە هەواڵەکانی خۆی لە (دوحة الوزراء)ەوە هەڵێنجاوە و نووسیویە: ".. عبدالرحمن" پاشا زۆر بەجەرگانە خۆی ڕاگرت و هەردوو لا لە نێزیک کفری کەوتنە شەڕەوە و ڕیزی سوپایان ڕێک خست و شەڕ بڵێسەی سەند. لە سەرەتادا سوپای عوسمانی بەخۆی و هێزی خێڵاتەوە کە هێنابووی هەمووی شکستی خوارد. تەنیا هەندێ سوپای تایبەتی وەزیر و دەست و پێوەند و تۆپچییەکان و هەندێ بابانی لایەنگری والی مانەوە "داود دەفتەری" لەم شەڕەدا ئازایەتیی نواند و کەوتە هاندانی هێزەکانی خۆیان، زۆری پێ نەچوو نیشانەی سەرکەوتن دیاری دا و سوپای عەبدولڕەحمان پاشا شکا و خالیدی براشی کوژرا و سوپای دەوڵەت بنە و بارگەی سوپای عەبدولڕەحمان پاشایان داگیر کرد... تا دەڵێ: کە وەزیر گەیشتە کفری "خالید پاشای بابان" بە دیاری و دەهەنەوە هاتە پیرییەوە. بەڵام "عەبدولڕەحمان پاشا" هەڵات بەرەو کرمانشا.

وا دیارە لۆنگریک گەڕاوە هەرچی هەواڵێ کە بە خراپیی کورد تەواو بووبێ لە ڕاپۆرت و کتێبی دوژمنەوە هەڵی برژاردووە، بەڵام ئەوەتا ئەم قسانە لە (دوحة الوزراء)دا نییە، کە خۆی سکرتێری وەزیری بەغدا و بەفەرمانی ئەو داوێن (ذیل)ی بۆ گوڵشەنی خولەفا نووسیوە.

ساڵی ١٢٣٤ک (١٨١٨زا) ناکۆکی لە نێوانی داود ئەفەندی دەفتەردار و مەحمود پاشای باباندا پەیدا بوو، کە لای خۆی هەرە دۆستی بوو، بەم هۆیەوە خەڵکێکی زۆر پەنایان بردە ئێران و دیوانی "محەمەد عەلی میرزا" والیی کرمانشا پڕ بوو لە پەنابەرانێ کە دوژمنی دەوڵەتی ویلایەتی بەغدا

بوون. "محەمەد عەلی میرزا" بەهانەی زۆری دەس کەوت بۆ شەڕنانەوە، تەنانەت دەوڵەتی ئەیالەتی بەغدا کەوتبووە ئازاردان و چەرمەسەریی ئەو ئێرانییانەی بۆ خاکپابۆسیی خوابگای ئیمامەکان دەهاتنە عێراقەوە، جا لە سەرەتادا پەنابەرەکانی خستە پێش بەرەو سنوور کە بکەونە پەلاماردانی سنوورەکانی عێراق، ئنجا بابانەکانی خستە پێش، ئەم هێزانە لە زەهاوەوە بەرەو دەوروبەری "خانەقین" پێش کەوتن و هەموو هەرێمەکەیان تالان کرد، پاشان شالاویان هێنابوو بەرەو بەغدا، بەڵام سوپای عێراق ڕێی پێ گرتن و بەرانگاریان بوو. (القرون الاربعة الاخيرة، ٣٩٣).

ساڵی ١٢٣٦ک (١٨٢٠زا) والی (ئەمانوڵڵا خان) لەگەڵ کوڕە گەورەکەی تێک چووبوو، کوڕە یاخی بووبوو کەوتبووە هەرا هەڵگیرساندن. (ریچ) لە گەشتەکەیا کە ساڵی ١٨٢٠ بەدواوە دەستی داوەتێ لەم بارەوە نووسیویە: "... گەیشتینە سنە (سنندج) و لەو حەلەدا هەرێمەکە لەوپەڕی تەنگ و چەڵەمەدا بوو "محەمەد حوسەین خانی ئەردەڵانی" کوڕە گەورەی والی ئەمانوڵڵا خان لە باوکی یاخی بووبوو کەوتبووە ئاژاوەنانەوە و ڕووی کردبووە هەرێمەکانی سەرەڕێی بەغدا- کرمانشا و عێڵ و خێڵەکانی سەربەدەسەڵاتی ئەردەڵانی تالان کردبوو، کە لەو دەشتانەدا سەیوان و خێوەتیان هەڵدابوو ئاژەڵیان بەخێو دەکرد. والی پاش ئەوەی ماوایێی دەستووری لە شای ئێران وەرگرت کەوتە ڕاونانی کوڕەکەی و لە ئەنجاما نێزیک بە هەرێمی کرماشان هێزی هەردوو لایان تەقین بەیەکا و شەڕێکی قورس لە نێوانیان ڕووی دا لە دەشتی "گۆم وشتر"ی سەربە "ڕەوانسەر"ی سەربە فەرمانی کرمانشا.

بەڵام والی دەستووری دابوو کەس کوڕەکەی نەکوژێ و هەوڵ بدرێ دەزگیر بکرێ، بەڵام محەمەد حوسەین خان لە شەڕەکەدا بریندار کرا و خەڵکێکی زۆریش لە هەردوو لا کوژرا. کوڕە بریندارەکەی والی نێردرایە سنە (سنندج) و خرایە بەردەستی دکتۆر بۆ تیمارکردن. لەو حەلەدا "فلیپۆس" کە دوکتۆرێکی ئینگلیز بوو- لە خەستەخانەکانی تەوزێر بە دوکتۆری کاری دەکرد- گەییە دەنگی و کەوتە تیمارکردنی بەڵام برینەکەی کوشندە بوو، ڕزگاری نەبوو و مرد، (گەشتەکەی ریچ، لاپەڕە ,١٤٨ تەئریخەکەی مەستوورە خانمی ئەردەڵانی، لاپەڕە ١٦٤).

لە ١٩ی ئاداری هەمان ساڵا کە "میستەر ریچ" گەییبووە (شارەبان) لەوێ تووشی سەلیم بەگی بابان بووبوو کە دۆستێکی زۆر دۆستی بوو، هەواڵی دابووێی کە لە فەرمانڕەواییی "خانەقین" لادراوە، (گەشت ٢٧٨) ساڵی ١٢٣٧ک (١٨٢١زا ). لەگەڵ ئەوەشدا کە دەوڵەتی بەغدا مۆری بەوەدا نابوو کە "مەحمود پاشای بابان" بە ناوی فەرمانڕەوایی لە هەرێمی بابان بمێنێتەوە. عەباس میرزای والیی کرمانشا ئەم کورسییەی دابوو بە عەبدوڵڵا پاشای بابانی مامی مەحموود پاشا بەم هۆیەوە "داود پاشا"- کە ئەو حەلە والی بوو- سوپایەکی خستە ڕێ بە ٤٠ تۆپەوە بە فەرماندەییی کەهیا محمەد ئاغا بەرەو زەنگاباد (زند ئاباد)، هێزەکە مانگی ئەیلوول گەیشتە ئەوێ و لە پاش ٤٠ ڕۆژ چاوەڕێ. کەهیا بەرەو "دەربەندی بازیان" کەوتە ڕێ. و بەسەر کەرکووکا ڕابورد و هەواڵی زانیبوو کە عەبدوڵڵا پاشا بە پێنج هەزار قازاخی ئێرانییەوە گەیشتووەتە "شارەزوور". جا هەردوو

سوپای ئێرانی و عوسمانی- هەریەکە لە سەمتی خۆیەوە- بەرەو سلێمانی کەوتە ڕێ. ئا لەم سەردەمەدا کەش گۆڕابوو. هەوا زۆر سارد بووبوو نەخۆشی و درم پەیدا بووبوو. هەر کە "محەمەد ئاغا" شالاوی کرد، سوپای دوژمن بەرانگاری بوو و بەزاندی و شکستی پێ دا، خۆی سوپاکەی بەجێ هێشت و پەنای بردە بەر سوپای دوژمن و سوپا شڕبووەکەی بەرەو کەرکووک گەڕایەوە "عەبدوڵلا پاشا بابان" بە لەشکرە ئێرانییەکەیەوە کەوتە دوویان، بەڵام عێلاتی هەرێمی کەرکووک ڕاپەڕین و ڕێیان پێ گرتن و مەیدانیان نەدا کە "عەبدوڵلا پاشا" بۆ داگیرکردنی کەرکووک پێش بکەوێ، سپای "عەبدوڵلا پاچا" بە لای پشتی کەرکووکدا پێش کەوت، ڕێی "داقووق-کفری-بەغدای داگیر کرد و هەڕەشەی داگیرکردنی بەغداشی دا، بەڵام پیاوانی ئاینیی هەردوو لا- عوسمانی- ئێرانی- کەوتنە نێوان و هەراکەیان بەو جۆرە دوایی پێ هێنا کە بابان بدرێتەوە بە "عەبدوڵلا پاشا و هێزی ئێرانی لەناو خاکی عوسمانی بکشێتەوە بەرەو سنوور. لەم شالاوەدا "محەمەد عەلی میرزا" لە "کرنت" مرد و بە گەڕانەوەی سوپاکەی لە بەغدادا بووە جەژن و شاییەکی زۆر گەورە، ئینجا هەندێ مەفرەزە ڕووی کردە ئەو خێڵ و عێلانەی کە بووبوونە ڕێنومای سوپای ئێران و ئازووخە و خواردنیان بۆ دابین کردبوون، هەروا مەفرەزەیەکیش ڕووی کردە ئەو خێڵانە کە لە دەوروبەری "دوجەیل"ماڵبەزیان کردبوو. هەروا هەڵیان کوتایە سەر ئەو هێزە ئێرانییەش کە لە شاری "خانەقین"دا مابوونەوە (القرون الاربعة ٢٩٤-٢٩٥).

ساڵی ١٢٤١ک (١٨٢٥زا) سوڵتان دەستووری دا بە قەڵاچۆکردنی یەنیچەری (انکشارية) و هەزارانیان لێ کوژرا و ناویان لە دەفتەری سوپا سڕایەوە و بۆ هەموو وڵاتی عوسمانی نووسرا کە ناویان لە دەفتەر و تۆمارەکان بسڕنەوە و لەسەر کار لایان بدەن، تا ئێستە لە (وادی العوسج)ی نێزیک "سقاڵ توتان"، گۆڕەکانیان بەدی دەکرێن، (العراق بین احتلالین، ٦/٢٩١).

ئەم "سقاڵ توتان"ە گەروویەکی تەنگەبەرە لە نێوان قزرابات و خانەقیندا کە کاروان لەوێدا تووشی جەردە بهاتایە، دەوترا: ڕیشیان کەوتە دەس جەردە، گۆڕستانەکە لەسەر تەپۆڵکەیەکە نێزیک بەم دەربەندە.

ساڵی ١٢٤٧ک (١٨٣١زا) درم و پەتایەکی کوشندە لە عێراقدا داکەوت و سلێمان ئاغای میرئاخوڕ بەم دەردە مرد، داود پاشاش نەخۆش کەوت، بەڵام نەمرد. کە تەوژمی درم و پەتاکە ڕەوییەوە و ترسی نەما "محەمەد مەسرەف"ی لەوڵات هاتوو بە چوار سەد پێنج سەد سوارەی کوردەوە گەڕایەوە و، چاوەڕێی ئەوەش بوو کە محەمەد پاشا بابان و خالید پاشا بابانیش بگەڕێنەوە: (خلاصه تاريخ الكرد وكردستان) باسی بابان و، (العراق بين احتلالين، ٣١٢).

ساڵی ١٢٨٠ک (١٨٦٣زا) "سلێمان فائیق" قائیم مەقامی "خانەقین" بوو. لە پاومانی ئەو ساڵەدا تێلی تەلگراف کەوتە وڵات، هێڵی لە بەغداوە بۆ خانەقین کێشرا و ساڵی دواتر سەردەمی پاییز دەزگەی تەلگراف کەوتە کار، پاش ئەوە بەساڵێ ئینجا هێڵی تەلگراف بۆ ناوچەی فورات دەس پێ کرا و هێڵی تەلگراف بۆ سەرانسەری وڵاتی عێراق کێشرا و پەیوەست کرا بە هێڵی وڵاتی

عوسمانی-ئێرانەوە لە خانەقین و لەوێوە بە هی خەلیج و هیندستانەوە پێوەند کرا. (العراق بین احتلالین، ٦/٣٣٦).

ساڵی ١٣٨٦ک (١٨٦٩ز) تاقمە جەردەی "بەچە ئەمین هەمەوەند" سەری هەڵدا و لە دەوروبەری خانەقین هەڵیان کوتایە سەر کاروانێک و ڕووتیان کردەوە، بەڵام کە زانییان دوو کەس لە تاڵان کراوەکان ئێرانین تاڵانەکەیان بۆیان ناردەوە، تەنیا ماڵی عەرەبزبانەکانیان داگیر کرد (!؟) هەر کە دەوڵەتی ویلایەت ئەم هەواڵەیان بەهۆی تەلگرافەوە لە قزرابات و شارەبانەوە وەرگرت، بە پەلە هەندێ هێزیان لە قزرابات و خانەقینەوە بۆ پەیدۆزییان خستە ڕێ، هەروا هێزێکی سوارەی عەشایریش کەوتە دوای جەردەکان و گەمارۆیانیان دا و بوو بە شەڕ، لەم شەڕەدا "عەبدوڵڵا بەگ"ی سەرۆکی هێزەکانی دەوڵەتی لای قزرابات گوللەیێ دای لە قاچی و بەوە مرد. هەروا گوللەیەکیش دای لە سنگی "سوەیلم" ناوێکی عێلی "رەبیعە". هێزەکانی دەوڵەت توانییان "بەچە ئەمین"ی سەرۆکی جەردەکان بکوژن بەدوو هاوڕێیەوە و دە کەسیشیان بەچەکەوە لێ بەدیل بگرن (العراق بین احتلالین ٨/١٨٣).

هەر لەم ساڵەدا دە سواری هەماوەند لەوانەی کە خۆیان دابووە پاڵ دەوڵەتی ئێران هاتنە ناو وڵاتەوە و بەشەو هەڵیان کوتایە دەوروبەری قزرابات و لەوێ شاڵاویان بردە سەر عێڵی رەبیعە و لە تۆڵەی خوێنی "بەچە ئەمین" دە کەسیان لە (رەبیعە) کوشت و ماڵێکی زۆریان بە تاڵان برد (العراق بین احتلالین ٨/٢٠٠).

ساڵی ١٣٨٧ ک (١٨٦٩ز) وتووێژی ڕێککەوتن لە نێوانی ویلایەتی عێراق و ئێراندا دەستی پێ کرد. لەلایەن ئێرانەوە "محب علی خان"ی نوێنەر گەییە شارەبان (مقدادیة) و "قەدری بەگ"ی نوێنەری عوسمانیش گەیشتە ئەوێ، بەڵام بەر لە بڕینەوەی باسەکە شەو لە ناوێ نوێنەری ئێرانی بەبێ ئەوەی هیچ کەس پێی بزانێ، بە ڕێی خانەقیندا گەڕایەوە بۆ ئێران (العراق بین احتلالین ٧/٢٤٠).

ساڵی ١٣٨٩ک (١٨٧٢ز) دەسەڵات کەوتە هەڕاجکردنی زەوی و زاری ئەمیری لە خۆراسان (بەعقوبە) و لە صەلاحیە (کفری) و لە بەسرە و لە خانەقین و بە زنجیرە ناوی ئەو پارچانەی خستە بەرچاو کە بۆ فرۆشتن ئامادەیە، بەهۆی بەیاننامەوە (العراق بین احتلالین ٨/١٤).

ساڵی ١٣٠٣ک (١٨٨٥ز) هەماوەندەکان سەرلەنوێ کەوتنەوە تاڵان و جەردەیی و دەوروبەری خانەقینیان ڕاماڵی، ئەم جارە سەرۆکیان (جوامێر) بوو، کە ناوی لە ئێراندا بووبوو بە (جەوان مەرد" (العراق ٨/٧٩).

ساڵی ١٣٠٩ک (١٨٩٥ز) (العراق ٨/١١٧).

هەرێمی خانەقین وەکو هەرێمەکانی تری کوردستان، لە سەردەمی شەڕی یەکەمی جیهانیدا، لەژێر پێی سەربازانی بێگانەدا پێشێل بوو، با بۆ زانینی ئەم باسە سەرنجێکی کتێبەکەی دکتۆر کەمال مەزهەر بدەین کە نووسیویە: لە بەهاری ساڵی ١٩١٦ز (١٣٣٠ک)دا هێزەکانی ڕووسیای

قەیسەری کەوتنە جمان بەرەو عێراق لە سێ قۆڵی سەرەکییەوە: خانەقین، سلێمانی و ڕواندز، بەتایبەتی لە ڕێی خانەقینەوە کە بە ڕێگەیەکی نێزیک و پێدەشتی ساندا بەرەو بەغدا دەچێت و بۆ ئەنجامدانی ئەم ئەرکە سوپایەک ڕێک خرا بە فەرماندەییی "باراتۆف" یەکێک لە جەنەڕاڵانی ڕووس، ئەم سوپایە گەرچی هەندێ لە هێزەکانی خۆیان بە هەندێ شوێنا کردبووە سنووری عێراقدا، بەڵام زۆر بەتوندی بەرانگاری کران و پاش بەرگریی تەواو ئەنوەر پاشا خۆی و "فۆن لوسوف"ی فەرماندەی ئەڵمانی سەردانێکی ڕووکاری خانەقینیشیان کرد و لە شەڕێکی زۆر سەختا، کە لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩١٦دا ڕووی دا هێزەکانی ڕووسیای قەیسەری شکستیان خوارد و تا سنووری ئێران کشانەوە و لەم شەڕەدا ٢٠٠ کوژراو و ٥٧ دیلیان بەجێ هێشت، زیانی بەرەی عوسمانیش ٨١ کوژراو و ٣٤٠ بریندار و نادیار بوون.

ئەم لێقەومانەی سوپای ڕووس بووە هۆی ئەوەی بەرپرسیاران و کاربەدەستانی ڕووس–کە کاروباری ئەم ڕووکارەیان پێ سپێردرابوو– گوێقوڵاخ ببنەوە و پتر هەوڵ بدەن بۆ خۆنێزیک کردنەوە لە کورد... پاش شۆڕشی مانگی ڕەشەمێ (شوبات)ی بۆڵشەوێکی دیسانەوە هێزەکانی ڕووس ویستیان لە ڕووکاری خانەقینەوە بەرەو بەغدا پێش بکەون و جۆرە پێوەندییەکیش لە نێوان هێزی ئینگلیز و هێزی ڕووسدا پێک هات، تەنانەت پاش سەرکەوتنی شۆڕشی بۆڵشەوێکی، بە جۆرێ کە هێزەکانی ئینگلیز دڵنیا بوون لەوەی کە ڕووسیای قەیسەری دۆستیانە و حەزیان دەکرد بتوانن بیانکەن بە ماشەی دەستی خۆیان بۆ داگیرکردنی عێراق... ئەوە بوو لە هاوینی ساڵی ١٩١٧زا هێزەکانی ڕووس بەرەو مووسڵ و خانەقین شاڵاویان هێنایەوە بەو نیازەی بتوانن سوپای شەشەمی عوسمانی بشڵەژێنن و ئەوە بوو لەم چەقرز (قۆناخ)ەدا هێزەکانی ڕووس یاریدەیەکی زۆری هێزەکانی ئینگلیزیان دا لەو شەڕانەدا کە لە عێراق قەوما، بەڵام سەرەنجام هێزەکانی عوسمانی پیلانی ڕووسەکانیان پووچ کردەوە و بەم تێشکانە پارچە لەشکرەکانی "قافقاس" شەڕی ئەو ناوەیان بەجێ هێشت... بەڵێ! ئەو کارە قۆڕانەی کە سەربازەکانی ڕووس و ئەرمەنییە بەکرێگرتەکان کە لە کوردستانا کردیان تەنانەت لە ڕووکاری ڕواندز هەروەها لە خانەقیندا خەڵکی کوردەکەی هێنایە جۆش بۆ دوژمنایەتییان ئەوە بوو شێخ مەحموودی حەفیدزادە و چەکدارەکانی لە قۆڵی پێنجوێنەوە کەوتنە شەڕ لەگەڵ هێزە ڕووسەکان، هەروا لە دانیشتووانی (عەلیاوا)ی هەرێمی خانەقینیش زۆر ئازایانە کەوتنە بەرەنگاریی ڕووسەکان... تاد (کردستان فی الحرب العالمیە الاولی، ل١٦٨٠–١٧٣–٢٠٤).

تا ئێرە مێژووی کۆنی "خانەقین" بوو، کە لە کتێبە مێژوویییەکانا پارچە پارچە پەرت و بڵاو کراوەتەوە، بەڵام پاش ئەوەی ئینگلیز وڵاتی عێراقی داگیر کرد و دەوڵەتی عێراق دامەزرا. خانەقین گۆڕانێکی زۆری بەسەرا هاتووە و چەند کتێبی دەربارە نووسراوە و ئێمە ڕێی ئەوەمان نەماوە هیچی دەربارە بنووسین.

ئینجا بگەڕێینەوە مێژووی کۆنی ئەو ناوچانەی کە سەر بە قەزای خانەقین و هەروەکو لە

سەرەتادا وتمان: لە سەردەمی عوسمانیدا تەنیا دوو ناوچە بە خانەقینەوە بەسترا بوو: بنکودرە و قزلڕەبات، بەڵام پاش دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق قەزاکە لەبەر گرینگی و بەربڵاوی بەش کرا بە چوار ناوچە: بنکوورە (قۆرەتوو). مەیدان (هۆرێن و شێخان)، جەلەولا (قەرەخان) و سەعدییە (قزلڕەبات):

١- بین کودرە (بن کوورە) لە سەردەمی عوسمانیشا ناوچە بووە. خاوەنی "قاموس الاعلام" ناوی هێناوە، بەڵام دەڵێ، ئێمە هیچ جۆرە زانیارییەکمان دەربارەی ئەم ناوچەیە نییە، بەڵام "میستەر ڕیچ" کە ساڵی ١٨٢٠زا (١٢٣٦ک) لە گەشتەکەیا ئەوێی دیوە، زۆر بەوردی باسی کاولەکانی حەوش کوڕی دەکات کە لە کۆنترین دێرینەی وڵاتە، وا دیارە ناوی (بین کودرە) تورکەکان دابێتیان بەم ناوچەیە و مەبەستیان "هەزار کوورە" بێت، ئەم "بین کودرە"یە کە چەقی ناوچەکە بووە گوندێکی گەورە بووە و خێوی ئەو حەلەی "حەسەن ئاغای باجەڵان" بووە. (رحلە ریچ، ٢٩٤-٢٩٧).

٢- مەیدان "هۆرێن و شێخان": ئەم گوندە کە ناوەندی ناوچەکەیە، تەنیا بەو هۆیەوە ناسراوە، کە لەوێ بەردەنووسێکی "ئانو بانی نی" هەیە، گوندی مەیدان هی شێخەکانی بەرزەنجەی قەزای خانەقینە.

٣- جەلەولا: ئەم ناوە لەمەوبەر بە "قەرەخان"دەناسرا، وا دیارە وشەکە لە کەرج جودانەوە گۆڕراوە ئەم ناوە لە "الکامل"دا هاتووە و "ابن الاثیر"نووسیویە: ساڵی ٢٥٣ک (٨٦٧زا) هەواڵێ درا بە "بونداری تەبەڕی"- کە خۆی و "مقفر" پاراستنی ڕێی خۆراسانیان خرابووە ئەستۆ- هەواڵەکە کە بەم جۆرە بووا "مساور خارجی" لە هەرێمی "بەوازیج"ەوە ڕووی کردووەتە "کەرخ جدان"، موزەفەر باسی ئەوەی کرد، کە دەبێ هەڵبکوتنە سەری بەڵام بوندار وتی: ئێستە ئێوارە وەختە و درەنگە و سبەینێش جەژنە، کە جەژنمان بەسەر برد شاڵاوی دەکەینە سەر، بەڵام خۆی بەدزیی "مظفر"ەوە شەو هەڵیکوتایە سەر "مساور" بەو ئومێدەی پیرۆزی و سەرکەوتن لەمەڕ خۆی بێت.. تا دەڵێ لە شەڕا بوندار کوژرا و "مساور" چوو بەرەو "حەلەوان"، (الکامل٧/١٧٩).

ئەم ناوە تا سەردەمی داگیرکاریی ئینگلیز هەر هەبووە و بە جمگەی جیابوونەوەی هێڵەکانی کەرکووک-خانەقین دەوترا "ئێستگەی قەرەخان- قەراخان"، لە دەوری دەوڵەتی عێراقدا هەرێمەکە ناونرا "جەلەولا" بە یادی کۆنی شەڕی "جەلەولا"وە وەکو لە (الکامل) و کتێبە جوغرافی و مێژووییەکانی تردا بەم جۆرە باسی کراوە: دانەری کتێبی "معجم ما استعجم" نووسیویە: "جەلەولا" جێگەیەکی ناسراوە لە شام (!؟).

سەعدی کوڕی وەقاص ڕۆژی یەرمووک(؟!) ئاڵایەکی دایە دەس "هاشم المرقال" کوڕی عوتبە کوڕی وەقاص و ناردی بۆ داگیرکردنی "جەلەولا"، هەر ئەو ڕۆژە لە شەڕا چاوێکی کوێر کرا و ناوی شەڕی جەلەولا نرا "فتح الفتوح" و تاڵان و دەست کەوتی "سوپای ئیسلام" گەیشتە "هەژدە هەزار هەزار". ئەمە ساڵی ١٧ یا ١٩ی کۆچی بوو. لاپەڕەی ٢٩٠/ب,٥٢

هەوراماندنی دێرین

ئەوەی ئەم قسانەی نووسەری "معجم ما استعجم" بخوێنێتەوە بۆی دەردەکەوێ نووسەرانی چەرخەکانی کۆن، کە هەر لە خۆوەوە بە بیستن شتیان تۆمار کردووە چەند هەڵەیان بەر گوێ کەوتووە، هەموویان بێ لێ وردبوونەوە یادداشت کردووە. ئەو هەڵەیانەی کردوویەتی ئەمانەن:

١- جەلەولا لە شام نییە، لە کوردستانی عێراقە.

٢- شەڕی یەرمووک ١٥ی کۆچی رووی داوە نەک ١٧ یا ١٩.

٣- فەرماندەی سوپای ئیسلام لە شەڕی یەرمووکدا "ئەبو عوبەیدەی جەڕاح" بوو، نەک سەعدی کوڕی وەققاص.

ئینجا با چاوێ بە "معجم البلدان"دا بگێڕین: یاقووتی حەمەوی نووسیویە: "جەلەولا" یەکێکە لە دێهستانەکانی ڕەشەخاکی عێراق "سەواد"ی سەر ڕێی خۆراسان، لەوێوە تا خانەقین حەوت فەرسەنگە (٤٢کم). ڕووبارێکی مەزنی بەناودا تێ دەپەڕێ بەرەو "بەعقووبە" و بە ناوی ماڵەکانی شاری بەعقووبەدا دەبووڕێ و کەشتیی پیا دەڕوات (مەبەستی بەلەم و قایخە) بەرەو "باجسرە" هەرای بەناوبانگی فارس-موسولمان ساڵی ١٦ک (٦٣٧زا) لەم جێگەیەدا ڕووی داوە. موسوڵمانەکان هەموو شتێکیان دەربارەیان دەڕوانیت و هەر لەبەرئەوەی موسوڵمانەکان لەناکاو بەسەریانا دان، ناونرا جەلەولای بەسەرا کەفتوو (جلولاء الوقیعة).

(معجم البلدان پیتی خ). کە لە لایەن مێژوونووسەوە (ابن الاثیر) لە الکاملدا نووسیویە: هاشم کەوتە ڕێ بە (بابل مهروز)دا ڕابورد کوێخای وڵاتەکە بەئاشتی و بێ شەڕ لەگەڵ ڕێک کەوت بەو مەرجەی لاتەزەوییێ "جریب" درهەمی بۆ هەڵبژێرێ (؟!) و بەم جۆرە ڕێک کەوتن. ئینجا هاشم کەوتە ڕێ بەرەو "جەلەولا" و سوپای فارسی لە خەندەکەکانا گەمارۆ دا هەر ئەو ڕۆژە سەد هەزاری (؟!) لێ کوشتن. لاشەی کوژراوان وەک "ساجل" زەوییەکەی پۆشی، لەبەر ئەوە ناونرا "جەلەولا" (٢١/٢).

لە قسەکانی "ابن الاثیر"یشدا دوو شتی سەیر بەرچاو دەکەون:

یەکەم: بە "مهرود= ڕووبارە گەورە" دەڵێ: "بابل مهروز" لای وایە ئەم ناوە لە قورئانی کەریمەوە هاتووە (ببابل هارووت و مارووت) (سورە البقرە).

دووەم: جەختی لەسەر ئەوە کردووە کە ناوی "جەلەولا" لەوێوە هاتووە کە لاشەی کوژراوان وەکو "جل" سەرزەوییەکەی پۆشیوە. ئەو لەوە بێئاگایە کە "مەهەروود" واتە جۆگەی گەورە، هەروا لەوەش بێئاگایە کە ناوی "جەلەولا" لە "گوڵاڵە"ی کوردییەوە کراوە بە عەرەبی چونکە هەرێمەکە لە بەهارا یەکسەر گوڵ و گوڵاڵە بووە. گوڵزار و چیمەن وەکو فەرشی زومەڕەدین وەها بووە. خۆی (الکامل) لە جێگەیەکی تری، ئەم باسەمان زۆر بەجوانی بۆ ڕوون دەکاتەوە و نووسیویە:

ساڵی ٣٤١ک (٩٥٢زا) خەلیفە مەنصووری عەلەوی لە مانگی ڕەمەزانا بۆ گەشت و سەیران ڕووی کردە "جەلەولا" کە جێگەیەکە پڕ لە میوە بووە جۆری (ئەتروج)ی تێدایە کە لە زلی

بنجەکانیدا مانەندی نەبینراوە و وشتریک تەنیا دەتوانێ چوار بنجی هەڵبگرێ (!؟) جا خەلیفە هەندێ لەم (ئەتروج)ی بردووە بۆ ماڵ بۆ کۆشکی خۆی، لەوێ کەنیزەکێکی هەبوو- کە هاوسەرینی بوو- ئەتروجەکەی دیت زۆری لا جوان بوو داوای لە مەنصوور کرد بیبا بۆ "جەلەولا" (گولاڵە) کە خۆی بە چاوی خۆی ئەتروجەکە بە سەوزی ببینێ. مەنصوور گفتی دایێ و بەدەس و پێوەندەوە رووی کردە "جەلەولا" لەوێ چەند رۆژێ مایەوە، پاشان گەڕایەوە بەرەو "مەنصوریە" لەوێ تۆف و بارانێکی بەهێز کوتایانی، زۆر لە دەس و پێوەندەکانی هەر لەرێ مردن و خود "مەنصور"یش تووشی دەردێکی سەخت بوو و سەرەنجام مانگی شەوال بەو دەردە مرد. (٢٩/٨).

ئەم قسانە خۆی گەواهـ و بەڵگەیە کە جێگەکە گوڵ و گوڵزار و گولاڵە و سەوزەلان بووە وەک پارچە دیبایەکی سەوز، بۆیە هەر بە "گولاڵە" بەناوبانگ بووە و عەرەب کردوویانە بە "جەلەولا" لێرەدا با لە بیرمان نەچێ "کەرخ جودان"- واتە "قەرەخان"- خوێندەوار و مەلای باشی تیا هەڵکەوتووە، لە (الکامل)دا هاتووە:

سالی ٤٤٧ک (١٠٥٥زا) ئەبو القاسم مەنصوور کوری هەمزە کوری ئیبراهیم زانای رچی شافیعی کۆچی دواییی کرد کە خەڵکی "کەرخ جودان" (قەرەخان) بوو. (٦١٦/٩).

٤- سەعدیە (قزلرەبات): لە سەرەرێی خۆراسان -حەلەوان- سێ شار بەناوی "بهقباد=بیهقوباد" هەبووە: بیهقوبادی خواروو- ناوەند- سەروو ئەمانە لە ژوور دەستگرد (دەسکەرە)وە بوون، دوور نییە ئەم شارۆڵکەیە لە بنەڕەتا یەکێ لەو سێیە بێت، بەڵام لە سەدەی شەشەمی کۆچیدا ناوی "رەبات جەلەولا" پەیدا بووە لە "الکامل"دا (٦١٦/١٠) نووسراوە: توغرولی سەلجووقی کە بەرەو بەغدا هات لە "رەبات جەلەولا" لەشکربەزی کرد.

پاشان وەکو "سەید عەبدلرەزاق حەسەنی" لە کتێبی "العراق قدیما و حدیثا"دا نووسیویە ناوەکە لە بنەڕەتا "خوسرەو ئاباد" بووە، وەکو "دەوڵەت ئاباد= دیلتاوە= خالس" و نیعمەت ئاباد=نعیمە". ئەم ناوە کە سواوە بووەتە (خسراباد=قزرابات) بەڵام کە عوسمانییەکان هاتوون و کەلاوەی "رەبات"ە کۆنەکەیان دیوە کە بە کەرپووچی سوور بووە، وایان بۆ دەرکەوتووە ناوەکەی (قزراباد) لە "قزل ربات"ەوە هاتووە، ناوەکەیان بەکەیفی خۆیان گۆڕیوە بە (قزلرەبات).

کە دەوڵەتی عێراق کەوتە گۆڕینی ئەو ناوانەی عەرەبی نین شارەبانی کردە "مقدادیە" بە ناوی کابرایەکی مقداد ناو کە گۆری لەوێیە و (قزلرەبات)ی کردە (سەعدیە) بەناوی (سەعد کوری وەقـاس) و دێلتاوەی کرد بە خالص و "رازەروود" بە "بەڵەدرووز" و "میهرروود"ی کرد بە کەنعان..تاد.

ئەوەی راستی بێ دەربارەی مێژووی کۆنی قزرابات (سەعدیە) بەم ناوە هیچ یادداشت نەکراوە، سالی ١١٧٨ک (١٧٧٣زا) کەوتە ژێر فەرمانی "مەحموود پاشا بابان". "عەزاوی" نووسیویە: مەحموود پاشا سەرداری هەرێمی قەرەداخ بوو. ترسی لێ برا هەلات بەرەو بەغدا. والی، عومەر پاشا (قزلرەبات)ی دایێ و لەوێ داینا (٤٧/٦) (العراق بین احتلالین).

سالّی ١٢٠٥ک (١٧٩٠زا) ئیبراهیم پاشای بابان کە خۆی دابووە پالّ دەولّەتی ئێران، گەڕایەوە ولّات، وەزیر سلێمان پاشای والی ڕقی لێ هەستا و خستییە زیندان پاشان بەرەلّلای کرد و ڕێزی گرت و هێنایە بەغدا و لێی بوورد و دەستووری دا هەندێ لە دەس و پێوەند و سوارەکانی لە بەشیر و تازەخورماتووی دەوری کەرکووک نیشتەجێ بکرێن و هەندێکیشیان لە گوندەکانی قزلّرەبات– خانەقین– عەلی ئاوا و بۆ ژیانی خۆیشی تیماری خاصەی کەرکووکی بۆ تەرخان کرا (العراق بین احتلالین ١٠٩/٦).

سالّی ١٢٢٧ک (١٨١٢زا) دووبارە ناکۆکی کەوتە نێوانی میرانی بابان. محەمەد عەلی میرزای والیی کرمانشاە لایەنگری (عبدالرحمان پاشا) بوو، چەند جارێ داوای لە (عەبدولّلا پاشا)ی والیی بەغدا کرد کە عەبدلڕەحمان بگەڕێتەوە سەر کورسیی فەرمانڕەواییی بابان، بەلّام عەبدولّلا پاشا گوێی نەدایێ، لەبەر ئەوە محەمەد عەلی میرزا بە سوپاوە جما و ڕووی کردە دەوروبەری (قزراباد) و ئەو ناوەی تالّان کرد و خەلّکەکەی تەرتەوەرتە کرد (العراق بین احتلالین). بەلّام عەبدولّلا پاشا زۆر نەمایەوە کە دەس و پێوەندەکانی خۆی لێی ڕاپەڕین و داود ئەفەندی دەفتەرداریش کە خۆی دایمەزراندبوو، ئەویش دژی وەستا و خۆی دایە پالّ ئەمیرانی بابان، کە زۆر چاک پشتیوانییان لێ کرد، صادق بەگی برای والیش لە بەغدا هەلّات و ڕای کرد بەرەو "قزرابات". بەلّام پاشایان گێڕایەوە بەرەو بەغدا. پاش ماوەیەک داود ئەفەندی دەفتەردار لە جێی ئەو کرا بە والی، بە پایەی وەزیری. (العراق ٢٣٦/٦).

هەواڵنامەی کتێب



سالّی (١٢٣٦ک= ١٨٢٠زا) میستەر ڕیچ بەم ناوەدا تێپەڕ بووە و نووسیویە: ڕۆژی ٢١ی ئادار "شارەبان"مان بەجێ هێشت، پاش ماوەیەک شۆڕەوە بووین بەو پێدەشتەدا کە کوردەکان پێی دەڵێن "دەشت". (مەبەستی نێوان چیای حەمرین و چیاکانی خانەقینە) لەوێ هەندێ کەویل و زنج و قۆختە هەبوون. هی کوردە "سوورەمەڕی"یەکان (واتە خێوی مەڕی سوور کە لە بەهاردا بۆ چاندنی تووتن دێنە ئەم ناوە و گۆیا لەمەوبەر لەم ناوانەدا خێڵ و عێڵی عەرەبی خەزرەج- رەبیعە- ئەوس هەبوون و بڵاوەیان لێ کردبوو)، ئێمە لە کابرایەکی ڕێبوارمان پرسی (قزرابات) چەند لە دیالەوە (سیروان) دوورە؟ کابرا وەرامێکی سەیری دایەوە و وتی: "بر چبوق ئیچمە= قلیان کێشێ" ڕێگەکەمان بە خاکێکی شۆڕەکاتی قوڕولیتەدا ڕادەبورد، بەڵام هەردوو لای ڕێگەکە دەغڵی سەوز بوو، لێرەوە چاومان لە زنجیرە زورگێکی تر بوو لە پشت قزراباتەوە، کە ڕێک لەگەڵ ئەو ڕیزە زورگەی پیا هاتبووین بەرامبەر بوو. ئەم ڕیزە زورگە هی خانەقینە. کە هەر ئەو زنجیرە زورگ و هەڵەتەیە کە لە کەرکووکەوە دەست پێ دەکات و تا لوڕستان درێژا دەکێشێ. ئەوەی ڕاستی بێ شەوێکی خۆشمان بە کەیف و بەزم ڕابوارد، کە لە یەکێ لە لادێیەکانا ئاهەنگێکی ژنهێنان بەرپا کرابوو. شاییەکە دیمەنێکی زۆر سەیری هەبوو، هەندێکیان شیربازییان دەکرد، هەندێکیان لەبەر شەوقی شاپڵیتەدا چۆپی و هەڵپەڕکێیان دەکرد، خەڵکی ئەم ناوە بە تورکی و کوردی قسە دەکەن، فارسیش دەزانن، بەڵام کەس بەعەرەبی قسەی نەدەکرد. (رحلة ریچ لاپەڕە ٢٤٨/١ وەرگێڕاوی بەهائەدین نووری بۆ عەرەبی). وا دیارە پاش ئەم دەورانە بە پەنجا ساڵێ، ئنجا پاشاکانی جاف بوون بە خاوەن ئەم پێدەشتە کە (ریچ) پیا ڕابوردووە.

شارۆکەی سەعدییە (قزراباد) لە سەرەتادا دوو گەڕەک بووە: "چۆلەک" و "خالدی"، دانیشتووانی گەڕەکی "خالدی" کە بە بنەچە هەموویان لە عێڵەکانی "کەلور"ن خۆیان بەنەتەوەی "خالد کوڕی وەلید" دەدەنە قەڵەم.

ئەم نەخۆشییەی خۆهەڵواسین بە پیاوی ناودار و ئازادا دەمێکە بووەتە درم و پەتای کورد. لەگەڵ ئەوەشا هەموو لایێ زانیویانە کە "خالیدی کوڕی وەلید" نەتەوەی بڕاوەتەوە و لە شام هەموویان بەر درم و پەتا (تاعون) کەوتوون و مردوون و عێلانی کوردی "خالدی" لە بنەڕەتا هەموو پاشماوەی "کالدی"یەکانن، لە قزراباد دە مزگەوت هەیە "مزگەوتی گەورەی مەحموود پاشای جاف" و مزگەوتی خانەقای شێخ عارف.

بازاڕێکی بچووک و چەندان قوتابخانەی تێدایە. خوێندەواری بەناوبانگی تێدا نەبووە مەلا و شێخەکان خەڵکی جێگەی تر بوون: شێخ محەمەدی وانی و مەلا سەید حەکیم لە هەموویان ناسراوتر بوون، مەلایەکی نیمچە خوێندەواریش هەبوو ناوی "شێخ مەعصووم" بوو لەگەڵ شێختی و دوعا نووسین خەریک دەبوو.

### شوێنەواری ئاینی و دێرینەی خانەقین:

شاری خانەقین، دانیشتووانی زۆربەی کوردن و هەندێ ماڵی تورکمانیشی هەیە ئەمانە پاشماوەی مەغوول و قەرەقۆینلوو و ئاق قۆینلوون. شێوەی زمانی کوردی خانەقین کەڵوڕییە، خۆیان پێی دەڵێن باجەلانی، ڕچی ئاینیی هەرێمەکە سونێتییە و هەندێ شیعەشی تیایە، خەڵکەکە عەرەبی و فارسیش دەزانن. لە زۆر کۆنەوە خێرومەندان و پیاوچاکان ئەم مزگەوت و قوتابخانە ئاینییانەیان دروست کردووە:

١- مزگەوتی گەورە: وا دیارە لە سەردەمی عوسمانیدا دروست کراوە بۆ نوێژی هەینی، قوتابخانەیەکی ئاینیشی تێدایە، لەمەوبەر بنەماڵەی "قەرەداخی"یەکان لەوێ ئیمام و خەتیب و مودەریس بوون، هەر لە سەردەمی ئیبنولخەیاتەوە تا شێخ صالح، بەلام شێخ مستەفای برای شێخ صالح چووە حقووق و بوو بە مووچەخۆر و پایەی گەییە موتەصەریفی (محافظ).

٢- مزگەوت و خانەقای نەقشبەندی: ئەم مزگەوتە بە دەستووری شێخ عومەر زیائەددینی نەقشبەندی، لە لایەن خەڵکی شارەوە بەرپا بوو و دروست کرا، سەردەمێ مەلا محەمەدی جوانڕۆیی تیا ئیمام و خەتیب و مودەرس بوو.

٣- مزگەوتی مەجید بەگ: ئەم مزگەوتە لە لایەن مەجید بەگی بابانەوە دروست کراوە، سەردەمێ مەلا محەمەدی کەوانەدۆڵی لەوێ ئیمام و خەتیب و مودەرس بوو.

٤- مزگەوتی مستەفا بەگ: لە بەگەکانی باجەلان، سەردەمێ ئیمامەکەی مەلا عارف بوو.

٥- تەکیەی شێخ فەتاح: سەردەمێ مودەرس و ئیمامەکەی مەلا سەیید حەکیم بوو.

ئەم مەلا سەیید حەکیمە ساڵی ١٩٣٦ مودەریسی مزگەوتی گەورەی مەحموود پاشای جاف بوو لە قزرابات و ئیمام و خەتیبیش شێخ محەمەدی وانی بوو، لەگەڵ ئەوەشا هەردوو لایان کورد بوون زۆر ناکۆک بوون، پاش ماوەیەک مەلا سەیید حەکیم چووە خانەقین و لە مزگەوتەکەی خەزووری کەوتە تەدریس و ئیمامەت و لە چلەکانیشدا ماوەیەک لە بەغدا لە مزگەوتی "حسێن پاشا" لە حەیدەرخانە دەسبەسەر بوو.

٦- مزگەوتی حەسەن ئەفەندی وەکو سەرداب کەوتبووە بن جسرەکەوە.

٧- مزگەوتی مەزرەعە.

٨- مزگەوتی پاشا کوپری.

٩- حسێنیە گەورەکەی خانەقین برێتی بوو لە مزگەوتێک و ژوورێکی زۆر گەورە بۆ ڕەوزەخوانی.

١٠- حوسەینیەی مەزرەعە "مەلا شێخ موراد"ی زۆر عەنتیکە ڕەوزخوانی بوو.

١١- لە پاشا کۆپری (کەنیسە)یەکیش هەبوو هی مەسیحییەکان، وا دیارە جوولەکەکانیش هەیان بوو، بەلام ناوی تۆمار نەکراوە.

لە خانەقین وەکو زانراوە ئەم قوتابخانە دەوڵەتییانە هەبوون:

١- قوتابخانەی بەراییی کوڕان.

٢- قوتابخانەی بەراییی کچان.

٣- قوتابخانەی تێکەڵی (خالصە).

٤- قوتابخانەی جمهوریەی بەرایی.

٥- قوتابخانەی ناوەنجیی خانەقین بۆ کوڕان.

٦- قوتابخانەی ناوەنجیی خانەقین بۆ کچان.

٧- قوتابخانەی ئامادەیی بۆ کوڕان.

٨- قوتابخانەی ئامادەیی بۆ کچان.

لە پاش بەیاننامەی ١١ی ئادار ئەم قوتابخانانەش کران بەکوردی و هەموو دەرزەکانیان بە کوردی تێدا دەوترایەوە:

١- گوڵاڵە ٢- پێشەکی ٣- ڕاپەڕین ٤- هیوا ٥- مەولەوی ٦- سەرکەوت ٧- فریشتە ٨- خەبات ٩- ئازادی ١٠- برایەتی ١١- یازدەی ئادار (ناوەندی).

لە پێشا باسی ئەوەشمان کرد کە بازاڕێکی گەورە و چەند سینەمای تێدا بوو. هەروا لە دەوروبەری خانەقین وەکو هەموو شارەکان گوڕخانە و گومەزی زۆر لە پیاوانی ناودار هەبوو بۆ نموونە:

١- مەقامی ئیمام عەباس، وا دیارە پاشماوەی دەورانی قەرەقۆیونلوو بێ لە بەهارانا و لە جەژن و ڕۆژانی هەینیدا خەڵک بە هەزاران دەچوونە زیارەتی.

٢- مەقامی عەلەمدار: گوایە ئاڵاهەڵگری ئیمامی عەلی بووە.

٣- مەقامی باوە مەحموود: لە پیرانی کاکەییە، نێزیک بە باوە پلاوی.

٤- مەقامی خدرزیندە: لە ئەفسانەکانی ئاینیدا گوایە "خدر" ئاوی نەمری و جاویدانی خواردووەتەوە تا ئاخری دنیا هەر دەمێنێ و لە هەموو کون و کەلەبەرێکی کوردستاندا مەقامی هەیە. بنەماڵە دەروێشییەکان لایان وایە "ڕەمز"ە و سەرۆکی هەموو ئەولیایە.

٥- مەقامی سەیید عەبدوڵڵا: نێزیک بە پردی بەرد.

٦- مەقامی ئیمام ئەحمەد: یەکێکە لە پیرەکانی کاکەیی.

٧- مەقام قرخلەر: پاشماوەی دەورانی قەراقۆینلووەکانە ئەوان "یەدی قزلەر= حەوت کیژ" و "قرخلەر= چل کەس" و "اون ایکی امام= دوازدە ئیمام"یان لەم ناوەدا دامەزراند.

هەروا گەلێ مەقامی تری.

با بێینە سەر باسی عێل و خێڵانی قەزای خانەقین:

هەولامی کتێب

لە کتێبی "خلاصە تاریخ کردستان"دا نووسراوە:

"بە پێی ئەو ڕوونکردنەوەیانەی حکوومەتی عێراق دەربارەی عەشایەری وڵات ئامادەی کردووە، لە قەزای خانەقیندا ٢١ عەشیرەتی کوردی تیایە هەندێ زۆر گەورە و هەندێ بچووک کە ژمارەیان دەگاتە نێزیکەی ١٦ هەزار کەسێ". (لاپەڕە؟؟).

ئەمەش ناوی هەندێ لە عێل و خێڵاتە بەناوبانگەکانە:

١- جاف: ئەم عێڵە گەورەیە لق و پەلی زۆرە، لەمەوبەر سەر بە قەزاکانی: خانەقین، کفری، هەڵەبجە بوون. ئەمڕۆ هەموو سەر بە قەزای کەلارن و لەمەوبەر بە ٦٠ بڕ و خێڵی گەورە دراونە قەڵەم، ئێرە جێی ناونووسییان نییە.

٢- باجەڵان: لەمەوبەر لە نێوانی خانەقین و زەهاودا بوون لە سەدەکانی ٩-١٠-١١ی کۆچیدا ئەمارەتی باجەڵان هەبوو.

هەندێ نووسەری وەکو "عەزاوی" ئەم عێڵەیان بە عێڵانی پاشماوەی مەغوول داوەتە قەڵەم و لە وشەی "باجەڵان"دا بە هەڵەچوون گوایە "باج ئالان"ە- هەروا هەندێ نووسەری عەرەبی وەکو "مەحموود خەتاب" وایان داوەتە قەڵەم کە "باجەڵان" لە ناوی کابرایەکی "بوجەیل" ناوەوە هاتووە. کە هەردوو بیروباوەڕەکە هەڵەیە. ئەم عێڵە لە خانەقین و لە دەرەوەی موسڵیش شێوەی زمانیان گۆرانییە و لە بنەڕەتا ناوەکە "بادگەڵان= پایگەلان"ە، ئەم عێڵە گوایە پازدە خێڵ و بەرەی گەورەیە.

٣- سورەمەری و، ٤- زەرگۆش: ئەم دوو عێڵەکە بەشێکی زۆریان لە دەوروبەری قزڵڕەبات و خانەقین لە بنەڕەتا لە عێلانی لەکی لەکستانی "رام هورمرز"ن و گەلێ بنەماڵەیان بە شار و دێی کوردستانا بڵاو بوونەتەوە، لەناو داووده (ناوچەی تاوق) لەک هەیە و لە دەوری کۆیە (لەک) هەیە.

٥- ئەرکەوازی: لقێکی گەورەی سەنجاوی "سەنگاوی"یە. سەدان ساڵ لەمەوبەر بەشێکی گەورەی زەنگنەی دەوری سەنگاو ڕەویان کردووە بۆ زەهاز و مایدەشت، فارسەکان وەکو یاسایانە هەمیشە زۆربەی پێتی "گ" دەگۆڕن بە "ج" سەنگاوی دەکەنە سەنجاوی، زەنگان دەکەنە زەنجان گورگان دەکەنە جورجان. عێڵی ئەرکەوازی وەکو زەنگنەی ئەسڵی، کە بە بنەچە لە (زەنگان)ەوە هاتوون شێوەی زمانیان گۆرانییە.

٦- زەنگنە: گەرچی نیشتەجێی سەرەکیی زەنگنە لە کوردستانی عێراقدا ناوچەی "قادرکەرەم" و "گوگتەپە"ی سەنگاوە و پایەتەختی فەرمانڕەواییان "قەیتوول" بووە، بەڵام زۆریان کەوتوونە جێگەیانی تری کوردستان وەک خانەقین و دەوری مووسڵ.

٧- جمور: عێڵێکی زۆر گەورەی کۆچەری سەر بە خانەقینە، لەمەوبەر تا زەهاو لە هاتوچوونی خێڵەکیدا بوون ناوەکەیان لەگەڵ "جبور"ی عەرەبی پێوەندیی نییە، لە وشەی "گەمور= زۆرگەڕ"ەوە هاتووە کە دەکا متجول، رحال.

٨- بەرزنجە: بنەماڵە بەرزەنجەییەکان بەهۆی دەسەڵاتی شێخێتی و دەوڵەتەوە دەستیان گرتووە بەسەر دێهات و گوندێکی زۆردا لە مەیدان و ناوی عەشیرەتی بەرزنجەی وەرگرتووە.

٩- کاکەیی: عێڵی کاکەیی لە عێڵە هەرە کۆن و زۆر گەورەکانی کوردە کە بە شێوەی گۆرانی دەئاخێون، لە بنەڕەتا لە دەوروبەری باوەیادگار و بەرزنجە و کرندەوە هاتوون بەرەو خوار هەندێکیان لە "مەندەلی" هەندێ لە (خانەقین) هەندێ لە دەوری (تاوق) هەندێ لە دەوری کەڵەکی یاسین ئاغا و جێیانی تر نیشتەجێ بوون، ئەمانە هیچ پێوەندییەکیان بە (عەلی ئیلاهی)یەوە نییە. کە مێژوونووسە نەزانەکان بۆیان هەڵدەبەستن، ئەمانە پاشماوەی دینێکی کۆنی هەزاران ساڵەی کوردن، کە (داو) پەرستییە.

١٠- تائشەیی: یەکێکە لە تیرەکانی جاف.

١١- شەرەفبەیانی، یەکێکە لە تیرە هەرە کۆنەکانی کەڵوڕ، هیچ پێوەندییەکیان لەگەڵ جاف نییە.

١٢- دەلۆ: یەکێکە لە عێڵەکانی کەڵوڕی کۆن، بڵاوەیان کردووە بە خانەقین-کفری-سەنگاودا.

١٣- خالدی: لە لقەکانی کەڵووڕە، دامەزرێنەری گەڕەکی (خالدی)ن لە قزرابات (سەعدیە).

١٤- جگە لەم عێڵە گەورانە، وردە بەرە و عێڵی تر زۆرن وەکو ڕۆژبەیانی، عومەربل، زەند..

١٥- لە سەردەمی دوایی عوسمانی و سەرەتای هاتنی ئینگلیسدا شێخانی تاڵەبانی دەسەڵاتێکی زۆریان پەیدا کرد و گەلێک ئاوایی و جۆگە ئاویان لە دەوڵەت بە قەباڵە وەرگرت و بەسەر دێکاندا زاڵ بوون و ناوی عەشیرەتی (تاڵەبانی)یان بەسەریانا بڕی، لە ناوچەی قۆڕەتوو و مەیدان.

ئەمانە بوون لە هەندێ عەشیرەتە کوردە بەربڵاوەکان. "عەزاوی" ناوی "قەرەئولوس"ی خستووەتە دەوری خانەقین ئەوەی ڕاستی بێ "قەرەئولوس" سەر بەمەندەلییە و لە کتێبی بەندەنیجیندا باسمان لێیان کردووە.

ئەمە هەندێکە لە مێژووی کۆنی "خانەقین" بۆ ناسنامەی هەرێمەکە یادداشت کرا.

# حیزبی هیوا ١٩٣٩-١٩٤٥
# دوو ڕەوت، یەک کۆتایی

د. نەجاتی عەبدوڵڵا

"ئەی خودایا بۆم بنێری قاسدێکی سینە ساف
بچێتە خزمەتی کۆمەڵی هیوا و حەرفی ژی و کاف
گیر نەبی بڕوا لە قەولی من بچێ پێیان بڵێ
ئەی مودیری ئیتیحاد و ئەی مەداری ئیئتلاف"
-مەلا مارفی کۆکەیی-

هەواڵنامەی کتێب

## پێشبار

حیزبی هیوا یان کۆمەڵەی هیوا (١٩٣٩-١٩٤٥) یەکێکە لەو ڕێکخراوە کوردییانەی کە لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستاندا ڕۆڵێکی دیار و بەرچاوی هەبووە، بەڵام تا ئێستا هیچ لێکۆڵینەوە و توێژینەوەیەکی زانستیی شایانی بۆ تەرخان نەکراوە. ئەوەی تا ئێستە نووسراوە لە دامێنی ئێرە و ئەوێی چەند کتێبێک و لە باشترین شێوەشدا لە چەند گێڕانەوەیەکی زارەکی تێپەڕیان نەکردووە. جگە لەوەش گێڕانەوەکانیش زۆر ڕوانینی جیاواز و پێچەوانەیان تێدایە کە خۆیان یەکتری ڕەتدەکەنەوە. سەرچاوە بێگانەکانیش بە هەمان دەردی سەرچاوە کوردییەکان جیاوازی و گێڕانەوەی زۆریان تێدایە. پرسیار ئەوەیە مێژووی ئەم حزبە بۆچی تا ئێستە وا بە تەماوی ماوەتەوە و خاوەنی ئەم مێژووە ونەیە؟ بێگومان هۆی سەرەکی بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە تاوەکو ئێستا فاکت و ماتریالی تایبەت بەو حزبە نە لەبەر دەستدان و نە وەگیر کەوتوون. ئێمە پێمان وایە لێکۆڵینەوە لە مێژووی ئەم حزبە هەروا بە نا تەواوی دمینێتەوە تاوەکو:

- هەموو ڕۆژنامە و چاپەمەنی و بڵاوکراوەکانی ئەو سەردەمەی عێراق و بەڵگەنامە نهێنییەکانی بەغدا بەسەر دەکرێنەوە.
- هەموو ڕۆژنامە و چاپەمەنی و دەکۆمێنتەکانی ئینگلیز بەسەر دەکرێنەوە.

– هەموو دەکۆمێنتەکانی باڵیۆزخانەکانی: ئەمەریکا، ئینگلستان، یەکەتیی سۆڤیەت، چین لە بەغدا بەسەر دەکرێنەوە.

– هەموو بەڵگەنامەکانی حیزبی (هیوا) خۆی و هەموو ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردی و عێراقییەکانی ئەو سەردەمەی کوردستان و عێراق بەسەر دەکرێنەوە.

– یادداشت و بیرەوەرییەکانی ئەندامانی حزب و ئەرشیفی حزب خۆی و بە تایبەتیش ئەرشیفی (سەرۆکی بالا)، ڕەفیق حیلمی[1] بەسەر دەکرێنەوە.

ئومێدەوارم ئەم باسەی ئێمە ببێتە سەرەتایێک بۆ چەندان کار و لێکۆڵینەوەی دیکەی زانستیی بابەتێک کە دەشێ بە هەق چەندان نامەی دکتۆرای بۆ تەرخان بکرێ. ئێمە لەم کورتە بەرچاو خستنەدا هەوڵمان داوە بەخێرایی چەند تیشکێک بخەینە سەر ئەم مێژووە و ئەوەندەی لە توانا بووبێ چەند کەلێنێک لە حەشارگە زۆر و زەوەندەکانی ئەم مێژووە پڕ بکەینەوە و لەگەڵ ئەوەشدا چەند پرسیارێک بورووژێنین، کە هیواداریین وەڵامەکان جیاواز بن و خوێندنەوەکانیش سێبەری چەند پرسیارێکی دیکە بە شوێن خۆیانەوە جێ بهێڵن.

یەکەم– ئەلف: ڕەوشی مێژوویی جیهان لە بەرایی جەنگی دووەمی جیهانیدا

ساڵی ١٩٣٤، ئیمپراتۆریای ژاپۆن خۆی لە کۆمەڵەی گەلان SDN هێنایە دەرەوە، دوای گەیشتنی ئەدۆلف هیتلەریش بۆ سەر حوکم، ئەڵمانیاش لە ساڵی ١٩٣٤ خۆی لە ئەندامێتیی کۆمەڵەی گەلان هێنایە دەرەوە و بە پێچەوانەی پەیماننامەی ڤێرسای Versailles سوپایێکی مۆدێرنی Luftwaft دروست کرد. ساڵی ١٩٣٥ مۆسۆلینی بە پشتیوانیی هیتلەر ئەسیوپیای داگیر کرد. هیتلەر و مۆسۆلینی و فرانکۆ ساڵی ١٩٣٦ بەرەی تەوەرە Axe یان دروست کرد. دواتر ژاپۆن و ئەڵمان پەیماننامەی ئەنتی–کۆمنترن Anti_komintern یان دروست کرد. ئاداری ساڵی ١٩٣٨ هیتلەر پەلاماری نەمسای Autricheدا و داگیری کرد و لە ١ی سێپتامبەری ١٩٣٩شدا نیوەی پۆلۆنیای داگیر کرد. فرەنسا و ئینگلستان جەنگیان دژ بە ئاڵمان ڕاگەیاند و جەنگ هەموو دونیای تەنییەوە. بەهاری ١٩٤٠ هیتلەر لە چەند ڕۆژێکدا: دانیمارک، نەرویژ، هۆڵەندا، بێلژیکی داگیر کردن. پاریس داگیر کرا و ئینگلیز بە تەنیا لەبەرامبەر ئاڵماندا مایەوە. تا حوزەیرانی ١٩٤١ یەکەتیی شوورەوی لە جەنگدا بێلایەن و تەماشاکار بوو، لەم مێژووە بە دواوە هیتلەر پەلاماری شوورەویی دا و تا ٢٥ کیلۆمەتری نێزیک شاری مۆسکۆ هەڵکشا، ئیدی بەرەکانی جەنگ فرەوانتر بوون. لە ڕۆژهەڵاتیشدا تەواوی کۆلۆنییەکانی عارەبی، خوارووی کوردستان، بەشێکی خاکی ئێران لەژێر قەڵەمڕۆی بەریتانیای فەخیمەدا بوون. بەڵام بەشێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەژێر کۆنترۆڵی ڕووسەکان و تورکیاش لە جەنگدا هاوپشتی ئاڵمان بوو[2]. لە گەرمەی ئەم جەنگەدا، لە کاتێکدا کە ئینگلیز هەموو هێزێکی خۆی تەرخانی جەنگ دژ بە ئەڵمانیا کردبوو، پاراستنی ئارامی لە خوارووی کوردستان بۆ ئینگلیز گرینگییەکی تایبەتی خۆی هەبوو، بۆیە بە هیچ شێوەیەک

نەیدەویست سەرقاڵی جەنگ بێ لەگەڵ کورد. مەبەستمان لەم کورتە چاو پێدا خشاندنەدا تەنیا وەدیارخستنی ئەو ڕەوشە جیهانییەیە کە حیزبی (هیوا)ی تێدا لە سەرەتای جەنگی دووەمی جیهانی لەدایک بوو و گەشەی کرد و دواتریش هەر لە کۆتایی جەنگدا بە هێمنی ون بوو.

یەکەم- بێ: ڕەوشی سیاسیی عێراق لە بەراییی جەنگی دووەمی جیهانیدا

لە ڕۆژی ٢٩/ ١٠/ ١٩٣٦، لە عێراق جەنەراڵ بەکر سدقی[٣]، سوپاسالاری عێراق لەڕێگەی کۆدەتایێکی سپیی سەربازییەوە دەستی بەسەر تەختی حوکمڕانیی عێراقدا گرت. سدقی دوژمنی خوێنینی ئینگلیز و دۆست و هەواداری ئاڵمان بوو و ژنەکەشی هەر ئاڵمانی بوو. دوای ئەم کودەتایە حکومەتێکی نیشتیمانیی لە عێراق بە سەرۆکایەتیی حیکمەت سولێمان دامەزرا. دوای کەمتر لە ساڵێک ئینگلیز بە هەر چەشنێک بوو توانییان لە ڕێگەی چەند ئەفسەرێکەوە لە شاری موسل لە ١١ی ئابی ١٩٣٧ بەکر سدقی تیرۆر بکەن[٤]. ئینگلیز هێشتا لە دەسەڵاتی بێبەستی (ڕەها) خۆیان لە عێراق دڵنیا نەبوون، هێشتا مەلیک غازی هەر مابوو کە دوژمنی سەرسەختی ئینگلیز بوو. مەلیک غازی لە ٤ی ئەیلولی ١٩٣٩ ئەویش بە تەونێک لە تەونە زۆرە سیاسییەکانی ئینگلیز سەری تێدا چوو. ئاسۆی جەنگی جیهانیی دووەم خەریک بوو بەرە بەرە توندتر هەڵدەکشا. لە ئاورووپا ئینگلیز بە تەنیا لە بەرامبەر ئاڵماندا مابووەوە. زۆری نەبرد ئەم جارە لە ٢ی مایسی ١٩٤١ کۆمەڵێک ئەفسەری سەر بە ئاڵمان بە هاوپشتیی ئاڵمان کۆدێتای ڕەشید عالی گەیلانی- یان ڕاگەیاند و حکوومەتێکی نوێی سەر بە ئاڵمان pro_Allemande یان دروست کرد. ئینگلیز سەری هەوایان لێ چوو بوو بە ئاسماندا و بە چرا بە شوێن ڕێگەیەکدا دەگەڕان بیانگەیەنێتەوە بۆ ناو عێراق. لێرەدا دەکرێ پرسیارێک بکەین تۆ بڵێی باسکی بەهێزی حیزبی (هیوا) لەو سەروبەندەدا واتە لەدوای نیوەی دووەمی ١٩٤١ەوە لە کوردستانی عێراق بۆ ڕووناکیی ئەو چرایە نەگەڕێتەوە کە ئینگلیزەکان دەیانەویست پێی بگەڕێنەوە بۆ ناو عێراق. وەختایەکیش ئینگلیز گەیشتنەوە ناو عێرق ئیدی ئەم جارە بە پێچەوانەوە خەریکی چنینی تەونی ناکۆکی و دووبەرەکی بوون لەناو حیزبی هیوا؟ یان تۆ بڵێی حیزبی (هیوا) لە هاوکێشەی ستراتیجی جەنگی ئینگلیز دژ بە ئاڵمان بە دوور بێ؟ ڕەنگە لێکدانەوەی ئەوەی بۆچی حیزبی (هیوا) لە بەراییی ساڵەکانی جەنگی دووەمی جیهانیدا گەشەی سەند و بۆچی دواتر هەر لەگەڵ کۆتایی هاتنی تۆپەکانی جەنگیش زۆر بەهێمنی کۆتایی هات، زێتر ڕێگەمان بۆ خۆش بکات بۆ وەگێرخستنی وەڵامێکی ئەم پرسیارەی سەرەوەمان. بەهەرحاڵ وەڵامی ئەم پرسیارانە جێ دەهێڵین بۆ ئەو دەمانەی هەموو دۆکۆمێنت و زانیارییەکان دەکەونە بەر دەست، بەڵام تا ئەو کاتە ورووژاندنی ئەم پرسیارانە، ڕەنگە بێسوود نەبێ، هەر هیچ نەبێت بۆ ئەوەی گەرای چەندان وەڵام و خوێندنەوە و دیدی جیاواز دابنێت.

یەکەم- جیم: ڕەوشی سیاسیی کوردستان لە بەرایی جەنگی دووەمی جیهانیدا

دوای تێکشکاندنی بزووتنەوە ترادیسیۆنە چەکدارییەکەی شێخ مەحموود، قورسایی خەباتی

سیاسیی بزووتنەوەی کوردایەتی گەیشتە ناو شارەکانەوە. ڕەنگە ڕاپەڕینی خوێناویی شەشی ئەیلوولی ١٩٣٠ی بەردەرگای سەرای شاری سلێمانی سەرەتای هەنگاوێکی نوێ و سادە بووبێ لە خەباتی شارنشینیی شارەکاندا. گرۆی تازە چەکەرە کردووی سیاسیی ناو شارەکان بە دوای شێوەیەکی دیکەی خەباتدا دەگەڕان. دەکرێ سالانی سییەکان بەمێژووی سەرەتای وەدیارکەوتنی حزبایەتی دابنێین لە خاورووی کوردستاندا. لەو ساڵە بە دواوە لە مێژووی خاورووی کوردستاندا ئەم حزب و کۆمەڵە سیاسییانە چ بە نهێنی و چ بە ئاشکرا وەدیار کەوتوون: کۆمەڵەی لاوان لە بەغدا ساڵی ١٩٣٠ لەژێر چاوەدێریی مێژوونووسی کورد ئەمین زەکی بەگ دامەزرا، کە زێتر کۆمەڵەیەکی کولتووری و کۆمەلایەتی بوو. لە ٣٠ی مایسی هەمان ساڵ، یانەی سەرکەوتنی کوردان بە چاودێریی مارف چیاوک و تۆفیق وەهبی دامەزرا، کە زێتر کۆمەڵەیەکی کۆمەلایەتیی سیاسیی بوو. لە ساڵی ١٩٣٥ کۆمەڵەی (فیدائی نیشتمان) بە سەرۆکایەتیی حەمە ئاغای ئاوەرەحمان ئاغا لە سلێمانی دامەزرا، کە تا ساڵی ١٩٣٦ درێژەی هەبوو. ئەم کۆمەڵەیە ڕێکخراوێکی نهێنی بوو لەلایەن عیززەت بەگ، تۆفیق قەزاز، ڕەمزی حاجی فەتاحەوە بەڕێوە دەچوو[٥]. ساڵی ١٩٣٦ لەگەڵ کۆدێتاکەی بەکر سدقی و دەستبەرکار بوونی وەزارەتی حیکمەت سولێمان، کەشێکی کەمێک هێمن بۆ کورد هاتە پێشەوە. لە ١٠ی ئاداری ١٩٣٧ لەلایەن شێخ لەتیفی کوڕی شێخ مەحموودەوە کۆمەڵەیەکی نهێنیی سیاسیی لە سلێمانی بە ناوی کۆمەڵەی (برایەتی)یەوە دامەزرا، کە خوازیاری سەربەخۆیی و دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بوو. سالێک دواتر، واتە لە ١٩٣٨ لاوانی کورد لە سلێمانی لە ڕێکخراوێکی نەتەوەیی نهێنیدا بە ناوی (کۆمەڵەی ئازادیی کورد) خۆیان ڕێک خست. سەرەتای ساڵی ١٩٣٧ لە هەولێر، کۆمەڵەی (دارکەران)، کە کۆمەڵەیەکی نهێنیی نەتەوەیی بوو دامەزرا. بەهەمان شێوە کۆمەڵەی (دارکەران) توانیی لە (کەرکوک) و (سلێمانی)یش لقی خۆی بکاتەوە. بۆیە دەکرێ بڵێین حیزبی هیوا دایکی هەقیانەی هەموو ئەم ڕێکخستنە بچووک بچووکە ناوچەییانە بوو، کە دواتر هەموویان بۆ ماوەی شەش ساڵ ڕژانە ناو ڕووباری سیاسیی حیزبی هیواوە و دوای ئەم مێژووەش بۆ چەند لق و گرووپی جیاواز جیاواز دابەش بوو.

دووەم- ئەلف: هیوا- ناسنامەی کوردستانیبوون

ئەگەر وەک ئێرنست گێلنەر Ernet Gellner گوتەنی بشێ نەتەوە Nationبە چەمکە سیاسییەکەیەوە لەسەر دوو کۆڵەگەی (ویست) volonté و (کولتوور) culture پێناسە بکەین[٦]. دەکرێ ئەو کاتە بەمانا سیاسییەکەی باس لە بوونی نەتەوەیەک بکەین کە هەردوو ڕەگەزی (ویست) و (کولتوور) لەناو یەک یەکەی سیاسیدا تێکەڵ ببن. لەوەی سەرەوەدا دەکرێ بڵێین کە کورد بۆ پرۆسێسی بەنەتەوە بوونی خۆی، نە خاوەنی ئەم (کولتوور)ە بووە و نە ئەم (ویست)ەشی هەبووە، کە لە یەک یەکەی سیاسیدا پرۆسێسی بە نەتەوەبوونی خۆی ڕابگەیەنی. کۆمەڵێک فاکتۆر و هۆی ناوەکی و دەرەکی لەمەدا دەوریان بینوە. ناسیۆنالیزمی کورد زێتر پرۆژەیەکی نابەکام یان لە باشترین حاڵەتدا بەرتەکی کاریگەرەکانی دەرەوە بووە و بەرهەمی پەرەسەندنی ناوەوەی ڕەوشی کۆمەڵگەی کوردستان نەبووە.

ناسیۆنالیزمی کورد (ئەگەر بشێ ئەو ناوەی لێ بنێین) چونکە ناسیونالیزمێکی ئیتنیکی بووە، بۆیە وەک هەمیشە لایەنە دیموکراتییەکەی لە دەست داوە. حیزبی (هیوا) لەناو کۆمەڵگەیەکی تا ناخی ئێسک نامۆ بە خۆ و بەکولتووری خۆی، بەدوای هیواکانی خۆیدا دەگەڕا و دەیەویست "ئێمە" لە "ئەوان"، یان لە "ئەوانی دیکە" جیا بکاتەوە. ئەو "ئەوان"ەی کە دەیانەویست ناسنامەی کوردستانیبوونی "ئێمە" بسڕنەوە و لە ناو بۆتەی (ئەوان)ی خۆیاندا لە قالبمان بدەن. حیزبی (هیوا) زیاتر پڕۆژەی هیوایەکی کوردی بوو بۆ سڕینەوەی سنوورە دۆزەخییەکانی (ئەوان) و بە (ئێمە) بوونەوەی ئێمە. بەڵام هێشتا لەدایک نەبوو بوو، پێشتر بڕیاری مەرگی بۆ درابوو.

دووەم- بێ: هیوا- گەڕانەوەیەک بۆ سەرەتا

لە ئیتالیا، لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمدا، بزووتنەوەی Risorgimemto، واتە (ژیانەوە) کۆمەڵەیەکی نهێنییان بە ناوی (کاربۆناری (Carbonariواتە کۆمەڵەی (دارکەران)ەوە هەبوو کە لە دژی داگیرکارانی نەمسا، کە بەشێکی خاکی ئیتاڵیایان داگیر و پارچەپارچە کردبوو، خەباتی دەکرد. ئەم کۆمەڵەیە خوازیاری دامەزراندنی کۆمارێکی دیموکراتی یەکگرتوو بوون و خەونیان بە سەربەخۆیی ئیتالیاوە دەبینی. دوای زێتر لە سەدەیەک کۆمەڵە گەنجێکی کورد، کە زۆربەیان هێشتا قوتابیی ناوندی و ئامادەیی بوون. لە ساڵی ١٩٣٧ بەچاولێکەریی ئەم کۆمەڵە ئیتالییە ناسیونالیستە، کە هەر تەنیا لەڕێگەی کتێبە مێژووییەکانەوە خوێندبوویانەوە، لە شاری هەولێر[٧] کۆمەڵەیەکی نهێنی بە هەمان ناوی کۆمەڵەی (دارکەران)ەوە دامەزرێنن، کە ناوی کۆمەڵەکە لە سەر پێشنیازی (دڵدار)ی شاعیر بووە.

دەستەی دامەزرێنەری ئەم کۆمەڵەیە ئەوانەی تا ئێستە زانراوە ئەمانە بوون:

١- موستەفا عەزیزی، ٢- موسا عەبدولسەمەد، ٣- خەلیل ئەحمەد، ٤- جەلال قادر، ٥- فەتاح جەبار، ٦- نورەدین بەهائەلدین، ٧- یونس ڕەئووف (دڵداری شاعیر)، ٨- ئیحسان حاجی باخچەچی، ٩- نورەدین ناوێک (خەڵکی شاری کەرکووک بووە).

کۆمەڵەی (دارکەران) خاوەن ڕەوتێکی ناسیونالیستی کوردستانی بوو، ئەم کۆمەڵەیە تا سەرەتای ساڵی ١٩٣٩ هەر لەسەر شێوەی ڕێکخستنێکی نهێنی مایەوە و بەشێوەیەکی نهێنی درێژەی بە ژیانی ڕێکخراوەیی خۆی دەدا. سەرەتای ساڵی ١٩٣٩، کۆمەڵەی (دارکەران) بیر لەوە دەکەنەوە، کە سەرۆکێک بۆ کۆمەڵە هەڵبژێرن کە هەم قورساییی ڕێکخراوەکە زیاد بکات و هەم ڕەنگ و دەنگێکیش بێ لە گۆڕەپانەکەدا. بۆ ئەم مەبەستە کۆمەڵێک ناوی پیاوی سیاسیی گەورەی کورد دیاری دەکەن بۆ پێوەندی پێوە کردن وەک: (تۆفیق وەهبی، ئەمین زەکی بەگ، ڕەفیق حیلمی، مەعرووف چیاوک، ماجد مستەفا، جەمال بابان)، دواتر هەموویان بڕیار دەدەن، کە پیوەندی بە ڕەفیق حیلمی-یەوە (١٨٩٨-١٩٦٠) بکەن، کە هەم خاوەنی ڕابووردوویێکی سیاسیی دوور و درێژ و هەم ڕووناکبیرێکی گەورەی کوردیشە و لەسەر ئاستی سیاسیدا جێگەیەکی دیاری هەیە. وەک

موسا عەبدولسەمەد دەیگێڕێتەوە دەڵێت: (وەختایەک چووینە بەغدا، ڕەفیق حیلمی بانگی ماڵەوەی خۆیانی کردین و گوتی: ئێوە ڕێکخراوێکی نهێنیی تایبەت بە هەولێرتان دامەزراندووە، حەز دەکەم شتێکی لێوە بزانم)[8]. لەسەر خواستی کۆمەڵەی (دارکەران) ڕەفیق حیلمی ڕازی دەبێت بچێتە ناو کۆمەڵەکەوە بە مەرجێک هەر خۆی (سەرۆکی باڵا)ی حزب بێ، کۆمەڵەی دارکەرانیش ئەم مەرجە قەبووڵ دەکەن[9]. بەچوونە ناوەوەی ڕەفیق حیلمی بۆ ناو کۆمەڵەی دارکەران، دەستەی دامەزرێنەری کۆمەڵە، ڕەفیق حیلمی بۆ شارۆچکەی (شەقڵاوە) بانگهێشت دەکەن. لە شەقڵاوە لە بێستانی جەمیل بەگی میران، دەستەی دامەزرێنەری کۆمەڵە بەنهێنی لەگەڵ ڕەفیق حیلمی کۆ دەبنەوە و دوایی دەگەنە ئەو ئەنجامە کە حزبێک بە نێوی (هیوا)وە دروست بکەن[10]. هەڵبژاردنی ناوی (هیوا) خۆی لەخۆیدا ڕوویێکی کوردستانیەتی حزبەکە دەستنیشان دەکات، کە بە نێوی هەمان ئەو کۆمەڵە سیاسییە کوردستانییەی قوتابییانیان کردەوە، کە ساڵی ١٩١٢ لە ئەستەمووڵ لە لایەن قەدری جەمیل پاشا، جەراح زادە زەکی و فوئادی تەمۆ-وە دامەزرا. ئەمیش زێتر ڕێکخراوێکی کوردستانیی قوتابییان بوو و خاوەنی ڕەوتێکی کوردستانی و سەربەخۆ خواز بوو.

ئاهەنگی دامەزراندنی حیزبی هیوا هەر لە بێستانی جەمیل بەگی میران، بە ئامادەبوونی ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەر و بە ئامادەبوونی خەلیل خۆشناو بەڕێوە چوو. بە پێی دەستوورێک ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەر خەنجەرێک، کە نیشانەی خەبات و ئازایەتیی کوردە لەگەڵ قورئانێک بۆ سوێند خواردن بە ڕەفیق حیلمی دەدەن. حیزبی هیوا زێتر ڕەوتێکی کوردستانیی وەرگرت و خەریک بوو پەلی بۆ هەموو کوردستان دەکێشا. (مەرکەزی حزب لە بەغدا بوو، پەلی بۆ هەموو وڵاتەکانی کوردەواری هاویشتبوو، تەنانەت بۆ ئێران و (سوریا)ش. ئەتوانری بووتری ئەم حزبە تا ئەو تاریخە لە گەورەترین حزبێکی کوردی بووە)[11].

ئێستە با بگەڕێینەوە بۆ شاری سلێمانی، لەوێ ساڵی ١٩٣٧ کۆمەڵەی (برایەتی) لەلایەن شێخ لەتیفی کوڕی شێخ مەحموودەوە دامەزرا، ئەم کۆمەڵەیە زیاتر کۆمەڵەیەکی کوردستانی بوو و خوازیاری سەربەخۆییی کوردستان بوون. وەک کۆچێرا گوتەنی ئەم حزبە بەپلەی یەکەم، حزبی بۆرژوا و پیاو ماقووڵەکان بوو، وێنە بەرچاوەکانی (محەمەد سدیق شاوێس، ئیسماعیل حەقی شاوێس و مەلا ئەسعەد بوون)[12]. ساڵێک دواتر، لاوانی کورد لە سلێمانی لە ڕێکخراوێکی نهێنیی نەتەوەیی بەنێو کۆمەڵەی (ئازادیی کورد) خۆیان ڕێک خست، کە ئەمە زێتر لە کۆمەڵەی (برایەتی)یەوە نێزیک بوو.

لە نیوەی دووەمی، ساڵی ١٩٤١ هەر سێ گرووپی کوردستانی (کۆمەڵەی ئازادیی کورد) و (کۆمەڵەی برایەتی) و (حیزبی هیوا) خۆیان لەناو حیزبی (هیوا)دا دەتوێننەوە. ئەم پرۆسیسی یەکبوون و یەکگرتنەوەیە بە دەستپێشخەریی ئەفسەرە کوردەکان بووە، کە من پێم وایە هەر بە تەنیا ویستی کورد خۆی نەبووە. ڕەنگە لە یەک کاتدا هەم ویستی ئینگلیز و هەم ویستی کوردیش خۆی بوو بێ، بە تایبەت لە کاتێکدا ئەگەر ئەوەمان لەبەر چاو بێ، کە کۆدێتاکەی ڕەشید عالی

گەیلانی لە نیسان-ئایاری ١٩٤١دا بەرپا بووە. بەم شێوەیە حیزبی هیوا بوو بە تاکە حیزبی کوردستانی عێراق و بە ئاشکرا بارەگەی لە بەغدا کردەوە. هەروەها هیوا لقی لە هەموو شارەکانی کوردستان: (هەولێر، موسڵ، کەرکووک، سلێمانی، ناوچەی بادینان، خانەقی، کفری) کردەوە. بەگوێرەی مەکدۆیل McDowell حیزبی هیوا ١٥٠٠ ئەندامی هەبووە[١٣]. بەڵام مەکدۆیل سەرچاوەکەی دەستنیشان نەکردووە، کە پێ دەچێ لە بەڵگەنامەکانی ئینگلیزی وەرگرتبێ. حیزبی هیوا هەر زوو بوو بە ڕەشماڵێک بۆ هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵ (ئاغا، شێخ، پیاو ماقووڵ، ڕووناکبیران، مامۆستایان، قوتابییان و هەموو چینەکانی دیکەی کۆمەڵ. لە پیاوە بەرچاوە کوردەکانی ناو ئەم حیزبە دەتوانین ناوی ئەمانە ببەین (ڕەفیق حیلمی، تۆفیق وەهبی، مارف چیاوک، ئەمین ڕەواندزی، ئیسماعیل حەقی شاوێس، عیزت عەبدولعەزیز، مستەفا خۆشناو، ماجد مستەفا، شێخ عبدالقادر بەرزنجی)[١٤] و زۆری دیکە.

لێرەدا ڕەنگە پرسیارێک خۆی بێنێتە پێشەوە، کە بۆچی حیزبی هیوا زیاتر لە دوای کۆدێتاکەی ڕەشید عالی گەیلانی-یەوە پەرەی سەند و گەشەی کرد؟ ئایا یەککرتنی حزبە کوردستانییەکان لەناو حیزبی هیوادا، ویستی کورد خۆی بووە؟ ئایا ئەو ناکۆکی و دووبەرەکییانەی، کە دواتر کەوتنە ناو جەستەی حیزبی هیواوە بەرهەمی ناکۆکییەکانی پەرەسەندنی سرووشتی حزبەکە خۆی بوون یان گەرای ناکۆکییەکە لە شوێنێکی دیکەوە چێنرابوو؟

دووەم-جیم: ئایدیۆلۆجی و بەرنامەی حزب

حیزبی هیوا، دەکرێ ڕاستتر بڵێین زیاتر گردبوونەوەیەکی نەتەوەیی بوو تا حزب، ئەوەش هەموویان کۆ کردبووەوە تەنیا هەستی نیشتمانپەروەری و سوێی زامی لکاندنی کوردستانی خواروو بوو بە عێراقی عەرەبییەوە. حزبێکی نەتەوەیی لیبراڵ، ئامانجی یەکیەتیی خاکی کوردستان و خەبات بۆ سەربەخۆیی کوردستان بوو. هیچ خەوشێکیشیان لەوەدا نەدەبینییەوە، کە بۆ ڕزگار بوون لەژێر دەستەیی عەرەب، فارس و تورکەوە، بۆ دامەزراندنی قەوارەیەک بۆ کورد هاوکاریی یەکێک لە دەوڵەتە کۆلۆنیالیستەکان بکەن. جا ئەمە لە سەر دەستی کێ دەبێ و شێوەی حوکمڕانییەکە و سیستەمی ئابوورییەکە چۆن دەبێ ئەمەیان ئاشکرا نەبووە[١٥]. ڕەنگە بکرێ بڵێین دامەزراندنی حیزبی هیوا بۆ خۆی سەرەتای لەدایک بوونی ناسیۆنالیزمی کورد بوو، لەکاتێکدا کورد بە زامی پر سوێی کۆلۆنیالیکراوییەوە بە دوای دروستکردنی پرۆسێسی بەنەتەوەبوونی خۆیدا دەگەڕا، ئا لەو ساتەدا وەدیارکەوتنی حیزبی هیوا یەکێک لە ئەگەرەکانی بەرجەستەکردنی ئۆبجەکیتڤی نەتەوەیی کورد بوو[١٦].

حیزبی هیوا خەباتی دەکرد بۆ سەربەخۆیی نەتەوەیی و دامەزراندنی حکوومەتێکی کوردی و خەبات کردن دژی فاشیزم. لەو شێوە خەباتەشدا هەموو لایەنە کوردییەکانی ناو کۆمەڵی کوردستانی لەخۆوە گرد کردبووەوە لەوپەڕی ڕاستەوە تا ئەوپەڕی چەپ و تا ڕادەیەکی زۆر حزبێکی لیبراڵ بوو. سەرەتا حیزبی هیوا لەنێو سەرۆک هۆز و ئاغا و دەرەبەگ و شێخ و زەویدارە



هەوراز نامەی کتێب

گەورەکانەوە بڵاو بووەوە، دواتر لە ساڵەکانی یەکەم و بەتایبەتی دووەمی جەنگی جیهانیدا زۆری نەبرد حزب تان و پۆی هەموو چینەکانی کۆمەڵی کوردستانی گرتەوە و شوێنی تایبەتی خۆی لەناو دڵی خەڵکەکەدا هەبوو[١٧].

ئەندام بوون لەناو حزبدا بەو مەرجە بوو، کە دەبوایە سەرەتا بە قورئان سوێندی حزبی بخۆیت و لەو سوێندخواردنەشدا دەبوو دوو کەس لە ئەندامە کۆنەکانی حزب ئامادە بن و کاندیدا دەبوو سوێند بەوە بخوات، کە ملکەچی هەموو فەرمانەکانی کۆمەڵە دەبێ و نهێنییەکانی حزب دەپارێزێ و خیانەت بە گەلی کورد ناکا و گیانی خۆی لە پێناوی ئامانجەکانی کۆمەڵەدا بەخت بکات[١٨]. لە ڕووی پرۆگرام و پێڕۆی حزبییەوە، هیوا هیچ پێڕۆ و پرۆگرامێکی چاپکراوی نەبوو و هەڵگری هەمان بەرنامەی هەردوو کۆمەڵەی (ئازادیی کورد) و کۆمەڵەی (برایەتی) بوو. دروشمی حزب بریتی بوو لە شاخێک، کە بە ڕەنگی سەوز و هەتاوێکی هەڵاتوو لەناو ئاسمانێکی شیندا و لەژێر دروشمەکەش نووسرا بوو (کۆمەڵەی هیوا، بژی کورد و کوردستان). بەگوێرەی گێرانەوەکانی نووری شاوێس، کە ئەندامی حیزبی هیوا بووە، گوایە هیوا کۆوارێکی وەکو ئۆرگان بە زمانی کوردی و بە ناوی (هیوا)وە بە دەستنووس بڵاو دەکردەوە، کە هەشت ژمارەی لێ بڵاو کراوەتەوە و دوا ژمارەیشی لە ساڵی ١٩٤١ دەرچووە[١٩]، کە بەداخەوە تا ئێستە هیچ کەسێک ژمارەیەک لەو ژمارانەی (هیوا)ی نەدۆزیوەتەوە، کە بێگومان ئەگەر وا بێ زۆر زانیاریی ورد لە بارەی حیزبی هیواوە ئاشکرا دەکەن.

هەروەها نووری شاوێس ئەوە دەگێڕێتەوە کە گوایە حیزبی هیوا زۆر بەیاننامە و بڵاڤۆکی بڵاو کردووەتەوە، وەکو بەیاننامەی دژ بە پەیمانی سەعدئاباد، ڕاپەڕینەکەی شەشی ئەیلوول، شۆڕشی دێرسیم، ئاگری داغ، کە بەداخەوە تا ئێستە هیچ لەم بەیاننامانە سۆراخێکیان دیار نییە. مامۆستا نەریمان، کە خۆی ئەندامی حیزبی هیوا بووە ئەوە دەگێڕێتەوە کە لقی خانەقی و کفریی حیزب، بڵاڤۆکێکی ناوخۆییان بە ناوی (شیلان)ەوە بە تایپ بڵاو دەکردەوە[٢٠].

سێیەم–ئەلف: ئینگلیز خوایی و شوورەوی خوایی

حیزبی هیوا هەر لە سەرەتاوە چاوی هاوپشتیی بڕی بووە بەریتانیای مەزن و دەیەویست لەو ڕێگەیەوە قەوارەیەک بۆ کورد دروست بکات. سەرەتا تاوەکو یەکیەتیی شوورەوی، نەچوو بووە ناو کۆڕی جەنگ و دوای تێوەگلان و ناچارکردنیشی بۆ ناو توونی جەنگ و تا دوا دواییەکەی ساڵی ١٩٤٣، کە ئەو دەم ئاسۆی سەرکەوتنەکانی سوپای سوور ئاوا هەڵنەکشابوو. ڕەوتی شوورەوی خوایی لەناو حیزبی هیوادا هێندە باڵادەست نەبوو، کە بتوانێ حزب لە ناوەوە بنکلۆر بکات. دەکرێ بڵێین تاوەکو کۆتایی ساڵی ١٩٤٣ حیزبی هیوا حزبێکی پێشکەوتووخواز و یەکێک لە بەهێزترین حزبە سیاسییەکانی کورد بووە لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و لە هەمووان ڕێکخراوتر بوو[٢١]، تەنانەت بەهێزیی حیزبی (هیوا) گەیشتبووە ڕادەیەک کە بە هەشتی سەجاددی هەقی بووە، کە نووسیویە حیزبی هیوا تەنانەت لە حزبە ئاشکرایەکانی عێراقیش

بەهێزتر بوو[٢٢]. بەڵام وەختایەک، کە جەنگی دووەمی جیهانی خەریک بوو تەرازووی جەنگەکەی بەلای یەکەتیی سۆڤیەتدا دەشکاندەوە وردە وردە تا ساڵی ١٩٤٤، کە سوپای سوور تەواوی شوورەویی ئازاد کرد و دژە هێرشی بۆ ناو خاکی ئاڵمان دەست پێ کرد، سەرکەوتنەکانی سوپای سوور لە هەموو جیهاندا دەنگی دایەوە، باڵی چەپڕۆی ناو حیزبی هیوا، زیاتر پێیان لە سەر ئەوە دادەگرت کە تەنیا دەبێ پشت بە یەکەتیی سۆڤیەت ببەستین و ئیدی تا کۆتای ساڵی ١٩٤٤ ناکۆکییەکان هەر توندتر دەبوون و حزب بەرەو بێدیسپلینی و لێکدابڕان دەچوو. خۆ ئەگەر ئەوەش لە بەرچاو بگرین کە وەک لە پێشدا وتمان ناسیۆنالیزمی کورد لەبەر لایەنە ئیتنیکییەکەی هەمیشە ڕووە دیموکراتییەکەی لە دەست داوە، جا لەوە تێ دەگەین چۆن ناکۆکییەکان لەناو کۆمەڵێکی بێ تولێرانس Intolerance چۆن دەبن بە فیشەکە شێتە و دەتەقنەوە! سەرباری هەموو ئەمانەش نابێ ڕۆڵی ئینگلیز لە خۆشکردنی ئاگری ناکۆکییەکان لە بەرچاو نەگرین، کە لە کاتێکدا خەریک بوو ئاسۆی کۆتایی جەنگەکە وەدیار دەکەوت و چارەنووسی شەڕەکە لە کۆتایی نێزیک دەبووەوە. هەروەها نابێ ڕۆڵی نێگاتیڤی حیزبی شیوعیی عێراق، بەتایبەت فەهدی سکرتێری حزب لە خۆشکردنی ئاگری ناکۆکییەکان لە بەرچاو نەگرین[٢٣].

ناکۆکییەکانی ناو حزب بۆ خۆی ئەنجامی دوو باڵی ناو حزب بوون، یان ڕاستتر بڵێین حزب بوو بە دوو کەرت بەڵام لەناو حزبێکدا، کە ئەم دووکەرتبوونە سەرەتای مەرگی حیزبی (هیوا)ی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبوو. ناکۆکییەکان لەم دوو باڵە بنەڕەتییەدا خۆیان دەنواند:

یەکەم: ڕەوتی شوورەوی خوایی، کە بریتی بوون لە مارکسیستەکانی ناو حیزبی هیوا، یان ئەوانەی خۆیان بە مارکسیت دەناسی و ڕۆژ بەڕۆژ لە زیادبووندا بوون و دژ بە سەرۆکی حزب (ڕەفیق حیلمی) و ماجد مستەفا پێیان لەسەر ئەوە دادەگرت، کە دەبێ حزب لەم کادرانە پاک ببێتەوە، دەنا دەکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی حکومەت و ئینگلیز[٢٤] و ئاکامیش بزووتنەوەکە مۆرکێکی کۆنەپەرستانە بەخۆیەوە دەبینێ!! جا ئەگەر وەک سەعد جەواد باسی دەکات دوای ئەوەی کە حزبی هیوا لە هاوینی ١٩٤٥ تووشی دووکەرت بوون هات، ٣٥٠ ئەندام تەنیا بۆ حیزبی (شۆڕش) جیا بوونەوە، هەروا ٥٥٠٠[٢٥]یش تەنیا بۆ حیزبی (ڕزگاریی کورد) جیا بووبنەوە[٢٦]، ئەوا لەوە تێ دەگەین کە ڕەوتی چەپڕۆی ناو حزب و ڕەوتی شوورەوی خوایی چەندە لەناو حیزبدا باڵا دەست بوون.

دووەم: ئینگلیز خوایی، باڵی ڕاستڕەوی ناو حزب بە پێچەوانەی ڕەوتی چەپڕەوی ناو حزب تا دەهات بەرەبەرە لە کەمی دەدا. ئەم ڕەوتە تا کۆنگرەی ساڵی ١٩٤٥، هەر لەژێر تاسیری (سەرۆکی باڵا)ی حزب ڕەفیق حیلمی پێیان وا بوو، کە ئەگەر شتێک بۆ کورد بکرێ، دەبێ بە دەستی ئینگلیزەوە بێ دەنا لەو دوورەوە شوورەوی چیمان بۆ دەکات. تا کۆنفراسی ساڵی ١٩٤٥یش ئەمە بیرکردنەوەی سەرۆکی باڵای کوردیش بوو، ئیدی لەم مێژووە بە دواوە سەرۆکی باڵاش تێ گەیشت، کە ئینگلیز بێجگە لە فریودان و کات کوشتن و ڕاگرتنی چالاکییەکانی حزب بەولاوە هیچ ئارمانجێکی دیکەی لەبەرچاو نەگرتووە. من پێم وایە دوو هۆکار، کە بەرهەمی یەک ئەنجام بوون،

کۆتایی مەرگی حیزبی هیوایان ڕاگەیاند. کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی، یەکیەتیی سۆڤیەت و سوپای سوور ستالینی وەک تاکە سەرکەوتووی ڕاستەقینە بەسەر فاشیزم و نازیزمدا بە جیهان ناساند. شوورەوی بۆ گەلانی چەوساوە و ژێر دەستە وەک ڕزگارکەر چاوی لێ دەکرا و ئەو وێنەیەی کە پێشتر لەبەر چاوی جیهاندا بوو، کە لە ساڵەکانی ١٩٣٦ تا ١٩٣٩ سەدای تیرۆرەکانی حیزبی کۆمەنیست دەگەیشتە کەشکەلانی فەلەک[٢٧]، تا ڕادەیەک لە بەرچاوی خەڵک سڕایەوە و لۆجیکی مێژوو ئەم جارە بەشێوەی دیکەی تەواو جیاواز شوورەویی وەک پشت و پەنای دیموکراتی و گەلانی چەوساوە هێنایە پێشەوە[٢٨]. هۆکاری دووەم ئەوە بوو ئیدی ئینگلیز سەرقاڵی جەنگ نەبوو و دەیتوانی هاوپشتی لە سوپای عێراق بکات و هەموو بزووتنەوەیەکی کوردیش بێدەنگ بکات، کە من پێم وایە ئەو ماوەیەی کە بۆ ژیانی حیزبی هیوا دانرابوو، دەبوایە لەگەڵ کۆتایی جەنگ بە کۆتایی بگات. بۆیە ئەم دوو هۆکارە، کە هەردووکیان بەرهەمی یەک ئەنجام بوون پێکەوە کۆتایی حیزبی (هیوا)یان ڕاگەیاند[٢٩].

سێیەم- بێ: ڕۆڵی حیزبی هیوا لە ڕاپەڕینی ١٩٤٣-١٩٤٥ی بارزاندا

مەلا موستەفای بارزانی لە ١٢ی تەمووزی ١٩٤٣ بە یارمەتیی شێخ لەتیفی شێخ مەحموود و بە ڕەزامەندیی سەرۆکی حیزبی هیوا (ڕەفیق حیلمی) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە خۆی گەیاندەوە بۆ بارزان و لە سەر ڕاوێژی حیزبی (هیوا)، بارزانی بیرخەرەوەیەکی دایە ڕیژیم، کە تێیدا داوای پێشخستن و چاککردنی باری ڕۆشنبیری و ئابووریی کوردستانی دەکرد[٣٠]، وەزعەکە ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو گرژی دەچوو و کێشەکان ڕێگەیەکی خوێناوییان دەگرتە بەر. سەرەتای نۆڤەمبەری ١٩٤٣ هێرشی سوپای عێراق بۆ سەر بارزان دەستی پێ کرد. لە گەرمەی جەنگی خوێناوی دژی کورد، حیزبی هیوا لە بەغدا یادداشتنامەیەک دەداتە باڵیۆزی ئەمەریکا لە عێراق Loy Henderson و چواردە خاڵەکەی ویلسنیان وەبیر دێنێتەوە بۆ بڕیاردانی مافی چارەی خۆنووسینی گەلی کورد[٣١]. هەروەها حیزبی (هیوا) پێوەندی بە باڵیۆزخانەکانی بەریتانیای مەزن، وڵاتە یەکگرتووەکان، یەکەتیی شوورەوی و چینەوە دەکات لە بەغدا بۆ فشار خستنە سەر حکوومەتی عێراق، بۆ ئەوەی داخوازییەکانی گەلی کورد لەبەرچاو بگرێ[٣٢]. شەڕ لە بارزان تا دەهات توندتر دەبوو و حیزبی هیوا نەیدەزانی چۆن لەگەڵ ئەم مەسەلەیە بجووڵێتەوە و ڕەفتار بکات. ئایا پشتگیریی لێوە بکات لە کاتێکدا کە ئەمە واتەی جەنگ دژ بە ئینگلیز دەگەیەنا، یان دەستبەرداری ئەم ڕاپەڕینە بێ؟ لەژێر گوشاری باڵی چەپڕۆی حزب کە زۆرینە بوون، بە گشتی بڕیار درا بە هەموو شێوەیەک پشتگیری لەم ڕاپەڕینە بکرێ، حیزبی هیوا لە بەیاننامەیەکدا بەناوی (من مقر الزعامه الكرديه الى الشعب العراقى الكريم)[٣٣]، بەیاننامەیەکی بۆ گەلی عێراق بڵاو کردەوە و تاوانی هەڵگیرسانی جەنگ دەخاتە ئەستۆی حکوومەت و داوای چارەسەری کێشەکان دەکات[٣٤]. دەبێ بڵێین کە حیزبی هیوا هەموو یارمەتییەکی لۆجستیکی و ئاگادارینامە و لایەنی دیبلۆماسیی ڕاپەڕینی بارزانی خستە ئەستۆی خۆیەوە، هەندێک لە ئەفسەرە کوردەکانی ئەندامی حیزبی هیواش بە گەرمی چوونە

پاڵ بزووتنەوەکە و (هیوا) لە بەیاننامەیەکدا لە سەر بڕیاری سەرۆکی حزب، لە یادداشتنامەیەکدا هاتووە: (نحن الزعيم الاعلى للشعب الكردى امرنا بما يأتى ان الملا مصگفى البارزانى هو احد رجالاتنا...)[35]. زۆری نەبرد ڕاپەڕینی بارزان لەژێر گوشاری سی هەزار (۳۰۰۰۰) سەربازی عێراقی بە هاریکاریی نوێی هێزەکانی ئاسمانیی بەریتانیاوە[36] بەکۆتایی گەیشت و بارزانی لە بەرامبەر هێرشە یەک لە دوای یەکەکانی سوپای عێراق لەڕێگەی کانی ڕەشەوە لە ئابی ۱۹٤٥ بە خۆی و پیاوەکانیەوە بە چەکەوە گەیشتنە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

سێیەم- جیم: حیزبی هیوا- ژێ. کاف: یەک کۆتایی

لە پێشدا گوتمان کە هیوا حزبێکی نەتەوەیی کورد بوو و دەیەویست دیواری سنوورە دەستکردەکان بڕووخێنێ و خەونی گەورەی بە کوردستانێکی ئازاد و یەکگرتووەوە دەبینی. هیوا لەگەڵ هەموو پارچەکانی کوردستاندا پێوەندییەکی گەرمی هەبوو و پڕۆژەیەک بوو بۆ ناسنامەی کورد. هیوا لە ساڵی ۱۹٤۲ لە گەرمەی شەری دووەمی جیهانی، وەختایەک یەکەتیی سۆڤیەت (ڕووس) زۆرترین بەشی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان داگیر کردبوو. هیوا سێ لە نوێنەرەکانی خۆی: ۱- میرحاج ئەحمەد ۲- مستەفا خۆشناو ۳- عیزەت عەبدولعەزیز بۆ دامەزراندنی لقێکی حیزبی هیوا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەنێرێتە سابلاخ و پاش چاوپێکەوتن و کۆبوونەوە لەگەڵ کۆمەڵێک تێکۆشەری کورد، بەرنامەیەک لە ١٦ی سێپتامبەری ۱۹٤۲ بۆ دامەزراندنی کۆمەڵەیەک بەناوی (ژێ. کاف)ەوە دادەنێن، کە کورتکراوی ناوی (ژیانەوەی کورد) دەگەیەنێ. لێرەدا حەز دەکەم ئەوە بڵێم، وەک چۆن کۆمەڵەی (دارکەران)ی ناوکی سەرەتایی حیزبی هیوا هەمان ناوی ئەم کۆمەڵە نهێنییە ئیتالیاییە carbonariبوو، کە بۆ ڕزگاریی خاکی ئیتالیا خەباتی دەکرد. ئاوەهاش ناوی کۆمەڵەی (ژی. کاف)یش هەمان ناوی ئەو بزووتنەوە ئیتالیاییە بوو risorgimentoکە کۆمەڵەی کاربۆناری، واتە کۆمەڵەی (دارکەران)ی ئاراستە دەکرد. جا تۆ بڵێی ئەمە ڕێکەوتی مێژوو بێ یان لە ئاگاییەوە بووبێ؟ دەکرێ بڵێین بەرنامە و پێڕەو و پرۆگرامی کۆمەڵەی (ژێ. کاف) هەمان بەرنامە و تێڕوانینی حیزبی (هیوا) بوو بە چەند وردە جیاوازییەکی زۆر کەمەوە. دەکرێ بڵێین کۆمەڵەی (ژێ. کاف) هەر بە ڕاستی لقێکی حیزبی هیوا بوو. نیشتمان ئۆرگانی کۆمەڵەی (ژێ. کاف) هەموو ژمارەیەک لە سەرەوەی بەرگی گۆڤارەکە دەینووسی (بژی سەرۆک و کورد و کوردستان و هیوا). هەروەها دەبێ بڵێین، کە پێوەندیی نێوان کۆمەڵەی ژ.ک و هیوا تا کۆتاییەکەی هەر بە پتەوی مایەوە. تەنانەت کۆمەڵەی ژ.ک دوو ڕۆژژمێری ساڵانەی بڵاو کردەوە، هەردووکیانی بە ناوی خۆی و هیواوە چاپ کرد لە سەردێری "ڕۆژئەژمێری تایبەتی کۆمەڵەی ژ.ک بۆ ساڵی ۱۳۱۲"دا نووسراوە "بژی سەرۆکی کورد و کوردستان و هیوا" و لە هی ساڵی ۱۳۲۳شدا نووسراوە "ڕۆژئەژمێری تایبەتی کۆمەڵەی ژ.ک بۆ وەرزی ۱۳۲۳ ڕۆژمێریی ٦٤-۱۳٦۳ی هیجریی و ٤٥-۱۹٤٤ی میلادی. ئەم ساڵی تازەیە لە هەموو ئەندامەکانی ژ.ک و هیوا و هەموو کوردێکی کە لە پێناو سەربەستیی نەتەوەی کورد تێ ئەکۆشێ پیرۆز بێت"[37].

هەروەها دەبێ بۆ مێژوو ئەوە بڵێین، کە حیزبی (هیوا) دەیەویست لەگەڵ کوردەکانی باکوری کوردستانیش پێوەندی و هاوخەباتی دروست بکات. بۆ ئەم مەبەستەش هیوا کاپیتان عیزەت عەبدولعەزیزی بۆ مەڵبەندی (خۆیبوون) هەنارد، تاوەکو مەسەلە نەتەوایەتییەکان چارەسەر بکەن[٣٨]. لە ئەنجام رێک دەکەون کە لە ٤ی نیسانی ١٩٤٤ وەفدی هەردوو لا پێکەوە کۆ ببنەوە، بەڵام مەخابن بەرە بەرە هاتنە پێشەوەی گرفتەکان و دواتر لاوازبوون و دەردەکورد و هەڵوەشاندنەوەی حیزبی هیوا، ئەم هەوڵانەی بێ ئەنجام و هیوا هێشتنەوە. لێرەدا بێ جێ نییە مرۆ بپرسێ ئایا چۆن (حیزبی هیوا) و کۆمەڵەی (ژێ. کاف) لە یەک کاتدا ساڵی ١٩٤٥ پێکەوە بە یەک کۆتایی گەیشتن؟ ئەگەر شوورەوی کۆمەڵەی (ژێ. کاف)ی خنکاند، ئەوا ئینگلیزیش حیزبی هیوای خنکاند. ئیدی لەم مێژووە بە دواوە بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان لەسەر رێچکەی کوردستانیبوون لادرا و مێژوویێک لە (هەرێمچێتی) لە هەردوو لاوە دەستی پێ کرد. جا تۆ بلێی ئەمەش رێکەوتی مێژوو بێ یان لۆجیکی کوتەکی هێز بوو بآ، کە لەسەر دار و پەردووی هەردوو رێکخراوە کوردستانییەکە، دوو حیزبی هاومانا و هاومەبەست و هاوناو دروست بوون.

## ماڵئاوا... هیوا

ناکۆکییەکانی ناوخۆی حزب تا دەهات تەشەنەی دەکرد. تا دواجار لەکۆنفراسێکی گشتیی حزبدا، کە لە شاری کەرکوک بەسترا (١٩٤٤)، باڵی چەپی ناو حزب بە تەواوی خۆی لە حزب کێشایەوە و بەشێکیان بەگەڵ (یەکیەتیی تێکۆشین)ی لقی حیزبی شیوعیی عێراق کەوتن. هەندێکیشیان بەگەڵ گرووپی (القاعدة) کەوتن. هەندێکیشیان حیزبی (شۆڕش)یان دامەزراند و بەشی زۆرترینیشیان بەگەڵ حیزبی رزگاریی کورد کەوتن. هەرچی باڵی راسترەوی حزب بوو تا ماوەیەک بە تەنیا درێژەی بە ژیانی حزب دا و بە هەمان ناوی حیزبی (هیوا) مانەوە و تا دواجار لە کۆنگرەی کەلار (١٩٤٥) بە هێمنی ونبوون و لە شوێن خۆیانەوە (پارتی دیموکراتی کورد[٣٩])یان لێوە شین بوو.

## ئەنجام

حیزبی هیوا لە سەروبەندێک هاتە سەر گۆرەپانی سیاسیی کوردستان، کە سەرەتای جەنگی دووەمی جیهانی بوو. حزبێکی نەتەوەیی و لەوپەڕی چەپەوە تا ئەوپەڕی راستی بەخۆیەوە گرتبوو، پرۆژەیەکی کوردستانی بوو بۆ پێکەوەنانی قەوارەیەک بۆ کورد، کۆمەڵێک هۆی دەرەکی و ناوەکی لە بەردەم هیوا قووتبوونەوە بۆ سەربرینی ئەم پرۆژەیە و لە ساتەوەختێکی زۆر ناسکی جیهاندا حیزبی هیوا لەناوبردرا. بە هەڵوەشاندنەوەی حیزبی هیوا لەم سەروبەندەی دوای جەنگ، نەخشەی پرۆژەیەکی نەتەوەیی چارەنووسسازی کورد لەناو چوو، کە ئەگەر هۆشیاریی نەتەوەیی بە قوربانی سەرەوەریی یەکەتیی سۆڤیەت نەکرابووایە، ئەوا لەوانەبوو ئەم پرۆژەیە نەبێتە دووکەڵی سەبیلەکەی مام ستالین. خۆ ئەگەر هەروەها بە هەمان شێوە ئینگلستانیش نەکرابوایە مەزارگەی پیاوچاکان و

نووشتـەی نەزۆکی سـیاسـیمـان، ئەوا ئەمرۆ بێ(هـیوا) نەدەبووین و مـەنزڵمـان لە هـەوارێکی دیکە دەبوو، وەلێ ئەفسـوس هۆیەکان و ئەنجامەکانی مـێژوو ئاوەها شکانەوە. ئەمە لۆجیکی ئەم مێژووە ملهوڕەیە، کە ئێمە نەوە لە دوای نەوە باجی بۆ دەدەین، باجێک تا مردن!

پاریس–فرەنسا

نۆڤەمبەر–دیسامبەری ١٩٩٨

پەراوێز:

١– مەخـابن، تا ئێسـتە ئەم ئەرشیفـە کەسێک سـوودی لێوە نەبینیووە، جـا نازانم تۆ بڵێی ئەمـە دڵسۆزی بێ بۆ (رەفیق حیلمی) یان؟...

٢– تورکیا لە سەرەتای جەنگدا بێلایەن بوو، دواتر لەگەڵ سەرکەوتنەکانی ئاڵمان لە ٢٨ی حوزیرانی ١٩٤١ هـاوپشـتـیی خۆی لەگـەڵ ئاڵمـان ڕاگەیاند. کە ئەمـە یەکـێک لەو فاکـتـۆرانە بوو کە ئینگلیـز ئەو دەم کوردەکانی خوارووی دەلاواندەوە. دیارە بێ هوودە نییە ئەگەر ئاماژە بەوە بکەین کە دواتر وەختایەک تورکـیا ئەم جـارە لە ٢٣ی فـیوریەی ١٩٤٥ بە قـازانجی هاوپەیمانـەکان دژ بە ئاڵمـانیـا بانگەشـتـی جەنگی دا، ئاسۆی جـەنگ خـەریک بوو بە کۆتایی دەگەیشت و ئەم لاواندنەوەیش بە کۆتایی گەیشت و هەر ئەم ساڵەش بوو کە حیزبی هیوای تێدا نێژرا!

٣– بەکر سدقی گەر چی لە ڕەچەڵەکدا کوردە و ناسیـونالیسـتە کوردەکان زۆریان بەرز کردەوە و پێیان وا بوو سـدقی دەیویسـت دەوڵەتێک بۆ کـورد دروست بکات! هەر ئەم بەکـر سـدقـیـیـە بوو کـە لە بەردەم جەنەرالی ئینگلیز های، سـەرۆکی شاندی سوپایی بەریتانیا گوتبووی (کە ئەو عارەبە و کورد نییە)، بگەڕێوە بۆ: نجدة فـتـحي صـفـوة: العـراق في الوثائق البـريطانيـة سنة ١٩٣٦، ص: ٤٤٨ (ئەمـە لە کتێبەکەی: د. کمال مظهر أحمد، صفحات من تأريخ العراق المعاصر، بغداد، ١٩٨٧، ص: ١٣٠، وەرگـیراوە). هەروا دەبێ بڵێین، کـە پەیماننامـەی سـەعدئابادی نێوان عێـراق و تورکیـا و ئێـران بە ڕەزامەندیی بەکر سدقی مۆر کرا. بگەڕێوە: نـەجاتی عەبدوڵلا: "ڕەمزی نافیع لە پەراوێزی تەمتوومانی بیردا". لە ڕۆژنامەی (ئاڵای ئازادی)، ژ (٣٣)، ١٩٩٢.

٤– یەکـێک لە بکوژەکـانی بەکـر سـدقی، سـەرهەنگی کـورد (عـەبدولعـەزیز یامـولکی)ی خـاوەنی کـتـێبی (کوردستان و کورد اختلالری) بوو.

٥– بگەڕێوە بۆ: فيصل الدباغ، اضواء علي كتاب: الجمعيات والمنظمات والاخزاب الكوردية في نصف قرن ١٩٠٨–١٩٥٨، کوردستان، اربیل، ١٩٩٧، ص, ٦٤

٦– بۆ پێوەندیی نێوان (کولتوور) و (ویست) لەدروستکردنی نەتەوەدا بگەڕێوە بۆ: لاپەرەکانی:(٨٣ تا٩٦)

ERNEST GELLNER, Nation et nationalism, Tradit de l_anglais par: Bénédict pineau, 1994. pp(83-96).

٧– د. موکەرەم تاڵەبانی پێی وایە، کە کۆمەڵەی (دارکەران) سـاڵی ١٩٣٧ لە شـاری کەرکووک دامـەزراوە. بگەڕێوە: عبدالستار طاهر شريف، الجمعيات والمنظمات والاحزاب الكردية في نصف قرن ١٩٠٨–١٩٥٨، بغـداد، ١٩٨، ص, ٩٤ من پێم وایە ئەوەی دکـتـۆر مـوکـەرەم پێی لەسـەر دادەگرێ، گـوایە کـۆمـەڵەی (دارکـەران) لە کـەرکـووک دامـەزراوە ئەوەبێ کـە کـۆمـەڵەی (دارکـەران) سـەرەتا لە شـاری هەولێـر دامـەزراوە، دواتر ڕەنگە هەر زوو لقی کەرکووکیش کرابێتەوە و هـەوڵ درابێت لقی دارکەران لە هەموو

کوردستان بکرێتەوە. جا ئەوەی د. موکەرەم باسی دەکات پێم وا بێ دامەزراندنی لقی کەرکووکی کۆمەڵەی (دارکەران) بووە.

هەروەها DAVID MCDOWELL پێی وایە کە کۆمەڵەی (دارکەران) لە سلێمانی دامەزراوە و دەنووسێ (لاوانی زۆر رادیکالی نەتەوەپەروەر لە سلێمانی گرووپێکی دیکەیان پێک هێنا، بەناوی (دارکەران) کە بەهرەیان لە کۆمەڵەی کابۆناری ژیانەوەی Risorgimentoی ئیتالیایی وەردەگرت)، بنۆڕە:

MCDOWLL,D, A modern history of the kurds, London. I. B Tauris, 1995, p: 289.

هەروەها کۆچێرا CHRIS KUTSCHERA پێی وایە کە کۆمەڵەی دارکەران لە دوای کۆمەڵەی (برایەتی) و کۆمەڵەی (ئازادیی کورد)، سێیەم کۆمەڵەیە، کە لە سلێمانی دامەزراوە، بگەڕێوە بۆ:

KUTSCHERA, C, Le movement national kurde, 1979, p: 134

٨- : فەیسەل دەباغ، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ,٧١

٩- موسی عەبدولسەمەد دەیگێڕێتەوە کە ڕەفیق حیلمی خۆی داوایان لێ دەکات بە ئەندام لە ڕێکخراوەکە وەری بگرن، تا چەند ڕۆژێکیش ئەوجا وەڵامی لێ دەگێڕنەوە کە وەری دەگرن و داوەتی شەقڵاوەی دەکەن بنۆڕە: فەیسەل دەباغ، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا٧٠، من پێم وایە ئەم گێڕانەوەیە ڕاست نییە و بە پێچەوانەوە ڕەفیق حیلمی بەڕێزەوە وەکو (سەرۆکی بالا) لەلایەن کۆمەڵەی (دارکەران)ەوە قەبووڵ کراوە و پێ دەچێ ناونانی حیزبەکەش بە ناوی (هیوا) هەر لە سەر پێشنیازی ڕەفیق حیلمی خۆی بوبێت.

١٠- Michael, M. Gunter لە کتێبەکەی خۆیدا مێژووی لەدایکبوونی حیزبی هیوا بە ساڵی ١٩٤١ دادەنێ بگەڕێوە بۆ:

MICHAEL, M. GUNTER, The kurds of Iraq, Tragedy and Hope. New York, 1992, p: (9).

١١- بگەڕێوە بۆ: عەلائەددین سەجادی: شۆڕشەکانی کورد وە کۆماری عێراق، بەغدا، مەعاریف، ١٩٥٩، لا١٧٥ (تێبینی: هیچ دەستکاریی زمان و نووسینەکەی سەجادیمان نەکردووە).

١٢- بگەڕێوە بۆ: کریس کۆچێرا: هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا١٣٤.

١٣- من پێم وایە ئەم ژمارەیەی کە مەکدۆیل باسی دەکات، ئەگەر ڕاستیش بێت، ئەوا ژمارەی دوا دواییەکەی ساڵی ١٩٤١ بووە. بنۆڕە: McDOWELL هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا٢٨٩.

١٤- بگەڕێوە: منذر الموصلي: الحياة السياسية و الحزبية في كوردستان، لندن، ١٩٩١، ص٢٦٢.

١٥- عبدالستار طاهر شریف، هەمان سەرچاوە، لا٩٩.

١٦- بنۆڕە: SA_AD JAWAD, lraq and the Kurdish question 1958- 1970, London, lthaca press, 1980, p. ,٩٢

١٧- برایم ئەحمەد لە بەشێک لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا دیمەنێک دەگێڕێتەوە کە حیزبی هیوا چەندە لەناو کۆمەڵانی خەڵک و ئەفسەرە کوردەکانەوە جێگەی ڕێز و خۆشەویستی بووە (بیرمە جارێک لە مایسی ١٩٤١ بەهۆی ئینقلاب (کۆدیتا)ی ڕەشید عالی گەیلانی و زابتە نەتەوەیی عەرەبەکانی سەر بە ئەڵمانەکانەوە بانگ کرابوومەوە بۆ سەربازی وەک (زابتێکی ئیحتیات) و لەو کاتەدا لە کەرکووک بووم، ئێوارەیەک لەگەڵ کۆمەڵێ ئەفسەرە کوردەکانی دۆستم کە زۆربەیان ئەندامی (هیوا) بوون لە "یانەی ئەفسەران" دانیشتبووین لە پڕ مامۆستا ڕەفیق حیلمی دەرکەوت و گشت زابتەکانیش بەرزبوونەوە هەر وەکو ئەو (هیتلەر) و ئەوانیش سەربازی نازی بن، دەستیان هەڵبڕی و هەموو بە یەک دەنگ گوتیان: "هەر بژی سەرۆکی بالا" بەبێ ئەوەی هیچ گوێ بدەنە زابتە عەرەبەکانی دەوروبەریان و هەتا (سەرۆکی

باڵا) داوای دانیشتنی لێنەکردن دانەنیشتنەوە). بنۆرە، گۆڤار گزینگ، سوید، ١٩٩٦، ژمارە (١٣)، لا٤٥.

١٨- گۆڤاری گزینگ، سوید، ژمارە (١٣)، ١٩٩٧، لا: ٦٠.

١٩- هەمان سەرچاوە، لا: ٦٠.

٢٠- عبدالستار طاهر شریف، هەمان سەرچاوە، لا: ٩٦، خۆزگە ژمارەکانی ئەم (شیلان)ە، لە جێگەیەکدا بەردەست دەکەوتن، کە ڕەنگە زۆر نهێنی و گرێکوێرەی تێدا ئاشکرا ببێت.

٢١- عبدالستار طاهر شریف، هەمان سەرچاوە، لا: ١٠٢.

٢٢- عەلائەددین سەجادی، هەمان سەرچاوە، لا: ١٧٥.

٢٣- حیزبی شیوعیی عێراق، زۆر دژایەتیی حیزبی (هیوا)ی دەکرد. فەهد لە وتارێکدا لە ڕۆژنامەی (القاعدة) نیسانی ١٩٤٥ گوتارێکی نووسیووە بە ناوی (الشعب الکردي بحاجة الي حزب عمل لا حزب أمل) واتە (گەلی کورد پێویستی بە حیزبی کارە، نەک حیزبی هیوا)، کە تێیدا سەرکردایەتیی حیزبی هیوا بە خۆفرۆش ناو دەبات کە خزمەتی کۆنەپەرستان دەکات. (بگەڕێوە، فەیسەل دەباغ، هەمان سەرچاوە، لا: ٨٠).

٢٤- بگەڕێوە بۆ: فەیسەل دەباغ، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا: ٧٠.

٢٥- پێم وایە ئەم ژمارەیە ڕاست نەبێ، بەڵکو زێتر هەڵەی چاپ بووبێ و تەنیا ٥٥٠ بێ، کە ئەم ژمارەیەش هێشتا بە سەریەکەوە ژمارەگەلێکی زۆرە.

٢٦- سەعد جەواد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا: ٩٢.

٢٧- بۆ زێتر تێگەیشتن لە تیرۆری حیزبی کۆمەنیستی شوورەوی بگەڕێوە سەر ئەم کتێبە بە فڕەنسی:

HELENE CARRER D_NCAUSSE, L_urss de la revolution à la mort de Staline (1917-1953) Paris, P:(184-197).

٢٨- بگەڕێوە هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەرەکانی: ٢١٢-٢٣٩.

٢٩- هەروەها دەکرێ لەنێوانی ئەم دوو ڕەوتەدا، وەکو ئەنجامی ناکۆکییەکانی نێوان ئەم دوو ڕەوتەی ناو حزب، ڕەوتی چاکخوازی سێیەمیش دەستنیشان بکەین، کە پێیان وا بوو حیزبی (هیوا) دەبێ لەسەر بنەوانێکی دیموکراتی نوێ بونیات بنرێتەوە. (بگەڕێوە بۆ: فەیسەل دەباغ: هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا: ٧٦)، بەڵام ناکۆکییەکان ئەو هێندە بەقووڵدا چوو بوون کە هیچ بوارێکیان بۆ ئەم ڕەوتی سێیەمە نەهێشتبۆوە کە لە هەموویان زێتر لۆجیکی بووا!

٣٠- بنۆرە: د. جەمال نەبەز، کوردستان و شۆڕشەکەی، کوردۆ عەلی لە ئاڵمانییەوە کردوویە بە کوردی، بنکەی ئازاد، سوید، ١٩٨٥، لا: ١٦٨.

٣١- بنۆرە: HASSAN ARFA, The kurds, An historical and political study, London, OUP,1966, P: (125).

٣٢- بگەڕێوە بۆ سەر تێزی دکتۆراکەی ڤیەنۆ:

Contribution a l_etude de la sociologie et de l_histoire du movement national kurde (1920 a nos jour) .Presente par: Jean-Pierre VIENOT,Paris, 1969, P(118).

٣٣- بە کوردی واتە: (لە بارەگای سەرۆکایەتیی کوردەوە بۆ گەلی خۆشەویستی عێراق).

٣٤- بۆ دەقی تەواوی بەیاننامەکە بگەڕێوە سەر: فەیسەل دەباغ، حیزبی (هیوا) و شۆڕشی (١٩٤٣-١٩٤٥)ی بارزان، کوردستان، دەزگای ڕاگەیاندنی گولان (٤)، هەولێر، ١٩٩٧، لا: ٣١-٣٢.

هەوارنامەی کتێب

٣٥- بە کوردی واتە (ئێمە، سەرۆکی باڵای گەلی کورد بڕیارمان دا بەوەی کە مەلا موستەفا بارزانی یەکێکە لە پیاوەکانی ئێمە...)، بگەڕێوە سەر: فەیسەل دەباغ، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ,٧٤

٣٦- هەمان سەرچاوەی ژمارە (٣٢)، لا ,١١٧

٣٧- بگەڕێوە بۆ: نەوشیروان مستەفا ئەمین، حکوومەتی کوردستان، کورد لە گەمەی سۆڤێتی دا. چاپی یەکەم، ١٩٩٣، لا ,٧٢

٣٨- بگەڕێوە بۆ: زنار سلوپي، في سبيل كردستان (مذكرات)، ترجمة، علي، دار الكاتب، بيروت، ١٩٨٧، ص ٢١٠-٢١١.

٣٩- (پارتی دیموکراتی کورد)، هەر هەمان حیزبی (شۆڕش) بوو کە لە کۆنفراسی ئابی ١٩٤٦ بڕیاریان دا ناوی حیزب بە (پارتی دیموکراتی کورد) بگۆڕن، کە من پێم وایە ئەم ناو گۆڕینە لەژێر سەری حیزبی بۆلشەویکی شوورەوییەوە بووبێ. تا لە سێیەمین کۆنفراسی حیزب لە ٢٦ی کانوونی دووەمی ١٩٥٣ کە لە شاری کەرکوک بەسترا، لەوێدا ناوی حیزب بوو بە (پارتی دیموکراتی کوردستان- عێراق) (بگەڕێوە بۆ عبدالستار طاهر شريف، هەمان سەرچاوە، لا١٧٧).

سەرچاوەکان:


1-ERNEST GELLNER, Nation et nationalisme, traduit de l_anglais par: Benedicte Pineau, Paris, 1994.

2-HELENE CARRERE D_NCAUSSE, L_URSS de la revolution a la mort de Staline (1917_1953) paris .

3-JEAN_PIERE VIENOT, Contribution a l_etude de la socioloie et de l_histoire du movement national kurde (de 1920 a nos jour), These pour le doctorat. Un. Sorbon, Paris,1969.

4- HASSAN ARFA, The Kurds, An historical and political study, London, OUP, 1966.

5- MICHAEL, M. GUNTER,The kurds of lraq tragedy and hope . New York, 1992.

6- CHRIS KUTSCHERA, Le mouvemnt national kurde, Paris,1979.

7- DAVID McDOWELL,A modern history of the kurds, London,l,B,London, 1995.

8- SA_AD JAWAD,Iraq and the kuridsh question 1958_1970, London1980.

٩- د. كمال مظهر احمد، صفحات من تاريخ العراق المعاصر، بغداد، ,١٩٨٧

١٠- فيصل الدباغ، اضواء علي كتاب: الجمعيات والمنظمات والاحزاب الكوردية في نصف قرن ١٩٠٨-١٩٥٨، كوردستان، اربيل، ١٩٩٧.

١١- عبدالستار طاهر شريف، الجمعيات والمنظمات والاحزاب الكورديه في نصف قرن ١٩٠٨- ١٩٥٨، بغداد، ١٩٨٩.

١٢- عەلائەددین سەجادی، شۆڕشەکانی کورد و کۆماری عێراق، مەعاریف، بەغدا، ١٩٥٩.

١٣- د. جەمال نەبەز، کوردستان و شۆڕشەکەی، و: کوردۆ عەلی، بنکەی چاپەمەنی ئازاد، سوێد، ١٩٨٥.

١٤- منذر الموصلي، الحياة السياسية والحزبية في كوردستان. لندن، ١٩٩١.

١٥- نەوشیروان موستەفا ئەمین، حکوومەتی کوردستان، کورد لە گەمەی سوڤێتی، چاپی یەکەم، ١٩٩٣.

١٦- زنار سلوپي، في سبيل كردستان (مذكرات)، ترجمة، علي، بيروت دار الكاتب،١٩٨٧.

١٧- فەیسەل دەباغ، حیزبی هیوا و شۆڕشی "١٩٤٣-١٩٤٥"ی بارزان، کوردستان، دەزگای ڕاگەیاندنی گوڵان (٤)، هەولێر، ١٩٩٧.

١٨- ئیبراهیم ئەحمەد، "لە بیرەوەرییەکانم"، گۆڤاری گزینگ، سوێد، ژمارە (١٣)، ١٩٩٦.

١٩- د.عەبدوڵلا مەردۆخ، "کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد و کۆمەڵی هیوا"، گۆڤاری گزینگ، سوێد، ژمارە (١٣)، ١٩٩٦.

# لە عەمانەوە بۆ ئامێدی
# یان
# گەشتێک لە کوردستانی باشووردا

عەلی سیدۆ گەورانی

ئەڵقەی نۆیەم

## کوردەکان کێن؟

مێژوونووسان لە ڕەسەنی کورددا ناکۆکن، تیۆرییەکانیان جودا جودان، عەرەبەکانی وەک مەسعوودی و ئەبولفیدا لە هەندێک قسە و گێڕانەوەیاندا دەیانگێڕنەوە سەر عەرەب. تورکیش هەوڵی ئەوە دەدەن بیانگێڕنەوە سەر ڕەسەنی تورانی بۆ ئەوەی بەمە تاواندنەوەیان لەناو خۆیاندا ئاسان بێ. هەرچی لێکۆڵینەوە زانستییە دواییەکانیشە دەیانگێڕنەوە سەر ڕەسەنی ئاری "هیندۆ-ئەورووپی".

مەسعوودی لە مێژووەکەی، مێرگەکانی زێڕ "مروج الذهب"یدا دەڵێ: "قسە لەبارەی ڕەسەنی کوردەوە زۆرن، پەسندترینیان ئەوەیە کە دەچنەوە سەر ڕەبیعە و موزەر، کۆن ناکۆکییان بووە و دوورپەرێز کەوتوون و کشاونەتە چیا و دۆڵەکان، ئەمەش بەهۆی بە خۆنازینەوە بووە و لەوێوە لەگەڵ ئەو نەتەوانە جەنگیون کە لە شارەکان و ئاوەدانییەکاندا نیشتەجێ بوون لە عەجەم و فارس و لە زمانی خۆیان لایان داوە و زمانیان بووەتە ئەعجەمی "مەبەست غەیرە عەرەبە". خەڵکانێکیش هەن وای بۆ دەچن کە ئەمانە دەچنەوە سەر موزەری کوڕی نەزار و لە نەوەی کوردی کوڕی موردی کوڕی سەعسەعەی کوڕی هەوازنن، لە دێر زەمانەوە دوور کەوتوونەتەوە بەهۆی خوێنەوە کە لە نێو ئەمان و غەسساندا هەبووە".

ئەبولفیداش لە لێکۆڵینەوەیدا لە نەتەوەی فارس و نیشتیمانی ناوەندی ئاوەدانیی "سەر زەوی"یانەوە و دەڵێ: "تایەفەیەکن لە فارس (ئێرانییان) و نیشتیمانیان چیاکانی شارەزوورە.

..........................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئەحمەد تاقانە

هەروەها گوتراوە کورد لە عەرەبن ئینجا بوونەتە نەبەتی و هەروەها گوتراویشە کە -ئەعراب-ی فارس (ئێران)ن".

عیسمەت پاشای سەرەکوەزیرانی دەوڵەتی تورکیاش پێی وایە کورد لە تۆرانییانن، بەبەڵگەی ئەوەی لە ئینسیکلۆپیدیا بریتانیکا "دائیرەتولمەعاریف-ی بەریتانی"ی چاپی ١٩١١دا هاتووە. کە دەڵێ لێکۆڵینەوە نوێیەکان کوردان دەبەنەوە بۆ بەرەبەیانی مێژوو، کە پێیان دەگوترا "گونوو-جوتو" کە وشەیەکە واتەی جەنگاوەر دەگەیەنێ. گۆتۆش عەشیرەتگەلێکی تۆرانیی بەهێزن (ئەمە قسەیەکە لاوازە و ئەوەی ئێستا پەسندترە ئەوەیە کە دانیشتووانی ڕەسەنی چیاکانی زاگرۆسن)، نووسینە مێخییە سەرەتاییەکان لە ڕیزی نەتەوە ئاسیاییە خۆراواییەکانیان دادەنێ وەک ئەکادییەکان و بابلییەکان و ئاشوورییەکان و حیتییەکان "حیتتیت" و کوردەکان ئاوێتەی نەتەوە ئارییەکان بوون و دوای ئەوەی کۆچی ئارییان بەرەو ئاسیای خۆراوا لەو سەردەمانەدا زیادی کرد (بوونە ئاری).

عسمەت پاشا بڕگەی یەکەمی لێ وەرگرتووە و بەشی کۆتایی پشتگوێ خست کە ئەو بەشەیە لۆرد کرزن لە کاتی لێکۆڵینەوە لە دۆزی کورددا بەرپەرچی داوەتەوە و بەوەش ئارێتیی کوردانی چەسپاند. هەموو لێکۆڵینەوە دواییەکان یەک دەگرنەوە کە کوردەکان ئاریی خاوێن و لە جەرگەی نەتەوە (هیندۆ-ئەوروپییەکانن)، هەروەها ئەمەی خوارەوە وەرگێڕانی ئەوەیە کە لە ئینسیکلۆپیدیای بەریتانیی ساڵی ١٩٢٩دایە:

### گۆتۆ، کاشۆ، لوللۆ

کۆنترینی سەرچاوە زانراوەکان لە بارەی کوردانەوە، دەگەڕێتەوە سەر تۆمارە سۆمەرییەکان. ئەمەش دەڵێ گەلێک بە گۆتۆ یان گووتی- یان کورتی[1] دەناسرێ، هەروەک دواتر ئاشوورییەکان دەیناسن تا سەدەی بیستەمی پێش زایین لە حەوزی دیجلەی ناوەندی نیشتەجێ بوون و سنووری گۆتی-ی ئەوسا لە خۆراوادا لە بۆهتان-ی دەوروبەری چیای گوودی "گۆتی" کە ئەو جوودی-یەیە لە قورئاندا باس کراوە، دەست پێ دەکا ئینجا بە بازبدا (کە شارێکی دێرین بووە بەتەک جزیرە)دا و بە چیای شنگار (سنجار)دا لە باشوور و لە خۆرهەڵاتدا بە چیای زاگرۆس-زاجرۆس کۆتایی دێ.

مستەر هۆڵ-ی نووسەری مێژووی خۆرهەڵاتی نێزیکی دێرین، لە خشتەی شایە کۆنەکانی لاپەڕە ٢١٠ی کتێبەکەیدا "(ئەناتۆم)ی یەکەم شای گۆتی لە سەدەی سی و یەکی پێش زایین لەگەڵ عیلامییاندا جەنگی و لە سەدەی بیست و هەشتیشدا "ئەنۆبانینی" دەستی بەسەر وڵاتی ئەکەدییاندا لە نارام سین گرت و فەرمانڕەواییی گۆتی دوای ئەوە لە بابل پتر لە دوو سەدە درێژەی هەبوو. دواکەسیان "تریگان" بووە و لەسەردەمیدا "ئۆتۆهیگال"ی شای سۆمەری دەوڵەتی گۆتیی لە ناو برد و گۆتییەکان لە دەشتەکانەوە پاشەکشێیان کرد بۆ چیاکانی زاگرۆسی نیشتیمانی یەکەمیان". ئینجا (ئینسیکلۆپیدیا بریتانیکا) دەڵێ: لەوە بە دوا دەستیان بە دوژمنایەتیی

سۆمەرییان و هی دیکە کرد لە دەوڵەتانی میسۆپۆتێمیا "نێوانی دوو زێ"دا لە سەر سنووری وڵاتیانەوە تا هەل بۆ خزمە کاشییەکانیان ڕەخسا هێرش ببەنە سەر دەشتەکان و لە زاگرۆس هاتنە خوارەوە و گورزێکی لەناوبەریان لە دەوڵەتی ئەکەد دا و شەش سەدە فەرمانڕەواییی وڵاتیان کرد لە ساڵانی (١٨٠٠-١٢٠٠ی پ. ز). ئەم عەشایەرە کوردییە بەرایانە (گووتی و کاشی) کە وا پەسند دەکرێ کە دەچنە سەر ڕیشەی ئاریی خاوێن، وا پێ دەچێ لە کۆنترینی دانیشتووانی ناوچە چیاییەکانی بەرزایی ئێران بن". (شبیلۆکما)ی شای حیتی ساڵی (١٣٧ی پ. ز) گۆتی-ی بە گوردا ناو بردووە و ئاماژەی بۆ خوداوەندیان گر gir کردووە. ئەحمەد ڕەفیق-ی مێژوونووسی تورک ئەوەی چەسپاندووە کە ئینسیکلۆپیدیای بەریتانی لەبارەی کوردبوونی کاشییان و ئارییێتیی کوردەوە باس کردووە. کە لە لێکۆڵینەوەیدا لەبارەی ئەو نەتەوە بەراییانەی لە جزیرە و عێراقدا نیشتەجێ بوون "توخمێکی ئاری (هیندو ئەورووپی) کە بە قاسۆ یان کاسۆ (کاشۆ) زانراون واتە کوردەکانی ئەمڕۆ لە لای خۆرهەڵاتی دیجلەدا نیشتەجێ بوون هاوچەرخی سۆمەرییان و ئەکادییەکان بوون.

هەروەها پرۆفیسۆر "سپایزەر" لە کتێبی "بنەچەکانی گەلانی نێوانی دوو زێ"یدا توێژینەوەیەکی تێروتەسەلی لە بارەی گۆتی و خزمە کاشی و لۆللۆ-یەکانیانەوە و نێزیکیی شێوەزارەکانیانەوە باس کردووە و ئاماژەی بە نێزیکیی فیلۆلۆجی و ڕەگەزیی نێو تیرەکانی ئەم چیای زاگرۆس "کوردستان"ە و، لە نێوانی حیتییەکان و کەپادۆکییەکانی دانیشتووانی ناوەڕاستی ئاسیای بچووک و هۆرییەکان و دانیشتووانی ناوەڕاستەکانی فورات و سووریای بەر لە هاتنی ئارامییان و هی دیکە لە سامییان و ئیجییەکان و فەڵەستینییە کۆنەکان و تیرە قەفقاسییە ڕەسەنەکانی ئێستا کردووە و ناوی یافتییەکان لە هەموویان دەنێ بۆ جودا کردنەوەیان لە دراڤیدییە هیندییەکان و سامییەکان و حامییەکان و تیرەکانی ئاڵتای (مەنگۆل) و ئارییەکان. لەو بڕوایەشدایە کە زمانی گۆتی کارێکی گەورەی لە زمانی سۆمەریدا جێ هێشتووە و ئەم و ئەو شێوەزارە زاگرۆسییانەی دیکە کە بە هاتنی نەتەوە ئارییەکان بۆ بانی ئێران و زنجیرەی زاگرۆس لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمی بەر لە زایندا لەناوچوون، دەشێ نێزیکیی لە هەندێک لە زمانە زاگرۆسییەکانی ئێستەدا ببینینەوە.

مامۆستا "سپایزەر"یش پێمان دەڵێ فرەییی ئەو سەرچاوە سۆمەری و ئاشوورییانەی دۆزراونەتەوە لەبارەی گۆتییەکانەوە ڕێمان بۆ خۆش دەکا خوێندنەوەیەکی زانستییانەی ڕاستی مێژووەکەیان ئەنجام بدەین. هۆی بوونی شوێنەوارە نووسراوەکان لە بارەیانەوە لە زمانی سۆمەریدا دەگەڕێتەوە بۆ زاڵبوونیان بەسەر وڵاتی سۆمەری و ئەکادیدا و تێیاندا مانەوەیان بۆ ماوەی پتر لە سەدەیەکی حوکمیان. داگیرکردنی ئەم وڵاتەیان بۆ ماوەیەک نەبووە کە هێرشیان بردووەتە سەر دەشتە نێزیکەکانیان و تێیاندا بڵاوبوونەوە و تەنگیان بە بنەماڵەی (ئۆرووک-ئۆرووخ)ی ئەکادی هەڵچنی تا کاروبارەکانیان لەدەست دەرچوو و (نارام سین) چووە سەر تەخت و

پەلاماریان دا و زۆربەی وڵاتەکەیان داگیر کرد و کەوت و دوای ئەو (شارکالیشاری) هات و لەسەردەمیدا ئاژاوە لەلایەکانی کەی وڵاتەکەدا دەستەباڵا بوو و گۆتییەکان -مارە بەژارەکانی چیاکان- هەلیان قۆزتەوە و هەڵمەتیان بردە سەر وڵاتەکە و داگیریان کرد و حوکمی سۆمەرییان و ئەکادییەکانیان لەناو برد. لە سەردەمی (تیریگان) دوا شای گۆتیدا خەڵکانی دەشتەکان هەستیان بە لاوازیی دەوڵەتی کێوییەکان کرد و ڕیزەکانیان یەک خست و بنەماڵەی (ئۆرووک)ی ناوبراو چالاک بوونەوە بۆ کار و شایەکیان لێ هەڵکەوت ناوی (ئۆتۆحیکال) بوو هەڵمەتی بردە سەر گۆتییان و دەوڵەتەکەیانی لەناو برد و کشانەوە نیشتیمانە چیاییەکەیان و دواتر لەگەڵ کووشییەکان بەشدارییان لە لێدانی بابل و لەناوبردنی دەوڵەتەکەیاندا کرد و هەروەها بەشداریی ئەو داگیرکەرانەیان کرد کە حوکمی وڵاتی سۆمەر و ئەکەدیشیان کرد. لە باکوریشدا دەسەڵاتیان کاریگەر بووە و حوکمی ئاشوورییەکان لە سەدەی بیست و سێدا هەر وەک لەو ناوانەی شایەکانی دەوڵەتەکەیان کە زۆر لە ناوەکانی شایەکانی گۆتی دەچێ و وڵاتی ئاشوور نەیتوانی بۆ ماوەی هەزار ساڵ سەربەخۆیی تەواوی خۆی بپارێزێ، لەبەر بڵاوبوونی دەسەڵاتی چیاییەکان و هۆرییەکان لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمی پێش زایین توانییان دەسەڵاتیان بەسەر ئاشووردا ڕابگەیەنن و کێشەی نێوانی سامییەکان و چیاییەکان بەردەوام بوو و سامییەکان تەنانەت لە پرشنگترینی سەردەمانیاندا لە توانایاندا نەبوو چیاییەکان بەتەواوی بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیان و دوا بەدوای ڕووخانی دوو دەوڵەتی بابل و نەینەوا ئەم ململانێیەش بە بەزینی سامییەکان کۆتایی هات. کە ئیسلام پەیدا بوو، عەرەبە سامییەکان دیسان هێرشەکانیان بۆ سەر کەوانەی بەپیت "الهلال الخصیب" دەست پێ کردەوە و لە دەست فارسیان سەندەوە. ئەمڕۆش لەگەڵ کوردە چیاییەکاندا ڕووبەڕوو وەستاون هەروەک سۆمەری و بابلی و ئاشوورییان لەگەڵ پێشینانیاندا وەستابوون[٢].

هەروەها مامۆستا لەگەڵ هەندێک لە مامۆستایانی مێژووی خۆرهەڵاتی نێزیکی کۆن ناکۆکیی هەیە و وەک ئەوان ئارییێتیی گۆتییەکانی پێش سەدەی بیستەمی پێش زایین لا پەسند نییە. بەڵام دوای ئەوە لەگەڵ بۆچوونیاندا تەبایە چونکە ئارییەکان بەلای زۆرییەوە لە سەدەی بیستەمی پێش زایینەوە دەستیان بە کۆچی بەرەو بانی ئێران و زنجیرە چیای زاگرۆس کردووە و لە ماوەی چوار سەدەی پاش ئەوە زۆربەی تیرەکانی زاگرۆس ڕەنگی ئارییێتییان پێ دراوە. بۆ ئەوەش کە بیرۆکەیەکی ڕوونمان لەبارەی سنوورەکانی وڵاتی گۆتیمان بداتێ ئاماژە بە چەند بەڵگەیەکی شوێنەوارییانە دەکا کە بە پیتە مێخییەکان نووسراون. بەڵگەیەک لەمانە باسی (شەلمەنناسری یەکەم) دەکا لەسەر ئەو سەرکەوتنە یەک بەدوای یەکانەی لە وڵاتی گۆتیدا لە ساڵانی (١٢٨٠-١٢٦١ی پ. ز) و ڕوونکردنەوەی ژمارەی گەلی تێدا کە زۆرینەیان وەک ئەستێران دادەنێ و بەهرەی خۆی لە جەنگین و پاشەکشێی لە بەردەمی لەشکرەکانیدا و هێرش کردنە سەریان پەسن دەدا، هەروەها ڕشتنی خوێنی جەنگاوەرانی (ئۆرواتری)ی توور عابدینی ئەمڕۆ تا (کوموهی)ی چیاکانی

ئەرمینیا و ئەو ناوچانەی لە باکوری خۆراوای ئاشوور و باکوریدان- لە بەڵگەیەکی دیکەدا شا (توکولتی ئەنورتا)ی یەکەم ساڵی (١٢٥٠ی پ. ز) ئاماژە بەوە دەدا کە گۆتییەکان لەپشت زێی خواروو (گچکە) دادەنیشن و دەستنیشانی سنووری خۆرهەڵاتیان دەکا هەر وەک شای پێشوو باسی کردووە.

ناوی گۆتی گۆڕانی بەسەردا هاتووە و لە سەردەمی ئەم شایەدا بە کووتی یان کورتی دەزانرێ هەروەک لەو ڕستەیەوە دەردەکەوێ کە لەم دوو بەڵگەیەی خوارەوە دەردەکەوێ:

(١) "کە چوومە سەر تەختی شاهێتی لە دوو ساڵی یەکەممدا ٢٨٨٠٠ جەنگاوەری حیتیم لە لای خۆراوای فوراتدا بەزاند و دەسەڵاتم بەسەر چیاکانی ئەیۆرادا گرت، بەسەر گورتی و ئەوقۆمانی-دا تا سنووری شارنیدا و میهری[٣].

(٢) کە چوومە سەر تەختی شاهێتی لە ساڵی یەکەممدا ٢٨٨٠٠ جەنگاوەری "حیتی- حیتتیت"م لە لای خۆراوای فەراتدا بەزاند و دەستم بە سەر چیاکانی ئەیوورا-دا گرت کە تەم دایدەپۆشێ، هەروەها بەسەر گۆتی و "ئەلئەوقۆمانی!!"ی دانیشتووانی ئیلهوینا و شارنیدا و وڵاتی میهری- دا گرت.

ئەوەی لەو لێکچوونەی نێوانی دوو وشەی گۆتی و کورتی-دا هەیە بەسەر کۆرهی و پێوەندیی نێوان کوردی و کورتی و گۆتیدا هەیە هەر یەکە، وەک پێوەندیی نێوانی للۆلی و لوڕی. ناوەکانی دواتریش کە کوردیان پێ ناسێنراون وەک کاردۆخی و کۆردییان، جیاوازییان تێدا لە جیاوازیی گۆکردنی ئەو گەلانەوە هاتووە کە لەبارەیانەوەیان نووسیوە.

لۆللۆ کە خزمی نێزیکی گۆتییە دواییەکانن و هەموو ئەوەی لەبارەیانەوە زانراوە ئەوەیە کە ناوەندی وڵاتەکەیان دەشتی شارەزوور واتە لیوای سلێمانیی ئێستایە لە کوردستانی باشووردا. لە شارەزوورەوە بەرەو باشووری خۆرهەڵاتدا لە لە ناوچەی هەلمان-ی دەڤەری زەهاوی ئێستادا بڵاوبوونەتەوە. سەرچاوەشمان لەبارەی خاڵی یەکەمەوە هەڵکۆڵراوێکی شوێنەوارییە کە تازە لە دەربەندی "گاور"ی ناوچەی قەرەداغی باشووری سلێمانیدا دۆزراوەتەوە، ئاماژە بە سەرکەوتنەکانی (نارام سین) دەدا بەسەر لۆلۆییەکاندا. سەرچاوەشمان بۆ خاڵی دووەم هەڵکۆڵراوی شا (ئەنوبانینی)ی شای لۆلۆییە، کە لە زەهاو دۆزراوەتەوە و ئاماژە بە دەست بەسەر عەشایەری هەلمان یان وەک گەلێک جار پێی دەگوترێ "ئارمان"دا گرتنی شا دەدا. کاتێک گۆتی هێرشی کردە سەر وڵاتی ئەکەدی، ئەنۆبانینی توانی ئەو وڵاتەی (نارام سین) ئاماژە بە داگیرکردنی کردووە ڕزگار بکا و باسی لۆلۆییەکان بە شێوەیەکی پچڕپچڕ لە تۆمارە ئاشوورییەکاندا باس دەکرا و بەتایبەتی لەکاتی دوان لەبارەی گۆتی و کاشی و شۆبارۆ- ییەکانەوە. دوای (نارام سین)ش کەم باسیان لێ کراوە. دوای ئەوە بە دوو هەزار ساڵ کە (ئاشوور ناسربالْ) هاتووە، هەموو هێزەکانی خۆی بۆ سەرکوتکردنی شۆڕش بەکار هێناوە لە وڵاتی (زاموا)

کە زاراوەیەکی جوگرافیاییی دواییەکانی وڵاتی لۆلۆیە. دەشێ شایە ئاشوورییەکان لە دوو سەدەی هەژدەهەم و نۆزدەهەمی پێش زاییندا، لە لۆلۆییان بوو بن. بەر لەوەش کە کوردەکان هاوپەیمانیی نێری پێک بهێنن سۆبارییەکان دەوڵەتێکیان لە خۆراوای دیجلەدا لەسەر سنوورەکانی کوردستان و سووریای ئەمڕۆدا و بە پێی گێڕانەوەکەی سیر سیدنی سمیت، لەگەڵ ئاشوورییەکاندا کەوتنە جەنگ و ئینجا لەبەر لاوازییان ناچار بوون لەگەڵ عەشیرەتە کوردییەکانی دیکەی وەک مووشکی و کارتی لە باشووردا، کە ناویان ئاوێتەی هی دیکە بوو و لە ئەنجامی بزر بوونیان لە گۆڕەپانی سیاسییەوە، یەکیەتیی نێری پەیدا بوو هەروەک خاوەنی (خولاسەی تاریخی کورد و کوردستان) باسی لێوە دەکا.

نێری[٤] نەهری- لە سەردەمی ئاشوورییەکاندا کوردەکان پەیمانێکیان لە شاکانیان بەست پێی گوترا پەیمانی نێری و لەگەڵ گەورە شایانی ئاشوورییاندا کەوتنە جەنگ تا پشتگیریی (کەیخوسرەو- کۆرش)یان کرد کە دوو دەوڵەتی بابل و نەینەوای لەناوبرد، ئەگەر لاپەڕەکانی مێژووی ئاشوور هەڵبدەینەوە دەبینین ئەم دەوڵەتە تەنانەت لە بەرزترین پلەیەکیدا ئارام و بێخەم نەبووە، تەنیا لە دەشتەکانی نەینەوا و سنووری خۆراوایدا نەبێ، بەڵام لە باکور و باکوری خۆرهەڵات و سنووری عیلامدا کوردەکان بە هێرشە یەک بەدوای یەکەکانیان تەنگیان پێ هەڵچنیبوون.

پرۆفیسۆر "ڕاگوزین" لە کتێبی وڵاتی ئاشووردا شتێکی لەبارەی هێزی نێری-یەوە گوتووە بەم جۆرە کورتی دەکەمەوە:

(١) "ئیگلات بلاسەر" لەگەڵ شایەکانی نێری هەڵسوکەوتێکی ناسکی کردووە، بەپێچەوانەی ڕەوشتی خۆی لەگەڵ نەتەوەکانی دیدا، ئەوەی کە بە ئاشکرا ئارەزووی دەردەخا بۆ ئاشتەوایی لەگەڵیان.

(٢) ئاشوورییەکان لەشکرکێشییەکیان کرد بۆ هێرش کردنە سەر "زاگرۆس"ی نیشتیمانی کوردان و تا ڕادەیەک لە ئەرکەکەیدا سەرکەوت و بەڵام ئەو شێوەیەی ئەم ڕووداوەی تێدا تۆمار کراوە، ئەو جەختکارییەی تێدا دیار نییە. کە ئاشوورییەکان فێر بوون لە سەرکەوتنەوەکانیاندا تۆماریان دەکرد.

(٣) ئاشوورییەکان زاگرۆسیان داگیر نەکردووە، بەبەڵگەی ئەوەی کە لە ناو ناوەکانی ئەو وڵاتانەدا باس نەکراوە کە داگیر کراون و لە تۆمارەکانی شەلمانناسری دووەمدا (٨٦٠-٨٢٤ی ز) باس کراون.

هەروەها نێری، مەبەستم ئەو کوردانەیە کە پەیمانی نێرییان پێکەوە ناوە، بەپێی گێڕانەوەی "مێجەر سۆن" لە ساڵانی ١٥٠٠-١٢٠٠ی پێش زاییندا لەو وڵاتەدا بوون کە لە ناوەڕاستی ڕێڕەوی زێی گەورەوەیە تا سەرچاوەکەی. تیگلات بلاسەری شای ئاشووری و دوای ئەویش جێنشینەکانی

ئەو (١١٠٠-٦٠٠ی پێش زایین) باسیان لێیانەوە کردووە و ئاماژە بەو نیشتیمانەیان دراوە لە کانگەی دیجلە و فوراتی باکوری چیای "نیفاتس- دەرسیم و خەرپووت" لە باکوردا و لە بتلیس و دەریاچەی وان و ورمێ لە خۆرهەڵاتەوە و چیاکانی تۆروس لە خۆراوادایە. بەپێی ئەوە نابێ شایەکانی ئەم وڵاتە و شایەکانی ئەرمینیای ئەوسای بە "یۆرارتوا" ناسراو تێکەڵ بکرێ کە دەکەوتە باکوری وڵاتی نێریی پشت دەریاچەی وان و چیاکان. دوای ئەوەش کوردەکان لە باکوردا بە ناوی میدییەکان و کۆردۆییەکان و کاردۆخییەکانەوە دەرکەوتن کە بەم جۆرەی خوارەوە باسیان لێوە دەکرێ.

میدیاییەکان- دوای سستبوونی کاروباری نێرییەکان ساڵی ٧٠١ی پێش زایین دەوڵەتی میدیا پەیدا بوو، ئەوەش لەسەردەمی داکەوتنی ئاشوورییەکاندایە و یەکەم شای میدیایی کە عەشیرەتە کوردییەکانی لەسەر ڕێککەوتوون لە بنەماڵەی (دیاکۆ) بووە کە بەر لەوە ئاشوورییەکان لە لای وان لەگەڵیاندا بەجەنگ هاتوون. (فەراوەرتیش)ی کوڕی ئەم شایە کاتی خۆی بە ڕێکخستنی سوپاوە بەسەر بردووە. کە (هووخ شتر- کەیئەخسار)ی کوڕی لە دوای خۆی هات ڕێژیمی سوپای گۆڕی- کە لە یەکەگەلێکی نافەرمی پێک هاتبوو، هەر یەکەیەکیان نوێنەری عەشیرەتێک بووە و بە سەربەخۆیی لەوانی کە، جەنگی دەکرد- بۆ سوپایەکی یەکگرتوو و بەوەش میدیاییەکان سەربەخۆیی خۆیان پاراست و دەسەڵاتیان بەسەر هەرێمەکانی دراوسێکانیاندا سەپاند و دەسەڵاتیان لە "بەکتریانە- بوخارا"وە لە خۆرهەڵاتەوە تا ڕووباری قزڵ ئێرمەق لە خۆراوادا و لە دەریاچەی قەزوینەوە لە باکوردا تا کەنداوی فارس لە باشووردا فرەوان بووەوە. ساڵی ٥٥٠ (کۆرش- کەیخوسرەو) هێرشی بردنە سەر و دەوڵەتیانی لەناوبرد و خستییە سەر دەوڵەتە تازە پێگەیشتووەکەی. (أ. ب. سۆن).

گەلێکن ئەوانەی دەڵێن میدییەکان کوردن چەند کەسێکیان باس دەکەم:

(١) "أ. سۆن" لەو بڕوایەدایە میدییەکان کوردن، بەبەڵگەی زۆر لەیەکچوونی زمانی کوردیی ئەمڕۆ و زمانی میدی کە ئەو زمانەیە زەرادەشت کتێبی خۆی پێ نووسیوە.

(٢) پرۆفیسۆر سایس دەڵێ: میدییەکان کوردن و وڵاتیان لە خۆرهەڵاتی وڵاتی ئاشووردایە و تا باشووری دەریای قەزوین درێژ دەبێتەوە و وەک ڕەگەزیش و وەک زمانیش لە نەتەوە ئارییەکانن.

(٣) حەسەن پیرنیا موشیرولدەولەی پێشوو لە کتێبی ئێرانی کۆندا (ل٥٧) دەڵێ: زمانی میدیایی زمانی کوردیی ئێستایە یان بنچینەکەیەتی.

(٤) ئینسیکلۆپیدیای بەریتانی-ی ساڵی (١٩٢٩ی زایین) دەڵێ: میدییەکان دوای ڕووخانی دەوڵەتەکەیان ئاوێتەی کوردان بوون و بوونە کورد.

(٥) هانز گۆنتەر لە کتێبێکی-دا کە ساڵی ١٩٣٤ی زایین بڵاوکراوەتەوە لە بارەی نەتەوە هیند و

جەرمانیی ئاسیاییەوە دەڵێ: کوردەکان میدین و بەشێکیشان فارسن بوونەتە کورد.

هەر لەو سەرچاوانە: کتێبێک بەناوی "قۆقاس و قۆقاسیان"ی زیوەرۆفسکی-ی نووسەری فرەنسییە تێیدا هاتووە کوردەکان نەوەی میدییەکانن.

(٦) "لۆشان" دەڵێ: کورد لە ڕەسەنە سپییەکانە و میدی و فارسە بەرابییەکان دەنوێنن، کە لە ئەورووپای باکورەوە کۆچیان کردووە. سەختیی وڵات پاراستوونی و تایبەتمەندییە ئارییەکانی تێیاندا هێشتووەتەوە و ناوی "ئاریر"یان لە خۆیان ناوە و کە لەگەڵ فارسدا یەکیان گرتووە، مەبەستم کە کۆرش بەسەریاندا سەرکەوت و وڵاتەکەیانی خستە سەر دەوڵەتەکەی هەستیان بە نەتەوایەتی دەکرد و دڵیان بۆ قەوارە سەربەخۆکەیان لێی دەدا.

گۆرۆدۆئین-ە سەرکەوتووەکان- دوای ڕووخانی میدیاییەکان عەشیرەتەکان بەیەکدا کشانەوە و کشانەوە سەر چیاکان کە سەربەخۆیی خۆیان پاراست و دەوڵەتێکیان پێک هێنا لە مێژوودا بە گۆرۆدۆئینە سەرکەوتووەکان ناسراوە و سنووری دەوڵەتەکەیان لە نێوان زێی گەورە و دیجلەدا بووە. لەم سەردەمەدا دەسەڵاتی باڵای فارس بە هەندێک لە ناوچە کوردییەکاندا کشا لەدەرەوەی سنوورەکانی ئەم دەوڵەتەدا. کوردێکی زۆر خۆبەخش چوونە ناو سوپاکانی فارس و پشتگیریی دەوڵەتەکەیان کرد و ئەرکی پاراستنی ئاینی (زورواستر- زەردەشت)یان لە ئەستۆ گرت کە لەسەر ئەو ئاینە بوون. ئەو عەشیرەتەی ئەم پاراستنەی پێ سپێررا، عەشیرەتی ڕواندی- ڕوادی بووە کە ئەو عەشیرەتەیە لە سەردەمی ئیسلامیدا سەلاحەددینی ئەیووبیی تێدا هەڵکەوت و پاراستنی ئاینی ئیسلامی گرتە ئەستۆ کە گەلەکەی چووبوونە سەر ئەو ئاینە.

ساڵی (٤٠١-٤٠٠ی پێش زایین) زینۆفۆنی سەرکردە و مێژوونووسی یۆنانی ویستی بە کوردستاندا ڕەت ببێ و یارمەتیی کۆرش- کەیخوسرەو بدا دژی ئەردەشیری برای کە شای ئێران بووە و لەگەڵ کورداندا لێکیان دا لە نێزیکی "بوهتان- بۆتان" لە دەربەندی "زاخۆ"دا و خراپیان شکاند و پاشماوەی سوپاکەی بەرەو دەریای ڕەش کشانەوە و سواری کەشتیگەل بوو و گەڕایەوە وڵاتەکەی و لەوێ ئەو ڕووداوانەی نێوانی خۆی و کاردۆخییەکان-ی تۆمار کرد کە کوردەکان لە تۆمارەکەیدا بەو ناوەوە ناودەبا.

لەسەردەمی ڕۆمان و یۆنانییەکاندا مێژووی کوردانی تێدا هەندێ تووشی خەرخەشە بوو بەهۆی جیاوازیی ئەو ناوانەی لێیان نرا. یۆنانییەکان و ڕۆمانییەکان کاردۆخی و کوردش و کیرتییان پێ دەگوتن و ئاشوورییە دواییەکان و عەرەبی بەر لە ئیسلام و ئەرمەن کورتوخ و کورچیخیان پێ دەگوتن. لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین بە خوێندنەوەی پێوانەیی تۆمارەکانی سەرگۆنی دووەم و ئەسەرحەددوونی ئاشووری و مووسای خۆرینیی ئەرمەنی و میتۆلۆجیای ئێرانیی وەک شانامە و سەربوردەی قارەمانان، دەتوانین هەندێک لەو عەشیرەتە کوردە گەورانەی وەک بوهتی "بوختی" و موکری و هەزبانی و موهرانی "میرانی" و هی دیکە بگەڕێنینەوە بۆ سەدەی شەشەمی پێش زایین و

دەبینین لەو شوێنانە نیشتەجێ بوون کە ئێستە لەوێن و ژیانێک ژیاون لە ژیانی ئێستایان دەچن. هەروەها لە خوێندنەوەی ناوی عەشیرەتەکانەوە دەردەکەوێ کە کوردەکان کۆنترین ئەرستۆکراتیەتی جیهان پێک دەهێنن. (ئینسیکلۆپیدیای بەریتانی. خلاصە تاریخ الکرد و کردستان).

کەوا بێ باپیرانی کورد گۆتی و کاشی و لۆلۆیی-ی باشوورن و سۆباری و نێری و میدی و گۆردیان و کاردۆخیی باکورن. هەمووشیان لە زاگرۆس و ئەو چیایانەی لێی بوونەتەوە و بەشێوەزاری جیاجیا ئاخاوتوون کە دەگەڕێنەوە سەر یەک ڕەسەن و نە تۆرانی و نە سامین. ئایا ڕاست بێ کە دەچنەوە سەر بنەچەی ئاری وەک ئینسیکلۆپیدیای بەریتانی، یان بۆ سەر بنەچەی (یافتی- قەفقاسی) هەروەک پرۆفیسۆر "سپایزەر" لەو بڕوایەدایە. ئەوەی لەسەریشیدا کۆکن ئەوەیە کە هەموو عەشیرەتە کوردییەکان کراونەتە ئاری و تایبەتمەندییە نەتەوەییەکانیان لە سەدەی دەیەمی پێش زاییندا پێک هاتووە. نێزیکە نووسەرانی ئەڵمان و ئینگلیز لەسەر ئەوە ڕێک بکەون کە کوردی ئەمڕۆ ئاریی خاوێنن لە تیپی هیندۆجەرمەنی.

### کورد لە سەردەمی ئیسلامیدا

لەم بەشەدا تەنیا کار بۆ دانانی بنەمایەک بۆ خوێندنەوەی مێژووی کورد لە ئیسلامدا دەکەم، بە دوورودرێژیش ناچمە ناو بابەتەکەوە، چونکە ئەوە پێویست بە دانانی کتێبێک دەکا ئەم گەشتە لە توانایدا نییە خۆی لێ بدا.

هەڵمەتەکانی عەرەب لە سەرەتای ئیسلامدا، هەر لە ساڵی ١٣ی کۆچییەوە، ئاراستەی عێراق و ئێران کران. لەشکرەکانیان لەگەڵ ئێرانییاندا لە قادسییە بە یەکدا چوون و بەسەریاندا زاڵ بوون و ئەمانە لە عێراق و کوردستانی باشوور و لوڕستانەوە پاشەکشێیان کرد، کە فارس و کوردیان لە ناودا بوو و لەمانەش هورموزان، کە یەکێک بوون لەو حەوت بنەماڵەیەی لە ئێران و شاهی لوڕستان، کە لەگەڵ عەرەبە هێرشبەرەکان لە ئەهواز و مەنازر و ڕووباری تیری و ڕام هورمز و توستەر-دا بە جەنگ هاتن و لە سەرەتای کاردا جەنگ گەرم بوو و زۆرێک لە عەرەب لەم شەڕانەدا کوژران، بەناوبانگترینیان موجەززەئی کوڕی سەور و بەرائی کوڕی مالیک-ی برای ئەنەسی کوڕی مالیکی یاوەری بەناوبانگی پێغەمبەر. کە هورمزان بە دەستی خۆی کوشتنی و ئەم کارە عەرەبی ورووژاند و هێرشێکی توندیان بردە سەر هێزەکانی هورمزان لە توستەر و هورمزانی تێدا بەدیل گیرا و سوپاکەشی شکستی خوارد.

دوای ئەوە عەرەب پێشڕەوییان بۆ نەهاوەند کرد کە شەڕی یەکلاکەرەوە لە نێویان و نێو فارسەکان ڕووی دا و دەستیان بەسەر هەموو ئەو شتانەدا گرت کە بە دەستیانەوە بوو. کوردەکانیش کشانەوە سەر چیاکانیان و لەوێ بۆ بەرگری لە وڵاتەکەیان وەستان. عەرەبەکان نەچوونە ناوەوە و لە نێوان ساڵانی ١٨ و ٢٠ی کۆچیدا بە باج لێ وەرگرتنیان وازیان هێنا.

خاوەنی بدلیس (بتلیس)یش باجی "خەراج"ی (ئەخلات)ی بۆ عیازی کوڕی غەنەم-ی سەرکردەی گشتی دەستەبەر کرد. لەشکرانی عەرەب دوای ئەوە بەرێیاندا دەڕۆیشتن بۆ قەفقاس و وڵاتی ئەرمەنی ئەولای وڵاتی کوردان. دوای داگیرکارییەکانی عەیازی کوڕی غەنەم و حەبیبی کوڕی موسلیمەی فیهری زۆربەی گەلەکان لەو وڵاتانەی نێوانی وڵاتی سامییەکان لە باشوور و دەریای ڕەش و دەریای قەزوین لە باکوردا ڕاپەڕین و عومەری کوڕی خەتاب بەتەما نەبوو بەدەست موسڵمانەکانەوە بمێننەوە لەبەر فرەوانیی لایەکانی کە پێویستیی بە سەربازی زۆر هەبوو تێیاندا بمێننەوە. وەک ئیبن خەلدوون لە باسی گرتنی چیاکانی ئەرمینیادا کردوویەتی، ئەو میرانەی سوراقەی کوڕی عەمر بڵاوی کردبوونەوە پاشەکشێیان کرد.

لەساڵی سێیەمی جێنشینێتیی عوسمانی کوڕی عەففاندا ئامەد و وڵاتی کورد ڕاپەڕی و ساڵی ٢٦ی کۆچی حەبیبی کوڕی موسلیمەی فیهری بۆ جاری دووەم ڕووی لە "قالیقلا" کرد و لەو ئەرمەنییانەی دا کە یارمەتییان لە قەیسەر داوا کرد و بۆی ناردن و حەبیب هەواڵەکەی بۆ جێنشین نووسی و سەلمانی کوڕی ڕەبیعەی باهلیی بۆ نارد کە دوای ئەوەی بەسەر دوژمنیدا سەرکەوت گەیشتە جێ. دوای ئەوە بە هەردووکیان ڕوویان لە قەفقاسی باشوور کرد و ڕەوتی حەبیب لە خۆراواوە بوو و سەلمان لە خۆرهەڵاتەوە، کە بەیلەقانیان بە ڕێککەوتن گرت و کوردەکانی بۆشنجان (بلاشجان)ی بۆ ئیسلامەتی بانگهێشت کرد و لەگەڵیدا بەشەڕ هاتن، ئەمەش پشتگیریی بوونی کورد دەکا لە قەفقاسیای باشوور بەر لە ئیسلام، بە پێچەوانەی قسەی هەندێک نووسەری خۆراوایی کە دەڵێن دوای جەنگی چاڵدیران و بەرەو خۆرهەڵات فرەوانبوونی عوسمانی، کۆچیان بۆ ئەوێ کردووە. بەسەریاندا سەرکەوت و بڕیاری باجدانی بڕێکیانی کرد و هەندێکی دیکەشیان کە بوونە موسڵمان بەخشینی بۆ خێر "سەدەقە"یان دا.

لە ڕۆیشتنی حەبیب بۆ "قالیقلا"دا باسی ئەو وڵاتی کوردە نەکراوە کە لە نێوانی ئەوێ و جزیرەدایە، کە ئەوە دەگەیەنێ سەرباز نەچوونەتە ناوی. ئەو دەڤەرە کوردییانەی ناویان لەم هەڵمەتەدا هاتووە هەرک (ناوچەی عەشیرەتی هەرکی) و دەشتی ورک و مکس لە دەڤەری بەسفرجان- ئەم ناوچەیەش لە تەک ئەو شارانەدایە کە ڕەشۆکی ئەرمەنی تێدا دادەنیشن و دوای ئەوەش کوردەکان ناوە ناوە لە شۆڕشدا بەردەوام بوون لە کوردستانی باکور "ئەرمینیا" و جزیرە و ئازەربایجان و شارەزوور و کرماشان و لوڕستاندا، کە بەرگرییان لە ئازادیی خۆیان کردووە و خۆیان لە پێناوی پاراستنی سەربەخۆییی وڵاتیاندا بە کوشت داوە. هەروەها لە هەل گەڕاون بۆ کۆکردنەوەی یەکیەتیی سیاسییان تا ڕابوونی عەباسییان کە داوای جێنشینییان دەکرد و لەگەڵ فارسدا پشتگیرییان کردن و ئەبو موسلیمی خوراسانییان لێ ڕاپەڕی و سەرکردایەتیی سوپاکانی ئێرانی دەکرد و گورزێکی لەناوبەری لە شەڕی زێی گەورەدا لە ئومەوییەکان دا. کە ئەبو جەعفەری مەنسوور بووە جێنشین لە ئەبوو موسلیم ترسا و هەر خەریکی بوو تا بە ناڕەوایی کوشتی و "ئەبوو دولامە" شیعرێکی پیرۆزبایی بۆ مەنسوور گوتووە تێیدا دەڵێ:

أبـــا مـجـرم مـا غـيـر الله نـــعـمـة
علي عـبـده حـتـي يغـيـرها الـعـبـد
أفي دولة المنصـــور حـــاولت غـــدره
ألا إن أهـل الـغـــــدر آبــارك الـكـرد

مەبەستی شاعیر لە باوکی تاوانبار "ئەبو موجریم" ئەبو موسلیم بووە (حیاه الحیوان- مادە الاسد).

دوای کوژرانی ئەبو موسلیم لە هەمەدان و کوردستان، دوای ئەوە ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی کوردان بە دوای یەکدیدا هاتن، کە جێنشینێتیی عەبباسییان دەستی بە لاواز بوونەوە کرد، کوردەکان دەستیان بە ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کرد لە شوێنی جوداجودادا و دەوڵەتەیلیان دامەزراندن. لە خوارەوە کورتەیەک لەبارەی هەریەکەیانەوە باس دەکەین و کوردەکان ئەگەرچی شۆڕشیان لە دژی عەبباسییان ڕاگەیاند و هەروەک هی دیکە لە فارس و دەیلەم و تورک کردیان سەربەخۆ بوون، لێ لە لایەکی دییەوە جێنشینیی جێنشینییان "خلافە" لە هێرشەکانی خەزەر و غوززوتەتەری یەک بەدوای یەک پاراست. لە بایەخدارترینی ئەم پارێزگارییە ئەوە بوو کە وڵاتی کوردان کەوتبووە ناو دڵی جێنشینێتیی عەبباسی و ئەو وڵاتەی مەیدانی بزووتنەوەکانی نەتەوە مەنگۆلییەکان بوو. ئەوەی سەیری تەبەری و کامل و کتێبە مێژووییە بنەڕەتییەکانی مێژوو بکا، ئەم ڕاستییانەی بۆ دەردەکەوێ.

## دەوڵەتی کوردی

(١) دەوڵەتی دەیسەم و بەنی موسافیر- لە ئازەربایجان دامەزرا و لە ساڵی (٣٢٦وە تا ٦٥٤ی کۆچی) بەردەوام بوو و بە هاتنی هۆلاکۆ خانی تەتەر لەناو چوو.

(٢) دەوڵەتی حەسنەویهی- حەسنەویهی کوڕی حوسێنی بەرزنگانی دایمەزراندووە و حکوومەتەکەی تا سنوورەکانی شارەزوور و هەندێک لای ئازەربایجان فرەوان بووەوە، کە هەمەدان و دەینەوەر و نەهاوەند و سامغان و سەرماج بەشێک بوونە لە شانشینییەکەی کە لە ساڵی ٣٤٨وە بەردەوام بووە تا ٤٤٦ی کۆچی. جێنشینی بەغدا دانی بە سوڵتانێتییەکەیدا ناوە و دوای خۆی نازناوی ناسیرولدەولەی لە کوڕەکەی ناوە (ابن الاثیر و ابن خلدون).

(٣) دەوڵەتی دۆستک یان بەنی مەڕوان- حوسێن بەگی دۆستک-ی حەمیدی دایمەزراندووە کە نازناوی سوڵتان شوجاعی لێ نراوە و بە (باد) بەناوبانگ بووە. ساڵی ٣٢٤ لە دایک بووە و حکوومەتەکەی لە باکوردا تا مووش و ئەرجیش و لە باشووریشەوە تا جزیرە و مووسڵ فرەوان بووەتەوە و دیار بەکر و مەیافارەقین ناوەندی کارەکانی بوونە. ئەوەی دوای خۆی دەمانێک

پەیمانی بە فاتیمییان داوە و دەوڵەتەکەی لە ساڵی ٣٥٦ەوە تا ٤٨٩ی کۆچی بەردەوام بووە. (ابن خلدون).

(٤) دەوڵەتی قەرەباغ و دۆڵی ئاراس لە قەفقاسیای باشووردا– هەروەها بە حکوومەتی شەدداد–یش ناسراوە، (چامیر چلمیر) ئەبولئەسواری ڕوادی (وا دیارە مەبەستی (شاوری ئەبولئەسوار)ە)، لەدەوروبەری ناوەڕاستی سەدەی چوارەمی کۆچی دایمەزراندووە و تا هاتنی نەتەوە تەتەرەکان بەردەوام بووە و ئینجا لەناوچووە، شادی ئەبو نەجمەددین ئەییووبی باپیری سەلاحەددینی ئەییووبی، سەر بەم عەشیرەتە بووە.

(٥) دەوڵەتی ئەییووبی– سەلاحەددینی ئەییووبیی ڕوادی دایمەزراندووە، باوکی لە "دوین"ی سەر بە قەرەباغ لەدایک بووە. لە مەزنترینی پیاوانی ئیسلام بووە بە ژیری و سیاسەت و ئازایەتی و خۆئامادە کردن. دەوڵەتی خۆی لەسەر داروپەردووی دەوڵەتی فاتیمی لە میسر دامەزراندووە و پەیمانی تێدا داوەتە عەباسییان و جەنگی لەگەڵ خاچپەرستاندا کردووە و لە سووریاوە پاشەکشێی پێیان کردووە و "بەیتولمەقدیس"ی لە دەستیان ڕزگار کردووە و کارپەسندییەکانی لەوە بەناوبانگترن باسیان لێوە بکرێ. هەروەها شا ئەشرەفی ئەییووبی لکێکی دەوڵەتی ئەییووبیی لە کوردستاندا دامەزراندووە و شاری خەلات "ئەخلات"ی کردە ناوەندی و لە سەردەمی ئەم دەوڵەتەدا کوردەکان میرنشینی و ویلایەتەکانیان لە میسر و شام و کوردستان و یەمەن و خوراساندا بەدەستەوە گرتووە. ئەو دەوڵەتە لە ٥٦٤ەوە تا ٦٤٨ی کۆچی لە گەشەسەندندا بووە. (السلوك في دول الملوك للمقريزي).

(٦) دەوڵەتی فەزلەویە– هەروەها دەوڵەتی هەزارئەسپیشی پێ دەڵێن. ساڵی ٥٤٣ ئەبو تاهیری کوردیی سەرکردە دایمەزراندووە کە یەکێک بووە لە سەرکردەکانی ئەتابەگەکانی فارس لە لوڕستان و تا ساڵی ٨٢٧ی کۆچی بەردەوام بووە. بەهاتنی تەیمووری لەنگ لەناوچووە (تاریخ الامم الاسلامیە)، کە هۆلاکۆ خانی تەتەریش بۆ گرتنی ئاسیای خۆراوا هاتووە، کوردەکان لە ڕوویدا وەستاون و پێشڕەوییەکەیان لە داگیرکارییەکانی تەگەرە تێ خستووە، کە دەوارەکانی ئاڕاستەی بەغدا کردووە ناچار بووە بە شارەزووردا ڕەت بێ و کوردەکان لە دەڤەرەکانی هەولێردا بەرگرییان کرد و ٢٠ هەزاریان لە لەشکرەکانی کوشت (دائیرەتولمەعاریف).

گومان لەوەدا نییە هێرشەکانی تەتەر بۆ سەر ئاسیای خۆراوایی، هەروەک دەوڵەتە ئیسلامییەکانی دیکەی لە خۆرهەڵات لە ناو برد، دەوڵەتی کوردیشی لە ناو برد، بەڵام ئازادیی کوردانی لەناو نەبرد کە هەر لە دوای هەڵمەتی تەتەر هەر لە سەدەی دوانزەی زایینەوە دەستیان بە دامەزراندنی میرنشینیگەلێک کرد بۆ خۆیان، لە هەموو ناوچەکانی کوردستانی گەورەدا فرەوان بوون. ئەم میرنشینییانەش هاوسەنگیی نێو دەوڵەتانی کۆیلەمەندان و عوسمانی و فارس ڕاگرت. کاتێک عوسمانییەکان لەسەر حیسابی کۆیلەمەندان لە شام و میسر و وڵاتی عەرەبدا و لە شەڕی چاڵدێراندا جەنگی فارسیان کرد، ئەم میرنشینانە بە هۆی ئاینەوە دووکەرت بوون، بەشێکیان

لایەنی تورکیان گرت و سەرکەوتنیان بەسەر فارس بۆ بەدەست هێنا و بەشەکەی دیکە لە خاکەکانی ئێراندا مانەوە و دەسەڵاتی هەر یەک لەو دوو دەوڵەتانەش لەم دوو بەشەدا هەر بە ناوە بوو و دوو دەوڵەتەکەش گەلێک جار هەر پێکیان دادەدا لە جەنگگەلێکی لەناوبەردا بەهۆی ناکۆکیی میرنشینییە کوردەکانەوە لە دوو بەشی ناوبراودا. بەناوبانگترینی ئەو میرنشینانەی لە سەر خاکەکانی دوو دەوڵەتەکەدا دەرکەوتن و تا ساڵی ١٨٥٠ی زایین بەردەوام بوون. میرنشینیی ئەردەڵان و لورستان و قۆچان (خوراسان) لە ئێران و بۆتان و سۆران و بابان و بتلیس و ژمارەیەک لە میرنشینیی دیکە لە وڵاتە عوسمانییەکاندا، کە لە شەرەفنامەدا باسیان لێوە کراوە.

لە ساڵی ١٨٣٤ی زایینیشدا، حکوومەتی ئاستانە لەشکرێکی گەورەی بە سەرکردایەتیی ڕەشید پاشای وەزیری هەرگەورە "الوزیر الاعظم" و والیی سیواس نارد بۆ دیاربەکر کە دەستی بە پەلاماردانی میرنشینییە کوردییەکان کرد و توانیی بە هاوکاریی والییانی مووسڵ و بەغدا و دیاربەکر هەندێک لەم میرنشینییانەی لەناوبرد، میرنشینییەکانی کە تا ساڵی ١٨٥٠ی زایین پایە سیاسییەکانی خۆیان پاراستووە. ئینجا والیگەلێکی تورکیان لە جێیان دانا و ڕێژیمگەلی تازەیان خستە گۆڕێ و کاریگەرییان تەنیا بەسەرشارەکان و گوندە نێزیکەکانەوە هەبوو، بەڵام عەشیرەتەکان و ناوچە چیاییەکان هەر وەک جاران دوور لە دەستی حکوومەت مانەوە.

ساڵی ١٨٨٥ی زایینیش، سوڵتان عەبدولحەمید دەستی بە سیاسەتی بە خۆیەوە بەستنی عەشیرەتە کوردییەکان کرد و هێزگەلێکی ڕێکخراوی داهێنا و بە ناوی خۆیەوە ناوی "حەمیدییە"ی لێ نان و فەرمانیان لە خۆی وەردەگرت. ساڵی ١٩٠٩ی زایین کە شۆڕشی لە دژ بەرپا بوو و لە تەخت داگیرا، ئەم هێزانە هەڵوەشانەوە و ئەم سیاسەتە بیری نەتەوەییی لە ناو کورداندا دواخست. دوای کەوتنی سوڵتان ڕۆشنبیرانی کورد لە نوێنەران و فەرمانبەر و پیاوماقووڵان لە ئاستانە یانەگەلێکیان بەناوی خۆیانەوە دامەزراند و ڕۆژنامەیان دەرکرد و کردیاننە ئۆرگانی خۆیان لە ئاستانە و بەغدا و مووسڵ، بۆیە "ئیتتیحادییەکان" جەنگێکی بێ ئامانیان لە دژ بەرپا کرد و چەندین هێرشیان کردە سەر ئیبراهیم پاشای ملی و شێخی بارزانییان لە نێزیک مووسڵ و هەمەوەند و عەشیرەتگەلی دەرسیم "دێرسم".

هەڵوێستی کوردان لە جەنگی گەورەدا. کاتێک جەنگی جیهانی بەرپا بوو بەرەی قەفقاس لەبەردەم هێرشی ڕووس و ئەو تیپە تۆڵەستێنە ئەرمەنییانەدا بوو کە چووبوونە پاڵیانەوە، بۆیە تورکەکان لەبەردەمیاندا پاشەکشێیان کرد و ئەم لەشکرانە بەبێ ئاستەنگ چوونە ناو کوردستانی باکور و عەشیرەتە کوردییەکان ڕابوون و لە دژیاندا جەنگین، دوای ئەوەی کارەیلی زۆر دزێویان لێ بینین کە ئەرمەنییەکان بەرامبەر کوردە بێچەکەکانیان دەکرد و پاشەوپاشیان گێڕانەوە و ئەوەش بە بەهایەکی زۆری گیانی و سامانییان لەسەر کەوتەوە.

(ڕاولنسن)ی سەرکردەی لەشکرەکانی بەریتانیا لە قەفقاس لە کتێبیدا لەبارەی قەفقاسەوە باسی لەوە کردووە کە بڕیار درا ویلایەتی قارس و کەرتە کوردییەکانی تێدا بخرێنە سەر ئەو

کۆماره ئەرمەنییە تازە پێکهاتووە و هێزەکانی بەریتانیا لە قەفقاس هەوڵی دوانەهاتوویان بۆ هێنانەدیی ئەم ئامانجە، بەڵام سەرنەکەوت، چونکە کوردەکان ڕێیان لەوە گرت و بەرەنگاری لەشکرە ئەرمەنییەکان بوونەوە لە سێ شوێنی قاغزمان و ساری قامیش و ئۆلتی-دا و سەرکەوتنێکی گەورەیان بەدەست هێنا و خراپیان شکاندەوە و بەوەش تورک ئەم ویلایەتەیان وەک دەستکەوتێکی سارد کەوتە دەست.

لە ساڵی ١٩١٩ی زایینیشدا جەنەڕاڵ شەریف پاشا نوێنەرایەتیی کوردی کرد لە کۆنگرەی ئاشتیدا، کە پەیمانی سیڤەر ساڵی (١٩٢٠ی ز) بەم هۆیەوە لە کوردستانی باکوردا سەربەخۆییی دانێ لە باکورەوە ئەرمینیا و لە باشوورەوە عێراق سنووری بوو و سەربەستیی چوونە پاڵ ئەم دەوڵەتەیان دایە دەست کوردی عێراق، کە تورکەکان پەیمانی سیڤەریان دڕی و بە پەیمانی لۆزانیان گۆڕییەوە سەربەخۆیی کوردی لەناو برا و بڕیاری مانەوەی کوردستانی باشوور لە عێراقدا و دەستنیشان کردنی سنووری عێراقی لە باکوردا بۆ لێکگەیشتنێکی دۆستانەی نێوان بەریتانیا و تورکیا هێشتەوە. کە ئەمە ئەنجام نەدرا کێشەی نێوان دوو دەوڵەتەکە برایە "عوسبەتولئومەم".

دۆزی کوردیش بە ئاڵۆزی مایەوە و کورد لە باکوردا لەژێر ئالای شێخ سەعیدی نەقشبەندی-دا شۆڕشیان بەرپا کرد و شاری "گەنج"یان کردە ناوەندی خۆیان و میرئالای خالید بەگی جبرانی کە لەو دواییانەدا بە دەستی تورکان کوژرا نەخشەکانی ئەم شۆڕشەی ئامادە کرد. بڕیاریش وەها بوو سەرلە بەیانیی ٣١ی مارتی ١٩٢٥ی زایین دەست بە شۆڕشی گشتی بکرێ. وا ڕێککەوت ڕۆژی حەوتەمی مانگی ناوبراو هێزێکی گەورەی تورک گەیشتە گوندی شێخ سەعیدی خودا لێ خۆش بوو، شەڕ بە هۆیەکی هیچ و پووچ لە نێو مریدانی شێخ سەعید و لایەنگیرانی و ئەم هێزەدا قەوما و شۆڕش پێش کاتی دیاری کراو بەرپا بوو و تورکەکان توانییان زۆربەی ئەفسەرەکان دەستگیر بکەن بەر لەوەی بگەنە مەیدانی جەنگ و یەکسەر بەبێ دادگەییکردن و بەبێ پرسیار ئیعدامیان کردن. سەرەڕای ئەوەی شۆڕشەکە بەر لەکاتی خۆی بەرپا بوو، لەو دەستانەش کە ئامادەکارییان بۆ کردبوو و هەروەها لەو سەرکردانەی بێبەش بوو کە شارەزاییان لە هونەرەکانی جەنگدا هەبوو، لە کاتێکی کورتدا ڕووبەرێکی فرەوانی گرتەوە بە جۆرێک کە زۆربەی وڵاتی کوردی لە تورکیا گرتەوە.

هەروەها دەست بەسەر شاراندا گرتنی شۆڕشگێڕان یەک لە هۆکارەکانی نوشوستی هێنانەوەی شۆڕش بوو، تورکەکان لەشکرکێشییان لە سیواس و ئەرزەڕۆم و کەنارەکانی دەریای ڕەشەوە کرد و هەروەها هێزێکیان بە هێڵی ئاسنی سووریا بەڕێی حەلەبدا بۆ مەیدانی شۆڕش نارد کە لە ٢٥٠٠٠ کەس پێک هاتبوو. ئەم سوپایە لە "دیاربەکر" بە هێزەکەی شێخ سەعید گەیشت و بەزاندی و سەرکردەکانی بزووتنەوەکەی گرت و درانە دادگەکانی سەربەخۆیی، کە حوکمی ئیعدامی بەسەر شێخ سەعید و دوکتۆر فوئاد و ٤٦ کەسی دیکەی لە سەرکردەکانی بزووتنەوەی نیشتیمانیدا

سەپاند و لە ئەغستۆسی ساڵی ۱۹۲٥ی ز.دا حوکمی ئیعدام بەسەر هەموویاندا جێبەجێ کرا و لەم دواییانەدا سەرۆکی ئەم دادگەیانە لە لێدوانێکیدا گوتی هۆی ڕاستەقینەی ئەم شۆڕشە سەربەخۆییی کوردستان بوو.

ئەگەرچی بە ڕواڵەت ئەم شۆڕشە دامرکێنراوە بەڵام لە شوێنە سەختەکاندا مایەوە و ناوە ناوە بە بچڕبچڕی سەری هەڵدەدایەوە تا (۱۹۲۹–۱۹۳۰)، کە توند بووەوە ئەم جارەیان ئیحسان نووری پاشای سەرکردە بەڕێوەی دەبرد و چیاکانی ئەراراتی کردبووە ناوەندی خۆی. هەندێک لە پارتیزانەکانی بۆ خەریک کردنی تورک ئاڕاستەی سەر سنوورەکانی سووریا کرد لە باشوور و لە ۱۳ی حوزەیرانی ساڵی ۱۹۳۰ی زاییندا، جەنگ شێوە جیددییەکەی لە نێو هێزەکانی و هێزەکانی کۆماری تورکیدا وەرگرت و توند و تیژییەکەی مانگێکی ڕەبەق بەردەوام بوو و تورک ناچار بوون هانایان بۆ ڕووسەکان و فارسە دراوسێکانیان برد و ڕووس سنووری داخست و فارسەکانیش سوپایەکیان بۆ لێدانی پارتیزانەکان بۆ لای خۆرهەڵات نارد و ئەم هاوکارییەی ئەم سێ دەوڵەتە ئەنجامی بە دامرکاندنەوەی شۆڕش گەیشت و سەرکردەکانی خۆیان دا بەدەست دەوڵەتی فارسیدا و ئەمڕۆ لە تاران دەژین. ساڵی (۱۹۳۷)یش شۆڕش بۆ جاری سێیەم لە دێرسم "دەرسیم"دا بەسەرکردایەتیی "سەید ڕەزا "، بەهۆی ڕاگواستنی دانیشتووانی دەڤەری دێرسم–ەوە لەلایەن ئەنجوومەنی نیشتیمانیی تورکییەوە، بۆ ئەنادۆڵ و ویلایەتەکانی خۆراوا گڕی گرتەوە، تا ئێستاش لەبەر بێدەنگی لێ کردنی تورکانەوە زانیاریی لەبارەوە نییە. لە بەهاری ساڵی ۱۹۳۸دا لە دێرسم توند بووەوە.

ئەو سیاسەتەی حکوومەتی تورک گرتوویەتییە بەر لە شۆڕشە کوردییەکاندا، سیاسەتی لەناوبردنی نەتەوەی کوردە بەهەموو شێوەیەک، لە کوشتنی دەشتەکییە ئارامەکان و سووتاندنی دێیەکانیان و ڕووخاندنیان و ڕاگواستنی ئەوەی لە تواندا بێ ڕابگوازرێنەوە بۆ ئەنادۆڵ. کۆماری تورکیا بۆ دابینکردنی سەرکەوتنی سیاسەتەکەی و بۆ ئەوەی ڕێ لە بەرپابوونی شۆڕشی دیکەی کوردی، بە پەیماننامەیەی خۆرهەڵاتی کە (پەیمانی سەعدئاباد)ی پێ دەگوترێ خۆی بە عێراق و ئێرانەوە بەست، کە بە پلەی یەکەم بۆ خنکاندنی هەر بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازانەی کوردی ئاڕاستە کراوە.

لە کوردستانی باشووریش کوردەکان بەسەرکردایەتیی شێخ مەحموودی بەرزنجی و شێخ ئەحمەدی بارزان، هەر بە هۆکاری نیشتیمانییەوە چەند جارێک دژ بە حکوومەتی عێراق ڕاپەڕین.

ئێستاش دوای ئەوەی ئەم کورتە مێژووییەم نووسی وای بەباش دەبینم بە ڕستەیەکی مێجەر "سۆن" کۆتاییی پێ بهێنم کە ئەمە وەرگێڕانەکەیەتی: "ئێمە کە ئەوە بەبیرماندا دەهێنینەوە کە ئەم بەشەی ئاسیای خۆراوا گۆڕانکاریی گەورەی بەسەردا هاتووە و دووچاری هێرشگەلی هەموو ئەو نەتەوانە بووە کە لە مێژووی خۆرهەڵاتدا ناوبانگیان بووە، لە ئاشووری و پرتی و یۆنانی و ڕۆمان و فارس و عەرەب و مەنگۆل و تورک، دەبینین تەنیا کوردەکان لە ناو گەلانی ئەم ناوچانەدا توانیویانە

بەرەنگاری ئەم دەوڵەتانە ببنەوە و خاوێنیی زمان و خوێنی خۆیان پاراستووە، بۆیە بۆیان هەیە شانازی بە ڕەگەزی خۆیانەوە بکەن کە کەس ناتوانێ نکوولی لەوە بکا کە ئاریی خاوێن و پارێزەری چیاکان و خاوەنی زمانن."

## ژیانی کۆمەڵایەتی

أ- چینەکانی گەل

کورد بە گشتی بەسەر ڕەوەند و نیمچەڕەوەند و نیشتەجێدا دابەش بوون و ژمارەی ڕەوەندانیان ڕۆژ بە ڕۆژ لە کەمبووندایە، ئەمانەش لە کوردستانی خۆرهەڵاتدا کەمترن لەوانەی لە باکوردان، لۆرد کرزن لە کتێبی "فارس و وڵاتی فارس"ەکەیدا پشتگیریی ئەمە دەکا کە دەڵێ: "کوردەکان لە کوردستانی فارسدا نێزیکترن لە ئارامی و شارستانی و لە براکانی کوردستانی باکوریان پتر ژیانی سەربازیی ڕێکوپێکیان لا پەسندە". هەروەها سۆن دەڵێ: "ڕیژیمی دەرەبەگایەتی هێشتا لە ناو کوردانی باکوردا بەهێزە، ئەوان لێرە چیاکانیان خۆش دەوێ و دەست بە دابونەریتیانەوە دەگرن و دان بە کوردایەتییاندا دەنێن و هەریەکەیان بە کەمترین ئاماژەیەکی سەرۆکەکەی یەکسەر سواری ئەسپەکەی دەبێ و بە ماوزەرەکەی خۆی چەکدار دەکا." (فرایزەر)ی گەشتیاری سکۆتلاندیش هەر بۆ ئەوە دەچێ کە لە سەدەی نۆزدەدا سەری لە کوردستانی باکور دابوو و ئەمەش ئەوەیە کە دەیڵێ: "کوردەکان عاشقی چیاکانیانن و لەوەشدا لە سویسرییان و سکۆتلاندییان دەچن و وەک ئەمانە بەسەر عەشیرەتاندا دابەش بوون و دان بە سەروەریی سەرۆکانیاندا دەنێن و کوێرانە گوێڕایەڵییان دەکەن".

لە سەرەتاکانی سەدەی هەژدەهەمی زاییندا دوکتۆر "ڕۆس"ی سەر بە کۆنسولییەتیی بەریتانی لە بەغدا سەری لە میری ڕەواندز داوە و ئەوەی تێبینی کرد کە "فرایزەر"یش تێبینیی کردبوو و درێژەشی دایێ و گوتی: "بنەواکانی کوردان و ئامانجیان لەم ژیانەدا جەنگ و هێرش بردنە، لە منداڵییەوە مەشق لەسەر ئەوە دەکەن، بە چاوی خۆم دیتم کوردەکان وەک داب جەنگ بە بەکارهێنانی تفەنگەکانیان دەست پێ دەکەن و کە جەنگ گەرم دادێ و هەردوو لا بەیەکدا دەچن خەنجەریان بەکار دەهێنن."

(سۆن) لەوەدا کە کوردەکان دەست بە چیاکانیانەوە دەگرن پشتگیریی (مارشاڵ هیلمۆت فۆن مۆلتکی) دەکا کە لە سوپای عوسمانیدا کارمەند بوو و لەگەڵ ئەو هێزەی حافز پاشادا بەشداریی کردووە کە نێرراوەتە دەڤەری غەرزان لە کوردستانی باکور بۆ دامرکاندنی ئاگرەکانی ئەو شۆڕشەی کە هاڵاوەکانی لە نێوانی ساڵانی ١٨٣٨-١٨٣٩ی زاییندا بەرپا بوو. ئەمەش وەرگێڕانی ئەوەیە کە دەیڵێ: "حافز پاشا توانیی شۆڕشگێڕان لە بەرزاییی چیا سەختەکاندا گەماروو بدا و بژێوییان بەرەو تەواوبوون چوو، بۆیە شاندێکیان لە بەساڵداچووانیان نارد دا گفتەگۆ لەگەڵ پاشا بکەن بۆ خۆ بەدەستەوەدان، ئەویش مەرجی ئەوەی سەپاند کە دەبێ شۆڕشگێڕان خۆیان و ماڵ و

منداڵیان چیاکان جێ بهێڵن و لەو دەشتانەدا نیشتەجێ ببن کە بۆیان دەستنیشان دەکرێ کە بۆ هەر خێزانێک پارچەیەک زەوی تەرخان دەکرێ ڕووپێوەکەی دە ئەوەندەی ئەوە بێ خۆیان هەیانبوو لەسەر چیادا، سێ ساڵی بە دوای یەکدا لە باج لێیان خۆش دەبن و لە پەروەردەکردنی ئەسپ و کرمی ئاوریشم و هی دیکەدا یارمەتییان دەدەن و بەڵێنگەلێکی دڵکێشی دیکە، بەساڵداچووانیان سەرسام بوون و چاویان لە ئاسمان بڕی و کارەکەیان پێ مەترسیدار بوو، گەڕانەوە بۆ لای براکانیان و ئەو مەرجانەیان خستە بەرچاو کە بیستبوویان و ژنان چەکیان هەڵگرت و منداڵان لەگەڵ دایکانیاندا چوونە مەیدانی جەنگ بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ حکوومەت و لەسەر خاکی باوباپیرانیاندا بمرن، نەک تا هەتایە بەجێی بهێڵن و بە سەرشۆڕی لە دەشتەکاندا بژین و حکوومەت کەی ویستی ڕاویان بکەن ئەگەر ویستیان بەرەنگار ببنەوە و کوردەکان خۆیان لەبەرگریدا خۆیان بەخت کرد بەڵام کۆتایی حکوومەت دەستی پێیان ڕاگەیی و وازی لە پرۆژەکانی ڕاگواستنیان بۆ دەشتەکان هێنا لەبەر نەشیانی جێبەجێکردنی". نارەزایی ئەو کوردە پیرەش بۆ لیژنەی نەخشەکێشانی سنوورەکانی تورکی- ئێرانی-یە، بۆ پێدانی بەشێک لە خاکی پیرۆزی وڵاتەکەی بە تورکیا لە پشتگیریکردنی تیۆرییەکەی "سۆن" کەمتر نییە.

کوردە ڕەوەندەکان: کوردی ڕەوەند گەرمیان "هەواری زستانە" بە نیشتیمانی هەمیشەیی خۆی دادەنێ، کە دوو لەسەر سێی ساڵی لێ دەمێنێ و لە دوا سێ یەکی، واتە لە مانگەکانی مایس و حوزەیران و تەمووز و ئەغستۆس-دا نەبێ جێی ناهێڵێ. کە بە مێگەلەکانییەوە بەرەو چیا بەرزەکان دەچێ و لە هاوینەهەوارگەلێکی تایبەتدا بە دوای لەوەرگە و کەشی خۆشدا دەگەڕێ. لە هەردوو ڕاگوزارییەکەی هاوینە و زستانەکەیدا بە ڕێگە و بواری چیایی تایبەتیشدا دەڕوا. لە هاوینەهەوار و زستانەهەواریشیدا زەویی تایبەتیی هەیە دەیانچێنێ و بەرهەمیان دەهێنێ، بەپێچەوانەی ڕەوەندی عەرەب کە چۆنی بوێ بە بیاباندا دەگەڕێ بێ ئەوەی پابەندی ڕێی تایبەتی بێ، بە دوای ئاو و لەوەرگەدا دەگەڕێ لە هەرکوێیەکدا ببێ و هاوینەهەوارەکانی بەپێی گۆڕانی کەش دەگۆڕێ، دەمێک لەلایەک دەبێت و دەمێکی کە لە هی دی.

کوردە نیمچە ڕەوەندەکانیش لە ڕەوەندەکان جیاوازن لە هەڵبژاردنی هاوینەهەواریان، کە لە نێزیکی گوندەکانیاندا دەبن. زۆرینەی کوردیش لەم جۆرەن، بەڵام نیشتەنییەکان ئەگەر لە گونداندا بن یان لە شاران، زستان و هاوین نیشتەجێن، وەک شارەکییانی وڵاتە خۆرهەڵاتییەکان.

لە هەسێ چینی کوردەکاندا خان، یان بەگ، یان ئاغا یانیش شێخ سەرۆکایەتییان دەکا. خان نازناوی ئەو میرانەیە کە دەسەڵاتیان عەشیرەت و ناوچەکەیان ڕەت دەکا، وەک خانەکانی ئەردەڵان و میرنشینییەکانی کوردستانی باکور و باشوور، ئەم نازناوە تەنیا بۆ میران نییە، بەڵکو ئەو میربانووانەش دەگرێتەوە کە هەڵدەکەون و جڵەوەی میرنشینی بەدەستەوە دەگرن، کە "عادیلە خان"ی ئەردەڵانیی خاوەن سەروەری لە شارەزووردا لەوانەیە و "حەلیمە خان"ی هەکاری. بەگ-یش نازناوی ئەو سەرکردانەیە دەسەڵاتیان عەشیرەت تێ دەپەڕێنێ بۆ ناوچەکە. ئاغاش دەسەڵاتی

تەنیا بەسەر عەشیرەت و شێخەکانیش "مەلا" دوو جۆرن، سەیدەکان، دەسەڵاتی ئاینی و دنیاییيان بە دەستەوە دەبێ و جاروبارێک ڕەقیبێتیی خانەکان دەکەن لە دەسەڵاتیاندا و شێخەکانیش دەسەڵاتی ئاینییان دەسەڵاتێکی ناوچەییە.

ب- تایبەتمەندییە نەتەوەیییەکان: داب و نەریت و ئارەزووەکان

لە کتێبی (نەتەوە هیندۆ جەرمانییە ئاسیاییەکان)دا هاتووە: "کوردەکان لە فارس و تورک پتر ڕێز لە ئافرەتانیان دەگرن و وەک ئەفغانییان گەلێک دابونەریتی کۆمەڵایەتیی ئارییانەیان پاراستووە. ئەگەر کێشە کەوتە نێوان دوو عەشیرەت هەر عەشیرەتە و دوو کەس دەنێرێ بۆ ئەوەی لە لیژنەیەکدا بەشداری بکەن بۆ یەکلایی کردنی کێشەکە پێک دەهێنرێ. بۆ کوژراوی جەنگیش ئاهەنگ دەگێڕن". "سۆن" لە لێکۆڵینەوەکەیدا لەبارەی هاوسەرگیرییەوە لەناو کورداندا نووسیویەتی دەڵێ: "هاوسەرگیری بە زۆری لەئەنجامی دڵدارییەکی بەرامبەر یەکدا دەبێ و کورد لە باکورەوە تا باشوور کەم هەن پتر لە ژنێک بهێنن. ژنیش ئازادییەکی زۆری هەیە، کەیبانووی ڕاستەقینەی ماڵە و لەبەر بەڕێوەبردنی ماڵ شایەنی شانازییە هەروەک لە سەر جوانیی سروشتییشی شایەنیەتی. ئەو قسە لە ڕووە و لە کاریدا ئاشکرایە و لەمەدا ژنانی تورک و فارس بۆڕ دەدا و لە ئامادە نەبوونی مێردەکەیدا لە پێشوازی کردنی میوان و ئەنجامدانی ئەرکەکانیاندا جێی دەگرێتەوە. داوێنپیسییش لە کوردستاندا نەزانراوە و سزاکەی کوشتنە". لە پرسەشدا کورد لە خۆرهەڵاتییان جودا نین وەک "هەبارد" دەیگێڕێتەوە، کە لاواندنەوە و گریان هەن.

فرایزەر باس دەکا: "کوردەکان وەک سکۆتلاندییە کۆنەکان، بە چاوی سووک سەیری هەموو پیشەیەک دەکەن، جگە لە بەکارهێنانی چەک. بەڵێن بەجێ دەهێنن و تۆڵە دەکەنەوە و کێبەرکێ لە خواردەییدا دەکەن". "سۆن"یش پشتگیریی ئەمە دەکا کە دەڵێ: "سەرەڕای ئەوەی کورد بەڵێن بەجێ دەهێنێ، خزمەکانی خۆی خۆش دەوێن بە پێچەوانەی خۆرهەڵاتییان و حەزی لە ئەدەبییاتە و شیعری خۆش دەوێ و خۆی لە پێناوی عەشیرەتەکەی و نەتەوەکەی بەخت دەکا و شانازی بە نەتەوەکەی و وڵاتەکەی دەکا و لەوە خۆشتر نییە لەلای کە لە دەشتدا بوەستێ و ئەم وشانە بە زمانی خۆی دووبارە بکاتەوە و بڵێ: ئەز کرمانجم، من کوردم... سروشتی وڵاتە چیاییەکەی، دوو دڵی و وریایی و گومان و ئازایەتی و هوشیاری و وردبینیی پێ بەخشیوە."

مامۆستا ئەحمەد بیلی-ش لە کتێبی (ژینامەی سەلاحەددین)یدا دەڵێ: "تورکمان نە گوێ بە بەرزیی ڕەسەنی خۆی دەدا، نە بەباشیی بنج و بنەوانی، بەڵام کورد شانازی بە هەموو ئەوانەوە دەکا".

(هاملتن)ی ئەندازیاریش کە حکوومەتەکەی ناردییە عێراق بۆ دروستکردنی ڕێی ڕواندز و بەستنەوەی بە تەورێز "تەبریز"ەوە لە کتێبی (ڕێیەک لە کوردستاندا، لە نێو کورد و عەرەبدا) خاڵەیلێکمان بۆ باس دەکا لێرەدا کورتیان دەکەمەوە:

"کورد وەک چیاییـیەک لە گەلێک کاروباردا لە دراوسێ عـەرەبەکانی جـودایە، سـەنگینتر و خۆپارێزتر و لە دۆستایەتییدا دڵسۆزترە و لە ڕەوش و تایبەتمەندییەکانیدا لە سکۆتلاندییان دەچێ و لە گاڵتـەکردندا حـەزی لەوانەیە کـە لەبارەی خـۆی و نەتەوەکـەیەوەن و حـەزی لە فەلسـەفـەیە و ئاسـانیش نییە فریوبدرێ و "مێجەر بێری" کە لە دیوانییەوە گوازرامەوە بۆ ناوچە کوردییەکە بۆ دەست پێکردنی کردنەوەی ڕێ ڕایسپاردم لەگەڵ کرێکارە کوردەکاندا هەڵسوکەوتێکی دادوەرانە بکەم و هەڵیاننەخەڵەتێنم بۆ ئەوەی هەڵمنەخەڵەتێنن و ڕاسپاردەکەیم جێبەجێ کرد. کرێکاری کورد ئامازەیەکی بەسە، بەڵام عەرەبەکە تەمبەڵە و زۆربەی کاتی خۆی بە گۆرانی گوتن بەسەر دەبا و بۆ کـارە قـورسـەکـان پێـویسـتی بە هاندانی نەپسـاوەیە بۆ ئـەوەی ئەرکـەکـەی بەجێ بهـێنێ. ئەم پێودانگەش گشـتییـە، بەڵام لەناو عەرەبدا کرێکاری چالاک هەن هەروەک کرێکاری سست لەناو کرێکارە کوردەکاندا هەن. عەرەب بەبێ گفتوگۆ لە کورد زیرەکترە لە خۆ لە کاری سەخت لادان.

هەروەها کـوردەکـانی فـارس "مـەبەست کـوردی خـۆرهەڵاتـە" کـە ژمـارەیەکی زۆریان لەناو کـرێکاراندا هەبوو بەهرەمـەندترینی کـوردەکـانن لە ئەنجـامـدانی کـارە هـونەرییـەکـاندا، وەک تەقـاندنەوەی بـەرد و بنیـاتنانی پرد و نیـوەی ئەو ڕەنجـەی تێـدا دەدەن کـە ئەوانی دیکە دەیدەن و زۆربەی کرێکانیـان بە خواردنی چاک دەدەن بەپێچەوانەی ئەو عەرەبانەی بە خۆراکێکی کەم دەژین تا کرێکانیان پاشەکەوت بکەن.

کوردەکانی چیاش لە عەرەبەکان جودان لە پێشوازیی میوانی نەناس کە زمانپاراویی بۆنەکانی لای عـەرەبیـان لێ کـەمـە. ئەمـەش ئەوە ناگـەیەنێ کـە کـورد خـواردەیی نـاکـا، ئەو خـواردەیی و میهرەبانییەی لە گوندە چیاییەکاندا بەرامبەرم دەکرا لە وەرزی باران و بەفردا بەس بوو بۆ ئەوەی دەرگەی خێوەتەکەم بۆ هەموو کوردێکی ڕێبوار بکەمەوە کە دوور نییە پێویستـی بە خۆراک و جێگە بێ، کوردیش ڕۆڵەی چیایە، قانیعە و ژیانێکی سادە دەژی لەبەر کـەمـیی بەروبووی ناوچەکـەی و ئەگەرچی هەژاریش بێ دەروون پاک و سەربەرزە".

بەم شـێـوەیە پەندێکی وڵاتی شـام دەڵێ: "کـورد سـەرشـۆڕ ناکـرێ و عـەرەب پیـسکە نابێ و مەغریبیش خواردەیی ناکا". ئەحمەدی خانی-ی شاعیری کوردیش لە شیعرێکی هۆنراویدا ئەوە پشتڕاست دەکات". "سۆن" دەیگێڕێتەوە کە زوو هەڵدەچن و خاوەن سروشتێکی ئاگرینی توندن، بەڵام لەلایەکی دییـەوە لە بـەزەیی و دڵسـۆزییـەوە نێـزیکتـرن وەک لە ڕەقـی و وشکی، باشـتـرین نموونەش بۆ ئەمـە هەڵوێسـتـی ژمارەیەکی زۆر لە سـەرکـردە کـوردەکـانە بەرامبـەر ئەو ئەرمـەن و نەسـتوورییانەی لە کوشتـارگە دوایینەکاندا کە لە لایەکەوە هاندانی تورک پاڵی بە گەلی کوردەوە دەنا و چاوچنۆکیی ئەرمەن و تەمای زیندووکردنەوەی ئەرمـینیا لەسـەر حـیسـابی کـوردسـتـان لەلایەکەی دیکەوە. فرایزەریش باس دەکا کە پێی سـەیر نەبووە کە بەخۆی لە ناو تیپێک لە کوردە ئازاکاندا بینی لە پێشیەوە دەڕۆن کە ئەو جەنگە گەورەیەی بەبیردا هاتەوە لە نێوانی سوارچاکی سکۆتلاندی و سـوارچاکی مـوسـڵـمـاندا بووە کـە لە چیـرۆکی "تالیـسـمـان"دا باس کـراوە و

ڕووداوەکانی لە جەنگەکانی خاچپەرستاندا بووە چونکە ئەو سوارچاکە جگە لە کوردێک کەسی دیکە نەبووە.

کورد زیرەکی و توانستێکی بەرزی لە فێربوونی زمانان و حەزی خودماکی بۆ شیعر و ئەدەبییات هەیە و ئەمەش ئەو ئەنجامەیە کە "سۆن"ی دانەری کتێبی (نەتەوە هیندۆجەرمانییە ئاسیاییەکان) پێی گەیشتووە و تەبریز جەمیل زەهاوی و مەعرووف ئەلڕەسافی لە عێراق و خەیرەددین زەرکەلی لە سووریا و ئەحمەد شەوقی لە میسر و سولەیمان نەزیف لە ئاستانە پشتڕاستی دەکەنەوە کە هەموویان کوردن و لە شیعر و هی دیکەدا کوردی بێ یان تورکی پێگەییون. عەشقی مۆسیقایش شان بە شانی ئەم ئارەزووە ڕێ دەکا. لە لایەنە زانستییەکانیشدا ئارەزووی ڕوو لە میکانیک و ئەندازە کردنیان هەیە و ئەم کۆمەڵانەی نەوت و پیترۆل لە ئێران و عێراقدا زۆرینەی کارگوزارەکانیان کوردن و لەو فەرمانانەدا هەڵکەوتوون کە پێیان سپێرراوە.

ج- پەسنە ئەتنۆگرافییەکانیان

خانیکۆف دەڵێ: "کوردەکان ڕووخۆشن و زۆر لە ئەفغانییان دەچن" و بۆلاک دەڵێ: "شێوەی کورد زەحمەتە لەوەی ئەڵمان جودا بکرێتەوە" و لوشان دەڵێ: "٥٨, ٦٢٪ی کوردەکان پێست سپین و ٣٩٪یان چاوڕەش نین. و ٥٠٪ی پرچی کوردانی خۆراوا ڕەش نییە و سەرەکانیان لاکێشەیین و ڕێژەی قەوارەیان ٧٥ سەنتیمەترە. زانایانی دیکەش ئەم پێودانگانەیان بۆ ناوەندی قەوارەی سەر باس کردووە:

| سەنتیمەتر | ناوی زانا |
|---|---|
| ٧٨, ٤٨ | ستاسۆنۆف |
| ٧٨, ٥٣ | شانتر |
| ٨٦, ٤٩ | پتارل |

ئەم جیاوازییەش پێم وایە لە جیاوازیی ناوچە کوردییەکانەوە هاتووە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەنجامەکانی لوشان و ستاسۆنۆف و شانتر لە یەکدی نێزیکن و لووتی کورد بە تێکڕایی وەک نەتەوە هیندۆ جێرمانیی دیکە پان نییە.

"هانس کونتەر" لەو بڕوایەدایە کورد لەشی دروستە، سۆن-یش دەڵێ: "چاکترین نموونە کە جۆری مرۆیی مابێتی لە تەنی کورددا نەبێ نەماوە، کە کورد لەش-دروستە و ئەندامانی ڕێژە تەبان. کوردی باکوریش خاوەن باڵای درێژ و ڕێکن و لووتیان درێژ و باریکە و دەمێکی بچووک و سمێڵێکی درێژ و ڕیشێکی تاشراو و چاوی تیژ و ڕوون و زۆربەشیان خاوەنی پێستی سپی و چاو هەنگوینی (کەژاڵ!) یان شینن، منداڵەکانیان ئەگەر بە تەک یەکەوەیان دابنێی کەم لە منداڵە ئینگلیز جودا دەکرێنەوە. بەڵام لە باشوور دەموچاو خڕترە و تەن کەتە و لە نێو چل کەسی

عەشیرەتگەلی جودای ئەم بەشەدا تەنیا نۆم بینی بالایان لە شەش پێ کەمتر بێ و ناوەندی بەژنیان لە ناو هەندێک عەشیرەتدا پێنج پێ و نۆ گرێ "ئینچ"ـە و بە گشتی هەنگاوەکانیان بەرین و سەنگینییەکی تێدایە و بەرگەگرتنی توندوتیژییان زۆرە و بەژنەکانیان تەواوە و پێیان خۆشە وەک بڵێی میدییانی ئەم سەردەمەن و شایەنی ئەوەن ئەگەر پشتی یەکدییان گرت دەوڵەتێکی جەنگی دابمەزرێنن ڕابوردووی میدیا دووبارە بکەنەوە و دەستی بەهێزی بەسەر گەلانی دەوروبەریاندا بگرن. گەلێک جاریش لەم کوردانەدا "نوورسمان"ەکان لە بەژن و سیمایاندا دەبینمەوە و بە کورتی دەتوانم بڵێم پەسنە ئەنترۆپۆلۆجییەکانی کوردان لە قژی کاڵی تەنک و سمێڵێکی درێژ و چاوی شین و پێستێکی سپی و زمانێکی ئاریی خاوێن بەڵگەی یەکلاکەرەوەن کە کورد و سەکسۆنی لە یەک بنەچەن". سوپای عەرەبی لە -خۆرهەڵاتی ئوردەن-دا نموونەی سەربازی بێکەموکوڕیی لە کوردێک لە کوردەکانی باکوردا دیتەوە زۆربەی ئەو پەسنانەی تێدا بێ کە باسمان لێوە کردن.

پەراوێز:

(١) ئەمەش بێگومان لەگەڵ تیووریی مەسعوودی و ئەبولفیدا ناکۆکە، کە ئەم مێژووە لەگەڵ مێژووی باسی غەسسانییان "غەساسینە"کاندا ڕێک ناکەوێ، تەنانەت لەگەڵ کۆنترین دەوڵەتێکی عەرەبیی وەک مەعینی و سەبەئی و حیمیەری کە لە دوو سەدەی نۆیەم و هەشتەمی پێش زایین دامەزراون.

(٢) بۆ هەردوو لایان باشتر وایە ئەو ململانێیە کۆنە دووبارە نەکەنەوە، کە ئیسلام لێکی نێزیک کردوونەتەوە. با عەرەب دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی لە ناو سنووری کوردستانی گەورەدا پەسند بکەن، بەمەش کوردەکان مەترسیی هێرشبەران لە عەرەب لە سووریا و عێراق دوور دەخاتەوە، هەروەک چۆن لەسەر کەوشەنەکاندا هێرشەکانی ڕۆمە بیزەنتییەکان بۆ سەر سنووری خۆراواییەکانی وڵاتیانەوە دوور دەخستەوە و هەروەها هێرشەکانی ئەو غوزز و خەزەر و تەتەرانەی دەمنادەم، بێ ماندووبوون هەڵمەتیان دەبردە سەر زەوی و زارەکانی جێنشینییێتیی عەباسییەکان لەسەر سنوورەکاندا. بە بڕوای من دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی دەبێتە هۆیەکیش بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگیی نێوان گەلانی خۆرهەڵاتی نێزیکی ئیسلامی و لە ورووژاندنی گیروگرفتی نێوانیانیش ڕادەگرێ. هەریەکەیان بە چاککردنەوەی بارودۆخی ناوخۆیی و پێشکەوتنی وڵاتیان و وەبەرهێنانی سروشتەکانی خۆیانەوە خەریک دەبن و دەست تێوەردانی بێگانەش لە کاروباری خۆرهەڵاتی نێزیک کورت دەکاتەوە دەنا ئەنجام وەک ئەوە دەبێ بەدەستی خۆی لە مەرگی خۆی دەگەڕێ.

(٣) لەوانەیە ناوچەی نەهری "شەمدینان"ی ئەمڕۆ بێ لە کوردستانی ناوەڕاستدا.

(٤) نێر: بە کوردی واتەی کەڵ و پاڵەوان دەگەیەنێ.

# مەینەتیی کوردان و داواکارییەکانیان

## ڕاپۆرتی بەشی ئەورووپای ژمارە ٢١٩ گرووپی تەنگژەیە

بزاوی کوردی، جا گرووپە توندتیژەکەی ناو پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) بێ یاخۆ نوێنەرانی ئاشتیخوازی پارتی ئاشتی و دیموکراتی (بەدەپە) بن، هاوبەشن لە ئازار و ئامانجە سیاسییەکەیان. ئەوکاتەی گرووپەکانی بزاوی کوردی لە باشووری ڕۆژهەڵات دەستیان بە ڕاپرسی کرد، ئەوەیان هەست کرد کە پاڵپشتی و داواکارییەکی گشتیی زۆر هەیە بۆ چاکسازی لەسەر زوان، یەکسانیی خەڵک، ئۆتۆنۆمی و نوێنەرایەتیکردنی سیاسیی زیاتر. هەتا ئەو کوردانەی کە هیچ پێوەندییەکیان بە بزاوە کوردییەکەوە نییە یان دژی ئەو پارتەن، هاوبەشن لە داواکانیان بۆ چاکسازیی یاسایی و سیستمی سیاسی. حکوومەت بۆیە پێویستە گفتوگۆ لەسەر ئەو داواکارییانە بکا بەبێ گەڕانەوە بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ پەکەکە. کەسایەتیی گرینگ لە سیاسەتی تورکیا، میدیا و ئەنکەرەی بیرۆکراسی ئێستە دان بە زۆر لەو مەینەتییانەدا دەنێن کە لەدواوەی ئەو داواکارییانەن. لەگەڵ ئەوەشدا دوودڵی لەسەر ئەو لێڵییەی هەیە لەلایەن تورکیاوە، وای کردووە تورکیا لەسەر چۆنیەتیی چارەسەرکردنی کێشەکان کۆک نەبێ. نەبوونی ڕوونی و ڕەوانی لەلایەن پەکەکەوە، بەپێی ڕەخنەگرێک، نیازی توندڕۆکان دەشارێتەوە بۆ دەستەبەرکردنی ئەو چاکسازییانە لەیەک قۆناخدا و بگرە لە کۆتادا بۆ ئەوەی داوای بەلایەنی کەم پارچەیەک لە خاک بکەن لەو شوێنەی سەرکەوتنی تێدا بەدەست دێنن.

مەزهەر باغلە کە کوردێکی ئەکادیمییە لە ئەنجوومەنی جێبەجێکاری ناوەندیی ئەکەپە گوتی: هیچ هەڵەیەک لە داواکارییەکانی پەکەکەدا نییە. بەڵام حکوومەتی تورکیا بە بەردەوامی نیگەرانە، ئایا داواکارییەکانی پەکەکە لەوێدا دەوەستن؟ منیش هەروەها زۆر ڕەشبینم بەوەی داواکارییەکان دەوەستن... هەموو ڕێکخراوێک ئامانجی هەیە. ئەوکاتەی دەگەنە ئامانجەکان، پارچە دەبن و شی دەبنەوە. بەڵام پەکەکە بەئەنقەست ئامانجەکانی خۆیان پێناسە ناکەن... هەروەک لە زوانی کوردیدا

........................................................................

وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە: هێمن هادی

دێتە گوتن "هەرگیز ناتوانی کەسێک ڕازی بکەی ئەوەی حەز لە دۆزینەوەی بیانوو دەکا". حکوومەت بەدڵنیاییەوە نازانێ پەکەکە بەڕاستی چیی دەوێ.

بێزاری لە نێوان هەردوو لادا هەیە. سەرکردەیەکی پەکەکە سکاڵایەکی کرد: تورکیا ئێمەشە... بەڵام تورک ترسیان لە بۆهێڵەکانیاندا هەیە کە پێیان وایە "ئەگەر هەر شتێک بدرێ بە کورد، ئەوە ناتوانین لە دواییدا بیانوەستێنین". زۆربەی کوردی تورکیا هێشتا بڕوایان وایە، هەروەک لە ئایدیۆلۆجیای پەکەکە دیارە کە لە ڕووی مێژووی هاوبەش، خاڵی بەیەکترگەیشتنی کولتووری، بەرژەوەندیی ئاینی و ئابووری، واتە تورک و کورد پێویستە لەگەڵ یەکتردا بژین. کێشەکە بریتییە لە توندتیژیی پەکەکە، زیانی سەربازی، خراپیی نوێنەرایەتیکردنی میدیا و پەروەردەی نەتەوەییی تورکیا واتە زۆربەی تورک بڕوای وایە کورد تەنیا ڕازی دەبێ ئەگەر ئەوکاتەی دەوڵەتێکی کوردی لە تورکیا دروست بکا، و ئەوان ئامادەترن بۆ ئەوەی وا بڵێن ئێستە کە بەشێکی ئەو چاکسازییانە ڕێی پێ دەدا بۆ ئەوەی بەدەنگێکی بەرز بڵێی "کورد".

نەهێشتنی تاوانکارییەکانی سەر کورد بێگومان ئاسانترە ئەگەر ئاگربەستی تەواو هەبێ، ئەگەر بەدەپە خۆی لە توندتیژی تەکاندەوە و هەروەها بێزاریش نەکرا و توانیی پێوەندییەکانی بەئازادی ئەنجام بدا لەگەڵ ئۆجەلان لە ڕێگەی پارێزەرانییەوە. هەروەها پارمەتیدەر دەبێ ئەگەر ئەنکەرە هانی لێکۆڵینەوەیەکی کراوە لەسەر کێشەکە بدا. بەشێکیشی بەهۆی ترس لە بەرئەنجامی یاسایی، بۆ نموونە ژمارەیەکی زۆر کەم لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی لەسەر پەکەکە لە تورکیادا هەیە.

باغلە کە چالاکێکی کوردیشە لە تاراوگە گوتی، دیوارێکی ترس هەیە ڕێگەت نادا گفتوگۆی شتەکان بکەی. پارتە کوردییەکە نایاساییە. تۆ پێشبینیی ئەوە ناکەی پارتێکی نایاسایی هەموو کێشەکان شی بکاتەوە. ئەگەر تۆ ئەو شتانە لەگەڵ پەکەکە گفتوگۆ بکەی، تۆ دەترسی ئاخۆ هەمووی دێنە گرتن.

أ- مافی تەواوی زوان بۆ کورد

دروشمی سەرەکیی بزوتنەوە کوردییەکەی تورکیا بریتییە لە "خوێندن بە زوانی دایک" و زۆریش داوا دەکرێ. لەگەڵ ئەوەشدا نە پەکەکە نە بەدەپە گوتوویانە ئایا سیستمێکی پەروەردەییی تەریبیان دەوێ یاخۆ سیستمێکی پەروەردەییی فرەزوان، چۆن هەوڵ دەدەن بەدەستی بێنن و ئەنجامی بدەن، ڕادەی داواکاریی ڕاستەقینە چەندە بۆ فێرکردنی زوانی کوردی یاخۆ چ سەرچاوەیەک پێویست دەبێ. بنکەیەکی لێکۆڵینەوە لە دیاربەکر بەو بابەتەوە سەرقاڵ بوو، بەڵام ڕوونکردنەوەی زیاتری دەوێ کە چۆن کورد دوو زوانە سەرەکییەکەیان (کرمانجی و زازاکی) دەوێ لە قوتابخانەدا بخوێندرێن.

لە یۆنیۆی ٢٠١٢دا، ئەردۆگان سەرۆک وەزیرانی تورکیا گوتی، قوتابخانەکانی تورکیا دەست دەکەن بە پێشکێشکردنی وانەی ئارەزوومەندانەی کوردی لەو شوێنانەی داواکارییەکی ڕاستەقینە هەیە. ئەوەش هەنگاوێکی زیاترە لەوەی تەنیا ڕێگە بە مەشقی تایبەتی زوان بدرێ کە لە ٢٠٠٤دا

بڵاو کرایەوە، و لە ٢٠١٠ەوە ڕێگە دراوە بە چەند زانسگەیەکی باشووری ڕۆهەڵات بڕوانامەی کوردی بدەن. ئەکەپە یاسای پێشووی تایبەت بەوەی کە تەنیا زوانی تورکی لە پەروەردەدا دەبێ، لە پێشنیازە دەستوورییەکانی خۆی لادا. بەڵام لە درێژەدا بزاوە کوردییەکە داوای خوێندنی تەواوی کوردی دەکا. ئەوە ئەو ڕاستییەیە کە حکوومەت پێویستە بەرەو ئەو ئاڕاستەیە کار بکا: لێکۆڵینەوە لەسەر ئەزموونی ناودەوڵەتیی فێرکردنی زوانی کوردی بکا، ڕێگە بە زوانی کوردی بدا بێتە بەکارهاتن لە خوێندنی فرە–زوان لە باخچەی ساوایان بەسەرەوە و هەروەها دەستکردن بە بەرنامەی دەوڵەتی بۆ هاوکاریکردنی ڕاهێنانی مامۆستایان لە زوانی کوردیدا.

وەک بەشێک لە گفتوگۆی دیموکراتی، ئەکەپە ڕێگەی بە بەکارهێنانی زوانی کوردی دا لە کاتی سەردانەکانی گرتیگە و هەروەها بۆشاییی بەکارهێنانی زوانی کوردی لە میوزیک و ژیانی ڕۆژانەدا فرەوانتر کرد. ئەو هەنگاوانە بەربەستەکانی دژی ئەو زوانەیان شکاند کە بەتەواوی قەدەغە کرابوو لە سەردەمی نەوەیەک پێش ئێستە و پێشانی دا کە ڕووبەڕووبوونەوەی ئاشکرای گشتی بۆ گۆڕینکاری دەکرێ بێتە ئەنجامدان.

چالاکێکی مافی مرۆڤ گوتی: تەلەڤزیۆنی تەرەتە ٦ "TRT6" کە تەلەڤزیۆنێکی ئاسمانیی تورکییە لە ٢٠٠٩ دەستی بە پەخش کردووە و بۆ چەند کاتژمێرێکیش بە زوانی کوردییە، پێشانی دا کە دەوڵەت پارچە نابێ ئەگەر ڕێگە بە هاووڵاتی بدەی بە زوانی کوردی قسە بکەن. لە کاتێکدا ئەندامانی دەرەوەی وڵاتی پارتە کوردییەکە لە سوید کە لە جۆرە خانووێکی شێوە شەتڵگەدا دروستیان کردبوو بۆ پاراستنی کولتووری زوانەکەیان، جارێک لە ژیانیاندا نائومێد و تەنیا بوون، بەڵام تاراوگە ئێستە دەفڕێ لەگەڵ پێشوزاریکردنی حەوتانەی بەرنامەکانی تەلەڤزیۆنی تەرەتە ٦, بەڵام حکوومەت پێویستە بەتەواوەتی بکرێتەوە ئەگەر بیەوێ سنوورێک بۆ دەسترۆییی تەلەڤزیۆنی پەکەکە لە تاراوگە دابنێ.

قوتابییەکی بەشی کولتووری کوردی گوتی، لە ڕوویێکەوە تەرەتە ٦ سەرنجڕاکێش بوو. بیرۆکەی سەرەکیی یەککگرتن لەپشت ڕۆشنبیرە پێشووەکانی کورد هاتە دوورخستنەوە ئەوکاتەی زوانەکەیان بەتەواوی هاتە قەدەخەکردن. لە هەمان کاتدا تەرەتە ٦ بۆ ماوەیەکی درێژ بەشداریکردنی هەندێک کەسی قەدەخە کرد وەک زوانزان، ڕۆماننووس، هەڵبەستڤان، وەرگێڕ، گۆرانیبێژ و نواندەر. زۆر لەو خەڵکانە هەستیان کردووە کە بە ئەنقەست دوور خراونەتەوە و بۆ هەمووی، ئەوە بەڵگەیەکە کە ئەو هەنگاوە فێڵبازانەیە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو دامەزراوەی ئێستە دەکرێ تەنیا گوێزەرەوە بێ بەهۆی ئەوەی بەرنامەکانی تەرەتە ٦ زۆر بێزارکەرن. بەرنامەی ئایینییان یەکجار زۆرە. زوانی کوردییان بەشێوەیەکی ئاشکرا پڕە لە هەڵە و وەرگرتنی وشەکاری و دروستکردنی ڕستە لە زوانی تورکییەوە، نموونەی زوانزانەکانی کەناڵەکە تەنیا شارەزاییان لە تورکی هەیە.

بۆ کاتی ئێستە، سەرەڕای ئەوە، دەستووری تورکیا قەدەخەی زوانی کوردی کردووە لە خوێندن و کارسازیی ڕەسمی. هێشتا بەرەنگاربوونەوەیەکی گەورە بۆ گۆڕینکاری لەناو تورکە

نەتەوەییەکاندا هەیە. بەڵام بزاوە کوردییەکە لەهەوڵی لابردنی تورکی وەک زوانی ڕەسمی نییە، هەرگیز بەجێگیریش داوای نەکردووە زوانی کوردی ببێتە زوانی قسەکردنی دێهاتەکان. پارتەکە دەیەوێ بەکارهێنانی زوانی کوردی لە هەموو بوارەکانی ژیان لە ناوچە کوردنشینەکان ئازاد بکا، و پێویستە حکوومەت پلانی بۆ دابنێ بۆ دۆزینەوەی شوێنەکەی لە قوتابخانە، شارەوانی، دادگە و ژیانی کارسازیدا.

ب- کۆتایەک بۆ ڕگەزپەرستی لە دەستوور و یاساکاندا

پارتە کوردییەکە پاڵپشتی لە ڕەشنووسی نوێی دەستوور دەکا، ئەو پرۆسەیە ئێستە لە تاوتوێکردنە لە لێژنەیەکەی پەرلەمانیدا. هەموو ئامانجی کورد بریتییە لە لابردنی هەر مادەیەک کە وەک جیاخوازی لە بەرامبەر بنەوای نەتەوەییدا دەبینرێ، بەشێوەیەکی سەرەکی بەهۆی ئەو شێوەیەی وشەی "تورک" بەکار هاتووە کە بە مانای هەردوو "هاووڵاتیی تورکیا" و "کەسێک لە ڕەگەزی نەتەوەی تورک" دێ. قورس دەبێ ئاماژەکردنێکی ئەرێنی بۆ کورد و تورک دەستەبەر بکەی. بەڵام کوردانی تورکیا ڕازی نابن بە کەمتر لە یەکسانی. تا ئێستە گفتوگۆ لەسەر بابەتە ناکۆکەکان بەردەوام دواخراون، لەگەڵ ئەو هەڵوێستانەی لە کەوانەکان ئاماژەی پێ کراون و پارتەکانی تر ڕووبەڕووی ئەکەپە بوونەوەتەوە لە نووسینی دەستوورێک دیودەر و گشتگیر بێ لە ڕەستەکانیدا. سەرەڕای ئەمە، شیمانە هەیە ئەکەپە لە کۆتادا هەموو دەقێک وەربگرێ ڕەزامەندیی لەسەر وەرگیرابێ، بۆشاییەکان پڕ دەکاتەوە، تێپەڕی دەکا بۆ پەرلەمان و دواتریش هەوڵ دەدا پارێزگاریی لێ بکا لە ریفراندۆم. ئەگەر ئەو ڕێگەیە هەڵبژێرێ، پێویستە لەسەری بەلایەنی کەم ئەو مادانە لاببا کە وەک جیاخوازی دەبینرێن، لەوەتەی هەلێکی تر بۆ چارەسەرکردنی بزوێنەری سەرەکیی هەستکردن بەئاوارەیی و ناڕەزایی وا زوو نایەتەوە.

کوردانی تورکیا دەیانەوێ گۆڕین لە یاساکان بکەن کە بەشێوەیەکی زۆر کار لە نەتەوەی کورد دەکا. ئەوانەش یاسای دژە-تیرۆر، ژمارەیەک لە مادەکانی یاسای سزاکان و یاسای بنەوانی پەروەدەی نیشتمانی دەگرێتەوە، هەروەها قەدەخە لەسەر زوانی کوردی لە زۆربەی دادگەکان و ناوچەکانی ژیانی ڕەسمی ئەگەر سکاڵاکەر تورکی بزانێ. زۆربەی چالاکانی کوردی گیراوی بەیاسای دژە-تیرۆر و بەبێ لەدادگەدان، نەیانتوانی سوود لە گەڕێکی چاکسازیی دادوەریی یۆلیۆی ٢٠١٢ ببینن، چونکە تاوانبارکردنەکانی تیرۆر سزای وا هەڵدەگرن کە لەسەرووی پێنج ساڵ گرتندان.

بوڵنت ئارینچ جێگری سەرۆک وەزیرانی تورکیا گوتی، بە ویژدانی گشتی قبووڵ ناکرێ کە ئەندامانی پەرلەمانی کورد هێشتا بە ١٠ ساڵ گرتن دێنە سزادان تەنیا بەهۆی قسەکردن، و یاسای سزاکان و یاسای دژە-تیرۆر پێویستە بگۆڕدرێ بۆ ستاندارێک بگونجێ لەگەڵ دادگەی مافی مرۆڤی ئەورووپا.

## ج- خۆبەڕێوەبردنێکی گەورەتر نەک سەربەخۆیی

سەرەتاترین ئامانجی پەکەکە بریتی بوو لە دەوڵەتی سەربەخۆ بۆ هەموو کوردانی دابەشبوو بەسەر تورکیا، ئێران، عێراق و سووریا. پارتەکە پلانی دانا بۆ ئەوەی ئەمە بەدەست بێنێ لە ڕێگەی هێزەوە. پارتەکە لە ١٩٩٣دا بیرۆکەی سەربەخۆیی فڕێدا ئەوکاتەی ئۆجەلان ئومێدی گەورەی بەچارەسەری هەبوو لەگەڵ سەرۆکی کۆچکردوو تورگوت ئۆزال.

لە یۆلیۆی ٢٠١١ەوە پەکەکە بەڕەسمی داوای "ئۆتۆنۆمییەکی دیموکراتی" دەکا: ئامانجی دەوڵەتێکی سەربەخۆی یەکگرتووی کوردیمان نییە. ئێمە بەو ئامانجەوە دەستمان پێ کرد، بەڵام ئێمە زۆر گۆڕاوین. بینیمان دەوڵەتی نەتەوەیی چ کارەساتێکە بۆ ناوچەکە. ئێستە داوای دەسەڵاتی کەمتری ناوەند بۆ ناوچەکان و مافی دیموکراتیی کوردیش لە کوێ بژین، هەتا ئەگەر کوردی عێراقیش دەوڵەتی نەتەوەییان بوێ. نادیارییەکی زۆر لە دەوری زاراوەی "ئۆتۆنۆمیی دیموکراتی" هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا، هەتا ئەو سەرکردانەی هەڵگری ئەمەن، دان بەوەدا دەنێن کە نازانن مانای چییە. ئۆجەلان قسەی لەسەر دەکا وەک شتێک لە نێوان نەتەوە و دەوڵەت دابێ و دەردەکەوێ ڕژد بێ لەسەر داواکەی کە کورد و تورک بەیەکەوە بژین، ئەگەر کورد مافی وەک گەل هەبێ. بەڵام لە کاتێکدا ئەو سوورە لەسەر ئەمە کە پێشنیازەکانی قبووڵی "دەزگە و سنووری ئێستەی کۆماری تورکیا وەک ڕەوا دەکا"، پێ دەچێ ئەو بیەوێ ئەو سنوورانە بسڕێتەوە بە یەکەتییەکی لە جۆری یەکەتیی ئەوروپا ..فیدراڵییەکی دیودەر... بۆ تورکیا، سووریا و عێراق. ئەو مۆدەیە دواتر دەکرێ درێژ بکرێتەوە بەناو ڕۆهەڵاتی ناویندا. ئەنجامەکە ئەوەیە لە تورکیا خەڵک بڕوای بەوە نییە کە پەکەکە ئامانجە سەرەکییەکەی بەڕاستی گۆڕیوە. ئەوان تەنیا نین لە سەرلێشێواوییان.

کارمەندێکی دژە-تیرۆری ئەوروپا گوتی: "ئێمە دەزانین کە زۆرینەی ئەندامانی پەکەکە لە دژی سەربەخۆیین، بەڵام هێشتا دۆکیومێنتی ناوخۆی پۆلیس ئاماژە بە پارتەکە دەکا وەک جیاخواز".

سیاسەتوانانی خاوەن ڕا گوتیان بەردەوامیی نادادپەروەریی بەرامبەر کورد ئەو داوایەی ماوەتەوە بۆ دەوڵەتێکی سەربەخۆ ڕوون دەکاتەوە. ڕاپرسییەکان پێشنیازی ئەوە دەکەن کە گفتوگۆی کراوەی زیاتر، پارمەتیدەر دەبێ لە ڕوونکردنەوەی مانای "ئۆتۆنۆمیی دیموکراتی" و گونجانی لەگەڵ یەکپارچەیی خاکی تورکیا. یەکێک پێشنیازی کرد کە کەمتر لە یەک لە پێنج لە دانیشتووانی باشووری ڕۆهەڵات داوای بژارەی سیاسیی سەخت دەکەن وەک سەربەخۆیی یاخۆ یەکلاکردنەوەی فیدراڵی بۆ کوردانی تورکیا. هەروەها ٦,٢٪ی دانیشتووان بیرۆکەی جیاخوازییان هەیە. شێوازی هەرێمی یاخۆ فیدراڵی نەگونجاوە لەگەڵ دۆخی ڕاستەقینەی تورکیادا، بەهۆی ئەو ڕاستییەی کە وڵاتەکە سنووری ناوخۆی ئاشکرای جوگرافی، نەتەوەیی و سیاسیی تێدا نییە. هەتا لە پارێزگارە گەورە کوردییەکانیشدا وەک تونجەلی، بینگۆل و سیرت، پارتە ناکوردییەکان لە هەڵبژاردنی یۆنیۆی ٢٠١١دا بردیانەوە. چوونەناویەکتری فرەوان لە نێوان ناوچەکانی تورک، کورد و هەتا عەرەب-زوانەکان هەیە، هەروەها هەمان قەبارەی کورد لە شارەکانی ڕۆئاوای تورکیا دەژین

کە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی وڵاتەکەدان. کورد و تورک زۆربەیان پابەندن بە هەمان مەزهەبی سوننی لە ئیسلامدا و زۆر جاریش هاوسەربەندی لەگەڵ یەکتردا دەکەن، توندڕۆکانی هەردوو لا زۆر جار بنەوای گفتوگۆکانیان لەسەر هەمان هەستی دووانەی چارەنووس و مێژوو دەبەستنەوە. لەلایەکی ترەوە و لە کاتێکدا کوردە ئایدیالیستەکان داوا دەکەن بەشێک بن لە گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەت لە دنیادا، لەگەڵ بوونی ٢٥-٣٠ ملیۆن کورد کە دابەش کراون لە نێوان تورکیا، عێراق، ئێران و سووریادا، ئەو هەرێمانە هەندێکیان دابەلێکتیان و باوەڕیان جیاوازە. هیچ کاتێک دەوڵەتێکی یەکگرتووی کوردی نەبووە، و ئەکادیمییەکانیش بەشێوەیەکی ڕوو لە زیادبوو پرسیار دەکەن ئاخۆ چەند یەکەتیی سیاسی هەیە لە نێوان کوردەکاندا.

د- نوێنەرایەتیکردنی سیاسی

پارتە کوردییەکە ماوەیەکی درێژە هەوڵی کەمکردنەوە و لابردنی ١٠٪ی ڕادەی یاسایی پێویست بۆ چوونی پارت بۆ ناو پەرلەمانە. هەموو حکوومەتێک بەڕژدی لە هەوڵی ئەوەدایە چالاکیی کوردی لە خەباتی چەکدارییەوە بگوازێتەوە بۆ سیاسەتی یاسایی و هەروەها ئەوانیش ڕادەی یاسایی پێویستیش بۆ چوونە پەرلەمان بۆ ٥٪ کەم بکەنەوە لەوەتەی پارتە یاساییە کوردییەکان یەکەمین قوربانیی ئەو سنووردارکردنەن. تاوانێکی تر بریتییە لەوەی ئەو پاڵپشتییەی دەوڵەت بۆ پارتە نەتەوەییەکان دەیکا تەنیا دەچێ بۆ ئەو پارتانەی کە ٧٪ی دەنگی نیشتمانی بەدەست دێنن. پێویستە ئەو ڕادەیەش بۆ ٥٪ نزم بکرێتەوە. بزاوی کوردی لە تورکیا بڕوای وایە مافی تەواو دەنگی زیاتر بۆ بەدەپە دێنێ. بەڵام ئومیت فیرات ڕۆشنبیری کورد گوتی کە ئاشتی و یەکسانیی هەل شیمانە هەیە داوای بزاوەکە کەم بکاتەوە: "پاڵپشتی بۆ پەکەکە زیاترە لە یەک لە سێ، کەمتر لە نیوەی دانیشتووانی کورد. زیاترە لە ڕۆژهەڵات، کەمترە لە شارە گەورەکانی ڕۆژئاوای وڵاتەکە. ئەگەر هەموو شتێک یاسایی بێ، ئەگەر بەدەپە پاڵپشتیی تەلەڤزیۆن و گەنجینەی هەبێ، بڕوا ناکەم ئەوان دەنگی زیاتر لە بەدەپە بەدەست بێنن. ئێستە ئەوان دۆخی زوڵملێکراویی خۆیان بەکاردێنن تا خۆیان جوان پیشان بدەن و هەروەها پاڵپشتیی زیاتری پارتەکە دەکرێ لە کاتی گیانلەدەستدانی چەکدارانی پەکەکە... چەندە شەڕ بەردەوام بێ، خەڵک وا هەست دەکەن پێویستە پاڵپشتیی پەکەکە بکەن.

ه- بڵاوەپێکردنی توندڕۆکان، تەناهی بۆ گوندنشینەکان

لەودیو بابەتی مافی کوردانی تورکیا کە دەکرێ و پێویستە بێتە چارەسەرکردن پێش هەر گفتوگۆیەک لەگەڵ چەکدارانی پەکەکە، پرسیارێک دێتە پێشەوە کە قورسترینە بۆ گەیشتن بە گفتوگۆیەکی سەرکەوتووانە: چی بەسەر ئەو هەزاران ئەندامەی پەکەکە دێ ئەگەر و کاتێک ئەوان ڕەزامەندییان دەربڕی چەک دابنێن، گرتیگە بەجێ بێڵن و لە تاراوگە بگەڕێنەوە؟

پارتە کوردییەکە داوای زیاتری دیداری سەرۆکەکەیان (ئۆجەلان) دەکا، سوورە لەسەر ئەوەی کە ئۆجەلان لە توانیدایە چارەسەری کۆتا ڕێک بخا، بۆیە پێویستە ڕێگەی پێ بدرێ بتوانێ ئاسانتر

پێوەندی بکا. قسەکانی ئارینچ جێگری سەرۆک وەزیران لەبارەی شیمانەی گواستنەوەی ئۆجەلان بۆ خانوی دەستبەسەری دوای ئەوەی ئاشتی هاتە بەرقەرارکردن، نەبووە هۆی هیچ کاردانەوەیەکی توندی ئاشکرای شەقامی تورکیا. ئۆجەلان خۆی بیرۆکەی کۆمیتەی ڕاستی و ئاشتبوونەوەی زیاد کرد کە بڕوای وایە ببێتە قۆناخێک بۆ دەربازبوون لە گرتیگە. بەلای کەم تورکیا پێویستە مافی ئەوەی پێ بدا پارێزەرانی ببینێ. چارەنووسی ئەندامانی تری پەکەکە بەشێک بوو لە پڕۆسەی ئۆسلۆی ٢٠٠٥-٢٠١١، ئەو بابەتانەی گفتوگۆیان لەسەر کرا پێک هاتبوون لەوەی کە سەرکردە پلە بەرزەکان مافی پەنابەرییان پێ بدرێ، شیمانە هەیە لە ئەوروپا بێ، ئەو ئەندامانەی تۆماری تاوانیان نییە بتوانن بۆ تورکیا بگەڕێنەوە، ئەو ئەندامانەی تۆماری تاوانیان هەیە لە تورکیا پێویستە بە پڕۆسەیەکی خێرای دادوەری تێپەڕبن، و ئەوانەی ویستوویانە لە باکوری عێراق بمێننەوە دەتوانن وا بکەن، شیمانە هەیە بتوانن خۆیان هێزی سەربازی ناونووس بکەن.

ئۆجەلان پێشبینیی کشانەوەی پەکەکە لە تورکیا دەکا لە کۆتادا "هەیکەلی زیاتری یاسایی"، و قەرەیلان قبوولی ئەو بیرۆکەیانە کە ئەو و سەرکردە پلە بەرزەکان لە باکوری عێراق بمێننەوە یاخۆ لە شوێنێکی تری دەرەوەی ولات. کێشەی پەکەکە ئەوەیە کە بیرۆکەی یاسایی تورکیا بۆ لێبوردنی گشتی کە برێتییە لە یاسای پەشیمانی کە پێویستە چەکداری خۆبەدەستەوەدەر پەشیمانی بسەلمێنێ لە ڕێگەی کارکردن لەگەڵ حکوومەت بەشێوەیەکی چالاکانە، و هەروەها گریمانەی ئەوەی کە چەکدارانی پێشوو دەگەڕێنەوە گوندەکانیان و بەشداریی چالاکیی سیاسی ناکەن. ڕەتکردنەوەی ئەو مەرجانە یەکێک لەو هۆیانە بوو (لەگەڵ نەبوونی ئامادەباشیی سیاسیی دوولایەنە) کە لەبەرچی هەنگاوێکی مژدەبەخش بۆ ڕێکخستنی بڵاوەپێکردنی چەکداران لە بنکەیەکی سنووری لە خابوور لە عێراق لە ئۆکتۆبەری ٢٠٠٩ شکستی هێنا.

ئۆجەلان دەیەوێ ئەندامانی پەکەکە وەک چەکدارانی ناوەخۆی حکوومەت یاخۆ "هێزی بەرگری" ڕێگەیان پێ بدرێ و بێنە هەژمارکردن. ئەو داواکارییە هەموو کات دووبارە نابێتەوە بۆ بزاوی یاساییی کورد لە تورکیا و هەرگیزیش ڕوونادا بۆ حکوومەت. هێشتا پێوەندیی بە کێشەکەوە نییە کە پێویستی بە بڕیاردان هەیە: چۆن تەناهی دوای چارەسەری دێتە بەرقەراربوون؟ زیاتر لە ٥٠ هەزار گوندنشینانی لایەنگری حکوومەت ئێستە چەکدارن و مووچە وەردەگرن لەلایەن حکوومەت وەک پاسەوانانی گوند، زۆر جار ئەوان زەوییان لە سەتان هەزار کوردی لایەنگری پارتە کوردییەکە دەستبەسەردا گرتووە و واش پێشبینی ناکرێ ئەوها بەخێرایی هەڵوەشێنرێنەوە. پێویستە حکوومەت دابینکردنی تەواو بکا بۆ سەقامگیرکردنی تەناهی و قەرەبووکردنەوەی زۆر لە کوردە گوندنشینەکانی پێشوو کە دەیانەوێ بگەڕێنەوە یاخۆ موڵکیان پێ بدرێتەوە.

پڕۆسە دوو- قۆناخەکە

ڕەشبینەکان هەموو کات گفتوگۆی ئەوەیان بردووەتەوە لەبارەی ئاخۆ چارەسەری کێشەی کورد دێتە ڕوودان. ئەوان دەڵێن کێشەکە دەکرێ تا ماوەیەکی نادیار بەردەوام بێ، چونکە هەردوو

سەرکردایەتیی سیاسی پێیان ئاسانترە بەردەوام بن لەسەر ناکۆکییەکی ئاست ناوەند لەوەی هەموارکردنی سیاسیی قورس ئەنجام بدەن کە پێویستە بۆ چارەسەری ڕاستەقینە. زیانەکان بەئازارن، بەڵام هیچ کەسێک بڕوای نییە بێتە بەرگەگرتن. توندتیژی و ڕووبەڕووبوونەکان بوونەتە شتێکی ئاسایی، بەشێک لە ژیانی ڕۆژانە و لە ڕاستیدا مانایەک بۆ ژیان. بەبێ پرسی کورد، بۆ نموونە، دەستەی سەرکردایەتیی کورد، هێزی تەناهی و بارستەی نەتەوەییی تورک دڵنیا نین لەوەی چۆن پاساو بۆ بوونیان بێننەوە... دۆخی ئێستەی داواکاریی کورد نابێتە مایەی دۆڕاندنی ئەکەپە لە هەڵبژاردن... هەروەها واش بیرناکەمەوە پەکەکە ئامادەیە چارەسەری بخاتە مەترسییەوە. پارتەکە دامەزراوە بۆ بەکارخستنی گەریلای شەڕوان بە ئایدیۆلۆجیایەکی ماوەبەسەرچوو... پارتێکی سیاسی ئاسایی نییە خۆی بگونجێنێ بۆ ئەو دۆخی سیاسیی ئاسایی دوای چارەسەرکردن. حکوومەت ماوەیەکی درێژە لە هەوڵی بەدەستهێنانی سەرکەوتنێکی سەربازییە بەبێ دانانی بڕیارێکی سیاسیی چارەسەرکەری گشتگیری بەقۆناخ بۆ کێشەکە. تائێستە قوربانییانی ساڵی ڕابردوو خراپترینیان بوو لەوەتەی ئۆجەلان ١٣ ساڵ لەمەوبەر گیراوە، شەڕەکانی یۆلیۆ-ئۆگستس درێژترینیان بوون لەناو خاکی تورکیا لەوەتەی ناکۆکییەکان لە ١٩٨٤وە دەستیان پێ کردووە، لەگەڵ بڵاوکردنەوەی باڵەفڕی شەڕوانی، باوەشێنکە و هەزاران سەرباز. هێزی سەربازیی تورکیا هاتووەتە لەرزین و شیمانە هەیە توانی کردەوەگەلی لاواز کرابێ بەهۆی سووربوونی ئەکەپە بۆ لەڕیشەدەرهێنانی پلانگێڕانی کودەتا و بەهێزکردنی کۆنترۆڵی سیڤیل. لە هەمان کاتدا خراپبوونی دۆخەکە لەسەر سنووری ناوچەکان بەشێوەیەکی زۆر مەترسییەکانی سەر ئەنکەرە زیاد دەکا و هانی پەکەکەش دەدا.

ئەکەپە تێی پەڕاند لە پێشینەکەی لەبارەی نەهێشتنی تاوانکارییە نهێنییەکانی سەر کورد، بەڵام توانای دووربینی نییە بڕیار لە ئەنجامەکانی ناوەخۆی پلانەکانی بدا و هەروەها ئازایەتیی سیاسی بۆ جێبەجێکردنیانی نییە. ئەردۆگان سەرۆک وەزیرانی تورکیا پێویستی بە لێزانین هەیە بۆ قبووڵکردن و تەواوکردنی دەستوور، زوان و چاکسازیی یاسایی دەیەی ڕابردوو کە گەیشتووەتە بەشێکی لە بەخشینی مافی یەکسان بە کوردانی تورکیا و دانپێنان بە ناسنامەکەیان. لەبەر ئەمە، حکوومەت پێویستە کاری زیاتر بکا لە ناوەخۆ بۆ جیاکردنەوەی دۆست لە دوژمن لەناو بزاوی کوردیدا، دروستکردنی هاوپەیمان لەناو بزاوەکە و پاشکۆخستنی داواکارانی خەباتی چەکداری لە ڕێگەی نەهێشتنی ئەو تاوانکارییانەی لەسەر کوردانی تورکیا دێتە ئەنجامدان و تێیدا هاوبەشن. ئەو ستراتیجەی کە ئاگربەستی دوو لایەن دەگرێتە خۆ شیمانە هەیە بەئاشکرا و بەشێوەیەکی فرەوان یارمەتیی پرۆسە سیاسییەکە بدا، بەڵام ئەگەر دۆخەکە بەرەو چاکسازی ببەی ئەوە تەنیا دەستڕۆیی دەدەیتە پەکەکە.

أ- ڕۆڵی گرینگی سەرۆک وەزیران

ڕەجەب تەیب ئەردۆگان سەرۆک وەزیرانی تورکیا پارەیەکی سیاسیی زۆری لە ژێر دەستدایە بۆ

مامەڵەکردن پێی بۆ ئەوەی متمانەی کوردی تورکیا بەدەست بێنێتەوە، ئەگەر بیەوێ بەکاری بێنێ. یاڵچین ئاکدۆگان پەرلەمانتاری ئەکەپە و یەکێک لە ڕاوێژکارە سەرەکییەکانی ئەردۆگان لەبارەی کێشەی کورد هەنگاوی پێویستی بەباشی ڕوون کردەوە: "ئەگەر نادادپەروەری هەبێ، پێویستە بێتە ڕاستکردنەوە. ماف و ئازادی بۆ هەمووانە. پێویستە حکوومەت ئەنجامی بدا دوور لەوەی ئایا ڕێکخراوێکی تیرۆریستی هەیە یاخۆ نا.. ئەو ڕاستییەی کە حکوومەت پێشوەختە هەستی بەپێویستیی چاکسازیی دیموکراتی کردەوە، هاوسەنگیی پارتە کوردییەکەی لەق کردووە".

ئەردۆگان هەندێک متمانەی لەناو کوردی تورکیادا هەیە، چونکە سەرەڕای شەپۆلەکانی گرتن لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا، لە هەر سەرۆکێکی پێشووی تورکیا زۆرتری بۆ بزاوەکە کردووە و هەروەها ئەو بەشێوەیەکی ڕوون کەسێکی کاریگەرە ئەوکاتەی گرینگی بە بڕیارێکی سیاسی دەدا. بەڵام ئەو پێویستی بەوەیە دەنگدەران قایل بکا کە ئێستە کاتی تەواوە بۆ ئەنجامدانی چاکسازیی زیاتر. بەگوێرەی بەرپرسێکی ئەکەپە لە دیاربەکر، شیمانە هەیە ئەو بۆ گفتوگۆکان بگەڕێتەوە ئەگەر قایل بکرێ کە ئەو دەتوانێ ڕێککەوتنەکە ئەنجام بدا: ئەردۆگان دەتوانێ ئەناتۆلییەکانی ناوەڕاست (ڕای سەرەکیی تورکیا) ڕازی بکا. وەک یەکێک لەخۆیان تەماشای دەکەن کە ئەو کەسێکە ناپاکی لە دەوڵەت ناکا. هەروەها ئەردۆگان بەڕاستی دەیەوێ چارەسەری ئەو کێشەیە بکا. ئەو دەیەوێ بکەری گەورە بێ لە هەرێمەکەدا، و ئەو دەزانێ ئەو کێشەیە، چارەسەر نەکراوە، دەیبەستێتەوە. سەرۆک وەزیران شیمانەی هەیە دوودڵ بێ لەوەی کە ئەو لاواز دەرکەوێ ئەگەر پێشنیازی ئەو چاکسازییانە بکا کە وەک تیمارکەری زامەکانی کورد دێتە تەماشاکردن لە کاتێکدا توندتیژیی پەکەکە لەبەرزترین ئاستیدایە. ئەو شتە زیان بە دەنگە نەتەوەییەکانی دەگەیەنێ لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی ٢٠١٤دا، بەڵام کاتی کار ئێستایە، چونکە هەڵبژاردن هێشتا ٢ ساڵی ماوە. ئەو نموونە هەمەلایەنەی کوردی تورکیا دەیەوێ ڕوونە، یاریکەران بەڕێکی دامەزراون و ناسراون، و تورکیا هەوڵی خۆی دەدا بەباشی بۆ دەستەبەرکردنی تەناهیی ناوخۆ پێش ئەوەی نائارامیی هەرێمی ببێتە کێشەیەکی گەورەتر. ئەردۆگان پێشوەختە نێزیکەی هەموو دەسەڵاتی جێبەجێکردنی هەیە و وەک سەرۆک هەرگیز لە دۆخێکی باشتر نابێ تا چارەسەری کێشەی کوردی بکا. بەگشتی پاڵپشتییەکی جەماوەری هەیە بۆ دەستپێکێکی نوێ بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ کورد. هەروەها، بەلایەنی کەمیش نا، شیمانە هەیە دەنگ هەبێ بۆ وەڵامدانەوەی حەزی گشتی بۆ چارەسەری ئەو ناکۆکییە کە برینێکی کراوەی خوێنبەربوو بووە بۆ ماوەیەکی درێژ.

ب- جیاکردنەوەی کێشەی پەکەکە لە کێشەی کورد

باشترین ستراتیجی تورکیا برێتییە لەوەی کێشەی کورد لە کێشەی پەکەکە جیا بکاتەوە. یەکەم پێویستە چارەسەری ئازارەکانی کورد بکا بەو پێیەی زۆرینەی کوردی تورکیا ڕازی بکا. دەکرێ زۆربەی ئەو کارە بەکرداری بێتە ئەنجامدان بەبێ و پێش هەموو ڕێککەوتنێک لەگەڵ پەکەکەدا بۆ چەکدانان، لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەیەک بێژەری پێشەنگی تورکیا بڕوایان وایە کە دوو ڕێڕەوەکە

پێویسته له تەریبی یەکتردا کار بکەن. پەرلەمان شوێنی تەواوه بۆ ئەوەی کۆتا بەو لایەنه سیاسییه بێنێ له ڕێگەی بەکارهێنانی تێکەڵەیەکی زیرەک له کۆمسیۆنی دەستووریی ئێسته، سیپەی چاکسازیی دادوەری و وێنەیەک له پێشنیازی جەهەپه بۆ کۆمسیۆنی چاکسازیی کۆمەڵایەتی لەناو پارتەکاندا. سەرۆک وەزیران پێویسته توانی تەواوی پرۆسەی چاکسازیی دەستووری بەکار بێنێ و سوور بێ لەسەر ئەوەی که هەموو زوانێکی جیاخوازی له ڕەشنووسی نوێی دەستوور بێته لابردن. ئەکەپه بەتەنیا هەموو شتێکی پێ ناکرێ: پێویستی به ٣٦٧ پەرلەمانتار هەیه بۆ تێپەڕاندنی دەستووری نوێ بەبێ ڕیفراندۆم یاخۆ ٣٣٠ پەرلەمانتار بۆ گەیاندنی به ڕیفراندۆم که دەکاته زۆرینەی ٦٠٪ی پەرلەمان. ئەگەر نەگەیشت به یەک بیروباوەڕ لەسەر زوانی دەستوور که چارەسەری ئازارەکانی کورد دەکا، دەکرێ ڕێگەیەکی باشی دووەم بگرێته بەر له پێشنیازکردنی زوانێکی نامەحاڵی بێ لایەن ئەگەر بگونجێ، ئەوەش له کاتی چاوەڕوانیی یاسا لاوەکییەکاندا. ئەگەر مەهەپەی نەتەوەیی نەیتوانی پێوەندی بکا، ئەکەپه پێویسته بەدوای زەوینەی هاوبەش لەگەڵ جەهەپه و بەدەپەدا بگەڕێ.

حکوومەت بەپەله پێویستی به گۆڕینی یاسا و ڕێکخستنی دادوەری هەیه بۆ لابردنی ئەو زیانانەی دەکەونەوه بەهۆی گرتنی هەزاران ئەندامانی بەدەپه و چالاکانی تر و مانەوەیان لەسەر گرتنی بێ لەدادگەدان بۆ چەند ساڵێک. ئەوە بابەتێکی پێوەندار به مافی نەتەوەی کورد نییه، بگره بەدەستهێنانی دادوەریی بنەڕەتییه. پێویسته سیپه چاکسازییەکەی دادوەری جێبەجێ بکا تا بەڕێگەی خۆیدا بڕوا بۆ ناو پەرلەمان و دڵنیاتی بکاتەوه که پێناسەی تورکیا بۆ تیرۆریزم دەگونجێ لەگەڵ پێناسەی یەکەتیی ئەوروپا و پێودانگە ناودەوڵەتییەکانی تر. لەبارەی ڕێگەدانی منداڵ لەو سێپتێمبەرەوه بۆ دەستکردن بەوەرگرتنی وانەی ئارەزوومەندانه به زوانی دایکیان، ئەوکاتەی داواکان تەواوبوون نیازپاکی پێشان دەدەن. به بەراوردکردن لەگەڵ ئەو هەنگاوانه، داواکردن له پەکەکه تا چەک دابنێ تەنیا ئاماژەکردنێکی ڕوواڵەتییانەیه.

هەروەک ئومیت فیرات ڕۆشنبیرێکی پێشەنگی کورد له تورکیا گفتوگۆی کرد: هەرگیز ناتوانی چارەسەری کێشەی کورد بکەی بەتەواوی. تۆ ناتوانی توندتیژیی بزاوی کوردی به تەواوی لەناو ببەی. تۆ تەنیا دەتوانی کێشەکه کەم بکەیتەوه. ئەو شێوەیەی ئەنجامی دەدەی برێتییه له زیاتر ڕێگەدانی خوێندنی زوان، سڕینەوەی جیاخوازیی ڕەگەزی له دەستوور، و ئەوکاتەی تۆ ئەو شتەت کرد، بڕۆ لای پەکەکه و بڵێ با ئێسته دەست بەگفتوگۆکردنی چەکدانان و بڵاوەپێکردنی چەکداران بکەین. بەدەپه دەتوانێ ڕۆڵێکی گرینگ له پێشخستنی چاکسازیی دەستووریدا ببینێ و هەروەها هەموارکردنی تریش له یاسادا. پێویسته هەلێکی گونجاوی پێ بدرێ بۆ ڕاوێژکاریکردن لەگەڵ هەموو بەشەکانی بزاوی کوردی به ئۆجەلانەوه، هەتا ئەگەر ئازادکردنەکەشی ئامانجێکی بەپەله نەبێ. بزاوی کوردی پێویستی بەپاڵپشتیکردنی بەدەپه هەیه بەشێوەیەکی ئاشکرا لەو ڕۆڵەدا، نەک لێی کەم بکاتەوه. هەروەها بەدەپه پێویسته وەک ئەو پارته ڕەفتار بکا که بەسیاسەتی گونجاو نوێنەرایەتیی هەموو تورکیا دەکا.

ج– گفتوگۆ لەسەر بڵاوەپێکردن بکە دوای ئەوەی چاکسازییەکان تەواوبوون

ئەوکاتەی چاکسازیی سیاسیی پێویست هاتە ئەنجامدان، ئەنکەرە دەستێکی بەهێزتری دەبێ کە دەتوانێ پێی بڵاوە بە چەکدارانی پەکەکە بکا و ڕایانبێنێتەوە. ئۆجەلان و قەرەیلان ئەو سەرکردانەن کە دەتوانن ڕێگە بە ڕێککەوتن بدەن لەناو هەموو بەشەکانی پەکەکەدا، هاوکات لەگەڵ پێدانی ئایدۆلۆجیا و سیاسەتەکانیان، ڕێی تێ دەچێ ئەوان هێشتا بڕوایان بە بەیەکەوە ژیانی تورک و کورد هەبێ. هەروەها دوای ٣٠ ساڵ لەو بوارە، هێشتا هەردووکیان سەرکردە و شەڕوانن کە دەیانەوێ کۆتا بە توندتیژی بێنن. ئەوانەی تر کە نێزیکن لە پارتە کوردییەکە بەشێوەیەکی چالاکانە لە هەوڵی گەڕان بەدوای ڕێگەن بۆ پێشکەوتن لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە لەسەر ئەوەی کە چۆن توندتیژی لە ئێرلەندا، ئیسپانیا و باشووری ئەفریقیا کۆتای پێ هاتووە. هەتا لە بارەگەی قەندیلدا سەردانکارێک گوتی: هەستێک هەیە کە ئەوان بەڕاستی ویستوویانە کۆتای پێ بێنن و لە شاخ بێنە خوارەوە، و هەربۆیە ئەوان پاڵپشتییان لە پرۆسەی ئۆسلۆ کرد. بەڵام ئەوان بێ هیوابوون، نەدۆڕان، ئەوان هەستیان کرد کە ئەو شتە ڕوو نادا و بۆیە ئەوان گێڕیان گۆڕی تا دووبارە شەڕ بکەنەوە. بەڵام ئەوان ماوەیەکی درێژە لە شاخدان و ئەوان لە کاتێکی وەستاودان. لە یەکێکیانم پرسی چۆن پێوەندی بە پیاوەکانیان دەکەن و پرسیارم کرد ئاخۆ بلاکبێری بۆ پێوەندیکردن بەکاردێنن. ئەو بێدەنگ بوو، بۆیە پرسیارم کرد ئایا بلاکبێرییان هەیە. ئەو ئینجا گوتی "بەڵێ بەدڵنیاییەوە، بلاکبێرییەکی زۆرمان لێرە هەیە، بەڵام ئێستە وەرزی نییە". ئەگەر ئەو بەڕاستی ئامانجیەتی دۆخێکی باشتر بۆ کورد و بڵاوەپێکردنێکی ڕێزدارانە بۆ چەکدارەکانیان بەدەست بێنێ، ئەوە پێویستە بزاوی کوردی داوا لە پەکەکە بکەن توندتیژی کەم بکاتەوە و ڕوونتربێ و زیاتر دڵنیابێ لە ئامانجەکانیدا. پێویستە وا لە پەکەکە/ کەجەکە بکا دان بەوەدا بنێن کە ئەگەر خۆیان بە خەونی سەرکەوتنی سەربازی ببەستنەوە، ئەوە شیمانە هەیە هەرچی دەسکەوتیان هەبووە لە چەند دەیەی ڕابردوودا لەدەستی بدەن. قوربانیدانی ترسناک لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا باجی بەردەوامبوونی توندتیژیی سەلماندووە.

ئەگەر ئامانج مافی تەواو بێ بۆ کوردانی تورکیا کە پەکەکە دەڵێ ئەوەیە، کاتی گەیشتن بە ئەو ئامانجە، پێویستە بزاوی کوردی داوا لە پەکەکە بکا بۆ ئەوەی چەک دابنێ، ئاگربەست ڕابگەیەنێ و گفتوگۆ لەسەر کۆتاهێنانی کێشەکە بکا. سەختە پێشبینی بکەی حکوومەت دووبارە لەگەڵ پەکەکە دادەنیشێ لە کاتێکدا ئەو تیرۆری هاووڵاتییان دەکا، بەرپرسان دەڕفێنێ، هێرش دەکاتە سەر بنکە سەربازییەکان، و هەروەها زیاتر لە ٧٠٠ چەکداری پەکەکە، سەرباز و هاووڵاتی لە ماوەی یەک ساڵدا کوژراون. بەڵام هەردوو لا دەتوان بگەڕێنەوە بۆ هیواکانی ماوەی دانیشتنی کراوە و پرۆسەی ئۆسلۆ. هەندێک لەو بیرۆکە و بڕوابەخۆبوونەی ئەو کاتانە دەکرێ بگێڕدرێتەوە.

نیشانەی مژدەبەخش بۆ گفتوگۆکردن لە داهاتوو برێتییە لەوەی کە ئەوکاتەی گەڕی دانیشتنی ڕابردوو هاتە ئاشکراکردن، ڕای گشتیی تورکیا کەمێک ڕووبەڕووبوونەوەی ئاشکرای دەرخست

بەرامبەر ڕێککەوتنی ئاشتی کە پێک هاتبوو لە دانیشتن لەگەڵ ڕێکخراوێک لە کاتێکدا زۆرینەی ئەوان وا فێرکراون ڕێکخراوەکە خێویکی تینووی خوێنە. لە کۆتادا پێویستە هەژمارکردنێک بۆ هەزاران ئەندامی چالاکی پەکەکە بێتە کردن.

چاودێرێکی بێلایەنی کورد لەبارەی زیادبوونی توندتیژی لە ماوەی ڕابردوودا گوتی: لە ڕاستیدا پەکەکە زۆر نێزیکە لە مێزی گفتوگۆکردن. ئەو ڕووبەڕووبوونەوانە و بۆمبی چێنراو و ئۆتۆمۆبێل هەموو هەڵەن، بەڵام ئەوەی پەکەکە دەیڵێ: "هەوڵی گفتوگۆکردن بدە بە ئارەزووی خۆت لەگەڵ سەرۆک بارزانی، لەگەڵ سووریا و ئەوانی تر، بەڵام ناکرێ ئێمە لە دەرەوەی گفتوگۆکردن بهێڵنەوە".

بەهەمان گرینگی، هەردوو لا پێویستە خۆیان ئامادە بکەن و ئاهەنگ و خۆشییەکانی کورد بگرنە خۆ کە بەدڵنیایی ئەو شتە ڕێککەوتنی ئاشتیی ڕاستەقینە پتەو دەکا دوای زۆر لە دەیەی سەرکوتین و شەڕ. ئەو شتە ڕووی دا ئەوکاتەی یەکەم چەکداری پەکەکە گەڕایەوە لە ماوەی لێبوردنەکەی پرۆسەی ئۆسلۆ لە ئۆکتۆبەری ٢٠٠٩دا، بەڵام بەشێوەیەکی خەمناک تەلەڤزیۆنی تورکیا گۆڕینی لەگەڵ هاتە کردن کە وەک تەنیا "ئاهەنگگێڕانی سەرکەوتنی پەکەکە" هاتە باسکردن. بۆ جارێکی تر، سەرانی حکوومەتی تورکیا پێویستە لە هەموو کەناڵەکاندا هانی هەردوو لا بدەن بۆ ئەوەی ئاهەنگی هاتنی ئاشتی بگێڕن.

ئەنجام

زۆر لە هیوای دەیەی ڕابردوو هەڵوەرین: بزاوی کوردی بەگومانە لەوەی کە داواکارییەکانی بەمزوانە بچێتە واری بایەخپێدانەوە، پەکەکە بەکارهێنانی هێزی زیاتر کرد، گرتنی بەکۆمەڵ سیاسەتوانە کوردە یاساییەکانیشی پەکخست و هەروەها دارمانی گفتوگۆکان وای لە هەردوو لا کرد لەیەکتر دوور بکەونەوە. لایەنی حکوومەت هەست دەکا هەلێکی داوە بۆ گفتوگۆکردن، ئامادەیی بۆ چاکسازی دەربڕیوە، ئەو وەڵامی ڕکابەریی سەربازیی پەکەکە دەداتەوە و هەروەها بۆ لایەنی کورد دەگەڕێتەوە ئەگەر قبووڵی خواستی ئەو بکەن. هێشتا پەکەکە/ کەجەکە بەنەدۆڕاوی ماونەتەوە لە گۆڕەپاندا و توندتیژییەکانیش لە زیادبووندان. زیادکردنی هەوڵەکان بۆ سڕینەوەی خەباتی چەکداری لەڕێگەی بەکارهێنانی هێز لە بەرەی شەڕدا، ئەگەر بەجێش بێ، هەرگیز بەس نابێ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە و هەزاران مەرگ دەهێنێ کە ئەوەش پاڵ بە زیاتر گەنجی کورد دەنێ بۆ ئەوەی چەک هەڵبگرن. دیوەدەریی پارتەکە و بەردەوامیی پاڵپشتیکردنی لەلایەن کوردانی تورکیاوە شیمانە هەیە بەشێکی بەهۆی ئامادەباشییەکەی بێ بۆ بەکارهێنانی هێز و ترس. بەڵام هەروەک چۆن بۆچوونی کوردی تورکیا گرینگە، حکوومەت نادادپەروەرانە ڕەفتاری کرد، جیاخوازی لە بەرامبەر ناوچە کوردنشینەکان بەکار هێنا و هەروەها داواکاریی گەورە بۆ یەکسانی لە مامەڵەکردن و مافی تەواوی بەکارهێنانی زوانەکەیان بەشێوەیەکی ڕوو لە زیادبوو

پشتگوێ خستووە. حکوومەت کە پێشوەختە شتە قەدەخەکراوەکانی لەژێر دەسەڵاتی ئەکەپەدا شکاند و پێشانی دا کە سازشکردن ڕێی تێ دەچێ، پێویستە هەروەها سیاسەتێکی بەرفرەوان پێڕەو بکا بۆ چارەسەرکردنی زۆر هۆی ناکۆکی کە پێوەندارن بەو ئازارانەوە. ئەو دەتوانێ ئەو پاڵدەرەی لەپشت پرۆسەی چاکسازیی دەستوورییە بەکاری بێنێ ئەگەر ئێستە کۆسپی بکەوێتە پێش، ئەوە شیمانە هەیە مەحاڵ بێ زیندووی بکەیتەوە بۆ چەند ساڵێک. بکەرە سەرەکییەکان لە کاری خۆیاندان و یەکتر بەباشی دەناسن. هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی دوو ساڵی ماوە. لە ڕووی هەرێمەوە تورکیا هێشتا تاڕادەیەک شوێنێکی باشی هەیە، ئەوەش دەبێ سوپاسی دۆستایەتییەکەی لەگەڵ سەرانی کوردی هەرێمی کوردستان بکا، هەروەها نە سووریا نە ئێران نایانەوێ بژارەی شەڕ هەڵبژێرن. پرۆسە شەش ساڵییەکەی ئۆسلۆ ئەوەی فێرکردن کە هیچ ڕێگەیەکی کورت نییە. ڕەجەب تەیب ئەردۆگان سەرۆک وەزیرانی تورکیا و حکوومەتەکەی پێویستە زیاتر کار بکەن بۆ قایلکردنی ڕای گشتیی تورکیا لە ڕێگەی ئەو چاکسازییانەی بەمەبەستی مامەڵەکردنی یەکسان لەسەر بنەوای یەکسانی، دادپەروەری و مێژووی هاوبەش داڕێژراون، کوردانیش قایل بکا کە ئەوانە بەتەواوی دێنە پێڕەوکردن. ئەوان پێویستە ڕوونی بکەنەوە کە زۆر لەو شتانەی بزاوی کوردی داوای دەکا لە بنەواوە نێوانڕۆیە، جیاخواز نییە، یەکسانی و ماف دەگرێتەوە کە پێویستە فەراهەم بکرێ بۆ ئەوەی هەموو کەسێک سوودی لێ ببینێ. ئەوەش مافی خوێندن بەزوانی دایک دەگرێتەوە کە چەندان ملیۆن قسەی پێ دەکەن، هەروەها کۆتاهێنان بە یاسای جیاخوازی و پراکتیزەکردنی، حکوومەتێکی کەمتر خوازیاری کۆنترۆڵکردنی هەرێمەکان لە کاتێکدا زۆربەی پارێزگاکان هەمان شت داوا دەکەن، و چاکسازی لە یاسای هەڵبژاردن بۆ جێگیرکردنی پارتەکانی بزاڤی یاسایی کورد لە سیستەمی تورکیادا. تێپەڕاندنی ئەو چاکسازییانە پێویستی بە گفتوگۆی پەرلەمانی هەیە کە سەرانسەر بگرێتەوە، بەڵام نا بۆ هەر گفتوگۆکردنێک لەگەڵ پەکەکەدا. ئەگەر تورکیا نەتوانێ ئەو مافە سەرەتاییانە بگرێتە خۆ، ئەوە وا پێشان دەدا چەندە کێشەیەکی کوردییە ئەوەندەش کێشەیەکی تورکییە. تورکیا هێشتا پایەیەکی بەهێزی هەیە و دەتوانێ بەرەو پێش بچێ و ئەو هەڵانە چاک بکاتەوە کە بوونە هۆی ئەوەی گفتوگۆی دیموکراتی لە کورتی بدا و بوونە ڕێگر لەبەردەم هیوای کۆتاهێنان بەیاخیبوونی پەکەکە لە ٢٠٠٩ و ٢٠١١دا. بەڵام بەخشینی پەنجەرەی هەل بەو زیادبوونی پشێوی و گەنجە نائارامانە، ئەوە ئەو پەنجەرەیە شیمانە هەیە لەمە زیاتر نەکرێتەوە.

ئیستانبووڵ، برۆکسل، ١١/سێپتێمبەری ٢٠١٢

ئەمە بەشی کۆتای ڕاپۆرتێکی بەشی ئەورۆپای ژمارە ٢١٩ گرووپی تەنگژەیە کە لە ١١ی ئەیلوول/سێپتێمبەری ٢٠١٢دا بڵاو کراوەتەوە.

# کوردانی سووریا:
# ناکۆکی لەناو ناکۆکیدا

ڕاپۆرتی ڕۆهەڵاتی ناوینی گرووپی تەنگژەیە


## کورتەیەک

ناکۆکیی سووریا پەرەی سەندووە، هاوکات دانیشتوانی ناوچە زۆرینە کوردەکان تا ڕادەیەک بەدابڕاوی ماونەتەوە. بەهۆی کارکردنی بەردەوام بۆ ئەوەی سەرنجی دەوروبەرەکەی ڕانەکێشێ، ناوچەکەی لە هێرشەکانی ڕێژیم پاراستووە. لە درێژای کاتدا هێزەکانی تەناهیی سووریا لەو ناوچانە کشانەوە بۆ ئەوەی لە شوێنی تر کاری خۆیان بکەن. گرووپ و پارتە کوردییەکان هەنگاویان نا بۆ جێگرتنەوەیان تا پشکێکیان لە دەستڕۆیی هەبێ، ناوچەکانیان بپارێزن و هەروەها دەستەبەری دۆخێکی باشتر بۆ کۆمەڵەکەیان لە دوای ڕێژیمی بەشار ئەسەد سەرۆکی سووریا بکەن.

دەکرێ کوردەکان دەسکەوتی گەورە بێننە دی، سەرەڕای ئەوە ناکرێ بە دڵنیاییەوە تەماشای دۆخەکە بکەن. هیوای کورد هێشتا لەژێر بەزەیی ڕکابەریی ناودەوڵەتییەکاندایە: دژایەتیی عەرەب (سەلمێنراوە لە بەیەکدادانەکانی ئەم دواییەیە) و ڕکابەریی هەرێمی لەسەر پرسی کورددا. بۆ کوردانی سووریا کە ماوەیەکی زۆرە سەرکوت دەکرێن و مافی سەرەکییان ڕەت دەکرێتەوە، ژیری و پێشبینیی فەرمانیان لەسەر دەکا بەزاڵبوون بەسەر دابەشبوونەکانی ناوەخۆ، ڕوونکردنەوەی داواکانیان (تەنانەت لەسەر حسێبی سازشکردنی گەورەشدا بێ) و هەروەها ڕێککەوتن لەگەڵ هەیکەلی هەر جێگرەوەیەکی دەسەڵاتداری سووریا بۆ پێناسەکردن و پاراستنی مافەکانیان.

هەروەها ئێستە ئەو کاتەیە بۆ هاوتا ناکوردەکان بۆ دەستکردن بەدانانی ستراتیجییەتێکی گونجاو بۆ دڵنیاکردنەوەی هەموو هاوولاتییەکی سووریا کە ڕێکخستنەوەی نوێی بیرۆکەی دەوڵەت، مافی کەمینە، یەکسانی و بەرپرسیارەتی، لەمەودوا پرەنسیپی لێبووردە خەسڵەت و گشتگیر دەبن.


.................................................................

وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە: هێمن هادی

لە ڕووی نەتەوە و زوانەوە ئەو کۆمەڵە جیایە (کوردانی سووریا)، لە ئاخێکدا دەژین نێزیک لە سنووری تورکیا و عێراقدا، هەروەها ژمارەیەک شاریش لە پارچەکانی تری وڵاتەکە بە تایبەت لە دیمەشق و حەلەب، زۆر دەنگی کوردی تێدایە. ئەگەر بە وردی قسە بکەین ئەوە هیچ هەرێمێک نییە بۆ کورد جا لە ڕووی سیاسییەوە بێ یاخۆ لە ڕووی جوگرافیاوە لکاو نەبێ (بەپێچەوانەی هاوتا عێراقییەکەی، کوردی سووریا ئۆتۆنۆمییان دەست نەکەوت لەژێر ڕێژیمی بەعسدا)، هەتا زۆرینەی ناوچە کوردنشینەکان بەناو ناوچەی تێکەڵدا لە باکوری ڕۆهەڵات بڵاو بوونەتەوە کە پێک هاتوون لە عەرەبی سوننە، ئاشووری، ئەرمەنی، تورکمان و ئێزیدی.

هەروەک لە هەرێمەکاندا دیارە، تاک ناتوانێ قسە لەسەر خاکی بەیەکەوەلکاو بکا (دراوسێی تێکەڵ بەیەک). لەوەش زیاتر ئەوان بە پێچەوانەی برایانیان لە تورکیا، عێراق و ئێراندا شاخییان نییە سوودی لێ ببینن تا بەسەلامەتی یاخیبوونی چەکداری لە دژی دەسەڵاتی ناوەند ڕێک بخەن. بەشێکی دەستنیشان کراون لە لایەن ڕێژیمەکەوە و بەکرێ گیراون بۆ ڕێگەدان و ئەنجامدانی هەندێک چالاکیی سیاسی و نیوچە سەربازی (هەندێکیان ئاراستە کراوە لە دژی تورکیا) و چالاکیی نایاسایی کە زۆربەیان قاچاخچییەتین، بەڵام کوردانی سووریا لەژێر سیستەمێکی جیاخواز و سەرکوتکەر دەکوڵێن. لە خراپترین شێوەی نایەکسانیدا، نێزیکەی ٣٠٠ هەزار لەو کوردانە کە دەکاتە نێزیکەی ١٥٪ لە کۆی ٢ ملیۆن کەسی خەمڵێنراودا، بەبێ ڕەگەزنامەن و لە بۆشاییەکی یاساییدا دەژین و لە مافی سەرەکی بێبەش کراون.

هەرچەندە شۆڕش لە هەندێک کاتدا بوونی هەبووە، بەڵام بەخێرایی کپ کراوەتەوە. ئەنجامەکەی هەموو کات بریتی بووە لە سەرکوتینی دانیشتوان. بەڵام ئەو شتە ئێستە گۆڕینی بەسەر دادێ. هەروەک لە ساڵی ١٩٩١ لە عێراق ڕووی دا و هەروەها دووبارە لە هەمان وڵات لە ٢٠٠٣دا، ئەو تەنگژە ترسناکەی ئێستە هەلێک بە کورد دەدا بۆ ئەوەی دۆخەکەیان ڕاست بکەنەوە یاخۆ بەلای کەم دەست بەڕاستکردنەوەی بکەنەوە. ئەوەی بەهەڵەیەکی مێژوویی دێتە هەژمارکردن بریتییە: لەو بڕیارەی لە لایەن دەسەڵاتی ئینتیدابی فرەنسی و بەریتانی دەرکرا بۆ دابەشکردنی ڕۆهەڵاتی نێزیک کە بە شێوەیەک کوردی وەک گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەت لە هەرێمەکە هێشتەوە. ئێستە کورد وا دەردەکەون سوور بن ئەو هەلە بقۆزنەوە، هەرچەندە ئەوان کۆسپیان هاتە پێش بەهۆی بۆچوونی دژ بەیەکیانەوە تا بەباشترین شێوە ئەم کارە ئەنجام بدەن. ئەو کاتەی هاووڵاتییانی سووریا لە ٢٠١١ دەستیان بەڕاپەڕین کرد، زۆر لە گەنجی کورد پێوەندییان پێوەی کرد داوای ڕووخانی ڕێژیمەکەیان دەکرد، بەڵام پارتە کۆنە سیاسییەکانی کورد بۆچوونی جیایان لەسەر هەبوو. پارتەکان لە تۆڵەسەندنەوەیەکی دڕندانە دەترسان لە دژی گەلەکەیان ئەگەر ئەوان بە شێوەیەکی تەواو پێوەندی بە ئۆپۆزسیۆن بکەن و هاوکات بێزاریش بوون لە گرینگی نەدانی عەرەب بە وان لە ماوەی خۆپیشاندانەکانیان لە ٢٠٠٤دا (هەروەها لە هەڵمەتەکانی تری دواییی ڕێژیمەکە) ئەوان بینییان زیاتریان دەست دەکەوێ ئەگەر خۆیان لە لێواری شتەکاندا بهێڵنەوە و هەروەها

دوودڵن بەوەی کە چالاکییە نوێیە گرِ و تین پێدراوەکان ڕکابەریی ڕۆڵیان دەکا لە داهاتوودا.

لە هەمان کاتدا بەهیوای خۆدوورخستنەوە لە بەرەی شەڕ و پشتبەستن بە جیاوازییەکانی نێوان کورد و عەرەب بۆ زیاتر لێڵکردنی وێنەکە، ڕێژیم بە شێوەیەکی زۆر وازی لە کورد هێناوە. لە ئەنجامدا زۆربەی پارتە کوردییەکان مانەوەیان لە سێبەری ناکۆکییە گەورەکەی سووریا هەڵبژارد، نە شەڕکردن نە پاڵپشتیکردنی ڕێژیم، هاوکات شێوازێکی گوماناوییان بەرامبەر ئۆپۆزسیۆنی ناکوردی وەک عەرەبی نەتەوەیی و ئیسلامی گرتە بەر.

لە هەموویان کاریگەرتر لەناو پارتەکاندا (بە شێوەیەکی زۆر بەهۆی ئەنجامی بەردەوامبوونی ناکۆکییەکان) پارتی یەکەتیی دیموکراتە (PYD) کە لە هەموشیان زیاتر دژی پرۆسەی بەرەنگاربوونەوەی ڕێژیم وەستاوە، ئەوەش تۆمەتی پیلانگێڕی خستە سەر. پارتەکە باش ڕێکخراوە، مەشقی کردووە و پڕ چەکە، ئەو پارتە لقێکی تری پارتی کرێکارانی کوردستانە (پەکەکە)، گرووپی سەرەکیی کوردی یاخیبوو لە تورکیا. بە ماوەیەکی کورت دوای ئەوەی ڕاپەڕین دەستی پێ کرد، پەیەدە کە بارەگەیان لەگەڵ پەکەکە لە چیاکانی باکوری عێراقدا بوو، گەڕانەوە بۆ سووریا، یەکەیەکی شەڕوانیشیان لەگەڵ خۆیان هێناوە بۆ سووریا. لە یۆلیۆی ٢٠١٢دا پارتەکە هەلی نیوچە کشانەوەی هێزە تەناهییەکانی ڕێژیمی لە ناوچە کوردییەکان قۆستەوە تا بە پتەویبوونی سیاسی و تەناهیی خۆی دروست بکا، بەرپرسانی حکوومەتی لە تەلاری شارەوانی بەلای کەم لە پێنج پەناگەی خۆیدا دەرکرد و هەروەها ئاڵای خۆی لە جێگەی سووریا دانا. بەم شێوەیە پارتەکە بە ئاشکرا خۆی وەک فەرمانڕەوای بەرپرس لە دەزگەکانی دەوڵەت لە زۆربەی شارۆکە کوردنشینەکاندا ڕاگەیاندووە.

هەواڵنامەی کتێب

ڕکابەری سەرەکیی پەیەدە برێتییە لە پارتە بچووکە جۆرەوجۆرە کوردییەکان، ژمارەیەک لەوانە پێوەندیی باشیان لەگەڵ گرووپە کوردییە عێراقییەکاندا هەیە.

لەژێر چاودێریی مەسعوود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان (KDP ) زیاتر لە دەیان لەو پارتانە لە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان (KNC) لە ئۆکتۆبەری ٢٠١١دا گرد بوونەوە و یەکیان گرت. ئەو هاوپەیمانییە تەنیا ڕکابەری ڕاستەقینەی کاریگەری سیاسیی کوردی بووە بۆ پەیەدە. لەگەڵ بوونی بۆشاییی تەناهی و سیاسی لە ناوچە کوردییەکاندا، کێشەکانی سووریا هانی چڕبوونەوەی ڕکابەریی نێوان ئەو دوو ئاراستە سەرەکییەی دا. فراکسیۆنە کوردەکان نەک تەنیا ڕکابەری لەگەڵ یەکتر دەکەن، بگرە لەگەڵ گرووپە ئۆپۆزسیۆنە ناکوردییەکانیش دەکەن، هەموو لە کاتی هەوڵدانیان ڕکابەری دەکەن بۆ گەیشتن بە سەرچاوە و فرەوانکردنی زەوینە و دەستڕۆیی. زۆر لە کورد، نەک تەنیا لایەنگرانی پەیەدە، لە لایەن زۆرینەی گرووپە عەرەبییە نەتەوەیی و ئیسلامییەکانەوە دوور خراونەتەوە کە لە لایەن ئۆپۆزسیۆنی ناکوردییەوە داهێنراون و پشتیش دەبەستن بە تورکیا و چاودێرە پارێزگارەکانی کەنداو. لەگەڵ درێژەکێشانی ناکۆکی و هەڕەشەکردن بەوەی ببێتە شەڕێکی ناوخۆی هەمەلایەن، تایفایەتی

لەگەڵ گرژیی نەتەوەیی رووەو زۆرییە، پێشوەختەش وڵاتەکە بەیەکدادانی لە نێوان شەڕوانانی پەیەدە و گرووپە چەکدارەکانی ئۆپۆزسیۆن بەخۆیەوە بینی "زۆرجار ئاماژەی پێ دەکرێ بۆ ناوێکی گەورە و تەڵەکەباز وەک سووپای سووریای ئازاد". تا ئێستە ئەو شتانە شەڕی سەر چیمەن بوون "واتە بۆ دەستڕۆیی بوو"، بەڵام دەکرێ بۆ بەرەو ناکۆکیی گەورەتر بچن لەسەر پرسی دواڕۆژی کورد.

لە کۆتادا ناکۆکیی سووریا شەڕێکی ناڕاگەیاندراوی لەناو دڵ و گیانی بزاوی نەتەوەییی کورد وروژاند لە چوار دەوڵەتەکەی (سووریا، عێراق، تورکیا و ئێران) کە بەسەریاندا دابەش کراون. چاودێرانی پەیەدە و ئەنجوومەنی نیشتمانیی کورد، نوێنەرایەتیی دوو مۆدێلی باوی کوردی نەتەوەیین ئەمڕۆ کە هەروەها دوو شێوازیان هەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ تورکیا. پەکەکە خەباتی چەکداریی ناو بەناوی بەکار هێناوە تا ئەنقەرە مافی زیاتری کولتووری و سیاسی بە کورد بدا لە وڵاتەکە، بە پێچەوانەوە پارتی دیموکراتی کوردستان باڵادەستیی خۆی لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەکار دێنێ: پارتەکە کاری زۆری کرد لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا تا پشتبەخۆبەستنی ئابووری و پێوەندیی سیاسی پێش بخا بۆ ئەوەی وا لە تورکیا بکا هەڵوێستێکی زیاتر ئەرێنیی هەبێ و هەروەها بەخێراییی پشتبەستنی هەرێمەکەی بە بەغدا کەم بکاتەوە.

پێویستە تورکیا بخرێتە ناو ئەو تێکەڵەیە. چەند پەیەدە ئازادە لە پەکەکە جێگەی گفتوگۆیە، بەڵام بۆ ئەنقەرە ئەو پرسە لە مێژە یەکلا کراوەتەوە. لە بۆچوونی ئەودا بزاوی کوردی سووریا کەمێک زیاتر لە لقێک یاخۆ وێنەیەکی کاربۆنییە (کۆپی) بۆ پەکەکە: هەوڵەکانی پەیەدە لە دامەزراندنی جێپێ لە سووریا، پاڵپشتیکردنی مەیلی جیاخوازی لە تورکیا دەخاتە مەترسی. پەناگەی پەیەدە لە بەردەرگەکەیەوە، لە لایەن پەکەکەوە بەکار دەهێنرێ وەک خاڵی دەسپێک لە شەڕەکەی لەگەڵ تورکیا، ئەوە شتێکە ئەنقەرە قبووڵی ناکا.

لە هەمان کات بۆ چارەسەرکردنی ڕکابەریی ناوخۆ و ئارامکردنەوەی دۆخەکە، سەرۆک بارزانی لە هەوڵدا بووە نێوانی پەیەدە و ئەنجوومەنەکە بکا بۆ ڕێک کەوتن. هەردووکیان (پەیەدە و ئەنجوومەن) شتێکیان دەست دەکەوێ لە یەکتر: ئەنجوومەن هاوبەشی ناودەوڵەتیی هەیە و ڕەوایە، بەڵام لە ناوەخۆدا دابەش بووە، لە لایەکەی تردا پەیەدە پاڵپشتیی بەهێزی ناوەوەی هەیە، بەڵام هەمان پایەی ناودەوڵەتیی ئەنجوومەن نییە. بەڵام بە هۆی ئەو نێوانییە گرینگەی بارزانی لە ڕێککەوتنەکەدا، کۆمیتەی باڵای کوردی (SKC) لە باشترین شێوەیدا یەکێکە لە شتە گونجاوەکان.

هیچ لایەک لە پەیەدە و ئەندامانی ئەنجوومەن متمانەیان بەوەی تر نییە، هەردووکیان سەرەڕای ئەوەی پێوەندییان زۆر ناسکە، ئەو پێوەندییەیان لەگەڵ گرووپە ئۆپۆزسیۆنە ناکۆکەکانی سووریا پاراستووە. هەروەها لە ناوچەی هەستیاردا مقۆمقۆی ڕەق لە نێوانیاندا رووی داوە و هەردوولا لە چاوەڕێی کاتدان تا دۆخی وڵاتەکە روون بێتەوە.

لەم کاتەی ئێستە تورکیا ئەوەی هەڵبژارد کە دەستوەردانی ڕاستەوخۆ لە دژی پەیەدە ئەنجام

نەدا، ئەوەش لە ترسی ئەوەی نەخزێتە ناو گێژاوی سیاسی و شەڕەوە و هەروەها نەبوونی هۆیەکی پاساودەر بۆ شەڕ کە پێوەندار بێ بە پەکەکە و هاوکاتیش سەرۆک بارزانی ڕۆڵی پێشەنگی پێ دراوە لە هێمنکردنەوەی پەیەدە. شیمانەش هەیە لایەنەکان ئەم ڕێگەیە نەگرنە بەر تا کۆتا، چونکە لە درێژای کاتدا ڕەنگە بەرژەوەندییەکانی هەولێر و ئەنقەرە بەرەو جیاوازی بڕوا.

پێشان ئامانجە کۆنەکان برێتی بوون لە فرەوانکردنی سنووری کورد، لەو ناوچانەی کوردی تێدا زۆرینەیە لە هەردوو دیوی سنووری عێراق و سووریادا. سووریا بەدڵنیاییەوە زۆر دەترسێ لە کاریگەریی ئەو ئەنجامە لەسەر دانیشتوانە کوردەکەی و بە تایبەت کاریگەرییەکەی لەسەر هەڵوێستی گشتیی پەکەکەدا.

کوردانی سووریا پێویستە هەوڵی تەواوی خۆیان بدەن بۆ خۆپاراستن لە هەردوو تێوەگلانیان لە شەڕێکی هەرێمیی گەورەتر و هەوڵدانی زۆر لە کارەکەیان بۆ گەیشتن بە ئۆتۆنۆمیی زیاتر. چارەنووسیان ئێستە لە سووریادایە و، بۆیە پێویستە لەگەڵ سوورییاییەکان گفتوگۆی ڕۆڵەکەیان بکەن لە داهاتوودا و سووریش بن لەسەر گەیشتن بە مافی سەرەکییان کە ماوەیەکی زۆر لە چاوەڕوانیدان.

## پێشنیازەکان

لەسەر پەیەدە، ئەنجوومەنی نیشتمانیی کورد و نوێنەرانی سەربەخۆی گرووپی لاوان:

١- پێویستە هاوکاریی یەکتر بکەن لە چالاکیی سیاسی و لە بەڕێوەبردندا و هەروەها کار بکەن بەرەو ستراتیجێکی هاوبەش تا تەناهی و خزمەتگوزاریی سەرەتایی بۆ ناوچە کوردنشینەکان دابین بکرێ.

٢- پێویستە دەستی بگات بە کۆمەڵی سووریا بەبێ ئەوەی پێویست بکا بچێتە کێشەوە لەگەڵ ڕێژیم، ئەوەش لە ڕێگەی خستنە ڕووی هاوکاریی مرۆیی، دامەزراندنی نەخۆشخانەی مەیدانی بۆ هاووڵاتییانی بریندار بەبێ جیاوازیی نەتەوە یاخۆ هەستی سیاسی و، هەروەها لەگەڵ دەربڕینی هاوخەمی بەرامبەر ناخۆشییەکانی هاووڵاتییان لە سەرانسەری سووریادا.

٣- خۆبەدوورگرتن لەو کردەوانەی دەبنە هۆی زیادبوونی ترسی جیابوونەوەی کورد، وەک گۆڕینی سیمبولی نەتەوەیی بۆ کوردی.

لەسەر کۆمیسیۆنی باڵای کورد (SKC) پێویستە:

٤- هەڵوێستێکی ڕوون و یەکگرتوو دابڕێژێ لەبارەی ئەوەی چاوەڕوانی دەکا لە هەر جێگرەوەیەکی ئەو دەسەڵاتەی ئێستە تایبەت بە ڕێزگرتن لە مافی کورد و هەروەها دەستکردن بە گفتوگۆکردن لەسەر ئەو بنەوایانە لەگەڵ هاوتا ناکوردە سوورییاییەکان.

لەسەر پەیەدە و هێزە چەکدارەکانی یەکەتیی پاراستنی گەل:

٥- ئاستی چالاکییە سەربازییەکانی نزم ڕابگرێ، ڕۆڵەکەی خۆی سنووردار بکا بۆ ئەرکی پۆلیسی ناوەخۆ لە زۆربەی ناوچە کوردییەکان، ئەوەش بەڕێکخەری و هاوکاریکردن لەگەڵ ئەنجوومەنی نیشتمانی و گرووپی سەربەخۆی لاوان.

٦- خۆبەدوورگرتن لە هەموو کردەوەگەلێکی بەکارهێنانی هێز و تۆقاندن لەو ناوچانەی دەکەونە ژێر دەسەڵاتیان.

٧- خۆبەدوورگرتن لە کردەوەی بێزارکەرانە کە شیمانە هەیە هانی دەستوەردانی تورکیا بدا، بۆ نموونە بەکارهێنانی خاکی سووریا وەک سەکۆی دەسپێکردن لە پاڵپشتیکردنی چەکداریی پەکەکە لە تورکیا.

لەسەر ئەو ئەندامە مەشقپێکراوانەی لەژێر کۆنترۆڵی ئەنجوومەندان:

٨- بچنە ناو خاکی سووریا لە ڕێگەی ڕێککەوتنی ئاشکرا لەگەڵ پەیەدە تا ناوچەکانی کردەوەگەل دیاری بکەن و پێیان ڕابگەیەنن چۆن ناکۆکی لە نێوان ئەو دوو گرووپە چەکدارە دێتە چارەسەرکردن و هەروەها سیستەمێکی دیودەر بۆ پێناسینی چەکدارانی هەر هێزێک، سەرکردایەتییان و چالاکییان دابنێن.

لەسەر ئۆپۆزسیۆنی ناکوردی سووریا بە ئەندامانی چەکدارەوە:

٩- خۆیان خەریک و پاڵپشتیی گفتوگۆکردن بکەن لەگەڵ کۆمیسیۆنی باڵادا لەبارەی چۆنیەتیی دامەزراندنی سیستەمێکی سیاسیی دیموکراتییەوە کە هاوڵاتییان تێیدا مافی یەکسانیان هەیە بە هاوڵاتییانی کوردەوە.

١٠- پاڵپشتیکردنی ئاشکرا بۆ ڕەتکردنەوەی بە پەلەی هەموو ئەو یاسایانەی ڕەگەزنامە وەردەگرنەوە یاخۆ پێدانی ڕەگەزنامە لە گرووپی دیاریکراوی کوردان ڕەت دەکەنەوە.

١١- داوای هاوکاری لە کۆمیسیۆنی باڵای کوردی بکا ئەو کاتەی کردەوەگەل لەوێ ئەنجام دەدا یاخۆ لە دەوربەری ئەو ناوچانەی لە لایەن گرووپی چەکداری کوردانەوە چاودێری دەکرێن.

پێویستە حکوومەتی تورکیا:

١٢- بەردەوام بێ لەسەر ئەنجام نەدانی دەستوەردانی ڕاستەوخۆ لە ناوچە کوردییەکانی سووریا، لە هەمان کاتدا دووهێندکردنی هەوڵەکانی بۆ چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد لە تورکیا.

١٣- گفتوگۆکردن لەگەڵ پەیەدە بەهەند وەربگرێ، شیمانە هەیە لەژێر چاودێریی کۆمیسیۆنی باڵای کوردی بێ، بەو ئامانجەی میکانیزمێک بۆ پێوەندیکردن و هاوکاریکردن لەبارەی تەناهیی سنوورەوە بە شێوەیەکی تایبەت دروست بکا.

١٤- هانی ئۆپۆزسیۆنی ناکوردی سووریا بدا بۆ کۆکردنەوەی گرووپی ئۆپۆزسیۆنی کوردی لەسەر بنەوای بۆچوونی سیستەمی سیاسیی دیموکراتی کە هەموو هاووڵاتییان مافی یەکسانیان هەیە.

پێویستە حکوومەتی هەرێمی کوردستان (KRG):

١٥- بەردەوام بێ لە خۆبەدوورگرتن لە گەمەی فراکسیۆنە کوردییەکان لە دژی یەکتر هەروەک کە خۆی بەدوور گرتووە و لە بریی ئەوە گرتنە خۆی سیاسەتی بەهێزکردنی یەکەتی و هەروەها پتەوکردنی خەسڵەتی نوێنەرایەتی و ڕەوایی کۆمیسیۆنی باڵای کوردی بگرێتە بەر.

١٦- بە شێوەیەکی تایبەت هانی ئەنجوومەنی نیشتمانی و پەیەدە بدا کاری زیاتر لەگەڵ یەکتر بکەن لە هێنانەدیی ئاشتی و جێگیری بۆ زۆرینەی ناوچە کوردنشینەکانی سووریا، ئەوەش بەهاوکاری لەگەڵ گرووپی سەربەخۆی گەنجان.

هەولێر/دیمەشق/برۆکسل، ٢٢ یەنایەری ٢٠١٣

## پێشەکی

### کوردانی سووریا: ناکۆکی لەناو ناکۆکیدا

لە پەراوێزی زیادبوونی ڕکابەری لە نێوان هەڵمەتەکانی لایەنگران و دژ بە حکوومەت، ناوچە کوردنشینەکان لە باکور و ڕۆهەڵاتی وڵاتەکە ڕووبەڕووی ناکۆکییەکی پێگەیشتوو و ئاڵۆز دەبێتەوە. ناوچەکە لەمەودوا مامەڵە لەگەڵ هاتنی ئەندامی پارتی کرێکارانی کوردستان دەکا، دێتە گوتن گوایە ئەو گرووپە ڕابەریی خەباتی چەکداری لە دژی دەوڵەتی تورکیا ئەنجام دا لە کردەوەگەلەکانیدا بۆ مافی زیاتر بۆ کورد لە ساڵانی ١٩٨٠وە و هاوکات ڕکابەرە فراکسیۆنە کوردەکان بەئازادی کۆ کراونەتەوە لەژێر چەتری ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردی (KNC) کە لە لایەن سەرۆک بارزانییەوە پاڵپشتی دەکرێن.

دێتە گوتن گەورەترین فراکسیۆنی کوردی پەیەدەیە کە لە ٢٠٠٣دا دامەزراوە و، هەندێک دەڵێن لە ڕووی ئایدۆلۆجیا، ڕێکخستن و سەربازییەوە پێوەندیی بە پەکەکە هەیە. لە هەمان کاتدا پەیەدە نکووڵی دەکا لقێک بێ لەو گرووپە، پارتەکە ئەندامی کۆما جڤاکێن کوردستانە (KCK) کە ڕێکخراوێکی چەترییە هەمان سەرکردایەتی و پەیماننامەیان هەیە لەگەڵ پەکەکەدا، هەروەک لە خوارەوە بەدرێژی هاتووەتە باسکردن. هەروەها پێوەندیی سەربازیی لە نێوان ئەو دووەشدا هەیە. لقی سەربازیی پەیەدە، یەکەتیی پاراستنی گەل لە لایەن پەکەکەوە مەشقی پێ کراوە لە بارەگەکەیان لە چیای قەندیل لە باکوری عێراقدا. بوونی پەکەکە لەوێ بووەتە هۆی دووبارەبوونەوەی بۆردمانی هێزی ئاسمانی بۆ ناوچەکە لە ١٩٩٠وە.

بۆ پەکەکە سەرهەڵدانی سووریا کە لە ئاداری ٢٠١١دا دەستی پێ کرد، هەلێک بوو بۆ

گۆڕینکاری، لە هەوڵی ئەوەدایە بیکات بە بنکەی سیاسی و سەربازیی دواوەی پارتەکە. هەرچەندە پەیەدە لە سووریا قەدەغە کراوە، سەرکردایەتییەکەی گەڕایەوە وڵات لە قەندیلەوە زوو دوای ئەوەی خۆپیێشاندانەکانی سووریا دەستی پێ کرد.

ساڵح موسلیم سەرۆکی پارتەکە لە گرتیگە بوو لە سووریا بە تۆمەتی چالاکیی سیاسیی نایاسایی پێش ڕاکردنی لە ٢٠١٠ و داواکردنی پەناگە لە پەکەکە لە عێراقدا. لە کاتێکدا بوونی لە تاراوگە، ڕێژیم فەرمانی گرتنی تا هەتایەی بەسەر سەپاند. بە گوێرەی هەواڵەکان ئەو لە نیسانی ٢٠١١دا بۆ ناوچە کوردنشینەکان گەڕاوەتەوە. لەم قۆناخەدا پارتەکە بە شێوەیەکی زۆر چڕ دەستی کردووە بە پێڕەوکردنی چالاکیی سیاسی و ناوچە سەربازی بۆ کۆکردنەوەی پاڵپشتی لەناو کوردانی سووریا. بەگوێرەی سەرچاوەیەک کە پێوەندییەکی نێزیکی لەگەڵ پەیەدە هەیە گوتی، پەکەکە هەزار شەڕوانی چەکداری نارد تا باڵی سەربازیی پەیەدە دابمەزرێنێ (یەکەتیێن پاراستنا گەل). ئەو گۆڕینکارییانە گومانی دروست کرد، بەتایبەت لەناو فراکسیۆنە ڕکابەرەکان بەوەی پەیەدە ڕێککەوتنی لەگەڵ حکوومەت ئەنجام داوە کە ڕێگەی پێ داوە بوونی هەبێ و کار بکا بەئاشکرا لە سووریا لەبری هاوکاریکردنی پەیەدە لەگەڵ هێزی تەناهی بۆ سەرکوتینی خۆپیێشاندانەکانی دژە حکوومەت لە ناوچە زۆرینە کوردنشینەکان.

هەندێک لەوەشیان تێپەڕاند، زاراوەیەکی سووککەر "شەبیبە"یان بەکارهێنا بۆ پارتەکە. وا گوتراوە دۆکیومێنتی ناوبراوی حیزبی بەعس دزەی کردووە بۆ ئەلجەزیرە، ئاماژە دەکەن کە حکوومەت لە کاتێکی زووتردا بڕیاریداوە پشت بە پەیەدە ببەستێ وەک جێگرەوەی ناوەخۆی خۆی نەک خۆی بەڕاستەوخۆیی هێرش بکاتە ناوچە کوردنشینەکان.

یەکێک لەو دۆکیومێنتانە پێویستی "دانانی ناوچە کوردنشینەکانی لەژێر چاودێری و هەروەها کارکردن لەگەڵ پەیەدە بەنهێنی دووپات کردەوە بۆ سەرکوتینی خۆپیێشاندان و خۆپیێشاندەران و هەروەها خۆبەدوورگرتن لە دەستوەردانی ناوەخۆ لە ڕێگەی هێزەکانی تەناهی لە ناوچە کوردییەکاندا".

گرووپی تەنگژە ناتوانێ پەسندی ڕاستیی ئەم دۆکیومێنتانە بکات یاخۆ دووپاتی بوونی ڕێککەوتنێکی ڕەسمی لە نێوان پەیەدە و ڕێژیم بکاتەوە، شیمانە هەیە پەیەدە تەنیا ئەو بۆشاییەی لە بەرژەوەندیی خۆی بەکارهێنابێ کە جێماوە لە لایەن ڕێژیمێکی نائامادە بۆ شەڕ کە پێشوەختە شوێنەکە گیراوە و هەروەها هەندێک شوێنیش بەهۆی نەبوونی هێزی تەناهی و ڕێککەتنی نهێنی لەگەڵ دیمەشقدا جێهێڵراوە. لەگەڵ تێپەڕبوونی سەرهەڵدان بەهێواشی و لاوازبوونی چنگی ئەسەد لە وڵاتەکە، پەیەدە پێوەندی کرد و ڕۆڵی سەرکردایەتی لە دەستەی ڕێکخەری نیشتمانی (NCB) بۆ گۆڕینی دیموکراتی وەرگرت.

گرووپێکی ئۆپۆزسیۆنی نێوانرۆ بەناوی نەجەبە (NCB) لە یۆنیۆی ٢٠١١دا دامەزرا، پێک هاتووە لە چەپڕۆکانی عەرەب و کورد کە زۆر نەرمن لەسەر داواکەیان بۆ گۆڕینی ڕێژیم، لە کاتێکدا

بەتوندی دژی دەستەوەردانی بیانی و خاڵی زۆر گرینگیی توندڕۆکان لە ناوەوەی ئۆپۆزسیۆندا وەستاون. لە یۆلیۆی ٢٠١٢دا، ١٧ مانگ لە سەرهەڵدان، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا یەکلا نەکراوەتەوە، لەگەڵ دەرکەوتنی نیشانەکانی لاوازبوونی ڕێژیم و بەردەوامبوونی وەستانی ئۆپۆزسیۆن، پەیەدە هەڵوێستێکی زۆر دڵنیای گرتەبەر. پارتەکە سوودی لە کشانەوەی بەشێکی هێزەکانی تەناهیی ڕێژیمەکە بینی تا بەپتەوی بوونی سیاسی و تەناهیی خۆی لە ناوچە کوردنشینەکان دابمەزرێنێ.

لەگەڵ زیادبوونی گرووپە چەکدارەکانی ئۆپۆزسیۆن لە ناوچە ناکوردەکانی باکوری سووریا، پەیەدە بەرپرسانی حکوومەتی لە تەلاری شارەوانییەکان بەلای کەم لە پێنج پەناگەی خۆی دەرکرد کە بریتین لە عەین ئەلعەرەب (کۆبانی)، عامودا، ئەلمالیکییە (دەرەک)، عەفرین و جیندەرەس، هەروەها ئالای خۆشی لەبری ئالای سووریا دانا. بەم شێوەیە پەیەدە کە پێشوەختە خۆی وەک گرووپی پلەیەکی کوردی لە وڵاتەکە دەرخستووە، خۆی بەئاشکرا سەپاندووە وەک دەسەڵاتی بەرپرس لە دەزگەکانی دەوڵەت لە زۆربەی شارۆکە کوردییەکان، جگە لە شاری قامیشلی.

ئەو پێشاندانە نوێیەی هێزە لە لایەن پەیەدەوە بەشێوەیەکی زۆر تورکیای دراوسێی دوودڵ کردووە کە تەماشای پارتەکە دەکا هەروەک ڕوویەکی تری پەکەکە. کەمێک دواتر ڕەجەب تەیب ئەردۆگان سەرۆک وەزیرانی تورکیا هەڕەشەی کرد کە وڵاتەکەی مافێکی بێ گفتوگۆی هەیە بۆ دەستوەردان ئەگەر پەکەکە کەمپی سەربازی لە سووریا دابمەزرێنێ. ژیانەوەی پەیەدە لە بەهاری ٢٠١١دا وای لە پارتە کوردییەکانی تری وڵاتەکە کرد کە ژمارەیان شازدە پارتی بچووک و سیاسی بوو، گردببنەوە و داوای پاڵپشتی زیاتری هێزی بیانی بکەن. لە ئۆکتۆبەری ٢٠١١دا، ئەوان ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردییان لەژێر چاودێریی سەرۆک بارزانی دامەزراند. زۆربەی ئەو پارتانەی کەنەکە پێکدێنن بریتین لەو فرکسیۆنانەی لە پارتی کوردی دیموکراتیی سووریا جیابوونەتەوە کە یەکەم پارتی کوردیی سووریایە و لە ساڵی ١٩٥٧ دامەزراوە. جۆرەوجۆری ئەندامیەتیی ئەنجوومەنی نیشتمانی بووەتە هەمەڕەنگی دابەشبوونەکانی ناوەخۆ. فراکسیۆنەکانی ئەنجوومەن خاوەن سەرۆکن، ئایدۆلۆجیا و بنکەی پاڵپشتییان هەیە. ئەمڕۆ دوو لە پارتە دەستڕۆکەی ناو هاوپەیمانییەکە پێوەندیی ڕاستەخۆیان لەگەڵ پارتە کوردییەکانی عێراق هەیە، یەکێکیان پارتی دیموکراتیی کوردی سووریا کە لە لایەن عەبدوڵلا بەشیر ڕابەری دەکرێ و پارتی خوشکە لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان (عێراق)، و ئەویتریان پارتی دیموکراتیی پێشکەوتنی سووریا کە لە لایەن عەبدوڵلا دەروێش سەرکردایەتی دەکرێ، ئەویش پارتی خوشکە لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانی کوردستان (عێراق). بەردەوامبوونی هەوڵەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان، وەرگێڕدرا بۆ خەباتی نێوان پارتی دیموکرات و پێشکەوتنی سووریا کە بەردەوامی هەیە لە ژێر چەتری ئەنجوومەنی نیشتمانی.

چەند هەوڵێک درا بۆ ڕێککەوتنی پەیەدە و ئەنجوومەنی نیشتمانی. لە یۆلیۆی ٢٠١٢ کەمێک پێش ئەوەی دەسەڵاتی سووریا دەست بە ڕووخان بکا لە هەندێک ناوچەی کوردیدا، سەرۆک

بارزانی نێوانی ڕێککەوتنێکی گرینگی هاوبەشی دەسەڵاتی لە نێوان دوو گرووپە دەستڕۆکە کرد. ڕێککەوتنەکە ناسراوە بە ڕاگەیاندن یاخۆ ڕێککەوتنی هەولێر، لەو ڕێککەوتنە باسکراوە ئەوان بەهاوبەشی فەرمانڕەواییی هەرێمە کوردییەکە دەکەن لە ماوەی گۆڕینی دەسەڵات و دامەزراندنی کۆمسیۆنی باڵای کورد تا کۆتا.

ڕێککەوتنەکە وا دەردەکەوت وەک ڕاچڵەکین بێ بۆ ئەنقەرە، چونکە پێشبینی ئەوەی دەکرد پەیەدە پاشکۆ بخرێ، تورکیا دژی یەککگرتنەکە بوو. لە ٢٠٠٧وە پێوەندیی ئابووریی هەرێمی کوردستان لەگەڵ تورکیا هەنگاوی نا بەرەو پێوەندییەکی بەهێز لە نێوان ئەنقەرە و هەولێر. ئەو پێوەندییە بەهێزەی بارزانی بە تورکیا قەبارەی هاوکاریی گەورەی بارزانی بۆ کوردی سووریا پێک دێنێ. ڕێککەوتنی هەولێر ئاماژەیە بە واقیعییەتی (کرداری) سەرۆک بارزانی: زانینی دۆخی پەیەدە، و هەروەها ئاگەدارییەکە بۆ ئەو مەترسییە سەربازی و سیاسییانەی لە هەڵگیرسانی شەڕی نێوان پەیەدە و ئەنجوومەن دروست دەبێ.

بیرەوەریی شەڕی ناوەخۆی نێوان یەکێتیی نیشتمانی و پارتی دیموکرات لە ساڵانی ١٩٩٠ هێشتا لە یادی کوردا ماوە، بۆیە شەڕی کورد هیچ جەماوەرێکی نییە.

ڕێککەوتنە گرینگەکەی هەولێر شێمانەی زیادبوونی گرژییەکانی نێوان پەیەدە و ئەنجوومەنی نیشتمانی نەهێشت، بەڵام بەتەواوی نەیسڕییەوە. تا ئەمڕۆ بەتایبەت بەهۆی هێزی سەربازی و پاڵپشتیی بنکەکانی لەناو کوردانی سووریادا، پەیەدە بەردەوامە لە کارکردن بەتاکڕەوی، هەوڵیش دەدا دیمەنی ڕووداوەکانی کوردی سووریا لە ڕووی سیاسی و سەربازییەوە کۆنترۆڵ بکا، بەڵام خاڵی لاوازی سەرەکیی ڕێکخراوەکە بریتییە لە پێوەندییەکەی لەگەڵ پەکەکەدا کە بەشێوەیەکی تایبەت شەڕانگێزیی تورکیا بەرامبەر ئەو پێوەندییە دووپات دەکاتەوە.

بەپێچەوانەوە ئەنجوومەنی نیشتمانی وەک هاوپەیمانێکی دابەشبوو ماوەتەوە، ناتوانێ بەشێوەیەکی کاریگەر وەک تاکە هەیکەلێک کارەکانی بکا. بەڵام سوپاس بۆ ئەو سپۆنسەرە دارایی و سیاسییانەی دەرەوە بۆیان. بەم شێوەیە، پرسی کوردانی سووریا پێک هاتووە لە پارتێکی بەهێز (پەیەدە) بەرامبەر هاوپەیمانییەکی لاواز (ئەنجوومەن) کە لە بەرامبەر هاوپەیمانییەکی لاوازدایە (پەکەکە) لەگەڵ هاوپەیمانێکی بەهێز (حکوومەتی هەرێم).

* ئەمە بەشی یەکەمی ڕاپۆرتی ڕۆهەڵاتی ناوینی گرووپی تەنگژەیە کە لە ٢٢ی یەنایەری ٢٠١٣دا بڵاو کراوەتەوە.

# ڕیشەکێشکردن و دیکتاتۆریی تاکباوەڕی لە عێراقدا

## لە هەزارەی سێیەمی پێش زاینەوە تا هەزارەی سێیەمی پاش زاین

باقر یاسین

### ئەڵقەی پێنجەم

دیکتاتۆریی چوارەم

**ناسری و نەتەوەخوازان ڕێژیمی دەسەڵاتخوازیی باوەڕمەندی بنیات دەنێن**

**(١٩٦٤-١٩٦٨)**

هەولنامەی کتێب

دوای سەرکەوتنی ئەو کودەتایەی عەبدولسەلام عارف دژ بە بەعسی و حەرەس قەومییەکان لە ١٨ی سەرماوەرزی ١٩٦٣دا بەهەماهەنگی لەگەڵ کۆمەڵێک لە ئەفسەرانی نەتەوەپەرست و ناسری ڕابەری کرد، سەرجەم بەعسییەکان دوور خرانەوە، ئەوانەی شوێن و پۆستی جیاجیایان لە دەوڵەتدا داگیر کردبوو، ژمارەیەکی زۆریان خرانە گرتیگەوە و ئەو بەعسییانەی لەگەڵ کودەتا نوێیەکەدا مابوونەوە نەیاندەتوانی نارەزایی لەسەر هیچ بڕیارێک دەربکەن، کە دەسەڵاتی کودەتا دەری دەکرد، چونکە دەسەڵاتڕۆییان (نفوذ) لەدەست دابوو و هەژموون و کاریگەریی گرینگیان بەسەر ڕەوشە تازەکەدا نەبوو، هەرچۆنێک بێت، ئەو ماوەیەی ناسرییەکان حوکمیان دەکرد، لە قۆناخێکی نموونەیی دەچوو بۆ حەزی دەسەڵاتداری لە کەسێتیی عێراقی و دیکتاتۆریی تاکڕاییدا، لە هەمان کاتدا بەڕوون و ئاشکرا باڵادەستیی میتۆدی دیکتاتۆری لە سەپاندنی تاکڕاییدا دەردەکەوێت، چونکە نەتەوەخوازان و ناسرییەکان نەیانتوانی یەکەتیی سیاسییان، یاخۆ یەکەتیی دەسەڵاتی ناوەخۆیی و سیستمیان بپارێزن، بەتەنیا و بێ ئەوەی ڕکابەریان هەبێت.

چەند مانگێک تێ نەپەڕیبوو، تاکو ڕیزی ناسری و نەتەوەخوازان بوونە چەند ڕەوت و

..............................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: سەباح ئیسماعیل

فراکسیۆنێکی دژ بەیەک، تەنانەت ئەو کۆنگرەیەی لە ساڵی ١٩٦٤دا بەستیان نەیتوانی لانی کەمی یەکەتیی ڕەوتی نەتەوەخوازیی ناسری بپارێزێت.

هەروەها ڕەوتە نەتەوەخوازە شۆڕشگێڕەکانیش، کە ڕێکخستنێکی سەنتراڵ و پێکەوە گرێدراویان هەبوو، وەکو بزاوی نەتەوەخوازانی عەرەب و بزاوی سۆشیالیزمی عەرەب توانی کۆکردنەوەی ڕیزی ناسری و نەتەوەخوازانیان نەبوو، تاکو بیگۆڕن بۆ هێزێکی زەبروەشێنی کاریگەر، پێ دەچێ هۆکارەکانی پووکانەوە، ناکۆکی، لێک دوورکەوتنەوە و تۆڵەسەندنەوە بەپێکەوە گرێدانی بەهێزتر و توندتر لە دەروونی سیاسەتمەدارە عێراقییەکاندا ڕێک دەبێت، پتر لە گشت ئەو هەوڵانەی ئامانجیان کۆکردنەوەی لایەنەکان و یەکخستنی ستراتیجیی کاری نەتەوەییی هاوبەشە، بەتایبەت ئەو هۆکارە نەرێنییانەی لە ویستی بەزۆری سەقامگیر لە قووڵایی ئاوەزی عێراقیدا دێتە کایەوە، کە بەردەوام کۆشش دەکات بۆ بەدیهێنانی دەسەڵاتی دەستەییی تاکڕەوی و دامەزراندنی دیکتاتۆریی دەسەڵاتخوازیی باوەڕمەندی.

لەمیانەی گەشتەکەی عەبدولسەلام عارفی سەرۆکی ناسری بۆ مەغریب بەمەبەستی ئامادەبوون لە کۆنگرەی لوتکە لە دارولبەیزا، کۆمەڵێک لە ناسرییەکان بەسەرکردایەتیی عارف عەبدولرەزاقی سەرۆک وەزیران و دەستەیەک لە ئەفسەرە ناسرییەکان بۆ ئەنجامدانی کودەتای سەربازی لە ١٥ی ئەیلوولی ١٩٦٥دا، سەعید سەلیبیی ئەفسەر کە یەکێک لە خزمانی عەبدولسەلام عارف بوو لەگەڵ ژمارەیەک ئەفسەری لایەنگری سەرۆک، توانییان کودەتاکە شکست پێ بهێنن، ئەمەش بووە هۆی هەڵاتنی عارف عەبدولرەزاق و کۆمەڵێک کودەتاچیی لایەنگری بەرەو قاهیرە.

پارادۆکسێکی پێکەنینهێن بوو، بگرە لە گاڵتەجاڕیی دەکرد هەینێ سەرکردەی ناسریی کودەتاکە بەرەو قاهیرە ڕایکرد، دوای ئەوەی کودەتا ناسرییەکەی دژ بەحوکمی ناسری لە بەغدا شکستی هێنا.

داخۆ هۆیەکی تر هەیە جگە لە حەزی دەسەڵاتخوازی و سەپاندنی دیکتاتۆریی تاکڕایی؟ ئەوەی وای لەم کودەتاچییە ناسرییانە کرد پیلانگێڕی و کودەتا بەسەر ڕژێمی ناسری لە عێراقدا بکەن، کە سەر بەقاهیرە و عەبدولناسر بوو؟

بەر لەوەی عەبدولسەلام عارف هیچ ڕۆڵێکی گرینگ لە یەکخستنی ڕیزەکانی ڕەوتە ناسری و نەتەوەخوازەکان بگێڕێت، کە ناکۆکی و پێکدادان تێکوپێکی دا و بەشێوەیەکی کتوپڕ مرد، بەکەوتنەخوارەوەی فڕۆکەکەی لە باکوری بەسرەدا، لەودەمی لە ١٣ی گوڵانی (نیسان) ١٩٦٦دا سەردانە بەسەرکردنەوەکەی بۆ بەسرە دەکرد، هەڵبەت کەشی بەربەرەکانێ و ململانێ لەنێوان فراکسیۆنی نەتەوەیی بەتەشەنەکردنی گومان سەبارەت بەسروشتی ڕووداوەکە و شیمانەی خستنی فڕۆکەکە بەکارێکی تێکدەرانەی دەستتێئەنقەست...!!

ئەو دیکتاتۆرییەتەی ڕەوتی نەتەوەخوازی و ناسری بەشلۆقی و پاشاگەردانیی بەردەوام و گۆڕینی زۆر لە پێگەکانی دەسەڵات و پۆستەکانی دەوڵەتدا دایانمەزراند، پەیوەندیی نێوان لایەن و

فراکسیۆنەکان، کە سەرلەبەریان بەکێبەرکێ، گومان، ئاڵۆزی، پاشاگەردانی و گۆڕین لە هەڵوێستدا بانگەشەی ئینتیمایان بۆ ڕەوتی نەتەوەخوازیی ناسری دەکرد، کە دەسەڵات و سەرتاپای سیستەمەکەیان لاواز کرد، پێویستە ئاماژە بەوە بدەین، کە گشت ئەم ڕەوتانە و ڕەنگە بەهۆی پێکدادانی ناوخۆییەوە لەنێوان ڕیزەکانیاندا نەیانتوانیبێت جەماوەری بەرفرەوان لەسەر ئاستی وڵاتدا بەدەست بهێنن، بەتایبەت پارێزگە دوورەکان لە بەغداوە، ئەمەش بووە هۆی لاوازبوونی جەماوەریی ڕێژیمەکە.

دەیانگوت عەبدولناسر هەر لە بەراییەوە ڕاستیی ئەو تەریککەوتنەی ڕێژیمەکەی عەبدولسەلام عارفی هەواداری لە عێراقدا بەدەستیەوە دەیناڵاند پێ دەزانی، ئەمەش وای لێ کرد داوای لێ بکات هێزێکی سەربازی بنێرێت، دوور نییە شەش هەزار زەلامێکی لەخۆ گرتبێت لە سەربازگەی تاجی مانەوە.[30]

لە دوا ڕۆژەکانیدا و پاش ئەوەی نێزیکەی نیوەی ناسری و نەتەوەخوازەکان لەگەڵیدا جیاواز بوون، عەبدولسەلام عارف نەک هەر تەریک کەوتبووەوە، بگرە لای زۆربەی لایەنەکانیش لە عێراقدا خۆشەویست نەبوو، ئەو لە سەرەتادا سەرجەم پاشاخواز و لایەنگرانی حەزیان پێ نەدەکرد، دوای ماوەیەکی تریش بەعسی و لایەنگرانیان ڕقیان لێ بوو، دوای ئەوەی لێیان وەرگەڕایەوە و بەر لە مردنی پتر لە نیوەی نەتەوەخواز و ناسرییەکان بەتوندی لەگەڵیدا ناکۆک بوون، لەبەر ئەمە دوای کەوتنی فڕۆکەکەی لە باکوری بەسرەدا کاتێک لاشەکەیان بەسووتاوی بینییەوە، خەڵکەکە بەئاشکرا ئەو نوکتە ناودارەیان لەبارەوە دەگێڕایەوە، کە لە شێوەی مەتەڵ بوو (شنو شنو گار لحم.. نزل فحم؟ – چییە چییە بەگۆشتی فڕی.. بەقەرەبرووتی* کەوتە خوارەوە؟)، کە وشەیەلێکی بەدخووانە و خاڵی بوون لە هەموو هەستێکی مرۆیی لە ناو ئەو تراجیدیا گەورەیەدا.

لەگەڵ ڕاگەیاندنی مردنەکەیدا، عەبدولڕەحمان عارفی برای بەسەرۆک کۆمار دامەزرا، کە ئەفسەرێک بوو هیچ لێهاتووییەکی نەبوو جگە لە نێزیکیی لە عەبدولسەلام عارف، بەهەر حاڵ عەبدولڕەحمان عارف سادەتر و کەم زیانگەیەنتر بوو لە عەبدولسەلام، هەروەها ئەو بێ هەستی سیاسی بوو و لە نێوان گرووپە کێبەرکێکارانی ئەفسەراندا مانۆری نەدەزانی.

بێ ئەوەی وانە لەوانی ترەوە فێر بن، یاخۆ پەند لەوانی پێشووی خۆیان وەرگرن لە چارەنووسدا، وەکو دۆخی سەرجەم نەوەکان لە سیاسەتمەدارانی عێراقی، نەتەوەخواز و ناسرییەکان بەبەهانەی حەزکردن لە دامەزراندنی ڕێژیمی دەسەڵاتخوازیی باوەڕمەندی کەوتنە ناکۆکی لەگەڵ زۆربەی لایەنە سیاسییەکانی تردا و هاوپەیمانییەکی ڕاستەقینەیان دانەمەزراند بکرێت پشتگیرییان بکا و بناخەی حوکمیان فرەوانتر بکات، بەڵکو هەوڵیشیان دا تاکرەوییانە قۆرخی سەرجەم جومگەکانی دەسەڵات و دەوڵەت بکەن، کەچی دۆخەکە بەتەواوی لەبار نەبوو بۆیان، نەیانتوانی ئەو تەورەی ئامادەیان دەکرد بۆ پارچە پارچەکردنی پەلوپۆی نەیارانیان بوەشێنن، مەبەستمان لەمە بێ توانییان بوو لە چەکدارکردنی ڕێکخراوە تایبەتەکە بەیەکەتیی سۆشیالیستی و گۆڕینی بۆ

ڕێکخراوێک لە حەرەس قەومی، یاخۆ لە ڕێکخراوی کۆمۆنیستیی سوپای میللی بکات، کە پێش ئەو بوو، ئەوەبوو ناکۆکییەکان لەنێوان لایەنە جیاجیاکانی ڕەوتی نەتەوەخوازی و ناسری پتر بوون، بەتایبەت لەنێوان ئەفسەران و سەرقاڵییان بەزۆریی گواستنەوە و دامەزراندن و گۆڕین لە پۆستە حکوومی و وەزارییەکاندا و نەبوونی مەیلی ئەفسەرانی گەورەی فەرماندەی ناو سوپا بۆ ئەم کارە شۆڕشگێڕانەیە وای کرد کاری خوێنڕێژیی لەو بابەتە ڕوونەدات، ئەوەندەیان بەس بوو بۆ ئەوەی خوا بۆ یەکجاری مێژوویان ڕەش بکات، وەکو بەوانی تری کرد. بۆیە نەیانتوانی ئامرازی چەکداری (میلیشیا) دروست بکەن، کە لەڕێی ئەوەوە بتوانن دەسەڵاتی دیکتاتۆرییان بەسەر سەرجەم چالاکییەکانی ولاتدا توند بکەن، هەڵبەت لاوازیی کەسێتیی عەبدولڕەحمان عارف کارێکی وای کرد حکوومەت لە سەردەمی ئەودا لە جاران پتر ببێتە یارییەک بەدەستی کۆمەڵێک ئەفسەرەوە، لەبەر ئەوەی ئەم کۆمەڵانە لەنێوان خۆیاندا مەگەر بەڕووکەش ئەگینا جیاوازیی بیروباوەڕیان نەبوو، بەکردەنیش بەدەوری کەسانێکەوە بوون بەرژەوەندیی کەسێنییان هەبوو، یاخۆ سوود و قازانجی خۆیان لە لایەنگیریی تەسکبینیی هەرێمایەتی دەبینییەوە، بۆیە سیاسەت دوور لە هەر بابەتێک لە بەرزترین ئاستەوە دابەزییە ململانێی باڵەکان.[٣١]

بەڵام مەترسیدارترین کارێک ئەوەبوو، کە کەشی سیاسی و تەناهی تەواو لەبار و ئامادە بوون بۆ جووڵانەوەکانی ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر و دەستەکەی لە سەربازان، ئەوەبوو چالاکییەکانیان هەماهەنگی و دیسپلینی پتری تێدا بوو بێ هیچ سانسۆرێکی هۆشیارانە، یاخۆ بەدواداچوونی تەواو ورد لە لایەن هەواڵگرییەوە...

بەمە شانۆ ئامادە بوو بۆ پێشوازیی کۆنترین دیکتاتۆریی خوێنڕێژ لە دیکتاتۆریی تاکڕایی لە مێژووی عێراقدا بەسەرۆکایەتیی ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر و دوای ئەویش سەدام حوسێن.

زۆربەی هەڵسوکەوتە سادە و ڕووکەش و شەرمێونەکان و ڕەنگە زۆربەی ڕاگەیاندن و ئەو هەڵوێستە ورووژێنانەی مایەی سەرسووڕمان و کارەسات بوون، لە ماوەی ١٨ی سەرماوەرزی ١٩٦٣وە تاکو تەمووزی ١٩٦٨ لەسەر ڕەوتی نەتەوەخوازی ناسری ئەژمار دەکران.

پێ دەچێ ئەو ڕاستییانەی لە کتێبەکەی لیوا عەبدولکەریم فەرحان (حصاد ثورة)دا هاتبن لە وەسفی ڕاشکاو و مەردانە و بابەتی و دادپەروەرانە بۆ ڕووداو و نهێنییەکان، وێنەی ڕاستەقینەی ڕووبەڕووی لەدڵ دەرچوو لە دڵی ڕێژیمی ناسریی فەرمانڕەوای ئەو ڕۆژگارەن. بەڕێز عەبدولکەریم فەرحانی ئەفسەری فەرماندەی ناسریی ئەقڵانیتر و بەبەزەییتر و بابەتییانەتر، کە گەلێک پۆستی گرینگی لەو ڕێژیمەدا گرتە دەست، فەرماندەی تیپ، پتر لە جارێک وەزیر، لە دواییشدا ئەمینداری گشتیی یەکەتیی سۆشیالیست لە ساڵی ١٩٦٤دا، ئەم کابرایە توانیی لە نێزیکەوە ئاگای لە هەڵوێستی سەرجەم کەس و فەرماندەکانی ڕەوتی نەتەوەخوازی ناسری بێت، هەروەها دەستنیشانی کرد و ڕووبەڕوو بووەوە و ناڵاندی بەدەست حەز و تەماحی خۆیی و کەسێنییەوە، کە بێ پاڵنەری پرانسیپ تەکانی بە هەڵوێستی دەستە و ڕەوتە ناسرییەکان دەدا.

هەندێک بڕگە لە یاداشتەکانی عەبدولکەریم فەرحان وەردەگرین، کە لە کتێبەکەیدا (حصاد ثورة) بڵاوی کردووەتەوە، چونکە وێنەیەکی ورد سەبارەت بەئاستی ناکۆکییە بێماناکان و دۆخی پارچە پارچەبوون و دوورکەوتنەوە و دوورەپەرێزیی شەرمێون و شێوازە ڕووکەشەکان دەداتە دەستەوە، کە بیرکردنەوە و هەڵوێستی ژمارەیەک کەسیان بەڕێوە دەبرد، لەوانەی چارەنووس و ڕێککەوت پەلکێشیانی کرد، تاکو لەو ماوە ونبووە لە شەستەکانی سەدەی بیستدا ببنە فەرماندە، یاخۆ بەرپرس لە بەڕێوەبردنی حوکمی عێراق.

عەبدولکەریم فەرحان لە وەسفی ئەو ڕۆژگارەدا، لە کودەتاکەی عەبدولسەلام عارف دژ بەبەعسییەکان لە ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣دا تاکو ٢٣ی پووشپەڕی (حوزەیران) ١٩٦٥دا، دەڵێت:

"ڕۆژگارێکی سەخت بوو، پڕ بوو لە پێچ و پەنای سیاسی، سەنگوسووکی، پیلانگێڕی و فێڵ و هەڵخەڵەتاندن لەسەر حسێبی ئامانجە باڵا و پرانسیپ و بەهاکان، وا ڕێککەوت لە ١٨ی سەرماوەرزی ١٩٦٣وە تاکو ٢٣ی گوڵانی ١٩٦٥ تێیدا بەشدار بووم، ئەوەبوو لە وەزارەتی ڕۆشنبیری و ئیرشاد، ئەمینداریێتیی یەکەتیی سۆشیالیست، ئەندامەتیی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش و سەرکردایەتیی یەکگرتووی سیاسی دەستم لە کار کێشایەوە، دوای ئەوەی بۆم دەرکەوت مانەوە سوودی نییە، چونکە ناتوانیت هیچ سوودێک بەخەڵک و نیشتمان و نەتەوە بگەیەنیت، لە پاش منیش چوار برا دەستیان لە کار کێشایەوە، لەکاتێکدا من پرسم پێ نەکردن، یا لەگەڵیان باسی بکەم، ئەم چوار کەسە بوون:

سوبحی عەبدولحەمید- وەزیری ناوەخۆ

فوئاد ئەلریکابی- وەزیری کاروباری شارەوانی

عەبدولستار عەلی ئەلحوسێن- وەزیری داد

عەزیز ئەلحافز- وەزیری ئابووری

یەکەتیی عەرەب تەنیا بووە دروشم و لافیتە لە ئاهەنگ و فیستیڤاڵ و جەژنە نەتەوەییەکاندا بەرز دەکرایەوە، ئیفلیجییش ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشی گرتەوە، کە لە هەفتەکانی یەکەمدا پێک هات، لە سۆنگەی ئەو ڕێژیمەی سەرۆک کۆماری تاکڕەو کرد، ئەوەبوو دەسەڵاتی هەڵاواردەی بەخۆی بەخشی و لەبەر لاسەنگکردنی تەرازووەکە لەکاتی دەنگداندا بەلای خۆیدا ژمارەی ئەندامانی پتر کرد، جگە لە نەمانی هاوشێوەیی و گونجان و جیاوازیی توند لە بۆچووندا، هەرچی یەکەتیی سۆشیالیستە دەرگیری هەڵمەتێکی ستەمکارانە هات، هەر لە سەرۆک کۆمارەوە تا دەگاتە سەرۆکایەتیی ئەرکانی سوپا و بەسەرۆکی کۆمەڵەی جووتیاران (ئیبراهیم ئەلشەلال) کۆتایی دەهات، ئامانجیش لەوە کەمکردنەوەی پایەی و لەکەدارکردنی ناوی بوو، بەمەبەستی

دوورخستنەوەی خەڵکەکە لێی، هەڵبەت سەرکردایەتیی سیاسیی یەکگرتوو لەنێوان میسر و عێراقدا نەیتوانی هیچ سەرکەوتنێکی وا بەدەست بهێنێت و وای لێ هات لە شوێنی خۆیدا پێکوتەی دەکرد، بەهۆی سووربوونی عەبدولسەلام عارفی سەرۆک کۆمار لەسەر مانەوەی لە پۆستەکەی خۆیدا، مادامەکێ لە ژیاندایە".[٣٢]

"پاشان لیژنەیەکی گشتی لە ٤٧ ئەندام بۆ گفتوگۆ لەسەر پەیماننامەکە پێک هات، ئەوەبوو لە ڕۆژانی دواییدا لەبری یەک بزاوی عەرەبی یەکەتیی سۆشیالیستیان ڕاگەیاند، پەیماننامە پێشنیازکراوەکەیان پێشکێش بەسەرۆک کۆمار کرد بۆ وەستان لەسەر بۆچوون و ڕایەکانی بەر لە گفتوگۆکردن لەسەری لە لیژنەی گشتیدا، ئەوەبوو لیژنەی جێبەجێکردن هەڵبژێررا، کە عەبدولکەریم فەرحانیان وەکو ئەمینداری گشتیی یەکەتییەکە هەڵبژارد، هەردوو بەڕێزان فوئاد ئەلریکابی و عەبدوللەتیف ئەلکەمالی یاریدەدەر بوون، هەروەها حزب و ڕێکخستنەکان ڕەزامەندییان لەسەر هەڵوەشاندنەوەی حزب و ڕێکخستنەکانیان دەربڕی، لەدواییدا بڕیار درا کۆنگرەیەکی گشتی لە هۆڵی ئەلخولد (گەورەترین هۆڵ لە بەغدا) ببەسترێت، دوای زاڵبوون بەسەر زۆربەی زۆری گرفت و قەیرانەکاندا.

کۆنگرەکە سەرلەبەیانیی ١٤ی تەمووز لە هۆڵی ئەلخولد لە کەڕادە مەریەم بەسترا، کە جەمەی دەهات لە ئامادەبووان، سەرۆک کۆماریش بۆ کردنەوەی هاتبوو، هەر هێندەی دەرچووە دەرەوە لەسۆنگەی شەڕەقسە و هوتافی دەمارگیری ئامێز و تۆمەتبارکردنی یەکتر هەرا و زەنا هۆڵەکەی گرتەوە، شایانی باسە هەندێک لە ئامادەبووان دەمانچە و چەقۆیشیان پێ بوو، سوبحی عەبدولحەمید یەکێک لە ئەندامانی لیژنەی ڕاپەڕاندن پێشنیازی ئەوەی کرد عەبدولرەزاق شبیب سەرۆک حزبی سۆشیالیستی عەرەبی بۆ دوانگەکە بانگ بکرێت، تاکو یاسا و ڕێکخستن بۆ هۆڵەکە بگەڕێنێتەوە، پاش ئەوەی ڕوون بووەوە ئەندامانی حزبەکەی ئەون بوونەتە سەرچاوەی ئاشووب و هەرانانەوە...

پەی بەوە برا کە ئاژاوەکە بەمەبەستەوە بووە و بەشەو ڕێکخراوە، بۆ دەرخستنی هێزی حزب و ڕێکخستنەکان و بێتوانیی لیژنەی ڕاپەڕاندن...

ئەوەبوو هێمنی گەڕایەوە هۆڵەکە و دەست بەخوێندنەوەی پەیماننامەکە کرا، پاشان ڕێگە درا سەرۆک حزب و ڕێکخستنە نەتەوەخوازەکان وتەی خۆیان بخوێننەوە، تاکو ڕایبگەیەنن ڕێکخستنەکانیان هەڵدەوەشێننەوە، کەچی سەرلەنوێ شەڕەجنێو دەستی پێ کردەوە و وشەکان زبری و ڕووبەڕووبوونەوە و دەمارگرتنیان پێوە دیار بوو...".[٣٣]

پێ دەچێ ئەم تایبەتمەندییانەی حوکم، کە نەتەوەخواز و ناسرییەکان دوای کودەتاکردنیان بەسەر بەعسییەکانی هاوپەیمانی دوێنێیاندا پێشکێشیان کرد، تەنانەت تاکو ئەودەمی دوای چەشتنی تاڵاو توانییان یەکەتیی سۆشیالیست پێک بهێنن "سەرۆک عەبدولسەلام عارف هەرچەندێک شاندی جووتیارانی ببینیایا دەستی بەهێرش دەکرد بۆ سەر یەکەتیی سۆشیالیست،

بەوەندەش وازی نەهێنا، بەڵکو هێرشی کردە سەر یەکبوون و جوێنیشی بەڕای یەکبوونخوازان دا، شاندی جووتیاران چوون بۆ لای و پێی گوتن، تەماشای میسر بکەن: هەژاری، برسییەتی و داڕزانی ڕەوشت، گشت شتێک بەکۆبۆنە، گۆشت و نان، بۆچی عەبدولکەریم فەرحان و سوبحی عەبدولحەمید واز لە ڕاکردن بەدوای عەبدولناسردا ناهێنن، هەروەها جێگری سەرۆک ئەرکان (عەبدولڕەحمان عارف) دەستی بەهێرشکردن کرد بۆ سەر یەکەتیی سۆشیالیست و لەکاتی سەردانیدا بۆ یەکە سەربازییەکان جوێنی پێ دان، لە یەکێک لە سەردانەکانیدا گوتی: یەکەتی و قۆندەرە".[٣٤]

وێڕای لێک دوورکەوتنەوە و پارچە پارچەبوون، کە نەتەوەخواز و ناسرییەکان تێیدا دەژیان و بەدەست پێوەندییەکانیان بەیەکەوە دەیاننالاند، عەبدولسەلام عارف بەسوود وەرگرتن لە سادەیی و نیازپاکییان بەئەنقەست پتر ڕیزەکانیانی هەڵوەشاندەوە. عەبدولکەریم فەرحان دەڵێت:

"عەبدولسەلام عارف لە ئەنجامی دڵباشیی نەتەوەخوازەکان و نیازپاکی و کەم ئەزموونییان و هەڵخەڵەتاندنی هەندێکیان، لە پارچە پارچەکردنی ڕیزەکان و لە دەمارگیرییە تایەفی و خێڵەکییەکانیدا سەرکەوتنی بەدەست هێنا"،[٣٥] بەر لە ڕاگەیاندنی هەر هەواڵێک لە ئێستگەی فەرمییەوە "بلەز هەواڵی مەرگی سەرۆک کۆمار (عەبدولسەلام عارف) لە ئەنجامی کەوتنی کۆپتەرەکەی و سووتانی لە ڕۆژی ١٤ی نیسانی ١٩٦٦دا، بڵاو بووەوە".[٣٦]

تەنانەت لە ڕەوشە ئاڵۆز و هەڵاوارده و لەناکاوەکانیشدا نەتەوەخواز و ناسرییەکان نەیانتوانی لانی کەمی تەبایی و یەکەتیی ناوخۆیی لەدوای مردنی عەبدولسەلام عارف بەدی بهێنن، شتێکی سروشتی بوو زنجیرەیەک هەوڵی کودەتاکردن دەستی پێ بکات "... لەگەڵ نێزیکبوونەوەی ئەنجامدانی ئەفسەرانی نەتەوەخواز بەجووڵە بۆ ڕووخاندنی ڕێژیم، درکم کرد و لە دەرئەنجامەکانی ئەم بزاوە ترسام... پاشان سەرهەنگی ڕوکن محەمەد مەجید پێوەندیی پێوە کردم تاکو پێم ڕابگەیەنێت، کۆبوونەوەیەک لە گەڕەکی نەجیب پاشا لە ئەعزەمییە دەبەسترێت... چووم بۆ کۆبوونەوەکە، هەر هێندەی دانیشتنەکە دەستی پێ کرد، هەندێک لە قسەکەران هەڵچوون و ئەوانی تریان بەترسنۆک و بەزیو تۆمەتبار کرد، ئەوەبوو هەرایان نایەوە و کۆبوونەوەکە بووە مەیدانی ڕمبازێی قسە و بریندارکردنی یەکتر و ڕەخنەی تاڵ..."[٣٧]

هەرچی تایفەگەریی عەبدولسەلام عارف بوو ئەوا بەڕوونی لەم تێکستەدا دەردەکەوێت:

"لە یەکێک لە دانیشتنەکاندا سەرۆک عەبدولسەلام عارف بۆ ئەندامانی ڕاگەیاند بەم نێزیکانە ٤٢ خوێندکار لە کۆلیجی سەربازیی عێراق ڕەوانەی کۆلیجی سەربازی لە ئیسکەندەرییە دەکرێن... پاشان درێژەی پێ دا، سەرۆک جەمال عەبدولناسر وای پێ باشە ئەمانە (سوننە) بن. سەیرمان بەقسەکانی هات و لە یەکترمان ڕوانی... لە کۆتاییدا ڕوون بووەوە ئەم قسانە لە هەڵبەستنی سەرۆک کۆمار عەبدولسەلام عارف خۆیەتی، دەمارگیرییە تایفی و دوودڵییەکەی لە گوێڕایەڵیی ڕۆڵەکانی شیعە ئەمەی لا دروست کردووە".[٣٨]

ئەوی بەدوای وردەکاریی ڕووداو و گۆڕانکارییە سەیروسەمەرەکاندا بڕوات، کە لە عێراقدا لەژێر حوکمی ئەو دیکتاتۆرییەدا ڕوویان دا (هەر بەناو لەسەر جەمال عەبدولناسر دەژمێررێت) تەواو لەوە دڵنیا دەبێت، کە زۆربەی ئەوانەی لە چۆنێتیی مامەڵەکردن لەگەڵیدا و لە تێگەیشتنی ئاکاری بەرپرسان دۆش دامابوون، سەرۆک جەمال عەبدولناسر خۆی بوو.

وێڕای دابڕان و دوورخستنەوەی شیوعی و بەعسییەکان و کورتکردنەوەی چالاکی و جووڵانەوەکان بەسەر ناسری و نەتەوەخوازەکاندا، ئینجاش لە پێکهێنانی بەرەیەکی نیشتمانی کە ڕابەریی قۆناخەکە بگرێتە ئەستۆی خۆی شکستیان هێنا:

"ئەوەبوو لەسەر دامەزراندنی بەرەکە ڕێککەوتن، تاکو حزبی ئیستیقلال، حزبی عەرەبیی سۆشیالیست، بزاوی نەتەوەخوازە عەرەبەکان، بزاوی یەکگرتووە سۆشیالیستەکان، هاوبەندیی نەتەوەخواز و سەربەخۆکان بگرێتە خۆی، ئەوانەی لەگەڵ ئامانجەکانی بەرەدا دوای دوورخستنەوەی شیوعی و بەعسییەکان پێک دەگەن، بەڵام بەرەکە هەڵنووتا و لە ڕێککەوتن لەسەر شێوازی پەیماننامەی کاری نیشتمانی شکستی هێنا".[٣٩]

بەگشتی ئەو دیکتاتۆرییەتە سەربازییەی ناسری و نەتەوەخوازەکان لە عێراقدا هێنایانە کایەوە و دەسەڵاتداریی باوەڕمەندیی لەدوای ئەو کودەتایەدا سەپاند، کە ناسرییەکان دژ بەهاوپەیمانە بەعسییەکانیان ئەنجامیان دا، ئەوە لە هەموو دیکتاتۆرییەکانی سەدەی بیست دواکەوتووتر و هەڵوەشاوەتر و بێماناتر بوو، ڕەنگە ئەو کات و زەمانەی لە ژیانی وڵاتدا تێپەڕی لە پێوەری دۆڕانی بەخۆڕادا لە گرینگترین بەهاکان بوو بێت، تەنانەت دوور نییە پیاو نەتوانێت هەر کارێکی بەبایەخی ئەنجامدراو لەماوەی ئەو پێنج ساڵە ونبووەی نێوان مانگی سەرماوەرزی ١٩٦٣ و تەمووزی ١٩٦٨دا بیر خۆی بهێنێتەوە.

### دیکتاتۆریی پێنجەم

## بەعسییەکانی عێراق بەسەرۆکایەتیی ئەلبەکر و سەدام ڕژێمی دەسەڵاتخوازیی باوەڕمەندی بنیات دەنێن ١٩٦٨ز - ٢٠٠٣ز

پاش لاوازی و لەبەر یەک هەڵوەشانەوە، کە بەڕوخساری پێکهاتەی دەسەڵاتی عەبدولڕەحمان عارفەوە لە دوا قۆناخەکانیدا دیار بوو، ئامادەکاریی پراکتیکی بۆ لەناودانی دەسەڵات لە لایەن ڕەوتی بەعسەوە دەستی پێ کرد، کە ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر و کۆمەڵێک لایەنگری سەربازی و سڤیل ڕابەرایەتییان دەکرد، وێڕای زۆریی چاوچنۆکان بۆ دەستگرتن بەسەر ئەو حوکمە لاوازەدا، هەڵبەت لەنێوان ڕیزەکانی هەوادارانی ئەلبەکر، سەدام حوسێنی لاویشی تێدا بوو کە ڕۆڵێکی هەڵاواردە نەک هەر لە دروستبوونی ڕژێمە تازەکەدا دەگێڕێت، بەڵکو لە مێژووی عێراق و پێوەندییە سیاسییەکانی نێوان وڵاتانی جیهانیشدا.

حزبی بەعس لە عێراقدا دوای هەستانی بزاوی ٢٣ی شوباتی ١٩٦٦ لە سوریادا دەرگیری دوو پارچەبوون هات، کە میشێل عەفلەق و ژمارەیەک لە لایەنگرانی لە سەرکردایەتیی نەتەوەیی حزب لابردران، ئەوەبوو ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر و سەدام حوسێن و ژمارەیەکی تر لە سەرکردەکان ڕەتیان کردەوە دان بەو بزاوەدا بنێن و بەردەوام بوون لە پشتگیریی میشێل عەفلەق، ئەمەش وای لە ژمارەیەکی زۆر لە بەعسییەکان لە عێراقدا کرد پابەند بن بەسەرکردایەتیی چەپڕەوی نوێی حزبەوە، کە لە عێراقدا پێک هات و هەواداری بزاوی ٢٣ی شوباتی چەپڕەو بوو، بەم ڕێکخستنەیان دەوت چەپڕەوەکان، کەچی باڵی ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر مکوڕ بوو لەسەر ناوبردنیان بەجیابووەوەکان، ئەو ناوەی بەردەوام لە فەرمانگە و زانیارییەکانی دەسگە تەناهییەکاندا دووبارە دەبووەوە، بەهۆی ڕاوەدوونانی دڕندانە و گرتن، کە بەردەوام بوون لە دژیان لە لایەن دەزگەکانی ڕێژیمەوە، کە لە ساڵی ١٩٦٨ و دوای ئەوە بەدوژمنی پلە یەک دادەنران.

بەهەر حاڵ ئەلبەکر و سەدام و ئەندامانی حیزبەکەیان کەڵکەڵەیەکی بنچینەییی بەردەوام مێشکیانی خەریک کردبوو و بێ وەستان دەکۆشان بیری خۆیانی بخەنەوە و ئامادەکاریی لەبارەوە وەرگرن و بەهەموو شێوەیەک چارەسەری بکەن و لێ نەگەڕێن هیچ خەمساردی، خاوەخاوی و هەڵەیەکی تێدا بکرێت سەرلەنوێ بیانگەڕێنێتەوە بازنەی مەترسی و دۆڕان و تێکشکان، ئەویش کەڵکەڵەی تەناهی و دەسەڵات لەدەستدان بوو، کە بەردەوام لەبیریاندا جێی گرتبوو، بەهۆی ئەزموونی کارەساتباری ڕابردوو و لەدەستدەرچوونی دەسەڵات و حوکم لە دەستیان لە ساڵی ١٩٦٣دا لەو کودەتایەی ناسرییەکان بەسەرۆکایەتیی عەبدولسەلام عارف لە دژیاندا کردی، لەگەڵ ئەو سەرێشە و سووک و ڕیسواکردن و گرتنانەی بێ جیاوازی سەرجەم بەعسییەکانی گرتەوە.

لەبری ڕووکردنی دروست لە پەند وەرگرتنی بەسوود لەو ئەزموونە دیکتاتۆرییەی ڕابردوو، کە تاکڕەوی، لابردنی ئەوانی تر، دوورخستنەوە و پەراوێزخستنیان پێوە دیار بوو، هەروەها پراکتیزەکردنی زاڵبوون و خۆبەگەورەزانین و ستەم لە بەڕێوەبردنی حوکمدا، ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر و سەدام حوسێن و ئەوانی تر کە لەگەڵیدا بوون وایان بینی جاری پێشوو کەمتەرخەم بوونە، ئەودەمی دەسەڵاتی تەواوی پۆڵایینیان بەسەر ڕەوشەکەدا نەسەپاندبوو، بەڵکو لە مامەڵەکردن لەگەڵ حزبەکاندا خاوخلیچک بوون، هەروەها گەلێک نەرمونیان بوون و یەکلاکەرەوە نەبوون لە سەپاندنی مشتی پۆڵایینیان بەسەر ڕەوشی وڵاتدا، بەڵکو لە مامەڵەکردندا لەگەڵ حیزب و لایەن و کەس و جووڵانەوە سیاسییە عێراقییەکانی تردا خاو بوون، کە خۆیان بۆ ویستیان شل نەکرد.

ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر بڕوای وابوو "گەیشتن بەدەسەڵات کارێکی ئاسانە، بەڵام قەناعەتی بەبوونی پیاوانێک لە دارودەستەکەی نەبوو بتوانن دەسەڵات بپارێزن، یاخۆ بەشێوەیەکی لێهاتووانە دەوڵەت بەڕێوە ببەن".[٤٠]

هەرچی سەدام حوسێن بوو زۆربەی خوێندنەوەکانی لەماوەی بەندکرنەکەیدا هەمبەر قۆناخی

ستالین بوو بەهەموو مانای تیۆری و پراکتیکەوە،[٤١] هەروەها مەیلی سەرسامبوونی خۆی بەخەلیفە ئەبو جەعفەری مەنسووری خەلیفەی خوێنڕێژی عەباسی دەربڕی، کە تیۆریی ئەو سەبارەت بەحوکمکردن بەپلەی یەکەم پشتبەستوو بوو بەدەستپێشکەری و هەڵکوتانە سەر و تیرۆری سیاسیی نەیارە بەهێزەکان، بەو پێیەی لێدانی پێشوەختە بۆ پاراستنی مەترسی لەسەر دەسەڵات و لەباربردنی پیلان بەر لەوەی ببێتە هێزێکی یاخیی دەسوەشێن هەڕەشە لە خیلافەت بکات، ئەمە بوو کە ئەبو جەعفەری مەنسوور بەکردەنی بەسەر ژمارەیەک لە نەیارانی سیاسییدا پێڕەوی کرد، هەروەها دژ بەهەر یەکێک گومان لە گوێڕایەڵیی بەتایبەت لە بەرابەر ئەمدا کردبێت، ئەوەبوو ئەبو سەلە ئەلخەلالی سەرکردەی بانگەوازی عەباسیی لە کووفە تیرۆر کرد، هەروەها وەزیری ئالولبەیت لە حوکمی عەباسیدا دوای سەرکەوتنی عەباسییەکان، کە دەوڵەتی ئەمەوییان ڕووخاند، پاش ئەوەی لەشکری ئەمەوییان لە شەڕی زابدا بەزاند.. ئینجا ئەبو موسلیم خوراسانیی فەرماندەی بانگەوازی عەباسی لە خوراساندا.. هتد. تەنانەت ناوناوی فەرماندە ئەلمەنسور، کە بووە پاشکۆی ناوە زۆرەکانی سەدام، ئامارە بوو بەمانای سەرسووڕمان و لە خەلیفە ئەبو جەعفەر ئەلمەنسور چوون...

بەهەر حاڵ لەو کاتەدا و دوای ئەوەش کەس پێشبینیی ئەوەی نەدەکرد ئەم قەناعەتانە لەسەر کەڵکەڵە، ترس، تاڵیی شکست، شۆک، بەزین، نەهامەتی و تۆقین لە ڕووخان بنیات نراون، هەر ئەمانەش سیمای ڕێژیمی داهاتوو لەسەر ئەم شێوە تۆقێنەرە دیار بکەن، هەروەها هۆیەلێک بن بۆ دەرکەوتنی دیکتاتۆرییەک پێشتر لە مێژووی دیکتاتۆرییە باوەڕمەندییە تاکڕایەکانی عێراقدا وێنەی نەبووبێت.

لەگەڵ گەیشتنی ئەلبەکر و سەدام بۆ دەسەڵات و بێ دواکەوتن دەست کرا بەجێبەجێکردنی ئەم کەڵکەڵانە بەپێی پلانی پاکتاوکردنی یەکلاکەرەوە بەشێوەیەک دوودڵی و گەڕانەوەی بۆ نەبێت و وەرزە دۆزەخییەکانی لە ماوەی ٣٥ ساڵدا تاکو ڕووخانی ڕێژیمەکە، یاخۆ داگیرکردنی وڵات و لەدەستدانی سەربەخۆیی نیشتمانی لە ساڵی ٢٠٠٣دا نەوەستن.

پلانەکەش سادە و ڕوون و بێ زێدەگۆیی بەپێی بەرنامە بێجیاوازی و دوور لە بەزەیی، بەهەر نرخێکیش بێت و بێ خاوەخاوکردن لەناودانی هەموو ئەوانە بوو کە نەهاتوونەتە ناو حیزبەوە، یا سەر بەحیزبی دەسەڵاتدار نین، نابێتیش هیچ گۆڕانکارییەک یاخۆ هەڵاوارادنێک بەسەر ئەو بڕیارەی لە پرۆسەکانی لەناوبردندا دەرچووە ناکرێت، هەروەها ئەو پلانە ڕێگە نادات بکەونە ژێر کاریگەریی ڕا و قەناعەتە هەڵەکانەوە، کە دوور نییە زانیاریی ساختە، یا گومڕاییی ئاراستەکراو، یاخۆ پاکانەی تایبەتی بیانخولقێنێت و بیانڕسکێنێت.

ڕوودانی هەڵە لە پرۆسەکانی لەداردان، تیرۆرکردن، یاخۆ گومانبردن لە سزادانی تونددا دژ بەهەندێک لە تاک و تاقمەکان بەهۆی بەهەڵەداچوون یاخۆ پەلەکردن، یا لەیەکچوونی ناوەکان، یانیش زێدەڕۆیی لە هەڵسەنگاندنی مەترسی و تێداچوونی ژمارەیەک لە بێگوناهان، لەبەر ئەمە

هەزار جار باشترە (بەپێی بۆچوونی ئەو پلانە) لە دڵنیابوون و ئارامی بۆ سەقامگیریی درۆینە یا ساختە، هەروەها باشتریشە لە کەوتنە بێئاگایی، یاخۆ هەڵەکردن لە کاری پیلانگێڕی، تەنانەت گەر لە سەرەتاشدا بێت، یاخۆ لە قۆناخی نیەتدا بێت... بەتەواوی وەک ئەوەی ستالین بەوانەی کرد، کە گومانی لە گوێڕایەڵییان هەبوو.

هەروەها هیچ کەسێکیش متمانە (حصانة)ی نەبوو، کە بکرێت بیپارێزێت لە دەوڵەت بێت، یا لە حیزب، یاخۆ لە دەرەوەی دەوڵەتیشدا لە هەر پێگە و پایە و پۆستێکدا بوایا، ئەگەر لە چوارچێوەی بەدگومانی و گوماندا پێی هەڵبخلیسکایا.

ترس لە تێپەڕاندنی هەر فێڵێک، تەنانەت لە ئاستی پیاهەڵدان و ستایشیشدا بوایا ئەوا جۆرێک لە توندکردنەوە و ڕۆتینی ئاڵۆز لە میکانیزمی پێشکێشکردنی دڵسۆزی و ئەرکەکانی گوێڕایەڵی و پشتگیریکردنی دەسەپاند، لەترسی تێپەڕاندنی پیلانی حیساب بۆ نەکراو بەشێوەیەک وای لێ هاتبوو تەنانەت ئەوەیشی بیویستایا گوێڕایەڵی بنوێنێت، دەبوو خۆی لەوە بەدوور بگرتایا بکەوێتە ناو هەڵەی گومانهێن و دوودڵی دروستکردنەوە، کە دوور نییە بەرەو مەرگی لەناکاوی ڕاپێچ بکات لەکاتێکدا گوێڕایەڵیشە.

هەندێک جاریش تەنانەت گوێڕایەڵی نواندن بەس نییە بۆ بەدەستهێنانی سەقامگیریی تەواو. لە بەرابەر ئەنجامدانی بەپەلە و خێرا و یەکلاکەرەوە بۆ ئەم بۆچوونە، تەنانەت دەزگە حیزبییەکانی سەر بەدەسەڵاتیش خۆیان بەدەستەپاچەیی بینییەوە لە بەرابەر هاوشان ڕێکردن لەگەڵ ئەم تیۆرییە ترسناکەدا، کە لایان زەحمەت بوو لەگەڵ داخوازی و کەشەکەیاندا بگونجێت، لەبەر ئەم هۆیە ژمارەیەک کەسانی حیزبیی بێ گوناە تێداچوون، ئەوانەی ڕۆژێک لە ڕۆژان بەمێشکیاندا نەهات ببنە پیلانگێڕ، بەهۆی وشەیەک، کۆمێنتێک یاخۆ نوکتەیەکەوە بێ ئەوەی پێی بزانن بوونە پەند بۆ ئەوانی تر.

سیاسەتی تۆقاندنی دوژمنانی ڕاستەقینە کە بەکردەنی لە واقعدا هەن... یاخۆ دوژمنانی گریمانە و شیمانەکراو لەسەر نیاز و مەزەندە، ئەوانەی هێشتا نەبوونەتە دوژمنی ڕاستەقینە. سیاسەتی تۆقاندنی ئەمانە بەشێوەی بەردەوام بەکردەنی لە بەرابەر هەموو لایەنەکاندا و بەشێوەیەک گەڕانەوەی تێدا نەبێت بەدرێژاییی ساڵانی ١٩٦٨ تاکو ٢٠٠٣ پێڕەو کرا.

جارێکی تر دەگەڕێینەوە و پێ لەسەر ئەوە دادەگرین ئێمە کۆشش ناکەین مێژوو بنووسینەوە، یاخۆ ڕووداوەکانی نمایش بکەین، چونکە مێژوو تۆمار کراوە و نووسراوە و دیکۆمێنت کراوە، ئێمە هەوڵ دەدەین لێکدانەوەی بۆ بکەین و پێوەندیی هەندێک لە ڕووداو و ئەو جومگانە بکەین کە مەبەستی هەڵاوێردەییان هەن و ڕای ئێمە پشتڕاست دەکەنەوە لە بوون و پراکتیزەکردنی ئەم تیۆرییە پاکتاوییە، تیۆریی دیکتاتۆریی دەسەڵاتخوازیی باوەڕمەندیی بەزۆر سەپێنراو.

ئەفسەرانی کۆشکی کۆماری، کە هێزی سەرەکین، ڕێژیمەکە دەپارێزن لەوەی بەسەر عەبدولڕەحمان عارفی سەرۆکیاندا هەڵگەڕێنەوە و پیلانی لە دژ بگێڕن و بیگۆڕن، لەبەر هەندێک



هەواڵامێدی کێنز

جیاوازی و دژوەستانەوەی یەکتر لەنێوان ئەفسەراندا، کە ناگاتە ئەو ئاستەی ببێتە جیاوازی لەسەر باوەڕ یاخۆ بەرنامەی سیاسی، ئیدی دانوستانیان لەگەڵ هەندێک هێز و کەسایەتی کرد، کە وایان دەزانی ڕابردووی دێرینی ڕێکخراوەیی، جەماوەری، میللییان هەن، یاخۆ هەندێکیان هەبوون بڕوایان وا بوو هاوپەیمانی لەگەڵیدا دەسەڵاتە بەهێزەکەیان لە سایەی ڕێژیمی سیاسیی بەهێزدا دەهێڵێتەوە، پێ دەچێت بابەتی کودەتا خراوەتە بەردەم زۆرترین لایەنی عێراقی.[٤٢]

بۆ ئەوەی بۆ هەمووان ڕاستیی ئەوەی ڕووی دا و ڕاستیی هێز و ئەو ئەندامانەی ڕۆڵیان لە دەسەڵاتگرتنە دەست لە عێراقدا لە ماوەی ١٩٦٣ تاکو ١٩٦٨دا بینیوە ڕوون ببێتەوە، بەدیارکراویش دوای نەمانی دەسەڵاتی حەرەس قەومی، دەمانەوێت بەسادە و ساکاری ناوی ئەو کەسانە ئاشکرا بکەین لەودیو ڕووداو و ڕاستیی پێوەندییەکانی نێوان خۆیاندا بوون، لەگەڵ ڕۆڵیان لە پێشهاتە سیاسییە ئاشکراکاندا، کە بۆ هاوولاتیی عێراق پەخش دەکران، چون گۆڕانکاریی باوەڕمەندی، سیاسی و پرانسیپی بن، لەکاتێکدا هەرگیز وا نەبوو.

ئەو کەرتە سەربازییەی بڕبڕەی پشتی هێزی ڕێژیمی لە سەردەمی هەردوو عارفدا (عەبدولسەلام و عەبدولڕەحمان عارف) پێک هێنا لیوای گاردی کۆماری بوو لە بەغدا، ئەم لیوایە لە بناخەدا و بەر لە دروستبوونی لیوای بیست بوو، کە عەبدولسەلام عارف لە سەردەمی پاشایەتیدا فەرماندەیی دەکرد، لە بەرەبەیانی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨دا بەرەو بەغدای برد و لە پایەتەختدا پێگەی گرینگی داگیر کرد، لەناویاندا ئیستگە، کە بووە هۆی خستنی ڕێژیمی پاشایەتی، عەبدولسەلام عارف کاتی خۆی بەر لە بەرپابوونی شۆڕشی ١٤ی تەمووز لە هەوڵی کۆمەککردنی ئەم لیوایەدا بوو بەژمارەیەک لە ڕۆڵەکانی هۆزەکەی (ئەلجومەیلات)، ئەوی یاریدەی دەدا لە دەستگرتن بەسەر ئەم لیوایەدا یەکێک لە خزمەکانی بوو لە هۆزەکەی، ئەویش ئەفسەر عەبدوللەتیف ئەلدەراجی بوو، لە ئەلجومەیلات و فەرماندەی یەکێک لە کەتیبەکانی لیوای بیست بوو، ئەلدەراجی لەگەڵ عەبدولسەلام عارفدا لە بەرەبەیانی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨دا چووە ناو بەغداوە.

هەروەها عەبدولسەلام عارف دوای شۆڕش لە جاران پتر بەتەنگی کۆمەککردنی ئەم لیوایەوە بوو، بەڕۆڵەکانی هۆزەکەی (ئەلجومەیلات)، ئەوەبوو لیواکە بەهێز کرا و نوێترین کەرەستە و چەکی پێ درا، هەروەها گەشەی پێ درا تاکو لە دواییدا ببێتە بناخەی گاردی کۆماری، وێڕای ئەوەی پاشان عەبدولکەریم قاسم دوای دەستگیرکردنی عەبدولسەلام عارف و دادگەییکردنی بەدوورخستنەوەی لیواکە لە بەغدا و دامەزراندنی ئەفسەرێکی شیوعی بۆ فەرماندەییکردنی، لەماوەی حوکمی عەبدولسەلام عارفدا دوای ئەوە بایەخ بەم لیوایە درایەوە و بووە هێزێکی کاریگەر بۆ پاراستنی ڕێژیمەکە، لە لایەکی تریشەوە عەبدولسەلام عارف، سەعید ئەلسەڵیبیی سوپاسالاری بە فەرماندەی کەرتی بەغدا دامەزراند، کە لە هۆزی ئەلجومەیلات بوو، هەروەها سەرهەنگ عەبدولرەزاق ئەلنایف (ئەویش لە هۆزی ئەلجومەیلات بوو) بە بەڕێوەبەری هەواڵگریی سەربازی دامەزراند. دوای ماوەیەکیش ئیبراهیم ئەلداوودیش (ئەویش جومەیلات بوو) کرا بەفەرماندەی

گاردی کۆماری، ئەگەر سەعدوون غێدانی ئەفسەریشیان بخەینە سەر، کە فەرماندەی کەتیبەی سەربەخۆی تانکەکانی سەر بەگاردی کۆماری و بەبنەچە خەڵکی ڕومادیی سەر بەپارێزگەکەی هەردوو برا عەبدولسەلام و عەبدولڕەحمان بوو، ئەوا درک بەوە دەکەین کە سەرلەبەری هێزی ڕێژیمەکە پشت بەژمارەیەکی دیارکراو لە ئەفسەرانی خزم دەبەستێت، ئەوانەی سەر بەیەک هۆز و لە یەک پارێزگەن، ئەم کارەش لای هاووڵاتییان باو و ناسراو بوو، تەنانەت هەندێک لە خەڵکەکە پێشتر بەحکوومەتی تاهیر یەحیایان دەگوت حکوومەتی عەفتەرە، چونکە زۆربەی وەزیرەکانی لە پارێزگەی ڕومادی (ئەنباری ئێستا) بوون. وشەی (عفطرە)یش بەزمانی بازاڕیی عێراقی یاخیبوون، سەرکێشی، هێز، دەرچوون لە یاسا، گاڵتەکردن بەنەرێت و یاسا و سەپاندنی باری داسەپاو بەزۆر دەگەیەنێت. هەر پیتێک لەم وشەیە دەلالەت لە ناوی شارێک یاخۆ شارۆکەیەک لە پارێزگەی ڕومادی دەگەیەنێت، عەین مەبەست شاری عانەیە، فێ فەلووجە، تا تکریت و ڕێ ڕوات، هێ هیت.

هەینێ کۆیان دەکەیتەوە دەبنە عەفتەرە، ئیدی وای لێ هات خەڵکەکە حکوومەتیان بەعەفتەرە ناو دەبرد. هەرچی لیوا بەشیر ئەلتالب بوو، کە ئەفسەرێکی سوننە مەزەبی مووسڵ بوو، بوونی لەنێویاندا لەبەر ڕازیکردنی کۆمەڵی ئەفسەرە مووسڵاوییەکان بوو، کە بارستەیەکی گەورەی ناو سوپای عێراق بوون، لە پێشوودا حیسابیان بۆ دەکرا و بەردەوام ڕازی دەکران.

دوای کوشتنی عەبدولسەلام عارف و دامەزراندنی عەبدولڕەحمان عارف لەبری ئەو، ئەم سەرۆکە نوێیە خۆی بینییەوە بەکۆمەڵێک لە خزمە ئەفسەرە ئەلجومەیلییەکان دەورە دراوە، کە بەشێوەیەکی توندوتۆڵ بەغدایان کۆنترۆڵ کردبوو.

لەبەر ئەمە کاتێک ئەم ئەفسەرانە بڕیاریان دا لە گەورە و سەرۆک و خزمەکەیان سەرۆک (عەبدولڕەحمان عارف) هەڵگەڕێنەوە، ڕووخانی ڕێژیم یاخۆ گۆڕینی کارێکی ئاسان و مسۆگەر بوو.

باشە بۆچی ئەم ئەفسەرانە لە گەورە و سەرۆک و خزمەکەیان هەڵگەڕانەوە؟ ئەی بۆچی لە وەفاداری و دڵسۆزییەکەیان لایان دا؟ ئەی چی وای لێ کردن کودەتای بەسەردا بکەن؟!

ڕووداوەکان ئاماژە بەوە دەکەن ئەم ئەفسەرانە و بەتایبەتی ئەلنایف و ئەلداوود بەشدارییەکی کاریگەریان هەبوو لە شکست پێهێنانی ئەو کودەتایەی ئەفسەری ناسری عارف عەبدولرەزاق سەرۆک وەزیران و فەرماندەی پێشووی هێزە ئاسمانییەکان، بەڕێوەی دەبرد، کە ئەویش خەڵکی پارێزگەی ڕومادییە و لەگەڵ کۆمەڵێک ئەفسەری ناسریدا بوو، ئەوەبوو ئەوانەی بەشداریی ئەو کودەتایەیان کرد خرانە زیندانەوە و لە سەربازی دەرکران، لێ ژمارەیەکی تریان هەڵاتن لەنێویاندا فەرماندەی کودەتاکە.

کەچی عەبدولڕەحمان عارف دوای جەنگی حوزەیران لەگەڵ ئیسرائیلدا ساڵی ١٩٦٧ لە گرتیگەی دەرهێنان و نێزیکی کردنەوە، هەندێکیشیانی گەڕاندەوە بۆ شوێنەکانی ڕابردوویان کە

بەدەستیانەوە بوون، لەبەر ئەوە هەر یەک لە ئیبراهیم ئەلداوود فەرماندەی گاردی کۆماری و عەبدولرەزاق ئەلنایف بەڕێوەبەری هەواڵگریی سەربازی لە ژیانی خۆیان ترسان و داوایان لە سەرۆک عەبدولڕەحمان عارف کرد ئەمانە نەگەڕێنێتەوە و متمانەیان پێ نەکات، ئیبراهیم داوود فەرماندەی گاردی کۆماری چەند جارێک ترسی خۆی بۆ ئەم بابەتە دەربڕی و بەعارفی گوت: ئەوان سوود لە دڵباشییەکەت وەردەگرن، تاکو پتر و پتر خۆیان بخزێننە قووڵاییی سوپاوە و ڕۆژێک دێت دەست بەسەر دەسەڵاتدا دەگرن و ڕەوانەی قەنارەمان دەکەن.[٤٣]

هەمان ترسیش لیوا بەشیر ئەلتالیب و عەبدولرەزاق ئەلنایفی گرتبووەوە، کەچی عەبدولڕەحمان عارف گوێی بەو مەترسییانە نەدا و بایەخی نەدا بەو ناڕەزایەتییانەی کۆڵەکەکانی دەسەڵاتەکەی، ئەمەش بووە ئەو هۆیەی وای لە ئەفسەرانی دەوروبەری عەبدولڕەحمان عارف کرد کودەتای بەسەردا بکەن و لە گەورەیەکی تر بگەڕێن ڕابەرایەتییان بکات، ئەوەش دەرفەتی ئاڵتوونیی مێژوویی بوو بۆ ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر، کە هەرگیز بەخەیاڵیدا نەدەهات کاتێک پێیان گوت و بیرۆکەی گۆڕینی ڕژێمەکەیان خستە بەردەست، دەمودەست ڕەزامەندیی دەربڕی لەم بارەیەوە هاوکارییان بکات، ئەمەش پاش ئەوەی ڕەوتی چەپی بەعس ڕەتی کردەوە.

ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر وەکو پاشان بانگەشەی بۆ دەکرد، بەگشت وردەکاری و نیازەکانی دەزانی، کە چوار ئەفسەرەکەی عەبدولڕەحمان عارف، نایف، داوود، بەشیر ئەلتالیب و سەعدوون غەیدان دوای ئەوە لەنێو خۆیاندا ڕێککەوتبوون پاش سەرکەوتنی کودەتاکە ئەنجامی بدەن، گرینگترینیان ڕێککەوتنی داوود و نایف بوو لەسەر ئەوەی نایف ببێتە سەرۆک وەزیران، ئەو کارەی وەکو پاشان وترا بۆ ئەلبەکر و دەستەکەی چاوەڕوان نەکراو بوو، هیچی بۆ نەمایەوە جگە لەوەی لەسەر داخوازییەکانیان ڕازی بێت، بەڵام وەکو دواتر ڕووداوەکان دەریدەخەن قایلبوونەکەی ئەم جارەی ڕازیبوونێکی بۆمەرێژکراو بوو، ئەوەبوو پیلانێکی دۆزەخیی بۆ هەڵگرتبوون بۆ پاکتاوکردنیان بەزووترین کات، پاش سەرکەوتنی کودەتا و بەڕێککەوتن لەگەڵ هەندێک لە ئەندامانی سەرکردایەتیی حزبەکەی، وێڕای ئەوەی سەرجەمیان بەقورئان سوێندیان خواردبوو، چونکە ئەو نەریتە لەو کاتەدا لە ناو کودەتاچییاندا باو بوو، هەر بەکردەنیش ئەمە ڕووی دا، کە دوایی هەندێک لە وردەکارییە سەرنجڕاکێشەکانی باس دەکەین.

هەرچی گێڕانەوەکەی عەبدولڕەحمان عارف و لێکدانەوەیەتی بۆ هۆیەکانی کودەتا، کە ئەفسەرانی خزم و کەسی جێ باوەڕی خۆی لە دژی ئەنجامیان دا، وردەکارییەکانی لە زمانی خۆیەوە دوای نێزیکەی دوو ساڵ لە ڕوودانی کودەتاکە لە دیمانەیەکدا لە ئەستەنبووڵ لە ١٨ی شوباتی ١٩٧٠دا کردبووی، هاتبوون، لێرەدا دەکۆشین هەندێک لایەنی ئەو گێڕانەوەیە زۆر بەکورتی و پوختی بگێڕینەوە، بێ ئەوەی بچینە ناو وردەکاری و ئەو پارانەی دراون، باسی ئەوەی کرد:

بڕوای وایە کۆمپانیا سەرەکییەکانی نەوت لە وڵاتدا و ئەو هێزانەی لە پشتیانەوەن، کاریان کردووە

بۆ وێرانکردنی حوکمەکەی دوای دانی گرێبەستی نەوتی بەکۆمپانیای ئیرابی فرەنسی و پاش ڕەزامەندیی لەسەر واژۆکردنی گرێبەستی یارمەتیدانی هونەری** لەگەڵ یەکەتیی سۆڤییەت بۆ پێشخستنی کێڵگەی ڕومەیلەی باکور، دوای دوورخستنەوەی کۆمپانیای پان-ئەمەریکان لە سەرپشکی لە وەرگرتنی گۆگرد لە عێراقدا، توانییان (قسەکە هی عارفە) عەبدولرەزاق ئەلنایف بکرن[٤٤]، ئەمەش لە ڕێگەی بەشیر ئەلتالیبەوە[٤٥] کە لە پاشکۆی سەربازیی باڵیۆزخانەی عێراق بوو لە بەیرووت، هەروەها ناسر ئەلحانیی[٤٦] باڵیۆزی عێراق لە بەیرووت، ئاماژەی بەوە دا کە ئەم جۆرە کارانەی باسیان دەکات ڕووداو و ڕاستیی سەلمێنراون نەک گومان و دوودڵی، ئەوی لەم بابەتە گرینگ و چارەنووسسازەی مێژووی عێراقدا جێی سەرنجە ئەوەیە کە هەندێک ڕۆژنامەی لبنانیی ڕاستڕەو هەر لەو دەمەدا لە ڕۆژانی یەکەمی کودەتاکەوە بەڕاستی هاوسۆزیی ئاشکرایان لەگەڵ نایف و داوود دەربڕی و قسەیان لەسەر هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی نەوتیی ئیراب و گەڕاندنەوەی کێڵگەی ڕومەیلەی باکور کرد بۆ کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی، واتە دەرکردنی لە دەست کۆمپانیا ڕووسییەکان و مەزندەی دەکرد کۆمپانیای پان-ئەمەریکان مافی تایبەتی گۆگرد بەدەست بهێنێت،[٤٧] بەوردی نازانین داخۆ ئەو شیکردنەوانەی لەو ڕۆژانەدا لە ڕۆژنامەکاندا بلاو کرانەوە کاریان لە عەبدولڕەحمان عارف کرد، یاخۆ هەر بەکردەنی لەم بارەیەوە ڕووداو و پاساوی ڕاستەقینەی هەبوو...!

لە گشت حاڵەتەکاندا هەر یەک لەو لێکدانەوانەی پێشوو ڕاست بوو، کودەتاکە هیچ پێوەندییەکی بەو ئامانج و پرانسیپانەوە نەبوو کە بۆ خەڵکی ڕاگەیەنران، هۆیەکانی کودەتا بەهیچ کلۆجێک پێوەندییان نە بەنەتەوەی عەرەب و نەیش بەئامانج و پرانسیپەکانیەوە هەبوو، لەبەر ئەمە خوێنەر و بەتایبەتیش هاوولاتیی عێراق دەتوانێت لە میانەی ئەم ڕووداوە ڕاستەقینە بەرچاوانەوە دەریخات، ئەوی پاش ئەوە بەدرێژیی ٣٥ ساڵ سەبارەت بەپرانسیپی نەتەوەیی و یەکبوونی شۆڕشی مەزنی ١٧ی تەمووزی ١٩٦٨ وتران لەگەڵ ڕۆڵی شکۆمەندی مێژوویی لە بەدیهێنانی ئامانجە ستراتیجییە گەورەکانی میللەتی عێراق و جەماوەری تێکۆشەردا بینی، وتران... جگە لە بڕگەی داڕشتنێئامێزی خاڵی و بابەتی وەهمیی دوور لە واقیع پتر نەبوون.

بەگەڕانەوە بۆ ڕووداوەکان لە سەرەتاوە، ئەو ئەفسەرانەی دەوری عەبدولڕەحمان عارفیان دابوو لە دانوستاندا کۆشکی کۆمارییان وەکو کوتاڵێکی بەنرخ دەخستە بەرچاو، بەشێوەیەک ئاوی دەزاندە زاری هەموو لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنەوە.

ژیرترین کەسێک ئەم پێشکێشکردنەی قۆستەوە ئەحمەد حەسەن ئەلبەکری زۆرزان و هێمن و بێدەنگ بوو، کە بێ دوودڵی بە داخوازییەکانیان ڕازی بوو و بەڵێنی پلە و پایەی گەورەی سەربازی و پۆستی حکوومیی گرینگی پێ دان.

ئەگەر بمانەوێت باسی ئەوی پاشتر ڕووی دا بکەین، ئەوا ئەفسەرانی کۆشکی کۆماری و ئەوانی دەوروبەری عەبدولڕەحمان عارف هەینێ بەو بەڵێنانە قایل بوون کەوتنە کەمینی توندوتۆڵەوە...

ئەوەبوو کۆشکی کۆماری بەدەستی ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر گیرا و عەبدولڕەحمان عارفی

سەرۆک کۆمار بۆ دەرەوەی عێراق نێررا، ئەو لە دەسەڵاتدارە دەگمەنەکانە کە لە دوای لە حوکم نەمانیان لە ژیاندا مایەوە، چونکە نەریتی باو لە ڕۆژگاری سۆمەرییەکانەوە لە عێراقدا وا بوو، دەسەڵاتدار لەکاتی لادانیدا دەبوو لە گۆڕ بنرێت.

باسی ئەو شێوازە دەکەین، کە ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر و سەدام و هەندێک لە سەرکردەکانی تر لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو ئەفسەرانەی دەوری عەبدولڕەحمان عارفیان دابوو و ئەوانەی بەکردەنی بەحوکمی شوێن و پێگەی هەستیاری سەربازییان کودەتاکەیان ئەنجام دا، کە لە دەسەڵاتدا بەدەستیانەوە بوو. بەپێویستی دەزانین ئەوی پێشتر باسمان کرد دووبارەی بکەینەوە، کە کۆمەڵێک فاکتەر بوون بوونە هۆ و شێوە و ئاستی ئەو ڕەفتارەی مامەڵەیان پێی لەگەڵ ئەو ئەفسەرانەدا دەکرد، لە پێشی ئەو هۆیانەشەوە کەڵکەڵە و ترسی توند لە یادەوەریی ئەلبەکر و سەدام و سەرکردەکانی تر پێوەند بەتاڵیی ئەزموونی پێشوو و لەدەستدانی حوکم لە دەستیان لە ١٨ی سەرماوەرزی ١٩٦٣دا، ڕەنگە ئەم بابەتە بناخەی ئەو تیۆرییەی پێک هێنابێت، کە پاشان دەسەڵات لە مامەڵەکردنی بێ هەڵاواردن لە سەرەتاوە تاکو کۆتایی لەگەڵ ئەوانی تردا لەسەری ڕۆیشت، ئەو تیۆرییەی لەسەر یەکلاییی توند و زۆر وریایی و دڵڕەقی بنیات نراوە، ئەم لێکدانەوەیەش یاریدەمان دەدات لەسەر شیکردنەوەی سەدان هەڵوێست و ڕووداو، کە ڕژێم وا مامەڵەی تێدا کرد بەشێوەیەک بەلای هەمووان و بۆ هەموو ئەوانی تر سەیر و خوێناوی و زەبروەشێن و بێ پاساو بێت، وێڕای زۆریی ئەو تەوەر و بابەتانەی دەکرێت لەم توێژینەوەیەدا قسەیان تێدا بکەین، بەڵام ئێمە قسەکانمان لە شێواز و شێوە و تیۆردا گەمارۆ دەدەین، کە سیستمی نوێ لە بەڕێوەبردنی حوکم لە عێراقدا پشتی پێ بەستن، بەتایبەتیش پراکتیزەکردنی تیۆریی دەسەڵاتخوازیی باوەڕمەندی.

ئەگەر بۆ سەرەتاکان بگەڕێینەوە ئەوا چەند بڕیارێکی گرینگ لەگەڵ خستنی سەرۆک عەبدولڕەحمان عارف و ڕەوانەکردنی بۆ دەرەوەی عێراق دەرچوون، بڕیارێک دەرچوو بەبەرزکردنەوەی پێشەنگ ئیبراهیم ئەلداوود بۆ پلەی فەریق ڕوکن و دامەزراندنی بەوەزیری بەرگری، هەروەها بڕیارێکی تر بەدامەزراندنی عەبدولرەزاق ئەلنایف بەڕێوەبەری هەواڵگریی سەربازی دەرچوو ببێتە وەزیری بەرگری، کەچی پلانی دوورخستنەوەیان وەک دیار دەدات لەگەڵ دەرچوونی ئەم بڕیارانەدا خەریکی جێبەجێ کردن بوو.

پلانی پاکتاوکردنی هەر یەکێکیان دەڵێی شریتێکی سینەماییی ڕابواردنی فیلمی کارتۆنیی پڕ لە ورووژان و شتی ناکاوە...

یەکێک لەو دوو چیرۆکە بەکورتی دەگێڕینەوە بۆ خۆدوورخستنەوە لە درێژدادڕی و ڕووناکی خستنە سەر ئەو میتۆدەی لە کۆتاییدا دیکتاتۆریی دەسەڵاتخوازیی باوەڕمەندی بۆ پتر لە سێ دەیە دامەزراند. یەکێک لەو برایانەی لە نێزیکەوە ئاگەداری هەموو وردەکاریی بڕیارە ناوەخۆییەکان بوون و بەدواداچوونیان بۆیان هەبوو، کە لە سەرکردایەتیی حزبەوە دەردەچوون، بەتایبەتیش بەدواداچوونی بۆ بڕیاری پێوەند بەم بابەتەوە هەبوو، گوتی:

لە کـۆبوونـەوەیەکی جـودای سـەرکـردایەتیی هەرێـمـیـدا ڕێککەوتـین یەکـێکمـان لـە یەکـەمین کۆبوونەوەی ئـەنجـوومـەنی سـەرکـردایەتیی شـۆڕشـدا، کـە ئەلنایف و ئەلداوودی لـەخـۆ گـرتبـوو پێشنیـازێک بۆ کۆبوونەوەکە بکات تێیـدا داوای ناردنی شاندێکی فـەرمی بکات بۆ سـەردانی ئەو هێزانەی عێراق کە لە ئوردونن لە بەرەکانی جەنگ لەگەڵ ئیسرائیلدا، تاکۆ بۆ هێزەکانی عێراق و ئەفسەرانی ئەوێی ڕوون بکاتەوە گۆڕانکاری لە عێراقدا بووە لەگەڵ باسکردنی هۆیەکانی، هەروەها بۆ یەکە سەربازییەکانی ئەوێ ئامانجەکانی شۆڕش و پلانەکانی لە داهاتوودا لە گشت ئاستەکاندا ڕوون بکاتەوە، لەهەمـان کـاتیشـدا پێشنیـازی ئەوەش بکات شـاندەکە بەسـەرۆکایەتیی حـەردان تکریتی فـەرمـاندەی تازە دامـەزراوی هێزی ئاسـمـانی بێت، وای بۆ چووین ئیبراهیم ئەلداوود بێ دوودڵی دژی ئەم بڕیارە بێت و داوا دەکات بەو پێیەی وەزیری بەرگرییە خـۆی سـەرۆکی شـاندەکە بێت و سـەردانی هێزەکان و بەسەرکردنەوەیان کرۆکی ئەرک و دەسـەڵاتەکانی ئەو بن، ڕێککەوتین ئەلبـەکر دژ ئەو پێشنیـازە بێت کـە یەکێک لە هـاوڕێیانمان دەیکات و پاڵپشـتیی ڕای ئیبـراهیم ئەلداوود بۆ سـەردانی هێـزەکـان و پشـتگیـریی پێشنیـازەکـەی دەکـات و ڕازی دەبێت لەسـەر سـەرۆکایەتی کـردنی ئەو بۆ شـاندەکە، بەمە ئیبراهیم ئەلداوود هەست دەکات لەم بڕیارەدا چون سـەرکـەوتبێت بەسـەر حـەردان تکریتیدا، بەمە بەپێ و بەویستی خـۆی بۆ کۆتاییـە نەخشـە بۆ دانراوەکەی مل دەنێت...

هەروەها گوتی: بەکردەنی هەموو شتەکان لە ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشدا بەو پێیەی نەخشـەمان بۆ کێشابوو و مەزەندەمان دەکرد ڕوویان دا... کاتێک فڕۆکەکەی ئیبراهیم ئەلداوود وەزیری بەرگری و سـەرۆکی شـاندی سـەربازی بەئاسـمانەوە بەرەو ئوردون دەکەوتە ڕێ، ئەحمـەد حـەسـەن ئەلبـەکر پێوەندیی بەفـەرمـاندەی هێزەکـانی عێراقەوە لە بەرەی ئوردون لیوا حـەسـەن ئەلنەقیب کرد، داوای لێ کرد لەگەڵ گەیشتنی ئیبراهیم ئەلداوود بۆ بارەگەی سەرکردایەتیی ئەوێ دەستگیـری بکات[٤٨].. ئیدی پاشـمـاوەی چیـرۆکەکە زانراوە، ئەوەبوو داوود بەباڵیـۆزی عـێراق لە ئیسـپـانیا دامـەزرا و ماوەیەکی کـورت لەوێ مـایەوە، پاشـان پەنای بۆ سـعوودیە برد و لە ڕیازدا نیشتەجێ بوو.

هەرچی پلانی پاکتـاوکـردنی عـەبدولرەزاق ئەلنایف بـوو، کـە دوای ١٣ ڕۆژ لە دامـەزراندنەکـەی بەسـەرۆک وەزیران جێبەجێ کرا، وەک ئەوەی بەشێک لە فیلمێکی پۆلیسی بێت لەبەرئەوەی تەقەی چەک و دیمەنی پێکدادان و وورووژێنی زۆر تێدایە، خـەریک بوو لە میـانـەی پرۆسـەی ڕاگواستنەکـەی ژیانی لەدەست بدات، کە هەر یەک لە سـەدام حوسێن و سـەڵاح عومـەر عەلی ئـەنجامیـان دا، لێرەدا کاتمان نییە بەدرێژی لەسەری بڕۆین، ڕەنگە کەسانی تر قسەیان لەسەر کردبێت و ناسراو بووبێت.

ئەوی لە بابەتەکەدا جێی بایـەخە و پێوەندیی بەتوێژینەوەکـەمـانەوە هـەیە ئەو سـووربوونـەیە کـە خـاوەخـاو، دوودڵی یا لـەسـەرخـۆیی هـەڵنـاگـرت بۆ پاکـتـاوکـردنی ئەوانی تر بەهـاوپـەیمان و هـاوکارانیشـەوە.

بۆ ئەوەی بابەتی و بەویژدان بین لە وەسفکردنی ئەوی ڕووی دا، پێویستە باسی ئەوە بکەین کە ئەوانەی دوای ئەوەی کودەتایان ئەنجام دا لە پۆستەکانیان لابران و لە بەرابەردا پلانی پاکتاوییان هەبوو بۆ لابردنی لایەنەکەی تر، واتە ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر و شوێنکەوتووانی... بەپێی ئەوەی کاتی خۆی بیستراً بەشێک لەوەی پلانیان بۆ دەگێڕا یەکسەر و بەرودوا دەگەیشتە بەر گوێی ئەلبەکر، ئەمەش وای لێ کرد پەلە لە پاکتاوکردنیان بکات.

لە هەموو حاڵەتەکاندا ئەم پلانە پیلانگێڕییە پاکتاوییەی نێوان هەردوو لا وێنەیەکمان لەسەر دۆخی باو دەداتێ لەنێوان ئەو هاوپەیمانانەی دەیانویست سیستمێکی نوێی سیاسی لە وڵاتدا دامەزرێنن، ئەوەی بۆچوونەکەی ئێمە پشتڕاست دەکاتەوە سەبارەت بەبوونی حەزی چەسپاوی ستەمکاری لە ناخی ئاوەزی عێراقیدا بۆ دامەزراندنی تاکڕایی، واتە ڕێژیمی دەسەڵاتخوازیی باوەڕمەندی و بەرگەنەگرتنی بوونی تەنانەت هاوپەیمانە هاوکارەکانیش. ئەمەش هەر لە سەرەتاوە بیرۆکەیەکی ڕوونمان لەسەر ئاقاری گشتی دەداتێ، کە پاشان ڕووداوەکان لەسەری دەڕۆن.

نمایشکردنی ڕووداوەکانی لەداردان، کوشتن، پاکتاوی خوێنڕێژیی تاکڕەوی و بەکۆمەڵ، کە ڕێژیمەکە ئەنجامی دا، خەریکە بیێتە کارێکی ئەستەمی وا هەر نووسەرێک یا توێژەرێک لای زەحمەت بێت، ئەمەش نەک بەهۆی زۆرییە بێ پایانە ناماقووڵەکەی، هەروەها نەک لە سۆنگەی دابەشکردنە زەمەنییەکەی کە بەدرێژاییی سێ دەیە درێژ بووەتەوە، بگرە بەهۆی ئەو تەمومژەی دەوری سەدان دۆخی داوە کە تا دوای ڕووخانی ڕێژیم بەنەناسراوی مایەوە.

بەهەزاران عێراقی لەوانەی چاوەڕوانی دەرچوونی ڕۆڵەکانیان بوون لە گرتیگەکان، سەیریان هاتێ لەداردراون و بەر لە چەندان ساڵ نێژراون و ڕێژیم تەنانەت ئەوەندەشی نەکردووە هەواڵی مردنەکەیان بەکەسوکاریان بڵێت، ئیدی دوای ڕووخانی ڕێژیم لە ساڵی ٢٠٠٣دا هەموو ئەوانەی دەکرا شتێک سەبارەت بەلەداردان و چۆنیەتیی لەسێدارەدانیان بزانن، ونبوون.

لەبەر ئەمە دەکۆشین ئەوی بتوانین بەبیری بێنینەوە لە دۆخەکانی لەداردان و تیرۆری سیاسی، کە دۆخەیلی لێکۆڵینەوە نین، بەڵکو ڕەمزی و هەڵبژاردنن تاکو دڵنیا بین لەوەی گشت لایەنەکان بەشی خۆیان وەرگرتووە لەو توندوتیژییەی دیکتاتۆریی تاکباوەڕی لە عێراقدا لە تەمووزی ١٩٦٨ تاکو نیسانی ٢٠٠٣ پیادەی کرد، دووریش نییە کەڵکەڵەی ئاسایش و ئارامی و ڕووخان، کە زاڵبوو بەسەر ئاوەز و بیرکردنەوەی زۆربەی پیاوانی ڕێژیمدا، وەک پێشتر باسمان کرد، لەودیو ئەو لەداردان و تیرۆرە بەردەوامانەوە وەستابوو.

هەر زوو عەبدولرەزاق ئەلنایف، سەرۆک وەزیرانی دوای ١٧ی تەمووزی ١٩٦٨ لە شاری لەندەن کوژرا، هەروەها فەریقی فڕۆکەوان حەردان تکریتی، ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش و فەرماندەی هێزی ئاسمانی لە ٣٠ی ئاداری ١٩٧١دا بەدەستی لیژنەیەک لە کوێت تیرۆر کرا و لیژنەکەش لە ڕێگەی وشکانییەوە بۆ بەسرە گەڕانەوە. هەروەها ناسر ئەلحانی، وەزیری پێشووتری دەرەوە لە یەکێک لە شەقامەکانی بەغدایا تیرۆر کرا، ئینجا سیاسەتوانی دیار فوئاد ئەلریکابی،

بەرپرسی بزاڤی سۆشیالیستی عەرەب لە زیندان لەلایەن کەسێکی ڕاسپێرراو لەلایەن نازم گزاری بەڕێوەبەری ئاسایشەوە کوژرا، هەروەها ژمارەیەک لە ئەندامانی بزاوی سۆشیالیستی عەرەب دوابەدوای یەکتر و لە قۆناخی جیاجیادا تیرۆر کران، هەروەها محەمەد سالّح ئەلجبووری ئەندامی لیژنەی ناوەندیی بزاوەکە لە (قصر النهایه)دا کوژرا، ئەوەبوو لە حەوزی تیزابدا تاوێنرایەوە، هەروەها حامد عەبد سالّحیش لە (قصر النهایه)دا بەژار لەناودرا، هەروەها لەوێ ژمارەیەکی تر لە ئەندامانی بزاوی سۆشیالیستی عەرەب تیرۆر کران، لەوانە: عەلی حوسێن موحسن و ئەوانی تر.

پەراوێزەکان:

٣٠. حنا بطاطو، العراق، الکتاب الثالث. لە ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمزەوە وەرگیراوە، کە لە ١٥ی ئەپریلی ١٩٦٦دا دەرچووە.

٣١. حنا بطاطو، العراق، الکتاب الثالث، ص٣٨٧، مؤسسة الابحاث العربية، ترجمة: عفيف الرزاز.

٣٢. عبدالکریم فرحان، حصاد ثورة، الطعة الثانية، ص١٣٢، دار البراق.

٣٣. هەمان سەرچاوە. ل, ١٣٩

٣٤. هەمان سەرچاوە، ل, ١٤١

٣٥. هەمان سەرچاوە، ل, ١٧٦

٣٦. هەمان سەرچاوە، ل, ١٨٢

٣٧. هەمان سەرچاوە، ل, ١٨٩

٣٨. هەمان سەرچاوە، ل, ١٣٧

٣٩. هەمان سەرچاوە، ل١٣٧

هەوالنامەی کتێب

٤٠. گفتوگۆیەکی تایبەتە لەنێوان (نووسەر) و بەڕێز ئەحمەد حەسەن ئەلبەکردا ساڵی ١٩٦٦ کراوە، لەمیانەی دیدارە نهێنییەکانی کادیرانی سەرکردایەتی، کە لە ماڵی ئەودا لە بەغدا دەکران بەر لە ڕوودانی جیابوونەوە لەناو حیزبدا و بوونی بەدوو ڕەوت، یەکیان پشتگیریی لە بزاوی (٢٣)ی شوبات کرد لە سووریا، ئەوی تریش پشتگیریی لە سەرکردایەتیی (میشێل عەفلەق) کرد. ئەلبەکر لەم گفتوگۆیەدا وەڵامی داواکەمی دەدایەوە لەسەر پێویستیی خێراکردن لە وەرگرتنی دەسەڵاتدا، چونکە حوکمی عەبدولڕەحمان عارف لەق بووبوو و مەترسیی نەبینراو دەردەکەوتن لە دۆخی ڕوودانی ناکاوی کودەتاکردن لە یەکێک لە هێزە سەربازییەکانی ناو سوپاوە.

٤١. گفتوگۆیەکی تایبەتە لەنێوان نووسەر و (سەدام حوسێن)دا ساڵی ١٩٦٦ ڕووی دا لە ماڵی ئەحمەد حەسەن ئەلبەکردا، ئەوەبوو داوای لە نووسەر کرد بگوازێتەوە بەغدا بۆ یارمەتیدان لە کێشەکانی نووسین و هزردا، لە قسەکانیدا گوتی: لەدوای خۆمەوە لە گرتیگە کتێبخانەیەکی تەواوم جێهێشت... لەکاتی پرسیارکردن لە هاوەڵێکی ترمان کە لەو کاتەدا لەوەوە نێزیک بوو، سەبارەت بەسروشتی ئەو کتێبانەی بایەخی پێ دەدان، گوتی: زۆربەی ئەو کتێبانەی لە گرتیگە خوێندنیەوە پێوەست بوون بەقۆناخی ستالینەوە.

٤٢. له یەکێک له کۆبوونەوەکانی سەرکردایەتیی هەرێمیی حزبی بەعسدا (باڵی چەپڕەو) له بەغدا، بەر له کودەتاکەی ئەلنایف و ئەلداوود بەچەند ڕۆژێک، نووسەری ئەم دێرانه لەو کۆبوونەوەیەدا بەسیفەتی ئەندامێتیی لەو سەرکردایەتییەدا ئامادە بوو، دکتۆر فوئاد شاکر ئەندامی سەرکردایەتی باسی ئەوەی کرد، یەکێک له ئەفسەرانی کۆشک بیرۆکەی هاوکاریی بۆ گۆڕانکاری له وڵاتدا خستووەتە ڕوو، ئەوانیش داوای وەڵامی ئەم بابەتەیان لێ کرد، سەرکردایەتیی هەرێمی تێکەڵییەکی له ڕای نووسینگەی سەربازی کردووە، که ڕێکخستنەکەی جیا بوو له ڕێکخستنی مەدەنی سەبارەت بەم بابەتە، ئەوەبوو نووسینگەی سەربازی ئەم بابەتەی بەپاساوی پێویستیی تەواوبوونی بونیاتی جووڵانەوەی شۆڕشگێڕی بەیەکجاری ڕەتکردەوە، که بتوانێت بەر له بازدان بۆ دەسەڵات حوکم بەڕێوە ببات، ڕەنگه هۆیەکی تر لەودیو ئەم ڕەتکردنەوەیەوە بێت، ئەویش بوونی قەیرانی بێباوەڕی بوو لەو کاتەدا لەنێوان نووسینگەی سەربازی و هەندێک له ئەندامانی سەرکردایەتیی هەرێمیی ئەوسا.

٤٣. حنا بطاطو، العراق، الكتاب الثالث، مؤسسة الابحاث العربية، ص, ٣٩٠ هەروەها فەریق ئیبراهیم ئەلداوود لەگفتوگۆیەکی تایبەت و درێژ لەگەڵ نووسەردا له ماڵی فەریق ئەلداوود له ڕیاز بەدرێژی باسی ئەم بابەتەی کرد.

٤٤. عەبدولرەزاق ئەلنایف، پاشان له لەندەندا کوژرا و دەسەڵاتدارانی عێراق سەنگوسووکییان لەگەڵ ژنەکەیدا کرد لەسەر گەڕاندنەوەی بەڵگەنامەیەلێک دەیانگوت زۆر گرینگن له یەکێک له بانکەکانی سویسرادا خستبوویە سنووقی سپاردەوە، هەر بەکردەنیش ژنەکەی ئەو بەڵگەنامانەی له بەرابەر هەندێک پارەدا دا.

٤٥. بەشیر ئەلتالب: دواتر سەدام له ناوەڕاستی نەوەتەکاندا لەگەڵ هەر یەک له جاسم مەولود موخلیس و ڕاجی تکریتی و غرێری و ئەوانی تردا لەداری دا.

٤٦. ناسر ئەلحانی: له یەکێک له شەقامەکانی بەغدایا بەخەنجەر له لایەن نەناسێکەوە کوژرا...

٤٧. جريدة النهار الصادرة بتاريخ ٢٠–٢١ تموز, ١٩٦٨

٤٨.من بەم زانیارییانە قەرزاربارى سەڵاح عومەر ئەلعەلی (ئەندامی سەرکردایەتیی هەرێمایەتی و وەزیری ڕۆشنبیری لەو کاتەدا)م، که لەو کۆبوونەوەیەدا ئامادە بوو و بەخۆی ئاگەداری هەموو وردەکارییەکانی پێوەند بەم پلانه بوو، ئەوەشی گوت کە ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر زۆر تووڕە بوو کاتێک حەسەن ئەلنەقیب وای نیشان دا بەتەلەفۆن له ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر ناگات، گوایا هێڵی تەلەفۆنەکە ڕوون نییە، کاتێک بەردەوام دەیگوت (بەڵێ؟.. تێ ناگەم..) ئەلبەکر قەناعەتی بەمە نەبوو و تێ گەیشت که حەسەن ئەلنەقیب نایەوێت فەرمانەکە جێبەجێ بکات و بەقسەی توند بەڕاڕا و ترسنۆک تاوانباری کرد، لەودەمی تەلەفۆنەکەی لەگەڵ حەسەن ئەلنەقیب داخست، دەمودەست شاندێکی له حزبییەکان نارد، لەوانەی ئەرکی دەستگیرکردنی ئەلداوودیان گرتە ئەستۆ و دووریان خستەوە، تاکو دەرچوونی بڕیارێک بەدامەزراندنی بەباڵیۆزی عێراق له ئیسپانیا.. دوور نییه لیوا حەسەن ئەلنەقیب بەڕاستی بیرۆکەکەی ڕەت کردبێتەوە، چونکە ئەو پیاوێکی باوەڕدار بوو و ڕەنگه لەوەدا وای بینیبێتەوە کارێکی پڕ له غەدر بووە و ڕێگەی بەخۆی نەداوە تێیدا بەشدار بێت.

هەواڵنامەی کتێب

# سەد ملیۆن کریستیان
# لە جیهان دەچەوسێندرێنەوە

ئاژانسی ڕۆیتەر

دوێنێ ڕاپۆرتێکی ناودەوڵەتی بڵاو کراوەتەوە، تێیدا داواکارە کۆمەک و هاوکاریی کریستیانەکان بکەن، کە لەسەرانسەری جیهاندا سەد ملیۆن کریستیان دەچەوسێندرێنەوە، بەردەوامیش ڕەوشیان خراپتر و نالەبارتر دەبێت، بەتایبەتی لە سووریا و لە ئیتیوپیا.

کۆمەڵەی (ئۆین دوورز) باس لە ناڵەباری و نەهامەتییەکانی کریستیانەکانی وڵاتانی کۆریای باکور و سعوودیە و ئەفغانستان دەکات، کە لەو وڵاتانەدا کریستیانەکان لە ڕەوشی زۆر بەژان و دەردەسەریدا دەژین، لەساڵی ڕابردوو زۆر ئازار و ستەمیان چێشتووە، کریستیانەکانی ئەو



وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: شێرزاد هەینی



هەولێرنامەی کتێب

وڵاتەش، لەساڵی ٢٠١١ لەناو لیستی پەنجا وڵاتدا پێشەنگ بوونە، کە ژیانی ئیماندارانی ئەو ئاینە نارەحەت و بەژان بووە.

لە ڕاپۆرتەکەدا دەردەکەوێت، کە ناوی وڵاتی سووریا، لەناو ناوی پەنجا وڵاتدا لە پلەی ٦٣ـەوە دەچێتە پلەی ١١. چەکدارانی ئۆپۆزسیون لە سووریا کریستیانەکان بە پشتیوانی ڕژێمەکەی بەشار ئەسد ئەژمار دەکەن، گومانیان هەبووە کەوا ئەوان پێوەندی و هەوادارییان لەگەڵ ئەو ڕژێمدا هەبووە، بۆیەش ئەوان لەلایەن گروپە ئیسلامییە توندڕەوەکان بوونەتە نیشانە و چەوساونەتەوە. لە وڵاتی ئیتیوپیاش کریستیانەکان کە ڕێژەی یەک لە سێ بەشی دانیشتووانی وڵاتەکە پێک دەهێنن، ناوی ئەو وڵاتەش لە پلەی ٣٨ـەوە دابەزیوەتە سەر پلەی ١٥، ئەوەش دەرئەنجامی ئەوە بووە کەوا توندڕەوە ئیسلامییەکان هێرشی زۆریان دەکەنە سەر و زۆریان دەکوژن، هەروەها خۆشیان دەستیان داوەتە کوشتنی ئەندامانی بزاڤە کریستیانە پرۆتستانتەکان، ناوی وڵاتی مالییش دەکەوێتە ناوی وڵاتە لەپێشەکان کە تێیدا کریستیانەکان دەچەوسێندرێنەوە، زووتر ناوی ئەو وڵاتە، لەساڵی ٢٠١١ لەو لیستەیەدا نەبووە، بەڵام ئێستا لەو ڕاپۆرتەدا ناوی وڵاتی مالی هاتووتە پلەی حەوتەم، ئەوەش پاش ئەوە هاتووە کە کۆمەڵەی ئەنساری ئاینی ئیسلامی، شەریعەتی ئیسلامی لە باکوری وڵات پەیڕەو دەکەن کە ئەوان تێیدا زۆرینەن و دەسەڵاتی سیاسی دەگرنە دەست.

بەپێی ڕاپۆرتی کۆمەڵەی (ئۆپن دوورز) کە لەسەرەتای پەنجاکانەوە کتێبی پیرۆزیان بەنهێنی ڕەوانەی وڵاتە شیوعییەکان دەکرد، ئێستاش ئەو کۆمەڵەیە لە شێست وڵاتدا کار دەکەن. ئەوان جەخت لەوە دەکەنەوە، کەوا لە جیهاندا لەناو ٦٥ وڵات کریستیانەکان دەچەوسێندرێنەوە.

بەپێی ڕاپۆرتی ئەو کۆمەڵەیە، کە بارەگەکەیان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانە، زۆرتر لە سەد ملیۆن کریستیان لە جیهان زەبر و چەوسانەوەیان لەسەرە، لەوانە پەنجا وڵاتیان لە کیشوەری ئاسیا و ئەفریقیان، کە تێیدا بەشی زۆریان لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستن، کە تێیدا تەنیا یەک وڵات، ئەویش کۆلۆمبیایە، لەو کیشوەر و ناوچانە دوورە، کە پێگەیان لەو پرۆسەیەدا لە ڕاپۆرتەکەدا ژمارە ٤٦ی بەردەکەوێت. ئاینی کریستیانیەت، کە زۆرتر لە دوو ملیار ئیمانداری هەیە کە دەکاتە ٣٢٪ لە هەموو دانیشتووانی جیهان، ئەو ئامارەش بەپێی زانینی ڕاپۆرتی بیو ئازی کریستیانییە، ئاماژە بەوە دەکەن کەوا کریستیانەکان لەناو یازدە وڵاتدا دەچەوسێندرێنەوە و کۆت و بەربەستیان لەسەرە، هەر لەو ڕاپۆرتەدا هاتووە کەوا دووەم ئاینی گەورەی سەر ڕووی زەوییش ئیسلامە، کە لەناو زۆرتر لە ٩٠ دەوڵەت دەچەوسێندرێنەوە.

لە ڕاپۆرتەکەی ئۆپن دوورز، کە لەئەنجامی پشکنینی زۆر و توێژینەوەی مەیدانی و لێکۆڵینەوەی وردی سەرپەرشتکارانە، دەردەکەوێت کەوا کریستیانەکان لەو وڵاتانەدا ژیان و ئیمانداریيەکانیان لە مەترسیدایە، لەوانە: کۆریای باکور، سعوودیە، ئەفغانستان، عێراق، سۆماڵ، مالدیف، مالی، ئێران، یەمەن، ئەریتریا. بەپێی بۆچوونی کۆمەڵەکە، ئەوە یازدە ساڵە وڵاتی کۆریای باکور

لەپێشـەنگی ئەو وڵاتانەیە کە زۆرتر ئاینی کریستیان بە ناڕەوا و بە قەدەخە دەزانێت، کۆمەڵەکە نووسـیـویەتی کـەوا نـێـزیکەی حـەفـتـا هـەزار هاووڵاتـیی کـوریای بـاکـور ڕەوانەی ئۆردوگـاکـانی کارکردنی بەزۆر کراون، تەنیا لەبەرئەوەی بروایان بەو ئاینە هێناوە.

## کریستیانەکانی سووریا

کۆمـەڵەکە بەپێی ڕاپـۆرتێکی ڕۆژنامـەی دەیلی تەلەگرافی لـەندەنی ئاشکرای کـردووە کـەوا زۆر لە ئیـمـاندارانی مـەزهـەبە کـریسـتـیـانـییـەکـانی شـاری حـەلـەب، تا خـۆیان بپـارێزن، تا چەکـدارە توندڕەوەکان نـەیانکوژن، خـۆیان لەنـاو خـۆیاندا دەسـتـەی چەکداری پارێزگارییـان دامـەزراندووە، ئەوەش پاش ئەو مـاوە درێژەی ناکۆکی و شـەڕەکانی ناو وڵاتی سووریا بەردەوام بوون، بـیریان لەوە کردیتـەوە خـۆیان چەکدار بکەن، ئەوانە بە هـەمـوو شـێـوەیەک کۆشش و خـەبات دەکەن، دەسـتـەی سوپای ئازادی چەکداری نەیاری دەوڵەت نەگەنە ناو گەڕەکە کریستیانەکانی شارەکە.

هەر بەپێی ڕاپۆرتەکە، لەو شـەش هەفتـەیەی ڕابردوودا ١٥٠ چەکداری کریسـتـیـان و ئەرمـەنی شــەڕی چەکــدارانی ســوپای ئـازادی ســووریا دەکــەن و، بـواریان نـەداوە ئەو چەکـدارانـە بێـنە ناوچەکانی ئەوان و بەرگرییـان کردووە، خۆیان زۆرتر ساز دەکەن تا چەکدارەکان لە حەلەب نەگەنە ناو گـەڕەکـەکـانی ئەوان و داگـیـریان نـەکـەن. بەپێی ڕاپۆرتی ڕۆژنامــەکـە، دەسـتــە چەکـدارە کریستیانەکان، دەستەی چەکداریان بۆ پارێزگاریکردن لە کڵێساکانیان داناوە، ئەوانەش چەکیان لە سـوپای نیزامی وەرگـرتووە، لەگـەڵ حکوومـەتیش هـاوسـەنگەرییـان ڕاگـەیاندووە، ئـەگـەرچی سـەرچاوەکانی سـوپای نیزامـیی ڕای دەگـەیێـنن کـەوا چەکـدارەکانی سـوپای ئـازادیان لە گەڕەکی جـدیدەی کـۆنی مـێـژوویی کـریسـتـیـانـەکـان ڕاو ناوە و لەو گـەڕەکـەدا نـەمـاون، بەڵام چەکـدارە ئەرمەنەکان دەڵێن ئێمە بەردەوام شەڕیان دەکەین. هەروەها چەکدارە کریستیانەکان لەناو حەلەب، لە هـەمـوو شـارەکــانی تری ســووریا ژمــارەیان زۆرتر و چـالاکـتــرن، بەرگـری دەکــەن تا وەک کـریسـتـیـانەکـانی عـێـراقـیـان بەسـەر نەیێت و مـانی خـۆیان بسـەلمێنن، کـە لەپاش سـاڵی ٢٠٠٣ ڕووبەڕووی لەناوچوون و قڕکردن هاتوون.

چەکدارێکی ئەرمەنی بەناوی جۆرج لە ئاخاوتنێک بۆ ڕۆژنامەکە وتبووی:

هـەندێ لە چەکـدارانی سـوپای ئازاد لە گـۆڕەپانی فـەرەحـات لە گـەڕەکی جـدیدە خـۆیان حـەشـار دەدەن، بۆیەش چـەکـدارانی ئێـمـە هێـرشـیـان دەکـەنـە سـەر، لەبەر ئەوەی هـەڕەشـەیان لە بوون و مـانەوەی کـڵـێـسـاکـان دەکرد، بۆیە لەناومـان بردن، من ئەوەشم لەسـەر شـاشـەی تەلەفـزیۆنی حکوومەتیش ڕاگەیاندبوو. چەکدارە ئەرمـەنییەکان و هەموو چەکدارەکانی سەر بە گرووپەکانی تر شـەری یەکتریش دەکەن، بەتایبەتی ئەرمـەنەکان، وا دەزانن تورکەکان چەکدار و کۆمەکی سـوپای ئازاد دەکەن، چەکیان دەدەنێ تا شـەڕی ئەرمـەنەکان بکەن، بۆیەش ئەوان دژایەتیی چەکدارەکانی سوپای ئـازاد دەکەن، هەروەها پارتی کـرێکارانی کـوردسـتـانیش سـوپای تایبـەتی خـۆیان هـەیە و

کوردەکانیان چەکدار کردووە.

پیاوێکی کریستیان کە ئێستا لە بەیروت دەژی، ناوی لە خۆی نابوو جۆن، ئەو بە ڕۆژنامەکەی ڕاگەیاندبوو کەوا ئەو قسەیەی بلاو کراوەتەوە، کەوا دەوڵەمەندەکان، کەمینە ئاینییەکان، بۆ پاراستنی خۆیان دژایەتیی چەکدارەکان دەکەن، ئەوان مەبەستیان نییە پشتیوانی لە حکوومەت بکەن، ئەوەندەی ئەوان مەبەستیانە خۆیان لەو ڕەوشەدا بپارێزن، زۆرتر لە ترسی ئەو لادێیانە خۆیان چەکدار کردووە کە ڕوویان لە شارەکان کردووە، دەیانەوێ لەو شەڕە و لەو ڕەوشە نوێیەدا شارە جوانەکە بشێوێنن، من هەرگیز لایەنگیری حکوومەت نیم، بەلام ئەوەش دەڵێم کەوا چەکدارانی سوپای ئازادیش بریتین لە دەستەیەک لە پیاوکوژ و تالانکەر و دز، من بە چاوی خۆم دەمبینی کە چۆن پیاوەکانیان کارگەیەکی چنینیان تالان دەکرد، غاز و کەرەستەکانیان دەبرد، هەتا دەرزی و تەونەکانیان دەدزی، من شاهیدم کە چوار پیاوی ئەرمەنییان کوشت، کە لە ڕێگەدا بوون بەرەو فڕۆکەخانەی حەلەب دەچوون، ئەوەش لە سەرچاوەکانی مافی مرۆڤی سورییش باس کراوە.

## کریستیانەکانی عێراق

هێرشە خوێناوییەکەی سەر کڵێسای نەجات لە بەغدا، کە تێیدا پەنجا کەس کوژران، هەر لەو هێرشەدا شێست کەسیش بریندار دەبێت، ئەوەش یەکەم پرۆسەی ڕاونان و لەناوبردنی کریستیانەکانی ناو عێراق نەبوو کە لەساڵی ٢٠٠٣وە بەردەوامە، ئەو کڵێسایەش گەورەترین کڵێسای مەزهەبی کاتۆلیکی سریانە، زووتریش و پێش ئەوەیان لە شاری موسڵ کڵێسای زۆریان تەقاندووەتەوە و هێرشیان کراوەتە سەر.

هاووڵاتیی کریستیان لەناو عێراقدا زۆر کەمی کردووە، دەکرێ بڵێین لە سێ بەش دوو بەشیان ڕەویان کردووە، کە زۆریان بەرەو وڵاتانی تری عەرەبی و ئەوروپا ڕۆیشتوون، دیارە کەوا کریستیانەکانی ناو لبنان مەترسیی ئەوەیان هەیە چارەنووسی ئەوانیش وەک چارەنووس و دوارۆژی کریستیانەکانی ناو عێراقیان بەسەر بێت. دیارە کەوا کریستیانەکانی ناو عێراق ئەو پارسەنگە سیاسییەیان نییە، تەنیا نوێنەرایەتییەکەیان هەر بەناوە و قورساییەکی بەرچاویان نییە، ئەوەش لەو سی ساڵەی دواییدا هەستی پێ کراوە.

هێرشکردنە سەر کریستیانەکان و ڕووخاندن و تەقاندنەوەی پەرستگە پیرۆزەکانیان کەوتووتە ناو بەرنامەی ئیسلامییە سیاسییە توندڕەوەکان، کە لەو ساڵانە لە ڕەوشی سیاسیی عێراق و لە چەند وڵاتی تری عەرەبی و ئیسلامیدا بەزۆری و بەڕوونی ڕەنگی داوەتەوە، ئەوەش بوویتە دیاردەیەکی زۆر بەربلاو و دیار.

پرسیارەکەش کە زۆر ڕووبەڕووی ڕەوشەکە دەبێتەوە، بۆچی کریستیانە عێراقییەکان، کە چەندان سەدەیە ئارام لەو وڵاتەدا ژیاون، تەنگیان پێ هەڵدەچن و نارەحەتیان دەکەن.

حزبە ئیسلامییە ئسولییەکان، میلیشا توندڕەوەکانی حزبەکانیش، بە کوشتنی خەڵکە مەدەنییە بێ چەکەکان، بە ناردنی نامە و پەیام داوای چۆڵکردن و کۆچکردنیان دەکەن، نوێژکەرەکانیان لەناو کڵێساکان دەکوژن، حکوومەتەکەی بەغدا، کە لەلایەن ئەمەریکاییەکانیش پشتیوانییان دەکرێت، ئینجا ناتوانن گیان و سامان و پیرۆزییەکانیان، لەناو جەرگەی بەغدای پایەتەختدا بپارێزن. ئەگەرچی حکوومەت و ئەمەریکاش زۆر بەتوندی بنکە و سەرچاوەکانی ئەو دەستە توندکارانەش دەپێکێت، بەڵام هێشتا ئەوان بەهێزن و دەستی خوێناوییان زیندووە و گیانی ئەوانە دەپێچێتەوە.

هێرشی بەردەوامی سەر کڵێساکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست تەریبە لەگەڵ گەشە و زۆربوونی توندکاریی ڕەوتە سیاسییە ئیسلامییەکان، ئەوانەش پاش هەردوو جەنگەکەی کەنداو و هێرشەکەی یازدەی سێپتەمبەری نیویۆرک، لەگەڵ کەشە ئایدلۆجیاییە نوێیەکە، بەڕوو و ئاراستەی کریستانییەکان هاتووە، بەبیانووی ئەوەی ئەوان پێگە و بنکەی خۆرئاوان، ئەوانە تابووری پێنجەمی دەرەوەن، بەردەوام پەرۆشن ببنە پشتیوانی ئەوان و خزمەتی بێگانە بکەن.

ئیسلامییە توندڕەوەکان وا دەزانن ئەوانەی کە موسڵمان نین، ئەوانەی لە ڕێباز و ئاین جیاوازن، ئەو ڕەوشەش بوارسازە، کۆمەڵگەی نوێی فرەئایدیا و هزری نوێ و کولتووری ناوازە پەیدا ببێت، هەمووش لەوە سەرچاوە دەگرێت کە گومان لە دڵسۆزی و ئینتمای هاووڵاتییە کریستیانەکانی ناوچەکە بگرن، ئەو هزرە زۆر بڕوای پێ بکرێت.

ئەوەی جێگەی ڕامان و هەڵوەستەیە بۆ ئەو کەسانەی سەردەمانێک لە عێراق ژیاون، کە هەموو ئاینزا و مەزهەب و نەتەوەکان بەیەکەوە بە ئاشتی و تەبایی ژیاون، کریستیان و جوولەکەکانی ئەو وڵاتە، لە گەشە و بەردەوامیی ئەو کۆمەڵگە تەبایە هاوشان و هاوسۆز بووینە، ڕۆڵیان لە بزاڤی نیشتمانی و چەپگەریدا، هەتا ناوەندی سەدەی بیستەم هەبووە.

کایە و دیاردەیەکی ئاسایی نییە، کە هزرە ئیسلامییەکە لە وڵات گەشە و توند دەبێت، ئەو کار لەسەر ژیانی ئاساییی هاووڵاتییان بکات و کاریگەریی خراپی لەسەر توێژێک هەبێت کە هەموو چینەکانی کۆمەڵگە لەیەک هەڵدەوەشێنێتەوە، بەوەش تۆی هەستکردن بەنامۆیی و پەرۆشی بۆ بێگانە دەجووڵێنێت، بۆیەش ئاسایی دەبێت لەو ڕەوشە دوژمنکارییەدا ئەوان ڕوو لە دەرەوە و دەرچوون و بێگانەکان بکەن، ئەوەش هەستی دژایەتی پەیدا دەکات، بەڵام ئەو ڕەوشە تازەیە، ئەو پێشهاتانە پەیوەندییان بە خەڵکی سادەی شەقام و کۆمەڵگەی عێراقییەوە نییە، هەرگیز عێراقییەکان لەگەڵ ئەوەدا هاوبیر نین کە کریستیانەکان و کڵێساکان هەڕەشەیان لەسەر بێت، کە لە هەموویان هۆڤیانەتر هێرشەکەی سەر کڵێسای نەجات بوو لە بەغدای پایەتەختدا.

دیارە نەمان و کەمبوونی ئەو دیاردەیە و ناسینی ناسنامەی هاووڵاتییان لەبەر ڕۆشنایی ئاین و مەزهەب بەئاسانی کۆتایی نایەت و بەسەلامەتیش دەرباز نابێت، ئەوەش نەک لە عێراق لەسەر ڕووبەرێکی فرەوانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست هەبووە.

## کەرتی غەزە

کە ئیسرائیلییەکان لە شەڕەکەی ١٩٦٧دا ناوچەیەکی زۆری فەلەستینییەکان دەگرن، کە سەرهەڵدانی فەلەستینییەکانی ساڵی ٢٠٠٠ ڕوو دەدات، کە گەمارۆی ئیسرائیل لەساڵی ٢٠٠٧ دێتە واری جێبەجێکردن، ژمارەی کریستانەکانی فەلەستین، لە کەرتی غەزە و لەناو فەلەستین بەگشتی کەم دەکات، ئەوەش سەرچاوەکانی کڵێساکانی خۆیان ئاماژەیان پەوە داوە.

لەناو یەک ملیۆن و ٧٠٠ هەزار فەلەستینی لە کەرتی غەزە، تەنیا ٣٥٠٠ کریستان ماون. پێش ساڵی ١٩٤٨ ڕێژەی سەرژمێریی کریستانەکانی ناو فەلەستین دەگەیشتە ١٠٪، بەڵام بەپێی سەرژمێریی ئەو ساڵانە، ڕێژەی هاووڵاتیی کریستانی فەلەستین لەو ناوچەیە تەنیا ١,٣٪ ماوەتەوە.

بەڕێوەبەری گشتی لە دەزگەی کاروباری کریستانەکان، لە کڵێسای برفیریوس لە غەزە کامیل عەیاد دەڵێ کە کۆچکردنی کریستانەکان لە کەرتی غەزە، لەپاش داگیرکردنەوەکی ساڵی ١٩٦٧ بەرەو وڵاتانی ئەوروپایی دەڕۆن، دیارە زۆرتر هۆکارەکان ئابووری بووە، کە لەساڵی ١٩٩٤ دەسەڵاتی فەلەستینی دادەمەزرێت پاش ڕێککەوتنی ئۆسلۆ ١٩٩٤، هیوایەک هەبووە کە ڕەوشەکە باش ببێت و ئابوورییەکەیان ببووژێتەوە، ئەوەش هاندەر بووە تا کریستانییەکان بگەڕێنەوە ناو فەلەستین. بەڵام کە ڕاپەرینی دووەمی فەلەستینییەکان لە کەرتی غەزە لە ساڵی ٢٠٠٠ ڕوو دەدات، بزاڤی حەماس دەسەڵات دەگرێتە دەست، دووبارە کریستانییەکانی ئەو دەڤەرە بەزۆری کۆچ دەکەن.

کۆچکردن لەناو گەنجە موسڵمان و کریستانەکانی فەلەستینی زۆرە، بەڵام لەبەرئەوەی موسڵمانەکان ژمارەیان زۆرە ئەو کۆچکردنەیان پێوە دیار نییە، دیارە کەوا کریستانەکان هەر خۆیان ڕێژەی منالبوونیان کەمترە، خێزانی کریستان لە یەک یان دوو منال زۆرتری نییە، دیارە ڕەوشە خراپە ئابوورییەکە فاکتەری سەرەکیی ئەو دیاردەیە، گەمارۆی ئابووریی ئیسرائیلی لەسەر کەرتەکە دەوری زۆر هەبووە، من باپیرم کاتی خۆی هەشت منالی هەبووە، باوکم چوار منالی هەبووە، بەڵام من منالم کەمکردیتەوە تەنیا سێ منالم هەیە.

ئەگەرچی سەرژمێریی کریستانەکانیش زۆر کەم بووە، بەڵام ئەوان ساڵانە ئاهەنگی سەرساڵ دەکەن، نوێژەکانیان دەکەن، لەناو کڵێسای برفیریوس سرووتە ئاینییە ئاساییەکانیان دەکەن، منالان ساڵانە شانۆگەریی لەدایکبوونی حەزرەتی مەسیح دەکەن، سەڵاواتە ئاینییەکان دەکەن، شاییی فۆلکلۆری فەلەستینی نمایش دەکەن، ساڵانەش خەڵات و دیاریی ڕەمزییش دەدەنە منالەکان، دیارە ئەوەش لەلایەن بابەنۆئێلەوە دابەش دەکرێت، هەر لەو بۆنەیەدا کریستانەکانی غەزە داری کریسمسی ڕووناک بەچراوە دادەنێن، لەو بۆنەیەشدا مەتران و کەسایەتییە ناودارەکان بەشدار دەبن، هەروەها بەرپرسەکە وتی:

لەو بۆنانەدا ناکرێ ڕۆڵی دیاری برا موسڵمانەکانمان لەبیر بکەین، کەسایەتییەکان، گەورەی ماڵەکان، بەرپرسەکانی خەیری و ئیسلامی و هاوسێیەکانمان، کە پیرۆزبایمان لێ دەکەن و سەردانمان دەکەن.

مانویل موسللمی باوک، چاودێری کڵێسای دێر لاتین، لە مەزهەبی کاتۆلیک لەسەر ژمارەی کریستیانەکانی فەلەستین وتوویەتی:

ژمارەی کریستیانەکانی کەرتی غەزە و کەناری خۆرئاوا و شاری قودس دەگاتە ٦٥ هەزار کەس، کە ڕێژەی ٧٠٪یان سەر بە مەزهەبی ئەرتۆدۆکسن و ٣٠٪ سەر بە مەزهەبی کاتۆلیکن، لەوانە ٥١ هەزاریان لە کەناری خۆرئاوا دەژین، دە هەزاریان لە شاری قودس و ٣٥٠٠ لە غەزە دەژین. ئێمەش لەگەڵ برایە موسڵمانەکانمان بەئاسوودەیی دەژین و پێوەندییەکانمان نۆرماڵە، لەو سەردەمەش هیچ ڕووداوێکی نەخواستراو و ناشایستە ڕووی نەداوە، تەنیا هەندێ جار گلەیی و ناڕەزایی دەبن، کە منداڵانی هەندێ لەو



بنەماڵانە دەبنە موسڵمان. لە غەزە بنەماڵەی تەرزی، خوری، عەیاد، سایغ، ئەلتویل، سەرافە کریستیانەکان دەژین. هێشتا کریستانەکان لەناو کەرتی غەزە دەزگە ئەهلییە ناودارەکانیان ماوە، وەک کۆمەڵەی لاوانی کریستیان، کۆمەڵەی یەکێتیی کڵێساکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، هەموو ئەو ڕێکخراوانەش بەبێ جیاوازی خزمەتگوازییەکانیان بە موسڵمان و بە کریستیانەکان پێشکێش دەکەن.

هەروەها کریستیانەکان چەندان قوتابخانەی تایبەتیان هەیە، قوتابخانەی بنەماڵە پیرۆزەکە، قوتابخانەی پەتریارکی لاتینی، قوتابخانەی ژنە ڕاهیبە گوڵزار، قوتابخانەی ڕۆمی ئەرتۆدۆکس، کە زۆربەی کارمەند و قوتابییەکانی موسڵمانن، چونکە ڕێژەی کریستیانەکان لە کەرتی غەزەدا کەم بووە.

کنە و پشکنینی زۆر لەو کەرتەدا کراوە، دەرکەوتووە کەوا چەندان شوێنەواری کەڤناسی کریستیانی لەو کەرتەدا هەبووە، کە مێژووەکانیان بۆ سەدەی چوارەمی زایین دەگەڕێتەوە، لەوانە دێری قەدیس هیلاریون لە شاری نەسیراتی هەڵکەوتووی ناوەڕاستی کەرتی غەزە، ئەویش بە داهێنەری کریستیانیەتیی غەزە ئەژمار دەکرێت، کڵێسای برفیویوس بە کۆنترین کڵێسای ناوچەکەش دەناسرێت، کە دەکەوێتە بەشێ خۆرهەڵاتی شاری غەزە.

## میسر و قوبتییەکان

سکرتێری کۆڕی مەقەدس لە میسر دڵنیایە، کەوا لەتبوونی میسر بۆ دوو دەڵەوت، دەوڵەتێک بۆ موسڵمانەکان و دەوڵەتێکیش بۆ قوبتییەکان نابێت، ئەوەش تەنیا خەیاڵە، هەندێک وەک خەون و خەیاڵ باسی دەکەن، دیارە کەوا قوبتییەکان نایانەوێت و بەدروستی نازانن، ئەوەش بە پراکتیک جێبەجێ نابێت، چونکە قوبتییەکانی ناو میسر بڵاون و شوێن و سەنتەرێکی چڕی دانیشتووانیان نییە، ئەوان بەشێکن لەو میللەتە، هیچ مەرجی بوونە دەوڵەتیان تێدا نییە، چونکە دیارە کەوا کڵێسا نە سوپا و نە پۆلیسی هەیە، هیچ جۆرە دەزگە و دامەزراوێکیان نییە، ئاماژە و کار بەوە بدات.

لە درێژەی قسەکانیدا سکرتێرەکە وتوویەتی:

ئێمە وا دەزانین کەوا ئاینی ئیسلام مەترسیی لەسەر بوونمان لەو ناوچەیەدا نییە، بەڵکو توندڕەوەکانن کەوا مەترسییان لەسەر مانەوەماندا هەیە، هەڕەشەیان زۆرە، چونکە ئەو ئاینە لەو ناوچەیەدا لە سەدەی حەوتەمەوە هەبووە، لە جیهانیش چەندان ئاین هەیە، ئیماندارەکانیش بەیەکەوە لەناو یەک کۆمەڵگەدا ئارام ژیاون و ژیانیان ئاساییە، ئەوەش مانای ئەوە نییە، کەوا جیاوازییەکان و نیگا و ڕامانی جیاوازیش نییە، ئەوەی مەترسی دەخوڵقێنێت تەنیا توندڕەوەکانە، ئەوانە مەترسییان لەسەر هەموو لایەک دروست کردووە، هیواشمان وایە سەرچاوە و دەنگی میانڕەو کاروانەکە بباتە ڕێوە و ئارامی بچەسپێنێت.

کە ئەنبا ڕوفائیل سکرتێری کۆڕەکە لە شاری ئەسکەندەریەی میسر قەداسی میلادی دەکرد، لەوێ ئەوە ئاشکرا دەکات، کەوا چەندان کێشە و ئاریشەی هەڵپەسێردراوی قوبتییەکان هەیە پێویستیان بە چارەسەری بەپەلە هەیە، دیارە ئەوەش دەخرێتە ڕوو و قسە و دانوستانی لەسەر دەکەین، کە ڕەوشەکە ئارام دەبێتەوە و ئارامی بەباشی دەچەسپێت.

کە کڵێساش لە بواری دانوستان و شرۆڤەکانی دەستووری دامەزرێنەر دەکشێنەوە، ئەوەیان بە نیگا و مەبەستێکی نیشتمانییەوە بووە، نەک بە ڕامانێکی مەزهەبی، چونکە دیارە کەوا دەستوورەکە خزمەت بە میسر ناکات، ئەگەرچی سەرەتا ئاماژەیان بە کەمێک دەسکەوت بۆ کڵێسا کردبوو، بەڵام کڵێسا ئامادە نییە وڵاتی میسر لە پێناوی بەرژەوەندییەکانی خۆیدا بفرۆشێت. ئەو ڕاشکاوانە بۆچوونی خۆی لەسەر قودس ڕادەگەیێنێت و دەڵێت:

پاپا تواسروسی دووەم، پاپای ئەسکەندەریە و پەتریکی کرازەی مرقەسیەت، هەمان بۆچوونی پاپا شنوودە و کڵێسا و کۆڕی کڵێساییی دەبێت، ئەوەش بڕیارێکی کۆدەنگییە نەک بۆچوونێکی تایبەتی، ئەو بڕیارەش لەسەردەمانی کیرلسی شەشەمی پێش پاپا شنوودە هەبووە، کە لەلایەن پاپا تواسروسی دووەمەوە ڕاگەیەندراوە. پاپاش زۆر نیگەران دەبێت کە داوا دەکرێت خوداپەرستی لەناو کڵێساکاندا حەرام بکرێت، داواکار بوو وەڵامیان بدرێتەوە، بەڵام توندکاریش قەدەخە دەکات، ئەوەش بەئەرکی سەرشانی کۆمەڵگەی میسری دەزانێت، هەمووش دەبێ هەست بەوە بکەن، کە



قوبتییەکانی میسر لەو ڕۆژگارەدا ڕووبەڕووی چ جۆرە هێرش و چەواشەکارییەک دەبنەوە.

پاپای میسر بە کەناڵی ئێم بی سی میسری ڕادەگەیێنێت:

زۆر سەیرە کە فەتوا دەدەن، ناکرێ جەژنانە لەگەڵ قوبتییەکاندا بکەن، حەرامە مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن، ئەوەش تەنگژەیەکی مەزنە کە ڕووبەڕووی وڵاتەکەمان دەبێتەوە، دەبێ هەموو ئەوە شەرمەزار بکەن و جەژنانەکردن لەگەڵ قوبتییەکان بەئاسایی وەربگرن. ناکرێ لە دەزگەکانی ڕاگەیاندنیش لەسەر ئەو ڕامانە بێدەنگ بن، ئەوانە زیانی زۆر بە کۆمەڵگەی میسری دەگەیێنن.

هەفتەی ڕابردوو، چەندان بڵندگۆ و لایەنی ئیسلامیی میسری و دەستەی شەرعیەتی مافەکان و چاکسازی، کە تێیدا نوێنەرایەتیی ڕەوتە سەلەفییەکان و ئیخوانی موسلمین و کۆمەڵەی ئیسلامیی تێدایە، ئەو داوایەیان کردووە، لەوانە دوو هەفتە لەوەوپێش خەیرەت ئەلشاتر جێگری ڕابەری گشتیی ئیخوان موسلمین، فتوایەکی دابوو کە لەسەر ماڵپەڕەکەیدا بڵاوی دەکاتەوە، تێیدا ڕادەگەیێنێت کەوا جائیز نییە و ناکرێ لە بۆنە ئاینییەکانیاندا، پیرۆزبایی لە کریستیانەکان بکرێت. دیارە کەوا میسر بە فرەڕەگەز و فرەڕەنگییەکەوە جوانە، دەبێ هەموومان بەیەکەوە بەڕووی ئەو دیاردەیە بوەستین.

ئەوەی شایانی باسە کە کریستیانەکان لەناو دەستەی دانوستانی دەستوور دەکشێنەوە، لایەنە ئیسلامییەکان دەبنە زۆرینەی ڕەها و ڕێژەی ٦٤٪ی خەڵکەکەش دەنگ بۆ ئەو دەستوورە نوێیە دەدەن، کە لەلایەن ئیسلامییەکانەوە دارێژرابوو. بۆیەش پاپا وتبووی:

ئەو دەستوورە، کە زۆر دانوستانی لەسەر نەکراوە، هەموو لایەکیش تێیدا بەشدار نەبوون، بۆیە ناکرێ بڕگەکانی ویست و داخوازییەکانی هەموو میسرییەکان بێت، بەوەش بەدگومانی و

بەدحاڵییەک، لەکن قوبتییەکان سەبارەت بەو دەستوورە پەیدا دەبێت. ئەو دەستوورەش کە دەبێتە سەرچاوەی سەرەکیی هەموو پێویستییەکانی کۆمەڵ، بۆیەش دەبێ دەستوورەکە ڕەنگدانەوەی هاووڵاتیبوونی پێوە بێت، دەستوورێک بێت هەموو میسرییەکان بگرێتەوە. بۆیەش کڵێسا کە دەزانێت، دانوستانەکانی دەستوور فرەلایەن نییە، لەو دانوستانەدا دەکشێتەوە، مەسەلەکە بەپەلە کراوە و ڕێزی ڕای گشتی نەگیراوە، بۆیەش زۆر ئاسایی بوو کە لەو دانوستانە کشاینەوە.

لە ڕۆژی میلادا سەرۆکی میسر محەمەد مورسی، بەبۆنەی جەژنەکانی میلاد پیرۆزبایی لە پاپا و قوبتییەکان دەکات، داواکار بووە هەموویان سەربەرز و سەلامەت بژین. هەر بەو بۆنەیەش سەرۆکی میسر نوێنەری خۆی بۆ پیرۆزبایی لە قوبتییەکان ڕەوانەی کاتدرائیەی قوبتەکانی ئەرتۆدۆکسەکان دەکات.

ئەمساڵیش لەبن دەسەڵاتی ئیسلامییەکان، پاش قبووڵکردنی دەستووریش کە مادەی ٢١٩ هەموو بوارەکان ساز دەکات کە شەریعەت پەیڕەو و توندکار بێت. بۆیەش ئاساییە پیاوێکی ئەندازیاری کریستانی تەمەن ٣٨ ساڵی، لەگەڵ هاوسەرەکەی هاوبیر بن لەسەر ئەوەی ترسیان لە دوارۆژی کیژەکەیان لەبن دەسەڵاتی ئەو شەریعەتە هەبێت. خوێندکارێکی تری تەمەن ٢٣ ساڵ، ترسی لەو سیستەمە ئیسلامییە هەیە کە زۆر ئاساییە ژیانی مێینەیەکی وەک ئەو، نالەبار و بەرتەسک بکاتەوە، دیارە دەترسێت، بۆیە ئەو کیژە خاچە گچکەکەی ملی لەبن قەمیسەکەی دەشارێتەوە.

یەکێکی تریان دەڵێت:

ئاسایی نییە بچینە کڵێساکانمان، بەڵام هەرگیزیش ئامادە نیم وڵاتەکەم لەبەر ئەو هەڕەشانە جێ بهێڵێم، بەڵام زۆر لەوانە و پاش نەمانی ڕێژیمەکەی حوسنی موبارەک لە وڵات دەرچوون.

لەناو جەرگەی قاهیرە، لە گوزەری شبرا کە زۆرینەی کریستانن، دوکاندارەکان وا دەزانن کەوا ئاسایی نییە پەیکەرە گچکەکانی حەزرەتی مەسیح دابنێن، زۆر نامەی هەڕەشە ئاراستەی ئەو دوکانانە کراوە، کە ئەو پەیکەر و نموونانە دەفرۆشن، بەڵام زۆریان دەڵێن ئەگەرچی هەڕەشە و نامەی توندمان لەلایەن ڕێکخراوە ئیسلامییە توندڕەوەکانەوە پێ گەیشتووە، بەڵام هەر ئەو پەیکەرانە دادەنێین و دەفرۆشین.

لە ڕۆژنامەی ئەلزەمانی بەغدایی ڕۆژی ١٣ی یەنایەری ٢٠١٣ بڵاو کراوەتەوە.

# هادی زیائەدینی
# یەکێکە لەو شێوەکارە کوردانەی کە لەناو ژماردنی پەنجەکانی دەستدایە

ئا: رۆستەم ئاغالە

هادی زیائەدینی ناسراوترین شێوەکاری کوردستانی رۆهەڵاتە و ماوەی چل ساڵە نیگار و پەیکەر دروست دەکات. وە توانیویەتی شێواز و فیگەری تایبەت بە خۆی دابهێنێ لە کاروانەکەیدا.

فیگەری تابلۆکانی باڵابەرز و ئازا و ئازادیخوازن و زۆریان وا کێشراون ئازاد بوون و سەرکەشی و دەسەڵات نیشان دەدەن. هەندێکیشیان بەند و کۆیلە و بەستراونەتەوە بە پشدێن و گوریسەوە و خۆ ڕادەپسکێنن بۆ ئازادی و سەرکەوتن تێ دەکۆشن.

کارەکانی هادی بۆ دوو بەش بڵاو بوونەتەوە:

واقیعی رۆمانسی و واقیعی سۆشیالیزمی.

ئەو کارانەی لە شێوازی واقیعی رۆمانسین پیاو ژنێکن یا کچێکی بەژن باریکی دەست و پەنجە باریکی، کراسی کوردی گوڵداری لەبەرە و خۆی دەخافڵێنێ بە دار و گوڵ و لقی درەختێکەوە و لە پشت رۆژ هەڵدێ کە مژدە و هێمای ڕاپەرین و رۆژێکی نوێ و رۆژی ئازادی دەگەیەنێت. رووبەری ئەو فۆرمانەی بە رەنگی یەک تۆنی پڕ کردووەتەوە و لە هەندێکیان سێبەر و چرچیشی کردووە شێوەی پڕکردنەوەی سروشتەکانی لە فلّچەی سیزان دەچێت و کراس و دەموچاوەکانیشی وەک گۆگان پڕ کردووەتەوە بە خێرایی یەک تۆن یا زیاتر.

کۆمەڵەی دووەم کە بە واقیعی سۆشالیزم ناساندوومە مرۆڤەکان یا پاڵەوانی کەڤالەکانی ماندوو و برینداری رێگەی دوور و درێژی ئازادی و بەرهەڵستین. هونەری واقیعی سۆشیالیزمی کە دروستبوونەکەی وڵاتی رووسە بۆ بەرگریی نیشتمان و بەرهەڵستیی نەتەوەیی و وڵاتپارێزی هاتووەتە بوون.

ئەو شێوازە بۆ کێشەی نەتەوە ژێردەستەکانی وەک ئێمەی کورد دەوڵەمەندە بە واتا و هەستی رەسەنایەتی و کێشەی نەتەوایەتی... ئەگەر هونەر خۆی بە خاوەن کێشە و بوونی بەرهەڵستی نەتەوایەتی و رزگاریی نەتەوەیی نەزانێ.

ئەوا هونەر بۆ هونەریش نییە، هونەر بۆ کەرەستە و شێوازە. هەروەها هونەری ڕۆژگاری نەک ئێستە نییە هی داهاتووش نابێت. بۆ لە کاری سینەما ئەو هاوکێشەیە دەخرێتە عەقڵ و بیری فەلسەفەی چوارچێوەی کارەوە، وە دەبێتە فەلسەفەی هونەرەکە. کەچی هەندێ شێوەکاری ژێر کاریگەری هونەریی نوێی دنیا گاڵتەیان بە ڕەنگ و فڵچەی هادی و من ئەوانی تر دێت.

گوایە ئەوەی ئێمە دەیکەین لە ئەوروپا و دنیا کۆتاییی پێ هاتووە، با خێرا خۆمان کۆ بکەینەوە تا شەمەندەفەرەکە بەجێی نەهێشتووین و فڵچە و کانفاس و تیوپەکان تووڕ بدەینە سەبەتەی خۆڵی (مهین). وا بیر دەکەنەوە ئێمە بە کوێری مۆزە و گەلەرییەکانی ئەو وڵاتانەمان بینیوە و درکمان بە گۆران و پەیامی هونەر نەکردووە... کاکە بۆ هەموومان لەسەر یەک شێواز، لەسەر یەک سفرە نان بخۆین هەریەکە و ئاگردان و قاپی خۆی بەجیا. ئەوە بزووتنەوەی هونەرمان پێش دەخات، نەک هەموو یەک ئەلفوبێ بنووسینەوە.

هادی زۆر جوان توانیویەتی ناسنامەی بەرهەڵستیی خۆی بە هونەر بۆ نەتەوەکەی ڕابگەیەنێت و لە شوێنی هەزاران شۆڕشگێڕی کوردستانەکەی بە ئاشتی بە چەکی ڕەنگ و پەیکەر بێتە مەیدانەکە.

ئەو نیگارکێشە خۆشەویستە، توانایەکی بەهێزی لە هێڵکاری هەیە و کاری ئەو لەم بوارە بەتین و چەسپیوە، هەروەها شێوەکارانی ئێرانیش ئەو لایەنەی بەرز دەنرخێنن و پێویستە شێوەکارانی کورد بیکەنە بناغەیەک بۆ پەراوەی سکێچەکانیان؟

ئەو تاکە شێوەکاری کوردە بە هێڵکارییەکانی سەرسامی کردبێتم . کە پڕن لە جووڵە و تۆنی خێرا و نەترسانە و هەروەها کەسایەتیی کورد – فیگەری یەکەم و کۆتایەتی. کە زۆر بەهێز وەستاونەتە سەرپێ و بە چاوی کەسایەتێکی بەهێز و تاوان لێکراو دەڕوونن بۆ بۆشایی و نادیاری خاڵ و خەیاڵ. زۆربەیان لەو کەسایەتییانە فیگەری خەڵکی هەژار و گوندین.

پەیکەرەکانیشی لە کۆپیی فیگەری تابلۆکانی دەچن لە شێوەی دنیامیکی و دابەشبوونیان لە بۆشاییدا. لە کاری پەیکەردا پۆرترەتەکانی زۆر ورد کردووە و بە شوێن پەنجەی چاونەترسانە و زۆر بە متمانەوە ئەو تۆپەڵانەی داناوە. بۆ بیر نەچوونم ئەو شێوەکارە ئازیزە زۆر لەژێر کاریگەری مامۆستایەکەیەتی و خۆشی زۆر باسی کردووە بە ناوی (هانیبال ئەلخالس) فارس ناسراوە.

هەروەها توانیویەتی لە شێوەی ڕاستیی کەسایەتییەکە دەرنەچێت و وێکچوونی کەسایەتییەکە خێرا بگەیەنێت. هادی زیائەدینی یەکێکە لەو شێوەکارە کوردانەی کە لەناو ژماردنی پەنجەکانی دەستدایە.

لە ساڵی ١٩٥٦ لە شاری سنە لەدایک بووە و لە ساڵی ١٩٧٧ ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی تارانی خوێندووە.

ئێستە لە شاری سنە ژیان بەسەر دەبات.



شێوەکار هادی زیائەدینی








هەواڵنامەی کتێب



















هەواڵنامەی کتێب

# چۆن موسڵمانەکان بازرگانیی کۆیلەیان لە هیندستان گەشە پێ دا

مارکۆ مارتین

بازرگانە عەرەبەکان، پاشا عوسمانییەکان، کۆمپانیا پۆرتوگالی و ئینگلیزەکان: بە بازرگانیکردنی کۆیلە بۆ زەریای هیندی، خەڵکانێکی زۆریان بۆ ئەم مەبەستە بەکارهێنرا. مێژوونووس "میشائیل مان" لە کتێبێکدا ئەم ڕاستییانە دەردەخات.



لەبارەی قۆناخی"کۆیلەداری"یەوە، ئێمە تەنیا کۆمەڵێک وێنەمان لەبەرچاوە، کە زیاتر ئەوش لەڕێگەی چەند فیلمێکەوە ئەم وێنانە دروستبوون، بۆ نموونە فیلمی "Spartacus سپارتاکۆس" هەروەها فیلمەکەی ستیڤین شپیگلبێرگ "Amistad ئامیشتاد"، هەروەها لە ڕووی جوگرافیشەوە، ئێمە تەنیا خاوەنی دیدگەیەکی ئێجگار سنووردارین، کە ئەویش خۆی لەچەند وێنەیەک دەبینێتەوە: وێنەی کۆیلەیەکی نیوە ڕووت لە ئەنتیک، لەشێکی عارەقاویی هیلاک، لەیەکێک لە کێڵگە کشتوکاڵییەکانی بەرزایل یان ئەمەریکا.

هەموو ئەم وێنە کورتبینانەی ئێمە (کە زۆر جاریش مەرج نییە بە تەواوەتی هەڵە بین)، وای لە مێژوونووسێکی کولتووریی بەرلینی "میشائیل مان" کرد کە بەدواچوونێکی ورد و دروست بۆ کێشەی

........................................................................

وەرگێڕانی لەئەڵمانییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵڵا

لەبیرکراو و کۆنی "بازرگانیکردن بە کۆیلەوە" بکات و کتێبێک لەم بارەیەوە بنووسێت. کتێبەکەی ناوی Sahibs, Sklaven und Soldaten "ساحیب، کۆیلە، سەرباز". ئەم کتێبەش کارێکی نایاب و سەرنجڕاکێشە کە لە مێژووی بازرگانیکردن بە مرۆڤ لەناوچەی زەریای هیندیدا دەدوێت.

"کاتێک بە وردی لەم دیاردەیە بکۆڵینەوە، دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە کۆیلەکردنی خەڵکی و بازرگانیکردن بە کۆیلەوە لە ناوچە عەرەبییەکانی کیشوەری ئەفریکا و ناوچە عەرەبییەکانی کیشوەری ئاسیا*، ئەم بازرگانییە بۆ ناوچەکانی زەریای هیندی زۆر برەویی هەبوو، دیارە چەن فاکتەرێکی ئابووری، کۆمەڵایەتیش لەپشت ئەم بازرگانییەوە بوون. چونکە بەبێ بوونی کۆیلە سیستمی کۆمەڵایەتی و سیاسی و سەربازیی ئەم ناوچەیە نەیدەتوانی بەردەوامی بەژیانی خۆی بدات، یان ئەوەتا زۆر بە زەحمەت دەیانتوانی بەبێ بازرگانیی کۆیلە بەردەوامی بەژیانی خۆیان بدەن."

دیارە ئەم بابەتە تەنیا بۆ مێژوونووسەکان جێگەی گرینگی و بایەخپێدان نییە، بەڵکە ئەم بابەتە بەرەو پرسیارێکی گرینگترمان دەبات: بۆچی تەنیا خەڵک ئەو وێنەیەیان لایە کە لە قوتابخانە و زانکۆکاندا دەیانخوێنن، ئەویش تەنیا باس لەو ملیۆنان کۆیلەی ئەفریکایی دەکات کە خراونەتە ناو پاپۆڕەکانی ڕۆئاوای ئورووپاوە، بۆ ناوچە کۆلۆنیاکانی هۆڵەندی، فرەنسی، بەریتانی، پۆرتوگالی، لە ناوچەی کاریبی و کیشوەری ئەمەریکا براون، هەتاوەکو مردنیش دەبوایە ئەم کۆیلانە لەناو پاپۆڕەکاندا سەوڵ لێ بدەن.

## ڕاوچییە ئەفریکاییەکان ڕاوی ئەفریکاییەکان دەکەن

دیارە یەکەم وەڵامەمان بۆ ئەو پرسیارەی سەرەوە، دەتوانین بڵێین هۆکارێکی سیاسیی ڕووتە: چونکە لەناوچەی زەریای هیندیدا بۆ نموونە لەناوچەی "زنجبار"دا، لێرە ئەم ناوچانە دەکەوتنە ژێر فەرمانڕەوایی سوڵتانی عومانەوە، ئەمانیش عەرەبی موسڵمان بوون و ڕاوکردنی خەڵکی ئەفریکا و کردنیان بەکۆیلە لەلایەن سپی پێستەکانەوە نەبووە، بەڵکە لەلایەن هەندێک خێڵ و ئیتنیکی ئەفریکاییەوە ئەم کارە ئەنجام دراوە.

دوایین دەرئەنجام و وەڵامی کۆتایی ئەم پرسیارەش ئەوەیە: بەحوکمی ئەوەی ڕۆئاواییەکان دانیان بە تاوانەکانی خۆیاندا ناوە کە لەو ماوەیەدا کردوویانە، بە شێوەیەکی زۆر توندڕەوانەش "ڕادیکالانە" ڕەخنەیان لە خۆیان گرتووە، بەجۆرێک لە زانکۆکانیاندا هیچ وەختێک لەکاتی لێکۆڵینەوە و توێژینەوە لەمەڕ بابەتی "بازرگانیکردن بە کۆیلەوە"، تەنیا و تەنیا خۆیان بە تاوانبار زانیوە، هەتاوەکو لەم دواییانەدا لێکۆڵینەوەی تازە لەمەڕ ئەم بابەتەوە کراوە.

پێ دەچێت ئەمە کارێکی جوامێرانە بێت، کە ئێمە دەرئەنجامێکی نوێمان دەستکەوتووە، ئەویش لە ڕێگەی ئەو لێکۆڵینەوەیەی کە یەکێک لە مامۆستاکانی زانکۆی Humboldt Universität ئەویش "میشائیل مان"ە. ئەو توانیی نیوەی ڕاستییەکانمان بە جوانی بۆ دەربخات. بەپێچەوانەی ئەو

جۆرە کۆیلایەتییەی کە لە ئەمەریکا هەبوو کە زیاتر "کۆیلەداریی کێڵگەیی" بوو، لە زۆربەی ناوچەکانی زەریای هیندیدا "کۆیلەی ماڵداری" هەبوو.

بەجۆرێک لە ناوەراستی سەدەی نۆزەدەدا، کاتێک بەریتانییەکان و فرەنسییەکان لەڕووی یاساییەوە کۆیلەدارییان قەدەخە کرد، بەڵام هێشتا لەناو کۆڵۆنیاکانیاندا نەریتی کۆیلەداری هەر ماوە.

## هەتاوەکو ساڵی ١٩٢٥ لە بورما Burmaی بەریتانیایی

چ لە بەنگال، یان لە ئاسام، نیپاڵ، یان لە مەدەقەشقەر، کۆیلەکان یان ئەو کۆیلانەی کە لە ماڵەکاندا هەبوون، هەموویان "پێست ڕەش" بوون، کە هەتاوەکو ئەو ساڵانەش ئەمە کارێکی ئاسایی و ئابووریی ئەم ناوچانە بووە. ئەمەش بەردەوام بووە هەتا ساڵی ١٩٢٥، لەو کاتەدا دەسەڵاتدارانی کۆڵۆنیالیستی بەریتانی لەم ناوچەیەدا بوون، لەهەمان کاتیشدا بەحوکمی ئەوەی ئەندامی "کۆمەڵەی گەلان**" بوون ناچار بوون کە کۆیلایەتی نەهێڵن و تەنانەت بۆئەوەی لە باکوری "بورما" کۆتایی بە کۆیلایەتی بهێنن ناچاربوون ڕێگەی سەربازی بەکار بهێنن، لەوێندەر گەلێکی شاخاوی بۆ ماوەی سەدان ساڵ کۆیلەکردنی ئێتنییە بچووکەکانی دەوروپشتیان بووبووە نەریتێکی ئاسایی ئەم گەلە.

لەپەنای بوونی ئەم " کۆیلەداریی ناو ماڵان"دا ڕاوکردنی کۆیلەش لە هەندێک شوێنی تردا بەردەوام بوو، کە ئەمەش وای کرد هەزاران کۆیلە لەڕێگەی دەریاوە بە تۆپزی بهێنرێنە ئەم ناوچانە. بەڵام لێرەدا کۆمەڵێک پرسیاری گرینگ قووت دەبنەوە:

ئاخۆ بە تەواوەتی ئەم کۆیلانە لە کوێوە دەهێنران؟ کێ ئەم کۆیلانەی دەگرت؟ کێ دەیفرۆشتن و کێش دەیکڕین؟ ئاخۆ ئەو کۆیلانە چ چارەنووسێک چاوەڕێی دەکردن لەم ناوچانەدا، لە کاتێکدا کە بە کاروان و پاپۆڕ بۆ ئەم ناوچانە دەگوازرانەوە؟

بەپێی نەخشەی ئەو ڕێگە ئاوییانە و ڕێگە بازرگانییانە بێت کە وەک "میشائیل مان" دەریخستووە، ئەم بازرگانییە بەتایبەتی لەسەرەتای سەدەی پانزەوە زۆر بە بەهێزی دەستی پێ کردووە و بازاڕی هەبووە. بەپێی ئەو نەخشانە بێت، ئەو خەڵکانە لە کەنارەکانی ڕۆهەڵاتی ئەفریکاوە ڕفێنراون و کراون بەکۆیلە، پاشان بە گرووپ هێناویانن بۆ ناوچەکانی "کەنداوی فارس، ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، ئێران، بەتایبەتی شاری بەندەر عەباس کە ڕۆڵێکی ئێجگار سەرەکیی بینیوە لەم بازرگانییەدا، ڕێک وەک چۆن جاران شاری بەسرە ئەم ڕۆڵەی گێراوە. جێگەی گوتنە شاری بەسرە دەکەوێتە عێراق.



ئەو تابلۆیە لەلایەن تابلۆکێش (گیلیۆ ڕۆساتی ١٨٥٨–١٩١٧) کێشراوە، ناوی تابلۆکەشی "Ein Kauf für den Harem"

هەواڵنامەی پێشڕەو

## شەش لە سەدی هەموو دانیشتووانی وڵات

بەپێی توێژینەوەکانی پسپۆر و لێکۆڵینەوەکان بێت، وا مەزندە دەکرێت کە لە ساڵی ١٧٢٢ نێزیکەی ئەو ڕێژەیەی سەرەوە "واتە شەش لە سەدی دانیشتووان"، کۆیلە لە کەنارەکانی ڕۆهەڵاتی ئەفریکاوە بۆ ئەم ناوچانە گوازراونەتەوە. لەوێندەر وەکو کرێکاری "گەڕان بە دوای مرواری"، ماسیگر، کارکردن لە کێڵگە کشتوکاڵییەکان، خزمەتکاری ناو ماڵان، کاریان بەو کۆیلانە کردووە.

هەرچەندە بە تێپەڕبوونی کات هەندێک ڕەوشی ژیانیان گۆڕا، بەڵام هێشتا بە ڕوونی سنووریان بۆ دیاری نەکرا، ئاخۆ ئەمانە وەکو "کۆیلە" یان نیوە "کۆیلەی ئازاد" مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن. زۆر جار دەبوونە ئەندامی ئەو خێزانەی کە کۆیلەکەی کڕیوە و دەبوونە ملکی ئەو خانەوادەیە، زۆر جار وەکو سامان و موڵکی خێزانەکە سەیری کۆیلەکان دەکرا.

دیارە کاتێک باسی ئەم بابەتە دەکەین، مرۆڤ هیچ خۆشحاڵ نابێت یان کاتێک ئەو دیمەنانە دەبینێت، ئەم نەریتی کۆیلەدارییە و چەوساندنەوەی مرۆڤە، کە بووەتە کۆڵەکەی سەرەکیی نەریتەکانی ناوچەکە، کە زۆر جار کۆیلەکان وەکو ئەو کۆیلانە ژیاون کە لە کانەکانی خەڵووز و ئاڵتوونی باشووری ئەفریکا یان کۆیلەکانی کێڵگە کشتوکاڵییەکانی ولایەتەکانی باشووری ئەمەریکا بە زۆرەملێ کاریان پێ دەکرد. جێگەی گوتنە ئەم نەریتی کۆیەلەداری و بازرگانیکردن بە

کۆیلەوە، هەتاوەکو ئێستاش لەم ناوچانەدا ماوە، بەتایبەتی لە وڵاتانی "سودان، و مۆریتانیا".

لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەدا، ئەم بازرگانییە ئێجگار گەشەی سەند و گەیشتبووە ترۆپک: ساڵی ١٨٢٠ کاتێک ئیمپراتۆریەتی ئوسمانی واز لە ولایەتی میسر دەهێنێت و "محەمەد عەلی" دەبێتە حوکمڕانی قاهیرە، لە کێڵگەکانی قامیشی شەکر و لۆکەدا، بەهەزاران کۆیلەی ئەفریکایی کاریان پێ دەکرێت.

لەم کاتەدا ساڵانە دە هەزار کۆیلە دەهێنران بۆ میسر و لە بازاڕەکاندا دەفرۆشران. لەلایەکی ترەوە لە دورگەی "زنجبار" لە عومان کۆیلەیان لە کێڵگەکاندا بەکاردەهێنا و بە زۆرەملێ کاریان پێ دەکردن. وا مەزندە دەکرێت ساڵی ١٨٦٠ نێزیکەی ٢٠٠ هەزار کۆیلە لە کێڵگە کشتوکاڵییەکانی عوماندا کاریان پێ کراوە.

## مێژووییەکی ئینجیلی لەبارەی "هام"ەوە

بەتایبەتی لە دوورگەی "زنجبار" مەیدانێکی تایبەتی تێدا بووە بۆ فرۆشتنی کۆیلە کە بووەتە بازاڕێکی ناودەوڵەتی بۆ بازرگانیکردن بە کۆیلەوە. ئەم مەیدانەش لەساڵی ١٩٠٥دا گەیشتبووە ترۆپکی گەشەسەندنی. یەکێک لە بازرگانە گەورەکانی ئەم ناوچەیە ناوی "حەمەد بن محەمەد الموجەربی" بووە کە خاوەنی کێڵگەیەکی گەورەی کشتوکاڵی بوو لە ناوچەی "Tip alias Tippu عەلیاس تیپو تیپ" لەوێندەر کۆیلەی بەکارهێناوە.

جێگەی گوتنە پێش چەند ساڵێک سەربوردەی ئەم پیاوە کرایە بابەتی ڕۆمانێکی ڕۆمانسی، نووسەری بەرلینی "هانس کریستۆفەر" لە ڕۆمانە ناودارەکەیدا Sansibar Blues زۆر بەجوانی ڕەنگی داوەتەوە. دیارە ئەم دیاردەیە بۆ ماوەی سەدان ساڵ بەشێوەیەکی یاسایی بەردەوام بووە.

جێگەی گوتنە ڕفاندن و ڕاوکردنی خەڵک لەناو "ئینجیل"یشدا بوونی هەیە، هەروەها لەلای ئیماندارە موسڵمانەکانیش هەمان شت بووە. "حام" کە کوڕی سێیەمی پێغەمبەر "نوح" بووە، بەحوکمی ئەوەی نەخۆش و ڕەش پێست بوو، زۆر ئاسایی پاشتر کرا بە کۆیلە. بەم شێوەیەش ڕێگە خۆش کرا لەڕووی ئاینەوە کۆیلەداری بەردەوام بێت. بۆ بازرگانە عەرەبەکان و خاوەن کۆیلەکان زۆر ئاسایی و خۆشبەختانە ئەم کارەیان دەکرد و پشتیان بە دەقە ئاینییەکان دەبەست.

جێگەی گوتنە ئێتنییە ئەفریکاییەکانی ناوەخۆی کیشوەری ئەفریکا، بەتایبەتی ئەوانەی کە خاوەنی ئاینێکی "پتپەرستی" بوون پێویستییان بە دەقێکی ئاینی نەبووە، بەتایبەتی لە ناوچەکانی (ناوەڕاست و ڕۆهەڵاتی ئەفریکا، بەتایبەتی ئەوانەی کە دەکەونە نێوان ناوچەکانی سامبەسی و ڕوڤوما)، خێڵەکانی "یاو، ماکوا، مارافا" شەڕیان لەنێوان خۆیاندا دەکرد بۆئەوەی کۆیلەیان دەست بکەوێت.

## پێداویستییەکانی کێڵگە کشتوکاڵییە فڕەنسییەکان

ئەو کۆیلانەی کە لە ناوچەی "کەناری عاج" گرتبوویان، دەست کرا بە فرۆشتنیان بە بازرگانە پۆرتوگالییەکان، ئەوانیش یەکسەر سواری پاپۆڕیانکردوون گواستنوویانەتەوە بۆ برزایل و لەوێندەر فرۆشتوویانن. ناوچە فرەوانەکانی ئەفریکا کە ئەمڕۆ بە وڵاتانی "مۆزەمبیق، کۆنگۆ، تەنزانیا و کینیا" ناودەبرێن. ئەم ناوچانە بوونە مەیدانێکی گەورە بۆ ڕاوکردنی مرۆڤ و لەم کارەش خەڵکانێکی زۆر سوودمەند بوون، بەتایبەتی خێڵە ناوخۆییە ئەفریکاییەکان و بازرگانە ئۆروپایی و عەرەبەکان.

ئەو خەڵکانەی کە بەم جۆرە ڕاو کرابوون لە ساڵی ١٧٣٠وە بازرگانە عەرەبەکان دەیانخستنە ناو پاپۆڕەوە و بەناو زەریای هیندیدا دەیانگواستنەوە بۆ وڵاتی مۆریتانیا، کە پاشتر بەو کۆچبەرە فرەنسیانە دەفرۆشانەوە کە هاتبوونە ئەم وڵاتەوە، ئەم کۆیلانە لە کێڵگە کشتوکاڵییەکاندا بەتۆپزی کاریان پێ دەکرا.

جێگەی گوتنە بەهەمان شێوەش دوورگەی "لا ڕونیۆن"ی فرەنسیش ئەم شتەی تێدا ڕوو دەدا. دیارە لەکاتی خوێندنەوەی ئەم کتێبە مێژووییەدا خوێنەر زیاتر تووشی سەرسامی دەبێت، بەتایبەتی کاتێک ئەو دیمەنە قێزەونانە دەبینێت. بەڵام خوێندنەوەی ئەم کتێبە نابێتە هۆی دروستبوونی حاڵەتێکی ناخۆش و بێزراکەر لای خوێنەر.

لێرەدا نووسەر باس لە شیرزاەی کۆمەڵایەتیی ئەو ناوچانە دەکات و قسە لەمەر کۆڵەکە سەرەکییەکانی ئەم کۆمەڵگەیانە دەکات کە لە سنووری باشووری هیندستانەوە دەست پێ دەکات، هەتاوەکو سنووری وڵاتی مۆریتانیا، کۆیلەکان بە تۆپزێ سواری کەشتی کراون و گوازراونەتەوە. ئەمانیش هەمان چارەنووسی ناخۆشی کۆیلەی کەنارەکانی ڕۆئاوای ئەفریکایان هەبوو.

تاکە جیاوازی لەنێوان ئەم دوو جۆرە سیستمی کۆیلەدارییەدا ئەوە بوو: ئەو کۆیلانەی کە لەلایەن "سپی پێستەکانەوە" دەکڕان، بۆیان هەبوو لەناو خۆیاندا خێزان دروست بکەن و پاش چەند ساڵێکیش دەکرا ئازادانە بژین، لێ کۆیلەکانی زەریای هیندی، لە ئوردوگایەک یان بەندیخانەیەک قایم دەکران، ژنەکانیش دەفرۆشران بەو پیاوە پیرانەی کە خەڵکی وڵاتەکە بوون. ئەم پرۆسەیەش هەتاوەکو کۆتایی سەدەی نۆزدە هەر بەردەوام بووە.

## کەشتیی بوخاری بۆ ڕاوکردنی کەشتیی کۆیلەکان

هەرچەندە لەو کاتەدا ئیمپراتۆریی ئەڵمانی بەشێوەیەکی زۆر کەم قسەی لەبارەی "زنجبار"ەوە کرد، بەڵام بەشێوەیەکی جددی، هیچ هەنگاوێکی لەدژی نەمانی "کۆیلەداری" نەنا. هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە:

"بەرپرسانی کۆلۆنیالی ئەڵمانی، بەشێوەیەکی جددیانە نەیاندەویست دەست بۆ کۆیلەداری و

هەواڵنامەی کتێب

بازرگانیکردن پێوەی بەرن، چونکە دەترسان لەناو چینی ئەرستۆکراتی ئەڵمانیدا کێشە دروست ببێت، چونکە بەشێکی زۆریان خەریکی بازرگانیکردنی کۆیەلە بوون."

کاتێک کۆڵۆنیالیزمی ئوروپی کۆتایی بە سیستمی کۆیلەداری هێنا، بازرگانە عەرەبەکان بەتەواوەتی کۆنترۆلی ئەم کارەیان کردبوو و بووبووە پیشەی سەرەکیان. لەبارەی ئەم دەبڵ مۆراڵییە "یان دووڕووییە"، دەتوانین نموونەیەک بهێنینەوە: لە کەنارەکانی دوورگەکانی مالیزیا کەشتییە بوخارییەکانی بەریتانیا، دەستیان کرد بە ڕاوکردنی ئەو کەشتییانەی کە بازرگانە عەرەبەکان پڕیان کردبوو لە کۆیلە، بەتایبەتی لە ناوچەی "دهواس".

لەم بارەیەوە کەپیتانی بەریتانی جوزێف کۆنراد: کە جگە لەوەی کەپیتان بوو نووسەرێکی ڕۆمانیش بوو، لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا ئەم کارەی کردووەتە بابەتی سەرەکیی ڕۆمانەکەی.

جێگەی گوتنە کۆتاییهێنان بە بازرگانیکردنی کۆیلە لە سنوورەکانی زەریای هیندی، هیچ پێوەندیی بە پرەنسیبە مۆراڵییەکانەوە نەبوو، بەڵکە هۆکارێکی بنەوانیی ئابووری لەپشت ئەم سیاسەتەوە بوو. دەتوانین ڕوونتر بڵێین:

"ڕاوکردنی مرۆڤ و پاشان گواستنەوەی بۆ شوێنێکی تر و چاودێریکردنیان، زیاتری تێ دەچێت هەتاوەکو بەشێوەیەکی "ئازادانە" لەرێگەی پێدانی کرێیەکی ئێجگار کەمەوە دەتوانیت باشتر ئەو مرۆڤە بکەیتە کۆیلە. ئەم ڕێگەیەش لەوی تریان زۆر ئابڕوومەندانەتر دێتە بەرچاوی خەڵکی."

لەبەرئەوەی "میشائیل مان" کتێبەکەی بەشێوەیەک نووسیوە کە دوورە لە خۆبەستنەوە بە ئایدۆلۆجیاوە و بابەتەکەی بەشێوەیەکی ئەکادیمیانە باس کردووە، توانیویەتی بەبێ هیچ پێچ و پەنایەک و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەرئەنجامی تەواو دروست، لەبارەی چەوساندنەوە و نەچەوساندنەوەی هێزی کرێکاران دەربخات.

هەر لەبەرئەوە هیچ ئاینێک، هیچ نەتەوەیەک، یان ئێتنێک، ناتوانێت خۆی لەبارەی "کۆیلەکردنی مرۆڤەوە" بەبێ گوناح و بێ تاوان لەقەڵەم بدات و خۆی لە بەرپرسیارێتیی مۆراڵی "ئەخلاقی" لەمەڕ ئەم پرسەوە بدزێتەوە و پەنجەی مۆڕالیستی بۆ خەڵکی تر بەرز بکاتەوە.

پەراوێزەکان:

* لێرەدا نووسەر مەبەستی لە ناوچەی باکوری ئەفریکا و ڕۆهەڵاتی ناڤینە. واتە ئەو ناوچەیەی کە عەرەبە ناسیۆنالیستەکان پێی دەڵێت، نیشتمانی فرەوانی عەرەبی. (و.ک)
* کۆمەڵەی گەلان "عصبە الامم" لەپاش کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی دورست بوو. پێش ئەوەی ڕێکخراوی "نەتەوە یەککرتووەکان" دروست ببێ. ئارمانجی پاراستنی ئاشتی بوو لە جیهاندا. بەڵام سەرکەوتوو نەبوو. (و.ک)

سەرچاوە: ڕۆژنامەی ڤێلتی ئەڵمانی

# پیاوە پیجاما شینەکە

## بیرەوەریی گرتییەک

جەلال بەرزنجی

### ئەڵقەی یەکەم

---

### پێشەکی

جاری یەکەم چاوم بە جەلال بەرزنجی و هاوژینەکەی سەباح کەوت، ئەو کاتە بوو ناسناوی "نووسەری تاراوگە"ی سەنتەری پێن[1]، لە ئێدمۆنتنی پێ درابوو.

هەبوونی ئەم جۆرە ناسناوە پرسیارێکی نامۆی ئەبەدی دێنێتە پێشەوە: بۆ دەبێ- خەڵکی دەسەڵاتدار- نووسەران بگرن، لێیان بدەن، بیانکوژن؟ بۆ ئەوەندە لە وشە دەترسن؟ ئەم ترسە زۆربەی دەسەڵاتداران دەگرێتەوە. بێگومان، لە سیستەمە دیموکراتەکاندا ئەوەی لە دەستیان دێ سنووردارە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوانەی دەسەڵاتدارن لە وشە دەترسن و دەیانەوێ سنووورداری بکەن.

جەلال، وەک شاعیرێکی لاو لە عێراقی کوردیدا، چ چەکێکی هەیە؟ دەبێ ئێمەی نووسەر چ چەکێکمان هەبێ؟ چەکی بکوژ؟ دەسەڵاتی ئابووری؟ دەسەڵاتی کارگێڕی؟ هیچ یەکێ لەمانەمان نییە. ئێمە تەنیا وشە و زاراوەمان هەیە بەدەستەوە.

من بڕوام وایە توانی گەیاندنی شتێک- مەرج نییە ئەو شتە دیاریکراو بێ- بەلای کەسانی دەسەڵاتدارەوە ترس دروست دەکا. ڕەنگە ئەوەندە توانی گەیاندن نەبێ، وەک ئەوەندەی توانی پاڵنانی کەسانی ترە بۆ ئەوەی هەست بکەن. شتێکی وا سادە- تەنیا شتێکە کە دەسەڵاتی ڕێکخراو ناتوانێ بەتەواوی کۆنترۆڵی بکا.

جەلال لە ناو دنیایەکی کوردانەدا لەدایک بووە، کە گونجاو نەبوو لەگەڵ دنیای فەرمیی دەوڵەتی

.............................................................

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: عەوف عەبدوڕەحمان



هەواڵنامەی کتێب

نەتەوەییی سەدەکانی ١٩ و ٢٠، کە سنوورە ڕاگەیەنراوەکانیان بەهۆی شەڕەوە دەهاتنە بڕین و پەیماننامەکان دەستنیشانیان دەکردن. ئەو لە سەردەمی ڕواڵیدا، دەستی پێ کرد، لەڕێی شیعری خۆیەوە دەربڕین لە دنیایەک- بیری کولتوورێک- بکا کە گونجاو نەبوو لەگەڵ مۆدیلی دەوڵەتی نەتەوەییی فەرمیدا. ئەو بەبەرائەتەوە بووە یەکێک لەو کەسانەی بەبێ ڕوونکردنەوە خاوەن وشەی ترسێنەر بوون.

لەوێوە، بە پیجاما شینە تەنکەکەیەوە، لەناو باوەشی خێزانی خۆی دەرهێنرا و فڕێ درایە دێوەزمەیەکی ژێر زەویی لێدان و زیندانی ڕووت. لەو کاتەوە و لەگەڵ ڕۆژگاردا سێ جاران ژیانی خۆی بنیات نایەوە. جاری سێیەم خۆی و خێزانەکەی گەیاندە کەنەدا و ئێدمۆنتن.

توانی جەلال لە وەسپکردنی ژیانی دنیای کوردەواریی خۆی لە شاری هەولێر، توانی دەربڕینی سروشتی توندوتیژی و ویستی دەسەڵات بۆ سووکایەتیکردن و، ئەو شێوازانەی کە تاکەکان یان لێیان دەرباز دەبن یانیش بەهۆیانەوە دەمرن، وەسپی ئەو بۆ ڕاستییە کردەنییەکانی ڕاکردن بەرەو تاراوگە- گشت ئەو شتانە ورووژێن و ئاشکراکەرن. لەوانەیە لەبەرئەوەی کە ئەو شاعیرێکی پڕ لە وزەی شیعراوییە، توانیویەتی جەخت بکاتە سەر حەزی فێلاوی لە چەوسانەوە و، سەر ڕاستییەکانی ئەو فاسولیایانەی خوراون، ئەو ئۆتۆمۆبیلانەی لەسەر ڕێگەی بەرەو ئازادیدا تێکشکاون و، ئەو فەرمانبەرە بچووکانەی بە جوامێری یان نەفسنزمی سەرسامت دەکەن. ئێمە دەقاودەق پاڵنراوینەتە ناو ژیانی جەلال و ژیانی خێزانەکەی.

ئەو، کاتێ لەگەڵ خۆیدا بەتەواوی ئەو ڕێگەیەدا دەمانبا تا گەیشتووەتە ئێدمۆنتن، وردەکاریی

ورووژێنیمان پێ دەڵێ: پێڵاوی هەڵە، فەرمانبەری هاوکار- سوپاس بۆ خوا و- بنیاتنانەوەی ژیان بە زمانێکی نوێ و کولتوورێکی نوێ.

ئەم کتێبە گێڕانەوەیەکی زیندووی ڕاستیی کوردییە، هەروەها ژیانی ڕاستەقینەی نووسەریشە. ڕوونکردنەوەی ئەوەیە کە بۆ و چۆن ولاتەکەی ئێمە بەبەردەوامی بە گەیشتنی کەندایی نوێ بەهێز دەبێ، ئەوانەی ئازایەتی و تێگەیشتنی خۆیان لە ڕاستییە مرۆییەکان و، توانی خۆیان لە مامەڵەکردن لەگەڵ شڵەژانەکانی ژیاندا سەلماندووە. ئەوان بەهێزمان دەکەن، لەبەرئەوەی بەو هەموو بەهێزییانەوە دەگەنە ئێرە کە مەرجن بۆ هاوولاتیی باش- ئازایەتی، وشیاری و ڕۆشنبیری.

من ژیانەکەی جەلال نەژیاوم، بەلام ئەو منی بۆ ناو ئەو ژیانە بەکێش کرد و وای کردووە خوێنەر وا بزانێ کە لەگەڵ ئەودایە. ئەم زانینە بزوێنەرەی ئەو پێشکێشی کردووە، ئێستا بەجۆرێک لە جۆرەکان بەشێکە لە خەیاڵی من. ئەمە هونەرێکی داهێنەری پڕ بەخششە، من لە بەرامبەریدا سوپاسی دەکەم.

جۆن رالستن سۆول



## دەسپێک

کە جاری یەکەم، کوردستانی بەشەڕ لەتبووم بەجێ هێشت، دەبوو چەندان سنوور ببڕم، متمانە بە قاچاخچییان بکەم بۆ ئەوەی بمگەیەننە تورکیا، ئێنجا ئۆکرانیا و دواتر بەرەو نوایەکی ئارام لە وڵاتێکی ئەورووپاییدا. کاتێ کە منیان بۆ تورکیا گێڕایەوە پلانەکەم بەخراپی نووچی خوارد. پاش ١٤ مانگی سەخت لەوێ، لە کۆتادا کەنەدا لە ١٩٩٨دا دەرگەی خۆی بەڕووی خێزانەکەم و خۆمدا کردەوە. لەم گەشتە درێژە بەسەر پارزەوینەکاندا، سەختی و مەترسیگەلی فرەلایەن ڕووبەڕووم بوونەوە. گەورەترین ترسی من لەوە بوو کە لە حەزی نووسین بێمە دابڕین. بە درێژاییی ئەو ماوەیە، بۆچوون و یادەوەرییەکانی خۆم لە دڵم و لە یادگەمدا هەڵگرتبوو. هەروەها جەختم لەوە دەکرد کە هێشتا گشت ئەو تێبینییانەم پێیە کە لەسەر ئەو پارچە کاغەزانەی بە قاچاخ لە ماوەی گرتنمدا دەگەیشتنە ناو گرتووخانە بۆ لام.

هەر زوو زانیم کە من لە وڵاتێکم تیایدا دەتوانم بەبێ کۆت و سانسۆر بنووسم، لێرە بۆ ئەنجامدانی ئارەزووەکەم ناچار نیم باجی خوێن یان فرمێسک بدەم. ئەمە بەلای منەوە کە نووسەرێکی خەڵکی وڵاتێکم ئازادیی دەربڕینم تیایدا نەدیوە، شتێکی سەیر بوو. لەبەرئەوەی دەبوو فێری ئینگلیزی ببم و کارێک بدۆزمەوە، تەواو خۆم ماندوو دەکرد بۆ ئەوەی کات و ماوە بۆ نووسین دابین بکەم، تا ئەو کاتەی خەون بوو بەڕاستی: لە ٢٠٠٧دا، من وەک یەکەم نووسەری تاراوگە لەلایەن سەنتەری کەنەدای (پێن)ەوە دەستنیشان کرام. یەک ساڵی تەواوم هەبوو بۆ ئەوەی گشت کات و توانی خۆم بۆ نووسینەوەی بیرەوەرییەکانم تەرخان بکەم. گەڕانەوەم بەسەر ڕابردووی خۆمدا لەسایەی خۆشگوزەرانیی تاراوگەدا، وای کرد بزانم ژیانی من چەند بەژان و لە هەمان کاتدا چەند پڕ خەڵات بووە کاتێک لە سایەی کولتوورێکدا ژیاوم تیایدا تراجیدیا و کۆمیدیا بەیەکەوە بە بەردەوامی ئاوێتە دەبن و، سەرباری چەندان دەیەی شەڕ و دڕندایەتی و هەژاری ژیانی ڕۆژانە هەر بە کوڵ و بە جۆشەوە بەردەوامیی هەیە.

## پێناس

لەم بیرەوەرییانەدا، لەبارەی تاراوگە و ژیان لەسایەی زێدەڕۆییی سەدام حوسێن، جەلال بەرزنجی بەهێزەوە ئەزموونی کوردی بەئینسانی دەکا. تاڵی، ئاماژەکردن بەپەنجە و تۆمەتبارکردنی بەرامبەر وەلاوە نراون، بەمەش مسۆگەری دەکا کە خوێنەر، هنری جێمس گوتەنی، لە چیرۆکەکەدا بەفرەوانی بەشدار بێ.

لە چەندان قۆناخی ژیانیدا، لەگەڵ بەرزنجیدا بەیەک دەگەین: ئەو کوڕە شەرمنە زانینخوازە بچکۆلانەیەی تا ڕادەیەک دوورەپەرێز لە گشت ئەوانەی دەوروبەری، ئەو ڕوواڵەی شەیدای کچە کارمەندێکی کتێبخانەیە کە تۆزی سەر کتێبەکان بە ساوینیان بە سینگی خۆیدا پاک دەکاتەوە، ئەو ئارەزوومەندی تۆپێنەی بەلایەوە هیچ نەبوو گشت ئەو پارەیەی خۆی و هاوڕێکەی بە فرۆشتنی

گوڵەبەڕۆژەی برژاو پەیدایان کردبوو بە تۆپێکی لاستیک بدا، ئەو پیاوە گەنجەی کە پێی وا بوو بە زیادکردنی چەترێک بۆ ئەو شتە کەمانەی هەیەتی، دەبێتە خاوەنی هەموو شتێک. بۆ بەرزنجی تەنیا کورسییەکی لای پەنجەرەی قوتابخانە و لەفەیەکی سادە پێش نیوەڕۆ بەسن بۆ ئەوەی ژیانی لا خۆشەویست بێ. زۆری نەبرد ئارەزووی شەق لە تۆپ هەڵدان بە خەیاڵاتی شیعر جێی پڕ بووەوە، ناوبانگ و دەرکەوتن پێش تەمەنی ٣٠ساڵی هاتن. وەک باوکیش، دەیسەلمێنێ کە وەک هەر دایکێکی کورد سۆزی بۆ کچە چکۆلانەکەی دەیتوێنێتەوە. ئینجا بڕگە خەمبارەکە دێتە پێشەوە: بەرزنجیی گرتووی سیاسی ڕووبەڕووی ڕۆژ و شەوگاری درێژی دابڕان و ئازاردان و سووکایەتیپێکردن و نەبوون و دڵەڕاوکە دەبێتەوە.

هەروەها بەرزنجیی چیرۆکگێڕەوەی چاوتیژمان هەیە، کە دەزانێ چی تۆمار دەکا و کەی چیرۆکەکەی خۆی دەخاتە بەر دەستی ئەوانی ترەوە. هەموو ئەو کەسانەی لەگەڵیاندا بەیەک دەگا بە چیرۆکگێرەوەی وەک خۆی دێنە بەر چاوان. یەک بە یەکی ئەوان دەمانبەنە ناو کولتووری کورد، کە وەک کولتوورەکانی تر دەشێ لە یەک کاتدا بەسۆزیش و دڵڕەقیش بێ. پیاوێکی ماندوو بەڕۆژ و سەرخۆشێکی گاڵتەچی بەشەو، خۆی لە سایەی ناڕەزاییی دراوسێکانیدا دەبینێتەوە. باوکێکی خەمبار، ئەم ڕادەچڵەکێنێ، کاتێ دان بەوەدا دەنێ کە هەرگیز ئەو کوڕە خۆشەویستەی ئێستا دەینێژێ (کە یەکێکە لەو گیانە زۆرانەی بەشێوەی تراجیدیایی لە سایەی سەدامدا دەرچوون) ماچ نەکردووە، بەخەمەوە ئەو لەسەر ئەوە پەروەردە کراوە کە ماچکردنی منداڵ لەبەر چاوی کۆمەڵگە بەناپیاو پێشانی دەدا. لێرەدا خەیاڵ، کە هێشتا بەهۆی تیلیڤزیۆن و بازرگانییەوە سووک نەبووبوو، باشترین دۆستی گرتووەکە بوو. گرتووەکان چیرۆک لە دوای چیرۆک دەهۆننەوە لەبارەی ئەزموونگەلێکەوە کە لەمێژە ژیان لە ڕۆژئاوادا وەبەریان ناهێنێ. دنیای ئەوان، دنیایەکە هێشتا وشە تێیدا هێزی سەرسوڕهێنان و دڵخۆشکردنی ماوە. هەروەها تووشی پیاوگەلێک دەبین کە بەتوندی گفتوگۆ لەسەر ئاین، ئافرەت، منداڵ، سیاسەتوانان، ئەلکۆل، خۆشەویستی و سێکس و شتانی تر دەکەن.

لەسەر ئاستێکی فرەوانتریش، بیرەوەرییەکانی مێژووی گواستنەوەی عێراق لە وڵاتێکی تا ڕادەیەک ئارام و خۆشەوە بۆ دەوڵەتێکی هاوسەردەمی پۆلیسی، کە تیایدا خەڵکی ئاسایی، وەک جەلال بەرزنجی، زۆر بەئاسانی خۆیان لە کونجی گرتووخانەکاندا دەبیننەوە و تووشی سووکایەتپێکردن و ئازاردان و لە هەندێ جاریشدا کوشتنی دڕندانە دەبن، تەنیا لەبەرئەوەی گومانی هەڵگرتنی بۆچوونگەلێکیان لێ دەکرێ کە دەوڵەت پێی وایە لەگەڵ بیری تۆتالیتاریی خۆیدا نەگونجاون. بۆیە، ئەم کتێبە کۆمەڵێک هۆکار دەخاتە بەر دەستی ئەو کەسانەی دەیانویست ڕێژیمی سەدام حوسێن بەردەوامیی هەبێ، بۆ ئەوەی بەو هەڵوێستەیاندا بچنەوە. لەگەڵ بەردەوامیی چیرۆکەکەدا، خۆمان لە دنیایەکدا دەبینینەوە کە تیایدا دەوڵەتێک ئەشکەنجەدان و لەداردان نەک تەنیا بۆ لەناوبردنی خەڵک بەکار دێنێ، بگرە لەوە گرینگتر ئەوەیە کە ئەمانە بۆ ئەوە

بەکار دێنێ کە ترس لە دەوڵەت بکاتە هەستێکی نەتەوەیی- ئامانجی گەورەتر بریتییە لە لەناوبردنی یەکجارەکیی بیرکردنەوەی تاک. لەم دنیایەدا هیچ شوێنێک نییە، تەنانەت ماڵی مرۆڤ خۆیشی، کە تیایدا هەست بکەی لەو ترسە بەدووری. تەنانەت شاعیرێکی مۆدێرنخوازی ئاساییش، بە حەزی ئەم جۆرە شیعرەوە لە هێما و وێناکردن و جەختکردنیەوە لەسەر نەگلان لە سیاسەتدا، ناتوانێ جێی ببێتەوە. وتارێک یان کارێکی هونەری، وانەیەک یان شانۆییەک، وشەگەلێک یان وێنە و دەنگگەلێک، هەموویان دەبێ بەشێوەیەکی ئاشکرا و بێ پێچ و پەنا لەگەڵ بیرکردنەوەی دەوڵەتدا گونجاو بن.

وەک زەوییەکە، کە تیایدا شوێنە چۆڵ لە داروبارەکان بەخێرایی جێی چیای سەر بەبەفر و لافاوی بەلرفە دەکەنەوە، کولتووری کوردیش کۆڵینەوەیە لە دژبەرەکاندا. ئێمە چاومان بە ژنگەلێک دەکەوێ کاری سەرسامکەر دەکەن بۆ ڕازیکردنی سیستمی باوکسالار، ڕۆژی پاش ئەوە هەمان ئەو ئافرەتانە ئەوەی لەدەستیان بێ بۆ ڕووخاندنی ئەو سیستمە دەیکەن. بە شێوەیەکی زۆر باشیش سەردەکەون. چاومان بە موسڵمانانێک دەکەوێ، بەبێ ئەوەی یەک شت لەبارەی ڕۆشنگەرییەوە بزانن، بەبێ یەکودوو بیرێکی جەدەلی پێڕەوی دەکەن، وەک باوەڕەکەیان دەخوازێ نوێژ دەکەن و ڕۆژوو دەگرن و، لە هەمان کاتدا بەخۆشحاڵییەوە باوەڕی ئاینی دەخەنە بەر پرسیار و گاڵتەشی پێ دەکەن. چاومان بەو شەڕوانانی لەپێناو ئازادیی کورد دەکەوێ کە بە پێشمەرگە (یا ئەوانەی ڕووبەڕووی مەرگ دەبنەوە) دەناسرێن بەپەرۆشن بۆ مردن لەپێناو پرسەکەیاندا و لە هەمان کاتیشدا دان بەوەدا دەنێن کە تا چ ڕادەیەک سوپا گەریلاییەکەیان بێهوودە خوێنڕێژ و لادەرە. یەکێ لەو شەڕوانانە بەم شێوەیە دەیخاتە ڕوو، "شۆڕش وەک دەخلێکە تازە دووراببێتەوە: ئەگەر لە کاتی خۆیدا نەگەیتە سەری، بەشی خۆت دەست ناکەوێ". هەرچەندە زۆرینەی هەرە زۆر موسڵمانن، بەڵام کولتوورەکە بەدوور نییە لە مەی و شتانی تری دوور لە ئاین.

لە کاتی وەرگێڕانی ئەم بیرەوەرییانەدا، هەوڵم داوە تام و چێژە کوردانەکەیان بپارێزم و لە هەمان کاتیشدا هەوڵی پاراستنی ڕوونی و وردیم داوە. وەک ئەم بیرەوەرییانەیش پێشانی دەدەن، چیرۆکگێڕانەوەی کوردی لەڕێی نەریتی گێڕانەوەی زارەکییەوە گەشەی کردووە کە پێش شێوازە مۆدێرنەکانی ژیان هاتووە. ئێدوارد سەعید وتەیەکی هەیە کە لەگەڵ ئەم ناوەڕۆکەدا گونجاوە، کە دەڵێ ئەم نەریتە زۆربەی کات "دەربڕینی شاراوە و ناڕاستەوخۆ" بۆ وردەکاریگەلی ئاسایی بەکار دێنێ[٢]. خوێنەرانی ناشارەزا لە کولتووری کورد دەتوانن لەڕێی ئەم وەرگێڕانەوە ڕێی خۆیان بەچێژوەرگرتنەوە بکەنەوە، لەو سۆنگەیەوە کە "پیاوە پیجاما شینەکە" تەنیا چیرۆکی کەسێنیی جەلال بەرزنجی نییە، وەک گێڕەوەکەی ڕۆمانە مەزنەکەی سەلمان ڕوشدی "تاراوگە و یادگە"، بەڕێز بەرزنجی "قووتدەری ژیانەکان" و کولتوورەکانە[٣].

سەباح أ. ساڵح. پرۆفیسۆری ئینگلیزی

زانکۆی بلوومسبێرگ، پێنسلڤانیا، ١١ی کانوونی دووەم ٢٠١١



هەولێرامەی کتێب



**ژیانی من بەسادەیی لە لەدایکبوونەوە بۆ منداڵی ئینجا بۆ ڕواڵی ئینجا بۆ پێگەییوی نەچووە. بەشادی و بە جێگیری لە یەک نیشتماندا گەشەی نەکرد**. هیچ شتێک لە شێوەی ڕاستە–هێڵدا بەرەو پێش نەچوو. بەرەو پێش دەچووم و پاشەوپاش دەگەڕامەوە. هەندێک جار بەرەو پێش پاڵم پێوە دەنرا و بەرەو دواوەیش پاڵم پێوە دەنرا. من پەنابەرێکی بەردەوام لە گۆزەگۆز بووم، سنوورەکانم دەبری و دوایی دەگەڕامەوە. دەبێ چیرۆکی خۆم لە شێوەی پارچەگەلی بچووکدا پێشکێش بکەم، چونکە ژیانی من بەو شێوەیە بووە، لەتلەت بووە. هەندێک لە چیرۆکەکانی ناو کتێبەکە لە قسەی گێراوان وەرگیراون، ئەوانە پێوەندییان بە گیانەوە هەیە و بەسۆزی خۆم بارگاوی کراون.

خەریکم تێ دەگەم کە چۆن ئەو ماوانەی لە گرتووخانەدا بردیانمە سەر کار لە بەشەکانی تری ژیانم دەکەن. لەو کاتەدا کە چیرۆکی خۆم دەگێڕمەوە، دەبێ لە هەمان کاتدا بگەڕێمەوە پاش و بچمەوە پێش، بۆ ئەوەی پارچەکانی بەیەکەوە گرێ بدەم. یادگەی مرۆڤ وێنە و چیرۆکەکان لەیەک جیا ناکاتەوە، یاخۆ وەک هێڵێکی ڕاست و بەپێی مێژووی ڕوودانیانەوە ڕێکیان ناخا. ئێمە وەک بڵاچەیەکی لەناکاو شتەکانمان، بەشێوەیەکی ڕێکنەخراو، دێتەوە بیر.



# ١ قۆناخی یەکەمی گرتن

## ئێوارەیەکی تاڵ

لە کوردستاندا وا باوە پیاوان کاتێک کە لەسەر کارەوە دەگەڕێنەوە ماڵەوە پیجاماکانیان لەبەر بکەن. کورد تەنانەت بەپیجاماوە پێشوازی لە میوانە نێزیکەکانیان دەکەن و پێیەوە دەچنە ئەو دوکانانەی لە ماڵەکانیانەوە نێزیکن. ئەو ئێوارەیەی ٧ی ئاداری ١٩٨٦ هێشتا دنیا سارد بوو، منیش هەرچەندە پیجامای ترم هەبوو (سپیپات و گەرمتر بوو)، بەڵام لەبەر هەر چییەک بێ ئەم پیجاما تەنکە شینەم لەبەردا بوو. ڕەنگە ڕەنگەکەی منی بەکێش کردبێ بۆ لەبەرکردنی. لە شوێنێکی تری پشتەوەی ماڵەکەمان گوێم لە سەباحی ژنم دەبوو خەریکی ئامادەکردنی شێو بوو.

دانیشتبووم لە پەنجەرەوە سەیری دەرەوەم دەکرد، دراوسێیەکەی ئەوبەرەوەمانم دەدی، ئەمیر، لەولای ماڵمانەوە ڕێی دەکرد و ڕۆبە بۆرە لۆگەیینە گەرمەکەی لەبەردا بوو و پیاڵەیەک چای گەرمی بەدەستەوە بوو. ئەمیر بەدیار سۆبەی گەرمەوە دانیشت. پاش کەمێک، گوتی کە ئەم شەو شەوێکی باشە بۆ پێشمەرگە، شەڕوانانی ئازادیخوازی کورد، بۆ ئەوەی بەچیا بەرزەکاندا سەربکەون و هێرش بکەنە سەر بنکەکانی سوپا.

سۆبە "عشتار"ە نەوتییەکەمان نێزیکەی سێ سەعات بوو داگیرسابوو بەڵام ژوورەکەمان هێشتا سارد بوو. وەک زۆربەی خێزانەکان لە کوردستاندا و، لەم ڕووەوە هەموو عێراق وا بوو، توانمان نەبوو لە هەمان کاتدا زیاتر لە یەک ژوور گەرم بکەینەوە. لە وڵاتێکی پڕ لە نەوتدا ئەم شتە بێ واتەیە. ئەوەیش کە دۆخەکەی خراپتر کردبوو ئەوە بوو کە زۆربەی خەڵکەکە تەنیا ئەو جلوبەرگانەیان پێ دابین دەکرا کە لە مادەی هەرزانی نایەسەن دروست کرابوون، کە کەمتر مرۆڤیان لە وشکەسەرمای زستان دەپاراست. خواخوامان بوو تا زووە هاوین بێتەوە. لەبیرمە کە دایکم بەردەوام دەیگوت "هاوین بابی فەقیرانە". بەڵام هاوینەکەیش سووتێنەر بوو کە تیایدا پلەی گەرمی دەگاتە نێزیکی پەنجا پلەی سەتی بەدرێژاییی هاوین. کارەبایش لە شەو و ڕۆژێکدا تەنیا چەند سەعاتێکی کەم هەبوو، بەڵام ئەگەر بەدرێژاییی ڕۆژیش کارەبامان هەبووایە، ئەو پانکە کۆنانەی هەمان بوون لەگەڵ فێنککەرەوەکانمان تەنیا بەڕادەیەکی زۆر کەم تینی ئەو گەرما گڕاوییەیان کەم دەکردەوە.

هەرچەند بەهار لە کوردستاندا تەمەنی کورتە، سۆبە عشتارەکە تا ڕادەیەک پارێزەرمان بوو لە سەرما. کە من بەدیار پەنجەرەکەوە وەستابووم تەماشای چراکانی شارەکەم دەکرد، تا ڕادەیەک وەک هەمیشە سەرسام بووم بەوەی سۆبەکەمان کە ناوی (عشتار) بوو کە ناوی ژنەخواوەندی بەپیتییە و لە شاری کۆنی ئەربیلدا دەهاتە پەرستن. خوا دەزانێ، لە دنیایەکدا کە لەلایەن سەدام حوسێنەوە حوکمڕانی بکرێ، ئێمە لە هەولێردا، ئەو ناوەی کوردی هاوسەردەم بۆ ئەربیل بەکاری دێنن، پێویستمان بە هەموو پارێزگارییەکە کە بتوانین بەدەستی بهێنین.

لەو ڕۆژانەدا ڕیژیمی سەدام حوسێن لە ترۆپکی هێز و پرشنگداریدا بوو، خۆی بە گوازەرەوەیەکی پاڵەوانی عێراق بۆ دەوڵەتێکی سەردەمییانە دادەنا. بەڵام لەڕاستیدا هەموو ئەوەی کە بەدیی هێنابوو بریتی بوو لە دەوڵەتێکی پۆلیسیی کارا. بەهیچ شێوەیەک ڕێگە بە ڕەخنە نەدەدرا. ئۆباڵی گشت کێشەکان دەخرایە ئەستۆی لایەنی دەرەکی. کەچی ئەم حکوومەتە حکوومەتێک بوو نەیدەتوانی ئاوەڕۆ دروست بکا. ئاوی خواردنەوە کە بە بەلووعەدا دەهات مەترسییەکی ڕژد بوو بۆ تەندروستی. هەندێک جار کە ئاو دەبڕا، ڕامۆی ئاگرکوژێنەوە، ئۆتۆمۆبیلی ئاگرکوژاندنەوەکەی دەهێنا و ئاوی ناو تانکییەکەی دەفرۆشت. ئێمە هەموومان دەمانزانی کە ئەمە کارێکی نایاساییە، بەڵام خەڵکەکە سوپاسگوزار بوون چونکە ئەگەر ئەو نەبووایە ئاوی خاوێن بەهیچ شێوەیەک دەست نەدەکەوت. ڕەنگە کۆلێرا لە گەلێ ناوچەی دنیادا بنەبڕ کرابێ، بەڵام لێرەدا لە هەولێر هێشتا مابوو و بەباشیش.

ئەوەندەی من بەبیرم بێ، بەردەوام کەسێک بووم کە حەزم لە بەر پەنجەرە بوو. لەماڵەوە هەمووان دەیانزانی کە دەبێ لەسەر کەرەوێتەکە ئەو شوێنەم بەبەتاڵی بۆ بەجێ بهێڵن کە بەباشی دەڕوانێتە دەرەوە. ئەو شوێنە بەلای منەوە باشترین شوێن بوو بۆ بیرکردنەوە.

کاتێکیش بە ئۆتۆمۆبیل وەک گەشتیار سەفەرم دەکرد، بەردەوام هەوڵم دەدا لای پەنجەرەکەوە دابنیشم و، بۆ گرتنی ئەو شوێنە بۆ خۆم، جانتاکەی دەستم یان جاکێتەکەم لەسەر دادەنا. پەنجەرەی ئۆتۆمۆبیل هێزێکی گۆڕینکاری تێدا هەبوو: کە لەو پەنجەرەیەوە سەیری دەرەوە دەکەی تەنانەت شتە ئاساییەکانیش سەرنجڕاکێش و نوێ دێنە بەر چاو.

بەردەوام دایکم بۆمی دەگێڕایەوە کە کاتێ تەمەنم حەفت یان هەشت ساڵان بووە زۆر جاران خۆم بزر کردووە. شوێنی پەسندکراویشم بریتی بووە لە حەوشەی داخراوی یەکێک لە دراوسێیەکانمان کە ڕەوە کۆترێکی تێدا هەبوو، منیش زۆر حەزم دەکرد دانیان بدەم. هەندێک جاران دایکم گەیشتووەتە ئەو ڕادەیەی وا بزانێ کە جنۆکە منیان بردووە و لە هەموو کونج و قوژبنێک بەدوامدا گەڕاوە و لە کۆتاییدا منی دۆزیوەتەوە وا خەریکم دان بە کۆترەکان دەدەم، یان خۆم لە کانتۆری جلکان یان شوێنێکی هاوشێوەدا شاردووەتەوە. من فریشتە بچکۆلانەکەی دایکم بووم، بۆیە هەرگیز دڵی نەدەهات بەتوندی لەگەڵمدا هەڵسوکەوت بکا. ئەو پێمی گوت کە خووی وەستانم لە بەردەم پەنجەرە نزمەکەی ماڵەوەماندا هەبووە، خۆیشم بە کەتیبەکانیەوە گرتووە و ماوەی درێژ درێژ تەنیا خەریکی تەماشاکردن بوومە. گشت جارێکیش ئەوەی بەبیرم دەهێنایەوە کە چۆن هەموو ڕەنگ شینەکان- ئاسمانی گەورەی شین، بۆیەی شینی چوارچێوەی پەنجەرەکە و خرخاڵە موورووە شینەکەی خۆی دروستی کردبوو بۆم- بەجوانی تەواوکەری یەکتری بوو.

لەوانەیە هەر لێرە و بەدیار ئەم پەنجەرەیەوە، کە شین بوو و پەردەی پێوە نەبوو، باڵندەکان و من ئاشنایەتیمان پەیدا کردبێ و بووبێتینە هاوڕێی باشی یەکتر، هەر لەوێش من ئەوەندە ئاشقی ڕەنگی شین بووم. دواتر کە گەورە بووم، بەدیار پەنجەرەکەوە دەوەستم و بیر لە جوانی و ئازادی

دەکەمەوە. ئەوەی خۆشە ئەوەیە کاتێک کە بەدیار پەنجەرەوە دەبم ناتوانم بەشێوەیەکی تەواو هزری خۆم لەسەر نووسین چڕ بکەمەوە. بۆیە وام پێ باشە کە لە ژوورێکی بێ پەنجەرەدا بم، بەڵام بەو مەرجەی کە هی ژووری گرتووخانە نەبێ.

لەگەڵ ئەوەشدا پەنجەرە شوێنی باشن بۆ بیرکردنەوە. لەم ئێوارەیەشدا کە مەبەستمە، بیرکردنەوەی من گەشتی کردبوو بەرەو ڕابوردوویەکی دوور. باوکم تەنیا پەیداکەری نان بوو لە ماڵی ئێمەدا. کاتێ کاری خۆی تەواو دەکرد، لەڕێی گەڕانەوەیدا هەندێ شتومەکی دەهێنایەوە و، لەو چرکەساتەدا کە دەگەیشتەوە دەرگەی ماڵەوەمان، ئێمەی منداڵ هەمووومان بەغار دەچووین بۆ بەخێرهێنانەوەی و ئەو کیسانەی پێیەتی لێی وەربگرین و بیانبەینە ناندینەکەوە. لەبەرئەوەی دایکم بەردەوام خەریکی چاودێریی منداڵەکە بوو، باوکم و جەمالی برام لە ئامادەکردنی شێودا هاوکارییان دەکرد، هەرچەندە باو نەبوو لە کۆمەڵگەی ئێمەدا پیاو ئەو کارانە بکا. ئێمە بەشێوەیەکی تایبەتی زۆر خۆشحاڵ دەبووین کە بمانزانیبایە شفتەمان هەیە. کە بریتییە لە هەویرێکی بە گۆشت لەناو ڕۆندا سوور دەکرێتەوە و خۆشتریش دەبوو بەو شتەوە کە تایبەتمەندیی جەمال بوو- زەڵاتەی پیاز و سماق کە دەم بۆی پڕ لە ئاو دەبوو.

بۆنی چێشتلێنانی سەباح ماڵەکەی پڕ کردبوو. ئەوانەی تریشمان لە ژووری دانیشتنەکەدا خەریکی قسەوباس بووین. دایکم کە ئارەزووی گێڕانەوەی چیرۆکی پێوەست بەخواردن بوو، ڕووی کردە غەفووری خزمەکەی سەباح کە لە نێزیکی دانیشتبوو: "شەوێک، کاتێ هەمووومان خەریک بوو خۆمان بۆ خەوتن ئامادە دەکرد، جەمالی برات حەزی لە گۆشت بوو. باوکیشت چوو مریشکێکی لە کولانەی مامرەکان هێنا. ئینجا سەری بڕی و پاکی کردەوە و فڕووجاوەکی بەتامی لێنا و هەمووومان خواردمان. ئەو گوتی کە نایەوێ کوڕەکەی بەسکی برسی خەوی لێ بکەوێ. بەلای ئەوەوە خواردن یەکەمایەتی بوو. لە جیاتی ئەوەی خانوویەک بکڕێ یان پارەکەی بۆ وەبەرهێنان بخاتە گەڕ ئەوەی هەیبوو بۆ خواردن و پێویستییەکانی تری خەرج دەکرد."

باوکم ژمارەیەک کێڵگەی هەبوو، کە دابوونی بەهەندێ جووتیاری تر کە زەوییان نەبوو. ئەو سەردەمە خۆشە لە ساڵی ١٩٦٣دا بەکۆتا هات، کاتێک کە عەبدولسەلام عارف سەربازی زیاتری ناردە کوردستان بۆ ئەوەی خەڵکی کورد لە خاکی خۆیان وەدەربنێن. خێزانی ئێمەیش یەکێک لەو هەزاران خێزانەی کە زەوییەکانی خۆیان لەدەست دا و، ناچار بووین بێینە هەولێر و، لەوێ لە یەک ژووردا لە گەڕەکی سێتاقان نیشتەجێ بووین.

لە هەولێردا کارێک نەبوو کە بکرێ جگە لە کاری قورس کە پێویستی بەهێزی بازوو هەبوو، بابیشم هەرگیز نەیدەتوانی ئەو کارانە بکا لەبەرئەوەی زۆر سەخت بوون بۆ ئەو. پاش ماوەیەکی زۆر، بە پاسەوانی قوتابخانە لە قوتابخانەیەکی حکوومەتیی کچاندا دامەزرا و دواتر حانووتی قوتابخانەکەی بەڕێوە دەبرد. چەند جارێکی کەم لە قوتابخانە خۆم دەدزییەوە و لەگەڵ ئەودا دەچوومە حانووتەکەی کە ساندویچی هێلکە و کێک و شتی تری خۆشی تێدا دەفرۆشت. من تا

ئێستا نازانم چۆن ئەو کارەی دەست کەوت، بەڵام ئەو و کارەکەیشی قازانجی زۆریان بۆ ئێمە هەبوو. پاش نیوەڕوان کە دەهاتە ماڵەوە، باوکم جانتایەکی پێ بوو کە پڕ بوو لە پارەی وردە و ڕۆی دەرکردە سەر کومبارەکە. ئەو پارەیە بریتی بوو لە خەرجیی ئێمە.

نەبوونی جێ لە ماڵەکەی ئێمەدا مانای ئەوە بوو کە کەس هیچ تایبەتمەندییەکی نەبوو- جگە لە دایک و باوکمان. بەزستان، لەگەڵ بڕینی کارەبا لە سەعات ١١ی شەودا، هەر هەموومان وەک سەردینی ناو قوتوو خۆمان دەپەستییە ناو پێخەفەوە. بەهاوینیش لەبەر ئەوەی گەرما بوو، هەموومان بەڕیز لە ژێر ئەستێرەدا لە سەربان دەنووستین. جگە لە باوکم، کە دایکم پێخەفەکەی ئەوی کەمێک دوور لە ئێمە ڕادەخست. بەڵام لەبیرمە کە دایک و باوکمان ماوەیەکی زۆر پێش ئێمە لەخەو هەڵدەستان و دەچوونە خوارەوە. ڕەنگە ئەوە شێوازی ئەوان بووبێ بۆ بەدەستهێنانی کەمێک تایبەتمەندی. ئەگەر وا نەبێ، ئەدی بۆ ئەو شنەبا فێنکەی بەیانییانیان لەدەستی خۆیان دەدا کە لە چیای سەفینەوە هەڵی دەکرد، ئەو چیایەی چل خولەک بە ئۆتۆمۆبیل لە ڕۆژهەڵاتی شارەوەیە؟ لە ڕۆژی ساماڵ و ڕووندا دەتوانم لە پەنجەرە بچووکەکەی ماڵمانەوە چیایەکە ببینم، شینایی کاڵی چیایەکە کە تێکەڵ بە شینایی ئاسمان دەبوو ئۆمێدی پێم دەبەخشی.

لەگەڵ تێپەڕبوونی کات، وای لێهات کە من لەخەو هەڵدەستام زۆربەی سەربانەکان چۆڵ بووبوون. ئەگەر چاوت گێڕابا بەشاردا کەسی تر نەمابوو جگە لەو بووک و زاوا نوێیە، مامۆستا غازی و ژنەکەی، خوناو. هەرچەندە ئێمە ئەو خێزانەمان لە نیزیکەوە نەدەناسی، بەڵام گشت منداڵانی گەڕەک مامۆستا غازییان دەناسی لەبەرئەوەی لە مەکتەبەکەی وێندەر وانەی دەگوتەوە. وەک ڕوونە، دیار بوو کە ئەوان مەبەستیان نەبوو زوو لە خەو ڕابن، ئەمەیش شتێکی تەواو باش بوو بۆ من: ئەو کوللە پەڕۆیینە ناجێگیرەی لەناویدا دەنووستن مایەی ورووژاندنی ویستی زانین و فەنتازیا بوو بۆ من. کەم لەو خەڵکەی گەڕەکی ئێمە کوللەیان هەبوو و، من بەردەوام ئارەزووم دەکرد یەکێکمان هەبێ بۆ ئەوەی لە ناویدا بخەوین. مانەوەم بەتەنیا لە سەربان هەلی ئەوەی بۆم دابین کرد کە جاسووسییان لەسەر بکەم بەڵکو بیانبینم کە دەیکەن، بەڵام بەداخەوە هەرگیز شانس لەگەڵ مندا نەبوو. ئەو و ژنە گەنجەکەی هەرچییەکیان کردبێ لەو سەربانەدا تەنیا لە نێوان هەردووکیاندا مایەوە و پێی نەزانرا.

لە پشوویەکی هاویندا، گواستمانەوە ناو باڵەخانەی ئەو قوتابخانەیەی باوکم کاری تێدا دەکرد، کە باڵەخانەیەکی جوانی دوو نهۆمی بوو لە گەڕەکی مستەوفی، کە گەڕەکێکی دەوڵەمەند بوو، نیزیکەی ٤٠ خولەک بە پێیان لە گەڕەکە کۆنەکەم، سێتاقان، دوور بوو. ئەو باڵەخانەیەی قوتابخانەکەی تێدا بوو، بەکۆشکگەلێک دەورە درابوو. من ژیانم لەوێ بەلاوە خۆش نەبوو. هەموو ڕۆژێک سەرم دەکێشایە دەرەوە بەڵکو منداڵگەلێکی هاوتەمەنی خۆم ببینم بۆ ئەوەی گەمەیان لەگەڵدا بکەم. بەڵام هەرگیز کەسم بەرچاو نەکەوت و ئەوەندەی نەبرد وازم لە هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی برادەری نوێ هێنا. گشت برادەرەکانم لە سێتاقان دەژیان، هەموو بەیانییەکی هاوین

زوو لە خەو هەڵدەستام و دەستم دەدایە تۆپەکەم و دەکەوتمە ڕێ بۆ لای برادەرەکانم بۆ ئەوەی تۆپێن بکەین، پاش نیوەڕوانیش دەچوومە دوکانە خۆشەکەی خاڵم کە لەو نێزیکانە بوو بۆئەوەی نیوەڕۆژەیەکم دەست بکەوێ. ئینجا دووبارە دەچوومەوە بۆ تۆپێن تا ئێوارە کە کاتی چوونەوە دەهات.



لە سەیران لە هەولێر، نەورۆزی ١٩٥٥



جەلال نوقمی بیرکردنەوەیە لە ماڵی خۆیان لە هەولێر ١٩٨٠

ئەو ڕۆژە بێخەمانە ئێستا بەسەر چوونە. ژیان لە هەولێردا هاتووەتە گۆڕین. لەو ئێوارەیەی ئاداردا، هێشتا زۆر لەوە ساردتر بوو کە بتوانی لە سەربان بخەوی، بەڵام لە پەنجەرەکەوە دەمتوانی منداڵەکان ببینم، بەبێ ئەوەی گوێ بە ترس یاخۆ بە سەرما بدەن، لە کۆڵاناندا یارییان دەکرد، لەو کاتەدا کە دایکانیان سەرقاڵی ئامادەکردنی شێو بوون. هەواکە بارگاوی بووبوو بەبۆنی پیوازی سوورکراوە و چەلاوی گۆشتی بەرخ و برنج.

خەڵکێکی تر هاتبوونە ماڵمان و بیری من دووبارە گەڕایەوە ژوورەکە و بۆ لای میوانەکانمان. هەوڵم دا خۆم لەو گفتوگۆیە هەڵقورتێنم، بەڵام دیار بوو کە ئەوان لە دنیایەک بوون و من لە دنیایەکی تردا. دەبوو کە ئەم کاتەی ساڵ کاتێکی خۆش بێ بۆ کورد، هەروەها بۆ فارس و بۆ ئەفغانیش. نێزیکەی دوو هەزار ساڵ بەر لە ئێستا، چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە کە کورد لەلایەن شایەکی دڵڕەقەوە بەکۆیلە کرابوون کە ناوی زوحاک بووە، کە هەندێک بڕوایان وایە لەسەر هەر شانێکیەوە ئەژدیهایەک شین بووبوو. هەموو ڕۆژێک دەبووایە خواردنی ئەو دوو ئەژدیهایە مێشکی دوو منداڵی کورد بێ. پاشان لە ٢١ی ئاداری ٦١٢ی پێش زایین، کاوەی ئاسنگەر زوحاکی کوشت و کوردی لە ستەمی ئەو شا ئاسوورییە ڕزگار کرد. دوای ئەوەی کاوە توانیی زوحاک بکوژێ، ئاگرێکی لەسەر لووتکەی گردێک کردەوە بۆ ئەوەی لەڕێی ئەو ئاگرەوە بە خەڵکی ڕابگەیەنێ کە سەردەمی تاریکی بەکۆتا گەیشت. تا ئەمڕۆیش کورد لە کاتی ئاهەنگگێڕان بەبۆنەی نەورۆز (ڕۆژی نوێ)یەوە کە سەرەتای ساڵی ئەوانە، ئاگر دەکەنەوە. ئەم کارە بیرخەرەوەیانە بۆ بەردەوامیی هەوڵدان و کۆشش لەپێناو ئازادیدا بەقەد ئەوەی کە زیندووڕاگرتنی یادی ئەو کارە قارەمانانەیەی کاوەیە.

ئەو قسانەی کە لە پشتینەدا دەکران وەرگەڕانە سەر باسی کەش و ئاهەنگەکانی چاوەنوارکراوی نەورۆز، بۆیە منیش وتم، "بەڕاستی ئەم سەرمایە لەم کاتەی ساڵدا ئاسایی نییە. وا خەریکە نەورۆز دێ و دەبوو ئێستا فێنک بێ نەک سارد".

غەفوور گوتی، "نا، مامۆستا جەلال، هیچ کاتێک زستان وا زوو نەڕۆیشتووە- سەرمای پیرەژن لە ئاداردا هەیە. من پێم وا نییە کە سەرمامان پێش ڕۆژی یەکەمی بەهار لەکۆڵ ببێتەوە. ڕەنگە ئەوە یەکەک لە پەڕجووەکانی خودا بێ: لەو ڕۆژەدا کە لە ماڵێ دێیتە دەرەوە، بەئاسانی هەست بەوە دەکەی کە کەش گۆڕاوە. بەڵام گۆڕینی گەورە تا داوی نەورۆز دوا دەکەوێ. خۆمان گۆتەنی، لە ئاداردا ڕەنگە بەفر بگاتە گەلاکان بەڵام تا دەبێتە ئێوارە هیچی نامێنێ".

"ڕاستەکەی غەفوور"، من گوتم، "ئێمە نابێ وەک پیرەژنەکەی چیرۆکە کۆنەکە لەخۆمان بکەین. ئەو بەگەرمای چەند ڕۆژی پێش یەکەم ڕۆژی بەهار هەڵخەڵەتا. بۆیە کاتێک کە زەوی سارد داگەڕایەوە، ئەو لەبەر سەرما ڕەقەوە بوو و مرد. ڕاست دەکەی. دەبێ وریا بین".

"وا هەست دەکەم لەم نەورۆزەیشدا کێشە و گرفت دروست دەبن"، کاردۆ گوتی. "ڕێگەمان پێ نادرێ ئاهەنگ ساز بکەین. ناتوانین ئاگر بکەینەوە، ناتوانین شایی بکەین، ناتوانین گۆرانی بڵێین.

هەر لەبەر ئەوەیش بوو لەو چەند ساڵەی پێشوودا ئەو کچە داماوە بۆ دەربڕینی نارەزایی ئاگری لەخۆی بەردا" . کاتێک کە کاردۆ ئاماژەی بۆ ئەو ڕووداوە کرد، شتەکەم بەبیردا هاتەوە: چۆن ئەو کچە لە دیاربەکر ئاگری لە خۆی بەردا بۆ نارەزایی دەربڕین بەرامبەر بەرێگری لەو فیستڤاڵە نەریتییەی کوردان.

"بەڵام ئەوە هیچی بەهیچ نەکرد"، پەرۆش وەڵامی دایەوە. "من وا دەزانم کە جەژنەکان دیاریی خودا بن بەخشیبیانی بە مرۆڤایەتی. ئەوانە هەلی نایابن بۆ خەڵک تاکو بتوانن پشوو بدەن. نەورۆز جەژنی نەتەوییمانە. من بەبەردەوامی شەیدای بووم، تەنانەت لەو کاتانەیشدا کە منداڵ بووم. بەلای منەوە، سیمبوڵی لەدایکبوونەوە و جوانییە. بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا نامەوێ ببینم کە خەڵک ئازاریان دەگاتێ، چ جای ئەوەی کە بەهۆیەوە بمرن. شتێکی زۆر گرانە کە ببینی مرۆڤێک لەناکاو دەبێتە خۆڵەمێش. من هیچ پاساوێک نابینم کە بۆچی خەڵک ڕێگەیان پێ نادرێ جلوبەرگی ڕەنگاوڕەنگ لەبەر بکەن لە پێشوازیی بەهاردا. هەموو ئەوەی ئەو خەڵکە دەیکەن بریتییە لە چوون بۆ سەیران و خواردن درووستکردن لەوێ، لەگەڵ گۆرانی و هەڵپەڕکێ بۆ ئەو ڕۆژە، لەپاڵ هەندێک نەتەوەپەروەری. دەبێ خراپی لەمەدا چی بێ؟"

من وازم لە پشکداری لە گفتوگۆیەکە هێنا و ژنەکەم بە چاوەکانی ئاماژەی بۆم کرد کە بۆچی خەیاڵم ڕۆیشتووە. ئینجا گوتی، "وەرەوە لامان. مەهێڵە دەریا قووڵەکان بەلەمەکەت لەگەڵ خۆیاندا ببەن". ئەو دەزانێ کە من وەک ئەو تاقەتی تێکەڵاویی خەڵکم نییە. هەندێ جار بیرم لەناو هەورەکاندا ون دەبێ. لەگەڵ هەبوونی میوان لەوێدا، ناتوانم بیرم چڕ بکەمەوە، بیرۆکەکان بیرم ئاڵۆز دەکەن، ڕاستیت دەوێ تەواو پەرۆش دەبم بۆ ئەوەی هەستن و بڕۆن. ئەوە بەدەستی خۆم نییە. کاتێک کە مەسەلەکە دێتە سەر دڵخۆشکردن و ڕووخۆشی من خانەخوێیەکی زۆر باش نیم.

بەڵام هەژار بم یان نا، گێژ بم یان نا، چار نییە دەبێ ڕووخۆش بم. کولتوورەکەمان لەو ڕووەوە تەواو توندە. پاش ئەوەی وامان کرد ئەو گفتوگۆ کورتە شارەزایانە بەڕێوە بچێ– بێگومان لەپێناو شاردنەوەی نەگونجانم لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە– ژنەکەم و کچەکەمان، ئێوار، ڕۆیشتن بۆ سەردانی پزیشک. سەردانەکە بۆ نۆڕینێکی رۆتینی بوو لەبەرئەوەی سەباح سکی بە نیگای کچی دووەممان هەبوو. من لە پەنجەرەکەوە تەماشایانم کرد تا کەوتنە ڕێ، ئینجا گەڕامەوە ناو گفتوگۆیەکە. هەر بەلاچاوێکیشەوە سەیری پەنجەرەکەم دەکرد بەشکەم ڕێیەک بۆ هەڵاتن بدۆزمەوە. ئەوان لەمێژ نەبوو ڕۆیشتبوون کە بۆ جاری سەتەم تەماشای پەنجەرەکەم کرد. کۆمەڵێ زەلام کلاشینکۆف و دەمانچەیان بەدەستەوە بوو خەریک بوون خۆیان دەکرد بەماڵەکەدا. بەهۆی بەرگە زەیتوونییەکەیانەوە دەتوانم بڵێم کە ئەوانە پیاوانی پۆلیسی نهێنیی فرە ترسناک بوون (لێرە بەدواوە وشەی "ئەمن" لە جیاتی پۆلیسی نهێنی بەکار دێنم چونکە لای ئێمە بەم ناوە ناسراون– وەرگێڕ).

تەنانەت ئەوەندە بوارەیشم نەبوو ئەوانی تر ئاگەدار بکەمەوە. زەلامەکان بەلەقە دەرگەکانیان

کردەوە و بەشێوەیەک هەڵسوکەوتیان دەکرد وەک ئەوەی لە هەوڵی گرتنی پێگەیەکی سەربازیی بەهێزدا بن. بەڵام ماڵی ئێمە ماڵێک بوو کە چەقۆیەکی زۆر تیژیشی تێدا نەبوو. ئەمنەکان ڕاستەوخۆ هاتنە ئەو شوێنەی ئێمەی لێ دانیشتبووین. هەمووان بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیک دەستیان بەرز کردەوە بۆ سەر سەریان.

"کێ لە ئێوە جەلالە؟"، یەکێکیان پرسیی.

من سەرم لەقاند.

ئینجا شتەکان زۆر بەخێرایی بەڕێوە چوون. پیاوەکە گەیشتە لام و لە قۆڵمەوە گرتمی. ئەوانەی تر دەستیان کرد بە لێدانم بە بۆکس و شەلاق لە گشت لایەکەوە، بەملیۆن جوێنیشیان پێم دەدا. زۆر بەپەلە قۆڵبەستمیان کرد و چاومیان بەستەوە و منیان بەرەو دەرەوە بەکێش کرد بۆ ناو، وابزانم ئۆتۆمۆبیلێکی پیکەپ بوو کە چاوەڕێی دەکرد- بۆیە وا دەڵێم بەگوێرەی ئەو شێوازەی منیان پێی فڕێ دایە پشتەکەیەوە. لەگەڵ کەوتنە ڕێی ئۆتۆمۆبیلەکەیش دیسانەوە جوێن و تێهەڵدان دەستیان پێ کردەوە.

کاتێک پاش دەوروبەری بیست خولەکێک ئۆتۆمۆبیلەکە وەستا، زەلامەکان منیان ڕاکێشایە دەرەوە و دەستیان کرد بەپاڵنان و تێهەڵدانم، هەر بە چاو بەستراوی منیان بردە ژوورەوە بۆ شوێنێک وام هەست کرد کە باڵەخانەیەک بێ. وام خەملاند کە زەوییەکە تەواو لووس و ڕێک نەبوو و کە زۆر بە قایمی شەقیان تێم هەڵدا، بالانسی خۆم لەدەست دا و کەوتم و خلبوومەوە و سەرووی برۆی چەپم بریندار بوو. لەو تاریکییەی پشت چاوبەستانەکەوە نەمدەتوانی بزانم کات کەیە یان ئایا برینەکەم خوێنی لێ دەچێ، بەڵام زانیم کە بیست و چوار سەعات بوو لە کونجی زیندان بووم چونکە پێنج جار گوێم لە دەنگی بانگی مەلا بوو بۆ نوێژ لە مزگەوتێکی نێزیکەوە. هەستم بەژانێکی زۆر لە گشت لایەکی لەشمدا دەکرد. لە دەوروبەریشم دەمتوانی گوێم لە هاواری گرتووانی تر ببێ کە ئەشکەنجە دەدران. بۆنی تیژی میز لە گشت شوێنێکەوە دەهات.

لە کاتێکدا، زانیم کە خەڵکێک لەوێوە تێدەپەڕن. دەنگەکانیان هەرچەندە کز بوو بەڵام نامۆ نەبوو. من دڵنیا بووم کە ئەو دەنگانە دەنگی زێڕینی دایکم و ڕوقیەی خوشکم و برایەکانم جەمال و کامەران و پشتیوان بوو. بەڵام گوێم لە دەنگی کەمالی برا بچووکم نەبوو، بۆیە کەوتمە دڵەڕاوکە دەبێ چیی بەسەردا هاتبێ. ئەوەی بەشێوەیەکی تایبەت سەخت بوو بۆ من ئەوە بوو کە پێش ئەوەی بتوانم وا بکەم بزانن کە من لەوێم، دەنگەکانیان بڕا. دواتر زانیم کە ئەوانیش لە ماڵەوەڕا چاویان بەستراوە و هێنراونەتە گرتووخانەوە.

تا ئەمڕۆش کە باسی ئەو چەرمەسەرییەمان دێتە پێشێ دایکم بەشێک لە ئۆباڵەکە دەخاتە ئەستۆی خۆیەوە چونکە نەیزانیبوو درۆ بکا. کاتێک کە ئەمنەکان لێیان پرسیبوو منداڵەکانی لە کوێن، پێیانی گوتبوو کە وان لە قوتابخانەدا. ئەو تا ئێستا پێی وایە ئەگەر درۆیەک یان دووانی بکردبایە، لەوانەبوو بیتوانیبا منداڵەکانی تری لە ئازار ڕزگار بکا، بەتایبەتی دوو کوڕە منداڵەکە.

چەند خولەکێک پێش تەواوبوونی دەوامی دواناوەندییەکە، لەو کاتەدا کامەران و پشتیوان خەریک بوون کتێب و قەڵەمەکانیان دەخستەوە ناو جانتاکانیان و خۆیان ئامادە دەکرد لە چاوەنواڕیی زەنگی چوونەوە بۆ ماڵ، ئەمنەکان گەیشتنە قوتابخانەکەیان و لە پۆلەکانیان هێنایانیانە دەرەوە.

خێزانی ئێمە زۆر بەگرتن نامۆ نەبوو. باوکم لە ١٩٦٣دا هاتبووە گرتن، کاتێک کە عەبدولسەلام عارف حەرەس قەومی، پۆلیسی سەربازیی، ترسناکی (حەرەس قەومی میلیشیایەک بوو ئینقلابچییەکانی ١٩٦٣ پێکیان هێنابوو بۆ داپڵۆسینی دوژمنانیان، کە هاوشێوەی مقاوەمە شەعبیەکەی پاش ١٩٥٨ بوو- وەرگێڕ) ناردبووە کوردستانەوە بۆ ئەوەی بەزۆر کوردەکان لە خاکی خۆیان وەدەر بنێن. حەرەس قەومی خۆیان بەماڵاندا دەکرد و پیر و لاویان دەگرتن و دەیانبردنە گرتووخانە. باوکم مەیلی بەلای شۆڕشی کورداندا هەبوو و ئەو بۆچوونانەی ئاشکرا کردبوو. بەڵام گشت ئەندامانی خێزانەکەمان هاوڕا نەبوون لەگەڵ بابمدا. بۆ نموونە مامەم، کە دە ساڵ پێش ئێمە هاتبووە هەولێر و بووبووە پیاوێکی شارەکیی تەواو. ئەو ڕێکپۆش بوو و ڕۆژانە ڕدێنی خۆی دەتاشی و دەتتوانی بۆنی کۆلۆنیایەکەی لە دوورەوە بکەی. ئەو کاری باخەوانیی لە ماڵی خاوەن مڵکێکی ناوەخۆییدا دەکرد، ژنی هەبوو و سێ منداڵیشی هەبوو. هەر کە بابم دەستی بە باسکردنی شۆڕش بکردبا مامەم یەکسەر هەڵدەستا و دەڕۆیشت. بۆیە کە پۆلیس هاتن بیگرن، ڕۆژێک پاش گرتنی من، زۆر دڵتەنگ بوو. جەلالی برام لەبیریەتی کە ئەو بە ئەفسەرەکانی گوتبوو، "ئەوە نێزیکەی بیست ساڵ دەبێ سەردانیم نەکردوون! جەلال، لە خێزانی زڕبرایەکەمە. من وەک ئەو نیم. من دوو ساڵ سەربازیم کردووە".

بەڵام نارازیبوونەکانی سوودێکیان نەبوو. سزادان لەسایەی سەدام حوسێندا دەستەجەمعی بوو. کاتێک کەسێک دەهاتە گرتن، هەموو ئەندامانی خێزانەکەی و خزمە نێزیکەکانی دەبوو بێنە گرتن. هەروەها ئەو کەسانەیش دەگیران کە بەڕێکەوت لەو کاتەدا سەردانییان دەکردن. ئەو میوانانەی ئەو ئێوارەیەیش لەماڵی ئێمەدا بوون هەر یەکێکیان چوار ڕۆژی لە گرتووخانەدا بەسەر برد. بەختیارییەکی تەواو گەورە بوو کە ژنەکەم و کچەکەم تەنیا چەند خولەکێک پێش گەیشتنی ئەمنەکان چوونە دەرەوە بۆ سەردانی پزیشک. هەرچەندە ئەوەیش سەلامەتییانی مسۆگەر نەدەکرد. چونکە وا باو بوو ئەمنەکان پاشتر بێنەوە بۆ ڕاماڵینی ئەوەی ماوە لە ئەندامانی خێزانەکە. زۆر نیگەرانی سەباح و ئێواری بچکۆلانە بووم. بەڵام ئەوەی خۆشحاڵمی کرد ئەوە بوو کە بۆم دەرکەوت ئەمنەکان جارێکی تر، بەپێچەوانەی ئەوەوە کە باو بوو، نەچووبوونەوە ماڵمان. پرسیاری زیاتریان لەبارەیانەوە نەکردبوو.

هێشتا چاوەکانم بەسترابوونەوە کاتێک بۆم هاتن لە گرتیگە قەرەباڵخەکەدا. ئەمجا سوورێکی تری جوێن و بۆکس و زللە بەدوایدا هات. لە شوێنێکدا یەکێک پاڵێکی پێمەوە نا و کەوتم و وام هەست کرد کەوتوومەتە سەر پێپلیکانەیەکی هەڵواسراوەوە. قاچەکانم چەقین، بەڵام ئەوان منیان ڕاکێشایەوە و هەندێکی تریان تێم هەڵدا و پاڵمیان نایە ناو ئۆتۆمۆبیلێکەوە کە چاوەڕێ بوو و، زۆر

بەپەلە کەوتە ڕێ. زانیم کە هێشتا لە هەولێرم چونکە ئۆتۆمۆبیلەکە ماوەیەکی زۆری پێ نەچووبوو کە وەستا و منیان ڕاکێشایە دەرەوە و دامیانە بەر شەق.

لە کۆتادا، منیان بردە باڵەخانەیەکی تر. ئەوەی بەدوای ئەمەدا هات سەرسووڕێن بوو: زەلامەکان چاومیان کردەوە. لە ناو ژوورێکی تەواو گەورەدا بووم. هەندێک کورسی و مێزی ئاسنینی تێدا بوو و دەوری دەرزەنێک ئەفسەری هەواڵگری بە جلی زەیتوونییەوە بەو ناوەدا لە هاموشۆدا بوون. چەندان خێزانی ترم دی لەسەر زەوی دانیشتبوون چاوەڕێیان دەکرد. یەک یان دوو خولەکی پێ نەچوو لەو وەستانە کاتێک چاوم بە دایکم و خوشکەکەم وبراکانم کەوت، بە چاوبەستراوی دەیانهێننە ناو ژوورەکەوە.

لەو کاتەدا کە چاوەکانیان کرانەوە، دایکم منی دی، "ئۆه، جەلال، ئازیزەکەم، کوڕە خۆشەویستەکەم"، بە دەنگێکی کز گوتی، "بەقوربانت بم، ئەوە بۆ ناوچاوانت بەخوێنەوەیە؟ لێیان داوی؟ خوایە دەستەکانیان بشکێ. وای کوڕەکەم، وامزانی جارێکی تر ناتبینمەوە. قەت بڕوا ناکەم. بەندیخانە بێ بەندیخانە نەبێ، دڵم خۆشە کە جارێکی تر تۆم دییەوە".

کە ویستی بەرەو من بێ و باوەشم پێدا بکا، یەکێ لە زەلامەکان پاڵێکی پێوە نا ئەوەندە پاڵەکە بەهێز بوو کە پاشەوپاش بەسەر سۆبەیەکی ڕەشدا بەری دایەوە.

"ئەگەر بجووڵێیتەوە گووت دەرخوارد دەدەین"، بەعارەبی پێی وەڕی.

هەستم بە بێدەسەڵاتی و شەرمەزارییەکی تەواو کرد کە نەمتوانی بەرگری لە دایکم بکەم بەرامبەر بەم دڕندەیە. باشەکەی لەوەدا بوو کە دایکم لە عارەبی تێ نەدەگەیشت. کە لە تەمەنی حەفت ساڵیدا بووبوو باپیرەی ئەوەندە عارەبییەی لە قورئان پێ لەبەر کردبوو کە بتوانێ نوێژەکانی خۆی پێ بکا و ئەمیش لە ماوەی زیاتر لە پەنجا ساڵدا یەک نوێژێکی نەفەوتاندووە، بەڵام لەو وشانە زیاتر هیچ عارەبی نازانێ. لەم ساتەدا نەزانینی ئەو بۆ عارەبی ڕەحمەتێک بوو، چونکە بووە هۆی پاراستنی ڕێژەیی لە سووکایەتی پێکردن.

باوکیشم، وەکو دایکم، خوێندن و نووسینی نەدەزانی. بەڵام بەپێچەوانەی دایکمەوە، ئەو زۆر بەکەمی گوێی بەئاین دەدا. هەروەها یەک پوولیشی لە هیچ شتێکدا وەبەر نەهێنابوو، ئەوەی بەلای ئەوەوە گرینگ بوو تەنیا ناندانی خێزانەکەی بوو. جاروبار لەژێر پاڵەپەستۆی دایکم یان هەندێ لە خزمانماندا یەک دوو ڕۆژ نوێژی دەکرد و پاش ئەوە لێ دەچووەوە. هیچ گوێی بە نوێژی هەینی لە مزگەوتان نەدەدا. ئەو دەیگوت، "من ناتوانم بچم و گوێ لە مەلایەکی دەبەنگ بگرم کە هەفتە لە دوای هەفتە هەر جارەک دوو سەعاتان قسەی هەلەق و مەلەق لەسەر هەمان بابەت دەکاتەوە. هەروەها من هیچ عارەبی نازانم و نامەوێ درۆ لەگەڵ خوادا بکەم و نوێژ بەزمانێک بکەم کە نە قسانی پێ دەکەم و نە تێی دەگەم. ئەو خۆی تەواوە نەک ئەم خەڵکە بێ مێشکە، هەروەها من هیچ هۆکارێک نابینم کە خوا لەبەر ئەوە من یان هەر کەسێکی تر بخاتە دۆزەخەوە تەنیا لەبەر نوێژ نەکردن. من خوای خۆم خۆش دەوێ. واش نازانم کە ئەو پێویستی بە نوێژ یان ڕۆژووی من هەبێ.

من بڕوام وایە کە ئەو خاوەنی ئەرز و ئاسمانە. زۆریش لەم شتە بچووکانە گەورەترە".

پاش ئەو هەموو سالانی تەمەنە و پاش خوێندنی چەندان کتێب، هێشتا ناتوانم وەلامی باوکم بدەمەوە! تەنیا شتێک کە لێی دڵنیام ئەوەیە کە خودا بۆ من نامۆ نییە. ئەو لە ئاسمانە، لەو شینێتییەی دەوروبەرمانە. من لە هەموو شتێک زیاتر دەتوانم ببینم. منیش وەک باوکم، پێویستیم بە کەس نییە هاوکاریم بکا بۆ گەیاندنی خۆشەویستیم یان نوێژەکانم بەو.

ئەو کابرایەی سووکایەتیی بەدایکم کرد ڕووی وەرگێڕایە لای هاوڕێیەکانی. هەر زوو ئەوەی پلانیان دانابوو بیکەن ئاشکرا بوو. ئەفسەرەکان پێنج گەنجیان- ڕاستتر وایە بڵێم منداڵ چونکە لەوە دەچوو هەموویان تەمەنیان لە ژێر هەژدە ساڵییەوە بێ- هێنایە ناو ژوورەکەوە. چاوەکانیان بەسترابوونەوە و بەیەکەوە گرێ درابوون. من هێشتا لە هەوڵی ئەوەدا بووم کە لێیان ورد ببمەوە و بزانم کێن کاتێک کە تەقەکردن دەستی پێ کرد. بە چاوترووکانێک هەموویان مردن. هەر لەوێ و بەبەر چاوی دایک و باوکانیانەوە.

یەکێ لە دایکەکان شیوەنی دەکرد و سینگی خۆی دەکوتا، بە مێردەکەی خۆی گوت، "ئەوە کوڕەکەمان بوو، نەوزاد"، ئینجا ڕووی لە ئەفسەرەکان کرد: "ڕەبی خوا چاوی هەمووتان کوێرە بکا".

مێردەکەی کە پیر بوو و چاوی بەباشی نەدەبینی بەهێمنی پرسیی، "بەڕاستی ئەوە نەوزادی خۆمانە؟ ئەو منداڵێک بوو. ئەو کە برسیی دەبێ وەک منداڵ دەگری. ئەو بەشەوان دەترسا بەتەنیا لە ماڵەوە بچێتە دەرەوە. دەبووایە من لەگەڵی بچم و چاوەنوارِ بم تا تەواو دەبێ. خوایە کوا دادوەری؟ کوانێ دادوەری؟"

دایکێکی تریش کوڕەکەی خۆی بە بورهان ناو هێنا.

ئێمە هەموومان دەگریاین، تەنانەت کە ئەفسەرەکان دڕندانە و بێڕەحمانە دەیانویست بێدەنگمان بکەن. من وا دەزانم کە گریان تەنیا ڕێگەی بەر دەستمان بوو بۆ شەڕی ئەوان. ئەوان ئێمەیان ناچار کرد ئەو قەسابخانەیە ببینین بۆ ئەوەی ورەی کوردانەمان بڕووخێنن. بەلام شکستیان خوارد. ئێمە دەگریاین و ئەوان لەتوانیاندا نەبوو ڕامانگرن.

کەمێک پێش ئەوەی دووبارە چاوم ببەستنەوە، توانیم لە پەنجەرە بچووکەکەوە بەشێک لە دیوارە بەردینەکەی قوتابخانەی دواناوەندیی هەولێر ببینم. من ئەو باڵەخانەیەم بەباشی دەناسی، نێزیکەی گشت ڕۆژێک چاوم پێی دەکەوت. ئێستا بۆم دەرکەوت کە ئێمە لەکوێین: لە بارەگەی ئەمنداین. قوتابخانەکە ڕاست لەوبەری شەقامەکەیە بەرامبەر بە کتێبخانەی گشتیی هەولێر، ئەو شوێنەی چەندان ساڵ بوو وەک ماڵی دووەمی منی لێ هاتبوو، تا ئەو کاتەی سەدام حوسێن کردی بە گرتووخانە.

هەواڵنامەی کتێب

## زیندانێکی تا مردن بێدەنگ

بە دەست بەستراوی و چاو بەستراوییەوە منیان بەدەم بۆکس و شەق تێهەڵدانەوە برد و لەکۆتادا فڕێمیان دایە سەر زەوییەکی ڕەق. دەرگەیەک داخرا، ئیتر نەمتوانی گوێم لە دەنگی گریانی بەکوڵی دایکم و گرتووەکانی تر ببێ. وا دەزانم کە بە ئۆتۆمۆبیلێکی سەربازی برامەوە. کە ئۆتۆمۆبیلەکە کەوتە ڕێ گەورەترین نیگەرانی لە دڵمدا دیمەنی ئەو گەنجانە بوو کە بەبەر چاوی من و دایکمەوە درانە بەر گوللە: دەبێ چۆن بەرگەی ئەوە بگرێ، ئەی دەبێ چیی بەسەردا بهێنن؟

بەهیچ شێوەیەک نەمدەزانی بەرەو کوێ دەچین. لە پشتی ئۆتۆمۆبیلەکەدا دەتلامەوە و شتێک لە کەللەمدا سەری هەڵدا، بۆچی من هێشتا بە دەست بەستراوی و چاو بەستراوی ماومەتەوە؟ بێگومان ئەمە بۆ ئازاردانی گیانمە، خۆم بەخۆم گوت. بەڵام من لێیان ناگەڕێم چییان لە لەشم کردووە ئەوەیش لە گیانم بکەن. ئەوان دەتوانن لەبارەی ئەو شوێنەوە کە لێیدام سەرم لێ بشێوێنن، بەڵام ناتوانن من تێک بشکێنن. من نەمدەتوانی هەڵێم، ئەوەم دەزانی، بەڵام گیانم داگیر ناکرێ.

لە قووڵاییی ئەم بیرکردنەوانەدا بووم کاتێک لە ناکاو چاومیان کردەوە. لەوانەیە بۆ ئەوە بێ کە دیسانەوە شتێکی تۆقێنەرم پیشان بدەن، وای لێ تێ گەیشتم، چاوەکانم بە داخراوی هێشتەوە. بەڵام کاتێک کە چاوم کردەوە، دەبینم لەناو ڤانێکدام و دوو ئەمن بەدیارمەوە وەستاون. دەبێ ئەوانە بن کە بە شەق و بۆکس تێمیان هەڵدەدا. وەک ئەوەی بۆ سەلماندنی ئەمەیش بێ یەکێکیان شەقێکی زۆر بەهێزی لە سینگم دا، کۆمەڵێک جوێنیشی پێم دا.

منیش جوێنەکانم پێی دایەوە.

ئەوەی تریان تووڕە بوو و یەک شەقی تێم هەڵدا کە لەگەڵیدا کەوتم و نیوە لەخۆچوونێک لەخۆ چووم. هیچ وزەم تێدا نەبوو بۆ دانیشتن یان هەڵسانەوە، بەڵام بایی ئەوەندە ئاگەدار بووم کە لە پەنجەرەی پشتەوەی ڤانەکەوە و لە پەنجەرەی لای شۆفێرەکەوە سەیری دەرەوە بکەم. ڕەنگی ئاسمان پێمی دەگوت کە هێشتا شەو دانەهاتووە.

لەگەڵ ڕۆیشتنی ئۆتۆمۆبیلەکەدا، زۆرم لە مێشکم دەکرد بۆ ئەوەی بیر لە شتی تر بکەمەوە. ئەو ڕێگەیەم هێنایە بیری خۆمەوە کە قوتابییان تیایدا لەسەر شۆستەکان خەریکی ئامادەکردنی وانەکانیان بوون، لەبەرئەوەی لە ماڵەوەیاندا جێیان نەبوو. لە پۆلی پێنجی ئامادەییدا، منیش یەکێک بووم لەو منداڵانەی لەسەر شۆستە دەیانخوێند.

کە ئۆتۆمۆبیلەکە وەستا، دووبارە چاومیان بەستەوە. لە بیری خۆمدا، هەوڵم دەدا خۆم بۆ ڕێیەکی درێژ ئامادە بکەم، بیرم لەوە دەکردەوە کە لەوانەیە بۆ چەندان ساڵی داهاتوو بەبێ دادگەیی و بەبێ ئەوەی ڕێگەم بدەن پارێزەرێک ببینم، لە گرتووخانەدا بکەوم. ڕەنگە لەژێر دارکاریدا بمرم. بەڵام بیرۆکەی کاریگەریی بەرتیلم هەرگیز بەدوور نەدەزانی. من وام دەزانی کە تەنیا بەرتیلێکی چەور پێویستە بۆ کۆتاهێنان بەو دەردەسەرییەی من.

تەنانەت پێش گرتنیشم، زۆر سەخت بوو بەلامەوە کە بیرم لەوە دەکردەوە دەبێ گرتن لە بارەگەکانی ئەمندا چۆن چۆنی بێ. کاتێک بەئۆمۆبیل بەرەو باشوور بە شەقامی سەرەکیی هەولێردا، بارەگەکانی پۆلیسم دەدیتن، ئەو کات بەبێ ویستی خۆم بیرم هەوڵی دەدا بمباتە ئەودیوی ئەو دیوارانەوە. دەبێ گیراوەکان چۆن خۆیان لەگەڵ ئەشکەنجەداندا گونجاندبێ؟ دەبێ چۆن کات بەسەر ببەن؟ دەبێ قایمکردنی مرۆڤ لە تەنیایی و تاریکیدا چۆن بێ؟ تەنیا بەبیرکردنەوە لەو جۆرە پرسیارانە وای لێم دەکرد هەست بکەم کە وەک گیراوێک وام، هەرچەندە بەبێ ئەو پرسیارانەیش گەلێک گران بوو کە وەک گرتوویەک هەست نەکەی. خەڵک لە هەموو شوێنێکدا چاودێرییان لەسەر هەبوو، تەنانەت ئەگەر چاودێریشیان لەسەر نەبووایە خەڵک هەر ئەو هەستەیان هەبوو کە سیخوڕییان لە دژ دەکرێ، تەنانەت لە ژووری نووستنیشیاندا ئەو هەستەیان هەر هەبوو.

زۆربەی جاران، برادەرەکانم و خۆم بۆ پیاسە دەردەچووین و بۆ ئێوارە کۆتای پیاسەکەمان دەمانی گەیاندە یانەی فەرمانبەران. ئەو یانەیە لە ناوەڕاستی بازاڕدا بوو و باخچەیەکی بەرینی پڕ گوڵی تێدا هەبوو بەداری یوکالیپتۆسی بەرز دەورە درابوو، بەمەیش شوێنێکی نموونەیی بوو بۆ خواردنەوە و گفتوگۆ لەسەر بابەتگەلی هونەر و ئەدەب. بەزستانیش، ناوەوەی یانەکە، بەو پەنجەرە گەورانەیەوە کە لە زەوییەکەیەوە تا بنمیچەکانی بوون، پەناگەیەکی باش بوو بۆ خۆپاراستن لە چاو و گوێی بەردەوام کراوەی ڕیژیمی سەدام.

یانەی فەرمانبەران ئەو شوێنە بوو کە مامۆستایان بۆی دەچوون بۆ گفتوگۆ لەبارەی وانەکانیانەوە، بەڵام کاتێک حکوومەت دەستی بەسەردا گرت کرا بە گەراج. دوای ئەوەیش، پاش ڕووخانی ڕیژیمی سەدام بوو بە بازاڕی نیشتمان مۆڵ. بەشێک لەم مۆڵە نوێیە لەسەر گۆڕستانێکی گەورەی کۆندا بنیات نراوە، کە بەگۆڕستانی شێخەڵا ناسراوە. ئیتر نازانم هۆی سەرنەکەوتوویی ئەو مۆڵە لە فرۆشتندا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە یەکەمین مۆڵ بوو لە هەولێردا یان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لەسەر گۆڕستانەک درووست کراوە کە خۆشەویستانی بازاڕیکەرانی تێدا نێژراوە بۆ ئەوەی بەئاسوودەیی بنوون.

هەندێک جار لە کۆنە چایەخانەیەکدا یەکترمان دەدی کە پێی دەڵێن مەچکۆ، ئەو چایەخانەیە لە ناوجەرگەی کەونە شارەکەدایە. هەموو ئێوارانێک نووسەرانی شارەکە دەچنە ئەوێ بۆ ئەوەی یەکتری ببینن و چایە بخۆنەوە و گفتوگۆ لەسەر بابەتی جۆرەوجۆر بکەن. لەبەرئەوەی مەچکۆ بەتایبەتمەندیتر بوو لە یانەکە، ئاسانتر بوو بۆ ئێمە بۆ ئەوەی ئەو خەمەی لە دڵماندایە دژ بە دیکتاتۆرییەتی سەربازیی هەڵبڕێژین، لەگەڵ ئەوەیشدا هیچمان لەدەست نەدەهات کە بتوانین دۆخەکەی پێ بگۆڕین. بەڵام بێگومان ئەو کۆبوونەوەیەمان بەیەکەوە جۆرە حەسانەوە و فریاگوزارییەکی گەورە بوو بۆ گشتمان، هەرچەندە وای دەکرد هەست بکەین چەند کەمە ئەو ئازادییەی هەمانە. قسەکردن لەبارەی ئازادییەوە وەک باسکردنی شتێک بوو کە هەرگیز ناتوانین



جەلال چاو بەناو ئەو کتێباخانەدا دەگێڕێ کە لەلای پێشەوەی چایخانەی مەچکۆدا دانراون

بەدەستی بهێنین یان بیدۆزینەوە. ئێمە دەمانزانی کە بەبێ ئازادی ناتوانین هیچ چێژێک لە ژیان وەربگرین و بەبێ ئازادیش ڕاستی شتێکی ئاستەمە. ئێمە دەمانزانی کە ئازادیمان لێ زەوت کراوە، بەڵام پێش ئەوەی کە بێمە گرتن تێ نەگەیشتبووم لەوەی ژیانی پشت شیشی زیندان چەند سەختە. هیچ شتێک نەبوو من ئامادە بکا بۆ سەختیی دوورخستنەوەم لە ژنەکەم و منداڵەکەم.

بە جۆرێک لە جۆرەکان دەمزانی کە نۆرەی منیش هەر دێ. وەک دەبینی، ڕیژیمی سەدام لەو جۆرە ڕیژیمانە نەبوو کە دڵی ئارام بێ بەوەی لە خوێندەواری وەک من خۆش ببێ و هەروا بەرەڵام بکا. ڕێژیمەکە دەیویست باڵی خۆی بەسەر هەموو کەسێکدا بکێشێ. من دەمویست بوونێکی سەربەخۆیانەم هەبێ، بەڵام ڕێژیم بواری ئەوەی نەدەدا. لەبەرئەوە دەمزانی مەسەلەکە تەنیا مەسەلەی کاتە. بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا مایەی سەرسامی بوو کاتێک کە لەو ئێوارە ساردەدا بۆم هاتن. من خۆم ئامادە دەکرد بۆ خۆشوشتنێک کە زۆر پێویست بوو، بۆ ئەوەی پاش ئەوە بچمە ناو جێ و بخەوم. سەخت بوو بڕوا بکرێ بەوەی کە بەو شێوەیە دێمە بردن، چاوەکانم بەسترانەوە و کەلەپچەیان کردە دەستم و هیچیشم لەبەردا نەبوو شرە پیجاما شینەکەم نەبێ.

لەبەرئەوەی زۆربەی ئەو ماوەیەی لەناو ئۆتۆمۆبیلەکەدا بووم، چاوەکانم بەسترابوونەوە، توانی ئەوەم نەبوو بزانم چەند کات تێپەڕیوە. بەڵام بیرم چالاکانە کاری دەکرد: لە ساتێکدا، من بەڕاستی پێم وا بوو کە بیرم توانی ئەوەی هەیە گرتیگەکەم بۆ بکاتە دوورگەیەکی ئازادی و ئارامی، بەڵام لە ساتێکی تردا، بێئومێد دەبووم و خۆم بەگێل دەهاتە بەر چاو.

ئەوەی بەسەر مندا دەهات نە شتێکی نوێ بوو و نە جیاواز بوو. ئەوە پێشتر بەسەر خەڵکی تردا

هاتبوو. دووبارەیش بەسەر خەڵکی تردا دێ. سەدام خەڵک لە گرتووخانە دەنێ و دواتر بەریان بەرەڵا دەکا. بەڵام پێش بەردانیان، گرتییەکان بەباشی تەمێ دەکرێن و پێیان دەگوتری بەرپرسیارەتییەکانیان چییە و چەند سزایان توندتر دەبێ ئەگەر جارێکی تر بگەڕێنەوە سەر ئەو ڕێگەیانەی پێشتر پیایاندا ڕۆیشتبوون. پێیان دەگوترێ کە ئەوان پاش دەرچوونیان لەژێر چاودێریی بەردەوامدا دەبن. ئامانجیش لە پشت ئەمەوە ئەوە بوو کە خەڵکەکە بخرێنە ژێر ڕکێفی ترسێکی بەردەوامی شێتانەوە. سەدام بۆ خۆی داهێنەری هونەری گرتن و ئەشکەنجەدان نەبوو، بگرە ئەو تەنیا کارەکەی گەیاندبووە ئاستی کامڵبوون. هەر لەبەر ئەوەیش بوو کە زۆر لەوانەی ئازاد دەکران، پاش بەردانیان هەوڵیان دەدا پەناگەیان لە دەرەوەدا دەست بکەوێ. بەڵام ئەوەیش کارێکی ئاسان نەبوو. عێراقییە ئاساییەکان مافی ئەوەیان نەبوو پاسپۆرتیان هەبێ. تەنیا ڕێگەیەک بۆ ڕۆیشتن بریتی بوو لە بەقاچاخ ڕۆیشتن بەناوچەگەلێکی سەخت و پڕ مەترسیدا، ئەوەش کارێک بوو لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا چەندان گیانی کردە قوربانی.

ساڵێک پێش گرتنم، پیاوێک لەو دەوروبەری خۆماندا، ناوی سەفین بوو، یەکێک بوو لەو گیراوانەی سەدام ئازادیانی کرد. وەک نەریتی باو لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، پاش ئەوەی لە زیندان هاتە دەر خەڵک پۆل پۆل دەچوونە سەردانیکردنی. کە گوێم لەو چیرۆکانە دەبوو سەفین لەبارەی گرتووخانەوە دەیگێڕانەوە، لە دڵی خۆمدا دەمگوت دەبێ من بتوانم بەرگەی ئەوە بگرم کە ئەو بەرگەی گرتووە. ڕۆژانە بەپانکەی ئاسمانییەوە دەکرا و بە کێبڵێکی ئەستوور دارکاری دەکرا. هەموو نینۆکەکانی پەنجەکانی دەست و پێی هەڵکێشرابوون. لەسەر سینگی جگارەیان کوژاندبووەوە و، بەڕووتی ناچار کرابوو لەسەر بوتڵ دابنیشێ. کاتێک کە لە پشتی ئۆتۆمۆبیلەکەدا فڕێ درابووم، هەوڵم دەدا بەخۆم بڵێم کە هیچ نییە و باش دەبم، بەڵام لە ژوورەوە هیچ لەوە دڵنیا نەبووم.

هەوڵم دەدا بەسەر ئازارەکانمدا زاڵ ببم لەو کاتەدا کە ئۆتۆمۆبیلەکە لەناکاو وەستا. دیسانەوە چاوەکانم بەسترانەوە دوو جار زۆر بەهێز درامە بەر بۆکس بەشێوەیەک کە بەربوومەوە. ئینجا درامە بەر پێلەقە تا ئەو کاتەی لەشم سڕ بوو. من بەلای ئەو پیاوانەوە وەک توورەکەی بۆکس و شەق لێدان کە بۆ مەشقی بۆکسێن بەکار دێ وا بووم. ئەوەندە ئازار درام کە وام لێ هات بپرسم بۆچی ئەوەندە لێم تووڕەن، خۆ ئەوان پێشتر منیان نەدیوە. ئۆباڵی توندوتیژییەکەی ئەوانم خستە ئەستۆی دیکتاتۆرییەت. چونکە سەرباری هەموو شتێک، ئەو ڕێژیمە خەڵکێکی هەبوو کە لەسەر دڵڕەقی ڕاهێنرابوون.

لە ئۆتۆمۆبیلەکە بەکێش کرامە دەرەوە و ئەوەندە بەهێز پاڵم پێوە نرا کە کەوتمە سەر زەوی و سەرم شکا. ئینجا منیان هەڵگرت و فڕێمیان دایە ناو ژوورێکی تەسکەوە، ژوورەکە ئەوەندە تەنگ بوو کە تیایدا توانم نەبوو دەست و قاچەکانم بەتەواوی درێژ بکەم. کە چاوەکانمیان کردەوە و کەلەپچەیان لە دەستم کردەوە، ئێستا دەبینم کە لەسەر بەتانییەکی زۆر پیسم لەسەر زەوییەکی

چیمەنتۆ ڕاخراوە. ئەوسا هێشتا پیجاما شینەکەم لەبەردا بوو. خۆم پشکنی بۆ ئەوەی بزانم خوێنم لەبەر دەڕوا. دڵۆپێک یان دووان خوێن کەوتنە سەر پیجاماکەم و بەقۆڵی پیجاماکەم ئەوەی ترم سڕی. ئەو دڵۆپە خوێنانە پەڵەیەکی گەورەیان دروست کرد.

زۆر سارد بوو. من تا ئێستا بیر دەکەمەوە بۆچی ئەو ئێوارەیە ئەوەندە زوو جلەکانم گۆڕی. ئەگەر هەر پانتۆڵە ڕەشەکە و پاڵتۆ بۆرەکەم لەبەردا بوونایە ئەوەندە سەرمام نەدەبوو. کاتێک کەمێک بەتانییەکەم لادا، پاشماوەی خوێن و گووی وشکی مرۆڤم بەسەر زەوییەکەوە دی کە گشت شوێنێکیان داپۆشیبوو. هەوڵم دا بیر بکەمەوە چی لەودیوی ئەم ژووره بچووکەوە هەیە. ویستم بیر لە شتە جوانەکان بکەمەوە، وەک ڕۆژانی هەینی.

کاتێک کە بچووک بووین، ڕۆژی هەینی ئەو ڕۆژە بوو کە لە گشت ڕۆژانی تری هەفتە زیاتر چاوەنواڕی دەبووین. چونکە لەو ڕۆژەدا هەموو ماڵێک خواردنی خۆشی ئامادە دەکرد. لە پێش قاپیی ماڵەوەدا، باوکم سەری مریشکێکی دەبڕی. من دڵخۆش دەبووم بەوەی مریشکەکە بە شێوازێکی ئەخلاقییانە دێتە کوشتن، بەڵام هەرگیز بەرگەی ئەوەم نەدەگرت سەیری کوشتنەوەکەی بکەم و هەموو جارێک چاوی خۆم دادەخستن بۆ ئەوەی خوێنەکە نەبینم. کەچی ئێستا خوێنی تەڕی خۆم تێکەڵ بەخوێنی وشکەوەبووی گیراوەکانی تر بووە کە پێش من لێرەدا بوونە. هەموو لەشم ئازاری هەبوو. گەلێ خەمی دایکم بوو، چەند ڕووخێنەر دەبێ بۆی کە من بەو لاوازی و بەو خوێنانەوە ببینێ، کەسی دووەم کە لە کاتی گرتنەکەمەوە بیرم لێ دەکردەوە. بیرم لەوە دەکردەوە کە سەفین بۆمی گێڕابووەوە و ڕاستییەکەیم بۆ دەردەکەوت، کاتێک لە ناکاو گوێم لەو هەموو ناڵە و گریانە دەبوو و بەوەیش زانیم چیم لە پێشدایە.

گڵۆپێکی زەرد بەبەردەوامی لە زیندانەکەدا دەسووتا. سویچەکەی لە دەرەوە بوو و دەستم پێی نەدەگەیشت، بۆیە نەمدەزانی کات ڕۆژە یان شەوە. لەناکاو، ئەو پەنجەرە بچووکە ئاسنینەی بەلای سەرەوەی دەرگەکەوە بوو کرایەوە و سەموونێکی بچووکی کۆن و بوتڵێک ئاو فڕێ درانە خوارەوە. لەبەرئەوەی شوێنەکە زۆر تەنگ بوو یەکسەر کەوتنە کۆشمەوە. لەگەڵ فڕێدانەکەدا سەری بوتڵەکە کرایەوە و نیوەی ئاوەکەی ناوی ڕژا. ئاوەکە گەرم بوو و بۆنی دەهات، بوتڵەکە دیار بوو چەندان جار لە ئاوی بۆڕی پڕ کرابووەوە. هەرچەندە تا ئەو کاتە هیچ خواردنێکم پێ نەدرابوو، هیچ دڵم خواردنی نەدەویست. کاتێک کە ویستم کەمێک قاچم درێژ بکەم، هەندێ نووسین و مێژوو و ژمارەم بۆ دەرکەوتن کە گیراوانی پێش من لەسەر دیوارەکە بەجێیان هێشتبوو. ئەوەی زۆر سەرسامکەر بوو بۆ من ئەوە بوو کە ئەو کەسانە خوێنی خۆیان بەکار هێنابوو بۆ ئەوەی ئاماژەگەلێک بۆ خۆیان لە پاش خۆیان بەجێ بهێڵن. ڕەنگە ئەوە شێوازی ئەوان بووبێ بۆ کەمکردنەوەی ئازارەکانیان و تاوەکو ئەوە بەبیری خۆیاندا بهێننەوە کە ئەوەی تووشی بوونە ناشێ هەتا هەتایە بەردەوام ببێ. بەڵام بەجۆرێک لە جۆرەکان بیرۆکەی بەکارهێنانی خوێن وەک ئامرازێک بۆ پێوەندیکردن منی وروووژاند. هێشتا ناوچاوانم بەکەمی خوێنی لێ دەهات، بەڵام هەر نەمتوانی پاڵ بەخۆمەوە بنێم بۆ

ئەوەی بەخوێن بنووسم.

هێشتا لەکاردانەوەدا بووم بەرامبەر بەوەی لەسەر دیوارەکەدا هەبوو، کاتێک لەناکاوڕا دەرگەکە کرایەوە سەر پشت و دوو زەلامی ناوشان پان و قۆڵ قەوی منیان ڕاکێشایە دەرەوە، دووبارە دەست و چاومیان بەستەوە و، منیان برد، لە پشتەوەش بەردەوام تێمیان هەڵ دەدا. پاش چەند خولەکێک، بەعارەبی فەرمانیان دا پێم بوەستم، ئینجا چاومیان کردەوە و منیان لەسەر زەوییە ڕووتەکە دانیشاند. هەموو ئەوەی لە دەورمدا بوو بریتی بوو لە هۆکارگەلی ئەشکەنجەدان: لەسەر کورسییەکی ئاسن کێبڵ، بوتڵ، پلایس و چەکووج دانرابوون، لە دیوارەکەوە وایەری کارەبا هاتبوونە دەرەوە، پەتێکی ڕەش لە میچەکەوە شۆڕ بووبووەوە، لە ژێر ئەویشەوە کورسییەک دانرابوو. بیرم لەوە دەکردەوە دەبێ چەند گەردنی بێتاوان لەو ژوورەدا هاتبنە خنکاندن.

وشەکانی سەفین بەئازارەوە لەناو مێشکمدا زیندوو بوونەوە و، بۆم ڕوون بووەوە کە من بۆ تێهەڵدان هێنراومەتە ئێرە. ئەوەندە بەهێز منیان ڕووت کردەوە کە پیجاما و کراسەکەی بەرم تا ڕادەیەک دڕان. بەڵام باش بوو دەرپێکەمیان لەبەرمدا هێشتەوە. ئینجا بەکێبڵ بەربوونە وێزەم. هەموو شتێک لەبەر چاوم ڕەش داگەڕا و، خەریک بوو دەبوورامەوە، بەڵام نازانم چۆن (عەبد)ی هاوڕێم بەبیردا هاتەوە کاتێ بۆمی دەگێڕایەوە چۆن باوکی باسی ئاگری جەهەننەمی بۆی کردبوو. ئینجا بیرم لەوە دەکردەوە دەبێ کامیان خراپتر بێ، لە دۆزەخ بی یان بهێنرێیتە ئەم شوێنە. بەئاستەم بەبیرم دێ کە لە ساتێکدا منیان هەڵگرتبوو بۆ ئەو شوێنەی پانکە ئاسمانییەکەی لێ بوو. دیار بوو پاش ماوەیەکی زۆر کورت من بەتەواوی لەخۆ چووبووم، لەبەرئەوەی کە بەئاگا هاتمەوە دووبارە لە ژووری زیندانەکەمدا بووم. لەوێوە گوێم لە هاواری بەرزی گیراوانی تر دەبوو کە ئەشکەنجە دەدران. لەم کاتەدا هەموو شوێنێکی لەشم ڕەش و شین بوو. ئەژنۆکانم لە هەموو جێیەک زیاتر ژانیان دەکرد و کەمێکیش سەرمام بوو، بەڵام ئەوەندە هێزەم لەبەردا نەمابوو کە بتوانم پیجاماکەم لەبەر بکەمەوە، بە بەتانییە کۆنە پیسەکە خۆم پێچایەوە.

کاتێک کە منداڵ بووم، لە یاریی تۆپێندا ئازار بە ئەژنۆیەکانم گەیشتبوو. ئەو کاتە دایکم یارمەتیمی دا برینەکانی بۆم پاک کردەوە و ئازارەکەی بەدەرمانی خۆماڵی شکاند و بەوەیش توانیم ئەو شەوە بخەوم. بەڵام ئەم جارەیان کەس نەبوو برینەکانم سارێژ بکا. گەورەترین بێزارکەریش ئەو گلۆپە بەتینەی بنمیچەکە بوو کە بەردەوام داگیرسابوو. ئەو وای دەکرد برینەکانم ببرژێنەوە و بەبەردەوامی ئارامیی لێم بڕیبوو. لە ناو هەموو ئەمانەشدا، بیرکردنەوە لە نووسین و بیرکردنەوە لە یادەوەرییە هەرە خۆشەکان ترووسکەیەکی هیوای پێم دەبەخشی.

ئەوانەی دارکاریمیان دەکرد دوو پیاو بوون. نەمدەزانی بەیانییە یان ئێوارە، ڕۆژە یان شەو، کاتێک دەهاتنە وێزەم، بەڵام پێ دەچوو کە بەشێوەیەکی ڕۆژانە بێن. یەکێکیان دەموچاوێکی پڕ لە زیپکەی هەبوو و لەسەر نووکی لووتیشی خاڵێکی کوتابوو. سمێڵە ئەستوورەکەی بەوە دەچوو بەبۆیەیەکی ڕەشی قەترانی بۆیە کرابێ وەک لەو سەردەمەدا باو بوو، بەڵام من پێم وایە کە دڵی لە

سمێڵی ڕەشتر بوو. ئەوان لە دارکاری و ئازاردانی من بێتاقەت نەدەبوون، ئەوان بەشێوەیەک ئازاری لەشی منیان دەدا وەک ئەوەی لاشەیەکی بێ گیان بێ.

بەڵام کابرای دەموچاو زیپکاوی زۆرترین کاری ئەشکەنجەدانەکەی ئەنجام دەدا. سەرەتا بە کێبڵ دەستی پێ دەکرد، دوای ئەوەی چەند کێبڵێکی دەوەشاند، دەیشیراند بە دەنگێکی بەرز، "ئێستا ددان بەتاوانەکەتدا بنێ. ئەو کەسانە کێن کە لە دژی شۆڕشەکەمان دەنووسن؟" منیش هەموو جارێک لە وەڵامدا هەمان شتم دەگوتەوە، دەمگوت کە من شاعیرم و تەنیا لەبارەی حەزەکانی مرۆڤ و ئاشتی و جوانی شیعر دەنووسم. دوای ئەوە تێهەڵدانەکە بەردەوام دەبوو. پاشان وەک مردووم لێ دەهات. دەبرامەوە زیندانەکەم و وردەوردە هۆشم دەگەڕایەوە بەر.

ڕۆژێکیان گوێم لێ بوو کەسێک لە دیوارەکەی دەدا، ئیتر کە لێدانەکە بەردەوام بوو بۆم ڕوون بووەوە کە ئەوە لە زیندانەکەی تەنیشتمەوەیە. من هەرگیز نەمزانی ئەوە کێیە لەو زیندانەدا، بەڵام لەڕێی ئەو لێدانی دیوارەوە پێوەندیمان بەیەکەوە دەکرد ئاگامان لە حاڵی یەکتر دەبوو. من دەزانم کە ئەوە هیچ نەبوو شتێکی بچووک نەبێ، بەڵام ئەو لێدانی دیوارە وای دەکرد هەست بکەین کە پێوەندیمان لەنێواندا هەیە.

من بەتەنیا لەو زیندانەدا مامەوە، بۆ ماوەیەک کە وا دەزانم چەندان ڕۆژ بوو کاتێک بەیانییەکیان دوو پیاوی جیاواز هاتنە لام. هەوڵم دا پیجاما شینە دڕاوەکەم لەبەر بکەم، بەڵام پێش ئەوەی بتوانم ئەوە بکەم منیان ڕاکێشایە دەرەوە. هەر کە منیان لە ژووری زیندانەکە دەرکرد خێرا چاومیان بەستەوە و بە بەتانییە شڕەکە منیان پێچایەوە، ڕێبەریمیان کرد بەرەو شوێنێک بەوە دەچوو بەشێکی تری ئەو گرتووخانەیە بێ. کاتێک کە چاومیان کردەوە خۆم لە ڕووبەڕووی ئەفسەرێکدا بینییەوە کە بەرگی زەیتوونیی لەبەردا بوو. مێزەکەی بەکاغەز داپۆشرابوو.

دەستی بەپرسیار و قسەکردن کرد بەشێوازێکی پیشەئامێز: "چەند شیعرت بەناوی خوازراو نووسیوە کە تیایاندا هێرشت کردووەتە سەر شۆڕشە مەزنەکەمان؟ ئێمە دەزانین کە تۆ بۆ بڵاڤۆکی نهێنی دەنووسی. ئێمە دەزانین کە کەمالی برات لە جیاتی ئەوەی خۆی بەدەستەوە بدا ڕای کردووەتە چیا. دیارە ئەو شتێکی هەیە دەیەوێ لێمانی بشارێتەوە."

ئەو هەواڵەی لەبارەی کەمالەوە بوو منی سەرسام کرد. لە کاتی گرتنمدا برا بچووکەکەم لە قوتابخانەیەکی شەوانەدا ئامادەیی تەواو دەکرد. ئەو ئێوارەیە کەمال وەک ڕۆژانی ئاسایی چووە قوتابخانە. مامۆستای ئینگلیزییەکەی، عەلی جوکل، بردبوویە لاوە و پێی ڕاگەیاندبوو کە پۆلیسی نهێنی (ئەمن- وەرگێڕ) هاتوون و بەدوایدا دەگەڕێن. کەمالیش یەکسەر کتێبەکانی پێچابووەوە و بەرەو گەڕەکی سێتاقان هەڵاتبوو و لەوێ کوڕی خزمێکمان، باوەکر، یارمەتیی دابوو خۆی بگەیەنێتە گوندێ سێنان لە دۆڵی سماقوولی لە باشووری خۆرهەڵاتی هەولێر. ئەو ماوەیەک لەوێ مابووەوە لەگەڵ پوورم و مێردەکەی، سەیید ساڵح، ئینجا پێوەندیی بەپێشمەرگەوە کردبوو.

ئەفسەرەکە لە قسەکردن بەردەوام بوو: "با بۆتی ڕوون بکەمەوە: تۆ دەتوانی خۆت لە گرفتی

زیاتر ڕزگار بکەی بەوەی لەگەڵ ئێمەدا ڕوون بی. تۆ تەنیا ئەوەندەت لەسەرە پێمان بڵێی کێن ئەو کەسانەی لە "شاخ"دا کە کۆوارێکی نهێنیی تێکدەرە هێرش دەکەنە سەر شۆڕشەکەمان. ئەو کۆوارە لە چیا دەردەکەن، بۆیە دەبێ بزانین چۆن خەڵک لێرە لەشارەوە شتیان بۆ دەنێرن؟"

من لەڕاستیدا لە ١٩٨٠کاندا چەند پارچەیەکم نووسیبوو لەژێر ناوی نهێنیی "زەمەند" بۆ "نووسەری کورد"ی نهێنیی ئەو سەردەمە کە زمانحاڵی یەکەتیی نووسەرانی کورد بوو. بەڵام کە ئەوان ئاماژەیان بۆ ئەوە نەکرد من وا تێگەیشتم کە زانیارییان لەسەر ئەم بابەتە نییە. بەڵام ئەی ئەگەر ئەو بڵاوکراوەیەیان لەلا بوو و لە چەکمەجەکەیاندا بوو؟ من پێم گوت کە ئەو زانیارییانەی لەسەر من هەیانە ڕاست نین و گوتیشم، "سەبارەت بە کەمالی براشم، من ئێستا گیراوم چۆن دەتوانم بزانم لە کوێیە؟ من پیاوی ماڵێکم. ئەو تەنیا لە تەمەنی ٢٠ ساڵیدایە و لەگەڵ ئێمەدا ناژی. ئەو بەرپرسە لە خۆی و، من لە خۆم بەرپرسم".

ئەفسەرەکە قسەکانی پێم بڕی و داوای کرد دەمم دابخەم و گوتی کە من لە گرتووخانەدا نیم بۆ ئەوەی ڕوونکردنەوە بدەم. من تەنیا لەبەر ئەوە گیراوم کە دان بەتاوانی خۆمدا بنێم.

تەنیا من هیچ تاوانێکم نەکردووە.

ئەفسەرەکە دڵی خۆش بوو بەوەی کە خەریکم بیڵێم. گوتیشی کە ئەوان لەڕێی بەکارهێنانی هێزەوە هەموو شتێکم لێ دەردەهێنن. جارێکی تر چاوەکانم بەسترانەوە و بردرامەوە بۆ زیندانەکەم. لەڕێگەدا بەردەوام تێیمان هەڵ دەدا، دوو جار خەریک بووم لەسەر پێپلیکانەکان هەڵخزێم. هەستم دەکرد کە ئەوان دەزانن من بێتاوانم، بەڵام ئەوە شتێک نەبوو کە کار لەوان بکا. من لەوە دەترسام کە لەژێر دارکاریکردندا بمرم و خێزانەکەم تاهەتایە هیچ لەبارەی ئەمەوە نەزانن.

سەفینی برادەرم پاش پێنج ساڵ گرتن لە ڕۆژی لەدایکبوونی سەدامدا ئازاد کرا، ئەوەیشی کە ئەو بۆ منی گێڕابووەوە کەمێک ڕێنوێنیمی دەکرد بۆ زانینی ئەوەی چی چاوەنوارڕ بکەم. ئەگەر بتوانم چەند مانگێکی کەم بەرگەی ئەشکەنجەدان بگرم ئەوە ڕەنگە دۆخەکەم بەرەو باشی بڕوا. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەری لەداردانی بێ دادگەیی لەئارادا بوو. گەیشتن بە ئەبوغریب یان بادۆش، کە دوو لە گرتووخانە هەرە بەناوبانگەکانی سەدام بوون، بۆ ئەوەی ساڵانی داهاتووی تێدا بەسەر ببەم ئەگەرێکی تر بوو. من بڕیارم دابوو کە جاری داهاتوو کاتێ بۆ لێپرسینەوە دەمبەن پێیان بڵێم کە هیچ هەڵەیەکم نەکردووە. هەروەها دەمویست دیسانەوە پێیان بڵێم کە من وەک شاعیر تەنیا لەسەر ئاشتی و خۆشەویستی و جوانی دەنووسم.

دەمزانی کە کێشم کەمی کردووە، لەبەرئەوەی پیجاماکەم شل بووبوو بەبەرم. هەروەها گیانم بەپەڵە داپۆشرابوو. زۆر پێویستم بە گەرماو و بەخواردنی باش هەبوو. بیخەنە بەر چاوتان کە ڕۆژانە جگە لە نان و ئاو هیچی تر نەبێ بۆ خواردن. گەدەم گرژ بووبووەوە و بەردەوام قەبز بووم. بەڵام بێبەشکردنم لە کاغەز و پێنووس زۆر لەوە سەختتر بوو کە بەرگەی بگرم. دەمویست

بەتەواوی ڕووداوەکانی گرتیگەم تۆمار بکەم و دەترسام کە نەتوانم بەتەواوی پشت بەیادگە ببەستم بۆ ئەو مەبەستە. پێنووس و کاغەز لەو حاڵەتەدا دەبوونە ڕزگارکەرم.

تەواو لەبیرم نییە کەی بوو، بەڵام ڕۆژێک بۆم دەرکەوت کە ماوەی چەند ڕۆژێکە دارکاری نەکراوم، بەوەی کە برینەکانم خەریک بوون ساڕێژ دەبوون. ڕێگەم پێ درا ڕۆژی دوو جار بچمە سەرئاو. گرتوویەکەی تر و من هەر بەردەولم بووین لە لێدانی دیوارەکە و پێوەندییەکەمان بەو شێوەیە بەردەوامیی هەبوو. دەنگی کردنەوە و داخستنی دەرگەکان ئەوەی بۆم دەردەخست کە دەورووبەرم پڕە لە خەڵکی تر. ئینجا ڕۆژێک، یاخۆ شەوێک، دوو کەس دەرکەوتن کە پێشتر نەمدیتبوون. چاومیان بەستەوە و قۆڵبەستمیان کرد.

یەکێکیان گوتی: "گشت برینەکانی ئەم زۆڵە چاک بوونەتەوە".

"لەگەڵ ئەم زۆڵەدا تفەنگ تەنیا وەڵامە"، ئەوەی تر وەڵامی دایەوە.

وەک جارانی پێشوو، بۆکس و شەق بەدوای یەکدا بەرم کەوتن لەو کاتەدا کە برام بەرەو ئەوەی هەستم کرد ئۆتۆمۆبیلە. دوای ماوەیەک کە لە دە تا پازدە خولەک زیاتر نەدەبوو، ئۆتۆمۆبیلەکە وەستا. من بەهیچ شێوەیەک نەمدەزانی ئەم جارە براومەتە کامە گرتووخانە. ژمارەیەکی زۆر گرتووخانە لە هەولێردا هەبوون کە لەلایەن هۆبە جیاجیاکانی حکوومەت و سوپاوە دروست کرابوون. دەشێ هەر یەکێک لەو گرتووخانانە بووبێ. نازانم لەبەر چی بوو، کە بڕیاریان دا ئیتر پێویست ناکا چاوم ببەستنەوە. ئیستا بۆم ڕوون بووەوە کە لە بنکەیەکی پۆلیسدایین. لەناوەوە، دەستەکانمیان کردەوە و داوام لێ کرا چاوەنوارِ بم. پارچە کاغەزێکیان دایە ئەو ئەفسەری پۆلیسەی لەوێ بەرپرسیار بوو و منیش برامە ژووری ژمارە چوار. ئەو ڕستەیەک کلیلی پێ بوو کە بە نیتاقە سەربازییەکەیەوە هەڵیواسیبوو. کلیلەکانی دەرهێنا و، دەرگەکەی بە یەکێکیان کردەوە و، منی پاڵ نایە ناو ژوورێکی لاکێشەیی. کۆمەڵێک خەڵک لەلای چەپی منەوە وەستابوون و هەستم کرد کە ڕەنگوڕوویان بە دیتنی کابرای ئەمن هاتە گۆڕین.

سێ کونی یەکەم کە بەلایاندا تێپەڕیین لەوە دەچوو لێوانلێو بن لە خەڵکێک وا هاتە بەر گوێم کە گشتیان لە یەک کاتدا قسە دەکەن. گوێیەکانی من هیچیان پێ نەدەکرا ئەوە نەبێ کە ببیستن. کیسەگەلی بچووک کە کەلپەلی خەڵکەکەیان تێدا بوو بەدیوارەکەوە هەڵواسرابوون. هەندێک پیاوم دی کە نوشتابوونەوە خەریکی چنینی پێڵاو یان شتی تر بوون. ژووری ژمارە چوار هەر ئەوەتا بیست کەسی دەگرت، بەڵام ئەوان پەنجا کەسیان تێ پەستابوو. لە کاتی کردنەوەی دەرگەکەدا ژمارەیەک لەو کەسانە ناچار بوون بوەستنە سەر پێ، بۆم دەرکەوت پیجاماکەم چەند پیس بووە. پیجاماکەم ڕەنگە شینەکەی نەمابوو، هەروەها یەکێک لە گیرفانەکانی و بەشێک لە دەرلنگێکی و هەموو قۆپچەکانی پێوە نەمابوون. وام بەبیردا هات ئەگەر بە پیجاما سپیپاتەکەمەوە بهاتمایەتە گرتن باشتر دەبوو، چونکە ئەو ئەستوورتر بوو، بەتایبەتی لەم کاتەدا کە پاییز نێزیک دەبێتەوە.

پێنج زەلام لای دەرگەکەوە وەستابوون و، منیش هیچ چارەیەکم نەبوو، دەبوو لای ئەوانەوە

بوەستم. بەڵام بۆ ماوەی چەند؟ نەمدەزانی. ئەو پرسیارەم لە یەکێکیان کرد، ئەویش گوتی کە ئەو لە ڕۆژی پێشترەوە بەپێوەیە. لەڕاستیدا شوێن نەبوو بۆ ئەوەی بتوانی دابنیشی. پۆلیسەکە گوتی گشت گرتووخانەکان پڕن و لەبەرئەوەی ئێمە گیراوی دەستی ئەمنین، ئەوان هیچیان لە دەست نایەت بۆ ئەوەی تەنگانەکەمان کەم بکەنەوە. ئینجا دەرگەکەی داخست و ڕۆیشت. لەو کاتەدا بۆم ڕوون بووەوە کە دەبێ هەموو شەو بەپێوە بەسەر ببەم.

## لەناوچوونی هیوا

پاسەوانەکە دەرگەی کردەوە و فەرمانی دا پێمان کە هەموومان بچینە ئەو بۆشاییە کەمەی لەلای چەپی دەرگەکەوە بوو لە ژوورەکەدا. من لە هەموو شتێک زیاتر پەرۆشی ئەوە بووم کەی دەتوانم دابنیشم، بەڵام لەو ژوورە زێدە قەرەباڵخەدا بەهیچ شێوەیەک ئەو بوارە نەبوو. هەر وەک ئەو سێ زیندانەی پێشتر تیایاندا بووم، زیندانی ژمارە چواریش ماوەی ئەوەی پێت نەدەدا بزانی کە شەوە یان ڕۆژە.

لەو کاتەوە کە گەیشتینە ئەوێ خەڵکەکە شەڕیان بوو بۆ بەدەستهێنانی شوێنێک بۆ خۆیان لە ژوورەکەدا. لەو کاتەدا کە ئێمە بەپێوە نووستبووین، دوو گڵۆپی فلۆرسەنت بەبەردەوامی بەدیار سەرمانەوە پێ بوون. گیراوەکانی کۆنتر، ئەوانەی ماوەیەکی زۆر بوو لەو ژوورەدا بوون، لەسەر زەوییەکە نووستبوون. سەری یەکێکیان لای پێی ئەوەی تر، وەک کۆیلەکانی ناو پاپۆڕی کۆیلەهەڵگر ڕیز بووبوون. هەندێکیان بەدانیشتنەوە نووستبوون لەبەرئەوەی جێ نەبوو ڕابکشێن. قەرەباڵخییەکە وای کردبوو کە مرۆڤ توانی بینینی هیچی نەبوو، بەڵام پاش ماوەیەکی زۆر کەم لە گەیشتنم بۆ ئەوێ کونێکی بچووکم دیتەوە لە بنمیچەکەدا کە لەوێدا هۆڵەکە بە حەوشەکە دەگەیشت. نێزیکەی پازدە مەترێک دوور دەبوو. ئەو کونە بە شیشی بەیەکداچووی ئاسن گیرابوو، بەڵام تەنانەت گەر ئەو شیشانەیشی پێوە نەبووایە ڕی نەبوو چۆلەکەیش بەو کونەدا تێپەڕێ. بەوە دەچوو کە پێشتر پەنجەرەیەکی گەورە بووبێ، بەڵام کەسێک گرتبووی و وای لێ کردبوو کە بچووکتر بێ و گونجاو بێ بۆ ئەوەی ببێتە پەنجەرەی زیندان. تێبینیی ئەوەیشم کرد کە کونەکە هەندێک جاران وەک قیر ڕەش دەبوو، بەڵام لە کاتی تردا ڕوونێکی خۆڵەمێشی دەردەکەوت، ئەم گۆڕینە کەمە وای کرد کە ئیتر لەوەودوا بزانم کەی ڕۆژە و کەی شەوە. من ورووژام. ئەو پەنجەرەیە شتێکی پێشکێشم کرد کە لە کاتی وەستانماندا خۆم پێیەوە دەخافڵاند.

گرتووە کۆنەکان حەزیان لێ نەبوو بەیانییان لەخەو هەڵسن، بەڵام ئێمەی گرتووی نوێ حەزمان لێی بوو. ئەوانەی کە زۆر پێویستیان بەچوونە پێشاو هەبوو دەستیان بەسکیانەوە دەگرت، لەوە دەچوو ژانەسک بەدرێژاییی شەو خەویانی زڕاندبێ.

تەنیا شتێک کە ئێمە بەپەرۆشەوە چاوەنواڕی دەبووین برێتی بوو لەوەی ئازاد بین لە چوون بۆ ئاودەست. هەندێک کەس کە بەڕاستی ناڕەحەت بوون بەشەو خەویان لێ نەدەکەوت. ئەوانەی کە

هیچ چارەیان نەدەما ناچار دەبوون خۆیان بەتاڵ بکەنە ناو ئەو کیسە نایلۆنانەی کە توانیبوویان بەدزییەوە بیانهێننە ناوەوە. بەیانیش هەر کە دەرگەکە دەکرایەوە بەڕیز دەوەستان و هەر یەکێکیان کیسەکەی خۆی بەدەستەوە بوو. زۆر ئاگەدار بوون بۆ ئەوەی هیچ لە کیسەکانیان نەڕژێتە سەر زەوییەکە. جارێکیان مام حەوێز، کە خاوەنی خواردنگەیەکی کۆیی بوو و کاتێ کە من هاتمە ئەوێ بەتەنیشتمەوە وەستابوو، کیسەکەی ڕژا، ئەمنەکان بۆ ماوەی دوو سەعات دارکارییان کرد و ئینجا ناچاریان کرد شوێنەکەیش خاوێن بکاتەوە. ئەو شەوە، منیش کیسەیەکم پەیدا کرد.

ئەو گیراوانەی کە پێویستیان بە خۆخاڵیکردنەوە نەبوو و هیچی تریان نەبوو کە خەمی لێ بخۆن جگە لە چاوەنواریی ڕۆژێکی تری بێزاری و ژانی مانەوە لە گرتووخانەدا، ماوەیەکی زیاتر لەژێر بەتانییەکانیاندا خۆیان مات دەکرد، ڕووخساریشیان بێئومێدی و تاڵییان پێوە دیار بوو. تەنانەت ئەو چیرۆکانەیشی هاوبەشیی یەکترمان تێدا دەکردن باسی کەسانێکیان دەکرد کە خەریکی خۆبەتاڵکردن بوون. یەکێک لەو چیرۆکانەی گرتووەکان حەزیان دەکرد بیگێڕنەوە باسی ئەو کابرایەیان دەکرد کە ناوی کەریم بوو. چەند خولەکێکی کەم پێش نیوەشەوی ٣١ی کانوونی یەکەمی ١٩٨٦ بوو و، گرتووەکان برابوونە حەوشەکە بۆ ئەوەی ئاهەنگێکی بچووک بگێڕن. کەریم لەناکاوێکدا یەکسەر بڕیاری دا شتێکی جیاواز بکا: لەسەر چینچکان دانیشت و دەستی دایە گووکردن و کردیە ناو حەوزێکی ئاوەوە. ئینجا پاش ئەوەی وای کرد، بەشانازییەوە ڕایگەیاند "ئەو گووەی من دەیکەم ماوەی دوو ساڵی پێ دەچێ بۆ ئەوەی تەواو ببێ".

لەو یەکەم بەیانییەماندا، پاش پشووی چوونە سەر پێشاو داوامان لێ کرا گشتمان لە حەوشەکەدا کۆ ببینەوە، لەوێ تێکەڵ بووین لەگەڵ هەموو گیراوانی ئاسایی و گرتووە سیاسییەکانی تردا. هەر یەکێکمان پارچە نانێک و پڕ پەرداخێک نیسکێنەیان پێمان دا، کە دوایی بۆم ڕوون بووەوە ئەوە خواردنی یەک ڕۆژی ئێمەیە. بۆ ئاویش، دەبوو پەرداخە ئاسنینەکەی گیراوێکی تر بخوازم تا ئەو کاتەی خۆیشم یەکێکم دەست کەوت. پاش قاوەڵتی، فەرمانیان پێمان دا بچینەوە ژوورەکانمان و، ئەوەندەی نەبرد پۆلیسێک هات پارچە کاغەزێکی بەدەستەوە بوو. ئینجا داوای لەو دوو کەسە کرد کە ناویانی خوێندەوە بکەونە شوێنی، دوو پیاوەکە خێرا کەوتنە دوای، زۆر چالاکانە بە چاکەت و شەرواڵەکانیانەوە، کە پانتۆڵی نەریتیی کوردانە، کەوتنە شوێن ئەفسەرەکە. کراسەکانیان لەپاش خۆیان بەجێ هێشت بۆ هەر کەسێک کە پێویستی پێیان بێ. ئێمەیش کە ماینەوە تەنیا ئەوەندەمان پێ دەکرا لای خۆمانەوە بیخەمڵێنین ئەوان بۆ کوێ بردران یان چییان بەسەردا هات.

"لەوانەیە بۆ کۆڵینەوە لەگەڵیاندا برابن و زۆری پێ ناچێ پاسەوانەکان دەیانهێننەوە".

"ڕەنگە بۆ دارکاریکردن بردبێتیانن".

دەشێ بردرابێتن بۆ جێیەکی جیا کە لەوێدا بەر گوللە دەدرێن و لاشەکانیان بەبێ هیچ ئاسەوارێک شوێنبزر دەکرێن".

"لەوانەیە ئازادیان بکەن، یان بیانبەنە گرتووخانەیەکی تر". چونکە ماوەیەکی زۆر بوو لە گرتووخانەدا پشتگوێ خرابووین، ئێمەیش دەمانویست ناومان بانگ بکرێ، ئینجا بۆ هەر هۆیەک بێ.

بەمانە و بە هەر ئەگەرێکی تر بۆ ماوەیەک خۆشحاڵ بووین کاتێ دوو پۆلیسی تر هاتن و فەرمانیان پێمان دا بەڕیز لە ڕێڕەوی ناو هۆڵەکەدا بوەستین. ئەوان خۆیان چوونە ئەو ژوورەوە کە ئێمەی تێدا بووین. ملی خۆم قیت کردەوە تا بزانم خەریکن لەوێ چ دەکەن. تەنیا ئەوەم دی کە قەڵەمیان بەدەستەوە بوو و خەریکی پرۆسەی دابەشکردنی زەویی ناو ژوورەکە بوون لەڕێی کێشانی نەخشەی سیستمێک بەهێڵکاری. ئینجا وردەوردە دواتر بۆم دەرکەوت کە ئەوان دەیانەوێ هەر یەکێکمان شوێنی تایبەتیی خۆی پێ بدەن بۆ ئەوەی لەسەری بمێنێتەوە: هەر گیراوێک دەبێ خۆی بپەستێتە نێوان دوو هێڵەوە کە ماوەی نێوانیان لە ٣٥ سانتیمەتر تێپەڕ ناکا.

وا هاتە بەر چاوم کە پیجاماکەم چیی تر ڕەنگەکەی شین نەماوە، چڵک بەتەواوی ڕەنگەکەی شاردبووەوە. بەبیرمدا هاتەوە کە ئەو کاتەی نوێ بوو چ ڕەنگێکی شینی هەبوو و، چۆن لەبەر تیشکی هەتاوی بەهاردا شینتر دیار دەبوو لەو کاتانەدا کە لە باخچە بچووکەکەی ماڵەوەماندا خەریکی لێکردنەوەی گەڵامێو دەبووم بۆ دۆڵمەی ژنەکەم- کە بریتییە لە برنج و بەهارات و گۆشتی وردکراو بەگەڵای مێو دەپێچرێنەوە.

کاتێ دوو پۆلیسەکە پاش کێشانی خەتەکان لەسەر زەویی ژوورەکە، لەژوورەکەوە دەرچوون، یەکێکیان ئەو بەتانییانەی بۆم تێگرت کە هی یەکێک لەو دووانە بوون کە تازە بردبوویانیان، ئەوە خۆی لەخۆیدا مایەی خەمبارکردن بوو، بەڵام لەگەڵ ئەویشدا نەدەزانرا ئەوان چییان بەسەردا هات. ئەوەی منی خەمبار کرد ئەوە بوو کە بۆم دەرکەوت منیش زۆر بەئاسانی دەشێ ببم بەیەکێک لەوان. ئینجا فەرمانیان پێمان دا بگەڕێینەوە ناو ژوورەکە، بۆ ئەو شوێنانەی کە بۆمان دیاری کرابوون. من هێشتا بیرم لەو دوو پیاوە دەکردەوە کە تازە هاتنە ناومان کاتێک کە یەکێک لە گیراوەکانی تر کە لێمەوە نێزیک بوو، سڵاوێکی لێم کرد. ئەو هێمن و ڕێکپۆشتر بوو و ڕیشێکی ماش و برنجی هەبوو.

"من حەننام"، خۆی بەمن ناساند. "من برای قەشە یوسفم"، لەوەوە یەکسەر زانیم کە ئەو کریستیان بوو.

وەک بڵێی ئەو خۆناساندنەی حەننا کەمێک ڕێی خۆش کرد بۆ ئەوەی ئەوانی تریش قسەم لەگەڵدا بکەن، ئەوە بوو یەکێکی تر لە گرتووەکان خۆی تێ هەڵقورتاند: "بەهۆی جلوبەرگت و دیمەنی جیاوازتەوە، دەتوانم بڵێم تۆ لەمێژە لێرەی. چەند دەبێ؟"

"بەڕاستی نازانم. من تەنانەت نازانم ئەمڕۆ چ ڕۆژێکە"، وەڵامم دایەوە. ئەویش بێدەنگ بوو.

حەننا زۆر هێمن و ئاسایی بوو. ئەویش پیجامای لەبەردا بوو- ئەوەی ئەو سپی بوو و خەتی پانی قاوەییی تێدا هەبوو. هەستم کرد کە ئەو کڵاوە ڕەشەی لەسەری بوو زۆر بچووک بوو بۆی.

وەک لە قسەکانی حەننا حاڵی بووم ئەو لە چلەکانی تەمەنیدا بوو و قەشە بوو لە شەقڵاوە، کە شارۆکەیەکی جوانی گەشتیارییە و بە ئۆتۆمۆبیل نیو سەعات لە باکوری خۆرهەڵاتی هەولێرەوەیە. ئەو لە ناو کڵیسا هاتبووە گرتن و، وەک پێمانی گوت سەرباری ئەوەی نەخۆشیی دڵی هەبوو بەڵام ئەمنەکان نەیانهێشت بنێرێ دەرمانەکانی بۆ بێ. لەبەرئەوەیشی کە ئێمە دەستمان بەپزیشک نەدەگەیشت، حەننا تەنیا ئەوەندەی پێ دەکرا نزا بکا و هیوا بخوازێ کە هیچی لێ نەیێ. حەننا گەلێک قسەی بۆ من کرد و باسی ژیانی خۆی بۆم کرد.

هەروەها لەوێ حەیدەرم ناسی. ئەو یەکێک بوو لە گرتییە کۆنەکان کە لەوە دەچوو تەمەنی لە سەرووی چل و پێنجساڵەوە بێ و هێشتا ئەو قاتە قاوەیی و کراسە سوورەی لەبەردا بوو کە لە کاتی گرتنی لە نووسینگەکەی خۆیدا پێش شەش مانگ لەبەری بوون. بەڵام کەرەواتە سپییەکەی لەملی کردبووەوە.

حەیدەر بەبەردەوامی لۆمەی زاواکەی دەکرد، "من بەهۆی زاواکەمەوە لێرەم کە خۆی و ژنەکەی پەنایان بردووەتە بەر سوید"، گازاندەی دەکرد. "ئێستا، من تەنیا دەمەوێ ئەوە بزانم کە چۆن حکوومەت پێی زانیوە؟ پێم بڵێن خراپیی چییە کە تۆ زاوای کەسێک بی؟ ئەوەتا تەماشای زاواکەم بکەن، ئەو کچەکەم دەگێ و منیشی خستووەتە گرتووخانەوە".

لەگەڵ تێپەڕبوونی ڕۆژگاردا، باشتر یەکتر و ئەوانەی دەوروبەری خۆمان ناسی. ئێمە کاتی خۆمان بەوە بەسەر دەبرد کە هەر یەکێکمان چیرۆکی خۆی دەگێڕایەوە بۆ ئەوانی تر. ئەوەی منی خەمبار کردبوو ئەوە بوو کە دەکرا چیرۆکی هەر یەکێک لەوان چیرۆکی من بێ و دڵم لەلای خێزانەکەم بوو. ئێستا کە من جێی خۆم دیاری کردبوو، ئەو کونەی لە بنمیچەکەدا بوو تا ڕادەیەک ڕاستەوخۆ بەرامبەرم بوو و بۆڕیی ئاوەکە لەو بەرامبەرەوە بوو بەلای چەپدا. هەر کاتێک یەکێک پێویستی بە ئاوخواردنەوە بووایە، دەبوو پەرداخەکەی ببا و داوا بکا ڕێی پێ بدرێ بگاتە لای بۆڕیی ئاوەکە و بگەڕێتەوە. گرتووەکان بەلای دەرەوەدا لار دەبوونەوە و پەنایەکیان دروست دەکرد کە بتوانی تیایدا جووڵە بکەی. ئەگەر یەکێکیان خەوتبووایە دەبوو بەوریاییەوە بەسەریدا باز بدەی. بەخەبەرهێنانی گرتوویەکی نووستوو دەبووە مایەی هەڵگیرسانی شەڕێک.

کانەبی، پیاوێک بوو کە چەند خانەیەک لەولای منەوە بوو، ئەویش هەمان ئەو کراس و شەڕواڵەی لەبەر بوو کە لەبەر حەیدەر بوون. کانەبی پشتینەیەکی جووتیاریی هەبوو و باسی هەندێ شتی بۆ ئێمە دەکرد کە منی شاری پێشتر نەمدەزانی. ئەو چیرۆکەی لە مێشکی مندا چەسپا ئەوە بوو کە لەبارەی ڕۆژی گرتنی کوڕەکەیەوە بۆمانی گێڕایەوە.

"کوڕەکەم لە سوپا ڕای کردبوو و، ئەمنەکان لە هەموو شوێنێکدا بڵاو بووبوونەوە بەدوای هەڵاتوواندا دەگەڕان. ئێمە چاڵێکمان لە حەوشەکەماندا درووست کردبوو"، ئەمەی بۆ من درکاند. "دلێری کوڕم بەدرێژاییی ڕۆژ لەوێدا خۆی حەشار دەدا، نانیشی هەر لەوێ دەخوارد. ئەو تەنیا بەشەو لەوێ دەهاتە دەرەوە. برا بچووکەکەیشی تا کاتی خەوتن لە دەرەوە دەمایەوە، چاوی بۆ

ئۆتۆمۆبیلی سەربازی دەگێڕا".

"نازانم چۆن گشت ئەمانە روویان دا، بەڵام لەو ڕۆژەدا هەستم دەکرد کە شتێکی ناخۆش دەقەومێ. تازە لە نوێژی بەیانی بووبوومەوە و دلێر تازە گەڕابووەوە کونەکەی. چایەکەیش لە ژوورەوە دێمی دەکێشا و دایکی دلێر خەریکی ئامادەکردنی قاوەڵتی بوو کە برێتی بوو لە ماست و لۆبیا. خواردنەکەی خستە سەر سینییەکی گچکە و بەتەمابوو بە کچەکەم، غەزال، بڵێ بێ و بیبا، لەناکاو گوێمان لە هەرایەک بوو لە دەرەوە. ئەوەندە دەزانم کە پیاوەکان بەعارەبی قسانیان دەکرد، بەڵام یەک وشە لە قسەکانیان تێ نەگەیشتم. بەلەقە قاپیی دەرەوەی ماڵەکەیان کردەوە و، بە کلاشینکۆڤە سوارکراوەکانیانەوە یەکسەر چوونە سەر کونەکە. شەقیان لەو ڕایەخە دا کە سەری کونەکەی دەپۆشی و وەرگێڕە کوردەکەیان بەدلێری گوت کە دەستی خۆی هەڵبڕێ و بێتە دەرەوە. چاوەکانی و دەستەکانیان بەست و چەند جارەک دایانە بەر پاڵ و شەق پێش ئەوەی بیبەن".

"بەهیچ شێوەیەک نازانم بەرەو کوێیان برد، بەڵام بەگوێرەی ئەو دەنگۆیانە بێ کە لەشار بڵاون، هەڵاتووان لە سوپا دەبرێنە (حارسیە)ی نێزیکی بەغدا کە گرتووخانەیەکی تۆقێنەری لێیە لەلایەن هەواڵگریی سەربازییەوە بەڕێوە دەبرێ. پێش ئەوەی بێمە گرتن باسی ئەو شوێنەم بیست، ئەویش لە پرسەی کابرایەکدا کە ناوی سالار بوو و ماوەیەک لەوێندەر هاتبووە گرتن. برایەکی سالار برادەرم بوو".

"سالار سەربازێک بوو کە حەزی لەو شوێنە نەبوو کە لێی داندرابوو لە شەڕی ئێران-عێراق. دیارە ئەو نەیدەویست لە شەڕێکی بێماناد بکوژرێ. بۆیە ڕای کرد، بەڵام بەختی خراپی ئەو وای کرد کە لە گەراجی ئاماناندا بێتە گرتن و ببردرێ بۆ گرتووخانەی حارسیە. لەوێ ناچاریان کردبوو ماوەی یەک مانگی تەواو بەسەر پێوە بوەستێ. خۆی و گیراوەکانی تر تەنیا ئەوەندە جێیەیان هەبووە کە بتوانن تیایدا بوەستن. نان لە کونێکەوە لە بنمیچەکەدا بۆیان هاتووەتە فڕێدان. نانەکە کەوتووەتە سەر شانیان و ئەوانیش بە دەم گرتوویانە و لەڕێی جووڵاندنەوەی سەریانەوە لەناو خۆیاندا نانەکەیان گێڕاوە".

"خواردنەوە لەوەیش سەختتر بوو، سۆندە لە بنمیچەکەوە شۆڕ دەکرانەوە، ئەگەر کەسێک بەختی هەبووایە ئەوە ئاوەکە لای دەموچاویەوە دەکەوتە سەری. بەڵام تۆقێنەرترین بەشی ئەزموونەکەیان برێتی بوو لەوەی ڕێگەیان پێ نەدەدرا برۆنە سەرئاو، گرتووەکان دەبوو بەگوو و میزی خۆیانەوە بمێننەوە، بەدرێژاییی ڕۆژگار".

هیچ نەبێ ئێمە هێشتا لە پەرداخدا ئاو دەخۆینەوە و دەتوانین بچینە سەرئاو، لەگەڵ بەرداوامیی کانەبی لە گێڕانەوەی ئەو چیرۆکەدا من ئەمەم بەخەیاڵدا دەهات. ئینجا بیرم وەرگەڕا بەلای خێزانەکەمدا، نیگەران بووم داخۆ چییان بەسەر هاتبێ پاش ئەو شەوەی کە گوێم لێیان بوو لە زیندانی ژمارە یەکدا. هەر چۆنێک بێ ئەو بیرانەم لە سەری خۆم قاو دا و گوێم بۆ کانەبی شل کرد تا چیرۆکەکەی تەواو بکا.

"ماڵی سالار لەکۆتادا توانییان لەوێی بهێننە دەرەوە ئەویش لەڕێی دانی بەرتیلێکی یەکجار زۆرەوە. کاتێ کە گەیشتە ماڵەوە، بەئێمەی گوت کە لاشەی ئەو کەسانەی لە ناو گرتووخانەدا دەمرن دەهێڵنەوە تا تێک دەچن ئینجا فڕێیان دەدەنە پێش ئەو سەگە بەرەڵایانەی لە دەوروبەری کۆمەڵگەی گرتووخانەکەدا دەخولێنەوە. دیار بوو سەگەکان بە گۆشتی مرۆڤ خەنی بووبوون"، کانەبی بەگاڵتەجارییەوە ئەمەی گوت. "ئەو کاتەی سالار دەرچووبوو گەر تەماشات کردبا لێی دەترسای. دەبوو خێزانەکەی بۆ هەموو شوێنێک بە هەڵگرتن بیبەن. ئەوان بردیانە لای گشت پزیشکە ناودارەکان، بەڵام لە کۆتادا گەنگرینەکەی- قاچەکانی داگرت و دەبوو لە ڕانی بەرەو خوارەوە بێتە بڕینەوە. وا بزانم هەر ئەمەیش بوو، لەدەستانی بەشێکی لەشی بوو کە کوشتی."

کانەبی بە هەستێکی پڕ لە ژان لە ناو چاوەکانیەوە تەماشای منی کرد. "ڕەنگە ئەوێ ئەو شوێنە بێ کە دلێری کوڕمی لێیە. ئەو بەیانییەی کە کوڕەکەمیان برد، ئەمنەکان هاتن و منیشیان گرت و پێمیان گوت کە دەبووایە من لەوە ئاگەدارم بکردنایەتەوە کە دلێر کردبووی و پێیانم گوتبا لە کوێ خۆی شاردووەتەوە".

لەو ڕۆژەدا کە کانەبی چیرۆکەکەی خۆی گێڕایەوە پەرجوویەک ڕووی دا- با بڵێین شتێکی وەک پەرجوو بوو. ئێمە لەگەڵ ئەو شوێنانەدا ڕاهاتبووین کە بۆمان دیاری کرابوون و، دڵتەنگ بووین بەوەی پاسەوانەکان گرتووی تریان هێنا بۆ ئەوەی لەو شوێنە کەمەی کە هەمان بوو هابەشمان بن. پاش چیرۆکەکەی کانەبی هەر یەکێکمان گەڕایەوە ناو خەیاڵ و بیری خۆیەوە تا ئەو کاتەی پاسەوانەکان دەرگەکەیان کردەوە بۆ ئەوەی چەند گیراوێکی تریش پاڵ بنێنە ناوەوە بۆ ئەو بۆشاییەی لای دەرگەکەوە هەبوو. نەمتوانی بڕوا بەچاوەکانم بکەم! یەکێک لەو گرتییانە براکەم بوو، جەمال. تا ئێستایش نازانم چۆن بەناو ئەو قەرەباڵخییە لەشانەی ناو ژوورەکەدا تێپەڕیم، هەر ئەوەندە دەزانم کاتێکم زانی باوەشمان بەیەکتردا کردووە و یەکتری ماچ دەکەین. هەر یەکسەر دەستم کرد بەسازش لەگەڵ حەیدەر و توانیم قایلی بکەم بەوەی جێیەکەی بگۆڕێ بۆ ئەوەی جەمال لەلامەوە بێ- لە دەوروبەری ناوەڕاستی دیوارەکە لەلای چەپی دەروازەکەوە. بەڕاستی خۆش بوو کە ئەو لەلامەوە بێ. جەمال هیچ هەواڵێکی وای لا نەبوو، بەڵام پێویستیشی نەدەکرد کە زۆر بڵێ چونکە چیرۆکەکەی لای هەمووومان ئاشکرا بوو. زۆر بەباشی لێی ورد دەبوومەوە: ئەو بایی خۆی تەندروست بوو.

لەو دیدارەی یەکەمدا زۆر قسەمان نەکرد، بەڵام من دەمزانی کە ئەو خەڵکەی هاتنە ناو ژوورەکە زوو ئەوێ بەجێ ناهێڵن. بۆیە کاتی زۆرمان دەبێ بۆ قسەکردن. من ماوەیەکی درێژ بێدەنگ بووم. گەلێک بیرۆکە هەبوون بەسەرمدا هاتوچوویان دەکرد. گیراوەکانی تر کاتێکیان بەئێمەی دوو برا بەخشی کە تیایدا قسەی خۆمان بکەین. کە لە قسەکردن بووینەوە، هەر لە شوێنی خۆمانماینەوە و لە بیرکردنەوەی تایبەتی خۆماندا نوقم بووبووین.

لەدواییدا، حەننا سەیرێکی ئێمەی کرد و بەهێمنی گوتی، "من لە نوێژ و نزادا قووڵ بووبوومەوە

کاتێک کە بۆم هاتن، نزام بۆ ئاشتی دەکرد. ئەوان بەمنیان گوت کە کوڕەکەم ئەندامە لە حزبی شیوعیی عێراقدا. منیش پێیانم گوت کە من پیاوێکی ئاینیم و پێوەندیم بەو جۆرە شتانەوە نییە. بەڵام ئەوان دەمیان پێم داخست و بردمیان".

حەننا پێنج مانگ بوو لەو ژوورەدا بوو و دوای ئەو هەموو ماوەیە وشەکان چیی تر ناتوانن تەواوی چیرۆکەکە بگێڕنەوە. لە ناو قسەکانیدا، دووبارە گەڕایەوە سەر بیرکردنەوە.

***

هەموومان کە لەو ژوورەدا بووین بە گرتیی سیاسی پۆلێن کرابووین. ژمارەیەکی کەمیش گیراوی ئاساییمان لەناودا هەبوون، بەڵام جێیەکەی ئەوان جیا کرابووەوە. هەندێ لەو تاوانانەی ئاراستەی ئەو گرتییە ئاساییانە کرابوون، تاوانی گەورە بوون: پیاوکوشتن، سێکسکردن لەگەڵ منداڵ و زۆرگێکردن. ئەوانی تریان تاوانی بچووکیان ئەنجام دابوو. یەکێک لە تاوانە گەورەکان ئەوە بوو کە بەسێ کەسەوە کچێکیان لە ناو گۆڕستانێکدا زۆرگێ کردبوو، کچەکەیشیان بەڕووتی لەوێ بەجێ هێشتبوو. بەڵام ئەو گرتووەی لەهەمووان زیاتر بێزراو و مایەی ڕق بوو، حاجی بوو کە منداڵبازێکی ناسراو بوو. لەناو تاوانکارە بچووکەکاندا، یەکێک هەبوو کە وێنەی فۆتۆگرافیی قوونێکی ڕووتی فرۆشتبوو و گوتبووی کە ئەوە هی سوهێر زەکییە، کە ئەستێرەیەکی سەماکردنی میسرییە. بەڵام لەکۆتادا دەرکەوتبوو کە وێنەکە وێنەی قوونی خۆیەتی.

لەناومان‌دا پیاوێکی بەتەمەن هەبوو کە ناوی سۆران بوو، شارەزاییەکی باشی هەبوو لەسەر مێژووی شارەکە. سۆران ئەو باڵەخانەیەی دیتبوو کە ئێمەی تێدا بووین پێش ئەوەی بکرێتە گرتووخانە.

"ئەم باڵەخانەیە پێشتر خان بوو"، سۆران بەو گیراوانەی دەگوت کە بۆ گوێگرتن لە چیرۆکەکەی لەدەوری کۆ بووبوونەوە. "لە هاویندا، گوندەکییان دەهاتنە شار بەبارە میوەوە، زۆربەی کات ترێ و هەنجیریان پێ بوو، هەروەها بەفریشیان دەهێنا کە لە زستانەوە لە چیاکاندا هەڵیان دەگرت. کەر و هێسترەکانیان شەو لێرەدا دەحەسانەوە. دەوری باڵەخانەکە هەموو کێڵگە بوون و تیایاندا ئاژەڵ بەئازادی دەسووڕا و دەلەوەڕا. ئەم حەوزی ئاوە"، سۆران کە ئەمەی گوت ئاماژەی بۆ ئەو حەوزی ئاوە بچووکە کرد کە لە سووچی ژوورەکەدا هەبوو، "تەواوێک گەورەتر بوو. بۆ ئاژەڵەکان تەخان کرابوو". لەوێدا ڕووداوێکی بەبیر هاتەوە کاتێک ئەسپێک ڕەتی کردەوە ئاو لەم حەوزە بخواتەوە و ناچار بوون بیبەنە پردۆکە کریک لەوبەری شاردا.

"بەو جۆرەی کە سۆران قسەی لێ دەکرد، دیار بوو کە ئاژەڵەکان مافیان لە ئێمە زیاتر هەبووە، بێگومان ئەوان ئازادیی زیاتریان هەبووە"، وەسمان کە لەلای چەپمەوە بوو ئەم کاردانەوەیەی دەربڕی.

"بێگومان"، سۆران بەردەوامیی بەقسەکردن دا. "ئەو کاتە عێراق شانشین بوو و، حکوومەتەکەی

لە بنەواندا ڕێزدار و مەدەنییانە بوو. بەڵام لەسایەی ئەم ڕیژیمەی ئێستادا تەنانەت ئاژەڵەکانیش ئازاریان پێ گەیشتووە. جووتیارەکان کاری تەواو گران بە کەر و ئەسپەکانیان دەکەن و، کە پیر یاخۆ نەخۆش دەبن، بەرەڵایان دەکەن. هەندێ لەو ئاژەڵانە کێوی بوونە. بەبێ ئەو ئاژەڵانە، جووتیاران ناتوانن پێداویستیی ئەو هەموو خاڵە سەربازییانە دابین بکەن کە حکوومەت لەسەر هەموو گردێک و لووتکە چیایەک دروستی کردوون. هەندێ لە جووتیاران لە ڕۆتینی ڕۆژانە بێزار بوون و پاش سەرهەڵدانەکە خۆیان کوشت. شوانەکان و ڕاوچییەکان گەلێ لاشەی بۆگەنیان لە دۆڵەکەدا دۆزیوەتەوە".

ئێمە تا ڕادەیەکی زۆر بێئاگا بووین لەو ڕووداوە کارەساتبارانەی لە دەرەوەی دیوارەکانی گرتووخانەدا ڕوویان دەدا. بەڵام پاشان، دوای ئەوەی هاتینە بەردان، هەموو ئەو شتانە بەڕاست دەگەڕێنەوە، لەگەڵ توندتربوونی بەرگریی دژی ڕیژیمی سەدام.

کە زانیم ئەم گرتووخانەیە خان بووە، ئەوە پاڵی پێمەوە نا بیر لەوە بکەمەوە کە ئەو کەر و هێسترە داماوانە چەند ڕەنجی زۆریان داوە و لەبەرامبەردا چەند کەمیان وەرگرتووە. ئایا ئێمە هیچمان هەبوو کە لە هی ئەو ئاژەڵانە جیا بێ، گومان دەکەم.

دیار بوو کە ماوەیەک کەوتبوومە ناو خەیاڵەکانمەوە و کاتێک کە گەڕامەوە ناو کۆڕی گفتوگۆیەکە، سۆران چیرۆکەکەی خۆی تەواو کردبوو و گەڕابووەوە شوێنەکەی خۆی. بۆ هەڵاتن لە تیشکی ئەو گڵۆبە فلۆرسەنتەی بەبەردەوامی داگیرسابوو، بە بەتانییەکە دەموچاوی خۆم داپۆشی و کەوتمە خەو.

## گردێک لە بەتانی

کاتێک کە دەرگەکە کرایەوە و ئێمە بردراین بۆ ئەوەی پارچە نان و کوپە شۆرباکەمان بدەنێ وەک هەموو جارێک، بەبیرمدا هاتەوە چەند بێبەش بوومە لە توانی پیاسەکردن. دەبوو ماوەیەک لە ڕێڕەوەکەدا چاوەنواڕ بین پێش ئەوەی ڕێمان بدەن بچینە دەرەوە، بۆیە هەوڵم دا کەمێک لە ڕێڕەوەکەدا پیاسە بکەم، بەڵام لەبەرئەوەی زۆر تەنگ بوو، من ئەوەندە وزەیەم نەبوو کە ڕێی خۆم لەناو ئاپۆڕای گیراوەکاندا بکەمەوە. لەکۆتادا لە ڕێڕەوەکەوە بەرەو حەوشەکە چووین. ملێکم کێشا بەرەو لای دەرەوەی حەوشەکەدا، بۆم دەرکەوت کە لەوێوە دەتوانم لای سەرەوەی بورجە تاقانەکەی مایکرۆوەیڤی شارەکە ببینم، ئەمەش هاوکارم بوو بۆ ئەوەی ئەو شوێنە دەستنیشان بکەم کە منی لێم: لە نێزیکی باڵەخانەی پارێزگە، چاپخانەی کوردستان و، گشت ئەو شەقامانەی کە زۆر حەزم دەکرد پیاسەیان بەناودا بکەم. ئەوە ئەو کاتەی ڕۆژ بوو کە خەڵک تیایدا بەرەو ماڵەکانیان دەچوونەوە. دیمەنی تێلە دڕکاوییەکان وەک چەقۆیەک وا بوو کە ئاسمان ببڕێ. لەو دیوی ئەو وایەرە دڕکاوییانەوە دوو پەڵە هەور بەئاسمانەوە بوون. بەڵام لەبەرئەوەی زۆر دوور بوون لە ئێمەوە هەر ئەوەتا هەستم دەکرد کە ئەوان لە جووڵەدان. لەگەڵ گۆڕانی وردەوردەی ڕەنگی هەورەکان بۆ

هەواڵنامەی کتێب

ڕەنگی پرتەقاڵی بەهۆی ئاوابوونی ڕۆژەوە، مێشکی منیش پڕ بوو لە بیرکردنەوەگەلی خەیاڵاوی.

هەوڵمان دا قسەکانمان تەرخان بکەین بۆ باسکردنی ئەو شتانەی کە وامان لێ دەکەن بۆ ڕۆژێک بڕوانین لە سەردەمێکدا. جارێک پاش ئەوەی نێزیکەی دوو هەفتەم لە گرتووخانەی ژمارە چواردا بەسەر بردبوو، گوێم لە هەندێ گیراو بوو کە باسی وادەی سەردانیان دەکرد. من خۆم چاوەنواڕی هیچ سەردانیکەرێک نەبووم، چونکە دڵنیا نەبووم کە کەس لە ماڵەوەمان بزانێ جەمال یان من لە کوێین.

ئەم هەواڵە لەبارەی سەردانەوە بۆ من مایەی سەرسامی بوو. "بەڵام من وام دەزانی کە سەردانیکردنی ئێمە ڕێی پێ نادرێ"، وام بە حەیدەر گوت، ئەو پیاوەی پڕ بوو لە زاواکەی.

"ڕاستە وایە، بەڵام گیراوە ئاساییەکان بوار بە سەردانیکردنیان دەدرێ. تۆ لەپاش سەردانی پێشوودا گەیشتیتە ئێرە، بۆیە کەس تاکو ئێستا باسی ئەو بابەتەی نەکردەوە. گیراوە ئاساییەکان دوو هەفتە جارەک بواری سەردانیکردنیان دەدرێ و هەندێک خەڵک وای پێشان دەدەن کە بۆ سەردانی ئەوان هاتوون بەڵام لەڕاستیدا هاتوون بەدوای ئێمەماناندا دەگەڕێن. گیراوە ئاساییەکان ئەوە دەزانن بەڵام ڕێگریی لێ ناکەن".

حەیدەر بەردەوام بوو و گوتی، "ڕۆژی سەردان بە کۆمەڵکردنی گشت بەتانییەکان لەسەر یەکتری هەڵدەچنین و گردێکیان لێ دروست دەکەین. ئینجا بەنۆرە دەچینە سەریان بۆ ئەوەی لە کونی بنمیچەکەوە تەماشا بکەین بزانین ئایا هیچ کەسێکی ئێمە هاتووە. بیرۆکەکە لەوێدایە بتوانین پێوەندیی بەچاویان لەگەڵدا بکەین".

بێگومان کە حەیدەر ئاماژەی بۆ ئەو کونە دەکرد کە لە کاتێ هاتنمدا دۆزیمەوە، کە من لەپاڵ دیوارەکەی بەرامبەریدا بووم، گومانم هەبوو کە دەبێ کۆمەڵە بەتانییەک تا چ ڕادەیەک یارمەتیدەری مرۆڤ بێ بۆ ئەوەی بتوانێ لەو کونەوە شتێک ببینێ. کونەکە نێزیکەی پازدە پێ بەرز دەبوو و تەنیا یەک پێ پان بوو. بەتۆڕێک لە شیش داپۆشرابوو. بەڵام سەیری ئەمە سەرنجڕاکیش دەبێ. شانم هەڵتەکاند و دەستم کرد بە چاوەنواڕیی درێژی هاتنی بەیانی.

بەیانی هەموو کەسێک چالاکانە بەئاگە هاتن و بەپەلە بەتانییەکانیان تێ گرت بۆ ئەو گیراوانەی لای کونەکەوە وەستابوون. شەبیب، ئەو پیاوەی لەلایەن ئەمنەکانەوە بەسەرکردەی ئێمە داندرابوو و پێوەندیی ئێمە لەگەڵ پاسەوانەکان لەڕێی ئەوەوە بوو، سەرپەشتیی کارەکەی دەکرد و ڕێنوێنیی هەمووانی دەکرد. ئەو گیراوانەی لە دەوری کونەکە بوون بەتانییەکانیان لەسەر یەکتری دانا تا بەرز بوونەوە و دیوارێکیان پێک هێنا نێزیکەی پێنج پێ بەرز دەبوو. ئینجا کەوتینە چاوەنواڕی. ئینجا شەبیب ئاگەدارمانی کردەوە کە ئێستا لەبەرئەوەی شەش گیراومان لە جاری پێشوو زیاترە، بۆیە هەر یەکێکمان ئەم جارە ناتوانێ لە یەک دەقیقەیەک زیاتر لەسەر گردی بەتانییەکان بووەستێ.

"دەقیقەیەک سەر و زیادیشە"، حەیدەر گوتی، "هەموو ئەوەی پێمان دەکرێ تەنیا ئەوەندەیە چەند

جارەک سەیر بکەین و ئامازە بکەین". ئینجا زیاتر گوتی، "من تێ ناگەم بۆ پیاوکوژ و منداڵباز ڕێیان پێ دەدرێ کات لەگەڵ کەسوکاریان بەسەر ببەن بەڵام ڕێ بەئێمە نادەن. من زۆر بیری کچەکەم دەکەم– ئەوان کە منیان برد هێشتا ئەو فێر نەبووبوو بە "بابە" بانگم بکا".

لەماوەی چاوەڕوانیدا باسی گەلێک بابەتمان کرد. بەڵام زۆری نەبرد و دیسان گفتوگۆیەکە گەڕایەوە سەر باسی چۆنیەتیی گەیشتنی خەڵکەکە بە گرتووخانە. ئەمڕۆ، مام مستەفا، دانیشتووە بێباوەڕەکە، نۆرەیەتی. مام مستەفا تەمەنی پەنجا ساڵ بوو پاڵتۆیەکی ڕەش و پانتۆڵێکی سەوزی لەبەردا بوو. وەک بەردەوام وا بوو، گازاندەی ئەوەی دەکرد کە کاتێ ئازاد بوو چیی دەکرد و چۆن باوەڕی بەهیچ نەما. ئەو بۆیە گیرابوو، چونکە کوڕەکەی لە سەربازی هەڵاتبوو و چووبووە ڕیزی پێشمەرگەوە. "ئەوەی زۆر لێی پەشیمانم"، گوێم لێ بوو بەدڵنیاییەوە دەیگوت، "ئەوەیە کە زووتر پشتم لە ئیسلامەتی نەکرد: نوێژ و ڕۆژوو چیت بۆ دەکەن؟ هیچ. من لە ئاین بێزار بووم. هەر لەو ساتەوە کە لێرە بچمە دەرەوە، بەبەردەوامی لەگەڵ مەغەی برادەرم و هاوڕێ مەشروبخۆرەکانی دەبم و بەهیچ جۆرێک توخنی ئاین ناکەوم".

پێشتر باسی ئەوەم کرد کە خانەخوێیەکی خراپ و گوێگرێکی خراپم. پێشتر گوێم لەم چیرۆکە بووبوو بۆیە لەجیاتی گوێگرتن لە مام مستەفا کە هەر بۆڵەبۆڵی بوو، بیرم وەرگەڕایە لای عەبدی برادەرم. عەبد شتێکی هەبوو کە دەیزانی چۆن بەباشی بەردەوامی بەچیرۆک بدا. پێش ئەوەی بێمە گرتووخانە، بەردەوام باسی باوکە تووڕەکەی دەکرد چۆن ناچاری دەکرد لە ڕەمەزاندا ڕۆژوو بگرێ. ئەو کاتەی دەستی بەڕۆژووگرتن کرد تەمەنی حەفت ساڵ بوو.

"لەبیرم نییە باوکم بەناوی خۆم بانگمی کردبێ یان وشەگەلی جوانی بەرامبەرم بەکار هێنابێ"، عەبد بەردەوام بەم جۆرە چیرۆکەکانی دەست پێ دەکرد. "پێش نوێژی بەیانی منی لەناو جێ دەهێنایە دەرەوە بۆ پارشێو کە تەنیا ژەمە نانی ئەو ڕۆژەیە تا پاش ئاوابوونی ڕۆژ، ئینجا دوو "ناوسێر"ی دەرخواردم دەدا، برسیم بووایە یان نا. لە زستاندا، دایکم ئەو هەویرە تەنککراوەی لە ناو ڕۆندا سوور دەکردەوە، لەناو ئەو ژوورەی کە تیایدا دەنووستین. ئەوە وای دەکرد هەموو شتەکان و کەسەکان بۆنێکی ناخۆش بگرن. پاش خواردنی ئەو ژەمە، باوکم ئاوێکی زۆری دەرخواردم دەدا پێش ئەوەی بمنێرێتەوە ناو جێ. بەهاتنی نیوەڕۆ من برسیم دەبوو، بەڵام شکاندنی ڕۆژووەکەم شتێک نەبوو کە قبووڵ بکرێ. چونکە ئەوە دەبێتە مایەی ئەوەی یەکڕاست بنێردرێمە جەهەننەم، وەک باوکم دەیگوت".

"کە داپیرم بەمەسەلەی ڕۆژووگرتنی منی زانی، هەوڵی دا قسەم لەگەڵدا بکا بۆ ئەوەی دەستبەرداری ببم. "تۆ هێشتا تەمەنت نەبووەتە هەشت ساڵ و ڕۆژووگرتنت لەسەر نییە"، ئەو گوتی. "تۆ دەتوانی هەموو ڕۆژێک بەهاتنی نیوەڕۆ ڕۆژووەکەت بشکێنی و من ئەو نیوە ڕۆژانەت بۆ گرێ دەدەم بەیەکەوە بۆ ئەوەی ببنە ڕۆژی تەواو بەبێ هیچ کێشەیەک". من بیرۆکەکەی ئەوم پێ خۆش بوو، بەڵام هێشتا لەگەڵ ئەوەدا نەبووم ڕۆژووەکەم بشکێنم. باوکم پێمی گوتبوو کە خواردنی

هەر شتێک لە ڕۆژی ڕەمەزاندا تامەکەی وەک ئەوە وایە کە گۆشتی خۆت بخۆی و، کە چوویتە جەهەننەم بواری هەڵاتنت نابێ، سووتان لە ناو ئاگری بەردەوامی دۆزەخدا بێ کۆتایە. منیش بڕوام پێی کرد".

تەنانەت بیرکردنەوە لە عەبد لەو کاتەدا کە ئەم چیرۆکەی بۆمان دەگێڕایەوە بابەتێکی درێژی دا بەمن بۆ ئەوەی بۆ برادەرانمی بگێڕمەوە. من دەمزانی چیرۆکەکە لەدوای ئەمەوە بە چ ئاقارێکدا دەڕوا: عەبد بۆمانی دەگێڕێتەوە کە چۆن کەلسومی خوشکی تەنیا شەش ساڵان بوو کاتێک کە باوکی ناچاری کرد سەرپۆش بخاتە سەری و هەردووکیانی نارده مەدرەسە لە مزگەوتدا. ئەوەی بەردەوام بەلای منەوە سەرنجڕاکێش بوو لە چیرۆکەکەدا ئەوەیە کە عەبد باسی ئەو وانانەی بۆمان دەکرد کە لە مزگەوت دەیانخوێندن، بۆیە منیش کاتێک کە عەبد دەگەیشتە ئەو شوێنەی چیرۆکەکەی بەپەرۆشەوە گوێم بۆی ڕادەگرت. "بەو منداڵییەی خۆمەوە"، عەبد بۆ گوێگرانی خۆی دەگێڕێتەوە، "بۆم دەرکەوت کە لەڕێی ئاینیشەوە پارە پەیدا دەکرێ، بۆیە ڕێگر نەبووم لەوەی کەلسوم سەری خۆی بپۆشێ و بەیەکەوە بچینە مزگەوت. وەک دەزانن، باوکم قەت خەرجیی گیرفانی نەداوە بەمن– یان بە خوشکەکەم، تەنانەت لە جەژنە ئاینییە گەورەکانیشدا، وەک ئەوەی باوکەکانی تر دەیانکرد. لە یەکێک لەو جەژنانە بوو کە بۆم دەرکەوت من دەتوانم ئەو شارەزاییە کەمەم لە قورئان بەباشی بەکار بهێنم".

"ڕۆژی پێش جەژنی ڕەمەزان قەبرستانی شێخ عومەر پڕ دەبێ لە خەڵک. هەموو کەسێکیش پیاوێکی ئاینیی دەوێ بێ و چەند بڕگەیەک لە قورئان لەسەر مردووەکانیان بخوێنێ. هەرچەندە من ئەو کاتە هێشتا منداڵ بووم، بەڵام دیار بوو کەس لاریی نەبوو ئەگەر من ڕۆڵی ئەو پیاوە ئاینییە بگێڕم. دەتوانم بۆنی دووکەڵی شینی بخوور بکەم کە خواپەرستان لەسەر گۆڕەکان ئەو بخوورەیان دەسووتاند. لە ناو بۆنی بخوورەکەوە دەمتوانی گوێم لە دەنگی ئەو ژنانە بێ کە بۆ مردووانیان دەگریان. کە لێیان دەچوومە پێشەوە بانگمیان دەکرد بۆ ئەوەی بڕگەیەک لە قورئان بخوێنم بۆ ئەو کەسانەی لەناو گۆڕەکانی دەوروبەریاندا پاڵیان داوەتەوە. کە دەستم بەخوێندن دەکرد، دەنگی ئایەتەکانی قورئان وای دەکرد کە ئەوان دەست لە گریان بەربدەن و هەستیان بەخۆشی دەکرد کە بەرەو ماڵەکانیان دەگەڕانەوە بۆ ئەوەی جەژن بکەن. منیش دڵخۆش بووم، چونکە بۆ هەر خوێندنێک یەک دیناریان دەدامێ. ئەو پارەیە بۆ من دەستکەوتێکی ئاسان بوو– تەنیا ئەوەندەم لەسەر بوو بڕگەیەک بخوێنم و دواتر قورئانەکە بەپەلە ببەمەوە بۆ مزگەوت پێش ئەوەی بچمەوە ماڵەوە بۆ ئەوەی نانی جەژن بخۆم و جەژن بکەین".

هەر وەکو عەبد، منیش بەهەژاری گەورە بووم، بەچەندان شێوەیش چیرۆکەکەی ئەو هەندێ بڕگەی چیرۆکی منداڵیی خۆمی بەبیرم دەهێنایەوە. هەر کە عەبد دەگەیشتە ئەو بەشەی کە بۆمانی دەگێڕایەوە چۆن خێزانەکەی مریشکیان بەخێو دەکرد بۆ ئەوەی بتوانن لە جەژندا بیانخۆن، دەمم پڕ ئاو دەبوو. ئینجا دوای ئەوە دەیگوت، "ئاهەنگی جەژن بەیانی زوو دەستی پێ دەکرد ئەو کاتەی

خەڵک بەبەیانی ژەمێکی چەوریان دەخوارد. باوکم هەموو جەژنێک دەستە جلێکی نوێی بۆم نەدەکڕی، کە منداڵانی تر ئەوەیان بۆ دەکرا، بگرە لەجیاتی ئەوە دوو جەژن جارەک دەستە جلکێکی بۆم دەکڕی. جلەکانم زۆر بەجوانی و وریایی قەد دەکرد بۆ ئەوەی بتوانم جارێکی تر لەبەریان بکەم. بۆ ئەوەیشی کە نوێ دیار بن، دایکم دوو ڕۆژ بەر لە جەژن دەیشوشتن و قەدیانی دەکرد و دەیانی خستە ژێر بالیفێکەوە تا دەق بگرن لەبەرئەوەی ئوتوومان نەبوو. هەرچەندە هەموو هەوڵێکم دەدا بۆ ئەوەی وەک نوێ دیار بن بەڵام هێشتا هەستم بەجۆرە تەریقییەک دەکرد کاتێک لە بەیانیی جەژندا بەرەو لای برادەرەکانم دەچووم. بەڵام زۆری نەدەبرد و ئەو تەریقییە دەڕەوییەوە کاتێک کە دەستمان دەدایە خەرجکردنی پارە بۆ کڕینی شیرینی و یاریکردن و چوونە سینەما. لەبەرئەوەی منداڵەکان لە چەندان پشتینەی جیاجیاوە دەهاتن من تەنیا منداڵێک نەبووم کە دەستە جلی کۆنم لەبەردا بێ.

"زەقترین و پرشنگدارترین شتی ئەو بەیانییە چوون بوو بۆ سینەما. من شێتی هەر فیلمێک بووم کە هێرقلی تێدا دەربکەوێ! ئەو پاڵەوانی من بوو"، عەبد گوتی.

منیش لە سەردەمی ڕووالیمدا حەزم لە سەیری فیلمی سینەمایی بوو. بەڵام من حەزم لە فیلمی هیندی دەکرد، چیرۆکەکانی خۆشەویستی کە تیایاندا هەرگیز دوو ئاشقەکە بەیەک نەدەگەیشتن و بەدڵشکاوی دەمانەوە. بەهێزترین چیرۆکی خۆشەویستیم هێشتا لەبیرە– کە پێیان دەگوت سانگام و ماوەی سێ مانگ ئیشی کرد. ئەو فیلمە وای دەکرد هەموو کوڕەکان بەچاوی پڕ فرمێسکەوە لە هۆڵی سینەماکە بێنە دەرەوە.

بەڵام چیرۆکی عەبد لای فیلمەیل سینەمایی بەکۆتا ناگا. بڕوانەبوونی ئەو بەئاین لە ئەزموونگەلی ترەوە لەگەڵ مەلایان هاتووەتە کایەوە. "هەر کاتێک لە مزگەوت بوومایە"، لەبیرمە کە ئەمەی بۆم دەگێڕایەوە، "دەمزانی کە مەلا (س) (نووسەر لێرەدا ناوی مەلاکەی هێناوە، بەڵام بۆ ئەوەی نەکەوینە داوی ناوزڕاندنی کەسەوە ناوەکەم نەنووسیوە و پیتی (س)م بۆی بەکار هێناوە– وەرگێڕ)، لە کاتی دانیشتنمان لەسەر ڕایەخەکە بۆ وەرگرتنی وانەکانم خۆی لە من دەساوێ. ڕانی بەقورسی دەخستە سەر ڕانم و دەمی زۆر نێزیک دەکردەوە لە دەمم بەجۆرێک کە بۆنی هەناسە بێزارکەرەکەیم دەکرد. من زۆر شەرمم دەکرد پێی بڵێم بگەڕێتە پاشەوە یان وای پێشان بدەم کە ئازار بەڕانم دەگەیەنێ. هەروەها بیری ئەوەیشم دەکردەوە کە مزگەوت دەبێ ماڵی خوا بێ، بۆیە لەوێ هیچ زیانێکم پێ ناگا. لەبارەی ئەو شتەوە هیچم بەباوکم نەگوت چونکە دەمزانی بڕوام پێ ناکا ئەگەر پێی بڵێم. بەڵام بەهەر شێوەیەک بێ قسەکە بڵاو بووەوە، ئەویش کاری تازە مەلایەک بوو کە لە مزگەوتەکەدا دەژیا و لەوێ کاری دەکرد. ڕۆژێک مەلا (س) چیی تر لەوێ نەمابوو. خەڵکەکە گوتیان کە لەبەر نەخۆشی ماوەیەک پشووی وەرگرتووە و ڕۆیشتووە، بەڵام هەرگیز نەگەڕایەوە".

لە ساڵی ٢٠٠٥دا، دوای بەربوونم لە گرتووخانە و پاش ئەوەی لە کەنەدا جێگیر بووبووم،

گەڕامەوە کوردستان و لەوێ چاوم کەوتەوە بە عەبدی کۆنە برادەرم. ئەو لێمی پرسی ئایا مەلا (س)م لەبیرە. بەڵام پێویستم بەهەندێ دنەدان هەبوو.

"ئەو پیاوەی تەماحی تێم کردبوو"، ئەو ئاماژەی کرد. من هێشتا بەرچاوم ڕوون نەبوو، بۆیە عەبد بەردەوام بوو: "ئێ، پاش ڕووخانی تاڵیبان لە ئەفغانستان ئەو بەرەو سنوورەکانی ئێران هەڵات و ئێستا سەرکردایەتیی گرووپێکی توندڕۆ دەکا، مێشکی لاوان دەشۆنەوە بۆ ئەوەی کاری خۆکوژی بکەن و، پارە بەمنداڵان دەدەن بۆ ئەوەی دارلاستیک بگرنە ئەو ژنانەی سەریان نەپۆشراوە".

مام مستەفا گەیشتە کۆتای چیرۆکەکەی. کنۆ، قەشمەری ناو گرتووخانەکە کە نەزانیی لەبارەی شتانی دەوروبەری سەرسووڕێن بوو، چەپڵەیەکی بۆی لێدا. "من تەمەنم چل و پێنج ساڵە"، ئەو گوتی، "یەک تاقە جارێکیش لە ژیانمدا نوێژم نەکردووە و مکوڕم لەسەر ئەوەی کە لە ئاین دوور بم. بەڵام ناتوانم ئۆباڵی کەوتنە ئێرەم بخەمە ئەستۆی خوا. گرتن، سەرباری هەموو شتێک، بڕیاری مرۆڤە نەک هی خودا. تەمەنم شازدە ساڵان بوو کە دەستم بەخواردنەوە کرد. ئەو کاتە تەنیا دوو جۆر بیرە هەبوو، شەهرەزاد و لاگەر، بۆ ماوەیەکیش هەر شەهرەزادم دەخواردەوە. دواتر فێری عارەقی بەغداد بووم کە بەڕاستی عارەقێکی کاریگەر بوو و منیش حەزم لێی کرد. کە ئەویش لە سەردەمی شەڕی ئێران-عێراق لە ١٩٨٠دا کەم دەست دەکەوت، چوومە سەر خواردنەوەی جۆرێکی تر پێیان دەگوت حەداد، لە ئوردونەوە دەهات. بەڵام هەر لەخۆمەوە حەزم لەو جۆرە نەبوو. دوای ئەوە کەسێک باسی عارەقی قاچاخی بۆم کرد کە دیانەکانی عەنکاوا دروستیان دەکرد. جۆرێکی هەرزان بایی بوو بەڵام باش بوو. شەو لەدوای شەومان لە یانەیەکی زۆر خۆشدا بەسەر دەبرد و خۆمان سەرخۆش دەکرد کە پێیان دەگوت نادی تیجارە(یانەی بازرگانی). چوونە ناو ئەو یانەیە تایبەت بوو بەبازرگانان و دەبوو پێناسی ژووری بازرگانیت هەبووایە بۆ ئەوەی بچیتە ژوورەوە. ئێمە بۆمان نەبوو بچینە ژوورەوە بەڵام بەردەوام لەگەڵ برادەرێکماندا دەچووین و ئێمەی لەگەڵ خۆی دەبردە ژوورەوە. ئەو برادەرە ناوی جامی بوو و پێناسی بازرگانیی هەبوو و کابرای ژووری پێشوازیی دەناسی. هەموو شەوێک شیش کەبابێکی خۆشیان هەبوو. بەڵام کاتێک کە یانەکە دادەخرا ئێمە تەواو سەرخۆش دەبووین و دەبووایە بەتاکسییەک ببرێینەوە ماڵەوە.

"ژمارەیەک لە دراوسێیەکانم ئەو خواردنەوەیەی منیان پێ ناخۆش بوو. هەندێک جار مناڵەورتکەی ئەو دەوروبەرەیان هان دەدا بکەونە دوام و بەردم تێگرن و قسەی سووکم پێ بڵێن، جارێکیش لێدانێکی چاکیان لێم دا. هەموو شوێنێکی گیانم شین بووەوە. چۆن شێوازێکە بۆ پەروەردەکردنی منداڵان! لەجیاتی ئەوەی فێری یاریی تۆپێنیان بکەن یان فێری کۆلارە فڕاندنیان بکەن، وایان لێ دەکەن وەک تاوانکاری بێنرخ هەڵسوکەوت بکەن. بەڵام هیچ یەکێک لەم هەڵسوکەوتانە ڕێی لەمن نەدەگرت".

ڕۆژانی هەینی، کنۆ بۆ ئەوانەی دەگێڕایەوە کە هێشتا گوێیان بۆی شل کردبوو، ئەوان گشتیان سواری ئۆتۆمۆبیلە پیجۆیەکەی برادەرەکەیان دەبوون و بەرەو ڕێگەی مەسیف دەچوون، کە بەسەر

چیاوەیە و بیست خولەکێک بەئۆتۆمۆبیل لە هەولێرەوە دوورە. ئەو کاتە مەسیف هێشتا شوێنی بەکێشکردنی گەشتیاران بوو. پێش کودەتا سەربازییەکەی ١٩٥٨، شا فەیسەڵ چەند کابینە و هۆتێل و مەلەوانگەیەکی لەوێدا دروست کردبوو و، خەڵک لە هەموو شوێنێکی عێراقەوە بۆ بەسەربردنی ماوەی پشوو و مانگی هەنگوین ڕوویان لەوێ دەکرد. لە ماوەی ڕاپەڕینەکەی ١٩٩١دا گشت کابینەکان هاتنە تێکشکاندن و چیی تر مەسیف وەک ناوچەیەکی گەشتیاری نەما.

"درەنگانێکی ئێوارە"، کنۆ بەردەوام بوو، "ئەمبەر و ئەوبەری شەقامەکە جمەی دەهات لە خەڵکی خۆمان ئاسا. خواردنەوە و تکە لێدان تا شەو بەردەوامیی دەبوو. لە یەکێ لەو شەوانە بوو، پاش گەڕانەوەم بۆ ماڵەوە، گوێم لە دەنگی مشکۆ دەگرت کە گۆرانیبێژی پلە یەک بوو بەلامەوە، ئەمن هاتنە سەرم. منیان لەماڵ هێنایە دەرەوە و تا پێیان کرا منیان دایە بەر شەق و بۆکس. یەکسەر مەشرووبەکە بەرمی دا".

"تەنیا هۆیەک کە وای کرد بێنە وێزەم کوڕەکەم بوو. ئەو درۆزنێکی گەورە بوو. خۆشترین کاتی خۆی لە بەخێوکردن و چاودێریی ڕەوە کۆترەکەیدا بەسەر دەبرد لە جیاتی ئەوەی خوێندنی ئامادەیی تەواو بکا. کە تەمەنی بوو بە هەژدە ساڵ، دەبوو بچێتە بەر خزمەتی سەربازییەوە و ئەوانیش یەکسەر بردیانە هێڵی پێشەوەی بەرەی شەڕ لە دێزفول، ئەو شوێنەی هەندێ لە دڕندانەترینی پێکدادانەکانی شەڕی ئێران–عێراقی بەخۆیەوە دی. ساڵی ١٩٨٦ توانیی لەڕێی بەرتیلدان بە یەکێ لە بەرپرسەکانی، چەند ڕۆژێک مۆڵەت وەربگرێ. کە گەیشتە ماڵەوە بڕیاری دا چیی تر نەگەڕێتەوە".

"ڕۆژی دواتر دایکی ڕێی بۆی خۆش کرد بۆ ئەوەی بڕوا و بچێتە پاڵ پێشمەرگە لە شوێنێکی نێزیکی کۆیە. دایکیشی جاروبار بەنهێنی بچێ سەردانی بکا، بۆ ئەوەی دڵنیا بێ کە خواردن و جگارەی هەیە. دەزانن، کە ئاوڕ لەدواوە دەدەمەوە، هیوا دەخوازم کوڕەکەیشم وەکو خۆم بووایە. وەکو من ترسنۆک بووایە، ئەوکات نەدەبووە پێشمەرگە و منیش ئەمڕۆ لێرە نەدەبووم. ئەو ڕۆژەی من هاتمە گرتن، هاتوچۆ کەم بوو و شەقامەکان نێزیکە چۆڵێک بوون، بەڵام من حەزم دەکرد کە ڕۆژی هەینی بووایە بۆ ئەوەی شەقامەکان قەرەباڵخ بوونایە. ئەگەر وا بووایە، من درەنگتر دەگەیشتمە ماڵەوە و پۆلیس درەنگتر منیان دەگرت و دوو سەعاتێک کەمتر لە گرتووخانە دەبووم".

ئیتر بەم شێوەیە چیرۆکەکان بەردەوامییان هەبوو تا کات گەیشتە ناوەڕاستی بەیانی، کاتێک کە گوێمان لە دەنگەدەنگێک بوو لە حەوشەکەوە دەهات. کاتی سەردان هات.

شەبیب یەکەم کەس بوو کە چووە سەر کۆمەڵە بەتانییەکە. ئەو ڕێک لەوبەری منەوە وەستابوو لە ژوورەکەدا، ڕێک لە ژێر کونەکە. ئەو پیاوە گەنجە بەلەقەلەق بە لەشی درێژی بەماسوولکەیەوە بەسەر گردی بەتانییەکاندا هەڵگژا. خۆی قیت کردەوە و قۆڵەکانی بەرەو سەرەوە درێژ کرد بەڵام هێشتا نێزیکەی یەک مەتری مابوو بگاتە شیشەکان. دەمووچاوە ئەسمەرەکەی جیددیەتی پێوە دیار بوو کاتێ سەری بەرەو دواوە دەکێشایەوە بۆ ئەوەی لە کونەکەوە شتێک ببینێ. "ئەمڕۆ

سەردانیکەر گەلێ زۆرن"، ئەو هەواڵی دا.

کە شەبیب هاتە خوارەوە، یەکسەر دەستی کرد بەڕێکخستنی گیراوەکان بەشێوەیەکی ڕێک. بەوردی و بەڕێکی کاتی بۆیان دیاری کرد بۆ ئەوەی دڵنیابێ لەوەی کەس لەسەر بەتانییەکان لەو یەک خولەکە دیاریکراوە زیاتر نەمێنێتەوە.

کاتێ کە نۆرەی مام ڕۆستەم بوو، ئەو گوتی، "جەماعەت با بەبیرتانی بهێنمەوە من دوو ژن و هەژدە منداڵم هەیە. بۆیە هەق وایە من دوو ئەوەندەی هەر یەکێکی تر لە ئێوە کاتم پێ بدرێ. لەبەرئەوەی تا ئێستا تەنیا توانیومە ژنە بچووکەکەم ببینم".

هەمووان دەستیان دایە پێکەنین و لەو بارەیەوە گاڵتەیان لەگەڵدا دەکرد. "ئێستا زانیمان بۆ ئەوەندە بۆ دەرچوون لێرە بەپەلەی، ڕۆستەم"، هاواریان کرد.

ڕۆستەم قۆڵە قەوییەکانی ڕاوەشاند و پیجاما قاوەییەکەی دەشەکایەوە. "بیری ژنەکەم دەکەم"، وەڵامی دایەوە. "تەمەنی تەنیا بیست و حەفت ساڵە. تەنیا پێنج منداڵم لێی هەیە- بەشەوان بەزۆری ئەوم بەکار دەهێنا".

مام ڕۆستەم هەوڵی دا لاقە کورتەکەی بخاتە سەر گردی بەتانییەکانەوە بەڵام ورگە زلەکەی ڕێگریی لێ کرد. مام ڕۆستەم شەیدای خواردن بوو و، بەردەوام بەیانییان بۆ چوونە دەرەوە لە زیندانەکە پەلەی بوو. پاش کەمێک ململانێ، ئاوڕی لەو گیراوانەی پشتی خۆی دایەوە. "یەڵا، هاوکارییەکی ئەم پیرەمێردە بکەن". دووان لە گرتییەکان لە پشتەوەڕا پاڵێکیان پێوە نا. مام ڕۆستەم خۆی بەسەر شانی ئەواندا دا و بەلەقەلەق چووە سەر گردی بەتانییەکان. کاتێ کە خۆی جێگیر کرد پاڵێکی بەخۆیەوە نا بەرەو سەرەوە.

مام ڕۆستەم لە کونەکەوە قسانی دەکرد و بە ژنە گچکەکەی دەگوت، "سێوێ، لەگەڵ خەرمان چۆنی؟ نەڵێی کە هەردووکتان شەڕتانە!"

سێوە لە کونەکەوە بەهاوار وەڵامی دەدایەوە بەشێوەیەک کە هەموومان گوێمان لێی بوو. "نا، لەوەتەی تۆ گیراوی، ئێمە وەک دوو خوشک یەکمان گرتووە و هیچ کێشەمان نییە".

مام ڕۆستەم هیچ وەڵامێکی بۆ قسەکەی ئەو نەبوو، بگرە لەجیاتی ئەوە لێی پرسی، "ئەو منداڵە کێیە بەتەنیشتتەوە؟"

"ئەوە کوڕەکەتە، مەغدید"، سێوە وەڵامی دایەوە.

"دیارە گەورە بووە!" مام ڕۆستەم بەسەرسامییەوە وەڵامی دایەوە.

لەگەڵ بەردەوامیی مام ڕۆستەم لە قسەکانیدا، من تەنیا بیرم لەوە دەکردەوە کە چەند کارێکی گرانە هاوسەنگی لە نێوان دوو ژندا ڕابگری، بەتایبەتی کاتێک کە یەکێکیان لەوەی تر گەنجتر بێ.

پێش ئەوەی مام ڕۆستەم پرسیاری زیاتر بکا، شەبیب گوتی، "مام ڕۆستەم، کاتت تەواو بوو". مام ڕۆستەمیش دەستێکی نایە سەر جەمەدانییەکەی و خۆی هەڵدایە خوارەوە. حەیدەر، کە لە

دوای ئەوەوە بوو لە سرەکەدا، دەستی بەپیرەمێردەکەوە گرت بۆ ئەوەی نەکەوێ.

حەیدەر بەگردە بەتانییەکەدا هەڵگژا. لە کونەکەوە قسەی لەگەڵ کەسێکدا دەکرد کە ئێمە نەماندەبینی. ڕەنگە ژنەکەی بووبێ، چونکە یەکەم پرسیارێک کە حەیدەر لێی کرد ئەوە بوو ئایا گۆڕی کوڕەکەی هەر وەک خۆی ماوە. "ئەی ئەو شوانە کێیە کە ئێستە بەدوای مەڕەکانەوەیە؟" پرسیاری دوای ئەوەیان بوو.

"گوێم لە هیچ نەبوو"، کە هاتە خوارەوە لە کۆتای نۆرەکەیدا ئەم گلەییەی کرد.

ئیتر کارەکە بەم شێوەیە بەڕێوە چوو، گرتییەک لە دوای ئەوەی تر. کە نۆرەی منیش هات بازم دایە سەرەوە و سەیری ئەو پارچە ئاسمانەم کرد کە لە سەروومەوە بوو. وەک چاوەنوارِ بووم، کەسێکم نەدی کە بیناسم، بەڵام دیمەنی ئەو هەموو خواردنە نازدارانە– کەباب، دۆڵمە، ماست، زەڵاتە و شتی تر و شتی تریش– کە سەردانیکەران لەگەڵ خۆیاندا بۆ گیراوە ئاساییەکانیان هێنابوو وایان لە من کرد حەز بکەم بەناو کونەکەدا باز بدەمە دەرەوە و هەندێکیان لێ بپچڕم. خۆشبەختانە، گیراوەکانی تر بەردەوام ڕێگەیان دەدۆزییەوە بۆ ئەوەی هەندێ لەو خواردنانە بەقاچاخ بهێننە ناو زیندانەکەمانەوە. قسەم بۆ هەموو ئەو کەسانە دەکرد کە لە کونەکەوە نزیک بوون، باش بوو ئەوەندە بەختەم هەبوو یەکێک بدۆزمەوە کە بتوانێ قسەیەک لەبارەی دۆخی من و جەمال بگەیەنێتە خێزانەکەم.

تێبینی: ئەم وەرگێڕانە لەسەر وەرگێڕانێکی سەباح ا. ساڵح بنیات نراوە.

پەراوێز:

١. سەنتەری پێن لە کەنەدا ساڵی ١٩٢٦ دامەزراوە، کە ئێستە لەو وڵاتەدا ٢ سەنتەر، لە کۆی ١٤١ سەنتەر کە بە ٦ پارزەویندا بڵاوبوونەتەوە و، سەر بەڕێکخراوی پێن ئینتەرناشناڵن کە لە ١٩٢١ لە ئینگلتەرا هاتووەتە دامەزراندن بۆ ئەوەی نوێنەرایەتیی شاعیر و نووسەر و ڕۆماننووسان بکا و، پاراستنی ئەدەب لە مەترسییە جۆراوجۆرەکان و بەهێزکردنی ڕۆڵی ناوەندیی ئەدەب لە پێشخستنی کولتووری دنیا، لە ئامانجەکانی ئەم ڕێکخراوەن. (وەرگێڕ)

٢. ئەم دەربڕینە لەلایەن (میشێل وود)ـەوە لە بابەتی "لەبارەی ئێدوارد سەعیدەوە" وەرگیراوە، لە لۆندن ریڤیو ئۆڤ بوکس، بەرگی ٢٥، ژ٢٠ (٢٣ی ئۆکتۆبەر ٢٠٠٣): ٣.

٣. ڕوشدی، سەلمان. منداڵانی نیوەشەو. چاپی یادی ٢٥ ساڵە (نیویۆرک: راندەم هاوس ٢٠٠٦): ٤.

هەوالنامەی کتێب

# شۆڕشی عەباسییەکان

زینە عەبدولسەلام نەقشبەندی

شۆڕشی عەباسییەکان تەنیا گۆڕانی پشتاوپشتی فەرمانڕەوایی بۆ یەکێکی تر نەبوو، بگرە سەرەتای قۆناخێکی نوێ لە چالاکی بوو کە ناسراوە بە چاخی پەرەسەندن (زێڕین). عەباسییەکان نەوەی ئەلعەباسی مامی محەمەدی پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) بوون. پیلانگێڕان بوونی هەبووە لە زووەکانی سەتەی هەشتەم لە عێراقدا، ئەو کاتە موسڵمانەکانی مەزەوی شیعە گەندەڵییەکانی تیرەی ئەمەوییەکانیان سەرکۆنە کرد. لەگەڵ ئەوەشدا بێزارییەکی زۆر هەبوو لە بەرامبەر کردەوەی خۆبەزلزانینی ڕەگەزی و جیاخوازیی چینایەتی لەناو ئەمەوییەکاندا. ئەو عەرەبانەی بووبوونە ئیسلام و لە عێراق دەژیان جیاخوازییان لەگەڵ دەهاتە کردن، چونکە ئەوان عەرەب نەبوون. باجی زیاتریان لە عەرەب دەدا و بەگشتی ئەوان لە کاری مووچەخۆری دووردەخرانەوە. زۆر لەو عەربانەی لە عێراقدا جێگیربوون ئەوانیش هەستیان بەجیاخوازیی بەرامبەریان دەکرد لەلایەن ئەوانەی نێردرابوون بۆ فەرمانڕەواییکردنی ناوچەکە. مەوالییەکان کە موسڵمانی ناعەرەب بوون، بەشێک بوون لەو هاوپەیمانییەی بۆ ڕووخانی فەرمانڕەوایی ئەمەوییەکان هاتە دامەزران. زۆر لە فارس و خۆراسانییەکان لەلایەن عەباسییەکانەوە بردران و وەک منداڵی خۆیان هەژماریان کردن، و ئەوان بەرپرسی سەربازیی دامەزراوەکەیان بوون.

خەلیفە تەنیا ڕابەرێکی سیاسی نەبوو، بگرە سەرکردەی ئاینیش بوو بۆ هەموو کۆمەڵەکە بەبێ ڕەچاوکردنی بیروبڕوای ئاینییان. دانیشتوانی زووی عەرەب پایەی بەرزیان داگیر کردبوو و قبووڵیشیان نەبوو هیچ کەسێک لە دەوڵەمەندییان بەش بدەن، ئەمەش پێچەوانەی وانەکانی یەکسانییە لە ئیسلامدا.

سەرەڕای ئەمە، ڕقێکی زۆر لە دژی حکوومەتی ناوەند هەبوو کە فەرمانڕەوایی ناوچەکانی دەکرد لە ڕێگەی جێگیرکردنی سوپا و دامەزراندنیان و هێنانیان لە دەرەوەڕا. شاری بەغدا بووە

---

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: هێمن هادی

ناوەندێکی فێربوونی دیار لە دەوروبەری ٨٠٠ دوای زایین. لە دوای گیانلەدەستدانی پێغەمبەری ئیسلام لە سەتەی حەوتدا بەهۆی فەرمانڕەواییکردنی ژیرانەی خەلیفە، تیرە عەرەبە بڵاو و نایەکگرتووەکانی دوورگەی عەرەب یەک خرانەوە و نەتەوەیەکی زیاتر بەهێز هاتە دروستبوون. خانەی دانایان (دار الحكمة) هاتە دامەزراندن لەلایەن خەلیفەی مەزن ئەلمەئمون زانای گەورە، فەیلەسوف و لاهوتناس. لە کتێبخانە، ئەکادیمیا و دەزگەیەکی وەرگێڕان پێک هاتبوو کە سەلمێنراوە گرینگترین دامەزراوەی پەروەردەیی بووە بۆ چەند سەتەیەک. کتێبخانەکە کتێبی وەک بابەتی وێژە، زانستی ئیسلام و زانستی سروشتی بۆ لۆجیک، فەلسەفە، و زۆر لە بابەتی هزریی تری دەگرتە خۆ. زانا و ڕۆشنبیران کارەکانی بەتلیمۆس، واکلیدس و ئەرستۆ و زۆر لە دەقەکانی گریکیان بۆ عەرەبی وەردەگێڕا . ئەو وەرگێڕدراوانە لە زانسگە ئیسلامییەکان گشتگیر کران بەهەمان شێوە ئیسپانیا و ئیتالیا زانیاریی زانستیی زۆریان بۆ ئەوروپا برد لە ماوەی چاخی تاریکیدا . چاخی زێڕین لە ماوەی ئیمپراتۆریەتی عەباسیدا چالاکیی لە هەموو بوارە ئەکادیمییەکاندا دەگرتە خۆ: وێژە، زانست، زانستی زوان و مێژوو.

ئەوە لە ماوەی چاخی زێڕین بوو ئەو کاتەی زانایانی ئیسلام چەند بەشدارییەکی گرینگیان کرد لە بواری گەردووناسی، دەرمانسازی و بیرکاریدا . هەروەها ئەوان لێکۆڵینەوەیان لەسەر زانیاریی گەردوونیی پێش خۆیان دەکرد و پێداچوونەوەیان لەسەر ئەنجام دەدا . هەروەها لە کاتی ئیمپراتۆریەتی عەباسی بوو ئەو کاتەی یەکەم بنکەی چاودێریی ئاسمانی لە دنیادا هاتە دروستکردن. ئامێرێکی زۆر بەتوانیان دروست کرد و ناویان نا گەوهەری بیرکاری. لە بواری دەرمانسازیدا ، زانایەکان تاقیکردنەوەیان لەبارەی نەشتەرکاری، شیکاری، دەرمان و کیمیا کرد، و هەتا لێکۆڵینەوەیان لەسەر کانزا و ئاوێتەکانیش کرد. پێشکەوتنیان لە بواری کشتوکاڵیش بەدەست هێنا لە ماوەی چاخی زێڕیندا . چاودێریی بیرە ئاوەکانیان دەکرد و ڕێچکەی ژێرزەوییان بۆ دروست دەکرد. ئەوان لە چینییەکانەوە فێری پێشخستنی هونەری کاغەز بوون. چاخی زێڕینی خەلافەتی عەباسی لە سەتەی ٨دا گەشەسەندنی بەخۆیەوە بینی. پایەتەختیان لە دیمەشقەوە بۆ بەغدا گۆڕی. ئەو کاتەی خەلیفە هارون ئەلڕەشید لە ماوەی نێوان ساڵانی ٧٨٦–٨٠٩ لە دەسەڵاتدا بوو، زۆر نووسگەی کردەوە وەک خانەی دانایان بۆ هاندانی خوێندن و زانین. زۆر لە هزرڤان و زانایان لە سەردەمی فەرمانڕەواییی تیرەی عەباسییەکاندا گەشەیان کرد. زۆر لەو زانایانە بەبەشداریی سەرەکیی زانستی ئەمڕۆ دێنە هەژمارکردن. ڕێگەکانی بیرکاری پێشکەوت و زیاتریش پەرەی سەند لەلایەن زانایانی ئیسلام وەک ئەلبیرونی و ئەبو ناسر مەنسور.

جەبر لەلایەن زانایەکی بیرکاری بەناوی محەمەد ئەلخەواریزمی پێشکەوت، و کارەکەی لە کتێبێک بەناوی "جەبر و موقابەلە" هاتە چاپکردن. ئەلخەواریزمی بە باوکی جەبر دێتە هەژمارکردن. هەروەها ئەو بەرپرس بوو لە پێشخستنی ژمارەی عەرەبی. زانایەکی تر بەناوی ئیبن ئەلهەیسەم پێشەنگیی کرد لە پێشخستنی ڕێگە بەراییە زانستییەکان، کتێبێکی هەیە بە ناوی

کتێبی بناییەکان کە لە ١٠٢١ی دوای زایین چاپ کراوە. گرینگترین شت کە دای هێنا برێتی بوو لە بەکارهێنانی ڕێگەی تاقیکاری. ئەو بەیەکەم زانا دێتە هەژمارکردن کە ڕێگەی زانستیی بەکار هێنابێ. دەرمانسازی ئەویش چووە پێش لە سەردەمی عەباسییەکاندا. بەغدای پایەتەخت لە سەرەتای سەتەی نۆی هەمان سەردەم زیاتر لە ٨٠٠ پزیشکی هەبوو. دۆزینەوەی گەورە لەبارەی نەخۆشی و زانستی شیکاری هاتە ئەنجامدان. زانای بەناوبانگی فارسی ئیبن سینا بە باوکی پزیشکیی نوێ دێتە هەژمارکردن. کتێبەکانی "یاسای پزیشکی" و "چارەسەری" زۆر ناویان دایەوە و بەکار دەهاتن لە زانستی ڕۆئاوادا.

زانستی فەلەکناسی لەسەر دەستی "ئەلبەتانی"یەوە گەشەی کرد. ئەو زانایە بیرۆکەی پێوەری خولگەکانی زەویی بەرەوپێش برد. ئەو کیمیازانانەی پێشکەوتنیان بەدەست هێنا لە ماوەی فەرمانڕەواییکردنی عەباسییەکان بە دۆزەرەوەی کیمیای نوێ دادەنرێن. کیمیازانێک بەناوی جابر ئیبن حەییان لە ڕۆئاوا بە باوکی کیمیا دادەنرێت. ئەو کاتەی دەگەین بە وێژە، ئەوە لە کاتی فەرمانڕەوایی عەباسییەکاندا بوو ئەو کاتەی کتێبی "هەزار و یەک شەو، شەوانی عەرەبی" نووسرا. لە بیرۆکەی کتێبەکەدا وێنەی چەند پێکهاتەیەکی فارسی پێش هاتنی ئیسلام لەگەڵ هەندێکی هیندی کێشاوە. هۆنراوەش لەم کاتەدا گەشەی کرد. عەباسییەکان ناودار بوون بەتایبەت لە هۆنراوە و چیرۆکی خۆشەویستیدا. یەکێک لەو هۆنراوە ڕۆمانسییە بەناوبانگانە، لەیلا و مەجنون بوو. ئەو چیرۆکە لەبارەی خۆشەویستییەکی خەماوییە لە نێوان لەیلا و مەجنون و برواش وایە شکسپیر کاریگەریی ئەم چیرۆکەی لەسەر هەبووبێ.

لە کۆتادا شۆڕشی عەباسییەکان برێتی بووە لە شۆڕشێک لە هەردوو ڕووی مەودا و کاریگەریدا. شۆڕشێکی جەماوەری بووە کە کۆمەڵێکی زۆری هاوولاتی ڕابوون لە دژی خەلافەتی ئەمەوی کە وەک گەندەڵ و لایەنگرێکی یەکجار زۆر بۆ عەرەب دەبینرا بەتایبەت بۆ ماڵباتە کۆنە ئۆرستوکراتییە (بەگزادە) عەرەبەکان. عەباسییەکان ئەو هەستە ناخۆشەی خەڵکیان بەکار هێنا بۆ بزواندنی پیلانەکانیان و ڕووخاندنی فەرمانڕەوایی ئەمەوییەکان. گرتنەدەستی خەلافەت لەلایەن عەباسییەکانەوە، هەروەها شۆڕشگێڕیش بوو لە ڕووی کاریگەرییەوە لەسەر ئیمپراتۆریەتی موسڵمانان. عەباسییەکان سەرنج و وردبوونەوەیان لە عەرەبەوە بۆ هاوولاتییانی ناعەرەب گۆڕی بەتایبەت بۆ فارسەکان. سروشتی ئیمپراتۆرییەتەکە گۆڕدرا، لە سەردەمی ئەمەوییەکان دووپات لەسەر گەورەیی ڕەگەزی عەرەب دەکرایەوە.

بەڵام لە کۆتادا فەرمانڕەوایی عەباسییەکان بەرەو خراپی چوو، و دواتر شێوەی ئەمەوییەکانی وەرگرت. سەرەڕای ئەوەی شۆڕشەکە سروشتێکی ناوەخۆیی هەبوو، عەباسییەکان حکوومەتێکی ناوەندیی بەهێزیان دامەزراند کە پەیوەندیی ماڵبات گرینگترینیان بوو لە هەموو شتێک. هەرچەندە کارەکتەری عەرەبی لە ئیمپراتۆریەتی عەباسیدا ڕووخێنرا، بەڵام عەباسییەکان لە کۆتادا ڕێگە نابەجێیەکانی ئەمەوییەکانیان گرتەبەر.

# مێژوویەکی ئافرەتان

## جێندەر، لە مەشێ و مەشیانێوە

ئەحمەد میراودەلی

بەشی پێنجەم

### دەوڵەتی میلیتاری و جێندەر

هەتا ئێستاش زۆر دەوڵەتی میلیتار هەن، وەلێ ئێمە باسی مێژوویەکی ئافرەتان دەکەین و هەتا ئێستاش ئاستی ئافرەتانمان لەژێر سایەی چەند شێوەدەوڵەتی ڕابوردوودا، خستووەتە بەر چاو. لێرەشدا دەوڵەتی میلیتاری سەردەمی کۆن بەسەر دەکەینەوە. دەزانین هەردووک دەوڵەتی ئەکاد و ئاسووریش دەوڵەتی میلیتاری بوون، وەلێ لێکۆڵینەوە لەسەر ئاستی مێیینە زیاتر لەسەر "مایا"کان بەتایبەتیش دەوڵەتی "ئینکا" کراوە. ئەوجا لەبەرئەوەی پێشتر باسی کۆمەڵگەی ئینکام کردووە، لێرەدا جارێکی دیکە بەپێی پێویست و لە هێندێک ڕووی جیاوازەوە بەسەری دەکەینەوە.

هەتا ئێستا وا بڕوا دەکرێ یەکەمین دانیشتووانی ئەمەریکا نێزیکەی سی هەزار ساڵ لەمەوبەر لە ئاسیاوە لە تەنگی بێرینگ Bering پەڕیبنەوە، بەشێکیان لە ناوچە ساردەکانی باکوری کەنەدا و ئالاسکا جێگیر بوون و بەشێکیشیان داکشاونەتە دەوروبەری کەنداوی مەکسیک و گواتیمالا. یەکەمین نیشتەجێبووانی مەکسیک و گواتیمالا بە ئۆلمیک/ ئۆڵێک Olmec ناو براون. ئەوان شێوە نووسینێکی وێنەییان هەبووە و کالێندارێکیشیان لەسەر سووڕانەوەی ڕۆژ و مانگ پێکەوە ناوە. کولتووری ئۆلمیکەکان لە ١٥٠٠–٤٠٠ی پیش سەردەم بەردەوام بووە، لەبەر ئەوەش کاریگەریی گەورەی لەسەر کولتووری مایا هەبووە. کۆمەڵێک خەڵکی دیکە لە ناوەڕاستی مەکسیک لە١٠٠–٧٠٠ی سەردەم شارستانێتییەکی دیکەیان پێکەوە ناوە، ئەوانیش وەک دانیشتووە دێرینەکانی میسر هەڕەمیان درووست کردووە، ئەگەری ئەوەش هەیە بۆ یەکەمین خودایان بوویێت کە مێینە بووە. پاش ماوەیەک پایەتەختەکەیان داگیر کراوە و شارستانییەکەیان لەناو چووە. "مایا"کان لە

کەنداوی مەکسیک و گواتیمالا جێگەی ئۆلمێکەکانیان گرتووەتەوە، ئەوانیش هەرەمیان درووست کردووە سیستمی نووسینیشیان لەشێوەی وینەکیشاندا هەبووە و بە هونەری وێنەکیشان و پەیکەرتاشین ئاشنا بوون، لە ماتماتیک و ئەستێرەناسیشدا پێشکەوتوو بوون. لەسەروبەندی سەتەی یازدەی سەردەمدا، تیرەیەکی شەڕکەر کە بە "تۆلتیک" ناسراون، ناوچەکە داگیر دەکەن و ئەوانی دیکە لەناوەخۆیاندا دەتوێننەوە. ئەو تیرەیە خودایەکیان بەناوی "تێزکالیپۆکە" پەرستووە. خودایەک مرۆڤی بۆ نەزر کراوە. ئافرەتی تۆلتیک وەک پیاوەکانیان توندوتۆڵ بوون، هەموو جۆرە رۆڵێکیان بینیوە، بەسەرکردایەتیی سیاسی و سەربازیشەوە.

ئازتیک Aztec، کۆمەڵێکی دیکەی ئاسیایی خزمی ئۆلمێک بوون و دوا کۆمەڵ بوون بگەنە مەکسیک، ئەوانیش مێژووی خۆیان نووسیوەتەوە. ئازتیکەکان لە سەروبەندی ساڵی ٨٢٠ی سەردەمدا مەکسیکیان بەجێ هێشتووە و بەسەرۆکایەتی چوار سەرکردە و ئافرەتێک کە سەرپەرشتکاری ئاینی بووە، بەرەو باشوور کۆچیان کردووە. ئازتیکەکان ماتریلینی بوون. کۆمەڵگەیەکی تێکەڵی کشتوکاڵکار-ڕاوچی بوون، بەڵام لەوە ناچێت ئاژەڵیان ماڵی کردبێت. کۆمەڵگەکەیان لەسەرەتاوە ئیگالیتاری بووە. وەکو ئەندیانەکانی دیکە دنیاکەیان لەسەر بنەوای جێندەر "نێر و مێ" دابەش کراوە، جێندەرەکان هاوتا و تەواوکەری یەکدی بوون "مایا"کان، کە ئازتیکەکانیش بەشێکن لەوان، پەرستکاری ژمارەیەکی زۆر خواوەند بوون، میتۆلۆجیای ئاینەکانیان هەر خواوەندە سەرەکییەکانی بەسەر کردووەتەوە. جگە لەوەش هەر خواوەندێک بەشێوە و کاراکتەری جۆرەوجۆر خۆی نمایش کردووە. بۆ نموونە، خوایەک دەتوانێ لەهەمان کاتدا هەردووک کاراکتەری نێر و مێی هەبێت، پێر و لاو بێت، ڕەوانی و جەستەیی بێت. لەهەمان کاتیشدا بۆ هەر خواوەندیک ئاژەڵێکی تایبەت کراوەتە جمکەکەی سەر زەمینی. ئەو تێکەڵوپێکەڵییە وای کردووە هەتا ئێستاش نەزانرێت گەورەخوای مایاکان کامەیە.١ ئازتیکەکان هاتوونەتە سەر کولتوورێکی دەوڵەمەندی خزمە مایاکانیان، کولتوورێکی ئیگالیتاری و ماتریلینی. بەڵام بۆ ئەمان هێند تینووی خوێن بوون و بۆ بەو شێوەیە کەوتنە چەوساندنەوە و بەکۆیلەکردنی ئافرەت، ئەوە پرسیارێکە وەڵامەکەی تەنیا لەمیتۆلۆجیای ناوچەکەدا دەدۆزرێتەوە.

لەگەڵ ئەو هەموو وێرانکارییانەی ئیسپانییەکان لەداگیرکردنی ناوەند و باشووری ئەمەریکادا کردیان، هێشتان بەڵگەنامەیەکی باش لەسەر کولتوور و شارستانیی ناوچەکە لەبەر دەستدا ماوە، لەوانەش (پۆپۆڵ ڤو popol Vuh) لەو نووسراوە وێنەییانەدا دەردەکەوێ کە هەردووک کۆمەڵگەی مایا و ئازتیک، بەشێوەیەکی گشتی دنیا و ڕۆڵی مرۆڤیان لەبازنەی وێرانکاری و نوێکردنەوەدا بینیوە. لەهەر بازنەیەکدا وێرانکارییەکی گەردوونی ڕوو دەدات. وەلێ دەتوانرێ بەنەزرکردن بۆ خوداکان، بەپێشکێشکردنی خوێن- بەتایبەتیش خوێنی مرۆڤ، بۆ ڕێزگرتن لەخوداکان، وێرانکاری ڕابگیرێت.

تیزکاتلیپۆکە Tezcatlipoca، یەکێک لەخواوەندەکانی ئینکا بووە، وەلێ ئەم خواکانی دیکەی

تێپەڕاندووە و لەچەند جمکێکی جیاوازدا ناسیویانە. بڕوایان وابووە کە لە شێوەی مەیموون و چەقەڵیشدا لەسەر زەوی دەردەکەوێت، بەڵام ئەو ئاژەڵەی زیاتر پێوەی ناسراوە، پڵنگی "جاگوار"ە، لەبەرئەوەی جاگوار لای ئەوان میر و سەرداری ئاژەڵانە. هەر چۆن جاگوار بێ بەزەییە بەرامبەر نێچیرەکانی، تیزکاتلیپۆکەش وەها بووە بەرامبەر مرۆڤ، خیوێکی تۆقێنەر بووە. لەلایەکی دیکەشەوە وەک خودایەکی لاو و قۆز، سەرپەرشتکاری خولی ڕاهێنانی لاوان بووە کە ببنە شەڕکەر و ناوی خودای شەڕی بەسەردا بڕاوە. ئەو لاوترین خواوەند بووە لایان. ئازتیکەکان لەو بڕوایەدا بوون کە ئەو خودایە ڕێگەی وڵاتە نوێیەکەیانی پیشان داون، لەبەر ئەوە کە نیشتەجێ بوون، قەشەکانیان لەپەرستگەیەکدا پەیکەرێکیان بۆ درووست کردووە.

وەک خودای شەڕ، سەرەکیترین کاری تیزکاتلیپۆکە بۆ ئازتیکەکان ئەوە بووە، هەمیشە شەڕ بهێنێتە ئاراوە بۆ ئەوەی دیلی زۆر بگرن و بیکەنە قوربانی بۆ خوداکانیان. ئازتیک، وایان لێکداوەتەوە کە ڕێشاڵی شەڕ، دووبەرەکیی نێوان وەچەکانی ڕۆژ و زەمینە. بەبڕوای ئەوان برا گەورەکان تەوەزەل و سەرخۆش بوون، بۆیە ڕۆژ و زەمین برای لاوتریان ناردووە پاکیان بکەنەوە. ئا لێرەوە بیری شەڕخوازی لەناو ئازتیکدا، ڕێشاڵی داکوتاوە، ئەگەر شەڕیش لەئارادا نەبووایە، شەڕیان لەگەڵ ژێردەستەکانیاندا هەڵگیرساندووە بۆ ئەوەی دیلیان لێ بگرن,٢

## دنیایەکی پڕ خوێن

لەچاوێکی سەردەمیانەوە، سەروسیمای کولتووری مێزۆئەمەریکا، بایەخپیدانی نەزر و خوێنڕشتنە، وەلێ ئەوان لەو سەردەمەدا بەپیرۆز و پیویستیان زانیوە. خواکانیان تەنیا باشەویست نەبوون، بەڵکو دڵڕەق و دەسەڵاتدار بوون، مرۆڤیش تەنیا بەنەزرکردن بۆیان توانیویە خۆی بهێڵێتەوە. هەردووک کولتووری ئازتیک و مایا، لەو بڕوایەدا بوون کە، لەڕابوردوودا خوداکان چەند جارێک دنیایان درووست کردووە و تێکیانداوە، لەو بڕوایەدا بوون کە بۆ مانەوەی دنیاکەیان، خەڵکی دەبێ هەرچی لەتوانایاندایە بیکەن بۆ ئەوەی خوداکان تووڕە نەکەن. بەبڕوای ئەوان پۆپۆڵ ڤو، ڕەگەزێک بوون دڵێ خواکانیان ڕانەگرتووە و لەناو چوون، نابێت ئەمانیش هەمان هەڵە دووبارە بکەنەوە.

لەبڕوای ئازتیک و مایادا، خوداکان دنیایان هیناوەتە ئاراوە و، لەڕێگەی ساڵنامە ئەفسانەییەکەیانەوە، داهاتووی ئەوانەی لەسەری دەژین دابین کردووە. لەبەرامبەری ئەوەشدا چاوەڕوانی شتێکن لە درووستکراوەکانیان، بەبەهاترین دیاریش، خوێنە. لەسەرەتاوە خوێنی ئاژەڵ، خوێنێکی شیاو بووە، سوێسکە و قەلەموون و سەگ، بەزۆری نەزر کراون. وەلێ لە هەموو نەزرێک لەبەرچاوتر لای خوداکان خوێنی مرۆڤ بووە. لەسەردەمی ئازتیکەکاندا، خوێنی مرۆڤ هێندە پەسند بووە کە لەخۆڕایی شەڕیان لەپێناوی خوێنڕژتندا هەلگیرساندووە. نەک بۆ کوشتنی دوژمن، بەڵکو بۆ دیلگرتن و نەزرکردنیان لەپێناو خوداکانیاندا. لاشەی دیلە نەزرکراوەکان دراوەتەوە بەوانەی بەدیل گرتوویانن، ئەوانیش خوانێکی باشیان لە هێندێک پارچەی لەشیان بۆ

خێزانی خۆیان ڕازاندووەتەوە و لایان پیرۆز بووە وەک ئەوەی لەئاسمانەوە بۆیان دابەزیبێت. ئەمە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ئاینی ئازتیک پیشکێشکردنی دڵ و خوێنی نەک هەر بەپیرۆز زانیوە بەڵکو بەپێویست و ئەرکی زانیوە و داوای کردووە.

ئەوەی بەلای ئەم نووسینەوە گرینگە ئاستی ئافرەتانە لەکۆمەڵگەی ئازتیکدا.

پێش ئەوەی ئازتیکەکان ببنە دەوڵەتیکی میلیتار. هاوتاییی پیاو و ئافرەت، پێگەی سەرکردە و قەشە، چاککەرەوە/ پزیشک، جوتێر و بازرگانیان هەبووە. بەڵگەی زمانەوانیش بەدەستەوەن کە بالاترین خودایان نێرەمووک بووە، میتۆلۆجیا و ئاینی ئەو سەردەمەیان- پێش بوون بەدەوڵەت، هاوتاییی جێندەریی تێدا دیارە، لەسەر ئەو بنەوایەی کە بۆ بەرداری و سکپڕبوون دەبێ هەردووک لایەنی جێندەر پێکەوە کار بکەن. ئەم زانیارییانە ئەوەمان پێ دەڵێن کە هەرچەندە لەنەرێتی ئاینیدا خوێن ڕژتن پەسند بووبێت، وەلێ هەتا سەرهەڵدانی دەوڵەتی میلیتاری ئازتیک، ئافرەت چەوساندنەوە لە کۆمەڵگەکەیاندا لەئارادا نەبووە. لەناوەندی سەتەی سێزدەهەمی سەردەمدا، چەند شاردەوڵەتیکی ئازتیک لەدەوروبەری دەریاچەی "تێکسکۆکۆ" سەریان هەڵداوە. بەبڕوای سکۆلارەکان هەتا ئەو سەردەمەش "کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵکارەی شەڕەنگێز" بوون و لەوێ بەدواوە بوونەتە ڕێکخراوەی ئاینیی شەڕکەر و تیرەکان هەمیشە لەگەڵ یەکدا لەشەڕدا بوون. لەیەکێک لەو شاردەوڵەتانەدا خوشک و برایەک لەسەر سەرکردایەتی کەوتوونەتە بەربەرەکانێی یەکدی و کۆتایی بەکوشتنی خوشکەکە هاتووەتەوە. ئەمە لەوە دەچێ کە نێرینە دژی هاوتاییی جێندەر وەستابێتەوە کە پێشتر باو بووە و دواتر نێرینە، بەزۆر دەسەلاتی خۆی سەپاندبێت. بەڵگەنامەکانی لەسەر ئازتیک بەدەستەوەن ئەوە پێشان دەدەن کە لەناوەندی سەتەی سیازدەدا، بۆ یەکەم جار ئافرەت کرابێت بەقوربانی، گوایە خوایەکیان داوای کردووە کچێک بکەنە نەزر بۆ ئەوەی مێیەخودایەکی شەڕ درووست بکات و دەستیان زاڵ بکات بەسەر مێیینەی هەموو دراوسێکانیاندا. لەو سەردەمەوە- ناوەڕاستی سەتەی چواردەوە، هاوتاییی جێندەر تەنیا شتێکی سیمبۆڵی بووە. چینە پێشڕەوە بچکۆلەکە بەپێی کات کە پێشتر ئافرەتیش بەشداریی تێدا کردووە، بووەتە چینی پیاوانی پێشڕەو کە هەر یەکەیان بوونەتە خاوەنی هاوسەری زۆر و منداڵی زۆریان خستووەتەوە، لێرەوە چینی خانەدان سەری هەڵداوە. پاکیزەییش لە هاوسەرگیریی ئەو چینەدا زۆر گرینگیی پێ دراوە- ئەوەش هێمایەکی دیکەی پاتریارکی/ باوکسالارییە.

لەسەردەمی پاشا، ئیتزکواتل Itzcoatl1429-1440دا ئازتیک بەتەواوی بوونەتە میلیتار و پەلاماری دەرودراوسێکانی خۆیان داوە و خاک و ماڵیان بەتالان بردوون و بەسەر خزم و کەسی پاشاکەیاندا دابەشیان کردووە. پاش زاڵبوون بەسەر هێندێک لە دراوسێکانیاندا، سیستمی ڕامیارییان گۆڕیوە، لێرە بەدواوە هەموو میراتی لەنێو خانەوادەی پاشادا لەڕێگەی باوکەوە داکەوتووە و هەموو ولاتیش بووەتە ملکی پاشا.

ئەو دەوڵەتە تازەیە، سێ چینی تێدا بووە، چینی بەڕێوەبەر کە بریتی بووە لە "پاشا و

دەوروبەری، قەشەکان- نێر و مێ- و سەرکردەی سوپا" چینی ناوەند "بازرگانەکان" چینی خوارەوە کە جوتێر و کاسبکاران بوون. لەپلەی سۆشیالیدا حیساب بۆ گرتووی شەڕ و دز و ئەوانەی یاسای ئازتیکیان شکاندووە نەکراوە، سیستمێکی باجی زۆر توندیان سەپاندووە، ئەوەی دزیی لەباجاندا کردبێت بەزیندوویی دڵیان لەسینەی دەرهێناوە. ئیتزکواتڵ ئایدیۆلۆجیای دەوڵەتی ئازتیکی گۆڕیوە و مێژووی ئازتیکی سەرلەنوێ نووسیوەتەوە، زۆربەی بەڵگەنامەکانی پێش سەردەمی خۆی لەناوبردووە. شارەزایانی مێژووی ناوچەکە لەو بڕوایەدان کە فەرمانی داوە میسۆلۆجیایەکی نوێ بنووسرێت و تێیدا ڕەوایی بەداگیرکارییەکانی و سترۆکتورە سیاسییە نوێیەکەی بدرێت. ئەو پاشایە و قەشە ئاینییەکانی، تاکە خودایەکیان لەسەروو هەموو خودا نێرینەکاندا داناوە. ئازتیک گوتوویانە خواوەند "هویتزیلۆپۆچتلی Huitzilopochtli" هەڵی بژاردوون بۆ کارێکی تایبەت- بۆ یەککگیرکردن/ یەکخستنی هەموو دەوڵەتەکان، بۆخزمەتی "ڕۆژ" هەتا لەسووڕانەوەی خۆیدابێت. ئەو کارەش بەدەرخواردانی "خوێنی بەگوڵ ڕازاوەی" بەدیلگیراوانی شەڕ دەکرێت.

کاتێک دەوڵەت دەستی گرتووە بەسەر هەموو زەویوزاردا، خزمایەتیی کۆمەڵە خەڵکەکە جێلەق بووە و تواوەتەوە. ئافرەتی کشتوکاڵکار و شوانکارە ناچار بوون ڕێگەیەکی دیکەی بژێوی بدۆزنەوە. بەساڵدا چووەکان بوون بەکارسازی هاوسەرگیری، دەرمانساز، مامان، چنینی جل و بەرگی ڕازاوە کە زۆر بەهایان پێ دراوە لەبەرئەوەی تەنیا کەسانی پلە و پایە بەرز ڕێگەیان هەبووە جلی ڕازاوە لەبەر بکەن. بێوەژن باجی لەسەر نەبووە ئەگەر شووی نەکردایەتەوە، وەلێ کاری سەرەکی کە بۆ ئەو جۆرە ئافرەتانە لەئارادا بووە- بەواتەی بێوەژن، تەنیا کاری سۆزانی بووە. وردەوردە کار گەیشتووەتە ئەوەی ئافرەتی ئازتیک بەتوانێ بەشداریی نەرێتە ئاینییەکان بکات، نەتوانێ لەخزمەتی خواکاندا بێت، نەتوانێ بگاتە ئەوەدنیا چونکە ئەوەدنیا تەنیا جێگەی پیاوە جەنگاوەرەکانە. ئەوان لەو بڕوایەدا بوون، ئەو ئافرەتانەی دەگەنە ئەوەدنیا، تەنیا ئەوانەن کە بەسەر منداڵەوە دەچن.

دوای قۆناخی گواستنەوەی ئاستیک بۆ پاتریلینێتی، ئافرەت مافی میراتگریشی لێ زەوت کراوە، تەنیا ڕێگەی لەبەردەم ئافرەتدا ماوەتەوە بۆ ژیانێکی باشتر ئەوە بووە، ببێتە ژن، یان دۆستی پیاوێکی ئاست بەرز. منداڵی ئیلیتی دەسەڵاتدار، بەخانەدان دانراوە ئەگەر چی دایکیشی لەجێنی هەرە خوارەوەی کۆمەڵگەش بووبێت. دابەشکردنی کاریش لەسەر بنەوای جێندەر لەمێژتر بوو بووبووە سیمای ژیانی ئازتیک. وەک فێرکردنی کوڕان بەجۆرەکانی ڕاو و کێلان و کشتوکاڵ و فێرکردنی کچانیش بەتەشی ڕستن، بەخێوکردنی منداڵ و جێشتلێنان.

ئازتیک لە پەروەردەکردنی نێرینەدا، سیستمیکی تایبەتی هەبووە، ئەو نێرینانەی گەیشتبنە ئاستە ستانداردەکەی پیاوەتی، مافی چەوساندنەوە و بێ بایەخکردنی ئافرەتیان پێ دراوە، ئەوانەش نەگەیشتوونەتە ئاستی ستاندارد، چەوسێندراونەوە، دیارە ئەوەش هەر لەپێناو ئەوەدا

بووە پاڵ بەنێرینەوە بنێن خۆی بسەپێنێ. ئافرەتی ئازتیک ئەگەر لە ئیلیتی دەسەڵاتداریش بووبێت هەر نائازاد و بێماف بووە هەتا ئەو ئاستەی کچەکانیان بەردەوام لەژێر چاودێریدا بوون، ڕێگەیان نەبووە پێ بنێنە ئەودیو دەرگەوە نەوەکا ڤیرجینیتی/ پاکیزەیی لەدەست بدەن و لەتەمەنی شازدەساڵیدا کە فێری ڕستن و چنین بوون لە فێرگەش دەرهێندراون. بەشوودانیان بۆ ڕێکخراوە و گواستراونەوە ماڵە خەزوورانیان، هەتا نەشبووبنە دایکی چوار منداڵ ژێردەستەی خەسوویان بوون، ئەگەر نەزۆکیش بووبن مێردەکانیان بۆیان هەبووە تەڵاقیان بدەن. لێرەدا حەز دەکەم سەرنجی خوێنەرەوە بۆ ئەو هاوچوونە کولتوورییەی نێوان کۆمەڵگەی ئازتیک لەو دوورییەوە لەگەڵ هەردووک کۆمەڵگەی چین و هیندستان ڕابکێشم... چی وای کردووە ئەو لەیەکدی چوونە هەبێت لەکاتێکدا کۆمەڵگەکانیان لەزۆر بواری دیکەدا زۆر لەیەکدی دوور بوون؟

دەوڵەتی ئازتیک، وەک دەوڵەتیکی میلیتار، خۆشیی بەمنداڵی زۆر هاتووە لەبەر ئەوەش هانی بێوەژنیان داوە شوو بکاتەوە، واش هەبووە بوونەتە دۆستی شووبراکانیان. شووکردنەوەی بێوەژن لەکۆمەڵگەی ئازتیکدا پێچەوانەی نەریتی کۆمەڵگەی چین و هیندستانە کە لەپێشدا ئاماژەمان پێ داون. دەبێ ئەوەش بزانین کە وەک زۆر کۆمەڵگەی دیکەش ئافرەت لەسەر زۆر ئاکار لەناوبراوە، وەک داوێن پیسی، کوشتنی کەسێک و بگرە لەڕوو هەڵگەڕانەوەی مێردیش.

## سەرئەنجامی دەوڵەت و جێندەر

دەوڵەت بریتییە لەجەستەی فیزیکیی بیروباوەڕێک. پاتریارکی/ پیاوسالاریش، باوەڕێکە لەسەر بنەوای ئەو درۆیەی کە دەڵێت – هێندێک کەس بەویستی یەزدان مەزنترن لە هێندێکی دیکە، بنیات نراوە. لەڕۆشناییی ئەو درۆ زلەشدا، کەسە بالاترەکان، پلە و پایە و دەسەڵات و سەرچاوەی سامانی گەورەتریان لەوانی دیکە پێ ڕەوا بینراوە. مەزنێتی کە بەمیرات بۆ کەسێک یان گرووپ و ئیلیتێک دادەکەوێ، مافی حوکمڕانی، هەڵواسین و لەناوبردن، بڕیاری جەنگ و چەوساندنەوەی ژێردەستەکانیشی لەگەڵدا دێت.

سیستمی دیموکراسی هاتە ئاراوە بۆ ئەوەی ڕێگە لە ئاکارە هەرە نەگریسەکانی دەوڵەت بگرێت، دیموکراسی خۆی بەوە هەڵدەکێشێت کە هەموو خەڵک یەکسانن "هەڵبەتا ئەمە پیاوسالاری نییە" بەڵام هەرگیز دیموکراسییێتیەکی وەها نەهاتووەتە ئاراوە هەموو کەس تێیدا یەکسان بووبێت. یەکەمین دیموکراسی لە "ئەسین/ ئەتین" کۆمەڵێک پیاوی کردە مەزنتر لە ئافرەتان، کۆیلەکان و ئەو پیاوانەی خاوەنی زەوی و سەرمایە نەبوون. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کە لەسەر بنج و بنەوای "هەموو پیاو بەیەکسانی ئافرێندراون" دامەزرا، نەک هەر ئافرەتی لە مرۆڤبوون خست، کردیشیە کۆیلەی دەوڵەت. دیموکراسی بانگەشەی ئەوە دەکات کە گوێ ناداتە درۆی پیاوسالاری و هەموو کەس یەکسان ڕادەنێت، بەواتەی کۆمەڵگەیەکی یەکسان کە دەنگ بەیەک پیاو دەدەن بۆ ماوەیەکی سنووردار سەروەرییەکی سنووورداری هەبێت بۆ ئەوەی حوکمڕانی بکات، ئەویش نەک وەکو

هەڵبژێردراوێکی خودایی، بەڵکو وەک پەسندکراوێکی کۆمەڵگە. وەلێ بیرکردنەوەی پیاوسالاری لەگەڵ پەرستنی دەسەڵات و بڕوا بەپلەبەرزی، لەهەموو کۆمەڵگەیەکدا بەربڵاوە و ناشێ پشتگوێ بخرێت. لە کۆندا لەناو دەستەیەکدا ویستی دەسەڵات سەری هەڵدەداوە و زوو جێگەی خۆی گرتووە و بوونەتە مەزن. هەتا ئەمڕۆش ئەو دیاردەیە لە وڵاتە دواکەوتووەکاندا زۆر ئاشکرایە لە حکوومەتی هەڵبژێردراویشدا– ئێستا لەم سەردەمەدا لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا ئەو دەستەیە، کۆمپانیا هاوبەشە ناودەوڵەتییەکانن. لەبەر ئەوە هەتا پیاوسالاری ڕیشەی سەرکیی بیرکردنەوەمان بێت سیاسەتەکە ناگۆڕدرێت.

پیاوسالاری جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە هێندێک خەڵک باشترن لە هەندێکی دیکە، لەبەرئەوەی مەبەستی سەرەکی ئەوەیە پیاو بەرزتر لە ئافرەت ڕابگرێت، بەڵام لەبەرئەوەی لەسەر بنەوایەکی پووچ هەڵچندراوە زوو زوو تووشی بەرەنگاربوونەوە دێت. ئەو دەوڵەتانەی لەسەر بنەوای درۆینانە درووست بوون ناسەقامگیرن، سەرکردەکانیان بەردەوام خەریکی پڕوپاگەندە و پاساو هێنانەوەی بێ کۆتایین و سوورن لەسەر ڕاستیی درۆکانیان.

حوکمڕانەکان لەدێردا سەروەریی خۆیان دەگێڕایەوە بۆ خزمایەتییان لەگەڵ خواکاندا. لە هەموو حکوومەتە دێرینەکاندا، پێش ئەوەی کەسێک یان دەستەیەک مەزنیی خۆیان بسەپێنن خودایەک هەبووە لەسەروو هەموو خواکانەوە. لەو سەردەمانەدا کەماتریسێنتری "دایک وەک سەرگەورەی خێزان" هێشتان باو بووە و زۆر کەس لەو بڕوایەدا بوون کە پیرۆزی/ خودایی لە ئافرەتدا جێگیرە، پیاوان خۆیان لە ئافرەتان هەڵقورتاندووە، ئەویش بە خۆبەستنەوە بەخودایەکی مێیینەوە– بۆ نموونە سەرجۆنی ئەکەدی (حوکمدارەکانی کۆنی میسر خوشک و کچی خۆیشیان مارە کردووە بۆ ئەوەی ڕەوایی بەحوکمڕانییەکەیان بدرێت.) کاتێک پاتریاینیالیێتی "داشکاندن بەلای باوکدا" جێگەی خۆی گرتووە پیاو توانیویەتی ڕاستەوخۆ خۆی بەخواوەندەوە ببەستێتەوە، حوکمڕانەکانی وڵاتی چین بەنموونە. ڕابایەکانی سەردەمی کۆنی جوولەکە سەجەرەی خۆیان بردووەتەوە بۆ خودا بۆ ئەوەی ڕەوایی بەبنەچەی نێرینەی خۆیان بدەن لە حوکمداریدا[٣].

کاتێک بنەوای پیاوسالاری بەگشتی سەپێنرا پیاو پێویستی بەقەڵغانی ئافرەت نەما، لەو کاتەوە کاکی عەسکەرتار بوو بەمەلیک و حوکمڕان، پیاوسالاری وەک شۆڕشێک دژی باڵادەستیی ئافرەت لەدایک بوو. پیاوان پشتیان بەیەک بەست دژی سێکسێک کە بەنزمتر ناویان بردووە، بۆ ئەوەی دەسەڵاتیان لێ داگیر بکەن. لە ڕاستیدا پیاو دەسەڵات و کاراییی ئافرەتی نەویستووە. لەسەرەتاوە، پیاو بەرپرسیی بەرهەمهێنان و بەخێوکردنی منداڵ و کاری ڕۆژانەی دابینکردنی بژێوی خێزانی لەئەستۆ نەگرتووە. پیاو دەسەڵاتێکی سیمبۆڵیی ویستووە، خاوەنێتیی ژن و منداڵ.

سووربوون لەسەر نزمێتیی ئافرەت ڕێگەخۆشکەرە بۆ ژێردەستەکردنی پیاویش، لەبەرئەوەی پرەنسیپی مەزنێتی سنوور ناهێڵێتەوە. ئەگەر پیاوی یەکەم مەزنتر بێت لەپیاوی دووەم، دووەمیش مەزنترە لەسێیەم و... هەر وا دەڕوا و دەڕوا بێ کۆتایی. ئەگەر پیاوان مەزنتربن لەئافرەتان

بەشێک پیاویش مەزنتر دەبن لەبڕێکی دیکە. بەڵام یەکگرتنی پیاوان ئەو ڕاستییە لیل دەکات و دەڵێ "پیاوان برای یەکدین". وەلێ ئەو گوتە ئیدیاڵە- پیاوان برای یەکدین، زۆر دوورە لەڕاستییەوە و لەم دنیایەدا نایەتە دیتن، چونکە پیاوان تەنیا لەبەرامبەر ئافرەتاندا یەکگرتوون. نێرسەروەری کرۆکی سایکۆلۆجیای پیاوسالارییە، وەلێ مەبەستە ئابووری و ڕامیارییەکەی ژێردەستکردنی پیاوی دیکەشە. تۆ سەرنج بدە و بزانە چەند زوو زوو پیاوان بەگژ ئەم سەرکردە و ئەو میر و پاشا و حوکمداراندا چوونەوە. کەچی یەک جاریش بەگژ یاسا و ڕێسای سەروەریدا هەڵنەپڕژاون- کە تەنیا شۆڕشێکە دەتوانێ کۆتایی بەنادادی و ڕسوایی بهێنێت لەدەستی چاوبرسییەکان.

پیاوسالاری، ئاست نزمکەرەوەی ئافرەتانە، وەلێ دڵخۆشکەری پیاویش نییە. یاسای هەموو دەوڵەتە دێرینەکان بۆ دابینکردن و سنووردانان بووە بۆ ئافرەتان، لەگەڵ دووریی کات و مەودای نێوانیشیاندا یاساکانیان لێکەوە نێزیکن، بەپێی پێشڤەچوونی کاتیش یاساکان قورستر و سەختتر بوون. سەیرەکە لەوەدایە کە لە هەموو دەوڵەتەکاندا، یاسا دەربارەی ئافرەتان هەمان ڕۆڵیان بۆ ئافرەت دەستنیشان کردووە. ئەو وێکچوونە یاساییەی دەوڵەتانی دوور لەیەکدی لەکات و مەودادا، هێچمان دەربارەی ئافرەت پێ ناڵێت، بەڵام زۆرمان دەربارەی پیاو پێ دەڵێت.

یاساکانی شاردەوڵەتی "ئوڕووک/ ئوور"ی سۆمەری یەکەمین ئەو یاسایانەن کە هەتا ئێستا بەردەست کەوتوون و تێیاندا مێیینە نزم ڕاگیراوە. لەو یاسایانەدا، تاوانێکی نوێ خراوەتە نێو لیستی تاوانەکانەوە- چووتبوونی حەرام adultery کە تەنیا ئافرەت توانیویەتی بیکات، هەر لەسۆمەریش، پیشەیەکی نوێ -سۆزانی- لەلایەن ئاینکارەکانەوە داهێنرا. ڕێکەوتی دەرکەوتنی ئەو پیشە و یاسایە "ئەگەر لەهەمان کاتیشدا نەبووبێت" لەناو یەک کولتووردا، جەختکردنە لەسەر نزمکردنەوەی ئاستی ئافرەت. بەتاوان دانانی ئازادیی سێکسیی ئافرەت و بەکارهێنانی سێکسوالیێتییان لەئاڵوگۆڕی بازرگانیدا کەسووتی پیاوی تێدا بووە، گۆشەنیگای تێڕوانینی نوێی پیاومان بۆ ئافرەت، وەک کاڵایەکی سێکس کە پیاو دەتوانێ هەیبێت و بەکاری بهێنێت، دەخاتە بەر چاو.

ئاشکرایە سێکسوالێتیی ئافرەتان زۆر گرینگە لای پیاوان، چونکە ئەوە پێوەندیی سەرەکییانە لەگەڵ ئافرەتی پێگەیشتوودا، بەڵام تەنیا هۆکاریش نییە بۆ بێوەندی. ئامارەکانی سەرانسەری دنیا دەریان خستووە کە ئەمڕۆش ئافرەتان زۆر زیاتر لەپیاوان کار دەکەن و بگرە پیاوانیش بەخێو دەکەن. ئەگەر کۆمەڵێک ئافرەتی دەستەی دەسەڵاتداری لێ دەرکەین، ئافرەت بەردەوام ئیشی کردووە. بەکارەکانیان پیاوانی ئەتین و جوولەکەیان بەخێو کردووە- وەک نموونەیەک. یەکەمین یاساش کە دەرباری ئافرەتی ئیشکەر داڕێژراوە و سنووری بۆ خاوەنێتی و سامانی ئافرەت و جۆری ئەو کارانەی دەشێ بیکات داناوە، کارکردنی ئافرەتی نەکردووەتە مەرج، بەواتەی ئەوەی یاسایەک نەبووە ئافرەت ملکەچی کارکردن بکات، وەلێ لەگەڵ ئەوەشدا بۆخۆیان خۆبەخشانە لە هەموو کۆمەڵگەکاندا کاریان کردووە. هەموو ئەو کۆمەڵگەیانەی بەسەرمان کردنەوە یاسای دوو

جەمـسـەری/ دووڕوویی standard doubleیان هێناوەتە ئاراوە، هەمـووشی بۆ ئەوە هێندراوەتە ئاراوە ئافرەت بخـزێنرێتـە ژێر ڕکـێـفی پیـاوەوە لەهـەمـوو بـوارەکـانی ژیاندا و هـەمـوو ڕێگەیەکی کارایی سەربەخۆی لێ قۆرخ بکات. ئاشکرایە هەست بەجیاوازی دەکرێت لەنێوان دەوڵەتەکاندا لە هەڵسوکەوت و مامڵەیان لەگەڵ ئافرەتدا. لە میسر و بابل بۆ ماوەیەکی درێژ مافی بەڕێوەبردنی پیشەسازی و کارکردنی ئاینییان بۆ مابوو. وەلێ لە دەوڵەتی ئاسووردا، هەموو مافێکیان لەدەست دا. چونکە لەو دەوڵەتەدا ئافرەت وەک مڵکایەتی سەیر کراوە. لە وڵاتی چیندا بەدرێژایی مێژووی وڵاتەکە تەنیا لە کولتووری "یانگ- شاو"دا هەست بەهاوتایی نێر و مێ دەکرێت.

هەمـوو دەوڵەتەکان بەتەنیا چوونەدەرەوەی ئافرەتیان بەیاسا یان بەنەریت کـردووەتە شـتـێکی مەترسیدار. یاسای دەوڵەتی ئاسوور ناڕاستەوخۆ ئەو ئافرەتەی بەتەنیا لەماڵ دەرچووبێت تاوانبار کردووە بەوەی کەبەدوای کاری سێکسدا دەگەڕێن و لەبەر ئەوەش مامڵەیەکی ناڕەوایان لەگەڵدا کردوون. هەرچەندە یاسایەکی وڵاتی چین ناکەوێتە بەرچاو بەتەنیا چوونەدەرەوەی ئافرەت یاساخ بکات، وەلێ قـەتیسکردنی جووڵانەوەی ئافـرەت تەنیا لەنێـوان چواردیواری ناوماڵدا هەر هاوتای تێـڕوانینی ئـاسـوورییەکـان دەگـرێتـەوە. لەشـاردەوڵەتی ئەتین و لەنـاو جوولـەکە و دواتریش لەناو ئیـسلامـدا، بەهەمـان شـێوە سـەیری ئافـرەت کراوە ئەگەر سـەری لەدەرگـەی مـاڵ دەرهێـنابێت. لەهیندسـتـان هەتا ئێـسـتـاش ئافـرەتی بەشـێک چینی ئاینی بۆیان نییـە لەمـاڵ بێنە دەرەوە- لەهیندستان هێندە چین و توێژی ئاینی هەیە لەژماردن نایەن. لەسـەردەمی خوێندنمدا لە ڕۆمانیا کوڕێکی هیندستانیم ناسی، ڕۆژێکیان زۆر بەخۆشحاڵییەوە گوتی ژنیان بۆ دۆزیومەوە و هەمـوو شتێک بڕاوەتەوە، دەستگیرانەکەشم وێنەی خۆی بۆ ناردووم و وا لەبەرکم دایە. منیش پیرۆزباییم لێ کرد و گوتم دەبێنە با وێنەی دەستگیرانەکەت ببینم، هەر وەک ئەوەی جوێنێکی زۆر پیسم پێ دابێت، وەستا و گوتی تۆ شەرم ناکەی، چۆن داوای بینینی وێنەی دەستگیرانەکەم دەکەی؟ هەتا ئێـسـتـاش لەزۆر کـۆمـەڵگەدا، ترسی زۆرەملێ لێکردنی سـێکسی لەسـەر سـەری ئەو ئافـرەتانە دەسـووڕێتەوە کە پێ بەجـەرگی خۆیاندا دەنێن و بەتەنیا دەچنە دەرەوە. لەو هەموو کۆمەڵگەیانەی بەسـەرمـانکردنەوە، خـودی ئافرەت لۆمەکراوە لەدەسـتـدرێژکردنی سێکسی لێیـان و لەسـەریشی کوژراون و دەکوژرێن.

لە تێڕوانینێکی یاسای دەوڵەتە دێرینەکاندا دەردەکەوێت کە لەهەموو شتێک مەترسیدارتر بۆ ئـافـرەت ئەوە بـووە سنوور بۆ زاوزێی خـۆی دابنێت- لەباربردنی منداڵ. لەباربردنی منداڵ لە دەوڵەتی بابل و ئاسـووردا گـەورەترین تاوان بـووە. ناشێ گـرینگیی لەباربردن پشـتگوێ بخـرێت. لەبەر هۆکاری فیزیۆنۆمیی ئافرەت و بەهێزیی فیزیکیی پیاو، پیاو دەتوانێ دەستدرێژیی سێکسی بکاتە سـەر ئافرەت. ئەوجا کـە پیـاو بتـوانێ ئەو دەسـتـدرێژییـە لەئافرەت بکات، چ بۆ ئافـرەت دەمـێنێتـەوە جگە لە بەرگـریکردن لەسکپڕبوون و لەباربردن؟ ڕێگەبەستن لەئافـرەتان لەبڕیاری لەباربردندن و سکپڕبوون کە هـەتا ئێسـتاش لەزۆربەی کۆمـەڵگەکاندا باوە و یاسای بۆ داڕێژراوە،

ڕەتکردنەوەی مافی ویستی ئافرەتە.

کاتێک بەتەواوی جەستەی ئافرەت کۆنترۆڵ کرا، یاساش کەوتە پاڵاوتن. لە دەوڵەتی ئاینیدا سەردەمێک ئافرەت ڕێگەی گەیشتن بوو بەخودا، ڕێگەی گەیشتنیان بەئاستی ڕووحانیی بەرز لێ گیرا، لەبەشداریکردنی نەریتە ئاینییەکانیش وەدەرنران- بەواتەی ئەوەی ئافرەت ناگاتە موکشە/ دوا ڕزگاری. لەو کۆمەڵگەیانەی کە باوک و باپیرانیان دەپەرست وەک وڵاتی چین، ئافرەت هەتا کوڕێکی نەبووبێت لەپەرستگەی خێزاندا جێگەی نەکراوەتەوە. لەئەتین و شاردەوڵەتەکانی یۆنان تەنیا پیاو لە بۆنە ئاینییەکاندا توانیویەتی یادی باوک و باپیرانی بکاتەوە. کاتێکیش خاوەندارێتی تایبەتی بووە شتێکی ئاسایی و بڵاو، ئافرەت لەبەر کەمدەسەڵاتی مافی خاوەندارێتیی پێ ڕەوا نەبینرا.

هەموو ئەو دەوڵەتانەی پێشتر باسمان کردن، لەکات و مەوداشدا دوور بوون لەیەکدی، لە سێ مەلینیۆمی پێش سەردەمەوە هەتا مەلینیۆمی یەکەمی پێش سەردەم، زۆریشیان ئاگایان لەیەکدی نەبووە، بەڵام لەهەموو ئەو دەوڵەتانەدا ئەوەندەی پێوەندیی بەئافرەتانەوە هەبووبێت، پیاو یاسای هاوشێوەی بۆ داڕشتووە. هەموو یاساکان "پاشکۆیی، ناتوانایی، ملکەچی و گوێڕایەڵی بۆ پیاو، کۆیلایەتیی سێکسی و داوێنپاکیی ئافرەتیان سەپاندووە". ئەو هەڵوێست و تێڕوانینانەی پیاو بۆ ئافرەت کە ئێستاش باون و لەیاسای دەوڵەتە کۆنەکاندا هەستی پێ دەکرێت. لەپیش هەموو شتێکەوە، پیاو ویستوویەتی دەست بەسەر سێکسوالێتی و سکوزای ئافرەتدا بگرێت، هەتا ئەو ئاستەی ئافرەتیان بێبەش کردووە لە پێکهاتەی ئاوڵەمە- فیلۆسۆفیاکەی ئەریستۆتال بەنموونە، هەروەها ئەو بۆچوونەی کە گوایە ئافرەت تەنیا لە "چووکی" پیاو جێژ وەردەگرێت. ئێمە دەزانین ئەوانە ڕاست نین، کەواتە ئەوەی دەمێنێتەوە ئەو پرسیارەیە، بۆ پیاو بەردەوام لە خەمی سکوزای ئافرەتدا بووە؟ ئەو یاسایانەی لە دەوڵەتە کۆنەکاندا داڕێژراون لەکۆمەڵگەکانی دواتریشدا دووبارە و سێبارە کراونەوە، لەبەرئەوەی بیرێکی سیاسیی گرینگە بۆ ژێردەستەکردن و تەریککردنی ئافرەتان. ئاینەکان لە سەرەتاوە دەروازەیەکیان بۆ ئافرەت کردووەتەوە، وەلێ کاتێک جێگیر بوون ئەوانیش دەرگەیان لەسەر داخستوون.

ئەگەر بپرسین داخۆ ئافرەت لەکۆندا، لەکوێدا لەژێر چ سیستمێکدا زیاتر ماف و توانی هەبووبێت، لەئاینیدا یان لە سێکۆلاریزمدا، لە کاتۆلیکدا یان لەپرۆتستاندا، یان لە دەوڵەتی میلیتاردا؟ وابزانم وەڵامەکە هەر ئەوە دەبێ کە لە هەموو دەوڵەتە کۆنەکاندا ئافرەت لە مرۆڤبوون و هەموو ئەو مافانەی پیاو هەیبووە، داماڵدراوە. دەوڵەتی ئاینی وەک هیندستان ئاینی بەکار هێناوە بۆ ڕەواییدان بەو ناڕەواییانە، ڕێنوێنیکردنی فیلۆسۆفیای سێکۆلاری کۆنفوسیانیزم لەوڵاتی چین هێندەی یاسا ئاینییەکانی هیندستان ئافرەتی گوشیوە. میلیتاریزمیش لەهەر شێوە و شوێنێکدا مافی ئافرەتی بەدی کردبێت لەناوی داوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەدەوڵەتی میلیتاری ئازتیکدا، ئافرەت مافی زیاتری هەبووە وەک لەوڵاتی چین و هیندستان. دەوڵەتە "دیموکرات"ەکانیش بۆ

گەیشتن بەهەمان ئامانج– کەمکردنەوەی مافی ئافرەت، بە بەجێی دەبینن.

بەپێچەوانەی پیاوانەوە، ئافرەتان هیچ کاتێک هەتا سەرهەڵدانی فێمینیزم لەسەر بنەوای جنسی هاوکاری یەکدی نەبوون، ئەمەش بەرێککەوت نییە، سۆلیدارێتیی ئافرەتان ئەو شتەیە کە پیاو زیاتر لەهەموو شتێکی دیکە لێی دەترسێ. بۆیە هەموو ئەو دەوڵەتانەی بەسەرمان کردنەوە، ئافرەتانیان لەچوارچێوەی دیواریماڵدا قەتیس کردووە و لێکیان دابڕیون. کاتێک ئافرەتان دەستیان دایە هاریکاریکردنی یەکدی و سیاسەت لەسەردەمی شۆڕشی فرەنسادا. پیاوان گردبوونەوەی ئافرەتانیان یاساخ کرد, ٤ هەرچەندە هیچ یاسایەک ڕێگر نییە، وەلێ هەتا ئێستاش لە هیندستان لە شوێنە گشتییەکاندا کە ئافرەتان بەناچاری یەکدی دەبینن، ناوێرن پێکەوە بدوێن چونکە بەردەوام چاوی پیاویان بەسەرەوەیە. لەڕاستیدا هەر ئەوەندە پێویستە پیاو سەرچاوەی داهات و بژێوی بێت بۆ ئەوەی ئافرەتان نەک هاریکاری یەکدی نەبن، بەڵکو دژی یەکدیش بووەستنەوە.

لەکۆتای پرۆسەی پێکهێنانی دەوڵەتدا، ئافرەت هیچی دیکە وەک ئەندامی خێزان، بنەماڵە و چینەکان نەماوەتەوە، بەڵکو دەستەیەک بوون لەو گرووپەی تێیدا لەدایک بوون کە نەشیاوە بیگۆڕن، چارەنووسێک کە ژیانی داهاتوویانی دارشتووە. درووستبوونی دەوڵەت، شێوەیەکی نوێی ژیارییە، کە بیرۆکەی هەمەگیری، سیاسی، ئابووری، ژیانی سۆشیالی و هەروەها ئاین، مۆراڵ و بگرە هونەرییشی سەپاندووە. لە دەوڵەتدا، ناهاوتاییی دابەشکردنی سامانی نەتەویی، جێگەی سیستمی خێڵە ئیگالیتارییەکانی گرتووەتەوە. دوای درووستبوونی دەوڵەت، کەس سەربەخۆ نەماوە، تەنیا کەسانی پلەبەرز مافیان هەبووە، ئەوانەی خوارەوە تەنیا ئەرکبار بوون. دەوڵەت، زاراوەی – پادشا، خانەدان، جووتێر، کۆیلە، سۆزانی، دۆست/ قەپاتمە، ناپاکی بەرامبەر وڵات، داوێنپیسی و لەسەروو هەموانیشەوە، دنیایەکی تازەی داهێناوە.

پەراوێز

١– بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر کولتوور و ئاینی ئاندیانەکان بڕوانە Mythology, the illustrated anthology, world myth and storytelling, 2002, p 515- 580.

٢– سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٥٦– ٥٥٧,

٣– مێریل فرێنچ، بەرگی یەکەم، ل, ١٦٧

٤– سەرچاوەی پێشوو، ل, ١٧٥

سەرچاوەکان:

A History of their own by, Bonnie S. Anderson and Judith P. Zinsser. New York: Harper& Row,...1988

Ancient Civilizations, general editor, professor Greg Woolf. First publishing... 2005

A brief guide to Islam. History, faith and politics: The complete introduction, by Paul Grieve. 2006

Big history, from the BIG BANG to the present, by Cynthia Stokes Brown. New York,, NY 2008

Barbara Lesko, the remarkable women of ancient Egypt...1987

Bernard Batto. Studies on women at Mari (Baltimor,Md: Johns Hopkins University press 1974

Buddhism: The Dhammapada.Edited by, Jaroslav Pelikan. Translated by John RossCartter and Mahinda Palihawadana1992

Carol Baker and Angela Fisher, African ceremonies II. New York, Harry N. Abraham Inc...1999

Chinese women: pest & present, by Easter S. Lee Yao... 1983

Hinduism: The Rig Veda. Edited by, Jaroslav Pelikan. Translated by, Ralph T.H. Griffith 1976

Ireen Silverblat, Moon, Sun, and Witches... 1987

In defence of Atheism, by Michel Onfray, Translated from French by Jeremy Leggatt.... 2007

Women in early imperial China, by Bret Hinsch... 2002

Women and Hindu Right. A collection of Essays, edited by, Tanika Sarkar and Urvashi Butalia1995

Sir William Tarn, Cambridge ancient history vol 10 1970

Smith, Jane I, " Women, Religion, and Social Chang in Early Islam, ed , Y. Haddad and E. Findly.

Albany: State University of New York press, 1985

Sex, Time, and Power, by, Leonard Shlain. How women's sexuality shaped human evolution. 2003

Sarah B. Pomery, women in Hellenistic Egypt. From Alexander to Cleopatra... 1984

Stern, Gertrude." The first Women Converts in Early Islam" Islamic Culture 1939

The creation of patriarchy, by Gerda Lerner. Oxford University press... 1986

The secret history of Mongol Queens, by Jack Weatherford...2010

Grassroots by Jennifer Baumgardner and Amy Richards …. 2005

George Dorsey, Man's One Sho: Civilization (New York: Harper & Brothers, 1931

Gernot Wilhelm, the Hurrians, translated from German by, Jennifer Barnes 1989

Greek Mythology, by Frederique Viver, Translated by Derek Johnston... 2004

Richard A. Gold, Yiwara: Foragers of Australian Desert ………1969

Georg Bancroft, History of the United States of America, From the Discovery of the Continent vol. 1....1967

Catal Huyuk: A Neolithic Town in Anatolia, by, James Mellart (New York: McGraw-

Hill,…1967)

Marija Gimbutas, Gods and Goddesses of Old Europe (Berkeley: University of California press ...1974

Michal Dames, the Silbury Treasure (London: Thames and Hudson. …..1976)

Marilyn French, from Eave to Dawn: a history of women….2002 vol. 1. 2.

Anton, Ferdinand, Women in pre-Colombian American. …...1973

Anderson, Karen. Commodity Exchange and Subordination: Montagnais-Naskapi and Huron Women, 1600-1650,"…1986

-Simone De Beauvoir. Second Sex, copyright Alfred, A, Knopf Vintage Book Edition, 1989

Richard B. Lee, Population growth and beginning of sedentary, life among the Kung Bushmen 1972

Marjorie Shustak, Nisa: The life and world of Kung women. Harvard University press 1981

Carol Beckwith and Angela Fisher, African Ceremonies II (New York: Harry N. Abraham Inc. 1999

Robert.S.McElvaine. Eve’s Seed…2001

Mythology, the illustrated anthology of world myth and storytelling, general editor, C Scott Littleton ….. 2002.

Encyclopedia of the ancient Greek world, David Sacks, revised edition by Lisa R. Brody ….2005

On becoming human. Nancy Makepeace Tanner, Cambridge University Press... 1981

Political and social life in the great age of Athens, edited by John and Kitty Chisholm. Open Univerty.1978.

All you need to know, from Zeus’s Throne to the Fall of Rome, by Caroline Taggart.Michael O’ Mara Books Limited 2010.

Keuls Eva C.The reign of the phallus: Sexual politics in Ancient Athens. New York: Harper & Row, 1986

بنەچەی خێزان و خاوەندارێتیی تایبەت و دەوڵەت، نووسینی، فردریک ئەنگڵس، وەرگێڕانی لەئەڵمانییەوە، کەریم مەلا ڕەش.

# فرەنسا یادی سێ سەد ساڵەی لەدایکبوونی فەیلەسووفی مەزن دیدرۆ دەکاتەوە

هاشم ساڵح

ماوەیەک لەمەوپێش بۆ یادی سێ سەد ساڵەی لەدایکبوونی جان جاک رۆسۆ جەژنمان گێڕا، یان دەتوانم بڵێم فرەنسا و سویسرا ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوونیان گێڕا. ئێستاش نۆرەی هاوڕێی خۆشەویستی رۆسۆ "دیدرۆ"یە. یان باشترە بڵێم کە کۆنە هاوڕێی بوو، چونکە پاشان بۆچوونیان لەیەکتری جودا بوو، ئەمەش وای کرد هەتاوەکو کۆتای ژیانیان قسە لەگەڵ یەکتری نەکەن و زۆر لەیەکتری تووڕە بوون. دیارە ئەمەش کێشەی هەموو رۆشنبیرانی فرەنسایی و عەرەبە. ئەوان هیچ وەختێک بەرگەی یەکتری ناگرن ئەویش لە بەر ئێرەیی و غیرە و کێبەرکێکردنی یەکترییە.

"غیرە" لەناو دڵیاندا زۆر لە "غیرە"ی دڵی ئەو ژنانە پیسترە کە هەوڵ بۆ دڵی پیاوێک دەدەن. (سەیرکەن چۆن ڕەوشەکە بەو شێوەیە ناشرین و بەبێ مەبەست تەواو پێچەوانە بووەتەوە. جێگەی گوتنە من لەم ماوەیەی کۆتاییدا زۆر بێ تاقەت دەبم، کاتێک باس لەم بابەتە ستراتیجی و حەساسانە دەکەم!).

هەر لەبارەی جەژنی لەدایکبوونی دیدرۆ–وە، چەندان کتێب لەبارەیەوە چاپ و بڵاو کراونەتەوە، لەوانە: کتێبی "دیدرۆ" کە لە نووسینی "جاک ئەتالی"یە. بەڵام من زیاتر کتێبێکی ترم زۆر پێ باشە، کە بەشێوەیەکی بابەتییانە پێوەندیی بە دیدرۆوە هەیە، ئەویش کتێبی "دیدرۆ" کە لە نووسینی پرۆفیسۆر "ریمۆن ترۆسون"ە، کە مامۆستای زانکۆی ئازادە لە بروکسێل، هەروەها ئەندامی (ئەکادیمیای شاهانەی بەلجیکایە).

لێرەدا خۆمان لە دەستێکی ئەمیندا دەبینینەوە و زانستێکی زۆریشمان پێ دەبەخشێت. لێ ئەمە مانای ئەوە نییە کە کتێبەکەی "جاک ئەتالی" باش نەبێت و سوودبەخش نەبێت. هەروەها نابێت کتێبی مامۆستای زانکۆی جنێف پرۆفسیۆر "جان ستاروبنسکی" لەبیر بکەین، کە تەمەنی ٩٢

---

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵڵا



فەیلەسووفی مەزن دیدرۆ

ساڵە، خودا تەمەنی درێژ بکات، ئەویش یەکێکە لە عەقڵە مەزنەکان کە هێشتا لە ژیاندا ماوە. بەدڵنیاییەوە ئەمساڵ چەندان کتێبی تر لەمبارەیەوە دەردەچن. بە دڵنیاییەوە دیدرۆ لەلای فڕەنسا و فڕەنسیەکان خۆشەویستە، ئەو یەکێک بوو لەوانەی کە شارستانیی ڕۆشنگەریی ئەوانی پێشخست و ئەو لەگەڵ "دیکارت و ڤۆلتێر، هتد" بە یەکێک لە شانازییە فکرییە مەزنەکانیان دێتە ژماردن.

جێگەی گوتنە "ریمۆن ترسون" یەکێکە لە پسپۆرە مەزنەکانی مێژووی ئەدەبی فڕەنسی بەتایبەتی سەردەمی ڕۆشنگەری: واتە سەدەی هەژدەیەم. ئەو لەم کتێبەیدا باس لە چۆنێتیی سەرهەڵدانی بۆچوونی ڕەخنەگریی فڕنسایی دەکات لەو سەردەمە بەناوبانگەدا و باسی ئەو ڕێگری و کێشانە دەکات کە فەیلەسووفە مەزنەکانی سەردەمی ڕۆشنگەری ڕووبەڕوویان دەبووەوە و چۆن توانییان

ڕووبەڕوویی ببنەوە و زاڵ بن بەسەریاندا.

نووسەر لەم بارەیەوە دەڵێت:

(هەموو مێژوونوسان لەسەر ئەوە کۆکن کە ئەوە سەردەمی ڕۆشنگەری بوو ڕێگەی خۆش کرد بۆ ئەوەی ڕەخنەیەکی ڕادیکاڵانە دروست بێت و بە شێوەیەکی ڕیشەیی لێکۆڵینەوەی ورد و دروست لەبارەی پرەنسیپ و بەها کۆنەکانی سەدەکانی ناڤینی پێشوو بکرێت.)

هەتاوەکو ئەو کاتە، هیچ کەسێک نەیدەوێرا ڕەخنە لە کولتووری مەسیحی و لێکۆڵینەوەیەکی زانستییانە و مێژوویییانەیان لەبارەوە بکات. هیچ کەسێک نەیدەوێرا ڕەخنە لە بڕیارەکانی پێشوو بگرێت، چ بڕیارە مەزهەبی و تایەفییەکان کە لەناو کۆمەڵگەدا بڵاو بوون، بەتایبەتی کە بەشێوەیەکی قووڵ ڕیشەی خۆی لەناو زۆربەی خەڵکی نەخوێندەوار و دواکەوتوو داکوتیبوو، هەموویان بەشێوەیەکی کوێرانە و ئۆتوماتیک ملکەچی بڕیار و فەرمانەکانیان بوون.

جێگەی گوتنە ئەم بۆچوونانە "مەبەستی بۆچوونی ئاینی مەسیحیی کۆنە. وەرگێڕ"، هەموویان توندڕەو بوون وەک هەقیقەتێکی ڕەها و پیرۆز سەیر دەکران، هیچ بواری نیقاشکردنی تێدا نەبوو. دیارە ڕاستە دیکارت ڕەخنەی لە بۆچوونی باو لە سەردەمەکەیدا کرد و، گەورەترین کودەتای فەلسەفی و زانستیی لە فەلسەفەی سکۆلایی باو کرد، لێ باسی ئاینی نەکرد. بەڵکە بە پێچەوانەوە ئەو خۆی بە ئیماندارێکی تەواو دادەنا. دیارە دیکارت ڕەخنەی لە تیۆرییەکانی ئەرستۆ و بەتلیمۆس لەبارەی چۆنێتیی دروستبوونی گەردوون و دیاردە سروشتییەکان گرت، لێ بەهیچ شێوەیەک خۆی لە قەرەی پرەنسیپە مەسیحییەکان نەدا.

ئەو لەو کاتەدا زۆر لەژیانی خۆی دەترسا و ترسی ئەوەی هەبوو کە بەر سزای توندی کڵێسا و پیاوەکانی بکەوێت. بەڵام هەموو ئەم ترسە زۆرەش دادی نەدا و سوودی نەبوو، چونکە ئەمڕۆ دەرکەوتووە کە دیکارت لەلایەن قەشەیەکی کاتۆلیکی ئوسوڵیی توندڕەو بەناوی "فرانسۆ فیوگیە"وە کوژراوە. ئەویش لەڕێگەی ژەهرخوارکردنیەوە لە جەژنی قوربانی پیرۆزدا!.

بەڵام فەیلەسووفەکانی ڕۆشنگەری کە پاش سەد ساڵ لە دوای ئەو هاتوون، ئەوان هەمان ڕێچکەی "فەلسەفەی گوماناوی"ی ئەویان گرتە بەر و هەنگاوێکیش ئەوانی بردە پێشەوە، ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت ئەوەی لە سەردەمی دیکارتدا کارێکی نەکردە بوو، لە سەردەمی ڕۆشنگەریدا دەکرا بکرێت. ئەوان هاتن ڕێچکەی عەقڵانییەتی ئەویان بەکار هێنا بۆئەوەی ڕەخنەی توند لە کولتووری مەسیحی بگرن. ئەم کارەی ئەوانیش بووە هۆی دروستبوونی گۆڕانکارییەکی ئێجگار ڕیشەیی لە مێژووی فکری ئەوروپاییدا. بەم شێوەیە دەتوانین جیاوازی لەنێوان سەردەمی دیکارت، واتە سەدەی حەڤدە، هەروەها سەردەمی فەیلەسووفەکانی ڕۆشنگەری، واتە سەدەی هەژدەدا، بکەین. دیارە لە نێوان ئەم دوو سەدەیەدا، پێشکەوتنێکی گەورەی فکری ڕووی دا.

ئەوەی لە پێشوودا کارێکی نەکردە بوو ئێستا ئاساییە بکرێت. لێ ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێت کە کارەکە شتێکی ئاسان بووە و بەبێ سزادان بەڕێ کراوە. لەڕاستیدا فەیلەسووفەکانی سەردەمی ڕۆشنگەری لەپای ئازایەتیی فکری و بۆچوونی ڕەخنەگرانەی خۆیان، باجێکی گەورەیان دا. ڤۆلتێر کە مەزنەکەیان بوو، نێزیکەی سی ساڵ لە دەرەوەی وڵات ژیا، ئەو سەفەر و گەڕانەوەی بۆ وڵاتەکەی خۆی لێ قەدەخە کرابوو: "مەبەست پاریس و دەوروپشتیەتی". هیچ ڕێگەی پێ نەدرا کە بگەڕێتەوە، تەنیا بۆ سێ یان چوار مانگ نەبێت، کە پاشان کۆچی دوایی کرد.

لێ کاتێک گەڕایەوە، هەموو جەماوەر هاتنە پێشوازیی و بەگەرمییەکی زۆرەوە بەخێرهاتنیان کردەوە، بەجۆرێک کە خودی مەلیک ئێرەیی پێی برد. جان جاک ڕۆسۆش، ئەویش لە دەرەوەی جنێف ژیا، بگرە لە هەموو شتێک دوورخرایەوە و خۆی دوورەپەرێز دەگرت، چونکە لەهەموو شوێنێکدا بە دوایدا دەگەڕان، بەتایبەتی لە نیوەی کۆتای ژیانیدا، ئەویش بەهۆی بۆچوونەکانی پێشوویەوە کە لە دژی ئاین و سیاسییەکان نووسیبوونی. ئەو هەتا ماوەیەکی زۆر لە ژێر هەڕەشەی مەرگدا دەژیا، دەتوانم بڵێم هەتاوەکو کۆتای ژیانی. زۆر چاویش، چەندان جار خۆیان لێ سوورکردەوە، بگرە خەریکیش بوو تیرۆری بکەن، هەر خودا خۆی پاراستی و لە غەزەبی نەیارانی ڕزگاری کرد. بەڵام ئەو لەو شەڕ و شۆڕانەدا زۆر هیلاک بوو، کە ئەمەش وای کرد تەمەنی زۆر کورت بێت.

بەڵام دیدرۆ، کە نووسەر لە کتێبەکەیدا زۆرتەرکیزی لەسەر دەکات، بەر سزای زیندانیکردن کەوت و لە یەکێک لە پیسترین و دڕندەترین زیندانەکانی فەرەنسادا، زیندانی کرا. دیدرۆیان بردە ژێرزەوینە تاریکەکانەوە، هەتاوەکو لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا بکەن و هەموو بەرەنگاری و ورەی بڕووخێنن. گەر پشتگیریی هەندێک کەسایەتیی باڵادەست نەبووایە، ئەوا بە دڵنیاییەوە لەناو زینداندا دەیانکوشت. هەموو ئەمەش بەهۆی هەندێک کتێبی ڕەخنەگرانەیەوە کە پێشتر چاپ و بڵاوی کردبوونەوە، کە تێیدا زۆر بە ڕاشکاوانە دانی بەوەدا نابوو، کە باوەڕی بە ئوسوڵیەتی مەسیحیی تەقلیدی نییە.

بەڵکە لەو کتێبانەیدا هەندێک بۆچوونی عەقڵانیی ئازایانەی خۆی دەرخستبوو، کە دژ بە پرەنسیپە خورافییەکانی ناو کتێبە مەسیحییە تەقلیدییەکان دەوەستایەوە. پاشان نووسەر لەم بارەیەوە دەڵێت:

(لەپاش ئەم ئەزموونەی ناو زیندانەوە، دیدرۆ زۆرتر حەزەری دەکرد و، وەکو جاران بە ڕاشکاوانە و ئاشکرایانە بۆچوونەکانی خۆی دەرنەدەبڕی، بەڵکە شێوازی سیمبۆلیزم و شانۆ و چیرۆکی لە کتێبەکانیدا گرتە بەر. بەڵکە زۆر جاریش ئەو قسە سیمبۆل-ئامێزانەشی، بەزمانی کەسێکی ترەوە دەردەبڕی، هەتاوەکو بەرپرسیارێتی نەگرێتە ئەستۆی خۆی. بەم شێوەیە دیدرۆ بوو بە کەسێکی "مناور، پێچاوپێچکەر"ی پلە یەک، ئەویش بەهۆی زاڵبوونی جەماوەری ئوسوڵی کە

زۆرینەی کۆمەڵگەی ئەو کاتەیان پێک دەهێنا. نوخبەی ڕۆشنبیر و ڕووناکبیریش ژمارەیان کەم بوو، کەمینەیەک بوون لەناو کۆمەڵگەدا.)

لەبەرئەوە دیدرۆ پشتی بە شێوازێکی نوێ و هونەرێکی جیاواز بەست بۆ نووسینی کتێبە فەلسەفییەکان، ئەمەش بۆ ئەوەی خۆی لە ژێر ڕەحمەتی شمشێری چاودێریکردن ڕزگار بکات، کە بەردەوام بەسەر سەریەوە بوو. بگرە زۆر جاریش ئامادە نەبوو ئەو نووسینانەی بڵاو بکاتەوە کە زۆر زەق و ئازایانە دەردەکەوتن. بگرە ئەو نووسینانەی لەناو کون و قوژبنەکانی کتێبخانەکەیدا شاردەوە، وەسیەتی بۆ هاوڕێیانی نێزیکی خۆی کرد کە تەنیا لە پاش مەرگی خۆی ئینجا بڵاویان بکەنەوە. دیارە ئەم شێوازەش، پێشتر "سبینۆزا و هیگل" پەیڕەوییان لێ کرد. (واتە نووسینەکانیان لەپاش مردنیان بڵاوکردەوە. وەرگێر).

لەبەر ئەم هۆیە بوو، کە نیوەی بەرهەمەکانی ئەم فەیلەسووفە مەزنە لەژیانیدا نەناسراو بوون و پاشتر بڵاو کرانەوە. لەبەرئەوە لەکاتی ژیانیدا، هێندە ناسراو نەبوو هێندەش ڕێزیان لێ نەنا، تەنیا لەپاش ماوەیەکی زۆر درێژ ئینجا بووە جێگەی ڕێز و شانازیی خەڵکی و شۆرەت و ناوبانگی دەکرد، ئەویش لەپاش بڵاوکردنەوەی هەموو بەرهەمەکانی لەپاش خۆی. لەبەر ئەوە دیدرۆ هەتاوەکو سەدەی نۆزدە ناوبانگی دەرنەکرد، بە پێچەوانەی ڕۆسۆ و ڤۆلتێرەوە، کە ئەمان لە سەردەمەکەی خۆیاندا (لەژیاندا) شۆرەت و ناوبانگێکی مەزنیان دەرکردبوو.

تەنانەت دەگوترێت، لەکاتێکدا کە کتێبێکی دەنووسی زوو زوو سەیری پەنجەرەکەی دەرەوەی دەکرد، بۆ ئەوەی دڵنیا بێت لەوەی کە ئاخۆ پۆلیس چاودێریی ناکات، یان پۆلیس نەهاتووە تاوەکو بیگرێت. بەم شێوەیە بۆ ماوەیەکی زۆر، ئەویش وەکو هەموو فەیلەسووفەکانی تری سەردەمی ڕۆشنگەری، لە ژێر فشاری دوودڵی و دڵەڕاوکێ و ترسدا دەژیا.

بەڵکە پرۆژە گەورەکەی کە بریتیی بوو لە نووسینی ئینسایکلۆپیدیایەکی "زانستی و فەلسەفی"، کە لە جیهاندا ناوبانگی پێ دەرکرد، ئەو لەبەر پەلاماری یەسووعییەکان (واتە ئیخوانە یەسوعییەکان!)، چەندان جار ناچار بوو کە لەم پرۆژە مەزنە واز بهێنێت و بۆ ماوەیەک ڕایبگرێت. هەر لەبەر ئەوە داوایان لە دەسەڵاتدارانی سیاسی کرد، کە ئەم پرۆژەیە ڕابگرێت، چونکە ئەم پرۆژە فکرییە کولتووری مەسیحی لەناو دەبات و ڕەخنەی زۆر توندی دژیان نووسیوە. دیارە وەکو پێشتریش باسمان کرد، ئەو ڕەخنانەش هەندێکیان بە ناڕاستەوخۆ و خۆی لەپەنا شێوازی سیمبۆلیزمی شاردووەتەوە و زۆر جاریش بە ئاشکرا ئەم ڕەخنانە دیار بوون.

جێگەی گوتنە زۆربەی پیاوانی ئاینی زۆر ڕقیان لە دیدرۆ دەبوویەوە، بەڵکە ئەویان وەکو زەندیق و کافر و کابرایەکی بێئاین و ماددیی سەیر دەکرد. دەگوترێت کە براکەی دیدرۆ، پیاوێکی ئاینی بوو، ئامادە نەبوو قسەی لەگەڵدا بکات و سڵاوی لێ بکات، هیچ وەختێک ئامادە نەبوو کە تەوقەی لەگەڵدا بکات، چونکە دەترسا پیس و کافر ببێت!.

گەر براکەی خۆی (ئۆلیفییە دیدرۆ) ئامادە نەبووبێت سڵاوی لێ بکات، ئینجا ئاخۆ خەڵکی تر

هەڵوێستیان چۆن بووبێت بەرامبەری! بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پرۆژە مەزنە ئەنسکۆلۆپیدییە فەلسەفییە مەزنەکەی، لەکاتی خۆیدا سەرکەوتنێکی بێوێنەی بەخۆوە بینی. لەپاش ئەم پرۆژەیەوە، دیدرۆ بووە قەڵەم و هێزێکی گەورەی ڕۆشنبیری، کە هەموو کەس حسابی بۆ دەکرد. توانیشی کۆمەڵێک پێوەندیی باش، لەگەڵ چەند کەسێکی ئەرستۆکراتی گەورە ببەستێت، بۆ ئەوەی لەکاتی پێویستدا بەرگریی لێ بکەن. دیارە گەر ئەو کەسانەش نەبووایە، نەیدەتوانی بۆ ماوەی بیست ساڵ خەریکی پرۆژە مەزنەکەی بێت، لەگەڵ ئەوەی کە ئەو هەموو ڕێگری و کێشە و هەڕەشانەی کە لێی کران.

دەتوانم بڵێم پێشەکی ئینسایکلۆپیدیاکەی، وەکو مانیفێستێکی فکری وا بوو، بۆ سەردەمی ڕۆشنگەری. لە نووسینی ئەم کتێبەشدا هاوڕێی بەردەوام و یاریدەدەری سیاسیی خۆی (دالامیر) یارمەتییەکی زۆری دا. لە پێشەکییەکەیدا دەڵێت:

(تەنیا مەنهەجی عەقڵانیی ئەزموونگەرایی دەتوانێت بمانگەیەنێتە مەعریفەیەکی ڕاستی و بەشێوەیەکی ڕاست و دروست لە دیاردەکانی جیهان و گەردوون تێ بگەین. لەبەر ئەوە پێویستە واز لە هەموو فکرە کۆنەکان و خورافاتە باوەکان و تێڕوانینە غەیبییەکان بهێنین، ئەوانەی کە لە سەردەمی پێشوو بۆمان ماوەتەوە، پێویستە تێڕوانین و بۆچوونی نوێ دابنێین. داهاتوو بۆ زانستە نەک بۆ جەهل.)

پاشان وەکو لە مانیفێستەکەدا دەردەکەوێت، دیدرۆ دەیەوێت بڵێت:

(ئەم سەردەمە سەردەمی زانست و فەلسەفەیە، ئەم سەردەمەمان سەردەمی "جان لۆک و رینیە دیکارت و گالیلۆ" و کۆمەڵێک زانای ترە، کە لە ڕێگەی بەرهەمەکانیانەوە، توانییان تێروانینەکانمان بۆ جیهان و گەردوون بگۆڕن. هیچ وەختێک وەکو ئێستا مەعریفەی زانستی وا بڵاو نەبووەتەوە، لەبەر ئەوە پێویستە ئێمە هەموو ئەم زانستە لە فەرهەنگێکی گەورەدا یان لە ئینسایکلۆپیدیایەکی قەبەدا، پێشکێش بە خەڵکی بکەین، بۆ ئەوەی هەموو بوارەکان بگرێتەوە: لە فیزیاوە بۆ ماتماتیک و سیاسەت و فەلسەفە و تەکنەلۆجیا، هتد. هەموو مەعریفەیەکی مرۆیی پێویستە لە ڕێگەی ئەم ئینسایکلۆپیدیایەوە بگاتە دەستی فرەنسییەکان، کە دەیان بگرە سەدان زانا و بیرمەندی سەردەمەکەمان تێیدا بەشداری دەکەن.) لێرەدا مانیفێستەکەی دیدرۆ تەواو دەبێت.

بەم شێوەیە دیدرۆ توانیی سەردەمێکی مەعریفیی نوێ لە مێژووی فرەنسادا دابنێت، دەتوانم بڵێم کە گەشەسەندن و پێشکەوتن و ڕووناککردنەوەی مێشکی فرەنسییەکان، تا ڕادەیەکی زۆر بۆ ئەم پرۆژە فەلسەفییە مەزنە دەگەڕێتەوە. هەروەک لەپێشدا گوتمان، لەپەنای دیدرۆدا بیرمەندێکی گەورە هەبوو کە ئەویش دالامیر بوو.

ئەویش لەو سەردەمەدا یەکێک بوو لە زانا گەورەکانی بواری ماتماتیک و فەلسەفە. دیارە جگە

لەمیش دەیان بگرە سەدان لێکۆڵەر و بیرمەندی هەموو بوارە جیاجیاکانی مەعریفە، بۆ نموونە ڤۆلتێر لە نووسینی ئەم ئینسایکلۆپیدیایەدا بەشداریی کردووە. هەروەها جان جاک رۆسۆ و زۆربەی زاناکانی ئەو سەردەمە بەشدارییان کردووە. جێگەی گوتنە ئینسایکلۆپیدیا، تەنیا کەسێک ناتوانێت بینووسێت، بەڵکە پێویستی بە لەشکرێکی گەورە لە لێکۆڵەر و زانای هەمەجۆر هەیە.

ئاخۆ لەم سەردەمەماندا، کێ ئامادەیە ئینسایکلۆپیدیای عەرەبیی رۆشنگەری بنووسێت؟ لەلایەکی ترەوە جاک ئەتالی پێی وایە، کە ئەم پرۆژە فەلسەفییە مەزنە، توانیی نەک تەنیا فرەنسا رووناک بکاتەوە، بەڵکە هەموو ئوروپا و جیهانیشی رووناک کردەوە. دیارە شۆڕشی فرەنسی کە بوو بە چرایەک بۆ رووناککردنەوەی هەموو گەلان، بریتیی بوو لە تەرجوومەکردنی ئەو بۆچوونە سیاسییانە، کە لە ئەرزی واقعیدا هەبوون.

جاک ئەتالی پێی وایە دیدرۆ یەکەمین کەس بوو کە بانگەشەی بۆ چەمکی مافەکانی مرۆڤ کردووە. ئەو پێش ئەوەی شۆڕشەکە روو بدات بیری لە شۆڕش دەکردەوە، بگرە هەڕەشەشی لە لویسی شانزە کرد و گوتی: (گەر وەڵامی داخوازییەکانی گەل نەدەیتەوە، ئەوا گەل دەتکەن بە دوو پارچەوە!) پاش بیست ساڵ، هەر ئەمەش بەسەر ئەم داماوەدا هات، ئەوەبوو کە ملیان لە لاشەی جیا کردووە، ئەویش لە رێگەی "ئامێری سەربڕین، المقصلە"ی ناودارەوە.



پەیکەری فەیلەسووفی مەزن دیدرۆ

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە پێشبینییەکەی ڕاست دەرچوو. ئەو بە هەردوو چاوی، جوان ئەوەی دەبینی کە چۆن جیهانی کۆن لەناو دەچێت و جیهانێکی نوێ لەدایک دەبێت. ئەو پێش ئەوەی زەمینلەرزە گەورەکە "واتە شۆڕشی فڕەنسایی" ڕوو بدات ئەمەی بینی، چونکە ئەو بە پێنج ساڵ پێش شۆڕشەکە کۆچی دوایی کرد. هەر ئەویش بوو کە باسی یەک ڕەگەزیی مرۆڤی کردووە، ئەو باوەڕی بەو تیۆرییە نەبوو، کە مرۆڤەکان بۆ ڕەگەزی باڵا و ڕەگەزی نزم دابەش بکات. هەروەها دژایەتیی تایەفەگەری و ڕەگەزپەرستی و کۆڵۆنیالیزم و بازرگانیکردن بە ڕەشپێستەکانەوەی دەکرد. لەبەر ئەوە ئەو کەسێکە لەم سەردەمەدا لەگەڵماندا دەژی و ناکرێت تەنیا بیخەینە ناو سەردەمەکەی خۆیەوە.

بەدڵنیاییەوە ئەو ئینسایکلۆپیدیایەی کە داینا و هەموو ژیانی بۆ تەرخان کرد، بوویە گەورەترین کۆڵەکەی ئەو شۆڕشە فەلسەفی و سیاسی و ئابوورییەی کە هەموو ئوروپای گرتەوە. ئەو بوویە سەرچاوەیەکی بنەڕەتی بۆ بەهارێکی ئوروپی نەک تەنیا بۆ فڕەنسییەکان. لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە سەرەتا دەبێت گۆڕانکارییەکی فکری ڕوو بدات بۆ ئەوەی ڕێگە بۆ گۆڕانکاریی سیاسی خۆش بکات. هەر لەبەر ئەم هۆیەشە کە بەهاری فڕەنسی، پاشان نەبوویە پایزێکی ئوسوڵی.

ئاخۆ ئەم پڕۆژە فەلسەفییە گەورەیە چۆن لەدایک بوو؟

لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا، ریمون تروسون وەڵامان دەداتەوە و دەڵێت:

> (سەرەتا دیدرۆ و دالامیری هاوڕێی دەیانوویست ئینسایکلۆپیدیای ئینگلیزی بۆ زمانی فڕەنسی وەربگێڕن، هەتاوەکو خوێنەری فڕەنسی سوودی لێ وەربگرێت و ئاگاداری دوایین گۆڕانکارییە مەعریفییەکانی ئەو سەردەمە بێت. جێگەی گوتنە ئینگلیزەکان لە بوارەکانی گەشەسەندنی زانستی و پیشەشازی و سیاسیدا، پێش فڕەنسییەکان کەوتن. ئینسایکلۆپیدیای ئینگلیزیی "شامبر"ی ناودار کە بەزمانی ئینگلیزی نووسراوە، لە نێوان ساڵانی ١٧٢٨ تا ١٧٤٢دا نووسراوە و هەموو زانست و مەعریفەکانی گرتووەتە خۆی.)

لێ دیدرۆ، پاش بیرکردنەوەیەکی قووڵ و نیقاشێکی زۆر گەیشتە سەر ئەو بۆچوونەی کە ئینسایکلۆپیدیایەکی نوێ دابنێت و واز لە وەرگێڕانی ئینسایکلۆپیدیای ئینگلیزی بهێنێت. ئەو دەیویست باس لەهەموو داهێنان و زانستە مرۆییەکان و فکری مرۆیی بکات، کە لە بوارەکانی زانست و پیشەسازی کە لە ماوەی چەندان سەدەی پێشوودا هەبووە، هەموویان لەم پڕۆژەیەدا بنووسێتەوە. ئارمانجی ئەو ئەوە بوو کە عەقڵیەتی فڕەنسییەکان لەڕێگەی پشتگیریکردن و هاندانی بیری نوێ و بڵاوکردنەوەی فەلسەفەی نوێوە بگۆڕێت، ئەمەش لە وڵاتێکدا کە مەملەکەتێکی ملهوڕ و ئوسوڵی و تاریکبین بوو. لەو کاتەدا فڕەنسیەکان لە بوارەکانی زانست و فەلسەفەدا، زۆر دواکەوتوو بوون، شارەزاییەکی زۆر کەم و سنوورداریان هەبوو، بە پێچەوانەی ئینگلیزەکان.

لێرەدا جێگەی خۆیەتی کە دەستەواژەیەکی ڤۆلتێر لەبارەی گەلی فرەنسا لەو کاتەدا بهێنینەوە، ئەویش پاش ئەوەی سەردانی ئینگلتەرای کرد، بەم شێوەیە لە وەسفی گەلی فرەنسادا دەڵێت " زۆربەیان، مەبەستی فرەنسییەکانە، جووتیارن و نەخوێندەوارن، ئەوان لەلایەن دەرەبەگەکانەوە، ڕێک وەکو کۆیلە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت."

لەبەر ئەوە ئەم فەیلەسووفە مەزنە دەستی کرد بە ڕۆشنبیرکردن و دەرهێنانیان لەناو تاریکیی جەهل و هێنانیان بۆ ناو ڕووناکیی زانست. بەڵام ئەمەش تەنیا لە ڕێگەی مەعریفەیەکی نوێوە دەبێت، کە جیاواز بێت لەو مەعریفەیەی کە لە کڵێسادا هەبووە: واتە ئەو مەعریفەیەی کە لە ڕێگەی قەشە و پیاوانی ئاینییەوە لە ڕۆژی لەدایکبوونەوە تاوەکو مردن، بەناو خەڵکی عامدا بڵاو دەکرایەوە. ئەمەش مەعریفەیەکی ئاینیی ڕوونە کە هیچ بایەخ بە زانستی مۆدێرن نادات. لەو کاتەدا پیاوانی ئاینیی زاڵبوون بەسەر عەقڵییەتی زۆربەی فرەنسییەکاندا، ڕێک وەکو چۆن ئێستا شێخە ئاسمانییەکان "مەبەستی لەو شێخانەیە کە لە کەناڵە ئاسمانییەکانەوە، وانەی ئاینی بەخەڵکی دەڵێنەوە. وەرگێر" بەسەر عەقڵییەتی عەرەبیدا زاڵن.

بەم شێوەیە ئینسایکلۆپیدیاکە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەرەو نوخبەیەک ئاراستە کرابوو، کە دەیتوانی بخوێنێتەوە و بنووسێت و حەزی لە فێربوونی شتی نوێی مەعریفی بێت و دەتوانێت کتێب بکڕێت. هەموو ئەم شتانە پێویستە بەهەند وەربگرین گەر بمانەوێت لە ڕەوشی گشتیی ئەو کاتە بگەین. ئەمەش دیدرۆ زۆر بەباشی لە ژمارەی یەکەمی پێشەکیی کتێبەکەیدا بۆی ڕوون کردووینەتەوە.

دیدرۆ دەڵێت:

>(ئارمانجی ئەم ئینسایکلۆپیدیایە ئەوەیە کە هەموو شێوەیەکی مەعریفی کۆ بکاتەوە، ئەوەی کە مرۆڤایەتی لە هەموو بوارەکانی زانستە هەمەجۆرەکان لە ماوەی چەندان سەدەی پێشوودا دای هێناوە. هەروەها ئارمانجمان ئەوەیە کە ڕەخنە لە توندڕەویی دینیی کوێرانە بگرین، هەروەها دژایەتیی توندڕەویی سیاسی یان بە مانایەکی تر ملهووڕیی سیاسی بکەین. لەهەمان کاتیشدا ڕێز لە ڕۆحی ڕەخنەگرانەی عەقڵی و ئازادیی فکری بگرین. ئەمڕۆ فرەنسا پێویستی بەوەیە کە ئازادانە هەناسە هەڵمبژێت، هەتاوەکو بتوانێت ڕۆحی ڕەخنەگرانەی داهێنەرانە بخوڵقێنێت.)

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ئارمانجی ئەم پرۆژەیە دژایەتیکردنی ئوسوڵیەتی مەسیحی بوو، کە بۆ ماوەی چەندان سەدە بەسەر عەقڵییەتی خەڵکیدا زاڵ بووە. ئەم هەژموونە گەورەیە وای کردووە کە توندڕەوی و عەقڵییەتی تاریکبینانە لەناو کۆمەڵگەدا بڵاو ببێتەوە، بەتایبەتی لەناو زۆرینەی جەماوەردا.

جێگەی گوتنە دیدرۆ لێکۆڵینەوەی لە هەموو پرەنسیپەکان دەکرد، بەبێ ئەوەی موجامەلە یان

خاتری یەکێکیان بگرێت. هەموو شتێک پێویستە بەر چەکی ڕەخنە و چرای عەقڵ بکەوێت، تەنانەت پرەنسیپە ئاینییەکانی دینی مەسیحی کە زۆر بە پیرۆز دادەنران. هەر لەبەر ئەمەش ئەم فەیلەسووفە مەزنە ڕووبەڕووی پیاوانی ئاینی بوویەوە، کە دەیانویست پرۆژەکەی پەک بخەن و زۆر جاریش توانییان ڕای بگرن و نەیان دەهێشت بەردەوامی بە کارەکانی خۆی بدات. دەڵێن گوایە لە دەرئەنجامی ئەو هەموو هەڕەشە و گوڕەشانەی کە لەگەڵیدا کران، تووشی نەخۆشیی "قورحەی گەدە" بوویەوە.

لەبەر ئەوە ئەم ئینسایکلۆپیدیا ناوادارە تووشی کۆمەڵێک شەڕی فکری بوویەوە، فرەنساشی کرد بە دوو بەشەوە: بەرەی فەلسەفی و علمانیی گەشەسەندوو، بەرەی مەسیحی و لاهوتی، کە بۆ ماوەی چەندان ساڵە هەژموونی ڕەهای خۆی بەسەر کۆمەڵگەدا سەپاندووە. بەم شێوەیە ئوسوڵییە مەسیحییەکان لەگەڵ فەیلەسووفە علمانییەکان، زۆر بەخەستی بوو بە شەڕیان.

جێگەی گوتنە یەکەم بەرگی ئەم ئینسایکلۆپیدیایە ساڵی ١٧٥١ چاپ و بڵاو کرایەوە، واتە نیوەی سەدەی هەژدەهەم. نووسەخەیەکیشی بۆ هەموو چینە دەسەڵاتدارەکانی ئەو کاتی کۆمەڵگەی فرەنسی نارد، کە بریتی بوونە لە: ئەرستۆکراتییەکان، ئەو پیاوە ئاینییانەی کە ڕووناکبیرن، پەرلەمانتارەکان و هەموو ئەوانەی کە حەزیان لە خوێندنەوەی کتێبە. نێزیکەی دوو هەزار دانەی لێ چاپ کرا.

لە وتاری "دەسەڵاتی سیاسی یان بە واتەیەکی تر پرۆژەی سیاسی"دا، دیدرۆ هێرشێکی توندی کردە سەر گەورەترین کەسایەتیی مەسیحیی ناوداری فرەنسای ئەو کاتە، مەبەست لە "بوستویە". ئەم پیاوە لەسەدەی حەڤدەدا ژیاوە، زۆر دژایەتیی فەلسەفەی دیکارتی دەکرد و هەروەها دژایەتیی هەموو زانستێکی مۆدێرنی تریشی دەکرد. ئەوەی ڕوون و ئاشکراشە کە ئەم پیاوە، چاودێریکەر و مامۆستای جێنشینی "وەلی عەهد" فرەنسا بوو.

لەبەر ئەوە دیدرۆ هێرشی کردە سەری، چونکە بووبوویە قەڵایەکی فکری کۆنەپەرستیی فرەنسا و، ئەو دەیگوت کە مەلیکەکانی فرەنسا هەقێکی خودایانەیان هەیە و شەرعییەتییان لەلایەن گەلەوە نەهاتووە بەڵکە شەرعییەتیان لەلایەن خوداوە بۆ هاتووەتە خوارەوە. ئەمەش ئەو بۆچوونە ئاینییەی ئێستامان بیر دەخاتەوە کە حاکمییەت لەلای سوننەکان و ولایەتی فەقیی شیعە، هەر هەمان شتە.

هەموو ئەوەی کە ئورووپا پێش سێ سەد ساڵ شەڕیان لەسەر کردووە و نیقاشیان تێدا کردووە ئەمرۆ ئێمە تووشی دەبینەوە. ئەمەش ئەو مەسافە مێژووییەیە کە لەنێوان ئێمە و ئورووپاییەکاندا هەیە. من زۆر باش دەزانم کە ئەم قسەیەی من زۆر کەس تووڕە دەکات، لێ ناچارین هەر دەبێت ڕاستییەکە بەڕوون و ئاشکرایانە بڵێین.

بەدڵنیاییەوە هێرشکردنی دیدرۆ بۆ سەر ئەم کەسایەتییە ناوادارە "بوستویە"، بوویە هۆی شێتبوونی ئوسوڵییە مەسیحییەکان و پیاوانی کۆشکی مەلیک. بەڵام دیدرۆ لەلایەن چەند ئەرستۆکراتێکی ڕووناکبیرەوە پشتگیریی لێ کرا وەکو "کمالزریب" کە وەزیری ڕۆشنبیریی

فرەنسا بوو لەو کاتەدا، هەروەها مۆنتسیکۆ و ڤۆلتێر و چەندانی تر پشتگیرییان کرد.

هەروەک پێشتریش باسمان کرد، کە لەو کاتەدا بڵاوکردنەوەی ئینسایکلۆپیدیاکە نەک تەنیا لە فرەنسا، بەڵکە لەهەموو ئەوروپادا سەرکەوتنی بەدەست هێنا. لە وڵاتانی سویسرا، ئیتالیا، ئینگلتەرا و ڕووسیا بڵاو کرایەوە. بەڵام بۆ بەرگی دووەمی، هەرایەکی گەورەی لەناو ئوسوڵی و پیاوانی کۆشکدا نایەوە، یەکسەر دەست کرا بە ڕاگرتنی و دەستبەسەرداگرتن و قەدەخەکردنی، بەم شێوەیەش دیدرۆ ژیانی کەوتە بەر هەڕەشەوە.

بەم شێوەیە ماوەیەک خۆی شاردەوە هەتاوەکو بەردەستی نەیارانی نەکەوێت. لەو کاتەدا ڤۆلتێری هاوڕێی پێشنیازی ئەوەی بۆ کرد کە کتێبەکەی بهێنێتە بەرلین، لەژێر سایەی حاکمێکی ملهوڕی ڕووناکبیردا "مەبەستی فریدریکی گەورە، مەلیکی بڕووسیایە" چاپی بکات. بەڵام دیدرۆ لەبەر چەندان هۆکاری خێزانی و شتی تریش، پێشنیازەکەی ڤۆلتێری ڕەت کردەوە.

ئەوەی بەلای منەوە گرینگە کە خەڵکی ژینامەی ئەم فەیلەسووفە مەزنە بخوێنێتەوە، بەتایبەت گەر ئێوە فرەنسی بزانن، شتێکی زۆر خۆش دەبێت بەلاتانەوە. ئەمەش واتان لێ دەکات کە لەو ڕەوشە ناخۆشەی عەرەب کە ئێستا تێیدا دەژی باشتر تێ بگەن. لەوانەبێت هاوار بکەن و پێم بڵێن: (دوێنێ چ پێوەندیی بە ئەمڕۆوە هەیە!).

جێگەی گوتنە ریمون تروسون، هەموو ڕەوشەکانی ئەو کاتە بە بەرهەمەکانی دیدرۆوە دەبەستێتەوە، زۆر بە وردی باس لە ژیانی دەکات و بەشێوەیەکی زۆر جوان شرۆڤەیەکی زۆر وردی بچووکترین قۆناخی ژیانی دیدرۆ دەکات، هەر لە سەردەمی منداڵییەوە هەتاوەکو کۆتایی ژیانی و مردنی. لەبەر ئەوە زۆر بەباشی لەوە تێ دەگەین کە قۆناخەکانی ژیانی چ پێوەندییان بە بەرهەمەکانییەوە هەیە. ئەم سیفەتەش لە کتێبەکەی جاک ئەتالی جیای دەکاتەوە، بەڵام ئەتالی دیدرۆ لەڕێگەی ئەم سەردەمەوە دەخوێنێتەوە کە ئێمە تێیدا دەژین، نەک ئەو سەردەمەی کە ئەو تێیدا ژیاوە، ئەم سیفەتەش لە کتێبەکەی تروسون جیای دەکاتەوە. بەم شێوەیە هەردووکیان دەبنە تەواوکەری یەکتری.

لێرەدا ئەوەی ماوەتەوە بیڵێم، ژیانی دیدرۆ، هەمووی ڕاونان و گرتن و ئازاردان نەبووە، وەکو ژیانی جان جاک ڕۆسۆ، بەڵکە بە پێچەوانەوە دیدرۆ وەکو بۆرجوازییەکی خۆشگوزەران ژیاوە و خۆشیی لەژیاندا بینیوە، هەروەها تووشی چەندان ئەزموونی خۆشەویستی بووە و زۆر جاریش خیانەتی لە ژنەکەی کردووە. هەروەها چەندان نامەی خۆشەویستیی بۆ "سۆفی فولان" نووسیوە. ئەم نامانەش هەتاوەکو ئێستا دەخوێنرێنەوە و بڵاو دەکرێنەوە. بەم شێوەیە ژیانی دیدرۆ دەبێتەوە دوو بەشەوە: ژنێکی کۆن بۆ جلشتن و نانکردن و ماڵداری، عاشقێکیش بۆ ساتەکانی دوای نیوەڕۆ. تکایە لێمان ببوورن کە وا دەڵێین!!

سەرچاوە: سایتی (الاوان)ی عەرەبی.

هەموو ئامەدی دیتر

# تۆماس جیفرسۆن
# باوکی هزری لیبرالی ئەمەریکایی

محەمەد ساڵح

لەو ڕۆژانە ئەمەریکاییەکان یادی دوو سەد و حەفتا ساڵەی لەدایکبوونی باوک و داهێنەری هزری لیبرال تۆماس جیفرسۆنی سەرۆکی پێشووی ئەمەریکا دەکەنەوە، زۆریش ئاساییە کە ئاهەنگی یادەکە لەناو زانکۆی ڤرجینیا بکەنەوە، چونکە ئەو زانکۆیە لەسەر دەستی ئەو دروست کراوە، کە دوو جار ئەو لەسەریەک سەرۆک کۆماری ئەمەریکا بووە. ئەو هەر لە شوێنێکی نێزیک لەوێ لەدایک بووە، هەر لە زێدی خۆشی نێژراوە. لەگەڵ دروستکردنی زانکۆکەی ڤرجینیا لەنێزیک شوێنەکە ماڵێکی دروست کردبوو، کە دوایی بووە مۆزەیەک کە هەموو لایەنە باش و خراپەکانی ژیانی ئەودەمانە دەگێڕێتەوە.

ئەو لەگەڵ سەرکردایەتی و دیپلۆماسیەت و ڕووناکبیری و داهێنانەکانیدا وەرزێڕێکی سەرکەوتوو و لێزان بووە، سەد کۆیلەی ڕەشی لەناو کێڵگەکانیدا هەبووە، دوودڵیش نەبوو لە قڕکردنی هیندییە سوورەکان. ئەو وەرزێڕێکی ئۆرستقراتی گوندەکانی ویلایەتی ڤرجینیا بووە، کە دەبێتە هاوشانی یەکەم سەرۆکی ئەمەریکایی جۆرج واشنتۆن لە جەنگەکانی دژ بە کۆلۆنیستی بریتانی، دوایی پەیامەکەی سەربەخۆیی دەنووسێتەوە و دەبێتە باڵوێزی ئەمەریکا لە فەڕەنسا و دوایی وەزیری دەرەوەش بووە لە ئیدارەی جۆرج واشنتۆن، ئینجا جێگری سەرۆک جۆن ئادامزی دووەم سەرۆکی ئەمەریکا و دوو جاریش دەبێتە سەرۆکی ئەمەریکا. تۆماس جیفرسۆن بەوە دەناسرێ کەوا یەکێکە لەو سەرۆکانەی ئەمەریکا کە هاوکار و خاوەن هزری بیری لیبرال بووە، هزری ئەورووپی کاریگەرییان لەسەر ئەو بووە وەک:

یەکەم: فەیلەسووفی بریتانیی جۆن لۆک، کە سەد ساڵ بەر لە جیفرسۆن لەدایک بووە و لەساڵی ١٧٠٤ مردووە، کە دوایی دەبێتە باوکی هزری لیبرالی خۆرئاوا.

دووەم: جیفرسۆن کاریگەریی فەیلەسووفە فرەنسییەکانی پێوەیە، وەک ڤۆلتێر و جان جاک

.................................................

وەرگێڕان لە عەرەبییەوە: شێرزاد هەینی



تۆماس جیفرسۆن

ڕۆسۆ، ئەوانیش کاریگەریی جۆن لۆکی بریتانییان بەسەرەوە بووە. کە شۆڕشی فەرەنسا لە ساڵی ١٧٨٩دا هەڵدەگیرسێت جیفرسۆن باڵوێزی ئەمەریکا بووە لە فەرەنسا، بەڵام ڤۆڵتێر و ڕۆسۆ بەر لە هەڵگیرسانی شۆڕشەکە مردبوون.

جۆن لۆک باوک و داهێنەری پەیمانی کۆمەڵایەتییە، ئەویش بەپێچەوانەی فەیلەسووفی بریتانی تۆماس هوبز بووە، ئەوەی بەر لە لۆک بە ١٥٠ ساڵ لەدایک بووە و خاوەنی بیردۆزی (یاساکانی دارستان) بوو. لۆک دان بەوەدا دەنێت کەوا هەموو کەسێک ڕەنگە کەسێکی خۆپەرست و زۆرداریش بێت، هەروەها دەکرێ کەسێکی عەقلانی و لۆجیکیش بێت، ئەوەش یاسای سرووشتە، باشترە مرۆڤ بتوانێت لەگەڵ کەسانی تریش هەڵبکات و بژی، بەو بەرنامە و ڕامانە مرۆڤ دەتوانێت بەسەلامەتی و بەئارامی بژی، هاوکات مرۆڤ دەتوانێت بەرگریش لە خۆی بکات و ئازادییەکانی پارێزگاری بکات و هەموو سامان و پیرۆزییەکانی بپارێزێت. لۆک ڕامانی وا بووە کەوا مرۆڤ باوکی خۆبڕیارەکانە، کە هەموو کەسێک بەبێ هەبوونی ڕامان و هزرێکی پێشوەخت لەدایک دەبێت، ئینجا ویژدانی بەکاردەهێنێت، ئاوەزی بۆ هەڵبژاردنی ڕاستی و چەوتەکان دەستنیشان دەکات، ویژدانی بۆ بابەتە ئەخلاقییەکان، عەقلیش بۆ بابەتە لۆجیکییەکان، ناوی لەوە نابوو بیردۆزی عەقڵ.

ئەو خۆشی پزیشک بووە و وتبووی کەوا بنچینەی ناسنامەی مرۆڤ عەقڵە. بەوەش جۆن لۆک لەسەر هزری کریستیان و کڵێسە یاخی دەبێت، هەروەها لە هزری ئیسلامی و جوولەکەییش یاخی دەبێت، ئەوان دڵنیان لەوەی کەوا مرۆڤ لەلایەن خوداوە دروست کراوە و ئینجا کارەکانی بۆ دادەرێژێت و چاکە و خراپەی لەبەردەم دادەنێت و دواییش لەسەر کار و چالاکییەکانی حیسابی لەگەڵدا دەکات. لۆک دەبێتە باوک و سەرچاوەی هزری لێبووردەیی، لە کتێبەکەی (پەیامەکانم لەسەر لێبووردیی) نووسیویەتی چۆن دژایەتی شەڕ و ناکۆکییەکانی نێوان کاتۆلیک و پرۆتستانتی ئەورووپا بکات و دژی بۆچوونە ئایینییە دژ بەیەکەکان بووە، ئەو نووسیویەتی:

یەکەم: هیچ کەسێک ناتوانێت هەموو وردەکارییەکانی ئاینەکان بەڕوونی و بەدروستی شرۆڤە بکات.

دووەم: هەتا ئەگەر مرۆڤ ئەوەشی پێ کرا، نابێ ئەو شرۆڤە و ئەو ڕامانە لەسەر خەڵکی بەرامبەری بسەپێنێت.

سێیەم: کە ئاینەکان بێ کێشە هاوشانی یەکتری بژین و کەسیان هزری خۆی بەسەر بەرامبەرەکەیدا نەسەپێنێت ئاسوودەیی سەقامگیر دەبێت.

لۆک باوک و سەرچاوەی یاخیبوونی ئەورووپایە بەسەر سێیەکانی باوی ئەو دەمانە (خودا، کوڕەکە، ڕۆحی پیرۆز). ئەو نووسیبووی کەوا بڕوای بەوە نییە کەوا مەسیح بەشێکە لە خودا، یان بەوەی بەر لە بوونی لەگەڵ خودا هەبووە، ئەو دژایەتیی سێیەکانی کردووە وەک چۆن لە (بڕوانامەی نیسین)دا هاتووە، بڕوانامەکە لە ساڵی ٣٢٥دا بەر لە هاتنەخوارەوەی قورئان دانراوە. لەگەڵ

هەموو هزرە لیبرالەکانیدا لۆک کەسێکی دووڕوو بووە، لەگەڵ کۆمپانیا بریتانییەکان هاوکار بووە بۆ ناردنی ڕەشە ئەفریقاییەکان وەک کۆیلە لە ئەفریقیاوە بۆ ئەمەریکا، لەوێش سەفەری ئەمەریکا دەکات، بەشدار دەبێت لە نووسینی دەستووری کارۆلینای مەزن، بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی ئورستقراتییەکان کە لە هاوڵاتییەکان و ڕەشە کۆیلە ئاساییەکان پێک هاتبوو، واتە بەر سەد ساڵ لە سەربەخۆیی ئەمەریکا. لەگەڵ ئەو هەموو خاڵ و ڕامانەش ئینجا جیفرسۆن لەبن کاریگەریی لۆکدا بووە و توانیویەتی لە هزری ئەویش پێش بکەوێت، بەتایبەتی کە پەیامی سەربەخۆیی ئەمەریکا دەنووسێتەوە، هەستیش دەکات کەوا هەر سێ بیرمەندەکە، لۆک و ڕۆسۆ و ڤۆلتیر، مردن و دەرئەنجامی هزر و ڕامانەکەی خۆیان لەو سەردەمەدا نەبینی کە چۆن بەرجەستەبوون.

لە بڕگەی یەکەمی پەیامی سەربەخۆیی ئەمەریکادا کە جیفرسۆن نووسیویەتی هاتووە: لەگەڵ گەشەسەندنی مرۆڤایەتی، پێویست دەکات کە میللەتی ئەمەریکایی دەستبەرداری ئەو پێوەندییە بێت، کە لەگەڵ میللەتەکەی تر بریتانییەکان هەیەتی، چونکە ئەو پێوەندییە لەمێژە زوڵم و زۆرداریی بەداوەوە بووە، زۆریش پێویستە و لە جێگەی خۆیەتی کەوا میللەتی ئەمەریکایی پێگەیەکی هاوسەنگ لەگەڵ میللەتانی تری سەر ڕووی ئەو زەوینەدا دابنێت، ئەوەش یەکسان و نێزیک بێت لە یاساکانی سرووشت و بەپێی یاساکانی خوداش بێت.

لەبڕگەی دووەمیشدا هاتووە کەوا: بڕوامان وایە کەوا ئەو ڕاستییانە سەلمێندروان، کەوا هەموو خەڵک وەک یەک دروستبوون، کردگاریش مافی وەک یەکی پێ داون، کە لەیەک جیا نابنەوە، لەوانەش ژیان و ئازادی و کۆشش بۆ بەختیارییەکان. بەپێی کتێبەکەی (ڕامانێکی تر لە جیفرسۆن: سەردەمی ئێمە و ئەوان) و بڕگەی دووەم، ئەوانە جوانترین ڕامان و نووسینن لەسەر مافەکانی مرۆڤ نووسرابن. لەو بڕگەیەدا کە ڕەنگدانەوەی بۆچوونەکەی لۆکی مامۆستای جیفرسۆنە لە (مافی شۆڕشدا) کە کەمتر نییە لە مافەکانی ژیان و ئازادی و بەختیارییەکان، کە باس لەوە دەکات کەوا حکوومەت دەستدرێژی لەسەر مافەکانی دەکات، مافی هەیە و حەقی خۆیەتی شۆڕش بەرووی حکوومەتەکەیدا بکات و هەڵبستێتەوە، دەکرێ بیگۆڕێت نەک تەنیا ئەوەندە بەڵکو حکوومەتیش بڕووخێنێت. لە بڕگەیەکی تریدا هاتووە کەوا: بۆ زامنکردنی مافەکانی ژیان و ئازادی و بەختیاریی میللەت، حکوومەتێک پێک دەهێندرێت کە لەلایەن کەسانی دڵسۆز و پابەند بە داخوازییەکانی خەڵک و ڕەزامەندیی ئەوان سیستمەکە پیادە دەکات، بەڵام کە خەڵک دڵنیا دەبێت لەوەی کەوا حکوومەت و کاربەدەستەکان پێشێلی ئەو بەند و یاسایانە دەکەن، کە میللەت بەوانی ڕاسپاردووە، تەواوی مافیان هەیە حکوومەتەکە بگۆڕن یان هەڵیوەشێننەوە و داوای دەستبەکاربوونی حکوومەتێکی تری نوێ بکەن، کە هەموو دەسەڵاتەکان لە ئەندامانی حکوومەتە کۆنەکە وەربگرنەوە. لە هەموو ئەزموونەکانی مێژووی مرۆڤایەتیدا زانراوە، کەوا مرۆڤ ڕووبەڕووی چەندان شێوەی چەوساندنەوە و زۆردارییەکان بوویتەوە، زۆریش باو بووە کە بەدکاری لەناو خەڵکەکەدا تەشەنەی کردبێت و پەیڕەو کرابێت و تەنگی بە میللەت هەڵچنیبێت، لەو ڕەوشەدا،

میللەت مافی ڕەوای خۆیەتی بەڕووی زۆرداری و خراپەکارییەکاندا هەڵبستێتەوە و بەرپرسی تر دەستنیشان بکات، بە مەرجێک ڕێز لە مافەکانیان بگرێت.

ئەگەرچی جیفرسۆن زۆرتر جەختی لەسەر مافەکانی ژیان و ئازادی و فەراهەمکردنی بەختیاری کردووە، قسەی لەسەر سیاسەتی ناوخۆش کردبوو، گومانی زۆری لەسەر کردەوەی بزنسمانەکان هەبووە. ئەو وتوویەتی کەوا دەسەڵاتدارەکان دەبێ هەموو داخوازییەکانی خەڵکەکە جێبەجێ بکەن، بەڵام بزنسمانەکان زۆرتر کار دەکەن و مەبەستیانە هیوا و داخوازییە تایبەتییەکانیان بۆ کۆکردنەوەی سامان و زۆرترین سامانە و پارەیە.

ڕامانی وا بووە کەوا لەو سەردەمانەدا جیهان چەندان تەنگژە و کێشەی دارایی هەیە، کە فاکتەر و هۆکارەکانیش گەندەڵی و چاوچنۆکیی بانکەکان و سەرمایەگوزاریی ناڕەوای کۆمپانیاکانە، بەڵام بەر لە دوو ساڵ جیفرسۆن نووسیویەتی:

زۆر باشترە خەڵک بە شان و بازووی خۆی کار بکات و ئارەقە بڕێژێت و ڕەنج بدات و پارە پەیدا بکات و ئینجا پارەکەی لە خۆی سەرەف بکات، نەک بچێتە بانکەکان و لەوێ کۆنتراکت و قەرز مۆر بکات و دواییش نەتوانێت قەرز و پەیمانەکان جێبەجێ بکات، بەوانە کەس ناتوانێت خەونەکانی جێبەجێ بکات.

حکوومەتەکەی ئەو لە بانکەکان پارەی قەرز کردووە بۆ پەرەپێدانی پرۆژەکانی گەشەپێدان و ئاوەدانی، بۆیەش ئەو نووسیویەتی:

هەر بیست ساڵێک نەوەیەکی تر پێ دەگەن، بۆیەش هەر بیست ساڵ جارێک دەبێ حکوومەت قەرزە کۆنەکانی پاک بکاتەوە و قەرزە کۆنەکان بۆ نەوەکانی تر جێ نەهێڵێت، چونکە ئەو نەوەیە بەرپرسی قەرزە کۆنەکانی نەوەکانی ڕابردوو نییە، تا قەرزی ئەوانی پێش خۆیان بدەنەوە.

لەساڵی ١٧٩٠دا لەگەڵ دامەزراندنی بانکی ناوەندی ئەمەریکایی نەبووە، لەساڵی ١٨١٢ قبووڵی نەبووە پارە بۆ بەردەوامیی شەڕەکەی ئەمەریکایی بریتانی لە بانکەکان قەرز بکات. لە گوتاری ماڵئاوایی لە کۆشکی سپیدا وتبووی:

ئەو بانکانە وەک خاڵێکی ڕەش لە ژیانی ئێمەدا دەمینێنەوە و کێشەکانمان چارەسەر ناکەن و وێرانمان دەکەن، ئەو بانکانە زۆر پشت بە گیانبازی و گەندەڵی دەبەستن، هەر چەند ئەوانە مەزن و گەورە دەبن، بەها ئەخلاقییەکانمان کەم دەکەنەوە.

جیفرسۆن تا سیاسەتی دەرەوەیان نوێ و کاریگەری بێت، ئەو مەرجانەی هەبوو بۆ بنچینە و بناخەی سیاسەتەکە:

یەکەم: بڕوابوون بەوەی کە میللەتی ئەمەریکایی میللەتێکی ئازاد و نیازپاکە.

دووەم: چەسپاندنی داوا و مەبەستەکان بە پشتبەستن بە مافە سرووشتی و جیهانییەکانی مرۆڤ.

سێیەم: ڕیسواکردنی شەڕ و گەندەڵییەکان.

ئەو لەساڵی ١٨٩٠ لەدوا وتارەکەی وەک سەرۆک وتوویەتی:

من دەمەوێ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ببێتە ئیمپراتۆریەتی ئازادی، دەمەوێ ببێتە سومبڵی یادگارییەکانی مافی مرۆڤیش، دەمەوێ وڵاتەکەم ببێتە مەشخەڵێک بۆ ڕووناکیی هەموو ناوچەکانی ئەم جیهانە.

وەک چۆن فەیلەسووفی بریتانی لۆک داواکاری دادپەروەری و ئازادی بووە، بەڵام بەرگری و پشتیوانیی لە بازرگانی کۆیلە کردووە، بۆیەش جیفرسۆن وەک شاگردێکی ئەو لەسەر ئەو بەرنامەیە ڕۆیشتووە، بەڵام وەک سیاسەتمەدارێک بەرپرسیاریەتیی جیفرسۆن مەزنتر و کاریگەرتر بووە، چونکە ئەو ماوەی هەشت ساڵ سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بووە. ئەگەرچی ئەو لە دوا وتارەکەی خۆیدا وتبووی کەوا ئەو ئەمەریکای دەوێت ببێتە ئیمپراتۆریەتی ئازادی، بەڵام قبوولی نەبووە دان بە شۆڕشەکەی هایتیدا بنێت، کە لەو دەمانەدا شۆڕشەکەی هایتی وەک دووەم شۆڕشی نوێی دونیا دەناسرا، کە دژ بە داگیرکەرانی فەرەنسی بەرپا بووبوو، بەڵام بە سەرکردایەتیی ڕەشەکان بوو. بۆیەش ئەو نەیدەویست پشتیوانیی ئازادیی ڕەشەکانی هایتی بکات تا ڕەشەکانی ئەمەریکا شۆڕش نەکەن. بەڵام ڕەگەزپەرستیی جیفرسۆن لەوە زۆرتر بوو لە دژایەتیی هاییتییەکان، چونکە ئەو سەدان کۆیلەی ڕەشی هەبوو و خاوەنداریەتیی دەکرد کە لەناو کێڵگەکانی کە ڕووبەریان دەگەیشتە زۆرتر لە دەیان هەزار دۆنم. بەپێی ناوەڕۆکی کتێبی ڕامانێک لە جیفرسۆن، ئەو فاکتەرانە کاریان لەو کردبوو کە ئەو وا ڕەفتاری کردووە:

یەکەم: تەماعە سەرمایەدارییەکە بەسەر هەموو بۆچوون و هزرە میسالییەکانیدا زاڵ بووبوو.

دووەم: ترسی ئەوەی هەبوو ڕەشەکان ئازاد بن و مەرجەکانی کۆیلەیان لەسەر نەمێنێت.

سێیەم: ترسێکی سیاسی هەبوو نەوەک ڕەش و کۆیلەکان تووڕە بن، ئەوەش دەبووە هەڕەشەیەکی گەورە بۆ سەر ئەمەریکا.

چوارەم: باوەڕێکی نیوە ئاینی هەبوو، کەوا ڕەشەکان پێگەیان کەمترە و سپییەکان باڵاترن، بۆیە دەبێ چاودێرییان بکرێت و خزمەتیان بکەن.

لەساڵی ١٨٠٧دا سەرۆک جیفرسۆن ئیمزا لەسەر یاسا ناودەوڵەتییەکە دەکات، کە چی تر ڕەش و کۆیلەکان هەناردە نەکرێن و ئەو بازرگانییە ڕابگیرێت، بەڵام بریتانییەکان بەر لە ئەمەریکاییەکان ئەوەیان کردبوو، بەڵام ئەوەی ئاشکرایە کەوا ئەو پرۆسەیە نرخی ڕەشەکان گران دەکات، بازرگانەکانیش ترسی ئەوەیان هەبوو.

بەپێی ئەو کتێبەی لەسەر جیفرسۆن نووسراوە، کەوا ئەو لە هەموو حاڵەتەکاندا ئامادە نەبووە بۆچوونی خۆی لەسەر ئازادکردنی ڕەشەکان بگۆڕێت، نەیدەتوانی بە هیچ کلۆجێک ئازادیان بکات، ئەو لە سەرەمەرگیش ئەو بڕیارەی نەداوە، ئەوەش ڕەوشتێک بووە لەنێوان چاکە و خراپەکان، لەو ڕەوشەدا ئینجا بڕیاری ئازادکردنی ڕەشەکانی نەداوە.

جیفرسۆن دۆستایەتیی لەگەڵ ژنێکی ڕەش هەبووە و لەو ژنەش چوار منداڵی هەبووە، بەردەوام

باسی سالی هیمنگزی ژنە دۆستەکەی کردووە، بۆیەش بەر لە مردنی ئەو ئازادی دەکات و هەر چوار منداڵەکەی بە منداڵی خۆی دەناسێنێت، ئەو لەو وەسیەتنامەیەدا کە لەساڵی ١٨٢٦دا نووسیویەتی داوای ئازادکردنی ئەو ژنەی کردووە، لەو ١٣٠ ڕەشە کۆیلەیەی لەکن ئەو بوون، تەنیا داوای ئازادکردنی ژنە دۆستەکەی کردووە، کە ئەو دەمرێت بۆ دانەوەی قەرزەکانی جیفرسۆن براکانی کۆیلە ڕەشەکان دەفرۆشن.

پاش دە ساڵ لە مردنەکەی نەوە ڕەشەکان و منداڵەکانی سالی هیمنگز لە دادگە سکاڵا لەسەر نەوەکانی تری جیفرسۆن بەرز دەکەنەوە، داوا دەکەن بیانناسن و دانیان پێدا بنێن کەوا منداڵی ئەون و لە دەزگەی جیفرسۆن تۆماریان بکەن، سەرەتا منداڵە سپییەکانی جیفرسۆن ئەوە قبووڵ ناکەن، بەڵام ڕەشەکان لە دادگە داواکەیان دەبەنەوە، بە مەرجێک پاش ئەوەی پشکنینی ترشیان بۆ دەکەن، ئینجا بەوەش دەردەکەوێت کەوا ئەو منداڵە ڕەشانە لەو ژنە ڕەشە و لە تۆی جیفرسۆنن.

ئەو بابەتە زۆر دانوستان و ئاخاوتنی لەسەر کراوە و تەلەفزیونی (سی بی ئێس) بە ناوی سالی هیمنگز شەرمەزارییە ئەمەریکاییەکە بەرنامەیەکی لەسەر کردبوو. تەلەفزیۆنی (بی بی ئێس)یش بەرنامەیەکی بە ناوی خوێنەکەی جیفرسۆن: ڕەش و سپیی لەسەر ئەو دۆسیەیەدا ئامادە کردبوو. لەسەر بۆچوونە دژەکانی جیفرسۆن قسە و دانوستان زۆر کراون و لە زەنجیرەی شەرمەزارییە ئەمەریکاییەکەدا باس لەوە کراوە ئەگەر جیفرسۆن سەد ساڵی تر ژیابوایە، یان پاش سەد ساڵ لەو کاتەی ئەو ژیاوە ژیابوایە، لەجیاتی سەرۆک ئەبراهام لنکۆلن ئازادکەری ڕەشەکان ئەو کارەی دەکرد و ئەو دەبووە ئازادکەرەکە. ئەگەر دوو سەد ساڵی تر لەو کاتەدا هاتبوایە ئەو وەک سەرۆک بیل کلنتۆن دەبوو، کە لەناو ڕەشەکاندا خۆشەویست بوو، ئەگەر بیست ساڵ دوای ئەو کاتەش ژیابوایە، ئەوە سەرۆکێکی ڕەشی وەک باراک ئوبامای لە ئەمەریکا دەبینی.

ئەوانەی بڕوایان بە بیردۆزی مرۆڤ منداڵی ژینگەکەیەتی هەیە، دەڵێن کەوا تەلەفزیۆنی (سی بی ئێس) ئەوەی لە ساڵی٢٠٠٠دا ژنە دۆستەکەی جیفرسۆنیان نیشان و نمایش کردبوو، هەر ئەوانە لەساڵی ١٩٩٠دا ئەوەیان قبووڵ نەبووە و نەیانکردووە، ئەوانەی لەساڵی ٢٠٠٠ ڕامان و بیرۆکەکەیان پەسند کردووە هەر ئەوانە لە ساڵی ١٩٩٠ قبووڵیان نەبووە.

لە ئاهەنگی ٢٧٠ ساڵەی لەدایکبوونی جیفرسۆن دەکرێ ڕاستییەک بگوترێت و بزاندرێت، کەوا ئەو باوکی لیبرالیەتی ئەمەریکایی بووە و هەمووش ئەوە لەسەر گۆڕەکەی دەخوێننەوە کە نووسراوە:

ئەوە هەواری جیفرسۆنە، کە لەسەر وەسیەتی خۆی نووسراوە، کەوا ئەو نووسەری پەیامەکەی سەربەخۆیی بووە و دامەزرێنەری زانکۆی ڤرجینیایە. دەزگەی تۆماس جیفرسۆنیش کە ڕەش و سپیی تێدایە، لەگەڵ مۆزەی سمیسونیان لە واشنتۆن کە یەکێکە لە گەورە مۆزەکانی جیهان، بەیەکەوە پێشانگایەک بە ناوی دژەکانی ئازادی: ڕەشێک لەناو ماڵەکەی تۆماس جیفرسۆن بکەنەوە.

لە ڕۆژی ١٧ی یونیۆی ٢٠١٢ لە ڕۆژنامەی ئەلشرەق ئەلئەوسەت بڵاو کراوەتەوە.

# هونەری کارلێکراوی

## چەند پەیڤێکی پێویست

لەلایە هەمووان ئاشکرایە، کە هونەری شێوەکاری ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە لە خستنەڕووی ژیاریی هونەری و ڕێکخستنەوەی مێژووی هونەر و سوود وەرگرتن لە ئەزموونی گەلانی جیاواز و تۆکمەبوونی کاری شێوەکاری، بۆیە بە پێویستم زانی کتێبی (هونەری کارلێکراوی) کە (سوبحی ئەلشارۆنی) بە زمانی عەرەبی نوسیویەتی و باچڤەی بکەمە سەر زمانی کوردی، بۆ ئەوەی مامۆستایان و خوێندکارانی دلۆڤانی کورد سوودی لێ وەربگرن و ببێتە هۆی زیاتر بەرەوپێشچوونی هونەری شێوەکاریی کوردی و دەوڵەمەندبوونی ڕۆشنبیری لە چۆنیەتیی هەوڵدانی هونەرمەندانی جیهان لەم بوارەدا.

### بەشی یەکەم

فەرەنگستان لە ساڵی ١٩٤٧دا ئاهەنگی سەد ساڵەی جەژنی قوتابخانەی کارلێکراویی (ئینتیباعی) لە هونەردا گێڕا، لە شانشینی گەورەی (گران بالێە)ی هونەریی پاریسدا پێشانگەیەکی بۆ هەموو ئەو کارە هونەرییانەی هونەرمەندانی دامەزرێنەری کارلێکراوی و ئەوانەی پەیڕەوی شێوازی کارلێکراوییان لە تابلۆکانیاندا بەکار دەهێنا ساز کرد و ئاهەنگەکە ماوەی چوار مانگی خایاند.

لە ساڵی ١٩٧٥دا، ئەنجوومەنی گشتیی هونەر و ئەدەبی وڵاتی میسر، هاوئاهەنگیی کرد لەگەڵ باڵوێزخانەی فەرەنسگتاندا لە قاهیرەی پایەتەختی میسردا پێشانگەی یادەوەریی سەد ساڵەی کارلێکراوی لە جێگەی ئێستای مۆزەخانەی (محەمەد مەحموود خەلیل و هاوسەرەکەی) لە

........................................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: حەمید خالید کەریم

زەمالیکدا سازکرد و تابلۆی هونەرمەندانی کارلێکراویی فەرەنگستانیان، کە لە مۆزەخانەی میسردا هەبوون، لەگەڵ وێنە فۆتۆگرافییە گرینگە بەناوبانگەکان کە لەوەوپێش لە شاری پاریسدا پێشان درابوون، لەم ئاهەنگەدا لەگەڵ پارچە ڕەنگکراوە slids تۆمارکراوەکاندا کە دەربارەی پێشانگەکانی کارلێکراوی بوون پێشان دران.

مێژووی دامەزراندنی قوتابخانەی کارلێکراوی دەگەڕێتەوە بۆ ١٥ی ئەپریلی ١٨٧٤ کە کۆمەڵێک لە هونەرمەندانی فەرەنگستان ویستیان پێشانگەیەکی تایبەتی بۆ تابلۆکانیان پێک بهێنن، بەڵام لیژنە فەرمییەکانی میری بەرهەڵستییان کرد و نەیانهێشت لە هۆڵی شاری پاریسدا ئەو پێشانگەیە نمایش بکرێت، کە ساڵانە کاری هونەریی تێدا پێشان دەدرا. بەڵام ئەو هونەرمەندانە توانییان ستۆدیۆی فۆتۆگرافی (نادار)یان لە جیاتی پێشانگەی (هۆڵی فەرمی) بەکار هێنا و لەو پێشانگەیەدا ٣٠ هونەرمەندی بەناوبانگ بەشدارییان کرد، کە پێشەنگ بوون یان بە مامۆستا دەناسران، کە بهاتبایە یەک لەو تابلۆیانە مەزاد بکرایە ئەوا دەگەیشتە نرخێکی لە بیردا نەبوو. وەکو ئەم هونەرمەندانە: دیگا... سیسلی... بێرت مۆربزووت...

پێشانگەکانی بەناوبانگی جیهان، کێبەرکێیان لە کڕینی تابلۆکانیاندا دەکرد. هەروەها فێڵبازەکانیش بە لاساییکردنەوەی تابلۆکانیان خەریکی کێشانی هاوشێوەی تابلۆکانیان بوون. بەڵام ئەو نەویستانە بە لاساییکردنەوە هیچ جۆرە ناوێکیان نەبوو. خەڵکانێکی زۆر لە هونەرمەندان و ڕەخنەگرانیش بۆ چوونە ژوورەوەی پێشانگەکە (فرەنگ)ێکیان نەدەدا، خەڵکانێک تابلۆکانیان بەدڵ نەبوو هەندێکی تریش گاڵتەیان پێ دەکردن، بەڵام زۆرینەی بینەران چێژیان لێ وەردەگرتن. بەڵام ڕەخنەگرانی هونەر هێرشێکی توندیان کردە سەر ئەو تابلۆیانەی کە لە پێشانگەکەدا بوون، ئەوەی پێویستە بووترێت هێرشکردنەکەی سەر هونەرمەند (سیزان) فرە توندوتیژ بوو.

تابلۆی هونەرمەند کە ناونیشانی (کارلێکراویی- خۆرهەڵهاتن)ی لێ نرابوو، وای لە ڕەخنەگری کۆواری (شاریڤاویە)ی گاڵتەجار (لیروێ) کرد، تەنیا دەستەواژەی یەکەمی ناوەکەی بەکار بێنێت، ئەویش بۆ زیاتر گاڵتە پێکردن بە تابلۆکە. (کارلێکراو، کارتێکراو، ئا ئەوە کارلێکراوە، کارلێکەری)ی بەکار دەهێنا لە کۆتایی وتارە هێرشبەرەکەیدا ناوی پێشانگەکەی بە (پێشانگەی کارلێکەرەکان) ناوزەد کرد... ئەوەبوو لە ساڵی ١٨٧٤دا ناوی پێشانگەکە و، ناوی خۆیان نا (کۆمەڵەی کارلێکراوەکان) و ئەو ساڵە بوو بە ساڵی لە دایکبوونی ئەو کۆمەڵەیە.

ئایا هونەری (کارلێکراوییەکان) لە فەرەنگستاندا چۆن دەرکەوت؟ دوای زیاتر لە چارەگە سەدەیەک و دوای دە ساڵ پەرتبوونی هونەرمەندانی (کارلێکەران) ئینجا فەرەنگستان ناسییانی، لە پاڵ ئەو هەڵوێستە کۆنەی (کارلێکەران) ئێستا کارە هونەرییەکانیان لە باڵەخانەیەکی تایبەتی و لە مۆزەخانەی (جی دی بۆم)دا نمایش دەکرێن، کە سەر بە مۆزەخانەی (لۆڤەر)ی شاری پاریسە و لە فیستیڤاڵێکی گەورەدا، یادی سەد ساڵەی یەکەمین پێشانگەکەیان دەکەوتە (گەزانیس گوردان) و لە ژێر ناوی (بیست ساڵ لە هونەری مەزن)دا، یان (چەند وانەیەک لە کەللەپووتی)دا، لە سەدەی

نۆزدەمدا کتێبێکی دەربارەی ئەو کۆمەڵە تابلۆیانەی کە خەڵاتێکی فەرمیی فەرەنگستانیان پێ بەخشرابوو بڵاو کردەوە، پاشان لیستێک لە ناوی ئەو هونەرمەندانەی کە لەو کاتەدا ژیاون و هیچ خەڵاتێکیان پێ نەدراوەو فەرمانە فەرمییەکەش دانی پێدا نەناوە، وەکو پاشکۆی کتێبەکە بڵاوی کردەوە.

لیستەکە ئەم ناوانەی خوارەوەی لەخۆ گرتبوو: دیگا، سیسلی، بیسارۆ، ماتیس، جۆرج ڕوو، دۆفی، سیزان، مۆنیە، ڕێنوار، ڕۆسۆ، گۆگان، تۆلۆز لۆتریک، بۆنار. ئەو هونەرمەندانە بوون کە هونەرەکانیان لەدوای سەردەمی خۆیاندا بە زیندوویی مانەوە، بەڵام کۆمەڵێک لە تابلۆی وێنەکێشانی (ئەکادیمیان)ی خاوەنی بەخت و ڕێز لێگیراو خەڵاتیان پێ بەخشرا، ئەوانیش کۆمەڵێکی درۆزن و لاورگە بوون، لە نێوانیاندا چەند تابلۆیەکی مێژوویی هەڵبژێردراو، وێنەی چەند دیمەنێکی سەربازانیان لەخۆ گرتبوو کە سەرکەوتووانە دەستیان بەرز کردبووەوە و سڵاویان لە خەڵکی دەکرد، هەروەها وێنەی چەند ئافرەتێکی ڕووتی وەکو تووری پاککراوی لووس، هەروەها چەند کەسایەتییەکی دەرکەوتووی ناو کۆمەڵگە، کە بەڕێزەوە لە دەوری شاجوانانی مەلهای (مۆلان ڕۆک) وەستاون و گوێ لە ئاوازە پڕ سۆزەکەیان دەگرن هەروەها وێنەی پیرۆزە لە خاچدراوەکان هۆڵی جوانکارییەکەیان ڕازاندووەتەوە.. بە تەنیشتیانەوەیە، هونەر چەشنی مێژوو بۆمانی دەگێڕێتەوە.

لە ساڵی ١٨٩٣دا، واتە: دوای ١٩ ساڵ لە پەیدابوونی ڕێبازی کارلێکراوی بانگەوازێک، وەکو بانگەوازی جەنگ بڵاو بووەوە، کە دەڵێت: "گەر میری بەم جۆرە پیسی و پۆخڵییانە قایل بێت، ئەوا چاوەڕێی داڕووخانێکی گەورەی ڕەوشتی دەکرێت!!".

گیرۆم، خاوەنی ئەو بانگەوازە بوو، یەکێک بوو لە ئەندامە کاراکانی پەیمانگای هونەرە جوانەکان و مەبەستی سەرەکیشی ئەوەبوو کە نەیەڵێت میری ئەو ٦٥ تابلۆیەی پیاوێکی دەوڵەمەند کە لە کاتی خۆیدا پێش مردنی کڕیبوونی و سەر بەقوتابخانەی کارلێکراوی بوون و ئێستاش دەیەوێت پێش مردنی وەکو میراتێک وەری بگرێتەوە.

کاربەدەستانی فەرەنگستان، بۆ ماوەیەکی زۆر لە وەرگرتنی ئەو تابلۆیانە دوودڵ بوون. لە کۆتاییدا لەو ٦٥ تابلۆیە تەنیا بڕیاری وەرگرتنی ٤٠ تابلۆ درا، تابلۆی ئەم هونەرمەندانەش وەرنەگیران: سیزان، مۆنێە، مانێ، ڕێنوار، بیسارۆ، سیسلی.

ئەوەی شایانی وتنە، ئەو ٢٥ تابلۆیەی کە وەرنەگیران ئێستا نرخی هەر یەکەیان ملیۆنان پاوەنی ئیستەرلینیە. مێژوونووسی ئەمەریکایی (گ. ڕێوڵد) لە کتێبەکەیدا دەربارەی (هونەری کارلێکراوی) دەڵێت: "هونەرمەندە بلیمەتە فەرەنگستانییەکان، لە ساڵی ١٨٧٠دا تووشی هەڵمەتێکی دڕاندانەی ڕۆژنامە ترسنۆکەکانی ئەو سەردەمەی فەرەنگستان بوونەوە".

پەتای ئەو هێرشە گەیشتە ئەمەریکا و یەکێک لە ڕۆژنامەکانی ویلایەتە یەککرتووەکان، ئەو تابلۆ

و وێنە سرووشتییانەی هونەرمەندانی کارلێکراویی بە (کۆمۆنیستی بەرجەستەی ژێر ئاڵای سوور) پاژە کرد.

ئەو هەڵمەتە ناپاکانە لە کاتێک لە کاتەکاندا وای لە زۆربەی کارلێکەران کرد لە شاری پاریس دوور بکەنەوە، لەوانە: هونەرمەند (مۆنێ) بۆ (ئیسپانیا) کۆچی کرد. (رێنوار) بۆ (جەزائیر) کۆچی کرد. (بیسارۆ) بۆ (ئینگلستان) کۆچی کرد. (سیسلی) بۆ (هۆڵەندا) و (ئیتالیا) و بۆ (ئەسکەندەناڤیا) کۆچی کرد. (دیگا) بۆ (نیوئۆرلیانز) کۆچی کرد. (گۆگان) بۆ (تاهێتی) کۆچی کرد. (سیزان) لە ناوچەی (برۆڤانس) بۆ ماوەیەکی زۆر خۆی شاردەوە... بەو شێوەیە هونەرمەندانی رێبازی کارلێکراوی خۆیان شاردەوە.

لە پاڵ ئەو نەهامەتی و ناهەمواریيانەی کە هونەری فەرەنگستان بەسەریدا هات، توانیی لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا و تاوەکو نیوەی سەدەی بیست، زۆربەی لاپەڕەکانی مێژووی هونەری تازە داگیر بکات، پروپاگەندەی فرەوان پاڵپشت بە چالاکی و دڵسۆزیی هونەرمەندانی فەرەنگستان (قوتابخانەی هونەر لە پاریس) توانییان بیروبۆچوونی شێوازی وێنەکێشانی خۆیان وەکو سەرهەنگی هونەری بەسەر هونەردا بسەپێنن لەگەڵ ئەوەشدا، هونەرمەندانی ئەوروپا تەنیا چەند کەسانێکی کەم نەبێت، نەیانتوانی داهێنانی تازە وەدەست بهێنن و چەند بوارێکی نوێ بخەنە سەر مێژووی هونەری نوێوە.

### ئەو هونەرەی ئینتباعییەکان دژی وەستان:

کاتێک شۆڕشی فەرەنگستان بەرپا بوو، (لویس داڤید) لە هونەرمەندانی کۆشکی شاهانە، زۆر حەزی لە شوێنەوارە هونەرییە دێرینەکانی پاشماوەی گریک و رۆمانەکان دەکرد. ئەم هونەرمەندە بەشداریی شۆڕشی فەرەنگستانی کرد و هاوڕێی وتاربێژی شۆڕش (رۆبسپیر) بوو لە کۆمەڵەی نیشتمانی هەڵبژێردرابوو، سەرپەرشتیاری پەیمانگەی هونەر بوو، شێوازی تایبەتی خۆی بەسەر قوتابییاندا سەپاند چونکە بە شێوازێکی راستەقینەی دەربڕینی ناخی شۆڕشی فەرەنگستانی دەزانی، ئەو شێوازە بە (کلاسیکی تازە)ی ناودێر دەکرد، لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا ئەم شێوازەی بە سەر چالاکیی هونەری شێوەکاریی فەرەنگستاندا سەپاند، چونکە بە رێزێگی فەرمیی فەرەنگستانی دەزانی، شوێنکەوتووانی پۆستەکانیان دەبینی و بەرەنگاریی هەموو تازەگەرییەکانی هونەریان دەکرد ئەویش بە پێی ئەو رێسا و یاسایانەی کە دایاننابوو، بۆیە بە هیچ شێوەیەک رێیان بە پێشکەوتن و پێگەیاندن و وتووێژ نەدەدا. کە دەتوانرێت بەم شێوەیەی خوارەوە کورت بکرێنەوە:

١- پیرۆزیی بابەت: ئەو بابەتانە لەخۆ دەگرێت کە هەڵوێستێکی تایبەتی چیرۆکڤانی یان وێناکردنی خواوەندەکانی گریکەکان یان پاڵەوانانی کۆن یان پادشاکان یان هەڵوێستی ئاینی دەنوێنێت، بێجگە لەو بابەتانە، هەموو بابەتەکانی تر بەنامۆ دەزانرێت یان لە وڵاتانی

ڕۆژهەڵاتەوە دوورن، بەڵام ڕاستیی باری فەرەنگستان و ژیانی خەڵکانی ئاساییی بێدەسەڵات دەرچوونێکی ڕاستەقینەیە لە تەوەری پاکی بابەتی کلاسیک و شکۆمەندیی.

٢- خاوێنکردنەوەی لایەنی هەست: کلاسیکی تازە و کۆن، نابێت هەست و هەڵچوون و داچوونی توندوتیژی دەرنەخات، هەروەها نابێت لە دەموچاودا شوێنەواری کاردانەوەی ترس و خۆشی و تۆقین یان ئارەزووی پێوە دیار بێت، بەڵکوو پێویستە وەکوو جەنگ هەرچەندەش گەرموگوڕ بێت، پێویستە دامەزراوی و بە خۆبڕوابوون و هیمەت بەرزی و هێمنیی لێ بەدی بکرێت، یان نابێت پاڵەوانێک ئازاری برینی جەستەی تەنگی پێ هەڵچنیوە یان قۆڵبڕاوێک یان جەستەیەکی بێ سەر پیشان بدرێت.

٣- بێوێنەیی ئامانج: ئەوەیە کە دەربڕینی کارە هونەرییەکان شێوەی شکۆمەندی و جوانی و بلیمەتی لەخۆ دەگرن، بەو جۆرە سروشت دەگۆڕدرێت و ڕێک دەخرێتەوە، بۆ ئەوەی بە شکۆمەندی پیشان بدرێت، بۆ دابین کردنی گەیشتن بە لووتکەی جوانی، هێز لە لەشی مرۆڤی وەرزشوانانی گریک و ڕۆمانیەکاندا، وەکو پێوەرێکی کارەکی بەکار دەهێنرا.

٤- پێویستە وێنەکێشان پابەند بن بە یاسا و ڕێسای کۆمەڵەی زانستی ئەندازەییەوە بۆ ئەوەی کەسان و شتەکانی وێنەکە، یەک لەدوای یەکدا و بە شێوەیەکی لۆجیکیانەی تەواو بەڕیز بوەستن، گەورەکان لە دوواوە و بچووکەکانیش لە پێشەوە بن، هێڵە دەستنیشان کراوەکانی خانووبەرەکان، لە ئاسۆی خاڵی کۆتادا کۆدەبنەوە.

٥- پابەندبوون بە سێبەربەخش، کە دیاریکراوەکان و قەوارەکەی پیشان دەدات، ئەویش بەهۆی سەرچاوەی ئەو برە ڕۆشناییییەی کە بە گۆشەی ٤٥ پلە لەلایەکەوە ڕۆدەچێتە ناو پێکهاتەی وێنەکە و ڕۆشنایی بەو بەشە دەبەخشێت و بەشەکەی تریشی بە تاریکی دەمێنێتەوە، بە هەمان ڕەنگ سێبەری پێ دەبەخشرێت. پێچاوپێچی کراسێکی ڕەنگ سوور، بە سێبەربەخشێک دەردەکەوێت کە ڕەنگەکەی لەگەڵ ڕەنگی ڕەشدا تێکەڵ کرابێت.

٦- بایەخدان بە هێڵەکان، کە بنەوایەکی گرینگی هونەری وێنەکێشانی بۆیەی ڕۆنییە، پێویستە هونەرمەند لە دروستکردنی وێنە بەهێڵکێشان بەتوانا و بلیمەت بێت، چونکە بە لایەنێکی گرینگ وێنەکێشان هەژمار دەکرێت، لەبەر ئەو ڕەنگ لە ڕووی گرینگیدا پلە دوو دەبێت، بۆیەش ئەوەندە بایەخدار نییە. هێڵە دەستنیشان کراوەکانی مرۆڤ و شتەکان، بڕبڕاگە و بنەوای هونەرە و پێویستە تۆکمە و ڕوون و پشت پێبەستراو بێت، هەر کەم و کورتییەکی هەبێت، ئەوا نەزانین و نەخوێندەواریی ئەو هونەرمەندە دەردەخات.

٧- پابەندبوون بە وێنەی داخراو: ئەمەش وێنە دروستکردە کلاسیکییەکان و دیمەنە سروشتییەکانی بەڕوونی تێدا دەردەکەوێت، بۆیە ڕێزداری لە کێشانی هێڵە دیاریکراوەکانی شتەکان و پێکهاتەی هونەریی دەردەکەوێت، چونکە گشت پێکهاتەکانی ناواخن لە هێڵە دیاریکراوەکانی شتەکان و وێنە کێشراوەکاندا بەجوانی بەدی دەکرێت، هیچ کاتێکیش نە بە

پارچە دارێک، یان پارچە هەورێک لە ئاسماندا، یان هەر شتێکی بێ بایەخ، ناشاردرێنەوە. گەر تەنیا پێکەوە لە نێوان چوارچێوەکەیدا، ڕێک لەگەڵ دواکارەکانی هێڵەکاندا جووت بێت، ئەگەر گریمان چوارچێوەی تابلۆکەمان لابرد، بۆ ئەوەی لە پشتەوە و لە پاشاندا پێکهاتەکەی لە وێنەکانی تەنیشتیەوە دەردەکەوێت بۆ ئەوەی دیمەنەکە لە ڕووی جوانکارییەوە تەواو نییە و چۆنیەتیی وێنە ترنجاوەکانی پێکهاتەی تابلۆکە دەستنیشانی چوارچێوەکەی دەکات، بۆ ئەوەی دیمەنەکە لە ڕووی جوانکارییەوە تەواو بێت... ئا بەو شێوەیە لاسایی کردنەوە و سنووردانانەکە وا دەکات کە کۆمەڵێکی دیاریکراوی ڕەنگ و نایابترین ڕێگە، لە دروستکردنی وێنەکەدا بەکار بهێنێت.

واتە کامیان پێویستە لە پێشەوەی وێنەکە بێ، کامیان لە دوواوە و پاشان ڕێگەی دابەشکردنی پێکهاتە سەرەکییەکان و ناسەرەکییەکان بەکار دەهێنێت. ئا ئەوەیە گرینگترین بنەوا، کە کلاسیکی نوێ بەسەر پەیڕەوکارانیدا دەیچەسپێنێت و پابەندی بەکارهێنانی دەکات.

ئەم هونەری کلاسیکی نوێیە شکۆدارە (داڤید) دایمەزراند و پاش خۆی هونەرمەند (گرووا) پاشان (ئەنگر) لەو بوارەدا کاریان کرد، کە بڕوایەکی پتەوی بە هێڵ هەبوو چونکە وای دەزانی تەنیا هێڵ دەتوانێت بێ زیادەڕەوی لە سێبەر دروستکردن، یان ڕەنگ بەکارهێناندا هەستیاریی خۆلادانەوە و قەوارەکەی بەجوانی دروست بکا. بۆچوونەکانی خۆی لە چەند تابلۆیەکی جیاوازدا سەلماند، بەلام دیکتاتۆرییەتی (ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان) و خرسبوونی ئەندامەکانی، وای لە هونەرمەندە بەرهەڵستکارەکانی کرد کەژاوەیەکی زۆر دروست بکەن، هەرایەکی گەرم بەرپا بکەن، بۆ ئەوەی سەرنجی خەڵکان بەلای هونەرەکەیاندا ڕابکێشن و بۆ جەماوەریش بیسەلمێنن چی لە بواری هونەردا و چۆن بەشێوەیەکی ڕاستگۆیانە ڕەنگدانەوەی ناخی سەردەم دەخاتە ڕوو.

هونەری (داڤید) و (ئانگەر)، بەو شێوەیە بەرهەڵستیی لە بۆچوونەکەیان دەکرد. شۆڕشی ڕۆمانتیکیەت دژی کلاسیکی تازە دەستی پێ کرد و پیرۆزیی بابەتی کلاسیکی بەرەو ئاراستەی ڕووداوی زیندووی ڕاستەقینەی ژیان گۆڕی، خواوەندەکان و پاڵەوانانی سەردەمانی زووی بۆ پاڵەوانی هاوچەرخ و سەردەمانە گۆڕی، لە جیاتی هەڵبژاردنی هەست بایەخی بە لێکدانەوەی هەڵچوونی هەستی دەدا، تا وای لێ هات جووڵەکان توندوتیژتر بوون و داستانی پاڵەوانان بەگوڕتر بوون و دڕندایەتیی خراپەکاران زیاتر برەوی سەند و ژیانیش جوانتر و شۆخ و شەنگتر بوو، ئەوە ئەو قوتابخانەیەی کە زیادەڕەویی لە دەرخستنی هەست و هەڵوێست دەکرد، بەڵام لە ڕووی ڕووخسارەوە گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە هێڵکاری و سفتی و پوختیی جوانکاری لە ڕەنگدا ڕووی دا، ڕەنگ لە ڕووی پلەوە کەوتە سەرووی هێڵکاری و زیاتر بایەخی پێ درا، هونەرمەند (گیرکۆ) سەرۆکایەتیی ئەم یەکەمین شۆڕش هەڵگیرسانەی کرد، ئەوە بوو بینەرەکان لەسەر کاروباری هونەری بەگژیا چوون و زۆر تەنگەتاویان کرد، تا وای لێ هات بانگەوازی دەستکێشانەوەی لە وێنەکێشان ڕاگەیاند و بەرەو ئینگلستان ڕۆیشت و چەند ساڵانێکی تێدا ژیا، بەڵام هونەرمەندی بە

توانا (دیلا کروا) توانیی لەدوای (گیرکۆ) شوێن پێی هەڵگرێت و بەرهەڵستی و بەرەو پێشەوە چوونی ڕۆمانتیکیەت لە ئەستۆ بگرێت و ڕەنگی بنەوای ڕاستەوخۆی بنیاتنانی هونەری بەکار هێنا، هەروەها پاڵەوانیەتیی ڕووداوەکانی سەدەی هاوچەرخ یان سەدەکانی نێزیکی هەڵبژارد، تابلۆکانی لە ژیانی ڕەنگاڵە و کەسان و لە بزووتنی ژیان پڕ و لێوانلێو بوو، بەڵام شۆڕشی دووەم کە بە دەستی هونەرمەند (گۆستاف کوورِبێ) و (گوورەوە) لە ساڵی (١٨١٩-١٨٧٧) شێوەی ڕیالیزمی لەخۆ گرتبوو پاشان بە دەستی هونەرمەند (ئۆدوار مانێ ١٨٣٢-١٨٨٣) زیاتر پێشکەوت و بەرەو پێشەوە چوو.

(کۆربێ) لە تەنگەبەرایەتی و زبری و لووتبەرزیی کلاسیکی تازە، هێدی هێدی دوورکەوتەوە و ئەو پاڵەوانبازی و چیرۆک گێڕانەوەی هونەرمەندانی پێش خۆی کە بەکاریان دەهێنا، بەتەواوەتی واز لێ هێنا و لە تابلۆکانیدا بەکاری نەهێنا، بەڵکو دیمەنە ڕاستەقینە سادەکانی ژیانی ڕۆژانەی دوور لە پاڵەوانبازی و هەڵچوون و زیادەڕەوی لە درامادا بەکار هێنا.

لە تابلۆ بەناوبانگەکانی: تەرمێک لە دێدا. وێنەکەی هونەرمەند کە جۆرەها مۆدێلاتیان تێدا بوو.

ئەم ئاراستە ڕیالیزمە کە لە ڕەنگە ڕیالیستە بەهێزەکانی ڕۆمانتیەکیەتی بەکار هێنا، بابەتی بەرەو ڕیالیزم گواستەوە و بووە هۆکاری ئەوەی وێنەگرە فەرمییەکان و ڕەخنەگران و دادپەروەران بەڕوویاندا هەڵبشاخێن، تا وای لێ هات ئیمپراتۆر (ناپلیۆنی سێیەم) بەڕوویاندا هەڵشاخێ و تابلۆیەکی (کۆربا) لەت و پەت بکات و لە یەکێک لە پیشانگەیەکدا بیداتە بەر قامچی.

(کۆربا) بێجگە لە هونەرمەندی چالاکیی ڕامیاریشی هەبوو، بۆیە هونەرەکەی بۆ خزمەتی دیموکراسی ڕکەبەرایەتیی ئۆرستکرایەتی کلاسیک بەوپەڕی ڕەوانبێژی و وردییەوە بەکار دەهێنا و بەرهەڵستیی زیادەڕەویی ڕۆمانتیکییەکانی دەکرد.

بەڵام (ئێدوارد مانآ) هەر بەو ئاراستە ڕیالیزمییە ڕۆیشت و ژیانی ئۆرستکراتییە فەرەنگستانییەکان و زیادە ڕەوییەکانیانی زۆر هونەرمەندانەی بەجوانی لە تابلۆکانیدا دەرخست. لە بەناوبانگترین تابلۆکانی (خواردن لەسەر گیا)دا بوو. ئەو تابلۆیە پێک هاتبوو لە دوو پیاوی بەجل و بەرگی سەردەمانە لەگەڵ دوو ژنی ڕووت و قووت و لەسەر گیای نێو دارستانەکەدا پاڵکەوتبوون و لەگەڵ یەکتردا دەئاخافتن. فەرمییەکان ئەو تابلۆیەیان بە تابلۆیەکی بەد و نابەجێ ناوزەد کرد ئیمپراتۆریش بە لادەر و ئەتککەر پاژەی دەکرد. هەروەها تابلۆی (ئۆلیمپیا) پێک هاتبوو لە ژنێکی شەوانەی شاری پاریس بە ڕووت و قووتی پاڵکەوتووە و خزمەتکارەکەشی دەستە گوڵێکی بۆ دەهێنێت و پارچە کاغەزێکیشی لەسەردایە کە زەلامێکی ئۆرستوکرات بۆی ناردووە.

کاتێک لە ساڵی ١٨٦٥دا و لە (هۆڵی گشتی)دا تابلۆکە نمایش کرا، توندڕەوان بڕیاری وردوخاشکردنی تابلۆکەیان دابوو، میری بۆ پاراستنی تابلۆکە پاسەوانی بۆ دانا و ڕێوڕەسمی توندوتۆڵی گرتەبەر، بەو شێوە ڕیالیزمیە لەلای (کوربێ) بە گشتی بەرەو وێنەکێشانی هەژاران و بێدەرەتانان هەنگاوی نا. لە لایەکی ترەوە (ئێدوار مانێ) پەردەی لەسەر تەڵەکەبازیی لەسەر

ئیرۆسوکراتییەکان لادەبرد و وێنەی ڕاستەقینەیانی دەکێشا، لە لایەن پێکهێنانەوە توانیی ڕێگەی ڕووناککردنەوە لەلای کلاسیکییەکاندا بگۆڕێت و هەموو شتەکان و ڕووەکانی لەبەردەمەوە ڕووناک دەکردەوە، بێئەوەی پابەندی هیچ سەرچاوەیەکی ڕووناکی ببێت. ئەوەش بووە هۆکاری ئەوەی هەموو شتەکان بەڕوویەکی ڕووکەش و بێقەوارە دەرکەوێت، وای لە بینەر کرد هەست بکات کە ئەو ڕووناکییە، خودی بەرجەستەکانە نەک لە دەرەوە بەسەریدا ڕژابێت.

(مانێ) ئەم ڕێڕەوەی لە کارلێکراویی هونەری یابانەوە فێر بووبوو، فەرەنگستانییەکان یەکەمین جار بووە کە هونەری یابانی ببینن.

هونەری (ئیدوارد مانێ) بە تەوەرێکی سەرەکی پێوەندیی نێوان (هونەری ڕیالیزم) و (هونەری کارلێکراوی ئینتیباعی) دادەنرێت. بەشداریی چالاکیی کارلێکەرانی کرد و لە کۆتایی تەمەنیدا شێوازی وێنەکێشان و ڕەنگکردنیانی لە ژمارەیەکی زۆر لە تابلۆکانی خۆیدا بەکار هێنا.

بەشی دووەم

## پێش کارلێکراوی

هەولێرنامەی کتێب

چاوخشاندنێکی گشتی بە بەرهەمە هونەرییەکانی ڕیزبەندی ئەوروپاییی سەدەی نۆزدەدا، بە ئاسانی ئەوەمان بۆ دەردەخات، هونەری کارلێکراوی بە نیو سەدە یان پتر لە نیو سەدە، لە سەرەتادا لە وڵاتی ئینگلستاندا دەرکەوتووە. هەندێک بواری مێژووی هونەر بۆمان دەردەخات کۆمەڵێکی زۆر لە هونەرمەندانی وڵاتی فەرەنگستان، بۆ وڵاتی ئینگلستان کۆچیان کرد، ئەویش تەنیا بۆ بینینی پێشەنگە تابلۆکانی هونەری کارلێکراو بوو، چونکە ئینگلستانییەکان پێش فەرەنگستانیەکان، زۆربەی بنەوای زانستییانەی بیردۆزەی هونەری کارلێکراویان دامەزراندبوو.

هەردوو هونەرمەندی ئینگلستانی (جۆن کۆنستابڵ) و (تیرنەر) کە بەرەو وێنەکێشانی دیمەنە سروشتییەکان هەنگاویان نا و یەکەمین کەسیش بوون لە تابلۆ هونەرییەکانیاندا دیمەنە سروشتییەکانیان کردە بابەتێکی سەربەخۆ، چونکە پێش ئەوان بابەتە کلاسییەکان، وەکوو پاسینەیەک بەکار دەهێنران، ئەگەر بە تەنیا وێنە بکێشرایە ئەوا بە زوخرفی دەنوێنرا و بە دیکۆری شانۆیی دەچوێنرا.

جۆن کۆنستابڵ (١٧٧٦–١٨٣٧):

یەکێک بوو لە گرینگترین و بەناوبانگترین هونەرمەند، کە بە ڕاستی کارێکی تەواوی کردە سەر هونەرمەندە فەرەنگستانییەکان، بۆیە لێکۆڵینەوە لەو شێواز و ئەو گۆڕانکارییانەی سەر هونەری وێناکردن دەکەین کە بە تەواوی کاری کردە سەر دیارترین نموونەی سەرەتای کارلێکراوی، یان پێشینەی کارلێکراوی یان پێشەنگی قوتابخانەی دەرچوون بەرەو سروشت دەژمێردرێت، هەر چەندەش لە خانەی ڕۆمانتیەکییەکان دادەنرێت، چونکە لە سەردەمی ئەواندا ژیاوە.

بۆ ئەوەی کینەی دەستبەسەراگرتنەکانی کاروباری هونەر لە ئینگلستاندا لە خۆی دوور بخاتەوە، ئەم هونەرمەندە ڕێگەیەکی نوێی بۆ وێنەکێشان بەکار هێنا، کە هێشتا ئەوان درکیان پێ نەکردبوو، هەروەها بۆ ئەوەی دەروونی ئارام بێت و دێی ئینگلستانی پڕ لە ڕووناکی و دلۆڤانی بکات، تابلۆکانی یەکسەری لە سروشت دەکێشا و پێی دەووت (ئەسکنش) یان ئەو دیمەنەی کە بە دڵی بوایە ئەوا بە هێڵکاری دەیکێشا و لە دواییدا وێنە خێرا کێشراوەکانی دەهێنایەوە وێنەگەکەی، بۆ ئەوەی هەندێک لە وێنە لەیەکچووەکانی، وەکوو نموونە بەکار بهێنێت.

لە سەرەتادا و بۆ دڵنەوایی خۆی، پابەندی بەها هونەرییە تایبەتییەکانی دەبوو، ئەو بنەوا کۆنە ئەکادیمیانەی بە کار دەهێنا، بۆ ئەوەی هاوسەردەمانی پێیان خۆشبێت و لێی ڕازی بن... لە ڕاستیدا هەڵچوون و کەف و کوڵی خۆی لە سەر ڕووناکی و سێبەر و بەتاڵیدا دابمرکێنێتەوە، کارلێکراویی تیژڕەوی خۆی ڕاستەوخۆ بە دیمەنی سروشتی دەردەبڕی، ئەو جۆرە تابلۆیانەی بۆ خۆی گلدەدایەوە و شێوازی سەردەمانەی تابلۆکانی خۆی تێدا بەکار دەهێنا و بۆ پێشانگەکانی دەناردن.

گەر بگەڕێینەوە بۆ ئەو بنەوایانەی، کە کلاسیکی تازە بۆ بەردەوامبوونی لاساییکردنەوەی کۆنەکان دایڕشتوون. دەتوانین بەکارهێنانی پێشتری کارلێکراویی ڕووناکی لەلایەن ئەوەوە پەی پێ ببەین، ئەویش ئەوەیە لەلای چەپی وێنەکەوە، یان لەلای ڕاستیەوە ڕووناکی ڕۆ دەچێتە ناو پێکهاتە کێشراوەکانی وێنەکەوە، واتە: ڕاستەوخۆی سەرەوەی بەرکەوتی تابلۆکانی ڕۆشن دەکردەوە، کە بە تنۆکە باران و ئاورنگ داپۆشرابێت و درەختەکان لە ناوەڕێکی قووڵ و بە سێبەر ڕۆشنکراوە دیار بوون. یەکێک لە فێڵە بەکارهێنراوەکانی بۆ ئەوەی ئەو کارلێکەرەی تێدایە بەدی بێت، وەکوو تارماییەک، ڕەنگی سپیی کاڵی لە نێوان گەڵا سەوزەکانیدا بەکار دەهێنا..

هاوسەردەمەکانی ئەو ڕێڕەوەیان بە (سەهۆڵەکانی کۆنستبڵ) ناودێر دەکرد. ئەم ڕێڕەوە توانایەکی فرەی هەبوو. لێکدانەوەی کارلێکراویی بە ڕووناکی گەشاوە، بۆ ئەز نایابترین و گەورەترین پێناسە بوو.

کاتێک هونەرمەندی ڕۆمانتیکی (گیریکۆ) لە فەرەنگستانەوە بۆ وڵاتی ئینگلستان کۆچی کرد، لەبەر ئەوەی ئەم هونەرمەندە، لە لایەکەوە پابەندی بیرۆکەی ڕووناککردنەوە نابێت بۆیە ئیتر بانگەشەی بۆ ئەو جۆرە هونەرە نەکرد، بەڵام کاتێک لە شاری لەندەن تابلۆکانی (کۆنستابڵ)ی بینی یەکسەر گەرم و گوڕییەکی بۆ پەیدا بوو، دانی پێدا نا کە هەرگیز ناتوانێت لە هونەر واز بهێنێت و ناتوانێتیش ساڵانێکی دوور و درێژ، لە وڵاتەکەی کە فەرەنگستانە دوور بکەوێتەوە. یەکسەر گەڕایەوە و بۆ هونەرمەندە لاوەکان باسی تابلۆکانی (کۆنستابڵ)ی کرد، کە چۆن توانیویەتی سەرکەوتووانە وێنەی گۆڕانکارییەکانی کەش و هەوا لە سەر تابلۆکانی بکێشێت. هەروەها توانیی لە ساڵی (١٨٢٤)دا بەرپرسانی (پیشانگەی پاریس) قایل بکات، بۆ ئەوەی سیان لە تابلۆکانی بەشداری بکات، ئەوە بوو تابلۆی (عارەبانەی کا) ملوانکەی زێڕینی بەدەست هێنا.

لەم پێشانگەیەدا تابلۆی (قەسابخانەی ساکس)ی بەناوبانگی هونەرمەند (بۆگین دیلا کروا)، نمایش کرا، لەم تابلۆیەدا لایەنێکی ئەو قەسابخانەیەی خستە ڕوو، کە تورکەکان لە ساڵی ١٨٨٢دا درحەق بە دانیشتووانی دورگەی (ساکس)ی یۆنانی ئەنجامیان دا، بەڵام هەر کە تابلۆکەی دایە دەست بەرپرسانی پێشانگەکە یەکسەر دەرچووە دەرەوە و لە بەردەم دوکانێکی وێنە فرۆش ڕاوەستا و هەر سێ تابلۆکەی هونەرمەند (کۆنستابل)ی بینی و شێوازی کێشانی تابلۆکانی زۆر بەدڵ بوو، هەر کە لەرزەی سەمای ڕۆشناییەکان و کاردانەوەیانی لەسەر تابلۆکاندا بە جوانی بینی، کاری تێ کرد و مێشکی هەژاند و هەموو گیانی پێ ئاخێنرا، پێش کرانەوەی پێشانگەکە بە چوار ڕۆژ بیرۆکەیەکی کت و پڕ و سەرسووڕهێنەر، هەڵینا بۆ ئەوەی کارێکی سەرسووڕهێنەر ئەنجام بدات. داوای مۆڵەتی کرد بۆ ئەوەی هەندێک کۆتا دەست بەو تابلۆ هەڵواسراوە بە نرخەی بهێنێتەوە. تابلۆکانی لەو هۆڵەدا بوو، کە تابلۆکانی (کۆنستابڵ)ی تێدابوو، هەر کە مۆڵەتەکەی پێ درا، یەکسەر چوار ڕۆژ و شەو بێ وەستان، توێژینەوەی لە بەکارهێنانی (کۆنستابڵ)، لە چۆنیەتیی بڵاوبوونەوەی ڕۆشنایی، لەسەر تابلۆکانیدا ئەنجام بدات، لە کۆتاییدا هەوڵی دا ئەو شێوازەی لەسەر تابلۆی (قەسابخانە)دا بەکار هێنا، لەگەڵ کردنەوەی هۆڵەکە و کاتێک کە تابلۆکان هەڵسەنگێران، لە پڕ چاویان بە تابلۆی هاوشێوەی تابلۆیەکی لەوەو پێش ڕاز پێدراو کەوت، کە لەلایەن ڕەنگ و ڕۆشناییـــــیــــــەوە جیـــاوازییـــەکی زۆریان بینی... ئەوەش بووە هۆی ئەوەی بەرهەڵستیەکی زۆریان کرد و، تا وای لێ هات یەکێکیان ناوی نا (قەسابخانەی هونەر).

شێوازی (جۆن کۆنستابڵ)ی ئینگلستانی کاردانەوەیەکی قووڵی لە هونەری (یۆگبین دیلا کروا) و هاوڕێیانی هونەرمەندانی فەرەنگستانی کرد.

(کۆنستابڵ)یان بە (میسالی نەبوون و هەست ئەستوور) ناوزەند کرد، چونکە (دیمەنی لادێی سەر لێشێواو)ی وێنە نەکێشا، بەڵام لە دواییدا (دیلا کروا) نازناوی (باوکی قوتابخانەکەمانە لە کێشانی وێنە سروشتیەکان)دای لێ نا.

هۆڤانەی کتێب

## بەشی سێیەم

## قوتابخانەی (دەرچوون بۆ سروشت)

لە ژێر گوشاری نووسینەکانی (جان جاک ڕۆسۆ) و (ئەمیل زوولا) و (بۆدلێر) کە بانگەشەی دەرچوون بۆ سروشتیان دەکرد، چونکە بە پەناگە و دەربازبوونیان دەزانی، پاشان ئەو سەرکەوتنە گەورەیەی کە هونەرمەندانی ئینگلستانی بە ڕابەرایەتیی (تێرنر) و (کۆنستابڵ) کە لە ئەنجامی دەرچوون بۆ سروشت بەدەستیان هێنا، وای لە بینەرانی تابلۆکانیان کرد کە بە خۆشەویستیەکی برواداریەوە بڕواننە سروشت، تا گەیشتە سۆفیگەری.

بەو جۆرە داوای (دەرچوون بۆ سروشت) لە وڵاتی فەرەنگستاندا بە تەواوی بڵاو بووەوە، کاتێک خۆی داب و نەریتی هونەری هونەرمەندی هەڵدەنا بۆ ئەوەی کارە هونەرییەکەی بە تەواوی، لە

وێنەگەکەیدا ئەنجام بدات، هەروەها بۆ ئەوەی وێنەی دیمەنێکی لادێ بکێشێت، ئەوە بوو، گایەکی هێنا و بە زنجیر بە قەد دیوارەوە بەستیەوە و پاشان جووتیارێکی بە تەنیشتیەوە ڕاگرت و داوای لە قوتابییەکانی خۆی کرد، وێنەی ئەو دیمەنە بکێشن!

کاتێک داواکاریی بۆ سروشت دەرچوون دەرکەوت، شێوازی وێنەی هێڵکاری خێرا بۆ سروشت پەیڕەو کرا، دوای ئەوە بۆ وێنەگەیان دەبرد، بۆ ئەوەی بە پێی دەستووره پەیڕەوکراوەکان، داڕشتنەوەی هونەریی بۆ دەکرا، چونکە ڕەنگەکان لە نێو دەفرێکدا ئامادە دەبوو، پاشان ڕۆنی تێکەڵاو دەکرا و کردەکەش ئامێرێکی تایبەتی زۆری دەویست، ئیتر گوێ بەوە نەدەدرا، ئایا دەفرەکان بچووکن یان نا، چونکە هێشتا بۆریی ڕەنگەکان دانەهێنرابوون، هەروەها گواستنەوەی هەڵگر و تابلۆکە و شتی تری پێویست، قورس و گران بوو.

ئینگلستانییەکان، بە هۆی هۆکارێکی زۆرەوە، دەرچوون بۆ سروشت، پێش هاوڕا فەرەنگستانییەکان کەوتن.

لەوانە لە ئینگلستاندا، بڵاوبوونەوەی بەکارهێنانی ڕەنگە ئاوییەکان برەوی سەند، چونکە هەڵگرتنی زۆر لە ڕەنگە ڕۆندارەکان ئاسانتر بوو کە لە فەرەنگستاندا بە زۆری بەکار دەهێنرا.

لە ساڵی ١٨٣٠دا، هونەرمەندان لە شاری پاریسەوە، یەک لە دوای یەک بە پەنابەری چوونە دێیەکی بچووکی لێوار جەنگڵستانی (فۆنتێبلۆ) کە ناوی (جار بیزن) بوو.

ئەولاوە پەناپەرانە، لە بری ئەوەی بچن بۆ وێنەگەکەیان، بەرەو سروشت کەوتنە ڕێ. ئەوانە بوون کە دەستێکی باڵایان هەبوو لە دامەزراندنی جۆرێکی تازەی داهێنەرانە، ئەوەی خۆی لە لێکدانەوەی هونەری و تەماشاکردنێکی ڕاستەوخۆی سروشت دەبینیەوە، (بار بیزۆن) یەکێک بوو لە لایەنگرانی، هەر لەو کاتانەدا بوو کۆمەڵەی (ئەنفلێر) پەیدا بوو، کاتێک هونەرمەند (بۆدان) دەڕۆیشتە ئەو شارە، کە لە نێزیک شاری (نۆرماندی) بوو. ئەو کۆمەڵەیە، وێنەکێشانیان لە سروشتدا پەیڕەو دەکرد.

هەر لە هەردوو کۆمەڵەی (بار بیزۆن) و (ئەنفلێر)، شێوازی نوێی وێنەکێشان دەرکەوت و ئەمەش بووە هۆی دەرکەوتنی قوتابخانەی (کارلێکراوی)، ئەو هونەرمەندانە لە چایخانەیەکی شاری پاریس کۆ دەبوونەوە و وتووێژ و بیروڕایان دەربارەی دۆزە هونەرییەکان دەگۆڕییەوە، مەبەستی سەرەکییان ئەوەی داهاتوو بوو.

داواکارییەکان بریتیبوون لە:

١- پێویستە بۆ کێڵگەکان بڕۆن.

٢- داهێنان لە جەنگڵستانەوە دەست دەکەوێت.

ئەوەبوو، پیاوانی (ساڵۆنی فەرمی)، کە دەستیان بەسەر (ئەکادیمیا)دا گرتبوو، گاڵتەیان پێ دەکردن، چونکە پێشبینیی ئەوەیان دەکرد کە ناتوانن جوانکاری لە تابلۆکانیاندا بەدی بهێنن.

## بەشی چوارەم

## شێوازی هونەری کارلێکراوی

گەر بگەڕێینەوە بۆ بنەوا سەرەکییەکانی (کلاسیکی) تازە، بە تەواوی بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە هونەری کارلێکراوی بەرهەڵستیی ئەو بنەوایانەی کرد کە هونەری وێنەکێشانی ڕۆنی کردی...

بەم کردەیە ئەم دەرگەیانەی بۆ قوتابخانەگەلی هونەرە تازەگەرییەکانی خستە سەرپشت، کە ئەمانەن:

١- کێشەی نێوان (هێڵی ڕەسمکێشان) و (ڕەنگەکانی شێوە وێنەکراوەکان)ی گواستەوە بۆ پۆپە، بەڵکوو لە کردەوەی (ڕۆمانتیکییەکان)دا نەوەستان کە توانییان (هێڵی وێنە) لابەرن و لە گرینگیدا بە پلەی دووەم بمێنێتەوە، بەڵکوو بە یەکجاری ڕۆڵی هێڵکێشانیان لەگەڕ خست و پێکهاتەی وێنەکێشەکانیان، وەکوو لەرزەیەکی تێکهەڵکێش و بێ دانانی سنوور وای لە بینەر کرد هەرچەندە لە وێنەکە نزیک بێتەوە، ناتوانێت پێکهاتەی تابلۆکە لە یەکتر جیا بکاتەوە و بیناسێتەوە... بەڵام بۆ ئەوەی بیانناسێتەوە پێویستە، تا ئەندازەیەک لێی دوورکەوێتەوە و سنووری وێنە پێکهێنراوەکانی بە پێی ژیری خۆی بیاندۆزێتەوە، هەروەها لە ژیانی ڕۆژانەی خۆماندا، بە شتێکی تەماویی، وەکوو شووشەی پەنجەرەیەک، کە بە ئاوی باران خوسابێت، یان لە میانەی پەردەیەکی زۆر تەنکەوە بێت، دەتوانرێت بە تەماشاکردنی بەشە پێکهێنراوەکان ببینرێت.

٢- بەشە پێکهێنەرەکانی تابلۆ کێشراوەکانی کارلێکەران بە تەواوی لە سێبەر پێبەخشین دوور کەوتبوونەوە، ئەوەش بە پێی بەکارهێنانی ڕەنگی ڕەش لەسەر ڕەنگی خاوێندا، بووە هۆی ئەوەی وردە وردە ڕەنگی کاڵبێتەوە.

تا فەرمان بدات هەر لەو شوێنە و بە تەنیشت هۆڵە فەرمییەکەوە هۆڵێکیان بۆ دابین بکرێت. بڕیارەکەش بریتیبوو لە: "با جەماوەر خۆی بڕیار لەسەر کارە قەدەخەکراوەکان بدات". لە پێشانگەکەدا، تابلۆی هونەرمەند (ئەدوارد مانیە)، کە لە ژێر ناونیشانی (نیوەڕۆژە لەسەر گیا) بوو، نارەزایی و پەستیی جەماوەری قینی بۆ پەیدا بوو.

لە ساڵی ١٨٦٥دا، تابلۆی (ئۆلیمپیا)، ڕووبەڕووی نارەزایی و ڕەخنە بوەوە... ئا بەو شێوەیە گەنجانی هونەرمەند لە چایخانەی (جیریوا)دا لە دەوری کۆ بوونەوە، هەر لەو چایخانەیەدا هونەرمەندانی کۆمەڵەی (ئەلباربیزۆن) و (ئەنفلیرا)ش دادەنیشتن و باسی هونەر و ئەدەب و مۆسیقا و فەلسەفە دەکرا، (ئەمیل زوولا) یەکێک بوو لەو کەسانەی کە دەهاتنە ئەو چایخانەیە.

لە وەرزی بەهاری ساڵی ١٨٧٤دا، کاتێک کارلێکەرەکان یەکەمین پێشانگەیان دامەزراند، نەیانزانی وێنەی ڕۆشنایی بکێشن، ڕۆشنایی بەلای وێنەگرانی کارلێکەرانەوە، بریتیبوو لە تێکەڵاوکردنی هەر حەوت ڕەنگەکەی پەلکە زێڕینە، چونکە ڕەنگی ڕەشی تێدا نییە، ڕەنگەکانی

پەلکە زێڕینە پێکهاتووە لە: سوور، پرتەقاڵی، زەرد، سەوز، شین، نیلی و وەنەوشەیی.

زانستی بینین ئەوەی سەلماندووە، هەرچی دەکەوێتە تۆڕی چاو لە وێنەی ڕەنگدا، یان هێڵ یان تەنێک بێت، ئەوا لە ڕاستیدا هەڵگەڕاوەی تیشکی ڕۆشناییە.

ڕۆشنایی ڕۆژ کاتێک لە نێوان دابەشکەرەوەی شووشەیی ڕوو سێگۆشەوە ڕەتبێت، ئەوا بۆ ڕەنگە بنەڕەتییەکانی ڕەنگەکانی پەلکەزێڕینە دەگەڕێتەوە.

گەر هونەرمەند تەنیا لەگەڵ لێکدانەوەی هەستی بینیندا ڕاستگۆ بێت، ئەوا پێویستە تەنیا ئەو ڕەنگە خاوێنانە بەکاربهێنێت و لەو ڕەنگە شێواو و تۆخەکان دوور بکەوێتەوە و سێبەری سەر زەویش شین، یان وەنەوشەیی دەبێت.

کارلێکەرەکان ئەو هەموو ڕەنگانەی، کە لە هەردوو ڕەنگی ڕەش و قاوەیی و هاوشێوەکانیان وەردەگیرێن دوور کەوتوونەتەوە، لە ڕێگەی کردەی بینینەوە لە هاوشێوەی ڕەنگە نێزیکی یەکترەکانەوە، بێ بەکارهێنانی بنەوا سەرەکییەکانی زانستی بینراو، سێبەر و وێنە و هەروەها قووڵاییەکان بەرهەم دەهێنن.

٣- گرینگترین داهێنان ئەوە بوو، کە کارلێکەرەکانی زۆر شاد و دڵخۆش کرد، زانستی کیمیاگەری بوو، کە بە هەر سێ ڕەنگە سەرەکییەکانی سێبەری پەی برد، کە ئەمانەن: زەرد، سوور و شین.

ڕەنگەکانی تر لە تێکەڵکردنی دوو ڕەنگی بنەڕەتی دروست دەبن، لە سوور و زەرد، ڕەنگی پرتەقالی دروست دەبێت و لە ڕەنگی شین و سوور وەنەوشەیی و نیلی دروست دەبێت.

زانستی بینین ئەوەی سەلماندووە، گەر بێت و هەرسێ ڕەنگە سەرەکییە، بە تەنیشت تێکەڵەی ڕەنگەکانی دوو ڕەنگە سەرەکییەکانی ترەوە، وەکوو سێبەری بەکار بهێنرێت، ئەوا هەردوو ڕەنگەکانی تەنیشتی خۆی زۆر بە گەشاوەیی و پوخت دەردەکەون، ئەوان ڕەنگی وەنەوشەییان کە لە ڕەنگی زەرد و سوور دروست کردبوون، بۆ سێبەری ڕەنگی زەردیان بەکار دەهێنا و ڕەنگی سووریان بۆ ڕەنگی سەوز، کە لە هەردوو ڕەنگی زەرد و شین پێک هاتبوو بەکار دەهێنا و، ڕەنگی پرتەقالی بۆ سێبەری ڕەنگی سوور و زەرد بەکار دەهێنا، هەروەها ڕەنگی وەنەوشەییان بۆ سێبەری ڕەنگی شین و سوور بەکار دەهێنا، هەروەها دەتوانرا بە پێچەوانەش، وەنەوشەیی بەکار بهێنرێت. ئەگەر ئەم ڕەنگە پێچەوانەی یەکتر بە تەنیشت یەکترەوە دابنرێن، ئەوا هێز و گەشاوەیی پۆختی بۆ دابین دەکرد و هەر یەکەی وەکوو ڕەنگێکی گۆگردیی ڕۆشنایی بەخش دەردەکەوت.. بەواتەی ڕەنگی سوور لە پاڵ ڕەنگی سەوزدا بە گەشی دەبینرێت...تد.

ئەم دۆخە بە ڕوودان، یان بە یاسای (بەرامبەریی تەواوکەریی ڕەنگەکان) ناوزەند دەکرێت. بەو شێوەیە کارلێکەرەکان بەشێک لە خەونەکانیان بەدی هێنا، کە دابینکردن و گەیشتن بەو ڕۆشنانییەی لە ڕاستیدا بووبووە مایەی سەرسووڕهێنان و وەکوو تەنێکی بەرچاوی تاریک لە تابلۆکانیاندا بەکاریان دەهێنا. هەروەها توانییان ناسکیی لە تابلۆ زبرەکانیاندا بەکار بهێنن.

٤- هەرچەندە پێشینەکان، فرە لە تایبەتمەندیی ڕەنگەکانیان دەزانی، بەڵام کارلێکراوییەکان یەکەم کەس بوون ئەو تایبەتمەندییە زانستییانە، یان شێوە زانستییانەیان بەکار هێنا، ئەوان بە شێوەیەکی میکانیکی بنەواکانیان بەکار نەهێنا، بەڵکوو لە سەرەتادا بۆ پاکانە کردنی بۆچوونەکانیان و هێنانەوەی بەڵگە زانستییەکان بوو، بۆ ئەوەی شان بەشانی ئەو پروپاگەندانەی کە لە سەردەمیاندا وەکوو ڕاستیی بەرجەستە دەرکەوتبوو، بۆ خۆ بەستنەوەی بەکارهێنانی ڕەنگە پاک و خاوێنەکان و بە تێکەڵی یان بە تێکەڵکردنی، تەنیا ڕەنگی سروشتی هەبوو، شییان دەکردەوە و پەرەیان بە بەرهەمەکانیان و ئەو وێنە سروشتییانە و، یان ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکانی ژیان دەدا، پاشان ئەو ڕەنگانەیان بۆ پێکهاتە سەرەتاییەکانیان شی دەکردەوە، پێش ئەوەی ڕەنگەکان تێکەڵ و پێکەڵی یەکتر بکەن و لە شوێنی دیاریکراوی تابلۆکەی دابنێن، لەسەر ڕووی تابلۆکە و بە شێوەی پارچە پارچەی بچووک و لە تەنیشت یەکترەوە دایاندەنا، تاوەکو چاوی تەماشاکەر لە دوورەوە کردەی تێکەڵکردنی ڕەنگەکانی بە پچڕ پچڕی بۆی دەرنەکەوێت، تاوەکوو لێی نێزیک نەبێتەوە و بە کشتگیری چەشەی لێ وەرگرێت، ئەمەش ڕێبازی (خاڵخاڵداریتی یان (دابەشکردنی) نییە، کە پێگەیشتن و گەشاوەیی و سەرسووڕمانی لێوە دەبەخشێت.

٥- بەو شێوەیە توانییان یەکێک لە گرینگترین وێنەکێشانی پێش خۆیان، بە تەواوی لەناوبەرن، ئەویش شاردنەوەی شوێنەواری بەکارهێنانی فڵچە لەسەر تابلۆدا و ئاوێتەکردنی وەشاندنەکانی فڵچە لەگەڵ یەکتردا بە شێوەیەکی ئەوتۆ، تاوەکوو وێنە کێشراوەکە وا بۆ بینەر دەرکەوێت تابلۆکە بەبێ یارمەتیی دەست و فڵچە کێشراوە. پلە پلەداریی ڕەنگە تێهەڵکێشە بریقەدارەکان بەڵگە نەویستێکی زیندووی لێهاتوویی هونەرمەندان بوو، دانانی بۆیە دوور لە یەکتر و تێکەڵاو نەکردنی شێوازێکی تایبەتی کارلێکەران بوو، ئەو شێوازە بووە هۆی ئەوەی بە ڕوونی شوێنەواری فڵچە لەسەر تابلۆدا دەربکەوێت، پاشان هەندێک لە هونەرمەندان درکیان بەوە کرد، کە دەرکەوتنی ئاسەوار و جووڵەی بەکارهێنانی فڵچە هۆکارێکی بایەخدار و نرخداری دەربڕینە، کە وەکوو ڕایەخێکی چنراو دەنوێنرێت، پاش ئەوە، دروستکردنی تابلۆ لەسەر تابلۆ دەرکەوت. بێ بەکارهێنانی فڵچە و بەو چەقۆیەی لەوەو پێش پاڵفتەی ڕەنگەکانی پێ پاک دەکرایەوە، هەویری توندی ڕەنگەکانی پێ دەخرایە سەر تابلۆکە... تەپۆلکەکان بوونە هۆکارێکی جوانکاری و هونەرمەندان بایەخێکی زۆریان پێ دەدا، کە دەست لێدراویی پێ دەگوترا Texture، هەندێک لە هونەرمەندان زیادەڕەویان لە بەکارهێنانی فڵچەدا کرد، وەکوو نەخشێکی بەرچاو دەرکەوت. ئەم ڕێگەیە لە کارە هونەرییەکانی (ڤان کۆخ)دا، هۆکارێکی سەرەکیی دەربڕین بوو.

پێویستە پێش ئەوەی باس لە هەڵوێستی کارلێکەران بەرامبەر بابەتی هونەری بکەین، پێویستە باس لە دوو هۆکار بکەین، ئەویش داهێنانی کامیرا و وێنەی یابانییە، کە لایەنێکی گرینگی

چەسپاندنی کارلێکەران و پاڵپشتێکی سەرەکیی بیر و بۆچوونەکانیان بوون:

أ- داهێنانی کامێرا لە ساڵی ١٨٤٣دا، بووە هۆکاری کاریگەریی ژێر پێی (ئەکادیمیەکان) و ئەوانی تر، هەروەها سەلماندنی وێنە دەتوانرێت لە ڕێگەی تۆمارکردنی هەڵگەڕاوەی پێکهاتەی ڕووناکی دروست بکرێت، بەڕاستی داهێنانی کامیرا و لەدایکبوونی هەژمار دەکرێت و کەسێکیش نەبوو پێشبینیی وێنەگرتنی ڕەنگاوڕەنگ بکات. داهێنانی کامیرا و بڵاوبوونەوەی، ئەکادیمیەکانی لاواز کرد و کارلێکەرانی پشت ئەستوور کرد، تێگەیشتووانی بانگەوازەکەیانی فرە زۆر کرد، چۆن دەوروپشتی خۆیانیان دەبینی، بەو شێوەیە وێنەیان دەکێشا: چایخانە و دانیشتووانی و هەڵس و کەوتەکانیان و هەروەها سۆزانی و بێنەوازان و سەرخۆش و خاوەن کار و چینی ناوەڕاستیان وێنە دەکێشا... بەڕاستی هونەری وێنەگرتنی فۆتۆگرافی نوآ کاری تێ کردوون، چونکە بە چرکەیەکی دیاریکراو جووڵەی تۆمار دەکرد: پیاوێک پەرداخە ئاوەکەی بە لێوار دەمێیەوە ڕاگرتووە، ژنێک لە دەرگەوە دێتە ژوورەوە، لە دەوروبەری تابلۆکەش کەسانێک (دێنە ژوورەوە)، کەسانی تریش (دەردەچنە دەرەوە). وا دەردەکەوێت لاشە و دەم و چاویان، چوارچێوەی تابلۆکە بڕیونی. تابلۆکە وا دێتە پێش چاو، لە پڕ وێنەگرتنێکی کوتوپڕی دیمەنێکی ڕاستەقینەیە و هونەرمەند هێناویەتی و لەسەر پارچە کوتاڵێک جێگیری کردووە.

با ئەوەش بزانین ئەو جۆرە وێنانە لە نێو ئوستۆدیۆ بە ئەنجام دەگەیەنرێت، بەڵام ئەو تێبینییانەی دەنووسران، یان داهێنەرەکان و کرۆکیان و هێڵکارییەکەی تۆمار دەکران، لە بەردەم دیمەنە هەنووکەییەکان هونەرمەند تۆماری دەکردن.

ب- لە ساڵی ١٨٥٦دا، کۆمەڵێک لە وێنە چاپکراوەکانی وێنەکێشی داهێنەری یابان (هۆکۆسای)، لەگەڵ کۆمەڵێک کەلوپەلی یابانیدا، هەروەها لە ساڵی ١٨٦٢دا کۆمەڵێکی کەی ئەو وێنانە گەیشتنە شاری پاریس، کاتێک لە ساڵی ١٨٦٧دا پێشانگەیەکی جیهانی لە شاری پاریس کرایەوە و بەشێکی تایبەتی بۆ کەل و پەلی تەرخان کرا: ئەو قاب و قاچاخ و وێنە سەرسووڕهێنەرە دەگمەنانە کارێکی تەواویان کردە سەر دڵ و دەروونی هونەرمەندان، لەوانە هونەرمەند (ئەدوار مانێە) و گەنجانی کارلێکەران و ئەمانیش وەکوو پێکهاتەیەکی زەخرەفی لە تابلۆکاندا بە کاریان دەهێنا، هەر لەو کاتەدا وەکوو بەڵگەنەویستێک بەرامبەر ئەکادیمیەکان بەکاریان دەهێنا.

ئەوەتانآ ئەو هونەرە خاوەن کەلەپوورە هەزار ساڵەیە سێبەر ناکات و چارەسەری بابەتە زەبەللاحە سەرسووڕهێنەرەکان ناکات، ئاراستەی ڕووکەشی و کورتکراو و کەمبەکارهێنانی ڕەنگ دەربڕین لە بۆشاییەکان بەکار دەهێنن تا کەسان و پێکهاتەکان بە ڕۆشناییە خودیەکانی خۆیانەوە دەردەکەون.

٦- کارلێکەران ڕووبەڕووی ئەو ڕاستییە بوونەوە کە شت و ڕووناکی لە تێکچڕژانێکی بەردەوامدان و پاژەی جێگیربوونیشیان نییە، کاتێک تیشکی خۆر کە لە حەوت ڕەنگ پێک هاتووە، دەرژێتە

سەر تەنێک، ئەو تەنە بەشێک لە ڕەنگەکان هەڵدەمژێ و بەشەکەی تریشی هەڵدەگەڕێتەوە، هەندێک لەو ڕەنگە هەڵگەڕاوانە بەر تەنێکی تر دەکەوون، ڕۆشناییی خۆر جێگیربوونی بۆ نییە، بەڵکوو بە پێی قووڵگەی زەوی لە خۆرەوە بە بەردەوامی لە گۆڕاندایە و بە پێی نەبوونی هەور و جووڵەی گیانلەبەراندا لە شوێن و گەشەکردنیاندا، بە بەردەوامی لە گۆڕاندایە، ئەوەی پێی دەڵێن (سروشت) تەنیا پێکهاتەیەکە لە لەرزە و شەپۆلی نەبڕاوە لە ڕەنگی ئەو، وەکوو ئاوێنەیەکی هەزار ڕوو بە بەردەوامی لە هەڵگەڕانەوەی ڕۆشناییی خۆردا، بەو شێوەیە ڕووبەڕووی دۆزی گرتن، نە شتێکی نەگیراو بوونەوەیە، هەرچەندە هەوڵی تۆمارکردنی ڕووداوەکانی سروشت لەگەڵ لەرزەکانی تەنیا بۆ جێگیربوونی ساتێک لە ساتەکانی پەرتبوونی، (ڕەمسیس)ی یۆنانی لە کاتی خوێندنەوەی تابلۆیەکی کارلێکەرادان بەم شێوەیە پاژەی کردووە: "ئەم گوڵە سوورە، بە ڕاستی سوورە؟ نەخێر. بەڵکوو ڕەنگدانەوەی شینی ئاسمان و سەوزیی گەڵای دارە و زەردیی کراسی ئەو کناچەیەیە بە تەنیشتەوەیە... ئایا بە ڕاستی ئەو کراسە زەردە؟ نەخێر بەڵکوو ڕەنگدانەوەی سووریی گوڵەکە و سەوزیی گیایەکە و بریقەی ئەو ئاوەیە کە بە بەردەم کچەکەدا دەڕوات... هیچیان جێگیربوونیان بۆ نییە، بریقەی ئاوەکە لە هاتوچۆدایە و گوڵەکەش لارەلارێتی و گیایەکەش هەناسەی خۆی بڵاو دەکاتەوە، بۆ ئەوەی کارلێکەران لە کارەکانیاندا تا کۆتایی بەردەوام بن، هەوڵیان دا لە ڕۆژگارێکدا و لە چەند کاتێکی جیاوازدا چەند وێنەیەک بۆ تەنیا دیمەنێک بکێشن، ئەویش لە پێناوی ئەوەی لە هەر یەک لەو تابلۆیانەدا دەستگیری ئەو دیمەنە بێت، کە لە ساتێکدا ملیۆنان گۆڕانکاریی بەسەردا دێت، هەروەها بۆ ئەوەی لە میانەی ئەو تابلۆ زۆرانەوە بۆچوونە دروستەکانی بسەلمێنێت و جێگیریان بکات".

٧- بەڵام لەلایەن پێکهێناندا یان دروستکردنی تابلۆی هونەری لە کارلێکەرانەوە، هەڵوەشاندنەوە و شیکردنەوەی دیمەنەکان بۆ پێکهاتەی سەرەتا ڕەنگەکانی و بۆ ڕزگاربوونی لە کۆت و بەندی پێکهاتە هونەرییە پێشینییەکان وە شلبوونەوە و ئامادەسازی و تەریبی و گونجاندنی لە پێناوی تۆمارکردنی سروشتدا و وەکوو خۆی پاراستنی سنووری پێوەندییەکان، بۆ ئەوەی چاو بحەسێنیتەوە و وا لە تابلۆ بکات کە لەلایەن بینەرەوە ڕەت نەکرێتەوە. ئەو دیمەنەی کە لەلایەن ئەکادیمیەکانەوە داخراوە... کرایەوە، ئینجا توانرا نیوەی دارەکە یان نیوەی یان چارەکێکی یان هەندێک لە گەڵاکانی دەرکەوێت و بەشەکانی تری لە پشت چوارچێوەکەوە بشاردرێنەوە، هۆکاری پێوەندیی دیمەنەکانی نێو تابلۆکە خۆی لە ئەنجامی هەرەسهێنانی شوێنی هێڵی دیارکەوتووی شتەکانەوەیە، هەروەها خۆی بە پێکهاتەی بابەتە وێنەکێشراوەکان نابەستێتەوە، بەڵکوو لە ڕەنگە دابەشکراوەکانی سەر تەنی تابلۆکە پێک هاتووە، بە دەرکەوتنی بزاوی کارلێکەران لە هونەری وێنەی ڕۆنی، دیمەنی کراوە هاتە کایەوە.

٨- گرینگترین پێدانی کارلێکەران خۆی لە گواستنەوەی کارلێکردنی ڕاستەوخۆ و کاتی بۆ

دیمەنەکە یان تابلۆکە دەبینێتەوە، بێئەوەی بیر یان هەست بێتە ئاراوە، هەروەها گوێنەدانە ئەو زانیارییانەی کە لەوەو پێش دەربارەی چۆنیەتیی ئەو تەنانەی دەیانەوێت وێنەی بکێشن، چ دەربارەی ڕەنگ یان چونیەتی یان پێکهاتەکانیان هەبێت... لە تۆمارکردنی کارلێکردنی هەنووکەیی بەولاوە ئامانجێکی تریان نەبوو. ئەم ئاراستەیە کوودەتایەکی لە هونەری وێنەی ڕۆنی هێنایە کایەوە، چونکە (بابەتی هونەری)ی پشتگوێ خست، کە بگرە و بردە و هەرایەکی زۆری لە نێوان (کلاسییەکییەکان) و (ڕۆمانتیەکیەکان) و (واقعییەکان) بەرپا دەکرد، هەروەها وێنەی پاڵەوانەکانی سەردەمیان دەکێشا و گەلی تێکۆشەریش کاری تایبەتی خۆی بەسەریانەوە هەبوو، تا وای لێ هات بیری وێنەکێشانی ئەوەی (جوان) و (نایاب) و بابەتە زیادەڕەوییە (سۆزدارەکان) و هەروەها ئەوەی گەل هەڵدەنێت بۆ پابەندبون بە دیموکراسی و یەکسانی، بە تەواوی وازیان لێ هێنان، هونەرمەندە کارلێکەرەکان تەنیا بایەخ و گوێدانەکانیان ئاراستەی ناو ئەو چوارچێوەیەی بەردەمیان کردبوو، ئەویش بۆ دابینکردنی دیمەنێکی دڵڕفێن و شاعیر و سەرنجڕاکێش، ئێمە لە چۆنیەتیی بەکارهێنانی فڵچە و ئەو هێزە ڕووناکییەی پێی بەخشراوە ئەرک و ماندووبوونی هونەرمەندەکەمان بۆ دەردەکەوێت، هەروەها دەتوانین بڕی کارلێکردنی دیمەنە کێشراوەکە و چەند توانیویەتی بە بیرە زانستیەکەی ئەو دیمەنە کارتێکردووەمان بۆ بگوازێتەوە.

هونەرمەندە کارلێکەرەکان یەکەم بوون لەوەی کە گوێ بە بابەتی تابلۆکە نەدەن، ئەم کودەتایە لەسەر پێشکەوتنی لەسەر هونەری نوێ ترسناک بوو، تا ئەو ڕادەیەی کە تابلۆکە بەشێک یان بە هیچ و بە تاک و تەنیا بە کارێکی هوونەریەوە بناسرێت.

## کارلێکراوی و ئینتباعی و کارلێکردن:

تێبینی دەکرێت پەیڤی Impressionnisme لە زمانی عەرەبیدا بە (ئینتیباعی) پاچڤە دەکرێت و پەیڕەوکەرانیشی بە (ئینتیباعی) ناو دەبرێن، کەسانێکیش پەیڤی کارلێکراوی و کارلێکراوان بە کار دەهێنن. گەر بهاتبایە ئەمانە چاویان بۆ تۆمارکردنی ئەو دیمەنانەی دەیانبینی بە وردی لە هزری خۆیاندا تۆمار بکردبایە و پاشان لە وێنەگەی کاتیدا بە جوانی وێنەیان بکێشابایە، ئەوا دەتوانرا بە ئینتیباعی ناوزەند بکرانایە، بەڵام ئەوان پێچەوانەی ئەوەیان پەیڕەو کرد، ئەو دیمەنەیان لە چرکەیەکدا بە پێی بینینی چاوی خۆیان تۆمار دەکرد. بۆیە بۆ ڕاستێتیی ئەم هونەرە نەدەگونجا ناوی ئینتیباعییان لێ بنرێت، بەڵام ئەگەر کێشانی دیمەنە سروشتییەکەی بۆ بینەر هیوا و ئامانجی هونەرمەند بوایە، ئەوا ناوزەندکردنیان بە کارلێکراوی کونجاو بوو، بەڵام کاتێک کارلێکردنەکەی سەر خۆی یان کاری دیمەنەکە بۆ سەرخۆی بوایە، ئەوا بایەخی کارتێکردنەکە بۆ سەر خۆی دەبوو، نەک کارتێکردنی بەسەر کەسانی تردا دەدا، دەستەواژەکە هونەرمەندی وێنەکێشانی نەدەگرتەوە، نەک سروشتی کارتێکردنەکەی سەر بینەران، بێ جیاوازیی نێوان

هونەمەندان یان جووتیاران یان گەشتیاران بووایە. بۆیە دەستەواژەی کارلێکراوی، کە بە زۆری بە کار دەهێنرێت، ڕاستترین پاچڤەیە و باشترین بۆچوونی ئەم هونەرەیە.

## کارلێکراوی لە نێوان هونەرەکانی سەدەی ڕابردوودا:

هونەری ئەکادیمی بە پێی پێوەری کلاسیکی توندڕەوانە، وەرگرتنی ئەو دیمەن و بابەتە کۆنانەی کار و شوێنەوارەکانیان لەسەر خەڵک ون بووە، سەرباری ئەوەی ئەو بێ نەواییەی کە بە پێی داواکاری دروست بوونە. ئەم هونەرە ئەکادیمییە، لە دوای شۆڕشی فەرەنسادا بە چەند ساڵێک بینرابوو، چونکە هیچ نیشاندەرێکی کۆمەڵایەتی پێوەی نەدەبینرا، بەڵکوو تەنیا لێوەشاوەیی و وردەکاریی دەنواند و بۆ مەرامی خۆ هەڵواسین بە چینی دەستەڵاتداران و فرە دەوڵەمەندەکانەوە هونەرەکەیان تەرخان کردبوو.

ئەوەندەی نەبرد هونەری ڕۆمانتیکیش توانی سەرنجڕاکێشانی بینەرانی نەما، چونکە کۆڵەکەیەک لە کۆڵەکەکانی دۆڕاند، ئەوەش بووە هۆی زیادەڕەوی لە هەست و هەڵچوونی دەروونی، کاتێک بە ناپاکی مەمکی کچێک یان ڕانی ئافرەتێکی دەکێشا. کۆمەڵگەی فەرەنگستانی تووشی هەڵوەشاندنەوە ببوو، بۆیە هەموو بنەواکانی کۆمەڵگە بەسەر یەکدا تێک چوون، هونەری فەرمی هاتە کایەوە و گوتی: هەموو شتێک لەسەر دۆخی خۆی ماوەتەوە و بابەتی هونەر ڕێزی لێ گیرا لەلایەک، لەلایەکی ترەوە دەربڕینی کلاسیکییە دێرینەکان بوو، یان لایەنێکی ڕۆژهەڵاتی ئەفسووناوییە پڕ لە موخور و بۆن و سوارە و ئافرەت. تەنیا بە پێی بیرکردنەوەی خۆیان بوو. لەبەرئەوەی پووچبوونەوەی هونەری بە درێژایی نیوەی یەکەمی سەدەی ڕابردوو، هەموو ئەو خەڵات و پاداشتانەی بۆ خۆی قۆرخ کردبوو، بانگەوازی هەنگاونان بەرەو هونەری ڕاستەقینەیی و هونەری سروشتی هاتە کایەوە.

جیاوازیی نێوان قوتابخانەی سروشتی و قوتابخانەی ڕاستەقینەیی، لە چۆنیەتیی تێگەیشتنی هەردوو قوتابخانەکەدا دەستەبەر دەبێت... واتە: شتی سروشتی دەدرێتە پاڵ ئەو سروشتەی کە خودای باڵادەست دروستی کردوون، تۆزقاڵێکیش هۆکاری دەرەکی کە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیی دروست کردووە کاری تێ کردووە، وەکوو هەڵس و کەوت و بنەوا ڕەوشتییەکان و پرۆگرام و یاسا و پەیمانگەی زانستەکان و دامەزراوە هونەرییەکان و شار و ئەوانەی ڕاستێتیی گشتی داناوون.

هونەری سروشتی ئەوەیە کە ژیانی سروشتی لە خۆ دەگرێت و تۆزقاڵێکیش لایە وەرگیراوەکان کاری تێ ناکەن، بەڵام هونەری ڕاستەقینەیی خۆی هونەری سروشتی بوو بەڵام مرۆڤ و کۆمەڵگە بە هۆی ئەو لایەنە دەرەکییانەوە دروستی کردوون، وەکوو داب و نەریت و ئەدەبیات و شار و هەروەها ئەو داهێنراوانەی ئارەزووی گشتی دروستی کردوون.

هونەری سروشتی ئەو هونەرەیە کە ژیانی سروشتی لە خۆ دەگرێت و وەرگیراوەکانیشی تۆزقاڵێک کاری تێ ناکەن، بەڵام ڕاستێتیی ئەو هونەرە سروشتیە پێکهاتەی دەرەکیانەی مرۆڤ و

کۆمەڵگە هێناویەتە کایەوە و کاری تێ دەکەن، ئەمەش بە پێی تێکهەڵکێشی داب و نەریت و ئەدەبیات پەیدا دەبێت.

هونەری ڕاستەقینەیی و سروشت، دوای کارتێکردنی هەمە لایەنەی هۆکارە وەرگیراوەکان، ئەو ئەدەبیاتە باوەکان، وێنای دەگیرێت. واتە: دوای ئەو پێشکەوتن و پاڵفتە و ڕێکخستنە دێتە ئاراوە.

بەڵام کاتێک خۆ سەپاندنی ڕۆمانتیکیەت، بەسەر ئەوروپادا بەرەو کزی ڕۆیشت، خەڵکان شەیدای ئەو ئەدەبیات و هونەرانە بوون کە لە ژیانی ڕاستەقینەیان دەدوا، هەروەکوو لە کتێب و چیرۆکەکانی (ئیستاندال) و (بەلزاک) و (فلۆبیر) لە فەرەنگستاندا و لەلای نووسەرە هاوشێوەکانیان.

لە ئەوروپادا، ئەدەبێکی بەرزی پڕ بایەخ هاتە کایەوە و ڕەنگی دایەوە، کە وەرگیراوی پێوەندییە کۆمەڵایەتییە ڕاستەقینەکەیان کردبووە هەوێنی ئەو شاکارە ئەدەبییانە، لە پاڵ ئەوانەشدا لە سەر دەستی (ئەمیل زوولا) و (جی دی مۆباسان) و (ئەلفۆنس دودییە) و هاوکارەکانیان شەپۆلێکی ئەدەبی سروشتی هاتە کایەوە، ئامانجی داواکارییەکەیان گواستنەوەی وێنەی سروشتی ڕاستەقینەی هەڵقولاوی بنەواکانی بە یاسا سەپێنراوەکان و خوو و ڕەوشت و داب و نەریتەکانی کۆمەڵگەوە هاتە کایەوە.

بە تایبەتی لە ئەوروپادا سنوورێکی جیاکەرەوە لە نێوان (بەرەو سروشت چوون) نەبوو و بە هیچ شێوەیەکیش ناتوانرێت بە جیاوازییەکی مێژوویی یان بە بیرۆکەیەکی دیاریکراو، لە کارلێکراوی جیا بکرێتەوە، تەنیا ئەوە نەبێت لە لایەکەوە ڕەشبینی باڵی کێشاوەتە سەر بەرهەمەکانی (سروشتئامێز) و لە لایەکی ترەوە گەشبینی و بەرز ڕوانین لە ناواخنی کارلێکەراندا ڕەنگی داوەتەوە.

لە چالاکییە ئەدەبییەکانیاندا، بەڵکوو لە هەموو کارە هونەرەکانیاندا، سروشتییەکان لە گواستنەوەی دیاردەکاندا وردبینی و پاکی ماکی سەرەکیی کارەکانیان بوو، نە زیادەڕەوییان لە جوانکاری و لە ناشیرینی و بڵحیدا نەدەکرد و نە پیایاندا هەڵدەدا و دەسکاریی بونیادیان نەدەکرد و شیکردنەوە و بۆچوونی هەڵێنجاویان بۆ نەدەکرد.

چالاکییەکانیان تەنیا وێنەگرتنی ژیانی چینی ژمارە دوو بوو (خۆی لە گواستنەوەی ئەو ژیانە پڕ لە تاوانکاری و پێشێلکردنی ڕەوشت و لادان و سپڵەیی و گەنی و خۆشەویستیی ئاژەڵی و ڕەوشتی قیزەوندا دەبینییەوە). بۆیە زۆربەی نووسەرە سروشتییەکان لە ڕەشبینی بۆ ژیان و داهاتوو نێزیک بوون لەوەی لە گەشبینی و ئاسوودەیی دوارۆژ و زەردەخەنە بەخش بن.

ئەو بۆچوونە پەیام و فەلسەفەیەکی ئەوتۆی نەبوو، هەروەها ئامانجی چاکەکاری لە خۆ نەگرتبوو، بە پێچەوانەوە کارلێکراوی لە هونەری شێوەکاریدا کە بە پێی تێفکرین خۆی لە ئەدەبدا بە بەردەوامیی سروشتی دادەنرێت. پلە پلە گۆڕینی شێوەی هونەری بەردەوام لەگەڵ پێشکەوتنی ئابووری و لەگەڵ ئاراستەی سەقامگیریی کۆمەڵایەتیدایە، هەر وەکوو چۆن لە دوای ڕووداوە

توندڕەوەکانی فەرەنگستاندا، کە لە ساڵی ١٨٧١دا ڕوویدا. کاتێک ئەڵمانەکان (بڕووسیا) فەرەنگستانیان داگیر کرد و ئیمپراتۆر (لویس ناپلێون)یان بە چۆکدا دا و (کۆمیۆنەی پاریس) پێک هێنرا، بەڵام دوای ماوەیەک لایەنگرانی (ڤێرسای) توانییان شاری پاریس گەمارۆ بدەن و دەستی بەسەردا بگرن و (کۆمیۆنە) لە ناو بەرن، ئەوەش بە یەکەمین شۆڕش دەژمێردرێت، کە چینی کرێکار سەرپەرشتیاریی کرد. بەڵام کاتێک گەلی فەرەنگستان، زانییان کە حکوومەتە نوێیەکە پلانی بۆ گەڕانەوەی شا هەیە، بە توندی بەرەورووی وەستان و سەر لە نوآ کۆمارییەکان بەڕێوەبردنی وڵاتیان گرتە دەست.

سەرکەوتنی کۆمارییەکان پێوەندیی بە مەترسیی چینی کرێکارانەوە هەبوو. هەروەها پاشاییەکان لە دانانی پلاندا بەردەوام بوون، لە ئەنجامدا بە بیانووی ئەوەی هیچ جیاوازییەک لە نێوان حکوومەتی (کۆماری سەربەستەکان) و حکوومەتی (تیرۆرستی سووردا) نییە، واتە: حکوومەتی کۆمیۆنە، یەکێک لە پلانە بۆگەنەکانی ئەوە بوو تاوانی (کۆمیۆن)یان دەدایە پاڵ ئەو کەسانەی ڕێگرییان لێ دەکردن، ئەمەش بووە هۆکارێکی زۆر ترسناک و لەمپەر لە بەردەم ڕاستڕەو و چەپڕەوەکان، کە نەتوانن بە جوانی لایەنی میسالی و سۆفیگەرانەیان بە شێوەیەکی جوان زیندوو بکەنەوە، چونکە تەوژمێکی بە هێزی ئیماندارانەی لە خۆ گرتبوو، ئەمەش بەرەنگاربوونەوەی بڵاوبوونەوەی گیانە ڕەشبینەکە بوو...

لە ئەنجامی ئەم گۆڕانانەدا، پێوەندیی نێوان کارلێکراوی و سروشتیەکان لەناو چوو و لە گۆڕەپانی ئەدەبدا بوو بە جۆرێکی تری ڕۆمانتیکیەت.

ڕاستڕەوەکان درکیان بەوە کرد، کە لایەنە ڕاستکرییەکان و کارلێکراوییەکان لە هونەری وێنەکێشاندا بزاوێکی شۆڕشگێڕی دژ بە داب و نەریتە و هیچی تر، بۆیە بە هەموو توانایەکیانەوە بەرهەڵستییان کردن، ئەندامانی ئەو شۆڕشەیان بە (کۆمیۆنی) پاژە کرد و لە ساڵانی ١٨٧٧دا دژایەتییەکە گەیشتە لووتکە و تا ماوەیەکی درێژ بووە هۆکاری ناوزڕاندن و لەکەدارکردنی ناوبانگیان، بۆ یەکەم جاریش تابلۆکانی (خواردن لەسەر گیا) و (ئۆلیمپیا)ی هونەرمەندان (ئێدوارد) و (مانیە)یان بە هونەری داوەشاو ناوزەند کرد، لەلایەکی ترەوە بوو بە هۆکارێکی سەرەکیی پێشکەوتنی تەکنۆلۆجی و چاککردنی هۆکارەکانی بەرهەمهێنان و گەر بەراوردێکی ژیرانە لەگەڵ سەدەکانی ڕابردووی مێژووی هونەر و ڕۆشنبیریدا بکرێت، ئەوا بێگومان بۆمان دەردەکەوێت کە لە خێراییدا بێهاوتا بووە، ئەو پێشکەوتنە خێرایەی کە تەکنۆلۆجیا بەخۆیەوە بینیی:

یەک: بووە هۆکارێکی خێرای گۆڕینی بۆچوونی دڵ و دەروون.

دوو: گۆڕانکارییەکی خێرا هات بەسەر بایەخدان بە پێوەری چێژی جوانیدا.

هەر لەبەر ئەوەی تازەگەری بوو، بۆیە زۆر شێتگیرانە و بەئارەزووەوە بەرەو پیری دەچوون، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی جار نا جارێک هەڵوەستە بەرامبەر بنەوا فەلسەفی و هونەرییەکەی

وەربگیرێت، بۆ ئەوەی لەگەڵ چێژە گۆڕاوەکاندا تەریب بێت. بەو شێوەیە تەکنۆلۆجیای نوێ دیاردەیەکی دینامیکی ئەوتۆی هێنایە کایەوە کە فەرهەنگی هەڵوێستی مرۆڤ شتی وای بەخۆوە نەبینیبوو. بەم هەستە بەرامبەر خێرایی گۆڕان و لە جێی یەکتر دانان لە هەموو شتێکدا، بە واتایەکی سەرەکی بە دەربڕینی (کارلێکراوی) دەناسرێت.

هەرچەندەش هەموو بەرهەمەکانی کارلێکراوی دیمەنی دێ و تابلۆ سروشتییەکانی دەرەوەیە، بەڵام شێوازی کارلێکراوی شارانەیە، چونکە ژیانی شار ئارەزووی چوون بۆ (جەنگڵستانی پاکیزە) پەیدا دەکات، کارلێکراوی ڕەنگدانەوەیە بۆ ژیانی شار، هەرچەندە گۆڕانکاریی خێرا و شتگیری و ڕەنگدانەوەی کورت و پڕی تیژ لە خۆ دەگرێت، بەڵام بەردەوام لە ئاوابووندایە، ئەوەش لە بۆچوونێکی فرەوانی هەست دەدوێت، تواناش بۆ ئاگەدارکردنەوە و وەرگرتن زیاد دەکات، هەروەها هەستیارییەکی ناسک بەرەو سروشت پەیدا دەکات، ئەمەش بە گرینگترین خاڵی وەرگەڕان لە مێژووی هونەری ڕۆژئاوادا دەزانرێت، چونکە لە تاقیکردنەوەی هونەردا، بە لووتکەی بڕوابوون بە پێکهێنەرەکانی دینامیکیەت دادەنرێت.

هەروەها توانیی لە جیهاندا بە یەکجاری کۆتایی بە تەماشاکردنی ئارامی بهێنێت، هەروەها ئەو بیرۆکەیەی کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بڵاو بووبووەوە، بەڵام لەلایەن فەلسەفەوە: کارلێکراوی سەرداریی بە ساتەوەخت دەدات، نەک بە بەردەوامبوون و پێوەندی.

لێکدانەوەیشی بۆ هەست ئەوەیە: کە هەموو دیاردەیەک دووبارە نابێتەوە و تەوژمێکە و شەپۆلەکانی، کات ڕای دەماڵێت، بە ڕاستیی بوونی نییە بەڵکوو کردەیەکی ڕێڕەوی بەردەوامە. بۆیە گەر تەماشای تابلۆی کارلێکەران بکەیت دەبینیت تەنیا تۆمارکردنی ساتەوەختە، کە لە جووڵەیەکی بەردەوامە و تووشی کردەی نەشونما و داتەپین دەبێتەوە. بە هۆی هونەری کارلێکراوییەوە توانرا تێڕوانینی بابەتیانە بەرەو دەربڕین و تێڕاوانینی خودی بگوازرێتەوە، بەو شێوەیە دۆخی تێپەڕبوون زاڵ بوو بەسەر پیرۆزە هەمیشەییەکانی ژیان و ئەوەش وای کرد تێڕوانینێکی خراپی بۆ ژیانی هەبێت و وا لە هونەرمەند بکات تەنیا بە ڕۆڵی بینەری کارلێکراو قایل ببێت و تەنیا بە دابڕاوی و بێپەیامداریی بمێنێتەوە و ڕوانینە جوانکارییەکەی پێ بەس بێت و بەو شێوەیە لە هاوبەشیکردنی چاکەکاری لە ژیانی کۆمەڵگەدا دوور بکەوێتەوە.

ئەوەی کارلێکەران، لە وێنەگرانی ڕابردوو، هەروەها ئەوانەی هاوسەردەم جیا دەکاتەوە ئەوەیە: کە چارەسەری بابەت لە پێناوی جیاوازییە ئاوازەکانیاندایە، نەک تەنیا لە پێناوی بابەتەکە خۆی.

هونەری ڕۆنیی لە تابلۆکێشاندا بۆیە لە کۆتایی نیوەی سەدەی نۆزدەدا هونەرێکی سەرەکیبوو، بەپەرئەوەی بە گەرمی کێشمەکێش لە جیهانی ئەدەبدا، لەسەر داشکان بەرەو سروشت بەردەوام بوو، کارلێکراوی پێشکەوت و وەک هونەرێکی سەربەرخۆی دوور لە سروشت دەرکەوت. لە ساڵی ١٨٨٦دا، کۆمەڵەی کارلێکراوی، وەکوو کۆمەڵەیەکی ساز هەڵوەشایەوە و تاوەکوو ساڵی ١٩٠٦ (سیزان) مرد و قۆناخی دوای کارلێکراوی هەر بەردەوام بوو.

دوای ئەوەی لە سەدەکانی حەڤدە و هەژدەدا باڵا دەستی بۆ ئەدەب بوو، لە نیوەی دوایین سەدەی ڕابردوودا گۆڕانکارییەک بۆ سوودی وێنەگرتن هاتە گۆڕێ، مۆسیقا ڕۆڵی سەرەکیی لە سەردەمی ڕۆمانتیەکیەت دەبینی. ڕەخنەگر (ئەسلینۆ)، ساڵی ١٨٤٠ دەستنیشان دەکات بۆ دەستبەسەراگرتنی وێنەگریی، پۆپەی هونەرە و لە دوای ئەو ساڵەوە نووسەران بە دەنگێکی بەرز دەیانگوت: "ئای پیشەی وێنەگریی چەندە بەختەوەرە بە بەراورد لەگەڵ پیشەی هونەر"، لەبەرئەوەی وێنەگریی، پێشکەوتنێکی خێرای بەخۆوە بینی، بۆیە بەسەر هەموو هونەرەکاندا سەرکەوت، لەو سەردەمەدا بەرزبوونەوەی ڕێژەی بەرهەمەکانی وێنەکێشان، بە تایبەتی لە فەرەنگستاندا، وترا "شاعیرە بەرزەکانی ئەو سەردەمە، وێنەگری کارلێکەران بوون". هەرچەندە بیرمەندان لە سەدەی نۆزدەدا، لە نووسینەکانیاندا بڕوایەکی تەواویان بەوە هەبوو کە مۆسیقا بەرزتر و ناسکترین هونەرە، لە ڕاستیشدا مەبەستیان لە مۆسیقا پاچڤەی داهێنانێکی پتەوە و ڕزگاربوونیشە لە هەموو کۆت و پێوەندەکان، هەروەها سەربەخۆییەکی بابەتی و واقیعی و بەراوردیی ئەو هەستە ناسکەی شیعر و مۆسیقا دەیانویست بخەنە ڕوو. هونەری کارلێکراوی هونەرێک بوو توانیی پێش ئەوان و لێهاتووانەتر و جوانتر بیخاتە ڕوو.

هەروەها شێوازی هونەری کارلێکراوی، بە ماوەیەکی کەم توانیی بەسەریاندا سەرکەوتوو بێت، بەڵا کۆتا شێوازێکی ئەوروپایی بوو کە بە شێوەیەکی گشتگیر بڵاو بووەوە. بە واتە: کۆتا هونەر بوو، کە بە قایلبوونی چێژی گشتی و لە بەرامبەر ڕێکردنیشدا دەربڕینی ئاراستەی گشتی بوو. ئیتر هەر وەکو چۆن لەگەڵ کارلێکراوی و ئاراستەکانی پێشوودا نەتوانرا هونەرەکان و ڕۆشنبیرییەکان، بە پێی شێواز و قوتابخانە گشتگیرەکاندا ڕێک بخرێن.

## بەشی پێنجەم

## لووتکەی کارلێکەران لە فەرەنگستاندا

ڕاستە هونەرمەندی ڕۆمانتیک (یۆگین دیلا کروا)ی بەناوبانگ یاسای (بەرامبەریی ڕەنگەکان) و (بەرامبەریی ڕەنگە تەواوکەر)ەکانی داهێنا و زۆر بە جوانی و هونەرمەندانە بەکاری هێنا... هەروەها هونەرمەند (کۆنستابڵ) "گەیشتە ئەوەی سێبەرەکان بڕەنگێنێ و بیرۆکەی بوونی ئاڵۆزیی بۆ کارلێکراوییە ڕەنگەکانی بەسەر سروشتدا سەلماند"... گەشەسەندنی بینین لەلای هونەرمەندان (باربیترۆن) و (ئەنفلییر)ەوە دەستی پێ کرد کە یەکێک بوو لە دلۆڤانانی سروشت و ڕووناکی و هەوای سازگار و پێشگەیشتن، (ئەدوار مانێە) لەگەڵ گەنجانی کارلێکەرەکاندا توانیی بگاتە ڕۆشنکردنەوەی خودی تەنەکان... بەڵام لە ساڵی ١٨٧٤ەوە، کارلێکەران وەکوو بزاوێکی جەماوەری و کاردانەوەیەکی کارەکی بەرەو ڕووی ژیانی نوێی شار و چەمکی تەواوی خۆی و پێوەندارە تۆکمەکەی توانیی بەرامبەر تەوژمی توندی جەماوەر و پڕووپاگەندە دژوارە توندوتیژەکەی ڕاسترەوەکان بوەستێتەوە. وەکو گەنجانی وێنەگر، ئەو هەڵوێستە وای لێ کردن پاڵپشتی یەکتر بن

و کۆمەکی تەواوی یەکتر بکەن و لە یەکتریش کار بکەن.

یەکێک لە ڕووداوە گرینگەکانی مێژووی فەرەنگستان کە مێژوو تۆماری کردوون، ئەوەیە کە لە ساڵی ١٨٥٥دا لە شاری پاریس و لە (پیشانگەی جیهانی بۆ پیشەوەرانی نوآ) یەکەمین جار بوو کارلێکەران چاویان بەیەک بکەوێت، پێکهێنانەکەی قۆزرایەوە بۆ ئەوەی شا و سەردارانی ئەورووپا بەرەیەکی یەکگرتوو پێک بهێنن بەرامبەر مەترسیی دروشمی (ڕێژیمی کۆماری و حوکمڕانی بۆ میللەت) بوەستنەوە...

سەبارەت بە ئیمپراتۆریەتی فەرەنگستان، ئەوە یەکەمین جۆری پێشانگە بوو کە بۆ ئابووری و ڕامیاری دامەزرا، کە ناپلیۆنی سێیەم و شاژن فکتۆریا کردیانەوە، لە دوای تاقیکردنەوەی هەردوو شۆڕشی ١٨٣٠ و ١٨٤٨، کاتێک کرێکاران کۆسپێکیان بەرامبەر دەستەڵاتداران دروست کرد، ئەو پێشانگەیە بازنەیەک بوو لەو بازنانەی کە کاریان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی بزاوە شۆڕشگێڕەکانی ساڵانی ١٨٣٠ و ١٨٤٨ و کرێکاران کۆسپیان بەرامبەر دەستەڵاتدارانی شاری پاریس دروست کرد، ئا لەو پێشانگە جیهانییە تازەیەدا کە لایەکی فرەوانی بۆ تەرخان کرابوو، بەناوبانگترین هونەرمەندی ٢٨ وڵات بانگهێشت کرابوون، نایابترین دوو تابلۆی هونەرمەندی بەناوبانگی واقیعی (کۆربێە)ی ئەو سەردەمە ڕەتکرایەوە و نەهێڵرا لەو پیشانگەیەدا نمایش بکرێت. لەبەرئەوەی لە ساڵی ١٨٧١دا لە (کۆمیونەت)ی شاری پاریس بەشداریی کرد، بۆیە بۆ وڵاتی سویسرا دوور خرایەوە، بەڵام هونەرمەندە بەناوبانگەکانی تر بە شێوەیەکی فرەوان و بە تابلۆی جۆرەوجۆر لەو پێشانگەیەدا، بەشدارییان کرد.

١- هونەرمەند (یۆجین دیلا کروا)، ٣٥ تابلۆی بۆ نمایش کرا، ئەو تابلۆیانە قۆناخە جیاجیاکانی پێشکەوتنی هونەری ئەو تابلۆیانەی دەست نیشان دەکرد و هەرچەندەش وەکوو سەرکردەی هونەری ڕۆمانتیکیەت دەناسرا کەچی لە ئەکادیمیای هونەری بە ئەندام هەڵنەبێژرابوو، چونکە ناحەزی و ناکۆکی لە ڕادەبەدەر لە نێوان خۆی و هونەرمەند (ئەنگجەر) هەبوو.

٢- بۆ هونەرمەند (لەنگەر) نایابترین ٤٣ تابلۆی نمایش کرا.

* ئەدوار مانێە (١٨٣٢-١٨٣٣):

مانێە ئەندامی خێزانێکی دەستڕۆی دەوڵەمەند بوو. لە ساڵی ١٨٤٨دا خوێندنی ئامادەیی تەواو کرد. باوکی ویستی کۆلیجی یاسا بخوێنێت، بەڵام خۆی بڕیاری دا هونەری وێنەی ڕۆنی بخوێنێت.

باوک و کوڕە لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە کارێکی دیکە بکات. ئەوە بوو (ئەدوار) بە کەشتی بەرەو (ریۆ دی جانیرۆ) کەوتە ڕآ، بەڵام ئەم گەشتە تۆزقاڵێک لە پێداگریی (ئەدوارد)ی بۆ خوێندنی هونەر کەم نەکردەوە و باوکی قایل کرد و لە ساڵی ١٨٥٠دا لە لای هونەرمەندێکی ئەکادیمی دامەزرا. بۆ یەکەمین جار لە ساڵی ١٨٥٩دا ویستی لە هۆڵێکی فەرمیدا بەشداری بکات، بەڵام کارە هونەرییەکانی ڕەتکرانەوە. جارێکی تر هەوڵی دا و لە ساڵی ١٨٦١دا، بە سێ تابلۆ بەشداریی کرد

و ئافەرین و پیاهەڵدانی بۆ خۆی بەدەست هێنا. لە ساڵی ١٨٦٣دا، هەر لەو هۆڵەدا سێ تابلۆی نمایش کران، بەڵام تابلۆی (خواردن لەسەر گیا)ی ڕێگەی پێ نەدرا لە هەمان هۆڵ و لەگەڵ ڕێپێنەدراوەکاندا، نمایش بکرێن..

ساڵی ١٨٦٥ لە هۆڵدا، تابلۆی (ئۆلیمپیا)ی نمایش کرا و جیهانی هەژاند... ئەوە بوو (مانێە) بۆ دوورکەوتنەوە لەو کێشمەکێش و ئەو هێرشەی کە ڕووبەڕووی بووەوە، بەرەو (ئیسپانیا) بەڕێ کەوت. ئەوەی جێگەی ستایشە تەنیا (بۆدلێر) ستایشی ئەو تابلۆیەی کرد و پیایا هەڵدا، چونکە بەوپەڕی بوێرییەوە توانی ڕووی واقیعی درۆزنانەی ئەو سەردەمەی ئۆرستوقراتیەت دەربخات.

گەنجانی کارلێکەران، لە چایخانەی (گیر بوا)دا، لە دەوری (ئەدوار مانێە)دا کۆبوونەوە، لە سروشتی خودیی ئەودا، خۆ ئامادەکردن بۆ سەرکردەیی نەبوو، بەڵام بە پێچەوانەوە بووە پاڵەوانێکی ناسراوی ئەو بوارە.

لە ساڵی ١٨٧٤دا، بەشداریی لە یەکەمین پیشانگەی کارلێکەران نەکرد، هەرچەندە (مانێە) سوور بوو لە بەشدارینەکردنی لە پیشانگەی کارلێکەراندا، بەڵام بە هۆی جەختکردنە سەر لەلایەن ژنبراکەی کە هونەرمەندێکی کارلێکراوی بوو، ڕەزامەندیی نواند و کۆمەڵێک لە تابلۆکانی لە هاوینی ١٨٧٩دا بردران بۆ لادێی (بۆگیباڵ) کە لە لێواری ڕووباری (سین)دا بوو... لەوێدا یەکەمین تابلۆی بە شێوازی کارلێکراوی وێنەکرد، کە بریتیبوو لە (خێزانی کلۆد مۆنێە لە بەلەم)دا...

بەو شێوەیە توانییان قایلی بکەن بۆ ئەوەی بچێتە ڕێزی ئەوان و هەوڵیش بدات بیردۆزەکانیان لە وێنەکانیدا جێبەجێ بکات. لەم گەشتەدا بە هاوبەش، هەر یەک لە (ڕێنوار) و (سێسلی) و (کالبیۆت) چەند تابلۆیەک بۆ کەسانی تر لەگەڵ خێزان و برادەرەکانیاندا بکێشن، لەو گەشتەدا (مانێە) ڕۆیشت بۆ (ڤینیسیا) و بەو شێوازە لە وێنەکێشاندا بەردەوام بوو، پاشان گەڕایەوە (پاریس) بۆ ئەوەی کۆمەڵێک تابلۆ دەربارەی بابەتەکانی شاری (پاریس)، کە بریتی بوون لە وێنەکێشانی بازاڕ و وێستگەی شەمەندەفەر و پاسەکان. ئەوەندەی پێ نەچوو، نەخۆش کەوت و ناچار بوو، واز لە وێنەکێشان بێنێت. لە ساڵی ١٨٨٣دا و لە تەمەنی ٥١ ساڵیدا لە شاری (ڤێرسای)دا مرد. بەڵا مردن بواری نەدا بۆ ئەوەی بزانێت چەندی خستووەتە سەر هونەری وێنەکێشانی ڕۆنی، ئەوەش خۆی لەو داهێنانە دەگمەنانەی کە بە هۆی لێهاتوویی و توانا بێسنوورەکانی لە تازەگەریدا دەیبینێتەوە، بە تایبەتیش بۆ زیندووکردنەوەی یادەوەری لە ساڵی ١٨٨٤دا پیشان درا.

* کلۆد مۆنێە (١٨٤٠-١٩٢٦):

ناوی کارلێکراوی هاوشانی ناوی (کلۆد مۆنێە) بوو، یەکێک بوو لە سەرگەرمترین لایەنگریی (کارلێکراوی) و تاکە کەسیش بوو کە تا کۆتای تەمەنی، کە گەیشتە ٨٧ ساڵی بە بەردەوامی و بە گەرمی و بە سۆزی پابەندی بنەواکانی بوو.

له خێزانێكی كرێكاری پاسەوانی كەشتی، له شاری (هارڤەر)دا لەدایك بووە. بەو شێوەیه بە هۆی وێنه كاریكاتێرەكانیەوە ناوبانگی بڵاو بووەوە. بەرامبەر هەر كاریكاتێرەك كه دەیكێشا بیست فەرەنگی وەردەگرت.

(مۆنێه) له ساڵی ١٨٥٩دا ڕۆیشته شاری پاریس و له (ئەكادیمیای سویسری)دا بوو بە قوتابی، پاش ماوەیەك چاوی بە هونەرمەندی لاو (بیسارۆ) كەوت... زۆربەی كاتی لەگەڵ ئەو هونەرمەندەدا بە قسەكردن و وتووێژێكی درێژخایەن بەسەر دەبرد. دوای ساڵێك بوو بە سەرباز و نێردرا بۆ جەزائیر و دوو ساڵی ڕەبەق لەوێدا مایەوە. مۆنێه دەستی كرد بە نووسین و پاژەی ئەو ڕۆشناییه و گەشیی ڕەنگەكانی دەكرد، كه چەند كاردانەوەیەكی گەورە و تیژی لەسەر دڵی چەسپاند... بەڵام تووشبوونی بە نەخۆشیی گرانەتا بووە هۆی ئەوە زوو له سەربازی دەربكرێت، كاتێك گەڕایەوە بۆ (پاریس) پێوەندیی بە وێنەگەی هونەرمەندی ئەكادیمی (كلیر) كرد. پاشان لەگەڵ چەند هونەرمەندێكی لاوی وەكوو (ڕێنوار) و (سیسلی) پێوەندیی كرد و هەڵچوونی گەرمی بۆ ئەو هونەرمەنده سەربەخۆیانه پاڵی پێوە دەنا بۆ ئەوەی هەموو بەرجەستەیەكی قوتابخانه چەقبەستووەكان و زانسته ئەكادیمیەكان بوەستێتەوە... كاتێك جەنگی نێوان فەرەنگستان و بڕووسیا دەستی پێ كرد، بەرەو (ترۆفیل) ڕۆیشت و پاشان بۆ ئینگلستان ڕای كرد، هەردوو هونەرمەند (سیسلی) و (بیسارۆ) پێش ئەو گەیشتبوونه ئینگلستان.

(مۆنێه) له باخچەكانی شاری (لەندەن)دا وێنەی دیمەنه سروشتییەكانی دەكێشا. (بیسارۆ)ش له لادێ و دەرەوەی شاری (لەندەن)دا وێنەی دەكێشا.

ڕۆژێكیان بە ڕێككەوت چاویان بەیەك كەوت و زۆر خۆشحاڵیی خۆیان بۆ یەك دەربڕی... هەردووكیان بە یەكەوە دەچوونه مۆزەخانەكان و بە تایبەتی تابلۆكانی (كۆنستابل) و (تیرنز)یان دەخوێندەوە و سوودیان لێ وەردەگرتن. بە هۆی ئەو تاقیكردنەوە چڕ و پڕەی كه له بیردۆزه زانستییەكانی وێنەكێشانی ڕووناكییەكاندا هەیانبوو، بۆیه لەو بوارەدا سەركەوتنیان بەسەر هاوڕێ ئینگلستانییەكانیاندا بە دەست هێنا. هەر ئەو هۆكارەش بوو وای كرد كه تێگەیشتن له تابلۆكانیان و ڕێزلێنانیان لەو بوارەدا له هەموو وێنەكێشێكی تر زیاتر بوو. هەر كه گەڕایەوە بۆ فەرەنگستان ئارەزووی بینینی دەریا و سەمای ڕووناكییەكانی سەر ئاوی كرد. یەكسەر چووه ناوچەی (ئەرگەنتیل) و لەسەر كەشتییەكی مامناوەندی وێنەگەیەكی دروست كرد، ئا لەوێوە دەتوانێت ئەو گۆڕانكارییه ئەفسووناوییه خێرایەی سەمای جوانیی سەر ئاو ببینێت.

تابلۆكانی بە بەكارهێنانی چەند هێڵێكی كورتی بە یەكەوە بەستراو، له ڕێگەی لوانی ڕەنگه تێكەڵكراوەكان لەگەڵ ڕەنگه سەرەكییەكاندا، بەناوبانگ بوو. (كلۆد مۆنێه) خاوەنی بیرۆكەی گەشتی وێنەی كۆمەڵ بوو، كه كۆمەڵێك برادەر بوون پێوەندیی كۆمەڵایەتی پێكەوەی بەستبوون، پاشان هەر وەكوو چۆن له ساڵی ١٨٧٤دا و له دوای ئەوەی تابلۆكانیان له هۆڵی فەرمی دەركرد و له ستۆدیۆی وێنەگری (نادار)دا یەكەمین پێشانگەی بەناوبانگی خۆیان پێشان دا، تابلۆی (بە

تیشکی خۆر کارلێکراو) هۆکارێکی سەرەکی بوو کە نازناوی (کارلێکراو)یان لێ نرا.

(مۆنێـه) یەکێک بوو لە پاڵپشتکەرانی کارلێکەرەکان و تەمەنی گەیشتە ٨٧ ساڵ بۆیان بەئەمەک بوو... هەلی قۆزتنەوەی بەرهەمی سەرکەوتووەکانی بۆ لوا... هەروەها ئەو شەوە پڕ لە ناسۆر و ناڕەحەتییەی ساڵی ١٨٧٩ی لە بیر ناچێتەوە کە بە تەنیشت ژنە مردووەکەیەوە بەسەری برد... لە پڕ بەئاگا دێتەوە و تا بەیانی تەماشای دەکات و تا بەیانی خەریکی گۆڕینی ڕەنگەکانی بووە و زیاتر خەم دەنوێنێت، کاتێک دەزانێت لەو کاتە پڕ مەینەتییەدا گیرۆدەی ڕۆشنایی و ڕەنگەکانە.

هەرچەندە ساڵانێکی زۆر بەسەر ئەو ڕووداوەدا تێپەڕین، بەڵام گەشییە ئەفسووناوییەکەی ون نەکردووە. بەردەوام تاقیکردنەوەکانی خۆی لەسەر وێنەکێشانی بە ڕەنگەکان بە ئەنجام دەگەیاند.

لە ساڵی ١٨٩٠دا، چەند زنجیرەیەکی تاقیکردنەوەی ئەنجام دا، کە ئێستا لە شاکارە هەرە بەرزەکانی دەژمێردرێت، ئەوەش خۆی لە کاریگەریی ڕەنگەکان دەبینییەوە. لە سەعاتێکدا بۆسەی تیکیز دەگۆڕدرا، لە سەرەتادا هەڵگری تابلۆکانی لە ناوەڕاستی کێڵگەکەیدا دامەزراند و لە کاتی خۆرکەوتندا تەختەیەکی لاکێشەی لە تەنیشت خۆیەوە دانا. ئەو ڕۆژە تاوەکوو خۆرئاوا، بە سەعاتێک وێنەی دەکێشا و پاشان تابلۆکەی بە تابلۆیەکی نوآ دەگۆڕییەوە. ڕۆژی داهاتوو لە شوێنەکەی دوێنێی خۆیدا، هەڵگری تابلۆکانی دانا و تاوەکوو خۆرئاوا، یەکە یەکە و بەڕیز دەستی کرد بە تەواوکردنی تابلۆکانی دوێنێی.. ئا بەو شێوەیە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، بەو شێوە کارکردنە هەموو تابلۆکانی بە زنجیرە تەواو کرد.

تابلۆکانی وێنەیەکی دیاریکراوی ساتە جیاوازەکانی یەک ڕۆژ بوون. پاشان دووبارە ئەو تاقیکردنەوەیەی بە سەرکەوتوویی ئەنجام دا.

ئەوەش خۆی لە وێنەکێشانی ڕووی (کاتدرائیەتی ڕوان) دەبینی، گەر تەماشای ئەو (کاتدرائیەتە) بەرزە بکەیت دەبینیت لە نێو تیشکی خۆردا، بە جوانی دادەکشێ و بەرز دەبێتەوە.

* کامی بیسارۆ ١٨٠٣-١٩٠٣:

کامی بیسارۆ لە ساڵی ١٨٠٣داو لە سانت تۆماسی دورگەی ڕۆژئاوا لەدایک بووە و لە تەمەنی ١٢ ساڵیدا باوکی ناردی بۆ شاری پاریس، بۆ ئەوەی هەشت ساڵ لەوێدا بخوێنێت، پاشان گەڕایەوە شارەکەی خۆی بۆ ئەوەی سەرپەرشتیی کارەکانی باوکی بکات... بەڵام کامی داوای لە باوکی کرد، کە بگەڕێتەوە پاریس و لەوێدا بخوێنێت و لەسەر داواکارییەکەی زۆر سوور بوو.

لە ساڵی ١٨٥٥دا، کاتێک تەمەنی گەیشتە ١٥ ساڵان، باوکی ڕێی دا بچێتە پاریس و ئارەزووەکانی بە دی بێنێت... هەر لەگەڵ کردنەوەی (پێشەنگەی جیهانی بۆ بەرهەمە تازەکان) یەکسەر گەیشتە پاریس، چونکە بەشێکی زۆری ئەو پێشەنگەیە بۆ هونەر تەرخان کرابوو... لەوێدا بەرهەمەکانی (ئەنگر) و (دیلارکۆ) و (کۆربێە) و (کوروە) زیاتر سەرنجیان ڕاکێشا و کاریان تێ کرد.

(بیسارۆ) لە چاپخانە و بۆنەکانی شاری پاریسدا، دەربارەی کلاسیکی (ئەنگر) و ڕۆمانتیکیەتی (دیلاکروا) و واقیعیەتی (کۆربێە) زۆر بە گەرمی و تێر و تەسەلی بەشداریی ڕا و بۆچوونە جیاوازەکانی دەکرد، بەڵام هێشتا کەسایەتییە هونەرییەکەی بە باشی دانەمەزرابوو، لە کارە کلاسیکیەکانی پەیڕەوی شێوازی مامۆستاکەی دەکرد، لە ساڵی ١٨٥٩دا، تابلۆیەکی لە پێشانگەیەکدا سەرکەوتنی بەدەست هێنا. بەڵام ئەو بەرهەمانەی کە لە ساڵانی ١٨٦١ و پاشان لە ١٨٦٣دا، پێشکێش بە پێشانگەکانی کرد، ڕەت کرانەوە. ئەوەبوو لە پێشانگە ڕەتکراوە بەناوبانگەکەدا خۆی بینیەوە.

پاشان لە پێشانگەکانی ساڵانی ١٨٦٥ و ١٨٦٦ و ١٨٦٩دا، بەشداریی کرد و تابلۆکانی هەندێک ڕەزامەندی و ستایشیان بەخۆوە بینی، بە تایبەتی ستایشی (ئەمیل زوولا). لە ساڵی ١٨٦٩دا وێنەگەکەی بۆ دێی (لۆڤیسۆن) گوازایەوە و لە کارەکانیدا بەردەوام بوو، تاوەکوو بە کارلێکراوی و ناسکی پاژە کرا. هەرچەندەش لە ڕووی لاوازیی پێکهاتنەوە و گوێنەدان بە پێکهێنانەوە، کارلێکردنی سروشتی پێوە دیار بوو.

لە ساڵی ١٨٧٠دا (بیسارۆ)، ڕەنگی ڕەشی لە کۆمەڵە ڕەنگەکانی دوور خستەوە و بە یەکجاری وازی لێ هێنا و بەکاری نەهێنا. بەو پێیەی ڕۆشناییەکان دەگەنە چاوی بینەر، بەڵام ڕەنگی ڕەش بێڕەنگ و بێڕۆشناییە. تەنیا ئەو ڕەنگانەی، کە لە تابلۆکانی بە کاری دەهێنان سوور و زەرد و شین و ڕگیراوەکانی ڕەنگەکان بوو.

(بیسارۆ) لە ترسی هێرشی برووسییەکان بۆ سەر وڵاتەکەی، ڕای کردە (ئینگلستان) و ئەو وێنەگەیەی کە جێی هێشتبوو، ئەڵمانەکان کردبوویانە قەسابخانە و گۆشتیان تێدا دەفرۆشت.

وەکوو دەگێڕنەوە، تابلۆکانیان بۆ پێچانەوەی گۆشت و بۆ شاردنەوەی شوێنە پیسەکان بەکار دەهێنا، تا لەو کاتە گرینگە دەسپێکەیدا ١٥٠٠ تابلۆی ون بووە، دوای گەڕانەوەی توانیی تەنیا ٤٠ تابلۆی ڕزگار بکات. بێگومان مێژووی هونەری بیسارۆ، مێژووی هونەری کارلێکەران دەنوێنێت.

(بیسارۆ) لە نێو کارلێکەراندا، کەسێکی بەفیز و خۆ بەزلزان نەبوو، هەردەم لە تەنگانەدا هاودەم و یاریدەری هاوڕێیانی بوو.

دوای ئەوەی تەمەنی گەیشتە ٦٥ ساڵ، بە گەرمی ڕووی کردە فێربوونی شێواز و ڕەچاوکردنی پرۆگرامەکەی (سیرا) و شێوازی (کەرتکردن) و (دابەشکردن)، ئەمەش چوار ساڵی ڕەبەقی خایاند. پاشان بۆی دەرکەوت ئەو شێوازە زانستییە لەگەڵ سروشتدا ناگونجێت، چونکە هەستەکانی خەفە دەکات و نایەڵێت هەستەکان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەرببڕێت، هەر چۆنێک بێت لەو جۆرە داهێنانە سوودی وەرگرت، تابلۆکانی دوای ئەم قۆناخە، بە زیاتر خاوێنیی ڕەنگە بەکارهێنراوەکان دەناسران.

وێنەکانی پێش پەیڕەوکردنی (خاڵدانە)کان، گەلێک توندءتۆڵ و دیاریکراوتر بوون. (بیسارۆ) وەکوو (کلۆد مۆنێە)ی هاوڕێی، سات لەدوای سات ئەوەندە پابەندی لەرزە جووڵەی ڕۆشنایی و

گۆڕینی ڕەنگەکان نەبوو. بەو شێوەیە بە شێوازی کارلێکراوییەکەی، بە جێگیری و هێمنی دەنوێندرا، جووڵەی تابلۆکانی ناواخنیبوو، بۆیە تەنیا چێژ وەرگیراوەکانی درکیان پێ دەکرد، نەک وەکوو تەماشاکەر تابلۆکانی دەبینی. خۆی گەلێک ویستی وێنەکێشانی دێ و پاوان و دارستان و گژوگیای لە لا پەسند بوو، ئەویش بە شێوازی ڕەنگە پڕ بریقەکان و توندوتۆڵی وێنەی دەکێشان. هەر چەندەش دەستلێدەرەکانی، لە هەڵبەزەدا بوو، هونەرمەند (پۆڵ سیزان) بەشێک لەو شێوازەی لێ وەرگرت.

* پییێر ئۆگست ڕێنوار ١٨٤١–١٩١٩:

لە تەمەنی ١٣ ساڵیدا لە کارگەی (ئۆگست ڕێنوار)دا، لە کارگەی قیشانی وەکوو وێنەکێشێکی سەر دەفرەکان و وەکوو جوانکارییەکی بەرهەمی بۆرسلینی کاری کرد. یەکێک بووە لە ڕۆڵە چەوساوەکان، بۆیە پێویست بوو خۆی خۆی بژێنێت.

ڕێنوار دەیویست ببێت بە هونەرمەند... بۆیە کاتی لە مۆزەخانەی لۆڤەر و مۆزەخانەکانی شاری پاریس و پێشانگەکانیدا بەسەر دەبرد، هەرچیەکی دەست بکەوتایە بە فیڕۆی نەدەدا و کۆی دەکردەوە بۆ ئەوەی بتوانێت پشت بە خۆی ببەستێت و سەرکەوتن بە دەست بهێنێت.

لە تەمەنی ٢١ ساڵیدا، لە قوتابخانەی هونەرە جوانەکاندا دەستی کرد بە خوێندن و پێوەندیشی لەگەڵ وێنەگەی (گیلەر) پەیدا کرد و لەوێدا (مۆنێە) و (سیسلی) و (بازیل)ی هونەرمەندانی هاوڕێی خۆی ناسی، بۆ وێنەکێشان چوونە ناو سروشت و لە جەنگەڵستانی (فۆنتیلوو)دا وێنەیان دەکێشا.

بۆ ماوەیەکی زۆر وێنەگەی (عەلی قیشانی)ی بینی، بۆیە بە جوانی لە ناو هەموویاندا سەرکەوتنی بە دەست هێنا.

یەکەمین تابلۆی، کە لە ژێر کاریگەریی واقیعی و هونەرمەندانی سەدەی هەژدەدا کێشابووی، لە یەکێک لە هۆڵەکانی ساڵی ١٨٦٦دا بەشداریی کرد، بەڵام لە ساڵی ١٨٦٨دا یەکەمین تابلۆی خۆی کێشا، کە هونەرمەندیەتیی خۆی تێدا بەدی دەکرا و ناوبانگی پێ دەرکرد و پاشان بووە شێوازێکی تایبەت بە خۆی.

وە لە ساڵی ١٨٦٥دا، کە جەنگی نێوان بڕووسیا و فەرەنگستان هەڵگیرسا، (ڕێنوار) بوو بە سەرباز و هەر کە جەنگ کۆتایی هات یەکسەر گەڕایەوە شاری پاریس. پاش هێووربوونەوەی دۆخ و گەڕانەوەی یەک لە دوای یەکی وێنەکێشان بۆ پاریس، (ڕێنوار) و برادەرەکانی (سیسلی) و (بازیل) و (مۆنێە) بۆ وێنە کێشان چوونە دەریای (سین) و پاشان چوون بۆ لێواری دەریا. زۆر بایەخی بە بنیادنانی تابلۆکانی دەدا، بەڵام ڕەنگە بێگەردەکان و جریوە جریوی ڕۆشناییەکانی بەلایەوە مەبەستێکی چەق بەستوو نەبوو. تەنیا بۆ دروستکردنی جوانی و خۆشەویستی و نەرم و نیانیی وێنەکە بوو، نەک تەنیا بنیادنەری وێنەکە بێت، لە کاتێکدا وێنە سروشتیەکانی تابلۆکەی تەنیا پەراوێزێکی جوانکاری بوو، بۆ ئەو ژن و منداڵانەی کە وێنەیانی لەسەر تابلۆکەی دەکێشا.

ڕێنوار لە ساڵی ١٨٧٩دا سەرکەوتنێکی فرە گەورەی بەدەست هێنا و بووە هاندەرێکی خاس بۆ زیاتر بایەخدان بە خوێندنەوەی مامۆستا هونەرییەکانی پێشینانی مۆزەخانەی لۆڤەر، پاشان بۆ بینینی بەرهەمە هونەرییەکانی هونەرمەند (رافاییل) و دەگمەنەکانی باڵەخانەی (دۆج) ڕۆیشت بۆ (ئیتالیا)، لەوێدا توانیی هەر یەک لە تابلۆکانی بە ١٠٠ فەرەنگ بفرۆشێت و بەو شێوەیە بە یارمەتی کڕیاری تابلۆکانی (شوکیە) و بلاوکەرەوە (شاربنتین) ئەو سەرکەوتنە بێوێنەیەی بەدەست هێنا. هەروەها سەربەخۆیی خۆیی و دوورکەوتنەوەی لە کۆمەڵی کارلێکەران و بەرامبەریکردن و ڕەتکردنەوەی فەلسەفەی سروشتیەکان گوتی: "نەک بە سەرنجدان لە سروشت فێری هونەر دەبیت، بەڵکوو لە ڕامان بۆ هونەرە باڵاکانی ناو مۆزەخانەکانەوە، هونەر فێر دەبیت".

(ڕێنوار) لە ساڵی ١٨٨٣دا و دوای نمایشکردنی ئەو ٧٠ تابلۆیەی کە لە هۆڵی (دۆران ڕۆیل) پیشانی دا، ناوبانگی دەرکرد و لە ناوەندە هونەرییەکاندا سەنگی پەیدا کرد.

لە دوای ئەوەی تەمەنی گەیشتە ٤٢ ساڵی بۆی لوا، کە تەمەنی هونەرمەندیی خۆی لەسەر ڕێڕەوی کارلێکراوی بەسەر بەرێت، چونکە لە سایەی ئەو ڕێڕەوە سەرکەوتنێکی بێوێنەی بەدەست هێنا، بەڵام لە شێوازی ئەو ڕێڕەوە دوودڵبوو چونکە لە پێناوی دەستکەوتنی ڕووناکیی سەر کارەکان، قوربانیی بە سفتی و توند و تۆڵیی کارەکانی دەدا، ئەوە بوو خۆی بۆ (قۆناخی وشک و برینگ) گواستەوە، پاشان هەوڵی دا ڕێنوێنییەکانی (ئەنگەر) پەیڕەو بکات، کە گرینگی بە سەپاندنی هێڵەکان دەدات و ڕەنگەکانیش پشتگوێ دەخات.

تابلۆکانی ئەم قۆناخە، کە پێنج ساڵی خایاند، بۆمان دەردەخەن کە بایەخێکی بێوێنە بە دیاریکردنی وێنەکان و ڕێکخستنی بوو.

ئەمەش لە تابلۆ کارلێکراوییەکانی پێشوویدا نەدەبینرا، کە وێنەکان بە نەرمی و ناسکی لە ناو ڕەنگە جیاوازەکانیدا دەیانجریواند، بەڵام لە جیاتی ئەوەی نەخۆشییەکەی پەکی بخات، بووە هۆکارێکی گرینگی بەرەو پێشەوە چوونی و توانا بەرزی لە هونەرەکەیدا، ئەگەر تابلۆ کارلێکەرەکانی پێشووی، وەکوو چۆلەکە ناسک بوون، ئەوا دوا قۆناخەکانی شایەتحاڵی بەرزی و توندوتۆڵی و بە نرخی پەیکەرەکانی بوون، بەڵام کاتێک لەسەر کورسییە جووڵاوەکەی دادەنیشت و فلچەکەی لە ناو پەنجە پەککەوتووەکانیدا ڕادەگرت، بە جوانی وێنەکانی دەکێشا.

هەر چەندەش وا بوو، بەڵام هەموو کارەکانی بە بەرجەستەیی و هاوئاهەنگی گشتی دەرناکەوت، چونکە ئەو وێنەگری ئەندازیاری نەبوو، کە تابلۆکانی لەسەر ڕێنوێنیی دەرکراو دروست بکات، بەڵکوو تابلۆکانی بەو شێوەیە ساکار نەبوون چونکە جیاوازییەکی بەرچاوی لە نێوان ڕووی شتە وێنەکراوەکان و دەست پێهێنانیدا و بە تایبەتیش لە لەشی ئافرەت و قۆزاخەی گوڵ هەستی پێ دەکرا، چونکە پێستی ئافرەت و منداڵ هەستی پەڕەی گوڵی لێ دەکرا لە پاڵ ئەوشدا دەبینین، وێنەی ژیانی ڕۆژانەی بە هەموو قۆناخەکان و تایبەتمەندییەکانیەوە کێشابوو. بۆیە لە ڕاستگۆترین هونەرمەندانی هاوچەرخی خۆی بوو.

ئێدگار دیگا (١٨٣٤-١٩١٧):

ئێدگار دیگا لە شاری پاریس و لە خێزانێکی ئوروستوقراتی لەدایک بووە و باوکی لە پارەدارە دەوڵەمەندەکانی شاری پاریس بوو، دوای ئەوەی ئامادەییی تەواو کرد، لە دەستنیشانکردنی ژیانی داهاتووی خۆی سەربەست بوو، لە ساڵی ١٨٥٥دا و لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی شاری پاریسدا و لە وێنەگەی هونەرمەند (لویس لاموت)، کە یەکێک بوو لە پەیڕەوکەرانی (کلاسیکی تازە) و لە ژێر دەستی هونەرمەند ئەنگەر خوێندبووی و دەستی بە خوێندن کرد.

خوێندکار (دیگا) ئەوەندە ژیر و لێهاتوو بوو، ڕێنوێنییەکانی مامۆستاکەی زۆر بە وردی و بەدووردڵییەوە وەردەگرت، هەروەها پێوەندیداری هیچکامیان نەدەبوو، بەڵکوو هەندێکیانی پاڵپشتی بەو سەردانانەی مۆزەخانەی لۆڤەر و وردبوونەوە لە کارە دەگمەنەکانی مامۆستایانی هونەری کۆن ڕاست دەکردەوە، ئا لەو کاتەدا ژمارەیەکی زۆر لە تابلۆکانی گەورە هونەرمەندانی ئیتالیای گواستەوە.

(دیگا) بە درێژاییی تەمەنی، ئامۆژگارییە زۆر بە نرخەکەی، گەورەترین مامۆستای هونەر، کاتێک سەردانی وێنەگەی هونەرمەندی ئەنگجەری کرد و گوتی: "ڕۆڵە هێڵ، هێڵێکی زۆر لە بیرکردنەوەوە، یان لە سروشتەوە بکێشە، بۆ ئەوەی ببێتە هونەرمەندێکی لێهاتووی بەتوانا"، بەڵام لەو قوتابخانەیەدا، تەنیا ساڵێک مایەوە و پاشان بەرەو ئیتالیا ڕۆیشت. بۆ ئەوەی سەرەتا هونەرمەندانی ئیتالیا (ئەلترۆسک) بە جوانی بخوێنێت و پاشان مامۆستایانی وێنە (فلۆرەنس)یین و هەروەها (بۆچیللی) و (لیۆناردۆ دافنشی) لە نێزیکەوە بخوێنێت، لەو قۆناخەدا، وێنەی بابەتە مێژوویییەکانی بەو شێوازەی کە لە لایەن کلاسیکەکانەوە پەسند بوو، دەکێشان. هەر زوو وازی لەو کارە هێنا و ئینجا بە توانایەکی بەرز و لێهاتووانەوە، ڕووی کردە وێنەگرتنی دەموچاوی کەسایەتییە ناودارەکان، زۆر بە ڕوونی و ئاشکرا لێوەی دەردەکەوێت. هەروەها ئەوانەی کە بۆ وێنەکێشان لە بەردەمیدا دادەنیشتن، زۆر بە ڕوونی ناخی دەروونیانی لێ دەخوێندرایەوە.

لە ساڵی ١٨٦٦دا، پاش گەڕانەوەی (دیگا) لە ئیتالیاوە بۆ فەرەنگستان بە ڕێککەوت لە مۆزەخانەی (هەلۆڤەر) چاوی بە (کلۆمۆنیە) کەوت و برادەرییەکی ڕاستەقینەی پڕ خۆشەویستی، کە بنچینەکەی ڕێککەوتن لەسەر ئامانجەکان و جیاوازی لە شێوازدا پەیدا بوو. برادەرییەکی ئەوتۆی، کە کێبەرکێیەکی تیژڕەو لەسەر بابەتە وەرگیراوەکانی سروشت، لە نێوانیاندا پەیدا بوو.

(کلۆد مۆنێە) و برادەرەکانی، لە ژێر ڕۆشناییی خۆردا وێنەی سروشتیان دەکێشا. (ئەدگار دێگا)ش وێنەی ئەو بابەتانەی دەکێشا کە کەس پەی پێ نەدەبردن، وەکوو وێنەکێشانی کێبەرکێی ئەسپ و سەماکەرانی بالێە و بەشێک لە چایخانەی شاری پاریسدا و ئافرەتە گۆرانیبێژەکان و یان جووڵەی ئافرەتان لە کاتی خۆششتندا، یان لەگەڵ خەریکبوونی ڕێکخستنی قژەیاندا، ئەم بابەتانەی لە لا زۆر پەسند و خۆشەویست بوو، ئەویش بە پێی ئەو لایەنانە و پێکهاتە نوێیەکانی،

که بۆ یەکەمین جار بوو لە وێنە ڕۆنییەکانی بە کاری دەهێنا.

لە یۆلیۆی ساڵی ١٨٧٠دا و لە دوای شەش حەفتە لە هەڵگیرسانی جەنگی فەرەنگستان و بڕووسیادا و خۆ بەدەستەوەدانی (ناپلیۆنی سێیەم) و دامەزراندنی کۆماری سێیەم (ئەدوار ئیگا) بوو بە سەربازو، بەڵام بە هۆی کزیی چاویەوە لە جەنگدا بەشدار نەبوو، دوای گەڕانەوەی لە سەربازی. بەردەوام لە بابەتە نوێیەکان دەگەڕا تاوەکوو لە خانووی ئۆپێرا و قوتابخانەی فێرگەی سەمای بالیە و ویستەکەی دەستکەوت و لە بری ڕۆشنایی ئاسایی و لە دەرەوە بە کارهێناندا، شێوازی کارلێکەرانی کارلێکردنی ڕۆشناییە دەستکردەکانی بە کار هێنا.

لە سەمای (بالیە)دا ئەو چرکە ساتەی کە ناتوانرێت دەست بکەوێت، بلێسە گۆڕاوەکانی ڕۆشنایی لێ دەسکەوت. بە هاوڕا کارلێکەرەکانی گوت: "لە هونەردا شتێک هەس فرە لە خۆ بەدەستەوەدانی سروشت گرینگترە... هونەرمەند بە ورد بوونەوەیەکی ژیرانە و بە ڕێگەیەکی دانسقە کارەکانی ئەنجام دەدات و پاشان تێبینییەکانی ملکەچی شێواز دەبێت".

زۆر بایەخدان بە سەماکەرانی بالیە و جووڵەکانیان وای لێ کرد، کە ئامرازەکانی لە وێنەکێشاندا بگۆڕێت. دەیویست تێبینیەکانی بە وێنەی فرە خێرا و بە ڕەنگاوڕەنگی تۆماری بکات و هەر بۆیەش تەباشیری ڕەنگاوڕەنگی بەکار هێنا و بەرهەڵستیی بیرۆکەی پشتگوآخستنی هێڵی لە هونەری وێنەگرتندا دەکرد. ئەوە بوو بە تەباشیری ڕەنگاوڕەنگ توانیی ویستەکانی لە شیکردنەوەی ڕۆشنایی بۆ ڕەنگە بنەڕەتییەکانی دابین بکات و ئەویش لە هێڵە ڕەنگەکاندا لە جیاتی خاڵی ڕەنگاوڕەنگ بەدی هات.

(ئیدگار دێگا) لە هونەرەکەیدا و لە وێنە فۆتۆگرافییەکانیدا، کاریگەریی وێنەکێشانی یابانیی پێوە دیار بوو، هەر چەندەش لە وێنەگرتنی دەرەوەدا و گرینگیی هێڵ لە کارە هونەرییەکانیدا لەگەڵ کارلێکراوییەکاندا جیاوازیی بیروڕای هەبوو، بەڵام لە یەکەمین پێشانگەی کارلێکراوییەکاندا بەشداریی کرد، تاوەکوو ساڵی ١٨٨٦ بەردەوام هێڵە دەربڕاوەکانی دەپشکنی، چونکە زیاتر پیشاندراو و زیاتر بێوەی بوو. هەروەکوو کارلێکەران، توانی خۆی بۆ نەهێشتنی کێشەی کۆکردنەوەی نێوان تۆمارکردنی پێشبینیی هەنووکەیی و دیمەنە پڕ لە ڕەوەکاندا تەرخان کردبوو. لەگەڵ پاراستنی لایەنی دیزاین و بەکارهێنانی هێڵە زیندووەکانی دەربڕین، هەروەکوو چۆن لەلای کلاسییەکاندا پەیڕەو دەکرا. لە کۆتای تەمەنیدا، هەر کە چاوی کز بوو، گۆشەگیریی بۆ خۆی هەڵبژارد، یەکسەر لە دنیا دابڕا و تێ دەکۆشا ڕێگەی وێنەکێشانەکەی زۆر ناسک و پاراو بێت، دەیویست لە وێنەکێشانەکەیدا زیاتر شێوازی دەربڕین بە کار بهێنێت، نەک وەکوو مامۆستایەکی بە توانی وێنەکێشان دەربکەوێت. بەو شێوەیە، فرە بە گەرمی بەرەو پەیکەرتاشی هەنگاوی نا و چەند سەد پەیکەرێکی بچووکی توند و تۆڵی داڕژاو و هەروەها ئەسپ و ژن و خۆشۆر و سەماکەری لە تەختە بەرهەم هێنا. نابینرێت هونەرمەندێک وەکوو (ئەدگار دیگا) توانی دەربڕینی لایەنە شاراوەکانی ئافرەت لە جووڵەی لەشیدا پیشان بدات. ناسکیی سەماکەرێک، وەکوو پەپوولە

و چەمانەوەی سۆزانییەک بۆ سڕینەوەی لەشی و خۆی و بە جوانی زانێکی کچێک، کە شەبقەیەکی نوێ لەسەر دەنێت، هەرچەندەش وا بوو، بەڵام زۆر ڕەشبین بوو.. ژنی نەهێنا.. لە شەلەلی هونەرمەندیدا بە سەربەخۆیی ژیا..

لە کۆتای تەمەنیدا چاوی بەرەو کوێربوون دەچوو، لە ساڵی ١٩١٧دا و لە تەمەنی ٨٣ ساڵیدا مرد. وەسیەتی کرد کە بە سەرلێدەرانی بووترێت: "فرە دلۆڤانی وێنەکێشان بوو.. هەروەها فرە فرەش خۆشی دەویست".

* پۆڵ سیزان (١٨٣٩-١٩٠٦):

سیزان لە ساڵی ١٨٣٩دا و لە شاری (ئێکس ئەبزۆفانس)ی فەرەنگستان لە نێزیک سنووری ئیتالیا لەدایک بوو، باوکی لە دەوڵەمەندەکانی شار و خاوەنی بانکیش بوو. باوکی دەیویست وەکوو خۆی خاوەنداریی بانک بکات، بەڵام سیزان بە توندی پێداگریی لەوە دەکرد کە ببێتە هونەرمەند. دوای ئەوەی ئامادەییی تەواو کرد و هاوڕێیەتیی (ئەمیل زوولا)ی هاوڕێی قوتابخانەی خۆی کرد، لەسەر ویستی باوکی یاسای خوێند، بەڵام لە ساڵی ١٨٦٠دا وازی لە خوێندنی یاسا هێنا و چووە ناو جیهانی شیعر و نووسینەوە، بەڵام لەلایەک مۆسیقای دەژەنی و لەلایەکی ترەوە وێنەی دەکێشا. بۆ ڕاهێنان و فێربوونی وێنەکێشان ڕۆیشت بۆ پاریس، بۆ ئەوەی لە ئەکادیمیای سویسری بخوێنێت و بۆ ئەوەی لە ئەزموونی چوونە قوتابخانەی هونەرە جوانەکانی پاریس وەربگیرێت. لە خانوویەکی شاری پاریسدا لەگەڵ (ئەمیل زوولا)دا دەژیا.. هەرچەندە بە درێژایی ڕۆژ لە (ئەکادیمیای سویسری) دەیخوێندن و دوای ماندووبوونێکی زۆر، دەگەڕایەوە ماڵەوە و یەکسەر لێی دەخەوت، بەڵام لە ئەزموون سەرکەوتنی بە دەست نەهێنا و لە قوتابخانەی هونەرە جوانەکان وەرنەگیرا و گەڕایەوە شارەکەی خۆی و متمانە و بڕوا بەخۆی تێکشکایە ملیەکدا، بۆیە توانی وێنەکێشانی نەما و ملکەچی ویستی باوکی بوو بە ناچاری لەگەڵیدا لە بانک ئیشی کرد.. ساڵێکی ڕەبەق لە فەرەنگستاندا، پێوەندیی بە ژیانی ڕۆشنبیری و هونەرمەندییەکەی تەنیا ئەو نامانە بوو کە لەگەڵ (ئەمیل زوولا)دا دەیانگۆڕییەوە. لە ڕاستیدا (سیزان) نموونەی هونەرمەندێکی بێتوان بووە بەڵام ئەو بێتواناییەی بە توانا زکماکییەکەی بە بیرکردنەوە و ژیرییەکەی پڕ دەکردەوە، هەروەها نەک وەکوو مامۆستایەک، پشت بە زکماکییە خۆرسکەکەی خۆی وێنەی دەکێشا، بەو شێوەیە بوو بە ڕێبەری هونەری نوێ و پێشەنگی یەکەمی هونەر.

سەرەتا لە بەکارهێنانی ڕەنگی ڕەشدا زیادەڕۆیی دەکرد.. پارچە پارچە ڕەنگی ڕەشی بە ئەستووری لەسەر تابلۆکانیدا پان دەکردەوە. بابەتەکانی بە ڕۆمانتیکیەتێکی بێ توانای ناوەڕۆک پووچی دەنواند و هەندێک لە تابلۆکانیشی زۆر بێبایەخ و قێزەون بوون. بەو شێوەیە لە ساڵی ١٨٦٣دا گەڕایەوە پاریس.

هەر چەندە بۆ دووەم جار هەوڵی دا، بۆ ئەوەی لە قوتابخانەی هونەرە جوانەکاندا وەربگیرێت،

بەڵام هەوڵەکەی بێسوود بوو.. وەرنەگیرا... پاشان لە ئەکادیمیای سویسری خوێندی و هەر لەویشدا لەگەڵ (بیسارۆ) برادەریی پەیدا کرد.

(سیزان) دوو جار لە پێشانگەی کارلێکەراندا بەشداریی کرد، یەکەمیان لە ساڵی ١٨٧٤دا بوو، ئا لەم پێشانگەیەدا لەلایەن ڕەخنەگرانەوە زۆر بە توندی ڕەخنەی لێ گیرا، دووەم جاریش لە پێشەنگەی سێیەمیاندا کە لە ساڵی ١٨٧٧دا نمایش کرا، بەڵا لەم پێشەنگەیەوە بلیمەتیی (سیزان) دەرکەوت، بەڵام کەس بایەخی پێ نەدا و لای لێ نەکردەوە.

ڕەنگە خۆڵەمێشییەکەی، لە ئەنجامی لەرزە تێکچرژاوەکانی سێبەرەکانەوە، لە ناو چوو، پاشان ئەو ڕەنگە ئاساییە زانراوەی کە لە ئەنجامی کارلێکردنی هەوای نێوان چاوی بینەر و ئەو دیمەنەی سەیری دەکات و پاشان ئەو تیشکە هەڵگەڕاوانەی دیکە، کە پێویستە بە هەند وەربگیرێت، بە تایبەتی کاتی وەرگیراوی ڕاستەوخۆی سەر دیمەنەکەیە..

(سیزان)، لە کارلێکراویی (کلۆد مۆنێە) زیاتر هەنگاوی بەرەو پێشەوە نا و خۆی لە یەکانگیری خاڵەکان دوور خستەوە، هەر بۆیە تەنیا کارلێکراویی ڕۆشناییەکانی پەسند کرد، بۆ ئەوەی تابلۆکانی لە شیتەڵبوون ڕزگار بکات. بایەخی بە لایەنی بیناسازی و تەلارسازیی تابلۆکانی دا، تاوەکوو گەیشتە ئەوەی ڕۆشناییەکانی بۆ ڕەنگەکانی هەڵوەشێنێتەوە و پاشان چاوی بینەر خۆی لە کاتی تەماشاکردندا، سەر لە نوێ تێکەڵ بکاتەوە، لەو بارەیەوە دەڵێت: "ویستم کارلێکراوی بکەمە شتێکی پتەو، وەکوو دەگمەنەکانی هونەری لە مۆزەخانەدا بمێنێتەوە".

* تۆلۆز لۆتریک (١٨٦٤-١٩٠١):

تۆلۆز لۆتریک لە دایک و بابێکی سەر بە بنەواڵەیەکی ئۆرستۆقراتی بەناوبانگ لەدایک بوو، دایکی لە ئافرەتە بەناوبانگە ناودارەکانی کۆمەڵگە و باوکیشی وەکوو دەوڵەمەندەکان حەزی لە ڕاو و شکار و بەخێوکردنی ئەسپ بوو. پێوەندیی کرد بە قوتابخانەی (ئەللیسیە) بەڵام تەندروستییە خراپەکەی تووشی دوو کارەساتی یەک لە دوای یەکی کرد و لە ئەنجامدا تووشی ئیفلیجی بوو. لە نەش و نمای خست و بە درێژایی تەمەنی، بە کورتە باڵایی ژیانی بەسەر برد. هەر چەندەش پێوەندیی لەگەڵ هونەرمەند (ئیدگار دیکا) تەنیا سڵاوکردن بوو، بەڵام کارە هونەرییەکانی کاریان تێ کرد... کارەکانی و شێوازی ژیانی سفتبوونی تێکچرژاو بوون... هەروەکو بۆهیمییەک ژیانی بەسەر برد. بۆیە توانیی بە جوانی و ڕاستگۆیی ژیانی بۆهیمییەکان بخاتە ڕوو، (لۆتریک) لە سەرەتای ژیانیدا شێوازی کارلێکراویی تاقیکردەوە و، لەلایەن مامۆستایەکی تایبەتی هاوڕێی باوکی وەکوو شازادەیەک وانەی وێنەی پێ دەوترایەوە، پاشان دوای ئەوەی لە ساڵی ١٨٨٢دا لە قوتابخانەی هونەرە جوانەکان خوێندی، بە ڕاستگۆیی خۆی بە هونەر سپارد، بەڵام لەگەڵ کارلێکەرەکاندا لە وێنەکێشانی دیمەنە سروشتییەکان شەیدای دووکەوتنیان و جیاوازی بوو، باوەڕی وا بوو "تەنیا گەمژە دەتوانێت بایەخ بە وێنە سروشتییەکان بدات، چونکە کەسی تێدا شک

هەولێر الامێری کتێب

نابات، هەروەها تەنیا کەللەپووتەکان لە شوێنە کراوەکاندا چاوانی ئاشنای ڕۆشنایی، خۆر دەبینێت". بەڵام ئەو ڕۆشنایی و گڵۆپەکان ژیانی شەو بەرەو خۆیان ڕاپێچ دەکەن، ئەو تەنیا ڕامان و بەدواچوونی ژنان و پیاوان چێژی تەواوی پێ دەبەخشی، نەک ئەوانەی پارێزگاری لە جل و بەرگ و دیمەنە ڕێزدارەکانی خۆیان دەکرد، بەڵکوو ئەوانەی سەرکێشی و ئارەزووە چێژدار و بەتامەکانیان ماسکە درۆیینەکانیانی پێ دەماڵی ڕووە ڕاستەقینەکان بەڕووتی و بەبێ هیچ داپۆشراوییەک دەردەکەوت.

دوای چەند ساڵێک، بە تەواوی لەو شێوازە دوور کەوتەوە و لە شێوازی (ئەگار دیگا)، بە تایبەتی لە بابەتەکانی نێزیک بووەوە، بەڵام کەسایەتییە سەربەخۆ و بە گەپە توانجگرتووەکەی جیاواز بوو. گەر هێڵەکان لەلای (دیگا) جووڵەیان دەنواند، ئەوە لە لای (تۆلۆز لۆتریک) هەڵچوونیان دەنواند. (لوتریک) بێجگە لەوەی وێنەی ڕۆنیی دەکێشا، پروپاگەندەی بۆ تیاترۆخانە و جوانکاری دەکرد و چاپی سەر بەردی بۆ (لیتۆگراف) دەکێشا، بەڵام ئەوەندە مەیی دەخواردەوە تا لە مردن نێزیکی کردەوە.

لە ساڵی ١٨٩٩دا، لە شاری (نیبلی) خرایە خەستەخانەی شێتەکان، بۆ ئەوەی جەستەی لە کاریگەریی مەی ڕزگار بکرێت، وەکوو هەستی کردبێت ژیانی بەرەو کۆتایی دەڕوات، بۆیە هەوڵی دەدا بە پەلە پێش ئەوەی بمرێت هەموو تواناکانی خۆی بەکار بهێنێت، ئەو لە کاتی گەنجیدا، کە تەمەنی ٢٥ و ٣٥ ساڵیدا بوو تەنیا چەند تابلۆ و وێنەیەکی کێشا و هەروەها پروپاگەندەی لیتۆگرافی دەکێشا، کە بە هێڵە دەمارکێشە سەرکوتکەرانەکانی، وەکوو بەیان وا بوون، بەو ڕەنگە پڕ ژیانە هەستکراوانەوە کەسێک لە وێنەکێشان نەبوو شان لە شانی بدات.

لە ساڵی ١٩٠١دا و لە تەمەنی ٣٧ ساڵیدا لە باوەشی دایکیدا مرد.

## کۆتا وتە

لە پاڵ ئەوەی کە لە مێژووی هونەردا ئەم بزاوە هونەرییە گرینگەی هونەری کارلێکراوی لە سەر شانی هونەرمەندانی فەرەنگستان دامەزراوە، هەر لەگەڵ دەرکەوتنیدا هونەرمەندانی تر هەن، کە ناویان دەدرەوشێتەوە و لە مۆزەخانەی (جی دی بۆم)ی شاری پاریسدا گەلێک لە بەرهەمەکانیانی تێدایە، کە ئەم هونەرمەندانە بوون: گان فردریک بازیل، ئۆبۆگین بۆدین، گۆستاف کایلبووت، ماری کاسات، تیۆدۆر فانتین لاتۆر، بۆڵ گوگان، ئیڤیگۆ نزالی، ئەرمان گیۆلامین، جۆن مر تۆلد جونگوند، بیرت مۆزیرۆت، ئەدیلڤن ریدۆن، هێنری ڕوو، هێنری ڕۆشۆ، ئەلفرید سیسلی و ڤان کۆخ.

هەروەها هەندێک لە هونەرمەندانی وەکوو: تیۆدۆر فانتین لاتۆر، برکۆلد جونکۆند و ئەلبار بیزۆد ئەنفلیر.

هەروەها گەلێک لە هونەرمەندانی دوای کارلێکراویی لە خۆ گرتبوو، وەکوو: گۆگان و ڤان کۆخ. کە بۆ ماوەیەکی کەم کاری کارلێکراوییان ئەنجام دا، پاشان هەر یەکە و شێوازی تایبەتی خۆی

بەکار هێنا و بەو شێوازە تایبەتییە ناوبانگیان دەرکرد. لە کۆی سەدەی ڕابردوودا، لەلایەن هونەرمەندانی زۆربەی وڵاتانی ئەوروپادا شێوازی کارلێکراوی بەکار هێنرا و پاشان بووە شێوازێکی باو... تاوەکوو ئەمڕۆش هەندێک لە هونەرمەندان بەو شێوازە کار دەکەن، بەڵام سەرهەنگی هەر بۆ ئەو هونەمەندانەیە کە دایانهێنا و لە پێناویدا گەلێک ئازاریان چەشت و بۆی تێکۆشان و بۆ بەکارهێنانی ئەم شێوازە ڕێگەیان خۆش کرد، بۆ ئەوەی قوتابخانەی هونەریی تازەگەری لە دوای ئەواندا بە کاری بهێنن.

لە سەرەتای سەدەی بیستدا، ژمارەیەک لە هونەرمەندانی عەرەب لە وڵاتە ئەوروپاییەکاندا وانەی هونەریان خوێند، لەو کاتەوە کە بە فەرمی دان بە کارلێکراویدا نرا، قوتابخانەیەکە و خاوەن مێژوویەکی ڕاستەقینەی خۆیەتی، ئەوانە کە گەڕانەوە وڵاتانی خۆیان شێوازی کارلێکراوییان لە تابلۆکانیاندا بە کار هێنا و هەندێکیان بە دڵ و بە گیان پابەندی شێوازەکەی بوون و هەندێکیانیش لە پاڵ کارەکانی خۆیانەوە شێوازی کارلێکراوییان تاقی کردەوە، هەندێکیانیش بەکارهێنانی شێوازەکەی بۆ ئەوە بوو کە زیندوویی و جووڵە بە تابلۆکەیان ببەخشن. لە وڵاتی میسردا (یووسف کامیل) (١٨٩١-١٩٧١) لە هونەری ڕۆنیدا پێشەنگی شێوازی کارلێکراوی بوو. هەروەها هونەرمەندان (کامیل مستەفا) و (حەسەن ئەلبانی) و (محەمەد سەبری) شوێن پێی (یووسف کامیل)یان هەڵگرت، هەروەها هونەرمەندان (مەحموود سەعید) و (محەمەد ناجی) و (راغب عەیان) شێوازی کارلێکراوییان لە ژیانی هونەرییاندا بۆ ماوەیەک بەکار هێنا، بەڵام هونەرمەند (ئەحمەد سەبری) هەر دوو شێوازی کارلێکراوی و کلاسیکی بەکار دەهێنا. هونەرمەندان (حسین بیکار) و (سەبری ڕاغب)یش ئەو شێوازەیان بەکار هێنا.

لە عێراقدا دەبینین، هونەرمەندان (فایق حەسەن) و (عەتا سەبری) و (دکتۆر خالید ئەلجادر) لە کێشانی وێنەی سروشت و ئەسپدا پشت بە شێوازی کارلێکراوی دەبەستن. لە وڵاتی سووریادا، هونەرمەندان (نەسیر شووری) و (مونیر زەیتوونی) و (نازم ئەلجەعفەر) و چەند هونەرمەندێکی تر بەو شێوازە بەناوبانگن، لە وڵاتی لبنانیشدا، هونەرمەندان (مستەفا فرووخ) و (ڕەشید وەهبی) ئەو شێوازە و ڕێگەی وێنەگرتنی لە زۆربەی کارە هونەرییەکانیاندا بە کار دەهێنن. هەروەها هونەرمەندانی توونس و مەغریب، بەو شێوەیە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ئەم قوتابخانە هونەرییە لە دوای سەد ساڵ زۆربەی هونەرمەندان لە بەکارهێنانی شێوازی کارلێکراویدا بە تەواوی ئارامی بە دڵ و دەروونیان دەبەخشێت، هەرچەندەش خاوەن کەلەپوورن و مێژووی ئەدەبییان لەگەڵ ئەوروپادا جیاواز بوو، ئەمەش بەڵگەیەکی سەلمێنراوە کە تاوەکوو ئەمڕۆ هونەر کارلێکراویی زیندووە و توانی بەخشینی هەس.

# ئەوانەی گەڕانەوە ئاسمان

ئەنیس مەنسوور

## بەشی پێنجەم

### دەروێش و فەڕ

پیاش ئەوە دیۆجین–ی فەیلەسووفی گریکی سەری لە سندووقی زبڵەوە دەهێنا و ڕوانی و، ئەسکەندەری گەورەی لە بەردەمیدا بینی، سەری کێشایەوە ئەو جێیەی لێی بوو، کە ئەسکەندەر لێی نێزیک بووەوە سەیری کرد نە دەیەوێ بیدوێنێ و نە سەیریشی بکا، پێکەنی و بەجێی هێشت.. خەڵکەکە هاتنە لای دیۆجین و داوایان لێ کرد سەری لێیان دەربهێنێ و سەیریان بکا، بەڵام ئەوەی ڕەت کردەوە. پێیان گوت: بەڵام ئەسکەندەر سەعاتێکە ڕۆیشتووە.

فەیلەسووف سەری دەرنەهانی و گوتی "ڕاستە ئەو ڕۆیشتووە، بەڵام دەبێ شتێکی لێ هەر مابێ... هیچ شتێک بەم شێوەیە ناڕوا بێ ئەوەی نە سێبەرێکێ هەبێ نە دەنگدانەوەیەک و نە کاریگەرییەک یان پاشماوەیەک!" هەموو شتێک پاشماوەی هەیە، ئەمەیە وشە و دانایی پێکەوە.

ئەگەر ئەو کتێبە نوێیە نەبووایە لە ئەمەریکا بە ناوونیشانی "نە ئێمە یەکەم کەسین و نە دواییینیشین لەسەر ئەم هەسارەیەدا" کە ئەندرۆ تۆماس دایناوە، ئەم زنجیرەیەم کۆتایی پێ دەهێنا. بەڵام کتێبە تازەکە شتی تازەشی هێنا، کە دوای ئەوەی بە هەموو ئەو دۆزانەدا تێ هەڵچووەوە کە لە بەشەکانی پێشەوەدا ورووژاندمن، دیسان جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە شارستانیگەلێک لەسەر ئەم زەوییەدا بە دوای یەکدیدا هاتوون و ئەم شارستانییانەش هەر لە خۆیانەوە لە ناو چوون، یان لە ژێر فشارێکی توندی مرۆڤانەدا یانیش بەهۆی کارەساتەیلێکی گەردوونییانەوە.. بەڵام پاشماوەکانی ئەم شارستانییانە زاناکان قۆرخیان کردووە، زاناکان لە هەموو سەردەمەکاندا

.................................................................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئەحمەد تاقانە

نهێنیزانانی ئایینەکانن یانیش ئەو ڕەبەنانەن دوورەپەرێزییان لە جیهان هەڵبژاردووە، ئینجا ئەو زانیارییانەی قۆرخیان کردووە لە خزمەتی ئایین یان لە خزمەتی شایان داناوە... بەوەش وا لەو خەڵکە تێ دەگەیەنن هێزی زانست و هێزی جادووگەرییان هەیە، واتە ئاسمان هەموو ئەو شتانەی داونەتێ کە بتوانن دەست بەسەر زەوی و خەڵکی زەویدا بگرن... لە هەموو مێژووشدا شایەکنییە وشەی "ئاسمان"ی لە هەموو قسەیەکیدا بەکار نەهێنابێ، واتە ئاسمان هەڵیبژاردووە، کە هەڵیبژاردبێ پشتگیریشی لێ دەکا و بۆ خەڵک وا باشترە بەدەوری کوڕی ئاسماندا گرد ببنەوە و بڕوا بەو زێوان و ڕەبەنانە بکەن کە دەکارن وتەی ئاسمان ببەن و بۆ خەڵکی بگوازنەوە.

ئەندرۆ تۆماس–ی دانەریش سەتان بەڵگەی زانستی و دێرینی کۆ کردووەتەوە.

لە بەشێکدا لەسەر ئەوە جەختمان بۆ دەکا کە کۆنەکان و لە هەزاران ساڵەوە پەییان بە کارەبا بردووە و بەکاریان هێناوە، زێوانەکان بەکاریان هێناوە و خەڵکیان بە دەوردا کۆ بوونەتەوە. ساڵی ١٩٣٨ فلهێلم وێنگ–ی لێکۆڵەرەوەی ئەڵمان پاترییەکی وشکی لە نێزیک بەغدادا دۆزییەوە.. کە ژمارەیەک دەفری گۆزە "سوورەوەکراو"ی دۆزییەوە کە ئەستوندگەلی لە مس دروست کراوی بە پیترۆل داپۆشراوی وشکی دۆزییەوە.کە ئەمدیو و ئەودیوی پێ دەکردن و نموونەیەکی وەک ئەوانی دروست کرد و هەندێک تیژاوی تێ کرد و بەیەکیانییەوەی گەیاندن گڵۆبێکی کارەبایی پێ کرد.

لە کتێبێکی ئەم لێکۆڵەرەوەیە ئەڵمانییەشدا بە ناونیشانی "نۆ ساڵ لە عێراقدا"یدا کە ساڵی ١٩٤٠ دەری کردووە دەڵێ: پێم وایە ئەمە یەکەم پاتریی وشکە مرۆ زانیبێتی و گومانیشی تێدا نییە دەگەڕێتەوە بۆ چوار هەزار ساڵ لەمەوبەر، ئەوانەی دروستیشیان کردووە زانیویانە چۆن ئاگاداری ئەوە دەبن کارەبا بەفیڕۆ نەچێ. هەر لەو کاتەشدا مەبەستیان بووە ماددەگەلێک بەکار بهێنن تەنیا لە دەیان ساڵەوە نەبێ پێمان نەزانیون..

یەک لە پیاوانی کۆمپانیای "جەنەڕاڵ ئەلکتریک"ی جیهانیش هات و چەند نموونەیەکی ئەم پاترییە گۆزەییەی دروست کرد و گومانی لەلا نەما کە ئەم جۆرە پاترییانە تەواوێک لە ئەو پاترییانە دەچن کە کرێکارانی کانزاکان بەکاریان دەهێنن یان لە شوێنە دوورودەستەکاندا بەکار دەهێنرێن، کە لە توانستیدایە ماوەیەکی درێژ بمێنێ.

سوورا–ی مامۆستای فرەنسییش یەکەم کەسە وتوویەتی پاترییە عێراقییەکان –پاترییەکانی بابل– لە پاتریی دیکەوە وەرگیراون کە بەخۆی لە میسر دۆزیویانیەتەوە. کە فیرعەونەکان یەکەم کەس بوون ئەم جۆرە پاترییە کارەباییەیان لە پەرستگەکاندا بەکار هێناوە... لە یەکێک لە گۆڕستانەکانی ئوقسور–دا پارچەگەلێکی بڵاوی لە پاترییەکە دۆزییەوە، ئەگەر بەیەکەوە دابنرێن ڕووناکی دەدەن. ئەوەی مامۆستا سوورا–شی سەرسام کردووە ئەوەیە کە فیرعەونەکان جۆرەها شلەیان زانیوە کە تا ئێستا نەیانیزانیون... کەواتە فیرعەونەکان چۆنیان زانی ڕۆن و شەراب و هەنگوین پێکەوە لە دروستکردنی هەویرێکدا بەکار بهێنن کە پریشکێکی کارەبایی پەیدا بکا؟! لەو کۆنگرە ناودەوڵەتییەشدا کە ساڵی ١٩٦٨ لە شیکاگۆ گیراوە برۆلەن ڕایگەیاند ئەم دۆزینەوەیەی

مامۆستا سوورای فرەنسی پێی گەیشتووە لە گەورەترینی ئەو شتانەیە تا ئێستا زانیومانە لەبارەی نهێنییەکانی هەندێک لە مادده سەرەتاییەکان. بارودۆخ خۆی ناچار کردووە هەندێک گژوگیا لەگەڵ هەنگوین و شەراب بەکار بهێنێ و چرایەکی بەڕووناکی دروست بکا، بەڵام تیشکەکەی کز بووە.. گومانی تێدا نییە فیرعەونەکان گەیشتبنە شتەیلی دیکە، کەس بە تەواوەتی نایزانێ!

ئینجا برۆکلمەن گوتی: دەشێ ئەمە لێکدانەوەی زانستیی ئەوانەیە لە بەردییە دێرینەکاندا هەیە کە ئەوانەی ئیزیسی خوداوەند دەپەرستن تێبینیی ئەوەیان دەکرد کە لەناو چاوانیدا بریقەیەکی سەیر هەیە.. یان پریشکێکی فرە رووناک... و لەبەر ئەوە چاویان بۆ هەڵنەدەبڕی.. لەوانەیە ئەم بریقەیە پاتریی کارەبایی بووبن زێوانەکان لە پشت پەیکەرەکانیان دانابن.. ئەمە شتێک نییە هەرگیز نەبێ، کە فیرعەونەکان کارەبایان زانیبێ..

لە کتێبە بوودایییە دێرینەکانیشدا هاتووە: بوودا بەخۆی ئەستێرەکانی ئاسمانی بە هەند هەڵنەدەگرت، بەخۆی بۆ خۆی و دەوروبەرەکەی ڕووناکیی دەبەخشی!..

لە گۆڕستانەکان و ئەشکەوتێلێکی زۆر لە ئەورووپا شوێنەوارناسان چرای ڕووناکیان دۆزیوەتەوە. کە گۆڕستانی تۆمابۆمبلیس-ی دووەمی شایەکانی ڕۆمایان کردووەتەوە چرایەکی ڕووناکییان دۆزیوەتەوە.. لە دوو هەزار ساڵەوە ڕووناک بووە!

لە پەرستگەی جۆپیتەر -ئاموون-یشدا چراکەڵ سەدان ساڵ ڕووناکییان داوە.

لەو بوردییە دێرینانەدا کە بۆ سێ هەزار ساڵ دەگەڕێنەوە دەستەواژەی وەک ئەمە دەبینین: لە پەرستگەشدا پارچەیەک لە ئەڵماس هەیە خوداوەند خواستی تاهەتایە بەڕووناکیی بهێڵێتەوە.. خۆری بۆ هاتووەتە خوارێ و شەو و ڕۆژ ڕووناکی دەبەخشێ.

لە پەرستگەی مینیرڤا-ی خوداوەندیشدا چرایەک هەبوو چاو بەرگەی ڕووناکیی نەدەگرت، لە ئەزەلەوە تا هەتایە- وایان گوتووە:

ڤرجیل-ی شاعیری لاتینی دەڵێ: ئاسمان پارچەیەکی خۆی لەم پەرستگەیەدا لەبیر کردووە، کە لێمان دەنوارێ چاومان دەیێشا!

قددیس ئۆغستین-یش (٣٥٢-٤٣٠) دەڵێ میسرییەکان چرایەلێکیان هەیە ڕووناکیی سەیریان هەیە، ڕووناکیی بێ دووکەڵ و چراگەلێکی سارد، ڕووناکیشیان سەوزی ساردە و لە پەرستگەی ئیزیس-ی خوداوەندیشدا ئەم ڕووناکییە ساردە هەیە، ئەم ڕووناکییەش با و باران کاری لێ ناکا.. ئەدی ئەمە شتێکی سەیر نییە؟!

لە ڕۆما لە ناو تابووتی کچێکدا کە لە ئەپریلی ساڵی ١٤٠١دا دۆزراوەتەوە تەنێک دۆزراوەتەوە بەپێی ڕێبازی فیرعەونی مۆمیا کرابوو، کە ماددەی مۆمیاکردنیان لێ کردەوە لێوەکانیان بە پەمبەیی و نەرمی بینی، پیشانی جەماوەریان دا.. کە سەرپۆشی تابووتەکەیان بەتەواوی لابرد،

لەلای پێیەکانیدا چرایەکی ڕووناکی هەزار و دوو سەد ساڵەیان بینی!

مرۆ لە هەزاران ساڵەوە چرای کارەباییان زانیوە. ئەم "زانیاری"یە بە شوێنێکی زۆری جیهاندا بڵاو بووەوە. ئەوەی سەیریشە ئەوەیە کە چرا زۆر دێرینەکان زۆر لەوە پێشکەوتووتر بووە لەو چرا و پاترییانەی دوای ئەوە بڵاوبوونەوە. وەک بڵێی ئەو پاتری و چرایانەی نێزیک بووە لە ڕۆڵەکانی ئەو شارستانییەی لەناو چوو و نەما، تەواوتر و وردترە- بەڵام بڵاوبوونەوە و لاسایی کردنەوەی گەلێکی لە تایبەتمەندییە زانستییەکانی نەهێشتووە.

لە "کتێبخانەی میرەکان"دا لە هیندستان دەستنووسێک هەیە تەمەنی بیست سەدە و نیوە، بۆمان باس دەکا چۆن دەتوانین لە ماددەگەلی زۆر سەرەتاییەوە پاترییەکی کارەبایی دروست بکەین.. هەروەها پەسنی کەموکوڕییەکانی پاترییە کانزاییەکانی تێدایە، هەروەها تایبەتمەندییەکانی بە کارهێنانی هەندێک لە بەردان...

من بەخۆم لە مووزەخانەی ترافندرۆم-ی ویلایەتی کیرالا لە باشووری هیندستاندا چرایەکی زێڕینی گەورەم بینی.. ئەم چرایە لەم دواییانەدا کوژایەوە.. بەڵام شوێنەوارناسان جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە بە هۆیەکی نەزانراوەوە پازدە ساڵ بە هەڵگیرساوی ماوەتەوە. لە لێکدانەوەی ئەوەشدا دەڵێن: گومانی تێدا نییە کە دەبێ ماددەیەکی تیشکدەریان لەناو داناوە، یانیش زێڕەکە بە بەرکەوتنی هەواوە ڕووناک دەبێتەوە، یانیش بە بێتەل (لاسلکی) لە شوێنێکی دوورەوە ڕووناک دەکرێتەوە!!

بەڵام کەسێ خۆی بێ ئەوەی لە هیچ شتێک دڵنیا بێ هەوڵی دا. چۆن ئەوەیان کرد؟ کێ پێی گوتن؟ ئەدی کێ فێری کردن؟

لە یەکێک لە دەستنووسە دێرینەکانیشدا لەم "کتێبخانەی میرەکان"ەدا ئەم چیرۆکەی تێدایە: ... کە شاش بڕیاری دا سەر لە یەکێک لە گوندە دوورەکان بدا، ڕەبەنەکان لە بارێکی تووڕەییدا کۆبووبوونەوە چونکە شا سامانەکانی لێ وەرگرتبوون و بژیوییانی لێ قەدەغە کردبوو و هەڕەشەی دەرکرنی لێ کردبوون، ڕەتیان کردبوو پیشوازیی لێ بکەن.. دواتر بەوە قایل بوون و.. کەژاوەی شاهانە بە شەو دەستی پێ کرد. لە پڕ درەختەکان بە درێژاییی ڕێگە بە جارێک ڕووناک کرانەوە.. کە لە سەر هەر دارێکدا گۆیەکی گچکە لە بەرد یان لە شووشەی ئاوی هەبوو.. ئەم گۆیانە لە یەک کاتدا ڕووناک هەڵکران، شا بە سەرسامی وەستا و ژمارەی ئەو سەرباز و فیلانەی لەگەڵیدا بوون دەرکەوتن. شا هەستی بە شەرمەزاری کرد. کە بەڵێنیان وا بوو بەتەنیا بێ. شا بە پێیان ڕێی کرد و ڕووناکیی چراکان بەهێزتر بوون. لە کۆتاییی ڕێگەکەدا شا خۆی لەبەردەمی ڕەبەنەکاندا دیتەوە، بردیانە ناو پەرستگەکەوە، پێی وا بوو زەویش ڕووناک بووەوە.. تا دواییی چیرۆکە درێژەکە!..

"بۆن ئیدریس"ی نووسەری ئوسترالی لە گەشتەکانیدا کە ساڵی ١٩٧١ بە ناونیشانی "میوانی بنەماڵەی موون" پەسنی ئەوەی کرد ئەم سەرەتاییانە لە ئێریانی خۆراوادا دارحەیزەرانێک بەرز دەکەنەوە هەر ئەوەندەیە بەر هەوا دەکەوێ گۆیەک لە بەرد لە سەریدا پێ دەبێ. سەرنجی ئەوەشی

داوە کە هەموو ئەم عەشیرەتانە پشت بەم جۆرە ڕووناک کردنەوانە دەبەستن، کە ویستی بزانێ چۆن پێ دەبن نەگەیشتە هیچ ئەنجامێک. بەڵکو هەموو ئەوەی کە زانیی ئەوە بوو کە ئەم بەردانە لە تاوێرەکان دادەتاشن و بە ڕۆن و خواردنەوە و هەنگوینی هەنگ و خوێنی بەراز چارەسەریان دەکەن ئینجا لە ژێر زەوییاندا دەنێژن و لە مانگەشەودا دەریان دەهێننەوە، بەسەر داردەستێکیەوەیان دەکەن، هەر کە بەر هەوا دەکەوێ ڕووناک دەبنەوە بێ کۆتایی!

ئەمە لە هەموو سەردەمە کۆن و نوێیەکاندا چۆن ڕووی داوە؟

فالیری یەرمۆسۆف–ی شاعیری ڕووس وەڵامی ئەوە دەداتەوە و دەڵێ: شاعیران و داناکان و پاسەوانانی دانایییە شاراوەکانن، شاپێتە هەڵایساوەکانیان تاهەتایە هەڵگرتووە و لە بیابانان و ئەشکەوتەکاندا دەیانشارنەوە.

بەشێکی دیکەی لەوە سەیرتر ئەندرۆ تۆماسی دانەری ئەمەریکی نووسیویەتیەوە لەبارەی ئەوەوە کە چۆن هەندێک لە خەڵکان توانیویانە بەبێ یارمەتیی کەس، مەترێک یان دوو مەتر یان بیست مەتر لە ڕووی زەوییەوە بەرز ببنەوە... ئێمە لە سەردەمی نوێدا پیاوان دەبینین لەناو کەشتییە ئاسمانییەکاندا دەفڕن، کاتێک کەشتییەکە بەناوچەی نەمانی کێشیاندا دەبا.. لەگەڵ کەوچک و کووپەکانیاندا دەفڕن.. کە فرمێسکیشیان بەربێتەوە بەئاسمانەوە بە هەڵواسراوی دەمێننەوە.. لەبەر ئەوە ناخۆنەوە، بەڵکو خۆراک لە تیووبگەلێکەوە دەمژن کە لە تیووبەکانی دەرمانی دانشۆردنەوە دەچن. هەموو ئەمانەمان بینی و پێیانمان زانی و چیی دی سەرسامیمان ناکەن. بەڵام ڕووداوی ئەمانە لە هەزاران ساڵەوە چۆن لێک دەدەینەوە؟ ئەی چۆن ئەمە لەسەر ڕووی زەویدا ڕوو دەدا.. چۆن دەکرێ هێزی بۆ خۆ ڕاکێشانی زەوی نەهێلرێ؟

مێژوونووسە عەرەبەکان یەکەم کەس بوون گوتوویانە فیرعەونەکان لەڕێی نەهێشتنی هێزی بۆخۆ ڕاکێشانی زەوییەوە هەرەمەکانیان بنیات ناوە، مێژوونووسە عەرەبەکانن گوتوویانە بە ئامازەیەکی یەک لە زێوانەکان فیرعەونەکان بەردەکانیان بە هەوادا بەرز دەکردەوە و ئینجا یەک بە دوای یەکدا بەردەکانیان دادەگرت.. ملیۆن بەرد دوای ملیۆن بەرد بێ ئەوەی هیچیان ڕووشانێکیان تێ بکەوێ.. کە زێوانی فیرعەونی دارێکی درێژی بەدەستەوە دەگرت و ئامازە بە بەردەکە دەکا و بەرز دەبێتەوە و ئامازەی بۆ دەکا بێتە خوارێ کرێکارەکان دێن دەستێکی لێ دەدەن چێی خۆی بگرێتەوە!

زانایەکی ئەمەریکی هاتووەتە میسر و شەش مانگ لەدەوروبەری هەرەمدا دانیشت.. بە خۆی وێنەی هەزاران بەردی بینی و وێنەیانی گرت، تێبینیی نەکرد یەک لەوانە لە ژێر پاڵەپەستۆ سەنگینەکەیدا ڕووشابێ... چۆن؟

دوای ئەوە لە تەوراتیشدا هەیە شاری ئەریحا بە پێلگەلی دەنگی بنیات نراوە.. ئێمە لە سەردەمی نوێدا پێلگەلی سەرووی دەنگی لە داتاشینی بەرد و داربڕیندا بەکار دەهێنین.. کرێکارانی شاری ئەریحاش هەر وەها بوون، کە داوایان لێ دەکرا لە یەک کاتدا یەک سروود

بڵـێنەوە و یەک لە ڕەبەنەکـان هاتووە و یەک هاواری کـردووە. بەردەکـان یەک بە دوای یەکـەوە هەڵبەزیون!

لووسیان-ی مێژوونووس بۆمان دەگێڕێتەوە پەیکەری ئەپۆڵۆی خوداوەند لە سووریا لە خۆیەوە لە زەوییەوە بەرز دەبووەوە و ئینجا دەگەڕایەوە شوێنی خۆی.

یامـبلیـخۆس-ی فـەیلەسـووفیش لە سـەدەی چوارەمی زاییندا بەخـۆی مـەترێک و دوو مـەتر لە زەوییـەوە بەرز دەبووەوە و خـەڵکەکـە لە ژێریدا ڕێ دەکـەن و ئینجـا دەگـەڕایەوە شـوێنـی خـۆی. خەڵکیش دەیانبینی بە ئارەقە دەتاوایەوە.

لە دەشـتـی مـیسـریشدا خـەڵکەکە باس لە مـردووان دەکەن کـە چۆن دەفـڕن.. و چۆن تـەرمـەکە دەیانخـاتە هـەڵەداوان و چۆن خـۆیان بە تـەرمـەکـەوە هـەڵدەواسن و چۆنیش گـەلێک جـار دەبـینن تەواوێک مردووەکەیان لێ قورس بووە و نایەوێ بجووڵێتەوە.. بەتایبەتی کە لە گۆڕ نێزیک دەبێتەوە.

بۆچی؟..

سـاڵی ١٥١٥ش قەشـە ئەلفاریز-ی باڵیۆزی پورتوگاڵ لە حەبەشـە ڕاپۆرتێکی بۆ شـا نارد تێیدا دەڵێ: کاتێک سەرم لەو دێرە دا لە ترۆیکی چیای بیجان-دا ئەستوونێکم لە ژێر بینی لەبەرزیی دوو مـەتر لە زەوییـەوە بە هـەواوە وەسـتـاوە دەسـتم لە ئەسـتـوونەکـە دا و جـووڵاندمـەوە و بـۆ لای خـۆم ڕاکـێـشـا بەڵام گـەڕایەوە و لێم دوور کـەوتەوە و هـەر بە هـەڵواسـراوی مـایەوە.. و خـەڵکەکـە بۆ "حەج"کردن دەچوونە ئەو جێیە و زۆرم لە ڕەبەنەکان لەبارەی نهێنیی ئەوەوە پرسی، بەڵام کەسـیان هیچیان پێم نەگوت.

لە کـۆتاییی سـەدەی هەژدەم نەشـتـەرگـەرێکی فـەرەنسی هاتە قـاهیـرە ناوی د. بونیـمـیـێ بوو لە یادداشـتـیدا دەڵێ: لە گوندێکدا منیان بە پیاوێکی باش ناساند ناوی شـێخ مـحـەممەد عـەبدولعال بوو، باریکەلەی ڕوو زەردی دەنگ نزم. سەرەتا بە نەخۆشم زانی، بەڵام جەختیان بۆ کردم هەمیشە بەڕۆژووە، واتە شـتـێکی زۆر کەم نەبێ ناخوا.. ئەم پیاوە داردەسـتـەکەی بەدەسـتـەوە بوو و هـەڵی دەدایە هـەواوە و بە ئاسمانەوە دەوەستا و خـەڵکەکـەشی لەدەوروبەردا پێدەکەنین یان هـەڵهەڵەیان لێ دەدا یان "سـەڵاوات"یان لە پێغەمبەر دەدا.. هـەروەها قـاپ و کەوچک و پێڵاوی هـەڵدەدا و هـەموو لە تەک داردەسـتـەکـەیەوە دەوەسـتـان، ئەمـەم بە چاوی خـۆم بینی و هەوڵم دا تێ بگەم، نەمـتـوانی. ئێستاش ناتوانم تێی بگەم!

سـاڵی ١٩٥١ ڕاوێژکاری ئینگلیزیی حکوومـەتی نیپال کە ناوی د. سـمـیـتس-ە یادداشـتـەکانی خۆی بڵاوکردەوە. تێیدا کـەسێکی بینیوە تووشی لەرزە و ئارەقە هاتووە و ئینجا زۆر بە کاوەخۆ بەهەوادا بەرز دەبێتەوە و بەو شـێوەیە دەمـێنێتـەوە تا خـەڵکی داوای لـێ دەکـەن بگەڕێتـەوە سـەر زەوی، بەوەی دڵیان پێی دەسووتێ کە وەک بڵێی تای لێ دێ!

لە مـەکـسـیکیشدا پیاوێکی قەسـاب هـەیە قـورسـاییی نێزیکەی سـەد کیلۆگرام دەبێ.. جـارجـار

قورسـاییی کـەم دەبێتـەوە و جـاروباریش زۆر دەبێ بەپێی ویسـتی خـۆی- کـە قـورسـاییشـی کـەم دەبێتەوە خـەڵکەکە دەتوانن بە دەست لێدانێکی پەنجـەیان هـەڵی بگرن، کە قورسـاییـەکەی زیاد دەکا بیست زەلام ناتوانن لە زەویی بەرز بکەنەوە. چۆن؟ بەخـۆشی نازانێ چۆن، کـە لێـیـان پرسـیـوە گوتوویەتی: من فەرمانێک بۆ لەشم دەردەکەم سووک ببێتەوە یان گران ببێتەوە، دوای ئەوە نازانم کێ ئەم فەرمانە جێبەجێ دەکا!

لە گوندی شیگاپووریشدا لە هیندستانی خۆراوا مزگەوتێک هەیە ناوی "مزگەوتی قەمەر عەلی دەرویش"ە. لەبەردەمی ئەم مزگەوتەدا گۆیەک هەیە لە گرانیت، پەنجا کیلۆگرامە، ئەگەر یازدە کەسی لێ نێزیک ببێتەوە، دەکرێ لە چرکەیەکدا بەرز بکرێتەوە، ئەگەر هەریەکەیان یەک پەنجەیان بەپەلە لێ دا، بەهەوادا بەرز دەبێتەوە. ئەگەر دە کەس بن بەرز نابێتەوە و هەموو ئەوەی لەم خەڵکە پێویستە ئەوەیە ئەم دەستەواژەیە بڵێن: بە فەڕی قەمەر عەلی دەرویش!

ئیبتن سنگلەر-ی نووسەری گەورەی ئەمەریکییش لە یادداشتەکانیدا دەڵێ: هەرگیز نیازم نەبوو ئەم ڕووداوە بگێڕمەوە تا کەس بە شێتبوون و خرفبوون تاوانبارم نەکا. بەڵام کە ئەمە لە پێش چاوی ژمارەیەک لە ئەدیب و زانادا ڕووی دا، هیچ نەماوە بیشارمەوە و ترسی ئەوەشم نییە کە بە شتێکم تاوانبار بکەن.. کە هیندییەکی سووریان بۆ هێنا و لەسەر کورسییەکەیان دانا و مێز "خوان"ی لەبەردەمدا بوو.. پیاوە کورسییەکە و مێزەکە و خواردنەکەی بەرز کردەوە و لەبەر چاوی بینەرانیشدا لە خواردن و خواردنەوەدا بەردەوام بوو!

لە چیرۆکگەلی چاکە موسڵمان و قیددیسە خرستیانەکاندا سەتان چیرۆک و شتی سەمەرە هەیە. بەڵام کەس بە هەندیان هەڵناگرێ کە دیاردەی شایەنی لێکۆڵینەوە بن، بەڵکو بەوەی کە شتی سەراسایی و پرووپووچن. بەڵام زانست نابێ گاڵتەی بە شتێکدا بێتەوە بەڵکو دەبێ نێزیک ببێتەوە و دەستی لێ بدا و تێ بگا و ڕاستیمان پێ بڵێ.. کە ڕاستی لە ڕووبارێک دەچێ باریک دەبێت و بەرین دەبێتـەوە و خـول بەدەوری درداندا دەخـواتەوە و لە ژێر زەویدا بزر دەبێ.. دیسـانەوە دەردەکەوێتەوە.

لە یادداشتەکانی "لیو- ئان"ی فەیلەسووفی چینیدا هەیە کە بەر لە دوو هەزار ساڵ ژیاوە.. جۆرە دۆشاوێکی بۆ خۆی دروست کردووە و ئەم دۆشاوەی لە دەفرێکی بەرین دەکرد، پەنجەی تێ دەکرد و دەیلێستەوە، کە ئەوەی دەکرد بە ئاسماندا دەفڕی.

سەگگەل و پشیلە و کەڵەشێریش هاتن و لە دۆشاوەکەیان خواردەوە، ئەوانیش دەفڕین، خەڵکەکە بە حەپەی سەگ و میاواندنی پشیلە و قووقەی کەڵەشێران لە ئاسمانی شاردا دەحەپەسان.

"لیو- ئان" دەڵێ: شا نەخۆش بوو، کە ئەوەی بینی لە نەخۆشییەکەی چاک بووەوە... کە شابانوو نەخۆش کەوت و هەستی بە نێزیکبوونەوەی مردن کرد داوای کرد بۆ دواجار بمبینێ. لە دەستمدا گرتم و لە ئاسماندا شاردمەوە و.. تەنیا خۆم هاتمەوە سەر زەوی!

لەو سـەرنجە سـەیرانەی ئەندرۆ تۆمـاس-ی نووسـەری گـەورە ئامـاژەی بۆ کردوون، هـەندێک لە

دەستنووسە فیرعەونییەکان و دەستنووسەکانی تبت هەندێک لەو ڕێگەی چیایی و بیابانییانە پەسن دەدا کە ئۆتۆمبێلەیل لە خۆیانەوە بەسەریدا سەردەکەون..

هەر ئەو شتە لە شەقامی سەلاح سالم لە قاهیرە و لە شەقامی پەهلەوی لە تاران و لە کەنەدا لەلای چیای موگناتیس-دا ئۆتۆمبێلەکان بێ ئەوەی کەس پاڵیان پێوە بنێ بەسەر هەورازەکاندا سەردەکەون! و هەروەها ئاویش بۆ سەرەوە سەردەکەوێ.

ئەفلاتوون-ی فەیلەسووفی مەزنیش بۆی گێڕاوینەتەوە کە هەندێک لە پەیکەرانی دیتووە لە خۆیەوە بە هەوادا بەرز بووەتەوە. فەیلەسووف بە دۆزگەلێکی زۆری مرۆیانەوە خەریک بووە، خوێندنەوەی بۆ ئەم دیاردە سەیرە نەکردووە. هەرچەندێک هەوڵی داوە لە هەندێک لە زێوانەکانەوە تێ بگا، کە پاسەوانانی داناییە دێرینەکان، پێیان ڕاگەیاندووە ئەوە چیرۆکێکی درێژە!

هەر ئەفلاتوونی فەیلەسووف خۆی بەر لەوە باسی لە کەرتی "کیشوەر"ی "ئەتلانتس"ی ژێر ئاو کەوتوو کردووە و فیرعەونەکانیش یەکەم کەس بوون بەوەیان زانیوە و لە سەردەمە دێرینەکاندا بڵاویان کردووەتەوە.. لە پەرستگەی تیبەدا بینیویەتی کە زێوانەکان ویستوویانە پەیکەرەکان بە هەوادا بەرز بوونەتەوە... و هەموو ئەوەی ئەفلاتوون کردوویەتی ئەوە بووە سەری بەلای ڕاست و چەیدا هێناوە و بردووە و دەڵێ: دەیکەن (میسرییەکان دەتوانن ئەوە بکەن).

هەر لە تەک ئەم دیاردە سەمەرانەدا: ئەم زانستە کۆنەش، فەلسەفەگەلی کۆمەڵایەتی.. و تیۆوریگەلی زۆر پەرەسەندوو هەن بۆ چاکساریی ژیانی خەڵکی و بەپیتکردنی خاک و فرەڕەگ "تهجین"کردنی گیانلەبەران و ڕووەکەکان، لە هەزاران ساڵەوە پەیدا بوون بەر لەوەی وشەی سۆشیالیستی کۆمۆنیزم یان جڵەوگیریی زانستی "التحکم العلمی" لە "تۆوەکان" یان تەنانەت "سوبەرنتیکا" لەلای عەشیرەتە بڵاوەکانی ئەنکا- وەک دەبینین!

## ئەم سێیە هەموو شتێک دەزانن

ئەوە چی دەگەیەنێ کە لە گوندێکی دوورەدەستدا پیاوێکی گەورەی بەساڵدا چوو ببینی خوێندن و نووسین نازانێ، بەڵام ئەگەر لێت پرسی: دووریی نێوانی مانگ و زەوی چەندە؟ ڕێک پێت دەڵێ.. ئینجا خڕۆکە سوورەکان لە لەشی مرۆڤدا چەندن؟ بە وردی وەڵامت دەداتەوە.. ئەدی تۆفانی نووح کەی بووە؟ دەڵێ لە تۆفانێک پتر هەبووە.. ئینجا پێت دەڵێ یەکەمیان لە کوێ بووە و دووەم و دەیەم لەکوێ.. ئینجا باسی گیانلەبەرانێک دەکا بوونەتە مرۆڤ.. و باسی مرۆگەلێک کە بوونەتە مەل ئەگەر ویستبێتیان.. و هەروەها باسی خەڵکانێک کە لە بانەوە هاتن و بە ژێر ئاودا چوون و ئینجا بەرز بوونەوە بۆ هەسارەگەلی دیکە و ئینجا گەڕانەوە دا بەخەڵکی بڵێن چییان بەسەردا هات و چییان لێ هات..

وای بەبیردا بهێنە ئەمە ڕووی دابێ، چی بەم پیاوە نەخوێندەوارە تەواو لە گشت جیهانی دەوروبەری دوورەپەرێزە دەڵێی؟!

ئەوە بڕوا پێکراوترین شت نییە کە گریمانەی ئەوە بکەین ئەم پیاوە ئەمانەی بیستبێ.. یان لە خەڵکانێکی بیستبێ خوێندوویانەتەوە؟ ئەم زانیارییە وردانەش بەم جۆرە بەپارێزراوی لە ناو خەڵکدا مابێتەوە و سەرچاوەی ئەم زانیارییانە لە زەوییەوە نییە بەڵکو لە ئاسمانەوەیە، یان لە خەڵکانێکەوە بێ هاتوون و بزر بوون؟ تەنانەت ئەگەر بە دڵنیاییشەوە سەرچاوەی ئەم زانیارییانە نەزانرابێ، داخۆ لەمەدا شتێکی سەیر و سەمەرە نابینی؟

ئەدی لەبارەی کۆمەڵی "ئەنکا" لە ئەمەریکاوە چی دەڵێین.. کە ڕۆڵەی ژیارییەکی دێرینن، لەوانەیە نێزیکترینی هەموو ژیارییەکان بووبێ.. ژیارییەک بەبێ زمانێکی نووسراو. هەموو ئەوەی ئەم ژیارییە بەجێی هێشتووە لە کارە ئەندازیارییەکان و بنیاتە بڵندەکان و زانیاریگەلی گەردوونیی زۆر ورد و وێنەگەلێکی سەر دیوارەکان جەخت دەکا ئەوان لە بنەچەی جگە لە مرۆیانن.. یان هی زەوی نین..

ئەم ئەنکایانە سەتان ساڵ بەر لە ئێمە سۆشیالیزمی زانستییانەیان زانیوە.. کە لەو زانیارییە سادانەی لە مێژووی سۆشیالیزمدا ئەوەیە کە.. بە چەند قۆناخێکدا تێ پەڕیوە:

هەموو خەڵک هەموو شتێکیان هەبووە، واتە دارستانەکان و میوەکان و زەوی و ئاو و خانووەکان.. دوای ئەوە هەندێک کەس هەموو شتێکیان هەبووە، ئینجا دەوڵەت هەموو شتێکی هەبووە لە پێناوی خەڵکدا، یانیش بۆ پاراستنی خەڵکە لە خەڵک.. و ئەم "ئەنکا"یانە سۆشیالیست بوون.. کە زێڕێکی زۆریان بووە، بەڵام دراویان نەبووە نە زیوین و نە کاغەز.. و هەمووان کاریان کردووە، بەڵام مووچەیان نەبووە. کرێکار ئەوەی وەردەگرت کە مافی خۆی بووە لە خۆراک و نۆشاک و خانوو..

لە ناو ئەنکاکاندا پیاوی ڕەبەن و قەیرە کچ نەبووە، کە هاوسەرگیری پێوەندییەکی پێویست بووە.

بۆ سنوور بۆ وەچە دانان یان ڕێکخستنی منداڵبوون، توانیویانە ئەوە بکەن بە شێوەیەک کە ئێمە تا ئێستاش نەمانزانیوە. کە شوێنەوارناسێکی ئیسپانی نەقشێکی کۆنی دۆزیوەتەوە دەڵێ: ژن و مێردەکە لەسەر ئەوە ڕێککەوتن ئەم پێوەندییە تەنیا بیست ساڵ بمێنێ. سێ نێرینە و دوو مێیینەیان تێدا دەبێ..

یەک لە شوێنەوارناسانیش نامەیەکی لە دایکێکەوە بۆ کچەکەی دۆزیوەتەوە تێیدا گلەیی لێ دەکا بە قسەی نەکردووە.

دایکەکە دەڵێ: ... من ڕامسپاردبووی بەو مەرجە شووی پێ بکەی لە ماوەی بیست ساڵدا چوار نێرینەت ببێ. بەڵام تۆ لەپشت منەوە لەگەڵ مێردەکەتدا لەبەردەمی شایەتگەلی دیکە ڕێک کەوتووی شەش منداڵی نێرینە و سێ مێیینەتان ببێ... ئەمڕۆش واز لە سکاڵا لە زۆریی منداڵ ناهێنێ!

شتێکی سەیرە. چۆن لە ناو بەڵگەی هاوسەرگیریدا، یان لە ڕێککەوتنی سەرزارەکیدا لەسەر هاوسەرگیری، بیست ساڵ تۆمار بکرێ، دوای ئەوە ژن و مێردەکە جودا دەبنەوە و چۆن ژمارەی

نێرینە و مێیینەکان لەسەرەتاوە دەستنیشان دەکەن.. و منداڵەکان چۆن "وەک داوا دەکرێ" دێنە کایە؟ تا ئێستا نازانین..

لویس ئارتتگاس-ی مێژوونووسی ئیسپانی لە سەدەی شازدەهەمدا بۆمان دەگێڕێتەوە یەک لە ئەنکاکانی بینیوە داردەستەکەی و پێڵاوەکەی لەبەردەمی ماڵەکەیدا داناوە.. دەرگاکەش کراوە بووە. وەک گوتوویانە ئەم پیاوە بیست هەزار پارچە زێڕی هەبووە. بەڵام کەس بیر لەوە ناکاتەوە بچێتە ناو ئەم ماڵە، لەبەر ئەوەی پیاوەکە پێڵاو و دارەکەی لەوێ داناوە..

ئەنکاکان پەرۆشی زێڕ بوونە بەڵام بیریان لەوە نەکردووەتەوە دراوی زێڕین یان زیوین یان هی کاغەزیان ببێ. چونکە کەس پێویستی بەوە نەبووە شتێک بکڕێ. بەڵکو خەڵکەکە ئاسایی دەچوونە بازاڕ و هەر یەکە و پێویستیی بە هەرچییەک بووە بردوویەتی و چووەتە ماڵی خۆی، بێ ئەوەی کەس لە ژمارەی منداڵەکانی بپرسێ یان گومان لەوە بکا پتر لە پێویستی خۆی بردبێ..

ئەم ئەنکایانە توانیویانە درێژترین ڕێیەک دروست بکەن و بەردرێژی بکەن کە مرۆ لە هەموو مێژوودا دروستی کردبێ.. بەناو دۆڵەکان و دەریاچەکان و چیاکاندا.. کە ڕێگەی بەناوبانگی نێوان کۆلۆمبیا و شیللی-ی لێیە، درێژییەکەی ٥٢٣٠ کیلۆمەترە.. ئەم ڕێیە هێشتا بۆ جۆرەها ئۆتۆمبیل دەست دەدا، ئەم ڕێیە بە هەموو پێوەر و پێودانگەکان لە مەزنترینی کارە ئەندازیارییەکان دادەنرێ لە مێژووی شارستانییە دێرینەکاندا. ئەمە چۆن کرا؟

یان ئەم ئەنکایانە بنیاتگەلێکیان دروست کردووە بەردێلێکیان تێدا بەکار هێناوە هەر یەکە بیست تەنە. فیرعەونەکان نەبن کەس پێشیان نەکەوتووە. ئەوەی سەیریشە ئەوەیە ئەم بەردانەی ئەنکا دروستیان کردووە بەیەکەوە نووساون و بەڕادەیەک ڕێکن ناتوانین گوێزانێکی ڕیشتاشینیان بە نێویاندا ببەین.

ساڵی ١٩٥٠ش کە گڕکان لە شاری کوشوو-دا هەڵچوو، هەموو بنیاتە نوێیەکان ڕووخان تەنیا ئەوانە نەبن ئەنکاکان دروستیان کردووە، کە تاکە یەکێکیشیان نەکەوتووە، نە پردەکان و نە ڕێگەکان، سەرباری ئەوەی ناوەندی زەویلەرزەکان لێیان نێزیک بووە، بەڵام بەشێوەیەک مانەوە دەڵێی ئەمڕۆ ئامادەیان کردووە.

.. بەڵکو نامەشیان نەزانیوە. بەڵکو یەکێکیان داوێکی درێژی بەدەستەوە گرتووە و چەندان گرێی لێ گرێ دەدا کە ئەم گرێیانە وشەکانیانن.. بەڵام چۆن ئەم نامانە بۆ هەزاران کیلۆمەتر دەگوازنەوە، ئاگر و دووکەڵیان بەکار هاوردووە.. یەکێکیان دەوەستا و شاپڵیتەیەکی بەدەستەوە دەگرت و بە ڕاست و چەپدا دەیجووڵاندەوە و یەکێکی کە لە دوورەوە دەیبینی و هەر ئەوەی دەکردەوە و دەیگواستەوە بۆ کەسێکی سێیەم.. تا نامەکە دەگەیشتە خاوەنەکەی.. ئەم نامانەش بە چەند سەعاتێکی کەم دەگەیشتنە جێ.. لە کاتێکدا ئێستاکە بە بروسک و فڕۆکە بە چەند ڕۆژێک یان دەگا یان ناگا!

زانایان و شوێنەوارناسان لە ناسینی ئەم خەڵکانە و پاشماوە سەیر و سەمەرەکانیاندا ماندوو

بوون، ماندوو بوون لە زانینی پێوەندیی نێوانیان و کۆمەڵانێکی دیکەی دوورپەرێز کە هیچێک هەموویان بەیەکەوە نابەستێتەوە، لە ناوەڕاستەکانی ئوستورالیا یان لە گواتیمالا یان لە تبت یان لە میسری فیرعەونیدا یان لە دورگە ژێر ئاو کەوتووەکانی ئۆقیانووسی ئەتلانتیک یان لە ئۆقیانووسی ئارام یان دەریای سپی یان لە باشووری لیبیا و توونس–دا.

بەڵام ساڵی ١٩٥٢ شتێکی بەبایەخ ڕووی دا.. کە زانایەکی گەورەی بەریتانی چوو بۆ ئەنجامدانی پشکنینی پێنج لەو مۆمیایانەی لە مووزەخانەی بەریتانیدا بوون. ئەوەی تەواوێکیش خەریکی کردبوو ئەوە بوو کە پۆلی خوێنی ئەم مردووانە بزانێ، گەورەترین پێشهات بوو لە مێژووی نوێی پزیشکیدا. سەیری کرد جۆری خوێنی مۆمیای چوارەم و دووەمیان وێنەیان لەناو مرۆیاندا نییە.. ئەم ڕێژانە هەرگیز لە پۆلی ج و ە دا نییە. بە هیچ جۆرێک ئەم پێکهاتە خوێنە لەلامان نەزانراوە. ئەمەش پۆلەکانی خوێنی نەوەی کۆنی ئەنکایە!!..

ئەم پزیشکە بەریتانییە ئەم دۆزینەوە بایەخدارەی تۆمار نەکردبایە، تا ئەمڕۆش وەک مەتەڵێک دەمایەوە.. کە باران هات و لە میچی مووزەخانەی بەریتانیاوە دزەی کرد و تەرمەکانی هەموو تاواندەوە.. ئەوان –کەواتە– جۆرێکی ناباو و نەزانراو بوون لە نێو خەڵکی زەویدا. بەر لەوەی ئێمە بەم ئەنجامە بگەین ئەوان پێشتر پێی گەیشتوون و جەختیان لەسەر ئەوە کرد کە خەڵکی سەر ئەم زەوییە نین و هی ئەم هەسارەیەش نین. ئەوان وەچەی بوونەوەرانێکی دیکەن. گەورەترین بەڵگەش بۆ ئەمە ئەو زانیارییەیە کە ئەوان هەیانە و هەموو گەلە دراوسێکانیان نایانزانن.. سەرباری پۆلێنی خوێنیان!..

خەونی مرۆڤایەتی، ئێستاشی لەگەڵدا بێ ئەوەیە کە دادوەری لە نێو خەڵکدا دابین بکرێ و کەمێک زۆریان نەبێ و زۆرێک کەم.. و ئەو جیاوازییە زۆر گەورەیە لەنێو ئەوەی بەدەست تۆوەیە و ئەوەی بەدەستی کەسانی دیکەوەیە.. و برسێتی نەبێتە فەرمانڕەوای ڕەها و لە نێو خەڵکدا لەو کینەیە بەولاوە نەبێ کە بەرەو کوشتن دەبا، بەرەو جەنگ و تێکدانی شارستانیی مرۆڤایەتی..

وێنەی ئەوانەمان لە ناو کۆمەڵگەلێکی دوورەپەرێزدا بینی و لەبارەی ئەوەمان لە کیشوەرە ژێر ئاو کەوتووەکاندا خوێندەوە. کتێبە دێرینەکان و ئەفسانەکانیش دەنگدانەوەی ئەم "شارە یۆتۆپیا"یانە یان ئەم "کۆمارە کامەرانانە"یان بۆ پاراستووین.

هۆمیرۆس–ی شاعیری نابینا و ئەفلاتوونی فەیلەسووف بۆیان گێڕاوینەتەوە و هۆراس و تۆماس مۆر و فارابی–ش بۆیان باس کردووین.. هەموویان پەسنی وڵاتێکیان داوە دادی تێدا دەستەباڵایە و گەرچی بوونیشیان نەبێ.. بەڵام ئاواتەخوازن ببێ.. بەڵام پێشهاتێکی دیکە چاوەڕوانی لێکۆڵەرەوەکانە لە دۆزی شارستانییە مرۆڤایەتییەکاندا و هی دیکەدا.. شارستانیی دانیشتووانی ئەم هەسارەیە و وەچەی هەسارەکانی کە..

ژمارەیەک خەڵک شوێنگەلی سەیریان لەسەر ئەم زەوییەدا بینیوە. چوونەتە ئەوێیانە و لێیاندا ژیاون. ئینجا گەڕاونەتەوە و لەبارەی ترۆپکی پەرەسەندنی زانستی و کۆمەڵایەتیی ئەو شوێنانەی

زەوییان نووسیوە. لەمانە سێیانیان هەڵدەبژێرم بۆ ئەوەی قسە تا بێکۆتایی درێژ نەبێتەوە.

یەکێکیان پیاوێکە چووەتە وڵاتی بابل، پاسەوانەکان لە بەر دەروازەکانی شاردا ڕایانگرتووە، لێیان پرسیوە: چیت دەوێ؟

– شام دەوێ...

– هیچت هەیە بیدەیتێ؟

– بەڵێ..

– چی؟

– چاکە..

– پێت وایە شا پێویستیی بە چاکەکانی تۆیە؟

– پێویستی بە چاکە نییە. بەڵام لەوانەیە چاکەی لەلا هەبێ بەڵام نازانێ چۆنی جێبەجێ بکا..

– بەدڕەوشت.. بێبایەخ... تاد.

ئینجا ڕێیان بەم فەیلەسووفە "ئەپۆڵۆنیۆس" دا بۆ بینینی شا، کە لەوانەیە شتێکی لەلابێ دڵی خۆش بکا نەخوازەڵا شا ئەو ڕۆژانە خەمبار بووە.

دەشڵێن شا چەند ڕۆژێکی گل دایەوە نە دەخۆن و نە دەخۆنەوە.. مەلیک بەو زانیارییەوەی شاگەشکە بوو.. ئەوە پێش لەدایک بوونی مەسیح بووە بە بیست ساڵ. ئەم فەیلەسووفە ڕەوشتگەلێکی سەیری بووە. خەڵکیی لە ڕێ ڕاگرتووە و بە هەر یەکەیانی دەگوت: چۆن دەهێڵی منداڵەکەت لە دەریادا بخنکێ و خۆت لێرە ڕادەبوێری و وازێ دەکەی؟

خەڵکەکە بۆیان ساغ دەبێتەوە کە منداڵەکە هەر لەو ساتەدا خنکاوە.

کە لە شاری ئەفەسوس–ی تورکیای دێرین بووە لە ناو بازاڕدا دەوەستێ و هاوار دەکا: لێ بدەن.. لێی بدەن.. ئەم لێدانە بەری کەوت.. خوێن دەپژێ. ئەم شایە ستەمکارە. شایەنی ئەم هەموو ئازارەیە.

مێژوو دەیسەلمێنێ ئەو شایەی باسی لێوە دەکا لە دووریی هەزاران میل بووە لە ڕۆما، لەو کاتەدا لە شا دۆمیسیان–یان داوە و پێکاویانە و خڵتانی خوێنیان کردووە.

ئەم پیاوە، ئەپۆلۆنیۆس چووەتە هیمالایا.. ئینجا بۆ تبت. هەر خۆی پەسنی ئەم گەڕانە دەکا و دەڵێ: سواری هێستران بووین، لە پڕ شێوەی ڕێگە گۆڕا.. ڕووناک و خۆشکراو بوو.. هێسترەکان لە ژێرماندا گۆڕان.. و چووینە ناو کۆشکێکەوە. خوانەکان هەر لە خۆیانەوە لێک نێزیک بوونەوە و خەڵکانێکی لە ئاسن یان لەکانزایەکی بریقەدار دروست کراو هاتن خواردنیان دانا. هەرچییەکمان دەویست بۆیان دەهێناین بێ ئەوەی داوای ئەوەیان لێ بکەین.. ئەپۆڵۆنیۆس هەروەها گوتی: ئەوان لەسەر زەویدا ڕێ دەکەن.. ئەوان لەسەر زەوین و لەسەر زەویش نین.

شا پێی گوت: ئەم وڵاتە سەیرە گەواهیی ئەوە دەدەن کە گەردوون هەر هەموو بوونەوەرێکی زیندووە. هەموو شتێک لە هەموو شوێنێکدا دەخورپێ...

کە ئەپۆڵۆنیۆس گەڕایەوە بۆ ڕۆما ڕووداوەکانی بۆیان گێڕایەوە، خەڵکەکەی ترساند و تۆقاندنی، حاکمەکانیش ترسان. ڕۆژێکیان ئیمپراتۆر فیسپازیان پێی وت: من دەستم بەسەر شاری قودسدا گرت و تۆ دەستت بەسەر ژیانمدا گرت!

کاتێک بە تاوانی تۆقاندنی خەڵک دادگەییان کرد دادگە بە تاوانباری دانا و بڕیاری لە سێدارەدانی دا، لە بەردەمی دادوەردا وەستا و گوتی: لە توانستتدا هەیە لەشم لە سێدارە بدەی، بەڵام گیانم دەڕوا.. تەنانەت ناتوانی هیچ شتێک لە لەشیشم بکەی.

لە چاوترووکانێکدا ئەپۆڵۆنیۆس لە چاو ون بوو، هاواری خەڵکیشی بە دوودا بوو و بەردەبوونەوە سەر زەوی!

پیاوی دووەمیش، دەڵێن ساڵی ١٧٨٤ لە دایک بووە، دەشڵێن ساڵی ١٧٩٤ مردووە، دەشڵێن لە دایک نەبووە.. دەڵێن لە دوو هەزار ساڵ لەمەوبەرەوە ژیاوە و دەڵێن لە یەک کاتدا لە وڵاتەیلێکی زۆردا ژیاوە. ئەم پیاوە کۆنت سان جێرمەنی زانای فرەنسییە. خەڵکانی سەردەمەکەی بەو پیاوەی پەسن دەدەن کە هەموو شتێک دەزانێ.

فۆلتێری فەیلەسووفی فرەنسی لەبارەیەوە دەڵێ: ئەم پیاوە لەبارەی هەموو شتێکەوە هەموو شتێک دەزانێ. مرۆ پێویستی بە تەمەنێکی هەزار ساڵی هەیە تا ئەو هەموو زانیارییانەی لا کۆ ببێتەوە! فۆلتێریش لەهەموو کەس زاناتر و داناتر بوو.

ئەم پیاوە چووەتە هەموو دەوڵەتە ئەوروپییەکان و هەمووانی سەرسام کرد و بردیانە لای شا لویسی پازدەهەم و گوتیان: تەمەنت درێژ دەبێ ئەگەر توانیت شا دڵخۆش بکەیت.

پیاوە لەگەڵ شا و مەدام بۆمبادۆر-ی دۆستیدا دانیشتن. پێیانی گوت: تۆ خانمەکەم شتێکت لەمن دەوێ.. هەروەها تۆش گەورەم. شا پێی گوت: من هیچم ناوێ.

کۆنت گوتی: تۆ وەک هەموو پیاوێک زێڕت دەوێ.. تۆش خانمەکە لاوکەلێکت دەوێن.. تۆ لە ڕێگەی سامانەوە هێزت دەوێ، دوای ئەوەی لەڕێی ئەفسەرەوە هێزت پەیدا کردووە، تۆش هەموو پیاوانت دەوێ دوای ئەوەی دڵی شات بەدەست خست.. تۆ لاوێتیی هەمیشەییت دەوێ.. دوێنێ لە ژوورێکدا و لە ژێر چارشێوێکدا کە لەسەرتانەوە لاچوو ئەمەتان تاوتوێ کرد و لەسەر ئەوەی کامتان چارشێوەکە دەهێننەوە ناکۆکیتان بوو!

شا تەماشای دۆستەکەی کرد، ئینجا گوتی: دوێنێ ئەمە ڕووی دا!..

شا بە قسەکانی کۆنت زۆر دڵگیر نەبوو، بەڵام شا سەیری پەنجەکانی کۆنت و سەرسنگی کرد پارچە ئەڵماسی لەوانەی خۆی هەیەتی گەورەتری بینی.. کۆنت دەستی بە گیرفانیدا کرد و دەیان پارچە ئەڵماسی خستە سەر مێزەکە و گوتی: ئەی خاوەن شکۆ ئەمانە هەمووی بۆ تۆ.. سبەینێ

هی دیکەشت بۆ دروست دەکەم!

چووە دەرەوە و نە شا، نە کەسێک لە کۆشکەکەیدا و نە لە سەردەمەکەیدا پارچە ئەڵماسی وەها ڕوون و خاوێن و بە ڕێز و شکۆداری دییەوە!

شا ئەڵماسێکی دەماراویی هەبوو –دەماری تێدا بوو– ئەم دەمارانەش خەوشداریان کردبوو.. دایە کۆنت و مەیدانخوازیی لێ کرد ئەگەر بتوانێ لەم دەمارانەی ڕزگار بکا. ڕۆژی دواتر کۆنت بە ڕوونییەکی تەواوەوە گەڕاندییەوە.

ئەم سان جێرمان–ە نووسەر و فەیلەسووف و شاعیر و پزیشک و زانایەکی کیمیاگەری و گۆڕینی ماددەکان یەکیان بۆ ئەوی دی بوو.. لە یادداشتەکانیدا نووسیویەتی دەڵێ: لە نێزیک پاریسەوە بینیمن... زوو بە زوو لەیەک گەیشتین.. منیان تاواندەوە.. پەرتیان کردم.. هەڵیان گرتم نازانم چۆن. خۆم دیتەوە لە سەرووەوە سەیری زەوی دەکەم.. خانووەکانم بە بچووکی و ڕووبارەکانم بە مووگەلێکی بریقەدار بینی.. و چیاکانیش بە بەردی بچووک.. و هەرەمەکانم بە هەڵایساوی بینی.. و بە نێو هەسارەگەلی دیکەدا گەڕام.. و نازانم ئەمە چۆن بوو.. و سەیری دەوروبەری خۆم کرد خەڵکانێکم دی زۆر قسەیان نەدەکرد، بەڵکو بە بریقەی چاوان لەیەکدی دەگەیشتن.. ئینجا هێنامیانەوە سەر زەوی هەزار میلێک لە دووریی پاریسەوە دایانگرتم. خەڵکەکە منیان نابینی و ناسیمیانەوە.. کە گەڕامەوە پاریس خەڵکەکە دڵنیا بوون لە دوو هەفتەوە پاریسم جێ هێشتبوو.. تاد.

هەروەها سەرەڕۆیی دیکە کە سان جێرمان لەبارەی گەڕانی نێو هەسارەکانەوەی گێڕاوەتەوە.

لە دانیشتنێکی یەکلاکەرەوە لە کۆشکی شاهانەدا مەدلم بۆمبادۆر و یاوەرەکانی و شا و دەست و پێوەندەکانی دانیشتن و گوتیان: یەک پرسیارت لێ دەپرسین و دوای ئەوە دەزانین ئەگەر ساختەچی بی یان مرۆڤێکی نائاسایی.

وەڵامی دایەوە: بەڵکو هەر پرسیارێکی دیکە جگە لەوەی دەتانەوێ ئاڕاستەی منی بکەن.. چونکە من پرسیارەکە دەزانم..

گوتیان: پرسیارەکە چییە؟

گوتی: دەتانەوێ بپرسن ئەو دەستەواژە نووسراوەی سەر کاغەزی ناو پێڵاوی شا چییە.. دەستەواژەکە دەزانم و یەکسەر لەم ژوورە دەچمە دەرەوە!

هەموو سەرسام بوون. چونکە شا کاغەزێکی لە پێڵاوەکەیدا شاردبووەوە و دەستەواژەیەکی تێدا بوو دەیگوت، تۆ کابرایەکی ساختەچیت. مادام بۆمبادۆر هەڵیدایە و گوتی: ئەمە پرسیاری شایە.. مایەوە پرسیاری من.. ئایا دەیزانی.

گوتی: دەیزانم، بەڵام دەمەوێ لە تۆی ببیستم..

گوتی: ئەگەر دەیزانی لەبەردەمی هەمواندا ئاشکرای بکە.

گوتی: دەتەوێ پرسیارم لێ بکەی داخۆ ئەو وڵاتەم لە هیندستاندا دیوە کە داد و پێشکەوتنی تێدایە..

گوتی: ڕێک، چیت بینی؟

گوتی ئەو وڵاتەی داد و ئاشتی و زانستەیە کە هێشتا نەیگەیشتووینەتێ. بینیومە و دەچمە ئەوێ بۆ ئەوەی ئەو تەمەنەی ماومە لەوێی بەسەر ببەم.

گوتی: ئێستا تەمەنت چەندە؟

گوتی: نەوەت ساڵ لەم وڵاتەدا.. و سەتان ساڵ لە وڵاتێلێکی دیکەدا.. و پیاوەکە وردە وردە نەما (ڕەوییەوە) و کەس نەیبینییەوە!

سێیەمیان نیکۆلاوس ڕووریش-ی وێنەکێشی ڕووسیی بە ڕەسەن سوێدییە کە ساڵی ١٩٤٧ مردووە. یەکێک بوو لە گەورەترینی وێنەکێشان، کە مووزەخانەیەکی تایبەت بە خۆی هەیە لە شاری نیویۆرک هەزار تابلۆی تێدایە. ئەم پیاوە، سەیرە.. کە هەر تابلۆیەکی پێشبینییەک بوو، بەر لە جەنگی یەکەمی جیهانی تابلۆیەکی کێشا شمشێرێکی تێدا بوو سێ ئەفسەری دەخست و سێ تەخت ڕووخان.. ئەوەیە کە تابلۆیەکی ئەڵمانیای کێشا جادووگەرێک حوکمی دەکرد و بەرەو جەنگ و وێرانیی دەبرد. چەند ساڵێک دوای ئەوە هیتلەر پەیدا بوو..

ئەمە ئەوەشە کە تابلۆیەکی هاوسەرەکەی کێشاوە بەردەبێتەوە و لاقی دەشکێ. ئینجا تابلۆکەی لێ شاردەوە، دوای چەند ڕۆژێک لاقی هاوسەرەکەی شکا.

کە پرسیار لە ڕووریش کرا: ئەمە چۆن ڕوو دەدا؟

گوتی: من پەڕەمووچەکە لەسەر کاغەز دادەنێم.. هێزێکی سەیر دامدەگرێ و وێنە دەکێشێ. ئەنجامیش ترسناک دەبێ.. ئەم پیاوە سەفەری بۆ وڵاتی هیندستان کرد و تێیدا مرد.. و گەڕانێکی سەیری بۆ پشت هیمالایا هەبوو بۆ بیابانی جووبی.. لە کتێبی "ئەفسانەی بەردەکان"یدا تۆماری کردووە. دەڵێ سواری فیلێک بووە و لەبەردەمیدا سندووقێکی هەڵگرتبوو و سندووقەکەش ئەو بەردە ئەفسووناوییەی تێدا بوو.. ڕەنگێکی ڕەش و سووری پێکەوە هەبوو (لە بەردە ڕەشی کابە دەچێ)، ئەمیش هەر لە هەسارەیەکی دیکەوە هاتووەتە خوارێ و بۆ ئەرکێکی تایبەتی. ئەم بەردە توانستگەلێکی سەیری لەناودا چڕ بووەتەوە و کار لە مێشک و کار لە کانزاکان دەکا. ئینجا خۆی لە ژێر کاریگەریی هێزگەلێکی سەیری دوور لە زەویدایە، کاری تێ دەکا و ئەم هێزانەش بەسەر ئەوانەدا ڕەنگ دەدەنەوە کە هەڵی دەگرن. هەروەها دەڵێ چووە بیداتەوە خاوەنەکانی. خاوەنەکانیشی کۆمەڵەی "پاسەوانانی زانستە مرۆییەکان"ن.

هاوسەرەکەشی لە یادداشتیدا دەڵێ: پێکەوە چووین. لەپڕ زەوی لە ژێر پێماندا گۆڕا و ئەو جیهانەی کە دەیزانین لە پشتماندا بزر بوو و سندووقەکە و پارچە بەردەکەیان لێم وەرگرت و لەوێدا بزر بوو و ئینجا ئێمەیان گەڕاندەوە..

هەروەها دەڵێ: گەلێک کەسی وەک ئێمەش بە بێ دەنگی یەکدی دەناسین و هیچ ناڵێین و تەنانەت ئەگەر هەوڵی گوتنیشمان دا شتێک لە ناخماندا دەمانترسێنێ وەک بڵێی ئێمە ئامرازگەلێکین ئاوەزگەلێکی لە زەویەوە بەرز بەدەستەوەیان گرتووین!

دوای ئەوەش دەگەڕێمەوە سەر ئەوەی دەستم پێی کرد بۆ ئەوەی ئەم بازنە سەیر و سەمەرەیە، لە نهێنییەکانی مرۆی سەر ئەم هەسارەیە و هی دیکەی سەر هەسارەگەلێکی دیکە قفڵ بکەم.. دەگەڕێمەوە سەر ئەوەی لە لاپەڕە دواییەکانی کتێبی د.ئەحمەد فەخریی زانای شوێنەوارناس لەبارەی "هەرەمەکان"ەوە وەک دەبینین!

## پەیکەرەکان چییان بە ئەسکەندەری هەرەمەزن گوت

زانایەکی ئەمەریکی لە تەوەری باکوردا، کتێبێکی سەیری لایە پێوەندیی نە بەو هەموو چیا بەستەڵەکانەی دەوروبەریەوە هەیە، نە بە وەچەکانی ئەسکیمۆ و نە بەو سەگانەشەوە هەیە وا گالیسکەکان ڕادەکێشن.. بەڵام ئەم پیاوە وای بۆ دەچێ ئەم کتێبە پێوەندیی بە هەموو شتێکەوە هەیە. لەسەر بەرگی کتێبەکەشدا وێنەیەکی هەڕەمی شا خۆفۆ هەیە.. ناکاو لە ڕۆژێکی ساڵی ١٩٦٤دا کتێبەکە لە دەست پیاوەکەوە بەر بووەوە کە لە خۆی دەپرسی: بۆچی لە هەڕەمی شا سنفرۆ–دا لە دەهشوور ژووری مردوو ناشتن هەیە، هەروەها لە ژووری نووستن لەو هەڕەمەدا هەیە کە خۆفۆی کوڕی سنفرۆ بنیاتی ناوە.. کەچی هەڕەمی شا خەفرەع–ی کوڕی شا خۆفۆ ژووری ناشتنی تێدا نییە؟ بۆچی؟ دەبێ نهێنییەک هەبێ. بێگومان هەر بە خۆی دەبێ لە ڕێیەک بگەڕێ بۆ زانینی ئەم نهێنییە..

نەخێر پرسیارێکی لە هەموو ئەمانە بەبایەختر هەیە: ئەی هەڕەمەکان بۆچی؟ ئەدی ئەمەندە وردەکارییە بۆچی؟ ئەی چۆن شێوەی گەردوونیان زانی؟ چۆن بەردی زل زلیان لەبەر دەستدا بەبێ هۆیەکی زانراو هەڵدەفڕین؟ چۆن لە پەرستگەی "تیبە"دا پەیکەری بەردینیان هەیە مرۆی لێ نێزیک ببێتەوە لێی نێزیک دەبنەوە؟ ئەگەر قسەت لەگەڵدا کردن ئەوانیش دێنە گۆ؟ ئەسکەندەری هەرە مەزن ئەوەی گێڕاوەتەوە کە چووەتە پەرستگەی تیبە "پەیکەرەکان" پێیان گوتووە: تۆ شای شایانی.. بەڵام ئێمە لەتۆ گەورەترین..

ئەسکەندەری هەرە مەزن نوشتایەوە و بەم ڕاستییە حەساوەتەوە. بەڵام ئەم ڕاستییە بۆ هەموو زانایان سەرچاوەی سەرسامییە، ئەم زانا ئەمەریکییەش کە لە تەوەری باکوردا بووە و لەبارەی هەڕەمەکانەوە دەیخوێندەوە.. لویس ئەڵفاریزۆ–ی مامۆستای فیزیکی پەیمانگەی تیشکاوەریی "إشعاعی" لۆڕەنس–ە لە کالیفۆرنیا، کە پاداشتی نۆبڵی بەدەست هێناوە.. هەروەک د. ئەحمەد فەخری لە لاپەڕە دواییەکانی کتێبەکەی لەبارەی "هەڕەمەکان"ەوەیدا کە لە شیکاگۆ چاپ کراوە، دەڵێ: بەم زانا گەورەیە گوتراوە، بێگومان ئەندازیارانی فیرعەونەکان نەخشەی هەڕەمی خەفرەعیان گۆڕیوە.. هەموو ئەوەی بووە هەر ئەمەندەیە.

بەلام ئەلفاریزۆ ئەم لێکدانەوەیەی پەسند نەکردووە.. و ساڵی ١٩٦٦ هاتووەتە میسر و ئامێرگەلی ئەلکترۆنیی لەگەڵ خۆیدا هێناوە بۆ تۆمارکردنی بەناو بەردەکانی هەرەمی خەفرەعدا چوونە تیشکە گەردوونییەکان. بەلام کە دەستی بە تۆمارکردنی ئەم تیشکانە دا جەنگی ١٩٦٧ بەرپا بوو و کار وەستا، ئینجا لە مارس–ی ١٩٦٨دا گەڕایەوە. ڕاستییەکی زانراویشە کە تیشک یەک لە هەزار ملیۆنی چرکەیەک دەخایەنێ بۆ ئەوەی بەناو بەردەکاندا بچێ... خۆ ئەگەر هەرەمەکان ژوور و ڕاڕەوگەلێک هەبن تیشکەکە لەوە تیژتر دەبن.

گرفتێک هاتە کایە، سەرسامیی زانای دوو هێندە کرد و گەڕایەوە ئەمەریکا و خۆی و کارەکەی خۆی تاوانبار کرد. شڵەژانی ڕێڕەوی تیشک شتێکی نائاسایی و یان نالۆجیکییە. تەنیا باسکردنی ئەم ڕووداوە، لە هەموو سەردەمەکاندا بە گەورەترین نوکتە و کارەساتی زانستی دادەنرێ. لێکۆڵینەوە زانستییەکە لەلای ئەم شتە سەیر و سەمەرەیەدا کۆتایی هات.

چۆن بوونی ماتماتیکی زۆر پەرەسەندوو و لە زانستە ماتماتیکییەکانی ئێمە وردتر لەلای عەشایەری مایا و لە هەزاران ساڵ لەمەوبەر لێک بدەینەوە؟ لە کوێیان هاورد؟ ئەی کێ ئەوەی فێر کردن؟

ئەدی بۆچی هەرەمی خۆفۆ، لە گشت سەردەمەکاندا وەک گەورەترین و مەزنترین بنیاتێکی ئەندازیاریی بەردینی گەردوونیی ئەفسووناوی دادەنرێ؟ بۆچی ناوی ئەم هەرەمە لەلای هەموو عەشیرەتە سەرەتاییەکاندا ماوەتەوە کە هەرگیز نابێ هیچ پێوەندییەک بە هیچ شێوەیەک لە نێوانی ئەوان و میسر، یان جیزە یا هەرەمدا هەبێ؟

ئەی خەڵکی بابل چوار هەزار ساڵ بەر لەوەی ئێمە بزانین، چۆن توانییان پاتریی کارەباییی وشک دابهێنن؟ ئەی چۆن ئەفسانەگەلێکی زۆر کۆن باسی ئەوەیان کردووە دوو مانگ هەن بە دەوری هەسارەی "مەریخ"دا دەسووڕێنەوە؟ چۆنیان زانی ئەگەر نەشیان دیتبێ؟

نامەیەکم لە د. فارووق ئەلباز–ی زانای ئاسمانیی میسرییەوە پێ گەیشت، جەختم بۆ دەکا کە ئێستاکە ڕەوتێکی زانستی هەیە دەڵێ: هەسارەکان لە دەوروبەرماندا لە ژیان چۆڵ دەبن، ژیانیان لێ کۆچ دەکا بۆ "دڵی" گەردوون.

پێ دەچێ ئەم بۆچوونە ڕاست بێ، کە ئەو وێنانەی فایکینگ–ی کەشتیی ئاسمانی لە هەسارەی مەریخەوە ناردوونی ڕێژەیەکی کەمی لە نیترۆجین تێدایە کە کارێک دەکا بشێ ژیانی تێدا بێ. بەلام بێگومان ژیانی لێ بووە و بەهۆیەک لە هۆیەکان نیترۆجین لە هەوا کەم بووەتەوە و ژیان کەم بووەتەوە یان زیندووەکان کۆچیان بۆ هەسارەگەلی دیکەی دوورتر و قووڵتر کردووە– لەوانەیە!

ئەوە بەچی لێک دەدەینەوە کە کتێبەکانی ئەفسانە کۆنەکان لە هیندستان و تبت و پیرۆ و مەکسیک و کتێبی مردووەکانی فیرعەونەکان باسیان لە هەسارەگەلێکی دیکە و کەشتیی ئاسمانی و دەورییە فڕیوەکان کردووە.. و بەم وردەکارییە سەیرەش؟

ئەی کوو وەچەی شارستانیی ئەنکا لە سەدەی دوازدەدا باسی پەیکەرێلێکی کانزاییان کردووە لە خۆیانەوە جووڵاونەتەوە.. و پەیکەرگەلی بەردینیش نین وەک ئەوانەی ئەسکەندەری هەرەمەزن لە بیابانی خۆراوادا بینیونی؟ ئینجا، ئەسکەندەر پەسنی نەقشەیلێک دەدا لەسەر پەرستگە میسرییەکاندا کەسێکیان لێ نێزیک بێتەوە دەجووڵێنەوە، ئەی چۆن ئەمە ژیانی تێدایە و سێبەریشی هەیە و بریقەش، وەک بڵێی دیوار شاشەیەکی سینەما یان تەلەڤزیۆنە؟

ئەدی ئەوەی خەڵکی لە ژوورەکەی پاپا سیلفەتەری دووەمدا بینیویانە بەچی لێک دەدەینەوە کە پەیکەرێکی لە کانزا دروستکراوی بانگ کردووە و ئەویش جووڵاوەتەوە و بۆ میوانان نوشتاوەتەوە.. پاپا سیلفەتەری دووەم ئەوەی بەوە لێک داوەتەوە کە ئەوەی لە کانزای دەگمەن و لە شەوێکی مانگەشەودا دروستی کردووە. بەڵام ئەم لێکدانەوەیە تینوێتیمان ناشکێنێ چونکە نەمانزانیوە چۆن ئەوەی پێ دروست کراوە و لە کوێوە ئەم زانیارییە زۆر پێشکەوتووەی وەرگرتووە؟

ئەمەش ئەوەیە کە ئەلبێرتی گەورە لە سەدەی سیانزەدا کردوویەتی، کە پەیکەرێکی لە کانزا هەبووە وەڵامی خەڵکانی داوەتەوە!

ساڵی ١٩٠٠یش، ڕاوکەرە یۆنانییەکان هەندێک ئیسفەنجی کۆنیان دیتووەتەوە.. کە پێکەوەیان ناوەتەوە بووەتە شتێک لە ژمێرەیەکی ئەلکترۆنی "کۆمپیووتەر" چووە...

ساڵی ١٩٥٩ش پرۆفیسۆر دریک-ی زانای ناوداری فیزیک و بەڕێوەبەری مووزەخانەی زانستەکان لە زانکۆی برنستندا ڕایگەیاندووە: گومانی تێدا نییە کە وێنەی ئاوەزێکی ئەلکترۆنییە لە بیست هەزار ساڵەوە بەوپەڕی وردەکارییەوە کار دەکا! چۆن؟

پرۆفیسۆر پرایس-ی زانای ماتماتیکی ناوداری ئەمەریکی لە سیمینارێکیدا ڕایگەیاند کە دۆزینەوەی ئەم ئاوەزە ئەلکترۆنییە لە ئاوەکانی یۆناندا لە دۆزینەوەی بزوێنەرێکی فیشکەدار Jet دەکا لە ناو تابووتی شا تووت- عەنخ ئاموون-دا!

هەروەها لە سەمەرەکانی ئەو لووسیان-ە مێژوونووسەی پێشتر باسم کرد، ئەوەیە کە ئاوێنە "نەینووک"ێکی گەورەی هەبووە. ئەگەر ئاوێنەکەی لە ڕۆخی بیر دابنابا و خەڵک دابەزینایەتە ناو بیرەکە دەنگی خەڵکانێکیان زۆر بە ڕوونی دەبیست کە لێیانەوە زۆر دوور بوون.. و لووسیان بەخۆشی بچووایە ناو بیرەکە ئەم ئاوێنەیە دەنگ و وێنەی بۆ دەدایەوە و جەخت لەسەر ئەوە دەکا بە بەرچاوی سەدان شایەتدا کە دەتوانێ بە وردی بۆنی ئەو خواردنانەی بە دەستیانەوەیە بۆن بکا! چۆن؟

ماکسیم گۆرکیی نووسەری گەورەی ڕووسی ئەم ڕووداوە دەگێڕێتەوە: کە لە هیندستان بووە جادووگەرێکی هیندی لێی نێزیک بووەتەوە و ئەلبوومێکی وێنەی داوەتێ. گۆرکی ئەم وێنانە و ئەو دەستەواژە شیعرییەی لە ژێریەوەیدا نووسرابوو زۆر بە دڵ بووە و بە سوپاسەوە ئەلبوومەکەی داوەتەوە. بەڵام جادووگەرەکە داوای لێ کرد سەرلەنوێ چاوێک بە ئەلبوومەکەدا بخشێنێتەوە،

لاپەڕەکانی وێنەیان تێدا نەبووە. وەرگێڕانێکی ڕووسیی دەستەواژەکانی ژێرەوەی تێدا بوو. پێی سەیر بوو بەڵام نەیزانی چی بڵێ. کە پیاوە هیندییەکە لێی پرسی: ڕات چییە؟ گوتی: ئەگەر بێ بڕوا نەبوومایە و باوەڕم بە بوونی خودا نییە دەنا دەمگوت پەرجوویەکی ئاسمانییە.. یان هێزێکی ئێجگار بەهێز هەیە من نایزانم ئەو هەموو شتەی کردووە!

چۆن لێکی دەدەینەوە کۆمەڵێک لە سەرەتاییـیەکان وێنەی جۆرەها گیانلەبەریان لە ئەشکەوتەکانیاندا کێشاوە کە بەر لە بوونیان بە ملیۆنان ساڵ لەناو چوون؟

چۆن پاساوی بوونی نەخشەیەکی ئەمەریکا و تەوەری باکور دەدەینەوە لە ئاسمانەوە گیرابێ بەر لە داهێنانی فڕۆکە و ڕۆکێت بە دوو هەزار ساڵ؟

بوونی وێنەیەکی ئاسمانیی ناوچەی جیزە لەسەر یەکێک لە پەرستگە هیندۆکییەکان لە ویلایەتی کیرالا لە هیند چۆن لێک دەدەینەوە، کە ئەم تابلۆیە بۆ پێش بنیاتنانی هەموو هەرەمەکان بە هەزاران ساڵ دەگەڕێتەوە؟

دەشێ چی تێ بگەی ئەگەر هەموو شارستانییە کۆنەکان و ئاینەکانیشمان بینی لەبارەی لە بەهەشتەوە دابەزینی مرۆڤەوە دەدوێن بۆ سەر زەوی؟ لەبارەی، لە ئاسمانەوە بەربوونەوەی مرۆوە دەدوێن؟

دەشێ چی تێ بگەین ئەگەر هەموو شارستانییە کۆنەکان و ئەفسانەکان باسی ئەوە بکەن تۆفانێک بووە.. و ئەم تۆفانەش لە یەک کاتدا: لە میسر و یۆنان و عێراق و پیرۆ و مەکسیکدا، تەنانەت لە گرینلاندی بەستەڵەک و لە بیابانی جووبیدا ڕووی داوە؟ هەموو ئەمانە لە یەک کاتدا، بێ ئەوەی هیچ پێوەندییەک لە نێو ئەم ناوچە پەرت و بڵاوانەدا بووبێ؟

واتەی چییە کە لە کتێبە هیندییە کۆنەکەدا "مەهابەهاراتا"دا پەسنێکی وردی کەشتیگەلێکی ئاسمانی و فڕۆکەگەلێکی فیشکەدار و هەلیکۆپتەر و بۆمبی ئەتۆمی ببینینەوە و ئێجگار بە وردییش؟

بۆچی هەموو گەلە کۆنەکان بڕوایان بەوە هەیە کە دەکرێ کانزاکان یەک بۆ ئەوی دیکە بگۆڕرێ، ئینجا بە گۆڕینەوەیان بۆ زێڕ؟

چۆن چیرۆککگەلێک لە بارەی ئەمەریکای باکور و ئەمەریکای باشوورەوە دەبینینەوە لە هەزاران ساڵی بەر لە دۆزینەوەیانەوە؟

ئایا دەشێ بڵێین کەسێک ناوی تووت-ە یان تحووت، ئەو کەسەیە دابەزیوەتە سەر خاکی میسر و فیرعەونەکانی فێرە هەموو هونەرەکان و هەموو زانستەکان کردووە؟

ئایا هەر ئەوە بە خۆیەتی کە گریک پێی دەڵێن ئۆرفیۆس کە هاتووەتە خوارێ و فێرە مۆسیقا و شێوازەکانی فەرمانڕەوایی و هونەر و نۆشداری و چارەسەر کردووە و باسی لەبارەی ژانی پاش ژیان بۆ کردوون و هەروەها لەبارەی ژیان لە هەسارەگەلی دیکەی جگە لەم هەسارەیە کردووە؟

هەر ئەو ئەژدیها باڵدارەیە کە دابەزیوەتە سەر زەویی مەکسیک لە دەلاقەیەکەوە کە لە ئاسمان کراوەتەوە؟

هەر ئەو ماسییەیە کە دەموچاوی مرۆی هەیە و بەسەر خەڵکی سۆمەردا هاتووەتە خوارێ و خۆی لە کەناری کەنداوی عەرەبدا وەردا؟ شێوەی ئەم ماسییە کوتومت لە شێوەی پێشەنگی کەشتیی ئاسمانی دەچێ ئەگەر بە جلە سپییەکانییەوە دابەزییە سەر رووی ئاو.. ئینجا ئەم ماسییە چۆن خەڵکی سۆمەری فێرە قانوونەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و هونەر و نۆشداری و نووسین و ژمارە کرد و ناوی وانیس بووە نێر بووبێ یا مێ؟ ئایا ئەم وانیس-ە یەکێک بووە لەوانەی لە ئاسماندا بوون و ئینجا دابەزینە سەر زەوی، ئینجا گەڕانەوە ئاسمان یان بۆ ناو ئاو کاتێک ئەم ئەرکە فەرمییە کۆتاییی هات؟ ئەی کێ ئەم ئەرکەی پێ ڕاسپارد؟ بۆچی؟

ئەفسانەکانی ئەمەریکای باشووریش باس لە پیاوێکی سپی دەکەن لە شەوێکدا کە هەموو بروسک و هەورەتریشقە بووە، لە ئاسمانەوە هاتووەتە خوارێ.. بەڵام ئەم کەسە سپییە لەسەر تیشکێک ڕێی کردووە لە هەسارەی زوهرەوە هاتووە و بەسەر ئاودا ڕێی کردووە تا گەیشتووەتە کەنار و خەڵکی فێرە هەموو شتێک کردووە.. ئەم تاکە سپییە ناوی فراکووشا بووە.. ئینجا دوای ئەوە بزر بوو.

ئەوەی لە ئەشکەوتەکانی "تسیلی"ی سەر سنوورەکانی لیبیا و جەزائیردا دەیبینین و زاناکان پەسنیان داوە: کە یەکێک بووە لە خەڵکی مەریخ، شتێکی سەیرە.. یەک پارچە بەردێکە دەێژیی شەش مەترە، وێنەی مرۆیەکی درێژی باڵازۆربەرزی لەسەرە خوودەیەکی لەسەرە وەک خوودەکانی پێشەنگانی ئاسمانگەڕەکان، کە لە فریندایە.. چ واتەیەکی هەیە؟ ئینجا ئەو گیاندارانەی دەفڕن لەسەر دیواری ئەشکەوتەیلێکی دیدا... جەخت لەسەر ئەوە دەکا بیابانی خۆراوا پڕ بووە لە دارستان و ژیان.. و ئەمەش لە لایەن زانستەوە ڕاستە، دەنا پیترۆل نەدەبوو، پیترۆڵ ئەنجامی کەڵەکەبوونی گیاندار و ڕووەکە.. بەڵام لەوە بەبایەختر ئەوەیە خەڵکی ئەو ئەشکەوتانە ڕووداوێکی گەردوونییان تۆمار کردووە. ئەوەیان تۆمار کردووە کە خەڵکانێک لەوێ بوون و ئینجا گەڕانەوە نازانین بۆ کوێ.. شی کردنەوەی بەردەکان و ڕەنگەکانی سەر ئەشکەوتەکان جەخت لەوە دەکەن کە تەمەنیان دەیان هەزار ساڵە. چۆن؟

پرسیارێکی زۆر بەبایەخ و زۆریش سادە: ڕووداوگەلێکی زۆر لەیەکچوو، لە شوێنگەلی جیاواز و دوور لە یەکی جیهاندا و لە یەک کاتدا بەچی لێک بدەینەوە؟ چۆن -بۆ نموونە- ئەوەی لە کتێبی "سیفر"ی ئەخنووخ-ی پێغەمبەردا کە لە یەکێک لە کەشتییەکاندا هەڵیان گرتووە بۆ هەسارەگەلێکی کە، چۆن لێک دەدەینەوە؟ ئەی چۆن ئەو داستانە دێرینە لێک دەدەینەوە کە بە قلقامش "گلگامش" ناو نراوە، کە گەشتێکە بەدەوری زەویدا لە ناو یەک لە کەشتییە ئاسمانییەکان؟ ئەی ئەوەی لە کتێبی "حزقیال"دایە لە تەورات چۆن لێک دەدەینەوە.. یان ئەوەی ئیشەعیاش بینیویەتی؟

له شـوێنێکەوە چوونە شـوێنێکی دیکە بە هۆگـەلێک ئەنجـام دراوە لەلامـان نەزانراوە، نە لە زانستەوەیە نە لە ئاوەز، ئەوە ڕەت بکەینەوە کە تێی ناگەین. بەڵام ئەوە لە زانستەوەیە کە پەرجووی پێغەمبەران و کارامەییی چاکان و پیرۆزان شتی پڕوپووچ نین، بەڵکو بەڵگەی ئەوەن کە توانستی تەن یان دەروونی هەیە نایزانین و نازانین چۆن بیانزانین، بەڵام لەلایەن ئاوەزەوە پەسندن. ئینجا نە لە زانستەوەیە و نە لە ئاوەزەوە ئەوە ڕەت بکەینـەوە کە تێی ناگەین. بەڵام زانست دەڵێ دەبێ هەوڵ بدەین تێی بگەین.

بەڵام لێکدانەوەی هەموو ئەم پرسیارە زلانەی لە دێرگەلێکی کەم و لە هەزاران کتێبی زانستیدا هەن، زۆرن.

ساناترینی لێکدانەوەکان: کە ئەم شارستانییە مرۆییانە تەنیا نین لەسەر زەویماندا، کە بەر لەمە شارستانییەکی گەلێک زۆر هەبووە، ژیاوە و بە هۆگەلێکەوە کە نایانزانین و شوێنەواریان لەلای هەندێک کەس بەجێ هێشتووە، ئەم شوێنەوارانەش بوونەتە بەڵگەی بوونیان.

لێکدانەوەیەکی دیکەش، لە هەسارەگەلێکی دیکەدا شارستانیگەلی دیکە هەن. ئەم شارستانییانەش هاتوونەتە هەسارەی زەوی و هەوڵیان داوە بە شێوەیەک لە شێوەکان لە ژیانماندا یارمەتیمان بدەن و بەرەو پێشەوە پاڵمان پێوە ناوین. لەبەر ئەوەی ئێمە شوێنێکی زۆر چاکمان نەگرتووە لەم گەردوونەدا، بەجێیان هێشتین یان وازیان لێ هێنایان، یانیش لە زەوی و کەشی زەوی دوور کەوتنەوە... لە هەموو کتێبە دێرینەکانیشدا بە وێنە و شێوازی جوداجودا بەڵگەی ئەوە هەیە.

ئەفلاتوون–ی فەیلەسووفی یۆنانی کە لە سەدەی دووی پێش زاییندا مردووە دەڵێ: لە سۆلۆن–ی دانای گریکی بیستووە زێوانە پێشبینە میسرییەکان پێیان ڕاگەیاندووە شارستانیگەلێک هەبووە و شارستانیگەلێکی دیکەش لەسەر زەویدا دەبێ، لە دایک دەبێ و گەورە دەبێ و دەمرێ و سەر لەنوێ لەدایک دەبێتەوە.. تا هەتایە!

گەورە زانایانی ئاسمانیش: کارڵ ساگان–ی ئەمەریکی و ئەگریست–ی ڕووسی و ئۆبێرتی ئەڵمانی، جەخت لەسەر ئەوە دەکەن بوونەوەری دیکە هەن ژیرتر و پێشکەوتووتر لە دووڕا چاودێریی ئەم زەوییە دەکەن، لە دەمێکی درێژیشەوە... دەبێ لە سەردەمانێکی زۆر کۆندا سەریان هەر لێ دابێ.

دەبێ دەمنادەمێکیش ئەوەمان هەر بێتەوە بیر کە شتێک نین بەهایەکمان هەبێ لەم گەردوونەدا، ئەم بەهایەشمان لە خۆمانەوەی وەردەگرین.. بەڵام نموونەیەکی بچووکت دەدەمێ دا بزانی ئێمە لە کوێین و زەوییەکەمان لەکوێی ئەم گەردوونەدایە: وای دەگرین کە ئەم خۆرە لە قەوارەی گۆی پینگ پۆنگدایە و لەم باروودۆخەشدا دەبێ گۆی زەوی لە قەوارەی یەک لەو خاڵانە بێ کە لەسەر ئەم پیتانەدان و لە ماوەی حەوت مەتر لە خۆرەوە بێ... بەڵام هەسارەی پلۆتۆ کە لەلاپەڕی کۆمەڵەی خۆردایە دەبێ لە دووریی ٣٠٠ مەتر لە خۆرەوە بێ... کەچی ئەو کۆمەڵەی بە ناوی "برۆکسیما سینگۆری"یەوە بە ناوبانگە، دەبێ لە دووریی ٢٠٠٠ کیلۆمەتر بێ.

پێویست دەکا بەبیرماندا بهێنینەوە کە "گەلەستێرە" یان کۆمەڵەی گەردوونیی ئێجگار زل کە ئێمەی تێدایین سەت و پەنجا هەزار ملیۆن خۆری وەک ئەم خۆرەی ئێمەی تێدایە. لە هەموو گەردوونیشدا هەزاران ملیۆن گەلەستێرە هەن!

دەبێ هەر خۆرێکیش کۆمەڵە ئەستێرەیەکی لە دەوردا هەبێ بەدەوریدا بسوورێنەوە، هەندێک لەم ئەستێرانەش پاشکۆیان هەیە- واتە مانگەکان- بەدەوریاندا دەسوورێنەوە.. کەواتە گەردوون ملیۆنان ملیۆن ئەستێرە پێویستیش نییە تێدایە لەوانەی دەشێ ژیانیان تێدابێ، ئەم ژیانەش بۆ بێکۆتایی لە قەوارە و شێوەدا پەرەدەستێنێ- پیویستیش نییە کە مرۆ تاکە شێوەی بوونەوەری ژیر بێ.. هەروەها پێویست نییە سیسارکە تاکە شێوەیەکی موورەکان بێ!

ئەوەی دەشڵێ تەنیا خۆرەکەمان هەسارەی لەدەوردا هەیە، وەک ئەوە وایە بڵێ ژنەکەم تەنیا بەخۆی دەزێ.. یان تەنیا سەری ئەوە پرچی لەسەر دەڕوێ!

ساڵی ١٩٠٨ شتێکی زۆر گەورە لە سەر زەوی و لە دارستانەکان و ئاسمانی سیبریادا ڕووی دا، چەند ڕۆژێک ئاسمانی ئەوروپای ڕووناک کردەوە و چەندان مانگ دارستانەکانی سووتاند و خانووگەلی لە هەموو پایەتەختە سۆڤێتییەکاندا ڕووخاند.. و گوتیان: ئەوە یەک لە نەیزەکەکان بوو کەوتە سەر زەوی. بەڵام لێکۆڵینەوەی زانستی جەختی لەسەر ئەوە کرد کە یەک لەو کەشتییە ئاسمانییە زۆر گەورانە بوو کە بەر زەوی نەکەوت، بەڵکو بەهۆی تێکچوونێکەوە لە ئاسمانی زەویدا سووتا...

ئەم ڕووناکییە زۆرە و دەنگە ترسناکە و دار و بەردەی بوونە ماددەیەکی تیشکاوەر، هەموو ئەمانە هێشتا لە سەرەتای ئەو ڕێیە درێژەدایە بۆ زانینی ئەوەی کێن ئەمانەی چاودێریمان دەکەن و سەرمان لێ دەدەن.

د. ئەحمەد فەخریی زانای شوێنەوارناسی میسری پێی وایە بنەماڵەی چوارەم یەکێکە لە مەتەڵەکانی مێژووی میسری دێرین و کەسیش بە چاکی نازانێ بۆچی فیرعەونەکان ئەمەیان کرد و ئەوەیان نەکرد.. د. ئەحمەد فەخری زۆر گەشبینە لە بەکارهێنانی ئامرازە نوێکان و تیشکە کەونییەکان بۆ زانینی مەتەڵی شارستانیی فیرعەونی.. بەڵام زاناکان سەریان لە فیرعەونەکان و شارستانیی زۆری دیکە سوڕماوە.. هۆیەکەش ئەوەیە کە ئێمە لە شارستانیدا شوێنەواری شارستانیی دیکەی پێشکەوتووتر دەبینین سەرسامیان کردووین!

شتێکی سەیری دیکە ماوە بیڵێین؟ بەڵێ وەک دەبینین..!!

كتێبی ئاراس

# بەرەنگاریی ناتوندوتیژانە

چەند توێژینەوەیەک لەبارەی خەباتکردن
بە ئامرازەکانی ناتوندوتیژی

جین شارپ

## ئەڵقەی یەکەم

### دانەر کێیە؟

دکتۆر جین شارپ وەک توێژەرێکی گەورە لە دامەزراوەی ئەلبێرت ئاینشتاین لە بۆستن لە ویلایەتی ماساچوستسی ئەمەریکا کار دەکا. بڕوانامەی بەکالۆریۆس و ماستەری لە زانکۆی ئۆهایۆ و دکتۆرای لە تیۆریی سیاسی لە زانکۆی ئۆکسفۆرد بەدەست هێناوە. پلەی دکتۆرای فەخریی لە یاسا لە کۆلیجی مانهاتن و پلەی دکتۆرای فەخریی لە خزمەتکردنی مرۆڤایەتی لە کۆلیجی ڕیفەر بەدەست هێناوە. دکتۆر جین شارپ بەپرۆفیسۆری خانەنشین دادەنرێ لە زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی ماساچوستس لە بۆستن و بۆ ماوەی نێزیکەی سی ساڵ کورسیی توێژەری لە سەنتەری کاروباری ناودەوڵەتی لە زانکۆی هارفارد گرتووە، ئەمانەی خوارەوە هەندێ لە کتێبەکانی دانەرن بە زمانی ئینگلیزی:

1- The politics of Nonviolent Action. (1973).

2- Gandhi as a Political Strategist. (1970)

3- Social Power and Political Freedom. (1980)

4- Making Europe Unconquerable. (1985)

5- Civilian-based Defense: A Post-Military Weapons System. (1990)

6- Twentieth Century: Waging Nonviolent Struggle Practice and Twenty-first Century Ptential.(2005)

........................................................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: عومەر عەلی غەفوور

## پێشەکی

گەلان چۆن دەتوانن ڕێگە لە ڕژێمەیلی دیکتاتۆر بگرن و لەناویان ببەن؟ بۆ چەندان ساڵ ئەم کێشەیە یەکێک بووە لەو بابەتە سەرەکییانەی جێی بایەخم بووە، ئەو بایەخپێدانەیش لەو باوەڕەمەوە سەرچاوەی گرتووە کە نابێ مرۆڤایەتی لەلایەن ئەو ڕژێمانەوە ملکەچ و سەرکوت بکرێ. خوێندنەوەکانیشم لەبارەی گرینگیی ئازادیی مرۆڤ و سروشتی ڕژێمە دیکتاتۆرەکان (بەتایبەت خوێندنەوەکانم بۆ ئەرستۆ و ئەو شیکردنەوانەی لەبارەی سیستمی زۆرداری نووسیومە) هەروەها مێژووی ڕژێمە دیکتاتۆرەکان (بەتایبەت ڕژێمی حوکمی نازی و حوکمی ستالین) ئەو باوەڕەمیان بەهێزتر کرد.

لە چەند ساڵی ڕابردوودا خەڵکانێکم ناسی کە لەژێر حوکمڕانیی نازیدا ناڵاندبوویان، تەنانەت هەندێکیان لە سەربازگەکانی گرتنی نازی قوتاریان بووبوو. بۆ نموونە لە نەرویج چەند کەسێکم بینی بەرەنگاریی حوکمی فاشییان کردبوو و لە دەستی قوتار بووبوون، بەڵام هەواڵی کەسانێکیان بیستبوو کە بەخت یاوەریان نەبوو ڕزگاریان ببێ و لەکاتی بەرەنگاریکردنی فاشیزمدا سەریان تێدا چوو. هەروەها قسەم لەگەڵ هەندێ جوولەکە کردووە کاتی خۆی لە کوورەکانی نازیزم ڕزگاریان بووبوو، لەگەڵ کەسانێکیش کە بۆ ئەوە یارمەتییان دابوون.

زانیاریم لەبارەی ئەو تۆقاندنەی ڕژێمە کۆمۆنیستەکان لە چەندان وڵات پێڕەوییان کردبوو زیاتر لە کتێبەوە بوو تا لە پێوەندییە کەسییەکان، ئەو ڕەفتارانە شوێنەوارێکی قووڵیان لە ناخمدا بەجێ هێشت چونکە ئەو ڕژێمانە بەناوی ئازادکردنی خەڵک لە چەوساندنەوە و قۆستنەوە خۆیانیان سەپاندووە.

ڕووی ڕاستیی ڕژێمە دیکتاتۆرەکان زیاتر دەرکەوت، ئەویش لەڕێی سەردانی کەسانێک لەم چەند دەیەی کۆتایی لەو وڵاتانەی ڕژێمە دیکتاتۆرەکان حوکمڕانییان دەکرد وەک پەنەما و پۆڵەندا و چیلی و تیبت و بۆرما. هەروەها کەسانێک کە دژ بە دەستدرێژیی چینی لە تیبت شەڕابوون، ئەو ڕووسییانەی توانییان شکست بە کودەتا توندڕەوانەکەی ئابی ١٩٩١ بێنن، هەروەها ئەو تایلەندییانەی بە خەباتی ناتوندوتیژ ڕێگەیان لە گەڕانەوە بۆ حوکمی سەربازی گرت. ئەم ڕاستییانە جێکەوتێکی ناخۆشیان لە دەروونمدا لەبارەی سروشتی فێڵبازانەی ئەو ڕژێمە دیکتاتۆرانە بەجێ هێشت.

سەردانی هەندێ شوێن کە هێشتا مەترسیی گەورەیان تێدا مابوو، هەستکردن بە دڵتەنگی و تووڕەیی لە ڕەفتارە دڕندانەکان و هەستکردن بە سەنگینیی قارەمانیی پیاوان و ئافرەتانیان لە ناخمدا زیاتر کرد. بەڵام ئازایەتیی دژبەریکردن (التحدي) لەلایەن کەسەکانەوە بەردەوام بوو. ئەو شوێنانەیش بریتی بوون لە وڵاتانی وەک پەنەما و نایجیریا و شاری فیلینیس لە لیتوانیا کە بەدەست سەرکوتینەوەی بەردەوامی سۆڤیەتەوە دەیناڵاند، هەروەها گۆڕەپانی تیانانمین لە پەکین

لەکاتی خۆپیشاندانەکانی ئاهەنگ گێڕان بۆ ئازادی، کە یەکەمین سەرباز هەڵگرە زرێپۆشەکان لەو شەوە چارەنووسسازەدا هاتنە ژوورەوە، هەروەها سەرکردایەتیی ئۆپۆزسیۆنی دیموکراسی لە دارستانەکانی مانربلو لە بۆرمای ئازاد.

هەندێ جار سەردانی ئەو شوێنانەم کردووە کە کەوتوون، وەک تاوەری تەلەڤزیۆن و گۆڕستانی یلنیس لە لیتوانیا و باخچەی گشتی لە ڕیگا (لە لاتڤیا) کە تێیدا بەمەبەستی کوشتنیان دەسڕێژی تەقە لە خەڵک کرا، سەنتەری فەراری لە باکوری ئیتاڵیا کە فاشیەکان بەرگریکارەکانیان تێدا کوشت، گۆڕستانە سادەکەی مانربلوی پڕ لە تەرمی ئەو پیاوانەی کە لە بەهاری تەمەنیاندا کوژران. ڕاستییە تاڵەکە ئەوەیە سەرهەڵدانی ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان جگە لە مەرگ و وێرانە هیچی لێ ناکەوێتەوە.

لێرەوە و لە ڕوانگەی خەم و شارەزاییەکانمەوە ئومێدێکی قووڵم لا دروست بوو کە ڕێگەیەک هەیە بۆ بەرگرتن لە ستەم و ڕێگەیەکیش هەیە بۆ خەباتێکی سەرکەوتوو دژ بە ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان بەبێ پەنابردن بۆ سەربڕینی دووسەرە، هەروەها دەتوانرێ ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان لەناو ببرێن و ڕێگەش لە سەرلەنوێ دروستبوونەوەی دیکتاتۆریی نوێ بگیرێ.

سالآنێکە هەوڵم داوە بەقووڵی و بە وریاییەوە بیر لە بەسوودترین ڕێگە بکەمەوە بۆ لەبەریەک هەڵوەشاندنی ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان بە کەمترین زیانی گیانی و کوێرەوەری. هەر بۆیە چەند توێژینەوەکم لەبارەی ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان و بزاوەکانی بەرگری و شۆڕشەکان و هزری سیاسی و سیستمەکانی حوکمڕانی کرد، بەتایبەت خەباتی نانوندوتیژانەی واقیعی.

ئەم بابەتە بەرهەمی ئەو توێژینەوانەیە، ئەگەرچی دەزانم هێشتا دوورە لەوەی تێر و تەواو بێ، بەڵام دەکرێ هەندێ ڕێنوێنی پێشکێش بکا بۆ یارمەتیدان لە بیرکردنەوە و پلاندانان بۆ بەرهەمهێنانی کۆمەڵە بزاوێکی ڕزگاریخوازی بەهێزتر و کاریگەرتر لەوەی ئێستە هەیە.

ئەم کتێبە لەسەر کێشە گشتییەکە دەوەستێ، ئەویش چۆنیەتیی لەناوبردنی ڕێژیمە دیکتاتۆرەکە و بەرگرتنە لە دروستبوونی ڕێژیمێکی دیکتاتۆریی نوێ. ئەمەیش هەم لە ڕوانگەی پێویستی و هەم لە ڕوانگەی بژارەیەکی بەئەنقەستەوە. توانی ئەوەم نییە شیکردنەوەی ورد یان ڕەچەتەیەک بۆ وڵاتێکی دیاریکراو دەربکەم، بەڵام ئومێدەوارم ئەم شیکردنەوە گشتییە کەڵکی بۆ ئەو گەلانە هەبێ کە لەگەڵ حوکمڕانییەکی دیکتاتۆریی ڕاستەقینەدا دەستەویەخەن، کە ناخۆشبەختانە زۆرن. پێویستە ئەو گەلانە ڕادەی گونجانی ئەم شیکردنەوەیە و ڕاسپاردە سەرەکییەکانی بۆ دۆخی ئەو وڵاتانە و خەباتیان لەپێناو ڕزگاربوون، تاقی بکەنەوە.

دەمەوێ سوپاسی هەموو ئەو کەسانە بکەم کە بەشدارییان لە ئەنجامدانی ئەم کارەدا کرد: یارمەتیدەرە تایبەتەکەم برۆس جنکنز کە بەشدارییەکی لەنرخ نەهاتووی پێشکێش کرد لەڕێی دیاریکردنی کێشەکانی ناوەرۆک و خستنە ڕووی بابەتەکە، هەروەها لەڕێی ڕاسپاردە وردەکانی بۆ

ڕوونتر و وردتر خستنەڕووی بیرۆکە ئاڵۆزەکان (نەخاسمە ئەوەی پێوەندیی بە ستراتیجیاوە هەیە) و پێکهاتەی ڕێکخستنی کتێبەکە و هەندێ چاککاری لە نووسیاریی کتێبەکەدا.

هەروەها دەمەوێ سوپاسی زۆری ستیفن کودی بکەم لەبەر یارمەتییەکانی لە پێداچوونەوەی کتێبەکە، هەروەها سوپاسی دکتۆر کریستۆڤەر کروگلەر و ڕۆبەرت هلفی بکەم کە ڕەخنە و ئامۆژگاریی گرینگیان خستە ڕوو. هەروەها سوپاسی دکتۆر هیزل مکفرسۆن و دکتۆر باتریشا بارکمان دەکەم کە زانیاریی باشیان لەبارەی خەباتکردن لە ئەفریقیا و ئەمەریکای لاتین دامێ.

ئەگەرچی زۆر کەس پشتیوانییان لەم کارە کردووە، بەڵام شیکردنەوە و ئەنجامەکانی ناوی بەرپرسیارێتیی خۆمن. لە هیچ جێیەکی ئەم شیکردنەوەیەدا وام گریمانە نەکردووە کە گژبەریکردنی ڕژێمە دیکتاتۆرەکان کارێکی ئاسان و بەبێ نرخ و باج دەبێ، لەبەرئەوەی هەموو شێوەیلی خەبات ئاڵۆزی و باجی خۆیان هەیە. بەدڵنیاییەوە بەگژاچوونەوەی ئەو ڕژێمانە زیانی گیانیی لێ دەکەوێتەوە، بەڵام ئومێدەوارم ئەم شیکردنەوەیە سەرکردەکانی بەرگری هان بدا کە ستراتیجگەلی ئەوتۆ بگرنە بەر کە کاراییان زیاتر بکا و ڕێژەی ئاستی زیانەکان کەم بکاتەوە.

نابێ ئەم شیکردنەوەیە وا ڕاڤە بکرێ کە واتەی ئەوەیە بە کۆتاهاتنی ڕژێمێکی دیکتاتۆریی دیاریکراو ئیتر هەموو کێشەکان چارەسەر دەبن و دنیا دەبێتە شامی شەریف، چونکە داڕووخانی ڕژێمێکی دیاریکراو شاری خەونەکان ناهێنێتە کایە، بەڵکو بوار دەکاتەوە لەبەردەم کۆششێکی زۆر لەپێناو بنیاتنانی پێوەندیگەلێکی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیی دادپەروەرانە و زاڵبوون بەسەر شێوەکانی تری نادادی و چەوساندنەوەدا. خوازیارم ئەم هەڵبژاردنە پوختە لە چۆنیەتیی لەبەریەک هەڵوەشاندنی ڕژێمە دیکتاتۆرەکان، کەڵکی بۆ گەلان هەبێ لە هەر جێیەک ئارەزووی ئازادبوون باوە.

جین شارپ

٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٣

توێژینەوەی یەکەم

## بەرەنگاریکردنی دیکتاتۆریەت بەشێوازێکی واقیعی

لە چەند ساڵی ڕابردوودا چەندان ڕژێمی دیکتاتۆریی جیاواز هەرەسیان هێنا، جا چ خاوەن بنچی ناوخۆیی بن یاخۆ دەرەکی لە ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ گژبەریی سیستماتیکیی گەلاندا و سەلماندیان ناتوانن گژبەریی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی هاوبەشی گەلان بکەن ئەگەرچی وا دەزانرا ئەوانە ڕژێمەیلی پتەو و بەهێزن.

لە ساڵی ١٩٨٠ەوە، گژبەریی گەلان، کە بەزۆری ناتوندوتیژانە بووە، توانی ڕژێمە دیکتاتۆرەکان

لە هەر یەک لە ئەستۆنیا و لاتڤیا و لیتوانیا و پۆڵەندا و ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات و چیکۆسلۆڤاکیا و سلۆڤینیا و مەدەغەشقەر و مالی و پۆلیڤیا و فیلیپین بڕووخێنێ. هەروەها بزاوی بەرگری بە بەکارهێنانی خەباتی ناتوندوتیژانە کاری بۆ ڕیشەدارکردنی ڕەوتی بەرەو دیموکراسی لە وڵاتانی نیپاڵ و زامبیا و کۆریای باشوور و چیلی و ئەرجەنیتن و هایتی و بەرازیل و ئۆرۆگوای و مەلاوی و تایلەند و بولگاریا و هەنگاریا و زائیر و نایجیریا و چەندان ناوچەی جیاوازی یەکەتیی سۆڤیەتی پێشوو کردووە (ڕۆڵێکی گرینگی لە شکست پێهێنانی کودەتا توندڕەوانەکەی ئابی ١٩٩١دا هەبوو).

ئەمە جگە لە گژبەریکردنی سیاسیی بەهێز[١] لە چین و بۆرما و تیبت لە چەند ساڵی دواییدا، کە ئەگەرچی ئەو خەباتە نەیتوانی ڕێژیمە دیکتاتۆری یان داگیرکەرەکان لەناو ببا، بەڵام سروشتی دڕندانەی ئەو ڕێژیمە سەرکوتکەرانەی بۆ کۆمەڵگەی ناودەوڵەتی ئاشکرا کرد، هاوکات ئەزموونێکی بەنرخی لەبارەی ئەم جۆرە خەباتە لای گەلان دروست کرد.

بەدڵنیاییەوە داڕووخانی ڕێژیمە دیکتاتۆرەکانی ئەو وڵاتانەی لەسەرەوە باس کران، هەموو کێشە و تەنگ و چەڵەمەکانی ئەو کۆمەڵگەیانەی بنبڕ نەکرد، چونکە ئەو ڕێژیمانە هەژاری و تاوان و ناکارایی بیرۆکراسی و وێرانکردنی ژینگە لەدوای خۆیاندا بەجێ دێڵن، بەڵام کەوتنی ئەو ڕێژیمانە لای خواری سووککردنی ئەهامەتییەکانی قوربانییانی سەرکوتینەوەی هێنایە ئارا و ڕێگەی لەبەردەم سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی ئەو کۆمەڵگەیانەدا کردەوە بە بوونی ئازادیی سیاسی و دیموکراسی و کەسی و بوونی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی.

## کێشەیەکی سەرەمڕ

تێبینی دەکرێ لە چەند دەیەی ڕابردوودا ئاراستەیەکی گەورەتر بەرەو پێرەوکردنی دیموکراسیەت و ئازادی لە جیهاندا پەیدا بووە. دامەزراوەی فریدەم هاوس، کە ساڵانە ڕووپێوێکی ناودەوڵەتی لەبارەی دۆخی مافە سیاسی و ئازادییە مەدەنییەکان بڵاو دەکاتەوە، لە ڕووپێوێکیدا بڵاوی کردووەتەوە ژمارەی ئەو دەوڵەتانەی دنیا کە لە ڕیزی دەوڵەتە "ئازاد"ەکاندا پۆلبەندی دەکرێن لە دە ساڵی ڕابردوودا بەشێوەیەکی گەورە زیادی کردووە[٢]:

وێرای ئەم دیاردە ئەرێنییە، ژمارەیەکی زۆری گەلان هێشتا لەژێر باڵی ستەمکاریدا دەناڵێنن. لە کانوونی دووەمی ١٩٩٣وە ڕێژەی ئەو گەلانەی هێشتا لە وڵات و ناوچە "نائازاد"ەکاندا دەژین، واتە ئەو ناوچانەی مافە سیاسی و ئازادییە مەدەنییەکان زۆر سنووردارن، گەیشتووەتە ٣١٪ی کۆی دانیشتووانی گۆی زەوی، کە ٥,٤٥ ملیار کەسە.[٣] لەو ٣٨ وڵات و ١٢ ناوچەیەی بە "نائازاد" پۆلبەند کراون، کۆمەڵێ ڕێژیمی دیکتاتۆری سەربازی (وەک لە بۆرما و سودان) یان ڕێژیمی شاهانەی سەرکوتکەری نەریتی (وەک لە عەرەبستانی سعوودی و بۆتان) یان حزبی سیاسیی باڵادەست (وەک لە چین و کۆریای باکور) یان داگیرکەری بیانی (وەک لە تیبت و تەیمووری ڕۆژهەڵات) حوکمڕانی دەکەن، یاخۆ لە قۆناخی گواستنەوەدان.

ئەمڕۆ دەبینین چەندان ولات بە قۆناخێکی گۆڕانکاریی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیی خێرادا تێ دەپەڕن. وێڕای ئەوەی لە دە ساڵی دواییدا ژمارەی وڵاتانی "ئازاد" زیادی کردووە، بەڵام هێشتا مەترسییەکی دەستەویەخە لەئارادا ماوە، ئەویش ئەوەیە زۆر لەو نەتەوانە لەکاتی گۆڕانکارییە بنچینەییە خێراکاندا، ئاراستەیەکی پێچەوانە وەردەگرن و مەترسی هەیە بکەونەوە ژێر چەپۆکی کۆمەڵێ ڕێژیمی نوێی دیکتاتۆری، گرووپەیلی سەربازی و خاوەن تەماکان، بەرپرسە هەڵبژێردراوەکان، حزبەیلی سیاسیی مەزەبی بەبەردەوامی هەوڵ دەدەن ویستی خۆیان بسەپێنن، بەو شێوەیەش کودەتاکان دەبنە شتێکی باو و دیاردەی پێشێلکردنی مافە بنچینەییەکان و مافە سیاسییەکانی چەندان لە گەلانی دنیا بەردەوام دەبێ.

ناخۆشبەختانە هێشتا ڕابردوو لەناوماندا کنەی کردووە و کێشەی ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان بە کێشەیەکی ئاڵۆز دادەنرێ. چەندان گەل دەیان و بگرە سەدان ساڵە لەژێر باری سەرکوتینەوەی ناوەخۆیی یاخۆ دەرەکیدا دەژین.

بەزۆری سەرکزکردن بۆ پیاوانی دەسەلات و حوکمڕانەکان بەبێ لێپرسینەوە، لە زەیندا ڕیشەی داکوتاوە. لە پەرگیرترین حاڵەتدا دامەزراوە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و تەنانەت ئاینییەکانی کۆمەڵگە -لە دەرەوەی سنووری دەسەڵاتی دەوڵەت- بەئەنقەست لاواز کراون یان گۆڕاون بۆ دامەزراوەی پاشکۆ یان دەزگەگەلی سەرسەخت کە لەلایەن دەوڵەت یان حزبی دەسەڵاتدارەوە بۆ کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگە بەکار دێن. هاووڵاتییانیش پەرت کراون بە ڕادەیەک بوونەتە بارستەیەک لە تاک تاکەی لێک دابڕاو کە ناتوانن پێکەوە بۆ بەدەستهێنانی ئازادی، یاخۆ بەدەستهێنانی متمانەی یەکتر کار بکەن، یان تەنانەت هیچ دەستپێشخەرییەک بکەن.

بە تەبیعەتی حاڵ ئەنجامەکە چاوەڕوانکراوە، هاووڵاتییان لاواز و بێدەسەڵات دەبن و متمانەیان بە خۆیان نامێنێ و توانی بەرەنگاریکردنیان نابێ. زۆر جاریش تەنانەت ناوێرن لەگەڵ خێزان و دۆستانیشیاندا باس لە ڕادەی ڕقیان لە ڕێژیمە دیکتاتۆرییەکە و خەونبینیان بە ئازادییەوە بکەن، ترس دڵیان دادەگرێ ئەگەر بە ڕژدی بیر لە بەرەنگاریکردن بکەنەوە، لە کۆتاییشدا بەبێ هۆ دەناڵێنن و ڕووبەڕووی ئایندەیەکی بێ ئومێد دەبنەوە.

ڕەنگە دۆخی ئێستە لەژێر سایەی ڕێژیمە دیکتاتۆرییەکاندا زۆر خراپتر بێ لەوەی لە ڕابردوودا هەبووە، لە ڕابردوودا دەبینین هەندێ کەس ڕێگەی بەرگریکردنیان گرتووەتە بەر و ڕەنگە ناڕەزاییی گەرم و خۆپیشاندان هەبووبێ. لەوانەیە ورە بەرز بووبێتەوە، بەڵام بۆ ماوەیەکی کەم. یان لەوانەیە هەندێ کەس و گرووپ دەستپێشخەریی ئازایانەیان کردبێ و پێداگرییان لەسەر پرنسیپ و لە هەندێ کاتیشدا لەسەر گژبەرییان کردبێ.

ئەم بەرگرییانە، بە چاوپۆشین لە پاڵنەرەکانیان، بەس نەبوون بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو ترس و بیم و ئەو نەریتی گوێڕایەڵیکردنەی لە ناخی خەڵکدا ڕیشەیان داکوتاوە، کە ئەوە لە پێداویستییە

گرینگەکانی سەرکەوتنە بەسەر ڕێژیمە دیکتاتۆرەکاندا. جێی داخە ئەم جۆرە کارانە، لەبری هێنانەدیی سەرکەوتن یان تەنانەت بەدیهێنانی ئومێد، بوونە مایەی نەهامەتی و ژمارەی کوژراوی زیاتر.

## ئازادی لەڕێی توندوتیژییەوە

کەواتە چار چییە لەم هەلومەرجەدا کە وا پێ دەچێ توانا بەرچاوەکان بێسوود بن، لەکاتێکدا ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان بەزۆری خۆیان لە سنووری یاسایی و دەستوور و حوکمە قەزاییەکان و ڕای گشتی نەبان دەکەن. خەڵک لە کاردانەوەیاندا بۆ کارە دڕندانەکان و ئەشکەنجە و سەرنگونکردن و کوشتنەکان بەو بەرەنجامە دەگەن کە تەنیا توندوتیژی دەتوانێ ئەو ڕێژیمە دیکتاتۆرییانە لەناو ببا. هەر بۆیە دەبینین هەندێ جار قوربانییە تووڕەکان ڕیزەکانیان ڕێک دەخەن بۆ شەڕان لەدژی کارە وەحشیگەرییەکانی ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان و بەو هێز و توانەی لەبەردەستیاندایە توندوتیژی و توانی سەربازی بەکار دێنن، ئەگەرچی هەلی سەرکەوتنیشیان لاوازە. قارەمانانە شەڕ دەکەن و باجێکی گەورە لە گیان و نەهامەتی دەدەن، هەندێ دەسکەوتی دیار بەدەست دێنن، بەڵام کەم ڕووی داوە کارەکانیان بووبێتە مایەی بەدەستهێنانی ئازادی، چونکە شۆڕشە توندوتیژەکان بەزۆری دڕندانە سەرکوت دەکرێن و هەر ئومێدێک لە دڵی خەڵکدا مابێ لەبەین دەبرێ.

بژارەی بەکارهێنانی توندوتیژی باشییەکانی هەرچی بن، یەک شت پیشان دەدا ئەویش ئەوەیە متمانەبەخشین بە شێوازەکانی توندوتیژی واتەی بەکارهێنانی شێوازێکە لە خەبات کە بەردەوام ڕێژیمە ملهوڕەکان تێیدا بالادەستن. ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان بەوە دەناسرێنەوە کە ئامادەن بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی، کە بەهۆیەوە دەتوانن زوو بێ یان درەنگ بزاوە دیموکراسییەکان تێک بشکێنن. لە کۆتایی ڕێگەدا بزاوەکان هیچ بژارەیەکیان لەبەردەمدا نابیننەوە جگە لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستییە سەربازییە دژوارەکان، کە بریتییە لەوەی ڕێژیمە دیکتاتۆرییەکان لە چەندان لایەنەوە بالادەستن، بە چەک و تەقەمەنی و کەرەستەی سەربازی و هۆی گواستنەوە، بە قەبارەی هێزە سەربازییەکان بەشێوەیەک زۆربەی کات بزاوە دیموکراسییەکان وێڕای ئازایی ئەندامەکانیان، ناتوانن هاووێنەی ئەوە بکەن.

هەڵگەڕاوەکان، کاتێ بۆیان ڕوون دەبێتەوە یاخیبوونی سەربازی کارێکی واقیعی نییە، زۆر جار پەنا بۆ شەڕی پارتیزانی دەبەن، بەڵام ئەو بژارەیە لە زۆربەی کاتەکاندا بە سوود بەسەر گەلانی چەوساوەدا ناشکێتەوە، یاخۆ بەرەو بەدیهێنانی دیموکراسییەتیان نابا.

بژارەی شەڕی پارتیزانی زیانی قورسی لە ڕیزی ڕۆڵەکانی گەلە ستەملێکراوەکەدا لێ دەکەوێتەوە. جگە لەوەیش، وێڕای بوونی تیۆرییەک و کۆمەڵێ شیکردنەوەی ستراتیجیی پتەو و پاڵپشتیکردنیشی لەڕووی ناودەوڵەتییەوە، ئەگەری نوشستهێنانی ئەم بژارەیە لەئارادایە. زۆربەی جاران شەڕی پارتیزانی ماوەیەکی زۆر دەخایەنێ و تێیدا ڕێژیم خەڵک ناچاری ئاوارەبوون دەکا،

ئەوەیش کوێرەوەریی زۆری لێ دەکەوێتەوە.

شەڕی پارتیزانی ئەگەر سەرکەوتنیش بەدەست بهێنێ، هێشتا لە مەودای دووردا کاریگەریی نەرێنیی دەبێ، چونکە ڕێژیمە دیکتاتۆرییەکەی ئێستە دەگۆڕێ بە ڕێژیمێکی دیکتاتۆرتر. کاتێ چەکدارانی شەڕی پارتیزانی سەردەکەون و دەسەڵات دەگرنە دەست، بەهۆی مەرکەزیەتی هێزە سەربازییەکان، یاخۆ بەهۆی لاوازی یان تێکوپێکشکانی گرووپ و دامەزراوە سەربەخۆکانی کۆمەڵگە -کە لە ڕەگەزە زیندووەکانی پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی دیموکراسیی بەردەوامن- لە سەردەمی خەباتدا، سیستمێکی حوکمڕانیی دیکتاتۆرییانەتر لەو ڕێژیمەی پێشوو کە لەدژی شەڕان دروست دەکەن. لێرەوەیە کە دەبێ دژبەران (خصوم)ی ڕێژیمە دیکتاتۆرییەکان بەدوای بژاردەیەکی تردا بگەڕێن.

## کودەتاکان، هەڵبژاردنەکان، فریادڕەسانی بیانی

ڕەنگە هەندێ کەس پێیان وابێ کودەتاکردن بەسەر هەر ڕێژیمێکی دیکتاتۆریدا خێراترین بژارەی ڕێژەییە بۆ ڕزگاربوون لە ڕێژیمە دەسەڵاتدارە بێزراوەکە. بەڵام لە ڕاستیدا ئەم بژارەیە چەندان کێشەی ترسناکی لەگەڵدایە، گرینگترینیان ئەوەیە هیچ لە خراپییەکانی دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لەنێوان گەل و ئەو دەستە و تاقمانەی دەست بەسەر حکوومەت و هێزە سەربازییەکەیدا دەگرن ناگۆڕێ. وەلانانی کەسانێکی دیاریکراو یاخۆ تاقمێکی دیاریکراو ڕێگە لەبەردەم گرووپێکی تردا خۆش دەکا تا جێی بگرێتەوە. لەوانەیە ئەم تاقمەی دوایی لە ڕووی تیۆرییەوە لە هەڵسوکەوتیدا نەرم و نیانتر بێ و تا ڕادەیەکی زیاتر و بە شێوەیەکی سنووردار بە ڕووی چاکسازیی دیموکراسیدا کراوە بێ، بەڵام ئەگەری ڕوودانی پێچەوانەی ئەمە بەهێزترە. کاتێ تاقمەکە جێپێی خۆی قایم دەکا، لەوانەیە بگۆڕی بۆ ڕێژیمێکی دڕندەتر و چاوبرسیتر لەوەی پێشوو. هەر بۆیە تاقمی دەسەڵاتداری نوێ -کە خەڵک ئومێدیان پێیانەوە گرێ دابوو- دەتوانن بەبێ ڕەچاوکردنی دیموکراسییەت یان مافەکانی مرۆڤ چییان بوێ بیکەن، نامانەوێ لە توێژینەوەکەمان لەبارەی چارەسەری کێشەی بوونی ڕێژیمێکی دیکتاتۆریدا ئەمە ورد بکەینەوە.

ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان ڕێگە بە ئەنجامدانی هەڵبژاردنێک نادەن کە لەوانەیە گۆڕانکاریی سیاسیی گرینگی لێ بکەوێتەوە. دەبینین هەندێ ڕێژیمی دیکتاتۆری وەک ئەو ڕێژیمانەی حوکمی یەکەتیی سۆڤیەتی پێشوویان دەکرد، چەندان ڕاپرسییان ئەنجام دەدا تا وا نیشان بدەن کە دیموکراسین، بەڵام ئەو ڕیفراندۆمانە تەنیا چەند ڕێوشوێنێکی ڕواڵەتی بوون بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی خەڵک لەسەر ئەو کاندیدانەی ڕێژیمەکان زۆر بە وردی دەستنیشانیان کردبوون. لەوانەیە دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان ڕازی بن بە هەڵبژاردن بکرێ ئەگەر بێتو بکەونە ژێر گوشار، بەڵام گەمە بە پرۆسەکە دەکەن تا کەسانێک دابنێن کە وەک بووکەڵە بن بە دەستیانەوە. ئەگەر ڕێگەیش بە کەسێکی نەیار بدرێ خۆی کاندید بکا و بێتە هەڵبژاردن، ئەوا ئەنجامەکان فەرامۆش دەکرێن،

یان لەوانەیە ئەو کەسە هەڵبژێردراوە دووچاری تۆقاندن و گرتن و دوور نییە لەداردانیش ببێتەوە وەک لە بۆرما لە ساڵی ١٩٩٠ و لە نایجیریا لە ساڵی ١٩٩٣ رووی دا. فەرمانڕەوا دیکتاتۆرەکان رێگە بە هەڵبژاردنێک نادەن لە تەخت بیانهێنێتە خوارێ.

زۆر خەڵک لەوانەی لەژێر چەپۆکی ڕیژیمە دیکتاتۆرە دڕندەکاندا دەناڵێنن و زۆر لەوانەی بۆ خۆقوتارکردن پەنایان بۆ تاراوگە بردووە، بڕوایان بەوە نییە گەلانی چەوساوە بتوانن خۆیان ڕزگار بکەن و بۆ ڕزگارکردنی گەلانیان ئومێدیان تەنیا بە دەستێوەردانی خەڵکانی تر هەیە و هەموو متمانەیان بە هێزە دەرەکییەکانەوە دەبەستنەوە، بڕوایان وایە تەنیا یارمەتیی ناودەوڵەتی هێزی پێویستی هەیە بۆ ڕووخاندنی ڕیژیمە دیکتاتۆرەکان.

لەوانەیە ئەم تێڕوانینە –واتە بێتوانیی گەلانی چەوساوە بۆ کارکردن بەشێوەیەکی کاریگەر– بۆ ماوەیەک ڕاست و دروست بێ، چونکە وەک پێشتر باسمان کرد، گەلانی چەوساوە –بەشێوەیەکی کاتی– ئارەزوو یان توانی بەرگریکردنیان نییە، متمانەیان نییە بتوانن بەرەنگاریی هەمەجیەتی ڕیژیمە دیکتاتۆرەکان ببنەوە و ڕێگەیەک بۆ ڕزگاربوونیان شک نابەن. لێرەوەیە زۆر خەڵک بۆ ڕزگاربوون ئومێد بەوانی ترەوە گرێ دەدەن و چاویان لە هێزێکی دەرەکییە، وەک ڕای گشتی یان نەتەوە یەکگرتووەکان یاخۆ وڵاتێکی دیاریکراو یان بایکۆتکردنێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی.

ئەم سیناریۆیە وەک بژارەیەکی دەستەویەخە دیارە، بەڵام لە ڕاستیدا پشتبەستن بە هێزێکی دەرەکی دەرهاویشتەی ترسناکی دەبێ و لەوانەیە متمانەی خۆمان لە جێیەکی هەڵەدا دانابێ، چونکە فریادەڕەسی دەرەکی هەرگیز نایەت، ئەگەریش دەوڵەتێکی بیانی دەستی تێ وەردا ئەوا دەبێ متمانەی پێ نەکرێ.

ئەم خاڵانەی خوارەوە هەندێ لەو ڕاستییە تاڵانەن کە پێوەندییان بە پشتبەستن بە دەستوەردانی بیانییەوە هەیە و پێویستیان بەوەیە بە وردی سەیر بکرێن:

* دەوڵەتانی بیانی لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندییە ئابووری و سیاسییەکانیان بەرگەی مانەوەی ڕیژیمە دیکتاتۆرییەکان دەگرن و تەنانەت یارمەتیشیان دەدەن.

* دەوڵەتانی بیانی لەبری پاراستنی بەڵێنەکانیان بە پشتگیریکردن و ئازادکردنیان، ئامادەن لەپێناو ئامانجێکی تردا گەلانی چەوساوە بفرۆشن.

* دەوڵەتانی بیانی تەنیا چەند هەنگاوێک لەدژی ڕیژیمە دیکتاتۆرییەکان دەنێن، ئەویش لەپێناو بەدەستهێنانی دەسکەوتی ئابووری و سیاسی و باڵادەستیی سەبازی بەسەر وڵاتدا.

* لەوانەیە دەوڵەتانی بیانی ببزون بۆ پاڵپشتیکردنی بەرگریی ناوخۆیی کاتێ ئەمەی دوایی ڕیژیمە دیکتاتۆرییەکەی لەقاندبێ و سەرنجی دنیای بۆ سروشتە دڕندانەکانی ڕاکێشابێ.

لە بنەڕەتدا چاکەی مانەوەی ڕیژیمە دیکتاتۆرییەکان لە دەسەڵاتدا بۆ شێوەی دابەشکردنی دەسەڵات دەگەڕێتەوە لەو وڵاتانەی حوکمیان دەکەن. دانیشتووان و کۆمەڵگە بەهۆی لاوازییان

مەترسییەکی ئەوتۆیان نییە چونکە سامانی وڵات و ناوەندەکانی هێزی لەدەستی مشتێ خەڵکدایە. جگە لەوەیش دەستوەردانە ناودەوڵەتییەکان دژی ڕێژیمە دیکتاتۆرییەکان ڕەنگە بەشێوەیەک لە شێوەکان سوودیان پێ بگەیەنێ یاخۆ لاوازیان بکا. بەڵام بەردەوامی و مانەوەی ئەو ڕێژیمانە لە بنەڕەتدا بە هۆکارە ناوخۆییەکانەوە بەندە. گوشارە ناودەوڵەتییەکانی وەک سەپاندنی بایکۆتی ئابووریی نێوەوڵەتی یان سەپاندنی ئابلۆقەی ئابووری یان بڕینی پێوەندییەلی دیپلۆماسی یان دەرکردن لە ڕێکخراوەیلی ناودەوڵەتی، یان سەرزەنشتکردن لەلایەن ڕێکخراوەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان و کارە هاوشێوەکانی تر، سوودی بۆ گەلە چەوساوەکان دەبێ، بەڵام ئەمە تەنیا ئەو کاتەی بزاوێکی بەرگریی ناوخۆیی بەهێزی هەبێ، چونکە بەبێ ئەم بزاوە کاردانەوەی ناودەوڵەتی نابێ.

## ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستییە تاڵەکە

ئەنجامەکە دژوارە، چونکە ئەگەر بمانەوێ ڕێژیمێکی دیکتاتۆر بە کارایی و کەمترین تێچوو بڕوخێنین، دەبێ ئەم چوار ئەرکە جێبەجێ بکەین:

* پشتیوانیکردنی گەلانی چەوساوە لە بڕیار و لێبڕان و متمانەی بەخۆی و تواناکانی بزاوی بەرگریدا.
* پشتیوانیکردنی گرووپ و دامەزراوە کۆمەڵایەتییە سەربەخۆکانی گەلانی چەوساوە.
* هێنانەکایەی هێزێکی بەرەنگاریکردنی ناوخۆیی بەهێز.
* دانانی پلانێکی ستراتیجیی گەورە و دانایانە بۆ ڕزگاری و جێبەجێکردنی بە زرنگی.

کاتی خەباتکردن لەپێناو ڕزگاری کاتی پشت بەخۆبەستن و بەهێزکردنی گرووپەکانی خەباتگێڕانی ناوخۆیە. ئەمە ئەوە بوو کە چارلز ستیوارت بارنل لەکاتی مانگرتنێکی لە ئێرلەندا لەبارەی خەرجکردنی کرێ لە ساڵانی ١٨٧٩ و ١٨٨٠، بانگەشەی بۆ کرد.

پشتبەستن بە حکوومەت کەڵکی نییە... دەبێ تەنیا پشت بە وردی خۆتان ببەستن... یارمەتیی خۆتان بدەن لەڕێی وەستانتان شانبەشانی یەکتر... هێز بە لاوازەکانتان ببەخشن... یەک بگرن و ڕیزەکانتان ڕێک بخەن... تا سەرکەون.[٤]

لە کۆتاییدا دەبینین ڕزگاربوون لە ڕێژیمەیلی دیکتاتۆری بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بە توانی گەلان بۆ خۆ ڕزگارکردنیان بەدەستی خۆیان دەبەستێ. ئەو حاڵەتانەی سەرکەوتن کە گژبەریی سیاسی بەدیی هێناون، واتە بەکارهێنانی خەباتی ناتوندوتیژانە لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجگەلێکی سیاسیدا، وەک لەسەرەوە باس کرا، ئاماژە بەوە دەکەن کە هەر بە ڕاستی ئامرازی ئەوتۆ هەن بەهۆیانەوە گەلان خۆیان ڕزگار بکەن، بەڵام بژارەی گژبەریکردنی سیاسی (خەباتی ناتوندوتیژانە) هێشتا پێویستی بە پەرەپێدان هەیە. بەشەکانی داهاتوو بە وردی باسی ئەم پرسە

(واتە بژارەی گژبەریکردنی سیاسی) دەکەن. بەلام سەرەتا دەبێ سەیرێکی پرسی دانوستاندن بکەین وەک شێوازێک بۆ لەبەریەک هەلوەشاندنی سیستمەکانی حوکمی دیکتاتۆری.

## مەترسییەکانی دانوستاندن

لەوانەیە هەندێ کەس لەکاتی بەرەنگاریکردنی کێشەیلی تیراوێ کردوو لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان تووشی بێورەییەک بن و کاتێ هیچ دەرفەتێک بۆ بەدیهێنانی دیموکراسیەت بەدی ناکەن، بگەنە ئەو دەرەنجامەی پێویستە لەگەڵ ڕێژیم، کاتێ وا دێتە بەرچاو تا هەتایە دەمێنێ، ڕێک بکەون. ئەوانە بەو ئومێدەن بتوانن کەسانێکی باش ڕزگار بکەن و لەڕێی ئاشتەوایی و سازش و دانوستاندنەوە کارە وەحشییەکانی کۆتایی پێ بێنن. پێ دەچێ ئەمە لە بزریی بژارە واقیعیەکاندا، بژارەیەکی ماقووڵ بێ.

خەباتکردن دژ بە ڕێژیمەیلی دیکتاتۆریی دڕندە کارێکی خۆش نییە، کەواتە ئیتر بۆچی ئەو ڕێگەیە بگیرێتە بەر؟ ئەی بۆچی ژیر و ژۆڵ نەبین و لەڕێی وتوێژ و دانوستاندنەوە ڕێگەی ڕزگاربوون لەو ڕێژیمانە و کۆتاپێهێنانی پلەبەپلەیان نەدۆزینەوە؟ ئاخۆ بزاوە دیموکراسییەکان ناتوانن هەستی مرۆیی لای ڕێژیمە دیکتاتۆرییەکە ببزوێنن و قایلی بکەن دەسەڵاتی خۆی پلەبەپلە بەرتەسک بکاتەوە تا دەگاتە خۆبەدەستەوەدانی تەواوەتی لەپێناو هێنانەکایەی دیموکراسیدا؟

هەندێ دەڵێن ڕاستی لای یەک لایەن نییە. کێ ناڵێ بزاوە دیموکراسییەکان بەهەڵە لە دەسەڵاتدارە دیکتاتۆرییەکان نەگەیشتوون کە لەوانەیە بە پاڵنەرێکی دروست لە هەلومەرجێکی سەختدا کاریان کردبێ. یان لەوانەیە هەندێ وا زەن ببەن دەسەڵاتدارە دیکتاتۆرەکان لەکاتی ئەو بارودۆخە سەختانەی ڕوو دەکەنە وڵات، دەست لە تەختەکانیان هەڵدەگرن ئەگەر هانیان بدەین. هەندێکی تر دەڵێن دەتوانین ڕێگەچارەیەک بخەینە بەردەمیان کە هەموو لا پێی ڕازی بن. لەوانەیە هەندێ بڵێن پێویست بە خەبات و زەحمەتیی زیاتر ناکا ئەگەر ئۆپۆزسیۆنە دیموکراسیەکە لەگەڵ چارەسەری ئاشتییانە بێ بۆ چارەسەری کێشەکە لەڕێی دانوستاندنەوە (لەوانەیشە حکوومەت یان کەسانێکی تر بەشداری لە ئیمزاکردنیدا بکەن). ئاخۆ ئەمە باشتر نییە بەبەراورد بە سەختیی ناهەمواری و خەبات (تەنانەت ئەگەر ئەم خەباتە ناتوندوتیژانە لەبری شەڕە سەربازییەکانیش بێ).

## باشی و دیاریکەرەکانی دانوستاندن

دانوستاندن بە ئامرازێکی گرینگ دادەنرێ لە چارەسەری هەندێ جۆری کێشەدا و ناتوانرێ پشتگوێ بخرێ و ڕەت بکرێتەوە کاتێ لەجێی گونجاودا بێ. لە هەندێ حاڵەتدا کە کێشە جەوهەرییەکان لە مەترسیدا نەبن و لێرەشەوە سازشکردن کارێکی پەسند بێ، دەبینین دانوستاندن ئامرازێکی بەکەڵکە بۆ چارەسەری کێشەکە. مانگرتن لە کارکردن بۆ داواکردنی

زیادکـردنی کـرێ نموونەیەکی باشــە لەبارەی ڕۆڵی گـونجـاوی دانوســتـانـدن بۆ چارەســەری ناکۆکییەکان، چونکە چارەسەرکردنی کێشەکە لەڕێی دانوستاندنەوە دەبێتە مایەی زیادکردنی کرێ بەشێوەیەک هەردوو لایەنی ناکۆک پێی ڕازی بن. بەڵام کـێشـەکانی کار لەگـەڵ سـەندیکا یاساییەکانی کرێکاران جیاوازە لەو کێشانەی پرسی بەردەوامیی مانەوەی ڕیژیمێکی دیکتاتۆریی ملهوڕ، یان هێنانەکایەی ئازادییەکی سیاسی لە مەحەکدا بێ.

کاتێ ئەو پرسانەی لە مەحـەکدان کار لە بنـەما ئاینی یاخـۆ ئازادیی مرۆیی یان پەرەسـەندنی داهاتووی کۆمەڵگە بە گشتی دەکەن، ئەوا دانوسـتاندنەکان ڕێگەیەک بۆ گەیشتن بە چارەسەرێک هەموو لایەنەکان پێی قایل بن دەستەبەر ناکا، چونکە ناکرێ سازش لە هەندێ پرسدا بکرێ. لەم بارەدا تەنیا گۆڕانی پارسەنگی هێز لە بەرژەوەندیی بزاوە دیموکراسییەکان دەتوانێ ئەو پرسە بنچینەییانە بپارێزێ کە خراونەتە مەحەک. ئەمە لەڕێی خەباتەوە دەبێ نەک دانوستاندن. بەڵام ئەمە بەو واتەیە نییە کە نابێ قەت پەنا بۆ دانوسـتاندن ببرێ. بابەتەکە لێرەدا ئەوەیە بەبێ بوونی ئۆپۆزسیۆنێکی دیموکراسیی بەهێز، خستنی ڕیژیمگەلێکی حوکمی دیکتاتۆری بە شێوازێکی واقیعی دانانرێ.

لەوانەیشــە دانوســتــاندن بەهیچ شـێـوەیەک بژارە نەبێ، چونکە دەســەڵاتدارە دیکتــاتۆرە جێقـایمەکان کە هەست بە دڵنیایی دەکەن لە جێگەکانی خۆیاندا، دەتوانن دانوستـاندن لەگەڵ ئۆپۆوسـیـۆنی دیموکـراسی ڕەت بکەنەوە، یاخـۆ دەتوانن لە یەکـەم هەنگاوی دەسـتـپـێکردنی دانوستاندنەکانەوە، ببنە هۆی بێ سەروشوێنبوونی دانوستانکارە دیموکراسیەکان.

هەواڵنامەی کتێب

## خۆبەدەستەوادنی دانوستانکار

بەردەوام ئەو کەس و گـرووپانەی نەیاری ڕیژیمەیلی دیکتاتۆرین و شـێوازی دانوستـاندن بە باش دەزانن پاڵنەری دروستیـان لەپشتەوەیە، نەخاسـمە کاتێ خەباتی چەکدار دژ بە دیکتـاتۆریەتێکی دڕندە سـاڵانێک بەبێ هیچ ئەنجـامـێک بەردەوام بووبێ. هـەر بۆیە خـەڵک بە چاوپۆشـین لە ڕێڕەوی سیاسییان حەزیان لە چارەسەرێکی سیاسی دەبێ. شایانی باسە بزاوە دیموکراسییەکان پرسی دانوستـاندن بە هەند وەردەگرن بەتایبەت کاتێ باڵادەسـتـیی سەربازی لە بەرژەوەندیی حوکمڕانە دیکتـاتۆرەکاندا بێ و قەبارەی وێرانکاری و زیانە مرۆییەکان لە سنووری بەرگەگرتن دەرچووبن. لەو کـاتـەدا ئارەزوویەکی بەهێـز بۆ گـەڕان بەدوای ڕێگەیەکی تردا دەبینین کـە بتـوانێ هـەندێ لە ئامـانجـەکانی بزاوە دیموکراسـیـیـەکـان بێنێـتـە دی و لە هەمـان کـاتیـشـدا کۆتایی بە گێـژاوی توندوتیژی و دژەتوندوتیژی بێ.

پێشنیـازکردنی "ئاشتی" لەڕێی ئەنجامـدانی دانوستـاندن لەگەڵ بزاوە دیموکراسییەکان کە ڕیژیمە دیکتـاتۆرەکـان دەیخـەنە ڕوو، کـارێکی فریودەرانەیە. ئەو ڕیژیمانە پێشنیـازی ڕاگـرتنی توندوتیـژی دەکەن لەبەرامبەر ڕاگـرتنی شاڵاوی شـەڕ دژ بە گەلانیان. دەبینی بەبێ ئەوەی هیچ

سازشێک بکەن، دەستپێشخەری دەکەن بۆ گێڕانەوەی نرخ بۆ کەرامەتی مرۆڤ و ئازادکردنی گیراوانی سیاسی و ڕاگرتنی ئەشکەنجەدان و هەڵمەتە سەربازییەکان و کشانەوە لە حکوومەت و داوای لێبوردن لە گەل.

ڕێژیمێکی دیکتاتۆری کاتێ بەهێزە و بەڵام بەدەست بوونی بەرگرییەکەوە دەناڵێنێ کە خەوی لێ زڕاندووە، حەز دەکا پێشنیازی دانوستاندن بکا تا لەژێر ناوی "هێنانەکایەی ئاشتی"دا ئۆپۆزسیۆن بەرەو خۆبەدەستەوەدان خلۆر بکاتەوە. لەوانەیە بانگەشە بۆ دانوستاندن بە بیچمێکی سەرنجڕاکێشەوە بخرێتە ڕوو، بەڵام زۆر مەترسی دەور و خولیان گرتووە.

لە بەرامبەردا کاتێ ئۆپۆزسیۆن بەهێز بێ و ڕێژیمە دیکتاتۆرییەکە هەر بەڕاستی لە مەترسیدا بێ، دەبینین ئەو دەسەڵاتدارە دیکتاتۆرانە هەوڵی دانوستاندن دەدەن تا زۆرترین بەش لەو سامانەی هێشتا لەژێر دەستیاندایە قوتار بکەن. لە هەردوو حاڵەتەکەدا نابێ بزاوە دیموکراسییەکان یارمەتیی ئەو حوکمڕانە دیکتاتۆرانە بدەن.

بزاوەیل دیموکراسی دەبێ ئەوە بزانن کە دیکتاتۆرەکان داوەکانیان لە جەرگەی پرۆسەی دانوستاندندا دەنێنەوە. کاتێ بانگەشەکردن بۆ دانوستاندن لە دۆخێکدا بێ پرسی ئازادییە سیاسییەکان لە مەحەکدا بن، لەوانەیە ئەو بانگەشەیە هەوڵێکی دەسەڵاتدارە دیکتاتۆرییەکان بێ بۆ ڕاکێشانی بزاوە دیموکراسییەکان بەرەو خۆبەدەستەوەدان بەشێوەیەکی ئاشتییانە، لەکاتێکدا توندوتیژییەکانی خۆیان بەردەوامە. لەم جۆرە کێشانەدا باشترین ڕۆڵی دانوستاندن دەکەوێتە کۆتای قۆناخی خەباتێکی یەکلاکەرەوە، کە لەو ڕێیەوە حوکمڕانە دیکتاتۆرەکان هەوڵ دەدەن تولەڕێگەیەکی ئارام بۆ نێزیکترین فرۆکەخانە بدۆزنەوە تا لەوێوە خۆیان دەرباز بکەن، ئەویش پاش ئەوەی برستیان لەبەر دەبڕێ.

### هێز و دادپەروەری لە دانوستاندنەکاندا

ئەگەر ئەم بۆچوونەی ئەم بڕیارە پلارێکی ڕەق بێ لە دانوستاندن، ئەوا ڕەنگە پێویست بکا هەندێ لەو ڕۆمانسییەتەی بە دانوستاندنەوە پێوەستە دەسکاری بکەین. پێویستە بە ڕژدی بیر لە چۆنیەتیی ئەنجامدانی دانوستاندن بکرێتەوە.

دانوستاندن واتەی ئەوە نییە هەدوو لایەنی کێشەکە لەسەر بنەمایەکی یەکسان پێکەوە دابنیشن و وتووێژ بکەن و چارەسەر بۆ ئەو کێشانە بدۆزنەوە کە بوونەتە مایەی ناکۆکیی نێوانیان. دوو ڕاستی هەن دەبێ بەردەوام لەیادمان بن: یەکەمیان ئەوەیە دادپەروەریی ڕێژەیی و ئامانجی بۆچوونە جیاوازەکان ناوەرۆکی ئەو ڕێککەوتننامەیە دیاری ناکەن کە لە دانوستاندنەکە دەکەوێتەوە. دووەم، ئەوەی ڕۆڵی گەورەی هەیە لە دیاریکردنی ناوەرۆکی ئەو ڕێککەوتننامەیەی لە دانوستاندن دەکەوێتەوە، ڕادەی هێز و دەسەڵاتی هەر لایەکیانە.

دەبێ چەندیان پرسیاری قورس لەبەرچاو بگرین: پاش شکستهێنانی لایەنی بەرامبەر لە گەیشتن بە ڕێککەوتن لەسەر مێزی گفتوگۆ، هەر لایەک بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی دەتوانێ بەجیا چی بکا؟ هەر لایەک دەتوانێ بەجیا چی بکا پاش ئەوەی ڕێککەوتن ئیمزا دەکرێ، بەڵام لایەنی بەرامبەر بە بەڵێنەکانیەوە پابەند نابێ و ڕێککەوتننامەکە دەخاتە ژێر پێیەکانی و هێزی خۆی بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی بەکار دێنێ؟

گەیشتن بە ڕێککەوتن لە ڕێی دانوستاندنەوە لەسەر بنەمای هەڵسەنگاندنی ڕاستی یان ناڕاستیی ئەو بابەتانەی لە مەحەک دانراون بە چاوپۆشی لە زۆری یاخۆ کەمیی گفتوگۆکان نابێ، لە کۆتاییدا دەرەنجامە ڕاستەقینەکانی دانوستاندن لەڕێی هەڵسەنگاندنی دۆخی هێزی حەتمی و هێزی ڕێژەییی لایەنە ڕکابەرەکانەوە دەبێ. بزاوی دیموکراسی دەتوانێ چی بکا بۆ ئەوەی نکوڵی لە لای خواری داخوازییەکان بکرێ؟ حوکمڕانە دیکتاتۆرییەکان دەتوانن چی بکەن تا لە دەسەڵاتدا بمێننەوە و بزاوە دیموکراسییەکان وەلابنرێن؟ لە حاڵەتێکدا هەردوو لا بگەنە ڕێککەوتن، ئەوە بەرەنجامی هەڵسەنگاندنی هەر لایەنێک بووە بۆ چۆنیەتیی بەراوردکردنی هێز و توانی هەردوو لایەن، ئەنجا ئامادەکاری بۆ چۆنیەتیی کۆتاهینان بە ململانێیەکی کراوە. پێویستە لەسەرمان ئەو شتانە لەبەرچاو بگرین کە هەر لایەنێک دەتوانێ دەسبەرداریان ببێ لەپێناو گەیشتن بە ڕێککەوتن. لە دانوستاندنی سەرکەوتوودا سازشکردن هەیە، تێیدا هەر لایەنێک ئەوە بەدەست دێنێ کە هەوڵی بۆ دەدا، لە بەرامبەریشدا دەست لە بەشێک لە ئامانجەکانی هەڵدەگرێ. چین ئەو هێزانەی سەرخستنی دیموکراسی کە دەکرێ لە بەرژەوەندیی حوکمڕانە دیکتاتۆرییەکان دەستیان لێ هەڵبگیرێ، لەبارێکدا دەسەڵاتەکەیان لە جۆرە دیکتاتۆرییە نەگریسەکە بێ؟ چین ئەو ئامانجانەی حوکمڕانە دیکتاتۆرەکان کە دەکرێ بزاوە دیموکراسییەکان پەسندیان بکەن؟ ئاخۆ ئەمانەی دوایی چاوپۆشی لە ڕۆڵێک دەکەن کە دەستوور لە حکوومەتەکانی داهاتوودا لە بەرژەوەندیی دەسەڵاتە دیکتاتۆرییەکان (جا چ حزبی سیاسی بن یان گرووپی سەربازی) جێگیری کردووە. دیموکراسیەت لەمەدا لەچیدایە؟ تەنانەت ئەگەر وایش دابنێین هەموو شتێکی پێوەند بە دانوستاندن بە ڕێکی بەڕێوە چووە، ئەوا ئەم پرسیارە دەمێنێتەوە: ئەو جۆرە ئاشتییە کامەیە کە لە دانوستاندن دەکەوێتەوە؟ ئاخۆ ژیان باشتر یان خراپتر دەبێ لەوەی ئەگەر بزاوە دیموکراسییەکان لە خەبات بەردەوام بن؟

## سیستمی دیکتاتۆریی "پەسند"

حوکمڕانە دیکتاتۆرییەکان لە بالادەستییاندا پاڵنەری جۆرەوجۆری شاراوەیان هەیە، وەک هێز و پلەوپایە و سامان و ڕێکخستنەوەی کۆمەڵگە و هتد. پێویستە ئەوەمان لەیاد بێ کە دەستبەرداربوونی حوکمڕانە دیکتاتۆرییەکان لە ناوەندەکانی کۆنترۆڵکردن، واتەی وازهێنانیانە لە پاڵنەرەکانی تر، هەر بۆیە دەبینین حوکمڕانە دیکتاتۆرەکان هەوڵ دەدەن دەست بە

ئامانجەکانیانەوە بگرن.

پێویستە لە بیرمان نەچی ئەو بەڵێنانەی حوکمڕانە دیکتاتۆرییەکان لە چوارچێوەی چارەسەری ئاشتییانەدا دەیدەن، دەچێتە خانەی مسۆگەرکردنی سەرشۆڕکردنی دژبەرەکانیان لە بزاوە دیموکراسییەکاندا، لە کۆتاییشدا دەبینی هێندە چەپەڵ دەردەچن ئەو ڕێککەوتننامانە پێشێل دەکەن کە ئیمزایان کردوون.

ئەگەر بزاوە دیموکراسییەکان لەسەر ڕ ڕاگرتنی بەرگریکردن لە پێناو ئەوەی بەشێوەیەکی کاتی سەرکوتینەوە و چەوساندنەوە ڕابوەستن، ئەوا سەرەنجام تووشی هەستکردن بە بێئومێدی دەبن، کەم ڕووی داوە دەستبەرداران لە بەرەنگاریکردن قەبارەی چەوساندەوەی کەم کردبێتەوە، چونکە دەبینی پاش نەمانی پاڵەپەستۆ ناوەخۆیی و ناودەوڵەتییەکان لەسەر دەسەڵاتدارە دیکتاتۆرییەکان، جارێکی تر زیاتر لە پێشوو دەست دەدەنەوە سەرکوتینەوە و توندوتیژییەکی دڕندانەتر. هەرەسهێنانی بەرەنگاریی میللی ئەو هێزی هاوسەنگییە ناهێڵی کە دەسەڵات و دڕندەییی ڕێژیمە دیکتاتۆرییەکەی سنووردار کردبوو، بەو شێوەیەش بوار لە بەردەم ئەو دەسەڵاتدارە دیکتاتۆرانەدا دەکرێتەوە تا دژ بە هەر کەس بیانەوێ بجووڵێن، وەک کریشناڵ شەردهارانی دەنووسێ "چونکە دیکتاتۆر هێزی هەیە تەنیا بۆ ئەوەی زەبر بوەشێنێ، لە کاتێکدا ئێمە هێزی بەرگریمان نییە".[٥]

بۆ هێنانەکایەی گۆڕانکاری لە بارێکدا کە کێشە بنچینەییەکان لە مەحەکدا بن بەرگریکردن پێویستە نەک دانوستاندن، لە زۆربەی حاڵەتەکاندا لەسەر هێزی بەرگری پێویستە بەردەوام بێ تا حوکمڕانە دیکتاتۆرییەکان لە دەسەڵات دێنێتە خوارەوە. هەر بۆیە ئەوە دانوستاندن نییە کە سەرکەوتن، بگرە بەکارهێنانی دانایانەی گونجاوترین و بەهێزترین شێوازی بەردەستە لای هێزی بەرگری -پاشتر بە وردی باسی دەکەین- کە برێتییە لە گژبەریی سیاسی یاخۆ خەباتی ناتوندوتیژ، ئەوە شێوازێکی بەهێزە کە لە بەردەستی ئەوانەدایە خەبات لەپێناو ئازادیدا دەکەن.

## چ جۆرە ئاشتییەک؟

ئەگەر حوکمڕانە دیکتاتۆرییەکان و بزاوە دیموکراسییەکان بڕیاریان دا دانوستاندن بکەن، ئەوە زۆر پێویستە بە ڕوونی بیری لێ بکرێتەوە، ئەویش بە هۆی ئەو مەترسییانەی لە پرۆسەی دانوستاندندان، مەرج نییە هەر کەس وشەی "ئاشتی"ی بەکار هێنا، ئاشتییەکی ئازاد و دادپەروەری بوێ. کزۆڵەکردن لەبەردەم گورزی سەرکوتینەوە و ملکەچکردنی نەرێنی بۆ حوکمڕانە دیکتاتۆرییە بێبەزەییەکان کە تاوانیان دژ بە سەدان هەزار خەڵک ئەنجام داوە، بە ئاشتی دانانرێ. هیتلەر چەندان جار بانگەشەی بۆ ئاشتی کرد، بەڵام ئەو ئاشتییەی ئەو دەیویست سەرکزکردن بوو بۆ ویستی ئەو. ئەو ئاشتییەی حوکمڕانە دیکتاتۆرەکان دەیخەنە ڕوو، جگە لە ئاشتیی زیندان و گۆڕەکان هیچی تر نییە.

مەترسیی تریش هەیە، چونکە دانوستانکارەکان زۆر جار ئامانج لە دانوستاندن و خودی دانوستاندنەکە تێکەڵ دەکەن، ئەمە جگە لەوەی دانوستانکارانی بزاوەیلی دیموکراسی یان دانوستانکارانی پسپۆڕی بیانی کە یارمەتیی دانوستاندنەکە دەدەن، بە نوکە قەڵەمێک شەرعییەتی ناوەخۆیی و ناودەوڵەتی دەدەنە حوکمڕانە دیکتاتۆرییەکان، ئەمە لەکاتێکدا ئەو دەسەڵاتدارانە بەهۆی داگیرکردنیان بۆ دەوڵەتەکە و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و ڕەفتارە دڕندانەکانیانەوە خاوەنی ئەو شەرعییەتە نین. بەبێ ئەو شەرعییەتە کە ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان هەوڵی بەدەستهێنانی دەدەن، ئەو حوکمڕانانە ناتوانن تاهەتایە لە دەسەڵاتدا بمێننەوە. بۆیە دەبێ ئاشتیخوازان ئەو شەرعییەتەیان پێ نەبەخشن.

## هۆیەک بۆ ئومێدەواری

پێشتر وتمان لەوانەیە سەرکردەکانی ئۆپۆزسیۆن لە ڕوانگەی هەستکردنیان بە بێئومێدی لە خەباتی دیموکراسی بە ناچاری پەنا بۆ دانوستاندن ببەن، بەهەرحاڵ دەتوانرێ هەستکردن بە لاوازی بێتە گۆڕین، چونکە ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان تا هەتایە بەردەوام نابن، هەروەها تا سەر گەلانی ژێر باڵی ئەو ڕێژیمانەیش بە لاوازی نامێننەوە و ڕێگە بە حوکمڕانە دیکتاتۆرەکان نادرێ تا هەتایە دەست بە هێزەکەیانەوە بگرن. ئەرستۆ زۆر دەمێکە وتویەتی "سیستمەکانی حوکمی کەمینە و ڕێژیمە ستەمکارەکان ماوەی کەمتر لە سیستمەکانی تر دەژین، ستەمکاری بەکەمی تەمەن دەکا"[٦]، ئەمە بەسەر ڕێژیمە دیکتاتۆرە هاوچەرخەکانیشدا دەچەسپێ، دەتوانین خاڵە لاوازەکانیان بکەینە تەنگژە و هێزی حوکمڕانە دیکتاتۆرییەکان لەبەریەک هەڵوەشێنین (توێژینەوەی چوارەم بە درێژتر باس لەو خاڵە لاوازانە دەکا).

مێژووی نوێ ئاماژە بە لاوازیی ڕێژیمە دیکتاتۆرییەکان و شیمانەی هەرەسهێنانیان لە ماوەیەکی تا ڕادەیەک ڕێژەییدا دەکا. ئەوەتا لەکاتێکدا ڕێژیمی دیکتاتۆریی کۆمۆنیست لە پۆڵەندا لە ماوەی دە ساڵدا (١٩٨٠–١٩٩٠) داڕووخا، هاوشێوەکانی لە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات و چیکۆسلۆڤاکیا لە ماوەی چەند هەفتەیەکدا لە ساڵی ١٩٨٩دا ڕووخان. لە سلڤادۆر و گواتیمالا دەسەڵاتدارە سەربازییە دڕندەکان ساڵی ١٩٤٤ لە ماوەی نێزیکەی دوو هەفتە لە خەبات دژی هەر یەکەیان هەرەسیان هێنا. هەرچی شای سەربازیی بەهێزی ئێرانە، لە چەند مانگێکی کەمدا ڕووخا. ساڵی ١٩٨٦ ڕێژیمی مارکۆس لە فیلیپین لەبەردەم ویستی گەلدا هەرەسی هێنا و حکوومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان بەخێرایی خۆی بەری کرد لە سەرۆک مارکۆس کاتێ هێزی ئۆپۆزسیۆن بە ئاشکرا کەوتە بەرچاوان. کاتێ توندڕەوەکان لە یەکەتیی سۆڤیەت هەوڵیان دا لە ئابی ١٩٩١دا کودەتایەک بکەن، گژبەریی سیاسی لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا ڕایگرتن و ئەو گەلانەی لەژێر ستەم و ملهوڕیدا دەیانناڵاند، توانییان لە ماوەی چەند ڕۆژ یا هەفتە یاخۆ مانگدا سەربەخۆییان بەدەست بێننەوە.

لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە ئەو چەمکە کۆنانەی دەڵێن شێوازەکانی توندوتیژی بەردەوام خێراتر کار دەکەن و شێوازەکانی ناتوندوتیژی کاتێکی زۆریان دەوێ، بایەخیان لەدەست داوە. ئەگەرچی هێشتا کاتێکی زیاتر پێویستە بۆ هێنانەکایەی گۆڕانکارییەک لە دۆخ و کۆمەڵگەدا، بەڵام شەڕی ڕاستەقینە دژ بە ڕێژیمە دیکتاتۆرییەکان هەندێ جار لەڕێی خەباتی ناتوندوتیژەوە خێراتر ڕوو دەدا. دانوستاندن تاکە بەدیل نییە بۆ بەردەوامبوونی شەڕی قەلاچۆکردن، یاخۆ خۆبەدەستەوەدان. ئەم نموونانەی لێرەدا باس کراون لەگەڵ ئەوانەی پێشتر باس کراون، بەڵگەیەکی باشن لەسەر بوونی بژارەیەکی تر لەبەردەم ئەوانەی ئاشتی و ئازادییان گەرەکە، کە ئەویش بژارەی گژبەیکردنی سیاسییە.

## دەسەڵات لە کوێوە دێ؟

ئەرکی بەدیهێنانی کۆمەڵگەیەک کە لە ئازادی و ئاشتی بەهرەمەند بێ، ئەرکێکی ئاسان نییە، بگرە پێویستی بە توانی مەزن و ڕێکخستن و پلان هەیە. زیاد لەوەیش پێویستی بە هێز هەیە، چونکە بزاوە دیموکراسییەکان ناتوانن ڕێژیمێکی دیکتاتۆری بڕوخێنن و ئازادیی سیاسی بێننە کایە بەبێ ئەوەی بتوانن هێزی خۆیان بە کارایی بەکار بێنن.

بەڵام ئەوە چۆن دەکرێ؟ ئەوە چ جۆرە هێزێکە کە بزاوە دیموکراسییەکان دەتوانن بەکاری بێنن، بەشێوەیەک بەشی نابووتکردنی دیکتاتۆریەت و تۆڕە سەربازی و پۆلیسییە فرەوانەکانی بکا؟

وەڵامی ئەم پرسیارانە لە تێگەیشتن لە هێزی سیاسیدا خۆی حەشار داوە، کە دەمێک فەرامۆش کراوە. بەهەرحاڵ فێربوونی ئەم چاوکراوەییە ئەرکێکی سەخت نابێ، چونکە ڕاستییە مرۆییەکان سادەن:

## ئەفسانەی "گەورەی مەیموونەکان"

ڕایەکی نووسەری چینی لیو جی لە سەدەی چواردەیەم هەیە، ئەم تێگەیشتنە پشتگوێخەرە بۆ هێزی سیاسی بە باشی ڕوون دەکاتەوە[٧]:

پیرە پیاوێک لە ویلایەتی چو دەژیا کە ویلایەتێکی دەرەبەگی بوو، ئەم پیاوە توانیبووی بەهۆی بەخێوکردنی ژمارەیەک مەیموونەوە بۆ خزمەتکردنی خۆی، بە سەر زیندوو بمێنێ. خەڵکی چو ناویان نابوو جو گونگ، واتە "گەورەی مەیموونەکان".

ئەو پیاوە پیرە هەموو بەیانییەک مەیموونەکانی لە گۆڕەپانێکدا کۆ دەکردەوە و فەرمانی بە گەورەترینیان دەکرد کە پێشیان بکەوێ بۆ چیاکان بۆ کۆکردنەوەی میوە و داڕوجان و دار و درەخت. گەورەی مەیموونەکان یاسایەکی بەسەر مەیموونەکانیدا سەپاندبوو، ئەویش ئەوە بوو هەر مەیموونێک دەیەکی ئەوەی کۆی دەکردەوە بداتە ئەو و هەر یەکێکیان ئەوەی نەکردایە بێبەزەییانە

شەلاقکاریی دەکرد. کێشەی مەیموونەکان گەورە بوو، بەڵام نەیاندەوێرا سکاڵا بکەن.

ڕۆژێ لە ڕۆژان مەیموونێکی بچووکیان لەوانی تری پرسی: ئایا پیاوە پیرەکە دار و بار و دەغڵودانەکانی ناشتووە؟ وەڵامیان دایەوە: نەخێر، خۆیان سەوز دەبن و دێنە بەرهەم. ئەنجا پرسی: ئەی ناتوانین میوەکە ببەین بەبێ ئەوەی پرس بە پیرەپیاوەکە بکەین؟ وەڵامیان دایەوە: بەڵێ دەتوانین. جا مەیموونە بچوکەکە گوتی: کەواتە بۆچی پشت بەو پیاوە پیرە دەبەستین، بۆچی دەبێ خزمەتی بکەین؟

هەموو مەیموونەکان لە پەیامی مەیموونە بچووکەکە گەیشتن تەنانەت پێش ئەوەی قسەکەی تەواو بکا. هەر هەمان شەو، کاتێ پیاوە پیرەکە چووە خەوێکی قووڵەوە، مەیموونەکان هەموو تووڵەکانی قەفەسەکانیان شکاند و ئەو میوەیەیش پیاوە پیرەکە ئەمباری کردبوو لەگەڵ خۆیان بردیان و چوون بۆ دارستانەکە. مەیموونەکان ئیتر نەگەڕانەوە بۆ لای کابرا و لە کۆتایدا پیرەمێردەکە لەبرسا مرد.

یو لی زی دەڵێ: "هەندێ کەس بە فێڵوتەڵەکە، نەک بنەمایەلی ئەخلاقی حوکمی گەلانیان دەکەن، ئەو جۆرە کەسانە لە گەورەی مەیموونەکان دەچن، دەرک بە شێواویی زەینیان ناکەن و نازانن لەو ساتەی خەڵک بە کارەکەیان دەزانن، تەڵەکەکانیشیان پووچ دەبنەوە".

## سەرچاوە پێویستەکانی دەسەڵاتی سیاسی

بنەماکە لێرەدا سادەیە، حوکمڕانە دیکتاتۆرەکان پێویستیان بە یارمەتیی ئەو گەلە هەیە کە حوکمی دەکەن، بەبێ ئەو یارمەتییە ناتوانن سەرچاوەلی هێزی سیاسی دەستەبەر بکەن و بیانپارێزن، سەرچاوەکانی هێزی سیاسیش ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

* دەسەڵات: باوەڕبوونی خەڵک بە شەرعییەتی ڕێژیمەکە و ئەوەی کە گوێڕایەڵیکردنی ئەرکێکی ئەخلاقییە.
* سەرچاوە مرۆییەکان: ژمارە و گرینگیی ئەو کەس و کۆمەڵانەی گوێڕایەڵی و هاوکاریی دەکەن، یاخۆ یارمەتیی دەسەڵاتداران دەدەن.
* بەهرەکان و زانیاری: ڕێژیم پێویستی بەمانەیە بۆ ئەنجامدانی هەندێ کاری دیاریکراو، ئەویش لەلایەن کەس و کۆمەڵە هاوکارەکانەوە دابین دەکرێ.
* هۆکارە نابەرهەستەکان: ئەو هۆکارە دەروونی و هزریانەن هانی خەڵک دەدەن بۆ گوێڕایەڵی و یارمەتیدانی دەسەڵاتدارەکان.
* سەرچاوە ماڵییەکان: مەبەست ڕادەی باڵادەستیی دەسەڵاتدارانە بەسەر موڵکەکان و سەرچاوە سرووشتیەکان و سیستمی ئابووری و ئامرازەیلی پێوەندی و گەیاندن.

* سزاکان: برێتین لە سزا جێبەجێکراوەکان، یان ئەوانەی هەڕەشەی بەکارهێنانیان دەکا لە حاڵەتی یاخیبووندا، یاخۆ هاوکارینەکردن بەمەبەستی مل پێکەچکردن و هاوکاریی پێویست، کە هەردووک بۆ مانەوەی ڕێژیم و توانی جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی پێویستن.

* هەموو ئەم سەرچاوانە پێکەوە پشت بە قبووڵکردنی ڕێژیمی دەسەڵاتدار و ملکەچی و گوێڕایەڵیی خەڵک بەگشتی بۆی و هاوکاریکردنی هاووڵاتییان و زۆر لە دامەزراوەکانی کۆمەڵگە دەبەستن، کە ئەوانەیش سەرچاوەی مسۆگەر نین.

هاوکاری و گوێڕایەڵی و پاڵپشتیی تەواو کار بۆ زیاتر دەستەبەرکردنی سەرچاوەکانی هێزی پێویست دەکا، لێرەشەوە ڕادەی هێزی هەر حکوومەتێک زیاد دەکا.

لە بەرامبەردا بەرگرتن لە هاوکاریکردنی میللی و دامەزراوەیی لە دەستدرێژیکاران و حوکمڕانە دیکتاتۆرەکان دەبێتە مایەی بەرتەسککردنەوە یاخۆ بڕینی سەرچاوەیلی هێز کە دەسەڵاتدارەکان پشتیان پێ دەبەستن. بە نەبوونی ئەم سەرچاوانە هێزی دەسەڵاتدارەکان لاواز دەبێ و ئەنجا دەپووکێتەوە.

حوکمڕانە دیکتاتۆرەکان هەستیارن بۆ ئەو کار و هزرانەی هەڕەشە لە توانیان بۆ ئەنجامدانی ئەوەی دەیانەوێ دەکا، هەر بۆیە هەڕەشە لەوانە دەکەن کە گوێڕایەڵییان ناکەن یان مان دەگرن یاخۆ ئامادە نین هاوکارییان بکەن. ئەمەیش کۆتای شتەکە نییە، چونکە سەرکوتینەوە و ڕەفتاری وەحشییانە بەردەوام گەڕانەوەی ڕادەی پێویستی ملکەچکردن و هاوکاریکردنی پێویست بۆ کاری ڕێژیمی دەسەڵاتداریان لێ ناکەوێتەوە. کاتێ وێڕای سەرکوتینیش بۆ ماوەیەکی گونجاو پێداگری لەسەر سەرچاوەکانی هێز یاخۆ بڕینیان دەکرێ، یەکەمین ڕەنگدانەوەکان لەسەر ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان لە ناسەقامگیری و شپرزبووندا بەرجەستە دەبێ، ئەوەیش لاوازبوونی هێزی ئەو ڕێژیمانەی لێ دەکەوێتەوە و بە تێپەڕینی کات گرتنەوەی سەرچاوەکانی هێز دەبێتە مایەی فەلەجبوون و دەستەپاچەیی ڕێژیمی دەسەڵاتدار و لەوپەڕی حاڵەتیشدا لەبەریەک هەڵوەشانی، لێرەشەوە بەهۆی برسێتیی سیاسییەوە هێزی حوکمڕانە دیکتاتۆرەکان دەمرێ.

پلەی ئەو ڕزگاربوون یاخۆ چەوساندنەوەیەی هەر حکوومەتێک دەیبەخشێ، بەندە بە پێداگریی ڕێژەیی حوکمکراوان لەسەر ئازادی و ویست و توانیان بۆ بەرەنگاریکردنی ئەو هەوڵانەی بۆ ملکەچکردنیان دەدرێن.

بەپێچەوانەی بۆچوونی باو، تەنانەت ڕێژیمە دیکتاتۆر و زۆردارەکانیش پشت بە هاووڵاتییان و خەڵکانی ژێردەستیان دەبەستن. زانای سیاسی کارل دویچ لە ساڵی ١٩٥٣ نووسیویەتی:

"هێزی زۆرداری تەنیا کاتێ بەهێز دەبێ کە زۆر پێویستی بە بەکارهێنانی ئەو هێزە نەبێ، خۆ ئەگەر پێویستی کرد هێز بەزۆری دژی هەموو هاووڵاتییان بەکار بێ، ئەوە ئەگەری بەردەوامبوونی ئەو هێزە لاواز دەبێ، جا لەبەرئەوەی ڕێژیمە زۆردارەکان زیاتر

لە ڕژێمەکانی تر پێویستیان بە بەکارهێنانی هێزی زیاتر هەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ژێردەستەکانیاندا، بۆیە پێویستیان بە نەریتگەلی ملکەچکردنی فرەوان و مسۆگەر هەیە لەنێو خەڵکدا. زیاد لەوەیش، ڕیژیمە زۆردارەکان پێویستیان بەوەیە بتوانن پشت بە توێژگەلێکی فرەوان لە دانیشتووان ببەستن، لانی کەم کاتێ پێویستی پێیان بێ"[٨].

تیۆریزەوانی یاسایی ئینگیلز جۆن ئوستن لە سەدەی نۆزدەیەمدا لەبارەی دۆخی ڕیژیمە دیکتاتۆرەکان لە ڕووبەڕووی گەلێکی بێزاربوودا دەڵێ: ئەگەر زۆربەی هاووڵاتییان بڕیاریان دا حکوومەت لەناو ببەن و ئامادەییان تێدا دروست بوو لەپێناو گەیشتن بەو ئامانجە بەرگەی کاردانەوە سەرکوتکەرەکانی ڕیژیمەکە بگرن، ئەوا هێزی حکوومەت و ئەوانەی لایەنگریی دەکەن ناتوانن ئەو حکوومەتە بێزراوە بپارێزن.

ئوستن دەگاتە ئەو دەرەنجامەی هیچ ئەگەرێک نییە بۆ ناچارکردنی خەڵک بۆ گەڕانەوە بۆ گوێڕایەڵی و ملکەچکردنی بەردەوام[٩].

هەرچی نیکۆلا مکیافیللییە بەر لە ماوەیەکی زۆر گوتویەتی ئەو میرەی "هەموو خەڵکی ئاسایی دژایەتیی بکەن، ناتوانێ ئاسایش بۆ خۆی مسۆگەر بکا، چەندەیش زەبری توندتر بێ هێندە ڕیژیمەکەی لاوازتر دەبێ".[١٠]

جێبەجێکردنی سیاسیی کرداریانەی ئەم بەرچاوڕوونییە لە بەرەنگاریی دلێرانەی نەرویجیدا دژ بە داگیرکردنی نازی جێبەجێ کرا، هەروەها لە ناوچەیی پۆڵەندی و ئەڵمان و چیک و سلۆڤاکەکان و زۆر لە گەلانی تر کە بەرەنگاریی دەستدرێژی و دیکتاتۆریەتی کۆمیۆنیزمیان کرد، بەرگریکردنەکەیشیان دوا جار بووە مایەی هەرەسهێنانی دەسەڵاتی کۆمیۆنیزم لە ئەورووپا. بەدڵنیاییەوە ئەمە دیاردەیەکی نوێ نییە، چونکە حاڵەتەکانی بەرگریکردنی ناتوندوتیژانە بۆ ساڵی ٤٩٤ی پێش زاین دەگەڕێتەوە کاتێ خەڵکە ڕەشۆکییەکە هاوکاریکردنی سەرگەورە خانەدانە ڕۆمانەکانیان ڕاگرت.[١١]

گەلان لە سەردەمی جیاجیادا خەباتی ناتوندوتیژانەیان لە ئاسیا و ئەفریقیا و هەردوو ئەمەریکا و ناوچەی ئاسیای ئوسترالی و دورگەکانی ئۆقیانووسی هێمن و ئەورووپا بەکار هێناوە.

هەر بۆیە گرینگترین سێ هۆکار کە ڕادەی دەستگرتن یاخۆ دەستنەگرتن بەسەر هێزی حکوومەت دیاری دەکەن بریتین لە: ١) ئارەزووی ڕێژەیی خەڵک بۆ سەپاندنی سنوورێک بەسەر حکوومەتدا، ٢) توانی ڕێژەیی ڕێکخراو و دەزگە سەربەخۆکانی ژێردەستەکان بۆ ئەنجامدانی گرتنەوەیەکی بەکۆمەڵی سەرچاوەکانی هێز، ٣) توانی ڕێژەیی هاووڵاتییان بۆ گرتنەوەی بەدەمەوەهاتن و یارمەتیدانیان.

## ناوەندەکانی هێزی دیموکراسی

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی دیموکراسی بریتییە لە بوونی چەندان کۆمەڵ و دەستەی حکوومەتیی سەربەخۆ لە دەوڵەت، بۆ وێنە ماڵباتەکان و ڕێکخراوە ئاینی و ڕۆشنبیرییەکان و یانە وەرزشییەکان و دامەزراوە ئابوورییەکان و سەندیکاکان و یەکەتییەکانی قوتابییان و حزبە سیاسییەکان و گوندەکان و دامەزراوەکانی هاوسێیەتی و یانەکانی باخچەکان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و گرووپە مۆسیقییەکان و کۆمەڵە ئەدەبییەکان و دامەزراوەی تر، کە بایەخی ئەم دەستانە لە خزمەتکردنی ئامانجەکانیان و دابینکردنی پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکانەوە سەرچاوەی گرتووە.

جگە لەمە ئەم دەستانە بایەخێکی سیاسیشیان هەیە، چونکە بناخەگەلێکی بەکۆمەڵ و دامەزراوەیی دەستەبەر دەکەن کە لەڕێیانەوە خەڵک دەتوانن کار لە ڕێڕەوی کۆمەڵگە بکەن و بەرەنگاریی کۆمەڵەکانی تر یاخۆ حکوومەت بکەن کاتێ دەستدرێژی دەکاتە سەر بەرژەوەندی و چالاکی و ئامانجەکانی. ئەو کەسە لاتەریکانەی لەم جۆرە گرووپانەدا ئەندام نین ناتوانن کار لە باقیی کۆمەڵگە بکەن، دیارە پلەی کاریگەرییان لەسەر حکوومەت کەمتر دەبێ و هیچ کاریگەریشیان لەسەر ڕژێمە دەسەڵاتدارە دیکتاتۆرییەکان نابێ، هەر بۆیە ئەگەر حوکمڕانە دیکتاتۆرییەکان بتوانن سەربەخۆیی و ئازادیی ئەم دامەزراوانە زەوت بکەن، ئەوا هاووڵاتییان تا ڕادەیەک لاواز دەبن. ئەگەر شیمانەی ئەوەیش لەئارادا بێ کە دەسەڵاتە دیکتاتۆرییەکە دەست بەسەر ئەم جۆرە دامەزراوانەدا بگرێ، ئەوا (ئەم دامەزراوانە) بۆ لەقاڵبدانی ئەندامەکانیان و ئەو بوارانەی کۆمەڵگە بەکار دێن.

بەهەر حاڵ، ئەگەر توانیمان پارێزگاری لە سەربەخۆیی و ئازادیی ئەم دامەزراوە مەدەنییە سەربەخۆیانە (لە دەرەوەی دەسەڵاتی حکوومەت) بکەین، یان لەباری زەوتکردنیاندا بتوانین بیانگێڕینەوە، ئەوا بۆ جێبەجێکردنی گژبەریکردنی سیاسی زۆر گرینگ دەبن. خاڵی هاوبەشی نێوان ئەو نموونانەی سەرەوە لەسەر لەبەریەک هەڵوەشان، یاخۆ لاوازکردنی ڕژێمەیلی دیکتاتۆری، پێڕەوکردنی فرەوانی گژبەریکردنی سیاسییە لەلایەن هاووڵاتییان و دەزگەکانیانەوە.

وەک باسمان کرد، ئەم سەنتەری هێزە ئەو بنچینانە دەداتە ئەو دەزگەیانە کە لەڕێیانەوە دەتوانرێ گوشار بخرێتە سەر دەسەڵاتە دیکتاتۆرییەکە یاخۆ گژبەریکردنی. لە ئایندەیشدا ئەم سەنتەرانەی هێز دەبنە بەشێکی دانەبڕاو لە بنکە بنیاتییەکەی کۆمەڵگەیەکی ئازاد، چونکە دەبینین سەربەخۆیی و گەشەی بەردەوامیان لە پێداویستییەکانی سەرکەوتنی خەباتی ڕزگارین.

ئەگەر دەسەڵاتی دیکتاتۆر تا ڕادەیەکی زۆر سەرکەوتوو بێ لە تێکشکاندن یان دەست بەسەرداگرتنی دامەزراوە سەربەخۆکانی کۆمەڵگەدا، ئەوا دەبێ بزاوی بەرگری کۆمەڵە و دامەزراوەی کۆمەڵایەتیی سەربەخۆی نوێ دروست بکا، یان پەنا بۆ دەست بەسەرداگرتنی

دیموکراسییانە بەسەر مانەوە تەنیا لەپێناو مانەوەدا یان بەسەر ئەو دامەزراوانەی بە بەشەکی کۆنترۆڵ کراون، ببا. لەکاتی شۆڕشی هەنگاری لە ساڵانی ١٩٥٦ و ١٩٥٧ ژمارەیەک لە ئەنجوومەنە دیموکراسییە ڕاستەوخۆکان سەریان هەڵ دا، ئەنجا یەکیان گرت و بۆ ماوەی چەند هەفتەیەک سیستمێکی فیدراڵییان لە دامەزراوە و حوکمڕانی دامەزراند. لە پۆڵەندایش لە کۆتای هەشتاکاندا کرێکاران پارێزگارییان لە سەندیکا هەرەوەزییە ناپاساییەکان کرد، لە هەندێ حاڵەتدا دەستیان بەسەر ئەو سەندیکا ڕەسمییانەدا گرت کە شیوعییەکان دەستیان بەسەردا گرتبوون. لەوانەیە ئەم جۆرە پەرەسەندنە دامەزراوەییە ئەنجامی سیاسیی گرینگی هەبێ.

دیارە ئەمە بەو واتەیە نییە کە لاوازکردن و تێکشکاندنی سیستمەیل حوکمڕانیی دیکتاتۆری کارێکی ئاسانە، یان هەموو هەوڵێک لەو ڕێیەدا سەردەکەوێ، هەروەها بەدڵنیاییەوە بەو واتەیە نییە لەکاتی خەباتدا پێوەبوون ڕوو نادا، چونکە ئەوانەی هێشتا خزمەتی حوکمڕانە دیکتاتۆرەکان دەکەن، لە شەڕ بەردەوام دەبن تا گەل ناچاری گەڕانەوە سەر هاوکاریکردن و گوێڕایەڵی بکەن.

ئەم تێگەیشتنە لە هێز واتەی ئەوەیە لەبەریەک هەڵوەشاندنی سیستمە دیکتاتۆرەکان کاری کردەیە. سیستمەکانی حوکمی دیکتاتۆری خەسڵەتگەلی دیاریکراوی ئەوتۆیان هەیە وایان لێ دەکا بۆ جێبەجێکردنی زرنگانەی گژبەریکردنی سیاسی گونجاو بن. با ئەم سیفەتانە بە وردیی زیاتر باس بکەین.

## دیکتاتۆرییەتەکان خاڵی لاوازیان هەیە

سیستمەکانی حوکمی دیکتاتۆری خۆیان وا دەردەخەن وەک ئەوەی نەکرێ پەنجەیان بۆ ببرێ، چونکە ئەوان تاقمی دەسەڵاتدار و بەهێزن کە لەڕێی هەواڵگری و پۆلیس و سوپا و گرتووخانە و ناوەندەکانی گرتن و تیمەکانی لەداردانەوە دەستیان بەسەر سامانی وڵات و سەرچاوە سرووشتییەکان و توانا بەرهەمهێنەکانیدا گرتووە و زۆردارانە بۆ بەدیهێنانی مەرامی خۆیان بەکاریان دێنن. لە بەراوردکردندا هێزەکانی بەرهەڵستکاری دیموکراسی لە دیمەنێکی لاواز و ناکارادا دەردەکەون کە هیچ هێز و توانێکیان نییە، لێرەشەوە ئەم تێگەیشتنە (واتە هێزی پەنجە بۆ نەبراوی دیکتاتۆریەت و شەپرێویی ئۆپۆزسیۆنی دیموکراسی) ئەگەری بوونی ئۆپۆزسیۆنێکی کارا دوور دەخاتەوە. بەڵام چیرۆکەکە لێرەدا کۆتای نایە.

## دیاریکردنی خاڵی کوشندە (پاژنەی ئەخیل)

ئەفسانەیەکی گریکی نموونەیەکی جوان پیشان دەدا لەبارەی لاوازیی ئەو کەسەی ئێمە پێمان وایە ناکرێ پەنجەی بۆ ببرێ. شەڕاوەر ئەخیل کە هیچ زەبرێک کاری تێ نەدەکرد و هیچ شیرێک جەستەی نەدەبری، بەکۆرپەیی دایکی هەڵی ژەندبوو لە ڕووباری سیحریی ستایکس، ئەوەیش

توانی بەرگەگرتنی مەترسییەکانی پێ بەخشیبوو. بەڵام کاتێ ئەخیلی منداڵ خرابووە ناو ئاوەکە دایکی بە هەردوو پاژنەی گرتبووی تا تەوژمی ئاوەکە نەیبا، بەو هۆیەشەوە ئاوە سیحرییەکە ئەو بەشەی لەشی دانەپۆشیبوو، کاتێ ئەخیل گەورە بوو لەبەر چاوی هەمووان دەرکەوت کە چەکی دوژمنەکانی کاری تێ ناکەن. بەڵام لە شەڕی تەروادەدا سەربازێک کە بە گوێرەی قسەکانی کەسێک کە خاڵی لاوازی ئەخیلی دەزانی، تیرەکەی ئاراستەی پاژنەی ئەخیل کرد، ئەوە تاکە شوێنی لەشی بوو تیر و شیر بیبڕن و بەو هۆیەوە ئەخیل کوژرا. دەستەواژەی "پاژنەی ئەخیل" تا ئێستەیش بۆ ئاماژەکردن بە خاڵی لاوازی کەسێک یان پلانێک یاخۆ دەزگەیەک بەکار دێ کە پارێزگاریی نییە.

ئەم بنەمایە بەسەر ڕێژیمە دیکتاتۆرییە هەمەجیەکاندا جێبەجێ دەبێ کە ئەگەری شکستهێنانیان لەبەردەمدایە و ئەو شکستە بە ئەوپەڕی خێرایی و کەمترین تێچوو ڕوو دەدا ئەگەر هاتوو خاڵە لاوازەکانی ئەو ڕێژیمانەمان دەستنیشان کرد و هێرشەکانمان لەسەری چڕ کردەوە.

## خاڵی لاوازی ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان

ئەمانەی خوارەوە لە خاڵە لاوازەکانی ڕێژیمە دیکتاتۆرەکانن:

١- دەتوانرێ ئەو هاوکارییەی خەڵک بەگشتی و گرووپ و دامەزراوەکان پێشکێشی دەکەن و بۆ بەکارخستنی ڕێژیم پێویستن، دیاری بکرێن و ڕابگیرێن.

٢- لەوانەیە خواست و کاریگەریی سیاسەتەکانی ڕێژیمی دەسەڵاتدار لە ڕابردوودا بەشێوەیەک لە شێوەکان توانی ئێستەی ڕێژیم بۆ گرتنەبەر و پێڕەوکردنی سیاسەتی ناکۆک سنووردار بکا.

٣- دەکرێ کارەکانی ڕێژیم بگۆڕێن بۆ ڕۆتینێک کە نەتوانێ خۆی لەگەڵ دۆخە نوێیەکاندا بگونجێنێ.

٤- ئاستەمە ئەو کەس و سەرچاوانەی بەسەر هەندێ ئەرکدا دابەش کراون، ئەو ئەرکانە جێبەجێ بکەن کە زادەی پێدوایستیی نوێن.

٥- لەوانەیە شوێنکەوتووەکان ئەو زانیارییە ڕاست و تەواوانە دابین نەکەن کە حوکمڕانە دیکتاتۆرەکان پێویستیانە بۆ دەرکردنی بڕیارەکانیان، نەوەک ئاغاکانیان تووڕە بکەن.

٦- ئایدیۆلۆجیا لەوانەیە تووشی داخوران ببێ، هەروەک لەوانەیە ئەفسانە و سیمبولەکانی ڕێژیم بلەقن.

٧- بێئاگابوون لە دۆخە واقیعییەکان لەبارێکدا ڕێژیم سوور بێ لەسەر وابەستەبوون بە تێڕوانینێکی ئایدیۆلۆجییانەی وشکەهەڵاتوو کە لە زەوینەی واقیعی دوور دەخاتەوە.

٨- تێکچوونی کارایی و لێوەشاوەیی بیرۆکراسییەت یان زێدەڕەویکردن لە یاسا و ڕێکارەکاندا،

دەبنە مایەی بێهوودەبوونی سیاسەت و بەڕێوەبردنەکانی ڕێژیم.

٩- کێشە ناوخۆییەکانی ناو دامەزراوەکان و ڕکابەری و ناتەبایی نێوان کەسەکان هەموویان زیان و کۆسپن بۆ بەڕێوەبردنی ڕێژیمی دیکتاتۆری دەسەڵاتدار.

١٠- قوتابییان و بیرمەندان بەهۆی بارودۆخ و کۆتە عەقایدییەکان و چەوساندنەوەوە نیگەران دەبن.

١١- بەتێپەڕینی کات گەل بەگشتی بەرامبەر بە ڕێژیمی دەسەڵاتدار کەمتەرخەم و گوماناوی و شەڕانی دەبێ.

١٢- توندیی ناکۆکییە هەرێمی و چینایەتی و کولتووری و نیشتمانییەکان زیاد دەکەن.

١٣- هەرەمی دەسەڵاتی ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان بەزۆری مۆلەق و هەندێ جار زۆر مۆلەقیشە، چونکە ئەو کەسانەی هەرەمەکە پێک دێنن بەردەوام لە هەمان پێگەدا نین و لە پۆستێکەوە بۆ یەکێکی تر بەرز و نزم دەکرێن، یان هەر بە تەواوی لادەدرێن تا کەسانی تر لەجێیان دابنرێن.

١٤- هەندێ بەشی پۆلیس و سوپا کار بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی خۆیان دەکەن، تەنانەت ئەگەر دژی حوکمڕانە دیکتاتۆرەکانیش بێ، وەک لەکاتی ئەنجامدانی کودەتای سەربازیدا.

١٥- ڕێژیمە دیکتاتۆرییە نوێیەکان پێویستیان بە کات هەیە تا جێپێی خۆیان قایم بکەن.

١٦- هەڵەکردن لە حوکم و سیاسەت و کارکردندا شتێکی چاوەڕوانکراوە، ئەویش بەهۆی زۆریی ئەو بڕیارانەی کەمینە لە ڕێژیمە دیکتاتۆرییەکاندا دەریان دەکا.

١٧- ئامرازەکانی هێزی ناوەندیی ئەو ڕێژیمانە دادەخورێ کاتێ هەوڵ دەدا لەڕێی پێڕەوکردنی لامەرکەزیەت لە کۆنترۆڵ و وەرگرتنی بڕیاردا خۆی لەم مەترسییانە لابدا.

## هێرشکردنە سەر خاڵی لاوازی ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان

ئۆپۆزسیۆنی دیموکراسی لەپێناو گۆڕین و هەڵتەکاندنی ئەو ڕێژیمەدا، دەتوانێ لەڕێی دۆزینەوەی خاڵە لاوازە ناوەکییەکانیەوە (پاژنەکانی ئەخیل) ڕێژیمە دیکتاتۆرییەکە بخاتە قەیران، بەو هۆیەشەوە ئەنجامەکە ڕوون و ئاشکرا دەبێ:

ڕێژیمە دیکتاتۆرییەکان وێڕای ڕواڵەتی تۆکمەیان، خاڵیل لاوازیان هەیە و بەدەست لێنەوەشاوەییەوە گرفتارن. کێبەرکێی کەسی لەنێوان تاکەکانیدا هەیە و دەزگەکانی بەدەست ناکاراییەوە دەناڵێنن، هەروەها کێشە لەنێوان ڕێکخراو و فەرمانگەکانیدا هەیە. ئەم خاڵە لاوازانە بە تێپەڕینی ڕۆژ ئەو ڕێژیمانە دەگۆڕێ بۆ ڕێژیمگەلێکی ناکارا کە ئەگەری ئەوە هەیە لە هەر ساتێکدا بکەونە بەر ڕەشەبای گۆڕانکاری و بەرگری. مەرج نییە ڕێژیم پلان بۆ هەر شتێک دابنێ سەربگرێ، تەنانەت فەرمانەکانی هیتلەر هەندێ جار بەهۆی ملنەدانی ئەوانەی خوار خۆی بە

جێبەجێکردنیان جێبەجێ نەدەکران. هەندێ جار ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان بەخێرایی هەرەس دێن.

ئەمە بەو واتەیە نییە کە دەتوانرێ بەبێ هیچ مەترسی و زیانێک ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان لەبەین ببرێن، چونکە هەر ڕێگەیەکی کارکردن بۆ ڕزگاربوون مەترسی و نەهامەتیی خۆی هەیە. هەروەک هەموو ڕێگەیەکیش پێویستی بە کات هەیە تا کاری خۆی بکا. جگە لەمانەیش هیچ شێوازێکی کارکردن نییە کە سەرکەوتنی خێرا مسۆگەر بکا. بەڵام ئەو شێوە خەباتانەی کە ئامانج لە خاڵە لاوازەکانی ڕێژیمە دیکتاتۆرییەکان دەگرن، دەرفەتی باشتریان لەبەردەمدایە لەو شێوەیەی لە شوێنە بەهێزەکانی ئەو ڕێژیمانەدا ڕووبەڕوویان دەبێتەوە. پرسیار لێرەدا ئەوەیە: چۆن ئەم خەباتە دەست پێ بکەین؟

## دەسەڵاتداریکردن

سەرەتا گوتمان بژارەی سەربازی و بەکارهێنانی چەک و تەقەمەنی و تێکنۆلۆجیای سەربازی و شتی لەو شێوەیە دژ بە ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان کار لە خاڵە لاوازەکانی ئەو ڕێژیمانە ناکا، بگرە پاساوی دەداتە دەست تا هێزە بەڵاکەی بەکار بێنێ و بزاوەکانی بەرگریکار بخاتە دۆخێکەوە کە ئیرەییان پێ نەبرێ، چونکە ڕێژیمە دیکتاتۆرییەکان زۆربەی جار لە ڕووی سەربازی و تێکنۆلۆجیای سەربازییەوە باڵادەستن. هەروەها باسمان لە مەترسییەکانی پشتبەستن بە هێزە دەرەکییەکان بۆ ڕزگاربوون، هەروەها پشتبەستن بە دانوستاندن وەک ئامرازێک بۆ ڕامالینی ئەو ڕێژیمانە کرد.

کە وابێ ئەو شێوازانە چین کە لە بەردەستی هێزەکانی بەرگریی دیموکراسیدان و دەتوانن لە خاڵە لاوازەکانیان سێرە لە ڕێژیمە دیکتاتۆرییەکان بگرن و تێیان بسرەوێنن؟ ئەو تەکنیکی کارە کامەیە کە بە باشترین شێوە کەڵک لە تیۆریی دەسەڵاتی سیاسی، کە پێشتر تاوتوێمان کرد، ببینن؟ بژارەی بەدیل بریتییە لە گژبەریی سیاسی.

– گژبەریی سیاسی ئەم خەسڵەتانەی هەیە:

* قایل نابێ شێوازەکانی شەڕکردن کە ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان هەڵیان بژاردووە ئەنجامەکە دیاری بکا.

* ڕێژیمی دەسەڵاتدار بە ئاستەم دەتوانێ ڕووبەڕووی ببێتەوە.

* دەتوانێ تەنگژەی خاڵە لاوازەکانی ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان زیاتر بکا و سەرچاوەکانی هێزی لێ دابڕنێ.

* دەتوانێ بەسەر مەودایەکی فرەواندا دابەش ببێ، دەشتوانێ پێداگری لەسەر یەک ئامانجی دیاریکراو بکا.

* دەبێتە مایەی ئەوەی حوکمڕانە دیکتاتۆرەکان بکەونە نێو کار و بڕیاری هەڵەوە.

* دەتوانرێ سوود لە سەرجەم هاووڵاتییان لە دامەزراوە و گرووپەکانی کۆمەڵگە لە خەبات لەپێناو لەناوبردنی باڵادەستیی کەمینە هەمەجییەکە وەربگیرێ.

* یارمەتیدەرە لە دابەشکردنی هێزی کاریگەری ناو کۆمەڵگە، بەشێوەیەک بواری پێکهێنان و مانەوەی کۆمەڵگەی دیموکراسی زیاتر بێ.

## کارەکانی خەباتی ناتوندوتیژ

گژبەریی سیاسی، هەروەک توانا سەربازییەکان، دەتوانرێ بخرێتە خزمەت بەدیهێنانی ئامانجی جۆرەوجۆر، کە لە هەوڵدان بۆ کارکردنە سەر دژبەران (الخصوم) دەست پێ دەکا، تا دەگاتە کارکردن لەپێناو هێنانەکایەی هەلومەرجێکی گونجاو بۆ چارەسەرێکی ئاشتییانەی کێشەکە، یاخۆ لەبەریەک هەڵتەکاندنی سیستمی حوکمڕانیی دژبەرەکە.

شایانی گوتنە گژبەریی سیاسی بە ڕێگەی جیاواز لە توندوتیژی کار دەکا ئەگەرچی هەردوو شێوازەکە بۆ خەباتکردن بەکار دێن، بەڵام هەریەکەیان بە ڕێگەی تەواو جیاواز لەوی تر کار دەکا و ئەنجامی جیاوازیشیان لێ دەکەوێتەوە، ڕێگە و ئەنجامەیلی ململانەی توندوتیژ دیارن، تێیدا چەک بۆ ئاڵۆسکاندن و پێکان و کوشتن و تێکشکاندن بەکار دێ.

بەڵام خەباتی ناتوندوتیژ ئاڵۆزترە و بە بەراورد بە توندوتیژی، شێوازگەلی هەمەجۆرتر بەکار دێنێ، چونکە چەکە دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییەکانی هاووڵاتییان و دامەزراوەکانی کۆمەڵگە بەکار دێنێ. ئەم شێوازانە چەندان ناویان لێ نراوە لەوانە نارەزاییەکان، مانگرتنەکان، هاوکارینەکردن، بایکۆتکردن، کێشانەوەی لایەندی (الولاء) و دەسەڵاتی گەل.

وەک باسمان کرد، هەموو حکوومەتەکان کاتێ دەتوانن دەسەڵاتی خۆیان بسەپێنن کە بتوانن پاڵپشتیی سێ سەرچاوە پێویستەکە بۆ ئەو خۆسەپاندن بەدەست بێنن لەڕێی هاوکاری و ملکەچکردنی هاووڵاتییان و دامەزراوەکانی کۆمەڵگە. لە بەرامبەردا گژبەریی سیاسی، بەپێچەوانەی توندوتیژی، کار بۆ بڕینی ئەم سەرچاوانەی هێز دەکا.

## چەک و دیسپلینی خەباتی ناتوندوتیژ

هەڵمەتەکانی گژبەریی سیاسیی سەرپێیی لە ڕابردوودا کەوتنە هەڵەیەکی هاوبەش، ئەویش پشتبەستن بوو بە ڕێگەیەک یاخۆ دوو ڕێگە (لە ڕێگەکانی گژبەریی سیاسی) وەک مانگرتن و خۆپیشاندانی جەماوەری. لە ڕاستیدا چەندان شێواز هەن کە دەرفەت دەدەنە ستراتیجکارانی بەرگری کە بەپێی پێویست بەرەنگارییان لەسەر خاڵێک چڕ بکەنەوە، یان بەسەر مەودایەکی فرەواندا دابەشی بکەن.

نێزیکەی دوو سەد شێوازی دیاریکراو هەیە بۆ کاری ناتوندوتیژانە کە بەدڵنیاییەوە ئەنجامی

باشتر بەدی دێن. ئەو شێوازانەیش بۆ سێ بەش پۆلبەند کراون: نارەزایی و قایلکردن، هاوکارینەکردن و دەستوەردان. شێوازەکانی نارەزایی و قایلکردنی ناتوندوتیژانە بەشێوەیەکی سەرەکی لە خۆپیشاندانی ڕەمزی پێک دێ وەک خۆنواندن و ڕێپێوان و خەڵوەتکێشان (کە ژمارەیان پەنجا و چوار شێوازە)، هاوکارینەکردنیش بۆ سێ بەش دابەش دەبێ کە بریتین لە: أ) هاوکارینەکردنی کۆمەڵایەتی (شازدە شێوازە). ب) هاوکارینەکردنی ئابووری وەک بایکۆتکردن (بیست و شەش شێوازە). ج) هاوکارینەکردنی سیاسی (سی و هەشت شێوازە).

هەرچی شێوازەکانی دەستوەردانی ناتوندوتیژانەیە لەڕێی شێوازەیلی دەروونی و جەستەیی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی، وەک ڕۆژووگرتن و داگیرکردنی ناتوندوتیژانە و حکوومەتی هاوشان، ژمارەیان دەگاتە چل و یەک شێواز، کە دوایین کۆمەڵەیە. لیستی ئەم شێوازانە لە پاشکۆی ئەم کتێبەدا جێگیر کراون کە ژمارەیان سەد و نەوەد و هەشت شێوازە.

بەکارهێنانی ژمارەیەکی گونجاو لەم شێوازانە کە بە وردی دێنە هەڵبژاردن و بە مکوڕی و بەرفرەوانی جێبەجێ دەکرێن و لە چوارچێوەی ستراتیجیەتێکی دانایانە و تەکتیکێکی گونجاو و لەلایەن کەسانی ڕاهێنراوەوە ئامێتە دەکرێن، شیمانە زۆرە هەر ڕێژیمێکی ناشەرعی بەزەویدا بدا، ئەمەیش بەسەر سەرجەم ڕێژیمە دیکتاتۆرییەکاندا دەچەسپێ.

دەتوانین لە شێوازەکانی خەباتی ناتوندوتیژانەدا، بەپێچەوانەی شێوازە سەربازییەکان، ڕاستەوخۆ کار لەسەر ئەو پرسانە بکەین کە لە مەحەکدان. بۆ نموونە پرسی ڕێژیمە دیکتاتۆرییەکان لە بنەڕەتدا پرسێکی سیاسییە و بەو هۆیەشەوە شێوەکانی ناتوندوتیژیی سیاسی کاریگەتر دەبن، کە ئەم شێوانە نکوڵیکردن لە شەرعییەتی حوکمڕانە دیکتاتۆرەکان و هاوکارینەکردنیان لەخۆ دەگرێ. دەتوانرێ ڕێگەی هاوکارینەکردن لە بەرامبەر سیاسەتگەلێکی دیاریکراو بەکار بێ، بۆ نموونە دەکرێ بە هێمنی و نهێنی ڕێگەی لەمپەرخستنە ڕێ و دەستی دەستی بەکار بێ، هەروەها پەنا بۆ یاخیبوون و خۆپیشاندانی جەماوەریی گژبەریکار و مانگرتن ببرێ، کە لەبەردەم هەموواندا دیارن.

لە بەرامبەردا، ئەگەر ڕێژیمە دیکتاتۆرییەکە لەژێر پاڵپەستۆی ئابووریدا بێ و ئەگەر زۆربەی پاڵپەستۆ میللیەکانی سەر ڕێژیم ئابووری بن، ئەو کاتە شێوازە ئابوورییەکانی وەک بایکۆتکردن و مانگرتن شێوازی گونجاون بۆ بەرگری. دەتوانین بە مانگرتنی گشتیی سنووردار و مانگرتنی خاوخلیچکردن و ملەجەڕێکردن (یان خۆبزرکردن)ی ئەو پسپۆڕانەی ڕێژیم ناتوانێ دەستبەرداری هاوکارییەکانیان ببێ، ڕووبەڕووی هەوڵەکانی ژێم بۆ ژێربارخستنی سیستەمی ئابووری ببینەوە. هەروەها دەکرێ چەندان جۆر مانگرتنی جیاواز لە شوێنە هەستیارەکانی وەک کارگەکان و هۆیەلی گواستنەوە و شوێنەکانی دابینکردنی مادەی خاو و شوێنی دابەشکردنی بەرهەمەکان، ئەنجام بدرێ.

هەندێ لە شێوازەکانی خەباتی ناتوندوتیژانە دەخوازن گەل هەندێ کار بکا کە بەشێک نین لە ژیانی ئاساییان، وەک دابەشکردنی بڵاوکراوە و کارپێکردنی چاپخانەی نهێنی و مانگرتن لە خواردن یان دانیشتن لەسەر شەقام. لەوانەیە جێبەجێکردنی هەندێ لەم شێوازانە بۆ هەندێ خەڵک دژوار بێ مەگەر لە حاڵەتی زۆر نائاساییدا.

لە بەرامبەردا رێگەی تری خەباتی ناتوندوتیژانە دەخوازن خەڵک لە ژیانی ئاسایی خۆیان بەردەوام بن بەڵام بە شێوازی جیاواز لە رابردوو، بۆ نموونە داوا لە خەڵک دەکرێ لەبری مانگرتن بچنە سەر کارەکانیان بەڵام بەئەنقەست خاوەخاوە لە کاردا بکەن و بە توانێکی کەمتر لە حاڵەتی ئاسایی کار بکەن. هەروەها لەم رێگەیانەدا بەبەردەوامی هەڵبەستنی هەڵە هەیە، وەک خۆنیشاندان بە نەخۆش یاخۆ نەتوانینی کارکردن لە هەندێ کاتی دیاریکراودا، یان رەتکردنەوەی کارکردن بەیەکجاری، چوون بۆ ئەنجامدانی سرووتە ئاینییەکان بۆ گوزارشتکردن لە بیروباوەڕی ئاینی یاخۆ تەنانەت سیاسی، پاراستنی منداڵان لە هەڵمەتەکانی پروپاگەندەی رێژیم، ئەویش لە رێگەی فێرکردن لە ماڵ و پۆلە نایاساییەکانی خوێندندا، نەچوونە ناو ئەو ئەو رێکخراوانەی داوا دەکرێ بچنە ناویان و مرۆڤ بە ویستی خۆی ئامادە نییە بچێتە ناویان.

لێکچوونی ئەم کارانە لەگەڵ چالاکییە ئاساییەکانی خەڵک و رادەی دوورکەوتنەوە لە ژیانی ئاساییان، بەشداریکردن لە خەباتی نیشتمانی لەپێناو رزگاربوون، بۆ زۆر خەڵک ئاسانتر دەکا.

لەو رووەوە کە خەباتی ناتوندوتیژ و توندوتیژی بە شێوەی تەواو جیاواز کار دەکەن، ئەوا بەکارهێنانی بەرگریی توندوتیژانە لەکاتی هەڵمەتی گۆبەریکردنی سیاسیدا، تەنانەت ئەگەر بەشێوەیەکی سنوورداریش بێ، بە زیان بەسەر هەڵمەتەکەدا دەشکێتەوە، چونکە بەرەنگاریکردنی توندوتیژانە بەدەستەوەدانی لێزمەیە و دەرفەت دەداتە دەسەڵاتدارە دیکتاتۆرەکان بۆ بەکارهێنانی هەندێ شێواز کە ئەوان تێیدا زۆر باڵادەستن (ئەویش شەڕی سەبازییە).

لێرەوە دەگەینە ئەو دەرەنجامەی خۆگرتن (انضباط)ی ناتوندوتیژ کلیلی سەرکەوتنە و وێڕای ئاڵۆسکاندن و رەفتارە هەمەجییەکانی حوکمڕانە دیکتاتۆرەکان و بەکرێگیراوەکانیان، دەبێ پارێزگاریی لێ بکرێ.

پارێزگاریکردن لە خۆگرتنی ناتوندوتیژ لە بەرامبەر توندوتیژیی دژبەردا، کارکردنی چوار میکانیزم بۆ گۆڕانکاری لەڕێی خەباتی ناتوندوتیژانە ئاسان دەکا (پاشتر باسیان دەکرێ). خۆگرتنی ناتوندوتیژ لە سیاسەتی زۆرانبازیی ژاپۆنیدا بە کارێکی زۆر بەبایەخ دادەنرێ. لە کرداری جیتۆ جتسۆ (یاخۆ جۆدۆ)ی سیاسیدا تێیدا رەفتارە درندانەکانی رێژیمی دەسەڵاتدار دژ بەو کەسانەی خەباتی ناتوندوتیژ دەکەن، بەسەر خۆیدا دەشکێنەوە و دەبنە مایەی سەرهەڵدانی کێشە لەناو ریزەکانیدا و بەرەنگاریکاران پاڵپشتییەکی گەورەی خەڵک بە گشتی، کە بەزۆری لایەنگری رێژیمن، بەدەست دێنن، هەروەها پاڵپشتیی لایەنی تریشیان دەست دەکەوێ.

بەڵام لە هەندێ حاڵەتدا خۆلادان لە بەکارهێنانی توندوتیژیی سنووردار دژ بە ڕژێمەیلی دیکتاتۆری مەحاڵە. لەوانەیە ڕادەی بێئومێدی و ڕق بەرامبەر ڕژێمی دەسەڵاتدار بگاتە پلەی تەقینەوەی توندوتیژانە. هەروەها لەوانەیە هەندێ گرووپ وێڕای باوەڕپێشیان بە بایەخی خەباتی ناتوندوتیژ هەر دەستبەرداری شێوازی توندوتیژ نەبن. ئەم حاڵەتانە لە گژبەریی سیاسی ساردمان ناکاتەوە، بەڵام دەبێ تا ئەوپەڕی پلە جیاوازی لەنێوان کارەیلی توندوتیژ و ناتوندوتیژدا بکرێ، ئەویش لەڕێی جیاکردنەوەی جوگرافی و گرووپەکانی دانیشتووان و کاتبەندی و کێشەکانەوە. ئەگەر وا نەکەین ئەوا بەکارهێنانی توندوتیژی ئەنجامی خراپی لەسەر بەکارهێنانی گژبەریی سیاسی، کە بەهێزتر و سەرکەوتووترە، دەبێ.

تۆمارە مێژووییەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە ئەگەرچی شیمانەی ئەوە هەیە بەکارهێنانی گژبەریی سیاسیش کوژراو و بریندار لێ بکەوێتەوە، بەڵام قوربانییەکان زۆر کەمتر دەبن لە بەکارهێنانی شەڕی سەربازی، ئەمە جگە لەوەی ئەم جۆرە خەباتە نابێتە مایەی جۆشدانی گێژاوی کوشت و بڕ و ڕەفتاری دڕندانە کە کۆتایان نایەت.

خەباتی ناتوندوتیژ پێویستی بەوەیە ترس لە حکوومەت لەدڵ دەربکرێ، یان ئەو ترسە لە حکوومەت و سەرکوتینەوەی بێبەزەییانەی زیاتر کۆنترۆڵ بکرێ، چونکە ڕیشەکێشکردنی ترس یاخۆ کۆنترۆڵکردنی دوو ڕەگەزی سەرەکین بۆ زاڵبوون بەسەر زاڵبوونی دەسەڵاتدارە دیکتاتۆرەکان بەسەر خەڵکیدا بەگشتی.

### ئاشکرابوون، نهێنیبوون و پێوەرەیلی باڵا

نهێنیبوون و فریودان و پیلانی نهێنی گژبەرییەکی زۆر مەترسیدارن بۆ بزاوەکانی بەرگریی ناتوندوتیژانە. هەندێ جار خۆلادان لە پۆلیسی سیاسی و بەکرێگیراوانی دەزگەگەلی هەواڵگری لە پرسی زانینی نیاز و پلانەکاندا مەحاڵە. نهێنیبوون بەلای بزاوی بەرگرییەوە تەنیا لە ترساندا ڕیشەی دانەکوتاوە، بگرە بەشداری دەکا لە بەتەنگژەبوونی ئەو ترسە کە ورەی بەرگری دادەبەزێنێ و ژمارەی ئەو کەسانە کەم دەکاتەوە کە بەشداریی کارێکی دیاریکراو دەکەن. نهێنیبوون هەروەها زۆر جار خانەگومانی و تۆمەتی بێ پاساو لەناو بزاوەکەدا دروست دەکا لەبارەی ئەوەی کێ بەکرێگیراوە و کار بۆ لایەنی دژبەر دەکا. هەروەها کار لە توانی بزاوەکە بۆ پارێزگاریکردن لە ناتوندوتیژییەکەی دەکا.

لە بەرامبەردا ئاشکرایی تەنیا لە بابەتی نیاز و پلانەکاندا ئەنجامی پێچەوانەی نابێ، بەڵکو بەشداری دەکا لە دروستکردنی وێنەیەک کە نیشانی دەدا بزاوی بەرگری زۆر بەهێزە. بەڵام کێشەکە لێرەدا لەوە ئاڵۆزترە کە بە ڕواڵەت دیارە، هەندێ لایەنی گرینگی چالاکییەکانی بەرگری هەن کە پێویستە نهێنی بن. بەدڵنیاییەوە پێویست بەوە دەکا لەلایەن کەسانی شارەزاوە هەڵسەنگاندنی ورد بکرێ بۆ دینامیکییەتی خەباتی ناتوندوتیژ و ئامرازەکانی دەسەڵاتدارە

دیکتاتۆرەکان بۆ سیخوڕیکردن لە هەندێ حاڵەتی دیاریکراودا.

نووسین و چاپ و دابەشکردنی بڵاوکراوەی نهێنی و بەکارهێنانی وێستگەیلی نایاسایی ڕادیۆ بۆ پەخشکردن لەناوەخۆی وڵات و کۆکردنەوەی زانیاری لەبارەی کارەکانی دەسەڵاتدارە دیکتاتۆرەکان، لەو چالاکییە تایبەتە سنووردارانەن کە پێویستە زۆر نهێنی بن.

هەروەها پابەندبوون بە پێوەرگەلی بەرزی ڕەفتارکردن لە کاری ناتوندوتیژدا، لە شتە پێویستەکانە لە هەموو قۆناخەکانی ململانەکەدا. هۆکاری تریش هەن وەک چاونەترسی و پارێزگاریکردن لە خۆگرتنی ناتوندوتیژ کە ئەمانەیش بەردەوام پێویستن. پێویستە ئەوەشمان لەبیر نەچێ کە بۆ بەدیهێنانی گۆڕانکارییەکی دیاریکراو، پێویست بە ئامادەکردنی ژمارەیەکی زۆر خەڵک دەکا، بەڵام دەتوانرێ ئەم ژمارە زۆرەی خەڵک وەک بەشدار دابین بکرێ، کە تەنیا لەڕێی پابەندبوون بە پێوەرە باڵاکانی جموجووڵەوە دەتوانرێ پشتیان پێ ببەسترێ.

## گۆڕانی پارسەنگی هێز

پێویستە ستراتیجکاران بەردەوام ئەوە بزانن کە ململانە کاتێ گژبەریی سیاسی بەکار دێنێ، کێڵگەی خەباتێکی پڕ لە گۆڕانی بەردەوامە، چونکە جەمەی دێ لە کارلێک و جموجووڵ و دژەجموجووڵ و هێوربوونەوەی بۆ نییە. پارسەنگی هێزیش، چ ڕەهاکان و چ ڕێژەییەکان، لە گۆڕانی جێگیر و خێرادان، ئەمەیش بە فەزڵی بەردەوامیی بەرگریکاران و پێداگریی ناتوندوتیژانەیان، وێڕای سەرکوتینەوە. چاوەڕوان دەکرێ جیاوازیی هێزی تایبەت بە هەر لایەنێک لە لایەنە ناکۆکەکان لەم جۆرە ململانەیەدا زیاتر بێ لە حاڵەتی ململانە توندوتیژەکان و ئەنجامگەلی هەمەجۆرتر و بەکارتری لە ڕووی سیاسییەوە لێ دەکەوێتەوە. بەهۆی ئەو جیاوازییانەیشەوە ئەو کارە دیاریکراوانەی بەرگریکاران پێیان هەڵدەستن ئەنجامەیلی زۆر گەورەتر لەو کات و شوێنەی تێیاندا ڕوویان داوە، لێ دەکەوێتەوە. ئەم ئەنجامانەیش کاریگەریی لەسەر بەهێزکردن یاخۆ لاوازکردنی ئەم یان ئەو گرووپ دەبێ.

جگە لەمەیش گرووپی خەباتی ناتوندوتیژ کاریگەریی گەورەی بە ئاراستەی زیاد یاخۆ کەمکردنی هێزی ڕێژەیی دژبەرەکە دەبێ. بۆ نموونە، بەرگریکردنی ناتوندویژ لە بەرامبەر ڕەفتارەکانی حوکمڕانە دیکتاتۆرەکان بە خۆگری و ئازایەتییەوە پابەندە، دۆخەکە بەرەو ناڕەزایی و کێشانەوەی لایەندی و پشت نەبەستن بە هێز و لەوپەڕی حاڵەتەکانیشدا یاخیبوون لەنێو هاووڵاتییان و سەربازانی حوکمڕانە دیکتاتۆرەکان، دەبا. ئەو بەرگرییە دەبێتە مایەی زیادبوونی سەرکۆنەکردنی ڕژێمی دیکتاتۆر لەلایەن کۆمەڵگەی ناودەوڵەتییەوە. بەکارهێنانی زرنگانەی خۆگر و کۆڵنەدەری گژبەریی سیاسی دەبێتە هۆی بەشداریکردنێکی ڕوو لەزیادی لە بەرگریکردنی خەڵکانی سەر بە حوکمڕانە دیکتاتۆرەکان، یاخۆ ئەوانەی لەکاتی کێشەکەدا بە بێلایەنی دەمێننەوە.

## چوار میکانیزم بۆ گۆڕانکاری

خەباتی ناتوندوتیژ لە چوار میکانیزمدا بەرهەمی خۆی دەدا: میکانیزمی یەکەم کەمتر باوە ئەگەرچی ڕووش دەدا، کاتێ تاقمی سەر بە لایەنی دژبەر بەهۆی بینینی ئەو ناهەمواری و چەساندنەوەی بەسەر بەرگریکارە قارەمانەکاندا سەپاوە کە بە شێوازەیلی ناتوندوتیژ خەبات دەکەن، سۆزیان دەبزوێ یاخۆ قەناعەت بە ڕەوایی پرسی بەرگریکارەکان دەهێنن، ئەم میکانیزمە ناو دەنرێ بادانەوە (التحول). ئەگەرچی ئەم بادانەوەیە بەرەنجامی بەکارهێنانی شێوازگەلی ناتوندویژە لە خەباتکردندا بەڵام ئەم حاڵەتە بەدەگمەن ڕوو دەدا، هەروەک لە زۆربەی کێشەکاندا ڕوو نادا یاخۆ بایەخێکی ئەوتۆی نییە.

لە زۆربەی کاتەکاندا، خەباتی ناتوندوتیژ لەڕێی گۆڕینی باری ململانە و کۆمەڵگەوە کار دەکا، بەشێوەیەک دژبەرەکە نەتوانێ چۆنی پێخۆشە ڕەفتار بکا. ئەم گۆڕانکارییەیە دەبێتە هۆی ڕوودانی سێ میکانیزمەکەی تر: خۆگونجاندن، ناچاربوون بە ناتوندوتیژی و لەبەریەک هەڵوەشان. ڕوودانی هەریەک لەو سێ میکانیزمە پشت بەو پلەیە دەبەستێ کە بەو پێیە پارسەنگی ڕەها و ڕێژەیی هێزەکان لە بەرژەوەندیی بزاوی دیموکراسی دەگۆڕێ.

لەکاتی هەڵمەتێکی دیاریکراودا داواکارییەکانی ئۆپۆزسیۆن بە مەترسیدار سەیر ناکرێن ئەگەر ئەو پرسانەی لە مەحەک دانراون بنچینەیی نەبن. بەو شێوەیە ڕکابەریی نێوان هێزەکان تا ڕادەیەک دەگۆڕێ و دەگەینە چارەسەرێکی دەستوبرد بۆ کێشەکە لەڕێی ڕێککەوتن یاخۆ بەشبەشکردنی ناکۆکییەکان یان لەڕێی گەیشتن بە چارەسەرێک. ئەم میکانیزمە پێی دەوترێ خۆگونجاندن (التأقلم).

شایانی وتنە بەم ڕێگەیە چارەسەری چەندان مانگرتن کراوە، ئەویش لەڕێی پارێزگاریکردنی هەردوو لایەنی ناکۆک لە هەندێ لە ئامانجەکانیان بەڵام بەبێ بەدیهێنانی هەموو ئەو شتەی ویستبوویان. ڕەنگە حکوومەتەکان پێیان وابێ سوودگەلی ئەرێنی لەم جۆرە سازانەدا هەیە، وەک کوژاندنەوەی فتیلەی پشێوییەکان و دروستکردنی هەستێک لەبارەی "دادپەروەری" یاخۆ جوانکردنی وێنەی ناودەوڵەتیی ڕێژیمی دەسەڵاتدار. لەم ڕوانگەوە زۆر گرینگە بە ئەوپەڕی وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ هەڵبژاردنی ئەو پرسانەدا بکرێ کە دەگونجێ لە ڕێی میکانیزمی خۆگونجاندنەوە چارەسەر بکرێن. بۆ نموونە ناکرێ ئەم میکانیزمە بۆ خەباتکردن لەپێناو خستنی ڕێژیمێکی دیکتاتۆریی دیاریکراودا بەکار بێ.

خەباتی ناتوندوتیژ زۆر بەهێزتر دەبێ لەوەی میکانیزمەکانی بادانەوە و خۆگونجاندن ئاماژەی پێ دەدەن، چونکە هاوکارینەکردن و گژبەریکردنی جەماوەری دەتوانن ڕێڕەوی دۆخە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان بگۆڕن نەخاسمە پارسەنگی هێز، چونکە توانی دەسەڵاتدارە دیکتاتۆرەکە بۆ دەستگرتنی حکوومەت بەسەر پرۆسە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان لەبەین دەبا و بەو

هۆیەشەوە لە کۆمەڵگە دایدەبڕێ. سوپای دژبەرەکە ئەگەری پشت پێبەستنی لەدەست دەدا و ئەو فەرمانانەی بۆ سەرکوتینەوەی بەرگریکاران ئاراستەی دەکرێن، ڕەت دەکاتەوە. لەگەڵ ئەوەی سەرکردەکانی لایەنی دژبەر لە جێی خۆیاندا دەمێننەوە و وابەستەن بە ئامانجە بنەڕەتییەکانیان، بەلام توانی کارکردنی کاریگەریان لەدەست دەردێنرێ، ئەمەیش پێی دەگوترێ "ناچارکردن بە ناتوندوتیژی". لە هەندێ حاڵەتی نائاساییدا دەکرێ تا مەودایەکی دوورتر پەرە بەو هەلومەرجە بدرێ کە "ناچارکردن بە ناتوندوتیژی" بەرهەم دێنێ، کە تێیدا سەرکردایەتیی دژبەر هەموو توانێکی کارکردن لەدەست دەدا و پەیکەری دەسەڵاتی هەرەس دێنێ و ئاراستەی خودیی بەرگریکاران و هاوکارینەکردن و گژبەریکردن پڕ دەبن، بە شێوەیەک دژبەرەکە تەنانەت توانی کۆنترۆڵیان لەدەست دەدا و بیرۆکراسییەتی دژبەرەکە خۆی ڕەتی دەکاتەوە هاوکاریی بکا، یاخیبوون لەناو سەرباز و پۆلیسەکانیدا ڕوو دەدا، گەل حاشا لە سەرکردایەتییەکەی پێشووی دەکا و نکوولی لەوە دەکا بەهیچ شێوەیەک مافی حوکمڕانیکردنی هەبێ. بەم شێوەیەش هەلومەرج بۆ پێگەیشتنی چوارەمین میکانیزمی گۆڕانکاری ساز دەبێ، کە ئەویش لەبەریەک هەڵوەشانی ڕێژیمە بەشێوەیەک تەنانەت توانی خۆبەدەستەوەدانیشی نامێنێ و بۆ بەشی بچووک بچووک پارچە پارچە دەبێ. لەکاتی دانانی پلانێکی ستراتیجی بۆ ڕزگاربوون، پێویستە ڕەچاوی ئەو چوار میکانیزمەی سەرەوە بکرێ، هەندێ جار بە ڕێکەوت کار دەکەن، بەلام هەڵبژاردنی یەکێک یاخۆ زیاتریان وەک میکانیزمی گۆڕین لە ململانەکەدا دەبێتە مایەی پێکهێنانی ستراتیجەلێکی بەهێز و ئاڵوگۆڕکار. هەڵبژاردنی هەر یەک یان زیاتر لەو میکانیزمانە پشت بە زۆر هۆکار دەبەستێ، لەوانە هێزی ڕەها و ڕێژەیی گرووپە ناکۆکەکان و هەڵوێست و ئامانجی گرووپە ناتوندوتیژەکە.

## بەدیموکراسیکردنی کاریگەرییەکانی گژبەریی سیاسی

بەپێچەوانەی کاریگەرییە ناوەندییەکانی کاری توندوتیژی، تەکنیکەکانی خەباتی ناتوندوتیژ بە چەندان ڕێگە بەشداری لە گۆڕینی کۆمەڵگەی سیاسی بۆ کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی دەکەن. یەکێک لە بەشەکانی کاریگەرییە دیموکراسیەکان نەرێنی یاخۆ (نەدان)ە ئەمەیش بە پێچەوانەی ئامرازەیلی سەربازی، چونکە ئەم تەکنیکە ئامرازێکی چەوساندنەوە ناداتە دەست تاقمی دەسەلاتدار کە بکرێ بەمەبەستی دامەزراندن و مانەوەی ڕێژیمێکی دیکتاتۆر دژ بە گەل بەکار بهێنرێ. سەرکردەکانی بزاوی گژبەریکردنی سیاسی دەتوانن کاریگەری و پاڵەپەستۆ بخەنە سەر شوێنکەوتووانیان، بەلام ڕێگەیان پێ نادرێ بەندیان بکەن یاخۆ بیانکوژن کاتێ نەیارییان دەکەن یاخۆ سەرکردەی نوێ هەڵدەبژێرن.

بەشەکەی تری کاریگەرییە دیموکراسیەکان ئەرێنی یاخۆ بەخشینە، چونکە خەباتی ناتوندوتیژ ئامرازگەلی ئەوتۆ دەبەخشنە گەل کە دەتوانن بەهۆیانەوە ئازادییەکانی خۆیان بەدەست بێنن و لەبەرامبەر دەسەلاتدارانی دیکتاتۆری ئەمڕۆ یاخۆ داهاتوو، بەرگری لەو ئازادییانە بکەن. ئەمانەی

خوارەوە ژمارەیەک لە کاریگەرییە ئەرێنییەکانی خەباتی ناتوندوتیژن:

* لە ئەنجامی شارەزایی پەیداکردن لە خەباتی ناتوندوتیژدا هاوولاتییان زیاتر متمانە بە خۆیان پەیدا دەکەن لە گژبەریکردنی هەڕەشەکانی ڕیژیمی دەسەلاتدار، هەروەها گژبەریکردنی توانی ڕیژیم بۆ سەپاندنی شێوازەیلی چەوساندنەوەی توندوتیژ.
* خەباتی ناتوندوتیژ شێوازەکانی هاوکارینەکردن و گژبەریکردن دەستەبەر دەکا، کە هاوولاتییان لەڕێیەوە دەتوانن بەرەنگاریی زاڵبوونی نادیموکراسییانە لەلایەن هەر دەستە و تاقمێکی دیکتاتۆریەوە بکەن.
* دەتوانرێ خەباتی ناتوندوتیژ بەکار بێ بۆ جەختکردن لە ئازادییە سیاسییەکان، وەک ئازادیی دەربڕین و ئازادیی ڕۆژنامەنووسی و ڕێکخراوە سەربەخۆکان و ئازادیی گردبوونەوە بۆ بەرەنگاریکردنی زاڵبوون و سەرکوتینەوە.
* خەباتی ناتوندوتیژ بەشداریی بەهێز دەکا لە زیندووکردنەوە و لەدایکبوونەوە و بەهێزکردنی گرووپە سەربەخۆکان و دامەزراوەکانی کۆمەڵگە وەک پێشتر باسمان کرد، کە بەهۆی توانی بزواندنی هێز و توانی هاوولاتییان و سەپاندنی کۆتوبەند لەسەر دەسەلاتی هەر حوکمڕانێکی دیکتاتۆر لە داهاتوودا، بۆ دیموکراسییەت دامەزراوەی زیندوون.
* خەباتی ناتوندوتیژ ئامرازگەلێک دەستەبەر دەکا لەڕێیانەوە هاوولاتییان دەتوانن هێز جەم بکەن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کارە سەرکوتکارانەکانی پۆلیس و سوپای ڕیژیمە دیکتاتۆرەکان.
* خەباتی ناتوندوتیژ ڕێگەیلێک دەستەبەر دەکا بەهۆیانەوە هاوولاتییان و دامەزراوە سەربەخۆکان دەتوانن سەرچاوەکانی هێزی تاقمی دەسەلاتدار کۆت بکەن یاخۆ بپچڕن و بەو هۆیەشەوە هەڕەشەکردن لە توانی ئەو تاقمە بۆ درێژەدان بە زاڵبوونیان، ئەوەیش لەپێناو خزمەتکردنی ئامانجە دیموکراسیەکان.

## ئاڵۆزییەکانی خەباتی ناتوندوتیژ

لەم گفتوگۆیەدا تێبینیمان کرد خەباتی ناتوندوتیژ تەکنیکێکی ئاڵۆزی کاری کۆمەڵایەتییە، کە چەندان ڕێگە و زنجیرێک لە میکانیزمی گۆڕانکاری و پێداویستیی ڕەفتارکردنی دیاریکراو لەخۆ دەگرن. جا بۆ ئەوەی نوێکردنەوەی سیاسی بەکار بێ، نەخاسمە لە ڕووبەڕووی ڕیژیمە دیکتاتۆرەکاندا، پێویستی بە وریاییە لە پلاندانان و ئامادەکاریدا، هەروەها پێویستە لەسەر ئەو کەسانەی چاوەڕوان دەکرێ بەشداری لە کارەکانی گژبەریکردنی سیاسیدا بکەن بزانن لەسەریانە چی بکەن. هەروەک پێویستە سەرچاوە پێویستەکان بەردەست بن. ئەرکی ستراتیجکارەکانیشە لێکدانەوە بۆ بەکارترین ڕێگە لە جێبەجێکردنی خەباتی ناتوندوتیژ بکەن، ئەمە ئەو ڕەگەزە زیندووەیە کە سەرنجی دەخەینە سەر، کە ئەویش بریتییە لە "ئاتاجی بە پلاندانانی ستراتیجی".

### ئاتاجی بە پلاندانانی ستراتیجی

ڕێگەی هەمەجۆر هەیە تا لەڕێیانەوە هەڵمەتەکانی گژبەریکردنی سیاسی دژ بە ڕیژیمگەلی دیکتاتۆری دەست پێ بکرێ. لە ڕابردوودا ئەو هەڵمەتانە بەبێ پلان و هاکەزایی بەڕێوە دەچوون. هەروەها ئەو هۆیانەیش کە بوونە مایەی هەڵگیرسانی ئەو هەڵمەتانە دیسان جۆرەوجۆرن، بەڵام بەزۆری بەهۆی ئەنجامدانی ڕەفتارەیلی هەمەجییانەی نوێ لەلایەن ڕیژیمە دیکتاتۆرییەکانەوە دەبێ، یان بەهۆی گرتن یان کوشتنی کەسانی خاوەن پێگەی گەورە، یان پێڕەوکردنی سیاسەتی سەرکوتکەرانە یان جێبەجێکردنی فەرمانی نوێی زۆردارانە بەهۆی لەکەمیدانی خۆراک، یان لەئەنجامی شکاندنی ڕێز و پیرۆزیی ئاینی، یاخۆ لەکاتی ئاهەنگگێڕان بەبۆنەی ڕووداوێکی مێژوویی گرینگ. هەندێ جار دەبینین ڕیژیمە دیکتاتۆرییەکان کارێک دەکەن دەبێتە مایەی تووڕەبوونی خەڵک، بەو هۆیەشەوە خەڵک ڕادەپەڕن بەبێ ئەوەی بزانن شتەکان بە چ ئاقارێکدا دەچن. هەندێ جار چەند کەسێک، یاخۆ گرووپێکی بچووکی بەجەرگ چالاکییەک ئەنجام دەدەن کە پشتگیرییەکی جەماوەریی باشی لێ دەکرێ، ئەنجا کەسانی تریش وەک کاردانەوە بۆ کاری سەرکوتکەرانەی تری هاوشێوە دەچنە ڕیزی بەرگری. لە هەندێ حاڵەتی تردا هەڵمەتەکانی گژبەریکردنی سیاسی وەک بەدەمەوەچوونی بانگەوازی کەس یان کۆمەڵانێک بۆ ئەنجامدانی هەڵمەتێک لەدژی ڕیژیمە دیکتاتۆرییەکان دەست پێ دەکا.

ئەگەرچی کارە خۆبەخۆ (عفوی)کان چەندان لایەنی ئەرێنییان هەیە، بەڵام بەزۆری سیفەتگەلی نەرێنییان هەیە. لە زۆربەی جارەکاندا بەرگریکارەیلی دیموکراسی پێشبینیی کاردانەوەی ڕیژیمە دیکتاتۆرییەکان ناکەن لە پەیڕەوکردنی شێوازی دڕندانە دژ بە بەرگریکاران کە لەبەر ئەو هۆیانە بەرگرییەکەیان هەرەس دێنێ. هەندێ جار لاوازیی پلاندانان لای بزاوەکانی بەرگریی نیشتمانی ئەنجامی خراپی دەبێ، چونکە دەبێتە مایەی ئەوەی دۆخەکە بڕیار لەبارەی وەرگرتنی بڕیارگەلی چارەنووسسازەوە بدا. جگە لەمە، نەبوونی پلان لەبارەی چۆنیەتیی ئاسانکردنی گۆڕان بەرەو ڕیژیمی دیکتاتۆری، ڕۆڵی هەبووە لە دەرکەوتنی ڕیژیمگەلی نوێی دیکتاتۆری، تەنانەت پاش لەناوبردنی ڕیژیمە دیکتاتۆرییەکانی پێشوو.

### پلاندانانی واقیعی

ئەو کارە جەماوەرییانەی بەبێ پلان کراون لە داهاتوودا ڕۆڵی گرینگیان دەبێ لە ڕاپەڕین دژ بە ڕیژیمەیلی دیکتاتۆری، بەڵام ئێستە دەتوانرێ بەکارترین ڕێگە بۆ لەناوبردنی ڕیژیمە دیکتاتۆرییەکان ئامادە بکرێ و دیاریکردنی ئەو کاتەی هەلومەرجی سیاسی و ئاراستەی جەماوەری تێیدا پێ دەگەن، ئەنجا هەڵبژاردنی چۆنیەتیی دەستپێکردنی هەڵمەتی خەباتی ناتوندوتیژ.

لێرەدا پێویستمان بە بیرکردنەوەی ڕژد هەیە کە لەسەر بناخەی هەڵسەنگاندنی واقیعی شتەکان و تواناکانی گەل دامەزرابێ لەپێناو هەڵبژاردنی شێوەگەلی کارا بۆ بەدیهێنانی ئازادی لەو بارودۆخەدا.

وا چاکە پلان دابنێین بۆ بەدەستهێنانی ئەوەی دەمانەوێ بەدیی بێنین، گرینگیی پلاندانان لە گرینگیی ئەو ئامانجەدایە کە کار بۆ بەدیهێنانی دەکەین و خۆ دوورگرتن لەو ئەنجامە خراپانەی بەسەر دۆخەکەدا دەشکێنەوە لە حاڵەتی نشوستهێناندا. پلاندانانی ستراتیجی هەلی قۆستنەوەی هەموو سەرچاوە بەردەستەکان بە باشترین شێوە زیاد دەکا. ئەمە بەشێوەیەکی تایبەت بەسەر ئەو بزاڤە دیموکراسییانەدا جێبەجێ دەبێ کە سەرچاوەی مادیی سنوورداریان هەیە و لایەنگرانیان لەکاتی هەوڵدانیان بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمە دیکتاتۆرییەکان تووشی مەترسی دەبن. ئەو ڕێژیمانە بەردەوام سەرچاوەی ماڵیی زۆر و هێزی ڕێکخستن و توانی ئەنجامدانی ڕەفتاری دڕندانەیان هەیە.

مەبەست لە "پلاندانانی ستراتیجی" ئامادەکردنی ڕێگەیەکی کارکردنە کە وا بکا گواستنەوە لە دۆخی ئاراوە بۆ دۆخی خوازراوی ئایندە ئاسان بێ. لەم لێکۆڵینەوەیەدا مەبەست لە "گواستنەوە" بریتییە لە گواستنەوە لە دیکتاتۆریەتی ئێستەوە بۆ ڕێژیمێکی دیموکراسی لە داهاتوودا.

ئەو پلانەی توانی گەیشتن بەو ئامانجەمان دەداتێ پێک دێ لە زنجیرەیەک هەڵمەت و چالاکیی ڕێکخراوی تر کە بۆ بەهێزکردنی گەل و کۆمەڵگەی ژێر سایەی ستەمکاری و لاوازکردنی دیکتاتۆریەت ساز کراون. بڕوانە، مەبەست تەنیا تێکشکاندنی دیکتاتۆرییەتە باوەکە نییە، بگرە دامەزراندنی سیستمێکی دیموکراسیشە. ئەو ستراتیجە سەرەکییەی کە ئامانجی تەنیا بریتی بێ لە تێکشکاندنی حوکمە دیکتاتۆرییەکە، خۆی تووشی مەترسیی گەورە دەکا، ئەویش لەدایکبوونی دیکتاتۆرێکی ستەمکاریی نوێیە.

## کۆسپەکانی بەردەم پلاندانان

زۆر لەوانەی لە ناوچە جیاوازەکانی دنیادا بانگەشە بۆ ئازادبوون دەکەن توانی خۆیان ناخەنە گەڕ بۆ چارەسەری کێشەی بەدیهێنانی ئازادی. ئەوانە بەدەگمەن دان بە بایەخی گەورەی دانانی پلانی ستراتیجی بەر لە دەست بەکارکردن دەنێن، ئەنجامی ئەوەیش شکستە لە گەیشتن بەو ئازادییە.

بۆچی دەبینین کەم لەوانەی تێڕوانینیان لەبارەی ئازادبوونی سیاسیی گەلانیانەوە هەیە، پلانی ستراتیجیی هەمەگیر بۆ گەیشتن بەو ئامانجە دادەنێن؟ ناخۆشبەختانە دەبینین بەشی هەرەزۆری ئەوانەی گرووپەیلی ئۆپۆزسیۆنیان لێ پێک دێ، دەرک بە گرینگیی پلاندانانی ستراتیجی ناکەن، یاخۆ ڕانەهاتوون و مەشقیان نەکردووە لەسەر بیرکردنەوە بەشێوەی ستراتیجی. پلاندانانی ستراتیجی کارێکی قورسە. سەرکردەکانی بەرگری بەردەوام لەلایەن ڕێژیمە دیکتاتۆرییەکانەوە

دووچاری تەنگ پێهەڵچنین دەبن و بەرپرسیاریەتیی ڕاستەوخۆیان دەکەوێتە سەر شان، زۆر جار نە ئاسایش و نە کاتیان هەیە بۆ پەرەپێدانی لێهاتنەکانی بیرکردنەوەی ستراتیجی.

لەبەرامبەردا وا باوە هەندێ کار دەکرێ کە وەک کاردانەوەن بۆ دەستپێشخەرییەکانی ڕێژیمی دیکتاتۆر، بەو هۆیەشەوە ئۆپۆزسیۆن بەردەوام لە هێڵێکی بەرگریدایە لەڕێیەوە هەوڵ دەدا پارێزگاری لە ئازادییەلێکی سنووردار بکا، یاخۆ لە خێراییی پێشکەوتنی دیکتاتۆریەت لە کۆنترۆڵکردن کەم بکاتەوە، یان لە باشترین حاڵەتدا کێشە بۆ سیاسەتە نوێیەکانی ڕێژیم بخولقێنێ.

لەوانەیە هەندێ کەس و گرووپ بوونی پلانێکی فرەوان و دوورمەودا بۆ بزاوە ڕزگاریخوازەکان بە پێویست نەبینن، لەبەرامبەردا باوەڕێکی ساویلکانەیان هەبێ کە ئەگەر بەتوندی و بۆ ماوەیەکی بەئەندازەی پێویست درێژ دەست بە ئامانجەکانیانەوە بگرن، ئەوا بە شێوەیەک لە شێوەکان سەردەکەون. هەندێکی تر پێیان وایە دامەزراوییان لەسەر بنەما و بیرۆکە خەیاڵییەکانیان لەبەرامبەر دژوارییەکاندا، واتەی وایە ئەوان هەرچی لەتوانیاندا بێ دەیکەن. دەستگرتن بە ئامانجە مرۆییەکان و دڵسۆزی بۆ خەونە خەیاڵییەکان کارێکی نایابە، بەڵام بۆ کارکردن لەپێناو لەناوبردنی دیکتاتۆرییەت و بەدیهێنانی ئازادی هەرگیز کارێکی گونجاو نییە.

لەوانەیە نەیارانی دیکتاتۆرییەت ساویلکانە پێیان وابێ بەکارهێنانی توندوتیژیی پێویست ئازادی بەدی دێنێ، بەڵام وەک باسمان کرد، توندوتیژی بەدیهێنانی سەرکەوتن مسۆگەر ناکا، چونکە سەردەکێشێ بۆ شکست یاخۆ کارەسات یان هەردووکیان. جگە لەوەیش لە زۆربەی کاتەکاندا ڕێژیمە دیکتاتۆرییەکان ساز و ئامادەن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی خەباتی توندوتیژ و بەدەگمەن بووە ڕاستییە سەربازییەکان لە بەرژەوەندیی بزاڤە دیموکراسیەکان بووبێ.

هەندێ لە چالاکانی بزاویل ڕزگاریخواز کارەکەیان بەو شێوەیە دەکەن کە هەستیان ئاراستەیان دەکا و ئەو کارانەی لە ئەنجامی ئەو بیرکردنەوەیەدا دەیکەن خۆپەرستانە دەبێ و پێویستی بە ڕێنوێنیکردن هەیە بۆ پەرەپێدانی ستراتیجێکی سەرەکیی ئازادبوون.

ئەو کارانەیش کە لەسەر "بیرکردنەوە پێشکەوتوو"ەکانی هەندێ کەس دامەزراون، سنووردارن. ئێمە پێویستمان بە کارێک هەیە کە لەسەر بناخەی ئامادەکارییەکی هۆشیارانە دامەزرابێ بۆ "هەنگاوەکانی داهاتوو" کە بۆ خستنی دیکتاتۆرییەت پێویستن. نەبوونی لێکدانەوەیەکی ستراتیجی دەبێتە مایەی ئەوەی سەرکردەکان بێئاگا بن لە "هەنگاوەکانی داهاتوو" چونکە ئەوان بە وردی بیریان لەو هەنگاوە دیاریکراوانە نەکردووەتەوە کە دەکرێ لە قۆناخی داهاتوودا بۆ بەدیهێنانی سەرکەوتن بنرێن. عەقڵی داهێنەرانە و بیرۆکەی ڕۆشن زۆر گرینگن بەڵام پێویستیان بە قۆستنەوە هەیە، ئەویش لەپێناو هێنانەکایەی پێشکەوتنێک لە دۆخی ستراتیجیی هێزە دیموکراسیەکاندا.

هەندێ خەڵک داوای "کردنی هەموو شتێک لە یەک کاتدا"دەکەن لە حاڵەتی زانینی بوونی

چەندان شێوە لە کارکردن کە دەکرێ دژی دیکتاتۆرییەت بەکار بێن بەڵام بەبێ زانینی خاڵی دەستپێکردن، لەوانەیە ئەمە کەڵکی هەبێ بەڵام مەحاڵە، نەخاسمە لە حاڵەتی بوونی بەرگرییەکی لاوازدا، ئەمە جگە لەوەی ئەم جۆرە ڕێبازە ئەو خاڵە دیاری ناکا کە دەبێتە شوێنی دەسپێک، هەروەها ئەو شوێنە دیاری ناکا کە پێویستە هەوڵەکانی تێدا چڕ بکرێنەوە، یان چۆنیەتیی بەکارهێنانی سەرچاوەکان کە بەردەوام سنووردارن.

لەوانەیە هەندێ پێیان وابێ پێویست بە هەندێ پلان دەکا، بەڵام توانی بیرکردنەوەیان لەم ڕووەوە لە مەودایەکی کورت یاخۆ لە سنووری بنەما تەکتیکیەکاندا دەوەستێ، چونکە نازانن کە پێویستیەکی حاشاهەڵنەگر یان شیمانەی پلاندانان لەسەر ئاستێکی دوورمەودا هەیە. ڕەنگە نەتوانن بەشێوەیەکی ستراتیجی بیر بکەنەوە و شرۆڤە بکەن، لەبەرئەوە دەکەونە هەڵەی چڕکردنە سەر هەندێ کێشەی تا ڕادەیەک بچووک لەڕێی بەرپەرچدانەوەی کارەکانی دژبەرەکە لەباتی ئەوەی دەستپێشخەری بکەن بۆ ئەنجامدانی بەرەنگاریی دیموکراسی. تەرخانکردنی وزەگەلی زۆر لە چالاکییەلێکی کورت مەودادا دەبێتە هۆی شکستهێنانی ئەو سەرکردانە لە دۆزینەوەی ڕێگەی زۆری بەدیل بۆ کارکردن، کە جڵەوی هەموو کۆششەکان دەکا بەرەو نێزیکبوونەوەی بەردەوام لەبەدیهێنانی ئامانج.

هەروەها لەوانەیە هەندێ بزاڤی دیموکراسی پلانێکی ستراتیجی بۆ زاڵبوون بەسەر دیکتاتۆرییەت دانەنێن و لەبەر هەر هۆیەک بێ چڕ (تەرکیز) دەکەنە سەر کێشە هەنوکەییەکان. کەسانی ناو ئەم بزاوە دیموکراسییانە لەو بڕوایەدا نین کە کۆششە تایبەتەکانیان دەبنە مایەی لەناوبردنی دیکتاتۆرییەت، هەر بۆیە پلاندان لەپێناو لەناوبردنی دیکتاتۆرییەت بەفیڕۆدانی کاتە، یاخۆ کارکردن لەو بوارەدا بە هیچ ئەنجامێک ناگا.

زانراوە ئەو گەلانەی لەپێناو ئازادیدا خەبات دژ بە ڕێژیمە دیکتاتۆرە دڕەکان دەکەن ڕووبەڕووی هێزێکی ترسناکی سوپا و پۆلیس دەبنەوە، وەک ئەوەی حوکمڕانە دیکتاتۆرەکان بتوانن ئەوەی دەیانەوێ بیکەن. لێرەشەوە ئەم گەلانە ئومێد لەدەست دەدەن، بەڵام لەبەر هۆیەلی پێوەست بە دەستپاکی یان مێژوویی، گژبەریی ئەو ڕێژیمانە دەکەن، ئەگەرچی ئەوان قەت دانیان بەمەدا نەناوە و هەستیشی پێ ناکەن، بەڵام پێیان وایە کارەکەیان بێ ئەنجامە، هەر بۆیە بە بۆچوونی ئەوان پلاندانی ستراتیجی بێ هوودەیە.

شکستهێنان لە پلاندانانی ستراتیجیدا کارەساتبار دەبێ، چونکە هێز بەفیڕۆ دەچێ و کارەکان بێ کاریگەر دەبن و وزەکان لەبەین دەچن و لایەنە باشەکان ناقۆزرێنەوە و قوربانییەکان بە با دەچن. ئەگەر دیموکراتەکان بەشێوەیەکی ستراتیجی پلان دانەنێن ئەوا لە بەدیهێنانی ئامانجەکانیاندا نشوست دێنن. ئەمە جگە لەوەی پلاندانانی لاواز و ناتەباییی چالاکییەکانی کۆششە گەورەکان بەرگرییەکە بۆ پێشەوە نابەن، بگرە دەبنە مایەی زیاتربوونی دەسەڵاتی دیکتاتۆرییەت، لێرەیشەوە دیکتاتۆرییەت لەوە بەهێزتر دەردەکەوێ کە هەیە و بۆ چەندان ساڵ و

دەیە دەژی، چونکە دەگمەن ڕێک دەکەوێ پلانە ستراتیجییە هەمەلایەنەکانی ڕزگاربوون، پێشکەوتوو بن.

## چوار زاراوەی گرینگ بۆ پلاندانی ستراتیجی

بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ستراتیجی بیر بکەینەوە، دەبێ واتەی چوار زاراوەی سەرەکی بە ڕوونی بزانین:

ستراتیجی سەرەکی: ئەو چەمکەیە هەوڵ دەدا گرووپێک هاوئاهەنگی لەنێوان هەموو سەرچاوە گونجاو و بەردەستەکاندا بکا و ڕێنوێنی بدا بۆ چۆنیەتیی بەکارهێنانیان (سەرچاوە ئابووری و مرۆیی و ئەخلاقی و سیاسی و ڕێکخستنەکان.. هتد) لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانیان لە کێشەکەدا.

ستراتیجی سەرەکی، لەڕێی چڕکردنە سەر ئامانج و سەرچاوەکانی گرووپەکە لەکاتی کێشەکەدا دیاری دەکرێ، واتە گونجاوترین تەکنیکەکانی کارکردن (وەک بەکارهێنانی چەک یان خەباتی توندوتیژ لە ململانەکەدا). هەر بۆیە پێویستە سەرکردایەتیی بەرگری خوێندنەوەی هەبێ و پلان دابنێ بۆ زانینی ئەو پاڵەپەستۆ و کارتێکردنانەی لەکاتی دانانی ستراتیجە سەرەکییەکەدا دژ بە دوژمن بەکار دێن. ئەمە جگە لەوەی ستراتیجی سەرەکی بڕیاری تیدایە لەبارەی گونجاوترین بارودۆخ و باشترین کات بۆ دەست بە بەرەنگاریکردن.

ستراتیجی سەرەکی چوارچێوەی بنچینەیی دادەنێ بۆ دیاریکردنی ستراتیجگەلی تری سنووردار بۆ خەباتکردن، هەروەها دابەشکردنی ئەرکە گشتییەکان بەسەر گرووپەیلی بچووک و دابەشکردنی سەرچاوە بەکارهاتووەکان لە خەباتدا دیاری دەکا.

ستراتیج: ئەو چەمکەیە پێوەندیی بە باشترین ڕێگەوە هەیە بۆ بەدیهێنانی ئامانجگەلی دیاریکراو لەکاتی ململانەدا و لە چوارچێوەی ئەو ستراتیجە سەرەکییەدا کار دەکا کە هاتووەتە هەڵبژاردن. ستراتیج بایەخ بە هەڵبژاردنی کات و چۆنیەتیی خەباتەکە و بەدیهێنانی باشترین کاریگەری بۆ بەدیهێنانی ئامانجگەلێکی دیاریکراو دەدا. دەکرێ ستراتیج بە چەمکی هونەرمەند بەراورد بکەین، لەکاتێکدا پلانی ستراتیجی بە پلانی ئەندازیاری بیناسازی بەراورد بکرێ.[١٢]

ستراتیج هەروەها ئەو کۆششانەیش لەخۆ دەگرێ کە بەخەرج دەدرێن بۆ دانانی ستراتیجێکی زۆر گونجاو، بەشێوەیەک تێیدا دژبەر بتوانێ پێشبینیی ئەوە بکا ململانەی کراوە دووچاری شکستێکی حەتمی دەکا، هەر بۆیە بەبێ ئەوەی ناچار بێ ئەو خەباتە کراوەیە ئەنجام بدا، خۆ بەدەستەوە دەدا. ئەگەر ئەمەیشی نەکرد، ئەوا دۆخە ستراتیجییە پێشکەوتووەکە سەرکەوتنی گژبەریکارانی ململانەکە مسۆگەر دەکا. ستراتیج باس لە چۆنیەتیی کارکردن لەپێناو بەکارهێنانێکی باشی سەرکەوتنەکان لەکاتی بەدیهاتنیاندا دەکا.

پلانە ستراتیجییەکە لەکاتی جێبەجێکردنی لە ڕێڕەوی خەباتدا دەبێتە بیرۆکەی سەرەکی کە چۆنیەتیی پەرەسەندنی هەڵمەتەکە و چۆنیەتیی پێکەوەبەستنی پێکهێنەرەکانی کۆنترۆڵ دەکا، تا بتوانن بەشداری لە بەدیهێنانی ئامانجەکەدا بکەن.

شایانە گوتنە پلانە ستراتیجییەکە پێویستی بە دابەشکردنێکی زیرەکانەی گرووپی دیاریکراوی کار هەیە بەسەر کردەوەیلی بچووکتردا. پلاندانان بۆ ستراتیجێکی دانایانە دەبێ پێداویستییەکانی سەرکەوتن بۆ کاری تەکنیکە هەڵبژێردراوەکەی خەبات لەبەرچاو بگرێ، لەبەرئەوەی هەر تەکنیکێکی جیاواز ئاتاجی بە کۆمەڵێ پێداویستیی تایبەتە. بەڵام بەتەبیعەتی حاڵ تەنیا دابینکردنی ئەو پێداویستییانە واتەی مسۆگەرکردنی سەرکەوتن نییە، چونکە هۆکاری تر هەن کە بۆ بەدیهێنانی سەرکەوتن پێویستمان پێیانە.

دەبێ دیموکراسیستەکان لەکاتی دانانی ستراتیجدا ئامانجەکانیان بە ڕوونی بزانن و چۆنیەتیی پێوانەکردنی کاریگەریی کۆششەکان بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان دیاری بکەن، چونکە پێناسە و شیکردنەوە یارمەتیی ستراتیجکارەکان دەدا تا بە وردی بزانن پێداویستییەکانی بەدیهێنانی هەر ئامانجێک چین، جگە لەوەیش ڕوونی و ناسین بەسەر پلاندانانی تەکتیکیشدا دەچەسپێ.

تەکتیک و ڕێگەکانی کارکردن لەپێناو جێبەجێکردنی ستراتیجەکەدا بەکار دێن، تەکتیک پێوەندیی بە بەکارهێنانی زرنگانەی هێزەکانەوە هەیە بە باشترین شێوە لە دۆخێکی دیاریکراودا، چونکە تەکتیک کارێکی دیاریکراوە بۆ بەدیهێنانی ئامانجێکی دیاریکراو بەکار دێ. چەمکی باشترین بەکارهێنانی ئامرازە بەردەستەکانی شەڕ بۆ جێبەجێکردنی ستراتیج، لە هەلومەرجێکی دیاریکراودا، بڕیار لەسەر هەڵبژاردنی تەکتیکەکە دەدا.

بۆ ئەوەی تەکتیک لە باشترین دۆخدا بێ دەبێ تەکتیک و ڕێگەکان هەڵبژێرین و بۆ بەدیهێنانی ئامانجە ستراتیجیەکان بەردەوام بە وردی جێبەجێیان بکەین. ئەو دەسکەوتە تەکتیکییەی نەبێتە مایەی نێزیککەوتنەوە لە بەدەستهێنانی ئامانجەیلی ستراتیجی، دواجار بەفیڕۆدانی وزەیە. هەر بۆیە تەکتیک جەخت دەکاتە سەر ڕێڕەوی کارێکی دیاریکراو کە لەگەڵ ستراتیجە فرەوانەکەدا دەگونجێ، هەروەک ستراتیجە فرەوانەکەیش لەگەڵ ستراتیجە سەرەکییەکەدا دەگونجێ. زۆر جاریش تەکتیک پێوەندیی بە شەڕەوە هەیە. هەرچی ستراتیجە ئەوە مەودای فرەوانتر دەگرێتەوە. دەکرێ تەکتیکێکی دیاریکراو وەک بەشێک لە ستراتجێکی تەواوەتی بۆ شەڕ یاخۆ هەڵمەتێک سەیر بکرێ. تەکتیک لە ماوەی کورتتر یان شوێنی بچووکتر (وەک جوگرافیا یان دامەزراوە و...هتد) لەوەی لە ستراتیجدا هەیە جێبەجێ دەکرێ، یاخۆ لەڕێی ژمارەیەکی دیاریکراو لە خەڵک یان بۆ ئامانجگەلێکی سنووورداتر ئەنجام دەدرێ. جیاکردنەوەی ئامانجە تاکتیکیەکان و ئامانجە ستراتیجیەکە لە کارە توندوتیژیەکاندا بەوە دەبێ بزانرێ، ئاخۆ ئامانجی کارەکە بچووکە یاخۆ گەورەیە.

پێکدادانی تەکتیکیی هێرشبەرانە بۆ بەدیهێنانی ئامانجە ستراتیجیەکان بەکار دێ، پێکدادانە تەکتیکیەکان ئامرازی دەستی ستراتیجکارانە بۆ هێنانەکایەی هەلومەرجێک کە زەوینە بۆ ئەنجامدانی هێرشی یەکلاکەرەوە دژ بە دوژمن ساز دەکا، هەر بۆیە زۆر گرینگە ئەوانەی لە پلاندانان و جێبەجێکردنی کردەوە سەربازییەکان بەرپرسن، لە خوێندنەوەی دۆخەکەدا زرنگ بن و گونجاوترین ڕێگە هەڵبژێرن. هەروەها پێویستە لەسەرمان مەشق بەو کەسانە بکەین کە بەشداری لە بەکارهێنانی تەکنیکە هەڵبژێردراوەکە و ڕێگە دیاریکراوەکەدا دەکەن.

مەبەست لە ڕێگەکان ئەو چەک یاخۆ ئامرازانەیە بۆ کارکردن دەستنیشان کراون، کە دەیان شێوەی کار دەگرێتەوە (وەک مانگرتن و بایکۆتکردن و هاوکارینەکردنی سیاسی و هی تری لەو شێوە) لە تەکنیکی خەباتی ناتوندوتیژ کە پێشتر ڕوون کراونەتەوە، هەروەها لە پاشکۆکەدا.

پەرەپێدانی پلانێکی ستراتیجیی بەرپرس و بەکار بۆ خەباتی ناتوندوتیژ پشت بە وردبینی لە پێکهێنان و هەڵبژاردنی ستراتیجە سەرەکییەکە و ستراتیجەکانی تر و تەکتیک و ڕێگەکان دەبەستێ.

وانەی سەرەکیی ئەم گفتوگۆیە ئەوەیە لە پلاندانانی ستراتیجیدا بۆ ڕزگاربوون لە دیکتاتۆرییەت، پێویستە زیرەکیی مرۆڤ بەباشی بەکار بێ، چونکە نشوستهێنان لە پلاندانانی زیرەکانەدا کارەساتی لێ دەکەوێتەوە، لەکاتێکدا بەکارهێنانی کارای توانا عەقڵییەکانی مرۆڤ دەبێتە مایەی دانانی ڕێبازێکی ستراتیجی کە زیرەکانە خزمەتی سەرچاوە بەردەستەکان دەکا، تا کۆمەڵگە بەرەو بەدیهێنانی ئامانجی ئازادی و دیموکراسی هەنگاو بنێ.

## ستراتیجیەتی پلاندانان

سەرکردەکانی بەرگری پێویستیان بە دانانی نەخشەکارێکی هەمەگیر هەیە لەپێناو زیادکردنی دەرفەتی سەرکەوتنی بەرگرییەکە، بەشێوەیەک ئەم پلانە دەبێتە هۆی بەهێزکردنی ئەو گەلانەی ماوەیەکی زۆر لە نەهامەتیدا ژیاون، لەبەرامبەریشدا ڕژێمە دیکتاتۆرەکە لاواز دەکا و لەبەینی دەبا و کار بۆ دروستکردنی سیستمێکی دیموکراسیی بەهێز دەکا.

بۆ ئەوەی بگەینە ئەم پلانە پێویستمان بە هەڵسەنگاندنێکی باش هەیە بۆ دۆخەکە بژارە بەردەستەکان بۆ ئەنجامدانی کارێکی بەکار، لەڕێی ئەم شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنەوە دەتوانین ستراتیجیەتێکی سەرەکی و چەندان ستراتیج بۆ هەڵمەتە تایبەتەکان دابنێین و بۆ بەدەستهێنانی ئازادی پەرەیان پێ بدەین. وێڕای پێکەوەبەستراوی ئەم ستراتیجانە، بەڵام یەکەمیان جیایە لە دووەم، چونکە پەرەپێدانی ستراتیجەکانی هەڵمەتەکان بەتەواوەتی، تەنیا پاش پەرەپێدانی ستراتیجە سەرەکییەکە دەست پێ دەکا. ئەمە جگە لەوەی پێویست بە دانانی نەخشەیەک دەکا بۆ ستراتیجی هەڵمەتەکان لەپێناو بەدیهێنان و بەهێزکردنی ئامانجە ستراتیجییە سەرەکییەکە.

پەرەپێدانی ستراتیجیەتی بەرگریکردن پێویستی بە ڕەچاوکردنی چەندان پرسیار و ئەرک هەیە. لێرەدا پێویستە لەسەرمان هەندێ لەو هۆکارە گشتییانە بناسێنین کە پێویستە لەسەر ئاستی ستراتیجە سەرەکییەکە و هەروەها لەسەر ئاستی ستراتیجەیلی هەڵمەتەکان لەبەرچاو بگیرێن. پلاندانانی ستراتیجی دەخوازێ پلاندانەرانی بەرگری تێگەیشتنێکی قووڵیان بۆ هەموو لایەنەکانی ململانەکە هەبێ، کە فاکتەرە مادی و مێژوویی و حکوومی و سەربازی و کولتووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و دەروونی و ئابووری و ناودەوڵەتییەکان دەگرێتەوە، چونکە ناتوانرێ ستراتیجەکان پەرە پێ بدرێن مەگەر لە چوارچێوەی خەباتێکی دیاریکراو و پاشخانەکانیدا نەبێ.

زۆر گرینگە سەرکردە و پلاندانەرە ستراتیجیەکان خوێندنەوەیەک بۆ بایەخی کێشەکە و ئامانجەکان و لێکدانەوەی ئەوەی ئاخۆ شایستەی ئەوەن خەباتێکی بەرفرەوانیان بۆ بکرێ یان نا، بکەن. هەروەها گرینگە ئامانجی ڕاستەقینەی خەبات دیاری بکرێ، بەڵام پێویستە ڕەچاوی ئەوە بکرێ کە تەنیا لەناوبردنی ڕژیمە دیکتاتۆرییەکان بەس نییە، بەڵکو دەبێ ئامانج هێنانەکایەی کۆمەڵگەیەکی ئازاد بێ کە سیستەمێکی دیموکراسی حوکمڕانیی بکا. ڕۆشنیی ئەو پرسە لای خۆیەوە کاریگەریی دەبێ لەسەر پەرەپێدانی ستراتیجە سەرەکییەکە و ئەو ستراتیجییانەی لێی دەکەونەوە.

پێویستە ستراتیجکاران بەشێوەیەکی تایبەت وەڵامی ئەو پرسیارە بنچینەییانە بدەنەوە:

* کۆسپە سەرەکییەکانی بەردەم بەدیهێنانی ئازادی چین؟
* ئەو هۆکارانە چین بەدیهێنانی ئازادی ئاسان دەکەن؟
* خاڵە سەرەکییەکانی هێزی سیستمی حوکمی دیکتاتۆری چین؟
* خاڵە لاوازەکانی سیستمی حوکمی دیکتاتۆری چین؟
* تا چەندە سەرچاوەکانی هێزی سیستمی حوکمی دیکتاتۆری دەکرێ کاریان تێ بکرێ؟
* خاڵەکانی هێزی هێزەیلی دیموکرات و هاووڵاتییان بەگشتی چین؟
* خاڵە لاوازەکانی هێزەیلی دیموکرات چین و چۆن دەتوانین چارەسەریان بکەین؟
* هەڵوێستی لایەنەکانی تر چییە کە ڕۆڵی ناڕاستەوخۆیان لە ململانەکەدا هەیە، بەڵام یارمەتییان داوە یان دەکرێ یارمەتیی ڕژیمی دیکتاتۆر یاخۆ بزووتنەوە دیموکراسیەکە بدەن و چۆن؟

### هەڵبژاردنی شێواز

پلاندانەران لەسەر ئاستی ستراتیجی سەرەکی پێویستیان بە هەڵبژاردنی شێوازە سەرەکییەکانی خەبات هەیە کە لە ململانەکەدا بەکار دێن، هەروەها پێویستە باشی و دیاریکەرەکانی چەندان تەکنیکی جێگرەوەی خەبات بێنە هەڵسەنگاندن، وەک شەڕی سەربازیی کلاسیک و شەڕی

پارتیزانی و گژبەریکردنی سیاسی و تەکنیکەکانی تر.

دەبێ ستراتیجکاران لەکاتی هەڵبژاردنی شێوازەکانی خەباتدا ئەم پرسیارانەیان لەبەرچاو بێ: ئاخۆ ئەو شێوە خەباتەی دێتە هەڵبژاردن لە توانی بزووتنەوە دیموکراسیەکەدایە؟ ئایا تەکنیکە هەڵبژێردراوەکە خاڵەکانی هێزی گەلی ژێردەست بەکار دێنێ؟ ئاخۆ ئەم تەکنیکە خاڵە لاوازەکانی ڕێژیمە دیکتاتۆرییەکە دەکاتە ئامانج، یاخۆ خاڵەکانی هێزی؟ ئایا ئەم شێوازە یارمەتیی دیموکراسیەکان دەدا لەوەی زیاتر پشت بە خۆیان ببەستن، یان پێویستیان بە پشتبەستن بە لایەنی تر یاخۆ پاڵپشتیی دەرەکی هەیە؟ کامەیە تۆماری بەکارهێنانی ئەو شێوازە هەڵبژێردراوانە لە لەناوبردنی ڕێژیمە دیکتاتۆرییەکان؟ ئاخۆ ئەو شێوازانە، ئەو زیان و وێرانییەی کە لەوانەیە لە کاتی ململانەکەدا ڕوو بدا زیاد دەکەن یان سنوورداری دەکەن؟ ئەو کاریگەرییانە چین کە شێوازە هەڵبژێردراوەکان لەسەر جۆری ئەو حکوومەتە بەجێی دێڵن کە پاش بەدیهێنانی سەرکەوتن لە خەبات دەکەوێتەوە؟

پێویستە ئەو جۆرە کارانە لە ستراتیجە سەرەکییەکە هەلاوێرد بکرێن، کە دەبنە کۆسپ لەبەردەم گەیشتن بە ئامانجی خوازراو. لە بەشەکانی پێشوودا باسمان لەوە کرد گژبەریکردنی سیاسی تایبەتمەندیی ئەرێنیی گرینگ بە تەکنیکەکانی تری خەبات دەدا، هەر بۆیە پێویستە ستراتیجکارەکان ململانە دیاریکراوەکە بپشکنن و بڕیار بدەن ئاخۆ گژبەریکردنی سیاسی وەڵامێکی ڕوونی ئەو پرسیارانەی پێشوو دەداتەوە یاخۆ نا.

### پلاندان لەپێناو دیموکراسی

دەبێ لەبیرمان نەچێ ئامانجی ستراتیجی سەرەکی لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕێژیمە دیکتاتۆرییەکاندا تەنیا لەناوبردنی دیکتاتۆریەت نییە، بگرە کارەکە بەردەوام دەبێ تا سیستمێکی دیموکراسی دێتە دامەزراندن و ئەگەری سەرهەڵدانەوەی دیکتاتۆریەتێکی نوێ دەکاتە شتێکی مەحاڵ. دەبێ شێوازە هەڵبژێردراوەکانی خەبات بتوانن بەشداری لە گۆڕینی دابەشکردنی هێزە کاریگەرەکانی کۆمەڵگەدا بکەن لەپێناو بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی لەسەرەوە باس کران (لەناوبردنی دیکتاتۆریەت، هێنانەکایەی سیستمێکی دیموکراسی، مەحاڵیی دەرکەوتنی دیکتاتۆریەتێکی نوێ).

دیارە لە سایەی ڕێژیمە دیکتاتۆرییەکاندا گەلان و دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لاواز دەبن و لەبەرامبەردا حکوومەت زۆر بەهێز دەبێ. جا ئەگەر گۆڕانێک لەم پارسەنگیی هێزانەدا ڕوو نەدا، ئەوا حوکمڕانە نوێیەکان ئەگەر بیانەوێ دەتوانن ببنە حوکمڕانی دیکتاتۆریی نوێ، بۆیە دەبێ تەنیا "شۆڕشێک لەناو کۆشک" و تەنیا کودەتایەک دژی دەسەڵات ڕەت بکەینەوە.

گژبەریکردنی سیاسی بەشداری دەکا لە هێنانەکایەی دابەشکردنێکی دادپەروەرانەی هێزە کاریگەرەکان لەڕێی تەیارکردنی کۆمەڵگە لەدژی ڕێژیمە دیکتاتۆرەکە، وەک لە بەشی پێنجەمدا

ڕوونمان کردەوە. ئەو کارانەیش لە چەند ڕێگەیەکەوە ڕوو دەدەن، چونکە پەرەپێدانی تواناکانی خەباتی ناتوندوتیژ واتەی ئەوەیە تواناکانی دەسەڵاتە دیکتاتۆرییەکە لەبەرامبەر کارە توندوتیژەکاندا ناتوانێ هاووڵاتییان بتۆقێنێ و ملیان پێ کەچ بکا، چونکە شێوازگەلی بەهێزیان لەدەستدایە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و پەکخستنی دیکتاتۆریەت لە سەپاندنی هێزی خۆیدا. ئەمە جگە لەوەی تەیارکردنی هێزی میللی لەڕێی گژبەریکردنی سیاسییەوە دامەزراوە سەربەخۆکانی کۆمەڵگە بەهێز دەکا، چونکە ئەو ئەزموونەی لە بەکارهێنانی هێزی کاریگەر بەدەست دێ بەئاسانی لەبیر ناکرێ و ئەو زانیاری و لێهاتنانەی لەکاتی خەباتدا بەدەست دێن، وا لە گەل دەکا بەتوانتر بێ بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر دیکتاتۆرێکی نوێ. ئەم گۆڕانە لە پارسەنگی هێزدا هەلی هێنانەکایەی کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی بەهێز زیاد دەکا.

## یارمەتیی دەرەکی

هەڵسەنگاندنی ڕۆڵی ڕێژەییی بەرگریی ناوەخۆیی و گوشارە دەرەکییەکان لەپێناو لەبەریەک هەڵتەکاندنی ڕژێمی دیکتاتۆری بەشێکە لە ئامادەکرنی ستراتیجی سەرەکی. ئەم توێژینەوەیە تاوتوێی پرسی هێزی سەرەکیی لە خەباتدا کردووە کە پێویستە لەناوەخۆی دەوڵەتەکە خۆیەوە بێ، بەشێوەیەک یارمەتیی ناودەوڵەتی بەرەنجامی ئەوە بێ کە خەباتی ناوەخۆ بەدەستی دێنێ.

دەتوانرێ هەوڵ بخرێتە گەڕ تا وەک تەواوکەرێکی لەخۆبوردە ڕای گشتیی جیهانی دژ بە ڕژێمە دیکتاتۆرییەکان بەکار بێ، ئەویش لەسەر بنەواگەلێکی ئینسانی و ئەخلاقی و ئاینی. هەروەک دەکرێ هەوڵ بدرێ حکوومەت و ڕێکخراوە ناودەوڵەتییەکان کۆمەڵێ سزای دیبلۆماسی و سیاسی و ئابووری بەسەر ڕژیمە دیکتاتۆرییەکاندا بسەپێنن، لەوانەیە ئەو سزایانە شێوەی سەپاندنی گەمارۆی ئابووری، قەدەخەکردنی پێفرۆشتنی چەک و دابەزاندنی ئاستی نوێنەرایەتیکردنی دیبلۆماسی یاخو بڕینی پێوەندییەلی دیبلۆماسی و ڕێگرتن لە یارمەتیدانی ئابووری و قەدەخەکردنی وەبەرهێنان لەو دەوڵەتانەی ڕژیمی دیکتاتۆری حوکمیان دەکا، وەربگرێ. ئەمە جگە لە دەرکردنی نوێنەرانی حکوومەتە دیکتاتۆرەکە لە ڕێکخراوە ناودەوڵەتییە جیاوازەکان و ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان. جگە لەمەیش، ئێمە دەتوانین یارمەتیی ناودەوڵەتی، کە یارمەتیی ماڵی و میدیایی دەگرێتەوە، ڕاستەوخۆ بۆ لای هێزە دیموکراسیەکان با بدەینەوە.

## دانانی ستراتیجێکی سەرەکی

پلاندانەرانی ستراتیجی سەرەکی پاش هەڵسەنگاندنی دۆخەکە کار دەکەن بۆ ئەوەی باشترین هێڵی پان و بەرین بۆ بەڕێوەچوونی خەبات دابنێن، کە ئەو هێڵانە دۆخی ئێستە لەخۆ دەگرێ و پەل دەکێشێ بۆ ڕزگاربوون لە داهاتوو و دامەزراوەکانی سیستەمە دیموکراسیەکە.

ئەو پلاندانەرانە دەبێ لەکاتی دانانی ستراتیجە سەرەکییەکەدا ژمارەیەک پرسیار لە خۆیان بکەن، چونکە ئەو پرسیارانە (دیاریکراوتر لە ڕابردوو) ئەو لایەنانە دەستنیشان دەکەن کە پێویستن بۆ دانانی ستراتیجێکی سەرەکی بۆ خەباتێک کە گژبەریکردنی سیاسی بەکار دێنێ، لەبەرچاو بگیرێن.

پرسیارەکان ئەمانەن:

* باشترین ڕێگە بۆ دەستکردن بە خەباتێکی درێژخایەن چییە؟
* ئەو گەلەی لەژێر چەپۆکی ستەمکاریدا دەناڵێنێ، چۆن دەتوانێ متمانەی پێویست بەخۆی و هێزی پێویست پەیدا بکا، تا بتوانێ گژبەریی ڕیژیمێکی دیکتاتۆری بکا، با لە سەرەتادا بەشێوەیەکی سنوورداریش بێ؟
* چۆن دەکرێ بە تێپەڕبوونی کات و بەدەستهێنانی ئەزموون و شارەزایی، توانی هاووڵاتییان بۆ جێبەجێکردنی هاوکارینەکردن و گژبەری زیاد بکەین؟
* ئامانجەکانی زنجیرێک هەڵمەتی سنووردار بۆ گێڕانەوەی دەسەڵاتی دیموکراسی بەسەر کۆمەڵگە و تەنگ هەڵچنین بە دیکتاتۆریەت چین؟
* ئایا هیچ دامەزراوەیەک هەیە لەگەڵ دیکتاتۆریەتدا ژیابێ و بکرێ لە خەباتی ئازادیخوازیدا بەکار بهێنرێ؟
* ئەو دامەزراوانەی کۆمەڵگە کامانەن کە دەکرێ لەژێر چنگی حوکمڕانە دیکتاتۆرییەکان دەربهێنرێن، یان ئەو دامەزراوانە چین کە پێویستە بۆ دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی دیموکراسییەکان بێنە دامەزراندن و هێنانەکایەی کەشوهەوایەکی دیموکراسی تەنانەت لەسایەی بەردەوامیی دەسەڵاتە دیکتاتۆرییەکەشدا؟
* چۆن دەتوانین هێزی ڕێکخستنی بەرگری پەرە پێ بدەین؟
* چۆن دەتوانرێ مەشق بە بەشداران بکرێ؟
* سەرچاوە (دارایی و کەرەستەیی و...)ەکان چین کە بۆ شەڕەکە پێویستن؟
* ئەو جۆرە ڕەمزییەتە چییە کە دەتوانێ خەڵک خڕ بکاتەوە؟
* ئەو جۆرە کارانە چین کە لاوازبوونی سەرچاوەکانی هێزی حوکمە دیکتاتۆرییەکە زیاد دەکەن و دەیانبڕن و لە چ قۆناخێکدا بەکار دێن؟
* چۆن گەلی بەرگریکار دەتوانێ بەردەوام بێ لەسەر درێژەدان بە گژبەریکردن، یاخۆ لە هەمان کاتدا پارێزگاری لە خۆگرتنی ناتوندوتیژی پێویست بکا؟
* کۆمەڵگە چۆن دەتوانێ لەکاتی خەباتدا لە دەستەبەرکردنی پێداویستییە بنچینەییەکانی بەردەوام بێ؟

* چۆن دەتوانرێ لەکاتی ململانەکەدا پارێزگاری لە سیستمی کۆمەڵایەتی بکرێ؟

* بەرگریی دیموکراسی چۆن دەتوانێ لە دروستکردنی دامەزراوە بنچینەییەکانی کۆمەڵگە بەردەوام بێ لە قۆناخی پاش دیکتاتۆریەتدا کاتێ سەعاتی سەرکەوتن نێزیک دەبێتەوە، تا پرۆسەی گۆڕان (لە دیکتاتۆریەوە بۆ دیموکراسی) ئاسان بکا؟

پلانێکی ستراتیجیی یەکگرتوو نییە بۆ هەریەک لە بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکان، چونکە هەر بزاڤێک هەوڵ دەدا ڕیژیمێکی دیکتاتۆریی تایبەت لەناو ببا و سیستمێکی دیموکراسی دابمەزرێنێ کە جیاوازە لەوەی بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانی تر. دوو دۆخ نییە بەتەواوی لەیەک بچن، هەر سیستمێکی دیکتاتۆری تایبەتمەندیی خۆی هەیە، هەروەها توانی گەلانی تریش جیاوازە. بۆیە دەبێ پلاندانەرانی ستراتیجی سەرەکیی خەبات بەشێوەی گژبەریکردنی سیاسی، تێگەیشتنێکی قووڵیان هەبێ، نەک تەنیا لەو ململانە دیاریکراوەی تایبەت بە خۆیان، بگرە بە شێوازە هەڵبژێراوەکانی خەباتیش.[١٣]

هۆی باش هەن دەخوازن ستراتیجی سەرەکیی خەبات ئاشکرا بکرێ پاش ئەوەی بەشێوەیەکی لەسەرخۆ و نەفەسدرێژانە جێبەجێ دەکرێ، چونکە ئەو ژمارە زۆرەی خەڵک کە پێویستە بەشداری بکەن، دڵگەرمانەتر و باشتر کار دەکەن کاتێ لە چەمکە گشتییەکە و ڕێنوێنییە دیاریکراوەکان بۆ ستراتیجە گەورەکە شارەزا بن و ئەو زانیارییە جێکەوتی ئەرێنیی دەبێ لەسەر ورە و ئارەزووی بەشداریکردنیان و کارکردن وەک ئەوەی پێویستە. بەو شێوەیەش هێڵە گشتییەکانی ستراتیجە سەرەکییەکە لای حوکمڕانە دیکتاتۆرییەکان نمایان دەبێ و دەگونجێ ئاگاداریان لە تایبەتمەندییەکانی ئەو ستراتیجە، وا بکا لە بەرپەرچدانەوەیدا شێوازی کەم دڕتر بەکار بهێنن، چونکە دەزانن گەر وا نەکەن لە ڕووی سیاسییەوە بە خراپ بەسەریاندا دەشکێتەوە. هەروەک لەوانەیە زانینی خەسڵەتەکانی ستراتیجە سەرەکییەکە مشتومڕ و پاشگەزبوونەوە لەنێو سەربازگەی ڕیژیمە دیکتاتۆرییەکەدا دروست بکا.

لەو کاتەی پلانەکەی ستراتیجە سەرەکییەکە بۆ لەناوبردنی دیکتاتۆریەت و بنیاتنانی سیستمێکی دیموکراسی پەسند دەکرێ، دەبێ گرووپەیلی لایەنگری دیموکراسیەت پێداگری لەسەر جێبەجێکردنی بکەن و لە هەندێ حاڵەتی دەگمەندا نەبێ بە ستراتیجە سەرەکییە یەکەمەکە دەست بە خەبات بکرێ. هەروەها دەبێ پلاندانەرەکان کار بۆ گۆڕینی ستراتیجە سەرەکییەکە بکەن کاتێ بەڵگەی پێویست هەبوو لەسەر شکستهێنانی، یاخۆ کاتێ هەلومەرجی خەباتکردن بەشێوەیەکی ڕیشەیی دەگۆڕێ. بەهەر حاڵ، ئەو گۆڕانکارییە تەنیا ئەو کاتە دەکرێ کە پێداچوونەوەیەکی بنچینەیی بکرێ و پلانێکی ستراتیجیی سەرەکیی نوێی گونجاوتر دادەنرێ و پەسند دەکرێ.

## نەخشەکێشانی ستراتیجەکانی هەڵمەتەکە

ئەو دانایی و بەڵێنانەی ستراتیجە سەرەکییە پەرەپێدراوەکە بۆ لەناوبردنی دیکتاتۆریەت و بنیاتنانی دیموکراسیەت پێشکێشیان دەکا، مانای وا نییە خۆی خۆی جێبەجێ دەکا. هەر بۆیە وای دەبینین پێویستە ستراتیجگەلێکی تایبەت پەرە پێ بدرێ بۆ ڕێنوێنیکردنی هەڵمەتە گەورەکان کە ئامانجیان تێکشکاندنی دەسەڵاتی ڕژێمە دیکتاتۆرەکەیە. ئەم ستراتیجەیلە بە نۆرەی خۆی هەڵدەستێ بە ئاوێتە و ڕێنوێنیکردنی ژمارەیەک لە پێکدادانە تەکتیکیەکان کە ئامانجیان تێسرەواندنی چەند گورزێکی یەکلاکەرەوەیە لە ڕژێمە دیکتاتۆرییەکە. پێویستە تەکتیک و ڕێگە دیاریکراوەکانی کارکردن بە وردی بێنە هەڵبژاردن بۆ ئەوەی بەشداری لە بەدیهێنانی هەر ستراتیجێکی دیاریکراودا بکەن. شایانی گوتنە ئەم گفتوگۆیە تەنیا چڕ دەکاتە سەر ئاستی ستراتیج. پێویستە ئەو ستراتیجکارانەی پلانەکانی هەڵمەتە سەرەکییەکان دادەنێن، هەروەک پلاندانەرانی ستراتیجە سەرەکییەکە، ئاگەداریی تەواویان هەبێ لە سرووشتی شێوازی کارکردنی تەکنیکە هەڵبژێردراوەکانی خەبات. هەروەک چۆن پێویستە ئەفسەرانی سەربازی لە پەیکەربەندیی سوپا و تەکتیکەکان و کارە لۆجستیەکان و تەقەمەنی و کاریگەرییە جوگرافیەکان و شتی لەو شێوەیە تێ بگەن تا بتوانن ستراتیجی سەربازی دابنێن، بەهەمان شێوە لەسەر پلاندانەرانی گژبەریی سیاسیش پێویستە لە سرووشت و بنەوایەلی ستراتیجیەتی خەباتی ناتوندوتیژ تێ بگەن. گرینگە ئەوەیش بزانین تەنانەت لەکاتی شارەزایی پەیداکردن لە خەباتی ناتوندوتیژ و ڕەچاوکردنی ڕاسپاردەکانی ناو ئەم کتێبە و وەڵامدانەوەی پرسیارەکانیش، ستراتیج بەرهەم ناهێنێ، چونکە دانانی ستراتیجگەلی خەبات پێویستی بە داهێنان و هوشیاری هەیە. لەسەر ستراتیجکارانی گژبەریکردنی سیاسی پێویستە لەکاتی دانانی پلانی ستراتیجگەلێکی دیاریکراودا بۆ هەڵمەتەکانی بەرگریکردنێکی دیاریکراو و پەرەپێدانی خەباتی ڕزگاریخواز لە مەودای دووردا، ژمارەیەک پرسی جیاواز لەبەرچاو بگرن. ئەو پرسانەیش بریتین لە:

* دیاریکردنی ئامانجە تایبەتەکانی هەڵمەتەکە و بەشداریکردنی لە جێبەجێکردنی ستراتیجە سەرەکییەکەدا.
* ڕەچاوکردنی ڕێگە دیاریکراوەکان یاخۆ ئەو چەکە سیاسیيانەی دەکرێ لە جێبەجێکردنی ستراتیجە هەڵبژێدراوەکاندا بەکار بێ. هەروەها پێویستە پلانە تەکتیکییە بچووکەکان دیاری بکرێن، هەروەها ئەو ڕێگە دیاریکراوانە دیاری بکرێن کە دەویسترێ لە پاڵەپەستۆ و لە دانانی کۆتوبەند لەسەر سەرچاوەکانی هێزی ڕژێمە دیکتاتۆرییەکە لە پلانە هەمەگیرەکەی هەڵمەتێکی ستراتیجیی دیاریکراو بەکار بهێنرێ. پێویستە لەبیرمان بێ بەدیهێنانی ئامانجە سەرەکییەکان بەرەنجامی جێبەجێکردنی چەند هەنگاوێکی تایبەتی بچووکە بەشێوەیەکی تۆکمە.
* دیاریکردنی چۆنیەتیی بەستنەوەی پرسە ئابوورییەکان بە خەباتەوە، کە لە ڕاستیدا خەباتێکی

سیاسییە. پێویستە پاش لەناوبردنی دیکتاتۆریەت ستەمکارییە ئابوورییەکانیش لەناو بەرین کاتێ پرسە ئابوورییەکان دەبنە پرسی دیار لە خەباتدا، ئەگینا هەر زوو ڕزگاربوون لە بیروباوەڕی هەڵە و کێشانەوەی لابەندی جێگیر دەبن ئەگەر بێت و لە ماوەی گواستنەوە بەرەو کۆمەڵگەی دیموکراسی چارەسەری خێرا بۆ پرسە ئابوورییەکان نەدۆزینەوە. ئەم دەرککردنە بە بیروباوەڕی هەڵە دەبێتە مایەی کردنەوەی بوار لەبەردەم هێزەیلی دیکتاتۆری کە بەڵێنی کۆتاهێنان بە نەهامەتییە ئابوورییەکان دەدەن.

* دیاریکردنی جۆری پەیکەربەندیی سەرکردایەتی و جۆری سیستمی ڕاگەیاندن کە بتوانن دەست بە بەرگری بکەن، هەروەها دیاریکردنی ڕێگەکانی دروستکردنی بڕیار و ڕێگە بەردەستەکانی میدیا لەکاتی خەباتدا، ئەویش لەپێناو پێشکێشکردنی ڕێنوێنیی بەردەوام بە بەرگریکاران و گەل بەگشتی.

* بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی بەرگری لەنێو خەڵک بەگشتی و هێزە نیزامیەکانی ڕژێمە دیکتاتۆرییەکە و میدیای جیهانی، بەشێوەیەک هەموو بانگەشە و ڕاپۆرتەکان بەردەوام ڕاست و دروست بن، چونکە زێدەڕەویکردن و بڵاوکردنەوەی ئەو بانگەشانەی هیچ بنچینەیەکیان نییە، جێمتمانەیی بەرگری لاواز دەکا.

* دانانی پلانگەلی سەربەخۆ و بنیاتنەری چالاکییە کۆمەڵایەتی و فێرکاری و ئابووری و سیاسییەکان بۆ وەڵامدانەوەی پێداویستییەکانی خەڵک لەکاتی ململانەکەدا، ئەو پلانانەنیش کەسانێک بەڕێوەیان دەبەن کە ناڕاستەوخۆ پێوەندییان بە چالاکییەکانی بەرگرییەوە هەیە.

* دیاریکردنی جۆری ئەو یارمەتییە دەرەکییەی کە وەرگرتنی بە گونجاو دەزانرێ لە پاڵپشتیکردنی هەڵمەتێکی دیاریکراو لە خەباتی ڕزگاریخوازانەی گشتیدا. چۆن دەکرێ یارمەتیی دەرەکی جەم بکرێ بەبێ ئەوەی وا بکرێ خەباتە ناوخۆییەکە پشت بە هۆکارگەلێکی دەرەکیی نامسۆگەر ببەستێ؟ پێویستە بۆ یارمەتی وەگرتن گونجاوترین گرووپە دەرەکییەکان هەڵبژێردرێن، وەک ڕێکخراوە ئەهلیەکان (بزاوەیلی کۆمەڵایەتی، گرووپەیلی ئاینی و سیاسی و سەندیکایەل کرێکاران و... هتد)، حکوومەتەکان و/ یان نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە جۆرەوجۆرەکانی.

هەروەها لەسەر پلاندانەرانی بەرەنگاری پێویستە ڕێوشوێنی پێویست بگرنەبەر بۆ پاراستنی سیستم و دابینکردنی پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکان لە ماوەی بەرەنگاریکردنی دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکەدا، بەوەیش دامەزراوەی جێگرەوەی دیموکراسیی سەربەخۆ دروست دەبن کە وەڵامگۆی پێداویستییە ڕاستەقینەکان دەبن و نرخی هەر پڕوپاگەندەیەک کەم دەکاتەوە کە بەهانە بدۆزێتەوە گوایە پێویستە پەنا بۆ زەبروزەنگ و سەرکوت ببرێ لەپێناو پارێزگاریکردن لە سیستم و یاسا.

## بڵاوکردنەوەی بیرۆکەی هاوکارینەکردن

دەرککردنی گەل بە بیرۆکەی هاوکارینەکردن کارێکی پێویستە بۆ سەرکەوتنی هەڵمەتی گژبەریکردنی سیاسی دژ بە ڕێژیمە دیکتاتۆرییەکان. نموونەکەی "گەورەی مەیموونەکان" پیشانمان دەدا کە بیرۆکە بنچینەییەکە سادەیە، ئەویش ئەوەیە ئەگەر ژمارەیەکی پێویست لە شوێنکەوتووان، لەگەڵ بوونی سەرکوتینەوەیشدا، بۆ ماوەیەکی پێویست هاوکاریکردنیان ڕاگرت، ئەوا سیستمی سەرکوتینەوە و چەوساندنەوەکە لاواز دەبێ و هەرەس دێنێ.

ئەو گەلانەی لەژێر سایەی ڕێژیمەیلی دیکتاتۆریدا دەژین، لە چەندان سەرچاوەوە شارەزایی لە چەمکی هاوکارینەکردن پەیدا دەکەن، لەگەڵ ئەوەیشدا دەبێ هێزە دیموکراسیەکان کار بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم چەمکە بکەن لەڕێی بڵاوکردنەوەی چیرۆکی "گەورەی مەیموونەکان" یان هەر چیرۆکێکی ترەوە کە لێ تێگەیشتنی ئاسان بێ. کاتێ چەمکی هاوکارینەکردن دەبێتە باو، ئیتر خەڵک دەتوانن لە پێوەندیی ئەو بانگەشە داهاتووییانە بگەن کە داوای ڕاگرتنی هاوکاری دەکەن وەک هەنگاوێک دژ بە ڕێژیمە دیکتاتۆرییەکان، هەروەها دەتوانن خۆیان بەتەنیا چەندان نموونەی هاوکارینەکردن لە دۆخگەلی نوێدا دابهێنن.

ئەزموونە دیموکراسیەکان سەلماندوویانە دەکرێ هزر و هەواڵ و ڕێنوێنییەکانی هێزی بەرگری بڵاو بکرێنەوە، وێڕای ئەو سەختی و مەترسییانەی لە ڕەفتاری ڕێژیمە دیکتاتۆرییەکان لەو ڕووەوە دەکەونەوە. بۆ نموونە بەرگریکاران توانییان پێوەندی نەک تەنیا لەگەڵ چەند تاک تاکەیەکی خەڵک، بگرە لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر خەڵک ببەستن، ئەویش لەڕێی بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەیلی نایاسایی و بڵاوکراوە و کتێب و کاسێت و لە قۆناخی دواتریشدا کاسێتی ڤیدیۆیی، تەنانەت لە سەردەمی حوکمی نازییەت و شیوعیەتیشدا.

بوونی پلانێکی ستراتیجی دەرفەت دەرەخسێنێ بۆ ئامادە و بڵاوکردنەوەی ڕێنوێنیی گشتی بۆ بەرگریکاران، کە ئەو ڕێنوێنییانە ئاماژە بەو کێشە و بارودۆخانە دەکەن کە دەخوازن گەل بێتە دەنگ و پێڕەوی لە سیاسەتی هاوکارینەکردن بکا و لە چۆنیەتیی ئەنجامدانی ئاگەدار بێ. گەل تێ دەگا چۆن لە کێشە گرینگەکاندا ڕەفتار دەکا تەنانەت لە حاڵەتی پچڕانی دەرچوون یاخۆ وەرگرتنی هەندێ ڕێنوێنی لەنێوان سەرکردە دیموکراسیەکاندا. ئەو ڕێنوێنییانە هەروەها بەرچاوڕوونی لەبارەی ناسینەوەی "ڕێنوێنیی ساختە"ش دەستەبەر دەکا کە پۆلیسی سیاسی -کە مەبەستیەتی زیان بە ناوبانگی بزووتنەوە بەرگریکارەکە بگەیەنێ- دەری دەکا و دەیداتە پاڵ هێزی بەرگری.

## سەرکوتینەوە و ڕێگەکانی بەرەنگاریکردنی

پلاندانەرانی ستراتیجی ئەو ڕێوشوێن و شێوازە سەرکوتکەرانە هەڵدەسەنگێنن کە ڕێژیمە دیکتاتۆرییەکان لە بەرامبەر کارەکانی بەرگرییە دیموکراسیەکەدا پەنایان بۆ دەبەن، چونکە زانینی

چۆنیەتیی خۆڕاگری و بەرەنگاریکردنی ئەم ڕێوشوێن و شێوازانە یاخۆ زانینی چۆنیەتیی زیادکردنیان، بەبێ مل بۆ کەچکردنیان، کارێکی پێویستە. ئەم هەڵسەنگاندنە لە ڕووی تەکتیکەوە و لە هەلومەرجێکی تایبەتدا کار بۆ ئاگەدارکردنەوەی گەل و بەرگریکاران دەکا لە ڕێوشوێنە چاوەڕوانکراوەکانی سەرکوتینەوە، بەو هۆیەوە زانیارییان لەبارەی مەترسییەکانی بەشداریکردن لە بەرگریکردندا دەست دەکەوێ، ئەمە جگە لەوەی ئەم هەڵسەنگاندنە بوار دەڕەخسێنێ بۆ دابینکردنی چاودێریی پزیشکی بۆ ئەو کەسانەی لە ڕیزی بەرگریکاراندا لەکاتی هەڵمەتی سەرکوتینەوەیان لەلایەن حوکمڕانە دیکتاتۆرییەکانەوە بریندار دەبن.

ستراتیجکاران کارێکی باش دەکەن ئەگەر باسیان لە پرسی بەکارهێنانی ئەو تەکتیک و ڕێگەیانە کرد کە بەشداری دەکەن لە بەدیهێنانی ئامانجە دیاریکراوەکەی هەڵمەتەکە یاخۆ ڕزگاربوون، لە هەمان کاتیشدا سەرکوتکاری دژ بە بەرگریکارانی دیموکراسی کەم دەکاتەوە یان بەری پێ دەگرێ. بۆ نموونە خۆپیشاندان و ڕێپێوان دژی ڕێژیمە دیکتاتۆرییە نەگریسەکان شتێکی کاریگەرە، بەڵام لەوانەیە ژیانی هەزاران کەس بخاتە مەترسی. لەبەرامبەردا دەگونجێ مانەوە لە ماڵ و مانگرتن و هاوکارینەکرنی بەرفرەوان کە فەرمانبەرانی خزمەتی مەدەنی پێی هەڵدەستن، لە خۆپیشاندەکانیش کە ژیانی زۆر کەس دەخەنە مەترسی، کاریگەرتر بن.

هەندێ کەس دەڵێن کارەکانی بەرەنگاریکردنی ئالۆسکێن (استفزازی) کە تێیاندا زۆر کەس لەوانەیە بەر بکەون، بۆ ئامانجەیلی ستراتیجی پێویستە، بەڵام پێویستە قەبارەی بەرکەوتنەکان و ئەو دەسکەوتانەی دەکرێ بەدەست بێن ڕەچاو بکرێ. ئاخۆ خەڵک و بزاڤی بەرگری لەماوەی خەباتەکەدا، خۆگرانە و بەبێ بەکارهێنانی توندوتیژی ڕەفتار دەکەن؟ ئایا دەتوانن بەرگەی ئەو کارانە بگرن کە دیقەدیقەیان دەدا و هانیان دەدا بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی؟ دەبێ پلاندانەران ئەو ڕێوشوێنانە لەبەرچاو بگرن کە دەکرێ بەکار بێن بۆ پارێزگاریکردن لە خۆگریی ناتوندوتیژ لەگەڵ پارێزگاریکردن لە بەرگریکردن وێڕای ڕەفتارە دڕندانە و سەرشێتانەکان.

ئاخۆ ئەم ڕێوشوێنانە، کە بریتییە لە پەیمان و لێدوانەکانی سیاسییەکان و ئەو بڵاوکراوانەی داوای خۆگری دەکەن و داوا لە ڕێکخەرانی خۆپیشاندەرەکان دەکەن بایکۆتی ئەو کەس و گرووپانەی داوای بەکارهێنانی توندوتیژی دەکەن، بکەن کاریگەر دەبن؟ دەبێ سەرکردەکان چاوکراوە بن لە بوونی بەکرێگیراوانی ڕێژیمە دیکتاتۆرییەکە، کە خۆپیشاندەران بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی هان دەدەن.

### پابەندبوون بە پلانە ستراتیجیەکەوە

نابێ هێزەیلی دیموکرات بە جموجووڵە بچووکەکانەوە سەرقاڵ بکەن کە حوکمڕانە دیکتاتۆرەکان ئەنجامیان دەدەن بۆ دوورخستنەوەیان لە ستراتیجە سەرەکییەکە و ستراتیجی هەڵمەتە تایبەتەکە، کاتێ دانانی پلانە ستراتیجییەکە تەواو دەبێ.، لێرەشەوە دەبێ چڕکردن لەسەر هەندێ چالاکیی

گرینگ بێ: جگە لەوە نابێ رێگە بە سۆزە ساتییەکان بدەین کە پەرچەکردارن بۆ رەفتارەکانی رێژیمە دیکتاتۆرییە وەحشییەکان، رێڕەوی بەرگرییە دیموکراسییەکە بگۆرێ و بەئاقارێکی دوور لە ستراتیجە سەرەکییەکە یاخۆ ستراتیجی هەڵمەتەکەیدا ببا. ئامانجی رەفتارەکانی رێژیمە دیکتاتۆرەکان ئەوەیە هێزە دیموکراسیەکان ناچار بکەن بۆ دەستبەردار بوون لە پلانی خەباتی ناتوندوتیژ و بەکارهێنانی توندوتیژی، بەو هۆیەوە ئەو رێژیمانە پاساویان دەکەوێتە دەست بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی و تێکشکاندنی بەرگرییە دیموکراسییەکە بەئاسانی. بوونی شیکردنەوەی سیاسی دەرفەت دەداتە هێزە دیموکراسیەکان تا قۆناخ بە قۆناخ بۆ پێشەوە بچن. دیارە بە تەبیعەتی حاڵ گۆڕانکاری لە تەکتیک و ئامانجە خێراکاندا ڕوو دەدا، بەڵام سەرکردە چاکەکان دەتوانن هەموو هەلێک بقۆزنەوە. بەهەرحاڵ، ئەو گۆڕانانە ئامانجی ستراتیجە سەرەکییەکە یان هەڵمەتە تایبەتەکان نین و دەبێ بزانین جێبەجێکردنی شێنەییی ستراتیجە سەرەکییە دیاریکراوەکە و ستراتیجەکانی هەڵمەتە تایبەتەکان تا ڕادەیەکی زۆر بەشداری لە سەرکەوتندا دەکا.

## گژبەریکردنی سیاسی

ئەو ئەرکە بەراییيانەی لە حاڵەتەکانی هەستکردن بە لاوازی و ترسدا بە گەل دەسپێردرێن ئەرکی کەم مەترسین و کار بۆ دروستکردنی متمانە لەناو خەڵکدا دەکەن. ئەم جۆرە کارانە، وەک لەبەرکردنی جلوبەرگ بەشێوەیەکی نائاسایی، گوزارشت لە ڕایەکی نەیار دەکا و هەلی بەشداریکردنی بەرفرەوان لە کارەکانی ئۆپۆزسیۆندا دەداتە جەماوەر. لە هەندێ حاڵەتی تردا دەتوانین کاری بەکۆمەڵ چڕ بکەینە سەر پرسەیلی بچووکی ناسیاسی وەک دابینکردنی سەرچاوەی ئاو. پێویستە ستراتیجکاران کێشەیەک هەڵبژێرن کە فرە ناسراو بێ و ئاستەم بێ تایبەتمەندییەکانی ڕەت بکرێنەوە. سەرکەوتن لەم حاڵەتە سنووردارانەدا چارەسەری هەندێ ستەمکاریی دیاریکراو دەکات و لە هەمان کاتیشدا گەل هەست دەکا هێزی هەیە.

نابێ ستراتیجکارانی هەڵمەتەکان لە ململانە درێژخایەنەکاندا ئامانجیان ڕووخاندنی تەواوەتی و دەستبەجێی ڕێژیمە دیکتاتۆرەکە بێ، بگرە دەبێ چەند ئامانجێکی سنوورداریان هەبێ، هەروەک نابێ هەموو هەڵمەتەکان پێویست بە بەشداریکردنی هەموو کەرتەکانی هاووڵاتییان بکەن.

پێویستە ستراتیجکارانی گژبەری ئەوە لەبەرچاو بگرن کە چۆن هەڵمەتەکان لە سەرەتاکانیان و لە ناوەڕاست و هەروەها لەکاتی نێزیکبوونەوەی کۆتای خەباتە دوور و درێژەکەدا، لەیەک جیاوازن، ئەویش لەکاتی بیرکردنەوە لە زنجیرێک هەڵمەتی تایبەت بۆ جێبەجێکردنی ستراتیجە سەرەکییەکە.

## بەرگرییەکی هەڵبژێردراو

جێبەجێکردنی ژمارەیەک هەڵمەتی خاوەن ئامانجی تایبەت و جیاواز لە قۆناخە بەراییەکانی خەباتدا سوودی گەورەیان دەبێ، چونکە ئەم هەڵمەتە هەڵبژێردراوانە بەدوای یەکدا دێن و لەوانەیشە پێکداچوون لەنێوان کاتی دووان یاخۆ سیانیاندا ڕوو بدا.

گرینگە لەکاتی پلاندانان بۆ ستراتیجیەتی "بەرگرییەکی هەڵبژاردە"دا، ژمارەیەک پرس یان ستەمکاریی دیاریکراوی تایبەت دیاری بکرێن کە چەوساندنەوە گشتییەکەی ڕێژیمی دیکتاتۆری بەرجەستە دەکەن، بەشێوەیەک ئەو پرسانە وەک ئامانجگەلێکی گونجاو دەبن بۆ جێبەجێکردنی هەڵمەتەکان و بەدیهێنانی ئامانجگەلێکی ستراتیجیی مامناوەند لە چوارچێوەی ستراتیجە سەرەکییە گشتییەکەدا.

دەبێ ئەم ئامانجگەلە ستراتیجییە مامناوەندە لەڕێی ئەو هێزە بەردەستەی ئێستە و چاوەڕوانکراوەی بزاڤە دیموکراسییەکانەوە بەدەست بهێنرێ، ئەوەیش یارمەتیی مسۆگەرکردنی زنجیرێک سەرکەوتن دەدا کە ورە بەرز دەکاتەوە و لە مەودای دووری خەباتدا بەشداری لە گۆڕانی ڕوو لە زیادی پارسەنگی هێز لە بەرژەوەندیی هێزەیلی دیموکراسی دەکا.

پێویستە ستراتیجەکانی بەرگریی هەڵبژاردە یەکەم شت چڕ بکاتە سەر کێشە کۆمەڵایەتی، ئابووری یاخۆ سیاسییەکان، بەشێوەیەک بەشێک لە سیستەمە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکە دوور لە قەڵەمڕەوی دەسەڵاتدارە دیکتاتۆرەکە پارێزگاریی لێ بکرێ، یاخۆ دەسەڵات بەسەر بەشێک لەوەی حوکمڕانە دیکتاتۆرییەکان کۆنترۆڵیان کردووە بگێڕدرێتەوە، یان ڕێگە نەدرێ دەستیان بگاتە ئامانجێکی دیاریکراو. هەڵمەتی بەرگریی هەڵبژاردە وەک لەسەرەوە باسمان کرد، ئەگەر کرا دەبێ لە یەکێک یان زیاتری خاڵە لاوازەکانی دیکتاتۆریەت بدا، بەو شێوەیەش دیموکراتەکان بەبەکارهێنانی هێزی بەردەستیان گەورەترین کاریگەری بەدی دێنن.

ستراتیجکارەکان پێویستیان بەوەیە لانی کەم ستراتیجی هەڵمەتی یەکەم لە قۆناخێکی زوودا دابنێن، بەشێوەیەک ئەو پلانە کرۆکی ئامانجە دیاریکراوەکانی و چۆنیەتیی یارمەتیدانی بۆ بەدیهێنانی ستراتیجە سەرەکییە هەڵبژاردەکە لەخۆ بگرێ. وا ژیرانەترە هێڵە گشتییەکانی ستراتیجی هەردوو قۆناخی دووەم و سێیەم دابنرێن، بەشێوەیەک ئەم ستراتیجانە دەبێ ستراتیجە سەرەکییە هەڵبژاردەکە جێبەجێ بکەن، بە ڕێنوێنییە گشتییەکانیەوە.

## گژبەرییەکی ڕەمزی

کارە بەراییەکان لە قۆناخەکانی سەرەتای هەڵمەتی تێکوپێکشکاندنی سیستەمە حوکمڕانە دیکتاتۆرەکە، مۆرکێکی سیاسی و کورت مەودا وەردەگرن و وا دارێژراون ڕای گشتی لە ئەزموون

بدەن و کاری تێ بکەن و هاووڵاتییان بۆ خەباتێکی سەرەمرٍ لەڕێی هاوکارینەکردن و گژبەریکردنی سیاسییەوە ساز و ئامادە بکەن.

کارەیلی بەرایی هاوکارینەکردن و گژبەریکردنی سیاسی شێوەی نارەزاییگەلێکی ڕەمزی، یاخۆ هەندێ کاری ڕەمزی لە هاوکارینەکردنی سنووردار یاخۆ کاتی لەخۆ دەگرن. جا ئەگەر ژمارەی ئەو کەسانەی ئارەزووی کارکردن دەکەن بچووک بێ، ئەوا ئەو کارانە تەنیا بریتی دەبێ لە دانانی گوڵ لە هەندێ شوێنی خاوەن بایەخی ڕەمزی. ئەگەر ژمارەی ئەو کەسانەیش ئارەزووی بەشداریکردن دەکەن گەورە بێ، هەندێ کاری وەک ڕاگرتنی هەموو چالاکییەک بۆ ماوەی پێنج خولەک، یاخۆ بێدەنگی بۆ ماوەی چەند خولەکێک ئەنجام دەدرێن.

لە هەندێ حاڵەتی تردا ژمارەیەک کەس دەتوانن مان لە خواردن بگرن یاخۆ لە شوێنێکی ڕەمزیدا خەڵوەت بکێشن، یان قوتابییان بۆ ماوەیەکی کورت بایکۆتی وەرگرتنی وانەی خۆیان بکەن، یاخۆ لە نووسینگەیەکی گرینگدا پەناگیری. توندترینی ئەم جۆرە کارانە بە ڕەفتاری سەرکوتکەرانەی بەهێز وەڵام دەدرێنەوە.

هەندێ کاری ڕەمزی، وەک پەناگیری لەبەردەم کۆشکی حوکمڕانە دیکتاتۆرەکە یاخۆ بارەگەکانی پۆلیسی سیاسی، مەترسیی زۆری تێدایە و وا چاکە لە سەرەتای هەڵمەتەکەدا پەنای بۆ نەبرێ.

وا باوە نارەزایی دەربڕینە ڕەمزییە بەراییەکان بایەخێکی جیهانییان پێ دەدرێ، وەک خۆپیشاندانە جەماوەرییەکان لە بۆرما لە ساڵی ١٩٨٨، هەروەها ئەو دەست بەسەرداگرتن و مانگرتن لە خواردنەی قوتابییان لە گۆڕەپانی تیانانمین لە بەکین لە ساڵی ١٩٨٩ ئەنجامیان دا. ژمارەی زۆری ئەو خۆپیشاندەرانەی لە هەردوو حاڵەتەکەدا بەرکەوتن، ئاماژە بەوە دەکا کە پێویستە ستراتیجکارەکان چەندە بە وردی پلان بۆ هەڵمەتەکان دابنێن، چونکە وێڕای جێکەوتی گەورەی ئەخلاقی و دەروونیی ئەم کارانە، بەڵام ناتوانن ڕێژیمە دیکتاتۆرییەکان لەناو بەرن، بەڵکو زیاتر وەک شتێکی ڕەمزی دەمێننەوە و گۆڕانکارییەک لە سەنتەری هێزی ڕێژیمە دیکتاتۆرییەکاندا ناهێننە کایە.

لە قۆناخە بەراییەکانی خەباتدا، ئاستەمە بەتەواوی و بەخێرایی جیاوازی لەنێوان سەرچاوەکانی هێزی ڕێژیمە دیکتاتۆرییەکەدا بکرێ، چونکە ئەمە دەخوازێ هەموو گەل و هەموو دامەزراوەکانی کۆمەڵگە، کە لە ڕابردوودا تا ڕادەیەکی زۆر ملکەچ بووە- لەڕێی هاوکارینەکردنی جەماوەریی بەرفرەوانەوە ڕێژیمەکە بەتەواوی ڕەت بکەنەوە و لەپڕ دەست بدەنە گژبەریکردنی. ئەمە هێشتا ڕووی نەداوە، بەدیهێنانیشی ئاستەمە، هەر بۆیە بوونی هەڵمەتێکی خێرای هاوکارینەکردنی تەواوەتی و گژبەریکردن، لە ڕووی ستراتیجیەوە بۆ هەڵمەتێک کە لە قۆناخە بەراییەکانیدا بێ دژی ڕێژیمێکی دیکتاتۆری، واقیعی نییە.

## بڵاوکردنەوەی بەرپرسیارێتی

لەکاتی جێبەجێکردنی هەڵمەتێکی دیاریکراوی بەرگریدا، قورسایی خەبات دەکەوێتە ئەستۆی کەرتێک یاخۆ زیاتری هاووڵاتییان، ئەنجا لە قۆناخی داهاتووی هەڵمەتەکانی خەباتدا بارەکە بۆ ئەستۆی هەندێ گرووپی تر دەگوازرێتەوە. بۆ نموونە، قوتابییان دژی هەندێ کێشەی فێرکاری مانگرتنی نارەزایی ئەنجام دەدەن، سەرکردەیلی ئاینی و بڕواداران چڕ دەکەنە سەر پرسی ئازادییە ئاینییەکان، کرێکارانی هێڵی ئاسن بە وردی چاودێریی ڕێوشوێنەکانی سلامەتی دەکەن تا جووڵەی شەمەندەفەرەکان هێواش بکەن، ڕۆژنامەنووسانیش لەڕێی بڵاوکردنەوەی لاپەڕەی سپی لەبری وتارە قەدەخەکان گژبەریی سانسۆری حکوومەت دەکەن، کۆمپانیای پێوەندیریش ڕاپۆرت لەبارەی شکستهێنانی لە دۆزینەوە و دەستگیرکردنی کەسانی داواکراوی سەر بە ئۆپۆزسیۆنی دیموکراسی پێشکێش دەکا. دابەشکردنی هەڵمەتەکانی بەرگری، بەپێی جۆری کێشەکە و هەروەها بەپێی گرووپەکانی دانیشتووان، دەرفەتی حەوانەوە دەداتە چەند بەشێک لە هاووڵاتییان لەو کاتەی بەرگریکردن بەردەوامە.

بەرگریی هەڵبژاردە بایەخێکی تایبەتی هەیە لە بەرگریکردن لە بوون و سەربەخۆییی گرووپ و دامەزراوە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییەکان لە دەرەوەی بازنەی دەسەڵاتی ڕژیمە دیکتاتۆرییەکە (لە لاپەڕەکانی ڕابردوودا بە کورتی تاوتوێ کراوە). ئەم ناوەندانەی هێز بنکە دامەزراوەییەکان دروست دەکەن کە هاووڵاتییان بەهۆیانەوە دەتوانن گوشار بکەن یاخۆ بەرەنگاریی دەسەڵاتی دیکتاتۆری بکەن. کەواتە هیچ سەیر نییە لێدانی ئەم ناوەندانەی هێز لە یەکەمین ئامانجەکانی ڕژێمی دیکتاتۆری بن.

## سێرەگرتن لە هێزی دیکتاتۆر

پێویستە ستراتیجکارەکان خۆیان ساز بکەن بۆ بەستنەوەی سەرچاوەکانی هێزی حوکمڕانە دیکتاتۆرییەکان کاتێ خەباتەکە پەرە دەسێنێ بۆ پاش ستراتیجە بەرایییەکان و دەگوازرێتەوە بۆ قۆناخەیلی پێشکەوتووی خاوەن چاوەڕوانیی زیاتر، بەشێوەیەک ئامانج بریتی بێ لە بەکارهێنانی هاوکارینەکردنی جەماوەری بۆ هێنانەکایەی دۆخێکی ستراتیجی کە لە بەرژەوەندیی هێزە دیموکراسیەکان بێ.

ستراتیجکاران کار دەکەن بۆ بەرنامەڕێژیکردن بۆ ئەنجامدانی هاوکارینەکردنی زیاتر و نوێکردنەوەی خواستدار بەمەبەستی بڕینی سەرچاوەکانی هێزی دەسەڵاتە دیکتاتۆرییەکە لەو کاتەی بەرگرییە دیموکراسیەکە هێز پەیدا دەکا، بەشێوەیەک ئامانج زیادکردنی فەلەجکردنی سیاسی و لە کۆتاشدا هەڵتەکاندنی خودی ڕژیمە دیکتاتۆرەکە بێ.

لەکاتی پلاندانان بۆ چۆنیەتیی کارکردنی هێزە دیموکراسیەکان پێویست بە وریایی و ئاگاداری

دەکا، ئەویش بەمەبەستی لاوازکردنی ئەو پاڵپشتیەی لە ڕابردوودا خەڵک و گرووپەکان پێشکێشی ڕێژیمە دیکتاتۆرەکەیان کردووە. ئاخۆ پەردەلادان لەسەر ڕەفتارە هەمەجیەکانی ڕێژیم پاڵپشتیی خەڵک لەو ڕێژیمە کەم دەکاتەوە و ئایا دەتوانرێ دیکتاتۆریەت لەڕێی ئاشکراکردنی ئەو کارەساتانەی لە سیاسەتە ئابوورییەکانی کەوتوونەتەوە، یان لەڕێی تێگەیشتنێکی نوێوە بێتە ڕووخان؟ دەبێ هانی لایەنگرانی ڕێژیمی دیکتاتۆری بدرێ لە چالاکیەکانیاندا لانی کەم بێلایەن بن، باشتریش وایە لایەنگری کارای بزووتنەوە دیموکراسیەکە بن.

لەکاتی پلاندانان و جێبەجێکردنی گژبەریی سیاسی و هاوکارینەکردندا، دەبێ چڕ بکرێتە سەر لایەنگر و یاریدەدەرانی حوکمڕانە دیکتاتۆرییەکان، لەوانە گرووپی حوکمڕانە دیکتاتۆرییە ناوەخۆییەکان و حزبە سیاسییەکەیان و پۆلیس و بیرۆکراتەکان، چڕکردن بەتایبەتیش بکرێتە سەر سوپا.

دەبێ هەڵسەنگاندێک بۆ ڕادەی لابەندیی سوپا (سەرباز و ئەفسەران) بۆ ڕێژیمی دیکتاتۆری بکرێ، ئەنجا دیاری بکرێ ئاخۆ دەکرێ هێزە سەربازییەکان بکەونە ژێر کاریگەریی هێزە دیموکراسیەکان. ئایا ژمارەی ئەو سەرباز و ئەفسەرانەی ناڕازین و دەترسن زۆرن؟ ئاخۆ دەکرێ ژمارەیەکی زۆر سەرباز و ئەفسەر لەبەر هۆیەلی کەسی و بنەماڵەیی و سیاسی لە ڕێژیم دوور بخرێنەوە؟ ئەو هۆکارانەی تر چین وا دەکەن سەرباز و ئەفسەران بکەونە بەر گۆڕانی دیموکراسی؟

دەبێ لە قۆناخە بەراییەکانی خەباتی ڕزگاریخوازیدا ستراتیجێکی تایبەت دابنرێ بۆ پێوەندیکردن لەگەڵ سەرباز و فەرمانبەرانی دەسەڵاتی دیکتاتۆری، ئەویش لەڕێی ئەو وشە و هێما و کارانەی هێزەیلی دیموکراسی دەتوانن بە سەربازەکانی ڕابگەیەنن کە خەباتی ڕزگاریخواز توند و چارەنووسساز و بەردەوام دەبێ. پێویستە سەربازان بزانن خەبات تایبەتمەندیی خۆی هەیە و سوورە لەسەر ڕووخاندنی دیکتاتۆریەت و هەڕەشە بۆ سەر ژیانی سەربازان دروست ناکا. ئامانجی بالایش لەو کۆششانە شکاندنی ورەی سەربازان و لەوێشەوە گۆڕینی لابەندی و گوێڕایەڵییانە لە بەرژەوەندیی بزاڤە دیموکراسییەکە. دەکرێ ستراتیجی نوێ بۆ بادانەوەی پۆلیس و فەرمانبەرانی حکوومەتیش ئاراستە بکرێ.

دەبێ هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی هاوسۆزی و هاندان بۆ یاخیبوون لەنێو هێزەکانی ڕێژیمدا بەوە لێک نەدرێتەوە کە ئەوە هاندانی هێزە سەربازییەکانە بۆ دەستکردنەوە و لەناوبردنی خێرای ڕێژیمە دیکتاتۆرییەکان لەڕێی کودەتایەکی سەربازییەوە، چونکە ئەم جۆرە کارە دیموکراسیەتێکی کردەیی ناچەسپێنێ، هەروەک کودەتاکردنیش بەسەر ڕێژیمی دەسەڵاتداردا چارەسەری پێوەندیەلی هێز لەنێوان گەل و دەسەڵاتداران ناکا، هەر بۆیە پێویستە پلان دابنرێ بۆ چۆنیەتیی کارکردن لەسەر قایلکردنی ئەفسەرە سەربازییە هاوسۆزەکان بەوەی پێویست بە ئەنجامدانی کودەتای سەربازی یاخۆ بەرپاکردنی شەڕێکی مەدەنی دژی دیکتاتۆریەت ناکا.

ئەفسەرە هاوسۆزەکان دەتوانن ڕۆڵێکی زیندوو لە خەباتی دیموکراسیدا ببینن، وەک بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی کێشانەوەی لابەندی و هاوکارینەکردن لەنێو هێزەکانی سوپادا، هاندانی ناکارایی بەئەنقەست، پشتگوێخستنی فەرمانەکان و پشتگیریکردنی ڕەتکردنەوەی سەرکوتینەوە. سەربازییەکان هەروەها دەتوانن شێوەی جیاواز لە یارمەتیی ناتوندوتژ پێشکێشی بزاڤە دیموکراسیەکە بکەن، وەک دابینکردنی ڕێڕەوێکی ئارام، زانیاری و خواردن و پێداویستیی پزیشکی و شتی لەو شێوەیە.

سوپا بە یەکێک لە سەرچاوە گرینگەکانی حوکمڕانە دیکتاتۆرییەکان دادەنرێ، چونکە دەتوانێ یەکە سەربازییەکان و چەکەکانیان ڕاستەوخۆ بقۆزێتەوە بۆ پەلاماردان و سزادانی گەلی یاخی. دەبێ ستراتیجکارانی گژبەریکردن لەبیریان نەچێ کە ئاستەم، یان مەحاڵ دەبێ، چۆک بە دیکتاتۆریەت دابدرێ ئەگەر بێت و هێزەکانی پۆلیس و تۆڕی فەرمانبەرانی دەوڵەت و هێزە سەربازییەکان پاڵپشتیی تەواو لە دیکتاتۆریەت بکەن و گوێڕایەڵی فەرمانەکانی بن، هەر بۆیە ئەرکی ستراتیجکارە دیموکراسیەکانە گرینگیی یەکەم بە ستراتیجێک بدەن کە کار لەسەر گۆڕینی لابەندیی هێزەکانی ڕێژیمی دیکتاتۆری بکا.

دەبێ هێزە دیموکراسیەکان ئەوەیان لەبیر بێ کە کێشانەوەی لابەندی و یاخیبوون لەنێو هێزە سەربازییەکاندا زۆر مەترسیدارە بۆ سەر ئەندامانی ئەو هێزانە، چونکە پۆلیس و سوپا بە قورسی سزا دەدرێن ئەگەر هاتوو هەر کارێکیان کرد پێچەوانەی ئەو فەرمانانە بوو کە ئاراستەیان کراون و لێیان یاخی بوون. پێویستە داوا لە سەرباز و ئەفسەرەکان نەکەن ڕاستەوخۆ یاخی ببن، لەبری ئەوە دەکرێ هێڵی پێوەندییان لەگەڵ بکەینەوە و ڕوونی بکەینەوە کە چەندان شێوەی ئەمنیی ڕێژەیی لە "یاخیبوونی شاراوە" هەیە کە دەکرێ بیکەن. بۆ نموونە پۆلیس و سوپا دەتوانن ئەو ڕێنوێنییانە جێبەجێ بکەن کە پێوەندییان بە سەرکوتینەوەوە هەیە، بەڵام بەشێوەیەکی ناکارا، یان بانگەشەی نەدۆزینەوەی داواکراوان بکەن، یاخۆ بەرگریکاران ئاگەدار بکەنەوە تا لەو سەرکوتینەوە و گرتن و دوورخستنەوەی پلانیان بۆ دانراوە خۆیان ببوێرن، هەروەها نەگەیاندنی زانیاریی گرینگ بە ئەفسەرانی سەرووتر. هەروەها ئەفسەران دەتوانن تێپەڕاندنی فەرمانەکانی سەرکوتینەوە بەپێی پلەبەندیی فەرمانەکان پشتگوێ بخەن. سەربازان دەتوانن تەقە بەسەر خۆپیشاندەراندا بکەن، فەرمانبەرانی حکوومەت دەتوانن هەندێ فایل و ڕێنوێنی شوێنبزر بکەن، بە ناکارایی کار بکەن، یان خۆیان نەخۆش بخەن تا لە ماڵ بمێننەوە.

### بادانەوەکان لە ستراتیجدا

ستراتیجکارانی گژبەریی سیاسیی بەردەوام هەڵسەنگاندن بۆ چۆنیەتیی جێبەجێکردنی ستراتیجە سەرەکییەکە و ستراتیجەکانی هەڵمەتە تایبەتەکان دەکەن، چونکە شیمانەی ئەوە هەیە خەباتەکە بەو پێیەی چاوەڕوان دەکرێ بەڕێوە نەچێ، بۆیە دەبێ گۆڕانە پێویستەکان لە

ستراتیجەکەدا بکرێن. دەتوانین چی بکەین بۆ زیادکردنی توانی بزاوەکە بۆ گرتنەدەستی جڵەوی دەستپێشخەری؟ لەم حاڵەتەدا گرینگە کێشەکە دیاری بکرێ و هەڵسەنگاندنێکی ستراتیجی ئەنجام بدرێ و دوور نییە پێویست بکا بەرسیاریەتیی خەبات بۆ گرووپێکی تری دانیشتووان بێتە گواستنەوە و سەرچاوەی نوێی هێز کۆ بکرێتەوە و ڕێڕەوی نوێ بۆ کارکردن پەرە پێ بدرێ. پاش لێبوونەوە لەم کارە، یەکبین دەست بە جێبەجێکردنی پلانە نوێیەکە دەکرێ.

لە بەرامبەردا، هێزەیلی دیموکراسی چۆن دەتوانن سوودە چاوەڕواننەکراوەکان بقۆزنەوە و هەنگاو بەرەو چۆکشکاندنی دیکتاتۆریەت بنرێ ئەگەر خەباتەکە باشتر لەوەی چاوەڕوان دەکرا چووە پێش و دیکتاتۆریەت هەر زوو دەستی بە داڕووخان کرد؟ ئەمە پاشتر وەڵامی دەدەینەوە.

## لەبەریەک هەڵتەکاندنی ڕیژیمی دیکتاتۆر

کاریگەریی کەڵەکەبوو کە لە ئەنجامی چەند هەڵمەتێکی گژبەریکردنی سیاسیی سەرکەوتوو کە بەباشی جێبەجێ کراون، دەکەوێتەوە، بەرگری بەهێز دەکات و هەندێ بوار لە کۆمەڵگەدا دروست و فرەوان دەکا کە تێیدا ڕووبەڕووی دیکتاتۆریەت دەبێتەوە. ئەم هەڵمەتانە ئەزموونێکی گرینگ لە چۆنیەتیی ڕەتکردنەوەی هاوکاری و پێشکێشکردنی گژبەریی سیاسی دەستەبەر دەکا. ئەم شارەزایییە کەڵکێکی زۆری دەبێ کاتێ وەختی هاوکارینەکردن و گژبەری لەسەر ئاستی جەماوەری دێتە پێش.

وەک پێشتر باسمان کرد، گوێڕایەڵی و هاوکاریکردن و خۆبەدەستەوەدان کاریەلێکی بایەخدارن ئەگەر دیکتاتۆرەکان بیانەوێ بەهێز بن، چونکە بەبێ دەسکەوتنی سەرچاوەکانی هێزی سیاسی هێزی حوکمڕانە دیکتاتۆرەکان لاواز دەبێ و ئەنجا هەرەس دێنێ. کێشانەوەی پاڵپشتی گرینگترین کارە کە پێویستە بکرێ بۆ شەقوپەقکردنی دیکتاتۆریەت. گرینگیشە لەوە بکۆڵرێتەوە کە چۆن چۆنی دەتوانرێ لەڕێی گژبەریکردنی سیاسییەوە کار لە سەرچاوەکانی هێز بکرێ؟

کارەکانی ڕەتکردنەوەی ڕەمزی و گژبەریکردن لەو شێوازە بەردەستانەن کە دەسەڵاتی ئەخلاقی و سیاسیی ڕیژیمی دیکتاتۆر و لەوێشەوە شەرعییەتی لەبەین دەبا، چونکە ڕیژیم هێز و دەسەڵاتی خۆی لەو گوێڕایەڵی و هاوکاریکردنەی بەدەستی دێنێ، وەردەگرێ. لەڕێی ئەو کارەی هەڕەشەیەکی مەترسیدار لە بوونی دیکتاتۆریەت دەکا، گوزارشت لە ڕەتکردنەوەی ئەخلاقییانەی حوکمی دیکتاتۆری دەکەین. برینی سەرچاوەکانی تری هێزی ڕیژیمی دەسەڵاتداردا پێویست بە کێشانەوەی هاوکاری و گوێڕایەڵی لە ڕیژیم دەکا.

سەرچاوەی گرینگی دووەم بریتییە لە سەرچاوە مرۆییەکان، واتە ژمارە و گرینگیی ئەو کەس و گرووپانەی گوێڕایەڵی و هاوکاریی دەسەڵاتداران یاخۆ پشتیوانییان دەکەن. کاتێ لەلایەن چەندان کەرتی گەورەی دانیشتووانەوە هاوکارینەکردن ئەنجام دەدرێ، ئەوە دەبێتە مەترسییەکی گەورە بۆ

سەر ڕێژیمی دەسەڵاتدار، بۆ وێنە ئەگەر فەرمانبەرانی حکوومەت بە توانی ئاسایی خۆیان لە کار وەستان، یان تەنانەت ئەگەر لە ماڵەکانیان مانەوە، ئەوە زیانی گەورە بە داوودەزگە ئیدارییەکان دەگا.

خۆ ئەگەر لەنێو ئەو کەس و گرووپانەی هاوکاریکردن ڕادەگرن کەسانێک هەبن پێشتر پسپۆڕی و شارەزایی خۆیان خستبێتە خزمەتی حکوومەت، ئەوا حوکمڕانە دیکتاتۆرەکان دەکەونە دۆخێک هەست دەکەن توانیان بۆ جێبەجێکردنی ئەوەی دەیانەوێ بەشێوەیەکی ترسناک لاواز بووە، تەنانەت توانیان بۆ وەرگرتنی بڕیاری دروست و پەرەپێدانی سیاسەتی کارایش لاواز دەبێ. دانیشتووان وایان لێ دێ زیاتر خولیای یاخیبوون و هاوکارینەکردن دەکەوێتە سەریان کاتێ ئەو کاریگەرییە دەروونی و هزرییانەی (بە هۆکارە نابەرچاوەکان ناو دەبرێن) وا باوە خەڵک بۆ گوێڕایەڵیکردن و یارمەتیدانی دەسەڵاتداران هان دەدەن، لاواز دەبن یاخۆ دەگۆڕێن.

دەستگەیشتنی حوکمڕانە دیکتاتۆرییەکان بە سەرچاوەیل دارایی ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر هێزیان دەبێ. کاتێ هێزە دیموکراسییەکان دەست دەگرن بەسەر سەرچاوە داراییەکان و سیستمی ئابووری و موڵکەکان و سەرچاوە سرووشتیەکان و هاتوچۆ و ئامرازەکانی پێوەندیکردن، سەرچاوەیەکی گەورە لە سەرچاوەکانی هێزی حوکمڕانە دیکتاتۆرییەکان ڕوو لە نەمان دەکا. ئەمە جگە لەوەی مانگرتن و زیادبوونی سەربەخۆیی و دەستگرتن بەسەر میدیا و ئامرازەکانی گەیاندندا ڕێژیمی دەسەڵاتدار لاواز دەکا.

وەک پێشوەخت گوتمان، توانی دەسەڵاتدارانی دیکتاتۆری بۆ هەڕەشەکردن و سزادانی ئەو خەڵکانەی لێی هار و یاخی بوون و هاوکاریی ناکەن، سەرچاوەی سەرەکیی هێزی ئەو دەسەڵاتدارانەیە، ئەو سەرچاوەیەش بە دوو ڕێگە لاواز دەکرێ: یەکەم، ئەگەر هاوولاتییان وەک لە حاڵەتی شەڕدا، ئامادە بن -وەک باجی گژبەریکردن- سەرکێشی بە ڕوودانی ئاکامی مەترسیدارەوە بکەن (واتە چەوساندنەوەی خەڵک گوێڕایەڵیی پێویست بۆ دەسەڵاتداران مسۆگەر ناکا). دووەم، ئەگەر پۆلیس و هێزە سەربازییەکان بە تاک تاک بێ یان بە گەل، لابەندیی خۆیان بکێشنەوە، یان خۆبواردن یاخۆ ڕەتکردنەوەی جێبەجێکردنی فەرمانەکانی دەستگیرکردن، لێدان یاخۆ تەقەکردن لە بەرگریکاران. کاتێ حوکمڕانە دیکتاتۆرییەکان نەتوانن بۆ سەرکوتینەوە پشت بە پۆلیس و هێزەیل سەربازی ببەستن، ئەو کاتە دیکتاتۆریەت دەکەوێتە بەردەم هەڕەشەیەکی مەترسیدار.

بەکورتی، سەرکەوتنی کارکردن دژی دیکتاتۆریەتێکی ڕیشەداکوتاو پێویستی بە بەرتەسککردنەوە یاخۆ نەهێشتنی سەرچاوەکانی هێزی ڕێژیمەکە دەبێ لەڕێی هاوکارینەکردن و گژبەریکردنەوە. بەبێ زەخیرەوەرگرتنی سەرەمڕ لە سەرچاوە پێویستەکانی هێز، دیکتاتۆریەت لاواز دەبێ و ئەنجا دادەڕوخێ. هەر بۆیە پلاندانانی ستراتیجیی زرنگانە بۆ گژبەریکردنی سیاسی دژ بە ڕێژیمە دیکتاتۆرییەکان، پێویست بە سێرەگرتن لە گرینگترین سەرچاوەکانی هێزی حوکمڕانە دیکتاتۆرییەکان دەکا.

## هەڵایسانی ئازادی

گەشەی دامەزراوە کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیری و سیاسییەکان لە "کایەیەکی دیموکراسی" لە کۆمەڵگەدا زیاد دەکا. هەروەها دەسەڵاتی ڕێژیمگەلی دیکتاتۆری لەڕێی ئەنجامدانی گژبەریی سیاسی لە قۆناخی بەرگریی هەڵبژاردەدا بەرتەسک دەبێتەوە. کاتێ دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بە بەراورد بە دیکتاتۆریەت بەهێزتر دەبن، هاووڵاتییان سەرقاڵ دەبن بە بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی سەربەخۆ لە دەرەوەی چوارچێوەی دەسەڵاتی حوکمڕانە دیکتاتۆرییەکان. لە بارێکدا دیکتاتۆریەت بۆ وەستاندنی "هەڵایسانی ئازادی" دەست وەر بدا، دەتوانرێ شێوازی هاوکارینەکردن بەکار بێ بۆ بەرگریکردن لە کایە دیموکراسییە بەدەستهاتووەکە و بە "بەرە"یەکی تری خەبات بەرەنگاری دیکتاتۆریەت ببێتەوە.

ئەم کارە هاوبەشە لە نێوان بەرگری و بنیاتنانی دامەزراوەکان سەردەکێشی بۆ ئازادییەکی ڕاستەقینە، ئەویش هەرەسهێنانی دیکتاتۆرییەت و بنیاتنانی دیموکراسیەتێکی ڕەسمی دەکاتە ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگر، لەبەرئەوەی پارسەنگی هێز لە کۆمەڵگەدا بەتەواوی گۆڕاوە.

پۆڵەندا لە هەردوو ساڵی ١٩٧٠ و ١٩٨٠ باشترین نموونەیە لەسەر گێڕانەوەی کۆمەڵگە و دامەزراوەکان لەلایەن هێزی بەرگرییەوە، کەنیسەی کاتۆلیک لە پۆڵەندا تووشی چەوساندنەوە هات، بەڵام هەگیز بەتەواوی لە ژێر دەسەڵاتی شیوعیەتدا نەبووە. لە ساڵی ١٩٧٦ ژمارەیەک بیرمەند و کرێکار چەند گرووپێکیان پێک هێنا وەک لێژنەی بەرگری لە کرێکاران بۆ پەرەپێدانی هزری سیاسی، پاشتر سەندیکای "هاوکاری" هێز و توانی خۆی بۆ جێبەجێکردنی مانگرتنی کاریگەر سەلماند و توانیی ساڵی ١٩٨٠ یاساییبوونی خۆی بسەپێنی.

هەروەها جووتیاران و قوتابییان و ژمارەیەکی زۆر گرووپی تر چەند ڕێکخراوێکی سەربەخۆیان دامەزراند، کاتی شیوعییەکان زانییان ئەم گرووپانە پارسەنگی هێزیان گۆڕیوە بزاڤی هاوکارییان قەدەخە کرد و گەڕانەوە بۆ حوکمی سەربازی.

وێڕای سەپاندنی حوکمی سەربازی و هەڵمەتی گرتن و سەپاندنی سزای سەخت، دامەزراوە سەربەخۆکانی کۆمەڵگە لە پۆڵەندا لە کارکردن بەردەوام بوون. دەیان ڕۆژنامە و کۆواری نایاسایی لە دەرچوون بەردەوام بوون و خانە نایاساییەکانی بڵاوکردنەوە ساڵانە سەدان کتێبیان بڵاو دەکردەوە، نووسەرە بەناوبانگەکان بایکۆتی بڵاوکراوە شیوعییەکان و خانەکانی بڵاوکردنەوەی حکومییان کرد، هەروەها چەندان چالاکیی هاوشێوە لە بەشەکانی تری کۆمەڵگەدا بەردەوام بوون.

حکوومەتی سەربازیی شیوعی لەژێر سایەی حوکمی سەربازیی "یروزلسکی"دا لە قۆناخێک لە قۆناخەکاندا بەوە وەسف دەکرا کە لە لووتکەی کۆمەڵگەدا وەستاوە، فەرمانبەرە ڕەسمییەکان نووسینگە و باڵەخانەکانی حکوومەتیان داگیر کرد و ڕێژیمی دەسەڵاتدار دەیتوانی لەڕێی جێبەجێکردنی سزاکان و گرتن و دەستبەسەرداگرتنی چاپکراوەکانەوە لە دڵی کۆمەڵگە بدا، بەڵام

دیکتاتۆریەت نەیتوانی دەست بەسەر کۆمەڵگەدا بگرێ، لەم ڕوانگەوە لەناوبردنی ڕێژیمی دەسەڵاتدار تەنیا پێوەندیی بە کاتەوە هەبوو.

ئەگەری ئەوە هەیە "حکوومەتێکی دیموکراسیی تەریب" بێتە دامەزراندن کاتێ دیکتاتۆریەت سەنتەرەکانی حکوومەت کۆنترۆڵ دەکا، ئەم حکوومەتە بە ئەرکی خۆی هەڵدەستێ و لابەندی و پابەندبوون و هاوکاریی هاووڵاتییان و دامەزراوەکانی کۆمەڵگە بەدەست دێنێ و بەو هۆیەشەوە دەسەڵاتدارانی دیکتاتۆری لە تایبەتمەندییەکانی حوکمڕانی بێبەش دەکا و حکوومەتە دیموکراسییە تەریبەکە بەتەواوی جێگەی حوکمە دیکتاتۆرییەکە دەگرێتەوە، بەوەیش بەشێک لە گۆڕان بۆ سیستمی دیموکراسی جێبەجێ دەکا، کاتێکیش وەختی خۆی دێ، وەک بەشێک لەو گۆڕانکارییە یاسای ئەنجامدانی هەڵبژاردن پەسند دەکرێ.

## لەبەریەک هەڵتەکاندنی ڕێژیمی دیکتاتۆر

بزاڤی گژبەریکردن و هاوکارینەکردن هەڵدەکشێ لەوکاتەی گۆڕانی دامەزراوەیی کۆمەڵگە لەکاردایە، هەر بۆیە لەسەر ستراتیجکارانی هێزە دەموکراسیەکان پێویستە لە قۆناخێکی زوودا بیر لەوە بکەنەوە کە ڕۆژێک دی قۆناخی بەرگریی هەڵبژاردە تێ دەپەڕێن و گژبەرییەکی جەماوەری دەست پێ دەکەن. دامەزراندن و فرەوانکردنی توانی بەرگری پێویستی بە کات هەیە، هەروەها پەرەپێدانی گژبەریی جەماوەری بەر لە ڕوودانی پێویستی بە چەند ساڵێک هەیە. بۆیە پێویستە لەم ماوە ڕاگوزەرەدا چەند هەڵمەتێکی بەرگریی هەڵبژادەی خاوەن ئامانجی سیاسی دەست پێ بکرێ، کە ژمارەیەکی زۆر لە چین و توێژەکانی هاووڵاتییان بەشدارییان تێدا بکەن. خاڵە لاوازەکانی دیکتاتۆری ڕوونتر دەبن کاتێ گژبەرییەکی سیاسیی دامەزراو و بەردەوام هەبێ، کە لە هەڵایسانی چالاکییەکاندا خۆی دەنوێنێ.

گژبەریی سیاسیی بەهێز کە شان بەشان لەگەڵ بنیاتنانی کۆمەڵێ دامەزراوەی سەربەخۆدا کار دەکا، دەبێتە مایەی سەرنج ڕاکێشانێکی ناودەوڵەتیی فرەوان لە بەرژەوەندیی هێزە دیموکراسیەکان، هاوکات سەرکۆنەکردنێکی دیپلۆماسیی ناودەوڵەتی و بایکۆتکردن و گەمارۆی دژی ڕێژیم لێ دەکەوێتەوە کە پاڵپشتی هێزە دیموکرسیەکان دەکا، وەک لە پۆڵەندا ڕووی دا.

دەبێ ستراتیجکارەکان بزانن لە هەندێ حاڵەتدا دیکتاتۆریەت زۆر بە خێرایی هەرەسی هێناوە، وەک لە ساڵی ۱۹۸۹ لە ئەڵمانیای ڕۆژهەلاتدا ڕووی دا، ئەویش بەهۆی بڕینی بەشی زۆری سەرچاوەکانی هێز لە ئەنجامی شۆڕش و ڕاپەڕینی هاووڵاتییان بەگشتی دژ بە دیکتاتۆریەت، بەڵام ئەم نموونەیە بە دەگمەن ڕوو دەدا وا باشترە پلان و خەباتێکی دوورمەودا دابنرێ (لەگەڵ ئامادەکاری بۆ خەباتێکی کورت).

پێویستە ئاهەنگ بۆ ئەو سەرکەوتنانە ساز بکرێ کە لە خەباتی ڕزگاریخوازیدا بەدەست دێن، تەنانەت لە پرسە بچووکەکانیشدا، چونکە پێویستە دان بەچاکەی ئەوانەدا بنرێ کە سەرکەوتن

بەدی دێنن. ئاهەنگگێڕان لەگەڵ وریایی و ئاگەداریدا، یارمەتیی پاراستنی ئەو ورەبەرزییە دەدا کە بۆ قۆناخەکانی داهاتووی خەبات پێویستە.

## چارەسەرکردنی سەرکەوتن بەشێوەیەکی بەرپرسانە

لەسەر پلاندانەرانی ستراتیجی سەرەکی پێویستە پێشوەخت ئامادەکاری بکەن بۆ دۆزینەوەی باشترین ڕێگەی بەردەست بۆ کۆتاهێنان بە خەباتە سەرکەوتووەکە، ئەوەیش لەپێناو بەرگرتن لە سەرهەڵدانی دیکتاتۆریەتێکی نوێ و مسۆگەرکردنی دروستبوونی شێنەیی سیستمێکی بەهێزی دیموکراسی. پێویستە دیموکراتەکان خۆیان بۆ چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ گۆڕان لە دیکتاتۆریەتەوە بۆ حکوومەتی کاتی لە کۆتای خەباتەکەدا ئامادە بکەن. لەو کاتەدا وا باشە حکوومەتێکی کارا بەخێرایی بێتە دامەزراندن بەو مەرجەی هەر حکوومەتە کۆنەکە نەبێ بە سەر و فەساڵگەلێکی نوێوە. پێویستە ئەو بەشانەی پەیکەری حکوومەتی پێشوو دیاری بکرێن کە سرووشتیان لەگەڵ دیموکراسیەت ناخوا و پێویستە بەتەواوەتی بسڕێنەوە (وەک پۆلیسی سیاسی)، هەروەها زانینی ئەو بەشانەی دەکرێ بهێڵرێنەوە و ئەنجا دیموکراسیەتیان بەسەردا جێبەجێ بکرێ، چونکە بوونی بۆشاییەکی حکوومی دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی پاشاگەردانی یان دیکتاتۆیەتێکی نوێ. پێویستە پێشوەخت جۆری ئەو سیاسەتە دیاری بکرێ کە لەگەڵ بەرپرسانی باڵای ڕژێمە دیکتاتۆرییەکەدا پێڕەو دەکرێ پاش لەبەریەک هەڵوەشاندنی هێزەکەی. بۆ نموونە ئایا پێویستە دەسەڵاتدارە دیکتاتۆرەکان دادگەیی بکرێن؟ ئایا ڕێگەیان پێ دەدرێ بۆ تاهەتایە وڵات بەجێ بێڵن؟ ئەو بژارانەی تر چین کە لەگەڵ گژبەریی سیاسی و پێویستیی بنیاتنانەوەی وڵات و دیموکراسیەتی پاش سەرکەوتن دەگونجێن؟ پێویستە خۆ لە گۆمی خوێن لابدرێ چونکە بە زیان بەسەر شیمانەی بوونی سیستمێکی دیموکراسی لە داهاتوودا دەشکێتەوە. پێویستە پلانی ڕوونمان هەبێ بۆ چۆنیەتیی گواستنەوە بۆ دیموکراسیەت، بەشێوەیەک ئەو پلانانە ئامادە بن بۆ کارکردن کاتێ دیکتاتۆریەت لاواز دەبێ یان هەرەس دێنێ، چونکە ئەم پلانانە ڕێگە لە سەرهەڵدانی دەستە و تاقمێکی تر دەگرن کە لەڕێی کودەتایەکی سەربازییەوە دەست بەسەر هێزی دەوڵەتدا بگرن. هەروەها دەبێ پلان هەبێ بۆ دامەزراندنی حکوومەتێکی دیموکراسیی دەستووری، کە ئازادییەلی سیاسی و کەسی دەستەبەر بکا. شکستهێنان لە پلاندانانندا، دەسکەوتی بەنرخ لەکیس دەدا. دیکتاتۆریەت کاتێ دەسەڵات لەدەست دەدا کە بەبەردەوامی ڕووبەڕووی هاووڵاتییانی خۆڕاگر و گەشەی گرووپ و دامەزراوەکانی دیموکراسیەتێکی سەربەخۆ دەبێتەوە، هەر بۆیە ئەو ڕژێمانە هەست دەکەن سیستمەکەیان دەڕووخێ، چونکە داخستن لە کۆمەڵگەدا و ڕێپێوانەکانی گژبەریکردن و چالاکییەکانی تر بەبەردەوامی کار لەسەر تێکشکاندنی سیستمی حوکمی دیکتاتۆری و ئەو دامەزراوانەی پێوەی پێوەستن دەکا. بە تێپەڕینی کات دەسەڵاتدارە دیکتاتۆرەکان بەهۆی ئەو گژبەری و هاوکارینەکردن و بەشدارینەکردنەی جەماوەرەوە لاواز و بێهێز دەبن و

سەرەنجام ئەوانەی بەرگری لە دیموکراسیەت دەکەن، بەبێ توندوتیژی سەردەکەون و دیکتاتۆریەت لەبەرچاوی گەلی گژبەریکار هەلا هەلا دەبێ. سەرکەوتنی هەر یەک لەم هەوڵانە کارێکی ئاسان و خێرا نابێ، بۆیە دەبێ لەیادمان بێ کە شەڕە سەربازییەکان سەرکەوتن و هەروەها ژێرکەوتنیشیان تێدایە، بەڵام گژبەریی سیاسی دەرفەتێکی ڕاستەقینە بۆ سەرکەوتن دەستەبەر دەکا.

وەک پێشتر گوتمان، دەتوانین لەڕێی پەرەپێدانی ستراتیجێکی سەرەکی و پلاندانانێکی ستراتیجیی وریا و هەروەها کارکردنی ڕژد و خەباتی دلێرانەی بەردەوامەوە، هەلەکانی سەرکەوتن تا ڕادەیەکی زۆر زیاد بکەین.

## بنچینەکانی جێگیریی دیموکراسیەت

لێک هەڵوەشانی ڕێژیمی دیکتاتۆری مایەی ئاهەنگێکی مەزنە، چونکە خۆشی و ئاسوودەیی و پێزانین بۆ ئەو خەڵکە دەستەبەر دەکا کە ماوەیەکی زۆر ئازاریان چەشتووە و لەکاتی خەباتدا باجی گەورەیان داوە. هەست دەکەن بە شانازی بە خۆیان و بە هەموو ئەوانەی لەگەڵیاندا خەباتیان لەپێناو بەدەستهێنانی ئازادیی سیاسیدا کردووە. مەرج نییە هەموو ئەوانەی خەباتیان کردووە بمێنن تا ئەو ڕۆژە ببینن، بەڵام خەڵک چ ئەوانەی دەمێنن و چ ئەوانەی مردوون وەک قارەمان سەیر دەکەن کە یارمەتیی سەرلەنوێ نووسینەوەی مێژووی ئازادییان دا لە وڵاتەکەیاندا.

بەڵام ناخۆشبەختانە، ئەمە بەو واتەیە نایە کە ئیدی کاتی ئەوە هاتووە وریایی کەم بکرێتەوە، تەنانەت پاش هەرەسی ڕێژیمە دیکتاتۆرییەکەیش لەڕێی گژبەریکردنی سیاسییەوە، دەبێ بە وریاییەوە ڕێوشوێنی خۆپارێزانە بگیرێتە بەر، بەمەبەستی ڕێگرتن لە سەرهەڵدانی ڕێژیمێکی سەرکوتکەری نوێ لە ئەنجامی ئەو حاڵەتی پاشاگەردانی و پشێوییەی پاش قۆناخی کەوتنی ڕێژیمە سەرکوتکەرە کۆنەکە سەرهەڵدەدا. دەبێ سەرکردەی ئەو هێزانەی پاڵپشتی لە دیموکراسی دەکەن، پێشوەخت ئامادە بن بۆ گواستنەوەی ڕێکوپێک بۆ دیموکراسی، هەروەها پێویستە پەیکەربەندییە دیکتاتۆرییەکە لەبەریەک هەڵوەشێنرێ، ئەنجا بنەوا دەستووری و یاساییەکان و پێوەرەکانی ڕەفتارکردن بۆ دیموکراسیەتێکی بەهێز دابمەزرێن.

نابێ کەس بڕوای وابێ لەگەڵ کەوتنی ڕێژیمە دیکتاتۆرییەکەدا کۆمەڵگەیەکی نموونەیی سەرهەڵدەدا، چونکە کەوتنی ڕێژیمی دیکتاتۆری تەنیا خاڵی دەسپێکە کە لە سایەی ئازادییەکی باشتردا بوار دەڕەخسێنێ بۆ ئەوەی کۆششێکی تووڵانی بکرێ بۆ پەرەدان بە کۆمەڵگە و دابینکردنی پێداویستییە مرۆییەکانی بەشێوەیەکی باشتر. کێشە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییە مەترسیدارەکان تا ساڵانێکی زۆر دەمێننەوە، ئەوەیش پێویستی بە هاوکاریی زۆر خەڵک و گرووپ هەیە بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆیان. بۆیە لەسەر سیستەمە سیاسییە نوێیەکە پێویستە دەرفەتی زۆر بۆ خەڵک دەستەبەر بکا، تا وێڕای جیاوازیی بیروڕایان کارە بنیاتنەرانە و پەرەپێدانە سیاسییەکە تەواو بکەن بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکان لە داهاتوودا.

## قەدەخەکردنی سەرهەڵدانی دیکتاتۆریەتێکی نوێ

ئەرستۆ لە دێرزەمانەوە ئاگەداری کردووین لەوەی "بەزۆری حوکمڕانیکردنی دەستەیەکی کەم، سەردەکێشێ بۆ ستەمکاری". مێژوویش نموونەی زۆرمان لەو ڕووەوە دەداتێ وەک یەعقووبییەکان و ناپلیۆن لە فەرەنسا و بەلشەفییەکان لە ڕووسیا و ئایەتوڵا لە ئێران و ئەنجوومەنی دەوڵەتی سەربازی بۆ گێڕانەوەی یاسا و سیستم لە بۆرما و لە چەندان ناوچەی تر کاتێ هەندێ کەس و لایەن کەوتنی ڕیژیمە سەرکوتکەرەکە بە دەرفەت دەزانن تا خۆیان ببنە سەرانی نوێی وڵات. ڕەنگە پاڵنەری ئەو کەس و گرووپانە جیاواز بێ، بەڵام بەزۆری ئەنجامەکان هاوشێوە دەبن، بەشێوەیەک ڕیژیمە دیکتاتۆرییە نوێیەکە لە کۆنەکە توندوتیژتر و تاکڕەوتر دەبێ.

هەندێ لە ئەندامانی سیستمە کۆنەکە، تەنانەت پێش هەرەسهێنانی ڕیژیمە دیکتاتۆرییەکە، هەوڵ دەدەن بەر بە خەباتی گژبەریکردن بەرەو دیموکراسیەت بگرن، ئەویش بە ئەنجامدانی کودەتایەکی سەربازی بۆ دەستگرتن بەسەر ئەو سەرکەوتنەی بەرگرییە میللییەکە بەدەستی هێناوە. لەوانەیە بانگەشەی ئەوە بکەن ڕیژیمە دیکتاتۆرییەکە دەردەکەن، بەڵام لە ڕاستیدا دەبینی هەوڵ دەدەن نموونەیەکی پەرەپێدراوی ڕیژیمە کۆنەکە بسەپێنن.

## قەدەخەکردنی کودەتا

هەندێ ڕێگە هەیە دەتوانین بەهۆیانەوە کودەتاکان لە کۆمەڵگە تازە ئازادبووەکاندا تێک بشکێنین. لەوانەیە پێشوەخت ئاشنابوون بەم توانا بەرگرییە بەس بێ بۆ گێڕانەوەی هەر هەوڵێک بۆ ئەنجامدانی کودەتا، چونکە ئامادەکاری خۆپاراستنی لێ دەکەوێتەوە.

کودەتاچییان دەستبەجێ پاش کودەتاکەیان، هەوڵ دەدەن ڕووپۆشێکی شەرعی بۆ خۆیان دابتاشن کە ڕەوایی بە مافی سیاسی و ئەخلاقیی ئەوان بۆ حوکمکردن بدا. هەر بۆیە لێرەدا یەکەمین بنەوای سەرەکی بۆ کارکردن دژ بە کودەتاکان بریتییە لە ڕەتکردنەوەی ئەو شەرعییەتەی کودەتاچییەکان هەوڵی بەدەستهێنانی دەدەن.

ئەنجا کودەتاچییەکان داوا لە سەرکردە مەدەنییەکان و هاووڵاتییان دەکەن پشتگیری یاخۆ لایەنگرییان بکەن، یان لانی کەم بێهەڵوێست بن. ئەنجا داوای هاوکاری لە شارەزایان و ڕاوێژکاران و بیرۆکراسییان و فەرمانبەرانی حکوومەت و دەسەڵاتی دادوەری دەکەن بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتیان بەسەر ئەو کۆمەڵگەیەی کودەتاکەی تێدا کراوە. ئەنجا داوا لەو کەسانە دەکەن کە لە سیستمە سیاسییەکە و دامەزراوەکانی کۆمەڵگە و ئابووری و پۆلیس و سوپادا کار دەکەن ملکەچیان بن و بەپێی ئەو گۆڕانکارییانەی فەرمان و سیاسەتەکانی کودەتاچییەکان دەیخوازێ، درێژە بە کاری ئاسایی خۆیان بدەن.

بنەوای دووەمی کارکردن دژ بە کودەتاکان بریتییە لە بەرەنگاریکردنی کودەتاچییەکان لەڕێی

هاوکارینەکردن و گژبەریکردنەوە، چونکە پێویستە هاوکاری و یارمەتیدانیان لێ بگیرێتەوە. واتە ئێمە هەمان شێوازی خەبات بەکار دێنین کە دژ بە ڕێژیمە دیکتاتۆرییەکە و دژ بە هەڕەشە نوێیەکان بەکار دەهاتن، بەڵام بە جێبەجێکردنی ڕاستەوخۆ. کودەتاکان ئەگەر شەرعییەت و هاوکارییان لێ بسەنرێتەوە لە ڕووی سیاسییەوە لەبرسا دەمرن و دەرفەتی بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی بەدەست دێنینەوە.

## نووسینی دەستوور

سیستمە دیموکراسییە نوێیەکە پێویستی بە دەستوورێک هەیە کار بۆ دامەزراندنی چوارچێوەی حکوومەتە دیموکراسییە چاوەڕوانکراوەکە بکا، چونکە ئەم دەستوورە ئامانجەکانی حکوومەت و سنوورەکانی دەسەڵاتەکەی و شێواز و کاتەکانی هەڵبژاردنەکان دیاری دەکا، کە لەپێناو هەڵبژاردنی فەرمانبەرانی حکوومەت و یاسادانەران و مافە سرووشتیەکانی هاووڵاتییان ئەنجام دەدرێ، هەروەها پێوەندیی حکوومەتە نیشتمانیەکە بە ئاستە نەویترەکانی حکوومەتەوە دیاری دەکا. دەبێ هەرسێ دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری بە ڕوونی لێک جوێ بکرێنەوە، تا حکوومەتی ناوەندی بە دیموکراسی بمێنێتەوە. پێویستە کارەکانی پۆلیس و هەواڵگری و سوپا بەتوندی ببەسترێنەوە، بەشێوەیەک ڕێگە لە هەر دەستوەردانێکی یاسایی سیاسی بگیرێ. وا باشە دەستوور جەخت لە دامەزراندنی سیستمێکی فیدراڵی بکا لەگەڵ بەخشینی سەرماف (امتیاز)ی گرینگ بۆ ئاستی هەرێم و ویلایەت و حکوومەتی ناوخۆیی، ئەویش لەپێناو پاراستنی سیستمە دیموکراسیەکە و ڕێگرتن لە دەرکەوتنی ڕەوتی دیکتاتۆری، بۆ نموونە لە هەندێ حاڵەتدا دەکرێ سیستمی هەرێمەکانی سویسرا کە سەرمافی گەورە بە هەندێ ناوچەی بچووکی ڕێژەیی دەبەخشێ، لەگەڵ مانەوەیان بە بەشێک لە دەوڵەتەکە.

لەکاتی بوونی دەستوورێکی لەم شێوەیە کە لە قۆناخێکی ڕابردوو لە مێژووی ئەو وڵاتەی تازەبەتازە ئازاد بووە ئەم خاسیەتانەی تێدا هەبووبێ، ئەوە دانایی دەخوازێ سەرلەنوێ بەکار بێتەوە، لەگەڵ ئەنجامدانی گۆڕانکاریی پێویست تێیدا. بەڵام لە حاڵەتی نەبوونی دەستوورێکی پێشوودا، ئەوە وا چاکە کار بە دەستوورێکی کاتی بکرێ، ئەگینا دەبێ دەستوورێکی نوێ دابنێین کە پێویستی بە کات و بیرکردنەوەیەکی زۆر هەیە. ئەمە جگە لەوەی وا باشە جەماوەر لەکاتی دانانی دەستووردا بەشدار بکرێ، لەکاتی پەسند یاخۆ هەموارکردنی هەر دەقێکی دەستووریشدا ڕەزامەندیی جەماوەر پێویستە. شایانی باسە دەبێ وریا بین و بەڵێنێک لە دەستووردا دانەنێین کە بەدیهاتنی مەحاڵ بێ، یان بڕیارێک دانەنرێ کە جێبەجێکردنی پێویست بە بوونی حکوومەتێکی زۆر ناوەندی هەیە، چونکە هەردوو حاڵەتەکە ڕێگە لەبەردەم سەرهەڵدانی سیستمێکی دیکتاتۆریدا خۆش دەکەن. دەبێ زمانی نووسینەوەی دەستوور سادە بێ و زۆرینەی خەڵک بەئاسانی لێی تێ بگەن، نابێ دەستوور ئاڵۆز یان تەمومژاوی بێ بەشێوەیەک تەنیا پارێزەران یان دەستەبژێرەکانی تر بتوانن لێی تێ بگەن.



هەوڵنامەی کتێب

## سیاسەتێکی بەرگریی دیموکراسییانە

لەوانەیە دەوڵەتە تازە ئازادبووەکە ڕووبەڕووی هەڕەشەی بیانی ببێتەوە کە بەرەنگاریکردنی پێویستی بە توانی بەرگریکردن هەیە، هەروەک لەوانەیە ئەو دەوڵەتە دووچاری هەڕەشەی هەوڵدانی بیانی بۆ دەست بەسەرداگرتنی لە ڕووی ئابووری یان سیاسی یاخۆ سەربازییەوە ببێتەوە.

هەر بۆیە پێویستە جێبەجێکردنی بنەوایەلی گژبەریکردنی سیاسی لەسەر پێویستی بە بەرگریی نیشتمانی بە جدی وەربگرین، ئەویش لەپێناو پارێزگاریکردن لە دیموکراسیەتی ناوخۆیی[١٤]. لەکاتی دانانی تواناکانی بەرگری ڕاستەوخۆ لە دەستی گەلدا، دەوڵەتە تازە ئازادبووەکە دەتوانێ خۆی لە پێویستی بە دروستکردنی توانی سەربازیی گەورە کە هەڕەشە لە دیموکراسیەت دەکا، یاخۆ پێویستی بە تەرخانکردنی سەرچاوەی دارایی گەورە هەیە کە بۆ بەدیهێنانی ئامانجی تر گرینگن، دوور بگرێ.

دەبێ ئەوەمان لە بیر بێ کە هەندێ گرووپ لەپێناو دامەزراندنی سیستمێکی حوکمڕانیی دیکتاتۆریی نوێدا بڕیارە دەستوورییەکان پشتگوێ دەخەن، هەر بۆیە بەردەوام ڕۆڵێک هەیە کە میللەت لە گژبەریکردنی سیاسی و هاوکارینەکردن دژ بە سەرهەڵدانی هەر سیستمێکی حوکمڕانیی دیکتاتۆری و پارێزگاریکردن لە سەر پەیکەربەندی و ماف و ڕێوشوێنە دیموکراسیەکان، پێی هەڵدەستێ.

### بەرپرسیارێتییەکی شایستە

بەرهەمی خەباتی ناتوندوتیژ تەنیا لە لاوازکردنی حوکمڕانە دیکتاتۆرەکان و ڕووخاندنیاندا نییە، بەڵکو لە بەهێزکردنی ئەو گەلانەیشدایە کە بەدەست ئەو ڕێژیمانەوە تاڵاویان چەشتووە، چونکە ئەم بەهێزکردنە وا لەو گەلانەی ڕۆژێ لە ڕۆژان هەستیان دەکرد تەنیا بەردێکی شەترەنج یاخۆ قوربانین، دەکا ڕاستەوخۆ هێز ڕام بکەن بەشێوەیەک بە پشتبەستن بە کۆششەکانی خۆیان، ئازادی و دادپەروەریی زیاتر و گەورەتر بەدەست بێنن. ئەنجامی ئەزموونی گرینگی خەباتی دەروونی، ڕەنگدانەوەی ئەرێنیی لەسەر زیادبوونی متمانە و ڕێزی گەلان بۆ خۆیان دەبێ.

یەکێک لە ئەنجامە سوودبەخشەکانی خەباتی ناتوندوتیژ لە بنیاتنانی حکوومەتێکی دیموکراسی لە مەودای دووردا، بریتییە لەوەی کۆمەڵگە بەتوانتر دەبێ لە چارەسەری کێشەکانی ئێستە و داهاتوو، کە لەوانەیە گەندەڵبوونی حکوومەت یان پەنابردنی بۆ سەرکوتینەوەی هەندێ گرووپی دیاریکراو، یاخۆ نەبوونی دادپەروەریی ئابووری و دانانی کۆتوبەند لەسەر یەکسانیی دیموکراسی لە سیستمی سیاسیدا لەخۆ بگرێ و ئەو گەلانەی ئەزموونیان لە پێڕەوکردنی گژبەریی سیاسیدا هەیە کەمتر ڕێژیمەیلی حوکمڕانیی دیکتاتۆری بەردەرگەیان پێ دەگرێ.

زانینی چۆنیەتیی بەکارهێنانی خەباتی ناتوندوتیژ، پاش ڕزگاربوون چەندان ڕێگە بۆ

هەواڵنامەی کتێب

بەرگریکردن لە دیموکراسیەت و ئازادییە مەدەنییەکان و مافی کەمینەکان و سەرمافی حکوومەتە ناوەخۆیی و هەرێمیەکان و دامەزراوە ئەهلیەکان، دەستەبەر دەکا. ئەم ڕێگەیانە توانا دەدەنە تاک و گرووپەکان بۆ بەرهەڵستیکردنی هەندێ کێشەی گرینگ بە شێوەیەکی دروست بەبێ پەنابردن بۆ تیرۆر و شەڕی پارتیزانی، کە لەوانەیە هەندێ گرووپەکانی ئۆپۆزسیۆن بەکاری بێنن.

مەبەست لە خستنەڕووی ئەم بیرۆکانە لە هەڵبژاردنی گژبەریی سیاسی یان خەباتی ناتوندوتیژ بریتییە لە یارمەتیدانی تاک و گرووپەکان بۆ ڕزگاربوون لە چەوساندنەوەی دیکتاتۆری و دامەزراندنی سیستمێکی دیموکراسیی هەمیشەیی کە ڕێز لە ئازادییە مرۆییەکان و ئەو کارە جەماوەرییانە دەگرێ کە ئامانجیان پەرەپێدانی کۆمەڵگەیە.

سێ ئەنجامگیری سەرەکی هەن بۆ ئەو بیرۆکانەی لەم بابەتەدا خراونەتە ڕوو، ئەوانیش:

* دەکرێ لە ڕیژیمە دیکتاتۆرییەکان ڕزگار بین.

* بەدەستهێنانی ئەو ڕزگارییە دەخوازێ لە بیرکردنەوە و پلانداناندا وردیی زۆر بەخەرج بدرێ.

* پێویستە وریا بین و کاری بەردەوام و خەباتی دامەزراو بکەین، کە هەندێ جار نرخی گرانە.

ئەو قسە باوەی دەڵێ "ئازادی بە خۆڕایی نییە" قسەیەکی ڕاستە، چونکە هیچ هێزێکی دەرەکی نییە ڕێگە لە ئازادبوونی ئەو گەلە چەوساوانە بگرێ کە چاویان لە ئازادبوونە و دەبێ خەڵک فێر بن چۆن خۆیان ئەو ئازادییە بەدەست دێنن، کە ئەوەیش ئاسان نابێ.

تێگەیشتنی خەڵک لەو ئەرکەی لەسەریانە بیکەن بۆ بەدەستهێنانی ئازادی، توانی ئەوەیان دەداتێ کارنامەیەک دابنێن کە وێڕای ناهەموارییەکی زۆر سەرەنجام بیانگەیەنێ بەو ئازادییە، هەروەها لەڕێی هەوڵدانی بەردەوامیشەوە دەتوانن سیستمێکی دیموکراسیی نوێ دروست بکەن و خۆیان بۆ بەرگریکردن لەو سیستمە ئامادە بکەن. ئەو ئازادییەی لەم جۆرە خەباتە دەکەوێتەوە بەردەوام دەبێ و لەڕێی یەکەتیی جەماوەرییەوە بۆ پاراستن و پشتگیریکردنی، دەتوانرێ بپارێزرێ.

پەراوێزەکان:

١. مەبەست لە زاراوەی "گژبەریی سیاسی" لەم جێبەند (سیاق)ەدا کە ڕۆبەرت هلفی بەکاری هێنا، ئەو خەباتە ناتوندوتیژەیە (نارەزایی و هاوکارینەکردن و دەستوەردان) کە گژبەرانە و بۆ ئامانجگەلێکی سیاسی جێبەجێ دەکرێ. زاراوەکە وەک ڕەتدانەوەیەک بۆ ئەو پێکەوەبەستن و شێواندنەی لەئەنجامی یەکسانکردنی خەباتی ناتوندوتیژی بە ئاشتیگەرایی (هەڵگرتنی چەک لەبەر هۆیەلی ئەخلاقی یاخۆ ئاینی) لەگەڵ "ناتوندوتیژی"ی ئەخلاقی یان ئاینی هاتووەتە کایە. زاراوەی "گژبەری" ئاماژەیە بە ڕووبەڕووبوونەوەی دەسەڵات بەئەنقەست لەڕێی یاخییبوون و ملکەچنەکردنەوە. "گژبەریی سیاسی" وەسفی ئەو ژیگەیە دەکا کە کاری "سیاسی"ی تێدا وەگەڕ دەخرێ، ئەمە جگە لە ئامانجەکە (دەسەڵاتی سیاسی).

زاراوەکە لە بنەڕەتدا بۆ وەسفکردنی ئەو کارە بەکار دێ کە گەلان بۆ گێڕانەوەی دەسەڵات بەسەر دامەزراوە حکوومییەکان لە ڕیژیمە دیکتاتۆرییەکان دەیکەن، ئەویش لەڕێی ئەنجامدانی هێرشی

بەردەوام بۆ سەر سەرچاوەکانی هێزی ئەو ڕیژیمانە و بەکارهێنانی پلاندانانی ستراتیجی و هێرشەکان بەئەنقەست بۆ ئەم مەبەستە. هەرچی زاراوەکانی گژبەریی سیاسی و بەرەنگاریی ناتوندوتیژ و خەباتی ناتوندوتیژن، ئەوا بە نۆبەت لەم کارەدا بەکار دێن، وێڕای ئەوەی دوو چەمکەکەی دوایی ئاماژەن بۆ خەباتێک کە مەودای ئامانجەکانی فرەوانتر بن (کۆمەڵایەتی و ئابووری و دەروونی و،. هتد).

2. Freedom House, Freedom in the World: The Annual Survey of Political Rights and Civil Liberties, 1992-1993 (New York: Freedom House, 1993) p.66.

ژمارەکانی ساڵی ١٩٩٣ لە مانگی کانوونی دووەمی ١٩٩٣ەوە دەست پێ دەکا)

3. Freedom House, Freedom in the World p.4.

4. Patrick Sarsfield O'Hegarty. A History of Ireland under the Union. 1880-1992 London: Methuen, 1952), pp. 490-491

5. Krishnalal Shirdharani, War without Violence: A Study of Gandhi's Method and Its Accomplishment (New York: Harcourt, Brace, 1939, and reprint New York and London: Garland Publishing, 1972), p.260.

6. Aristotle, The Politics, translated by T.A. Sinclair (Harmondsworth), Middlesex, England and Baltimor, Maryland: Penguin Books 1976, book V, chap.12. pp. 21 and 232.

٧. ئەم چیرۆکە لە بنەڕەتدا بەناونیشانی "بەکارهێنانی فێڵ بۆ دەست بەسەرداگرتن"ە Rule by Tricks لە نووسینی یولی زی (١٣١١-١٣٧٥)، سیدنی تای وەریگێڕاوەتە سەر زمانی ئینگلیزی. یولی زی ناوی خوازراوی یو جی-یە. وەرگێڕانەکەی لە کتێبی: سزاکان بەبێ توندوتیژی، بڵاو کراوەتەوە.
.Nonviolent Sanctions: News from Albert Institution

بەرگی چوارەم ژمارە ٣ زستانی ١٩٩٢-١٩٩٣ لا ٣,

8. Karl W. Deutsch "Cracks in Monolith" in Carl J. Friedrich, ed., Totalitarianism (Cambridge, MA: Harvard University Press, 1954), pp. 213-214

9. John Austen, Lectures of Jurisprudence or the Philosophy of Positive law, 5th ed., revised and edited by Robert Campbell, 2 vols (London: John Murrey, 1911 (1861).

10. Niccolo Machiavelli, "The Discourse on the first ten Books of Livy," in: The Discourse of Niccolo Machiavelli (London: Routledge and Kegan Paul, 1950), vol, 1, p.254.

11. Gene Sharp, The Politics of Nonviolent Action (Boston, MA: Porter Sargent, 1973), p.75.

12. Robert Helvery, Personal Communication, 15 August 1993.

١٣. بۆ زیاتر بڕوانە:

Gene Sharp, The Politics of Nonviolent Action (Boston, MA: Porter Sargent, 1973); Peter Ackerman and Christopher Kruegler, Strategic Nonviolent Conflict (Westport, CT: Praeger, 1994), and Gene Sharp, Waging Nonviolent Struggle: 20th century Practice and 21st century Potential (Westport, CT: Porter Sargent Pub. 2005).

14. Aristotle, The Politics, book V, chap. 12 p.223.

# مارتن لۆتەر کینگ

کۆمەڵێ نووسەر

## بەشی شەشەم (کۆتایی)

### بزاوی ناودەوڵەتیی ئاشتەوایی

### بەردێک لە گۆماودا

بزاوی ناودەوڵەتی بۆ ئاشتەوایی کە کینگی تێدا ئەندام بوو، ساڵی ١٩١٤ لە بەریتانیا دامەزراوە و ساڵی ١٩١٥ لقی لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا هەبوو، بزاوی پرۆتستانت سەرپەرشتیی دەکرد و بیست ساڵ بەبێ چالاکییەکی دەستنیشانکراو بوو.

بەم جۆرە بەردێکی بچووک لە شێوەی کتێبێکدا فڕێ درایە ناو گۆمێکی ئاوەوە و ئەو لەرە و شەپۆلانەی هێنانییە کایەوە ئەمڕۆشی لەگەڵدابێ نەگەیشتنە ڕۆخە دوورەکانی هەسارەکەمان. ئێستا لەوانەیە بڵێن گاڵتەتان لەگەڵدا دەکەم، بەڵام بەبڕوای من بەبایەخترین ڕووداو لە مێژووی MIR لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا و MIRی ناودەوڵەتیدا تا ئەمڕۆ، بڵاوکردنەوەی تێزی بڕوانامەی ئەو دوکتۆرایە بوو کریشنا لال شیدهارانی لە سییەکاندا لە زانکۆی کۆڵۆمبیا نووسیویەتییەوە بە ناوونیشانی: "جەنگێک بەبێ توندوتیژیWar Without Violence". شیدهارانی کە لە لایەنگرانی گاندی بوو، پەسنی مێژووی سەرسووڕێنی ساتیاگراهای کردووە، هێزێکی ڕاستەقینە یان ئەو ویژدانەی مەهاتما "گاندی" بەجێی دەهێنا و بە دووروردرێژی هۆکارەکانی بزاوی لە پێناوی سەربەخۆیی هیندستانی ڕاڤە کردووە.

دوای بینینی کتێبەکە لە ساڵی ١٩٣٩دا، کۆمەڵەیەک لە کەسانێک لە نیویۆرک پێک هات، لەوانە:

.........................................................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئەحمەد تاقانە

أ. ج. مـووسـت و أ. فـیلیپ ڕاندۆلف و جـۆن هاینز هۆلمز و کـۆمـەڵە چاوپێکەوتنێکیـان بـەست بۆ گفتـوگۆکردن لەسـەر کتێبـەکە و ڕێتێـچوونەکانی جێبەجێکردنی بەسـەر بارە ڕەگەزییـەکەدا لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا. دوای ڕەتبـوونی سـاڵێک یان دوو سـاڵ بەسـەر گفتـوگۆکاندا، نووسگەی AFOR کـە دواتر بوو بە FOR-USMIRی ویلایەتـە یەکگرتووەکـان)، "کـۆنگرەی یەکسـانیی ڕەگـەزی CORE" یەک لە چەندان لە لقەکانی بوو. دەستپێک لە شیکاگۆوە جۆرج هەوسەر و بایارد ڕاستن و جـێیـمـز فـارمـەر-ی ئەندامـانی نووسگەی FOR دەسـتیـان بە کـۆڕ و نامـیلکە نووسـین لەبارەی هۆیەکانی گاندی-یەوە بۆ گۆڕینی کۆمـەڵایەتی. بەپەلە کۆمـەڵەگەلێک پێک هاتن لە دێنیڤەر و سان لویس و لۆس ئەجـیلـس و سـان فـرانسـیـسکۆ و لـە شـارگەلێکی زۆری دیکەدا. هـەروەهـا چەندان خێـوەتگەی ڕەگـەز جـۆرەوجـۆر ڕێک خـران لە باشـوور و لە ڕۆخی خۆراوادا. هەڵمـەتگەلێکیش بۆ بەرەنگاربوونەوەی جوداییی ڕەگەزی لە شانۆکان و چێشتخانەکان و مەلەوانگەکاندا ئامادە کران و سـەرەڕای هـەندێک کـاردانەوەی جـاروبار توندوتیـژ، هـەڵمـەتەکـان لە بەدەسـتـهـێنانی ئەنجـامـە بنەڕەتییـەکـاندا سـەرکـەوتن، منیش بەخـۆم بەشـداریم لە کـارەیلی دیی جـیـاوازیی ڕەگـەزی لە هۆڵەکانی چای لە لۆس ئەنجیلس، دوای سێ مانگ و نیو لە داگیرکاریی نارەزایی سەرکەوتنێکی تەواومان بەدەست هێنا. کە ئەوە ڕووی دا چەپڵەی توند لە چێشتخانە ئاپۆرەکاندا بەرز بووەوە.

هەر لەو کاتـەدا ڕێکخراوی MIR دەستی بە پێکەوەنان یان کۆکردنەوەی کتێبخانەیەکی بایەخدار کرد لە بارەی ناتوندوتیژی کە بەرهەمگەلێکی بەخۆوە گرت، لەوانە: "جـەنگێک بەبێ توندوتیـژی War Without Violence"، "سـەرکـەوتن بەسـەر توندوتیژیدا "Conquestof Violenceی جۆن بۆندورانت و "هـێزی ناتـوندوتیـژی The Power of Non Violence"ی ڕیچـارد گـرێگ و بەرهـەمـێک کـە ناوونیـشـانەکـەی "سـەرکـەوتن بەسـەر توندوتیژیدا"ی بارتلمی دولایت و "چەمکی سـەردەمی نوێی ئاشـتیویسـتی of Pac-ifism The NewTestament Basis"ی گارت ماک گریگۆر لەتەک ژمارەیەک نامیلکە و بڵاوکراوەدا. لە کاتی گرتنی کۆڕەکاندا و لە بۆنە جیاوازەکاندا هـەزاران دانە لەم کتێبانە فرۆشران.

بەم جـۆرە تۆڕێکی یەکـدیگیری پەرەی سـەند، بچـووک بەڵام چالاک، سـەرتاپای وڵات و ژمـارەی سـەرکـردەکـان چەند هـەندان بوونەوە کـە شـایسـتـەییـەکی باشـتـریان بوو. نێـزیکەی لە هـەمـوو شـوێنێکدا کاری ناتوندوتیژی ئەنجام درا، تەنانەت لـە باشووریشدا، لە دەوروبـەری واشنتندا و لە قـووڵایی باشـووردا. لە حـوزەیرانی ١٩٥٥دا کێشـەیەکی ناکاو لە قوتابخـانەکـانی ئۆرانجـبۆرگ لە کارۆلاینای باشووردا بەرپا بوو.

لە وەڵامی ئەو خۆدابڕینە لە قـوتابخـانە جوداکارەکان کە "ڕابیتـەی نیشـتیمـانی بۆ پێشکەوتنی پێست ڕەنگینان NAACP"، ئەنجوومـەنی سپییان خـۆدابڕینیان لە سەرکردەکانی ڕابیتە NAACP و هـەر واژۆکارێـکی سکاڵای هـاوکـارییـان ڕاگـەیاند. ڕابیتـەش لەلای خـۆیەوە بەرپەرچدانەوەی خـۆی ڕاگەیاند، بە خۆدابڕین لەو بازرگانە سپییانەی کە لە سەرکردە ڕەشەکان و لایەنگرانیان دادەبڕێن. لەگـەڵ تیـربوونی تەنگژە هـەلی تـاقیکردنەوەی ناتونـدوتیـژی بۆ MIR ڕەخسـێنرا، کـە گـەیشـتـمـە

ناوچەکە دابڕانە زنجییەکە گەیشتبووە ئاستێکی بەرز لە کارایی تەنانەت دۆدج-ی جێگری ناوەخۆیی بێ کار بوو. ماتیۆ ماک کۆلۆم-ی بەڕێز، بەرپرس لە دابڕان و لە ڕابیتە، دواتر لەبارەی ئەوەی ڕووی دا نووسییەوە و گوتی: "تەواوێک نازانم چی ڕووی دەدا ئەگەر ڕێکخراوی MIR پشتگیریی بکردینایە، بەڵام لەوە دڵنیام کە ئۆرەنجبورگ دەبووە گۆڕەپانی شەڕێکی خوێناوی و منیش لەو شەڕەدا دەمردم".

یەکەم کۆڕەوی ئاشتی کە ڕێکخراوەکانی MIR و CORE (کۆنگرەی یەکسانیی ڕەگەزی) و WRI (گرووپی ناونەتەوەیی بۆ بەرەنگاریی جەنگ). کۆکلوسکلان (ڕێکخراوی توندڕەوە سپییەکان) سووتاندنی خاچ و گاڵتە بە مافە مەدەنییەکان کردن و هێرش بردنە سەر ئەو پیاو و ژنانەی بەتەمای هیچ نەبوون تەنیا ئازادیی هەڵبژاردن و قوتابخانەی باشتر و ژیانی ئاشتییانە و سەربەرزی نەبێ. ئینجا ڕووداوەکە بوو. ڕۆزا پارکس کە لە قوتابخانەی هایلاندەر فۆڵک بوو لە تێنیسی، ئەوەی ڕەت کردەوە لە مۆنتیگەمریی ئەلاباما، لە ئۆتۆبیسدا لەسەر کورسییەکەی هەڵبستێ و گیرا و حوکمی سزای پارەدانی بەسەردا درا. دوای دەستگیرکردنی ڕۆزا پارکس، ئێد نیکسن و ژمارەیەک لە سەرکردە ڕەشەکان زنجیرەیەک کۆبوونەوەیان ئەنجام دا. دوای چەند ڕۆژێک بڕیار درا ناو لە مارتن لۆتەر کینگ بنرێ، وەک قەشەی لاوی کەنیسەی (مەعمەدانی) لە دێکستر ئەڤینۆ، بۆ ئەوەی هەڵمەتی خۆ لە ئۆتۆبیس دابڕین لە شارەکەدا بگرێتە ئەستۆ. ئەو خۆدابڕینە ٣٨١ ڕۆژی خایاند و لە ٢١ی کانوونی یەکەمی ١٩٥٦دا کۆتایی هات.

کینگ بانگەوازێکی ئاڕاستەی ڕێکخراوی MIR کرد و ئەندامە هەمیشەییەکانی ئەم بزاوە ئەم ئەرکانەیان پێ سپێررا:

١. ڕێبازی ناتوندوتیژیی گاندی فێری کینگ بکەن، کە نەیدەزانی.

٢. لە چەند کەنیسەیەکی زنجییاندا لە مۆنتیگەمری وانەی ناتوندوتیژی ئەنجام بدەن.

٣. داوای یارمەتی و پشتگیری لە سپییەکان بکەن لە مۆنتیگەمری.

٤. پەرە بە بزاوی هاوکاری بدەن لە هەموو لایەکی وڵاتدا و بە تایبەتیش لە باشووردا.

بە یارمەتیی MIR و هی دیکە، کینگ ناوبانگێکی جیهانیی بەدەست هێنا، بەوەی کە سەرکردەیەکی بزاوی ناتوندوتیژییە و نازناوی "گاندیی ئەمەریکایی"یان دایێ.

MIR هەزاران دانەی لە کتێب و نامیلکە لە باشووردا بڵاو کردەوە، بەزۆری بە خۆڕایی و فیلمێکی بەڵگەیی بەرهەم هێنا بە ناونیشانی: کۆڕەوی ئازادی، بە هاوکاریی دۆن مۆرای-ی ئەکتەر کە دەوری گێڕەرەوەی وازی کرد، بەڵام بەشدارییە ئەدەبییە چاوەڕوان نەکراوەکە بەدەنگەوە چوون بوو لەگەڵ ئارەزووی ئەنجامدانی بابەتگەلێکی ڕۆشنبیرکردنەوەی گەلی "بۆ بە جەماوەر گەیشتن". ئەڵفرید هاسلەر، نووسیار لە کۆواری "فێلۆشیپ" پرسیاری لە ئال کاپ کرد: "مەبەستت ئەوەیە کارەکە لە چیرۆکێکی نەخشە بۆ کێشراو دەچێ؟" کە ئال کاپ خەریکی دانانی ژمارەیەکی وێنەدار بوو بۆ ڕێکخراوی MIR لەبارەی مارتن لۆتەر کینگ و- خۆدابڕینەوە لە ئۆتۆبیس-ەوە لە

مۆنتیگەمری، بۆ ڕاڤەکردنی چۆنییەتیی بەکار هێنانی ناتوندوتیژی. بە پەلە کۆوار بەسەر خەڵکدا دابەش کرا، بەڵام لە قوتابخانە و زانکۆکاندا لەوەش پتر پێشوازیی لێ کرا کە بابەتێکی بنەڕەتیی خوێندنی پێک دەهێنا لە وانەکانی کۆمەڵناسیدا، هەروەها بەپێی ئەوەی مامۆستایەک لە زانکۆی مینوسووتادا گوتی: "ئەو نموونەیەیە کە زۆرترین واتە لە چەندیی کاریگەریی چەکی کۆمەلایەتی دەدا". هەندێک لە کوشکەکانی ڕۆژنامان دەیانفرۆشتن. پتر لە ٢٠٠ هەزار دانەی لێ بڵاو کرایەوە. دوای کوژرانی کینگ لە بۆنس ئایرس بە ڕێپێدانی MIR بۆ ئیسپانی وەرگێڕرا و بووە ئامرازێکی جێبەجێکاری، دەستەی ئاشتی و داد لە ئەمەریکای لاتیندا Servicio Paz y Justicia بەکاری هێناوە.

سەرکەوتنی شۆڕشگێڕانەی کینگ کردییە قارەمان لە ئەمەریکای لاتیندا، کە دەستپێکی ژمارەیەک لە جموجووڵەکانی ناتوندوتیژیی سەرکەوتوو بووە لە مەکسیک و پەنەما و کۆڵۆمبیا و ڤەنزوێلا و ئۆکواتۆر و ئەرجەنتین و برازیل، بە هاوکاری لەگەڵ ئەوانەی وەک جان و هێلدگار گۆس–مایەر لە MIR و دۆم هیلدەر کامارا، قەشەیەکی ناوچەی باکوری خۆرهەڵات لە برازیل و هیبرتۆ سین لە مەکسیک. جان و هێلدگارد گۆس مایەر و من خواگەلی خوێندنمان لە کۆڵۆمبیا و مەکسیک ئامادە کرد، قەشەگەل و بەئاینان و عەلمانییان ئامادەیان بوون و هەندێک لەمانە لە کارمەندە پلە نزمەکان بوون لە حکوومەتدا.

دوای ئەوە بزاوەکان ئۆقیانووسەکانیان بەزاند و بۆ نموونە ئەندامگەلێکی هەمیشەیی لە MIRدا گەیشتنە فلیپین، کە ڕیچارد دیتس–ی مامۆستای بابەتی لاهووت لە مانێلا سەرەتا سەرپەرشتیکردنی چوار خولی خوێندنی لە ئەستۆ گرت ماوەی یەک حەفتە دەخایەنێ و بەدەوروبەری ناتوندوتیژیدا دەخولێتەوە، لە ١٩٧٠شدا لە لۆزون و مندیناس و کاڤیت و مانێلا داوام لێ کرا بچمە پاڵی بۆ جێبەجێ کردنی ئەم بەرنامەیە و دواتریش دیتس و هێلدگارد گۆس–مایەر و کەسانی دیکە بەشدارییان لە پێ بەپێی ئەو کارە ڕۆیشتندا کرد کە شۆڕشی بەبێ خوێنڕشتنی هێنایە دی و ئەمانە پشتگیرییان لە کۆری ئەکینۆ کرد کە بووە سەرۆکی وڵات.

ئەمە سەرەتای کارە، MIR توانیی لە کۆریا و باشووری ئەفریقیا و لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ئەمەریکای ناوەندی و ناوچەگەلی دیکەدا بوونی هەبێ. شەپۆلەکان لە کوێ ڕادەوەستن؟ تەنیا مێژوو بەخۆی دەتوانێ وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە و ئێمە لە ئومێدەواری بەولاوە هیچمان نییە بەوەی هەمیشە بەرەو دوورتر بچێ.

گلین سمایلی
Fellowship of Reconciliation
Mouvement International dela Reconciliation
FOR, Box 271, Nyak, NY 10960 USA
Blication: Fellowship
International Fellowship of Reconciliation
IFOR, Secretariat International,
Spoorstraat 38, 1815 BK ALKmaar, Hollande
Publication: Reconciliation International

*

## هەڵەکانم

مارتن لۆتەر کینگ

هەڵبـژاردە لە دیمانەیەک کـۆواری "پلەی بۆی" لە کـانوونی دووەمـی ١٩٦٥دا بڵاوی کـردووەتەوە. ئەم دیمانـەیە بە یەکـێک لە بایەخـدارترین و گـشـتگیـرترینی ئەو دیمانە رۆژنامەوانییانە دادەنرێ کینگ ئەنجامیانی داوە.



لە ئەڵبانی، ئەو هەڵەیەی کە کردم، لەو نارەزاییە لەسەر جیاوازیی رەگەزی بوو لە جیاتی ئەوە رووبەڕووبوونە

*١١ی شـوباتی ١٩٥٦، لەکاتی خـۆ لە ئۆتۆبیس دابڕیندا لە مـۆنتـیگەمـری، تاوانی سـەر بە رێکخـراوێکی قـەدەخـەکراوی ئاراسـتـە کـرا، چونکە رێی لە کـاری بەرژەوەندیی گـولسـتـنەوەی بەبێ هۆیەکی رەوا یان قانوونی تەگەرە تێ خستووە و پەکی خستووە... لە ٢٣ی شـوبات لە مۆنتـیگەمـری خرایە بەندیخانە، ئینجا بە کەفالەتی ٣٠٠ دۆلار ئازاد کرا، دوای دادگەییـەک کە چوار رۆژی خایاند حوکمی پێ بژاردنی ٥٠٠ دۆلاری بۆ دەرچوو لەگـەڵ راگرتـنی جێبـەجێکردنـی تا دەرچوونی بڕیاری دادگـەی تێـهـەڵچوونەوە. بەڵام ئەو پارێزەرانەی بەرگرییان لە کینگ لە ئەستۆ گرتبوو داوایان کرد، بەر لە ماوەی بۆ دانراو دووبارە بە دادگەییەکەدا بچنەوە، لە کۆتاییشـدا کـینگ سزاکەی بژارد، دوای گفـتوگۆیەکی ئاڵۆز کە بووە هۆی ئازادکردنی ژمارەیەک لە بەرپرسانی هەڵمەتی خۆدابڕین. سـەرباری کۆمەڵێک لەو سپییانەی لایەنگری جیاوازیی رەگەزی بوون.*

"پلەی بۆی": دوای گـرتـنت لەگـەڵ لایەنگرانت بەهـۆی بەشـداریت لە خـۆدابڕین، هەندێک کـەس سـەرزەنشـتیـان کردی چونکە قایل بووی بەکەفالەت لە بەندیخانە دەربچی، کە بە رووداوەکەدا دەچییەوە ئایا لەو بڕوایەدای کە هەڵسوکەوتێکی باشت کرد؟

مارتن لۆتەر کینگ: نا، لەو بڕوایەدام هەڵەیەکی تەکنیکیم کرد کە لە بەندیخانە دەرچووم و رازی بووم کەفالەتەکە بدەم دوای ئەوەی حوکمم بۆ دەرچوو لەگەڵ ١٢٥ کەس، زۆربەیان لە شوفێرەکانی ئۆتۆمبێلە جێگرەکان بوون کە سەرپەرشتیمان کرد، ئەوەش بەپێی قانوونێکی کۆن دەستووریبوونی روون نییـە، دابڕان قـەدەخـە دەکا. دەبووایە لە بەندیخـانەدا بمامـایە، چونکە ئەوە رەهەندێکی فرەوانتری لەسـەر ئاستی ناودەوڵەتیدا بە دۆزەکە دەدا و پشتگیرییەکی زۆرتری بۆ بزاوەکەمان دابین دەکـرد، دووریش نەبوو کـە زۆر زووتر ویژدانی ئەمـەریکاییی بە ئاگـا دەهێنایەوە و

دەیورووژاند.

"پلەی بۆی": ئایا هەست بەوە دەکەی دواتر لە هەڵوێستی کەدا بڕیاری خراپت دابێ؟

مارتن لۆتەر کینگ: بەڵێ، لە ئەڵبانی، لە جۆرجیا، ساڵی ١٩٦٢، ئەگەر ڕابوردوو دەشێ بگۆڕێ، ئاڕاستەکردنێکی جیاوازم بۆ سەرکردەکانی کۆمەڵگەی زنجیم دەگرتە ئەستۆ. هەڵەکەی کە کردم ناڕەزایی بوو لە جیاوازیی ڕەگەزی بەشێوەیەکی گشتی لە جیاتی ئەوەی لایەنێکی ڕەت بکەمەوە. جموجووڵە داواکارییەکەمان بەڕادەیەک ئاڵۆز بوو کە شتێکمان بەدی نەهێنا و خەڵکەکە تووشی نیگەرانی و نائومێدی بوون. باشتر ئەوە بوو سەنگی چالاکیمان بخستایە سەر جیاوازی لە ئۆتۆبیس یان لە چێشتخانەکان. بەدەستهێنانی سەرکەوتنێکی لەم جۆرە بەهایەکی هێمایی بە دەست دەخا و گەرمیی لایەنگیرانیشمان دەورووژێنێ و گیانی گوزارەییان بەرز دەکاتەوە. بەڵام من لەو بڕوایەدا نیم جموجووڵەکەمان لە ئەڵبانی بە نوشوستی کۆتایی هاتبێ. زنجییەکان سەرشۆڕییان ڕەت کردەوە و سەر بۆ ژێردەستەیی شۆڕ ناکەن. ئەو هەزاران زنجییانەش کە پێشتر لە هەڵبژاردنەکاندا دەنگیان نەدابوو ناویان لە لیستەکانی هەڵبژاردندا نووسی. لە خولی دواتردا بە هۆی پتر بوونی دەنگدەران لە نێویاندا، کە کارەکە بە هەڵبژاردنی حاکمێکی نوێی جۆرجیاوە بەند دەبێ لە نێو دوو کاندیدا کە یەکیان دەمارگیری لایەنگرتنی جیاوازییە و دووەمیان پتر میانڕەوە، بۆ یەکەم جار ویلایەتەکە حاکمێکی هەڵبژارد بەڵێنی ڕێز لە قانوون گرتن و بەبێ جیاوازی جێبەجێکردنی دا. ئەو وانەیەی لە هەڵەکانمانەوە هەڵمانهێنجا لە ئەڵبانی، یارمەتیی داین کاراتر بین لە هەڵمەتەکانی دواترمان لە شارەیلی دیکەدا. هەرگیز نەگەڕاینەوە سەر پەرتکردنی کۆششەکانمان بە بەرپاکردنی هێرش دژی جیاوازیی ڕەگەزی، بەڵکو ئاڕاستەکردنی خەباتمان بەرەو ئامانجەیلێکی دەستنیشان کراو و بە گوزارە هێماییەکان.

"پلەی بۆی": ئایا دەتوانی هەڵەی دیکەمان بۆ باس بکەی کە لە کاتی بەڕێوەبردنی بزاوەکەتاندا کردووتە؟

مارتن لۆتەر کینگ: ئەو هەڵەیەی ڕەنگدانەوەی دیاری هەبوو ئو بڕوایە بوو کە ئەگەر ویژدانی ئاینیانمان دواند لە پێناوی دۆزێکی ڕەوادا پشتگیریی قەشە سپییەکان لە باشووردا بە دەست دەخەین. بڕوام بەوە کرد پیاوانی ئاین دۆزەکەمان لە ئەستۆ دەگرن و دەیخەنە بەردەمی دەسەلاتەکان. بێگومان ئومێدم پووچ بووەوە و سزای خۆم وەرگرت، کە بزاوەکەمان پەرەی سەند و ڕاستەوخۆ ڕوومان لە قەشە سپییەکان کرد، زۆربەیان ڕەتیان کردەوە بۆ بەرژەوەندیی ئێمە خۆیانی لێ بدەن و هەندێکیشیان هەڵوێستێکی دژایەتییان لێ وەرگرتین.

**بەرپەرچدانەوەی ناوزڕێنان**

"پلەی بۆی": لە ناو کۆمەڵگەی زنجیدا هەن بە ئەنقەست لە تایبەتمەندییەکانت کەم دەکەنەوە، ئەم ناوزڕێنانە بەزۆری ئاماژە بۆ تۆ دەکەن کە تۆ، "بەڕێز" و "بوکەر ت. کینگ" (بە ناوی بوکەر ت.

واشنتن-ی پێشەنگی ئازاد کەرەوەی زنجییان کە ڕادیکاڵییەکان ئەوەی لێ دەگرن کە چاکسازێکی نەرم و نیان بوو). کاردانەوەت چی دەبێ کە وەک "مام تۆم" هەڵسوکەوتت لەگەڵدا دەکەن؟ (مام تۆم پاڵەوانی ڕۆمانی "زنجی مام تۆم"ە کە دەورێکی باڵای لە سەرەتاکانی جەنگی جیابوونەوەدا بینی و بووە گاڵتەجاڕی بەرهەڵستکارە ڕەشەکان لە شەستەکاندا و ناوەکەیان بەکار هێنا و وەک سووکایەتی پێکردن بەو زنجییە میانڕەوانەیان دەگوت کە بایەخیان بە هاوکاریی دەسەڵاتی سپییان دەدا)؟

مارتن لۆتەر کینگ: هەندێکم لەم نازناوانە بیستووە، بەڵام من هەرگیز بە هەڵچوونەوەوە بەرپەرچم نەداونەتەوە. من لەو بڕوایەدام ئێمە کە خۆمان لە ئاپۆرای ژیانی گشتیدا دەبێ چاوەڕوانی ئەوە بکەین خەڵک جۆرەها ناو و ناتۆرەمان لێ دەنێن، لینکۆڵن لەم بارەیەوە گوتوویەتی: "ئەگەر وەڵامی هەموو ئەو ڕەخنانە بدەمەوە ئاراستەی من دەکرێن کاتی ئەوەم نابێ هیچ کارێکی دیکە بکەم". بەڵام لەبارەی ئەو دوو نازناوەوە کە ئاماژەت بۆ کرد من بەردەوام هەوڵم داوە ناوی "خەباتگێڕی ناتوندوتیژی"م پێ ببڕێ و بڕوا ناکەم کەسێک هەبێ بە جیددی بەوە تاوانبارم بکا کە بە تەواوی پابەندی جەنگ و ڕووخاندنی جیاوازیی ڕەگەز نەبووم.

**لەبارەی ناتوندوتیژییەوە**

"پلەی بۆی": مەبەستت لە "خەباتگێڕی ناتوندوتیژی" چییە؟

مارتن لۆتەر کینگ: مەبەستم ئەوەیە پیاوی بەهێز ئەوەندەی میانڕەو بێ دەبێ تەکاندەر بێ. دەبێ ئەوەندەی ئایدیالی بێ دەبێ ڕاستیبین بێ، خۆ ئەگەر ویستم بگەمە ئاستی ئەو دڵنیاییەی هەندێک لە ڕۆڵەکانی گەلەکەم پێمی دەبەخشن ئەوا من دەبێ هەر ئەو پیاوە بم. بۆیە ناتوندوتیژی لە هەمان کاتدا چەکێکی بەهێزیشە و دادوەریشە. ئەگەر ڕووت کردە پیاوێک دەتچەوسێنێتەوە و لە ماوەیەکی درێژەوە توندیت بەرامبەر دەنوێنێ و پێت گوت: "گەر دەتەوێ سزام بدە، من شایەنی سزادان نیم، بەڵام من قبووڵی دەکەم، ئەوا هەموو دەزانن کە من لەسەر هەقم و تۆ هەڵەی"، ئەوا چەکێکی بەهێز و دادوەریشت بەکار هێناوە. ئەم زۆرداره لەسەر ئاستی ڕەوشتدا یەکسەر دەبەزێ، ئەگەر ویژدانی هەبێ شەرمی بەخۆیدا دێتەوە. هەموو دەم ئەم چەکە بەکاردەهێنرێ بەجۆرێک دەگاتە ویژدانی نیگەرانی کۆمەڵگە یان هی نیشتیمان، ڕای گشتی دەبێتە هاوپەیمانت و بەشداری لە پشتگیریی دۆزەکەت دەکا.

دیسان، لەو هێزە بنەڕەتییانەی دەخرێنە بەرچاوان لە کاتی بەکارهێنانی چەکی ناتوندوتیژی هێزێکە لە چەندیی توانستی ئەو تاکانەی ئەم ڕەوتە لە ئەستۆ دەگرن و خۆیان بە پابەندی ئەرکێک دەبینن بە بواری خۆی جێیان دەهێڵێ. بۆ یەکەم جار درک بە بایەخی خۆیان دەکەن و بۆ یەکەم جار ئازایەتیی ئەوەیان دەبێ ڕزگار بن. کاتێک زنجی دەبینێ ئەو ئازایەتییەی هەیە بۆ ئەوەی ئازاد بێ، بەبێ ترس بەرەنگاری سەگگەلە مەشق پێکراوەکان و تفەنگ و دۆنکی و هاڵاوپژێنەکان

دەبێتەوە. ئەو سپییانەش کە پەنا بۆ سەگگەل و تفەنگ و دۆنکی و هالاوپژێنەکان دەبەن درک بەوە دەکەن کە ئەو زنجییەی ڕاهاتوون بە "کورە" بانگی بکەن بووەتە پیاو.

دەبێ ئەوەش لە بیر نەکەین ئەگەر تیۆریی کاری ڕاستەوخۆی ناتوندوتیژی بنچینەیەکی ئەمەریکاییی نییە، نیشتیمانێکی سروشتیی لە ولاتێکدا دۆزیوەتەوە ڕێز لە نەریتێک دەگرێ هانمان دەدا شۆڕش لە دژی ستەم بەرپا بکەین. ئەو چەکە بەهێزەی بۆ یەکەم جار لە ماوەی دەیەی ڕابوردوودا لە مۆنتیگەمری، لەکاتی لە ئۆتۆبیس دابڕاندا تاقیمان کردەوە گەیشتە ڕادەیەک لە ڕێکوپێکی لە لایە جیاکانی باشووردا، بەڕادەیەک کە بووە هۆیەکی تێکۆشان لە پێناوی ئازادیدا- کارێکی بە کۆمەڵی بەبایەخترە کە ئەمەریکا لە جەنگی سەربەخۆییەوە زانیویەتی. کاریگەریی ئەم چەکە و توانستە تایبەتمەندەکەی بۆ ڕاکێشانی سەرنجی جیهان بۆ تێکۆشانی گەلانی چەوساوە لە پێناوی بەدیهێنانی دادوەری، جەختیان لەسەر دەکا ساڵی ١٩٦٣ لەنێو بەبایەخترینی دە ڕووداودا بوو ڕۆژنامان باسیان لێیانەوە کرد، جگە لە ڕووداوی تیرۆرکردنی کێنێدیی سەرۆکی و ئەو لقوپۆپانەی لێی بوونەوە، نۆ ڕووداو لەو شەڕەی زنجییەکان بەم شێوە یان بەو شێوەیە خۆیان لێ دا.

هەواڵنامەی کتێب

بەشی شەشەم

## بیر و بۆ چوونگەلێک لە بارەی پیاوەکە و سەردەمەکەوە

### هێزی وشە

فرانسوا فایان

کینگ وتاربێژێکی زمانپاراو بوو، وەک باوک و باپیر و باپیرە گەورەی... بێ ئەوەی چاوێک بە ژیانی ماندوویدا بگێڕین وەک وتاربێژ. کینگ بەڕاستی ناناسین.



لە ساڵی ١٩٦٣دا ٣٥٠ وتاری خوێندووە و ماوەی ٤٤٠ هەزار کلم[1] یشی بڕیوە، لە ساڵانی دواتردا ناوەندەکە بووە ٤٥٠ دیمانەی گشتی و ٥٠٠ هەزار کلم[2]. سەرەتا ساڵی ١٩٥٥ بوو لەگەڵ هەڵمەتی لە ئۆتۆبیس دابڕان لە مۆنتیگەمری. لە ماوەیەکی کەمدا داواکاری زۆرتر دەبوو کینگ لە ناویاندا بدوێ. کاتی لە دەست نەدەما بۆ خۆی یان بۆ خێزانەکەی چونکە چووە ناو کاری تێکۆشانەوە. ساڵێکی ڕێکی بەسەردا چوو تەنانەت بۆ یەک سەعاتیش نەیدەتوانی بە ئارامی دابنیشێ و کتێبێک بخوێنێتەوە[3]. کینگ خەمناک دیار بوو چونکە، وەک ڕۆشنبیرێک

و قوتابییەک فێرە هەڵلووشینی کتێبان بوو. بەرنامەی کارەکەی ڕووداوەکان دەستنیشانیان دەکرد و ئەمەش بواری بۆ نەدەهێشتەوە بۆ حەسانەوە. جارێکیان دانی پێدا نا گوتی: "جاروبارێک بە جگەرەکێشان قایل دەبووم تەنیا لە یەخە پێ گرتنی خەڵکم بحەسێمەوە، چونکە چاک دەزانم ئەگەر ڕەتیان بکەمەوە دووبارە دەگەڕێنەوە و لە مانگی دوای ئەوەدا یەخەم دەگرنەوە"[٤].

## شێوازی وتاربێژی

کینگ وتاربێژێکی زمانپاراو بوو وەک باوک و باپیر و باپیرە گەورەی، ئەوانیش وەک خۆی هەموویان قەشە بوون لە کەنیسەی "مەعمەدانی"دا. مارتن لۆتەر کینگ لە ناو بنەماڵەیەکی بورجوازی لە ئەتلانتا لە دایک بوو، بەڕێککەوتیش نەبوو کە بەشێکی گرینگی لە خوێندنی لە باکوردا درێژە پێ دا. وەک مۆژدەبەرێکی چاک و دوای بەدەستهێنانی بڕوانامەی دوکتۆرا لە لاهووت-دا، بۆی هەبوو بۆ کارکردن لە کەنیسەی مەعمەدانیدا تەرخان بێ، بەڵام چارەنووس ڕێیەکی جیاوازی بۆ هەڵبژارد.

بۆ ئەوەی لە توانستی بۆ خەڵک ئاخاوتنی کینگ تێ بگەین دەبێ ئەوە لەبیر نەکەین کە لەماوەی خوێندنیدا ژمارەیەک پاداشتی لە ڕەوانبێژی و زمانپاراوی وەرگرتووە و خولێکی ڕاهێنانیشی لە بنەواکانی وتاربێژی درێژە پێ داوە، ئەم ڕاهێنانە کاریگەریی تایبەتی بەسەر ئەو قوتابییانەی لاهووتەوە هەیە کە دەیانەوێ بچنە ناو ڕستی "کەهەنووت"ەوە.

کینگ زانیی چۆن لەگەڵ خەڵکدا دەدوێ، وەک هەموو قەشە مەعمەدانییەکان، بەڵام بە توانستەکەی لە هەموویان باڵادەستتر بوو لەم بوارەدا. فێری پێویستیی نەخشەدانان بوو بۆ پەندەکانی، بە کردەوەش لە زەینیدا بیروێنەیەکی بۆ ئەو شتانە دەکێشا کە دەیەوێ بیڵێ بەر لەوەی بچێتە ناو وتارێک لە وتارەکانیەوە. هەروەها فێر بوو چۆن ڕستە پێک دەهێنێ بە جۆرێک بە وشەگەلێک کۆتاییان بێ، بە تەکاندان و سرووشی کاریگەر بخورپێ. هەمیشە هەوڵی داوە پابەندی ئەو شتانە بێ کە فێریان بووە، کە ئەمانەش دەگرێتەوە: پێویستیی بە سەرپێوە وەستان بۆ ئەوەی کردەی هەناسەدان ڕێکوپێک بێ و ببێتە هۆکارێکی یاریدەدەر لە وتاربێژیندا و هەروەها پێویستیی جۆرەوجۆر کردنی دەنگ ئەگەر لە توانستدا بوو بۆ گونجاندنی لەگەڵ هەڵوێستەکەدا و گۆڕینی بەردەوامی سەرەتای پەیوین و پەنا بۆ جموجووڵی بێ شڵەژان بردن بۆ ئەوەی پێ بەپێی دەربڕینی وتاربێژانە بڕوا، کە لەگەڵ "شێوەی لێدووان"یشدا تەبا دەبێ. هەروەها لێرەدا شایەنی ئاماژەیە کە کینگ "تایبەتمەندیی دانەبڕانی لەگەڵ کەسانی دی هەیە لەسەر ئاستی سۆزداریدا... بۆیە (یەک لە ئامادەبووەکان دەڵێ) وتارەکەی دەستی بەسەر هەستی خەڵکی ئاساییدا دەگرت و لە هەمان کاتیشدا هی ئەوانەشیان کە پلەی دوکتۆرای لە فەلسەفەدا بەدەست هێناوە... کینگ تەنیا گوێزەرەوەیەکی بێلایەنی قسە نەبوو سەرنج ڕادەکێشێ، باوەڕی بەوە هەبوو کە وشەی هەقی پڕ لە سۆز و بیر، دەتوانێ بگاتە هەموو مرۆڤێک بۆ ئەوەی هانی بدا پێوەندییەکانی لەگەڵ کەسانی

دیکەدا بگۆڕێ"[٥].

بەر لە هەڵمەتی دابڕانە بەناوبانگەکەی لەگەڵ ئۆتۆبیسدا، قەشەی لاو بەلای کەمەوە پازدە سەعاتی بەسەر بردووە لە ئامادەکردنی هەر وتارەپەندێک لە وتارەکانی[٦]. بیرەکانی خۆی تۆمار دەکرد و داڕشتنەکانی چاک دەکردەوە ئینجا بە لەبەرکردن دەقەکەی لەبەر دەکرد، ئەم ڕاهێنانە بەرەو زۆر چاکی برد. بەڵام کینگ ڕووبەڕووی زەحمەتی هات کە ئەو کاتەی بەدەستەوە نەما بەشی ئەوە بکا هەموو دەقەکانی وتارەکانی بنووسێتەوە، چونکە جاری وا هەبوو ناچار بوو لەڕۆژێکدا دوو جار بۆ خەڵک بدوێ. ساڵی ١٩٦٣ سکاڵای لەوە دەکرد گوتی: "سەرزیندوویی و داهێنانم لەدەست داوە، ماوەی ئەوەم نەماوە بەر لە وەی بە جەماوەر بگەم وتارەکانم بنووسمەوە و هەست بە لێکەوتەییەکی (إحباط) قووڵ دەکەم چونکە جگە لە بیرە کۆنەکانم هیچم پێ نەماوە پێشکێشی بکەم"[٧]. بەڵام بیرە کۆن بووەکانی پتر لە شلەیی فاسۆلیا دەچوو چەند گەرمی بکەینەوە تامەکەی ئەوەندە خۆشتر و بە چێژتر دەبێ!

بیری تیژی کینگ تایبەتمەندییەکی بەبایەخە بەچاکی بەکاری هێناوە، وتارەکانی بەبیر دەخستنەوە بەڵام تەواوێ وەک خۆیانی نەدەهێشتنەوە، بەڵکو گۆڕانکاریی ئەوتۆی تێیاندا دەکرد بۆ ئەوەی لەگەڵ جەماوەری گوێگردا بگونجێ. لەو دەمانەشدا کە هەستی بەوە دەکرد وتارەکانی دووبارەن، لە ڕاستیدا وای لێ دەکردن جیاواز بن، چونکە لە کاتی گوتنیاندا ڕیزبەندیی بیرۆکەکانی ڕاست دەکردەوە. لەوانە بوو قسەیەکی لە ئینجیلی بخاتە سەر یان لێی لاببا. لەوانەشە ڕەخنەیەکی ئاڕاستە کراوی کەسێکی سپیی ناسراوی بخاتە سەر یان لێی لاببا. لەو کاتانەشدا بەردەوام ئەو نەخشەیەی پەیڕەو دەکرد کە بۆ وتارەکەی دانابوو و هەرگیزیش تەتەڵەی نەدەکرد.

دەمێنێتەوە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە تایبەتمەندیی بنەڕەتیی کینگ لە خۆشەویستیی ئەو خەڵکەدا متە کە دەیانیدوواند، جا ڕەنگی پێستیان هەر چۆنێک بێ. ئەگەر هەندێک لە وتاربێژان دڵی خەڵک دەگوشن ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە بەڕاستی ئەوانەیان خۆش ناوێ کە ڕوویان تێ دەکەن. دەشێ قسەخۆشییەکی نەرجسییانە بێ، خۆشییەک بەرەو پێکەوەبوون ببا، فەڕی پێوەندییەکانی بێ و مرۆڤان... کینگ حەز دەکا لەگەڵ خەڵکدا بدوێ چونکە برا و خوشکەکانی لە مرۆڤایەتیدا خۆش دەوێن. ئەو تەکنیکانەی وتاربێژانە فێر بوو کە قەشە مەعمەدانییەکانی پێ تایبەتمەندن، بەڵام دەیزانی تەکنیکەکان بە تەنیا بەس نین و ئەگەر سۆز و ڕاستگۆیی لەگەڵدا نەبێ لەوانەیە مرۆ بەرەو گاڵتەجاڕی ببا.

لە سەرەتای دۆزی ئۆتۆبیسەوە لە مۆنتیگەمری بزاوی زنجییەکان MIA لە سەرۆکێک دەگەڕا بۆ خۆی، نەک لە لێبووک، بەم جۆرە کینگی هەڵبژارد ئەم بەرپرسێتییە بگرێتە ئەستۆ. ئەوە لە پێنجی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٥٥دا بوو، واتە لە ڕۆژی یەکەمی لە هۆیەکانی گواستنەوەی گشتی دابڕاندا بوو، کە زۆر سەرکەوتوو بوو. زنجییەکان لە مۆنتیگەمریدا ڕێککەوتن سەعات حەوتی سەر

لە ئێوارە کۆبوونەوەیەک بکەن، سەعات بووە شەش و هێشتا بڕیاریان نەدابوو کێ وتارێک بۆ خەڵک دەخوێنێتەوە. ئینجا ئەرکەکەیان خستە سەر ئەستۆی کینگ. کینگ گەڕایەوە ماڵی خۆی، بە نیگەرانی لەوەی کاردانەوەی کۆریتا–ی هاوسەری چۆن دەبێ، کە چەند هەفتەیەک بوو منداڵی بوو بوو. پێی ڕاگەیاند بە سەرۆکی بزاوی MIA و هەروەها لەبارەی ئەو دیمانەیەی تێیدا دەدوێ و چاوەڕێی وەڵامی کرد، پێی گوت: "تۆ چاک دەزانی تۆ هەرچییەک بکەی بەردەوام بەلاتەوەم دەبینی"[٨].

سەعات بووە شەش و نیو و کینگ تەنیا بیست خولەکی مابوو بۆ ئامادەکردنی وتاری یەکەمی وەک تێکۆشەرێکی زنجی. بە حاڵ توانی لە مێشکیدا هێڵە بەرینەکانی ئەوەی دەیویست بیڵێ ڕێک بخا و بێ ئەوەی نان بخوا لە ماڵەوە دەرچوو. دوای ئەوەی هەندێک گۆرانی گوتران و گوێ لە گوتارگەلێکی کورتی ئامادەکاری گیرا کینگ چووە سەر سەکۆ. کینگ لەبەردەمی ئاپۆرە وەستا و کامێرا تەلەڤزیۆنییەکان وێنەیان دەگرت و کوتارێکی پێشکێش کرد حەڤدە خولەک درێژەی هەبوو بێ ئەوەی پەنا بۆ هیچ بیرێکی نووسراو ببا. قسەکانی کاریگەرییەکیان هەبوو باس ناکرێ، خەڵکەکە گەرم بوونەوە و هاواریان کرد و گۆرانییان گوت و بە وتەبێژی خۆیانیان هەڵبژارد. بارودۆخەکە بەشداریی لە دۆزینەوەی کینگ کرد لەلایەن بزاوی ناوەخۆیی زنجیانەوە. هەروەها کینگ–یش خۆی دۆزییەوە. کە دانیشتن هێشتا دەلەرزی لەبەر ئەو خۆماندووکردنە، یەک لە ئامادەبووان گوتی: "پێشتر وشەگەلی وا جوانم نەبیستووە". یەکێکی دی گوتی: "بەئاگاهاتنەوەیەکی زۆر جوانە، کینگ بە هێزێکی سەرسوڕمێن قسەی کرد". کینگ گەڕایەوە ماڵی خۆی و دڵنیا بوو کە "مێژوونووس نییە بتوانێ پەسنی ئەوە بکا کە ئەم ئێوارەیە ڕووی دا"[٩]. مارتن لۆتەر کینگ–ی وتاربێژی جەماوەری ئەو ئێوارەیە لەدایک بوو. ماوەی خۆئامادەکردن درێژ بوو و خوێندنەوە و تێڕامانی خوێندکار و خولەکانی ڕاهێنانی ئینجیلی و ڕاهێنانەکانی وتاربێژی و موژدەبەری و دیمانەگەلێکی جۆرەوجۆری تێدا بوو.

وتارەکانی کینگ تایبەتمەندیی ڕوونی فێرکارانەی هەیە کە هێشتا سەرنج ڕادەکێشن. ئەمە "شێوەی کینگ"ە و تایبەتە بە خۆی، کە جەخت لەسەر ئەوە دەکەین کە پێویستە بە شێوەی قەشە ڕەشە مەعمەدانییەکانی بکەین. شێوەیەکی بە ترپەیە، وشەکان یان دەستەواژە گرینگەکانی تێدا دووبارە دەبێتەوە، بۆ نموونە هەر وەک لەم برگەیەدا هاتووە: "من لە دادوەری دەترسم، لەسەر برایان دەترسم. لەسەر ڕاستی دەترسم. ئەوەی لەسەر ئەم کارانە بترسێ هەرگیز بانگهێشت بۆ توندوتیژی ناکا. بە توندوتیژی دەتوانی تاوانبارێک بکوژی، بەڵام ناتوانی تاوان بکوژی. بە توندوتیژی دەتوانی درۆزنێک بکوژی، بەڵام بەوە ناتوانی ڕاستی بچەسپێنی. بە توندوتیژی دەتوانی کەسێک بکوژی کینەی ناخی دەردەخا، بەڵام ناتوانی ڕزگارت ببێ لە کینە. تاریکییەکان تاریکییەکان لەناو نابەن. تەنیا ڕووناکی توانستی ئەوەی هەیە"[١٠].

پەنابردنە بەر دووبارەکردنەوەی وشەیەلی تایبەتی بەمەبەست لە درێژەی قسەکانیدا ئەوە بەهێز

دەکا کە دەیەوێ سەرنجی بۆ ڕابکێشێ، کینگ لە هەموو وتارەکانیدا پەنای بۆ دووبارەکردنەوە بردووە، هەروەها لەو وتارەشیدا بەکاری هێنا کە لە ٢٨ی ئابی ١٩٦٣دا لە کۆتایی کۆڕەوەکەدا بۆ واشنتن لەبەردەمی ٢٥٠ هەزار کەسدا خوێندییەوە[١١]، ئەوانە باس دەکەین لەو وتارەدا بوون: "هاتینە ئەم شوێنە پیرۆزە، ئەوەی ئێستا پێویستییەکی زۆری پێ هەیە بەبیری ئەمەریکاییاندا بێنینەوە... ئێستا کاتی بەجێ هێنانی بەڵێنەکانی دیموکراتییەت هاتووە. ئێستا کاتی لە تاریکییەکان دەرچوون و لە خەمۆکیی دۆڵی جیاوازیی ڕەگەزی دەرچوون هاتووە، بۆ ئەوەی لەسەر ڕێی ڕووناککەرەوەی دادوەریی نێو ڕەگەزەکاندا ڕێ بکەین (...). ئێستا کاتی ئەوە هات نەتەوەکەمان لە لە بەجووڵەکانی جیاوازیی ڕەگەزی ڕزگار بکەین و لەسەر بەردی چەسپاوی برایەتیی دابنێین". وشەی "ئێستا" کە کینگ جەختی لەسەر کرد پەنجەرەکانی کۆشکی سپیی پێ هاتە لەرزە کە لەو شوێنەوە دوور نەبوو!

هەزاران لەسەر ترپەی ئەم وتارە چەپڵەیان لێ دەدا، پەند، وشە، (داخۆ لەم بوارەدا کام وشە گونجاوترە؟). کینگ لەبەر پەرۆشیی وازی لەو دەقەی لە بەر دەستیدا بوو هێنا و هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و دەستەکانی هەڵبڕی و لەو بەشە بەناوبانگەی وتاری "خەونم هەیە..."دا ڕاما، کە ئەم بەشەی ئامادە کردبوو و لەبەریشی کردبوو، ئینجا چەندان جار ئەم لا و ئەو لای کرد بەر لەوەی بێتە واشنتن.

ساڵی ١٩٦٤ مارتن لۆتەر کینگ پاداشتی نۆبڵ-ی ئاشتیی پێ درا. لەو ماوەیەدا کینگ هیچی نەبوو لە یەک کتێب بەو لاوە ئەو ڕووداوانەی تێدا گێڕایەوە کە لە ئۆتۆبیسەکانی دابڕاندا لە مۆنتیگەمری ڕوویان دابوو (١٩٥٥): ناوونیشانەکەی بە فەرەنسی Combats pour la Liberte (شەڕ لە



دوای ١٩٦٣ کینگ ساڵانە بەشداریی لە ٣٠٠ تا ٤٠٠ دیمانەی گشتی "کۆبوونەوە"دا دەکرد و سەتان هەزار کیلۆمەتری بۆ ئەم مەبەستە دەبڕی

پێناوی ئازادیدا)[12]. ئەم بەرهەمە ساڵی ١٩٥٨ لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا بڵاو کرایەوە و کینگ پێویستی بە یارمەتی بوو بۆ ئەوەی لە کتێبەکەی ببێتەوە[13]. بڵاوکەرەوەیەکی ئەمەریکایی هەیە ساڵی ١٩٦٣ کۆمەڵە وتارێکی پەندئامێزی کینگ–ی لە نێوانی ١٩٥٣–١٩٥٩دا بڵاو کردەوە. لە فەرەنسا خانەی بڵاوکردنەوەی کاسترمان وەرگێڕانی کۆمەڵەکەی گرتە ئەستۆ لەژێر ناوونیشانی La force d,aimer هێزی خۆشەویستی)دا[14].

خوێندەوارانی زمانی فەرەنسی لە کتێبەکەوە ئەو پیاوەیان ناسی کە پاداشتی نۆبڵی ئاشتیی دراوەتێ، یان بەلای کەمەوە وایان زانی، ئەم کتێبە نە ئەو ستراتیجییەی کاری ناتوندوتیژییە باس دەکا کە کینگ لە ئەستۆی گرتووە و نە پابەندبوونی کۆمەڵایەتی و سیاسیی باس دەکا. لە نێو ساڵانی ١٩٦٤ و ١٩٨٤دا پتر لە ١٨٠ هەزار دانەی ئەم کتێبە لە فەرەنسا فرۆشرا.

کینگ دوودڵیی لە بڵاوکردنەوەی کۆمەڵێک لە وتارە پەندئامێزەکانی دەربڕی و گوتی: "دوودڵیم لەو بۆچوونەمەوە هاتووە کە وتاری پەندئامێز وتارێ نییە بخوێنرێتەوە بەڵکو وشەیەکە دەبێ ببیسترێ. هەروەها دەبێ بانگهێشت بێ و ئاراستەی ئامادەبووانێک بێ. کەواتە ئاراستەی گوێی گوێگران دەکرێ پتر لە چاوەکانیان، من دڵنیام ئەم هەوڵە هەرگیز بایی ئەوەی تێدا"[15]. ئەم لێدووانە بەڵگەیە بۆ چەندیی ڕاستگۆیی بیرمەندیی کینگ. خۆشی لەوەمان پتر پێ دەڵێ، دەقی وتاربێژ هاوتەریبی وشە بیستراوەکانیەتی.

## کینگ شێوازەکەی چاک دەکاتەوە

بە ڕەتبوونی ساڵان شێوازی کینگ وردە وردە چاک بووەوە، کە قەشەیەکی بەرپرس بوو لە ئەبرەشییە لە مۆنتیگەمری، پابەندیی شێوازی موژدەبەریی دەکرد کە زنجییەکان لێی ڕاهاتبوون. چەپڵەی دەست و هاوار و گوتنەوەی وشەی "ئامین"ی پێ باش نەبوو کە بە ترپەیەکی ڕێکوپێک لەگەڵ وتارە پەندئامێزەکاندا دووبارە دەکرانەوە و هەروەها شێوازی گەواهیی لە جۆری "پەروەردگار پێم دەڵێ.."ی پێی خۆش نەبوو کە پەنددادانی موژدەبەری دەبووە "ڕووداو" و ڕاستەوخۆ دەگوازرایەوە لە جیاتی ئەوەی بە بایەخەوە ئامادە بکرێ. کینگ ئەو رووکارە سۆزدارییەی خۆش نەدەویست کە لە کۆمەڵەی زنجیدا هەبوو. موژدەبەریی بە شێوازێکی بیرمەندیی ڕۆشنبیر ئەنجام دەدا کە قەشە بوو لە کەنیسەی مەعمەدانیدا لە مۆنتیگەمری، ئینجا لە ئەتلانتا و ئەمەش جێی خۆشحاڵیی کەسانی گوزەران باشی سەر بە کەنیسەکەی بوو.

ئەو ململانێ ناتوندوتیژییانەی لەسەر زەویدا خۆی لێ دان، وای لێ کرد بۆچوونی خۆی وردە وردە بگۆڕێ. لە دەوروبەری ساڵی ١٩٦٠دا درکی بەوە کرد کە دەستەواژەکانی وتارەکانی وەک ئەو دەستەواژانەن کە سپییەکان بەکاریان دەهێنن. بۆیە تاک تاکەی وشەکانی خۆی گۆڕی و پشتی بە زمانی شەپۆلە لە خۆپارێزییەکان "التیارات التقوية" و بنچینەگیری "أصولی" بەست، بێ ئەوەی ببێتە یەک لە خۆپارێزان یان بنچینەگیران، هەروەها پشتی بە زمانی شێوە ئینجیلخوێندنە

زنجییەکان بەست.

لە جیاتیی ئەوەی ڕەخنە لە کاریگەریی سۆزداری و لەگەڵ کەوتنی "ترپەدار!" بگرێ، کە کۆمەڵگە زنجییەکانیان پێ دەناسرێ وای لێ هات بتوانێ بەهاکانیان و گوزارە شارستانییەکانیان ببینێ. بنەوای دۆزەکە لێرەدا ماتە. کاتێک کینگ موژدەبەریی دەکرد و هەر ئەو زمانەی بەکار دەهێنا کە سپییەکان بەکاریان دەهێنا، بێ ئەوەی پێی بزانێ زمانی کۆیلەکارە کۆنەکانی بەکار دەهێنا، واتە زمانی ئەو سپییانەی وا ئەو سەردەمە ڕەتیان دەکردەوە دان بە مافە مەدەنییەکانی زنجییاندا بنێن.

کاتێک کینگ شارستانی و نەریتی لاهووتیی زنجییە چەوساوەکانی لە ئەستۆ گرت بەڵگەیەکی گۆڕانی قووڵی خۆی پێشکێش کرد. لە کتێبی "هێزی خۆشەویستی"دا کۆمەڵێک لە پەندادان دەبینین دەشێ هی هەر موژدەبەرێکی سپیی ئەو ماوەیە بێ (دەورووبەری ١٩٥٥). لە نێزیکەی ١٩٦٠ەوە بەڕوونی دیار بوو کە پەندادانەکانی کینگ ئەگەر بە زمانی موژدەبەرێکی زنجییەوە نەبێ کە لەپێناوی ئازادیدا تێ دەکۆشێ ناکرێ بگوترێ، شانازی بەوەوە دەکا سەربە نەریتە شارستانییەکانی ئەو نەوانەی کۆیلە کۆنانەن کە لە کۆڕەوە درێژەکەیان هیچ شتێکیان لەبیر نەچووەتەوە[١٦].

کینگ بەردەوام دووبارەی دەکردەوە کە "بڕوایەکی تەواوی بە ناتوندوتیژی هەیە"[١٧]. ئەمەش لە تێگەیشتنی قووڵی ئینجیل بەمە گەیشت[١٨]. هەروەها لە لێکۆڵینەوەوە لە شارستانیی زنجییەوە کە مۆرکی کاری بەرگریی پێوەیە. گاندی بەشێوەیەکی بنەڕەتی تەنیا ڕێبازی کاری بە کۆمەڵی ناتوندوتیژی نەبێ هیچی بۆ نەهێنا، ئەمەش کەم نییە[١٩]. کینگ لە وتارەکانیدا لەبارودۆخێکی کەمدا نەبێ ناچێتەوە سەر وتەکانی گاندی، هەروەها هەرگیز ئاماژە بە یاسای ناودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ ناکا[٢٠]. ئینجیل و کەلەپووری شارستانی و لاهووتیی زنجییان و دەقە بنیاتنەرەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان، هەموو ئەمانە بەس بوون بۆ ئەوەی هەرمێن بۆ ناتوندوتیژی پەیدا بکا.

## وتاربێژێکی هاندەر:

کینگ وتاربێژێکی هاندەرە، دەنگە نەرمەکەی گەلێک جار لە تێزەکانیدا بەشداریی لە تۆمارکردنی ڕاستییەکاندا کرد. بۆ نموونە ئەو بانگهێشتەی باس دەکەین کە ڕادیۆ لە ٣٠ی نیسانی ١٩٦٧دا پەخشی کرد. ئامانجیش لەوە ڕەتکردنەوەی خەونی ئەمەریکایی بوو کە لە ڤێتنامدا بووە مۆتەکە، کە تێیدا هاتووە: "هەرگیز بوار بە هیچ کەسێک نەدەن بەوەتان قایل بکا کە خودا ئەمەریکای هەڵبژاردووە وەک هێزێکی مەسیحی لەپێناوی ئەوەی ببێتە پۆلیسێک بەسەر هەموو جیهانەوە"[٢١]. دوای هەر ڕستەیەکی پتەو، کینگ هەناسەی هەڵدەکێشایەوە. دەیزانی کە ئەم ساتە کورتە لە بێدەنگی لە ماوەی وتاربێژیدا بەهای ڕستەی پڕ لە ئاماژە قوت دەکاتەوە. بارودۆخی بەرزەفڕیی وتاربێژی لەلای کینگ گیانێکی تێکۆشان ڕەنگ دەداتەوە وێنەی نییە، ئەوەش لەسەر ڕستەگەلی

هاوسەنگ و ماوەگەلی بێدەنگیی ڕێکوپێک دەوەستا. کینگ لە ئەزموونەکەیدا درکی بەوە کردووە کە وتاربێژ دەبێ شێوازەکانی خۆی بگۆڕێ ئەگەر ویستی سەرنجی جەماوەر بەدەست بهێنێ. بۆیە گەلێک جار دوای بڕگەیەکی وتاری ویژدانیی درێژ دەبینین دەست بۆ گێڕانەوەیەکی دەگمەن دەبا. بە زۆری ڕالف ئەبرناتیی دۆستی دڵسۆزی ئەم گێڕانەوە دەگمەنانەی بۆ دەگێڕایەوە و کینگ گێڕانەوەکەی بە شێوازی خۆی دووبارە دەکردنەوە. تەنیا ئەوەشی نەدەکرد چونکە جەماوەر جاروبارێک پێویستی بە هەندێک حەسانەوە دەکرد، چونکە گەلی ڕەشیش ڕاهاتبوو چەمکەکانی لە نێو چیرۆککگەلی کورت کورتەوە دەربڕێ کە بە ئاسانی مەبەستە ڕەوشتبەرزانەکەی لێ هەڵدەهێنجرا. ئاسانیی لەبەرکردنی ئەم دەگمەنانە یارمەتیی تێگەیشتن و دووبارەکردنەوەی گێڕانەوەکەی دەدا.

کینگ حەز ناکا پەنا بۆ بەڵگەی سەلماندنی زەحمەت ببا خۆی لە کرداره ژمێرەییە ئاڵۆزەکان بدا بەجۆرێک گوێگر توانستی بەدواداچوون لەدەست بدا، بە دەگمەن لە وتارەکانیدا لە ژمارە دەدوێ، تەنانەت کە باسی بەدگوزەرانیی هەندێک لە ڕەشەکان و سپییەکان دەکا، یان کە پێبەندیی سەربازیی ئەمەریکایی لە ڤێتنام ڕەت دەکاتەوە. کینگ وێنە و بەراوردی لا پەسندترە لە ژمارەکان: "سەربازە ڕەشەکان چەکدار دەکەین بۆ ئەوەی کوشتن لە گۆڕەپانەکانی جەنگدا لە هەندەران پیادە بکا، بەڵام ئەوەندە پاراستن بۆ خێزانەکانیان لە باشوور دابین ناکەین کە سووک نەکرێن یان نەکوژرێن"[٢٢].

## پیاوێکی هەست ناسک:

ئەگەر لە کەنیسە بێ یان لە دیمانەیەک لە شوێنێکی کراوەدا، کینگ بە بڕوا بە خۆ کردنەوە بۆ خەڵک دەدوا، شێوازە جودا جوداکانی بەکار دەهێنا کە پێی ناسرابوو. هەوڵی دەدا ئەم دڵنیاییە بە گوێگرانی بگەیەنێ. ئۆتس-ی نووسەر لەم چوارچێوەیەدا دەڵێ: "لەگەڵ ئەوەدا کە لە دیمانەکانیدا بە دڵنیاییەکی سەرنجڕاکێشەوە هەڵسوکەوت دەکا و بەبڕوایەکی پتەوەوە لە چاوپێکەوتنەکاندا یان لەسەر مینبەردا، بەزوویی کاری لێ دەکرا و هەڵدەچوو، هەر سەرزەنیشتێکی ڕەق ساردی دەکردەوە، هەست بە نشوستیش بەزۆری دەبووە هۆی دڵتەنگیی دەشێ چەند سەعاتێک بخایەنێ. ڕۆژێکیان کەمێ بەر لە کاتی دەستنیشانکراوی وتارەکەی تووشی دڵتەنگی بوو، ئەوەش بەڵگە بوو بۆ هەست بە نوشوستی کردنی، ئەوەی سەرسوڕمێنیش بوو کاتێک بەسەر سەکۆدا سەرکەوت کۆتایی هات و چارەکە سەعاتێک بە ڕوونی قسەی کرد. کە لە لێدووان بووەوە دووبارە تووشی دڵتەنگی بووەوە"[٢٣].

کینگ هەر شەوە و لە پێنج یان شەش سەعات پتر پێویستیی بە نووستن نەبوو. دوای دیمانەکانیشی لەگەڵ هاوڕێیانی ڕووی دەکردە ئەو چێشتخانەیەی مێزێکیان تێدا بۆ گرتبوو، لە ناو شاردا یان لەم ئوتێلەی لێی دابەزی بوو، دوای ماندووبوون پێویستیی بە حەسانەوە دەبوو لەتەک هاوڕێیانیدا کە بەشداریی خواردن و پێکەنینیان دەکرد. "گۆشت.." و "باڵە مریشک" لە

خواردنه پەسندەکانی بوون، وەک هەموو وتاربێژان کە لە کاتی دواندنی جەماوەردا ڕەنجێکی فیزیۆلۆجی دەدەن: دوای سەکۆ باشترین حەسانەوە لەلای، گرد بوونەوەی لە دەوری مێزی خواردنە.

فرانسوا ڤایان*

پەراوێز:

* فرانسوا ڤایان: لێکۆڵەرەوەیەکی لاهووتییە، ئەندامە لە "بزاو لە پێناوی جێگرەوەیەکی ناتوندوتیژی MAN"، سەرنووسیاری کۆواری Alternatives Non-Violentes، دانەری La non-violence, Essai de mo-rale fondamentale پاریس، Cerf، ١٩٩٠، La non- violence dans l,Evangile بڵاوکراوەکانی Ed,Ouvrieres، پاریس ١٩٩١.

١. بڕوانە کتێبی س. ب. ئۆتس "مارتن لۆتەر کینگ"، بڵاوکراوەکانی Le Centurion، پاریس ١٩٨٥، ل٣١١.

٢. بڕوانە کتێبی س. موللا Les Idees moires de Martin Luther King، بڵاوکراوەکانی Labor et Fides، جنێڤ ١٩٩٢، ل١٣ ئەم کتێبە لە فەڕەنسا بڵاوکراوەکانی Cerf.

٣. بڕوانە کتێبی س. ب. ئۆتس–ی پێشتر ناوبراو، ل١٥١.

٤. هەمان سەرچاوە، ل١٥١.

٥. هەمان سەرچاوە، ل٣٢٢–٣٢٣.

٦. هەمان سەرچاوە، ل٨٧.

٧. هەمان سەرچاوە، ل ٣١١ و ٣١٢.

٨. هەمان سەرچاوە، ل, ٨٧ ئێمە قەرزاری ئەوەین کە لەم کتێبەدا هاتووە لە ل٨٧ەوە تا ل٩١.

٩. هەمان سەرچاوە، ل٩١.

١٠. بڕوانە کتێبی س. موللا– کە پێشتر ئاماژەی بۆ کراوە ل١٧٥.

١١. دەقی بنەڕەتی، بە فەرەنسی و ئینگلیزی لەم کتێبەدا هەیە: Je fais un reve, avec neuf autres discours celebres de King لەبڵاوکراوەکانی Centurion Le، پاریس ١٩٨٧، ل ٥٢–٦١.

١٢. م. ل. کینگ: Combats pour la Liberte، لە بڵاوکراوەکانی Bibliotheque Payot Petite، پاریس ١٩٦٨.

١٣. " هێرمەن پویەر دەستی بە نووسینەوەی ئەو ڕەشنووسانە کرد کە کینگ بۆی ناردبوو... ئەو بڕگانەی دووبارە کردنەوەی بێ سوود بوون تێدا لابرد و هەندێک لە بەشە زۆر درێژەکانی کورت کردەوە...". ئۆتس، سەرچاوەی پێشتر، ل ١٥٤–١٥٥.

١٤. م. ل. کینگ La Force d,aimer، بڵاوکراوەکانی Casterman پاریس ١٩٦٤.

١٥. هەمان سەرچاوە، پێشەکی، ل١٣.

١٦. ئەم لایەنانە بە وردی خوێنراوەتەوە لە کتێبی شێرج موللا: Les Idees moires de Martin Luther King، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٧–١٠٩.

١٧. بڕوانە هەمان سەرچاوە، ل١٣٥.

١٨. بڕوانە ف. ڤایان: La non- violence dans l,Evangile، بڵاوکراوەکانی Ouvrieres، پاریس ١٩٩١.

١٩. پێداچوونەوەی س. موللا– سەرچاوەی پێشتر باس کراو، ل٤٦ و ل ١٩٥–١٩٧.
٢٠. پێدا چوونەوەی ف.ڤایان: La non- violence. fondamentale Essaia de mprale، بڵاوکراوەکانی Cerf، پاریس ١٩٩٠، ل ١٩٥–١٩٧.
٢١. لە کتێبی س. موللای پێشتر باس کراودا، ل٦٨.
٢٢. س. موللا، سەرچاوەی پێشتر باس کراو، ل٦١.
٢٣. س. ب. ئۆتس، سەرچاوەی پێشتر باس کراو، ل ٣١٣–٣١٤.

## لە دەی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٦٤دا مارتن لۆتەر کینگ پاداشتی نۆبڵی ئاشتیی لە ئۆسلۆ "نەرویج" وەرگرتووە

"هەڵبژاردە لە وتارەکەی لەم بۆنەیەدا"

ئەو ڕێیە پێچاوپێچەی بۆ مۆنتیگەمری و ئەلاباما و تەنانەت بۆ ئۆسلۆی بردین، شاهێتیی ئەم ڕاستییەن. ئەو ڕێیەیە وا ملیۆنان ڕەشی بەسەردا دەڕۆن بەدوای هەستێکی نوێ بو سەربڵندییاندا دەگەڕێن. هەر ئەو ڕێیەیە کە بواری بە هەموو ئەمەریکاییەکان داوە بچنە قۆناخێکی نوێی پێشکەوتن و ئومێدەوە، هەروەها بووە هۆی دەرچوونی قانوونێکی نوێ لەبارەی مافە مەدەنییەکان. ئەمە بەرینتر دەبێ و گەورەتر، دا ببێتە جاددەیەکی بەرین بۆ دادوەری لەگەڵ بەردەوامیی سووربوونی ڕەشەکان و سپییەکان بۆ بەیەکگەیشتن و دووچەندان کردنی هەوڵەکان بۆ بەدیهێنانی داواکارییە هاوبەشەکان. من ئەمرۆ ئەم پاداشتە وەردەگرم لە بڕوایەکی چەسپاوەوە بە ئەمەریکا و بڕوای کەسێک دەستی بە دوارۆژی مرۆڤایەتییەوە دەگرێ. من ئەوە ڕەت دەکەمەوە دان بەوەدا بنێم ئەو کەلێنانەی ئێستا لە سروشتی مرۆڤانەدا وا لە مرۆ بکەن لەلایەن ڕەوشتەوە دەستەوسان بێ لە ئەنجامدانی ئەو ئەرکە نەگۆڕانەی پێویستە بەردەوام بەرەنگاریان ببێتەوە. هەروەها ئەوە ڕەت دەکەمەوە دان بەوەدا بنێم کە مرۆڤایەتی تەنیا داروپەردوویەکە شەپۆلەکانی ئۆقیانووسی ژیان بەملاولادا دەیهاوێ. ڕەتی دەکەمەوە کە مرۆڤایەتی خۆی بەم شێوە کارەساتئامێزە خۆی بۆ شەوگاری ڕەگەزپەرستی و جەنگ بەخشیوە و بەیانیی ڕووناکی ئاشتی و برایەتی هەرگیز هەڵنایێ.

" من ڕەتی دەکەمەوە دان بەم بارودۆخە ڕەشبینەدا بنێم کە هەر نەتەوەیەک لەناو کێبەرکێی سەربازیدا دەخنکێ تا دۆزەخی وێرانیی ئەتۆمی. لەو بڕوایەدام ڕاستیی ڕووت و خۆشەویستیی ڕاستگۆ وشەی کۆتاییان لە جیهانماندا دەبێ. بۆیە، ئەگەر ئەم قسەیە تا ماوەیەکی کەمخایەن گاڵتە پێکردن بورووژێنێ، ڕاستی لە بەدکاریی باڵادەست بەهێزتر دەبێ. لەو بڕوایەدام تەنانەت لە ناوەڕاستی گرمەی تۆپەکان و خرمەی فیشەکیشدا، شوێن بۆ هیوا بە سبەینێیەکی ڕووناک دەبێتەوە. لەو بڕوایەدام دادوەریی زامداری بەبێ جووڵە نووستوو لە شەقامە لە خوێن وەردراوەکانی وڵاتماندا، کە بە گەرد و خەوش داپۆشراوە، هی ئەوەیە سەرلەنوێ وەک دەسەڵاتێکی

ڕەها بژیێنرێتەوە فەرمانڕەوایەتیی مرۆڤایەتی بکا.

"ئازایەتیی ئەوەم هەیە بڕوا بکەم کە خەڵک لە هەموو شوێنێکدا دەتوانن ڕۆژی سێ جەم بەدەست بهێنن بۆ دەرخواردانی لەشەکانیان، زانست و ڕۆشنبیرییش بەدەست بخەن بۆ دەرخوارداني بیرەکانیان، سەربەرزی و یەکسانی و ئازادی بەدەست بخەن بۆ دەرخواردانی گیانیان، لەو بڕوایەدام بە سرووشی خۆشەویستیی هی دی پۆلێ لە خەڵک دەتوانن ئەوە بنیات بنێنەوە کە ئەوانەی بەدوای خۆویستیدا دەچن ڕووخاندوویانە. هەر لەسەر ئەو بڕوایەدا دەمێنمەوە ڕۆژێک دێ مرۆڤایەتی لەبەردەمی قوربانیگە "مزبح"ی خودادا دەنوشتێنەوە بۆ وەرگرتنی ئەفسەری سەرکەوتن بەسەر جەنگ و خوێنڕشتندا، بۆ ئەوەی ئەو چاکەخوازییەی لە چوارچێوەی ناتوندوتیژیی ڕزگارکەرەوەدا دەگەشێتەوە، قانوونەکانی سەرزەوی دادەڕێژێ. شێر لەگەڵ مەڕدا دەژی و هەموو مرۆڤێک لە بن دارمێوەکەی یان دارهەنجیرەکەی خۆیدا بەبێ ترس دادەنیشێ.

"لەسەر ئەو بڕوایەدا دەمێنمەوە کە ئێمە سەردەکەوین. ئازایی لە بڕوا وەردەگرین بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەڵئەنگوتنەکانی دواڕۆژ. ئەو هێزێکی تازە بە پێیە ماندووەکانمان دەدا بۆ ئەوەی درێژە بە ڕێکردنی بەرەو شاری ئازادی بدەین. ڕۆژگارمان کە دەکەوێتە ژێر باری هەورە ڕەش و نزمەکان بەری ڕووناکیی لێ دەگرێ، کە تاریکیی ئاسمان تیر دەبێ و لە تاریکیی هەزار شەو پتر دەبێ، درک بەوە دەکەین لە گەردلوی داهێنەری شارستانییەکی ڕەسەندا وەستاوین ململانێ دەکا تا لەدایک بێ.

"ئەمڕۆ خۆم لە ئۆسلۆدا دەبینم وەک ئەرکێکم خرابێتە ئەستۆ پڕ لە پێزانیی تازەبووەوەی مرۆڤایەتی. من بەناوی هەموو ئەوانەوە کە بڕوایان بە ئاشتی و برایەتی هەیە ئەم پاداشتە قبووڵ دەکەم".

## کینگ و لاهووتی زنجییان

سێرج موللا

کینگ کە بەرگریی ناتوندوتیژیی هەڵبژارد، بە درێژاییی ژیانی لەگەڵیدا بوو، بەڵام ئەوە بڕیارێکی ڕاستەوخۆ نەبوو. بەڵکو لە "هۆیەکی بەهێز و گشتگیری کۆمەڵایەتی دەگەڕا، لەگەڵ ڕەوشتی مەسیحیدا بگونجێ کە بانگەشە بۆ خۆشەویستی دەکا لە سەرووی پێوەندییە تاکەکان".

بەلای کینگەوە بەدرێژاییی ڕۆژگار ناتوندوتیژی بووە بڕوایەکی ڕاستەقینە، تەنانەت بەر لە مردنی بەماوەیەکی کەم گوتوویەتی: "من تەواوێک باوەڕم بە ناتوندوتیژی هەیە. ڕوو لە کوشتنی مرۆیەک ناکەم، لێرە بێ یان لە ڤێتنام و ئاگریش لە هیچ بنیاتێک بەر نادەم... بڕیارم داوە دەست بە ناتوندوتیژییەوە بگرم، چونکە فەلسەفەیەکە فەرمانڕەواییی ژیان و پابەندبوونی تێکۆشانم دەکا لە پێناوی دادوەریی ڕەگەزی، هەروەها فەرمانڕەواییی پێوەندیم دەکا بە خەڵکەوە و پێوەندیم بە خۆمەوە، هەمیشە هەر دڵسۆزی ناتوندوتیژی دەبم"[1].

## بیرێک لە پێکهاتندا



من تەواوێک باوەڕم بە
ناتوندوتیژییە..

کینگ لە ماوەی خوێندنی لاهووتیدا ناتوندوتیژیی دۆزییەوە، لە ساڵی ۱۹۵۰شەوە دەستی بە بایەخ پێدانی کرد، کە لە تەمەنی ۲۱ ساڵیدا بوو. لاوەکە بە شێوەیەکی تایبەت بایەخی بە گاندی دا، دوای سیمینارەکانی أ. ج. ماست–ی سکرتێری جێبەجێکاری MIR و موردکای جۆنسن– سەرۆکی زانکۆی هاوەردی زنجییان/ کە تازە لە گەشتێکی هیندستان گەڕابووەوە. کینگ بە تەماشاکردنی کارەکانی مەهاتما (گاندی)یەوە خەریک بوو، هێشتا باوەڕیشی بە شیانی جێبەجێکردنی فەلسەفەیەکی هاوشێوە لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا نەهێنابوو. بەڵام سەرکەوتنی هەڵمەتی لە ئۆتۆبیسەکان دابڕان کە ساڵی ۱۹۵۵ کینگ لە مۆنتیگەمری سەرکردایەتیی کردبوو پێچەوانەی ئەوەی بۆ سەلماند و لە هەمان کاتدا بەرەو قووڵکردنی بیری ڕەوشتباشیی برد.

کینگ یەکەم زنجیی ئەمەریکایی نەبوو بایەخی بە کتێبەکانی گاندی و شێوازەکانی دەدا. هەندێک لەمانە کە هووارد تورمەن–یشیان تێدایە، ڕوویان لە هیندستان کرد بۆ دیتنی. کەسانی دی لە خوێندنی بیری گاندی قووڵ بوونەوە، وەک بایارد راستن و جیم لۆسن و برنارد لافایێت و جێیمز فارمەر، ئەوانەی ناویان بە بزاوی تێکۆشان لە پێناوی مافە مەدەنییەکانەوە پێوەست بوو.

کەواتە تەنیا کینگ نەبوو گاندی سەرنجی ڕاکێشابوو، بەڵام دەشێ یەکەم کەس بێ بنەوای پێکەوەژیانی هاوکاری یەکدی کردنی بە کردەوە لە نێو ئەم فەلسەفەیە و کەلەپووری (زنجی)یدا، ئەم شێوە گونجاندنەوەیە هۆی لەئەستۆ گرتنی هەزاران پیاو و ژنی ئەم ڕێبازی بەرگرییە ناتوندوتیژییەی کە "هەستیان بەوە کرد" کە لەگەڵ یەکدا تەواوێک گونجان لەگەڵ باوەڕە مەسیحییەکانیان. لە کۆتایی ۱۹۵۵ و لە مانگەکانی دواتر گەلێک جار هەردوو ناوی کینگ و گاندی پێکەوە دەبرا لەبەر لێکچوونی شێوازەکانیان، بەڵام جیاوازییەکانی نێوانیان بەڕەت بوونەوەی ساڵان قووڵ بووەوە. وردە وردە کینگ نموونە بەگاندی هێنانەوەی کەم کردەوە و بانگهێشتی بۆ بەرگریی ناتوندوتیژی پتر و پتر دەبەست بە "بەڵێنی ڕزگاری بەخودا" و بە کەلەپووری دەوڵەمەندی کەنیسەی زنجیدا گرێ دا، ئەم ڕووتێکردنە کاریگەریی گەورەتری لە کەسایەتیی مەهاتما هەیە بە جووڵاندنی کۆمەڵگەی زنجی. ئەم گۆڕانە ئەو ئەزموونە گیانییە لێکی دەداتەوە کە لە کۆتاییەکانی کانوونی دووەمی ۱۹۵٦دا کینگ تێیدا ژیا.

## شەوێکی یەکلاکەرەوە

دوای چەند حەفتەیەک لە سەرەتای هەڵمەتی لە ئۆتۆبیس دابڕان لە مونتیگەمری، کینگ لە درەنگە شەوێکدا لە نەناسێکەوە پێوەندییەکی تەلەفۆنیی پێوە کرا هەڕەشەی ئەوەی لێ کرد ئەگەر لە ماوەی سێ ڕۆژی داهاتوودا شارەکە جێ نەهێڵێ وەک ئەوە دەبێ کە حوکمی بە مردن بەسەر خۆی و ئەندامانی خێزانەکەیدا دابێ. کینگ شێوا و ئارەزووی خەوی لەلا نەما، لەسەر چارپایەکەیەوە هەڵسا، فنجانێک قاوە بۆ خۆی بهێنێ، هەوڵی دا لێکدانەوەیەکی ئەقڵانی بۆ ڕووداوەکانی دوایی ببینێتەوە، بەڵام نەهاتەوە سەر خۆی. ڕووی کردە "ئەو قەوارەیە" ئەو کەسەی گوێی لە دایک و باوکی بوو چەند جارێک باسیان دەکرد: "ئەو شەوە بە دەنگی بەرز نوێژم کرد، گوتم: "خودایە، ئەوەتام هەوڵ دەدەم ئەوە بکەم کە لەسەرمە. پێم وایە من لەڕێ لام نەداوە. پێم وایە ئەو دۆزەی کە دەنوێنرێ دۆزێکی ڕەوایە. بەڵام دانت بۆ پێدا دەنێم ئەی خودایە، من ئەمڕۆ دەستم بە بێهێزی کرد و هێندەی نەماوە بڕووخێم و ئازایەتیم لەدەست بدەم. لەگەڵ ئەوەشدا من ناتوانم لێ گەڕێم خەڵک بەم شێوەیە بمبینن، چونکە، کە بەبێهێزم دەبینن ورە بەرداو، ئەوانیش بێهێز دەبن. خودایە بە هانامەوە بێ، ئەو هێزە پێویستەم بدەرێ سبەی بەیانی بە زەردەخەنەیەک پێشوازی لە ئەندامانی لیژنەی جێبەجێکردن بکەم". لەو ساتەدا گوێم لە دەنگێکی ناوەوەم بوو پێم دەڵێ: "مارتن لۆتەر کینگ، ڕاوەستە! ڕاوەستە لە پێناوی حەقدا، ڕاوەستە لە پێناوی دادوەریدا، ڕاوەستە لە پێناوی ڕاستیدا! منیش لەگەڵتدا دەبم تا کۆتاییی جیهان". بەڵێ، ڕووناکیم بینی، گوێم لە شریخەی هەورەتریشقە بوو. هێزی شەڕم بیست بەسەرمدا دەکەوێ هەوڵی داگیرکردنی گیانم دەدا. بەڵام دەنگی یەسووعم بیست پاڵم پێوە دەنێ لە جەنگدا بەردەوام بووم. بەڵێنی دامێ هەرگیز دەستبەردارم نەبێ و قەت بە تەنیام جێ نەهێڵێ. منیش ئێستا درێژە بە ڕێکردن دەدەم، بڕوام پێیەتی"[٢].

ئەم شاهێتییە تایبەتمەندە کینگ دوای یازدە ساڵ لە ٢٧ی ئابی ١٩٦٧ دای، واتە لە بارێکی نیگەرانی و هەڵچووندا کە لەگەڵ ڕێکخراوەکەیدا بەسەری بردووە پاش ڕاگەیاندنی هەڵوێستگەلێکی ڕەتکەرەوەی دەستدرێژیی سەربازیی ئەمەریکایی لە ڤێتنام، کە ئەو ئەزموونەی گێڕایەوە لە کاتی پێشکێشکردنی وتارەپەندێکی مژدەبەرانەدا لە شیکاگۆ، کینگ جەختی لەسەر گەنگیی دەوری کرد و ئەو هۆکارانەی لێکدایەوە پاڵی پێوە ناوە بگەڕێتەوە سەر باوەڕی باپیرانی. ئەوساکە کینگ درکی بە هێزی مت کرد لەوەدا کە وای بۆ چوو تەنیا دەربڕینێکی سۆزدارانەی سادەیە لە بارەی باوەڕەوە، هەستی ئەوە دایگرت کە لێکدانەوەیەکی کەی دۆزیوەتەوە بۆ خودا، ئەمەش لە شێوەی ئاخاوتنیدا ڕەنگی دایەوە لە پێشکێشکردنی گەواهییەکەی، کە شێوازی کۆیلانی بەبیر هێنایەوە لە پەسنی وەرگەڕانیان بۆ سەر ئاینی مەسیحی. داننانەکەی تەنیا بیرمەندانە نەبوو و بەس، بەڵکو هەموو بوونیشی گرتەوە و بواری گەڕانەوە بۆ ڕیشەکانی بۆ ڕەخساند. بەم جۆرە کینگ بەردەوام بوو لە پێکهێنانی نێو ئارەزووی بەدیهێنانی دادوەری و بڕوای

بە مەسیحییەتدا، بووە هاوڕێیەکی بەکردەوە بۆ ئەو خودایەی پەیمانی دایێ و کە هەر خۆی بە تەنیا "دەتوانێ کەلێنێک بکاتەوە کە هیچ کەلێنێک نییە". ئەم دان پێدانانە بێگومان لەسەر ئاستی باوەڕدا تێ دەگەین و بە بەڵگەنەویست دانانرێ، بەڵام جێپەنجەی قووڵی خۆی بەسەر ئاراستە ڕەوشتانەکەدا هێشتەوە لای قەشەی لاودا، کە لە کتێبەکەیدا لە بارەی ناتوندوتیژییەوە گوتوویەتی: "مەسیح واتە و ئامانجەکەی و گاندی-ش هۆیەکەی داوەتێ"[٣].

### *لە سەر لووتکەی چیادا بووم*

*ئەو ئێوارەیەی تیرۆر کرا، مارتن لۆتەر کینگ لە مەمفیس "تێبیسی" بوو بۆ پشتگیریی کرێکارە مانگرتووەکانی خاوێنکردنەوە.*

*"کارەیلی توندوتیژی لە شاردا بەرپا بوون و هەندێک لە کۆگاکان تالان کران، پۆلیسیش پیاوێکی لاوی کوشت و لە نێزیکەی ٦٠ کەسیشیان تێلاکوت کرد و پتر لە ٣٠٠ کەسیشیان گرت. لەم کەشانەدا مارتن لۆتەر کینگ گوتارێک لە پەرستگەی ماسۆنیدا دەخوێنێتەوە، سالانێکە پیاوان باس لە جەنگ و ئاشتی دەکەن، بەلام ئیدی لەمەودوا ناتوانن بە قسەکردن بوەستن، کە هەڵبژاردنەکە ئیدی لە نێو توندوتیژی و ناتوندوتیژیدا نییە، ئێمە لەبەردەمی دوو هەڵبژاردناین سێیەمیان بۆ نییە، یان ناتوندوتیژی یانیش نەبوون (...).*

*ئەم بەیانییە کە ئەتلانتامان جێهێشت و لە کاتی هەڵسانەوەی فڕۆکەدا فڕۆکەوانەکە ڕووی لە سەرنشینان کرد و لە مایکرۆفۆنەوە گوتی: "نیگەرانین بۆ دواکەوتن کە دوکتۆر کینگ-مان لەگەڵدایە لە فڕۆکەدا، ئەمەش ناچاری کردین بە وردی جەخت لەسەر ئەوە بکەین هەموو شتێک وەک پێویستە و فڕۆکەکە بە درێژایی شەو پاسێکی توندی بەسەرەوە بوو". کە گەیشتینە مەمفیس مقۆمقۆ لەبارەی هەڕەشەگەلێکەوە بڵاو بووەوە و بەوەی کە لەوانەیە تووشم ببێ بە هۆی هەندێک لە برا "نەخۆشەکانمان"ەوە. نازانم ئێستا ئەگەر شتێک ڕوو دەدا و دەزانم ڕۆژانی داهاتوو بێگومان زەحمەت دەبن، بەلام من کەم وا بووە بایەخم بە هەموو ئەم شتانە دابێ، کە من لەسەر چیادا بووم.*

*چیی دی بۆ شتێک نێگەران نەدەبووم. وەک هەموو خەڵک حەز دەکەم زۆر بژیم، کە درێژیی ژیان بەهایەکە هەڵناسەنگێنرێ. بەلام من ئێستا بە جۆرێکی کە بیر دەکەمەوە. هەموو ئەوەی دەمەوێ ئەوەیە خواستی خودا بەجێ بهێنم. ڕێ پێ دام بگەمە ترۆپک، لەوێوە سەیری دوورم کرد و خاکی بەڵێن پێ دراوم بینی، دوور نییە لەگەڵتان نەیگەمێ، بەلام ئەم ئێوارەیە من دەمەوێ بزانن کە گەلەکەمان دەگەنە خاکی بەڵێن پێ دراو".*

### بەرگریی ناتوندوتیژی

کینگ بە هەڵبژاردنێکی هەڵبژاردەییی دانانێ، بەڵکو "تاکە هەڵبژاردنێکی لە توانستدایە"، کە هاوسەنگییەک لە نێو مەبەست و هۆدا دروست دەکا. چونکە ئامانجە وێنەکێشراوەکە، لە کۆششی بەدیهێنانی ئاشتی و ئاشتەواییی نێو مرۆڤان، لە هەموو کارێکدا خۆی دەنوێنێ، بۆیە دەبێ لەو ڕەنگدانەوانەی سەر شێوازەکانی دانەبڕین کە بە خۆیەوەیان دەگرێ. دەستپێک لەو پرسیارەوە لەبارەی ئەوەی خزمەتی پێشکەوتنی مرۆ دەکا دەتوانین جیاوازی لە نێوان قانوونێکی دادوەر– دەبێ پشتگیریی بکەین– و قانوونێکی ستەمکار کە دەبێ لە ڕوویدا بوەستین، لەگەڵ ڕێتێچوونی بژاردنی بەهای ئەو لە ڕووداوەستانە (کینگ لەم چوارچێوەیەدا لەگەڵ بیری هێنری دێڤید "تۆرۆ!!"دا ڕێکە کە لە وتارێکیدا لەبارەی یاخیبوونی مەدەنییەوە نووسیویەتی ئەمەی تێدا دەربڕیوە: Essai sur la desobeissance civile). بۆیە گریمانەی ئەوە لە بەرگریکاری ناتوندوتیژ دەبێ خۆی بۆ گرفتی ئەو ئازارە ئامادە بکا کە دەشێ خۆی بە ناچاری بەرەنگاربوونەوەی ببینێ. چۆن بە دڵسۆزی پابەندبوونی دەمێنێتەوە سەرەڕای ئەم ئازارچێژییە؟ کینگ بەخۆی وەڵامی ئەم پرسیارەی دایەوە بەو بڕوا ئاینییانەی و لێکدانەوەیەوە بۆ خۆشەویستیی یەسووع. بەڵام ئەم چارەسەرەی بەسەر کەسێکدا نەسەپاند، بەڵکو لەسەر پێویستیی دۆزینەوەی هەناسەدانێک بۆ ئازارچێژیی چاوەڕوان کراودا سوور بوو، لە ترسی دەستبەردان لە هەموو شتێک. دەشێ ئەو هەناسەدانە بەلای هەندێ کەسەوە لە بڕوادا بەرجەستە بێ و بۆ ئەوانی دی لە باوەڕە مرۆڤایەتییەکاندا.. مەرجەکە گەلێک بەبایەخە: "ناتوندوتیژی یان نەبوون"[٤].

ئەم باوەڕە لە ١٩٦٦وە هێنایە سەر ڕووبەڕووبوونەوەی لایەنگرانی "دەسەڵاتی ڕەش BlackPower"، ئەو لاوە دڵسۆزانە بۆ پێلی ماڵکۆلم ئێکس کە تەنیا لە دەستپێکێکی تاکتیکییەوە ناتوندوتیژییان بینیوە، سەرباریش گریمانەی ئەوەیان کرد کە بە شێوەیەکی ڕیشەیی چاو بەو ڕێژیمەدا ناگێڕن کە ڕێ بە بەردەوامیی ڕەگەزپەرستی و جیاوازیی ڕەگەزی دەدا. ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کینگ ئامانج و هۆیەکان و مۆرکی ڕزگارکەرەوەی گۆڕی نە ستۆکلی کارمایکل–ی خەباتگێڕ لە پارتیی (دەسەڵاتی ڕەش)دای باوەڕ پێ هاورد و نە زنجییەکانی گەڕەکەکانی گیتۆ لە شارەکانی باکوردا، ئەوانەی کەمتر پێوەندییان بە کەنیسەوە هەبوو لە برا و خوشکانیان لە باشوور. کینگ کە ڕەخنەکانیانی بینی ناچار بوو چاو بە شیکردنەوەکەی خۆیدا بگێڕێ تەنانەت درکی بە پێویستیی ئەنجامدانی گۆڕانکاریی قووڵی تێدا بکا.

### گۆڕان:

بێگومان لە ماوەی فرەوان بوونی بواری بزاوە خەباتگێڕییەکاندا دەرکەوت، هەروەها لەسەر ئاستی زمانەوانیش، وردە وردە کەمتر گەشبینیی پێوە دیار بوو و مەترسیی هاتنی "ڕۆژە زەحمەتەکان"ی

هەبوو، هەروەها بەکارهێنانی خوازەی "خەون"ی لە بەرژەوەندیی بەنموونەهێنانەوە بە ئینجیل و بەدەنگخوێندنەوە زنجییەکاندا پاشەکشێی کرد. لەوساکەوە ڕاڤەی باوەڕی کەنیسەی سەرلەنوێ کردەوە و بیرکردنەوەی لە دۆزی حوکم گەڕاندەوە لە دەستپێکی ئازارەکانی یەسووعی مەسیح، بەوەش لەو ڕێنوێنیانە دوور کەوتەوە کە لە ماوەی خوێندنیدا خۆیانی لێ دابوون. ڕوانینی بۆ کەنیسە و کۆمەڵگەش گۆڕانیان بەسەردا هات. دەوری کەنیسە لەلای لە سنووری چوارچێوەی ویژداندا نەمایەوە، بەڵکو دەبێ دەور لە وشیارکردنەوە و ڕەخنەگرتندا ببینێ. دەبێ یارمەتیی تیشک خستنە سەر ڕاستیی بارودۆخێکی کۆمەڵایەتیی تایبەتی بدا یان پابەندبوونی دەوڵەت لە دۆزێکی دەستنیشانکراودا. بەم جۆرە کینگ گەیشتە ئەوەی هەڵوێست لە دەستوەردانی سەربازیی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ڤێتنام وەربگرێ و بڕیاری دا هەڵمەتێکی فرەوان بۆ یارمەتیی هەژاران دەست پێبکا، ئەم دوو هەڵوێستە هیچ ئاماژەواتەیەکی کۆمۆنیستییان تێدا نەبوو، بەڵکو لە باوەڕگەلی ئاینیی کینگەوە دەستیان پێ دەکرد.

ئەم گۆڕانەی لە ١٩٦٥ەوە دەستی پێ کردووە –لەو ڕۆژانەی دوای هەڵمەتی سێلمادا بوون کە لووتکەی جموجووڵی لە پێناوی مافە مەدەنییەکان بوو– کینگی بەرەو سەرکەوتنگەلێکی نوێ نەبرد، بەڵکو بە پێچەوانەوە، توندیی لە ڕوودا وەستان پتر بوو: تێکۆشەرە لاوە ڕەشەکان، لایەنگرانی بەرگری لەخۆکردن، پێگەیەکی پەراوێزئامێزیان دایێ، ئینجا ڕەشە پتر میانڕەوەکان و لیبرالییە سپییەکان بەیەکسانی هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا کرد، هاوپەیمانانیان، ئەوانەی خۆپارێزییان لە هەڵوێستە ئاشتییانەکانی کرد. بەلای کۆمەڵەی یەکەمەوە، کینگ وەک پێویست ڕادیکاڵی نەبوو، بەلای کۆمەڵەی دووەمیشەوە ئەو پتر لە پێویست ڕادیکاڵی بوو و گریمانەی ئەوەی لێ دەکرێ دەست لە سیاسەتی بیانی وەرنەدا، چونکە بەوە بزاوەکەی لەناو دەبا.

## کینگ و لاهووتی زنجییان

لەم چوارچێوەیەدا لە گرژی هەندێک لە قەشە ڕەشە ناسراوەکان، لە ٣١ی تەممووزی ١٩٦٦دا بەیانێکیان بڵاو کردەوە لەبارەی "دەسەڵاتی ڕەش" و ئەو ڕوانگە لاهووتییەی دەشێ هەیبێ. بەیانەکە واژۆی کینگ–ی پێوە نەبوو کە ویستی بە بەیانێکی خۆی ڕای خۆی لەبارەی ئەو بەیانەوە دەرببڕێ کە لەدایکبوونی لاهووتی زنجییەکانی ڕاگەیاند، بەڵام ئیشوکاری زۆری ڕێی لە پەرەپێدانی نووسینەکەی بدا لەبارەی ئەم بابەتە. ڕووداوی تیرۆرکردنەکەی لە مەمفیس لە نیسانی ١٩٦٨دا توندیی دابڕانی نێوان بیرمەندانی ڕەش و لیبرالییە سپییەکاندا پتر کرد. ئەمەش بێگومان بەشداریی لە سەرەتاکە کرد بەپاڵنانی ئەم شەپۆلە بەرەو فەلسەفەی مالکۆلم ئێکس–ی دووبەرەکیخواز، پتر لەوەی بەرەو ڕووکاری کینگی پێکهێنانەوە ببا. هەر لەوساشەوە، لەگەڵ دەستوەردانی لاهووتی و فەیلەسووف و مێژوونووسانی وەک جێیمز هـ. کۆن و ویلیەم جۆنز و گەیرود ویلمۆر و ڤینسنت هاردینگ، لەم چوارچێوەیەدا ئاستی تێڕامان بەرینتر بوو و ئەو

پرسیارانەی هاتنە کایە، بەو شەڕانەوە پێوەست کران کە بەر لەوە بە ساڵانێک خۆی لێ درابوو، هەروەک بڵێی ڕاگەیاندن بوو بۆ گوازرانەوەی شەڕەکەکان لە شەقامەکانەوە بۆ زانکۆ.

دەرکەوتنی ئەم جۆرە تێزانە بەری ئاوێتەبوونی ئەو بیرانە بوو کە "بزووتنەوە" بەرهەمی هێنان کە تێکرِایان تا ڕادەیەکی زۆر بەشدارییان لە پەیدابوونی لاهووتی زنجییان و خوێندنەوە زنجییەکان و بزاوەکانی ئافرەتان دەکرد. لاهووتی زنجییان بێگومان لە لاهووتی ڕزگاری لە ئەمەریکای لاتینی دەچوو، بەڵام ڕەگەکانی بۆ کەنیسە و نەریتە زنجییەکان درێژ دەبنەوە. بۆیە هەر لە سەرەتای پەیدابوونیەوە لە کۆتایی شەستەکاندا وێرای جەخت لەسەر ئەوە بکا کە زمانی "ڕەشایەتی" چاکترین زمانی هێماییە کە لە باکوری ئەمەریکادا هەیە لەبارەی خوداوە، لەم سەرەتایەشەوە ئەو دۆزانەی کینگ و بزاوەکەی ڕووبەڕووی هاتن دووبارە کردەوە، بەشێوەیەکی بەرنامە بۆ دانراو. بەم جۆرە بۆ نموونە دۆزی ناسنامە و "ڕەشایەتی" هاتنە گۆڕێ، ئەمەش دوای سیمینارگەلێک لەبارەی ئاوێتە بوون و "دەسەڵاتی ڕەش" و دۆزی ڕەنگی خودا کە پەردەی لەسەر نەبوونی ڕوانین لەلای زۆربەی زۆری کەنیسە سپییەکان لەبارەی ڕەگەزپەرستییەوە و دۆزی توندوتیژی و ئازارچێژیش هێنانەگۆڕێی بابەتێک کە لە بەدەنگەوە خوێندنەوە ئاینییەکانی دووبارە کردەوە. لێکۆڵینەوە لەبارەی دۆزە لاهووتییە گرینگەکان لەو کاتەدا دووبارە کرایەوە کە خوێندنەوەی مێژووشی تێدا دووبارە کرایەوە لەپێناوی ڕوونکردنەوەی سیما دیارەکانی هێز لە کەلەپووری دەوڵەمەندی زنجیی لە هەمان کاتدا نەناسراو.

هەموو ئەمانە ئەمرۆ هەلی چاوپێدا گێڕانەوە دەرەخسێنێ بە هەردوو کەسایەتیی مارتن لۆتەر کینگ و ماڵکۆڵم ئیکسدا بەجۆرێکی تایبەتی و پێکەوە خوێندنەوەیان بۆ تێگەیستنی بیری هاوچەرخی زنجی و بەجێهێشتنی هەوڵەکانی لەئامێز گرتن لەلایەن دەسەڵاتی سپییەوە. بۆچوونە تازەکانی ڕەشەکان لەم دوو قارەمانانەدا گرینگییەکی تایبەتی هەیە. بۆ نموونە بەلای کینگ–ەوە دەگاتە دیدێکی نوێی ئەو پیاوەی کرایە شەهید و پیرۆز، هان دەدا بایەخ بەو پرسیارگەلە کراوانە بدرێ لەبارەی بەهای بەرگریی ناتوندوتیژییەوە. ئەو ڕەخنانەی هەبوون و ئێستاش لەلای بەشێکی کۆمەڵگەی زنجیدا بیرکردنەوە لەو پێوەندییەی لە نێو ئەم شێوازەدا و نێوانی ئەو گیانپەروەرییە "ڕووحانییەتە"ی پشتگیریی دەکا. کەواتە هێشتا ڕێبازەکەی کینگ گرینگی پێدان دەورووژێنێ و هان دەدا بۆ تێڕامان. دۆزەکە بە دووبارەکردنەوەی ئەم نموونەیە نەماوە ئەوەندەی کار بۆ شیکردنەوەی دەگەیەنێ لە چوارچێوەی ئەو کاریگەرییە ڕاستەقینانەی شەڕەکانی لەپێناوی ئازادی جێی هێشتوون.

سێرج مۆللا*

پەراوێز:

* سێرج مۆللا: قەشەیەکی سویسراییە (CH-1557 Dompierre) تێزێکی لەبارەی لاهووتەوە نووسی ساڵی ١٩٩٢ بە ناوونیشانی: Luther King LesIdees Noires de Martin، لە بڵاوکراوەکانی Labor et Fides،

جنێڤ، بڵاوکراوەکانی Cerf لە فرەنسا بڵاوی کردووەتەوە.

١. م. ل. کینگ Showdown for Non-Violence، ٦٨/١٦/٤، فی مجموعە ج. م. واشنگن: "A testament of Hope.The Essential Writings of M.L.K."، بڵاوکراوەکانی Row & Harper، نیویۆرک ١٩٨٦، ل / ٦٩.

٢. م. ل. کینگ (Toi, Insense8/ 67) وەرگێڕانی تەواوی ئەم وتارەپەندە لە: Bulletin du centre protestant, d,etudes Geneve، ئەیلوولی ١٩٨٨، ل ٣-, ٣١.دا هەیە.

٣. م. ل. کینگ Combats pour la Liberte، بڵاوکراوەکانی پایۆ ١٩٦٨، ل٨٧. ئاماژەکە دەبینین ئەم بۆچوونە تەواوێک هی کینگ نییە، ئەوەی لە پەراوێزی کتێبەکەشیدا داناوە لە بارەی خۆ دابڕین، لە مۆنتیگەمری جۆرج کێلسی-ی مامۆستای بوو.

٤. ئەو بۆچوونەی کینگ چەندان جار دووبارەی دەکردەوە لە کتێبی Combats دابوو، ل٢٤٢.

## کینگ، ئەمەریکاییەکی جودابووەوە

جان-ماری مۆلەر

سالی ١٩٥٥، کە ناوی مارتن لۆتەر کینگ لە ناوەندە ناودەوڵەتییەکاندا دووبارە بووەوە لەگەڵ بەدەستەوە گرتنی سەرکردایەتیی ڕەشەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا کینگ لە خوار بیست و حەوت ساڵیی تەمەنیدا بوو، ساڵی ١٩٦٤ کە پاداشتی نۆبڵی بۆ ئاشتی بەدەست هێنا لە خوار سی و پێنج ساڵییەوە بوو، لە ١٩٦٨یشدا کە تیرۆر کرا لە خوار چل ساڵییەوە بوو. دەبێ ئەمە بزانین بۆ ئەوەی قۆناخەکانی ژیانی کینگ تێ بگەین لە هەڵمەتی خۆدابڕین لە ئۆتۆبیسەوە لە مۆنتیگەمری کە یەکەم جموجووڵی بوو و تا مانگرتنی کرێکارانی پاککردنەوە لە مەمفیس-ی دوا جموجووڵێک کە بەشداریی تێدا کردووە.

لە یەکی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٥٥دا، ڕۆزا پارکس ڕەتی کردەوە گوێڕایەڵی ئەو فەرمانە بێ کە ئاڕاستەی کرا کورسییەکەی لە ئۆتۆبیسدا بۆ پیاوێکی سپی جێ بهێڵێ، ڕۆزا سواری ئۆتۆبیس بوو بوو دەچووە ماڵەوە دوای ڕۆژێکی کاری دوورودرێژ، پێشتر بیریشی لێ نەکردبووەوە بە کەللەڕەقی سەرپێچیی ڕێنوێنییەکانی ئەنجوومەنی شارەوانی بکا بە پابەندبوون بە جیاوازی لە ئۆتۆبیسدا. گوتی ڕەتی کردەوە کە جێیەکەی بەجێ بهێڵێ چونکە بە سادەیی ماندوو بوو و لە پێیەکانیدا هەستی بە ئازار دەکرد، بەڵام ئەم هەڵسوکەوتەی خاڵێکی یەکلاکەرەوە بوو پاڵی بەهەموو کۆمەڵگەی زنجییەوە نا لە مۆنتیگەمری ڕەتی بکاتەوە بەخۆی هاوبەش بێ لەو چەوساندنەوەیەی ڕەگەزپەرستیی سپی بەسەریدا دەیسەپێنێ.

## ناتوندوتیژی خۆی کینگ-ی هەڵبژارد

زنجییەکان لە مۆنتیگەمری کە بڕیاریان دا، بە ئامادەنەبوونی کینگ، قەشەی لاو دەتوانێ ئەرکەکانی سەرۆکایەتیی ڕێکخراوەکە ڕاپەڕێنێ کە دەست بە دامەزراندنی کرا بۆ بەرگری کردن لە مافەکانیان، بێگومان هیچ بیرۆکەیەکیان نەبوو لەبارەی بایەخی ئەم هەڵبژاردنە. لەهەمان کاتدا کینگ نەیدەتوانی ئەوە بهێنێتە پێش چاو کە قبوولکردنی ئەو پۆستە چیی بەدوادا دێ. بەم جۆرە وا دیارە مارتن لۆتەر کینگ بە تەواوی ئارەزووی خۆی ئەوەی هەڵنەبژاردووە ببێتە ئەوەی کە بوو. لیرۆن بینیت-ی نووسەری ژیانامەکەی لەم بوارەوە دەڵێ: "کار کە پێش پیاوەکە و بیرۆکەکە کەوت، ئەوە کارێکی ئێجگار بە دەربڕە، کینگ چاوی لەوە نەبوو پۆستی سەرکردە لە مۆنتیگەمری وەربگرێ، خەڵکەکە هێنایان. هەروەها خۆشی بڕیاری نەدابوو ناتوندوتیژی هەڵبژێرێ، ناتوندوتیژی خۆی ئەوی هەڵبژارد، خۆی بەسەریدا سەپاند وەک پێویستییەک کە لە سروشتی هەڵوێستەکەوە هەڵقوڵا بوو"[1].

لویس لوماکس لە La Revolution Noire (شۆڕشی زنجییان)دا جەخت لەسەر ئەوە دەکا مارتن لۆتەر کینگ خۆی بە "بابەتێک لە ناو ڕووتەکەدا" بینییەوە تەنانەت بەر لەوەی تەواوێک درک بەوەش بکا کە چیی بەسەر دێ. کە بۆی لوا بەهێمنی بیر لە دوارۆژی خۆی بکاتەوە کات بەسەر چوو بوو. ناوبانگی لەسەر ئاستی ناودەوڵەتیدا بڵاو بووبووەوە و بووە جێی پێشوازی لێ کردن و ڕێز لێنانی خەڵک و هەژدە ملیۆن لە زنجییان ناویان بە "ڕزگارکەرەوە" دەبرد و ڕەوشتپارێزانیش لە لایە جوداکانی جیهاندا لەگەڵ گاندی بەراوردیان کرد[2]. بەلام قەشەی لاو کە بووە وتەبێژی فەرمی بەناوی زنجییانەوە لە مونتیگەمری، بنەوا و هۆیە ستراتیجییەکانی کاری ناتوندوتیژیی نەدەزانی، خوێندنی لاهووتی لە زانکۆی بۆستن ئامادەی کرد بۆ مژدەبەری لە کەنیسەکاندا و نەک بۆ ڕێکخستنی جموجووڵە نارەزایی دەربڕەکان لە سەر گۆڕەپانە گشتییەکان.

## هێزی فشار و کارا:

لەسەرەتای هەڵمەتی لە ئۆتۆبیس دابڕاندا لە مۆنتیگەمری، کینگ لەو بڕوایەدا بوو زنجییەکان دەتوانن بەزوویی سپییەکان قایل بکەن بە ڕەوابوونی دۆزەکەیان. لەم چوارچێوەیەدا لیرۆن بینیت دەڵێ: "بەپێچەوانەی ئاسایی بیری لێ دەکەینەوە، کینگ وای نەڕوانییە ئەو تێکۆشانەی لە مۆنتیگەمری دەستی پێ کرد کە شەڕە"[3]. لە گردبوونەوەکاندا، وەک مژدەبەرێک نەک وەک نەخشەکێشێکی ستراتیجی قسەی لەگەڵ زنجییاندا دەکرد. وشە پڕ لە سووربوون و ئازایی ڕەشەکانی قایل دەکرد بەلام پێی نەکرا سپییەکان قایل بکا. کینگ لەو بارەیەوە نووسیویەتی دەڵێ: "گریمانەی ئەوەم کرد کە خاوەن تایبەتمەندییەکان "أصحاب الامتیازات" تەنیا بە داوا لێکردیان واز لە تایبەتمەندییەکانی خۆیان دەهێنن! ئەم ئەزموونە دەبێ وانەیەک بێ بۆ من، درکم بەوەش کرد

هۆی بوونی جیاوازیی ڕەگەزی تەنیا لە پەراوێز خستنی بڕێک لە خەڵکە، بەڵکو لەسەرووی هەموو شتێکەوە چەوساندنەوە و بەرخۆرییانە"[٤].

بەم جۆرە، دوای نوشوستیی ئەو گفتوگۆ سەرەتاییانەی بەرپرسانی کۆمپانیای ئۆتۆبیس تێیدا جەختیان لەسەر کردەوە و هەر جۆرە دەستبەردارییەکیان ڕەت کردەوە، کینگ خۆی بە ناچار زانی دان بە هەڵەبوونی خۆیدا بنێ "بە گریمانەی گەشبینیی بێ پاساو" و "کە نوقمی خەیاڵ بووبوو"[٥]. کینگ لەم بارەیەوە قسەی لەگەڵ لیرۆن نینیت کرد و پێی گوت: "لەو بڕوایەدا بوو کە ڕاستی خەڵکی ڕزگار دەکا (...) و دواتر بۆی دەرکەوت کە هەڵە بووە و دۆزەکە دۆزی لۆجیک نییە بەڵکو دۆزی هێزە"[٦].

بەم جۆرە و بە هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەوەی کە هەیە، ئایدیاییی ئەم قەشە لاوە پاشەکشێی کرد، کە بڕوای بەوە هێنابوو تەنیا "هێزی خۆشەویستی" پێی دەکرێ دادوەری و برایی لە نێو مرۆڤاندا بەدی بهێنێ، لەبەردەمی واقیعبینیی ئەو پیاوە پابەندەی بۆی دەرکەوت تەنیا هێزی فشار ڕێ بە چارەسەری کێشەکان و تەرخانکردنی ڕاستی و ماف دەدا. دوای جموجووڵ لە مۆنتیگەمری بە چەند ساڵێک کینگ جەخت دەکاتەوە و دەڵێ: "ئەگەر مێژوو شتێکی فێر کردبین ئەوەیە کە بەدکاری بەسروشت دڵڕەق و کەللەڕەقە و هەرگیز بە خۆویست پاشەکشە ناکا بەر لە پەیداکردنی بەرگرییەک بەلای دەمارگیریدا دەشکێنێ. هەمیشە دەبێ بەرەنگاری ببیتەوە و هەموو ڕۆژێک بە داری دادوەری لێی بدەی (...)، خۆمان هەڵدەخەڵەتێنین ئەگەر وا بزانین تەنیا دەست بە ڕەوشتەوە گرتن و پێ سەلماندن دەتوانێ دادوەری بچەسپێنێ. لێرەدا مەبەست دواندنی ڕەوشت سوودی نییە، بەلام لەهەمان کاتدا دەبێ پاڵپشتێک لە هێزێکی بەکردەوە فشارخەر بەدەست بهێنرێ"[٧].

### *لەپێناوی بەرگرییەکی ناتوندوتیژدا*

*"لەم مانگانەی دواییدا بڕوام بە پێویستیی بەکارهێنانی بەرنامەیەکی ناتوندوتیژی لە پێوەندییە ناودەوڵەتییەکاندا چەسپا. لە ساڵانی خوێندندا بڕوام بە ناتوندوتیژی هەبوو لە سەر ئاستی کێشەکانی ناو کۆمەڵەکاندا لەچوارچێوەی یەک نیشتیماندا. بەلام هێشتا بڕوام بە سوودی ناتوندوتیژی لە پێوەندییە ناودەوڵەتییەکاندا نەبوو. وام دەزانی جەنگ، هەرچەند هەرگیز نەبووەتە مایەی چاکەگەلێکی ئەرێنی و ڕەها. دەشێ ببێتە مایەی چاکەگەلێکی نەرێنی بە ڕێگرتنی لە پەرەسەندنی هێزێکی بەد و بڵاوبوونەوەی. وام دەزانی جەنگ سەرباری دزێویی دەشێ باشتر بێ لە ژێردەستیی ڕێژیمێکی گشتگیر. بەلام وردە وردە درکم بەوە کرد کە هێزی چەکە نوێیە لەناوبەرەکان ئەوەی تەواوێ دوورخستەوە کە بشێ و نەرێنییەکانی جەنگ هیچ چاکییەکیان ببێ. ئەگەر دانمان بە مافی مرۆڤایەتی لە ژیاندا نا، دەبێ بریکارێک بۆ جەنگ و تێکدان بدۆزینەوە. کەس ناتوانێ جەنگ بباتەوە لە سەردەمێکدا کە مانگە*

*دەستکردە ئاسمانییەکان و ڕۆکێتە لە دوورەوە ڕێ پێ کراوەکان ڕێگەکانی مردن لە دوای خۆیدا جێ دەهێڵێ. هەڵبژاردنی ئەمڕۆ لە ناو توندوتیژی و ناتوندوتیژیدا نییە، بەڵکو لە نێوانی ناتوندوتیژی و نەبوون–دایە".*

*کینگ (هەڵبژاردە لە La force d,aimer،*
*بڵاوکراوەکانی Casterman، پاریس، ١٩٦٤).*

*"نەتەوە یەکگرتووەکان هەوڵێکە لە ئاستێکی جیهانیدا بۆ پیادەکردنی ناتوندوتیژی. بەلای کەمەوە لە جیاتیی چەک، بە قسە هەوڵی چارەسەری کێشەکان دراوە. بەڵام ناتوندوتیژیی ڕاستەقینە ئەو قۆناخە ڕەت دەکا: کە تەنیا نەمانی توندوتیژی نییە. ئەوەیە کە هەوڵ بدەین بەهەموو ئەو هۆیانەی لەبەردەستماندان بەرپەرچی دەستدرێژییەکانی سەر کۆمەڵگەی ناودەوڵەتی بدەینەوە بەهێزێکی ئاشتیخوازانە. کاتێکیش کە نەتەوە یەکگرتووەکان هەست بە دەورە مەزنەکەی دەکا، هیوادارم بە جیدی لە تواناکانی کاری ڕاستەوخۆی ناتوندوتیژی بکۆڵێتەوە".*

*کینگ (هەڵبژاردە لە Ou allons-nous?،*
*بڵاوکراوەکانی Payot، پاریس، ١٩٦٨).*

هەوڵنامەی کتێب

### لە چاکسازییەکانەوە بۆ شۆڕش

لە سەرەتادا مارتن لۆتەر کینگ هەموو هەوڵێکی دەدا بۆ بەدیهێنانی ئاوێتەبوونی ڕەشەکان لە کۆمەڵگەی ئەمەریکایی، لەپێناوی ئەوەشدا بەشێوەیەکی تایبەتی گرەوی لەسەر دواندنی ویژدانی سپییەکان دەکرد. داوای ئەنجامدانی چاکسازیی دەکرد لە ناو کۆمەڵگەی سپییەکاندا پتر لەوەی داوای شۆڕش بکا لە دژیدا. بەڵام دواتر درکی بەوە کرد ئەو چاکسازییانە بەس نین و دادی ڕەشەکانیش نادا. کەواتە گۆڕانکارییەکی دیار لە بەرنامەی بیرکردنەوە و کارکردندا لەلای کینگ هاتە کایە و پتر بوونی ڕوونیی ڕووکاری ڕادیکاڵیی پێوە دیاربوو، بە درێژاییی کۆڕەوە درێژەکەی لە مۆنتیگەمرییەوە تا مەمفیس.

ئەو بەرنامەیەی کینگ گرتبوویە ئەستۆ دوای ڕووداوەکانی ئەڵبانی، بە ڕوونی ئەوە دەگەیەنن کە لە سەرەتادا نەخشەی بۆ جموجووڵ دەکێشا لە چوارچێوەی گرەو لەسەر ئەو توانستە گریمانکراوەی ڕیژیمی ئەمەریکایی کە ڕێی دەدا خۆی چاکسازی لە خۆیدا بکا. لە تشرینی دووەمی ١٩٦١دا کۆمەڵگەی زنجی لە ئەڵبانی و جۆرجیا، لە دەستپێکی ئەو جموجووڵە سەرکەوتووانەیەی لە مۆنتیگەمریدا زنجییەکان خۆیان لێ دا، تەوقی سیاسەتی جیاوازیی ڕەگەزیی شکاند، سەرکردە ناوەخۆییەکان داوایان لە کینگ کرد لە شاردا ئامادەبێ و بچێتە پاڵیان بۆ ئەوەی بەشداری لە بەهێزکردنی هەنگاوەکەیان بکا. کینگ لە ١٥ی کانوونی یەکەمی ١٩٦١دا

گەیشتە ئەڵبانی و بۆ ڕۆژی دوایی دەستگیر کرا کە سەرکردایەتیی خۆپیشاندانێکی ناڕەزاییی دەکرد. دوای ئەوەش دوو جاری دیکەش گیرا. خەبات درێژەی کێشا و هەڵوێستی سپییەکان توندتر بوو. لە ئابی ١٩٦٢دا کینگ بڕیاری ڕێکخستنی خۆپیشاندانێکی جەماوەریی گەورەی دا وەک مەیدانخوازی لە دەسەڵاتی ناوخۆیی. بەڵام ئەو دەسەڵاتە توانیی فەرمانێکی فیدراڵی بەدەست بهێنێ بۆ قەدەخەکردنی کۆڕەوەکە. ئەم ڕووداوە بەلای کینگەوە تازە بوو کە تا ئەوساکە سەرپێچیی دژی قانوونە ناوخۆییەکان دەکرد لە پێناوی ڕەخساندنی ڕێز لە قانوونی فیدراڵی گرتن کە بەڕوونی یەکسانیی نێو هەموو هاووڵاتییە ئەمەریکاییەکانی تۆمار کردبوو. ئەوە یەکەم جار بوو کینگ درکی بەوە کرد کە قانوونی فیدرالی بەخۆی جێی پرسیارە. پاش ماوەیەک لە سەرسامی و دوودڵی، کینگ بڕیاری ئەنجامنەدانی کۆڕەوەکە و بەپەلە بەجێهێشتنی ئەڵبانیی دا. لیرۆن بینیت لەبارەی ئەم کارەوە دەڵێ: "ئەزموونی ئەڵبانی نووچێکی سەرسوڕێن بوو بەلای کینگ و بزاوی خەبات لە پێناوی ئازادی-یەوە"[٨]. گومانیشی تێدا نییە گەلێ کەس خودی کینگیان بە بەرپرسی ئەم نوشستییە، بڕیاری پاشەکشەی بەردەمی قەدەخەی فیدراڵییە دانا. لە ڕاستیدا کینگ زەحمەتیی لە جموجووڵی دژی حکوومەتی فیدرالی بینی چونکە بەردەوام لەو کاروبارانەدا کە دەستدرێژی لە دەستوور دەکرا پشتگیریی دەکردین"[٩]. بەڵام کینگ دواتر درکی بەوە کرد لە بڕیارەکەیدا بە هەڵەدا چووبوو. لەبارەی ئەوەشەوە کۆریتا کینگ دەڵێ: "هەست بە پەشیمانی دایگرت چونکە بڕیارەکەی گەرموگوڕیی بزاوەکەی لە ئەڵبانی ئیفلیج کرد"[١٠]. کە لە پێرمەنگهام بوون، کینگ وانەکانی ئەزموونی ئەڵبانیی بەبیردا هاتەوە.

## شەڕی "مافە کۆمەڵایەتییەکان"

سەرباری ئەوە کینگ وردە وردە درکی بەوە کرد کە دۆزی زنجییان نابێ تەنیا لە چوارچێوەی ڕەگەزیدا باس بکرێ، بەڵکو دەبێ لە چوارچێوەی چینایەتیشدا باس بکرێ. کینگ سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێنا، چونکە لە شەڕی "مافە مەدەنییەکان"دا هەلی سەرکەوتنی بۆ ڕەشەکان ڕەخساند. بەڵام دانان بەم مافانەی کە یەکسانییەکی قانوونی بە ڕەشەکان دەدا لەگەڵ سپییەکاندا، لەڕاستیدا بەس دیار نەبوو بۆ ڕەخساندنی یەکسانیی بە کردەوە لەسەر هەردوو ئاستی ئابووری و سیاسیدا. کەواتە هەر دەبوو خۆی لە شەڕێکی دیکە بدا: شەڕی "مافە کۆمەڵایەتییەکان Social Rights".

بەڵام نابێ هەر بەو هۆیە ناتوندوتیژییانەی سەرکەوتنیان هێنا لە مافە مەدەنییەکاندا خۆی لەم شەڕە بدا. هەموو ئەو هۆیانەی ڕەشەکان بۆ ناچارکردنی سپییەکان بەکاریان هێنا بۆ دان نان بە ناسنامەکەیان، لە کۆبوونەوەکان و کۆڕەوەکان و مانگرتنەکان، چیی دی لەگەڵ بارودۆخی خەباتدا نین لە ئاستی ئابووریدا. بێگومان ئەو سەرکەوتنانەی بزاوی خەبات لەپێناوی ئازادیدا بەدەستی هێنا ئاواتەکانی لە دڵی ڕەشەکاندا گەشاندەوە، بەڵام ئەو ئاواتانە زۆری نەبرد بەهۆی بەردەوامیی

گرفتە ئابوورییەکان بێئومێد بوون. دەرئەنجام لەوە هەستی گشتی بوو بە نوشوستی، بەشداری لە بەرپابوونی ئاژاوەگەلێکی جارجار توندوتیژ لە گەڕەکەکانی گیتۆ لە ساڵی ١٩٦٥ەوە. ساڵی ١٩٦٧ کینگ لەبارەی ئەمەوە نووسیویەتی و دەڵێ: "هەمووان بەهەڵەدا چوون لە کەمکردنەوەی قەرساندنی وزەی ئەو توندوتیژی و تووڕەییەی ڕەشەکان لە دڵیان گرتبوو و چەندیی ئەو ناپاکییەی زۆربەی سپییەکان دەیانشاردەوە. ئەمڕۆ ئاژاوەکان شانۆی ڕووداوەکانیان گرتووە و وەک بنکەیەک بەکار دێن هەڵوێستە جیاکانی سپییەکان و ڕەشەکانی لێوە دەست پێ دەکا"[١٢].

## ستراتیجییەتێکی نوێ

ساڵی ١٩٦٦ مارتن لۆتەر کینگ بڕیاری دا لەگەڵ خێزانەکەیدا لە گەڕەکێک لە گەڕەکەکانی زنجییاندا لە شیکاگۆ بژی بۆ ئەوەی بەشداریی بارودۆخی دژواری ژیانی دانیشتووانی گیتۆ-کان لە شارەکانی باکوردا بکا. هەروەها درکی بەوەش کرد گریمانەی لێ دەکرێ ستراتیجییەتێکی تازە بکا بۆ بەرەنگاربوونەوەی گرفتە ئابوورییەکان و هەوڵی دۆزینەوەی چارەسەریان بدا. کینگ هەندێک ئامادەکاریی کۆمەڵایەتیی پێویستی دەستنیشان کرد و داوای هەڵنانی هەنگاوگەلێکی پێویست بەکردەوە کرد بۆ جێبەجێ کردنیان بۆ ئەوەی ئەرکی قورسی ژیانی ڕۆژانە لەسەر زنجییان سووک بکاتەوە. هەروەها بە جەختەوە گوتی: "گریمانەی ئەوە ناکرێ تەنیا بەرنامەیەکی کار دابنرێ بەڵکو دەبێ نەخشەگەلێکی تازەش بەبەرچاوەوە بگیرێ بەسەر نیازی پاکی حکوومەتدا کەڵکە نەبێ و دەتوانێ بە پێچەوانەی ئەوەوە فشارێک پێک بهێنێ بۆ سەر دەسەڵاتەکان تا گوێڕایەڵ بێ بۆ پێویستیی تەرخانکردنی دادوەری. ئێمە داوای دانانی بەرنامەیەکی فریاکەوتن دەکەین بۆ دابینکردنی هەلی کار بۆ هەموو ئەوانەی بۆ کار دەگەڕێن، ئەگەر ئەوەش هەر نەکرێ دەبێ داهاتی ساڵانەی بێکارەکان دەستنیشان بکرێ ڕادەی شیاو لە ژیانی سەربەرزی دابین بکا. ئەمڕۆ گومان لەوەدا نەماوە کە سامانی ویلایەتە یەکگرتووەکان و داهاتی بەشی ئەوە دەکەن هەژاریی تێدا نەهێڵن. قۆناخی دووەمیش لە بەرنامەماندا پێویستیی ڕووخاندنی زنجەکان و بنیاتنانی بنیاتگەلی نوێی لە جیاتی بۆ دانیشتووانی"[١٣].

بەڵام ئەمە ئەرکێکی زێدەڕۆیە لە خواستەکانی و لەلای کینگ هۆگەلێکی پاڵپشتی دەزگەییانەی نەبوو کە دوور نەبوو بەشداری لە بەدیهێنانیدا بکەن. لەگەڵ ئەوەشدا کینگ هەست بە نوشوستی داینەگرت، بەڵکو بە خستنە کاری هەموو توانستەکانی کاری ناتوندوتیژی لە خەباتیدا بەردەوام بوو. لەم دەستپێکەوە شایەنی ئاماژەبێ ئەوەیە، کینگ بەهۆی بزاوتی لەپێناوی مافە مەدەنییەکانی زنجییان نەکوژرا، بەڵکو بەهۆی بزاوتەوە لە پێناوی مافە کۆمەڵایەتییەکانی هەژارانەوە کوژرا. لە ڕاستیدا بۆ پشتگیریی مانگرتنی کرێکارانی خاوێنکردنەوە ڕووی لە مەمفیس کرد، کە داوای دانانان بە سەندیکاکەیان و زیادکردنی مووچەیان دەکرد (کە دوای چەند ڕۆژێک لە کوژرانی کینگ داواکارییەکانیان جێبەجێ کرا). کینگ ڕایسپارد پەنا بۆ کارگەلێکی ناتوندوتیژانە ببرێ

کاریگەرتر دەبێ لەپێناوی ڕووخاندنی ئەو ناوبڕە کۆمەڵایەتییانەی چینەکان و ڕەگەزەکان لێک جودا دەکەنەوە و لە ناو خۆیاندا دەیانخەنە یەکدی لەناوبردن. چەند مانگێک بەر لە مردنی گوتی: "نارەزاییی ناتوندوتیژانە پێویستە پەرە بستێنێ و پێ بگا تا بگاتە ئاستێک کە لە کاریگەرییدا دەگونجێ لەگەڵ تیربوونی پەرۆشیی زنجییان و نەمانی دان بەخۆدا گرتنیان، پێ بە پێی پتربوونی ڕەقییش لەلایەن سپییەکانەوە، قۆناخی دووەمیش قۆناخی یاخیبوونی مەدەنییانەی جەماوەرییە. ئێمە پێویستیمان لەوە پترە کە لە تەنیا جەخت لەسەر هەڵوێستمان بێ لە ڕووبەڕووبوونەوەی کۆمەڵگەدا، پێویستمان بە هێزێکە ئەم کۆمەڵگەیە ئیفلیج بکات و کار لە هەندێک لە ناوەندە سەرەکییەکانی کارگێڕییەکانیدا ڕابگرێ"[١٤].

## دژی جەنگ لە ڤێتنام

شەرمەزارکردنی جەنگ لە ڤێتنامدا دیارترین دابڕانێکی نێوان مارتن لۆتەر کینگ و کۆمەڵگەی ئەمەریکایی بوو. لە چواری نیسانی ساڵی ١٩٦٧ دا -ڕێک بەر لە مردنی بە یەک ساڵ- کینگ وتارێکی خوێندەوە لەبارەی جەنگ لە ڤێتنام-دا. لە ڕاستیدا گەلێک لە سەرکردە ڕەشەکان بەلایانەوە باشتر بوو کینگ خۆی لەم بەرە تازەیە نەدا، لە بزاوی زنجییان دەویست چالاکیی خۆی تەنیا بۆ چارەسەری بارودۆخی زنجییان تەرخان بکا لە ئەمەریکا. سەرباری ئەوەش لەوە دەترسان کە هەڵوێستی دژ بە جەنگ لە ڤێتنام دەسەڵاتی سپی پاڵ پێوە بنێ بەتەواوەتی دوور بکەوێتەوە. بێگومان کینگ درکی بە ڕەهەندەکانی ئەوە دەکرد، بەڵام ئەو لەتوانستیدا نەمابوو دەست بەوەوە بگرێ کە بە بیانوویەکی دەزانی بۆ ئەوەی ببێتە پاساوی بێدەنگی بەرامبەر جەنگێکی دڕندە کە وڵاتەکەی دژی گەلی ڤێتنام خۆی لێ داوە.

هەروەها کینگ لەوەدا پێویستییەکی گونجاوی دەبینی لەگەڵ هەڵبژاردنی ناتوندوتیژیدا. لە توانستیدا نەمابوو لەلایەکەوە داوا لە ڕەشەکان بکا، لە خەباتیاندا دژی چەوساندنەوەی سپییەکان پابەندی ناتوندوتیژی بن، لەلایەکی کەوە لەو توندوتیژییە بێدەنگ بێ کە حکوومەتی ئەمەریکایی بۆ لەناوبردنی شۆڕشی ڤێتنام بەکاری دەهێنێ. کینگ لە ئەزموونی ناو زنجییەکانی گەڕەکەکانی گیتۆ لە باکوری خۆیەوە بەڕێ کەوت و گوتی: "من کە لە ناو ئەم گەنجە تووڕە و نائومێد و وەلانراوانەدا ڕێم دەکرد، پێیانم دەگوت بۆمبا مۆڵۆتۆڤ-ەکان و تفەنگەکان گرفتەکانیان چارەسەر ناکەن (...) بەڵام لێیان دەپرسی، لەوەشدا هەقیان بوو: ئەی هەڵوێستت لە جەنگی ڤێتنامەوە چییە؟ (...) ئەوساکە درکم بەوە کرد کە ئیتر بواری ئەوەم نییە دەنگ لە دژی توندوتیژیی بێبەشاندا لە گیتۆ هەڵبڕم، بەر لەوەی بەڕوونی بەرەنگاری مەترسیدارترین بەڵێندەری توندوتیژی بێن لە جیهانی ئەمڕۆدا، کە مەبەستم حکوومەتی وڵاتەکەمە"[١٥]. تاوانبارکردنی جەنگ گشتگیر بوو، خۆشی جەخت لەسەر ئەوە دەکا کە دەڵێ: "ئەو شێوازانەی پشت بە سووتاندنی مرۆڤان بە ناپاڵم دەبەستێ و ئافرەتان بێوەژن دەخا و منداڵان هەتیو دەکا لە وڵاتماندا و ئاوەزی لاوان بە

هەستەکانی ڕق و کینە ژاراوی دەکا. ئەو سەربازانە بگەڕێننەوە بۆ ماڵەکانیان کە خۆیان لە شەڕگەلی خوێناوی دەدەن، دوایی بە تەن و گیان لاوازیان دەکەن. ئەم شێوازانە ناکرێ لەگەڵ ژیری و دادوەری و خۆشەویستیدا تەبا بن"[16]. کینگ هەروەها دەڵێ: "جەنگ لە ڤێتنامدا لە دیاردەی نەخۆشییەکی ڕەگداکوتاو لە قووڵایی ئاوەزی ئەمەریکاییدا نەبێ هیچی کە نییە"[17].

لە دەستپێکی ئەم جەنگەوە هەڵوێستی کینگ ڕوون بووەوە لە تاوانبارکردنی کۆمەڵگەی ئەمەریکاییدا، خەباتی لە پێناوی مافەکانی مرۆڤ –مافەکانی هەموو خەڵک– وای لێ کرد کە جوداببێتەوە و بردیە گۆڕەپانێک لەوپەڕی مەترسیدا. وەک بڵێ کە ئەمەی گرتە ئەستۆ حوکمی مردنی بەسەر خۆیدا دا، بە کردەوەش چواری نیسانی ١٩٦٨ی وەک کاتی جێبەجێکردنی حوکمەکە بۆ دانرا.

جان ماری موللەر*

پەراوێز:

* جان ماری موللەر چالاکێکی بزووتنەوە لە پێناوی جێگرەوەیەکی ناتوندوتیژی MAN و ژمارەیەک نووسینی لە بارەی ناتوندوتیژییەوە هەیە دیارترینیان ئەمەیە: Strategie de I action non-violente، بڵاوکراوەکانی Le Seuil لە Collection Points Politique، ساڵی ١٩٨١، و کتێبی: Simone Weil,L,exigence de non-violence بڵاوکراوەکانی Temoignage Chretien، ١٩٩٢.

١. لیرۆن بینیت: L Homme d Atlanta Martin Luther King، بڵاوکراوەی Casterman، پاریس ١٩٦٤، ل٨٢.
٢. لویس لوماکس: La revolte noire، بڵاوکراوەکانی Le Seuil
٣. لیرۆن بینیت، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٤.
٤. مارتن لۆتەر کینگ Combats Pour la Liberte، بڵاوکراوەکانی Payot، پاریس ١٩٦٨، ل١١٨.
٥. هەر ئەو سەرچاوەیە.
٦. لیرۆن بینیت، سەرچاوەی پێشوو، ل. ٨٩
٧. م. ل. کینگ ?Ou allons-nous، بڵاوکراوەکانی Payot، پاریس ١٩٦٨، ل ١٥٢–١٥٣.
٨. لیرۆن بینیت، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٢.
٩. کۆریتا کینگ Mavie avec Martin Luther King، بڵاوکراوەکانی Stock، پاریس ١٩٧٠، ل. ٢١٧
١٠. هەر ئەو سەرچاوەیە.
١١. بڕوانە وتاری ڤینسنت ڕۆشێل، ل٣٥ی ئەم دۆسێیە.
١٢. م. ل. کینگ La seule revolution، بڵاوکراوەکانی Casterman، پاریس ١٩٦٨.
(١٣) (١٤) (١٥) (١٦) (١٧) هەر ئەو سەرچاوەیە.

هەولێرنامەی کتێب

# یاخیبوونی کۆیلەکان

جۆرج باگێ

خـوێندنەوەیەکی دۆزی ڕەشـەکـان و ڕەگـەزپەرسـتـی لە ویلایەتە یەکگرتووەکـاندا لە دەستپێکی گێژەنەی سالانی شەست، ئەوەش لەسەرباسی سێ خاڵەوە:

١) دۆزی ڕەشەکان و زۆر خراپیی بارودۆخی ئەمەریکایی.

٢) ئەوەی لە دۆزی کۆیلایەتیدا قەدەخەیە.

٣) دۆزی ناو..

١

لە کتێبخانەی گشتیی بەرین و دڵگیری واشنتندا، کە ناوی مارتن لۆتەر کینگ–ە، وێنەیەکی زۆر گەورەی ڕەنگاوڕەنگی سەردیواری لێیە، درێژاییی دیواری چوونە ژوورەوەی گرتووە. ئەم وێنەیە – لەسەر شێوەی کۆوارە وێنەدارەکان– بەبایەخترینی ئەو ڕووداوانە بەبیردەخاتەوە کە قەشەی ئەتلانتایان تێدا ژیاوە و بە زۆرییش بەو قۆناخە یەکلاکەرەوانەوە پێوەستە کە بزاوی خەبات لەپێناوی مافە مەدەنییەکان پێیاندا تێپەڕیون. تەنیا یەک ڕووداو نەبێ کە لە وێنەکەدا دەرناکەوێ: مردنی. پاش نیوەڕۆی چواری نیسانی ١٩٦٨ ئەم قەشە تێکۆشەرە کوژرا کە بۆ پشتگیریی مانگرتنێکی سەندیکایی لە مەمفیس بوو. مردنە خوێناوییەکەی سەرکردەکەی کردە شەهید. مردنە شەهیدانەکەی ڕووناکییەکی تراجیدیی گەورەی خستە سەر ژیانی و شتێکی سەیرە کە ئەم مردنە شەهیدانەیە لەم وێنە دیواربەندییەدا ئامادە نەکراوە کە لای ڕێز لێنانی کینگ و نەمرکردنی لێ دەدا.

ئەمە سەیرە؟ تەواوێک نا، چونکە ئەمەریکا هەر لە دامەزرانیەوە هەموو شتێکی تراجیدی ڕەت دەکاتەوە بەوەی کە سەر بە ئەورووپای کۆنە، کە بە کردەوە چۆنێتیی لەگەڵ ڕۆیشتن فێر بووین لە "ئێشیل"ەوە تا "نیتشە". تراجیدیی ئەورووپا سەر بەو چیرۆکگەلە تاکەکەسییەکان و بە کۆمەڵەکان، لەکاتێکدا جیهانی نوێ وای دادەنێ کە دوای خۆی لەگەڵ شەیتانەکاندا لە کیشوەرە کۆنەکەدا جێی هێشتووە. ئا لەم دەستپێکەوە و دوای ئەوەی خوێنی مارتن لۆتەر کینگ دەشـۆرێ و توندوتیژیی شەهیدبوونی لەسەر لادەبرێ، دەبێتە قارەمانێکی ئەمەریکایی وەک ئەفسانەکە دەیبینێ.

هێشتا هەر وایە کە ئەو ڕۆژەی بۆ یادەوەریی (نیشتیمانی)ی دانراوە و نەک ڕۆژی مردنی، وەک ئەوەی لای ئێمە وایە بۆ شەهیدە مەسیحییەکان و عیلمانییەکان. ئا بەم جۆرە ویلایەتە یەکگرتووەکان وەک کۆمەڵگەیەکی بە ئاین سەرەتای پێ باشترە لە کۆتایی، لەکاتێکدا سەرەتا بارێکی چاوەڕوانیی واتە نەبێ چیی کە نییە، لەکاتێکدا کۆتایی کۆڕەوی ژیان ڕووناک دەکاتەوە. نەبینینی مردن یان ڕەتکردنەوەی هەڵوێستێکی ئەمەریکاییە لەگەڵ ڕەتکردنەوەی تراجیدیادا

گونجاوە. هەر لەم دەستپێکەشەوە گەشبینیی گومان لێنەکراوی ئەمەریکاییی بەرجەستە، لە دەستەواژەی "هەمیشە ڕوو بە زەردەخەنە بە Keep smiling و کۆتاییی شادمان Happy end دەردەخسێ.

بەڵام سەرەڕای ئەوەی تراجیدیا لە ئاوەزی ئەمەریکایی دەرکراوە، تراجیدی ژیان و مێژووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی سەرەوژێر کردووە. داخۆ کەنیسەکانی ڕەشەکان دانیان بە مارتن لۆتەر کینگ–دا دەنا وەک قدیسێک، یان بە پێشەنگێک دادەنرا ویلایەتە یەکگرتووەکان ببەزێنێ "ناوبانگی دەگەیشتە دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان؟" ئەگەر شەهید نەبووایە؟ بەلای زۆرییەوە، نەخێر... بەدەستخستنی پاداشتی نۆبڵی ئاشتی مافی بە پیرۆزبوون (قەداسە) نادا، تەنانەت مافی بەنموونەبوونیش نادا. ئەم قدیسە ڕەشە، بەبێ هیچ گومانێک کەسایەتییەکی تراجیدی بوو، تەنانەت ئەگەر ئەمەریکا بەم شێوەیەشیدا نەبینێ. کارەکە وا پێ دەچێ نەوەکانی کۆیلەکان هێشتا وەکو بلێی قانوونە فەرمییەکانی ئەمەریکا ڕەت دەکەنەوە. کەچی ڕەشەکان خۆیان بەلای کەمەوە دوو جار بوونەتە هۆی تراجیدیا لە مێژووی ئەمەریکاییدا. ئەوە بەسەر ڕەشەکانەوە ڕووی داوە و لە دەستپێکی ناوچەکانیان، واتە لە قووڵاییی ئەو باشوورەی موڵکی ئەوان نەبوو بەڵام هەر زۆر لە چێر کاریگەریی ئەواندا بووە. جاری یەکەمیان لە جەنگی جودابوونەوەدا کە دۆزی کۆیلەیەتی یەکەمی جەنگە نوێیەکانی تەقاندەوە، واتە ئامادەکردنی گشتیی دوو کۆمەڵگەی دژ بە یەکدی هەر یەکەیان هەڵدەکوتێتە سەر ئەوی دی لە ململانێیەکی بێ بەزەییانە لە پێناوی مانەوەدا. تا ئێستاش ئەمەریکاییەکان کە بە کەمتر بایەخ بە مێژوو دانیان ناسراون، تا ئیمڕۆش بە سۆزدارییەکی توندەوە سەر لە گۆڕەپانەکانی جەنگ دەدەن لە جۆرجیا (لە ئەتلانتا) و تێنیسی (لە شاتانۆگا) و لە ڤیرجینیا. کتێب و لێکۆڵینەوەکان کە ئێستاش لەبارەی ئەم جەنگەوە بڵاو دەکرێنەوە لە پەرۆشی خاڵی نین، گیانی جەنگی برایان تا ئەمڕۆش درێژەی هەیە، گەلی ئەمەریکاییش لەسەر بیرەوەریی یەکەم کارەساتی دەژی.

دوای تێپەڕبوونی سەت ساڵیش، سەرلەنوێ باشوور بەناو خۆیدا چووەوە لە شەستەکانی مێژووی ئەمەریکاییدا و ڕەهەندی تراجیدیی سەرلەنوێ لێ هێنایە گۆڕێ. ڕەشەکان یان ڕاستتر دۆزی ڕەشەکان، جارێکی کە دەرکەوتەوە تا وڵات دابەش و شەت و پەت بکا، نەک بەهۆی کۆیلەیەتییەوە بەڵکو بەهۆی درێژبوونەوەی ڕاستەوخۆیەوە بە نێو "جێم کرووز" یان ئەو جیاوازییە ڕەگەزییەی لە کۆمەڵە قانوونێکەوە دەرچوو بوو ڕێی ئاوێتەبوونی کۆمەڵایەتیی لە زنجییان دەگرت. بەم جۆرە ناوچەکانی دراوسێی گۆڕەپانەکانی جەنگی سەدەی ڕابوردوو چەندان خۆپیشاندان و کۆڕەو و پێکدادانی بە خۆوە دیوە، بۆ بەرەنگاربوونەوەی "جیم کرووز" و جیاوازیی ڕەگەزی و هەر ئەو ململانێیە لە پێناوی ڕزگاربوون لەسەر خاکی کۆیلەیەتیدا دووبارە بووەوە. ئەمڕۆ ئەمەریکا دان بە شەهیدانی بزاوی خەبات لەپێناوی مافە مەدەنییەکاندا دەنێ، ڕێی بەوەش داوە کەلێنێک لە ناو گەشبینییە ڕەگ داکوتاوەکەیاندا ببێ. ئەوەی سوودبەخشیشە لێرە ئەوەیە کە بڵێین ئەو ویلایەتە

یەکگرتووانەی بە دەگمەن مۆنۆمێنت بۆ مردووەکان بکا –بە پێچەوانەی وڵاتە ئەورووپییەکان– لە مۆنتیگەمری لە ئەلاباما مۆنۆمێنتێک بۆ چل ئەمەریکایی دروست کرا ژیانیان لە کێشە لە پێناوی مافە مەدەنییەکاندا بەخشیوە[١].

٢

لە شەستەکاندا دروشمی "ڕەشە جوانەکە" بەرز کرایەوە. دروشمەکە لە ئابی ١٩٦٧دا لەسەر بەرگی Crusaderی ڕۆژنامەی ڕەشەکان لە ئەتلانتای شاری مارتن لوتەر کینگ دەرچوو، پۆستەر و دروشمەکە بە زوویی لە گەڕەکەکانی ڕەشەکانی هەموو شارەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکاندا بڵاو بووەوە. دیوارەکانی دەزگە گشتییەکان و قوتابخانە و ناوەندەکان و دوکانەکان و کەنیسەکان پێکەوە دووبارەیان دەکردەوە "ڕەشە جوانەکە"، گەڕەکەکانی گیتۆ لە شارە جیاجیاکانی ئەمەریکا "ڕەشە جوانەکە"یان ڕاگەیاند. بەڵام کە ڕەشەکان لەو ناوچانەوە کە لێیانن ئەوەیان ڕاگەیاند ئاماژە بۆ ئەوە دەکا کە ڕۆڵە و نەوەکانی کۆیلەکان گومان لە خۆیان دەکەن. ئەگەر هەستیان بە پێویستیی زۆریان بە ڕاگەیاندنی جوانییان کرد ئەوا دەشێ لە ناخی خۆیاندا گومان لەم جوانییە بکەن، داخۆ خۆیان ناشرین دەبینن؟

بە ڕاستی لە چاوی کۆمەڵگەیەکدا ناشرین بوون کە دان بە لە یەک نموونە پتردا نانێ کە: سپییە. تەنانەت تا شەستەکانیش ئەم ناشرینییەیان هەر لەگەڵدا بوو، لێشیان جیا نابێتەوە کە ئەو نموونەیە هەڵدەمژن کە کۆمەڵگەکە دەیسەپێنێ. لەگەڵ بزاوی خەبات لە پێناوی مافە مەدەنییەکاندا کارێکی بەکۆمەڵی درێژخایەن دەستی پێ کرد بۆ ڕەتکردنی نموونە باوەکە. خەباتی لە پێناوی مافە مەدەنییەکان کە هەمواركردنی قانوونەکان و سیستمەکان–ی بە ئامانج گرتووە، بەلای ڕەشەکانەوە بوارێکیشە بۆ سەلماندنی پێناسەی کۆمەڵەکە لەپلەی یەکەمدا و ئینجا جارجارەش بۆ تاکەکان.

وشەی "نا" کە ڕۆزا پارکس گوتییەوە سەنگی تایبەتی خۆی هەبوو، ڕۆزا بە پیاوە سپییەکەی گوت کە داوای لێ کرد لە جێی خۆی هەڵبستێت لە ناو پاسەکەدا: "نا، جێم ناگۆڕم". "نا"، وشەیەکی تایبەتییە چونکە ئاساییەکەی بەزاند، کە ڕاگەیاندنی یەکسانییە لە نێوانی ڕەگەزەکاندا و مەیدانخوازییە لە کۆمەڵگەی ڕەگەزپەرستیدا. ئەم "نا"یە یان تەنانەت ئیعدام کردنیشە. بەلای کەمەوە شایەنی بەندیخانەیە، لێرەدا یاخیبوونی کۆیلەیەتی دەردەکەوێ، ئەو کارە دووبارە بووەوەی لە پێوەندیی نێو ڕەشەکان و سپییەکان، خەونی ڕزگاربوون بۆ ڕەشەکان چونکە ڕیژیمی ئێستا سەرەوژێر دەکا و هەڕەشەیەکە سپییەکان ڕاو دەنێ. فریدریک دۆگلاس کۆیلەیەکی یاخییە، دوای ڕزگاربوونی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا The Northern Starی یەکەم ڕۆژنامەی ڕەشەکانی بڵاو کردەوە، یاخیبوونی کوتوپڕی کۆیلەکانی بەرجەستە دەکرد، ئەو یاخیبوونەی یەکسەر قانوونەکانی کۆمەڵگەی ئاغایانی دەڕووخاند[٣].

دوای ئەوە بە سەد ساڵ، ئەنجێلا دێڤیس لە سیمینارێکیدا لە بابەتی فەلسەفەدا لە لۆس

ئەنجیلۆس شیکردنەوەیەکی مارکسییانەی بۆ ئەم یاخیبوونە پێشکێش کردووە. یاخیبوونی کۆیلە لە ڕەت کردنەوەی ڕۆزا پارکس–دا دەرکەوت، ژنێک لە ٤٢ ساڵیدا، ساڵی ١٩٥٥ لە مۆنتیگەمری. بەڵام یاخیبوونەکەی بە تاکەکەسی مایەوە وەک یاخیبوونەکەی فریدریک دۆگلاس. چاکەش بۆ مارتن لۆتەر کینگ بوو لەبەرئەوەی قەوارەیەکی کۆمەڵایەتیی بەو ڕەتکردنەوە تاکەکەسییە دا. ئەوەی پێیشی دەگوترێ لە ئۆتۆبیس دابڕان لە مۆنتیگەمری، چوارچێوەی مانگرتنی ئاسایی و کۆمەڵە وەک ئەزموونی یاخیبوونێکی گشتی تێیدا ژیا.

خەبات لە پێناوی مافە مەدەنییەکان و یاخیبوونی کۆیلەکان، دوو جۆرن لە جموجووڵ، شان بەشان لەگەڵ جۆری یەکەمدا دەڕۆیشتن و پشتیان بەیەکەوە دەبەست. جۆری یەکەم مۆرکێکی دادگەییی تێدایە و بایەخ بە پایەی ڕەشەکان دەدا لە کۆمەڵگەی ئەمەریکاییدا، جۆری دووەمیش دەگەڕێتەوە بۆ پێکهاتەی دەروونیی ڕەشەکان لە کۆمەڵگەی سپیدا. هەموو مافێک وەردەگیرێ یان ڕاستتر وەردەگیرێ، جەختکردنی خۆیی تێدا دەبێ، جەختکردنی بوونی خۆش و کۆمەڵە هەمیشە هەنگاوێکی ڕزگارییە.


هەواڵنامەی کتێب

نووزەی زنجییەک شتێکی سەرسوڕمێنی تێدا نییە، لە بە دەنگەوە خوێندنە ئاینییەکانیدا دەنگ دەداتەوە، جارجار هەست دەکەم منداڵێکم دایکی لەدەست داوە.

له ١٩٦٠کاندا، ڕزگار بوون بەلای ڕەشەکانەوە لە قسەی لەبارەی کۆیلەیی و پەسنیدا دەردەکەوت. دوای ئەوەی باوەڕیان بۆ خۆیان چەسپا، ڕەشە ئەمەریکاییەکان وێرایان خۆیان وەک خۆیان ببینن. نەوەکانی کۆیلەکان. تا ئەوسا کۆیلەیەتی نەنگی بوو و لە شوێنێکی نەستدا نێژرابوو. ئەو قەدەخەیە بوو کە لە سێبەری ستەمی کۆمەڵگەی سپیدا ئاماژەی بۆ نەدەکرا و کاتی هات قەدەخەکە دەربخرێ و بێدەنگی بشکێنرێ. لە هەموو شارەکاندا بڵاو بووەوە، لە شەقامەکاندا، لە قوتابخانەکاندا، لە شوێنە گشتییەکاندا پێشانگە ڕێک دەخران چیرۆکی کۆیلەیەتی و کۆمەڵگەی کۆیلەکانی دەگێڕایەوە. ئەوەش لە گەڕەکەکانی ڕەشەکاندا و لە پێناویاندا و بە ئاشکراییەکی تەواوەوە. بەم جۆرەش پرۆسەی "ئەو هەناسە هەڵکێشانی" پاککارییە ئەنجام درا کە لە کۆتاییدا ڕێ بە کۆمەڵەیەکی مرۆیی دەدا لە قەدەخە بەسەریدا سەپێنراوەکە ڕزگار ببێ کە پەراوێزی دەخست. ئەم پرۆسەیە دواتر مۆرکێکی تایبەتی لە کتێبی "ڕیشەکان"ی "ئێلیکس هاڵی"دا وەرگرت کە ساڵی ١٩٧٧ بڵاو کرایەوە. هەر لەو کاتەشدا هەموو ئەمەریکا خەریک بوو لە ڕەهەندەکانی دۆزی کۆیلەیەتی ئاگەدار دەبووەوە لە تەلەڤزیۆن و ڕادیۆ و کۆوارەکاندا. بەوەش قەدەخەکراوە پڕ لە گرێی هەست بە تاوانەکە بەلای سپییەکانیشەوە ڕووخا.

وای لێ هات دەکرا پێوەندیی تازە لە نێو هەردوو ڕەگەزدا دابمەزرێ، بە کردەوەش لە شەستەکاندا ڕەشەکان بە چوونە ژوورەوەیەکی بروسک ئاسا چوونە ناو کۆمەڵگەی ئەمەریکاییەوە. لە ماوەی چەند ساڵێکی کەمدا هەموو ئەو مەیدانانەیان بۆ کرایەوە کە پێشتر لێیان قەدەخە بوو. تەنانەت نووسینی مێژووش دووبارە کرایەوە و کتێبگەلێکی نوێی قوتابخانەکان لەم چوارچێوەیەدا دەرچوو، ڕەشەکان لە کتێبە کۆنەکانەوە لابران، بەڵام لە کتێبە تازەکاندا ئەو پایەیان ڕوون کرایەوە کە لە مێژووی ویلایەتە یەکگرتووەکاندا هەیانە.

ئێمە دەزانین دواتر چی بەسەر ئەم بزاوە فرەوانەدا هات، کە کۆمەڵگەی ئەمەریکایی لە قووڵاییەوە گۆڕی. دەزانین چۆن کۆمەڵگە وردە وردە ئەوانەی وەرگرتەوە کە پێشتر لە ژێر فشاری بەهێزی نائاساییدا نەبووایە پەسند نەدەکرد و چۆن بەربەستگەلێکی لە بەربەستە پێشووەکان ئاشکرایی کەمتر بۆ جیاوازیی ڕەگەزی دروست کرد، بەڵام بەربەستگەلی کارا دروست کرا بۆ سەپاندنی میانەیەک ڕەشەکان لە سپییەکان جیا دەکاتەوە. دواتریش چۆن ڕەگەزپەرستییەکی تازەی مەکرباز و سووک بەڵام لەتوندیدا لەکۆنەکە کەمتر نەبوو، جێی ڕەگەزپەرستییە کۆنەکەی گرتەوە. دوای تێپەڕبوونی بیست و پێنج ساڵ بەسەر شۆڕشە ڕۆشنبیرییەکەدا، ویلایەتە یەکگرتووەکان هێشتا ڕەگەزپەرستە. سەرەڕای تێکەڵبوون لە قوتابخانەکان بەگشتی، هەروەها سەرکەوتنی بەرچاوی بەدی هێنانی دەیان بەڵکوو سەدان هەزار لە ڕەشەکان لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتیدا و هەروەها بەسەرباز گیراوانی سوپا و دەستکەوتە بەبایەخەکان و بە ڕێ تێچوونی ئەوەی پیاوێکی ڕەش ڕۆژێک لە ڕۆژان بتوانێ بگاتە پۆستی جێگری سەرۆکی یەکگرتنەکە، سەرەڕای هەموو ئەمانە ئەمەریکا هێشتا وڵاتێکی ڕەگەزپەرستە.

کۆمەڵی ڕەشەکان لە تەک کۆمەڵی هیندییەکان لە خوارەوەی پلەی کۆمەڵایەتیدا ماونەتەوە، بۆ نموونە هەرچەند کۆمەڵە کۆچبەری نوێ لە چین یان لە یابان یان لە کۆریای باکورەوە دەگات. فشار هەر بەسەر ڕەشەکاندا پتر دەبێ بۆ ئەوەی پتر و پتر بەرەو خوارەوە پاڵیان پێوە بنێن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە ڕەشەکان هێشتا لەناو چوارچێوەی وێنەی یەکەمدایە کە بە شێوەیەکی نادیار لە لەخاچ دانی تەونی کۆمەڵایەتیدا هەڵکەنراوە. بەلای زۆرینەی ڕەشەکان، مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە: خۆیان ئەمەریکایان هەڵنەبژاردووە و بۆ ئەوە نەهاتوون توانستی خۆیان دەربخەن یان سامان کۆ بکەنەوە یان بۆ ژیانێکی باشتر. تەنیا خۆیان لە تەک هیندییەکان، سەر بە پێودانگی ئەمەریکایی نین و ناتوانن لافی خەونی ئەمەریکایی لێ بدەن. کۆچەرە تازەکانیش ئەوە دەزانن. مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە و ئەزموونەکە دووبارە دەبێتەوە، ئەمڕۆ هەر وەک دوێنێ، هەر کوڕێکی ڕەش زنجیێتیی خۆی لە تەمەنی نێوان سێ و شەش ساڵیدا ئاشکرا دەکا، لەم تەمەنەدا کەسێکی کە بۆی ئاشکرا دەکا، کەسێک کە ڕەش نییە، ڕەنگی پێستەکەی و دەمامکێکی پێ لەبەر دەکا و لە کۆمەڵگەدا جێیەکی بۆ دەستنیشان دەکا.

٣

لە کۆتایی ١٩٦٠کان لە گەڕەکەکانی گیتۆدا دیواربەندەکان دەرکەوتن و هەر ئەو بابەتانەیان تێدا دووبارە بووەوە: سەربەرزیی پیاوی ڕەش و شانازیی بەخۆی و جوانیی، ئەوەش نەک لە چوارچێوەیەکی گشتی بەڵکو لە کۆمەڵە کەسایەتییەکی دیارەوە کە دەوری خۆیان لە مێژووی ڕەشە ئەمەریکاییەکاندا بینیوە، هەروەها قارەمانەیلێک ناوبانگیان بووە وەک: "نات تورنەر" (ئەوەی ساڵی ١٨٣١ سەرکردایەتیی یاخیبوونێکی لە ڤیرجینیا کرد) و "فریدریک دۆگلاس" و "ماڵکۆڵم ئێکس" و "مارتن لۆتەر کینگ" و "ئەنجێلا دێڤیس". ناوەکان لەم ڕەوتەدا بایەخێکی تایبەتییان هەیە، لەسەردەمی کۆیلەیەتیدا ڕەش ناوێکی تایبەت بە خۆی نەبوو، ناوەکەی لە خاوەنەکەیەوە دەهات نەک لە کەسوکارییەوە. کۆیلە ئامرازی کار بوو نەک کەسێک تا ناوی هەبێ. بارەکە بەم جۆرە درێژەی هەبوو تا یاخیبوونە گەورەکە لەپێناوی مافە مەدەنییەکان. ڕەشەکان پایەیەکی دەستنیشان کراویان هەبوو، قانوونەکانی جیاکردنەوەی ڕەگەزی دوورەپەرێزییانی چەسپاند و لە پشت پەردەدا ژیان و بەبێ ناو. ساڵی ١٩٥٣ لە نیویۆرکدا لێکۆڵینەوەیەک لە نێزیکەی سەد لاپەڕەدا بە ناونیشانی "کەس ناوی من نازانێ" دەرچوو، هی نووسەرێک بوو لە ناوچەی هارلم ئەوەندە نەدەناسرا، بەڵام ناوەکەی و لێکۆڵینەوەکەی ناوبانگیان پەیدا کرد. لەو کاتەوە و تا مرد جێیمس باڵدوین بە یەکێک لە بەبایەخترین و چاکترینی وتەبێژانی بەناوی ڕەشە ئەمەریکاییەکان بوو. هەر لەو ماوەیەشدا ڕۆمانی "پیاوە نادیارەکە" سەرکەوتنێکی گەورەی بە دەست هێنا، کە چارەسەری هەر ئەو بابەتەی دەکرد، بابەتی ئەو ڕەشە نادیارەی ناوی نییە، "ڕالف ئەلیسون" نووسیویەتی و ئەویش هەر خەڵکی هارلم-ە.

کەواتە دۆزی ناوەکان دۆزێکی بنەڕەتییە لە پێوەندیی نێو ڕەشەکان و سپییەکاندا. کە بەر ناوی کەس دەکەوێ هەروەک بەر ناوی کۆمەڵەش دەکەوێ. ڕەشەکان ئەو تاکە کۆمەڵە ڕەگەزە پێک دەهێنن کە ماوەیەکی درێژ بەبێ پێناسە ژیاوە. هەموو کۆمەڵە ڕەگەزییەکان ناوی نیشتیمانی یەکەمیان لێ نراوە و پەسنی ئەمەریکاییان پێوە نراوە (وەک ئێرلاندییە ئەمەریکاییەکان، ئیتاڵیاییە ئەمەریکاییەکان، پۆڵۆنییە ئەمەریکاییەکان)، ڕەشەکانیش ناوی زنجییانیان لێ نرا، ئەم ناولێنانە لە پایەیان کەم ناکاتەوە بەڵام ناوی ئەفریقیا یان ئەمەریکای لەگەڵدا نەبوو. ڕەشەکان ناوی "ڕەشەکان"یان لە خۆیان نا. وەک تاکی ئەمەریکاییش دانیان پێدا نەنرا تا چەند ساڵێک لەمەوبەر. ئەم دەستەواژەیە لە یەک کاتدا دان بە ڕەسەنیشیان و نیشتیمانێتییاندا دەنێ.

نووسینی ناوی پیاوێکی ڕەش لە ڕۆژنامەی جەژنە ئەمەریکاییەکاندا دان پێدانانێکی دیکەی پێک هێنا بە بوونی ناوێک بۆ ڕەشەکان. دەستنیشانکردنی ڕۆژێکی جەژن ناوی پیاوی ڕەشی پێوە بێ، ڕۆژێکە ویلایەتە یەکگرتووەکانی تێدا لە کار دەوەستێ، ئەمە هەر بەخۆی تۆڵەکردنەوەیەکی گەورە پێک دەهێنێ بۆ گەلێک مافی ناوی نەبوو. بەڵام ئیدی ناوی مارتن لۆتەر کینگ تەنیا ناوێکی ڕووتی ئەمەریکاییەکی بەناوبانگ نەبوو، ئەو، بەلای ئەمەریکای بەئاین و خاوێنویستیدا بە پیرۆزی تیشک دەداتەوە، پیرۆزییەک کە بەپلەیەک لە پایەی بەرز دەکاتەوە وای لێ هات زەحمەت بێ چینی ڕەشە بێبەشەکان بیگەنێ. پیرۆزییەک یان ئەفسانەیەک ئەگەر ئەفسانەمان بە وەرگێڕانێکی عیلمانییانەی پیرۆزی دابنێین. لەوانەیە ژیانی کینگ بەجۆرێک ببینین بەوەی کە ڕەنگدانەوەی خەونەکەی بێ (خەونم هەیە). خەونی بە کۆمەڵگەیەکی برایانەی نموونەییەوە دەبینی، کۆمەڵگەیەک بێگومان ڕاستیی ڕۆژانە بە درۆی دەخاتەوە. ئەم خەونە لە ڕاستیدا، بەر لەوەی خەونی قەشەیەکی ڕەش بێ، خەونی ئەو باوکانە بوو کە ئەمەریکایان دامەزراند، خاکی بەڵێن دراوی نوێ. بەم جۆرەش وێنەی کینگ لە شوێنی ئاساییی خریدا دەبینین لە "پانتیۆن"ی ئەمەریکاییدا.

ئای چ سەرکەوتنێکە بەلای نەوەی کۆیلەیەکەوە! بەڵام ئەم سەرکەوتنە ڕوویەکی دیکەی هەیە، کۆمەڵگەی ئەمەریکایی کە لە کینگەوە ئەفسانەیەک یان قیددیسێک دادەڕێژێ و کە ناوی لە ڕۆژنامەکەیدا تۆمار دەکا هەموو وزەیەکی ئۆپۆزسیۆنی لێ دادەماڵێ.

جۆرج باگێ*

پەراوێز:

* جۆرج باگێ ڕۆژنامەوان و نووسیارە. یەک لە نووسینەکانی:,Kentucky Louis Ville، بڵاوکراوەکانی Bel-fond، ١٩٩٠.

١. " "Civil Rights Memorialی مایا لین–ی هونەرمەندی لاوی چینی–ئەمەریکایی و هونەرمەند هەروەها مۆنومێنتی یادگاریی ئەو سەربازە ئەمەریکاییانەی لە ڤێتنام کوژران و ئەم مۆنومێنتە دەنگدانەوەیەکی گەورەی لە ڕۆژنامەکان و ڕای گشتیدا هەبوو.

٢. لە کتێبی: Memoires d,un esclave americain–ی فردریک دۆگلاس.

دیمانە لەگەڵ هارلَم دزایەر

## "کینگ وای دەردەخا کە ناتوندوتیژی جۆرێکە لە ڕادیکاڵی"

کە مارتن لۆتەر کینگ مرد، هارلَم دزایەر لە تەمەنی هەشت ساڵیدا بووە، بەر لەوەی ببێتە پێشەنگێک لەکارە سیاسییەکەیدا، کینگ وێنەیەکی ئەفسانەیی لە منداڵییدا پێک هێنا. هارلَم دزایەر، لە سەرەتای سالآنی هەشتاوە، یەک لە چالاکە بنەڕەتییەکانە لە بزاوی خەبات لە دژی ڕەگەزپەرستی لە فرەنسا، وای دەبینێ کە کینگ هێشتا کاریگەریی خۆی لەدەست نەداوە.

کاروباری ناتوندوتیژی: بەلای تۆوە مارتن لۆتەر کینگ چی دەگەیەنێ؟

هارلَم دزایەر: کە منداڵ بووم مارتن لۆتەر کینگ تا ڕادەیەک وێنەیەکی ئەفسانەیی هەبوو، دووریش بوو. لە ماڵەوە باسی لێوە دەکرا، باوکیشم، وەک لە ناومەوە دیارە، سەرسامی بزاوی ڕەشەکان بوو لە ئەمەریکا. لەو بڕوایەدام ئێمە ڕێزمان لێ دەگرت بەتایبەتی بۆ ئەو خۆبەختکردنەی هەندێک لە مەسیحی نێزیک کردەوە. دواتر حەز بە زانینم پاڵی پێوە نام، بەیارمەتیی کریستیان دولۆرم[1]، بۆ ناسینی تێکۆشەری گەورە و مرۆ، لە چیرۆکی ئەو ژیانەیەوە کە ئۆتس نووسیی[2]. کینگ ڕوویەکی مێژوویی ململانێیەک دەردەبڕێ پێ دەچێ تەواو بووبێ چونکە کۆتایی بە سەرکەوتن هات. کێشەیەکە لە پێناوی یەکسانیی دادوەری لە نێوان ڕەشەکان و سپییەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا. لە کاتێکدا کەسایەتییە ڕاستەقینەکەی، بە شێوە مرۆڤانە کەمتر بەناوبانگەکەی، کەسایەتییەکی دڵکێش و زۆر زۆر لەو وێنەیە ئاڵۆزترە کە لە دوورەوە ڕەنگ دەداتەوە. دەموچاوی تێکۆشەریش دیسان زۆر دەوڵەمەندە.

ناتوندوتیژە و لە هەمان کاتدا هاندەریشە. سەرکردەیەکە دڵی جەماوەر ڕادەکێشێ بەڵام ستراتیجیشە. ئەو بێگومان یەکەم کەسە ڕاگەیاندنی بە چاکی بەکار هێناوە لە پێناوی دۆزێکی کۆمەلآیەتیدا. هەروەها بێگومان پێشەنگی یەکەمە بۆ جۆرە جموجووڵێک وەک ئەوەی لە فرەنسا لە هەشتاکاندا دیمان، یەکەم چونکە کەسانێکی وەک کریستیان دولۆرم دڵسۆزانە درێژەیان بە ڕەوتەکەی دا، دووەم چونکە ئەم کێشەیە وای لێ هات لە کۆمەڵگە تازەکاندا خۆ لێ لادانی بۆ نییە: "ململانێیەک سیاسەت ڕەت دەکا و ڕوو لە ژیریی ڕەوشت و کاری ڕاگەیاندن دەکا".

کاروباری ناتوندوتیژی: کینگ چۆن لە سەرەتاکانی سالآنی هەشتا کاری لە بزاوی لەپێناوی یەکسانی لە فرەنسادا کرد؟

هارلَم دزایەر: کینگ پێشەوایەکی مت بوو و ڕوون نەبوو تا لایەکی بایەخ پێدراوەکانی ڕۆژانەکانی زانکۆ هاوینەییەکانی سەر بە S.O. S. Racisme (داد لەدەس ڕەگەزپەرستیکردن) و ئەو خول و

ڕۆشنبیرییانەی ئامادەی دەکردن پێک بهێنێ. کینگ وەک پێشەوا لە یەک بەشی کەسایەتییدا دووبارە دەبووەوە، ڕووە ڕوشتبەرزییە مەزنەکەی. بەڵام من لەو بڕوایەدام ڕێبازی کینگ کاریگەریی خۆی لە دەست نەداوە. کینگ دەیسەلمێنێ کە ناتوندوتیژی ڕووکارێکی ڕادیکالیی بە کردەوە و یەکلاکەرەوە و بە سوودە، لەم دەسپێکەشەوە بایەخ پێدانمی ڕاکێشا چونکە من بە سروشتی خۆم ڕقم لە توندوتیژییە وەک ئامرازێک بۆ کاری سیاسی، چونکە داخۆ بەکارهێنانی توندوتیژی بۆ کێ ڕەوایە؟ و دژی کێ؟ هەروەها کینگ شیانی گۆڕانی ناتوندوتیژی بۆ هێزێک ژمارەی ئێجگار زۆر بچنە پاڵیەوە و دەتوانێ دەوڵەت و سیاسەتی چەوسانەوە دەستبەسەر بکا. هەروەها ڕێبازەکەی کینگم زۆر بەدڵ بوو لە هاندانی ڕای گشتی و ڕاگەیاندن و دامودەزگەکان، کە بەلای منەوە وەڵامێک پێک دەهێنێ بۆ ئەو گرفتەی دەڵێ ئەوانەی لەگەڵ ڕەگەزپەرستیدا دەجەنگن هەر ئەوان ڕەگەزپەرستییان دروست کردووە. کینگ فێرمان دەکا کاتێک ڕەگەزپەرستی لە پشت بیانووگەلێکی تەماویدا خۆی دەشارێتەوە دەبێ تیشک بخرێتە سەر ستەم یان سەر جیاوازیی ڕەگەزی. لەوانەیە زێدەڕۆیی لەمەدا ببینین. ڕەخنەگەلێک ئاڕاستەی جەنگاوەرانی دژی ڕەگەزپەرستی دەکرێ لەبارەی ئەو کارەیانەوە کە نیگەرانیی لەلای بەشێکی کۆمەڵگەکەدا وروژاندووە و ئەوان چڕکردنەوەی کاریان بۆ سەر ڕەگەزپەرستی لە تێزەکانیاندا کاردانەوەیەکی ڕەگەزپەرستانەیان لەلای خەڵکدا دروست کردووە. بەڵام جەنگاوەرانی دژی ڕەگەزپەرستی بەردەوام هاندەر بوونە، تەنانەت ئەوانەی دواتر ڕێزیشیان بەدەست هێناوە چونکە پەنایان بۆ هۆیە ئاشتییانەکان بردووە. ئەوان لە ڕاستیدا دەزانن کەی بارودۆخێکی نیگەران دروست دەکەن و کەی برین دەکەنەوە و بۆ بەئاگا هێنانەوەی هەست و بۆ دۆزینەوەی ڕێبازێکی هەناسەدانێکی گونجاو.

کاروباری ناتوندوتیژی: چۆن حوکم بەسەر ئەنجامەکانی کاری Racisme S.O.S. دەدەی لە ساڵی ١٩٨٤ەوە؟

هارلم دزایەر: بزاوی S.O.S. دوای ڕێپێوانی Beurs دەرکەوت و دوای "دیمانەی ٨٤، Convergence 84" پێم وایە توانیمان لەگەڵ کەسانی دیکە، گفتوگۆ لەبارەی کۆمەڵگەوە پەرەپێ بدەین. پێش ئەوە دەستپێکێک لە هاوینی Minguettesی گەرمی ساڵی ١٩٨١دا بوو، ئینجا ڕێپێوانی Beurs هات. کۆمەڵمان وا لێ کرد درک بەوە بکەن ئێمە لە کێشەی کۆچکردنەوە چووینە سەر کێشەی تێکەڵبوونی ئەو کوڕ و کەسانەی چیی دیکە بە کۆچەری نەماونەتەوە، بەڵکو بوونە بەشێکی نوێ لە کۆمەڵگەی فڕەنسی. بەوەش ئەو پەراوێزخستنەی دەیانچێشت ڕاستەوخۆ یان قانوونی مافەکانی مرۆڤ پێوەست دەبێ بە دۆزی ڕەگەزپەرستییەوە.

ئەوەش بەس نییە دەستووری فڕەنسی ئەوە تۆمار بکا کە هەر مرۆڤێک دەتوانێ ڕەنگی، یان ڕەگەزی، یان ئاینی هەر چۆنێک بێ ببێتە فڕەنسی بۆ ئەوەی ئەوە لە نەستی کۆمەڵایەتییەوە بزر بێ کە فڕەنسیی ڕاستەقینە دەبێ سپی بێ و مەسیحی بێ. یان کۆمەڵ دەبێ بتوانێ کوڕی خێزانێکی عەرەب قبووڵ بکا کە وەک ئەوانی دیکە فڕەنسییە و بتوانێ بەڕاستی هەڵوێستێکی دیار

لەم بارەیەوە لە ئەستۆ بگرێ، یان توانستی نییە و ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ ئێمە بەرەو ئەوە دەخلیسکێین لە فرەنسا مۆرکێکی ڕەگەزپەرستانە بە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بدەین.

دۆزەکەمان پەرە پێ دا چونکە کەسانێکی زۆرمان وا لێ کرد کەسانێکی زۆر وا لێ بکەین هەڵوێستێکی دیار وەربگرن، بە تایبەتی لە کۆمەڵگەی هەڵبژاردەدا (ڕۆشنبیر و هونەرمەند و هێزە ڕەوشتانەکان...)، دەستپێک لە چەمکی ڕەوشتانە جەختمان لەیەر گرینگیی لایەنە کۆمەڵایەتییەکان کرد بۆ ئاوێتەبوون. بە شێوەیەکی گشتی توانیمان ڕوونی بکەینەوە کە دۆزی ئاوێتەبوونی کۆچکردووان دەوری دەرخەرەوە دەبینێ بۆ بەپەراوێزخستنی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەدا. لەم دەستپێکەوە پێویست بوو لەسەرمان چارەسەری پەراوێزخستن لە شارەکاندا (لە دەوروبەرەکاندا) و پەراوێزخستنی لاوان لە بازاڕی کاردا بەتایبەتی لە دەزگە سەرەکییەکانی وەک پۆلیس و دادگە... لە نێوانی ٨٦ و ٨٨دا ناچار بووین بەرەنگاری ڕاسترەوان بین و پشتگیریی چەپمان کرد. ئەم هەڵوێستە بەرەو بارودۆخێکی ئاڵۆزی بردین. چونکە پشتگیریی دووبارەکردنەوەی هەڵبژاردنی میتران پاساوی ئەوە نادا تەنیا لە باری هاتنە پێشەوەی چەپ بۆ دانانی سیاسەتێک بۆ جێبەجێکردن گونجاو بێ بۆ گەیشتن بە یەکسانییەکی تەواو لەبارەی کۆچکردووان و منداڵانیان. بەڵام ئەم سیاسەتە بەڕاستی لە ١٩٨٨وە بەڵێنی خۆی بەجێ نەگەیاند.

ئێمە ئەمڕۆ لە خۆمان دەپرسین چۆن کاری سوودبەخش درێژە پێ بدەین. ناتوانین نێوانی کەسانێک ڕێک بخەین کە لەسەر زەویدا خەبات لە دژی پەراوێزخستن دەکەن و لە نێوانی شەپۆلەیلێکی سیاسیی داخراو بەسەر هەموو شتێکدا کە لە کۆمەڵگەدا ڕوو دەدا و بڕیارەکانی لەسەر بنەوای بەرژەوەندییەکانی ئەو دەزگەیانە دەدا کە لێوەی پەیدا بووە -کە دەزگەگەلێکی سیاسین بەرنامەیان نییە و ناتوانن لەوە تێ بگەن کە لە کۆمەڵگەدا ڕوو دەدا- یانیش لەسەر بنەواگەلێکی تەکنۆکراتدا کار دەکەن. ئێمە لەبەردەم بارودۆخێکی داخرانی سیاسیی ڕاستەقینەداین. لە S.O.S. Racisme دا ئێستاکە باسی هەمان ئەو پرسیارەیلە دەکەین کە بزاوی ژێگەییان لە سەرەتاکانی هەشتاکاندا دەیانکرد.




هارڵم دزایەر

کاروباری ناتوندوتیژی: هەشتاکان پەرەسەندنی ڕاسترەوی پەرگیری و جەخت لەسەر هەستە ڕەگەزپەرستەکانی لەلای برە کۆمەڵایەتییەکی گرینگدا بە خۆوە بینی، چۆن ئەم دیاردەیە شی دەکەیتەوە؟

هارڵم دزایەر: چەند هۆکارێک هەیە، هەندێکیان تایبەت نین تەنیا بە فرەنساوە. ڕەگەزپەرستیی سیاسی لە شوێنگەلێکی دیکە لە ئەورووپا دەستکەوتەیل بەدەست دەهێنن. فرەنسی بۆ بەرەنگاربوونەوەی بە پەراوێزخستنی کۆمەڵایەتی چی بکا؟ "لوپن" هەڵدەبژێرێ. پەراوێز خستنی

کۆمەڵایەتی پرۆژەی کۆمەڵکاری کۆماری دەڕووخێنێ کە وڵات لە دوو سەدەوە لەسەری ژیاوە، کە گریمان دەکرێ کۆمەڵگە دەتوانێ هەمووان لە هەمان ئاستدا دابنێ و یەکسانی بەدی بهێنێ. کە ئەم ڕێژیمە تێک دەچێ بارودۆخێک لە تۆقین و ونبوون دێتە کایە.

"لوپن" بۆ من، بە ڕوونی کۆمەڵگەی پەراوێزخستن ڕەنگ دەداتەوە و وێنەی لە شێوەی ئەهریمەن دروست کردنی بەس نییە. بێگومان ئەمە دیاردەیەکی نەخۆشییە و لەسەرمانە دوورپەرێزی بکەین و شوورەیەکی تەندروستیی بەدەوردا بنیات بنێین، بەڵام پێویستە لەسەرمان بەتایبەتی لە ڕیشەیەوە بەرەنگاری نەخۆشییەکە بەڵام دۆزینەوەی مەرجە پێویستەکانیش پێویستن، ببین. دەبێ هەمیشە هەڵسوکەوت لەگەڵ ڕەگەزپەرستی بکەین بەوەی کە گرفتێکی پەروەردەییە. هەموو کۆمەڵگەیەک بەردەوام دەبێ خۆی فێر بکا هەندێک هەڵسوکەوت ڕەت بکاتەوە، وەک توندوتیژی و جیاوازیی نێوانی دوو ڕەگەز، تاد و... ئەمەش کارێکە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی کە دەمێنێتەوە. پەندادان پێویستە، بەڵام پەیداکردنی مەرجەیلی پێویست بۆ جێبەجێکردنیش پێویستن.

بەرەنگارنەبوونەوەی گرفتە قووڵەکان لە کۆمەڵگەی پەراوێزخستندا واتە قومار لەسەر کەسانێکی زۆرتر کردن لەوانەی لە هەڵبژاردنەکاندا بەشێوەیەکی گێلانە دەنگ دەدەن بۆ ئەوەی ئەو چارەسەرانە دەستەبەر بکەن کە لەو بڕوایەدان دەیانپارێزن. هەروەها گومان لە ڕێتێچوونی سەرکەوتنی بەکردەوەی ئاوێتەبوونیش دەگەیەنێ. ئەمڕۆ گەڕانەوەی گوتاری لەسەر بیرۆکەی ئاسایش بنیاتنراو دەبینین، ئەوەش تەنانەت لە گوتاری چەپڕەویشدا دەبینین. من نکوولی لەوە ناکەم کاتێک هەندێکان هەموو شتێک دەسووتێنن، پێویستە لەسەرمان خەڵکەکە و شمەکەکانیان بپارێزین. بەڵام کە دەسەڵات گوتاری خۆی ئاڕاستەی تەنیا ئەم لایەنە دەکا، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ جەنگی گرفتەکان لە قووڵاییەوە ڕەت دەکاتەوە. سیاسەتی ئاسایش و بەردەوامیی بێکاریی بنیاتگەری، دوور نییە بەرەو بارێکی بەناوەخۆدا کشانەوە لەلای منداڵە کۆچەرەکان دروست بکا، لە فڕەنسا یان لەلای ڕەشەکان لە ویلایەتە یەککگرتووەکاندا. هێشتاکە ئەمە بارودۆخی کەمینەیە، بەڵام هەندێک لە کۆمەڵەکانی مۆسیقای "ڕاپ" گوتارێک بەکار دەهێنن بە ڕوونی ئاماژە بۆ دۆزی پێناسە دەکەن. هەروەها دەرکەوتنی کۆمەڵە ئیسلامییە توندڕەووەکان دەبینین، لەگەڵ ئەوەشدا کە هێشتا لە سنوورێکی دەستنیشان کراودایە، بەڵام بە دیاردەیەکی تازە دادەنرێ.

من باوەڕم بەو گوتارە نییە کە دەڵێ ئاوێتەبوون بەلای کۆچکردووە نائەورووپاییەکانەوە زەحمەتترە و ئەو ماوە ڕۆشنبیرییەی لە کۆمەڵگەیان جودا دەکاتەوە دوورترە لەوەی ئیتاڵییەکان یان پورتوگاڵییەکان لە کۆمەڵگە جودا دەکاتەوە. من بە ڕوونی دەبینم منداڵانی کۆچکردووە مەغریبییەکان کە لە مەرجگەلی ئابووری و کۆمەڵایەتیی قبووڵکراودا دەژین ئەمڕۆ هەر بەو ئاسانییە ئاوێتە دەبن هەر بەو ئاسانییە وەک منداڵە ئیتاڵی یان پورتوگاڵی یلا پۆڵۆنی لە ڕابوردوودا. نە زیاد و نە کەم. بەڵام پرۆسەی ئاوێتەبوون لە ڕابوردوودا بە کۆمەڵگەی پەراوێزخستندا بەیەکدا نادەن. ئەمڕۆ کۆمەڵگەکەمان لەو کۆمەڵگەیە جوداوازە کە لە بیست یان پەنجا ساڵەوە هەبوو...

یەک لە چارەسەرییەکانی ئەو تەنگژە سیاسییەی ئێستا لە دووبارەکردنەوەی لێکۆڵینەوە لە گرفتی

"ململانێی مەدەنی"دا ماتە. ئێمە هەوڵ دەدەین بەهاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوی یەکگرتووی دەوروبەری شاردا (L Organisation des Banlieues Unies OBU) ڕێکخستنێک لە نێو لاوانی دەوروبەردا بدۆزینەوە ڕێ بە جێهێشتنی یاخیبوون و تووڕەیی بۆ چەسپاندنی "ئاشتەواییەکی مەدەنی" بەهاوکاری لەگەڵ دەسەڵاتە گشتییەکاندا، ئەوەش لە ڕێی پێشکێشکردنی چارەسەر و بەشداری لە گفتوگۆدا.

کاروباری ناتوندوتیژی: بەرەنگاربوونەوەی کینگ لەگەڵ جەنگ لە ڤێتنامدا چۆن شی دەکەیتەوە و داخۆ هاوواتەیییەکی بۆ لە بەرەنگار بوونەوەی ڕێکخراوی S.O.S. بۆ جەنگی کەنداو دەبینییەوە؟

هارلم دزایەر: کینگ نارەزایی بەرامبەر جەنگ دەربڕی لە ڤێتنامدا لە دەستپێکی هەڵوێستێکی دژایەتیی ئیستیعمار، ئەم هەڵوێستەی بە دوو پاساو ڕوون کردەوە، یەکەمیان تێچووی جەنگ و دووەمیان بوونی ژمارەیەکی زۆر لەو سەربازە ڕەشانەی خۆ لە جەنگێک دەدەن پێوەندییەکی بە بەرژەوەندییانەوە نییە. بەکارهێنانی ڕەشەکان وەک ماددەیەکی جەنگین کارێکی قێزەون بوو کە لە هەمان کاتدا لە مافی یەکسانییان بێ بەش دەکا. لە ڕاستیشدا کینگ هەندێک لەلایەنگرانی خۆی لەدەست دا کە هەڵوێستی دژ بە جەنگ لە ڤێتنامدا ڕاگەیاند. بەم جۆرە کە هەڵوێستمان لە جەنگی کەنداو ڕاگەیاند دەمانزانی ئەزموونێکی پێشەکیی لەچوو هەیە. پێیان گوتین ئێمە گرەو لەسەر پشتگیریی بنکەکانمان دەکەین، بەڵام ئێمە سەرەڕای ڕێتێچوونی لەدەستدانی هەندێک لە لایەنگرانمان لەو بڕوایەدا بووین بەرەنگاربوونەوەی جەنگی کەنداومان تەواوێک لەگەڵ پابەند بوونماندا ڕێکە لە بەرەنگاربوونەوەی ڕەگەزپەرستیدا. ئەم جەنگە بەبۆچوونی من سنووردارکردنی جۆری ئەو پێوەندییانەی دەبێ لە نێو باکور و باشووردا بالادەست بێ، ئەوەی کە لە ڕووخانی دیواری بەرلینەوە دەستی بە پێکهاتن کردووە و... سەرەڕای جیاوازی لە نێو ئەو جەنگە و ڕەتکردنەوەی دانی مافی نیشتەجێ بوون بە عەرەبێک یان کوشتنی عەرەبێک لە شارێک لە شاراندا بەڵام ئێمە پێوەندییەکمان لە نێو هەردوو کارەکەدا دەبینی. جەنگەکە جۆرە هێرشێکی تیرۆری جیهانییانە بوو. ئەوساکە کینگم بەبیردا هاتەوە*.

کریستیان لۆمۆ و ڤینسان ڕۆشیل دیمانەکەیان ئەنجام داوە.

ئەم دیمانەیە لە ٢٧ی ئایاری ١٩٩٢، بەر لەوەی هارلم دزایەر پێکهێنانی ڕێکخراوی "بزووتنەوە" ڕابگەیەنێ، ئەنجام دراوە.

پەراوێز:

١. کریستیان دولۆرم کە ژمارەیەک وتاری لە دۆسێیەکدا نووسیوە، لەو چالاکانە بووە کە بەشدارییان لە چەندان چالاکی و ڕێپێواندا لە سەرەتای هەشتاکاندا لە پێناوی یەکسانیدا کردووە.

٢. مارتن لۆتەر کینگ–ی "ستیڤان ب.ئۆتس"، بڵاوکراوەکانی Centurion، ١٩٨٥.

* بە بۆچوونی من، دیارە نووسەر لە هەڵوێستێکی پێشوەختەوە، بێ ئەوەی لە وردەکاریی ئەو جەنگە بکۆڵێتەوە ئەو حوکمەی داوە، کە لە وردەکارییەکانیدا لەگەڵیدا نیم "وەرگێڕی کوردی".

# فەرهەنگی ناتوندوتیژی

جان–ماری موللێر

## پشکی سێیەم

### چوونەناو

چوونەناو شێوەیەکی دەستوەردانی ناتوندوتیژانەی ڕاستەوخۆیە و بریتییە لەوەی بە لەچەک داماڵراوی بچیتە ناو ئاپۆرای ئەو دانیشتووانە مەدەنییانەی لە کێشە و ململانەیەکەوە گلاون، ئەویش بەمەبەستی سڵەماندنەوەی چەکداران تا کاری توندوتیژی ئەنجام نەدەن.

پرۆسەی بڵاوکردنەوەی کەسانی لاتەریک بەمەبەستی پاراستنی مەدەنییەکان کە بکەرانی چەکدار سوورن لەسەر بەکارهێنانی هەموو ئامرازەکانی توندوتیژیی بەردەستیان، لە یەکەم نیگادا کارێکی بێهوودە و شکستخواردووە. لەڕاستیدا توانی توندوتیژیی گرووپە چەکدارەکان لەبەردەم "چوونەناو"ێکی ناتوندوتیژانە، لە ڕوانگەیەکی تیۆریی ڕووتەوە، لە ڕووی تەکنیکەوە توانێکی بێسنوورە، بەڵام کارە توندوتیژەکان تەنیا لەسەر هۆکارە تەکنیکییەکان ناوەستن، چونکە زۆر جار ڕوو دەدا هۆکارگەلێکی مرۆیی –سایکۆلۆجی و کۆمەڵایەتی و سیاسی– هەندێ سنوور بەسەر بڕیاربەدەستاندا دەسەپێنن کە بەئاسانی ناتوانن لێیان قوتار بن.

توندوتیژییەکی بێسنوور توندوتیژییەکی "کوێرە" بە هەموو واتەی وشەکە، چونکە ئەوە هەڵاتنێکە بۆ پێشەوە کە لەگەڵ هیچ ئامانجێکی سیاسیی عەقڵانیدا ناگونجێ و سەرکێشی دەکا بە بوونە بایسی ئاکامگەلێکی قورسی سیاسی و دیپلۆماسی و ئابووری، بەشێوەیەک لە بەرژەوەندیی بڕیاربەدەستانە خۆیانی لێ لابدەن.

کەواتە هەندێ هەڵوێست هەن لە ڕووی تەکنیکەوە ڕێیان تێ دەچێ بەڵام لەڕووی سیاسییەوە

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: عومەر عەلی غەففوور

بەدوور دەزانرێن. لەو کاتەدا دەکرێ ڕێنوێنی بدرێ بۆ دەستوەردانێکی مەدەنی لەڕێی گرەوکردنێک کە پێی وایە لەتوانیدایە سەرکردە گلاوەکانی ملمـلانەکە لە تێوەگلان لە هەندێ کاری چەکدارانە بسڵەمێنێتەوە، کە دەیانگەیەنێتە ڕێگەیەکی داخراو.

لە زۆربەی کێشمەکێشە ناوخۆییەکاندا ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆی دوو سوپا یان دوو میلیشا لە گۆڕەپانی شەڕدا نابینین و لە زۆربەی حاڵەتەکاندا کردە سەربازییەکان هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆ لە دانیشتووانە سیڤیلەکە دەکەن. لەم دۆخەدا چوونەناوی مەدەنی برێتی نابێ لە دروستکردنی "دیوارێکی زیندوو" کە ڕەنگە وەک "قەڵغانێکی مرۆیی" لەناو دانیشتووانە سیڤیلەکە و چەکداراندا کەڵکی هەبێ، بگرە برێتی دەبێ لە خۆخزاندنە ناو خەڵکە مەدەنییەکە. بۆ زیادکردنی کارایی ئەرکی چوونەناوی ناتوندوتیژانە، دەکرێ بە ئەرکی چاودێریکردن دابنرێ کە ژمارەیەکی زۆر چاودێر لەسەر ئەو زەوییەی شانۆی کێشەکانە بڵاو بکرێنەوە.

ئامـانج لە ئەرکی چوونەناو برێتـیـیە لە هاندانی پەنابردن بۆ چارەسـەری ملمـلانەکـە لەڕێی دانوستاندنەوە، ئەویش بە بەکارهێنانی ڕێگەیلێکی میانگیری دوور بەدوور، بەئەندازەی ئەوەی ئەو دەرفەتە بەردەست بێ، پێویستە ئەندامانی ئەو ئەرکە هەموو سەرکردەکانی ململانەکە ببینن، بە دەسەڵاتدارە سیاسی و سەربازییە ناوخۆییەکانیشەوە، تا واتەی پرۆژەکەیان بۆ ڕوون بکەنەوە و جەخت لەوە بکەن کە هیچ ئامانجێکی نییە جگە لە ئاسانکاریی سەپاندنی ئاشتی.

لە زۆر حـاڵەتدا نابێ وێنای ئەرکی "چوونەناو"ی ناتوندوتیـژانە بکرێ بەدەر لە ئەرکی میانگیرییەک کە پێویستە شانبەشانی بەڕێوە بچێ، چونکە لە دەرەنجامدا ئەرکی چوونەناوی مەدەنی، بەزۆری، بەبێ سەرکەوتنی ئەرکی ئەو میانگیرییە هاوشانە سەرکەوتن بەدەست ناهێنێ. پێویستە لە دوو ئاستەوە سەیری ئەم میانگیرییە بکرێ: ئاستی دانیشتووانە مەدەنییەکان و ئاستی سەرکردە سیاسییە سەربازییەکان. لەو کاتەدا دەکرێ ئەو چوونەناوە مەدەنییە بە ئامرازێک لە ئامرازەکانی ئەم میانگیرییە دووسەرەیە دابنرێ.

لەم ڕوانگەوە زۆربەی جار چوونەناوی مەدەنی لەناو دانیشتووانە مەدەنییەکانی هەردوو گرووپی ناکۆکدا دەبێ بەمەبەستی هێورکردنەوەی گرژییەکە و هاندانی پێوەندیکردن لەناو لایەنە جیاوازەکان و برەوپێدانی گیانی لێبوردەیی و ڕەخساندنی دەرفەت بۆ ئەنجامدانی هەندێ ڕێوشوێن بێ، کە متمانە دروست بکەن. لەو کاتەدا دەشێ ئەو چوونەناوە ڕاستەوخۆیە لەناو دانیشتووانە مەدەنییەکاندا کار لە پەرەسەندنی ململانە چەکدارییەکە بکا و زەوینە خۆش بکا بۆ هێنانەکایەی میانگیرییەک لەناو دەسەڵاتە سیاسی و سەربازییەکاندا.

کاری "چوونەناو" سروشتی خۆی وایە کە لە کاتی کێشەیەکی کراوەدا ژیانی ئەوانەی بەشداریی تێدا دەکەن دەخاتە مەترسیی گەورە، چونکە هیچ کارێکی ناتوندوتیژی هەموو کارایی خۆی بەدی ناهێنێ بە ئەندازەی ڕازیبوونی ئەوانە نەبێ کە پێی هەڵدەستن بەوەی بەرگەی ئەو مەترسییانە

بگرن کە لێی دەکەوێتەوە. هەر خودی نەرمیەکەیان لەبەردەم مەترسیەکاندا خۆی یەکێکە لە هۆکارەکانی کارایی پابەندبوونەکەیان. ئەندامانی دەستوەردانی مەدەنی بەشێوەیەک لە شێوەکان وەک بارمتە خۆیان بەدەست لایەنە بەشەڕهاتووەکانەوە دەدەن و لەناو دانیشتووانە مەدەنییەکاندا دەوەستن. ئەوان بڕوایان وایە کە گرەوی کارەکەیان لە ئاستی ئەو مەترسییەدایە کە لەئەستۆی دەگرن و بەتەواویش دەزانن چی دەگوزەرێ. نەرمیەکەیان خۆی تاکە پارێزەریانە.

* یاوەری کردن
* دەستوەردانی مەدەنی
* میانگیری

## کولتووری ناتوندوتیژی

زاراوەی culture یاخۆ (ڕۆشنبیری) لە فرەنسیدا وشەیەکە لە فرمانی coleréی لاتینی داتاشراوە، کە لە هەمان کاتدا بەواتەی "ناشتی" و "ڕێزی گرت" دێ. واتەی یەکەمی وشەی کولتوور بریتییە لە "کشتوکاڵ" agri-culture، مەبەستیش چاندنی زەوییە بۆ بەرهەمهێنانی ڕووەک و گژوگیا تا بیخۆین، واتەی دووەمی فرمانی coleréیش لە وشەی culte (پەرستن)دا دەیبینیەوە، پەرستنی کەس یاخۆ شتێک واتەی ڕێزگرتن و بەگەورەدانان و سەرسامبوونە پێی.

با ورد بینەوە، چاندنی زەویش پێویستی بە لێهاتنێک هەیە نەوە بۆ نەوە بگوازرێتەوە و هەر نەوەیەک ئەزموون و دۆزینەوە تایبەتەکانی خۆی دەبەخشێتە نەوەی دوای خۆی. با ئەوەیش بڵێین کشتوکاڵکردن پێویستی بە چەندان هونەر و ئامێر و کەرەستە هەیە.

وشەی کولتوور culture واتەی فرەوانتری وەرگرتووە: بریتییە لە برەوپێدانی ئەم یان ئەو بەهرە لە سرووشت natureی مرۆڤدا لەڕێی هەندێ مەشقی گونجاوەوە.

کولتوور بەردەوام چاندنی سرووشتە culture de la nature. بەهیچ شێوەیەک نابێ "سرووشت" دژ بە "کشتوکاڵ" دابنرێ، چونکە ئێمە ناتوانین هیچ بچێنین جگە لەوەی سرووشت بۆمان بڕیار دەدا یان پێمان دەبەخشێ، هەروەها جگە لەوەی وەک لە بنەڕەتدا لە سرووشتدا شاراوەیە وەک شاراوەیی تۆو. سرووشتی مرۆڤ دراو (معطی) نییە بگرە مەزەندەکردن (تقدیر)ە، سرووشت بە مەزەندەکردن و کولتوور (کشتوکاڵ)یش بە ڕێکخستنە.

توندوتیژی لە جەرگەی ژیانی مرۆڤدا حزورێکی وای هەیە کە وەک ئەوەی چارەنووسێکی سەپاو بێ لەسەر سرووشتی مرۆڤ کە مێژوویانی قورس کردووە. بەڵام هەر ئەو سرووشتە ئەگەرێکی تریشی تێدایە جگە لە توندوتیژی. مرۆڤ بەوەی هەست بە نامرۆڤانەیی و ناماقووڵی و بێهوودەیی توندوتیژی دەکا، ئەو کاتە دەتوانێ ئەو تامەزرۆییە بۆ ناتوندوتیژی کە لە دەروونیدا گینگڵ دەخوا و مرۆڤایەتییەکەی دادەمەزرێنێ و دەبێتە بناخەی، بدۆزێتەوە. کولتووری ناتوندوتیژی لەسەر

فەلسەفەیەک دامەزراوە کە جەخت لەوە دەکا ئەرکی ناتوندوتیژی دەربڕی بێ ئەملاوئەولای مرۆڤایەتیی مرۆڤە، چونکە ناتوندوتیژی مەرجە بۆ ئەگەری بەیەکگەیشتنی برایانە لەگەڵ مرۆڤەکەی تردا.

ئەوە کە دەڵێین مرۆڤ بوونەوەرێکی ژیرە، ئەم قسەیە بەوردی واتەی ئەوەیە مرۆڤ خۆبەخۆ بەپێی خواستەکانی ئەقڵ ڕەفتار ناکا، لەبەرئەوە دەکرێ و دەبێ خۆی ژیر بکا. مرۆڤ بە سروشت نە توندوتیژە و نە ناتوندوتیژ، بەڵام دەتوانێ لە هەمان کاتدا توندوتیژ و ناتوندوتیژیش بێ. جا مادەم مرۆڤ مەیلی لە توندوتیژییە و لە هەمان کاتدا ئامادەییشی تێدایە بۆ ناتوندوتیژی، کەواتە پرسەکە ئیتر برێتی دەبێ لە زانینی ئەوەی بڕیار بدا کام بەش لە دەروونی ڕۆشنبیر بکا (بچێنێ) چ لەسەر ئاستی تاکەکەسی بێ یان دەستەجەمی.

لەبارێکی وادا، چار نییە کە ئێمە تێبینی بکەین کۆمەڵگەکەمان کولتوورێکی توندوتیژ بەسەریدا زاڵە، پەروەردەیش بۆ ماوەیەکی زۆر لەسەر ئەو میتۆدانە دامەزراوە کە کاری توندوتیژانەیان تێدایە –بەتایبەت لە شێوەی سزای جەستەییدا– کە باوان و مامۆستایان بەرامبەر بەچکەی مرۆڤ دەیکەن. تا ئەمڕۆیش هێشتا بەزۆری توندوتیژی بە میتۆدێکی پەروەردەیی و فێرکاریی پێویست و ڕەوا دادەنرێ. لە ڕاستیدا زۆر ڕێ تێ دەچێ ئەو توندوتیژییەی مندالآن دەیچێژن وایان لێ بکا ئەوانیش کاتێ توانیان هەبوو توندوتیژ دەربچن.

لە هەمان کاتدا، ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییەی منداڵی تێدا نەشونما دەکا، فێری دەکا بۆ ئەوەی شوێنی خۆی لە ژیاندا بگرێ، دەبێ "مل کەچ نەکا" بگرە فێری "شەڕکردن" ببێ. واتە زللەیەک بە دوو زللە وەڵام بداتەوە. بگرە تەنانەت هەندێ جار سڵ نەکاتەوە لەوەی یەکەم زەبر ئەو بیوەشێنێ. بەم شێوەیە بەچکەی مرۆڤ هەر زوو ئەو بیرۆکەیەی لەلا دەچەسپێ کە توندوتیژی چەکی بەهێزەکانە و ویستی وازهێنان لە توندوتیژی ڕەنگە دانانی بێ بە لاوازی و ترسنۆکیدا. بەوەیش کولتووری باوی توندوتیژی لە نەوەوە بۆ نەوە دەگوازرێتەوە.

ئەم کولتوورە زیاتر و زەقتر لە کەلەپووری سەربازیی کۆمەڵگەکاندا خۆی بەرجەستە دەکا، چونکە مێژووی گەلان بەپلەی یەکەم وا پیشان دەدرێ وەک ئەوەی مێژووی شەڕەکانیان بێ، یادی ئەو بەشەڕهاتنە یادەوەریی براکانی قورس کردووە و دوور نییە هەندێ کۆنە ڕق ببووژێنێتەوە و ببێتە هۆی نانەوەی دوژمنایەتیی نوێ. بۆ بلاوکردنەوەی کولتووری ئاشتی، پێویستە هەموو گەلێک ئەوەی لەتوانیدایە بیکا بۆ داماڵینی مێژووەکەی لە چەک بەمەبەستی بنبڕکردنی ئەو کێشانەی کە هێشتا ئەو مێژووە لە بن عەباکەیەوە شاردوونیەتیەوە.

کۆمەڵگەکان کولتووری توندوتیژییان چاندووە و ڕێزیان لێ ناوە وەک ئامرازێکی پێویست و ڕەوا و دروست بۆ بەرگریکردن لە ناسنامەی نەتەوە یان گەل یان مەزهەب لەناو ئەو کێشمەکێشە حەتمییانەی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا سەر هەڵدەدەن. ئەوەی وزە بە کولتووری توندوتیژی دەبەخشێ توندوتیژی خۆی نییە هێندەی ئەوەی داتاشینی شەرعییەتە بۆی. بەمەیش ئەم کولتوورە توندوتیژە

ژمارەیەک بنیاتی ئایدیۆلۆجی پێشکێشی تاک دەکا کە پاساو بە توندوتیژییەکەی دەدەن.

کولتوور بەرگ و هزری ئامادە دروست دەکا کە ئەرکیان سنووردارکردنی توندوتیژی نییە بەڵکو پەردەپۆشکردنیەتی. وێنەگەلێک لە توندوتیژی نمایش دەکەن کە برێتین لە کۆمەڵێ مۆنتاجکاری، ئامانج و کاریگەریی ویستراو ئەوەیە ڕاستیی توندوتیژی بشاردرێتەوە. ئەو وێنانە دەیانەوێ وامان نیشان بدەن کە توندوتیژی چەسپاندنی دادپەروەرییە نەک مەرگ. ئامانجی نواندنی کولتووری توندوتیژیش بەردەوام ئەوەیە شکۆ بە توندوتیژی بدا و ئەو شتانەی چەپەڵ و دزێون بشارێتەوە. دەیەوێ لەڕێی شاردنەوەی ڕووە نامرۆڤانەکەیەوە بەرگێکی مرۆیی بە توندوتیژی ببەخشێ.

کاری یەکەمی کولتووری ناتوندوتیژی پەردەلادانە لەسەر توندوتیژی و لێ داماڵینی شەرعییەت و لەبەریەک هەڵوەشاندنی ئەو ئایدیۆلۆجیایەیە کە پاساو دەداتە توندوتیژی وەک مافێکی مرۆڤ و وەک یەکێک لە خەسڵەتەکانی مرۆڤی بەهێز شکۆی پێ دەبەخشێ. چاندنی زەوی تەنیا برێتی نییە لە چاندنی ڕووەکی بەکەڵک، بەڵکو لەڕیشەهێنانی گژوگیای زیانبەخشیشە. پێش لە تۆو وەشاندن دەبێ زەوییەکە پێشوەخت لەڕێی کێڵانەوە چاک و ساز بکرێ. ڕۆشنبیربوونیش بەهەمان شێوە تەنیا برێتی نییە لە فێربوونی هزری باش، بگرە لەبیرکردنی زۆر هزری خراپیشە کە ئایدیۆلۆجیا باوەکان دەیانگوازنەوە.

ڕۆشنبیری یاخۆ کولتووری ناتوندوتیژی کارکردنیشە لەسەر دەروونی خۆ، کۆششێکی توولانی و مەنهەجی و عەقڵانییە، ئامانجیش برەوپێدانی توانا و بەهرە دەروونی و ڕۆحی و هزریەکانە کە زەوینە بۆ تاک ساز دەکەن تا هەڵوێستێکی ناتوندوتیژانە لە ژیانی تایبەتی خۆی و لە پێوەندییە کەسییەکانی و هەروەها لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا بگرێتەبەر. پێویستە کولتووری ناتوندوتیژی ئامانجی تەنیا بڵاوکردنەوەی ئەو "بەها"یانە نەبێ کە بناخە بۆ ڕێزگرتنی مرۆڤ وەک بوونەوەرێک دادەڕێژن، بەڵکو ئامانجی بەرجەستەکردنی ئەو بەهایانەیش بێ لە کۆمەڵە دامەزراوەیەکدا کە ئەو ڕێزگرتنە مسۆگەر بکەن.

برەوپێدانی کولتوورێکی ناتوندوتیژ واتەی گەڕانە بەدوای ڕێگەگەلێکدا بۆ جێبەجێکردنی ناتوندوتیژانەی هەژمموونی دەسەڵات authorite لە هەموو هەڵوێستەکانی دەسەڵاتداریدا pouvoir. بەوەیش کولتووری ناتوندوتیژی دەست هەڵدەگرێ لە جیاکاری لەناو ژیانی تایبەت و ژیانی سیاسی، بگرە دواجار زەوینە بۆ پێکەوە کۆکردنەوەیان لە چوارچێوەیەکی تەندروستدا دەڕەخسێنێ.

بۆ ئەوەی ناتوندوتیژی گەشە بکات و کاریگەریەکی ڕاستەقینەی لەسەر ڕێڕەوی ڕووداوەکان هەبێ، پێویستی بە کایەیەکی مرۆیی هەیە کە کەشوهەوایەکی فیکری و ڕۆحیی گونجاو بۆ (ناشتن)ی بەدی بێنێ. بەوەیش ئەرکی هەرە گرینگ برێتی دەبێ لە هێنانەکایەی ئەو جۆرە ناوەندە مرۆییە کە هانی کولتووری ناتوندوتیژی دەدا، بەشداریکردنیش لە هێنانەکایەی ئەو ناوەندەدا، ئەرک و بەرپرسیاریەتیی هەمووانە.

* پەروەردە
* منداڵێتی
* فەلسەفە

## جەستە

ئەو مرۆڤەی ناتوندوتیژی هەڵدەبژێرێ، جەستەی هەڵدەبژێرێ بۆ دروستکردنی بەرەیەکی بەرەنگاری دژ بە توندوتیژی. بە کردنی جەستەیشی بە بەربەستێک لەبەردەم توندوتیژیدا دەیەوێ پیشانی بدا کە توندوتیژی سنوورێکی هەیە نابێ تێی بپەڕێنێ. بەوەیش جەستەی پەتی، کە ڕازی نییە خۆی بداتە پەنای هیچ چەکێک، سەرکێشی بەخۆی دەکا و لە ڕیزی پێشەوەدا سەنگەر دەگرێ و خۆی –بەهەموو شیانێکی بۆ بەرکەوتن– ڕووبەڕووی مەترسی و هەڕەشە دەکاتەوە و گژبەریی توندوتیژی و سزا و مەرگ دەکا. هەروەها بە هەموو جەستەی بەرهەڵستی sinsurge (لە فرمانی لاتینی insurgereەوە هاتووە بەواتەی هەستا)ی ستەم دەکا و هەڵوێستێک لە گۆڕەپانە گشتییەکەدا وەردەگرێ، تا بەبەرچاوی هەمووانەوە شایەتی بۆ بەرژەوەندیی دادپەروەری بدا. ئەو کەسەی جەستەی پەتیی خۆی، بەو لاوازییە، پێشکێش دەکا، هیچ پاساوێک ناداتە دەست دژبەرانی بۆ کوشتنی، لەگەڵ ئەوەیشدا هێشتا مەترسی لەئارادایە و کوشتنیش بەردەوام ئەگەرێکی کراوەیە.

پێویستە نەک تەنیا ئەقڵ، بگرە جەستەیش مکوڕ بێ لەسەر ناتوندوتیژی، مرۆڤ بوونەوەرێکی بەرجەستەیە، جەستەیە و بەدەست ترسان لەبەردەم مەترسییەکانی کاردا دەناڵێنێ. ترس شتێکی جەستەییە، بۆ زاڵبوون بەسەریشیدا دەبێ مرۆڤ جەستەی "ڕام" بکا. ئەو ڕێگە و تەکنیکانەی یارمەتیی تاک دەدەن باشتر جەستەی بناسێ و زیاتر کۆنترۆڵی بکا، بۆ بەردەوامبوونی لەسەر ڕێگەی ناتوندوتیژی بەکەڵکن. ئەگەر جەستە زێدەڕۆیی لە منجڕیدا بکا و ئەگەر ترس پەکی بخا بەشێوەیەک کە جڵەو نەکرێ، بۆ ئەقڵ ئاستەم دەبێ ناچاری ژێربوونی بکا، بۆیە دەبێ مرۆڤ جەستەی ئامادە و ڕێک بکا و ڕای بهێنێ لەسەر جڵەوکردنی وورووژان و ترسەکانی.

ویستی ناتوندوتیژی ناتوانێ زاتی خۆی بسەلمێنێ بەبێ یەکەتیی کەسایەتی. مرۆڤ سەر و دڵ و سکی هەیە: ئەو لە هەمان کاتدا بوونەوەرێکە ئەقڵ و وورووژان و غەریزە بەڕێوەی دەبەن، ئەم سێ سیفەتە جیاوازن و دەکرێ دژ بەیەکیش بن، بەڵام دەشکرێ بسازێن و بەیەکەوە هەڵبکەن. دەبێ ئەو بیردۆزانە پووچ بکرێنەوە کە دژیەکی لەناو جەستە و گیاندا دروست دەکەن وەک ئەوەی جەستە تووشی هاوکۆلکەیەکی نەرێنی بووبێ و دژ بە خواستەکانی گیان بێ. دوالیزمییەکی لەم شێوەیە بوونی نییە، چونکە دۆخی جەستەیی مرۆڤ– واتە جەستەبوونەکەی– کەوتن نییە، چونکە هەر ئەوە دەرفەت دەداتە مرۆڤ تا بژی و کارلێک بکا و خۆش بوێ و بیر بکاتەوە و کار بکا. هۆشیاریی ئەخلاقیش ڕیشەی خۆی لەناو هەست و دەرککردنەکانی جەستەدا داکوتاوە.

هیچ هزرێک لە دەربڕینە جەستەییەکەی دانابڕێ، چونکە هزری خودە بەرجەستەکە لە جەستەدا ڕیشەی داکوتاوە. خود لەناو کار و لەڕێی کارکردنەوە لەگەڵ ئەزموونی جەستەییی ناتوندوتیژیدا دەژی، چونکە لە کارکردندا مرۆڤی جەستەیی دەتوانێ بیر لە ناتوندوتیژی بکاتەوە، هەروەها ناکرێ هزرێکی ڕوون و ورد لەبارەی ناتوندوتیژییەوە گەڵاڵە ببێ بەبێ ئەوەی ناتوندوتیژی لە ئەزموونێکی جەستەییی کارکردندا ڕیشە دابکوتێ.

فەلسەفە بەردەوام بیرکردنەوەیە re-flexion. واتە گەڕانەوەی مرۆڤ بۆ خود، بۆ ئەزموونی تایبەتی خۆی، بۆ کارەکەی. چۆن دەکرێ فەیلەسووف هزرێکی عەقڵانی لە ناتوندوتیژیدا پەرە پێ بدا ئەگەر ئەزموونێکی جەستەییی لە کاری ناتوندوتیژانەدا نەبێ؟ پێویستە بە جەستەی خۆی ئەگەری کارکردنی جەستەییی چەشتبێ و تاقیی کردبێتەوە- کە مەرج نییە ئەوەیش واتەی سەرکەوتنی ئەو کارە بەهەمیشەیی بگەیەنێ- تا بگاتە وێنایەکی ڕوون لەبارەی فەلسەفەی ناتوندوتیژی. تاقیکردنەوەی توندوتیژی بەس نییە بۆ تێگەیشتن لە ناتوندوتیژی، بگرە پێویستە ناتوندوتیژیش تاقی بکرێتەوە، واتە کاری ناتوندوتیژانە. لە دەرەنجامدا ناتوندوتیژی وێنا ناکرێ ئەگەر بێتو لەگەڵی نەژیت. بەهەمان شێوە فەلسەفەی ناتوندوتیژیش بەبێ تاقیکردنەوەی کاری ناتوندوتیژانە ئەقڵ نایبڕێ. ئەگەر مرۆڤ بەردەوام لە دەرەوەی کاری ناتوندوتیژانەدا بمێنێتەوە ئەوا تەنیا سنوورەکانی ئەو کارە دەبینێ، تەنیا خاڵە لاوازەکانی دەبینێ و ناتوانێ لە دینامییەتە ناوەکییەکەی کە هێزی پێ دەبەخشێ، تێ بگا.

* دابەشکردنی ڕۆڵ

## لادان

لادان دابڕانێک لە پێوەندیی کۆمەڵایەتیدا دروست دەکا، بەڵام بەزۆری ئەو لادانە خۆی پێشوەخت بەرەنجامی ئەو دابڕانەیە. لەو ساتەی تاک -بەتایبەت لاو- چوارچێوەیەک نادۆزێتەوە کە کەسایەتیی خۆی تێدا دابڕێژێ و واتەیەک بە ژیانی ببەخشێ، دەکەوێتە دۆخی دابڕانێکی کۆمەڵایەتی. خۆ ئەگەر وا ڕێک کەوت لە قوتابخانەیش سەرکەوتوو نەبوو، ئەوا ئەگەری زۆر هەیە دووچاری سستی لە کارکردندا ببێ و لە هاووڵاتیبوونێکی ڕاستەقینە بێوەری دەبێ. ئەوە گێژاوە و تاک لە داهاتوودا بەدەست قەیرانی ناسنامەوە دەناڵێنێ.

ڕەنگە بەلای ئەو تاکەی کۆمەڵگە هەموو ئامرازەکانی تری دەربڕینی لێ گرتووەتەوە، توندوتیژی دوایین ئامرازی دەربڕین بێ، پێ دەچێ توندوتیژی دوایین پەناگەی ئەو کەسە بێ کە لە هەر بەشداریکردنێک لە ژیانی کۆمەڵەکەی دوور دەخرێتەوە. دەشێ توندوتیژی وەک وەڵامێک بێ بۆ بێزاری کە لەوانەیە تروسکاییەک بە وەڕسیی ژیانی ڕۆژانە ببەخشێ و ئەو دەقگرتنەی کاتە بەتاڵ و بێچێژەکانی ڕۆژگار بشکێنێ. لێرەدا توندوتیژی داوایەکە بۆ دانپێدانان، لە ئیرادەی ژیان "من توندوتیژم کەواتە من هەم". بەڵام توندوتیژی لە زۆربەی کاتەکاندا دەمامکێکە، کە بوونەوەرێکی

هەواڵنامەی کتێب

سەرگەردان و ئازارچێژ و بێئومێدی حەشار داوە. ئەو کەسەی هەموو پێوەندییەکانی لەگەڵ کۆمەڵگە پچڕاوە هیچ توانێکی بۆ پێوەندی بەستن لەگەڵ ئەوانی تردا نەماوە، مەگەر لەگەڵ ئەوانەی وەک ئەو گرفتاری هەمان دۆخی نالەبارن و پێکەوە "دەستەیەک" لە پەراوێزی کۆمەڵگەدا پێک دێنن و وای دەبینن تەنیا هۆیەک لەئارادا نییە وایان لێ بکا ڕێزی یاساکانی کۆمەڵگەیەک بگرن کە ڕێزی مافەکانیان ناگرێ. سەرچڵی ئاکامی بێوەریبوونە لە هاووڵاتیبوون.

بە ئەندازەی ئەوەیش کۆمەڵگە توندوتیژی حەرام بکا دەرفەتی باشتر بۆ بەدەستهێنانی دانپێدانان دەڕەخسێنێ، بەوەیش دەبێتە هێما بۆ بەزاندنی سیستمێکی کۆمەڵایەتی کە شایانی ڕێزگرتن نییە. ئەنجامدەرانی توندوتیژی هەوڵ دەدەن ئەو بەزاندنە دەربخەن و زەقی بکەنەوە. پێ دەچێ بەلای ئەو کەسەی کۆمەڵگە بەهیچ شێوەیەک دانی پێدا نانێ پێشێلکردنی یاسا باشترین ئامراز بێ بۆ بەدەستهێنانی دانپێدانان. زیاد لەوەیش توندوتیژیی پێشێلکردن، بە تێکشکاندنی سیمبوڵەکانی کۆمەڵگەیەکی ستەمکار و ماکەکانی ڕژێمێکی ستەمکار بە تەختی دیواردا دەدا، تامێکی پیس و چێژێکی ڕاستەقینە دەستەبەر دەکا. لە ئەنجامی ئەوەیشدا توندوتیژی کەیفخۆشیەک بەوانە دەبەخشێ کە هەست بە بێئومێدی و سەرکزی دەکەن بەهۆی ئەوەی پەراوێز خراون. توندوتیژی لە ڕوانگەی ئەوانەوە هەوڵدانێکی بێئومێدانەیە بۆ گێڕانەوەی دەسەڵات بەسەر ژیانی خۆیاندا. ئاخۆ ئەمە ڕێگەیەکی سووک و خراپ و خوار و خێچ نییە بۆ گەیشتن بە شێوەیەک لە شێوەکانی باڵادەستی؟ هەموو هەوڵێکیش بۆ "چاککردنی ڕەوشت" چارەنووسی شکست دەبێ.

پێویستە ئەم جۆرە توندوتیژییە بە ئاڵۆسکاندن provocation، بە "بانگەواز" دابنرێ بەپێی واتەی داتاشراوی ئەم وشەیە. توندوتیژی ڕیشەی لەناو مەینەتیدایە و دەیەوێ ببێتە بانگەوازی فریاکەوتن. توندوتیژی دەیەوێ قسەیەک بێ، بەڵام لانی کەم هاوارێکە. لەبەر ئەوە پێویستە لەبری سەرکۆنەکردنی، گوێ لەو توندوتیژییە بگیرێ و پێویستە لەسەرمان بەدەم ئەو بانگەوازەوە بچین، چونکە ئەو توندوتیژییە لە دەرەنجامدا بریتییە لە ئارەزووی پێوەندی بەستن، لە پێویستی بۆ دیالۆگ، ئەوانەی پەنا بۆ توندوتیژی دەبەن بەو کارە پشت دەکەنە ئەو کۆمەڵگەیەی پشتی تێ کردوون، بۆیە پێویستە کۆمەڵگە گوێ لە بانگەکەیان بگرێ.

بەڵام کۆششکردن بۆ تێگەیشتن لە توندوتیژی واتەی ئەوە نییە ئاسانکاری لەگەڵ ببێژ و بکەرانیدا بکرێ، بەپێچەوانەوە تێگەیشتن لە توندوتیژی واتەی ڕێ لێگرتنیشی دەگەیەنێ. ئەو توندوتیژییە دەری دەخا کە ئەوانەی ئالوودەی بوون کۆت و بەندیان نایەتە ڕێ و لە هەمان کاتدا داوا دەکەن کۆت و بەندیان لەسەر بێتە سەپاندن. منداڵ و هەرزەکار پێویستیان بەوەیە لووتیان بەو سنوورانەدا هەڵتەقێ کە دەسەڵاتی پێگەیشتووەکان دایاندەنێن، بەشێوەیەک ئەو سنوورانە ببنە مەشخەڵی ڕێ کە ئارامییان پێ دەبەخشێ و پێویستییەکی زیندووی ئەوانە و یارمەتییان دەدا کەسایەتیی خۆیان دروست بکەن. نەبوونی کۆت و بەند لە نەهامەتیدا نغرۆیان دەکا، ئەوەیش بە نۆرەی خۆی توندوتیژی بەرهەم دێنێ. کەواتە پێویستە لەڕێی هەوڵدان بۆ دروستکردنەوەی

پێوەندی بەرپەرچی توندوتیژی بدرێتەوە. خراپترین شت ئەگەر ڕوو بدا ئەوەیە ئەو توندوتیژییە بە توندوتیژییەکی تر وەڵام بدرێتەوە. ئەوەیش داننانێکی زەقە بە دەستەپاچەیی کۆمەڵگەدا.

کەواتە پێویستە بەرپەرچدانەوەی توندوتیژی لەڕێی خستنەگەڕی ستراتیجیەتێکی ناتوندوتیژانەوە بێ بەمەبەستی دۆزینەوەی شوێنگەلێک کە بەیەککەیشتن تێیاندا بەردەست بێ، ڕووبەرگەلێکی ناوەند تێیدا میانگیران بتوانن دوورخراوەکان و کۆمەڵگە پێکەوە کۆ بکەنەوە. ئەو کاتە دەکرێ بەرگری لە سەپاندنی یاسا بکرێ. تەنیا ئەو کاتەی پێگەیشتووان هەڵویستێکی ناتوندوتیژانەیان هەبێ دەتوانن سەرلەنوێ باس لە حەرامکردنی توندوتیژی بکەن. بەڵام پێویست نییە هەموو کات ناچارکردن قەدەخە بکرێ، چونکە هەندێ کات پێویستە، لەو ڕووەوە ڕێکارێکی یەدەگە، کە لەوانەیە بەشێوەیەکی کاتی ڕێگە لە ڕوودانی "خراپتر" بگرێ، ئەگەرچی چارەسەری کێشە بەرچاوخراوەکەی تێدا نییە.

لەم ڕوانگەوە بۆمان نییە نکولی لە پێویستیی بوونی پۆلیس و دادپەروەری بکەین کە ئاسایشی قوربانییانی کارەکانی لادان مسۆگەر بکەن، بەڵام نابێ ئەوانە ئامرازی سەرکوتکردن بن هێندەی ئەوەی پێویستە دوو دامەزراوەی میانگیر بن.

ئەگەر توندوتیژی دەربڕینی قسەیەک بێ کە نەتوانراوە بگوترێ، ئەوا کەسی توندوتیژ کاتێ دەتوانێ توندوتیژییەکەی بلێ، باشتر دەتوانێ بەسەر توندوتیژییەکەیدا زاڵ بێ و بیگۆڕێ، چونکە قسەکردن مرۆڤ لە توندوتیژی ئازاد دەکا. دەبێ ئامانجی میانگیریکردن ڕەخساندنی دەرفەت بێ بۆ پەراوێزخراوان و لاداوان تا لەڕێی قسەکردنەوە جڵەوی ژیانیان بگرنەوە دەست.

قسە تایبەتمەندییەکی کاریگەری هەیە، ئەویش ئەوەیە مرۆڤ لە وشەدا دابڕێژێ، کردنی نائومێدی و حەز و مەترسی و تووڕەبوونەکانی بە قسە، واتەی ئەوەیە مەودا (مسافە)یەک وەربگرێ کە ڕامکردنی واقیع لەڕێی بیرکردنەوەوە ئاسان بکا.

* میانگیری

* گرتووخانە

* پۆلیس

* دادپەروەری

## خۆشەویستی

خۆشەویستی ڕووی جۆرەوجۆر پیشان دەدا و وشەی "خۆشەویستی" دەکرێ لە جێبەندی جیاوازدا بە واتەی جۆرەوجۆر لێی تێ بگەین، بەمەیش ئەو واتەیەی دەیدا ناڕۆشن دەبێ، چونکە خۆشەویستی لە هەمان کاتدا "خۆشەویستیی بردن"، "خۆشەویستیی وەرگرتن"، "خۆشەویستیی موڵکداری" و "خۆشەویستیی بەخشین" دەگەیەنێ. دژیەکییەکی ڕاستەقینە هەیە لەناو

خۆشەویستیی چاکەکردن و خۆشەویستیی حەزلێکردندا. خۆشەویستی دەکرێ دەربڕی بەرژەوەندی و هەروەها دەربڕی کەمتەمایی (زوهد)یش بێ. بۆیە پێویستە لە ڕوونکردنەوەی واتەی خۆشەویستی بەردەوام بین تا بەسەر لێڵی و گومانەکانیدا زاڵ بین.

دەکرێ خۆشەویستی واتەی هەڵبژاردنی دووسەرەی نێوان دوو بوونەوەر بێ، کە بەشێوەیەک لە شێوەکان یەکێکی سێیەم دوور دەخاتەوە. بەڵام خۆشەویستی واتەی خۆشویستنی کەسی نێزیکیشە، لەو کاتەدا ئیتر هەڵبژاردن نابێ، لەبەرئەوەی "نێزیکەکەم" هەموو کەسێکە لێم نێزیک بێتەوە لەکاتێکدا من نایناسم و تەنانەت چاوەڕوانیشم نەکردووە. خۆشەویستی خوازیاری خۆشویستنی تەنانەت ئەو کەسەیشە کە خۆی لەخۆیدا خۆشەویست نییە.

زۆر دەقی بۆماوەی ڕۆحی فێرمان دەکەن کە خۆشویستنی مرۆڤ بۆ برا مرۆڤەکەی گەورەترین چاکە و کرۆکی داناییە. لە نموونە باڵاکانیشدا خۆشەویستی وەک بەهێزترین دەرەوشانەوەی چاکی و سۆز و میهرەبانی ڕێزی لێ دەگیرێ. بەداخەوە کە ئەم فێرکردنەی خۆشەویستی، کە بەزۆری دیلی ڕەوانبێژیی فەقیهەکان و ئەهلی فتوا بووە، نەیتوانیوە مرۆڤ بگرێتەوە لەوەی بە ویژدانی ئاسوودەوە بە توندوتیژی ڕازی بێ و ملکەچی دەسەڵاتی بێ. ئەوە نییە لە زۆر هەلومەرجدا، لە شکۆدان بە پرسێکدا کە بەرگی پیرۆزی وەبەردا کراوە، خۆشەویستی بە توندوتیژییەوە بەستراوەتەوە!، چەندان جار بەناوی خۆشەویستییەوە ستایشی توندوتیژی کراوە! بەو شێوەیە "خۆشەویستیی نیشتمان" کە کراوە بە هاوواتەی "خۆشەویستیی ئازادی"، ڕقبوون لە دوژمنی لێ کەوتووەتەوە و بەوەیش بووە بە خۆشەویستییەکی کوشندە. هەروەها خۆشەویستیی ئاین بڕوادارانی لە "جیهاد"دا چەکدار کردووە دژ بە بێبڕوا یاخۆ زندیقەکان و بەوە خۆی کردووەتە "تاوانبار".

کاتێ مرۆڤێک ڕووبەڕووی مرۆڤێکی تر دەوەستێ، یەکەمین کاردانەوەی خۆشەویستی نابێ. خۆشەویستی سەرکەوتنێکی لەسەرخۆ و پشوودرێژ و زرنگانەی مرۆڤە بەسەر خۆی و حەزکردنی لە توندوتیژی و بەسەر پاڵنەرە بەراییەکانیدا، کە هانی دەدەن بۆ دەستگرتن بەسەر ئەوی تر و سەپاندنی خواستەکانی منێکی سەرسەخت بەسەریدا، چ بەزۆر بێ یان بە فێڵ، ئەویش لە گەڕانێکی بەردەوام بەدوای دەسەڵاتدا. ئەوە سەرکەوتنێکی یەکلاکەرەوەی مێژوویییە و ئەمڕۆ بووەتە یەکێک لە پێکهێنەرەکانی مرۆڤایەتیی مرۆڤ، بەڵام سەرکەوتنێکی زۆر فشۆڵە و هەردەم لەبەردەم ئەگەری هەرەسدایە. ئەوە سەرکەوتنێکە کە دەبێ بەبەردەوامی لەسەر هەردوو ئاستی تاک و کۆمەڵ سەربخرێ.

لەبەرئەوەی چاکی باشترین دەربڕینی خۆشەویستییە، ئەوا دژیەکییەکی زەق لەنێوان خۆشەویستی و توندوتیژیدا هەیە. یەکەمین ئەرکی خۆشەویستی بریتییە لە نەنواندنی هیچ توندوتیژییەک بەرامبەر بە نێزیکەکانت، خۆشەویستی تکا لە مرۆڤ دەکا شمشێرەکەی بخاتەوە کێلان و چەکەکەی فڕێ بدا- هیچ شتێکیش لەمە کەمتر سرووشتی نییە!

کاتێ مرۆڤ لەگەڵ ئارەزووی توندوتیژی دژ بە مرۆڤەکەی تر دەرگیر دەبێ، قەدەخەیەک خۆی پیشانی ویژدانی دەدا و پێی دەڵێ "مەکوژە". ئەم قەدەخەکردنە بە شکاندنی کۆت و زنجیری توندوتیژی، دەرگە بۆ خۆشەویستی دەکاتەوە و دەرفەت بە ئەگەری خۆشەویستی دەدا. ئەوە ساتێکی یەکلاکەرەوەیە کە تێیدا مرۆڤ قایل دەبێ بەوەی دەست لە دڕندەیی دوێنێ هەڵبگرێ تا بتوانێ "سبەی" بە خۆشەویستی بژی.

جەدەلیەتێک لەنێوان قەدەخەکردن– کە ڕەها و یەکەمییە– و خۆشەویستیدا– کە ئەزەلی و ئەبەدییە– هەیە. بەقەدەخەکردنی توندوتیژی و کوشتنیش، ئەرکی "مەکوژە" دەبێتە چەسپاندنی خۆشەویستی. لەڕێی قەدەخەکردنەوە مرۆڤ دەرک بە ئەرکەکانی خۆشەویستی دەکا، چونکە قەدەخەکردن خۆشەویستی ئاشکرا دەکا. خۆشەویستیش قەدەخەکردن ڕووناک دەکاتەوە و واتەیەکی پێ دەبەخشێ. خۆشەویستی هانی مرۆڤ دەدا تا خۆپەرستییەکەی بەجێ بێڵێ، تا بیهێنێتە ناو میهرەبانی و کردنەوەی دەرگەی بڵندبوونەوە لە بەردەمیدا.

هەروەها ناتوندوتیژیش کە خۆگرتنەوە و نەکردنە، وەک یەکەم ئەرکی خۆشەویستی دەردەکەوێ کە بریتییە لە ئەنجامنەدانی توندوتیژی! بەدڵنیاییەوە ناتوندوتیژی ئەگەر لە شێوە نەرێنییەکەیدا سەیر بکرێ، هەموو ئەرکەکانی خۆشەویستی جێبەجێ ناکا، بەڵام لانی کەم دەرفەت بۆ بەدیهێنانی خۆشەویستی ساز دەکا.

ناتوندوتیژی لە واتە حەرفیەکەیدا تەنیا لای خوار داوا دەکا، ئەو لای خوارە بەس نییە بەڵام پێویستە، چونکە ئەزموون فێرمان دەکا خەڵک زۆربەی کات ئازار دەچێژن و دەمرن تەنیا لەبەرئەوەی ئەو "لای خوار"ەیان پێ نەبەخشراوە کە مافی خۆیانە. ئەو "لای خوار"ە بە واتەی حەرفیی وشەکە سنوورێکی زیندووە و نەبوونی بکوژە. ڕەتکردنەوەی توندوتیژی مەرجی خۆشەویستییە، بەڵام مەرجێکی حاشاهەڵنەگرە. مەرجی ناتوندوتیژی هیچ نییە جگە لە مەرجی نەرێنیی خۆشەویستی، مەرجی هەڵبژاردەی نەرێنی en creuxی خۆشەویستی، بەڵام مەرجی یەکەمیەتی.

خۆشەویستی ئامانجی جیهانیبوونە لە چوارچێوەی ڕێزگرتنی هەموو مرۆڤدا، با دوورترین و بێگانەترین بن یان تەنانەت دوژمنیش بن. ئەم ئامانجە جیهانییە حاڵەتی کێشمەکێش و ململانە و کوشتاریش هەڵنابوێرێ. ئێمە بەناوی خۆشەویستییەوە بانگهێشت کراوین تا لە تەنیشت قوربانییانی ستەم بوەستین و چالاکانە بەرەنگاریی ئەوانە بکەین کە لەو ستەمە بەرپرسن. ناتوندوتیژی سەرکۆنەی خۆشەویستیی سارد و سڕ دەکا کە –بەناوی جیهانیبوونەوە -uni versalism– خۆی لە کێشەکان دەدزێتەوە و کار ناکا و لە ململانەکە هەڵدێ، خۆی لە مێژوو لادەدا و خۆی لە خەیاڵبازیدا سڕ دەکا.

خۆشەویستی ئەگەر خۆی لە سەرکێشیکردن لە کار دوور بگرێ، ئەوا توندوتیژی سڵ ناکا لە

خۆخزاندنە ناو کێشەکە و گەناندنی لە ڕێڕەوی مەرگدا. لە بەرامبەر ستەمدا خۆشەویستی دەچێتە ناو کێشەکە و دەیوروژێنێ و بە دینامییەتی خۆی وزەی پێ دەبەخشێ بەشێوەیەک سەربکێشێ بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەک بۆی.

ڕەنگە ڕەوانبێژییەکی ڕۆحانی کەڵکەڵەی قسەکردن لەسەر "هێزی خۆشەویستی" و بگرە تەنانەت لەسەر "هێزی ڕەهای خۆشەویستی" دنەی بدا، بەڵام ئاخۆ قسەکردن بەم شێوەیە پەنابردن نییە بۆ خوازەگەلێکی مەجازی کە لەوانەیە دەربکەوێ فریودەرن؟ ئاخۆ یەکێک لە تایبەتمەندییە جەوهەرییەکانی خۆشەویستی ئەوە نییە هیچ هێزێکی سەپێنەری نییە؟ لە بەرامبەر خۆسەپاندن و توندوتیژیدا، خۆ یەکلاکردنەوە و بێتوانی و لاوازییەکی ڕیشەیی لە خۆشەویستیدا هەیە. ئەمە بۆ (حەقیقەت)یش ڕاستە. مرۆڤ قەت ناتوانێ خراپە هەڵبوەشێنێتەوە، بەڵام کەرامەتی بەندە بەوەی یەکبین لەدژی کار بکا و لەڕێی ئەو کارەوە واتەیەک بە ژیانی خۆی ببەخشێ.

بەڵام هێشتا دەمێنێتەوە سرووتی مەرگەساتئامێزی بوون، شێتیی مێژووی مرۆڤ، چۆن بتوانین بۆ هەتاهەتایە کۆتایی بە نەهامەتیی مرۆڤی بێتاوان بێنین؟ لە بەرامبەر ستەمدا خۆشەویستی دنەمان دەدا تا قۆڵی کارکردن هەڵماڵین و پشتی قوربانییەکان بگرین کە ڕەوا نییە ژیانیان لەو واتەیەی ئومێد دەبەخشێ بێبەش بکرێ.

ستراتیجیەتی ناتوندوتیژی ئەو تەکنیکەیە کە لەبەردەستی هەموواندایە و بریتییە لە داهێنان و بەکارهێنانی هەندێ ئامرازی کارکردن کە گەرەنتیی ئەوە دەکەن لەمڕۆ بەدواوە بەشداریی خراپە نەکەین و لە بەهای خۆشەویستی کەم نەکەینەوە، هەروەها دەرفەت ساز بکەین بۆ بەرتەسککردنەوەی خراپە و توندوتیژی.

ڕاست نییە دەسەڵاتی خۆشەویستی لە هەموو دەسەڵاتێکی تر گەورەترە. هێزی ڕەهای خۆشەویستی لەوەدا نییە بتوانێ خراپە و توندوتیژی ببەزێنێ، بگرە لە بێتوانیی خراپە و توندوتیژیدایە بۆ بەزاندنی خۆشەویستی. هەر بۆیە ئومێد بەردەوامە.

* چاکی

* ناتوندوتیژی

## شەڕ

زۆر جار ڕێز و شکۆ بە شەڕ دراوە وەک داستانێکی قارەمانانە کە پیاوان لەو کاتەدا شانازی بە بالاترین سیفەتی چاکەوە دەکەن- هەمان ئەو چاکانەی ناتوانن لەکاتی ئاشتیدا دەریان بخەن. لێرەوەیە بە باڵای ئازایەتی و لێبڕانی ئەوانەدا وتراوە کە ماڵەکانیان بەجێ دێڵن و ئامادەن تا ڕادەی سەرکێشیکردن بە ژیانیان لەپێناو بەرگریکردن لە نیشتمانەکەیان قوربانی بە بەرژەوەندییە تایبەتەکانیان دەدەن. لافی ئەوە لێ دەدەن کە شەڕ خۆپەرستیی تاکەکان کە لە سەردەمی ئاشتیدا

باوە دەگۆڕێ بۆ قارەمانێتیی سەربازەکان. بەوەیش شەڕ دەبێتە ڕووداوێکی ڕۆحی تێیدا گەلانی مەزن چارەنووسی خۆیان دروست دەکەن.

لەڕاستیدا، دۆخی شەڕ بنەماکانی ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی دروستی مرۆڤ بەشێوەیەکی ڕیشەیی سەرەونگون دەکا: لە شەڕدا فەریزەی ویژدانی ژیری هەمەگیر و بێ مەرج و نەمر "مەکوژە" –ئەم ئەرکە بنچینەییەی فەلسەفە کە بناخەی ژیان لە کۆمەڵگەدا دادەڕێژێ– نەک تەنیا هەڵواسراوە و کاری پێ ناکرێ، بگرە تانەلێدراو و سەرزەنشتکراو و هەڵوەشاوە و ڕیسواکراوە. هەر کە شەڕ بەرپا بوو ئیتر جاڕ بۆ پیاوان دەدرێ کە گوێڕایەڵی ڕاسپاردەیەک بن کە فەرمان دەکا "بکوژە". قوڕ بەسەر ئەو کەسەی گوێڕایەڵ نابێ!، بەردەوام پێش شەڕ ماکینەی پروپاگەندە دەکەوێتە کار کە هانی کوشتن و بەزۆریش ڕقبوونەوە لە دوژمن دەدا، ئەم پروپاگەندەیەش هەڵگری ئایدیۆلۆجیای توندوتیژییە کە ڕەوایی بۆ کوشتن دەتاشێ و ڕێزی پێ دەبەخشێ. شەڕ ڕیسواییە نەک لەبەر ئەو زەلیلکردنەی بەسەر نووچخواردووەکانیدا دێنێ، بگرە لەبەر ئەو شکۆمەندییەیش کە بە سەرکەوتووەکانی دەبەخشێ. ڕەنگە ئەم شکۆمەندییەی لەڕێی کوشتنەوە بەدەست دێ، گەورەترین شکستی مرۆڤ بێ.

هەموو شتێک بە مەزنکردنی سەنگینیی پرسێک دەست پێ دەکا و بە قبووڵکردنی بێنرخترین کاری توندوتیژی کۆتای دێ. بەباڵای قوربانیدانی ئەوانەدا دەوترێ کە مردن قبووڵ دەکەن، بەڵام هەر خودی ئەوانە جگە لە ئەرکی "کوشتن" هیچ شتێکیان دەست نەکەوتووە. "لۆجیک"ی شەڕ هەمووی بەوردی بریتییە لە کوشتن بۆ خۆپاراستن لە مردن. لەبەرئەوەی خەڵک هەڵپەی ژیان دایاندەگرێ، هەر بۆیە بێپەروا دەکوژن. لە کۆتای زنجیرەی فەرمان و گوێڕایەڵییەکاندا، سەربازە جۆشدراوەکان کارە شەڕییە بێنرخەکان –کە تەنانەت ئەو "بەها شارستانی"یانەیش ڕەت دەکەنەوە کە گوایە بڕیارە پێڕەوییان لێ بکەن– جێبەجێ دەکەن. لە چمکی کۆتایی زنجیرەکەدا جێبەجێکارەکە هیچ نییە جگە لە ئامێرێک کە خزمەتی توندوتیژی دەکا و دەگۆڕێ بۆ ئامێرێک. لە مەستیی توندوتیژیدا هیچی لا نییە جگە لە ڕقبوونەوە لە تەواوی ئەو بەهایانەی مرۆڤی "ژێر" پەسندیان دەکا، تا پاساو بداتە شەڕەکە. ئیتر لەو کاتەدا هەموو شتێک بەشداری لە بێوەریکردنی مرۆڤ لە مرۆڤایەتییەکەی دەکا.

شەڕ ئەو مرۆڤەی خۆی لەناو چڕنوکەکانیدا دەبینێ دەکاتە ئامرازێک. ئەو گۆڕین بۆ ئامێرەیش داڕنینی سیفەتی مرۆڤایەتییە. دەزانی چەند لە سەربازان هەرگیز لە ئارەزووی کوشتن پاک نەبوونەوە ئەگەرچی لەکاتی شەڕدا فەرمانیشیان پێ کرابوو؟ لەکاتێکدا گوتارە نیشتمانییەکان دەیانەوێ بیانکەنە قارەمان، بەڵام ئاخۆ چەند لەوان خۆی بە تاوانبار زانیوە؟ چەندیان کارە توندوتیژانەکانیان تاساندوونی تا ڕادەی لەدەستدانی هۆشی خۆیان؟ چەند لەوان مردنیان پێ باشتر بووە لەوەی پاش ئەو داڕووخانەیان بژین؟

کلاوزفیتز دەڵێ "شەڕ تەنیا درێژکراوەی سیاسەتە بە ئامرازی تر"، مەبەستی ئەو جەنەراڵە

پرووسـێیـە لەو جـەختکردنەوەیە ئەوە نییـە، وەک هەندێ جار بڵاو کراوەتەوە، کـە سـیاسـەت لە بنەڕەتدا شـەڕە، بگرە مەبەستی ئەوە بووە پێویستە شەڕیش کارێکی سیاسی بێ، چونکە شەڕ ئامرازێکە خزمەتی ئامانجێکی سیاسی دەکا، بۆیە دەبێ ئەم ئامانجە تاکە پێوەر بێ کە سەرکردایەتیی شەڕەکە بکا.

ئامرازە سیاسییە تەندروستەکان کە لە کاتی ئاشتیدا بەکار دێن ئامرازەیلی دیپلۆماسین، واتە ئامزارگەلی ئاشتییانەن کە لەسەر وتووێژ و دانوستاندن دامەزراون. لە دۆخی تەندروستدا، واتە بەپێی ئەو پێوەرەی ڕاستی دیاری دەکا، ئامانج و ئامرازەکانی سیاسەت وەک یەک پەنابردن بۆ توندوتیژی بەدوور دەزانن. لەڕاستیشدا پەنابردن بۆ توندوتیژی جگە لە شکستی سیاسەت –کە تەواوی پرۆژەکەی کار لەسەر دروستکردن و پاراستنی سیستمێک دەکا لەناو شار و دەرەوەی شوورەکانی شاریش، کە هیچ پێوەندییەکی بە توندوتیژییەوە نییە– هیچی تر نییە. سیاسەت و شەڕ دوو جەمسەری دژ بەیەکن، واتە یاساکانی شەڕ دژ بە یاساکانی سیاسەتن. شەڕ درێژکراوەی سیاسەت نییە، بگرە پچڕاندنی سیاسەتە. هەر کە تەپڵی شەڕ لێی دا ئیتر سیاسەت گۆڕەپانەکە بۆ توندوتیژی چۆڵ دەکا و ئەویش تا ئەو کاتەی شەڕ بەدەوام دەبێ داگیری دەکا. لە باشترین حاڵەتدا سیاسەت مافەکانی خۆی وەرناگرێتەوە مەگەر لەکاتی ئاگربەستدا نەبێ، کاتێ تفەنگەکان بێدەنگ دەبن و دژبەرەکان لەسەر یەک مێزی دانوستاندن بۆ قسەکردن کۆ دەبنەوە.

ئەمڕۆیش، تا دێ زیاتر و زیاتر ئەوە دەچەسپێ کە بەزۆری ئەوانەی دەکەونە شەڕەوە دەوڵەتان نین، بەڵکو کۆمەڵ و تایفەن کە پێوەندییان بە دەوڵەتانەوە نییە. لە زۆربەی ئەو کێشە ناوەخۆییانەی لەم دواییەدا ڕوویان داوە، ئەوە سوپا نیزامییەکان نین کە بەرامبەر یەکتر وەستاون، بگرە باندی چەکدار بوون. ئەو باند و گرووپانەیش زۆربەی جار لەسەر سێرەگرتن لە دانیشتووانی مەدەنی دەژین و هەموو جۆرە هەڕەشە و قاچاخییەک بەکار دێنن، بەوەیش جۆرێکی تری توندوتیژی بۆ توندوتیژیی سەربازیی پەتی، کە لافی ئەوە لێ دەدا بە ئامانجێکی سیاسییەوە کار دەکا، زیاد دەبێ، کە توندوتیژییەکی تاوانکارانەیە و کەشوهەوای تۆقاندن تەڵختر دەکا.

نغرۆبوونی بزاڤەکانی تێکۆشانی چەکدار لە تاواندا، دۆخی لەدەست دەرچوونی ئاسایش لە تێکڕای ئەو زەوییانەی شانۆی کێشەکانن زیاتر دەکا، لە ئەنجامی ئەمەیشدا شەڕ تا دێ زیاتر لە سیاسەت دوور دەکەوێتەوە.

لە واقیعدا، واتە لە جەرگەی کارکردندا، ناتوانرێ بەسەر دژیەکیی نێوان ئامرازە توندوتیژەکانی شەڕ و ئامانجی ئاشتییانەی سیاسەتدا زاڵ بین. بەوەیش ئەگەری ئەوە زیاتر دەبێ ئامرازەکان هۆکانی شەڕەکە بسڕنەوە و دواجاریش ئامانجەکانی ون بن، نەخاسمە کە شۆڕشی تێکنۆلۆجی توانێکی وێرانکردنی هێندە ترسناکی بە چەکە نوێیەکان بەخشیوە، بەشێوەیەک بەکارهێنانیان مەترسیی ئەوەی تێدایە ئەو شتە لەناو ببا کە شەڕ لافی بەرگری لێکردنی لێ دەدا!

بەهەرحاڵ، ئەم شیمانەیە گرینگترە لەوەی نەپرسین لە بوونی ئامرازی تری جگە لە ئامرازەکانی شەڕ –ئامرازگەلێکی سیاسی واتە ناتوندوتیژ بن– ئەوەیش بۆ درێژەدان بە سیاسەت کاتێ دیپلۆماسییەت شکست دێنێ لە چارەسەرکردنی کێشەکەدا. لەم ڕوانگەیەوە ستراتیجیەتی کاری ناتوندوتیژانە خوازیارە بەدوای "هاوتایەکی وەزیفی"دا بۆ شەڕ بگەڕێ.

بۆ بردنەوەی ئاشتی دەبێ شەڕ لەدەست بدەین، وا باوە لەدەستدانی نەرێتێکیش خراپە.

* قوربانیدان

* بەرگریی مەدەنیی ناتوندوتیژانە

* سیاسەت

* ئازایەتی

* ئاشتیکردن

**حەقیقەت**

ئەو مرۆڤەی بەئاشکرا پێداگری لەوە دەکا "خاوەن"ی حەقیقەتە مرۆڤێکی ترسناکە، چونکە کۆڵ نادا لە هەڵکوتانە سەر گومڕایی و ڕاونانی کافر و زندیق و هەڵگەڕاوەکان. ئەو مرۆڤەی تر کە وەک ئەو بیر ناکاتەوە بێ هیچ دوودڵییەک دوژمنیەتی، سەرلێشێواوە و دەبێ هیدایەت بدرێ، ئەگەر قەناعەتیشی نەکرد پێویستە بەزۆر پێی بکرێ. کاتێ حەقیقەت لە مەعریفەیەکی عەقیدەیی -dog matiqueدا دەبەستێ، دەبێتە هۆکاری پەرتەوازەیی و کێشمەکێش و وەلاخستن و توندوتیژی. بابای ئایدیۆلۆجیستی سیکیولار و بابای ئسوڵیی ئایینی هەردووک هەمان شەڕی پشکنین دژ بە لاداوان و سەرلێشێواوان و هەڵگەڕاوان و ناپاکان بەرپا دەکەن، هەردووکیان کۆ ناکەن لەوەی بۆ چەسپاندنی حەقیقەت پەنا بۆ توندوتیژی ببەن، بەوەیش حەقیقەت دەبێتە شتێکی نامرۆڤانە و بکوژ: مرۆڤ بەناوی حەقیقەتەوە دەکوژرێ.

ئەوە ئایدیۆلۆجیست و ئسوڵین کە سەریان لێ دەشێوێ و لادەدەن، چونکە حەقیقەتی مرۆڤ ڕێبازێکی عەقائیدی پێکی ناهێنێ کە دەبێتە چەکێک بۆ شەڕکردن لەدژی مرۆڤەکانی تر، بگرە پێش هەموو شت جێی باس و خواس و بەدواداگەڕانە. حەقیقەت لە داناییەکی کرداریدایە کە پێویستی بە خستنەگەڕی ئەقڵ و ئیرادە هەیە بۆ دروستکردنی پێوەندی لەگەڵ مرۆڤەکانی تردا، لە بازنەی هەمان کێشە و لەسەر بناخەی ڕێزگرتن و نیازپاکی. ئەم پێوەندییەش هەموو جۆرە نیازخراپی و توندوتیژییەک دوور دەخاتەوە. مرۆڤ لە گەڕانی بەدوای حەقیقەتدا سەری بە زۆر گوماندا هەڵدەتەقێ، بەڵام تەنانەت بەبێ ئەوەیش حەقیقەت بزانێ فێر دەبێ دژ–ی حەقیقەت چییە، پێچەوانەی حەقیقەت بریتییە لە توندوتیژی کە ئەشکەنجەی مرۆڤایەتی دەدا. بەم واتەیە ناتوندوتیژی حەقیقەتی مرۆڤ بەرجەستە دەکا. ئەم حەقیقەتەیش کەس بۆی نییە خۆی بکاتە

خاوەنی، بگرە هەر کەس تەنیا مافی ئەوەی هەیە هەوڵ بدا لێی نێزیک ببێتەوە.

هەر هێندەی حەقیقەت وەک ئایدیۆلۆجیایەک کە لە دەرەوەی مرڤدایە وێنا کرا و پەی پێ برا، ئیدی ئەو پێوەندییەی تاک لەگەڵ حەقیقەت دەیبەستێ، ڕێک وەک ئەو پێوەندییەی لێ دێ کە لەگەڵ مەبەستێکدا دەیبەستێ. لەوکاتەدا دەبێتە خاوەنی وەک ئەو کەسەی شتێک لای خۆی هەڵدەگرێ، خۆی بە خاوەنی حەقیقەت دەژمێرێ و ئەرکی بەرگری لێکردنی دەگرێتە ئەستۆ وەک ئەو کەسەی بەرگری لە موڵکێکی خۆی دەکا. هەروەها سڵ ناکاتەوە لەوەی بۆ بەرگریکردن لە حەقیقەت پەنا بۆ توندوتیژی و بگرە کوشتنیش ببا.

حەقیقەت لە دەرەوەی مرۆڤ نییە. بگرە لە پێوەندیی ڕاستەقینەی مرۆڤدایە لەگەڵ مرۆڤەکەی تر، ئیتر ئەو کەسە هەر کەس بێ، تەنانەت ئەگەر دوژمنێکیش بێ. ئەم حەقیقەتە لەسەر بناخەی دانانان بە مرۆڤایەتیی هەموو مرۆڤێک و ڕێزگرتنی دامەزراوە و هەوڵ دەدا لەگەڵ دژبەرەکە نەک بەدژایەتیکردنی، خۆی بسەلمێنێ، بەمەیش ناتوندوتیژی دەبێتە کودەتایەک لە گەڕان بەدوای ڕاستیدا. لە چوارچێوەی کۆمەڵگەی مرۆڤدا حەقیقەتی ناتوندوتیژی دێتە بەرگەگرتن و ژیان و دروستکردن. ئەم حەقیقەتە هزر و کارە و لێک دانابڕێن: هزر کارکردن ئاراستە دەکا و کاریش ڕاستیی هزر تاقی دەکاتەوە.

بەپێچەوانەی حەقیقەتێکی ئایدیۆلۆجی کە لە سیستمێک هزری پەتیی بەسەر خۆدا داخراودا بەرجەستە دەبێ کە دەستبەسەرە و لافی ڕاقەکردنی دنیا لێ دەدا، ناتوندوتیژی لە جەوهەردا خواستێکی ڕۆحییە، ئەرک و ئەزموونێکی ڕۆحییە، هەر هێندەی حەقیقەت بوو بە فیکرێکی ڕووت کە مۆرکێکی ڕەهای پێ بدەین، دەکەوینە ناو لۆجیکێکی توندوتیژانە. ئەگەر ئەوەی بانگەشەی ناتوندوتیژی دەکا سازش ناکا، ئەوە لەبەرئەوەیە سازشکردن لەگەڵ توندوتیژیی بکوژ مەحاڵە، ئەگەر ناتوندوتیژی ناتوانێ توندوتیژی قبووڵ بکا، لەبەرئەوەیە لەڕاستیدا توندوتیژی قابیلی بەرگەگرتن نییە. ئاخر چۆن دەکرێ ڕەوایی بدرێتە پەنابردن بۆ توندوتیژی بۆ بەرگریکردن لە حەقیقەت ئەگەر زانیمان هەموو توندوتیژییەک مرۆڤایەتیی مرۆڤ بریندار دەکا و ئێشی پێ دەگەیەنێ، مرۆڤایەتیی ئەو کەسەی تاڵاوی توندوتیژییەکە دەچێژێ و تەنانەت هی ئەوەیش توندوتیژییەکە دەکا؟

توندوتیژی زۆر واقیعییە، کردارییە، بەرهەست و لە زۆر هەڵوێستدا بابەتییە و لەوانەیە هەندێ جار پێویستیش بێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا هەرگیز ڕاست نییە، چونکە بەردەوام پێوەندی لەگەڵ ئەوی تر ساختە دەکا، بەوەیش حەقیقەتی ناتوندوتیژی ڕێگرە: ڕێگرە لە هەر هەنگاوێکی فیکری کە بیەوێ شەرعییەت بە کوشتنی مرۆڤ و بێتاوانکردنی بکوژ بدا. بەڵام لەکاتێکدا مرۆڤی ناتوندوتیژ هەر دەستبەردان (تنازل)ێکی ئەقڵی لەسەر ئاستی فیکر ڕەت دەکاتەوە، لەوانەیە لەسەر ئاستی کردار ناچاری هەندێ سازش ببێ. لەم بوارەیشدا خۆی لە هەر یەقینێکی کرداری داڕنیوە، چونکە کردار بانگەشە بۆ ئەوپەڕی لەخۆبوردەیی دەکا.

دەبێ مرۆڤایەتیمان لە حەقیقەت زیاتر خۆش بوێ. ئەمەیش واتەی ئەوەیە حەقیقەت بە خۆشەویستیی مرۆڤایەتی دەست پێ دەکا. لێرەدا مێژوو شاهێدە و- ئەزموونیش ڕۆژانە ئەوە دووپات دەکاتەوە- کە حەقیقەت هەر هێندە ڕەهاییی بەخۆی بدا دەبێتە هەڵگری توندوتیژی و لە ناتوندوتیژیدا جێگیر نابێ. ئەگەر حەقیقەت شەرعییەتی توندوتیژی لە ڕیشەوە دەرنەهێنێ بەدڵنیاییەوە ساتێک دێ توندوتیژی وەک ئامرازێکی ڕەوا بۆ بەرگریکردن لە حەقیقەت دەردەکەوێ. داننان بە ئەرکی ناتوندوتیژیدا دەرفەت بۆ ڕەتکردنەوەی وەهم بەتەواوی دەڕەخسێنێ، ئەو وەهمەی ئایدیۆلۆجیاکان و هەڵگرانی بەپێویست و دادپەروەرانەی دەزانن بۆ بەرگریکردن لە حەقیقەت پەنا بۆ توندوتیژی ببەن.

پەنابردن بۆ توندوتیژی یەک شت دەگەیەنێ، ئەویش گرتنی شوێنێکە کە حەقیقەت ناتوانێ لەوێ بێ. لافی خزمەتکردنی "حەقیقەت" و بەرگری لێکردنی بە توندوتیژی لێ دەدەین، لەکاتێکدا بەکردەوە "حەقیقەت" خزمەتی توندوتیژی دەکا و بەرگریی لێ دەکا. لەم هاوپەیمانییە ناقۆڵایەدا ئەوەی بەهێز دەبێ توندوتیژییە نەک حەقیقەت. هەموو شتێک وا بەڕێوە دەچێ وەک ئەوەی حەقیقەت لە بەرژەوەندیی توندوتیژی حوکم بدا، بەشێوەک توندوتیژی وەک حەقیقەت دێتە پێش چاو. دواجار توندوتیژی سەردەکەوێ و سیستمی خۆی دەسەپێنێ مادەم مرۆڤ لەڕووی فیکرییەوە تێوەگلانی مرۆڤی مسۆگەر کردبێ. بەلام لەڕاستیدا توندوتیژی سەرلێشێوانە، سەرلێشێواوی هەموو ڕێبازێکیش باوەڕی وایە توندوتیژی پاساوی هەیە، واتە توندوتیژی بە مافێکی مرۆڤ دەزانێ. توندوتیژی بەرجەستەبوونەکانی حەقیقەت کە دەکرێ لەناو مرۆڤەکاندا گەڵاڵە ببێ پەک دەخا.

زۆر جار باس لە "هێزی حەقیقەت" دەکرێ. دەبێ واتەی ئەم دەستەواژەیە چی بێ؟ توندوتیژی بەردەوام لەپشت درۆوە خۆی حەشار دەدا و پشتی پێ دەبەستێ، چونکە پێویستی بە پروپاگەندەیەک هەیە تا ببێتە پاساو لای ئەوانەی توندوتیژ دەیەوێ بیانخاتە ژێر فەرمانی خۆی. ئەوەی هێز بە توندوتیژ دەبەخشێ گوێڕایەڵیکردنی ئەوانەیە خزمەتی دەکەن بۆ ئەو درۆ و دەلەسانەی هەڵیان دەبەستێ تا لە بەرگێکی جواندا خۆ پیشان بدا و باڵادەستیی بەسەر زەینی خەڵکدا مسۆگەر بکا. جەوهەری ئایدیۆلۆجیای توندوتیژ درۆیە. یەکەمین هەنگاوی بەرەنگاریکردنیش کە مرۆڤی ئازاد بەرپەرچی پێ بداتەوە بڕیتییە لە ملنەدان بە درۆ و کۆششکردنە بۆ ژیان لەناو حەقیقەتدا.

هێزی حەقیقەت لەوەدایە دەتوانێ درۆی توندوتیژی ئاشکرا و ڕیسوا بکا، بەوەیش پێشوەخت لاوازی دەکا، چونکە خۆدابڕ (منشق) بە زاتکردنی بۆ گوتنی ڕاستی، درزێک دەکاتە تەوقی تۆتالیتاریانەی توندوتیژی.

هەرگیز گوتنی "هەق" بێهوودە نابێ. قسەی ڕاست کە بە زاری مرۆڤێکی ئازاددا دێ لەناو ویژدانی ئەوانەی لەناو درۆدا دەژین دەنگ دەداتەوە تەنانەت بەبێ ئەوەی بەخۆیان بزانن، دووریش

نییە ئارەزووی کپبوویان بۆ بردنەسەری ژیانێکی شەرەفمەندانە بێدار بکاتەوە.

بەڵام حەقیقەت ناتوانێ ئەو کەسە ناچار بکا کە ئەقڵی دادەخا و بەر بۆ ئارەزووی توندوتیژیی ناو ناخی خۆش دەکا. هێزی حەقیقەت هێزێکی لەسەرخۆیە و ناتوانێ دەستودەم هێزی دڕندانەی توندوتیژی بوەستێنێ. بۆیە پێویستە لە کێشە و ململانە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا، حەقیقەت لەڕێی کردارەوە خۆی نمایان بکا، ئەو کاتە حەقیقەت لەڕێی هێزی ڕاستەقینەی کارکردنەوە، واتە هێزی کارکردنی دادپەروەرانەوە- چ لە ئامانجەکانی و چ لە ئامرازەکانیدا- ڕێگەیەک بۆ خۆی دەکاتەوە، چونکە هێزی ناچارکردن تەنیا بەرهەمی کارکردنە و کاریگەریی کارکردنیش مەرجدار و نایەقین و سنووردار و ڕێژەییە. لەگەڵ ئەوەیشدا کاتێ کاراییی کاری ناتوندوتیژانە دەگاتە ئەوپەڕی پلەکانی، ئەوە بەو واتەیە نییە کە توندوتیژی مافەکانی خۆی بەدەست دێنێتەوە، بگرە هێشتا ئەرکی ناتوندوتیژی وەک حەقیقەت دەمێنێتەوە. توندوتیژی تەنانەت ئەگەر وەک زەرورەتیش بێتە پێش چاو، ئەوە واتەی ئەوە نییە شتێکی ڕەوا یاخۆ شەرعییە، زەروورەت یەکسان نییە بە شەرعییەت.

فەلسەفە دەوێرێ جەخت لەوە بکا کە ناتوندوتیژی گوزارشتکردنە لە حەقیقەتی مرۆڤ و پێویستە کار لەسەر ڕەهەندێ جیهانییانە لە مرۆڤدا بکرێ. مرۆڤ بە بەدیهێنانی ئەرکی ناتوندوتیژی لە ژیانی خۆیدا، مرۆڤایەتیی خۆی وەک بوونەوەرێکی عاقڵی خاوەن ویژدانی ڕۆحانی بەدی دێنێ.

* ئسوڵیەت
* ئایدیۆلۆجیا
* ڕۆحانیەت
* فەلسەفە

## دیالۆگ

زمانی ئەقڵ تایبەتمەندیی مرۆڤە، مرۆڤ بە دروستکردنی پێوەندییەک لەگەڵ مرۆڤەکەی تر کە لەسەر بناخەی ئاڵوگۆڕی قسە دامەزراوە، کەسایەتیی خۆی دروست دەکا. دیالۆگ ئەو وتووێژەیە لەناو دوو کەس یان چەند کەسێکدا دەکرێ لەگەڵ گوێ شلکردن بۆ گوتاری هەریەکەیان و ڕێزگرتنی ئەو گوتارە. لەناو ئەو مرۆڤانەی ئەقڵیان هەڵبژاردووە، ئەم دەمەتەقێیە دوور لە هەر توندوتیژییەک بەڕێوە دەچێ. کاتێ ناکۆکییەکیش سەر هەڵدەدا کێشە دروست دەبێ، بەڵام هەر لەڕێی دیالۆگەوە مرۆڤە ژیر و هۆشمەندەکان هەوڵ دەدەن چارەسەرێکی دروست بۆ ئەو کێشەیە بدۆزنەوە. کۆمەڵی کۆمەڵایەتی و سیاسی لەسەر دیالۆگی دیموکراسیی نێوان سەرجەم هاووڵاتییان دامەزراوە. ئەم "پێکەوە قسەکردنە"یە کە تەلاری شار دروست دەکا.

هەواڵنامەی کتێب

ستراتیجیەتی کاری ناتوندوتیژی لە ڕووبەڕووبوونەوەیدا لەگەڵ کێشە، هەوڵ دەدا هەموو هێزی قسەکردن بخاتە کار. پێداگری دەکا لەسەر بەکارهێنانی تەواوی تواناکانی دیالۆگ لەگەڵ دژبەر، ئەویش لەڕێی بزواندنی ئەقڵی بەمەبەستی قایلکردنی، بگرە تەنانەت بزواندنی ویژدانی بەمەبەستی هیدایەتدانی. جا ئەگەر گفتوگۆی قبووڵ کرد ئەو کاتە دەتوانرێ لەپێناو گەیشتن بە ڕێککەوتنێک کە مافی هەردوو لا مسۆگەر بکا، ڕاستەوخۆ دانوستاندنی لەگەڵدا بکرێ. ناخۆشبەختانە پەنابردن بۆ دیالۆگ لەگەڵ کەسانێکدا کە ئامادە نین مل بۆ هەق کەچ بکەن بەس نییە بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکە. بەزۆریش دەردەکەوێ هێزی قسەکردن، وێڕای هەموو شتێک، دەستەپاچەیە لە ئاست ناچارکردنی ئەو دەسترۆیشتووانەی بەرگری لە سەرمافەکانیان دەکەن، بۆ دەستبەردان. ئەوەی بەگشتی هەڵوێستی ستەم جیا دەکاتەوە، بەوردی برێتییە لە مەحاڵیی دیالۆگ لەناو لایەنە ناکۆکەکاندا. کاتێکیش دیالۆگ مەحاڵ بێ تێکۆشان دەبێتە شتێکی حەتمی.

لێرەوە، ناکرێ دیالۆگ ئامرازێک بێ بۆ کردنەوەی کێشەکە بەڵکو تێکۆشان ئامرازی "کردنەوە"ی دیالۆگە. لەکاتێکدا کاری توندوتیژ سەرکێشی دەکا بە زیادکردنی ئاستەمیی دیالۆگەکە، دەشێ کاری ناتوندوتیژی بەدرێژاییی ماوەی کێشەکە ئیرادەی دیالۆگ بەرجەستە بکا. دەبێ دژبەر بەجۆرێ لە جۆرەکان بە "هاوبەش" دابنرێ کە پێویستە دواجار لەگەڵی بگەیتە لێک تێگەیشتن. ئامانجی تێکۆشان هێنانەکایەی هەلومەرجی دیالۆگە لەڕێی خولقاندنی هاوسەنگییەکی نوێی هێز کە بڕیاربەدەستان ناچار بکا دان بە چالاکەکاندا بنێن وەک دیالۆگکاری پێویست. ئەو کاتە دەکرێ دەرگەی دانوستاندن بکرێتەوە بۆ گەڕان بەدوای خاڵەکانی ڕێککەوتنێک کە کۆتایی بە کێشەکە بێنێ و دادپەروەری بەرقەرار بکا.

* ناچارکردن
* دانوستاندن
* هێز
* قسە
* کێشە

## ئاژەڵ

بەبڕوای گاندی، ئەو ئەرکی ناتوندوتیژییەی پێویستە مرۆڤ ڕەفتاری خۆی بەپێی ئەوە بگونجێنێ، تەنیا پێوەندیی بە مرۆڤەکانی ترەوە نییە و بەس، بگرە پێوەندیی بە هەموو گیانلەبەرەکانی تری دنیای ئاژەڵ و ڕووەکیشەوە هەیە. بەمەیش مەهاتما لەناو کەلەپووری فەلسەفیی مەزن و ڕیشەداری هندیدا لە هەمان کاتدا دەچێتە ناو هندۆسیەت و جەینیزم و بوودیزم. ژیان یەکە و پارچە پارچە ناکرێ و مرۆڤیش مەیلێکی سرووشتیی هەیە کە بە هاوئاهەنگی لەگەڵ سەرجەم

گیانلەبەرکانی تردا بژی. ئەنجامدانی هەر توندوتیژییەک بەرامبەر بچووکترین بوونەوەر ئەو هاوئاهەنگییە تێک دەدا و دەبێتە بایسی پشێوییەک کە لەئاکامدا مرۆڤ خۆی دەبێتە قوربانی. هەر بۆیە گاندی باش دەرکی بەوە کردبوو کە مەحاڵە مرۆڤ بتوانێ بە ناتوندوتیژییەکی ڕەها بژی، چونکە مرۆڤ- هیچ نەبێ تەنیا لەبەر مانەوە لە ژیاندا- بەکردەوە ناچارە ملکەچی یاسای زەرووڕەت ببێ کە وای لێ دەکا زۆر کاری توندوتیژی دەرهەق بە ئاژەڵ و ڕووەکەکان ئەنجام بدا.

دەبێ دان بەوەدا بنێین کە ڕۆئاوا زێدەڕۆییی کردووە لە فەرامۆشکردنی ئەرکی ڕێزگرتن بەرامبەر بوونەوەرە زیندووەکان لە هەردوو جیهانی ئاژەڵ و ڕووەکدا. مرۆڤی ڕۆئاوایی وای داناوە ئاژەڵ ملکەچ و ژێربار و چاوەڕوانی ئاماژەی ئەون و بۆ جێبەجێکردنی پێویستییە تایبەتەکانی خراونەتە ژێر دەستی. لێرەوە ئاژەڵ وەکماڵێک پۆلبەندی کرا کە دەکرێ مرۆڤ ببێتە خاوەنی و بەبێ ئەوەی کەس هیچ مافێکی بەسەریەوە هەبێ. ئاژەڵ هیچ مافێکی نییە و مرۆڤیش هیچ ئەرکێکی لەسەر نییە بەرامبەری، بەوەیش ئەو توندوتیژییەی بەرامبەر ئاژەڵ بەکاری دێنێ بە توندوتیژی حسێب نییە، چونکە توندوتیژی دژ بە ئاژەڵ دەچێتە خانەی سیستمی سرووشتیی شتەکان و ملکەچی یاسای ئەخلاق نابێ. لەبەرئەوە ئەم توندوتیژییە بە خراپە دانانرێ و دەکرێ ئەو مرۆڤەی ئەنجامی دەدا ویژدانی تەواو ئاسوودە بێ، چونکە بەگشتی هیچ خورپەیەک بەدڵیدا نایە کاتێ بێ پەروا پەنا بۆ خراپترین شێوازی توندوتیژی دژ بە ئاژەڵان دەبا و ئامانجی یەک شتە ئەویش تەنیا تێرکردنی ئارەزووە تایبەتەکانیەتی، تا کار گەیشتە ئەو ڕادەیەی تەنانەت ئەوانەیش بڕوایان وایە ئەرکی سەرشانیانە نارەزایی لەدژی توندوتیژیی سەر ئاژەڵان دەرببڕن، گومان لەوە بکرێ بوونەتە قوربانیی هەستیارییەکی نەخۆشی-ئامێز.

بەڵام پاش گوتنی هەموو ئەمانە، دەمێنێتەوە جەخت لەوە بکەین کە ئەوە هەرگیز لە سرووشتی مرۆڤ نییە ببێتە دڵڕەقترین تفەنگچی لەسەر زەوی.

کەلەپووری فەلسەفیی ڕۆئاوایی نەیویستووە بیر لە ناسنامەی ئاژەڵی بکاتەوە مەگەر بە ڕێگەیەکی نەرێنی نەبێ و بەبێ کەمترین جیاکاری پێداگری لەوە دەکا کە ئاژەڵ هیچ نییە جگە لەم بوونەوەرە بێ زمان و بێ ئەقڵ و نائازاد و ناهۆشیارە و قەت وەک "بوونەوەرێک خۆی بۆ خۆی" سەیری ئاژەڵی نەکردووە، بگرە تەنیا لە چوارچێوەی پێوەندی بە مرۆڤەوە سەیری کردووە و ڕەفتاریشی تەنیا بەبەراورد بە ڕەفتاری مرۆڤ هەڵسەنگاندووە. ناسنامەکەی بەو شتانە دیاری کراوە کە لە مرۆڤ جیای دەکاتەوە، لەو کاتەیشدا تەنیا کەموکوڕییەکانی دەردەکەون، بەوەیش ئاژەڵ هەر لە بنەڕەتدا وەک بوونەوەرێکی هیچ سەیر دەکرێ. لەبەرئەوەیش هیچکام لە سیفەتە باشەکانی مرۆڤی تێدا نییە، بۆیە هیچ مافێکیشی نییە.

ئێمە دەزانین ئاژەڵ، ئەگەرچی بوونەوەرێکی ژیر نییە بەڵام بوونەوەرێکی هەستیارە، واتە دەتوانێ هەست بە چێژ و ئازار بکا. بگرە ئاژەڵ نیگایەکی هەیە شێوەی دەموچاو وێنە دەکێشێ، بە بینینی ئەو نیگایە دەکرێ مرۆڤ تێ بگا کە ئاژەڵ تەنیا ئامێرێک یاخۆ دەزگەیەکی میکانیکی

نییە، بگرە بوونەوەرێکی زیندووە کە نهێنییەکی تێدایە.

پێشوازیکردن لە ئازاری ئاژەڵ مرۆڤ لە ئارەزووی توندوتیژی بەرامبەری دادەماڵێ. سەرەنجام بێموبالاتی بەرامبەر ئەو ئازارە کارێکی نامرۆڤانەیە چونکە مرۆڤایەتی دەخوازی لەبەردەم ئازاردا هەست بە بەزەیی بکەین، هەلاوێرانی ئاژەڵیش لەم بەزەییە نیشانەی نابینایی و نامرۆڤایەتییە. لێرەدا بەگژ هەموو گاڵتەجارییەکاندا دەچینەوە و جەخت دەکەین کە نابێ هزری فەلسەفی شەرم بکا لە جەختکردنەوە لەوەی ڕێزگرتنی ئاژەلایەتی یەکێکە لە ئەرکە ئەخلاقییەکانی مرۆڤایەتی، بەلام دیارە مەبەست ئەوە نییە ئاژەڵ بمرۆڤێنرێ تا جەخت لەوە بکرێ کە خاوەن مافە، بگرە پێویستە ڕێزی ئاژەڵ بگیرێ بەو ناسنامەیەی تایبەتی خۆیەتی. واتە بە ڕێزگرتن لەو جیاوازییە جەوهەرییەی لە مرۆڤ جوێی دەکاتەوە.

پێویستە ئەو بیرۆکەیە بەشێوەیەکی بنبڕ ڕەت بکەینەوە کە دەڵێ پیشاندانی ڕێز بۆ ئاژەڵ لەسەر حسێبی ئەو ڕێزەیە کە پێویستە لە مرۆڤ بنرێ، وەک ئەوەی داننان بە مافەکانی ئاژەڵدا لە دەرەنجامدا ناپاکیکردن بێ لە مرۆڤ، کە پێچەوانەی ئەمە ڕاستە، ئەوە کە مرۆڤ بەو ئاسانییە دەست بەسەر ئاژەڵدا دەگرێ و دەیقۆزێتەوە و بەخراپی و ڕەقی مامەڵەی لەگەڵدا دەکا و ئەشکەنجەی دەدا و دەیکوژێ، بەدڵنیاییەوە کار لە ڕەفتاری ئەو کەسە بەرامبەر مرۆڤەکانی تریش دەکا. مرۆڤ بۆ ئەوەی کارە توندوتیژەکانی بەرامبەر دوژمنەکەی باشتر پاساو بدا، هانا بۆ ئەوە دەبا کە ئەو دوژمنە شایستەی ئەوە نییە وەک مرۆڤ مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ و وا نیشان دەدا کە ئەو وەک مرۆڤ ڕەفتار ناکا. وابەستەیی و تێکەڵییەک لەناو شەرعییەتدان بە سەربڕینی ئاژەڵ و پاساودانی کوشتنی مرۆڤدا هەیە. مرۆڤ بۆ ئەوەی شەرعییەت بەو توندوتیژییانە بدا کە بەرامبەر دوژمنەکەی دەیکا دەبێ سیفەتی مرۆڤبوونی لێ دابڕنێ، تا بتوانێ تێی بسرەوێنێ و بگرە ئەگەر پێویستی کرد بشیکوژێ. داڕنینی سیفەتی مرۆڤایەتی لە دوژمنەکەی سەردەکێشێ بۆ ئەوەی وا بڵاو ببێتەوە کە ئەو وەک ئاژەڵ، وەک چوارپێیەک و بگرە هەندێ جار خراپتر لەوەیش ڕەفتار دەکا. لێرەوەیە کۆمەڵێ جوێن هەن کە بەکار دێن، زمانێکە پڕە سیفەتی ئاژەلان.

بەمەیش ئەو مرۆڤەی تر، ئەو نەناس یان نامۆ یان دژبەر یان دوژمن یان دزەکار و...هتد کە باز دەداتە ناو کایەی زیندووی ئێمە و مەترسییەکمان بۆ دروست دەکا، سیفەتێکی نامرۆڤانەی دەدەینە پاڵ کە شێوەیەکی ئاژەلانەی پێ بدا. لەوە بەدوا ئیدی خۆمان لەوە سەرفراز دەکەین کە چی تر وەک مرۆڤ مامەڵەی لەگەڵدا بکەین. بۆیە پێویستە دەرک بەوە بکەین کە ڕێزگرتنی ئاژەڵ لەگەڵ ڕێزگرتنی مرۆڤدا ناکۆک نییە، بگرە بەهێزی دەکا. بەوەیش دەردەکەوێ ڕێزگرتنی ئاژەلایەتی قۆناخێکی دەستپێکە بۆ ڕێزگرتنی مرۆڤایەتی.

## ترس

ترس شتێکی نییە جێی شەرم بێ، ئەو بەسادەیی شتێکی مرۆڤانەیە. ترس ئەو ورووژانەیە ئاگەدارمان دەکاتەوە لە بوونی مەترسییەکی شاراوە و غەریزەی مانەوەمان تێدا دەبزوێنێ کە داوامان لێ دەکا خۆمان بپارێزین. ترس وریاییمان دەداتێ بەوەی پێمان دەڵێ ئێمە بە ناوچەیەکی مۆلەقدا گوزەر دەکەین: "ئاگات لە مەترسییەک بێ!". داوامان لێ دەکا وت و وریا بین تا بتوانین ڕووبەڕووی ئەم هەڕەشانە ببینەوە کە ڕەنگە ڕوومان تێ بکەن. ئازایەتی فەرامۆشکردنی ترس نییە بگرە کۆنترۆڵکردنی ترسە. هەر ترسە وا دەکا بتوانین ئازا بین.

هەر لە منداڵییەوە بەچکەی مرۆڤ چەندان مەترسی تاقی دەکاتەوە. پێویستە پەروەردە هەوڵ بدا منداڵ فێری ناسینەوەی ترس و ناونان و دەربڕین و تێپەڕاندنی بکا. کاتێ کەسێکی گەورە لە تەنیشتی منداڵە و بە چاونەترسی و نەرمییەوە ئاماژەی دەداتێ کە "مەترسە!" دەکرێ پێشوەخت یارمەتیی بدا بۆ دڵنیایی و متمانە بەخۆبوون. بەڵام نابێ ئەم ئاماژەیە حاشا لە ترسی منداڵ بکا، بگرە دەبێ ئەوەی بەگوێدا بچرپێنرێ کە "مافی خۆتە بترسیت، بەڵام ترس داوات لێ دەکا ئازا بی، بەپشتبەستن بە هەندێ وزەی تر کە لەتۆدایە دەتوانی بەسەر ترسدا زاڵ بی".

ترس لە هەموو کەسێکدا هەیە و پێویستیش نییە بە دان پێدانەنانی سەرکوت بکرێ، بەپێچەوانەوە دەبێ بوونی بە ئاسایی وەربگیرێ و هەوڵی قبووڵ و ڕامکردن و بەرگەگرتن و بەسەردا زاڵبوونی بدرێ، دەبێ بەبێ پسانەوە ئەم کۆششە بکرێ. هاتنی ئەوی تر بۆ لام کارێکی مەترسیدارە، یان لانی کەم لەوانەیە مەترسیدار بێ و لەوانەیشە وا نەبێ، بەڵام من هیچ لەو بارەوە نازانم، بۆیە وا هەست دەکەم مەترسیدارە. زۆر جاریش ڕێک دەکەوێ ترس مەترسی دێنێ نەک مەترسی ترس بێنێ، چونکە مەرج نییە ئەوی تر نیازی خراپی هەبێ بەرامبەرم بگرە ڕەنگە نیازی چاکەی هەبێ، بەڵام من نازانم. لەبەر ئەوە بوونی ئەوی تری نامۆ و نەناس سێبەرێکی گومان دەخاتە سەر ئایندەم و دەمخاتە حاڵەتێکی نائارامی، دڵەڕاوکە، ترس، ترس لە مەترسی، ترس لە سزا و دواجاریش ترس لە مردنی توندوتیژ.

هەروەها مەترسی هەیە ترس لە مرۆڤەکەی تر پاڵم پێوە بنێ بۆ هەڵاتن لەبەردەم کێشەکە. بەڵێ، لەوانەیە هەڵاتن لە مەترسییەکی گەورە باشترین ڕێگەی هەنووکەیی بەردەست بێ بۆ خۆلادان لە خراپتر، بەڵام هەڵاتن کێشەکە وەک خۆی دەهێڵێتەوە و دەبێ ئەم جارەیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی بگەڕێینەوە. زۆر جاریش مەترسیی ئەوە دەکرێ هەڵاتن ترسنۆکی بێ، هەر بۆیە پێویستە بتوانم بەسەر ترسەکەمدا زاڵ بم تا بتوانم ڕووبەڕووی ئەوی تر ببمەوە و پێوەندییەکی لەگەڵ دروست بکەم کە لەسەر ڕێزگرتنی مافی دووسەرەمان دامەزرابێ.

ترس مرۆڤ ئامادە دەکا تا خۆی لە هەڵوێستی دەمارتوندی و دوژمنایەتیدا بەرامبەر ئەوی تر دابنێ، ئەو کاتە هۆکارێکی ناعەقڵانی لە پەرەسەندنی پێوەندییەکانی نێوان مرۆڤەکاندا دێتە سەر

خەت و دوور نییە دەست بەسەر هەڵوێستەکەدا بگرێ. ترس خراپەیەکی ئامۆژگاریکەرە جا چ داوای ملکەچکردن بکا یان هانی توندوتیژی بدا. ترس لای مرۆڤ یەکێکە لە بەهێزترین هاندەرەکانی توندوتیژی، زاڵبوونی مرۆڤ بەسەر ترسدا و جڵەوکردنی ئەوورووژان و ئارەزووانەی ترس دەیانبزوێنێ، دەرفەت دەڕەخسێنێ بە ئامرازگەلی تری جیاواز لە ئامرازە توندوتیژە وێرانکەرەکان هەستی دوژمنکارییەکەی دەرببڕێ.

تەنیا ئەقڵ نییە کە پێویستە بڕیاری ناتوندوتیژی بدا، بەڵکو دەبێ جەستەیش لێ ببڕێ. مرۆڤی ترساو بوونەوەرێکی بەرجەستەیە، جەستەیی و لاشەییە. ترس لاشەییە و مرۆڤ بۆ ئەوەی بەسەریدا زاڵ بێ پێویستە بەسەر جەستەیدا زاڵ ببێ. ئەو تەکنیکانەی دەرفەت بۆ تاک دەڕەخسێنن تا باشتر جەستەی بناسێ و باشتر جڵەوی بکا، بۆ پێشڕەویکردن لەسەر ڕێگەی ناتوندوتیژی زۆر بەکەڵکن. لە کاری ناتوندتیژانەدا ئەوە جەستەیە کە سەرکێشی دەکا و لە ڕیزی یەکەمدا دەمێنێتەوە و زەبری بەر دەکەوێ و گژبەریی توندوتیژی و بەرەنگاریی مەرگ دەکا، جا ئەگەر جەستە زێدەڕۆییی لە منجڕیدا کرد، ترس فەلەجی کرد و جڵەو نەکرا، ئەقڵ بەئاستەم دەتوانێ ژیری بکا. پێویستە جەستە خۆی ئامادە و پەروەردە بکا و خۆی ڕابهێنێ تا بتوانێ بەسەر هەڵچوون و مەترسیەکانیدا زاڵ ببێ.

بۆ ئەوەی بەسەر ترسەکانماندا زاڵ بین، پێویستە بتوانین بیلێین- "بیخەینە ناو وشە"- بە خۆمان و بەوانی تریش. پێویستە فێربین گوێ لە ترسەکانی ئەوانی تر بگرین و گوێیان بۆ شل کەین. پێکەوە دەتوانین بەسەریدا زاڵ بین، لێرەوە پێویستە هەندێ جێ بدۆزینەوە کە تێیاندا بتوانین پێکەوە ترسەکانمان نمایان بکەین. لە ئاکامدا، بە کارکردنمان پێکەوە دەتوانین لەوە دڵنیا بین بەسەریدا زاڵ بووین.

کاری ناتوندوتیژانە پەلمان دەگری بۆ دابەزینە شەقام بۆ دەربڕینی ئیرادەی خۆمان بۆ بەگژاچوونەوەی ستەم بە ئاشکرا، ئەوەیش دەخوازی سەرکێشی بکەین بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەخۆی جەستەیی لەگەڵ ئەوانی تر جا ئاخۆ ئەوانە دژبەران بن یاخۆ پیاوانی پۆلیس. ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیە ترسێنەرە، دەترسین لە ماڵ بچینە دەر تا کارێکی گشتی بکەین کە ڕووبەڕووی هەڕەشەکانی ئەوانی ترمان دەکاتەوە و مەترسیی ئەوە هەیە ئەم ترسە بمانکاتە دیلی خۆشیی ژیانی تایبەتی خۆمان.

دەوڵەتان بە پلەی جیاواز، چەندان مەترسی دروست دەکەن و لە ناو هاوولاتییاندا برەوی پێ دەدەن بە مەبەستی بەدەستهێنانی ملکەچی و بێدەنگی و گوێڕایەڵییان کە ئەو دەوڵەتانە پێویستیانە بۆ مسۆگەرکردنی بالادەستییان. مەرجیش نییە پەنا بۆ تۆقاندن ببەن، تەنیا ئەوە بەسە هەڕەشەیەکی بەردەوام بکەن تا پارێزگاری لە ترسێکی بەردەوام بکەن کە بەسە بۆ سەپاندنی "یاسا و سیستم"! دواجار هاوولاتییان ئەو ترسە لە ناخی خۆیاندا هەڵدەگرن. بۆ ئەوەی بوێرێ گژبەریی دەوڵەت بکا بە چوونە ناو خۆپیشاندانی ناڕەزایی و کاری یاخیبوون، ئەوا دەبێ

فێری دەرکردنی ئەو ترسە ببێ. داناییی هاووڵاتی کاتێ دەست پێ دەکات کە چیتر ترسی لە جەندرمە نەمێنی، هەروەها لەوانەیە دەوڵەت یاری بە مەترسیی هاووڵاتییان بکا لە ڕێی ڕەواجدان بە بیرۆکەی بوونی مەترسییەکی دەرەکی، دەوڵەت چەندە بزانێ بەباشی قەناعەت بە هاووڵاتییانی بکا کە مەترسییەکی دەرەکی هەڕەشەیان لێ دەکا باشتر دەتوانێ گوێڕایەڵیکردنیان مسۆگەر بکا. پێویستە هاووڵاتییان خۆیان لەم ترسە ساختەیە ڕزگار بکەن، ئەویش بە شکستهێنان بەو لایەنە هەڕەشەئامێزەی لەو پڕوپاگەندە ئایدیۆلۆجییەی دەوڵەتدایە.

*جەستە

* ئازایەتی

* شەڕانگێزی

* ململانە

## بەرگریی مەدەنیی ناتوندوتیژانە

دەبێ هەموو کۆمەڵگەیەک ئامادە بێ بۆ بەرگری لەخۆ کردن دژ بە هەر هەڕەشەیەکی دەستدرێژیکردنە سەر کە لەوانەیە کەرامەت و ئازادیی ڕۆڵەکانی لەبەین ببا. کۆمەڵگەکان لە دێر زەمانەوە و تا ئەمڕۆیش هەوڵ دەدەن بە خۆ ئامادەکردن بۆ شەڕ ئاشتی مسۆگەر بکەن. کەواتە تا چ ڕادەیەک دەشێ بیر لە جۆرە بەرگریکردنێک لە کۆمەڵگەکان بکرێتەوە کە لەسەر بنەماکانی ستراتیجیەتی کاری ناتوندوتیژانە و ڕێگەکانی دامەزرابێ؟

لە بازنەی ستراتیجیەتی بەرگریی مەدەنیی ناتوندوتیژانەدا، شانۆی ڕووداوەکان لە کۆمەڵگە پێک دێ بە ئەندام و دامەزراوە دیموکراسیەکانیەوە. لەڕاستیدا پەلاماردانی خاکێک و داگیرکردنی ئامانجی دەستدرێژکاری نین، چونکە ئەو دوو ئامانجە تەنیا دوو ئامرازن بۆ چەسپاندنی زاڵبوون بەسەر کۆمەڵگە و دەست بەسەرداگرتنیدا. ئامانجی دژبەر لە داگیرکردنی زەوییەک زیاتر کارتێکردنی ئایدیۆلۆجی و باڵادەستیی سیاسی و قۆستنەوەی ئابوورییە.

بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەیش دەبێ دەستدرێژکار کۆمەڵگە "داگیر بکا"، وردتر بڵێین دامەزراوە دیموکراسیەکانی کۆمەڵگە داگیر بکا. لێرەشەوە ئەو سنوورانەی پێویستە گەل بۆ پاراستنی ئازادیی خۆی بەرگریان لێ بکا سنوورەکانی خاکەکەی نین بگرە سنوورەکانی دیموکراسیەتن. ئەو زەوییەی سەروەریی نەتەوە سەلامەتیی مسۆگەر دەکا پارچە زەوییەکی جوگرافی نییە، بگرە پارچەیەکی دیموکراسییە. کەواتە پێویستە "سیاسەتی بەرگری"ی هەر کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی بەرگریکردن لە دەوڵەتی یاسا بکاتە بنچینەی کاری خۆی. چاوگی ئەو هەڕەشەیەی باری سەرشانی دیموکراسی گران دەکا، بەپلەی یەکەم ئەو ئایدیۆلۆجیایانەن کە لەسەر بنەمای وەلانانی ئەوی تر دامەزراون، جا ئەو ئایدیۆلۆجیایانە چ نەتەوەیی بن یان ڕەگەزپەرستی یان ڕق لە بێگانە

یان ئسوڵیەتی ئاینی، یاخۆ هەر ڕێبازێکی ئابووری کە تەنیا و تەنیا لەسەر هەوڵدان بۆ بەدەستهێانی قازانج دامەزرابێ.

کەواتە جێی خۆیەتی جارێکی تر گفتوگۆکان لەبارەی بەرگریکردن جەخت بکەنە سەر هەردوو چەمکی دیموکراسی و هاووڵاتیبوون. ئەگەر ئامانج لە بەرگریکردن دیموکراسی بێ ئەوا بکەری بەرگرییەکە هاووڵاتییە لەبەرئەوەی ئەو بکەری دیموکراسییە. جگە لە جەختکردنەوە ڕەوانبێژییەکان کە بەو پێیە پێویستە بەرگریکردن "کێشەی هەموان بێ"، تا ئەمڕۆیش کۆمەڵگەکانمان نەیانتوانیوە دەرفەت بۆ هاووڵاتییان بڕەخسێنن تا بەرپرسیاریەتیەکی کرداری بگرنە ئەستۆ لە ڕێکسختنی بەرگریکردن لە دیموکراسی دژ بەو دەستدرێژییانەی ڕەنگە دووچاریان ببن، جا چ ئەو دەستدرێژییانە لە ناوەوە بن یان لە دەرەوەوە. بەهۆی کاریگەریی ئایدیۆلۆجیای ئەمنی لەبارەی بەتایبەت سڵەمێنی سەربازی (الردع العسكري) کۆی هاووڵاتییان لە بەرپرسیاریەتیی پابەندییان بە بەرگرییەوە داماڵراون. مادەم تێکنۆلۆجیا پێش تیۆریزەکردنی سیاسی و لێکۆڵینەوەی ستراتیجی بێ و جێی هەردووکیان بگرێتەوە و ئەوان دوور بخاتەوە، ئەوا بکەری بەرگری هاووڵاتی نییە، بەڵکو کەرەستەی تەکنیکی و ئامێری سەربازی و سیستمی چەکە.

کەواتە جێی خۆیەتی هاووڵاتییان ئەو ڕۆڵە بگێڕن کە پێویستە ڕۆڵی ئەوان بێ لە بەرگریکردن لە دیموکراسی. بۆ بەشدارکردنی هاووڵاتییانیش لە بەرگریکردن لە کۆمەڵگە تەنیا ئیرادەی بزواندنی "گیانی بەرگری" لە دانیشتووانە مەدەنییەکەدا بەس نییە، چونکە دەبێ "ستراتیجیەتێکی بەرگری"ی ڕاستەقینە ئامادە بکرێ کە بتوانێ تێکڕای هاووڵاتییان لە "بەرگریکردنێکی میللی"دا لە دیموکراسی جۆش بدا. تا ئێستە هۆشیارکردنەوەی هاووڵاتییان لە پێویستییەکانی بەرگریکردن، بە هۆشیارکردنەوەی منداڵانیشەوە، هەر دەچێتە چوارچێوەی تەسکی تایبەت بە ڕێکخستنی بەرگریکردنی سەربازی. ئەم جاڕدانەیش بەدڵنیاییەوە دەبێتە کۆسپ لەبەردەم گەشەپێدانی ئیرادەیەکی بەرگریکردنی ڕاستەقینە لەو دەزگەیانەی گەرەنتیی باش جێبەجێکردنی دیموکراسیەت دەکەن.

جا بۆ ئەوەی گیانی بەرگریکردن بەشێوەیەکی ڕاستەقینە بە تان و پۆی کۆمەڵگەدا گوزەر بکا، پێویستە بەرگریکردن سیڤیلایزە بکرێ نەک مەدەنییەکان میلیتاریزە بکرێن. بەوەیش لە داهاتوودا سازکردنی هاووڵاتییان بۆ بەرگریکردن کارا و کرداری دەبێ، ئەویش بەئەندازەی ئەوەی ئەو ئەرکە پێشنیازکراوانە لە چوارچێوەی ئەو دامەزراوە سیاسی و کارگێڕی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییانەدا بێ کە ئەو هاووڵاتییانە بەشێوەیەکی بەردەوام کاریان تێدا دەکەن. ئامادەسازی بۆ بەرگریی مەدەنی لە پرۆسەیەکی سەرەمڕیی تەواو و هاوئاهەنگییەکی تەواودایە لەگەڵ ژیانی هاووڵاتییان لەناو ئەو دامەزراوانەی تێیاندا ئەرکی خۆیان وەک هاووڵاتی ڕادەپەڕێنن. گیانی بەرگریکردن ڕاستەوخۆ لەو گیانی هاووڵاتیبوونەدا ڕیشەی داکوتاوە کە بزوێنەری چالاکییە ڕۆژانەکانیانن.

لەبەرامبەر هەر هەوڵێکدا کە دەسەڵاتێکی ناشەرعی بیدا بۆ تێکدانی سەقامگیریی کۆمەڵگە یان

دەست بەسەرداگرتنی یان دەستدرێژیکردنە سەر یاخۆ داگیرکردنی کۆمەڵگە، پێویستە بەرەنگاریی مەدەنییانەی هاووڵاتییان لە بەرەی دامەزراوە دیموکراسییەکاندا ڕێک بخرێ، کە هەر ئەو دامەزراوانەن ئازادیی جموجووڵی دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردن و یاسادانان و دادوەری دەستەبەر دەکەن لەڕێی گەرەنتیکردنی ماف و ئازادییەکان بۆ هەموو کەسێک. ئەرکی ئەو هاووڵاتییانەیە کە لەو دامەزراوانەدا کاریان بەدەستە، پەرۆش بن بۆ ئەوەی ئەو دەزگەیانە بەپێی ڕێسا دیموکراسییەکان کار بکەن، بەوەیش مافیان دەبێ لابەندیی خۆیان نەدەنە هەر دەسەڵاتێکی ناشەرعی، کە بە ئیلهام وەرگرتن لە ئایدیۆلۆجیایەکی دژ بە دیموکراسیەت، هەوڵ بدا ئەو دامەزراوانە بۆ مەبەستی خۆی بەکار بێنێ.

دوا ئامانجی هەر دەسەڵاتێکی ناشەرعی کە بیەوێ جڵەوی کۆمەڵگەیەک بگرێتە دەست بریتییە لەوەی لەڕێی زۆر هۆکاری قایلکردن و پاڵەپەستۆ و ناچارکردن و سەرکوتەوە هاوکاری و دەستباری بابەتیی هاووڵاتییان، یان لانی کەم زۆرترین ژمارەیان بەدەست بێنێ. لەبەر ئەوە تەوەرەی ناوەندیی ستراتیجیەتی بەرگریی مەدەنی بریتییە لە ڕێکخستنی ڕەتکردنەوەیەکی گشتێنراوی ئەو هاوکاریکردنە، بەڵام گشتێنراوێکی هەڵبژاردەیی و ئاراستەکراو بەرەو ئامانجێکی دیاریکراو. بەمەیش دەکرێ پێناسەی "بەرگریی مەدەنی" بکەین بەوەی سیاسەتێکی بەرگریکارانەی کۆمەڵگەی دیموکراسییە دژ بە هەر هەوڵێک بۆ دەست بەسەرداگرتنی سیاسی، یاخۆ داگیرکردنی سەربازی لەڕێی جەمکردنی تێکڕای هاووڵاتییان لە بەرەنگارییەکدا کە بەشێوەیەکی دیراسەکراو و ڕێکوپێک کۆمەڵێ کاری ناتوندوتیژانە یەک دەخا لە هاوکاری نەکردن و بەرەنگاریکردنی هەر دەسەڵاتێکی ناشەرعی، بەشێوەیەک ئەو دەسەڵاتە دەستەپاچە ببێ لە گەیشتن بە ئامانجە ئایدیۆلۆجی و سیاسی و ئابوورییەکانی کە لەڕێیەوە گوایە دەتوانێ دەستدرێژییەکەی پاساو بدا.

نابێ ڕێکخستنی ئەم جۆرە بەرگریکردنە بۆ دەستپێشخەریی تاکەکان بەجێ بهێڵرێ، بەڵکو پێویستە دەسەڵاتدارانی گشتی لە هەموو پانتاییە دامەزراوەییەکانی کۆمەڵگەی سیاسیدا ئامادەکاریی بۆ بکەن. کەواتە پێویستە حکوومەت کۆمەڵێ ڕێنوێنیی ڕەسمی دابڕێژێ لەبارەی ئەرکەکانی فەرمانبەران لەو کاتەی دەکەونە دۆخێکی قەیراناوی و تێیدا ڕووبەڕووی فەرمانەکانی دەسەڵاتێکی ناشەرعی دەبنەوە. پێویستە ئەو ڕێنوێنییانە پێداگری لەوە بکەن کە بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان ڕۆڵێکی ستراتیجیی یەکلاکەرەوەیان هەبێ لە بەرگریکردنی دیموکراسیدا، کە ئەویش بێبەشکردنی هەر دەسەڵاتێکی خۆسەپێنە لە ئامرازەکانی جێبەجێکردن کە بۆ وەگەڕخستنی سیاسەتەکانی پێویستی پێیانە.

پاش ئەوەی بەرگریی مەدەنی لە جەرگەی کۆمەڵگەی سیاسیدا ئامادە دەکرێ، پێویستە بەهەمان شێوە لە جەرگەی کۆمەڵگەی مەدەنیشدا ئامادە بکرێ لە چوارچێوەی ئەو دامەزراوە و کۆمەڵە جیاوازانەی هاووڵاتییان پێکیان دێنن تا بەپێی مەیلی سیاسی یان کۆمەڵایەتی یان ڕۆشنبیری یان ئایینیی هاوبەشیان کۆ ببنەوە. پێویستە ئەم تۆڕانەی لە کۆمەڵەکانی هاووڵاتییان پێک دێن و فەزای

کۆمەڵایەتیی وڵات بەتەواوی داگیر دەکەن -کە بەشێوەیەکی گشتی بزووتنەوە سیاسی و هاوبەندییەکان و سەندیکاکان و تایفە ئاینییەکان دەگرێتەوە- لەکاتی بوونی تەنگژەیەکدا کە دیموکراسیەت بخاتە مەترسی، هەریەکەیان بگۆڕێن بۆ تۆڕێک لە تۆڕەکانی بەرەنگاریکردن.

هەستانی دەسەڵاتدارانی گشتی بە جێبەجێکردنی دەزگەییانەی بەرگریی مەدەنیی ناتوندوتیژانە بۆ ماوەیەک کە لەوانەیە توول بکێشێ دووچاری کۆمەڵێ لەمپەری سۆسیۆلۆجی دەبێتەوە و دەوڵەت سەرەتا پێویستی بەوەیە لابەندیی سوپا بکا تا گەرەنتیی دەسەڵاتی خۆی بکا و پارێزگاریی لێ بکا و ئەگەر پێویستی کرد بیگێڕێتەوە. ئەگەر "تەسەوفی سەربازی" هەڵگری ئاینی ئازادی بێ ئەوا سیاسەتی سەربازی پێش هەموو شتێک ئاینی ڕژێمەکە پێڕەو دەکا. زیاد لەوەیش، دڵسۆزیی دەوڵەت بۆ ئاینی گوێڕایەڵی لەوە گەورەترە لەوەی ڕێگە لە تووڕەییی توندی بگرێ لەوەی هاووڵاتییان فێری ڕەتکردنەوەی ملکەچکردن بۆ فەرمانە ناشەرعییەکان بکرێن. بەوەیش وەگەڕخستنی بەرگریی مەدەنیی ناتوندوتیژانە بە گژبەرییەکی ڕاستەقینە دەمێنێتەوە، لەمڕۆشدا هەروەک لە ڕابردوودا. بۆیە ناماقووڵ دێتە پێش چاو کە لە دەسەڵاتداران چاوەڕوان بکرێ هاوشێوەی ڕێکخستنی بەرگریی سەربازی ئەوان لەڕێی پرۆسەیەکەوە کە لە لووتکەی هەرەمی دەوڵەتەوە بۆ بنکەی کۆمەڵگە دادەبەزێ، ڕێکی بخەن.

سەرەتا پێویستە هاووڵاتییان قەناعەت بەخۆیان بێنن کە پێویستە لەپێناو بەرگریکردن لە دیموکراسی و دواجار لەپێناو بەرگری لە ماف و ئازادییەکانیاندا ئەو کارە بکەن. لەم پێگەیە و لە هەر پێگەیەکی تردا کە بابەتەکە بەپلەی یەکەم و سەرەکی پێوەندیی بە دیموکراسییەوە هەبێ، ئەوا قسەی یەکلاکەرەوە پێویستە بۆ هاووڵاتییان بێ و بەوانەوە وابەستە بێ.

* سڵەمێنی مەدەنی

هەواڵنامەی کتێب

## دەوڵەت

دەوڵەت لە کۆی ئەو دامەزراوە سیاسی و کارگێڕی و یاسایی و پۆلیسی و سەربازییانە پێک دێ کە دەسەڵات و خزمەتگوزارییە گشتییەکان ڕێک دەخەن. ئەرکی دیاریکراوی دەوڵەت ڕێکخستنی ژیانی بەکۆمەڵی هاووڵاتییانە لە چوارچێوەی ڕێزگرتنی مافەکانی هەموو تاکێکدا، هەر بۆیە پێویستە دەوڵەت ئاشتیی کۆمەڵایەتی بچەسپێنێ و پارێزگاریی لێ بکا و ئەگەر پێویستی کرد بیگێڕێتەوە، ئەویش بەمەبەستی مسۆگەرکردنی یەکپارچەییی شارەکە و ئاسایشی هاووڵاتییان. سیستمی گشتی دروست نابێ بەبێ ڕێکخستنێکی زۆرەملێی کۆمەڵگە کە لەسەر کۆمەڵێ ئەرک و قەدەخە دامەزراوە. کەواتە دەوڵەت دەسەڵاتی ناچارکردن بەکار دێنێ. ڕەنگە جۆرە خەیاڵپلاوییەک بێ پێمان وابێ دەکرێ کۆمەڵگەیەک تەنیا بە ئامرازەکانی قایلکردن ڕێک بخرێ. پێویستە ئامرازەکانی ناچارکردن لەکاتی پێویستدا بتوانن تاکەکان ناچار بکەن ڕێز لە "گرێبەستی کۆمەڵایەتی" بگرن کە بناخە و دامەزرێنی سیستمی شار و تۆکمەییەتی. دەوڵەت خۆی سەرپشک

دەکا بەناوی بەرژەوەندیی گشتی ئەرکی هەڵپەساردنی حاڵەتی شەڕی ناوەخۆ لەناو هاووڵاتییان بگرێتە ئەستۆ کاتێ تەنیا بە زاڵکردنی بەرژەوەندییە تایبەتەکانیانەوە سەرقاڵ بن.

ماف و هەروەها ئەرکی بەرگریکردن لە کۆمەڵگە هەیە دژ بەوانەی سیستمی گشتی تێک دەدەن و کۆمەڵگەی یاساسەروەر ناتوانێ دەستبەرداری دادگە و پۆلیسی بەدامەزراوەکراو ببێ، کە بتوانن لەڕێی "هێزی گشتی" (دەزگەکانی ئاسایش)ەوە ڕێ لە "ئازار پێگەیاندن" بگرن، واتە لاتەریککردنی ئەو کەس و گرووپانەی ئاشتیی کۆمەڵایەتی دووچاری مەترسی دەکەن. کەواتە بۆمان نییە کۆمەڵگەی دادپەروەری و ئازادی دروست بکەین بەبێ داننان بە شەرعییەتی سەپاندنی یاسا و ناچارکاریی دادگە.

لێرەدا پرسیارێک دێتە پێش کە ڕەهەندە سیاسییەکەی یەکلاکەرەوەیە: ئەگەر زۆرلێکردنی کۆمەڵایەتی و بەکارهێنانی هێزی گشتی پێویست بن بۆ مسۆگەرکردنی ئاشتیی کۆمەڵایەتی، ئەی ئەو ئامرازە ڕەوایانە بۆ ئەو زۆرلێکردن و ئەو هێزە چین؟

دەوڵەتان لەڕێی داواکردنی قۆرخکردنی توندوتیژیی ڕەوا بۆ بەرژەوەندیی خۆیان وەڵامی پرسیارەکە دەدەنەوە. زۆرلێکردنی ڕەوا (کە لە یاسای تاواندا پێناسە کراوە) کە توندوتیژیشی تێدایە، تاکە ئامراز نییە کە دەوڵەتان بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگە پەنای بۆ دەبەن. لە دیموکراسیەتدا دەوڵەت خوازیارە هاووڵاتییان قایل بکا، بەڵام هاوکات خۆیشی سەرپشک دەکا لە پەنابردن بۆ ئامرازی سڵەماندنەوە و چاوترسێنکردنیان، ئەمەیش هەڕەشەیەکی ناچارکەری تێدایە. بەمە زۆرلێکردن و هەروەها لە کۆتاییدا توندوتیژیش دوو ئامرازن جۆرایەتییەکەی کارکردنی دەوڵەتن. پێوەندییەکی ئۆرگانی لەناو دەوڵەت و توندوتیژیدا هەیە کە ئەو پێوەندییە قابیلی کەمکردنەوە نییە، بگرە لە پێکهێنەرەکانی دەوڵەتە.

دەوڵەت ڕەواییی توندوتیژیی خۆی لەسەر پێویستیی بەتوندی بەرپەرچدانەوەی توندوتیژیی تاک و گرووپە کۆمەڵایەتییەکان کە سیستمی گشتی تێک دەدەن، دامەزراندووە. بێگومان لەوانەیە هەندێ حاڵەتی نائاسایی هەبێ کە ئاستەم و- بگرە مەحاڵ بێ- مەترسیی حاشاهەڵنەگری لادەران "کە ئامادەی هەموو شتێکن" بۆ گەیشتن بە مەرامەکانیان، بەبێ پەنابردن بۆ توندوتیژی بنبڕ بکرێ و ئازاریان لە خەڵک دوور بخرێتەوە. بەڵام ئەو دەسەڵاتدارانە خواروخێچییەکی مەترسیدار دووچاری فیکری سیاسی دەکەن کاتێ ئەم جۆرە حاڵەتە نائاساییانەی توندوتیژی تێیاندا پێویستە، دەکەنە مەهانە بۆ گەلاڵەکردنی بیروباوەڕێک کە دەوڵەت سەرپشک دەکا بۆ مسۆگەرکردنی ئاشتیی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی ئاسایی پەنا بۆ توندوتیژی ببا. مادەم هاووڵاتییان بەیەکجاری دەسەڵاتی پەنابردن بۆ توندوتیژی بەمەبەستی پاراستنی سیستمی گشتی دەدەنە دەوڵەت، بۆ دەوڵەت ئاسانە ئەو مافە بکاتە دەسکەلا بۆ پارێزگاریکردنی لە ئاسایشی خۆی دژ بە هاووڵاتییان لەکاتی ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیاندا.

پاش تێپەڕاندنی ئەم بەربەستەش -کە مێژوو بۆمان ڕوون دەکاتەوە ئەمە تەنیا گریمانەی ئارەزوومەندانی قوتابخانە نییە- چی تر دەوڵەت نابێتە گەرەنتیی ئاسایشی هاووڵاتییان بگرە دەبێتە هەڕەشە لەسەری، چونکە سیستمی دەوڵەتیش هەوڵ دەدا بۆچوونەکان بخاتە قاڵبی تایبەتەوە، چونکە دەوڵەت سەرەمرِ لە هەوڵی ئەوەدایە ترازان یاخۆ لەتبوون بەتاوان نیشان بدا و وەک جۆرە لادانێک سەرکوتی بکا. مێژووی دەوڵەتیش هەروەک مێژووی شەڕ، ئەوانەی ڕزگاریان بووە و سەرکەوتوون تۆماریان کردووە، لێرەشەوە قوربانییە بێگوناهەکانی دەوڵەت ناوبزر دەکا، کە بەزۆری دەخرێنە خانەی نەناس و لەبیرکراوانەوە.

بەدامەزراوەییکردنی توندوتیژی لەلایەن دەوڵەتەوە، وەک ئامرازێکی پێوەری و سیستمی لە بەڕێوەبردنی ئەو کێشە حەتمییانەی لەپڕ لە جەرگەی کۆمەڵگەدا سەر هەڵدەدەن، بەرگی شەرعییەتی وەبەردا دەکا، بەوەیش تێکڕای پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان تووشی پەتای لۆجیکی توندوتیژی دەبن. ئامانجی یەکەمی سیاسەت لە دیموکراسیەتدا دەرکردنی توندوتیژییە لە یاسا، بەڵام دەوڵەت سەرپێچیی ئەم ئامانجە دەکا بە خزاندنی توندوتیژی بۆ ناو یاسا.

بێگومان دەوڵەتی دیموکراسی و دەوڵەتی تۆتالیتاری هەمان سەروسیمایان نییە و شایستەی هەمان هەڵسەنگاندنیش نین، بەڵام ئەگەر پێوەندیی هەریەکەیان بەتوندوتیژی لە ڕووی کرداریەوە جیاواز بێ، ئەوا لەڕووی تیۆرییەوە قەت وا نییە، چونکە بەیەکگەیشتنێک لەناو ڕێبازی دەوڵەتی لیبرالی و ڕێبازی دەوڵەتی تۆتالیتاریدا هەیە: ئەمیان لەویانەوە سەرچاوە دەگرێ، چونکە تەنیا بەڵگەکانی لێ ناخوازێ بگرە زۆربەی جبەخانە تەکنیکیەکەیشی. دەوڵەتی لیبرالی خۆیشی لەناخدا هەڵگری ئایدیۆلۆجیای توندوتیژیی پێویست و ڕەوایە کە پێشوەخت هەڵگری ئەو ئایدیۆلۆجیایەیە کە خزمەتی دەوڵەتی تۆتالیتاری دەکا لە چەسپاندنی شەرعییەتە تایبەتەکەیدا. ئەو دەزگە بیرۆکراسییەی دەوڵەتی لیبرالی دروستی دەکا بەردەوام ئامادەیە بۆ خزمەتکردنی ڕێژیمێکی تۆتالیتاری، هیچ کێشەیش نییە گەرەنتییە دەستووری و شەرعییە ئاراکانیش بمێنن، چونکە ئەو کاتە تەنیا مەرەکەبی سەر کاغەز دەبن. مێژوو زۆر جار پێمان دەڵێ توندوتیژیی بریکارانی دەوڵەت دژ بە هاووڵاتییان زەبری توند و بەردەوام لە دیموکراسیەت دەوەشێنن، لەکاتێکدا ئەو بریکارانە لافی ئەوە لێ دەدەن کە ئەوان بۆ پاراستنی ئاشتیی کۆمەڵایەتی بەو شێوە ڕەفتار دەکەن.

بەرژەوەندیی باڵای دەوڵەت بەزۆری وای بەباش دەزانێ خواستەکانی دیموکراسیەت فەرامۆش بکرێ. کاتێ ئایدیۆلۆجیای ئەمنی بەناوی پێویستیی چەسپاندنی سیستم دەوڵەت لە کارە توندوتیژییەکانی بێبەری دەکا، ئەوکاتە دەکرێ ستەمکاری لەدایک ببێ. ئایدیۆلۆجیای توندوتیژیی ڕەوا بیروباوەڕەکانی دەوڵەتی تۆتالیتاری بەرهەم دێنێ و بەهێزی دەکا. بۆ بەگژاچوونەوەی ئەم بیروباوەڕانەیش چار نییە دەبێ ئەو ئایدیۆلۆجیایە لەگەڵ دەرکەوتنیدا دەست بە ڕەتکردنەوەی بکرێ، بەکپی و نیازپاکی لە جەرگەی بیروباوەڕەکانی دەوڵەتی دیموکراسیدا. فەلسەفەی ناتوندوتیژیی سیاسی تانە لە بیروباوەڕەکانی دەوڵەت دەدا لەبەرئەوەی ئەمە خۆی لەخۆیدا

شەرعییەت بە ئایدیۆلۆجیای توندوتیژی دەدا کە هەڕەشە لە دیموکراسی دەکا.

ناتوندوتیژی بەڵگەنەویستێک دادەنێ کە ئەنجامەکەی گۆڕانێکی قووڵ و هەمیشەیی دەوڵەتە بەئەندازەی ئەوەی ئەمەی دوایی بیەوێ کێشەکان بەبێ پەنابردن بۆ توندوتیژی چارەسەر بکا، بەڵام پرۆسەیەکی لەم شێوەیە ناتوانێ ببێتە مایەی نەهێشتنی هەموو دەسەڵاتێکی ناچارکردنی سیاسی. وێناکردنی کۆمەڵگەیەکی بێ حکوومەت و بێ یاسا و بێ پۆلیس و بێ دادگە جۆرێکە لە یۆتۆپیا. کۆمەڵگەیەکی لەم جۆرە ئەگەر ڕۆژێک دروست بوو، زۆر نابا لەژێر کاریگەریی هێزی تاکەکەس و تایبەتمەندییە خاوەن کاریگەریی توێنەردا لەبەریەک هەڵدەوەشێ. باندەکان خراپەی تێدا بڵاو دەکەنەوە و تۆڕە چەتەکان بەشێوەیەکی سرووشتی ئەو ڕووبەرە کۆمەڵایەتییانە داگیر دەکەن کە هیچ بوونێکی "پۆلیسی"یان تێدا نییە، بەشێوەیەک کۆمەڵگە هەمووی دەبێتە "ناوچەیەکی بێ یاسا". بەو شێوەیە پرۆژەی ئەو کۆمەڵگەیەی ئیلهام لە فەلسەفەی ناتوندوتیژی وەردەگرێ، ئامانجی دامەزراندنی دەسەڵاتێکی سیاسییە بۆ بەرزەفت و هاوئاهەنگیکردن و میانگیری و داوەری و ناچارکردن (لەکاتی پێویستدا) کە ببێتە "هاوکووفێکی وەزیفی" بۆ دەوڵەت. دەسەڵاتێکی سیاسیی لەم شێوەیە جیاوازییەکی قووڵی لە دەوڵەت هەیە لە تێڕوانینیدا بۆ توندوتیژی: لەباتی هەڵوەشاندنەوەی کێشەکان لەڕێی توندوتیژییەوە، ئەو دەسەڵاتە هیچ خەمساردیەک ناکا بۆ لەقاڵبدان و چارەسەرکردنی لەڕێی ناتوندوتیژییەوە. پێویستە ئەم کۆششە لەسەر بناخەی ئیرادەیەکی سیاسیی پتەو دابمەزرێ و لە کۆمەڵێ ڕێگەچارەی تەکنیکیدا بەرجەستە ببێ کە گیانێکی داهێنانی دامەزراوەیی بەهێز گەڵاڵەیان دەکا. ئەم چارەسەرانەیش لە هیچ بەڵگەیەکی تیۆریدا نادۆزرێنەوە، چونکە پێویستە پلەبەپلە لەڕێی چەندان تاقیکردنەوەی کۆمەڵایەتیدا جێبەجێ بکرێن کە لە پەراوێزی کۆمەڵگەدا ئەنجام نادرێن، بگرە وەبەرهێنانێکی دامەزراوەیی خاوەن یەکەمایەتی پێک دێنن.

نابێ ناتوندوتیژیی سیاسی ڕەها بێ چونکە خۆی بەزەرورەت ڕێژەیییە، واتە پێوەستن بە مرۆڤ و بە بارودۆخ و بە ڕووداوەکانەوە. کەواتە مەبەست ئەوە نییە لە بیرۆکەیەکی بێگەرد لەبارەی کۆمەڵگەیەکی تەواوەوە دەست پێ بکەین تا دواتر بە کۆمەڵگەیدا بنووسێنین، بگرە لە واقیعی کارەکانی توندوتیژییەوە دەست پێ دەکەین بۆ هێنانەکایەی دینامیەتێک کە ببێتە مایەی سنووردارکردنی ئەو کارانە و بەپێی توانا نەهێشتنیان.

کاردانەوەیەکی زنجیرەبەند لە کاری توندوتیژیی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووری و سیاسی و پۆلیسی و سەربازیدا هەیە کە ڕاگرتنی مەحاڵە مادەم توندوتیژی لەلایەن ئایدیۆلۆجیایەکەوە –لە ساتێک لە ساتەکانی بەڕێوەچوونی ئەو پرۆسەیەدا– شەرعییەتی پێ دەدرێ. تاکە ڕێگە بۆ شکاندنی لۆجیکی توندوتیژی هێنانەکایەی دینامیەتێکە پرۆسەی ململانە توندوتیژەکان قڵپ بکاتەوە. ئەمە ئەو دینامییەتەیە کە فەلسەفەی ناتوندوتیژیی سیاسی داوای جێبەجێکردنی دەکا.

لە چوارچێوەی ئەم تێڕوانینەدا، ڕەنگە ئەرکی یەکەمی دەسەڵاتی سیاسی جێبەجێکردنی

سیاسەتێکی تایبەتی پەروەردە و شیاندنی بەردەوام بێ لە بەڕێوەبردنی ناتوندوتیژانەی کێشەکان لەپێناو هەموو هاووڵاتییاندا. لەڕێی سیاسەتێکی لەو شێوەیەوە حکوومەت دەتوانێ ئەو مەرجانە دەستەبەر بکا کە دەرفەت دەڕەخسێنن بۆ بەرقەرارکردنی دەسەڵاتی خۆی بەبێ ناچاربوون بۆ پەنابردن بۆ ڕێگەیلی ناچارکردنی توندتیژ. بەڵام بۆ هێنانەکایەی ئەم دینامیەتە کۆمەڵایەتی و سیاسییە، پێویست نییە پشت بە پیاوانی دەوڵەت ببەسترێ هێندەی پێویستە پشت بە هاووڵاتییان ببەسترێ. هەروەها پێویستە کۆمەڵگەی مەدەنی خۆی بۆ دروستکردنی دژە دەسەڵاتێک ئامادە بکا کە سەرکردە سیاسییەکان ناچار بکا بۆ دانی هەندێ بڕیار کە خۆیان بەبێ ئەوە ئەو بڕیارانەیان نەدەدا، چونکە پیاوانی دەوڵەت ڕێگەی ناتوندوتیژی ناگرنەبەر مەگەر هاووڵاتییان لەو ڕێگەیەدا پێشڕەوییان بکەن.

* خۆبەڕێوەبەری autogestion
* دیموکراسی
* دەسەڵات pouvoir
* سیاسەت autorite
* پۆلیس
* دادپەروەری
* ئاژاوەچێتی

هەواڵنامەی کتێب

## دیموکراسی

چەندان سەدەیە بنەمای سەرکردایەتی پەیکەری ڕێکخستنی کۆمەڵگەی سیاسی دادەمەزرێنێ. بەبەردەوامی گوێڕایەڵیکردنی تاکەکان بۆ دەسەڵات –دەسەڵاتی باوک و سەرکردە و میر و پاشا و خودا– بناخەی پێوەستیی کۆمەڵایەتی بووە کە یەکەتیی کۆمەڵەکە مسۆگەر دەکا. لە ئەنجامی ئەمەدا تاک خۆی بێبەش بینیوە لە سەربەخۆییەکی ڕاستەقینە، چونکە کۆمەڵگەکان دەرفەتیان نەداوەتە هەر هاووڵاتییەک ئازاد و سەروەر بێ و خۆی حوکمڕانیی خۆی بکا مەگەر لە چوارچێوەی گۆڕانکارییەکی مێژوویی توولانیدا نەبێ، کە ئەو گۆڕانکارییە لەگەڵ هەڵاتنی دیموکراسیدا جووت بووە.

ئەمڕۆ بەگشتی بووەتە بەڵگەنەویست کە دیموکراسی ئەو پرۆژە سیاسییەیە کە بە باشترین شێوە لەگەڵ پرۆژەی کۆمەڵگەی دادپەروەری و ئازادیدا دەگونجێ، بەڵام چەمکی دیموکراسی خۆی هێشتا تەمومژێکی بنچینەیی لەسەرە. وشەی دیمو–کراسی بەپێی واتە داتاشراوەکەی بەواتەی "حوکمی گەل بەگەل و بۆ گەل" دێ. بەڵام وشەی دیموکراسی لە وێنەیەکی بنچینەییتردا واتەی حوکمێک دەگەیەنێ کە ڕێز لە ئازادی و مافەکانی مرۆڤ بگرێ، ماف و ئازادییەکانی هەموو

مرۆڤێک و ماف و ئازادییەکانی هەموو بەنی بەشەر. ئەم دوو واتەیە دژیەک نین بەڵام بۆ بەدیهێنانی دیموکراسی پێویستە گەل باوەڕ بەو ئەرکە ئەخلاقییە بێنێ کە بناخە بۆ نموونە دیموکراسییەکە دادەمەزرێنێ. دیموکراسی گرەوکردنە لەسەر دانایی گەل، بەڵام ئەم داناییەی گەل بەردەوام شان بەشانی ڕووداوی سیاسی هەنگاو نانێ، چونکە دەکرێ گەل ببێتە جەماوەری عەوام- زاڵبوونی ئارەزوویش بەسەر عەوامدا لە زاڵبوونی ئەقڵ ئاسانترە.

لەڕاستیدا دیموکراسیەتی ڕاستەقینە میللی نییە، بگرە هاووڵاتییانەیە citoyenne، دیموکراسی چاوی لەوەیە هاووڵاتییان خۆیان و بۆ خۆیان حوکمڕانیی خۆیان بکەن. هاووڵاتیبوونی هەموو ئافرەتێک و هەموو پیاوێک بناخەی دیموکراسییە و هاووڵاتیبوون ڕەهەندێکی گشتی بەژیانی تاک دەبەخشێ، چونکە مرۆڤ لە بنەڕەتدا بوونەوەرێکی پێوەندیبەستە و دەتوانێ لەڕێی قسە و کارکردنەوە هاوبەندی لەگەڵ مرۆڤەکانی تردا دروست بکا. ئەم دان پێدانان و ئەو ڕێزگرتنە یارمەتیی بنیاتنانی کۆمەڵگەیەک لەسەر بناخەی ئازادی و یەکسانی دەدا. نموونە دیموکراسییەکە دابەشکردنی "یەکسان"ی دەسەڵات و سامان و مەعریفەیە لەناو سەرجەم هاووڵاتییاندا. ئەم نموونەیە نموونەیەکی تەواوە بەڵام خراپیی گەورەی ئەوەیە بەدی نایە، لەگەڵ ئەوەیشدا ئاماژە بە ئاراستەیەک دەکا و دەرفەت بۆ جۆرە پەروەردەیەک دەڕەخسێنێ و دینامیەتێک دەخوڵقێنێ.

لە کۆمەڵگەیەکی ملیۆنان کەسیدا، ئەگەر "دیموکراسیەتی ڕاستەوخۆ" لە ڕووی هزرییەوە ڕێی تێ بچێ، ئەوا بە کردار توانی بەدیهاتنی نییە، لەبەر ئەوە پێویستە هاووڵاتییان لەڕێی ڕێکخستنی کۆمەڵێ هەڵبژاردنەوە نوێنەرانی خۆیان هەڵبژێرن و دەسەڵاتیان پێ بدەن، بەڵام لە "دیموکراسیەتی نوێنەرایەتی"دا ڕای هاووڵاتان گرینگییەکی ئەوتۆی نییە تەنیا لەکاتی هەڵبژاردن و ڕەنگە ڕاپرسیشدا نەبێ. بەو شێوەیە بواری گشتی کە هاووڵاتی تێیدا مافی قسەکردنی هەیە تا دێ بەرتەسک دەبێ و لە ژووری دەنگداندا کورت دەبێتەوە. ئەگەر جەوهەری دیموکراسی بریتی بێ لە بڕیاری گشتی، ئەوا هیچ لەو کۆمەڵەیە نادیموکراسیتر نییە کە هاووڵاتی بەکردەوە توانی بڕیاردانی نەبێ تەنیا لە ژووری دەنگداندا نەبێ.

دیارە بۆمان نییە سووکایەتی بە ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی ڕێکخستنی هەڵبژاردنی ئازاد لە ڕێڕەوی دوور و درێژی گەلان بەرەو ڕزگاربوونیان لە ستەم و زۆرداری بکەین، بەڵام ئەگەر هەڵبژاردنی ئازاد بۆ دیموکراسی پێویست بێ، بەڵام بەتەنیا بەس نییە. بۆیە بۆ بنیاتنانی "دیموکراسییەکی بەشداریکارانە" particpative democratie پێویستە هاووڵاتییان خۆیان ڕێک بخەن بۆ ئەوەی "چاودێرییەکی دیموکراسییانە"ی ڕاستەقینەی ئەو دەسەڵاتی بڕیاردانە بکەن کە بە نوێنەرە هەڵبژێردراوەکانیان بەخشراوە.

دیموکراسی بانگەشەی ئەوە دەکا کە شەرعییەتەکەی لەسەر یاسای ژمارە دامەزراندووە، بەڵام لەوانەیە ئەم یاسای ژمارەیە لەگەڵ ڕێزگرتنی ڕاستیدا یەک نەیەتەوە، چونکە یاسای زۆرینە گەرەنتیی ڕێزگرتنی ئەو ئەرکە ئەخلاقییە ناکا کە بناخەی دیموکراسی دادەمەزرێنێ، چونکە

دەشێ دیکتاتۆریەتی زۆرینە لە تاکرەویی تاکەکەس دڕتر بێ. دەبێ چی ڕوو بدا کاتێ ئیرادەی جەماوەر، واتە "ئیرادەی گەل" لەگەڵ دادپەروەری ناکۆک بێ و حەزی لە ستەمکاری بێ؟ لە ڕوانگەی هاووڵاتیی دیموکراسییەوە هیچ گومان لەوەدا نییە کە دەبێ ئەرکە ئەخلاقیەکە لەسەروو ویستی زۆرینەوە بێ و ڕاستی بەسەر ژمارەدا زاڵ بکرێ، چونکە لە دیموکراسیی ڕاستەقینەدا ڕێزگرتنی ڕاستی لە ڕێزگرتنی دەنگدانی گشتی پێویستترە.

نابێ هاووڵاتیبوون لەسەر بەرزەفتکردنی بەکۆمەڵی هەمووان دابمەزرێ، بەڵکو دەبێ لەسەر بەرپرسیاریەتیی هەر تاکێک و لێرەشەوە لەسەر سەربەخۆیی کەسایەتیی تاک دابمەزرێ. مێژوو فێرمان دەکا گوێڕایەڵیکردنی کوێرانەی هاووڵاتییان زۆر زیاتر هەڕەشەن لەسەر دیموکراسی تا یاخیبوونیان. دەکرێ و بگرە پێویستە هەر هاووڵاتییەک بەناوی ویژدانیەوە بەرهەڵستیی یاسای زۆرینە بکا کاتێ ئەو زۆرینەیە دەبێتە هۆی گەیاندنی ستەمێکی دیاریکراو. بەهەمان شێوە "هاووڵاتیبوونی سەرپێچیکردن" یاخۆ جیابوونەوەی هاووڵاتی هەیە کە بەناوی نموونەی دیموکراسییەوە ڕەتی دەکاتەوە ملکەچی یاسای زۆرینە بێ.

کاتێ هەموو تاکەکانی کۆمەڵگەیەک چاویان لەوە بێ ئازادانە حوکمڕانیی خۆیان بکەن و مافە ڕەواکانیان زاڵ بکەن بەدڵنیاییەوە هەر زوو کێشە سەر هەڵدەدا، چونکە دیموکراسی خۆی کێشەئامێزە conflictuelle، لەوکاتەدا نابێ ئەو کێشانەی لەناو هاووڵاتییاندا سەر هەڵدەدەن سەر بکێشن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژ. ئامانجی دیموکراسی بەڕێوەبردنی کێشەکانە لەڕێی جڵەوکردنی توندوتیژییەوە و یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانیشی داهێنانی دامەزراوەگەلی پێویستە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بەشێوەیەکی بنیاتنەر لەڕێی ڕێبازی ناتوندوتیژەوە. بەمەیش زاڵبوونی دیموکراسی بەسەر توندوتیژیدا یەکێکە لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی کولتووری ناتوندوتیژی.

ئەوەی دیموکراسی مسۆگەر دەکا دەوڵەتێکی بەدەسەڵات نییە بەڵکو دەوڵەتی یاسایە. ئەو هەڕەشانەی دەبنە کۆسپ لەبەردەم سیستمی دیموکراسیدا هۆی یەکەمیان ئەو ئایدیۆلۆجیایانەن کە لەسەر جیاکاری و وەلانان دامەزراون، جا ئەو ئایدیۆلۆجیایانە نەتەوەیی بن یان ڕەگەزپەرستی یان دژەبیانی یان ئسوڵیی ئاینی یان لیبرالیی ئابووی کە تەنیا لەسەر داوای قازانج وەستاوە. لێرەشەوە بەهێزکردنی دیموکراسی و بەرگری لێکردنی –ئەم دوو هەنگاوەیش هەریەکەیان ئەوی تریان پشت ئەستوور دەکا بۆیە دەبێ پێکەوە بکرێن– پێش هەموو شت واتەی قەڵاچۆکردنی ئەو ئایدیۆلۆجیایانەیە کە ڤایرۆسەکانیان لە ناوەوە و دەرەوەی کۆمەڵگەدا ڕوو لەزیادبوون دەکەن، چونکە سنوور ناناسن.

هەموو ئایدیۆلۆجیا نادیموکراسیەکان وابەستەن بە ئایدیۆلۆجیای توندوتیژییەوە، چونکە قەت سڵ ناکەنەوە لە جاڕدانی پێویستی و ڕەواییی توندوتیژی مادەم لە بەرژەوەندییاندا بێ. هەر بۆیە لە ئاکامدا ئەو مەترسییەی ڕووبەڕووی دیموکراسی دەبێتەوە بەردەوام مەترسیی توندوتیژییە،

لەبەرئەوە بەرگریکردن لە دیموکراسی بەردەوام خەباتە لەدژی توندوتیژی و لەویشەوە دژی ئەو ئایدیۆلۆجیایانەی هەڵگری توندوتیژین.

ئەو مەترسییانەی ڕووبەڕووی دیموکراسی دەبنەوە تەنیا لەڕێی ئەو هزرە بەدانەی بڵاوبوونەوەیان بنەماکانی دیموکراسی هەڵدەتەکێنن، گوزارشت لە خۆیان ناکەن بگرە بەتایبەت لەڕێی ڕێکخستنی هەندێ کاریشەوە دەبێ کە ئامانجیان لەقکردنی سەقامگیریی دامەزراوە دیموکراسیەکانە، کەواتە نابێ بەرەنگاریکردنی ئەو ئایدیۆلۆجیایانە تەنیا لە مشتومڕی فیکریدا کورت بکرێتەوە، بگرە دەبێ ململانە بێ. هەر بۆیە پێویستە ئەو هاووڵاتییانەی لەسەر وەفاداریی خۆیان بۆ دیموکراسی ماون تواناکانی خۆیان بخەنە گەڕ و جەم بن و خۆیان بۆ بەرەنگاری ئامادە بکەن. بەڵام لێرەیشدا پێویستە ئامرازەکانی خەباتی بەگریکردن لە دیموکراسی لەگەڵ بەها و بنەماکانی دیموکراسیدا تەبا بن، واتە ناتوندوتیژ بن.

بۆ بەرقەرارکردنی دیموکراسی پێویست بە گەڕانەوە دەکا بۆ بنەماگەلێکی هەمەگیر کە دان بە ماف و ئازادییەکانی هەموو مرۆڤێکدا بنێن و مسۆگەر بکرێن کە ناکرێ دەستیان تێ بخرێ. بەڵام لەبارێکدا هەندێکیان بۆ دامەزراندنی بناخەی هاووڵاتیبوون دەگەڕێنەوە بۆ هەندێ پێوەری تایبەت، چ نەژاد بێ یان ئایدیۆلۆجیا یان ئاین، ئەوا دیموکراسی پێشوەخت ڕیسوا کراوە. چونکە ئەو دۆخە پەرتەوازەیی و بەرهەڵستی و ناکۆکی دروست دەکا کە مەترسیی زۆر هەیە ڕۆژێ لە ڕۆژان تێک بچێ و کاری توندوتیژی لێ بکەوێتەوە. هاووڵاتیبوون نایەتە دی مەگەر لەناو خەڵکانێک لە دەرەوەی هەموو جیاوازییەکانیان دان بەوەدا بنێن کە یەکسان و هاوشانن. لە کۆمەڵگە فرە نەژاد و فرە کولتوورەکاندا کە کۆمەڵگەکانی ئێمەیش لەم جۆرەن، هیچ دیموکراسیەتێک بەدی نایە تا مەرجەعگەلێکی ئەخلاقی دروست نەکەین کە بتوانن بناخەی هاووڵاتیبوونێکی هاوبەش دروست بکەن، تەنیا فەلسەفەیش دەتوانێ ئەو مەرجەعیەتە ئەخلاقییە هاوبەشانە دابهێنێ.

* خۆبەڕێوەبەری

* دەوڵەت

* سیاسەت

* یاخیبوونی مەدەنی

## ڕای گشتی

تێکۆشانی ناتوندوتیژانە بنیاتێکی دووجەمسەری bipolaire نییە، بگرە سێ جەمسەرییە tripolaire چونکە کارەکە تەنیا لە ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان بەرەنگاریکاران لەلایەک و بڕیاربەدەستان لەلایەکی ترەوە کورت نابێتەوە، چونکە ستراتیجییەتی کاری ناتوندوتیژانە جەمسەرێکی سێیەمیش بۆ کێشەکە زیاد دەکات کە ئەویش "ڕای گشتی"یە بەوەیش "سێکوچکەی کێشە" دروست دەبێ.

کەواتە سێ بکەر هەن: بەرەنگاریکاران، بڕیار بەدەستان و ڕای گشتی. شەڕی یەکلاکەرەوەیش بەدیاریکراوی شەڕی بەدەستهێنانی ڕای گشتییە. قایلکردنی بڕیاربەدەستان بەردەوام کارێکی زۆر سەختە نەخاسمە کاتێ بابەتەکە پێوەندیی بە دەسەڵاتدارانی گشتییەوە هەبێ. ڕاستە بڕیاربەدەستانیش هەر پیاوان و ئافرەتانی ئەوتۆن کە وەک هەر کەسێکی تر دەتوانن لە پێداویستییەکانی دادپەروەری بگەن، بەڵام لە هەمان کاتدا مەترسیی ئەوە هەیە ببنە دیلی دەسەڵاتەکەیان و خۆیان بکەنە بارمتەی ڕێژیمێک بکەن کە ئەرکیانە بەرگریی لێ بکەن. جا ئەگەر قەناعەتیان بە دادپەروەریی پرسی ئەوانەی خەبات دەکەن نەهێنا و ملیان کەچ نەکرد، ئەوا دەکرێ لەژێر پاڵەپەستۆی ڕای گشتیدا بەناچاری ملکەچ بکەن. دیاریشە کە هێزی ڕای گشتی ڕاستەوانە دەگونجی لەگەڵ دیموکراسییەتی کۆمەڵگەدا.

هەروەها یەکێک لە ئامانجەکانی کاری ناتوندوتیژانەی خاوەن بەرنامە قایلکردنی ڕای گشتییە بە ڕەواییی ئەو خەباتەی دەستی داوەتێ، مەرجیش نییە مەبەست زۆرینەی هاووڵاتییان بێ، دەکرێ مەبەست لانی کەم کەمینەیەکی زۆر بێ. ئەو کاتە پێویستە بڕیاربەدەستانی دژبەر هەر داوەریکردنێکی ڕای گشتی لەبەر چاو بگرن تا پێگەی خۆیان لەلای ئەو خەڵکە لەدەست نەدەن. لە بەرژەوەندیی ئەواندایە وا دەربکەن کە لەگەڵ ڕێککەوتن و ڕازیبوونن بە دانوستاندن لەگەڵ بزاوتی بەرەنگاری. لەبەرامبەردا ئەگەر بزاوتی بەرەنگاری شەڕی ڕای گشتیی دۆڕاند و ئەمەی دوواییی پشتگیریی دەسەڵاتی کرد، ئەو کاتە دەسەڵات دەتوانێ ئەو داواکارییانەی خراونەتە بەردەمی فەرامۆش بکا و هەموو ئامرازەکانی سەرکوتکردنی بەردەستی بخاتە گەڕ، ئەو کاتەیش شکستی بەرەنگاریکردنەکە بە کردەوە دەبێتە شتێکی حەتمی.

کاری ناتوندوتیژانە لەڕێی ئەو پەروەردەیەی دەیگرێتە بەر چانسی تەواوی لەبەردەستدایە بۆ ئەوەی لە توندوتیژی کاراتر بێ بۆ بردنەوەی شەڕی ڕای گشتی، چونکە مەترسی زۆرە پەنابردن بۆ توندوتیژ ڕێزی بەرەنگاریکاران لای هاووڵاتیی ئاسایی شەقام کەم بکاتەوە. توندوتیژی ناڕازییان گۆشەگیر دەکا و نارەزاییش پەراوێز دەخا، هەروەها لە هەر خۆپیشاندانێکی شەقامدا بەشێکی زۆر لە خەڵک –کە ئەو پیاو و ئافرەتانەن لە توندوتیژی دەترسن یان وەک سەرەتا سەرکۆنەی دەکەن– دوور دەخاتەوە.

ئەگەر توندوتیژیمان بەکار هێنا ئەوا ناتوانین کۆڕ و گفتوگۆیەکی گشتی لەبارەی ئەو ستەمەی دژایەتیی دەکەین ببەستین، بگرە دەبێ ئەو کۆڕە لەبارەی ئەو توندوتیژییەوە ساز بکەین کە خۆمان ئەنجامی دەدەین، بەدڵنیاییشەوە وێنەکانی ئەو کارە توندوتیژانەی ئەنجامیان دەدەین لاپەڕەی یەکەمەکانی دەزگەکانی ڕاگەیاندن داگیر دەکەن، چونکە ئەو کارانە سەر لە ڕای گشتی دەشێوێنن و کاردانەوەی نەیارانەی لا دروست دەکەن. توندوتیژی بەربەستێک لەناو بەرەنگاریکاران و ڕای گشتیدا دروست دەکا، ئەو بەربەستەیش دروستیی ئەو پرسەی شەڕەکەی لە پێناودا دەکرێ لە بەرچاوی ڕای گشتیی دەشارێتەوە. توندوتیژی وا دەکا بەرەنگاریکاران وەک "تێکدەر" دەربکەون،

ئەوەیش پاساو دەداتە سەرکوتکردنیان، چونکە شتێکی مەنتیقییە تێکدەران باجی تێکدانەکەیان بدەن، هەروەها توندوتیژی دەرفەت دەداتە دەسەڵاتداران تا نارەزاییی هاووڵاتییان بە "تاوان" دابنێ. من هیچ بەڵگەیەکم نییە ئەگەر لەبەر ئەنجامدانی کارێکی توندوتیژی بەند بکرێم، لە بەرامبەردا ئەگەر لەبەر کارێکی ناتوندوتیژانە بەند کرام دەتوانم ئەو هۆیانە دەربخەم کە منیان لەسەر گیراوە. ناتوندوتیژی ڕێگر نییە لە ڕوودانی سەرکوتکردن، بەڵام ئەو سەرکوتکردنە لە هەر پاساوێکی ڕاستەقینە بێبەش دەکا، ئەو کاتە ئەوە توندوتیژیی سەرکوتکردنە کە سەرکێشی بە ئابڕووبردنی دەسەڵاتداران دەکا، ئالێرەدا بژارەی ناتوندوتیژی تەنیا پرسی ئەخلاق نییە بگرە پرسی واقیعییەت و کاراییشە.

هەروەها پێویستە ئەوە بزانین کە ئێمە تەنیا لە ڕووی ئاسانکاریی زمانەوانییەوە بەشێوەی تاک لە بارەی "ڕای گشتی"یەوە قسە دەکەین، ئەگینا لە ڕاستیدا ڕای گشتی بەشبەشە: لە کاتی هەڵمەتی کارکردندا ڕای گشتی بۆ "چەند سەربازگەیەک" دابەش دەبێ، ئەویش بە پێی ئەو هاوهەڵوێستی و هاوسۆزی، یان خەمساردی و دوژمنایەتییەی خەڵک بەرامبەر ئەو پرسەی بەرگریی لێ دەکرێ هەیانە. ئەگەر ئەو پێوەندیکردنەی لەڕێی دەزگەکانی ڕاگەیاندنەوە دەکرێ بە زۆری ئاراستەی هەموو کەرتەکانی ڕای گشتی دەکرێ بەبێ جیاوازی، ئەوا پێویستە هەندێ لە کارەکانی ڕاگەیاندن و هۆشیارکردنەوە و گشتاندن بە شێوەیەکی تایبەت ئاراستەی ئەم یان ئەو کەرتی ڕای گشتی بکرێ، لەگەڵ ڕەچاوکردنی پێگەی ئەو کەرتەی پێوەندیی بە ڕەهەندی ململانەکەوە هەیە.

## سڵەمێنی مەدەنی

دەبێ ڕێکخستنی بەرگریی مەدەنیی ناتوندویژانە، وەک هەموو سیاسەتێکی بەرگریکارانە ئەوە بکاتە ئامانجی یەکەمی خۆی بەپێی توانا دەستدرێژیکار لە دەستدانە کارە شەڕییەکان دوور بخاتەوە. ڕۆڵی سڵەمێنی مەدەنی (الردع المدني) کاتێ دەسەلمێ کە قەناعەت بە دژبەر بهێنرێ کە ئەگەر بڕیار بدا بچێتە سنوورەکانی ئەودیو خۆی، هەژموونی خۆی دووچاری مەترسییەکی ڕاستەقینە دەکا. لەوانەیە بەکرێگیراوانی دژبەرەکە بتوانن دزە بکەنە ناو ئەو زەوییانەی چاوی تێ بڕیون بەبێ ئەوەی زیانیان پێ بگا یان خەڵکەکەی تووشی تۆڵە لێسەندنەوە ببن، بەڵام سەرباز و فەرمانبەران و سەرجەم ئەوانەی لەلایەن دوژمنەوە کاریان پێ سپێردراوە لەوانەیە سەریان هەڵبتەقێ بەو دوژمنکارییە ڕێکخراوەی دەسەڵاتدارە گشتییەکان و دامەزراوەکان و هاووڵاتییانیش –کە ئامادە نین هیچ هاوکارییەکی بکەن– پێی هەڵدەستن، لەو کاتەدا سەرکێشی دەکەن بە تێوەگلان لە تۆڕەکانی "بەرەنگاریکردنی سیاسی" و ڕووبەڕووی مەترسیی کەمیی زانیارییان لەبارەی زەوییەکەوە دەبنەوە، بەو هۆیەشەوە تووشی توندترین زەحمەتی دەبنەوە لە کۆنترۆڵکردنی ئەو بەرەنگاریکردنە ناوەخۆییە و قەت ئومێدی ئەوەیان نابێ لە ماوەیەکی ماقووڵدا لەناوی ببەن.

سڵەماندنەوەکە کرداری دەبێ کاتێ دەردەکەوێ مەترسییەکان گونجاو نین و ڕەهەندەکانی تەنگژەکە و ئەو زیانانەی چاوەڕوان دەکرێ لێی بکەونەوە لە دەسکەوتە چاوەڕوانکراوەکان قورسترن.

بۆ پشت ئەستوورکردنی ڕۆڵی سڵەمێنی مەدەنی دەبێ لەیەک کاتدا تێچوونەکانی دەستدرێژییە چاوەڕوانکراوەکە زیاد بکرێن و دەسکەوتەکانی کەم بکرێنەوە. پێویستە بڕیاربەدەستی–دژبەر دەرک بە گەورەیی زیانە ئایدیۆلۆجی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و دیپلۆماسییەکان بکا کە بەهەموویانەوە سەرکێشی دەکەن بە هەژاندنی هەژموون و ڕێژیمەکەی، ئەمە جگە لەوەی بەئەندازەی لەدەستدانی ئومێد بە هەر تێوەگلاندنێکی خەڵکی وڵاتە دژبەرەکە، سەرکێشی بە بێوەریبوونی خۆی دەکا لەو دەسکەوتانەی دەیەوێ لە دەستدرێژییەکەی دەستیان بخا. بەراوردکردنی ئەو تێچوون و زیانانە لەگەڵ ئەو دەسکەوتانەدا دەشێ پەشیمانی بکاتەوە لە دەستدرێژیکردنە سەر خاکی کۆمەڵگەیەک کە ئامرازەکانی بەرگریی مەدەنی جێبەجێ دەکا.

ئەگەر وا گریمانە بکەین –بەهەر حاڵ هەر ئەوەیش ئەگەری زاڵە– ئەو وڵاتە ئاسایشی خۆی تەنیا لەسەر بەرگریکردنی مەدەنیی ناتوندوتیژانە دانەمەزراندبێ، بگرە لە هەمان کاتدا خۆی بۆ بەرگریکردنی سەربازیش ساز بکا، ئەوا ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی سڵەمێنی مەدەنی دەشێ "بەهایەکی زیادە" بۆ ڕۆڵی ڕاستەقینەی سڵەمێنی تێکڕایی کە لە شێوە جۆرەوجۆرەکانی بەرگریکردن بەرهەم دێ، زیاد بکا.

* بەرگریی مەدەنیی ناتوندوتیژانە

## باج نەدان

نابێ ڕەتکردنەوەی باجدان بە هەمان بنەمای باج خۆی پاساو بدرێ. شتێکی ڕەوا و پێویستە ئەندامانی کۆمەڵ بەشداری لە پارەدارکردنی کاری دەزگە و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان بکەن، چونکە کاتێ لەپێناو بەرژەوەندیی گشتیدا باج دەدرێ ئەوە جێبەجێکردنی ئەو هاوهەڵوێستییەیە کە پێویستە ئەندامانی گرووپێکی سیاسی پێکەوە ببەستێتەوە. بەڵام دیموکراسی وا دەخوازێ هەموو هاووڵاتییەک بەرپرس بێ لە بەکارهێنانی حکوومەت بۆ ماڵی گشتی کە لە کاری ڕۆژانەی ئەوەوە دەستی کەوتووە. ماف و بگرە ئەرکی هەر هاووڵاتییەکە چاودێریی خەرجە گشتییەکان بکا بە ڕێکتر و کاراتر لەوەی تەنیا پێنج شەش ساڵ جارێک دەنگ بدا بەو کاندیدانەی خۆیان بۆ سەرکردایەتیکردنی وڵات کاندید کردووە. کارێکی ڕەوایە بەشێک لە باج نەدرێ کە بۆ ستەمێک خەرج دەکرێ کە نامانەوێ دەستمان تێیدا هەبێ و بەنیازین سەرکۆنەی بکەین و بەئاشکرا بەگژیدا بچینەوە.

دەکرێ نەدانی بەشێک لە باج یان هەمووی لە دوو ڕوانگەی جیاوازەوە وێنا بکرێ. سەرەتا

پێویستە ئەو ستەمە ڕابگیرێ کە ئێمە خۆمان قوربانیی ئەو ستەمەین، بۆ نموونە کاتێ باج بەشێوەیەکی زۆر ستەمکارانە بەسەر توێژێکی دیاریکراوی کۆمەڵایەتیدا دەسەپێنرێ، قوربانییانی ئەو ستەمە بۆیان هەیە ئەو باجە ڕەت بکەنەوە تا حکوومەت ناچار بکەن لەگەڵیان بەویژدان بێ.

بەپلەی دووەمیش لەوانەیە وا پێویست بکا مرۆڤ بەرهەڵستیی بڕیارێکی ستەمکارانەی حکوومەت بکا، ئەویش بە ڕازینەبوونی بە پارەدارکردنی ئەو ستەمە بە پارەی باخەڵی خۆی و گرتنەبەری هەر ڕێگەیەک لەتوانیدا بێ بۆ ناچارکرنی دەسەڵاتداران تا لەو بڕیارە پاشگەز ببنەوە. کاتێ دەردەکەوێ ئەو ئامرازانەی چاودێریکردن کە یاسا دیاریی کردوون بەس نین و کەڵکیان نییە، ئەو کاتە ڕێگەی باجنەدانی "نایاسایی" دەرفەت دەداتە هاوولاتییان بۆ چاودێریکردنێکی کرداریی حکوومەت. لەم حاڵەتەیشدا وا باشە ئەو پارەیەی لە باجنەدان "پاشەکەوت"یان کردووە لای خۆیان هەڵی نەگرن، بەڵکو بیدەنە ئەو ڕێکخراو و کۆمەڵانەی ڕاستەوخۆ بەشداری دەکەن لە قەڵاچۆکردنی ئەو ستەمەی پێویستە سەرکۆنە بکرێ، یاخۆ بەرنامەی جێگرەوە جێبەجێ دەکەن. لێرەشدا پێویستە لەو کاتەی بەرنامەی هاوکارینەکردن لەگەڵ ستەم جێبەجێ دەکرێ، بەرنامەیەکی بنیاتنەریش بۆ بەرقەرارکردنی دادپەروەری ڕێک بخرێ.

بەڵێ حکوومەت هێندە دەست و پێ سپی نییە و ئامرازی سەرکوتکردنی ئەوتۆی لەدەستدایە دەتوانێ لەڕێی ڕێوشوێنی دەست بەسەرداگرتنی کرێ و موڵکەکانەوە ئەو بڕە پارانەی نەدراون بگێڕێتەوە، ئەمە جگە لە غەرامەکردن و تەنانەت سزای گرتنیش کە لەوانەیە بەرۆکی ئەو باجدەرانە بگرێ کە باج نادەن، بەڵام لەبەرئەوەی مەبەست لە باجنەدانەکە زیاتر کاریگەریی سیاسییە نەک دارایی، ئەوا دەشێ ئەو سەرکوتکردنە دۆخەکە ئاڵۆزتر بکا. لێرەشدا ژمارەی ئەو کەسانەی بە کارەکە هەڵدەستن هێز و کاریگەریی پێویستی پێ دەبەخشێ.

* بەرنامەی بنیاتنەر
* یاخیبوونی مەدەنی
* هاوکاری نەکردن

## گیانی بەرگری

یەکێک لە خراپترین ئەنجامەکانی -بەکردەوە- سپاردنی ئەرکی بەرگریکردن لە کۆمەڵگە بە یەک دامەزراوە کە سوپایە، بریتییە لە هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی لەسەر شانی هاوولاتییان -بە پیاو و ئافرەتەوە- و ئامادەنەکردنیانە بۆ هەستان بە ڕۆڵی سەرەکیی خۆیان کە چاوەڕوان دەکرێ لە پارێزگاریکردنی لە دیموکراسیدا ببینن. بێگومان گوتاری ڕەسمی لەبیری ناچێ جەخت لەوە بکا بەرگریکردن پێویستە "پرسی هەمووان" بێ و بەرگریکردنی سەربازی خۆی هیچ بەهایەکی نییە بەو ئەندازە نەبێ کە لەلایەن گەلەوە جێی پەسندکردنە. بەڵام ئەو "گیانی بەرگری"یەی بەم واتەیە لەسەر هاوولاتییان پێویستە، جۆرێکە لە قبووڵکردنی نەرێنیی ئەو بژارانەی کە دەستەکانی



هەولامەی کتێبنێر

ئەركـانی سیـاسـی و سـەربـازی كاریان پێ دەكـەن، كە لە هـەر گفـتـوگـۆیـەكی دیموكراسـییـانەی ڕاسـتـەقـینە دێنە هەڵاوێردن، نەك لە ڕوانگەی ڕاپەڕاندنی بـەرپرسـیـاریەتیـیـەكی ڕاسـتـەوخـۆی خۆیانەوە بێ لە ڕێكخستنی بەرگریكردن لە كۆمەڵگە.

زۆربەی ئەو قسانەی كە بەرەسمی لەبارەی گیانی بەرگری لای هاوولاتییان دەكرێن لە ڕاستیدا بەشـێـوەیەكی بنەڕەتی ئامـانجـیـان بـەهـێـزكـردنی پێـوەندیی نێـوان سـوپا و نەتەوەیە، هـەروەها هۆشـیـاركردنەوەی هاوولاتییان بە پێداویستییەكانی بەرگریكردن دەچێتە چوارچێوەی تەسك و نەگونجاوی ڕێكخـستنی سـەربازییەوە. سـروشتی ئەم بەسـتنەوەیەش، كە لە هـەمـان كاتدا تیۆری و پراكتیكییە، دەشێ برەوپێدانی گیانی بەرگری بەشێوەیەكی ترسناك پەك بخا.

بۆ ئەوەی بتوانرێ هـەستی بـەرپرسـیـاریەتی لای هـاوولاتییـان -بە ژن و پیاوەوە- لەبارەی ئەركی سـەرشـانیـان لە بـەرگـریكردن بـە شـێـوەیەكی ڕاسـتـەقـینە ببـزوێنرێ، ئەوا كـرداریتـرین ڕێگە ئامـادەكـردن و ڕێكخـسـتنیـانە لە چوارچێـوەی دامـەزراوەگـەلێكی مـەدەنیـدا كـە ئەدای دیموكراسییانەی كۆمەڵگە مسۆگەر بكا. بۆ هاندانی گیانی بەرگری لای هـاوولاتییانیش پێویستە بەرگریكردن سیڤیلایزە بكرێ نەك خەڵكە سیڤیلەكە میلیتاریزە بكرێ.

شـتێكی گونجاو نییە بەرگریی مـەدەنی لەڕێی نامـەركـەزییـەتی ڕێكخـسـتنی سـەربازییەوە ڕێك بخـرێ، بگرە دەبێ لەڕێی "لەناوەندخـسـتن" decentrationی ئەو ڕێكخـسـتنەوە بێ (واتە لادانی لە ناوەند) و "بەناوەندكردن" recentrageی دامەزراوە مەدەنییەكان (گێڕانەوەیان بۆ ناوەند)ەوە بكرێ.

ئالێرەدا جێی خۆیەتی زمانی نموونەگەرای ئەخلاقی بەكار بێنین كە كار لەسـەر كورتكردنەوەی ئەركی بەرگـریكردن لای هاوولاتییـان دەكا بۆ "گـیان"ێك، واتە بۆ خـۆبەسـتنەوە بەو "بەها"یانەی دامـەزرێنەری شـارسـتـانێـتین و بە " ئیـرادە"ی بەرگـریكردن لەو بەهـایانە كـاتێ گـریمان دەكـرێ ڕووبەڕووی هـەڕەشە ببنەوە.

ئامانجی ڕاستەقینە بەرگریكردنە لەو دامەزراوە سیاسییانەی ئەو بەهایانە بەرجەستە دەكەن و لە مـێژوودا جـێگریان دەكـەن، واتە ئەو دامـەزراوە دیموكراسـیـیـانەی كـە ئازادییـە تاكەكـەسـی و كـۆمـەڵیـیـەكـان دەسـتـەبەر دەكەن. جگە لەمـەیش كـارێكی بێـهـودەیە لە هاوولاتیـیـان- بەپیـاو و ئافرەتـەوە- چاوەڕێ بكەین ئیـرادەی بەرگریكردنی خـۆیان دووپات بكەنـەوە بەبێ ئەوەی كـۆمـەڵگە ئامرازی بەرهەستیان بۆ بەرگری لە خۆكردن بە شێوەیەكی مەدەنی پێ ببەخشێ.

پێـویستـە خـەڵك پێـشـوەخت خـۆیان ئامادە بكەن بۆ كارەكـانی سـتـراتیـجـیـیـەتێكی مـەدەنیی بەرگریكردن لە بەرامـبـەر هێـزێكی دەسـتدرێژكـاری شـیـمانەكراو -جا دەسـتـدرێژیكار لە دەرەوەی سنوورەوە هاتبێ یان لە ناوەوە- بە شێوەیەك ڕێگەی پێ نەدری بە ئامانجی خۆی بگا.

گـیـانی بەرگری باشـتـر دەتوانی خـۆبەخـشـان جـەم بكا ئەگـەر ئەو ئەركـانەی بە مـەدەنیـیـەكان دەسپێردری لە چوارچێوەی ئـەو پێكهاتە ئیداری و كۆمەڵایەتی و ئابووری و سـیاسـییانەدا بن كە

کاریان تێدا دەکەن، بەوەیش ئامادەکاری بۆ بەرگریی مەدەنی لە چوارچێوەی پێوەستی و پێکەوە گونجانێکی تەواودا دەبێ لەگەڵ ژیانی هاووڵاتییان لەو دەزگەیانەی وەک هاووڵاتی بەرپرسیاریەتییەکانی خۆیانی تێدا ڕادەپەڕێنن، چونکە ئەو گیانی بەرگرییەی پێویستە هەیانبێ دەبێ لە ناو گیانی هاووڵاتیبووندا ڕیشە دابکوتێ، کە زیندوویێتی بە چالاکییە ڕۆژانەکانیان دەدا.

* بەرگریی مەدەنیی ناتوندوتیژانە

* سڵەمێنی مەدەنی

## ڕۆحانیەت

مرۆڤ بوونەوەرێکی میتافیزیکییە، خواستێکی ڕۆحانی لەناخیدایە کە دەشێ تامەزرۆیی بۆ تێپەڕاندنی خودی خۆی تێر بکا. ڕۆحانیەتێک نەبووبێتە دیلی سیستمێکی فیکریی بەستوو و زادەی بنیاتگەلێکی زەینیی دەستکرد و لە واقیع داینەبڕێ، بگرە بەڕووی نهێنیی جیهانیدا بکاتەوە. مرۆڤی ڕۆحانی لە ئەنجامی گەڕانی بەدوای واتەدا، بەرەو ئەوە دەچێ بەڕووی بیر و هەستی گەردوونی و پرسیارکردن لەبارەی ئەزەلییەتەوە بکرێتەوە. یەکێک لەو کۆسپە سەرەکییانەی پێویستە لەو کاروانەدا خۆی لێ لابدرێ کۆسپی جیاکردنەوەی هزر و کار، ڕامان و پابەندبوونە. هەر بۆیە جێی خۆیەتی پارێزگاری لە گرژیی نێوان ئەو دوو جەمسەرە بکرێ، با هەریەکەیان بەوی ترەوە جۆش بدرێ و لەسەری بوەستێ و ببنە هاوجومگە. "کار"ی ڕووت کوێرە، چونکە تووشی هەموو گومڕایی و پشێوییەکان دەبێ. "ڕامان"ی ڕووتیش دەستەپاچەیە، چونکە سەرکێشی بە ڕازیکردنی جوانیخوازییەوە دەکا و لە کارکردن پاڵ دەداتەوە.

مرۆڤ پێویستییەکی زیندووی تێدایە بۆ بڵندبوونەوە transcendence، بەڵام نابێ تا وادەیەکی دیارینەکراو چاوەڕوانی ئەو بڵندبوونەوەیە بێ لە ئاسمان، چونکە ئەوە لە دەرەوەی مرۆڤ نییە، بڵندبوونەوە نهێنیی مرۆڤە نهێنیی مرۆڤیش لە مرۆڤدایە، بەڵام لەو بڵندتر دەبێ.

ئەو ژیانەی کۆمەڵگەی بازاڕ دەیخاتە بەردەم تاک لە واتەدا هەژارە و ئەوەیش کەمایەسیەکی ڕۆحییە. دامەزراوە نەریتییەکان، چ سیاسی و چ ئاینییەکان، بەشێکی گەورەی ڕەسیدی خۆیانیان لەدەست داوە. ئەوانە چۆن دەتوانن لەکاتێکدا بەخۆیان و مانی خۆیانەوە سەرقاڵن و هەروەها لاواز و بێ ڕووگەن، ئەو قووتە ڕۆحییە بۆ مرۆڤ دەستەبەر بکەن کە زۆر پێویستی پێیەتی؟ ڕێگەی حیکمەت کە واتە بە بوونی مێژوو دەبەخشێ، پشتی کردووەتە ئەو هۆشدارییەی مەترسی کە ژمارەیەک لە لاوان چی تر لە دەرگەکانی نادەن و بۆ هەڵاتن لە واقیع عەودالی گەڕانن بەدوای هەستکردنێکی وەهمی بە تێپەڕاندنی خود و لە بەهەشتێکی دەستکردا بەدوای شتێکدا دەگەڕێن کە لە واتە بچێ. بەڵام لەواقیعدا خۆیان لەبەردەم بۆشاییەکی بوونەکی (ئەنتۆلۆجی)دا دەبیننەوە کە لاوازیان دەکا و تێکیان دەشکێنێ. لە هەمان کاتدا زانست سەردەکەوێ و گژبەریی نوێ بۆ

خۆی پەیدا دەکا. ڕۆشنبیریی زانستی لە جێبەجێکردنەکانیدا بەتەواوی دەدرەوشێتەوە، بەڵام لەبەردەم خواستە ڕۆحییەکانی مرۆڤدا کوێر و کەڕ و لاڵە. جگە لەوەیش فەلسەفە بووەتە زانستی مامۆستاکان و وا خەریکە ڕێگەکانی حیکمەت بەجێ دێڵێ، لەگەڵ ئەوەی ئەرکی ڕاستەقینەی بایەخدانە بە خواستە ڕۆحییەکانی مرۆڤ.

جیهان لە بەرچاوی مرۆڤدا بە شێوەیەکی بێسنوور کراوەتەوە و بە شێوەیەکی بێ پێشینە گژبەریی مرۆڤ دەکا. لەبەردەم ئەم کۆمەڵگە لەخۆڕازییەدا، بەنزمی و سووکی و نکوڵیکردن و کارە توندوتیژەکانیەوە، بێگومان هەڵفریواندن زۆرە بۆ ئەوەی مرۆڤ لەو کۆمەڵگەیە هەڵبێ و بەسەر خۆیدا بشکێتەوە و هەندێ گوڵی نامۆ بە ڕۆحانیەتێک کە بەرەو پووکانەوە دەچێ، بچێنێ.

هەڵوێستێکی لەم جۆرە دوورە لە ئەزموونکردنی واقیع و ژیان. ئەوە "کفری ڕۆحی"یە کە شکستی کارەکانی مرۆڤ بکەینە بیانوو و ملکەچی داڕووخان و جەور و ستەمی دنیا ببین و لە پاکییەکی خۆ بەباڵازاندا دەرگە لەسەر خۆمان دابخەین. کاتێ ڕۆحانیەکان بە نائومێدیی سیاسییەکان ڕازی دەبن، ئەوا خۆیشیان ڕێڕەوی ترسنۆکەکان دەگرنە بەر، چونکە ئومێدی ڕۆحی دەشێوێ ئەگەر بیت و لە واقیعدا بەرجەستە نەبێ، لەبەرئەوەی قەت نابێ ڕۆحانیەت خۆی لە بەرپرسیاریەتیی سیاسی، واتە لە بەرپرسیاریەتیی مرۆڤ بەرامبەر مرۆڤەکەی تر بدزێتەوە، بەتایبەت بەرامبەر ئەو کەسەی ستەم سەرکوتی دەکا یان توندوتیژی ئازاری دەدا.

فەلسەفە کە بایەخ بە خواستە ڕۆحییەکانی مرۆڤ دەدا، دەیەوێ داناییەکی کرداری بێ، واتە لە مرۆڤ بخوازێ کە لە بۆتەی جیهاندا کار بکا. لەبەرامبەر تەنگژەی کۆمەڵگە و نەمانی متمانە بەو حزبانەی سیاسەتیان بۆ خۆیان قۆرخ کردووە، هەروەها مایەپووچبوونی هەموو پرۆژەیەکی شۆڕشگێڕی، هەڵفریواندن لای هەندێکیان هێندە گەورەیە کە هەستی دەستەپاچەیی و گۆشەگیری و گەڕانەوە بۆ ناوەوەی پەتیی خۆیان لەلایان بەهێز بکا. بەڵام ئەم ڕێگەیە داخراوە، چونکە مرۆڤ لە پەراوێزی مێژوودا و دوور لە ئەزموونکردنی واقیع هەڵدەسوڕێنێ و وای لێ دەکا دەست لە هەموو کارکردنێک بشوا.

لەوانەیە شتێکی زۆر زیانبەخش بێ کە مرۆڤ بۆ دوو دەستە دابەش ببێ: خەڵکانێک لافی بەرجەستەکردنی بەها ڕۆحیەکان لە ژیانی خۆیاندا لێ بدەن و خۆیان لە تێوەگلان لە "بێنرخی"یەکانی سیاسەت دوور بگرن، خەڵکانێکی تریش چاویان لە سیاسەتکردن بێ و بەبیانووی "واقیعیەت" خۆیان لە هەر بایەخدانێک بە ئەرکە ڕۆحیەکان ببوێرن. ئەمەیش دابڕانێکی خراپە و لەلایەکەوە کەسانێکی ئایدیالیستی بێگەرد و لەلایەکەی تریشەوە "کەلبی"یانی[٨] ڕاستەقینە بەرهەم دێنێ. تا ئەو بۆشاییەش بەدەوام بێ "کاروباری دنیا" تا بێ بەرەو خراپی دەچێ.

دەبێ بە یەکجاری دەست لەو بیرۆکەیە هەڵبگیرێ کە بەرجەستەبوونی ڕۆحی لەڕێی خۆدزینەوە لە کارکردن دێتە دی. ئاخر مرۆڤ چۆن دەتوانێ ڕۆحانیەتی خۆی بەدی بێنێ ئەگەر لە گۆڕەپانە

گشتییەکانی شارەکاندا سەرکێشی نەکا و نەچێ بۆ دیداری مرۆڤەکانی تر؟ کاری سیاسی گەمە نییە، بگرە ساتێکی تایبەتە کە ڕاستگۆیی ڕۆحی تێدا تاقی دەکرێتەوە. شەرەفی کارکردن نرخێکی ڕۆحییە. هەر جیاکردنەوەیەکیش لەنێوان سیاسەت و ڕۆحانیەتدا جگە لە لادانی هەردووکیان هیچی تر نابێ. ناکرێ هیچکام لەو دوو جەمسەرە بەتەنیا بێ یان بەسەر جەمسەرەکی تردا زاڵ ببێ. پێویستە ڕۆحانیەت و سیاسەت یەک بگرن بەبێ ئەوەی تێکەڵ ببن.

لە ڕۆژهەڵات و هەروەها لە ڕۆژئاوا، زۆر پیاوی ئاینیی درۆزن کە لە ژمارە نایەن، لافی ئەوە لێ دەدەن لە دەرەوەی کێشەکان، لە پەراوێزی مێژوودا و دوور لە دەمەتەقێ و شانەخڕێ سیاسییەکان، دوور لە ژاوەژاوی دنیا و شێتبوونە ناوبەناوەکانی، خەڵک فێری ڕۆحانیەت دەکەن. خەڵکانێک هەن لەوە زیاترن بێنە ژماردن، بەناوی ڕۆحانیەتێکی پەتییەوە لە بایەخی کێشە و ململانە کەم دەکەنەوە بەپاساوی ئەوەی کێشە لەباتیی ئەوەی مرۆڤەکان یەک بخا پەرتیان دەکا. زۆر جار ڕۆحانیەت چاکەکردن لەگەڵ هەژارانی هەڵبڕیوە و سەرکێشیی کردووە بە پشتگوێخستنی بەرقەرارکردنی دادپەروەری بۆ سەرکوتکراوان. بەهەمان شێوە بەناوی پاراستنی هاوئاهەنگییەوە سەریان کێشاوە بۆ فێرکردنی ڕەتکردنەوەی خۆ گلاندن لە کێشەکان. بەڵام وێنایەکی لەم جۆرە بۆ هاوئاهەنگی وێنەیەکی فریودەرە، چونکە بەکردەوە ئەو ستەم و پاشاگەردانییەی لەئارادایە جێگیر دەکا، چونکە کێشە هاوئاهەنگی ناشکێنێ، بگرە دروست و جێگیری دەکا.

نەخێر، ئەوەی مرۆڤەکان پەرت دەکا نە کێشەیە و نە ململانە، بەڵکو ستەم و خەمساردییە. ئەرکی کێشە هێنانەکایەی هەلومەرجی دادپەروەرە کە تەنیا ئەوە دەتوانێ مرۆڤ یەک بخا. "ڕۆحانیەکان" بە خۆ بزرکردنیان لە کێشەکان، نەیانتوانی خۆیان لە ناتوندوتیژی نەبوێرن و بەباشی تێی نەگەن. بەدڵنیاییەوە لە چەندان بۆنەدا کەمتەرخەمییان نەکردووە لە قسەکردنی زۆر لەبارەی خۆشەویستی و بەباڵادا وتنی توانا هەمەگیرەکەی، بەڵام لەبەرئەوەی قسەکانیان تەنیا قسەی ڕووت بوون هیچ کاریگەرییەکیان لەسەر ڕووداوەکان نەبووە. لەو سەروبەندەیشدا کێشەکان لە ئاڵۆزبوون بەردەوام بوون و دوور نەبووە دەرگە بەڕووی ترسناکترین کاری توندوتیژیدا بکاتەوە. بەڵام لەکاتێکدا ڕۆحانیەکان خۆیانیان لە کێشەکان نەبان دەکرد، ئەو کێشانە خۆیانیان لەوان نەبان نەدەکرد، چونکە ڕۆحانیەکان لەوکاتەی کێشەکان بەرۆکی دەگرتن، زۆربەی جار هیچ چارێکیان نەبوو جگە لەوەی خۆیشیان پەنا بۆ توندوتیژی ببەن. بەوەیش توندوتیژییان بۆ خۆیان قبووڵ کرد و ئاکامەکەیشی بەزۆری شەرعییەت پێدانی بووە.

"ڕۆحانیەکان" ئەو سەنگەرەیان لە ڕیزی پێشەوەی بەرەنگاریکردنی توندوتیژیدا چۆڵ کرد کە دەبوو ئەوە شوێنی ئەوان بێ. ئەو خۆبزرکردنەیش لە هەڵاتنەوە نزیکترە. سەرەنجام توندوتیژییان بەباشی نەناسی، چونکە ناسینی توندوتیژی واتەی داننانە پێیدا وەک توانێک لە تواناکانی مرۆڤ کە بەشێوەیەکی ڕیشەیی سەرپێچی لەو ئەرکە ڕۆحییە دەکا کە مرۆڤایەتییەکەی دروست دەکا. توندوتیژی هەڵوێستێکە ڕۆحانیەت ڕەت دەکاتەوە وەک توانێکی مرۆڤ لە پێشوازیکردنی لە

مرۆڤەکەی تر لە چوارچێوەی ڕێزگرتنی "جیاوازبوون"ەکەیدا. چاکیی پێشوازیکردن لەوی تر ئەو کردارەیە کە بناخەی ناسنامەی خودیی من دادەنێ: خۆشویستنی ئەوی تر خۆشویستنی خۆمە. ئەو "ئەوی تر"ەی لەبەرچاومدا دەردەکەوێ هەر "من خۆمم" لە وێنەیەکی تردا و توندوتیژی بەرامبەری لێدانی ئەو کەسەیە کە من دادەڕێژێ. ئەوەی توندوتیژی بناسێ ڕقی لێی دەبێ و پلاری لێ دەگرێ و دەری دەکا و بەهەمان جووڵەیش ناتوندوتیژی هەڵدەبژێرێ. جەوهەری ڕۆحانیەت دوورخستنەوەی هەر جۆرە ئەگەرێکی پێوەندییە لەگەڵ توندوتیژی.

ڕۆحانیەتی ناتوندوتیژی مرۆڤ بانگ دەکا بۆ کارکردنی دروست و کاریگەر لە بۆتەی دنیادا. ستراتجیەتی کاری ناتوندوتیژانە دەیەوێ هاوسەنگی لەنێوان ئەرکە ڕۆحیەکانی ژیان و کۆت و بەندەکانی ژیانی سیاسیدا بکا. ناتوندوتیژی وەک فەریزەیەکی ڕۆحی لە هەمان کاتدا فەریزەیەکی کرداریشە، چونکە بنەوای ناتوندوتیژی تەنیا دەست کۆتاکردن لە پەنابردن بۆ توندوتیژی دژ بەوانی تر لەخۆ ناگرێ، بگرە قەڵاچۆکردنی ئەو ستەمەیشە کە ئازاری مرۆڤەکەی تر دەدا. ناتوندوتیژی ڕێکارێکە کە ئامرازگەلی کرداریمان دەداتە دەست بۆ بەگژاچوونەوەیەی کاریگەری ستەمکاری. بەڵام بە ئەندازەی ئەوەی جێی خۆیەتی جەخت لە مۆرکی جیهانییانەی ناتوندوتیژی وەک فەریزەیەکی ڕۆحی بکرێ، بە هەمان شێوە پێویستیشە دان بە مۆرکی ڕێژەییانەی ناتوندوتیژیدا وەک ڕێبازێکی کاری سیاسی بنرێ.

فەریزەی ناتوندوتیژیی فەلسەفی خۆی لەخۆیدا وەڵامێکی ڕاستەوخۆ و دەستبەجێی پرسیاری چۆنیەتیی کارکردنی ڕاستەقینە لە بارودۆخی مێژوویی کات و ساتدا ناداتەوە، بەڵام دەرفەت بۆ گەڕان بەدوای وەڵامی دروستدا دەڕەخسێنێ.

مۆرکی ڕێژەیی کاریگەریی کاری ناتوندوتیژانە مۆرکی ڕێژەییبوون بە ئەرکی ناتوندوتیژیی ڕۆحی –کە بناخەی مرۆڤایەتیی مرۆڤ دادەڕێژێ و قاڵبی پێ دەبەخشێ– نادا، چونکە تەنانەت ئەو کاتەیش کاریگەریی کاری ناتوندوتیژانە دەگاتە ئەوپەڕی و تەنانەت کاتێکیش شکست دێنێ، فەریزەی ناتوندوتیژی هەروەک خۆی دەمێنێ و لە ئەنجامی ئەوەدا توندوتیژی شەرعییەت بەدەست ناهێنێتەوە. تەنانەت ئەگەر واش دیار بێ توندوتیژی "پێویست"ە، بەڵام بەوە نابێتە کارێکی ڕەوا. بژارەی ناتوندوتیژی خۆی لەخۆیدا ڕەهەندێکی ڕۆحی بەکاری مرۆڤ و واتەیەک بە بوونی دەبەخشێ.

* فەلسەفە

**بەندیخانە**

کۆمەڵگە ماف و هاوکات ئەرکی سەرشانیەتی بە "ناچارکردنێکی جەستەیی" ئەو کەسانە جەڕ بدا کە سیستمی گشتی تێک دەدەن، بەشێوەیەک توانیان بۆ زیان پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی ببەستێتەوە

و بەکـردەوە شـەڕیان لە خـەڵک دوور بخـاتەوە. ئامـانجی سـزادان لەسـەر تاوان کـە ئازادیی ئەنجامدەرەکەی لەڕێی بەندکردنیەوە سنووردار دەکا، ڕێگرتنە لە ڕوودانی کەتنی نوێ بە ڕێگرتن لە گەڕانەوەی کـەتنکار بۆ تاوانەکە لەلایەک و بەزۆر دوورخستنەوەی ئەوانەی توانی هێزەکییان تێدایە بۆ لادان لەوەی بگوازنەوە بۆ کردارەکە لەلایەکی ترەوە.

پێویستە ئامانج لە سزادان –بەتایبەت بەندکردن کاتێ ڕوون دەبێتەوە پێویستە– جۆشدانەوەی کەتنکارەکە بێ لەگەڵ کـۆمـەڵگەدا، واتە سـەرلەنوێ گونجاندنەوەی لە ڕووی کۆمـەڵایەتییـەوە re-socilisation، بەڵام ئێستە بەگشتی هەموو شت بەشداری دەکا لەوەی بەندیخانە بکرێتە شوێنی دوورخستنەوەی کۆمـەڵایەتی، واتە شوێنی نەگونجاندنی کۆمەڵایەتی de-socilisation، هەلومەرجی بەندکردن لە بەندیخانەدا چەندان ئاکامی خراپی لەسـەر کـەسایەتیی بەندییـەکە دەبێ، چونکە هێشتا بەندیخانە تۆڵەسزایەکی جەستەییە کە کەرامەتی دەڕووشێنێ. لەڕێی قەدەخەکردنی بەندی لە هەر جۆرە پێوەندیکردنێکی کۆمـەڵایەتی لەگـەڵ ئەوانی تر و دارِنینی لە هەر بەرپرسیاریەتێک، ڕەفتـاری پاشـەکشـەی بەسـەردا دەسـەپێنرێ و بەرەو لـەبەریەک هەڵوەشـاندنی کـەسایـەتیی دەبا. بەندیخانە شوێنێکی نامرۆڤانەیە مرۆڤایەتیی بەندی دادەبەزێنێ. بۆیە کاتێ ئازادیش دەکرێ زۆر بەئاستەم دەتوانێ شوێنی خۆی لە کۆمەڵگەدا بگرێتەوە. ئەوە ڕاستییەکە هەموو لێکۆڵینەوەکان سـەلماندوویانە و ئامـارەکانی بەندیخـانەیش دووپاتیـان کردووەتـەوە کە: بـەندیخـانە قـوتابخـانەی فێربوونی گەڕانەوەیە بۆ تاوان.

جگە لەوەیش سـزای بەندکردن، لە زۆربەی زۆری حـاڵەتەکاندا، ئەو کاریگەریی سڵەماندنەوەیەی لەسـەر کەتنکار نەبووە کە چاوەڕوان کراوە، لە دەرەنجامیشدا سرووشتییە بەندیخانە کاریگەری لەسـەر ئەوانە بەجێ بێڵـێ کە لـەبنەڕەتدا حـەزیان لە لادان نییـە. ئەی کـەواتە ئەگـەر گـومـان لەوەدا نییە بەندکردنی "کەتنکارە بچووکەکان" شیمانەی دووبارەبوونەوەی تاوان زیاتر دەکا، ئەی بۆچی هێشتـا دادگەکان دەیاننێرن بۆ بەندیخـانە؟ ڕاسـتە ئەوان یاسا جێبـەجێ دەکەن، بەڵام ئەی کوا ئازادییـان لە بیـرکـردنەوەی داوەرییـانـەدا؟ هەمـوو شت وا بەڕێـوە دەچێ وەک ئەوەی دادوەرەکـان خۆیشیان دیلی ئایدیۆلۆجیای بەندکردن بن و دەترسن لەوەی ڕای گشتی تۆمـەتی "بوونە هۆ"یان بەڕوودا بەرز بکاتەوە.

لەبەردەم شکسـتی ئاشکرای نەهێـشـتنی لادان لەڕێی بـەندکـردنـەوە، کـۆمـەڵگە ڕووبەڕووی گژبەرییەک دەبێتەوە کە بریتییە لە خستنەکاری چارەسـەرە کۆمەڵایەتییەکەی. دەبێ بەندکردن دوایین ئامراز بێ پەنای بۆ ببرێ بۆ بـەستنـەوەی "گەورە کەتنکاران" کە دەسـەڵێ مـەترسییان بۆ سـەر ژیانی گشتی هەیە. هەرچی ئەوانی ترن –کە زۆرینەن– بەدڵنیاییەوە دەکرێ نەسپێردرێنە داڵانەکـانی سـیـسـتـمی سـزادان، ئەویش لـەڕێی "گـۆڕینی قـەزایی"یەوە: مـەبەست تـەنیـا دوورخـستنەوەیان نییـە لە بەندکردن، بگرە مەبەست دادگەیی نەکردنیشـیانە بە هەڵپـەسـاردنی ڕێوشـوێنە قـەزاییـیـەکان. ئەو کـاتە ئەرکی "مـیـانگیـران"ە هەوڵ بدەن ئاشـتـەواییـیـەک لەناو

کەتنکارەکان و قوربانییەکانیاندا بکەن. بەوەی ئەو ئامانجەی پێویستە پێی بگەین، لە بابەتی ئەو سەرپێچییانەی بەرامبەر موڵک وماڵەکان کراون (دزی و کاری تێکدان) گێڕاندنەوەیانە بۆ خاوەنەکانیان، چاک بکرێنەوە یان قەرەبووی زیانەکان بکرێتەوە. ئەگەر میانگیرییەکە بە بنبەست گەیشت ئەو کاتە ڕێوشوێنی قەزایی پێویستە، بەڵام لە زۆربەی حاڵەتەکاندا سزاکان ئازادی زەوت ناکەن، بەڵکو بریتی دەبن لە سەپاندنی ئەنجامدانی هەندێ کار بۆ بەرژەوەندیی گشتی کە ببنە بەربەست و جێگرەوەی بەندکردن.

هەرچی ئەو کەسانەن دەسەلمێ گرتنیان پێویستە، ئەوا دەبێ ئامانج لەو کارە شیاندنەوەیان بێ لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە. وایش باشە واز لەو بەندیخانانە بهێنرێ کە سەدان بەندی دەگرن، تاکە پێوەر لە ڕێکخستنی ئەو بەندیخانە ناوەندییانەدا ڕەچاو کراوە، باش پاسەوانیکردنیانە و ئامانجیش ڕێگرتنە لە هەڵاتنی بەندییەکان. لەو هەلومەرجەدا تەواوی ژیانی بەندی دەکەوێتە ژێر لۆجیکی سەرکوتینەوە و هیچ شتێک کار بۆ جۆشدانەوەی ناکا. وا گونجاوترە یەکەی بەندکردنی بچووک بچووک دروست بکرێن و بەهەندێ ڕێوشوێنی چارەسەرکردنی کۆمەڵایەتی پاڵپشتی لە ڕێوشوێنە ئەمنیەکان بکرێ. بەڵام بەرنامەیەکی لەم شێوەیە دەخوازێ هاووڵاتییان خۆیان لە بەرپرسیاریەتییان نەدزنەوە بەوەی داوا لە دەوڵەت بکەن لادەران لە پشت بەرزترین دیوارەوە بەند بکەن، بگرە ئەرکی سەرلەنوێ جۆشدانەوەیان بگرنە ئەستۆ.

تەنانەت بەدرێژایی ماوەی بەندکردنەکەیشی، بەندییەکە هێشتا هەر هاووڵاتییە و پێویستە وەک هاووڵاتییەک ڕێزی مافەکانی بگیرێ بە مافی ژیانی تایبەتی خۆیشیەوە، ئەو سزایەی پێویستە بیچێژێ تەنیا بەندکردنە و هیچی تر. تاکە شت لێی قەدەخەیە قەدەخەکردنیەتی لە ئازادیی هاتوچۆ، لەوە بەدوا لەبری ئەوەی جگە لە شتە نائاساییەکان هەموو شتێکی لێ قەدەخە بکرێ، پێویستە ڕێگەی هەموو شتێکی پێ بدرێ جگە لە شتە نائاساییەکان.

ئەو هاووڵاتییەی دەچێتە ناو یاخیبوونێکی مەدەنی بەدەستی ئەنقەست سەرکێشی دەکا بەوەی سەرکۆنە و بەند بکرێ. دیارە ئەم سەرکێشیکردنەیش هەمان سرووشتی نییە کاتێ ئەم بەرەنگاریکردنە لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی یان کۆمەڵگەیەکی تۆتالیتاریدا ڕوو بدا، چونکە جیاوازییەکی زۆر لەنێو ئەو دوو کۆمەڵگەیەدا هەیە. لە کۆمەڵگەی تۆتالیتاریدا ئەوانەی هەڵدەگەڕێنەوە دووچاری مەترسییەکی گەورە دەبن و پێویستە پێشوەخت –بەپێی ڕەهەندەکانی ئەو کارەی بڕیاری لەسەر دراوە– بە وردی و ئاگاییەکی بێئەندازەوە مەزەندەی ئەو مەترسییە بکرێ.

مێژووی خەبات لەپێناو مافەکانی مرۆڤدا پڕە لە نموونە لەسەر ئەو پیاو و ئافرەتانەی، ئازایەتییەکی نائاساییان لەبەرامبەر بەندکردن لە دژواترین هەلومەرجدا نیشان داوە و زۆر جاریش دەستبەسەرکردنیان بەشدارییەکی یەکلاکەرەوەی کردووە لە بزاوی بەرەنگاریکردنی ستەمکاریدا.

بەڵام لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراسیدا دەشێ بەندکردنی خەباتکاران دەرفەتێک بێ تا دەنگدانەوەیەکی نائاسایی لەناو ڕای گشتیدا بە تێکۆشانەکەیان ببەخشێ، چونکە کاتێ کەمینەیەکی بەرفرەوانی هاووڵاتییانی ژن و پیاو ئامادە بن بچنە بەندیخانە و بەشێوەیەکی ڕەوا لەپێناو کێشەیەکی ڕەوادا کار بکەن، ئەو کاتە گەل لە حکوومەت بەهێزتر دەبێ.

* دادپەروەری
* یاخیبوونی مەدەنی
* سەرکوتینەوە

## نهێنیبوون

لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراسیدا بزاوتێک کە بەرەنگاریی ئەو بێسەروبەرییەی لەئارادایە بکا، دەتوانێ بەئاشکرا کاری خۆی بکا و بەشێوەیەکی یاسایی خۆپیشاندان ڕێک بخا. وا باوە لەو کاتەدا سەرکوتینەوە تەنیا ئەوانە دەگرێتەوە لەڕێی یاخیبوونی مەدەنییەوە گژبەریی ڕاستەوخۆی دەسەڵاتداران دەکەن، ئەو ڕاوەدونان و گرتن و دادگەییکردن و سزادانانەیش دووچاری دەبن دەبێتە پروپاگەندەیەکی زیاتر بۆ ئەو پرسەی بەرگریی لێ دەکەن، چونکە لە خودی کارەکە زیاتر ڕای گشتی دەبزوێنێ. لە هەلومەرجێکی وادا ڕەنگە نهێنیبوون سوودێکی تاکتیکی هەبێ، بەڵام پێویستیەکی ستراتیجی نییە. لەبەرامبەردا، لە کۆمەڵگەیەکدا دەسەڵاتەکەی سووکایەتی بە پێداویستیەکانی دیموکراسی بکا و هەر بەرهەڵستیکردنێکی هاووڵاتییان بە تاوان دابنرێ و یاسا بەتوندی سزای بدا، بزاوتی بەرەنگاری بۆ ئەوەی خۆی بەشێوەیەکی بەردەوام ڕێک بخا ڕەنگە پێویستی بەوە بێ بەشێک لە چالاکییەکانی بەنهێنی ئەنجام بدا.

گاندی نەگونجانێکی سرووشتیی لەنێو ناتوندوتیژی و پەنهانیدا دروست کرد: پێی وا بوو دەبێ ئەو کەسەی ناتوندوتیژی هەڵدەبژێرێ بەڕۆژی نیوەڕۆ و زۆر بەڕوونی کار بکا و ڕاستکردنەوەی شوورەی نهێنی بە دەوری خۆیدا بۆ پاراستنی ڕەت بکاتەوە، بەلای ئەوەوە ژیان لە پەنهانیدا ژیانە لەناو درۆدا، لەکاتێکدا –بەبڕوای ئەو– ناتوندوتیژی ئاشکراکردنی ڕاستی لە هەموو شوێن و کاتێک دەسەپێنێ، بەچاوپۆشین لەو مەترسییانەی لەو کارە دەکەونەوە. بەڵام ئێمە لێرەدا ناتوانین جێ پێی گاندی هەڵبگرین، نە لە لۆجیکە تیۆرییەکەی و نە لە ئەنجامگیرییە کردارییەکەیدا.

لەڕووی ئەخلاقیەوە مرۆڤ ناچار نییە ڕاستی بەو کەسە بڵێ کە سڵ ناکاتەوە لەوەی بیکاتە ئامرازێک بۆ خزمەتکردنی ئامانجێکی ستەمکارانە. لە بارودۆخێکی وادا بەرگریکردن لە ڕاستی ڕێک شاردنەوەیەتی لەو کەسانەی بەنیازن بۆ دەستدرێژی کردنە سەر مافەکانی ئەوانی تر بەکاری بێنن. مرۆڤی چاک ڕاستی تەنیا بەو کەسە دەڵێ کە شایستەیەتی و شایانی ئەوەیە بیزانێ، واتە ئەو کەسەی ئامادەیە بۆ خێری کەسانی تر بەکاری بێنێ.

بەڵام لە ڕوانگەی پراکتیکەوە، پێویست نییە ئەندامانی بزاوێکی جیابووەوە یان بەرەنگاری، بەڕوونی و ئاشکرایی لەبەرچاوی دەسەڵاتێکی سەرکوتکەر کار بکەن، هەروەک ناچار نین خۆ لانەدەن لە لمۆزی دەسەڵاتی سەرکوتکەر و شکست پێهێنانی لەڕێگەی خۆشاردنەوە هەر کات بەگونجاوی بزانن. بەڵام بزاوی بەرەنگاریکردنی ناتوندوتیژانە لە هەندێ دۆخی نائاساییدا نەبێ ناکرێ بەتەواوی نهێنی بێ، چونکە دەگونجێ هەر خۆشاردنەوە خۆی ببێتە مایەی ڕێگەخۆشکردن بۆ ئەنجامدانی هەندێ هەڵسوکەوتی نادیموکراسی کە کار لە نوێنەرایەتیکردنی بزاوەکە و لەوێشەوە لە شەرعییەت و ڕاستگۆیی دەکا.

کارکردنی ئاشکرا توخمێکی جەوهەرییە لە توخمەکانی ستراتیجییەتی ناتوندوتیژی، چونکە بە شێوەیەکی گشتی بزاوەکە ناتوانێ دەستبەرداری ببێ بەبێ ئەوەی سەرکێشی بە لەدەستدانی کاریگەریی خۆی بکا، بەڵام هەر ئەو بزاوە خۆی بەپێی هەلومەرج بڕیار دەدا چ کاتێک بە نهێنی و چ کاتێک بە ئاشکرا کار بکا و دەبێ دەستپێشخەری لەدەستی خۆیدا بهێڵێتەوە لە ڕێی دیاریکردنی هەڵبژاردنی ئەو سات و ڕێگە گونجاوانەی تێیاندا بە ئاشکرا گژبەریی دەسەڵاتداران دەکا. یەکێک لە پێوەرە یەکلاکەرەوەکانیش لەم بژارەیەدا ڕادەی ئەو سەرکوتینەوەیەیە کە پێویستە ڕووبەڕووی ببێتەوە و توانی بزاوەکە بۆ بەرگەگرتنی ئەو سەرکوتینەوەیە بەبێ ئەوەی شپرز ببێ.

بەشێکی گەورەی سەرکەوتنی بزاوەکە پێوەندیی بە توانی زاڵبوونیەوە هەیە بەسەر ئەو سەرکوتینەوەیەدا.

* سەرکوتینەوە

## دەستەی پاراستنی سیستم

بەڕێوەچوونی ئاشتییانەی خۆپیشاندانێک کە لە گۆڕەپانێکی گشتیدا ڕێک دەخرێ و سەدان و بگرە هەزاران کەس بەشداریی تێدا دەکەن پێویستی بە ڕێکخستنێکی توندوتۆڵ هەیە، خۆ ئەگەر بەتایبەت لە کەشوهەوایەکی سیاسیی گرژدا ڕوو بدا دوور نییە ڕووداوی جۆرەوجۆری لێ بکەوێتەوە وەک ڕووبەڕووبوونەوەی توند لەگەڵ هێزەکانی پۆلیس یان خۆپیشاندەرانی نەیار یان کەسانی سەرچڵ یان سەیرکەر یاخۆ تەنانەت خەباتکارانی نەیار بە بژارەی ناتوندوتیژی. ئەوە ئەرکی ڕێکخەرانی خۆپیشاندانەکەیە پێشوەخت ڕێوشوێنی پێویست بگرنەبەر بۆ خۆپاراستن لەو ڕووداوانە و کۆنترۆڵکردنیان ئەگەر ڕوویان دا.

پێویستە سەرەتا، ئەگەر دۆخەکە ڕێگەی بەوە دا، پێوەندی بە دەسەڵاتدارانی ناوەخۆییەوە بکەن کە لە پاراستنی سیستمی گشتی بەرپرسن تا لە بەرنامەی خۆیان بۆ چۆنیەتیی ڕێکخستنی خۆپیشاندانەکە ئاگەداریان بکەن. لەو ساتەوە گرینگە بەشێوەیەکی قەناعەتبەخش ڕای بگەیەنن کە ئەوان سوورن لەسەر ئەوەی خۆپیشاندانەکە ناتوندوتیژانە بێ و هەر وایش بمێنێتەوە. ئیتر تا

ڕادەیەکی زۆر هەڵوێستی دەسەڵاتداران کەشوهەوای خۆپیشاندانەکە دیاری دەکا، جا ئەگەر ڕێیان لێ گرت، دەبێ ڕێکخەرانی بەپێی بایەخی خۆپیشاندانەکە لەلایەک و لەلایەکی تریش بەپێی ئەو مەترسییانەی تووشی دەبن، بڕیار بدەن لەبارەی ئەوەی ئاخۆ بەکەڵکی ئەوە دێ لەسەری سوور بن یان نا. بەڵام ئەگەر ڕێگەیان پێ دا، ئەوا دەکرێ دانوستاندنیان لەگەڵدا بکرێ لەبارەی ئەوەی ئاخۆ دەکرێ هاوکاریی تەکنیکییان بکەن، بەڵام بەو مەرجەی بەهیچ شێوەیەک لەسەر حسابی قبووڵکردنی سازشێکی سیاسیی ستەمکارانە نەبێ.

وا باوە ڕێکخەران دەتوانن لەڕێی دەستەی پاراستنی سیستەمی تایبەت بە خۆیان خۆپیشاندانەکە کۆنترۆڵ بکەن، جا ئەگەر دەسەڵاتداران بەم جۆرە ڕێکخستنە قایل بوون، دەکرێ هەردوو لا لەسەر ئەوە ڕێک بکەون کە هێزەکانی پۆلیس لە دەرەوەی ڕێڕەوی خۆپیشاندانەکە یان دەرەوەی ئەو شوێنەی تێیدا ئەنجام دەدرێ، بوەستن. پێویستە پێوەندیی بێتەل بەبەردەوامی لەنێو ڕێکخەران و بەرپرسانی پاراستنی ئاسایشدا هەبێ. لێرەوە نابێ دەستەی پاراستنی سیستم لە دواساتدا پێک بهێنرێ و لەناو خۆپیشاندەراندا بانگهێشت بۆ چوونە ناو ئەو دەستەیە بکرێ، بگرە دەبێ پێش چەند ڕۆژێک لە خەباتکارانی زیت و زیندوو پێک بێ. پێویستە ئەوانەیش لەگەڵ ڕێکخەرەکاندا کۆ ببنەوە بەمەبەستی هاوئاهەنگیکردن لەبارەی ئەو ڕێنوێنییانەی دەدرێنە خۆپیشاندەران و قسەکردن لە هەڵسوکەوتی دەستەی پاراستنی سیستم لەئاست ڕووداوە چاوەڕوانکراوەکاندا.

ڕەنگە شتێکی باش بێ بڵاوکراوەیەک ئامادە بکرێ کە زۆرترین زانیاریی لەبارەی ڕەوتی خۆپیشاندانەکە تێدا بێ و بەسەر خۆپیشاندەراندا دابەش بکرێ: ڕێڕەوی وردی، سات و شوێنی بڵاوەپێکردنی، دروشمەکانی یان ئەرکی بێدەنگبوون، گرینگیی وەڵامنەدانەوەی ئەو گێچەڵ پێکردنە زارەکی یان جەستەییانەی دەشێ بێنە ڕێیان، چۆنیەتیی ناسینەوەی دەستەی پاراستنی سیستم (وەک بەستنی شریتێکی سوور بەدەوری باڵدا، یان هەر نیشانەیەکی تر)، پێویستیی ڕێزگرتنی ئەو ڕێنوێنییانەی کە دەشێ ئەوانە بیدەن تا بتوانرێ مۆرکی ناتوندوتیژانەی خۆپیشاندانەکە زاڵ بکرێ.

کاتێ خۆپیشاندانەکە لە شەقامی گشتیدا بەڕێوە دەچێ، یەکێک لە ئەرکەکانی دەستەی پاراستنی سیستم ڕێکخستنی هاتوچۆیە لەڕێی ئاگەدارکردنەوەی شۆفێرانی ئۆتۆمبێلەکان لە هۆکارەکانی خۆپیشاندانەکە و دەرفەتەکانی بەردەمیان بۆ گرتنەبەری ڕێگەیەکی تر تا لە شەقامەکاندا زیاد لەپێویست گیر نەخۆن، پێویستە بەکەمترین ڕادە بێزار بکرێن و زۆرترین سینەفرەوانی بەرامبەر دۆخەکەیان نیشان بدرێ، چونکە لەوانەیە ئەوانیش هاوسۆزی پرۆژەکە بن، لە هەندێ حاڵەتدا دەکرێ پۆلیس خۆی ئەم ئەرکە بگرێتە ئەستۆ.

پێویستە ئەندامانی دەستەی پاراستنی سیستم ساز و ئامادە بن بۆ میانگیریکردن بۆ نەهێشتنی هەر کێشەیەکی کەم مەترسی (وەک قسەیەکی ناشیرینی شۆفێرێکی هەڵەشە یان هاوولاتییەکی تووڕە) کە دوور نییە ئاڵۆزتر ببێ. هەروەها لەوانەیە ناچار ببن "پەرژینێکی ئەمنی" دروست بکەن بۆ دابڕینی خۆپیشاندەرانی نەیار یان "ئاژاوەچی و شەڕفرۆش" تا خۆپیشاندانەکە

سەرنەکێشێ بۆ کاری توندوتیژی. پێویستە پارێزگاریی پێویست بۆ هەندێ "خاڵی گەرم"ی دیاریکراو لە ڕێڕەوی خۆپیشاندانەکەدا دەستەبەر بکەن (وەک باڵەخانە ڕەسمییەکان و بنکەی پۆلیس و هتد)، ئەویش بە دروستکردنی زنجیری مرۆیی.

پێویستە چەند ئەندامێکی دەستەی پاراستنی سیستم مۆبایلیان پێ بێ تا ڕێکخەرەکان بتوانن لە هەر کاتێکدا لەو بڕیارانەی دەدرێن ئاگەداریان بکەن. هەروەک پێویستە بڵندگۆ لە هەندێ ئۆتۆمبێلیان ببەستن و هەروەها جووقە و میکرۆفۆنی گەڕۆکیان پێ بێ تا خۆپیشاندەران گوێیان لە دەنگیان بێ. هەروەک دەتوانن هەندێ دروشمی هەڵبژێردراو و لە هەندێ کاتی پێویستیشدا سروود بڵێنەوە کە پێشوەخت دەقەکەی دابەش دەکرێ. هەروەها دەکرێ بەئەندازەی ئەوەی سرووشتی ئەو کێشەیەی بەرگریی لێ دەکرێ ڕێگەی پێ دەدا، مۆرکێکی شایی ئامێز بە خۆپیشاندانەکە بدرێ، بۆ ئەوەیش دەکرێ لەگەڵ کەژاوەکەدا هەندێ ئاوازی مۆسیقا لێ بدرێ، چونکە میوزیک و سروود و بگرە سەما و هەڵپەڕکێیش لە ترسناکیی هەڵوێستەکە کەم دەکاتەوە و کەشوهەواکە "فێنک" دەکاتەوە و دەرفەت دەداتە خۆپیشاندەران هەناسەیەک هەڵکێشن و ترسەکەیان لەبیر بکەن. جگە لەمەیش، مۆرکی شایی ئامێزی خۆپیشاندانەکە دەرفەتی تەواو دەڕەخسێنێ بۆ ئەوەی کاریگەریی خۆپیشاندانەکە لەسەر بینەران و ڕای گشتی زیاد بکرێ.

* ڕێکخستن

* سەرکوتینەوە

هەواڵنامەی کتێب

## دەسەڵاتدار

جێی خۆیەتی سەرەتا جیاوازی لەنێو دەسەڵاتدار (السلطان) autorite و دەسەڵات (السلطە) pou-voirدا بکەین و پێداگری لەسەر ئەو جیاکارییە بکەین. ئەوەی "دەسەڵاتدار"ی پێ جوێ دەکرێتەوە –جا دەسەڵاتداریی کەس بێ یان دامەزراوە– ئەوەیە ئەوانەی داوایان لێ دەکرێ شوێن ئامۆژگاری و ڕێنوێنییەکانی بکەون، دان بە سەرچاوەبوون (مەرجەعیەت)یدا دەنێن، چونکە گوێڕایەڵیکردنی مەرجەعیەت مایەی قبووڵکردنە، ئەوەی خاوەن مەرجەعەکە و شوێنکەوتەکەی پێکەوە دەبەستێ پارسەنگی هێز نییە، بگرە پێوەندیی متمانەیە– تەنانەت قسەی بەرپرسەکە خۆی دەبێتە "بەڵگە و بۆی دەگەڕێنەوە". هەر بۆیە پێویستی بە هیچ ئامرازێکی زۆرلێکردن نییە بۆ سەپاندنی سام و شکۆی خۆی. لەگەڵ ئەوەیشدا دەسەڵاتداریی پێشوەخت بوونی پێوەندیی یەکسانی لەنێو دەسەڵاتدار و شوێنکەوتەکەی ناخوازێ، چونکە دەسەڵات بەسرووشتی خۆی پلەبەندییەکی قووچەکیی هەیە. هاوکێشەی کەسیی خاوەن دەسەڵات لەو وەزیفەیەی گرینگترە کە بەناویەوە سەرچاوەبوونەکەی خۆی دەکا.

لێرەدا باس لە دەسەڵاتێکی مەعنەوی دەکەین بۆ پیاوێک کە دەشێ کاری دەسەڵاتداری بکا یان

نەیکا، بەڵام زانست و لێهاتن و شارەزایی و پاکی و سەرڕاستی و داناییەکەی جێگەی ڕێزن. ئەوەی هێزی "دەسەڵات" پێک دێنێ بریتییە لەوەی بەبەردەوامی دەیەوێ دادپەروەر بێ، بۆیە دەسەڵاتدار هەرکات لە دادپەروەری لایدا دەسەڵاتدارییەکەی لەدەست دەدا.

دەسەڵاتدار ڕێزی ئازادیی ئەو کەسانە دەگرێ کە سەروکارییان دەکا، ئەو بنگەورە (مرۆوس)ەی دان بە سەرچاوەبوونی کەسێکدا دەنێ لەسەری پێویست نییە گوێڕایەڵیی بکا، بگرە ئازادیی ئەوەی هەیە بازی بەسەردا بدا، چونکە مەرجەعیەت بۆچوونێک دەخاتە ڕوو و ئامۆژگارییەک دەکا بەڵام فەرمان ناکا، ڕاسپاردە پێشکێش دەکا بەڵام یاسا دانانێ. لێرەوەیە کە تاکڕەوی و خۆسەپاندن لادانن لە دەسەڵاتداری. ئەو کەسەی نەخۆش دەکەوێ بەدەستی خۆی، خۆی دەخاتە ژێر دەسەڵاتی پزیشک، بەڵام ئازادیی ئەوەی هەیە ڕەچەتەکانی جێبەجی بکا یان نەیکا، ئەگەر بڕیار بدا فڕێیان بدا ئەوە خۆی بەرپرسیارە.

لەلایەکی ترەوە ئەو دەسەڵاتەی مرۆڤی دانا (حەکیم) هەیەتی، هێزی مەرجەعیەتەکەی هەرچەند بێ، هیچ دەسەڵاتێکی پێ نابەخشێ، ناشبێ زۆر لە کەس بکرێ و ناچار بکرێ تا شوێن ئامۆژگارییەکانی بکەوێ. بەهەمان شێوە ڕابەری ناتوندوتیژییش، لەبارێکدا ئەرکی سەرەکیی سەرکردایەتیکردنی کارێکی گرتە ئەستۆ، دەسەڵاتەکەی لەو ڕێزگرتنەوە دێ کە بەدەستی هێناوە و هیچ دەسەڵاتێکی ناچارکردنی نییە. بەڵام فەرماندەی سەربازی دەکرێ دەسەڵاتدارێکی ڕاستەقینە بێ، بەڵام ئەگەر ئەم دەسەڵاتەیشی نەبوو هێزی تری هەیە بەهۆیەوە گوێڕایەڵی بکرێ، ئەویش لەڕێی چەندان ئامرازی ناچارکردنەوە.

ئەوەی بەرپرسیارێتیی بوونی دەسەڵاتێکی دیاریکراو دەگرێتە ئەستۆ -کە ئەمە باوان و مامۆستایانی قوتابخانەیش دەگرێتەوە- پێویستە لەلایەکەوە گوێڕایەڵی بکرێ، لەلایەکی تریشەوە پێویستە "دەسەڵاتەکەی بسەلمێنێ"، واتە ڕەزامەندیی ئەوانەی فەرمانیان پێ دەکا بەدەست بێنێ. بەڵام ئەگەر نەیتوانی قایلیان بکا، پێویستە پەنا بۆ ناچارکردن ببا بەبێ ئەوەی ئەمە واتەی ئەوە بێ پێویستە توندوتیژی بەکار بێنێ، چونکە بەکارهێنانی توندوتیژی داننانە بەلاوازیی خاوەن دەسەڵاتدا و توندوتیژیش دەسەڵاتەکەی لەدەست دەردێنێ. دەسەڵاتدار لە جەوهەری خۆیدا ناتوندوتیژە، چونکە لەلایەک توندوتیژی لەتوانیدا نییە دەسەڵات دروست بکا، لەلایەکی تریشەوە کاتێ دەسەڵاتدار لە دەسەڵات ڕووت دەکرێتەوە، چاری نییە دەبێ پەنا بۆ توندوتیژی ببا. کەواتە پێناسەکردنی بەکارهێنانی توندوتیژی بەوەی مومارەسەکردنێکی تەندروستی دەسەڵاتە، دەمانخاتە تێکەڵییەکی گەورەوە. بێگومان توندوتیژی دەتوانێ خەڵک ناچار بە گوێڕایەڵی بکا، بەڵام ناتوانێ ببێتە جێگرەوەی دەسەڵات، بگرە ئەوە ڕەتکردنەوەی دەسەڵاتە.

* دەسەڵات

# دەسەڵات

تاک لە پێوەندیدا لەگەڵ مرۆڤەکەی تر پێویستە توانی مومارەسەکردنی ئەو دەسەڵاتەی هەبێ کە دەرفەتی بۆ بڕەخسێنێ ببێ بە خاوەنی ئەو کایەیەی پێویستی پێیەتی تا بەئازادی بژی و ئەو فەزایەش بپارێزێ.

ئەو پێوەندییەی لەسەر دادپەروەری دامەزرابێ لەسەر بناخەی هاوسەنگیی هێزی کەسەکان دادەمەزرێ و پێویستە هەر تاکێک هێز و دەسەڵاتی تایبەتی خۆی لە چوارچێوەی ئەو سنوورەی ئەو هاوسەنگییە ڕێگەی پێ دەدا بەکار بێنێ. بەڵام کاتێ تاکێک بە مەبەستی خۆسەپێنی هەوڵ دەدا خۆی بەسەر ئەوانی تردا زاڵ بکا، ئەوا سڵ ناکاتەوە لەوەی پەنا بۆ ئامرازەکانی توندوتیژی ببا، ئەو توندوتیژییەیش نارێکییەک لەو هاوسەنگییەدا دێنێتە کایە، کە سەر بۆ ستەمکاری دەکێشێ.

هەموو تێکۆشانێک لەپێناو ئازادی و دادپەروەریدا تێکۆشانە لەپێناو دەسەڵاتدا، پێوەندییەکانی نێوان تاک و دەستە کۆمەڵایەتییەکان و لەناو گرووپێکی دیاریکراودا، بەزۆری هاوسەنگیی هێزی نێوانیان دیاری دەکا و قوربانییانی ستەمێکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراو ناتوانن وا بکەن دان بە مافەکانیاندا بنرێ تا نەتوانن هێندە دەسەڵات بەدەست بێنن تا دەسەڵاتدارانی ئارا ناچار بکەن مافەکانیان بۆ بگێڕنەوە.

ستراتیجیەتی کاری ناتوندوتیژانە ئامانجی نییە ڕاستەوخۆ دەسەڵات بگرێتە دەست لەپێناو گەلدا، بگرە دەیەوێ یەکەم جار گەل مومارەسەی دەسەڵات بکا، لە گێمی یەکەمدا پێویست نییە ئامادەکاری بۆ ئەنجامدانی هێرشێکی بەرەیی بۆ سەر دەوڵەت بکرێ، بگرە پێویستە کۆمەڵگەی مەدەنی ڕێک بخرێ تا دەرفەت بدرێتە هاووڵاتییان دەسەڵاتی تایبەتی خۆیان ڕاستەوخۆ بەسەر دەسەڵاتدا بسەپێنن.

دەکرێ هەر سەرکەوتنێکی هەڵمەتی کاری ناتوندوتیژانە، تەنانەت ئەگەر تایبەتی حاڵەتێکی دیاریکراویش بێ، ئومێد لای ئەوانە ببووژێنێتەوە کە بەدەست ستەمێکی هاوشێوەی ئەو ستەمەوە دەناڵێنن کە بناخەی ئەو کێشەیەیە هەر ئێستە کۆتای هات. دەکرێ چاوکردن لەو سەرکەوتنە دینامیەتی تێکۆشانێکی میللی کارا بکا کە ژمارەیەکی زیاتر لەو هاووڵاتییانەی سوورن لەسەر قبووڵنەکردنی ستەمی زیاتری دەسەڵاتداران و بەدەستهێنانی دەسەڵاتی تایبەتی خۆیان جۆش بدا. ئەوان، لەڕێی ئەو تێکۆشانەوە بەڕێوەبردنی کاروباری خۆیان تاقی دەکەنەوە و فێری خۆبەڕێوەبردن دەبن.

زیادبوونی تێکۆشانی میللی ئەو مەرجانە دێنێتە کایە کە یارمەتیی گەل دەدەن هێزی خۆی لە سیاسەتێکدا جەم بکا کە ئامانجی تەنیا بەرەنگاریکردن و بەگژاچوونەوەی دەسەڵاتدارانی ئارا نییە، بگرە "دەستگرتن بەسەر دەسەڵات"یشە. پێویستە بزاوتی بەرەنگاریی ناتوندوتیژانە خۆی لە

چوارچێوەی ئەرکە بەرهەڵستکارییەکەیدا قەتیس نەکا، بگرە هەنگاو بەرەو گرتنەئەستۆی ڕۆڵێکی کارگێڕی بنێ.

دوو سیناریۆ بۆ دەستگرتن بەسەر دەسەڵاتدا هەیە: یەکەمیان هەڵبژاردن و ئەوی تریان یاخیبوونە. لە کۆمەڵگەیەکدا ڕادەی دیموکراسیبوونەکەی ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستەقینەی دەنگدانی گشتی بێ، هەڵبژاردنەکان ڕێگەی سرووشتییە کە تێیدا هەر ڕێکخستنێک زۆرینەی سیاسی بەدەست بێنێ دەسەڵات وەردەگرێ، لەم حاڵەتەشدا ئاڵوگۆڕی دیموکراسی ڕێگە بۆ جێگرەوەیەکی سیاسیی ڕاستەقینە دەکاتەوە.

بەڵام لە کۆمەڵگەیەکدا کە ڕێگەی شەرعی داخراو بێ، پێویستە ئەو بزووتنەوە سیاسییەی ئومێد و سووربوونی گەل بەرجەستە دەکا، بەشوێن ڕێگەیەکی تردا بگەڕێ بۆ گەیشتنە دەسەڵات کە مافی خۆیەتی. لێرەیشدا چار ناچارە دەبێ هەڵمەتێکی یاخیبوونی مەدەنیی سەرتاسەری لەسەر ئاستی وڵات ئەنجام بدا و ئەگەر دۆخەکە یارمەتیدەر بێ، داوا لە گەل بکا یاخیبوونێکی ئاشتییانە دژ بە ڕژێم بەرپا بکا. پێش لە بەکردەوە دەستگرتنیش بەسەر دەسەڵاتدا دەکرێ سەرکردەکانی بزاوتی بەرەنگاری بە نوێنەرانی دەسەڵاتی شەرعیی وڵات دابنرێن و سەرپشک بن بۆ پێکهێنانی حکوومەتێکی تەریب و کاتی. ئەو کاتە حکوومەت -کە هێشتا یاساییە- کاتێ دەکەوێتە ناو تۆڕی یاخیبوونێکی سیاسیی سەرتاسەری لە وڵاتدا، ناچارە دان بەوەدا بنێ دەستەپاچەیە لە کۆنترۆڵکردنی دۆخەکە و پێویستە لەسەری بەخۆشی بێ یان بەناخۆشی، دەسەڵات بەجێ بێڵێ.

کاتێ سەرکردەکانی بەرەنگاریکردنی ناتوندوتیژانە دەگەنە دەسەڵات، ڕووبەڕووی ئەرکی بەکارخستنی بنەواکانی ناتوندوتیژی و ڕێگەکانی لە ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە دەبنەوە. بەئەندازەی ئەوەیش کە تێکۆشانەکە توانییێتی ڕۆشنبیریی ناتوندوتیژی لەناو دانیشتوواندا بڵاو بکاتەوە، دەتوانن ئەوە بکەن. سەرکردایەتیکردنیان بۆ بزاوێکی بەرەنگاری تا گەیشتن بە سەرکەوتن، خۆی لەخۆیدا دەسەڵاتێکیان پێ دەبەخشێ کە دەرفەت دەرەخسێنێ بۆ ئەوەی بە کەمترین پەنابردن بۆ ئامرازەکانی ناچارکردنی دەرەکی، دەسەڵاتداری بکەن. کاتێکیش هەست بکەن پێویستە پەنا بۆ ناچارکردن ببەن، پێویستە کۆشش بکەن تا ڕێگەیەک بدۆزنەوە بەبێ پەنابردن بۆ توندوتیژی ئەو کارە ئەنجام بدەن.

* دەسەڵات autorite

* دەوڵەت

* خۆبەڕێوەبەری

## پێڕست


ڕۆشنبیر کێیە؟. مەسعوود محەمەد ........................ 3

دیمانە لەگەڵ مامۆستا مەسعود محەمەد ........................ 8

خانەقین لە مێژوودا . محەمەد جەمیل ڕۆژبەیانی ........................ 22

حیزبی هیوا ١٩٣٩–١٩٤٥ .. دوو ڕەوت، یەک کۆتایی. د. نەجاتی عەبدوڵڵا ........................ 55

لە عەمانەوە بۆ ئامێدی یان گەشتێک لە کوردستانی باشووردا . عەلی سیدۆ گەورانی ........................ 71

مەینەتیی کوردان و داواکارییەکانیان. ڕاپۆرتی  گرووپی تەنگژەیە ........................ 92

کوردانی سووریا: ناکۆکی لەناو ناکۆکیدا . ڕاپۆرتی ڕۆهەڵاتی ناوینی گرووپی تەنگژەیە ........................ 105

ڕیشەکێشکردن و دیکتاتۆریی تاکباوەڕی لە عێراقدا . باقر یاسین ........................ 115

سەد ملیۆن کریستیان لە جیهان دەچەوسێنرێنەوە. لە عەرەبییەوە: شێرزاد هەینی ........................ 135

شێوەکار هادی زیائەدینی. ئا: ڕۆستەم ئاغالە ........................ 145

چۆن موسڵمانەکان بازرگانیی کۆیلەیان لە هیندستان گەشە پێ دا . مارکۆ مارتین ........................ 161

پیاوە پیجاما شینەکە – بیرەوەریی گرتییەک – بەشی یەکەم. جەلال بەرزنجی ........................ 168

شۆڕشی عەباسییەکان. زینە عەبدولسەلام نەقشبەندی. لە ئینگلیزییەوە: هێمن هادی ........................ 211

مێژوویەکی ئافرەتان – بەشی پێنجەم. ئەحمەد میراودەلی ........................ 214

فرەنسا یادی سێ سەدساڵەی لەدایکبوونی فەیلەسووف دیدرۆ دەکاتەوە. هاشم ساڵح ........................ 227

تۆماس جیفرسۆن باوکی هزری لیبرالی ئەمەریکایی. محەمەد ساڵح ........................ 238

هونەری کارلێکراوی. وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: حەمید خالید کەریم ........................ 245

ئەوانەی گەڕانەوە ئاسمان – بەشی پێنجەم. ئەنیس مەنسوور ........................ 280

بەرەنگاریی ناتوندوتیژانە– بەشی یەکەم. جین شارپ. لە عەرەبییەوە: عومەر عەلی غەفوور ........................ 302

مارتن لۆتەر کینگ – بەشی شەشەم (کۆتایی). لە عەرەبییەوە: ئەحمەد تاقانە ........................ 368

فەرهەنگی ناتوندوتیژی جان–ماری موللێر. لە عەرەبییەوە: عومەر عەلی غەفوور ........................ 412